نەوشیروان مستەفا ئەمین

کورد و عەجەم

مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران

چاپی سێیەم

نەوشیروان مستەفا ئەمین

کوردو عەجەم

مێژوی سیاسیی کوردەکانی ئێران

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
سلێمانی ٢٠٠٥

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان

دەزگایەکی کەلتوورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسەتی نێو دەوڵەتان‌و ئابووری‌و مەسەلە ستراتیجییەکان‌و هەوڵی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نادا.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچوونی خاوەنەکانیان دەکەن‌و بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچوونی سەنتەر ناکەن.

- نەوشیروان مستەفا ئەمین
- کوردو عەجەم مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران
- چاپی سێیەم
- تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
- سلێمانی ٢٠٠٧
- مۆنتاجی کۆمپیوتەر: ئاسۆ سەعید
- تایپ: گۆنا عەبدوڵڵا
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان
- ژمارەی سپاردن: (٤١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی سەنتەر: ٥/٣٠/٤
- چاپ: چاپخانەی ڕوون

پێشەکی

ساڵی ١٩٧٩ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆبونەوەیەکی جەماوەریی گەورەی لەنەغەدە ساز کرد.

کۆبونەوەکە بو بەشەڕی کوردو ئازەری.

ڕێکخراوە کوردییەکانو لقەکانی ڕێکخراوە ئێرانییەکان لەکوردستاندا هەر یەکەیان بەجۆری لەسەر ئەو شەڕە دوان. حکومەتی ئەوسای ئێرانیش بەجۆرێکی جیاواز لەوان لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیەوە لێکی دایەوە.

پێشتر بیست بومو خوێندبومەوە. برادۆستو موکریو بلباسو مەنگوڕو مامەشو زەرزاو شوکاکو جەلالی... چۆن سەرکوت کرابونو، ڕاپەڕینی ١٨٨٠ چۆن پێش ئەوەی هێزەکانی دەوڵەت بێنە سەری توشی بەرەنگاری سەختی دانیشتوانی عەجەم بوبو. سمکۆش دوچاری هەمان گیروگرفت بو بو. لەسەردەمی جمهوریەتی مەهابادیشدا، کێشەی دیاری کردنی سنورو جۆری ڕەفتار لەگەڵ کەمایەتی کوردو ئازەری ناو هەردو حکومەت بوبو بەهۆی گرژی پێوەندیەکانیانو گلەیی روس لەسەرکردەکانی کورد.

روداوەکەی نەغەدە سەرلەنوێ ئەوانەی لا زیندوکردمەوە.

بۆ من هۆی لەخۆپرسین بۆ، بۆچی هەرچەند تەکانێکی کوردی لەسەروی ڕۆژئاوی ئێراندا دەس پێ دەکا، بەرلەوەی دەوڵەت هێزی سەرکوت کردنو دامرکاندنەوەی بنێرێتە سەر لەگەڵ ئازەرییەکان توشی شەڕی خویناوی ئەبێ؟

لەوساوە کەوتمە پیاوچونەوەی مێژوی سەر لەبەری ئێران. سەرچاوەی زۆرم پەیدا کردو کەرەستەی زۆرم خڕکردەوە. لەبەرئەوەی ئەجارەیان بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارێکی دیاری کراو ئەگەڕام، گەلێ بابەتی نوێم بۆ هاتە پێشەوە، نەمتوانی هۆی ناکۆکی عەجەم لەگەڵ کورد بدۆزمەوە، بەڵام بەپێی تێگەیشتنی خۆم گێڕانەوەی مێژوی چەند قەرنی رابوردوی پێوەندی ئەم دو نەتەوەیە ئەتوانی یارمەتیدەر بێ بۆ جۆرێ لەلێکدانەوەی هۆکانی ئەو ناکۆکیە.

ناوی خوام لێ هێنا، کەوتمە کۆکردنەوەو خوێندنەوەی سەرچاوە، چۆن ئەڵێن قسە قسە ڕائەکێشێ، سەرچاوەش سەرچاوەی ڕائەکێشا. کەرەستەی زۆرم لا کۆبوەوە. کەوتمە سەر بیری نوسینی بابەتێکی لێکۆڵینەوەیی. بابەتەکەم لەلا گەڵاڵە بو. چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەم دیاری کرد. دەستم کرد بەنوسین. ڕەشنوسی هەموو باسەکانم تەواو کرد. هەندێکیانم پاکنوس کرد. فریا نەکەوتم پاکنوسی

هەمویان تەواو بکەم، لەیەکێ لەو کارەساتانەی ڕۆژانە لەکورد ئەقەومێن، زۆری کەرەستەکانم تیاچون. ئەوەی دەرباز بو سەرلەنوێ ساڵو نیوێ مەشغوڵی بوم تا ئەمەی لێ پەیدابو.

ئەم باسە وەکو بەتەما بوم ئەبو ٩ بەش بێ. ٦بەشی ئەوانەن کەئێستا هەن. ٣ یان فەوتان. لەنێوانی بەشی دوهەمو سێهەمدا ئەبو دو بەشی تر هەبن، بەشی سێهەم، دەربارەی لوڕ. لەوێدا جگەلەوەی مێژوی لوڕ تاووتوێ کرا بو، باسەکە بەهۆی جیابونەوەی لوڕی لەنەتەوەی کورد ئەکۆڵیەوە. بەشی چوارەم، گێڕانەوەی مێژوی دامەزرانو جێگیربونو لەناوچونی ئەمارەتی ئەردەلان بو. دوایین بەشی واتە ئەو بەشەی ئەبو بکەوێتە دوای باسەکەی سمکۆوە، باسی حکومەتی مەهاباد بو، جگە لەسەرچاوەکانی بێگانە، پشت ئەستور بو بەبەڵگەو باری سەرنجی کوردی لەوانە بەرۆژنامەی کوردستانو بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی مەهاباد.

جگە لەم ناتەواوییە خۆشم ئەزانم هەندێ کەموکوڕی دیاری تری تێدایە، ویستم ساڵە جیاوازەکانی میلادی، هیجری قەمەری، هیجری شەمسیو شاهنشاهی، کە لەئێران بەکارئەهێنرێن هەمویان وەك یەك لێ بکەم، لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوم دەس نەکەوت کەڵکی لێ وەربگرم بۆ گۆڕینیان، بەناچاری وەك خۆی وازم لێ هێنان. لەپاشکۆی کتێبەکەدا ئەبو بیبلۆگرافی هەموو سەرچاوەکانی تێدا بێ بەڵام نەم پەرژا تەواوی بکەم. هەر کەسێ بتوانی یارمەتییەکم بدا بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەیەکی تێی کەوتوم یا بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی، زۆرم پێ خۆش ئەبێو لەپێشەوە سوپاسی ئەکەم.

خوا یار بێو عومر باقی بێو هەلێکی لەبارم بۆ هەڵ بکەوێ هەوڵێکی تر ئەدەم باسەکەم وەکو بەتەما بوم تەواو بکەمو، ئەوەندەی لەتوانای مندا بێ کەموکوڕییەکانی نەهێڵم.

بۆ نوسینی ئەم باسە کەڵکم لەزۆر سەرچاوەی فارسی، عەرەبی، کوردی، ئینگلیزیو، لەیارمەتیو کارئاسان کردنو ئامۆژگاریو بیروبۆچونی زۆر لەهاوڕێکانم وەرگرتوە. جارێ ناکرێ ناویان بێنم. بەڵام هەمیشە چاکەو پیاوەتییانم لەبیرە.

هیوادارم ڕەنجەکەم بەفیڕۆ نەچو بێ.

توانی بێتم گۆشەیەکی مێژوی گەلەکەمم رون کردبێتەوەو، خزمەتێکی میللەتەکەمم کردبێ.

نەوشیروان مستەفا ئەمین

١ جیۆپۆلەتیكو چارەنوسی كورد

١-عەجەم لەكوردستاندا

١/١ هەڵكەوتی جوگرافی كوردستان

ئەگەر فاكتەری جیۆپۆلەتیك دەورێكی كاریگەر یا كەمی لەبڕیاردانی چارەنوسی گەلاندا نەبێ، ئەوا لێكۆڵینەوەی مێژوی كۆنو نوێی نەتەوەی كورد، بەئاشكرا دەری ئەخا كەهەڵكەوتی جوگرافی شوێنی ژیانی كورد لەسەر ئەرز، دەوری بڕیاردەری هەبوە لەدیاری كردنی چارەنوسی رابردو و، ئێستایدا.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" كە لەلای خوارویەوە خەلیجو ئۆقیانوسی هیندو، لەلای رۆژئاوایەوە دەریای سپی ناوەڕاستو، لەلای سەرویەوە دەریای رەشە، ٣ قارە گەورە دێرینە ئاوەدانەكەی دنیا: ئەوروپا، ئاسیاو ئەفریقا بەیەكەوە ئەبەستێ. شارێگە جەنگیو بازرگانییەكانی ئەم ٣ ناوەندەی پێدا تێ ئەپەڕی.

شوێنی ژیانی كورد، واتە كوردستان كەوتبوە ناوجەرگەی ئەم ناوچەیەوە كە بەدرێژایی مێژوی مرۆڤایەتی، لەهەر قۆناغێكدا بەجۆرێ گرنگییەكی دنیایی هەبوە.

لەو سەردەمەدا كەئیمپراتۆریی ئێران لەرۆژهەڵاتو ئیمپراتۆرییەكانی یۆنانو رۆمان لەرۆژئاوا، دو ناوەندی زلهێزەكانی دنیا، لەململانێی فراوانخوازیو پەلهاویشتندا بون، هەندێ لە لەشكركێشییە گەورەكانیان بەناو شوێنی ژیانی ئێلەكانی كوردا رائەبوردو، هەندێ لەشەڕە قورسە خوێناوییەكانیشیان لەسەر ئەرزی كوردستان ئەقەوما.

تێكهەڵچونی گوگامل(٣٣١ پ.ز) كە بەسەركەوتنی ئەسكەندەری یۆنانیو تێشكانی یەكجاریی داریوشی ئێرانی تەواو بو، كۆتایی بەدەسەڵاتی ئیمپراتۆری هەخامەنشی- ئێرانی هێناو، بو بەسەرەتای دامەزرانی دەسەڵاتی چەن قەرنی یۆنانییەكان لەناوچەكەدا، لەدەشتی هەولێر قەوما.

دوایی تر، کەسەرلەنوێ ئیمپراتۆریەتی ساسانی دامەزرا، پایتەختەکەی خۆی لەتەیسفونی نزیك شاری بەغداد بینا کرد. ئەوێی کردە بنکەی هەمو لەشکرکێشییەکانی بەهەرچوار لای خۆیدا، بۆ سەر ئەرمەنستان، یۆنان، رۆمان، سەروی ئەفریقا. لەشکرکێشییەکانی بەناو ئەرزی کوردا رائەبورد. ساسانییەکان بەپێرەوی لەنەریتی دێرینەی حوکمڕانی هەخامەنشییەکان، لەهەر لایەکی سنورەکانیدا، جۆرێك لەسەربەخۆیی بۆ گەلە خۆجێییەکانی ئەو ناوچانە سەلماند بو. گەورەکانیان نازناوی شایان ئەدرایە، هەریەکێ لەو شاهانەیش لەمەڵبەندەکەی خۆیدا بەهێزەکانی گەلەکەی خۆی، ئەبو سنورەکانی ئیمپراتۆریی لەهێرشی بێگانە بپارێزێ. ئیمپراتۆر خۆیشی: شاهانشا، شاهی شاهەکان بو[1]. ئەم جۆرە رێکخستنە، ئەگەرچی چاکەی زۆری هەبو، بەلام تۆوی لاوازکردنی دەوڵەتەکەشی تێدا بو، بگرە یەکێ بو لەهۆکانی روخانیو بەرگە نەگرتنی لەبەرامبەر هێرشی بەپڕتاوی عەرەبدا.

سەرهەڵدانی دەعوەتی دینی ئیسلامی لەنیوە جەزیرەی عەرەبییەوەو، هەوڵدانی بۆ پەرەپێدانو بلاوکردنەوەی لەدەرەوەی سەرزەمینی خۆیان، ئەبو بەهۆی پێکدادان لەگەڵ دو هێزە گەورەکەی ئەو سەردەمە" یەکێکیان، ئیمپراتۆریی ساسانیو، ئەوی تریان ئیمپراتۆریی بێزەنتی. لەپاش تێکهەڵچونی سەختی هەردو سوپای گەورەی عەرەبی- ئێرانی لەقادسیە (٦٣٥ز/١٥ك) لەسەر روباری فورات، هەمو شەڕە سەختەکانی تری ئەم دو هێزە لەجەلەولا (٦٣٦ز/١٦ك)، حەلەوان (٦٤٠ز/٢٠ك)، و دوایین تێکهەڵچونی بڕیاردەریش لەنەهاوەند (٦٤٢ز/٢٢ك) کەناوی فتح الفتوحی لێ نراو، ئیتر بەیەکجاری کۆتایی بەدەسەلاتی دەوڵەتی ساسانی ئێران هێناو، بو بەسەرەتای دامەزرانی ئیمپراتۆریی فراوانی عەرەبی- ئیسلامی لەسەرانسەری ناوچەکانی خواروی رۆژئاوای ئاسیادا، هەمووی لەسەر ئەرزی کوردستان قەومان. ئێران ئیتر ناوەندێکی سیاسیو جەنگیی خورتو یەکگرتوی تێدا نەما لەهێرشی هێزەکانی بێگانە بیپارێزێ، لەئەنجامی ئەو شەڕو روداوانەشدا چەندین ئێلی گەورەی کورد لەژێر گوشاری هێرشی عەرەبدا پەرەوازەی شوێنە دورەکانی ناوەوەی ئێران بون.

پایتەختی دەوڵەتی تازە- دامەزراوی عەرەبی ئیسلام لەمەککە بو، مەککەش بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافییەوە لەناوەڕاستی بیابانی جزیرەی عەرەبیدا نەیئەتوانی ببێتە ناوەندی بەڕێوەبردنو سەرپەرشتیی هەمو ئەو سەرزەمینە فراوانەی، هێزەکانی عەرەب لەماوەیەکی کورتدا بەشەڕ هێنا بویانە ژێر باری فەرمانبەرییەوە. هەر لەسەرەتاوە بۆ سەرکردایەتی درێژەپێدانی

لەشکرکێشییەکانی سوپای عەرەب بۆ سەر کوردستانو ئێرانو ئەرمەنستانو، چەسپاندنی دەسەڵاتی ئیسلام لەخوارووی میزوپۆتامیا((ئەرزی دوچۆمان: ارض الرافدین))دا، چەن شارێکیان دامەزران وەکو" بەسرە(٦٣٨ز)،کوفە(٦٣٩ز)، واسیت(٧٠٢ز). ئەم شارە نوێیانە بونە شوێنی جێگیربونی هەندێ لەقەبیلە عەرەبە هاتوەکانو، بارەگای سازدانو رێکخستنو سەرکردایەتی هێزەکانی عەرەبی ئیسلام بۆ فراوان کردنی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی نوێو، چەسپاندنی تەواوی دەسەڵاتی دینی، سیاسی، جەنگیی خۆیان لەوڵاتە فەتح کراوەکاندا. کوردستان لەلای خوارویەوە لەوساوە ئیتر کەوتە ژێر گوشاری بەردەوامی عەرەبەوە، قەبیلەکانی عەرەب پاڵیان بەئێلەکانی کوردەوە ئەنا بەرەو ژور بۆ ناو شوێنە سەختە شاخاوییەکان هەڵ بکشێن. خۆیان لەشوێنەکانی ئەواندا جێگیر ئەبون.

پایتەختی ئیسلام ماوەیەکی درێژ لەمەککە نەمایەوە. لەپاش شەڕێکی ناوخۆ، ئەمەوییەکان کۆتاییان بەدەسەڵاتی خەلیفەکانی سەدری ئیسلام هێنا(٦١٢-٦٦١ز/؟-٤٠ك). زنجیرەی ئیمپراتۆریی- خەلافەتی عەرەبی ئەمەوییان لەشام دامەزراند(٦٦١--٧٥٠ز/ ٤٠-١٣٢ك). دەسەڵاتی ئەوانیش زۆری نەخایاند لەلایەن بنەماڵەی عەبباسییەوە بەهاوکاری گەلانی نەعەرەبی ئێرانی، لەشەڕێکی سەختدا لەسەر تاوی زێی بادینان(٧٥٠ز / ١٣٢ك)لەخوارووی موسڵدا لەناوبران، ئیمپراتۆریی- خەلافەتی عەبباسی دامەزرا(٧٥٠-١٢٥٨ز). پایتەختی دەوڵەتەکەی لەشامەوە گوێزایەوە بەغداد، بۆ نزیك کەلاوەکانی تەیسفونی پایتەختی ساسانی(٧٦٢ز)، کەباووباپیرانی خۆیان سەدەیەك لەوەوبەر روخاند بویان. هێنانی پایتەختی خەلافەتی عەرەبی-ئیسلامی بۆ بەغداد، واتە راستەوخۆ بۆ لای خوارووی شوێنی دێرینەی ژیانی کورد، بەکردەوە کوردی خستە ژێر تینی گوشاری روبەڕو و بەردەوامی عەرەبو تەعریبەوە، چونکە هیچ نەتەوەو دەوڵەتێکی تریان لەبەینا نەبو. هەم خۆیو هەم نیشتمانەکەی بونە لەمپەرێکی مرۆییو ئەرزیی لەنێوان قەبیلەکانی عەرەب لەلایەك، وە گەلانی فارسو ئەرمەنیو بیزەنتی لەلایەکی ترەوە. لافاوی بەخوڕی تەعریب، کە لەماوەیەکی کورتدا خوارووی ئەرزی میزۆپۆتامیا، رۆژئاوای روبارەکانی فوراتو دیجلە، هەمو سەرزەمینی شام، سەروی ئەفریقا، تەنانەت گەیشتە ئەندەلوس لەئیسپانیا، کەچی لەبناری چیاکانی زاگرۆسدا، واتە لەسەر سنوری شوێنی ژیانی کورد، نەی توانی زیاتر تەشەنە بکاتو بتەنێتەوە، بگرە ئیتر لەوێدا راوەستا.

٢/١هوروژمی تورك بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست

زاناکان مرۆڤایەتی دابەش دەکەن بەسەر چەند رەسەنی سەرەکیدا، هەر رەسەنەش بەسەر چەن رەگەزو لقوپۆپی گەورەو پچوك دا. یەکێ لەم رەسەنانە بە((ئۆرالو ئالتایی)) ناوئەبرێ، چونکە لەناوچەکانی ئورالەوە تا مەڵبەندەکانی ئالتایان گرتۆتەوە، تورکو مەغۆل ئەبێ دو رەگەزی گەورەی ئەم رەسەنە بن، کە لەناوچەکانی ئاسیای ژوردا ئەژیان.

سەبارەت بەهاتنی تورك بۆ مەڵبەندەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست چەندین تیۆریی جیاواز هەیە، بەڵام هەمویان لەوەدا یەك ئەگرنەوە، کەی هاتونەتە ناوچەکەوە. زانای ئێرانی، سعیدی نفیسی، لەیەکێ لەتوێژینەوەکانی خۆیدا نوسیویەتی:

((... لەدەوروبەری سەرەتای قەرنی ٥ هەمی زایینیدا ئێران لەدولاوە لەگەڵ دو رەگەزی بێگانە روبەڕو بوەوە. ئەوانەیان کە لەسنورەکانی سەروی رۆژهەلاتی ئێرانەوە دەرکەوتون، ئێرانییەکان پێیان وتون: هفتالو، عەرەبیش پێیان وتون: هیتلو هیاتلەو لەباری سەرنجی مێژونوسانی ئەمڕۆ وە بێگومان لەرەگەزی تورك بون. ئەوانەشیان کە لەسنورەکانی سەروی رۆژئاواوە لەپشتی کێوەکانی قافقاسەوە دەرکەوتون، ئێرانییەکان هەمیشە بەوانەیان وتوە: خەزەر، ئەوانەش بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم سەردەمە بێگومان لەتورکەکانی ئەمڕۆ بون.

((لەو زەمانەدا تورك لە٣ لای دەریای خەزەردا" لەلاکانی رۆژهەلاتو ژورو و رۆژئاوایدا ژیاونو، بەسەر چەندین ئێلو هۆزدا دابەش ئەبون. ئەوی لەمێژو و ئەدەبیاتی ئێمەدا(مەبەستی هی ئێرانە)لەهەمویان زیاتر ناوی براوە بریتی بون لە:

تورکی یەغما، خەلخ یا خرلخ، غوز، خەرخیز((قەرقیز)) باشقورد، قەزاق، قەراقالباق، سەلجوق، تورکمان، کلموك، فارغلی، تەغزغوز، برتاس، قرلغ لەژوروی رۆژهەلاتی ئێرانو" قەراپاپاخ، کیماك، بجناك، سالور، بایەندور، ئەفشار، بیکدلی، برسخان، بەیات، خەزەر لەژوروی رۆژئاوای ئێران. هەروەها ٣ ئێلی گەورەی تریش هەبون بەناوی بولغار، قەپچاقو تاتار کە لەسەردەمێکا لەگشت کەنارەکانی دەریای خەزەردا نیشتەجێ بون، بەڵام هەندێ ئێلی تر لەرۆژهەلاتەوە بەشێنەیی تەنگیان پێ هەڵچنینو، تەنیا لای رۆژئاوای دەریاکەیان بۆ هێشتنەوە.

((مەغۆل لەکۆتایی قەرنی ٦ هەمی کۆچیو قەرنی ١٣ هەمی زایینیدا، واتە نزیکەی نۆ سەد ساڵ لەدوای تورك، لەمێژودا دەرکەوتن، بەڵام لەبەرئەوەی

خزمایەتی نزیکیان لەگەڵ تورك هەبو، لەو زەمانەوە بەزۆری وایان زانیوە تورك‌و مەغۆل لەیەك رەگەزن[٢].

نفیسی لەدێژەپێدانی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا سەبارەت بەهاتنی ئێلەکانی تورك بۆ ئێران، نوسیویەتی:

((لەقەرنی ٤ هەمی کۆچیدا یەکێ لەئێلە گەورەکانی تورك کە لەلێوارەکانی جەیحوندا ئەژیا، بەشێنەیی بەرەو خوار بوەوە، سەرەتا خوارەزم‌و دوایی تر مەڵبەندی گورگانیشی گرت، کەم کەم دانیشتوانی خۆجێیی کونی ئەوێی دەرکرد. ئەم ئێلە گەورەیە ئەبو بەدو هۆزی پچوك ترەوە((غوز)و((تەغزغوز)). ئەوانەیان کەهاتنە ئێرانەوە ناویان تورکمان بو، لەناو ئەوانیشدا تیرەیەکیان لەنەوەکانی سەلجوق، بەناوی سەلجوقییانەوە لەئێران‌و سەرزەمینێکی فراوانی وڵاتانی ئیسلامیدا پادشاییان دامەزراند.

((تورکمانەکان هەر لەو دەمەوە کەهاتنە ئەو ناوچانە لەوێ مانەوە، ئەوەتا بەشێکیان لەجمهورییەتی تورکمانستانی سۆڤێتی دان‌و بەشەکەی تریشیان تورکمانەکانی مەڵبەندی گورگانن.

((لەو زەمانەوە کەتورك لەرۆژهەڵات‌و رۆژئاوای دەریای خەزەرەوە سەریان هەڵدا، ئێلەکانی تورك بون بەدو لقی سەرەکی" ((تورکی رۆژهەڵاتی))و((تورکی رۆژئاوایی)) زمانەکانی تورکی ئەم سەردەمەش بەتورکی رۆژهەڵاتی‌و تورکی رۆژئاوایی دابەش ئەبن.

((تورکانی رۆژهەڵاتی، وەکو پێشتر وترا، چەندین سەدە بو لەسەروی کێوەکانی قافقاسدا ئەژیان‌و، زنجیرە چیا بەرزو سەختەکانی ئەو سەرزەمینە، رێی لێ گرتبون پەلاماری ئێران بدەن، تەنانەت پادشایانی ساسانی بەم کۆسپە گەورەو سروشتییەیش دانەکەوت بون، دیوارێکی زۆر ئەستوری وەکو دیواری چینیان لەبەرامبەر ئەوانەدا دروست کرد بو، هەروەکو دیوارێکیشیان لەبەرامبەر تورکانی رۆژهەڵاتیدا بینا کردبو.

((ناسراو ترینی ئێلەکانی تورکی رۆژئاوایی، ئێلەکانی خەزەر، بولغار، قەبچاق بون، هەندێ لەهۆزەکانی ئەمانە کەدوایی تر هاتنە ئێران، بەیات‌و ئەفشارو بایەندور و سالور بون بەگوێرەی هەندێ بەڵگە ئەبێ ئێلی قاجاریش هەر لەریزی ئەمانەدا بژمێردرێ))[٣].

تاسەردەمی عەبباسییەکان، هەواڵ‌و دەنگوباسی تورك یاهیچ گەلێکی تر کەبەرەچەڵەك بچێتەوە سەر رەگەزی ئۆرال- ئالتایی، وەکو گەلێکی دانیشتوی

ناوچەکە، یاهێزێکی کاریگەر لەروداوەکانی ناوچەکەدا، بەتایبەتی ناوچەکانی ژیانی کوردا، نیە.

نوسەرێکی ئێرانی تر لەزمانی زولالیان، مێژونوسی سۆڤیێتییەوە ئەنوسی:
((ئێلە رەوەندەکانی تورك کەناویان غوز یا ئوغوز بو، لەرۆژگاری کۆنەوە لەلێوارەکانی سەیحون‌و بەینی ئەوی‌و گۆمی ئارال‌و دەریای خەزەردا ئەژیان. لەنیوەی دوەمی سەدەی ١٠هەمی زاینی‌دا، غوزەکان لەگەڵ ئێلە کۆچەرەکانی تری ئاسیای ناوەڕاستدا یەکیان گرت‌و، دەوڵەتێکیان دامەزراند. لەم یەکگرتنەدا غوزانی سەلجوقی لەهەمویان گرنگ تر بون، ناوی سەلجوق یان لەهۆزی((کینین ئوغوز))ەوە لەخۆیان نا. لەنیوەی دوەمی سەدەی ١٠هەمی زاینی‌دا، غوز ئیسلام بون. لەبەرئەوەی غوزەکان لەوەڕگای تەواویان نەبو، بۆیە کەوتنە دەسدرێژی بۆ سەرزەمینی دراوسێکانیان، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی لەوەڕگایان هەبو))[٤]

پاش لەناوچونی سامانییەکان، تورکانی غوز بون بەهێزی دەسەڵاتداری ناوچەکەو، شەپۆل لەدوای شەپۆل رویان کردە مەڵبەندەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی خۆراسان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، کوردستان، خاکی عەرەب‌و ئاسیای پچوك.

عەبباسییەکان، خۆیان بەیارمەتی گەلانی نەعەرەب، ئەمەوییەکانیان شکان‌و، خەلافەتی عەبباسییان دامەزراند. بۆ پارێزگاری پایتەخت‌و دەسەڵاتی خۆیان‌و سەرزەمینی فراوانی قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەشیان ئەبو پشت بەهێزی بەکرێگیراوی گەلانی نەعەرەب ببەستن. خەلیفەکانی عەبباسی هەر لەسەرەتای دامەزرانی دەوڵەتەکەیانەوە، لەشکرەکانی خۆیان بەزۆری لەخەڵکی گەیلان‌و دەیلەم پێك ئەهێنا، لەقۆناغێکی ژیانی خەلافەتی عەبباسی‌دا دەسەڵاتی دەیلەمییەکان گەیشتبوە رادەیەك، خەلیفە دەسەڵاتی دنیایی- سیاسی‌و جەنگیی لەدەس دابوو، بەتەنیا پایەی دینی مابو. سەرکردەکانی سوپا، کە نە لەبنەماڵەی عەبباسی‌و نە لەڕەسەنی عەرەب بون، نازناوی شاهنشاه وئەمیر الامراء یان بەخۆیان ئەدا. دەیلەمییەکان بوو بونە مەترسییەکی راستەقینە بۆ سەر دەزگای خەلافەت. لەوانە بو ئەوان لەجێگەی خەلیفەکانی عەبباسی دەوڵەتی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن، نەخوازە گەلەکانی دەیلەم‌و گەیلان‌و مازندەرانیان لەپشت بو، کەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەنی هێزی مرۆیی سوپاکانیان بون. خەلیفەکانی عەبباسی نەیان ئەتوانی ئەو بۆشاییە سوپاییە هەروەکو سەردەمی سەدری ئیسلام و بەنی ئومەییە، بەجەنگاوەرانی خاوەن باوەڕو ئازای قەبیلەکانی عەرەب پڕ بکەنەوە، ئەبو پەنا هەر بۆ جەنگاوەرانی بەکرێگیراوی نەعەرەب ببەن.

٨ هەمین خەلیفەی عەبباسی موعتەسەم بیللا(٢١٨-٢٢٧ك)ی کوڕی هارون ئەلڕەشید کەدایکی کەنیزەکێکی تورك بو، ٨ هەزارو، بەگوتەیەکی تر، ١٨ هەزار تورکی کڕی. سوپایەکی پۆشتەو پڕچەکی، بۆ بەهێز کردنی پایەکانی دەسەلاتی خۆی لەبەرامبەر هێزەکانی دەیلەمو نەیارەکانی تریدا لێ پێك هێنان. هەر لەبەر ئەوان پایتەختی خۆی لەبەغدادەوە گویزایەوە شارێکی نوێ بەناوی سامەڕا[٥]. بەمەش ڕێ بەفراوانی لەبەردەمی هورووژمی ئێلەکانی توركدا کرایەوە بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. تورك لەوساوە ئیتر بون بەیەکێ لەهێزە گرنگە بڕیاردەرەکانی ناوچەکە.

نفیسی لەلێکۆڵینەوەکەیدا ئەنوسێ:

((... لەو دیو کێوەکانی قافقاسەوە، لەسنورەکانی سەروی خۆراوای ئێراندا، ئێلی جیاجیا لەڕەگەزی تورك، دانیشت بون. لەسالی ٦١٩ی کۆچیدا مەغۆلەکان لەهەمان ڕێگەی قافقاسەوە هێرشیان کردە سەر روسیای ئەمڕۆو خاکی سلاڤەکانو تا سالی ٧٠٢ز هەمو روسیایان لەژێر دەسدا بو. دوایی تریش تا ٨٦٦ز هێشتا بەشێکی ئەم ولاتەیان هەر لەژێر دەس دابو. لەسەرەتای قەرنی ٨ هەمی کۆچییەوە کەسلاڤەکان کەم کەم کەوتنە دەرکردنی مەغۆلەکان بەهەر چوارلای خۆیاندا، واتە بەلای سەرو و ڕۆژهەلاتو خوارو و ڕۆژئاوا، بەلام زۆرتر لای خواروی قەلەمڕەوەکەی خۆیان فراوان ئەکردو ئەو شوێنانەی دراوسێیان بونو بەدەس گەلانی ترەوە بو لەدەستیان دەرئەهێنانو ئەوانیان بۆ ئەولاتر دەرئەکرد. لەو گەلانەی کەسلاڤەکان لەشوێنەکانی خۆیان دەریان کردنو ئەرزەکەیان داگیر کردن هەمان تورکی ڕۆژئاوایی بون. کەدو ڕێ زیاتریان لەبەردەما نەبو، یا ئەبو لەچیاکانی قافقاس بپەڕنەوە بەرەو خوار بڕۆن، واتە پەنا ببەن بۆ سەروی ڕۆژئاوای ئێرانی ئەو سەردەمە، یان ئەبو لەلێوارەکانی دەریای ڕەشدا بلاو ببنەوە. وەهاشیان کرد. بەو هۆیەوەیە لەو زەمانەوە تورك لەتورکیای ئەمڕۆو لەنیوە جزیرەی بالکانو لەنیوە جزیرەی کریمەو لەسەرو و خواروی روباری ئاراسدا دەرکەوتن.

((ئەو بنەمالانەی تورك لەم مەلبەندانەدا پادشاییان دامەزراند، هەمویان لەدوای ئەو ڕۆژەوە پەیدا بون:

((بنەمالەی کرمیان لەکوتاهیە لە٦٩٩دا، بنەمالەی حەمید ئۆغلو لەئەناتۆلی لە٧٠٠دا، بنەمالەی تکەئوغلو ئەنتالیە دوای ٧٠٠، بنەمالەی منتشا ئۆغوللری لەناوچەیەکی تری ئەناتۆلیدا دوای ٧٠٠، بنەمالەی ذوالقدر ئوغوللری لەئەلبوستانو مەرعەش لە٧٤٠دا، بنەمالەی ئالی عوسمان لە٦٩٩دا،

بنەماڵەی گرای لەکریمە لە٨٢٣دا، خانەکانی غازان لە٨٤٩دا، خانەکانی قاسموف لە٨٥٦دا، جەلایەرییان لەئێران و عێراق لە٧٣٦دا، چوپانیان لەئازەربایجان لە٧١٨دا، تغا تیموریان لەمازندەران لە٧٣٧دا، قەراقوینلو لەئازەربایجان لە٧٨٠دا، ئاق قوینلو لەئازەربایجان لە٧٨٠دا.))[٦].

مێژونوسی کورد ئەمین زەکی، لەژێر سەرناوی ((کورد لەدەوری فتوحاتی تورکدا))نوسیویەتی:((ئۆغوزەکان کەپێشڕەوی سەلجوقییەکان بون کە لە ڕەی هەڵسان و رویان کردە ولاتانی غەرب(٤٢٠ی هیجری و ١٠٢٩ی میلادی)، یەکێ لەقوماندانەکانی غەزنەوی کەناوی ((تاش فراش))بو لەگەڵ ٣ هەزار سوارێك کەبەشێکی کورد بوون ڕێگەی پێ گرتن و شەڕیان بو. تەصادوف گەورەی کوردەکان کەوتە دەس ئوغوز بەزۆر کاغەزێکیان بۆ کوردەکان پێ نوسی تا دەست لەشەڕ هەڵگرن. بەم تەرحە غەلەبەیان سەندو پێش کەوتن.

((لەساڵی ٤٢٩دا ئوغوزەکان گەیشتنە دەوری مەراغا، شاری مەراغایان وێران و تاڵان کردو زۆریان لەخەڵکەکەی کوشت و لەدوایی‌دا هەڵیان کوتایە سەر عەشیرەتی((هازبەنی))و کوشتارێکی زۆریان لێ کردن، لەدوایی‌دا عێلەکانی کوردی ئەو ناوە لەگەڵ حاکمی ئازەربایجاندا ئیتیفاقیان کردو موقابەلەیەکی بەشیددەتیان نواندو بەهەر حاڵێك بو ئوغوزەکانیان گەڕاندەوە.

((تاقمێکی تریان تا ئەرمینیە چو بون لەوێدا قەتڵ و تاڵانێکی زۆریان کردو گەڕانەوە دواوە و هاتنە دەوری ورمێ و سەرخێلاتی عێلی ئەبو ئەلهیجای هازبەنی، ئەم کوردانە بەتەبیعەت شەڕێکی قورسیان لەگەڵ کردن بەڵام زۆریی ئۆغوزەکان لەنەتیجەدا شپرزەی کردن و بڵاوبونەوە.

((لەساڵی ٤٢٠ی هیجری‌دا حکومەتی روادیی کوردی لەتەورێزدا تەشەکولی کرد موئەسیسی ئەم حکومەتە((واهـ سودانی کوڕی مامەلان))ە تا ساڵی ٤٢٦ دەوامی کرد. حکومەتی((دیسم))پێشڕەوی ئەم حکومەتەیە.

((لەساڵی ٤٢١ی هیجری‌دا، حکومەتی شوانکارەی کورد لەولاتی فارس دامەزراو بەهەر نەوعێ بو تا٧٥٦ دەوامی کرد.

((لە٤٣٢ی هیجری‌دا، موزەفەری واهـ سوزانی کوڕی مامەلان، لەدوای ئەمە کەهەمو روئەسای ئۆغوزی بەفێڵ گرد کردەوە هەمویانی قۆڵ بەست کردو هجومی کردە سەر لەشکرەکەیان و زۆری لێ کوشتن. بەڵام قۆڵی ورمێ یان لەمە رزگاری بو، روی کردە ولاتی حەکاری کە لەتەوابیعی موسڵ بو، تاڵانێکی زۆریان کردو لەوەقتێکا کەلەبەینی چیاکاندا گیرۆدە مابون، کوردی ئەو ناوە لەهەمو لایەکەوە دەوریان دان و ١٥٠٠ کەسێکیان لێ کوشتن و دیلێکی زۆریشیان لێ

گرتن و تالانێكی باشیان دەس كەوت. لەناو دیلەكانا حەوت ئەمیری ئۆغوزیش هەبو.

((لەنزیك بونەوەی ئوردوی تۆغرۆل بەگدا ئوغوزەكان لەترسا بەتالوكە پێش كەوتن. قۆلێكی كە لەژێر قوماندەی مەنسور ناو ئەمیرێكدا بو بەسەر زۆزاندا روی كردە جزیرەی ئیبن عومەر، هێشتا لەشەرقی ئەم ولاتە بون كەقۆلێكی تریان لەقوماندەی بوقا((بوغا))دا روی كرد بوە دیاربەكرو، دەستی كردبوو بەتالانی ناوچەی كاردو((كاردی))ی بازابداو حسینیەو پیشخابور((فیشخابور)).

((حاكمی جزیرە سلێمانی كوڕی ناسر ئەلدەولەی مەروانی، كەلێكی دایەوە زانیی كەئەم ئوغوزانە لەپێش بەهارا لەولاتی جزیرە ناتوانن تێ پەڕن لەبەرئەوە فكری لێ كردەوە، بەفێلێك مەنسوری قوماندانی ئوغوزەكانی گرت و بەیارمەتی كوردەكانی باشناوی ((فێنك))هەڵی كوتایە سەریان، تادەوری نسیبین بردنی و زۆری لێ كوشتن، بەڵام ئەم حەرەكەتەش دیسان نەبو بەمانیعی زەرەریان و نیهایەت خۆیان گەیاندە دیاربەكرو هەمو لایەكیان وێران و تالان كرد. حاكمی مەروانیی دیاربەكرماڵێكی زۆری بەئوغوزەكان دا، لەدیاربەكر دوری خستنەوە. لەدوایی دا رویان كردە تەرەفی موصل و نەفسی شارەكەیان دوجار زەوت كردو قەتل و تالانێكی بێ غایەتیان كرد. قەرەواشی ئەمیری موسڵ بۆ مودافەعەی موسڵ تەڵەبی موعاوەنەتی لەئومەرای عەرەب و كورد كرد.

((لەساڵی ٤٦٣ی هیجریدا(١٠٧١م)كە ئیمپراتۆری رۆم، رومانوس((ئارمانوس))ی چوارهەم لەدەشتی مەلازگرد مەغلوب و ئەسیر بو، هەمو ئەرمینیەو كوردستان بەرە بەرە كەوتە دەس حكومەتی سەلجوقیی ئەلپ ئەرسەلان، ئەو حكومەتان و ئامارەتانی كوردە كەهەبو یەك لەدوای یەك لەناو چو، ولاتەكانیان كەوتە دەس سەلجوقییەكان.

((لە٤٩٣ی هیجریدا، ئاخر حوكمداری مەروانی كە لەئەخلات دا مابوەوە، بەسەبەبی سوئی ئیدارەی خۆی و بوغزی ئەهالی ئەویش مەحو بوەوە، ولاتەكەی كەوتە دەس سوكمان قوتبی غولامی ئەتابیكی ئەورێز.

((خولاسە لەئیستیلای توركدا ولاتانی كورد كە لەسەرەرێگەدا بون زۆر زۆر زەرەریان دی. ئەو نیفاق و تەفرەقەی كە لەبەینیانا بو نەی هێشت كە بەكۆمەڵی و برایەتی بەرامبەر ئەو لافاوە بەقووەتە بوەستن، كەلەبەر ئەمە موقابەلەی مونفەریدەیان بێ فائیدە بو، بەسەرو ماڵ زۆر زەرەریان دی و هیچ قەومێكی تر بەقەد كورد لەژێر دەست و پێدا نەچو، زاتەن لەئیبتیدای تاریخەوە تا ئیمڕۆ ئەگەر بەدیققەت تێ بفكرین ئەبینین كەپەشۆكی و ماڵ وێرانی ئەم

قەومە، هەمو نەتیجەی نیفاق و تەفرەقەیان بوەو تا ئەم حالەیان دەوام بکا دائیمەن لەژێر دەستوپێ‌دا ئەچن))[7]

بەمجۆرە تورك، یاخود وردتر، ئێل و گەل و نەتەوەی جیاجیا کە بەناوی تورك، غوز، تورکمان، مەغۆل، ئازەری.. هتد گەیشتنە کوردستان، لەهەندێ شوێنی‌دا بەژمارەی زۆر نیشتەجێ بون. چەندین دەوڵەتیان دامەزران. شەپۆلە گەورەکانی تورك بەکوردستاندا تێ پەڕی. هەندێ لەبنەماڵە گەورەکانی سەلجوقی، ئەتابیکی، جەلایەری، قەرەقوینلو، ئاق قوینلو.. ناوەندی دەسەڵاتی خۆیان لەناوجەرگەی کوردستاندا، دامەزران. هەروەها هێرشی مەغۆلەکانیش، بەتایبەتی لەشکرکێشیی گەورەی هۆلاکۆ بۆ سەر بەغدادو، دوایی‌تر دامەزراندنی پایتەختی خۆی لەمەراغەی نزیك کوردستان و، هێرشەکانی تەیموری لەنگ، هەر بەناو کوردستان دا تێ پەڕین.

هەلکەوتی نالەباری جوگرافی کوردستان لەجێگیر بون و تەنینەوەی تورك‌دا دەورێکی کاریگەری هەبو. تەنانەت تێکهەڵچونی گەورەی تورکانی سەلجوقی لەگەڵ بێزەنتییەکان کە کۆتایی هێنا بەدەسەڵاتی یۆنانییەکان لەئاسیای پچوك‌داو، بو بەسەرەتای جێگیر بونی یەکجاری و پەلهاوێشتنی تورك لەسەرانسەری ناوچەکەداو، دوایی تر دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەویش لەمەلازگرد(١٠٧١ز)، هەر لەسەر ئەرزی کوردستان رویدا.

کورد ئەگەر لەدوای فەتحی ئیسلامییەوە تا ئەو کاتە لەلای خواروویەوە لەژێر گوشاری پەرەسەندنی عەرەبدا بو، ئیتر لەلای ژوروی و لەلای رۆژهەڵاتیشیەوە کەوتە ژێر گوشارێکی بەهێز ترەوە، کەئەویش گوشاری جێگیر بونی لافاوی یەك لەسەر یەکی گەلانی تازە هاتوی تورك- رەگەزو، دوایی‌تر لێشاوی کاولکەری مەغۆل بو.

٣/١ دامەزرانی دەوڵەتی ئێران

شێخ سفی ئەلدین ئیسحاق(٦٥٠-٧٣٥ك)لەئەردەبیلەوە کەوتە بڵاوکردنەوەی تەریقەتێکی سۆفی، کە مریدەکانی بەناوی سەفەوییەوە ناسرا بون. تەریقەتی سەفەوی لەناو ئێلە تورکمان و ئازەربیەکانی ئازەربایجان و ئەنەدۆڵ دا پەرەی سەند. کوڕو نەوەکانی لەدوای خۆی تا ئەهات دەسەڵاتی دینی و دنیاییان بەهێزتر ئەبو. مریدەکانی سەفەوی بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لەخەڵك لەزەمانی سوڵتان حەیدەرەوە هەر یەکەیان کڵاوێکی سوری لەسەر ئەنا. خۆیان پێیان ئەگوت تاجی حەیدەری، بەڵام خەڵك پێیان ئەوتن قزلباش. ئوزون حەسەن(٨٧٣-٨٨٢ك)، پادشای ئاق قوینلو لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە خزمایەتی دامەزراند، خەدیجەی

خوشکی خۆی دابو بەسوڵتان جنیدی نەوەی شێخ سفی الدین. دوایی تریش مارتای کچی خۆیدا بەسوڵتان حەیدری کوڕی شێخ جنید.

لەدوای مردنی ئۆزون حەسەن نێوانی ئەم دو بنەماڵەیە تێك چو. شێخ جنید لەململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا کوژرا. حەیدەری کوڕی لەشێخایەتیدا جێگەی گرتەوە. سوڵتان حەیدەریش هەر لەململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا لەشەڕدا لەگەڵ فەرمانڕەوایانی شیروانو ئاق قوینلودا کوژرا(٨٩٣ك)حەیدەر لەدوای کوژرانی چەند کوڕێکی لەپاش بەجێ مابو، لەوانە عەلی، ئیسماعیل، ئیبراهیم.. سوڵتان یعقوبی ئاق قوینلو لەدەسەڵاتیان ئەترسا. هەموویانی لەقەڵای ئیستەخر لەشیراز زیندانی کرد، بەڵام مریدەکانی سەفەوی عەلی یان لەجێگەی باوکی بە((مرشد))و((سوڵتان))ی خۆیان دانا بو.

ئەمیرەکانی ئاق قوینلو لەناو خۆیاندا لەململانێدا بون، ئەم ململانێیە لەدوای مردنی سوڵتان یعقوب(٨٩٦ك) زیاتر توندو تیژ بو. ڕۆستەم بەگ بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی، هەوڵیدا کەڵك لەمریدەکانی سەفەوی وەربگرێ. بەو مەبەستە پورو پورزاکانی بەرێزەوە لەقەڵای ئیستەخرەوە هێنایە تەورێز. سوڵتان عەلیو مریدەکانی کرد بەگژ بای سونقوری ئامۆزایدا. لەم شەڕەدا بای سونقور کوژرا(٨٩٨ك). بەمەش سوڵتان عەلی لەجاران بەهێزتر بو. ڕۆستەم لێی کەوتە ترسەوە. ویستی بەفێڵێك لەناوی ببات. سوڵتان عەلی بەوەی زانی، خۆیو مریدەکانی بەکۆمەڵ ڕێگەی هەڵاتنیان گرت. هێزەکانی ڕۆستەم بەگ دوایان کەوتن. لەم ڕاونانەدا سوڵتان عەلی کوژرا(٩٠٠ك). سوڵتان عەلی دیارە پێشبینی کوژرانی خۆی کردوە. چونکە وەکو ئەڵێن لەپێش کوژرانیدا بەدەستی خۆی کڵاوی سوڵتانی قزلباشی لەسەری خۆی هەڵگرتوە، کردویەتییە سەری ئیسماعیلی برای، کەئەوسا تەمەنی هێشتا ٨ ساڵ بو.

تەریقەتی سەفەوی بوبوە بزوتنەوەیەکی دینی-سیاسی ئەوەندە بەهێز، کوژرانی یەك لەدوای یەکی سەرۆکەکانی نەك هەڵی نەوەشاند، بەڵکو زەمینەی خۆش کرد دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست. مریدەکانی سەفەوی لەدوای کوژرانی عەلی، ئیسماعیلی برایان بەمرشدی کاملو سوڵتانی خۆیان دانا بو. ماوەیەك لەئەردەبیل شاردیانەوە. بەڵام بۆ پاراستنی گیانی لەمەترسی ئەمیرەکانی ئاق قوینلو بەنهێنی بردیانە گەیلان. ماوەیەك لەڕەشتو، چەن ساڵێك بەنهێنی لەلاهیجان ژیا. ساڵی ٩٠٥ك لەکاتێکا ئەمیرەکانی ئاق قۆینلو بەربو بونە گیانی یەکتری، ئیسماعیل کەتازە ئەبو بە١٣ساڵ، بەپێی ڕێوشوێنێك کەخەلیفەکانی تەریقەت بۆیان دانا بو، لەلاهیجانەوە کەوتە خۆ ئاشکرا کردنو بەرەو ئەردەبیل

کەوتــە رێ. بەدرێــژایی ڕێگــا مریــدەکانی بــاوك‌و بــاپیرانی ئەهاتنــە ریــزی لەشکرەکەیەوە، تا ئەهات ژمارەیان زیادی ئەکرد.

لەزنجیرەیەك تێکهەڵچونی خوێناویدا، فــەرمانڕەوایانی شــیروان‌و ئــەمیرەکانی ئاق قوینلوی تێك شکاندو شــاری تــەورێزی گــرت. لەجێگــەی پادشــاکانی ئــاق قوینلو لەتەورێز لەسەر تەختی شــاهێتی دانیشــت(٩٠٧ك ١٠٥١). ئیســماعیل پایەکانی شاهێتی خۆی لەسەر ٤ بناغە دامەزران:

١-سیادەت، ئیسماعیل بەگوێرەی شەجەرەیەك کەیەکێك لەباپیرەکانی ســازی کردبو خۆی بە نەوەی ئیمامی عەلی دائەنا[٨].

٢-تەریقەت، ئیسماعیل خۆی بە((مرشــدی کامــل))ی تەریقــەتی ســەفەوی دائەناو، لەراستیشدا نەوەی شێخ سفی ئەلــدینی ئــەردەبیلی دامــەزرێنــەری ئــەم تریقەتە بو.

٣-تەشــەییوع، ئیســماعیل لەیەکــەم رۆژی راگەیانــدنی شــاهێتی خۆیــەوە، شیعەی کرد بە مەزەبی رەسمــی دەوڵــەت، فــەرمانی دا لەمزگەوتــەکاندا بــانگ بەشێوەی شیعە بدرێ، لەخوتبەی نوێژی هەینیدا ناوی دوانزە ئیمامــەکان بــبرێ، لەعنەتی ٣ خەلیفەکانی راشدین بکرێ"

٤-ئێرانی بون، ئیسماعیل هەوڵیدا سەرزەمینی دێرینی ئێران لەدەوڵــەتێکی یەکگرتودا یەك بخاتو، فەرهەنگی ئێرانی زیندو بکاتەوە.

ئێران بەدەوڵەتی فارس ناسراوە، بەڵام شا ئیسماعیل خۆی فارس نەبوە، ئازەری بوە. تەنانەت شیعری بەزمانی تورکی- ئــازەری هۆنیوەتــەوەو(ختــابی)) کردۆتــە نازنــاوی شــیعری خــۆی. زمــانی گفتوگــۆی دەربــارو، زمــانی گفتوگــۆو لەیــەك گەیشــتنی نــاو خێزانەکــەی خۆیشــی ئــازەری بــوە. ئەوانــەیش کەبونــە هێــزی دامەزرێنەری دەوڵەتەکەی، هێــزی پاراســتن‌و لەشکرکێشــیەکانی، کاربەدەســتی دەربارو، حوکمڕانی ناوچەکان سەرانی ٧ ئێلی تورکی ئــازەری: شــاملو، روملــو، تکــەلو، ئیســتاجلو، قاجــار، ئەفشــار، زولقــەدر بــون، کــەخاوەنی رێکخــراوی خێڵەکی‌و، خاوەنی تەجروبەی زۆری شەڕوشۆڕ بون.

نوســەری ئێرانــی، نەســرولڵا فەلســەفی، لەیــەکێ لەلێکۆڵینــەوەکانیدا نوسیویەتی:

((لــەدوای گرتنــی ئازەربایجــان، شــا ئیســماعیل سەرانســەری ئێرانــی، لەولایەتەکانی عیراقی عەجەم‌و ئەســفەهان‌و فــارس‌و کرمــان، تــا خوزســتان‌و بەشێکی عیراقــی عــەرەبی، لەســوڵتانەکانی ئــاق قوینلــو گــرت، بەشــکاندن‌و کوشتنی شیبك خانی ئوزبەك خوراسانیشی گرت‌و، سەرانی قزلباش کەئەو هەمو وڵات گرتن‌و سەرکەوتنانە ئەنجامی گیانبازی‌و دلێری‌و فیداکاری ئەوان بو لەرێی

((مورشیدی کامیل))دا، لەهەر ولایەتێکا بە ئەلقاب وعەناوینی ئەمیرولئومەراو بیگلەربیگیو خانو سوڵتانو بیگ، بونە خاوەنی حکومەتی سەربەخۆو زەویوزارو ئەرزی فراوان.

((شا ئیسماعیل لەدوای فەتحی هەر ولایەتێ دەسکەوتو دیلو ئەرزەکانی ئەوێی لەناو سەردارەکانی قزلباشدا دابەش ئەکرد. بەم شێوەیە لەسەرانسەری ئێراندا ئێلەکانی تورك نەژادو تورك زمان، بونە فەرمانڕەوای ئێرانییانی رەسەنی پارسی زمانو، چینێکی مومتازی خاوەن دەسەڵات لەئێراندا پەیدا بو کە هەمو کارو پایە سوپاییو دەوڵەتییەکانیان بەدەس بو، بەو پەڕی ئیستیبداو قودرەتەوە حوکمڕانییان ئەکرد. هەر لەسۆنگەی ئەوەوە لەسەردەمی سەفەویدا، ئەگەرچی بەشایان ئەگوت شاهنشاهی ئێران، بەڵام بەدەوڵەتی ئێرانیان ئەگوت مەملەکەتی قزلباش. لەدەرباری ئێراندا بەتورکی قسە ئەکراو، شا ئیسماعیل خۆی بەتورکی شیعری دائەنا. قزلباشەکانی تورك خۆیان لەخەڵکی رەسەنی ئێرانی بەنەجیب ترو گەورەتر ئەژماردو، ئەوانیان بۆ سوکایەتی بەتاتو تاجیك ناو ئەبرد))[٩].

شا ئیسماعیل لە لەشکرکێشییەکانیدا ئەوپەڕی دڵڕەقیو دڕندایەتی بەرامبەر دوژمنو نەیارەکانی بەکار ئەهێنا.

لەشەڕی شیرواندا دوای کوشتنی فرخ یسار، ئیسك و پروسکی خەلیل ئەڵلای باوکی فرخی لەگۆڕ دەرهێناو سوتاندی، دوای گرتنی تەورێزیش بەهەمان شێوە ئێسقانی نەیارەکانی باوكو باپیری لەگۆڕ دەرهێنا، ئاگری تێ بەردا. لەبەغداش ئێسقانی ئەبو حەنیفەی لەگۆڕ دەرهێناو سەگێکی لەجێگەکەی ناشت. محەمەد کرهی لەپاش بەدیل گیرانی لەگەڵ ٧ کەسی ترا خست بوە ناو قەفەزەوە، لەمەیدانێکی گشتی ئەسفەهاندا، بەزیندوێتی سوتاندنی. لەدوای گرتنی بەتلیس لاشەی شێخ ئەمیری بلباسیو کوژراوەکانی تریان لەگوك مەیدان ئاگر تێ بەردا.

بەفەرمانی شا ئیسماعیل خۆی، مریدەکانی گۆشتی مراد بەگی شاهلویان کردە کەبابو، گۆشتی شیبك خانی ئۆزبەکیان بەکاڵی خواردو، پێستی سەریان لەکا پڕ کردو بەدیاری بۆ سوڵتان بایەزیدی عوسمانیو، هەر پەلێکیان بۆ یەکێ لەحوکمڕانی ناوچەکان ناردو، کاسەی سەریشیان لەزێڕ گرت، شا ئیسماعیل لەبەزمی بادە نۆشیدا خۆی شەرابی تیا ئەخواردەوە.

لەسۆنگەی ئەوەی سوڵتان حسێن بایقرا لەنامەیەکدا کەبۆ شا ئیسماعیلی نوسی بو، وەکو پێویست بەرێزەوە ناوی نەبرد بو، شا ئیسماعیل هەڵی کوتایە

سەریان‌و ۷هەزار کەسی لێ کوشتن. لەسەر ئەوەی دایکی، یان وەکو هەندێ سەرچاوەی تری ئێرانی ئەڵێن باوەژنی، شوی بە یەکێ لەناحەزەکانی باوکی کرد بو، لەناوەڕاستی بازاڕی تەورێزدا بەشمشێر دونیمەی کرد[10].

ئەمیرەکانی ئاق قوینلو رەفتاریان لەگەڵ کورد رەق بو. لەزۆر جێگە ئەمیرە خۆجێیەکانی کوردیان لێ خست بو، خۆیان‌و هۆزەکانیان لەجێگەی ئەوان حوکمڕانییان ئەکرد. کاتێ کەئەمیرەکانی ئاق قوینلو لەناو خۆیاندا تێك چون‌و بەربونە گیانی یەکتری‌و، دەنگوباسی راپەڕینی شا ئیسماعیل گەیشتە کوردستان. ئەمیرەکانی کوردیش لەمەڵبەندەکانی خۆیان هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە کەوتە هەوڵ دانی دەرکردنی ئاق قوینلو. میر شەرەف کوڕی میر بەدر خانی جزیرو بۆتان‌و، مەلیك خلیلی ئەیوبی سیرت‌و حەسەنکیف‌و، شێخ حەسەنی چەمشگەزەك‌و، میر سەیفەدین موکریانی لەدەسەڵاتی ئاق قوینلو پاك کردەوە[11].

میرەکانی کورد بەهیوا بون مەڵبەندو میرایەتی خۆیان بەخۆیان بسپێردرێنەوە، بەڵام شا ئیسماعیل ئەیویست دەسەڵاتێکی ناوەندی دابمەزرێنێ. ئەویش پێڕەوی هەمان سیاسەتی تورکمانەکانی ئاق قوینلوی ئەکرد، ئەمیرەکانی کوردی لا ئەبرد، ئەمیرەکانی قزلباشی لەکوردستان لەجێگەدا ئەنان.

شا ئیسماعیل لەهەمو لەشکرکێشییەکانی‌دا لەهەرچوار لای قەڵەمڕەوەکەی‌دا، لەماوەی چەند ساڵێکی کەم‌دا ئیمپراتۆرییەکی فراوانی دامەزران، سنورەکەی ئەگەیشتە سنوری کۆنی ئیمپراتۆریی ساسانی، بو بوە هەڕەشەیەکی راستەقینە لەسەر ئیمپراتۆریی عوسمانی. یاوز سەلیم لەو هێرشە گەورەیەدا کەبەناو کوردستان‌دا بۆ سەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی سەفەوی کرد، بۆ یەکەمین جار لەدەشتی چاڵدێران شکستێکی سەختی بەشا ئیسماعیل‌دا(۹۲۰ك/۱۵۱٤ز). بەڵام ئەم شەڕە دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئێرانی لەنا نەبرد. بەڵکو ئەم دەوڵەتە هەرما. چەن قەرن لەململانێ‌دا بو لەلایەکەوە لەگەڵ شۆڕش‌و هەڵگەڕانەوەی گەلە ناڕازییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی‌و، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ دەوڵەت‌و گەلە دراوسێکانی.

شا ئیسماعیل لەداخی تێکشکانی چاڵدێران خوی دایە بادەنوشی‌و گۆشەگیری، نەی توانی تۆڵەی تێکشکانی چاڵدێران بکاتەوە، هەروەها نەشیی توانی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی بکاتە هیچ جۆرە پەیماننامەیەکی ئاشتی، بەداخی ئەم شەڕەوە لەتەمەنی گەنجی‌دا سەری نایەوە(۹۳۰ك/۱۵۲٤ز). بەڵام دوژمنایەتییەکی قوڵی بەمیرات بۆ جێنشینەکانی لەدوای خۆی بەجێ هێشت.

٢-سەفەوی و گۆڕینی هەلومەرجی دیمۆگرافی رۆژهەلاتی کوردستان

تاسەردەمی سەفەوییەکان لەداوێنی چیاکانی قافقاس بەرەو خوار بۆ سەر روباری ئاراس و لەوێشەوە بەناو مەلبەندەکانی ماکۆو، خوی بەرەو خوار تاسەر دەریاچەی ورمێ بەرەو خوارتر شوێنی ژیانی ئێلاتی کورد بو. روداوەکانی سەردەمی فەتحی ئیسلامی و، خەلافەتی عەبباسی و، کۆچورەوی تورکانی غوزو، هێرشەکانی مەغۆل و کێشەو بەرەی نێوان ئێلە تورکمانەکانی قەرەقۆینلوو ئاق قوینلو نەیتوانی بو بەجۆرێکی بنەڕەتی هەلومەرجی دیمۆگرافی ئەو شوێنانە بگۆڕێ. ئەگەرچی هەندێ لەپاشماوەی ئێل و هۆزەکانی تورك. تورکمان، مەغۆل و تازەری لەو ناوچەیەدا جێگیر بون، بەلام هەمیشە زۆرایەتی دانیشتوانی و دەسەلاتدارەکانی کورد بون، تەنانەت لەسەردەمی پەیدابونی سەفەوییەکاندا ئەمارەتە بەهێزەکانی چەمشگەزەك، دونبولی، مەحمودی، برادۆست، هەکاری، موکری.. لەناوچەکانی سەروو، رۆژئاواو، خواروی دەریاچەی ورمێدا هەبون[١٢].

شا ئیسماعیلی سەفەوی(٩٠٧-٩٣٠)دامەزرێنەری دەولەتی ئێران، لەسیاسەتی دینیدا تعصبێکی بێ ئەندازەی بۆ مەزەبی شیعە هەبو دژی سوننەو[١٣]، لەسیاسەتی نەتەوەییدا تعصبێکی زۆری بۆ ئەو ٧ ئێلە ئازەرییەی قزلباش: شاملۆ، روملو، ئیستاجلو، تکەلو، قاجار، ئەفشار، زولقەدر هەبو، کەبون بەهێزی سەرەکی دامەزراندنی دەولەتەکەی و لەشکرکێشییەکانی لەناوچەکەدا[١٤].

سیاسەتی کوردیی شا ئیسماعیل لەسەر ٣ کوچکە دامەزرا بو:

١-نەهێشتنی دەسەلاتی سەرداره خوجێییەکانی کوردو، دانانی سەرانی قزلباش بەخۆیان و هۆزەکانیانەوە لەجێگەی ئەوان"

٢-ناچارکردنی خەلکی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بۆ دەس هەلگرتن لەمەزەبی سوننی و چونە سەر مەزەبی جەعفەری"

٣-بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی بۆ چاوترساندنی خەلك و، سەرکوتکردنی بێ بەزەییانەی هەمو جۆرە بەرهەلستی و ملنەدانێ.

شا ئیسماعیل لەو لەشکرکێشییەدا کە بەناو کوردستان دا لەئەرزنجانەوە بۆ دیاربەکرو لەوێوە بۆ موسل و بەغدادو لوڕستانی کرد، دەستی لەهیچ جۆرە زەبروزەنگێ نەپاراست. نورعەلی خلیفەی روملوی بۆ سەرکوتکردنی ئێلە کوردەکانی ئەرزنجان، بەتایبەتی ئێلی چەمشگەزەك و، خان محەمەد خانی ئیستاجلوی بۆ سەرکوتکردنی ئێلە کوردەکانی دیاربەکر دانا. ئەوانیش بەو پەڕی

توندوتیژییەوە کەوتنە هەوڵدانی سەرپێ دانەواندنی میرو مەزنەکانی کوردو، جێگیر کردنی سەرانی قزلباشو هۆزەکانیان لەقەڵاو شارەکانی کوردستاندا. لەزستانی ۹۱۲دا شا ئیسماعیل بەلەشکرێکی زۆرەوە خۆی چو بۆ ناوچەی خوی. لەوێ بارگەی خست. لەکاتێکدا ئەمیرەکانی کوردستان بەکۆمەڵ بۆ دەربڕینی گوێڕایەڵیو دڵسۆزی چوبونە لای، بێ هیچ بەهانەیەك هەموویانی گرتو، هەر یەکەیانی دایە دەست یەکێك لەمەزنەکانی قزلباشو، هێزەکانی قزلباشی ناردە سەر کوردستان بۆ داگیرکردنی" چاپان سوڵتانی ئیستاجلو بۆ سەر بتلیسو، دیو سوڵتانی روملو بۆ سەر هەکاریو ، یکان بەگی تکەلو بۆ سەر جزیرەی بۆتانو[15] ، عەبدی خانو سارو عەلی مهرداری شاملو بۆ سەر ئێلەکانی موکریو مەحمودی لەخۆرئاوای دەریاچەی ورمێ[16].هێزەکانی قزلباش شەڕی سەختیان لەگەڵ ئێلەکانی کورد کردو بەکۆمەڵ لێیان کوشتن.

سیاسەتی دینیو نەتەوەیی شا ئیسماعیل لەناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانو عەرەبستاندا مەلاو گەورەکانی کوردو عەرەبی رەنجاند، تۆوی ناکۆکییەکی قوڵی مەزهەبیی شیعی- سوننیو، ناکۆکییەکی قوڵی نەتەوەیی کورد-عەجەمی چاند. هەمو ئەوانە چەند جار نامەو نێردراویان ناردە لای سوڵتان بایەزیدی عوسمانی(۸۸٦-۹۱۸ك)و سوڵتان سلیم(۹۱۸-۹۲٦ك)بۆ هاندانو بانگکردنی دەوڵەتی رۆم بۆ پەلاماردانی دەوڵەتی تازە دامەزراوی شیعەی ئێرانیو لەناو بردنی[17]ئیمپراتۆریی عوسمانی تا ئەو سەردەمە روی پەلهاوێشتنی فتوحاتی لەئەوروپا بو. دروست بونی دەوڵەتی شیعەی ئێرانی لەسنوری رۆژهەڵاتی داو، هەوڵدانی بۆ فراوان بونی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لەکوردستانو قافقازو ئەرمەنستانو عەرەبستاندا، مەترسییەکی راستەقینەی بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی دروست کرد. بابیعالی بۆ لەناوبردنی ئەو مەترسییەی هەڕەشەی لەسنوری رۆژهەڵاتی ئەکرد. روی سەرنجی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگێڕا. کەوتە لەشکرکێشیو داگیرکردنی نیشتمانی کوردو ئەرمەنو عەرەب.

سوڵتان سلیم بەهێزێکی گەورەوە، کەبەشێکی کورد بو، بەناو کوردستاندا هێرشی کردە سەر ئازەربایجان کەناوەندی دەسەڵاتی سەفەوی بو. خان محەمەد خانی ئیستاجلو لەدیاربەکرەوەو نورعەلی خلیفەی روملو لەئەرزنجانەوە، بۆ بەشدار بون لەبەرگیری هێرشی عوسمانی، کشانەوە ئازەربایجان. بەدەم رێگاوە هەمو ئەو ناوچانەیان وێران کردو ئاگر تێ بەردا. بۆ ئەوەی ئوردوی عوسمانی نەتوانێ خۆراکی خۆیو ئالیکی باربەرەکانی لێ دابین بکا[18]. لەشکری رۆم بەسەرکردایەتی سوڵتان سەلیمو لەشکری عەجەم بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیل لەدەشتی

چالدێران لەسەروی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ لێکیاندا(١٩٢٠ك). لەشکری عەجەم تێکشکا، تەنانەت شاری تەورێزی پایتەختی سەفەوی کەوتە دەس هێزەکانی عوسمانی[١٩].

بەڵام بەهۆی درێژە نەکێشانی هێرشی ڕۆمەوە ئەم سەرکەوتنە نەیتوانی کۆتایی بەدەوڵەتی سەفەوی بهێنێ، هەروەها نەبو بەهۆی هیچ جۆرە ڕێککەوتنێ، تەنانەت ڕێکەوتنی ڕاگرتنی جەنگ، بەڵکو بو بەسەرەتای دەسپێکردنی ململانێیەکی خوێناوی درێژخایان لەنێوانی ئەم دو هێزە زلەی ناوچەکەدا.

لەئەنجامی جەنگی چالدێراندا بەشێکی فراوانی کوردستان کەوتە ژێردەستی سوڵتانی ڕۆم‌و ئەویش بەپێچەوانەی شای عەجەمەوە بەڕێوەبەرایەتی میرنشینە میراتییەکانی کوردی بەمیرەکانی کورد سپاردەوە.

هەڵکەوتنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لەنێوان هەردو دەوڵەت داو، بەلادا نەکەوتنی ململانێی سیاسی- چەکداری ئەم دو هێزەو، درێژە کێشانی شەڕو تێکهەڵچون، کوردی لەچەند سەرەوە تێوەگلاند:

١-هەر دو دەوڵەت بەهەمو شێوەیەك هەوڵیان ئەدا دەس بەسەر کوردستاندا بگرن‌و بیخەنە سەر قەڵەمڕەوی خۆیان، بۆ ئەمەش لەشکریان ئەکردە سەرو، بەزۆرو بەخۆشی مەزنەکانی کوردیان ئەهێنایە بەر فەرمانی خۆیان‌و، ئەیان کردن بەگژ یەکتری داو، ئەندامانی یەك خێزانیان لەیەکتری هان ئەدا.

٢-لەهەمو پێکادانەکاندا بەشێکی گرنگی هێزەکانی هەردولا لەئێلەکانی کورد پێك ئەهێنرا، هێزی مرۆیی کورد توشی لەناوچون‌و ڕاگوێزان‌و هێنان‌و بردن ئەبو.

٣-کوردستان خۆی بو بەیەکێك لەمەیدانەکانی پێکادانی هێزە چەکدارەکانی هەردولا، هەندێ لەشەڕە گەورەکانی لەسەر ئەرزی کوردستان قەوما. هەروەها کوردستان چونکە کەوت بوە نێوان هەردو دەوڵەتەوە، بو بەیەکێ لەرێگە سەرەکییەکانی لەشکرکێشییە گەورەکانی هەردولا بۆ پەلاماردانی شارو مەڵبەندە ستراتیجی‌و گرنگەکانی یەکتری، لەئەنجامی ئەمەشدا ئاوایییەکانی کوردستان وێران ئەبون، سامانی بەتاڵانی لەشکری داگیرکەر ئەبرا، بەروبومی کشتوکاڵ‌و ئاژەڵی ئەفەوتا، زەرەری گیانیی زۆری لێ ئەکەوت.

دەوڵەتی ئێران لەسەرەتای دامەزرانیەوە لەدولاوە روبەڕوی مەترسی هێرشی دەوڵەتانی سونني بو، لەلای ڕۆژئاوایەوە هەمیشە لەبەر مەترسی هێرشی عوسمانی دابو، لەلای ڕۆژهەڵاتیشیەوە لەبەر مەترسی هێرشی ئۆزبەك دابو. شاکانی ئێران بۆ بەربەستی ئەو مەترسییانە" لەناوەوە ئاڵوگۆڕی دیموگرافییان

ئەکرد، جێگۆڕکێیان بەئێلەکانی کوردو، لورو تورکمانو، ئازەری.. هتد، ئەکرد، بۆ پارێزگاری هەردولای سنور لەگەڵ ڕۆمو ئۆزبەك لەدەرەوەش هەوڵی پەیدا کردنی هاوپەیمانی ئەوروپایی و مەسیحییان ئەدا، بۆ هاوکاری دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی، کەماوەی چەند قەرن بو، بوبوە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دنیای مەسیحی.

شا ئیسماعیل بۆ بەهێزکردنی سنوری خۆراسان لەبەرامبەر هێرشی ئۆزبەکدا ئێلی کوردی قەرامانلوی لەکوردستانەوە بۆ خوراسان گوێزایەوە[20]. دوای ئەویش شا تهماسبی کوڕی بەشێکی گەورەی ئێلە کوردەکانی زەنگنە، چگنی، زیك، کەلهوری لەکوردستانەوە گوێزایەوە بۆ خۆراسان[21].

جەنگی ٢٠ساڵەی نێوان شا تهماسب(٩٣٠-٩٨٤)و سولتان سلێمانی قانونی(٩٢٦-٩٧٤)، زنجیرەیەکی گرنگی شەڕەکانی لەسەر ئەرزی کوردستان قەوماو، بەشێکی گەورەی قوربانییەکانیشی مەزنو کوڕی ئێلە کوردەکانی ژێردەستی هەردو دەوڵەت بو، ئەو شەڕانە کارەساتوماڵوێرانییەکی گەورەیان بەسەر کورد هێنا، کۆتاییەکەشی بەپێکهاتنی ئاشتی ئاماسیە (٩٦٣ك:١٥٥٥ز)هات.

جەنگی ٢٠ ساڵەی ئێرانی- عوسمانی(٩٤٠-٩٦٠ك)کارەساتێکی گەورەی بەسەر کوردستان هێنا. ئولامە سولتانی تکەلو حاکمی ئازەربایجان، کەیەکێ لەگەورەی گەورەکانی قزلباش بو، لە شا تهماسب یاخی بو، پەنای بۆ سولتان سلێمانی قانونی برد، ئولامە بوو بەمایەی تێکدانی نێوانی هەندێ لەئەمیرانی کوردو عوسمانی. هەروەها توانی هانی ئیبراهیم پاشای صدری ئەعزەمو سولتانی عوسمانی بدا بۆ پەلاماردانی ئێران. لەشکری عوسمانی، کەبەشێکی پێك هات بو لەهێزی ئێلەکانی کورد، بەسەرکردایەتی ئیبراهیم پاشاو بەچاوساغی ئولامە بەناو کوردستاندا هێرشی کردە سەر ئازەربایجانو پایتەختی دەوڵەتی صەفەوی داگیر کرد(٩٤٠ك). بۆ جێگیر کردنی ئەم سەرکەوتنە سولتان سلێمان خۆیشی بەهێزێکی گەورەوە بەناو کوردستان دا روی کردە تەورێزو بۆ بەسەربردنی زستانی سەختی ئەو ساڵە لەهەمەدانەوە دیسانەوە بەناو کوردستاندا روی کردە گەرمیانی بەغداد و بەغدادی لەدەس قزلباش دەرهێنا(٩٤١). سولتان هەر بەناو کوردستاندا گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ. شا تهماسب، تەورێزی گرتەوەو تا شاری وان پێشڕەوی کرد[22].

دوای ئەم شەڕانە، هەردو دەوڵەت لەبەر گیروگرفتی ناوەوەی خۆیان و بەهۆی خەریکی هێزەکانی عوسمانی بەلەشکرکێشییەوە لەئەوروپاو، خەریکی هێزەکانی

ئێرانی بە بەربەستی هێرشی ئۆزبەکەوە، هیچیان نەیتەپەرژایە سەر سازدانی پەلاماری گەورە بۆ سەر ئەوی تریان، تا ئەلقاس میرزای برای شا تهماسب هەڵات و پەنای بۆ سوڵتان سلێمان بردو هانی دایەوە بۆ هێرش بردنە سەر ئێران(٩٥٣ ك). عوسمانییەکان هێزێکی گەورەیان بۆ پەلامار دانی ئێران سازدا. شا هەر کەهەواڵی بزوتنی لەشکری دوژمنی بیست، خۆی تەورێزی بەجێ هێشت و شنب غازانی کردە بارەگای خۆی و فەرمانی دا بەنێردراوەکانی کەهەمو شوێنەکانی سەر رێی لەشکرکێشیی تورك ئاگر بدەن و دانەوێڵەو گیای تیّدا نەهێڵن و جۆگەکانی پڕ بکەنەوە. فەرمانەکانی شا لەو بارەیەوە، ئەوەندە بەخێرایی و وردی جێبەجێ کران، بەقسەی مێژونوسانی ئێران" سوپای هێرشهێنی تورك نە دڵۆپی ئاوو نەگەڵایەکی سەوزی لەسەر رێگەی خۆیدا نەدی[٢٣]. سوڵتان سلێمان ئەمجارەش چوەوە ناو تەورێز(٩٥٥)، بەڵام ئەمجارەش لەبەرکەمی خۆراك و ئالیك، بە ناچاری چۆڵی کردو بەناو کوردستاندا لەرێگەی وانەوە گەڕایەوە پایتەختەکەی خۆی. دوا بەدوای ئەو تهماسب هاتەوە ناوچەکەو هێزێکی نارد بۆ سوتاندن و وێران کردنی ئاوایییەکانی ئەخلات، گزل درە، عادل جواز[٢٤].

لەدوایین قۆناغی جەنگی ٢٠ ساڵەدا، تهماسب لە٤ قۆڵەوە هێزەکانی خۆی ناردە سەر ئاوایی و قەڵاکانی ئەرجیش، بارگیری، پاسین، وان، موش، بەندماهی، عادلجواز..(٩٦٠)و سەرانسەری ئەو ناوچانەیان لە((ئاگرو خوێندا نقوم کرد))[٢٥] شا خۆی چوە سەر قەڵای ئەخلات و گرتی و ئەختی کرد. پاش ٣ مانگ گەمارۆدان قەڵای ئەرجیشی گرت و لەتۆڵەی ئەو لاسارییەی قەڵادارەکان نواند بویان، شا فەرمانی دا((کەولّی سەری ئەو کوردانەی قەڵاکەیان پاراست بو بەزیندویەتی بگرون))[٢٦] بۆ دوەمین ساڵ لەسەر یەك هەمو ناوچەکانی وان، وستان، ئاموك، کواش، ئەلباق، خوشاب.. یان تالان کردو، ئاگریان لەدانەوێڵەو پوش و پاوانیان بەردا[٢٧].

لەدوای ئەم هێرشانە، سوڵتان سلێمان هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی سازدا، کەبۆ جاری چوارەم لەشکر بۆ سەر ئێران ببات. پاش چەند تێکهەڵچونێکی بچوك، بەرلەوەی هێزەکانی هەردو دەوڵەت روبەڕوی یەکتری ببنەوە، هەردولا لەئەنجامی گیروگرفتی ناوەوەی خۆیان و، مەترسی هێرشی دەرەکیدا، کەوتنە گۆڕینەوەی نامەو نێردراو. سەرەنجام گەیشتنە پەیمانی ئاشتی ئاماسیە، کەبە حسابی ئەبجەد بە((الصلح خیر))ئەکاتە ٩٦٩ی کۆچی[٢٨].

لەسەردەمی شا ئیسماعیل و سوڵتان سەلیمەوە هیچ جۆرە رێککەوتن و ئاشتییەك لەنێوان ئەم دو ئیمپراتۆرییەدا نەبو بو، بەڵام پێکهاتنی ئاماسیە بو

بەهۆی ناسینی رەسمی دەوڵەتی شیعەی ئێرانی لەلایەن عوسمانییەوە، هەروەها بەلاداخستنی وەختیی هەندێ لەکێشە ئەرزی، مەزهەبی، سیاسییەکانی هەردولا.

لەم رێککەوتنەدا، بەپێی تەرازوی هێزەکانی هەردولا، ئەرمەنستان، گورجستان، کوردستان، بەشێکی عەرەبستان بەسەر هەردو دەوڵەتدا دابەش کران، ئەبو ناوچەی قارس بەبێلایەنو قەڵاکەی بەکاولی بهێڵرێتەوە، هەردولاش بەڵێنیان بەیەکتریدا کار بەدەستانی سنورەکان کێشەو بەرە دروست نەکەنو، داڵدەی راکردوانی یەکتری نەدەن[29].

بەندە سەرەکییەکانی پێکهاتنی ئاماسیە، لەقۆناغەکانی داهاتودا، دوای هەڵگیرسانەوەی هەمو جەنگێکی خوێناویو دەسپێکردەوەی هەمو گفتوگۆیەکی ئاشتی، ئەبونە بنچینەی گفتوگۆ بۆ رێکخستنی پەیماننامەی نوێ.

لەماوەی جەنگی ٢٠ساڵەدا هەندێ ئاڵوگۆڕی دیمۆگرافی لەکوردستاندا رویدا، شاتهماسب چەند ئێلێکی کوردی گوێزایەوە بۆ خوراسان. سلێمانی قانونییش هەر بۆ هەمان مەبەست هەندێ لەئێلە کوردەکانی گوێزایەوە بۆ سەر سنورەکان، مەلا محمودی بایەزیدی لەم بارەیەوە نوسیویەتی:

((کەسوڵتان سلێمانی داد پەروەر گەڕایەوە ئەستەمول دایکی روی تێ کردو پێی گوت: کوڕم وا تۆ گەڕایتەوە، بەڵام ئاخۆ لەمەودوا گورجو قزلباشەکان هێرش ناهێننە سەر مەڵبەندەکانت؟

سوڵتان لەوەڵام دا گوتی: دایکە دیوارێکی پتەوم لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو دەوڵەتانی گورجو عەجەم دا دروست کرد، دوژمن ئیتر پێی ناکرێ هیچ زیانێکمان پێ بگەیەنێ.

دایکی پرسی: چۆن توانیت لەو مەودا درێژەدا دیوار دروست بکەیت؟

سوڵتان لەوەڵامدا پێی گوت: دایکە من ئەو دیوارەم لەگۆشتو خوێن دروست کردوە. بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەم بەرەو روی هۆزە کوردەکان کردۆتەوە... دوژمن ناتوانێ زەفەریان پێ بەرێو بگاتە ناو دەوڵەتی ئیسلام))[30].

لەدوای مردنی تهماسب، ئیسماعیلی کوڕی کەنزیکەی ٢٠ ساڵ بو لەقەڵای قەهقەهەدا زیندانی بو لەسەر تەختی شاهێتی دانیشت. ئەو هەر لەکۆنەوە ناسرا بو بەوەی دژی پێکهاتنی ئاماسیە بوە. کەهاتە سەرکار رێزی پەیمانی ئاماسیەی نەگرتو کاربەدەستانی سنور هەندێ کار شکێنییان کرد. هەروەها بەر بوە گیانی براو برازاو هەندێ لەگەورەکانی قزلباش، زۆری کوشتن. پەریخانی خوشکی شا ئیسماعیلی دوەم کەخۆی بەهاوکاری هەندێ لەسەرانی قزلباش ئەویان کردبو بە شا، هەر خۆیان پیلانێکیان لەئیسماعیل گێڕاو کوشتیان. محەمەدی خودابەندە،

تەنیا برای زیندویان کردە شای ئێران شا محمد کابرایەکی بودەڵەی کوێرەموشە بـور خـۆی نەیئـەتوانی بـەکاروباری دەوڵـەت رابگـا هاوسـەرەکەی کـەژنێکی هەڵکـەوتوی لێوەشـاوە بـو دەسـتی بەسـەر کاروبـاری دەربـاری ئێـرانو هـەمو کاروبارەکانی تری دەوڵەتی ئێـراندا گـرت بـو. لاوازی پشـێوی‌و بـێ سـەروبەری ئێرانـی داگـرت بـو. بابیعـالی پشـێوی نـاوخۆی ئێرانـی بەهـەل زانـی کەوتـە پەلاماردانی سنورەکانی. لەپێشەوە کوردەکان کە لەعەجەم داخ لەدڵ بون ئـەوان هێرشیان هێنایە سـەر هەنـدێ لەناوچـە کوردنشـینەکانی ئازەربایجـان، خـوی‌و سەلماس‌و ورمێ‌و شنۆیان گرت[٣١].کوردەکانی ناو سـنوری دەوڵـەتی عوسمـانی زۆر بەچالاکی لەهەمو لەشکرکێشییەکانی تـری عوسمـانی‌دا بـۆ سـەر ئازەربایجـان‌و گورجستان‌و ئەرمەنستان لەدژی هێزەکانی ئێران، بەشدار بون.

د. نوائی لەیەکێ لەلێکۆڵینەوەکانی‌دا نوسیویەتی:

((رێککەوتنێکی کە لەنێوان شا تهماسب‌و سوڵتان سلێمان قانونی‌دا کرا بو، سوڵتانی عوسمانی بەخەتی خۆی نوسی بوی‌و پشتیوانی لێ کرد بو، ئارامییـەکی تەواوی بەسنورەکانی رۆژئاوای ئێران بەخشی، بەڵام دوای ئەوەی شـا محمـد هاتـە سـەرکار، کوردەکـانی دانیشـتوی ناوچـەکانی نێـوان وان‌و ئازەربایجـان دەسـتی فەسـادیان کـردەوە، خەسـرەو پاشـای حـاکمی وانیـان هـان دا بـۆ پـەلاماردانی سنورەکانی ئێران. پاشای گۆرین لەخۆیەوە- یا بـەئاگاداری دەربـاری عوسمـانی- لەشکری ناردە سەر خوی‌و سەلماس، قزلباشەکان کەپشت ئەستور بە رێککەوتنی ئاشتی بێ ئاگا پاڵیـان لێ دابـوەوە، تـێ شـکان، کوردەکـانی ورمـێ(رەزائیـەی ئەمرۆ)یان داگیر کرد، هەرچەند ئەمیرخانی تورکمـانی بەگلەربـەگی ئازەربایجـان توانی جارێك کوردەکان بشکێنی، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانی دەسەڵاتی دەوڵەت‌و ئاسایش لەناوچەکەدا بچەسپێنێ جارێکی تر کوردەکان ئەو شوێنانەیان گرتەوە، خەڵکی ئەو شوێنانەش بەناچاری یا وڵاتی خۆیان بەجێ هێشت‌و رۆیشتن یا چـونە ژێر ئاڵای دوژمنەوە))[٣٢].

هەمو شـاهەکانی عەجـەم، بـەگوێرەی توانـای خۆیـان، درێـژەیان بەهـەمان سیاسـەتی شـا ئیسـماعیلی یەکـەم ئـەدا بەرامبـەر بـەکورد، ئـەم سیاسـەتە لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم‌دا(٩٩٦-١٠٣٨)چوە قۆناغێکی نـوێی جێبـەجێ کردنەوە کە لەسەر ٣ پایەی سەرەکی دامەزرا بو:

١-گۆڕینی بنەڕەتیی هەلومەرجی دیمۆگرافی سەروی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و، راگوێزانی ئێلە گەورەکانی کورد بۆ ناوچە دورەکـانی سـەروی رۆژهـەڵاتی ئێـران بەتایبەتی بۆ خۆراسان‌و، هێنان‌و جێگیرکردنی ئێلە ئازەرییەکان بۆ کوردستان"

٢-هەوڵدانی گۆڕینی زۆرەملێی مەزەبی خەڵکی کوردستان لەسوننیەوە بۆ شیعە"
٣-سەرکوتکردنی بێ بەزەیی و توندوتیژی هەمو سەرکێشییەکی کورد.

شا عەباس، کەمێژونوسانی ئێران بە((کبیر))ناوی ئەبەن، لەسەرەتای سەدەی ١١ھەمی کۆچییەوە کەوتە دانانی رێوشوێنی گۆڕینی هەلومەجی دیمۆگرافی کوردستان بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کەوت بونە نێوان روباری ئاراس و دەریاچەی ورمێ، کەهەمیشە یەکێ لەشارێکانی هێرشی رۆم بو بۆ سەر ئێران، بەتایبەتی بۆ سەر ئازەربایجان و پایتەختەکەی، تەوریز، کەئەوسا یەکێ لەگەورەترین شارەکانی بو. ئێرانییەکان لەترسی هێرشی یەك لەسەر یەکی رۆم، پایتەختەکەی خۆیان لەتەوریزەوە گوێزابوە وە بۆ قەزوین، دوایی تریش بۆ مەڵبەندێکی دورتر لەمەترسی رۆم لەناوجەرگەی ئێراندا، واتە بۆ ئەسفەهان.

لێکۆڵەرەوەی ئێرانی، نصراللە فلسفی، دەربارەی سیاسەتی خێڵەکیی شا عەباس، نوسیوێتی:

((شاە عەباش هەر وەکو لەماوەیەکی کورتدا سەرانی خودسەر و خاوەن نفوزی قزلباشی بە هێزی تەگبیر یا بەشمشێر لەناوا نەهێشت ئاوەهاش سەرانسەری ئێرانی هێنایە ژێر باری فەرمانی حکومەتی مەرکەزیی، واتە ئیرادەی شەخسی خۆیەوە، کەوتە ململانێ لەگەڵ سەرانی ئەو ئێل و هۆزانەدا کەئەیانویست لەقەڵەمڕەوی ئێل و عەشیرەتەکانی خۆیاندا سەربەخۆو فەرمانڕەوا بن، هەر کەسێکیان کەسەرپێچی لەفەرمانەکانی کرد بێ سڵ کردنەوە بەزویی سەرکوتی کردن، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ئێلە کوردانەی، کە لەسنورەکانی رۆژئاوای ئازربایجان و کوردستان بونو، لەجەنگەکانی ئێران و عوسمانیدا لەسەردەمی شاهێتی باوکیدا سوڵتان محمد خودابەندە، بەهۆی هاومەزەبییەوە رویان لەئێران وەرگێڕابوو داوبویانە پاڵ سوڵتانی عوسمانی، بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بێ بەزەییانە رەفتاری لەگەڵ کردن.

((دوای ئەوەی شا ئێلە یاخییەکەی ئەهێنایەوە ژێربار، بۆ ئەوەی توانا و دەسەڵاتی ئەو ئێلە لەقەڵەمڕەوی دێرینەی خۆیدا کەم بکاتەوە زۆرجار چەندین بنەماڵەی ئەو ئێلەی ئەنارده ولایەتێکی دورەدەستو، جێگەکەی ئەوانی ئەدا بەدەستەیەك لەخەڵکی ولایەتەکانی تر. لەهەمان کاتدا کەسانی ئێلەکەی بەتاوانی یاخی بون جەریمە ئەکردو، پارەیەکی زۆری لێ ئەسەندن))[٣٣].

شا عەباس لەدوای ساڵی ١٠١١ەوە ٥٠ هەزار خێزانی لەئێلی گەورەی چەمشگەزەك و هەندێ لەئێلە کوردەکانی تری کوردستانی بۆ دەشتەکانی خواروی

تاران راگوێزاو، لەوێشەوە بەخۆیانوماڵو رانو رەوەوە بۆ خوراسانی ناردنو، پارێزگاری سنوری سەروی رۆژهەڵاتی قەڵەمڕەوی عەجەمی لەبەرامبەر هەڕەشەی ئۆزبەکدا پێ سپاردن[٣٤]. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش رێوشوێنی هێنانو جێگیر کردنی هەندێ لەئێڵە گەورە شەڕکەرەکانی قزلباشی بۆ کوردستان دانا.

ئەمیر خانی برادۆست، کەبە((ئەمیرخانی یەکدەست))و((خانی لەپزێڕین))ناو ئەبرێ، خۆی بە کردەوە گەورەترین دەسەڵاتداری ناوچەکانی خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ بو، لەلایەن شا عەباسەوە بەحاکمی ورمێ دانرابو. مەزنایەتی ئێلە کوردەکانی تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، سۆما، برادۆست، موکریانی ئەکرد، قەڵای دمدمی لەنزیك ورمێ ئاوەدان کردەوەو، تا ئەهات قەڵاکەی خۆی قایم ئەکردو، هێزەکانی خۆی زۆرترو زیاتر پڕچەك ئەکرد. شا عەباس لەئەمیر خان کەوتە گومانەوە، کە لەو خۆسازدانە ئامانجی سەربەخۆیی بێ، لەبەرئەوە کەوتە بەهانە پێ گرتنی. هێزێکی گەورەی ناردەسەری، پاش شەڕێکی سەختو ئابڵوقەدانێکی درێژ قەڵاکەی گرتو هەزاران کەسی لێ کوشتن (١٠١٨ك)[٣٥]. بەیتبێژەکانی کورد ئەم روداوەیان کردۆتە داستانێکی قارەمانانەی تێکۆشەرانی موسڵمانی کورد لەبەرامبەر هێرشی کافرانی داگیرکەری عەجەمدا[٣٦]. شا عەباس لەدوای داگیر کردنی دمدمو نەهێشتنی دەسەڵاتی ئەمیرەکانی کورد لەورمێو سپاردنی دەسەڵات لەناوچەکەدا بەکاربەدەستانی عەجەم، راستەوخۆ هێرشێکی گەورەی کردە سەر موکریانو، لەوێش کوشتارێکی زۆری لەکوردەکانی ئەوێ کردو، ژنو منداڵی بەدیل بردن(١٠١٩ك)[٣٧].

نوسەرێکی تر دەربارەی قەتڵوعامی ئێلی موکری نوسیویەتی، شا عەباس فەرمانیدا بەسوپاییەکانی خۆی، کە٦٠ هەزار سوار بون، بکەونە کوشتنی ئێلی موکری کە لەناوچەیەکدا ئەژیان دوانزە فرسەنگ بو. ئەم هێزە ٤ شەو ٤ رۆژ خەریکی قەتڵوعام بون[٣٨].

شا عەباس لەکورد داخ لەدڵ بو، هەم داخی ئەوەی لەدڵ دابو، لەشەڕەکانی عوسمانی- ئێراندا هاوکارییان لەگەڵ عوسمانی کرد بوو دژی قزلباش، هەم خۆی لەکاتی شەڕەکانی ١٠١٤دا لەلایەن کوردێکی موکری دیلەوە، خەریك بو بەخەنجەر بکوژرێ[٣٩].

شێخ حەیدەری موکری لەکاتی پەلاماردانی قەڵای ئەریواندا(١٠١٢)لەریزی سوپای قزلباش دا کوژرا. قوبادی کوڕی لەجێگەی شێخ حەیدەر لەلایەن شا عەباسەوە کرابوە مەزنی ئێلی موکریو فەرمانڕەوای مەراغە. بەڵام شا قینی

کۆنی لەباوكو باپیری قوباد خان بو، لەو سەفەرەدا کە بۆ موکریانی کرد، داخی دڵی خۆی پێ رشتنو تۆڵەی رابردوشی لێ کردنەوە.

شا عەباس خوشکەکەی قوباد خانی، کە بەقسەی مەلا جەلال لەناو کوردا بەقەشەنگی بەناوبانگ بو، زەوت کرد. کەچی دوای ئەوە بە٤ رۆژ قوباد خانو هاورێکانی کوشتو فەرمانی کوشتنی بەکۆمەڵی ئێلی موکری دەرکرد، مەلا جەلالی منجم نوسەری هاوزەمانو هاودەمی شا عەباس، کوشتاری بەکۆمەڵی موکری بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە.

((... بەپێی الامور مرهونە باوقاتها سزای کردەوەکانی ئەو کوردانە لەپەردەی شاردنەوەدا مابوەوە، بەڵام لەرۆژی ١٨ی ربیع الثانیدا کاتێ کە هەتاو بە١٤ درجە لەسەرەتان دا بو قوباد خانی لەگەڵ ٩٤ کەس لەگەورەکانی کورد لەکۆڕی بەهەشتئاییندا کوشتو هەر ئەو کاتەش حوکمی قەتلوعامی جەماعەتی موکری عیززی صدور کرد، غازییان وەکو ئەو مەلەی کەدان لەزەوی دابچنێتەوە، کوردەکانیان لەکێوو دەشتەکانی ئەو مەڵبەندەدا چنییەوەو کوشت. نوابی سەگی بەردەرگای عەلی(ئەمە ناوی شا عەباس بوە-و)خۆی چو بۆ سەر قەڵای عەلی کەندی لەناوچەی گاودولی مەراغەو، بە ئوردوەکەیەوە لەو مەنزلە دابەزی. عەلی خانی شاملۆی بەخۆی و لەشکرەکەیەوە ناردە سەر قەڵاکەی حسین سوڵتانی برای قوباد خان لەناوچەی لەیلانی مەراغە. لەبەرئەوەی ئەو قەڵایە زۆر قایم بوو، کەسانێکی سوپایی کارزان پارێزگارییان ئەکرد، شەڕی بەچاك نەزانی. بۆیە کەوتە بەکارهێنانی لطائف الحیل، دوکەس لەخەڵکی ئەو قەڵایە لەوێ بون کەوت بونە دەس غازییانی شێرگر، بەدەستی بەستراوەوە هێنایاننە بەردەمی خانی ناوبراو، خان فەرمانی بەردانی هەردوکیانی فەرمو، وتی: ((بڕونو بەئەهلی قەڵاکە بڵێن لەبەرئەوەی خیانەتێك لەقوباد خان روی دابو، ئەوی لەگەڵ تاقمی خائین کوشت. ئێمەشی بۆ ئێرە ناردوە، بەو مەرجەی هەر کەس شاهیسون بێو بەشەرەفی سوجدەی ئەشرەف موشەرەف بێ، ماڵو ئەسبابو ژنو زارۆکی ئازاد ئەبێ، هەر کەسێکیش نەیەت ئەوا لەسەرکوتکردنو کوشتنو تاڵانکردن پارێزراو نابێ.

((هەر کەئەم دو کەسە گەیشتنەوە ناو قەڵا، ریش سپییەکیان بەناوی سلێمانەوە لەقەڵا هاتەدەرێ، چوە لای خان، بەدڵنەوایی کراوی گەڕایەوە. پاش ماوەیەك کوردێکی زۆر لەقەڵاکە هاتنە دەرێ، لەبەرئەوەی خەریك بو ئەبو بەشەو پێی گوتن: ((قەڵا هی شایە. ئوسوڵ وایە کە٣٠کەس لەئێمە لەگەڵ خۆتان ببەنە ناو قەڵاوە، چەند کەسێکیان لەبورجو بارو چەند کەسێکیشیان لەسەر

دەرگاکە دابنێن و، خۆتان روبکەنە خزمەتی ئەشرەف. ئەو هەرچی فەرمانێکیدا بەجێی بهێنن.

((دانیشتوانی قەڵاکە لەکەمیی هاتوەکان و زۆریی خۆیان بایی بون. ئەوانەیان بردە ناو قەڵاکەوە و، یەك یەك و دو دو زیادیان کردو بەو جۆرە پتر لە ۱۰۰ کەس چونە ناو قەڵاوە. ئەو تاقمە کوردەیش ئەو شەوە لەدەرەوەی قەڵاکە مانەوە، بۆ نوستن هەر دوان و سیانیان ناردە خێوەتی یەکێ لەقزلباش. بۆ بەیانی تاقمێکی تریشیان لەقەڵاوە هاتن. فەرمان درا ئەو تاقمەی شەو لەوێ مابونەوە بێن. کەهاتن نەزرێیان پۆشی بو، نەچەکیان هەڵگرت بو. حەزرەتی خان بۆ ئەوەی دڵنیایان بکا زرێ و چەکی ئەو تاقمەی ئامادە کردو پێی لەبەر کردن. ئەوەش بو بەهۆی دڵنیا بونیان. پاش ماوەیەك پێیان وتن: ئەبێ بچن بۆ خزمەتی ئەشرەف ئەو هەرچی فەرمانێکی پێدان جێبەجێی بکەن، بەلام لەبەرئەوەی رێگاتان نادەن بەچەکەوە بچنە خزمەت شا، چەکەکانتان لەماڵەکانی خۆتاندا دابنێن و ئینجا بڕۆن بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەو.

(سەبارەت بەو دڵنەواییە تەواوەی لەوانیان دی بو، چەك و ئەسبابەکانی خۆیان ناردەوە ماڵەکانی خۆیان، ۱۷۲ کەسی لەگەڵ نۆکەرێکی خۆیا ناردە خزمەتی ئەشرەف. پاش ماوەیەکی تر یەکێکی ناردە ناو قەڵاکە، لەبەرئەوەی نەوەکو کەسێکیان لەوێ بەجێ مابێ و نەچوبێ بۆ سوجدەی شاو، توشی ئازاردان ببێ و، ئێمە لەڕوی دروستییەوە بەئێوەمان وت، دوای ئەمەش ٦٤ کەسی تر هاتنە دەرێ، ئیتر هیچ کەس لەقەڵاکەدا نەمابو. دەسبەجێ فەرمانی رۆیشتنی ئەو تاقمەشیان دا. هەمویان کوشتن و، دەستیان گرت بەسەر ماڵ و ئەسباب و ئەسیرەکانی قەڵاکەدا. ئەو تاقمەش کەچوبونە خزمەتی ئەشەرەف، ئەوانیش هەمو کوژران، بێ ئەوەی خوێن لەلوتی یەکێ لەغازییان بێت.

((یەکێ لەغولامەکان، لەناو دیلەکاندا منداڵێکی ۸ساڵەی بۆ خۆی هەڵبژارد بو،(منداڵەکە)کابرای بەشمشێرەکەی خۆی لەچەند لاوە برینددار کردو بەزمانی کوردی وتی: ((ئەوە لەباتی خوێنی باوام))دەسبەجێ منداڵەکەیان کوشت.

((هەروەها ژنێکی ئاوس لەگەڵ کچۆڵەیەکی ٦ ساڵەدا، پیاوێ بەتوندی قسەی ناشیرینی لەگەڵ کردبو. پیاوەکە بۆ خۆشتن چوبوە حەمام، بەلام کەهاتە دەرێ بینی" ژنەکە سەری کچۆڵەکەی خۆی بڕیوەو کێردێکی کردوە بەزگی خۆیداو ئەو منداڵەشی کوشت بو کەلەزگی دابو، ئەیویست خۆیشی بکوژێ،

ئەوانیش دەستیان نەگرت‌و وتی: ((دوای مێردەکەم منیش ژیانم ناوێ))، سەری خۆی بڕی.

((قرچقای بەگ تا سەرچەمی جەغەتو چو، ۳۰۰ کەسی لەجەماعەت‌و ئولوسەکانی دەوروبەری خۆی گل دایەوە. ویستیان هەڵێن. بەڵام ئەو هەموبانی گرت‌و کوشت. ژمارەیەکی زۆر دیل‌و ئەسپ‌و گاو مێگەلێکی بێ شوماری پێش خۆیداو هێنایەوە. دایان بەوانەی هێنابویان.

((لەشکری قورچی باشی، بەسەرکردایەتی کوڕەزاکەی لەگەڵ قورچی ۱۰۰ کەللەو دیل‌و ئەسپێکی زۆرو گاو مەڕی بێ ژمارەیان هێنا.

((بەپێی حوکمی جیهانموطاع، ئەسفندیار بەگی عەرەب گوزلو چو بو گەرمەرود بەحەمییەتی مامی قوباد خان لەموکرییەکان ۲۷ سەلك‌و دیلێکی زۆری لەگەورەکانی ئەو هۆزە هێنا، لەگەڵ ماڵ‌و ئەسباب‌و گاو مێگەلێکی زۆر، هەموی درایەوە خۆی‌و تابینەکانی..

((خەڵکی شاری مەراغەش دەستیان گەیشتەی ئەوانەی رقیان لێیان بو، نزیکەی ۳۰۰ کەللەیان لێ هێنان.

((بەگشتی زیاتر لەدوو هەزار سەری بڕاویان هێنا.

((هەروەها فەرمان درا بەو ئەمیرو لەشکرەی لەدەوری قەڵای دمدم بون، موکرییەکانی ورمێ بکوژن. ئەوانیش بەگوێرەی حوکمی ئەشرەف لەرۆژی دوشەممە ۲۷ی ربیع الثانی‌دا دەستیان کرد بەکوشتنیان ۱۰۷ کەللەیان لەگەڵ دیلێکی زۆرو ئەسپ گاران‌و مێگەل‌دا لەدارایی ئەو جەماعەتە لەکەناری سیاه رودەوە هاورد، مەولانا خصالی مێژوی ئەو روداوەی بەشیعر هۆنیوەتەوە، ئەڵێ:

((کاتێ قزلباش قەڵای کوردەکانیان فەتح کرد، خوێنیان لەبادە جیا نەئەکردەوە،

((هەواڵ هات: رۆمی هاتون، وەکو دەستار بەدەوری خۆیاندا ئەخولێنەوە،

((بۆ دوعای شاهی عالەم لەدڵ بانگی: قوموا ایها الناس بەرزبوەوە

((بۆ ئەوەی گومان‌و دودڵی لەبیرمدا نەمێنێ، بۆ فال بەدوی دو تاریخدا ئەگەڕام.

((نوسرا: ماتەمی کوردان لەرۆمی‌و

((نوسیم: جەژنی فەتح لە شا عەباس))

((هەروەها بە پەخشانیش وتویانە: ((قەتڵوعامی موکری هەقە))

هەر ٣ رستەی ((ماتم کردان ز رومی))و ((عید فتح از شاه عەباس))و((قتل و عام مکری حق)) بەژمارەی ئەبجەد ئەکاتە ١٠١٩ی کۆچی کەساڵی کوشتنی بەکۆمەڵی ئێلی موکرییە))[٤٠].

زەبروزەنگی خوێناوی شا عەباس ئەگەرچی زەرەری گیانیو ماڵی زۆری لەئێلەکانی موکریانو برادۆست دا، بەڵام نەیتوانی گیانی بەرەنگارییان تیّدا بکوژێ. پاش ٦ ساڵ لەداگیرکردنی قەڵای دمدم، کوردەکانی برادۆست سەرلەنوێ قەڵاکەیان ئازاد کردو ناوچەکەیان گرتەوە دەست، بەڵام هێزی قزلباش چوە سەریانو بۆ جاری دوەم قەڵای دمدمیان لەدەست کورد دەرهێنا[٤١].

١/٢ هێنانی ئێلی ئەفشار بۆ ورمێ

راگوێزانی بەکۆمەڵی دەیان هەزار خێزانی ئێلە کوردەکانی دەوری ورمێ بۆ خۆراسانو، دوایی‌تر تێشکانی تراجیدی ئێلی برادۆستو موکریو، گیرانی قەڵای دمدمو، کوشتنی مەزنەکانی کوردو، کوشتنی زۆرایەتی لایەنگرەکانی ئەمیرخانو، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی موکریان" بون بەسەرەتای گۆڕانێکی بنەڕەتی لەپێکهاتنی دیمۆگرافی دانیشتوانی ناوچەکەدا. لەئەنجامی ئەوەش دا گۆڕانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، جەنگی. کورد سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گرنگی هێزی مرۆیی‌و مادی خۆی لەدەس داو، لەتەرازوی هێزەکانی ئەم ناوچەیەدا سەنگی قورسی جارانی نەما، دەسەڵاتی حوکمڕانیشی لەدەس دەرچو، کەجاران بەدەس گەورە خۆجێیەکانی کوردەوە بو.

ئێلی ئەفشار یەکێ بو لەو ٧ ئێلە قزلباشە، کەبەشداری سەرەکی لەشەڕەکانی شا ئیسماعیلو دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی شیعەدا کرد بو[٤٢]. ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەستانی دەوڵەت لەسەرانسەری قەڵەمڕەوی صەفەویدا لەناو ئەوان دا هەڵ ئەبژێردرانو، دەسەڵاتێکی زۆریان لەدەرباری شاهەکانی عەجەم دا هەبو. بەڵام هەندێ لەسەرانی ئەم ئێلە تاوانبار کرا بون بە هاوبەشی لەکوشتنی مهد علیای هاوسەری شاه محمد خودابەندە، کەبە بەرچاوی شاوە لە سەردەس تێکەڵاو کردنی لەگەڵ ئەمیرێکی تاتاری دیلکراودا کوشت بویان(٩٨٧ك). هەروەها تاوانبار کرابون بەکوشتنی حەمزە میرزای کوڕی شاه محەمەد(٩٩٤)[٤٣].

کە شا عەباس هاتە سەر تەخت، سەرانی ئەفشار ئەترسان لەوەی شا تۆڵەی کوشتنی دایکیو براکەیان لێ بکاتەوە. لەبەرئەوە لەگۆشەو کەناری ئێراندا پەرەوازە بو بون، نەیان ئەوێرا وەکو جاران خۆیان لەدەربار نزیك بخەنەوە.

لەسۆنگەی ئەوەی هەندێ لەسەرانی ئەم ئێلە لەشەڕەکانی بەغدادا(١٠٣٥ك: ١٦٢٥ز) ئازایەتییان نواند، شا عەباس یەکێك لەگەورەکانی ئەفشاری بەناوی ((کلب علیه))ەوە بانگ کرد. پایەی ((خان))ی پێ بەخشیو رای سپارد کەئێلی پەرەوازەی ئەفشار کۆ بکاتەوەو لەورمێ[44]لە شوێنی ئێلە کوردەکان جێگیریان بکا(١٠٣٥ك)شا عەباس لەمەش دو مەبەستی هەبو:

یەکێکیان- سپاردنی پارێزگاری ناوچە سنورییەکانی ئەوێ بەیەکێك لەئێلە دڵسۆزەکانی دەرباری عەجەم، لەجێگەی ئێلە کوردەکان کە بەگوێرەی گۆڕانی تەرازوی هێزەکانی رۆمو عەجەم ئەم لاو ئەولایان ئەکرد"

ئەوی تریان-سپاردنی سەرکوتکردنو تەمێکردنی ئێلە یاخییەکانی کورد، کەچەندین ساڵ بو لەشۆڕشو هەڵگەڕانەوەدا بون دژی دەسەڵاتی عەجەم، بەیەکێ لەئێلە شەڕکەرە دڕەکانی قزلباش.

کلب علی خان لەماوەیەکی کورتدا ٨ هەزار خێزانی ئەفشاری پەرەوازەی عیراقی عەجەمو، فارسو، کرمانو، خۆراسان.ی لەسەلماس کۆکردەوە[45]. بەڵام چونکە ناوچەی سەلماس چۆڵەوانی نەبو، ئەم تازە هاتوانە لەسەرەتاوە توشی بەرەنگاریی دانیشتوانی ناوچەکە، واتە توشی ئێلاتی کورد بون. نوسەرێکی ئەفشار خۆی ئەگێڕێتەوە ئەڵێ:

((کاتێك کلب علی خانو کۆکراوەکانی کۆچ لەدوای کۆچ گەیشتنە دەوری سەلماس، هەندێ لەئێلاتی ئێرانیو عوسمانی دانیشتوی سەر سنورەکان کەئەو هەواڵەیان بیست، لەسەر داوای تەمرخانی کوڕی ئەمیرخانی خاوەنی دمدم بەژمارەیەکی زۆر کۆبونەوە، بۆ بەرهەڵستیو رێ پێ نەدانی ئێلی ئەفشار هاتنە پێشەوە، لەکەناری چەمی قەرەسوی سەلماس دا تێکهەڵچون. شەڕێکی قورس قەوما. دلێرانی ئەفشار، شێرانی بێشەی شەڕو هەرا، دەستیان لێ دانە کەرەستەی جەنگو لێدان، ئازایەتیو مەردایەتی یان نواند. لەئەنجامدا، پەلامارەدەرەکان(مەبەستی کوردەکانە-و)لەژێر زەبری هێرشی غازییانی ئەفشاردا پێی راوەستانو خۆڕاگرتنیان تێدا نەما. زۆریان کوژرانو، ئەوانەی لەشمشێریش رزگاریان بو هەڵاتن بۆ کێوە سەختە هەڵەمودەکان خۆیان شاردەوە. دوای ئەوە، کلب علی خان لەگەڵ ئێلی ئەفشار بەسەرکەوتویی چوە ناو شاری ورمێ. بۆ شوێنی دانیشتنی خۆی توپراق قلعەی هەڵبژارد، بۆ هەر یەکێ لەهۆزەکانی ئێلی ئەفشار بلوك یا ناحیەیەکی دیاری کرد تیا جێگیر بن))[46].

کلب علی هاتوەکانی بەم جۆرە دامەزران:

ئێلی کوندوزلو لەمەڵبەندی دول"

ئێلی قرقلو لەمەڵبەندی ڕەوزە"
ئێلی کوهکلویە لەمەڵبەندی نازلو"
تیرەی ایمانلو لەگەڵ بەشێکی ئێلی ارشلو لەدەوری شاری ورمێ"
ئێلی ارشلو لەشنۆ وسلدوز"
تیرەی قاسملو لەساین قەڵا[٤٧]

ئێلی ئەفشار لەدامەزرێنەرانی دەوڵەتی شیعەی صەفەوی بو، تەجروبەیەکی زۆری شەڕوشۆڕی هەبو لەناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داو، لەنزیکەوە هەمو نەتەوەکانی فارس، کورد، تورك، عەرەب، ئۆزبەك، گورجی، ئەرمەنی... یان ئەناسیو، لەگەڵ هەمویان تەجروبەی شەڕو ئاشتی یان هەبو، هەروەها تەجروبەی بەڕێوەبردنی وڵاتو شارو گوندو ئێلو هۆزی جیاجیایان هەبو. ئاخوندەکانی شیعە لەڕێوشوێنەکانی ئاینی شەڕ: غەزا، جیهاد، فەتح..و جۆری بەڕێوەبەرایەتی خەڵك بەگوێرەی جیهانبینی تایبەتی خۆیان دەرسی زۆریان دادابون. ئەوان خۆیان بەموسڵمانو زیندوکەرەوەی نەریتەکانی محەمەدو عەلی وحەسەنو حسێنو ئیمامەکانی تر دائەنا. مەزهەبەکانی تری ئیسلام لەوانە سوننییان بەگومڕاو(تائفەی ضالە)) ئەزانێ، لەشەڕدا دارایيو سەرو ناموسیان بۆ خۆیان بەحەڵاڵ ئەژمارد. لەبەرئەوە ئەمانە، بۆبردنەوەی جەنگو بەدەستهێنانی سەرکەوتنو جێگیر کردنی دەسەڵاتی خۆیان، کە گوایە دەسەڵاتی ئیسلامە، سڵیان لەهیچ نەئەکردەوە، گوێیان نەئەدایە ترسی دینیو دنیایی، هەم فرتوفێڵیان لەدوژمن بەحەڵاڵ ئەزانیو، هەم بەکارهێنانی زەبروزەنگ.

تیرەکانی ئێلی ئەفشار، کەیەکێ لەئێلە سەرەکییەکانی قزلباش بو، چەند پشت بو وا پەروەردە کرا بون کەپابەندی هیچ جۆرە ئیعتیبارێکی بنەماڵەیی، عەشیرەتی، دینی، نەتەوەیی، زمانو شوێن نەبن، لەناو خۆیاندا پیلانیان لەیەك ئەگێڕاو، لەبەرامبەر دوژمنانی دەرەوەدا یەکیان ئەگرت. بەفەرمانی((مرشدی کامل))باوك کوڕی خۆی سەرئەبڕیو، گۆشتی لەشی دوژمنی خۆی بەزیندویەتی ئەخوارد.

شا عەباس ئەیویست نفوزو دەسەڵاتی ئێلەکانی قزلباش کەم بکاتەوە، بەتایبەتی دەسەڵاتی جەنگییان. بۆ ئەو مەبەستە لەلایەکەوە هەوڵیدا لەشکرێکی نوێی ڕێکوپێك دابمەزرێنیو چەکدار بکا، لەلایەکی تریشەوە هەوڵیدا ئێلەکانی قزلباش کەهێشتا لەهیچ کوێیەك بەتەواوی جێگیر نەبو بون، نیشتەجێ بکا[٤٨].

سەرنجدانێ لەسنوری رۆژهەڵاتی کوردستان دەری ئەخا کەبەدرێژایی ئەو سنورە عەجەم بەجۆری نیشتەجێ کراون، لەمپەرێکی باریکی نەتەوەیی-ئازەریی ئەوتۆیان لەنێوان کوردو فارس‌دا دروست کردوە، لەهیچ ناوچەیەکدا سنوری هاوبەشیان لەنێوان ئەم دو نەتەوەیەدا نەهێشتوە. بەڵکو لەهەمویدا عەجەمی لێ جێگیر کراوە. ئەو دو نەتەوە ئێرانییە: کوردو فارس کەچەند هەزار ساڵ بو هاوسنور بونو پێکەوەو بەتەنیشت یەکەوە ئەژیانو مێژویان تێکەڵاوی یەکتری بو، تا هەتایە لەیەکتری دابڕانو نەتەوەیەکی تریان کەوتە بەینەوە. جێگیر کردنی ئێلی ئەفشاریش ئەکرێ هەر لەچوارچێوەی ئەو ستراتیجە گشتییەدا سەیری بکرێ.

ئێلە ئازەرییەکانی قزلباش، لەوانە ئێلی ئەفشار، کەبەدرێژایی سنوری خۆرهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ کرابونو، ئەرکی سەرکوتو دەستەمۆکردنو سەرپێ دانەواندنی گەلێکیان پێ سپێردرا بو، کەنەریتی ژیانو جۆری جیهانبینیو خوورەوشتی کۆمەڵایەتیو پەروەردەی دینییان بەتەواوی لەگەڵ ئەوان جیاواز بو، ئەمەش بو بەیەکەمین هۆی دروست کردنی ناکۆکییەکی قوڵی گشت لایەنە لەنێوان دو میللەتدا کەروداوەکانی ناوچەکە بەزۆر کردبونی بەدراوسێی یەکتری.

٢/٢ بەرهەڵستی ئێلاتی کورد

ئێلی ئەفشار هێشتا بەتەواوی لەورمێ جێگیر نەبو بو جارێکی تریش کوردەکان هەڵیان کوتایەوە، سەریان لێرەش‌دا نوسەرێکی ئەفشار خۆی روداوەکە ئەگێڕێتەوە:

((لەسەرەتای حوکمڕانی کلب عەلی خاندا لەورمێ، دەماودەم هەواڵ هاتو دوایی بو بەڕاست کەوا ئەشرار(مەبەستی لەو کوردانەیە کەئەمان ئەرزەکەیان داگیرکرد بون-و)بەژمارەیەکی زۆر لەمەڵبەندی دەشتو تەرگەوەڕەوە، بۆ تێهێنانەوەی تێکشکانەکەی شەڕی قەرەسو، وە تۆڵەسەندنەوە لەکلب عەلی خان، وەکو لافاو رویان کردۆتە شاری ورمێو گەیشتونەتە نزیك گوندی ئەنهر لەمەڵبەندی بنابی روضە.. کلب علی خان بەو دەستوپێوەندانەی لەلای بون روی هیمەتی کردە بەرهەڵستی هێرشهێنەکان. لەدەوری قەرەحەسەنلو گەیشتنە یەك، هەردولا تاویان دایە چەكو بەگژیەکا چون، شەڕ دەستی پێ کرد. خانی حوکمڕان لەکاتی شەڕەکەدا بینی کەئەشراری شەقاوەت نیهاد بەشەڕو هەڵاتن وەکو منالانی ناو جۆلانە بۆ دواوە ئەچن، لەوە سەری سوڕما. وای زانی کەئەو رێوی خووانە لەڕوی غەدرو حیلەوە بۆ هەستاندنی رقو وروژاندنی ئێلی ئەفشار وا

ئەکەن، بەڵام کەبەلای ورمێدا روانی، بینی ٣٠٠ تا ٤٠٠ سواری نیزەدار لەدواوە دیارن بەخێرایی روەو ئەوان دێن، ئەشرار لەبینینی ئەمەو گەیشتنی یارمەتی بەئەفشار کەوت بونە سەر خەیاڵی هەڵاتن..))[٤٩].

تێکهەڵچونی ئەم جارەش بەقازانجی عەجەم بەلادا کەوتو ئێلەکانی کورد تێ شکان. دیارە دوای ئەو زنجیرە شەڕانەی لەنێوان لەشکری سەفەوی‌و کوردا روی‌دا بوو، هێزی کورد ئەوەندە لاواز بو بو، چاری ئێلیکی واپچوکی پێ نەئەکرا. لەگەڵ ئەوەش‌دا هێشتا هیوایان نەبڕی بو، تەمر خانی برادۆست سەر لەنوێ هێزەکانی خۆی سازداو، بۆ ئازاد کردنی ناوچەکە قەڵای دمدمی کردەوە بنکەی پەلاماردانی عەجەم. بۆ جاری سێیەم شەڕێکی قورس لەدەوری ئەم قەڵایەدا روی دا، بەڵام کورد ئیتر بەیەکجاری ئەم قەڵایەی لەدەس‌دا، بەلەدەسدانی قەڵاکەش عەجەم ئیتر بۆ هەمیشە لەناوچەکەدا جێگیر بون‌و، دەسەڵات لەناوچەکەش‌دا کەوتە دەس ئەوان. هەمان نوسەری پێشو، ئەم شەڕە بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:

((ماوەی ساڵێك بەسەر حوکمڕانی کلب علی خان‌دا رابوردبو، لەم ماوەیەدا دیسانەوە تەمر خان هەندێ لەناڕازییان‌و ئەشراری لەخۆی کۆکردەوە. دەستی کردەوە بەهێرش‌و دەسدرێژی بۆ سەر ورمێ. کلب عەلی خان بۆ ئەوەی بەهانەی ببڕێ لەپێشەوە کەوتە نوسینی نامەی ئامۆژگاری‌و-دادانی پەند. بەڵام کەڵکی نەبو، ئینجا گەنج عەلی خانی برای، قەڵاکەی گەمارۆ دان، هەمو رۆژ تەقەیان لەیەکتری ئەکرد. لەبەرئەوەی قەڵای ناوبراو بەسترا بو بەناوچە عەشیرەت نشینەکانەوە، ئەشراری سەرسنور لەڕوی تعصب‌و لاسارییەوە بۆ فریاکەوتنی تەمر خان کەوت بونە جموجۆڵ. شۆڕشێکی گەورەیان هەڵگیرسان. گەنج عەلی خان لەگرتنی قەڵاکە نائومێد بو، داوای یارمەتی لەبراکەی کرد.

((کلب عەلی خان کەڕوداوەکەی بیست هەندێکی لەلاوانی جەرارو کینەگوزاری ئەفشاری کۆکردەوە. روی کردە قەڵای دمدم. پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ گەیشتە داوێنی قەڵا. پاش هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کارو بەرزیی‌و قایمیی حەسارەکەی، هەوای هیمەتی بەئارەزوی گرتنی بورجەکانی ئەو قەڵا قایمە کەوتە فڕین. لەلای چەپ‌و راستەوە هێرشیان کردە سەر ئەو دو بورجە ناودارەی بەسولق‌و بوزلق ناسرا بون، هەردولای رۆژهەڵات‌و رۆژئاوایان لەخوارەوە گرت. تفەنگچییەکانی ئەشرار هەرکە ئەوەیان دی لەقەڵا دەرپەڕین‌و تا دەمی ئاوا بونی خۆر بەگوللەی تفەنگ هەنگامەی جەنگ گەرم بو، بەڵام زۆر لەکوردەکان کەوتنە بەر تیغی بێ درێغی دلاوەرانی ئەفشار، ئەوانی تر گەڕانەوە ناو قەڵاکە. رۆژی دوایی سەرلەنوێ هێزی ئەفشار بەفەرمانی کلب عەلی خان ناودار بەریزی

رازاوەوە هێرشیان بردە سەر حەسار. بەڵام قەڵاییەکان لەترسی لێدانی دەستی بەهێزی غازییان زاتی شەڕیان نەبو. پێیان لەقەڵا نەهێنایە دەرێ. لەبورجو باروەکانەوە کەوتنە هاوێشتنی تۆپو تفەنگ.

((کلب عەلی خان زانی کەئیتر ئەشرار زاتی بۆ پێشەوە هاوێشتنی هەنگاویان نەماوە. شەو سەرۆکەکانی ئەفشاری کۆکردەوە. سیبەو سەنگەریان دروست کرد. رۆژی دوایی هەمو قشون بەکۆکردنەوەی کەرەستەی سیبەو سەنگەرەوە خەریك بون. چەند رۆژێکی وەها بەسەر برد. لەدوایی دا وەکو ئەڵێن" ارباب الدول ملهمون، تەگبیرێکی بەبیرا هات بو، بڕیاریدا ئێستریك بهێنن، ۳ شەو و۳رۆژ بیلەوەڕێنن بێ ئەوەی ئاوی بدەن، رۆژی چوارەم بەری بدەن بەڵکو لەتینواندا بۆنی ئاوەڕۆی ئەو ئاوە بکا کەبۆ سولق ئەچێ‌و، لەدەرەوە نەبینراوو داپۆشرا بو، ئەگەر شوێنی ئاوەکەیان دۆزییەوە هەڵی بکەنن‌و لەباتی ئاو شەربەتی ناسازگاری مەرگ بەگەروی قەڵاییەکاندا بکەن. بەگشتی وایان کرد وەکو فەرمو بوی، پاش ۳ شەو و ۳ رۆژ ئەو وڵاخە بێ زمانەیان بەرەڵا کردو، بەدەوری قەڵاکەدا گێڕایان. بەقودرەتی حەزرەتی پەروەردگار کە لەگومەزی سولق نزیك بونەوە کە لەلای خوارەوە وە بە ئەرزەوە بەسترا بو، هەستی بەهاژەی ئاوی ژێر ئەرزەکە کرد. لەتاو تینویەتی کەوتە سمکۆڵ. ئەوسا بەفەرمانی کلب عەلی خان کارێز کەنی شارەزایان هێنا بەقوڵنگو مەتین ئەو شوێنەیان هەڵکەندو ئاوەڕۆکەیان دۆزییەوە. چەند خەروار نەوتیان هێناو تێیان رشت. ئەگەرچی ئاوی عەمارەکە پڕ بو لەنەوت. لەگەڵ ئەوەشدا گەمارۆ دراوەکان چەن رۆژێ نەوتاویان خواردوەو خۆیان راگرت. سەرەنجام لەبەر بێ ئاوی‌و لەترسی گیانیان هاواریان لێ هەستاو داوای بەخشین‌و ئەمانیان کرد. مەشایەخی ئەشرار بەناچاری کەلامولاهی مەجیدیان کردە شەفیع‌و هاتنە لای کلب عەلی خان. خانی ناوبراو لەسەر تکای مەشایەخ لەتاوانەکانیان خۆش بو بەو مەرجەی تەمرخان‌و لایەنگرەکانی، تفەنگ‌و تۆپ‌و کەلوپەل‌و ئەموال‌و شتەکانی کەلەقەڵاکەدا پێیان بو، بەجێ بهێڵن‌و گیانی خۆیان دەرباز بکەن. بەوە رازی بون‌و کەوتنە سوپاس‌و ستایش.

((شەو قەرەولەکان دەوری قەڵایاندا بوو پاسەوانییان لێ ئەکرد. کەرۆژ بوەوە دەروازەی قەڵایان کردەوە" ئەشرار نائومێدو زەرەرمەند بەدەستی بەتاڵ لەقەڵا دەرچو بون، هەر کەس بە لایەکدا پەرەوازە بو بو. شتی سەیر ئەوە بو ۸٦ کچۆڵەو تازەبوکی ئەشرار لەترسی ئەتك کردنی پەردەی ناموسی خۆیان، نەوەکو دەسدرێژییان بکرێتە سەر، شەو لەبەرزایی بورجەکان‌و لەسەر دیواری بڵندی قەڵاوە خۆیان هاویشت بوە ناو دۆڵێکی قوڵەوە، گیانیان سپارد بو))[٥].

٣/٢ قوڵبونەوەی ناکۆکی عەجەم و کورد

پەیوەندی کوردو عەجەم لەم ناوچەیەدا ئیتر هەرگیز نەچوە سەر باری ئاسایی پێکەوە ژیانی بەئاشتی، بەڵکو ڕەنگێکی دوژمنانەی بەخۆیەوە گرت.

عەجەم، لەڕوی مەزهەبەوە شیعە بون، سوننەیان بەگومڕا دائەنا.

لەڕوی زمانەوە بەتورکی ئەدوان کورد لیّ یان تیّ نەئەگەیشتن.

لەڕوی سیاسییەوە کاروباری حوکمڕانیو دارایی و جەنگیی دەوڵەتیان لەدەسدا بو، پشت ئەستور بون بەپشتیوانی مادیو مەعنەوی دەوڵەتی مەرکەزی ئێران، وەکو ژێر دەستە ڕەفتاریان لەگەڵ کورد ئەکردو بە((ئەشرار))یان دائەنان، بۆ ئەوەی ئێلەکانی دەوروپشتیان بهێننە ژێر فەرمانی خۆیانەوە، سڵیان لەگرتنی هیچ ڕێگایەکی نارەواو لەبەکارهێنانی هیچ چەشنە توندو تیژییەك نە ئەکردەوە.

بەڵام ئێلە کوردەکان، لەڕوی مەزهەبەوە سوننە بون، شیعەیان بە رافضی دائەنا.

لەڕوی زمانو نەتەوەوە لەئێلی تازەهاتوی ئەفشار جیاواز بون.

لەڕوی سیاسییەوە ئەوانیان بەداگیرکەری نیشتمانەکەیان ئەزانیو، تیّ ئەکۆشان بۆ هەڵکەندنو دەرکردنیان، لەبەرئەوە هێرشیان ئەبردە سەریان، لێیان ئەکوشتنو ڕێگەیان لیّ ئەبڕین.

درێژەکێشانی ئەم حاڵەتە، ناکۆکی کورد- عەجەمی بردە قۆناغێکی ئاڵۆزی واوە کەرەنگی سیاسی، نەتەوەیی، دینی بەخۆیەوە گرتو، لەپێوەندییەکانی دوا ڕۆژی هەردو گەلو، لەژیانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگیی ناوچەکەدا تاوی دایەوە، ناکۆکییەکان بەخۆشی بەلادا نەکەوتو ئاسایش بەتەنیا بەزۆری چەك ڕائەگیرا. عەجەم هەرچەن هەلێکی بۆ هەڵ بکەوتایە ئەوپەڕی زەبروزەنگی بەکارئەهێنا بۆ سەرکوتکردنی کوردو، بەتاڵان بردنی سامانو دارایی و، بەدیل گرتنی ژنو منداڵیو، لەشکرکێشی ئەکردە سەر گوندو ئاوایی و هەواری ڕەوەندەکانی. توندوتیژی خوێناوییان تێکەڵاو کرد بو لەگەڵ بەکارهێنانی فروفێڵو تەفرەدان و لەخشتە بردن. ئێلەکانی کوردیش هەرچەن بەخۆیانا ڕابپەرموناية هەڵیان ئەکوتایە سەر عەجەم، لێیان ئەکوشتنو تاڵانیان ئەکردن، بەهەر ڕێیەکی بۆیان بگونجایە ئازاریان پیّ ئەگەیاندن، تەنانەت هەندیّ جار ئوردوی ڕۆمیان ئەهێنایە سەریان.

عەجەم لەدوای چەند پشتێك توانییان لەناوچەکەدا جێگیر بن. دەس بەسەر شارو قەڵاکاندا بگرنو کوردی لیّ دەربکەن بۆ گوندو ناوچە شاخاوییەکان. هەندیّ لەکۆنفدراسیۆنی ئێلە کوردەکانی وەکو برادۆستیان هەڵوەشاند، ئێلەکانی

حەیدەرانلو و جەلالی یان پەرەوازە کرد، ئێلەکانی شوقاقی، دونبولی، پازوکی، مافی.. یان لەڕوی زمان‌و مەزەبەوە بەتەواوی گۆڕی.

مەڵبەندی ورمێ ئەگەرچی بەکردەوە کەوتە دەس عەجەم بەڵام ئیتر ئارام‌و ئاسایشی تێدا نەما، لەلایەك هێرشی یەك لەسەریەکی سوپای عەجەم بۆ تەمێ کردن‌و سەر پێ دانەواندنی ئێلە کوردەکان‌و هێنانە ژێر باری فەرمانبەری‌و، لەلایەکی ترەوە بەرهەڵستی توندوتیژی بەردەوامی ئێلەکانی کورد بۆ پاراستنی((کەسایەتی سەربەخۆ))ی خۆیان، سەرباری ئەمانەش ناوچەکە خۆی یەکێك بو لەشارێگەکانی لەشکرکێشیەکانی رۆم‌و عەجەم بۆ سەر یەکتری.

کلب عەلی خان ئەفشار، یەکەمین دەسەڵاتداری عەجەم، لەورمێ کە مرد(١٠٤٣ك)ئێلە کوردە لێدراوەکان ئەمەیان بەهەل زانی، بەقسەی میزا رشید وەکو((حشرات الارض)) هاتنە جۆش‌و خرۆش‌و((تەلاقیان بۆ یەکتری خوارد کەیەکدڵ‌و یەك زمان بۆ لەناو بردنی ئەفشار))تێ بکۆشن. هەمو ئێلەکانی سۆما، برادۆست، دەشت، تەرگەر، مەرگەوەر، بەردەسور راپەڕین‌و هێرشیان بردە سەر ورمێ. شەڕێکی قورس لەوێ روی دا، ئەم جارەش وەکو جارەکانی تر((اشرار مغلوب‌و منکوب))تێشکان‌و، ئەوانەی دەرباز بون((وەکو تەپوی بەر رەشەبای توند))هەڵاتن[51].

قەڵای قوتوز کەیەکێ لەقەڵا گرنگەکانی سەرسنوری رۆم‌و عەجەم بو، تا ئەو سەردەمە لەدەس ئێلی مەحمودی کوردا بو، سوپای ئێران لەو لەشکرکێشییەدا کەکردی بۆ سەر وان، بەیەکجاری لەدەس ئێلی مەحمودی دەرهێناو ئەوانی لێ دەرکرد(١٠٤٣ك)[52].

جەنگی درێژخایانی رۆم‌و عەجەم بەپەیماننامەی ئاشتی زەهاو(١٠٤٩) کۆتایی هات، ئەو سنورەی هەردو دەوڵەت لەسەری پێکهاتبون، لەئاخسقەوە لەقەفقاس بەناو مەڵبەندەکانی قارس، وان، شارەزور، بەغداد، بەسرا تا سەری ئاوی خەلیج بەناوجەرگەی کوردستاندا رائەبورد. هەر بەگوێرەی ئەم رێککەوتنە ئەبو قەڵاکانی قوتور، ماکو، مەغازبرد کاول بکرێن‌و بەچۆڵی بهێڵرێنەوە[53].

ئەمە خۆی بەڵگەی ئەوەیە کەئەم مەڵبەندانە چ کارەساتێکیان بەسەر هاتوە. پێکهاتنی زەهاویش نەیتوانی ناکۆکییەکانی رۆم‌و عەجەم بەتەواوی چارەسەر بکا، بەڵکو دابەش کردنی نارەوای نەتەوەکانی کورد، ئەرمەنی، گورجی، عەرەب‌و دابەش کردنی دین‌و مەزەبە جیاوازکان، بگرە ئێل‌و هۆزەکانی ناوچە سنورییەکان، بەسەر ئەم دو دەوڵەتەدا، ناکۆکییەکانی ئاڵۆزترو ململانێکانی سەخت تر کردو، هەڵکەوتی جوگرافی شوێنی ژیانی کوردیش، کە لەبەینی

هەردو دەوڵەتدا بو، کوردی خستە بەینی بەرداشی هێزەکانی رۆم و عەجەمەوە، ئەحمەدی خانی(١٠٦١-١١١٩ك) خۆی شایەتی روداوەکانی ئەو سەردەمەیە، لەم روەوە ئەڵێ:

((تێ بفکرە لەلای عەرەبەوە تا ئەگاتە گورجستان،

((کورد بۆتە بورج

((لەچوارلاوە بۆتە حەساری رۆم و عەجەم، کەچی هەردوکیان، کوردیان کردۆتە ئامانجی تیری قەزا

((گوایە ئەوانە کلیلی سەر سنورەکان و هەر تیرەیەکیان دیوارێکی پتەون،

((ئەم قولزومی رۆم و بەحری تاجیکە، کەئەکەونە جوڵان و لەشکرکێشی،

((کورد لەخوێنی خۆیدا ئەگەوزێ، چونکە لەبەینی ئەواندا بۆتە بەرزەخ..))[٥٤]

٤/٢ سەرکوتکردنی ئێلی بلباس

لەو ماوە ئارامییەدا کە بەدوی پەیماننامەی ئاشتی زەهاودا هات، عەجەم توانی شانوشکۆی ئێلی برادۆست کەهاوسنوری عوسمانی بو بشکێنێ و، نەهێڵێ جارێکی تر راست بێتەوەو مەترسی بۆ دروست بکەن، بەڵام هاوزەمان لەگەڵ کز بونی ئێلی برادۆست، ئێلی بلباس لەلای خواروی ناوچە عەجەم نشینەکانی مەڵبەندی ورمێ گەشەی کردو بەهێز بو.

ئێلی بلباس لەو سەردەمەدا پێك هات بو لەیەککگرتنی ٤ هۆزی سەرەکی: مەنگور، مامەش، پیران، باڵەك، هۆزەکانی ئەم ئێلە رەوەندی تەواو نەبون، ئەگەرچی هاوینان بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ ئەچونە چیای قەندیل، بەڵام بنەیان لەبناری قەندیل و دەشتی لاجان و موکریان و سلدوز بو، کشتوکاڵیان تێدا ئەکرد. مەزنایەتی ئێلی بلباس لەدەس ئاغاکانی مەنگوڕدا بو، تا باپیر ئاغاو هەزار کەس لەپیاوە هەڵبژاردەکانی ئێلەکەی لەمیوانداریەکدا لەمەراغا لەخەودا کوژران (١١٩٨ك)[٥٥].

خداد بەگی ئەفشار لەپاداشتی ئەوەی لەتەنگی ئاب گەرمدا شۆڕشگێڕانی کوردی شکاندبو (١١٠٥ك)دەرباری ئێرانی نازناوی((خان))ی پێ بەخشی بو، کردبویە بیگلەربیك(بەگی بەگەکان))ی ئەفشار لە١١٣٤دا جارێکی تر بەلەشکری عەجەمەوە هێرشی کردە سەر لاجان لەبناری قەندیل، کەمەڵبەندی ئێلی بلباس بو، لەگەڕانەوەیدا بەدیل و تاڵانییەوە، شەڕکەرەکانی بلباس لەناکاو هەڵیان کوتایە سەری، پاسەوانەکانیان کوشت و دیلەکانیان لێ سەندنەوەو تاڵانەکەیان پێ بەجێ هێشتن، لەسەر ئەم ریسواییە خۆی کوشت[٥٦].

ئێلی بلباس و ئێلی زەرزا بوبون بەدڕك لەكەلەكەی عەجەمدا، لەبەرئەوە یەكێك لەپەژارەكانی حاكمەكانی ورمێ و مەراغە هەمیشە لەناوبردنی ئەم دو ئێلە بو. ئێلەكانی كوردیش بەهۆی ناكۆكی ناوخۆیان و، نزمی ئاستی ئابوری و كۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی خۆیانەوە، نەیان توانی بۆ پێكهێنانی قەوارەی سەربەخۆی خۆیان كەلك لەو پشێوییە فراوانە وەربگرن، كەبەهۆی هێرشی ئەفغانەوە بۆ سەر ئێران و، لەناوچونی بنەماڵەی سەفەوی و، گۆڕانی یەك لەدوای یەكی بنەماڵە حوكمڕانەكانەوە، دروست بو.

لەسەردەمی دەسەلاتی نادر شادا(١١٤٨-١١٦٠)، محەمەد عیسی خانی بەگلەربەگی ئەفشار داوای لەنادر كرد بۆ سەركوت كردنی بلباس یارمەتی بدا. ئەویش هێزێكی گەورەی بەسەركردایەتی نصر الله میرزای كوڕی و، ئیبراهیم خانی ظهیر الدولەی برایدا بۆ نارد، لەگەڵ هێزەكانی محەمەد عیسا خان لەنزیك سابلاخ یەكیان گرتەوە، هەڵیان كوتایە سەر تركەش لە قەندیل(١١٤٩). ئێلی بلباس هەر ٢ هەزار كەسێ ئەبون، هەندێكیان كوژران و، هەندێكیان گیران و، ئەوانی تریشیان هەلاتن[٥٧]. نادرشا خۆیشی بۆ چاو ترساندنی خەلكی ناوچەكە دوای ئەوەی دەستی لەئابلوقەدانی موسڵ هەڵ گرت لەساین قەلاوە چو بۆ سەردانی سۆمای برادۆست قەلاكانی بانیە و بەردەرەش(١١٥٨)[٥٨].

بلباس ئێلێكی دەولەمەن بون، خاوەنی ئاژەڵ و گاڕان و رەوەی زۆر گەورە بون، هەروەها ئەرزێكی بەپیتی فراوانیان لەبەردەستدا بو، كاربەدەستانی عەجەم چاوی تەماعیان بڕی بوە سامان و داراییان و، ئەیان ویست بەزەوت كردن و تالانی ماڵ و دارایی ئەوان خۆیان دەولەمەند بكەن. مەزنەكانی بلباسیش ئەیان ویست كەم ترین باج و سەرانەو پێشكەش بدەن، هۆی سەرەكی ململانێ و تێكهەلچونی خوێناوی ئەفشاری عەجەم و بلباسی كورد، ئەگەرچی تێكەلاو بو لەگەڵ ناكۆكی مەزهەبیی و نەتەوەیی، بەلام لەراستیدا زۆرتر لایەنی ئابوری هەبو، نەك لایەنی سیاسی.

حاكمەكانی ورمێ و مەراغە هەركەس بوایە ئەبو یەكێ لەبەندەكانی كارنامەكەی" تەمێ كردنی بلباس و ئێلە كوردەكانی تر بێ. چەند جار تێكهەلچونی خوێناوی لەنێوان سوپای عەجەم و ئێلە كوردەكاندا رویدا. دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئێران تا ئەهات بۆگەن تر ئەبو، ئالوگۆڕی یەك لەدوای یەكی بنەماڵە دەسەلاتدارەكانی سەفەوی و، ئەفغانی و، ئەفشار و، زەند و، قاجار، هەمیشە گۆڕانی حاكمەكانی ورمێ و مەراغەشی بەدودا ئەهات. بەرتیل وەرگرتن بەناوی پێشكەشەوە بو بەیەكێ لەنەریتەكانی خۆ نزیكخستنەوە لەدەرباری شاهی

و لەحاکمەکانی تەوریز. حاکمەکان پلەو پایەکانی خۆیان بەپارە ئەکڕی، لەبەرئەوە ئەوانیش پلە حکومەتییەکانی خوار خۆیان بەپارە ئەفرۆشتەوەو، هەریەکەش هەولی ئەدا زۆرترین سامانو دارایی پێکەوە بنێو ماوەی دەسەلاتداریتی خۆی بەکاربهێنێ بۆ خۆدەولەمەند کردن بەهەر رێگەیەکی نامەشروع. زیادکردنی باجو سەرانە، داگیرکردنی زەویوزار، زەوتکردنی مالو دارایی خەلك، تالان، جەریمە کردنی بە ناهەق.

ئێلەکانی بلباسو زەرزا ئەوەندەیان زولم لەدەزگای کاربەدەستی عەجەم دی بو، شۆڕشیان هەلگیرساند. بناری قەندیلو شنۆ هەتا ناوچەی دولیان لەعەجەم ئازاد کرد. هێزەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاری لێ دامەزراندن، هێزەکانی عەجەمیش کەوتنە خۆسازدان بۆ سەرکوت کردنیان. رۆستەم خانی حاکمی ورمێ لەرێگەی جاریجانو قاشقەگدوکەوە بو سەرلاجانو، محەمەد بەگی گەورەی قەرەحەسەنلو و، موئمین خانی حاکمی ساین قەلا لەگەلی قاسملۆوە بۆ سەر شنۆ چون. کابایزی مەزنی بلباس لەشنۆوە سەرپەرشتی شەڕەکەی ئەکرد. ئێلی زەرزا لەدەشتەبیل شکانو لە گەردنەی شنۆ خۆیان گرتەوە. لەم شەڕەدا لەکورد، کابایزی مەزنی بلباسو لەعەجەم، محەمەد بەگی قەرەحەسنلۆ کوژران(١١٧٨ك)[٥٩].

کاربەدەستانی عەجەم لەپال بەکارهێنانی زەبروزەنگ دا دژی ئێلەکانی کورد، بۆ دەستەمۆ کردنو سەرپێ دانەواندنیان، کەوتنە بەکارهێنانی هەندێ رێگەی تری وەکو دامەزراندنی خزمایەتی بەهۆی ژنوژنخوازییەوە لەگەل هەندێکیانو، دروستکردنی ناکۆکیو دوژمنایەتی لەنێوان هەندێکی تریان داو، بەگژاکردنی یەکتری. هەروەها هەولیان ئەدا لەململانێی ناوخۆیاندا کەلکیان لێ وەربگرن. لەو کێشەیەدا کەنەیارەکانی نەجەفقولی دونبولی حاکمی تەوریز، ئەیان ویست تەوریزی لێ داگیر بکەن، نەجەفقولی لەدەس ئەوان بۆ خوی هەلاتو، داوای یارمەتی لە ئیمام قولی خانی حاکمی ورمێ کرد. ئەویش جگە لەهێزەکانی ئەفشار، شێخ عەلی خانی موکری حاکمی سابلاخو، جەعفەر سولتانی زەرزا حاکمی شنۆو، قەرەنی ئاغای مەزنی بلباسو، میرزا ئاغای سەرخێلی شوکاکی بەشەڕکەرانی ئێلەکانیانەوە رەوانەی خۆی کرد(١١٩٥ك)بۆ یارمەتی دونبولییەکانو بەلاداخستنی ئەو ناکۆکییە بەقازانجی ئەوان[٦٠].

ئەحمەد ئاقای مقدم تاوانێکی گەورەی بەرامبەر بلباس کرد. نەجەفقولی حاکمی تەوریز، حاجی عەلی محەمەد ئاقای حاکمی مەراغەی لەسەر راووڕوت کوشت بو(١١٩٠ك)[٦١].

ئەحمەد ئاقای کوڕی لەجێگەی ئەو کرابوە حاکمی مەراغا. ئەحمەد ئاقا بەپێی ڕاسپاردەی دەرباری ئێرانی، بەپیلان کەوتە دامەزراندنی دۆستایەتی لەگەڵ باپیر ئاغای مەنگوڕ مەزنی ئێلی بڵباسو، هێمنی کردەوە. دۆستایەتییەکەیان ئەوەندە بەهێز بو داوای لەباپیر ئاغا کرد بۆ سەندنەوەی تۆڵەی باوکی لەحاکمی تەورێز هاوکاری بکاو، بەخۆیو هەزار کەس لەسوارە هەڵبژاردەکانی بلباسەوە بچێ بۆ یارمەتی دانی. باپیر ئاغاش هەزار سواری هەڵبژاردەی لەگەڵ خۆی بۆ مەراغا برد. ئەحمەد ئاقا بەناوی میواندارییەوە هەرچەند کەسێکیانی لەماڵێکدا دامەزران، لەنیوەی شەودا بەنوستویی هەمویان کوشتن(١١٩٨ك)[٦٢]. شایەرەکانی موکریان ئەم کارەساتەیان کردۆتە بەیتێکی تراجیدی بەگۆرانییەوە ئەیلێن[٦٣]. کاربەدەستانی ئێرانی لەسەر ئەم تاوانە نازناوی((خان))یان بە ئەحمەد ئاقا بەخشیو بو بە((ئەحمەد خانی مقدم)).

محەمەد قولی خانی بەگلەربەگی ئەفشار بۆ ئەوەی دۆستایەتی لەگەڵ ئێلی زەرزا دابمەزرێنێ خوشکێکی خۆیدا بو بەئەفراسیاب سوڵتان زەرزا. لەو سەردەمەدا ململانێی نێوان ئاقا محەمەد خانی قاجار(١١٩٣-١٢١١ك)ولوتف عەلی خانی زەند(١٢٠٣-١٢٠٩)لەسەر تەختی ئێران هێشتا بەلایەکدا نەکەوت بو. ئێران هێشتا ناوەندێکی دەسەڵاتداریی تێدا جێگیر نەبوبو، حاکمەکانی ناوچەکان هەوڵی خۆ بەهێزکردنو خۆدەوڵەمەند کردنیان ئەدا. کەسیان چارەنوسو پاشەڕۆژی خۆی نە ئەزانی.

محەمەد قولی خانی حاکمی ورمێ ئێلەکانی زەرزاو شوکاکی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بو بۆ تاڵان کردنی ئێلی بلباس، کەهێشتا ٣ ساڵ بەسەر کارەساتی کوشتنی بەکۆمەڵی مەنگوڕدا لەمەراغا تێ نەپەڕی بو، هێزێکی ناردنە سەر، لەو کاتەدا قەرەنی ئاغا مەزنی بلباس بو، لەسەرچەمی لاوین تێکهەڵچون(١٢٠١ك) بلباس شکانو هەڵاتن بۆ چیا. ماڵو داراییان تاڵان کرا[٦٤]. بوداق خانی موکری ئەگەرچی لەهاوکاری عەجەم درێغی نەکرد بو، بگرە تاوانبار کرا بو بەدەس تێکەڵاوکردن لەگەڵ عەجەم بۆ قڕانی بلباس، کەچی ئەویش لەسزادانی عەجەم ڕزگاری نەبو، چاویان هەڵکوڵی(١٢٠٣ك)[٦٥].

ئاقا محەمەد خانی قاجار بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی شاهێتی خۆی ڕوی کردە ئازەربایجان. ویستی محەمەد قولی خانی حاکمی ورمێ بگۆڕی. محەمەد قولی لەترسی گیانی خۆی پەنای برد بۆ ئێلی زەرزا لەشنۆ، ئاقا محەمەد فەرمانیدا بەقاسم خانی حاکمی نوێی ورمێ، کەبرای محەمەد قولی بو، لەگەڵ عەسکەر خانی ئەفشار بچن بۆ تەمێ کردنی ئێلی زەرزا . محەمەد قولی گەڕایەوە لای

عەجەمو بەخشییان[٦٦]. بەڵام داڵدەدانی ئەو، بوە بەهانەی پەلاماردانی زەرزا. ئێلی زەرزا داوای لەئێلەکانی بڵباسو هەرکی کرد بەدەنگیەوە بێنو بۆ بەربەستی هێرشی عەجەم. قاسم خان جگەلە هێزی ئەفشار، هێزەکانی دونبولیو موکریشی لەگەڵ خۆی برد بوە سەر زەرزا. هێزەکانی موکری لەژێرەوە لەگەڵ زەرزا رێك کەوت بون شەڕی یەکتری نەکەن. هێرشی عەجەم تێکشکا. هەزار کەسی لەشەڕکەرانی ئەفشارو دونبولی کوژران(١٢٠٦ك)[٦٧].

محەمەد قولی خان سەر لەنوێ بوەوە بەحاکمی ورمێ(١٢٠٧ك). ئەفراسیاب سوڵتانی زەرزا، هەم زاوای بو، هەم لەتەنگانەدا داڵدەی دابو، بەخۆشی دامەرزانەوەیەوە چو بۆ پیرۆزبایی لێ کردنی بۆ ورمێ، بەڵام لەوێ دەرمانداویان کردو مرد[٦٨].

فەتح عەلی شاهی قاجار(١١٨٥-١٢٥٠ك)بۆ جێگیر کردنی دەسەڵاتی خۆی لەئازەربایجانو، سەرکوت کردنی سەرپێچی محەمەد قولی خان، خۆی لەرێگەی تەورێز- مەراغا- سابلاخەوە روی کردە ورمێ[٦٩]. محەمەد قولی بەبرینداری لەشەڕدا گیرا. فەتح عەلی شا، حسێن قولی خانی لەجێگەی ئەو کردە حاکمی ورمێو، عەباس میرزای کوڕی خۆی کە(نائب السلطنة)ی بوو کردە والی ئازەربایجان.

عەباس میرزا(١٢٠٣-١٢٤٩ك) ماوەیەکی درێژ لەئازەربایجان حوکمڕانی کرد، لەسەردەمی ئەوا روداوی گرنگ رویدا، جەنگی روسی- ئێرانی کەچەندین ساڵی خایاندو قۆناغی یەکەمی بەسەپاندنی پێکهاتنی گولستان(١٢٢٨/١٨١٣)و قۆناغی دوەمی بەسەپاندنی پێکهاتنی تورکمان چای(١٢٤٣/١٨٢٨) کۆتایی هاتو، جەنگی عوسمانی-ئێرانی کەئەویش چەندین ساڵی خایاند بەپەیماننامەی ئەرزڕۆم(١٢٣٨ك)تەواو بو.

دابین کردنی خەرجی جەنگەکانو، بژاردنی زەرەری روسیەو، خەرجی نوێ کردنەوەی قشونی ئێرانو، خەرجی پێویستییە زۆرەکانی دەرباری بۆگەنی قاجارو، خێزانە دەسەڵاتدارەکانی، باری سەرشانی هەمو خەڵکی ئێرانی قورس کرد بو، بەتایبەتی خەڵکی کوردستان، ئەوی کەوت بوە ناوچەی دەسەڵاتی عەباس میرزاوە.

ئێلی بڵباس کەڵکیان لەئاڵۆزانی هەلومەرجی ئازەربایجان وەرگرت. ناوچەکانی خۆیان لەژێردەستی کاربەدەستانی عەجەم دەرهێناو، تا نزیك قەڵای ورمێ پێشڕەوییان کرد(١٢١٤ك) هێزەکانی عەجەم چەند جارێ چونە سەریان بێ ئەوەی بتوانن چاریان بکەن[٧٠]. عەباس میرزا فەرمانیدا بەحسێن قولی خانی

بەگلەربەگی ئەفشار کەبەسوپای ئەفشارو بەئەحمەد خانی مقدم مەراغەیی کەبەسوپای مقدمەوە لەکەناری چەمی گادەر یەك بگرنەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە پەلاماری ئێلی بلباس بدەنو شۆڕشەکەیان دابمرکێننەوە، لەم سەردەمەدا عەجەم توانی بوی هەندێ لەئێلە کوردەکان دەستەمۆ بکاو، بهێنێتە ژێر فەرمانەوە. بۆ ئەم هێرشە هەندێ لەشەڕکەرانی ئێلەکانی شوکاكو زەرزاو شەمزینان ساز درابون. هەمویان لەسلدوز کۆبونەوە. تۆپخانەیان لەگەڵ خۆیان برد.

هێزەکانی بلباس لەدەشتی لاجان دامەزرا بون، هۆزی پیان بەسەرۆکایەتی مامەند ئاغاو، هۆزی مەنگوڕ بەسەرۆکایەتی هەمزە ئاغاو، هۆزی مامەش بەسەرۆکایەتی سوار ئاغاو، هۆزی باڵەك بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم سوڵتان.

حسێن قولی خان سەرکردەی گشتیی هێزەکانی عەجەم، هێزەکانی خۆی بۆ شەڕ دابەش کرد" شەڕکەرانی ئێلی شوکاکی بەسەرۆکایەتی ئیسماعیل ئاغای شکەفتی بەچەرخەچی لەشکرو، شەڕکەرانی ئەفشاری لەقۆڵی راستو، شەڕکەرانی مقدم مەراغەیی لەقۆڵی چەپ داناو، خۆیشی لەناوەندی هێزەکەدا جێگەی گرتو، تۆپخانەیان لێ دابەستن.

لەرۆژی هەینی ١ی سەرەطانی ١٢١٦دا هێرشیان دەست پێ کرد.

نابەرامبەرییەکی ئاشکرا لەژمارەو چەكو رێکخستنی ئەم دو هێزەدا هەبو، لەئەنجامی شەڕەکەدا ئێلی بلباس تێکشکاو شپرزە بو. ژمارەیەکی ئەوەندە زۆریان لێ کوژرا، بەقسەی میرزا رەشید، بەفەرمانی بەگلەبەرگ لەبناری چیای قەندیل دا لە((لەسەری براوی پیاوەکانی ئەم ئێلە لەدو جێگە منارەیان دروست کردو، موئەزین بۆ بانگدان لەسەریان راوەستان)). پێنج شەش ئەسپی رەسەنی ئەو تالانییەشیان هەڵبژارد لەسەلکی شەڕکەرانی کورد باریان کردنو، بەرەشید سوڵتان قاسملۆی ئەفشاردا، بەدیاری بۆ فەتح عەلی شایان نارد[٧١]. ماڵو دارایی‌و رانو رەوەی ئەم ئێلە تێکشکاوەو هەرچی بەردەستی دوژمن کەوت بەتالان برا.

دوای ئەم سەرکەوتنە بەگلەربەگ لەلاجانەوە چو بۆ سەردانی شنۆ، قاسم سوڵتانی زەرزا کەئەویش لەم کوشتارەدا هاورێ لەگەڵ عەجەم بەشدار بو، لەگەڕانەوەی بەگلەربەگدا بۆ خواحافیزی تاگەردنەی شنۆ لەگەڵی چو بو، بەگلەربەگ بەدەم رێگاوە رێوشوێنی جۆری بەرێوەبردنی لێرە بەدواوەی شنۆی بۆ قاسم سوڵتان رون ئەکردەوە، لەو کاتەدا لەسەر بەرزایی گەردنەکە گۆڕستانێکی گەورە سەرنجی حسین قولی خانی راکێشا کە لەگۆڕستانی خێڵە کوردەکانی نەئەکرد. بەگلەربەگ لەقاسم سوڵتانی پرسی:((ئەو گۆڕستانە چییە؟)) ئەویش زمانی سوتا وتی: ((ئەوە گۆڕستانی کوژراوەکانی ئەفشارە کە لەسەردەمی

لێخرانی محەمەد قولی خاندا لەتێکهەڵچونێکی ئەفشاردا بەسەرکردایەتی قاسم خانی برای محەمەد قولی خان لەگەڵ ئێلی زەرزادا کوژراون)). لەوەش مەبەستی تێکهەڵچونەکەی ساڵی ١٢٠٦بو. لەسەر ئەم قسەیە بەگلەربەگ فەرمانیدا بەندی گرانیان خستە گەردنی قاسم سوڵتانو بەگیاوی لەگەڵ خۆیان بردیانە ورمێ. لەکاتێکا لەورمێ بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە ماوەی ٣ رۆژ بو جەژنو شاییان ئەکرد. لەگەرمەی ئەم ئاهەنگانەدا، قاسم سوڵتانی زەرزا ئەگەرچی ئەویش لەگەڵ هێزی عەجەمدا چو بوە سەر هاونەتەوەکانی خۆی، لەباتی ئەوەی خەڵات بکرێ، بەفەرمانی حسێن قولی خانی بەگلەربەگ، لەسەر ئەو قسەیە بەدارو فەلاقەوە بەسترا پاش سزادانێکی سەخت، ٣ هەزار تومان جەزایان لێ سەند، ئینجا بەریاندا[72].

عەباس میرزا لەکاتێکا خەریکی گفتوگۆی رێککەوتنێکی زەلیلانە بو لەگەڵ روسیا(١٢٢٧)، تالان کردنی ئێلی بڵباسی سپارد بەئەحمەد خانی مقدمو عەسکەر خانی ئەفشار بەو مەرجەی ١٥هەزار تومان، لەباتی ئەو تالانییە، بەدیوانی بەرزی عەباس میرزا بدەن[73]. ئەحمەد خان بۆ ئەوەی عەسکەرخان لەو دەسکەوتە بێ بەش بکا، پێشدەستی کرد. خۆی بەتەنیا چوە سەریان کوشتاری لێ کردنو سەر لەنوێ تالانی کردنەوە. بێ بەش کردنی عەسکەرخان لەم تالانییە دوژمنایەتی لەنێوان ئەودو پیاوەدا دروست کرد[74].

عەباس میرزا بۆ ئەوەی تەنگ بەئێلی بڵباس هەڵبچنێ، یاخود بەقسەی میرزا رەشید بۆ ((دەفعی شەڕ))ی ئەم(طائفة ضالة))یە ناوچەی سلدوزی بەخشی بەئێلی قەرەپاپاخ[75] کە لەئەنجامی دەس هەڵ گرتنی ئێران لەئەرزەکانی ئەوبەری روباری ئاراس بۆ دەوڵەتی روسیا، ناچاربون کۆچ بکەن بۆ ئێران.

عەجەم بۆ ئەوەی پرزەی ئەم ئێلە سەرکێشە ببڕن، ئەمیر خانی قاجار(خاڵۆی نائب السلطنة)، لەناوبردنی پاشماوەی ئەم ئێلەی بەهاوکاری سوپاکانی ئەفشار مقدم پێ سپێردرا. ئەویش دوساڵ لەسەریەك هەڵی کوتایە سەریان. دوای کوشتارو تالان پەرە وازەی کردنو هەتا شارەزوورو گەرمیان راوی نان(١٢٣١-١٢٣٢ك)[76].

بڵباس لەدوای ئەو کارەساتە خوێناوییانە ئەگەرچی لەهەندێ شوێنی دێرینەی خۆیاندا مان، بەڵام وەکو کۆنفیدراسیۆنێکی بەهێزی ئێلگەل لەبەریەك هەڵوەشان. هەندێکیان پەرەوازە بون بۆ شارەزور، بیتوێن، پشدەر، بناری کۆسرەت، دۆڵی شەهیدان، تەنانەت هەندێکیان پەڕینە لای هەولێرو موسڵ.

٥/٢ شازادەکانی قاجار، زوڵمی زۆرتر ئەهێننە کوردستانەوە

سەردەمی قاجار هاوزەمان بو لەگەڵ هەوڵدانی دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا بۆ پەلهاویشتن لەئاسیاو ئەفریقا. روسیا چاوی بڕی بوە ناوچەکانی سەروی ئێران. جەنگی ئێرانی- روسی لاوازی قشونی ئێرانی ئاسیایی لەبەرامبەر هێزی دەوڵەتی روسیەی ئەوروپایی‌دا دەرخست. فەتح عەلی شا هەواڵی جەنگی فەرەنسی- روسی بیست بو. لە١٢١٩دا نامەیەکی بۆ ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەرەنسی نوسی، داوای هاوکاری لێ کردبو دژی روسیا[٧٧]. ناپلیۆنیش ئەوسا کەڵکەڵەی گرتنی هندستانی لەسەرا بو. ئەمەی بەهەل زانی" پەیمانی جەنگیی، سیاسی، بازرگانی((فینکن شتاین ١٢٢٢))ی لەگەڵ بەست. نامەو نێردراوی تایبەتیشی بۆ لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی جوگرافی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی ئێران‌و، جێبەجێ کردنی ئەو رێککەوتنە ناردە ئێران.

ناپلیۆن بەهیوا بو، لەسۆنگەی دۆستایەتی ئێرانەوە، گوشاری روسی‌و ئینگلیزی لەئەوروپا لەسەر خۆی کەم بکاتەوەو، رێی لەشکرکێشی‌و داگیرکردنی هیندستانی بۆ تەخت ببێ. هیوای لەسەرئەوە هەڵچنی بو" کەهەم هێزەکانی ئێران لەسەر رێوشوێنی سوپایی ئەوروپا رێك بخاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە پشتیوانی لەشکرکێشی داهاتوی فەرەنسە بۆ سەر هیندو، هەم بتوانێ تەبایی‌و یەکێتی ئێرانی- عوسمانی بکاتە گوشارێکی قورس بۆ سەر روسیا.

یەکێك لەئەنجامە راستەوخۆکانی رێککەوتنی فەرەنسی- ئێرانی فینکن شتاین، ناردنی هەیئەتێکی نیزامی فەرەنسی بو بۆ ئێران. ناپلیۆن گرنگییەکی ئەوتۆی بەم هەیئەتەدا بو. خۆی رێوشوێنەکانی کارکردنی ئەم هەیئەتەی دانا بو. ئامۆژگاری‌و فەرمانەکانی بۆ نوسی بون[٧٨].

هەیئەتی نیزامی فەرەنسی بەسەرۆکایەتی گاردان لەکاتێکا هاتە ئێران(١٢٢٢)کەهێشتا جەنگی ئێرانی-روسی بەلادا نەکەوت بو. ئەم هەیئەتە خزمەتی گەورەی لەشکری ئێرانی کرد، ٣ ناوەندی مەشقیان لەتاران، تەورێز، ئەسفەهان دامەزران. زیاتر لە١٤ مانگ خەریکی مەشق پێ کردنی چەند هەزار سەربازێکی ئێرانی بو. تەنانەت ئەوان وشەی سەربازیان داهێناو، ئونیفورمیان کردە باو. ئەم هەیئەتە هەوڵی‌دا لەشکری ئێران لەسەر شێوەی سوپاکانی ئەوروپا رێك بخات و تاکتیکە جەنگییە کۆنەکانی ئێرانییەکان بگۆڕێ، فێری تاکتیکی نوێی بەکارهێنانی تفەنگ‌و نیزەو تۆپیان بکەن. دو کارگەی دارشتنی تۆپیان

لەتاران و تەورێز دامەزران و لە١٢٢٣ەوە کەوتە دارشتنی تۆپی سەنگین، کەپێشتر ئێران نەی بو[٧٩].

چەند ئەندامێکی هەینەتەکە لەتەورێز جێگیر بون. ئەوان خەریکی رێکخستنەوەی هێزەکانی عەباس میرزا بون،((فوج))ی نیزامییان لێ پێك ئەهێنان. ئەم فەوجانە هەرچەندە لەسەر شێوەیەکی نوێ تر لەجاران رێك ئەخران، بەڵام لەسەرەتادا هەر لەهەمان تیرەو هۆزەکانی عەجەم و بەفەرماندەیی مەزنەکانی خۆیان کۆ ئەکرانەوەو رێك ئەخران. ئێلە کوردەکان بەچاوی گومانەوە سەیری ئەم فەوجانەیان ئەکرد. ئاغاو گەورەکانی کورد لەترسی ئەوەی نەوەکو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هۆزەکانی خۆیاندا لەدەس بدەن. نەچونە ریزی ئەم فەوجانەوە. لەئەنجامدا ئەم فەوجانە بونە هێزێکی چەکداری رێکوپێك بۆ دەس گرتنی تەواو بەسەر هەمو مەڵبەندە کورد نشینەکاندا.

دەرباری قاجار لەسەردەمی فەتح عەلی شادا لەوپەڕی فەسادا بو، نوسەرێکی ئەو سەردەمە ئەگێڕێتەوە:

((لەرۆژێکەوە کەپادشاه گەیشتە تەمەنی روشدو بلوغ و توانی لەگەڵ ژنان بنوێ و منالی لێ بکەوێتەوە تائەو کاتەی بۆ ئەو٠ دنیا چو لە٤٧ ساڵ زیاتر نەبو، کەچی لەم ماوە کورتەدا لەپشتی پاکی ئەو ٢هەزار فرزەندو نەوەی لێ کەوتۆتەوە.و تائەمرۆ ٢١ ساڵ بەسەر مردنی ئەوا تێ پەڕیوە، ئەگەر فرزەندو نەوەکانی ئەو پادشایە بژمێرین سەیر نیە کەبگەنە ١٠ هەزار کەس..))[٨٠].

هەندێ سەرچاوە ئەڵێن ژمارەی ژنەکانی فەتح عەلی شاە گەیشتۆتە هەزار ژن[٨١].

ئێرانناسی بەناوبانگ، لورد کیزن، لەم روەوە نوسیویێتی:

((بەم زۆرییەو فرەیی نەوەیە بارو رۆژی رەعیەتە بەدبەختەکانی ئێران دیارە. هەمو ئەم شازادانە بەنێرو مێیانەوە، موچەیان لەدەوڵەت وەرئەگرت. سەرەڕای ئەوەش حکومەتی شارەکانی ئێران بەدەس شازادەکانەوە بو، زۆری ئەوانە لەشارێکا بەمیرات فەرمانفەرما بون، وەکو کوللەی برسی بەری رەنجی جوتیارانی ئێرانیان هەڵئەلوشی[٨٢].

عەباس میرزا چوارەمین کوڕی فەتح عەلی شا، وەلیعەهدو نائب السلطنەو، والی تەورێز بو، لەتەمەنی ٤٦ساڵیدا مرد(١٢٤٩ك)کەچی ئەویش ٢٦ کوڕو ٢٢ کچی لەپاش بەجێ مابو[٨٣] کەیەکێکیان محەمەد میرزا(١٢٥٠-١٢٦٤)، ئەو کەسەی دوایی لەجێگەی فەتح عەلی شای باپیری بو بەشای ئێران.

خەرجی گرانی هەردو خولی جەنگی ئێرانی-روسی: (١٢١٨-١٢٢٨)و(١٢٤٢-١٢٤٣)وخەرجی پێکهێنانی لەشکری نوێی ئێرانو، خەرجی هەردو خولی جەنگی ئێرانی- عوسمانی: (١٢٢١)و(١٢٣٦)و، خەرجی ئەو هەمو شازادەیەو هی کۆشكو سەراو ژیانی تایبەتییان لەئەستۆی خەڵکی ئێراندا بو، بەتایبەتی لەئەستۆی خەڵکی ئازەربایجاندا، کەعەباس میرزا والی بو.

شەڕەکانی عەباس میرزا لەگەڵ روسو تورك زیانی زۆریان لەکورد دا. هەزاران کەس لەئەنجامی ئەم شەڕانەدا کوژرانو، بەسەدان ئاوایی توشی تالانو کاولیو زەرەر بون، کەچی لەرێککەوتنەکانیشی نەك هەر هیچ قازانجێکیان نەکرد, بەڵکو توشی زەرەری گەورە تر بون. لەئەنجامی پەیمانەکانی گولستانو تورکمانچای دا، هەروەکو ئێران ئەرزێکی فراوانی لەدەس دا، ناچاربو دراوێکی زۆر لەباتی زەرەری جەنگ بەروسیا بدات, بەڵکو هەندێ لەناوچەکانی ئازەربایجان، لەوانە هەندێکی کورد نشین، وەکو بارمتە لەژێردەستی هێزەکانی روسدا مایەوە تا ئێران ئەو چەردە دراوەی دا کەگفتی دابو. لەئەنجامی ئەم دو پەیمانە دا چەند ئێلێکی کورد کەوتنە ژێر دەستی روسیاوە، چەند ئێلێکی تریشیان زۆزانو لەوەڕگاو پاوەنو ئاواییەکانی خۆیان بەیەکجاری لەدەس داو دەربەدەر بون.

هەر لەئەنجامی زوڵمی کاربەدەستانی قاجاردا ئێلە گەورەکانی حەیدەرانلوو سیپکیو هەندێ هۆزو تیرەی تری کورد بەکۆمەڵ لەناوچەکانی ماکۆو خویەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی کۆچیان کرد. کۆچی بەکۆمەڵی ئەم ئێلانە ئەوەندە گرنگ بو، تەنگوچەڵەمەیەکی لەپەیوەندی دەرباری قاجارو بابی عالی توركدا خوڵقاند، کە بەیەکێ لەهۆ سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی خولی دوەمی جەنگی ئێرانی-عوسمانی دائەنرێ کەبەپەیمانی یەکەمی ئەرزڕوم دوایی هاتو مادەی سێیەمی بەتایبەتی بۆ ئەوان تەرخان کرا بو.

پەیمانی یەکەمی ئەرزڕۆم(١٢٣٨)سەر لەنوێ کوردستانی لەسەرێ هەتا خوارێ لەنێوان هەردو دەوڵەتی رۆمو عەجەمدا، بەپێی پەیمانەکەی ساڵی ١١٥٩، دابەش کردەوە. سنوری ئەو پەیمانەش لەسەر بنچینەی پەیمانی زەهاو دانرا بو. پەیمانی ئەرزڕۆم، بەبیانوی ((دەس وەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی یەکتری))و((خۆ هەڵ نە قورتاندن لەکاروباری کوردستان))و((لابەلاکردنی بەخۆشیی کێشەکانی هاتوچۆی رەوەندەکان بۆ گەرمیانو زۆزان))بەپێی مادەی یەکەمیو((جۆری بەلاداخستنی کێشەی ئێلە پەنا دراوەکان))و((دالدە نەدانی راکردوانی یەکتری))بەپێی مادەی سێیەمو چوارەمی، بناغەی رێوشوێنەکانی هاوکاری سیاسیو سوپایی هەردو دەوڵەتی دژی بزوتنەوەی کورد دارشت.

فەتح عەلی شا کورەکانی خۆیو زاواکانی لەشوێنە گرنگەکانی ئێراندا ئەنا، عەباس میرزا لەئازەربایجانو، محەمەد عەلی میرزا حوکمڕانی ڕۆژئاوای ئێرانو، محەمەد وەلی میرزا حوکمڕانی کرمان بون. هەریەکەیان هێزێکی چەکداری پێکەوە نابو، بەئارەزوی خۆیان باجو سەرانەیان لەخەڵك ئەسەند. ئەمانە حەسودییان بەیەکتری ئەبرد، بەتایبەتی بەعەباس میرزا، نەك بەتەنیا لەبەرئەوەی باوکی بەوەلیعەهدو جێنشینی خۆی دای نابو، بگرە لەبەرئەوەش چونکە ئازەربایجانی بەو سپارد بو، کەگرنگترینو دەوڵەمەندترین ئیالەتی ئێرانی بو، یەکێ لەهۆکانی تێکشکانی عەباس میرزا لەهەردو جەنگی روسیدا ئەوە بو، براکانی لەکاتی پێویستدا نە هێزیان بۆ یارمەتی دانی ناردو، نە بەشداری خەرجی جەنگەکانی بون[٨٤].

شازادەکانی قاجار بەهەمو ئێراندا بڵاوبونەوە، هەریەکەیان هەڵپەی ئەوەی بو" گوندو ئەرزو ماڵو دارایی خەڵك زەوت بکا، خۆی دەوڵەمەند بکا، ژیانێکی خۆش بۆ خۆی دابین بکا، هەریەکێ لەمانە وەکو نیشانەی خانەدانێتی میرزایەکی بەدواوە ئەنوسراو، نازناوێکی زلی بۆشی پێ ئەدرا. هەندێك لەمانە گەیشت بونە ئازەربایجانو، هەندێکیشیان بونە حاکمی ورمێ لەوانە: محەمەد رەحیم میرزا ضیاء الدولة، ئەکبەر میرزا، مەلیك مەنسور میرزا، ئەحمەد میرزا معین الدولة.. ئەمانە لە دەرباریکا گەورە بو بون کە لەهەمو رویەکەوە نمونەی فەسادی سیاسی، ئەخلاقی، مالی، ئیداری بو. ئەوانەی ئەبون بەحاکمی ورمێ گوێیان نەئەدایە باش کردنی گوزەرانی خەڵكو پێشکەوتنی وڵات. خەریکی راوورِوتو سەندنی باجو سەرانەو، وەرگرتنی بەرتیلو پێشکەشو، زەوت کردنی ماڵو دارایی خەڵكو، دەس گرتن بەسەر ئەرزو دەرامەتی ئاواییەکان دا بون. فەتح عەلی شا خۆی کابرایەکی پولەکی پارەپەرست بو، خۆشییەکی سەیری لەکۆکردنەوەی زێرو خشڵو گەوهەر وەرئەگرت، بەدیاریو پێشکەش کاری کاربەدەستانی رائەپەڕاند. دەرباری قاجار پلەو پایەو نازناوی بەپارە بەکاربەدەستانی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت ئەفرۆشت. ئەوانیش پلەو پایەی حکومەتیی خوار خۆیان بەخەڵکی تر ئەفرۆشتەوەو، بەهەمویان خەریکی روتاندنەوەی خەڵك بون. کونت گوبینو، وەزیری موختاری فەرەنسی لەدەرباری قاجاردا لەساڵانی (١٨٥٥-١٨٥٨/١٢٧٢-١٢٧٥)لەکتێبی((٣ ساڵ لەئاسیا))دا دەربارەی بەرتیلخۆریی لەئێراندا نوسیوێتی:

((یەکێ لەو عەیب، بگرە لەو بەڵایانەی لەئێراندا رەگی داکوتاوەو، بڕینیشی زۆر دژوارە، بەڵکو مەحاڵە، بەرتیلخۆرییە. ئەم کارە بەجۆرێ بڵاوە، لەشاوە

بیگری تا پچوك ترین مەئموری دەوڵەت بەرتیل وەرئەگرن. کەچی هیچ کەس دەنگی لێوە نایەت. ئەڵێی هەمو مەئمورو کاربەدەستانی ئێران لەسەریَ تاخواریَ لەناو خۆیاندا لەسەر ئەوە رێك کەوتون، کە لەمەسەلەکە بێدەنگ بن. لەپێش ئەوە دا بچمە لەندەن کتێبی حاجی بابای ئەسفەهانیم دەسکەوت، لەکاتی خوێندنەوەیدا بەرچاوم کەوت، کە لەزەمانی سەڵتەنەتی فەتح عەلی شادا، وەزیری موختاری ئینگلیزی، فەردەیەك پەتاتەی بەدیاری بۆ دەوڵەتی ئێران بردبو، گوتبوی کەئەگەر ئەو گیایە لەئێراندا برِوێنن هەرگیز توشی قاتوقرِی نابن چونکە رواندنی ئاسانە، بەروبومی زۆرە، بەباشی جێگەی نان ئەگرێتەوە، بەلاَم سەدری ئەعزەمی فەتح عەلی شا، پێش ئەوەی پەتاتەکە وەربگریَ گوتبوی: ئەگەر رواندنی ئەم گیایە لەئێراندا بلاَو بکەمەوە چەندە بەرتیل بەمن ئەدەن؟

((ئەو کاتە من هێشتا نەهات بوم بۆ ئێران، سەرم سورِما بو چۆن ئەبێت سەدری ئەعزەمی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو ئێران، بۆ چاندنی روەکێك کەقازانجی هەمو خەڵکی تیَدا بیَ، داوای بەرتیل بکا. بەلاَم ئەوە ماوەیەکە کەوا خۆم لەئێران ئەژیم، هەست ئەکەم کەئەو قسەیە راست بوە.

((مەحاڵە لەئێران تۆ ئیشت بەیەکیَ لەمەئمورەکانی دەوڵەت هەبیَو بتوانیَ بەبیَ دانی بەرتیل کارەکەی خۆت برِوێنی..))[85] مەبەستی لەو سەدری ئەعزەمەی کەبەرامبەر بە پەرە پیَدانی رواندنی پەتاتە داوای بەرتیلی کرد بو، هەمان میرزا شەفیعی بەناوبانگە، کە لە١٢١٥ تا ١٢٣٤ واتە لەیەکیَ لەئاڵۆزاوترین دەورانی مێژوی ئێراندا سەروەزیر بو[86].

یەکێکیتر لەپیاوە هەرە بەناوبانگەکانی ئێران، میرزا حسێن خانی مشیر الدولەو سوپا سالاری ئەعزەم، ئەویش لەو ماوەیەدا کەبو بەسەدری ئەعزەمی ئێران، بەرامبەر بەپەنجا هەزار لیرە بەرتیل((ئیمتیاز))یَکی بە رویتەر دا(١٨٧٢/١٢٨٩)، کەمافی دروستکردنی رێگەی ئاسنینی رەشت- تاران- خەلیج، ترامواى ناو تاران، وەرهێنانی هەمو کانەکانی ئێران، بەکارهێنانی لێرِەوارو ئاوا کردنەوەی زەویوزاری بەیار، هەڵکەندنی جۆگەو هەڵبەستنی بەنداو، دامەزراندنی ئاشو کارگە، بانك، خەتی تەلگوراف.ی ئەدایە. روسیا نەی هێشت ئەم ئیمتیازە سەربگریَ[87].

عەباس میرزا نائب السلطنة، جارێکیان تالاَن کردنی ئێلی بلباس بەقۆنتەراتی ١٥ هەزار تومان دا بەدو کەس لەسەرکردەکانی هێزەکەی[88]. جارێکی تریش بەرامبەر بە٣٠ هەزار تومان هێزێکی بەسەرکردایەتی حەبیب الله خانی

شاهسون‌و سلیمان خانی گورجی بۆ هاوکاری مەحمود پاشای بابان نارده سەر سلێمانی[٨٩].

دەزگای دەوڵەتیی عەجەم لەتەوریز خەریکی سازدانی هێزی نیزامی بو، بەو هێزانە هەوڵی ئەدا بەتەواوی دەس بەسەر ناوچەکەو بەسەر ئێلە کوردەکانی رەوەندو نیشتەجێدا بگرێ‌و، شوێنە سەختەکان کەپێش تر نەیان ئەتوانی بیگەنێ‌و، ئەوانەی لەدەوڵەت یاخی ئەبون پەنایان بۆ ئەبرد، ئەوانەش قایم بکەن. باجی قورس‌و، جەریمە کردنی نارەوا، گێچەڵ کردن بەوانەی گومانی سامان‌و دارایی یان لێ ئەکراو، تالآن کردنی هۆزو ئاواییەکانی کورد بو بوە سەرچاوەیەکی گرنگی دەرامەتی دەزگاکانی دەوڵەت‌و ژیانی کاربەدەستانی ورمێ.

رەوەندەکانی رۆژئاوای ورمێ‌و هەرکی‌و شوکاک‌و بلْباس لەدانی ئەو باجە زۆرەی خرا بوە سەریان سەرپێچیان کرد. عەسکەر خانی ئەفشار چوە سەر ئێلی شوکاک، دوای ئەوەی ئیسماعیل ئاغای شکەفتی بەفێڵ کوشت(١٢٣٥)ناوچەکەشی زەوت کردن[٩٠]. هەر ئەوچوە سەر مستەفا بەگی هەکاری لەئالباغ، کە لەسەر سنور بو، پاش ٣ مانگ ئابلوقەدان بەدیل گرتی[٩١] ومالْو دارایی تالآنی کرد. فەتح عەلی ئەفشاریش چوە سەر ئێلی هەرکی پاش کوشتارو راونان تالآن کردن[٩٢].ئەمیر خانی قاجاریش چوە سەر بلْباس دوای کوشتن‌و راونان تالآنی کردن[٩٣].

فەوجە نیزامییەکانی عەجەم کەوت بونە هەوڵ دانی ئەوەی دەس بگرن بەسەر شوێنە سەختەکانی کوردستاندا، قەلآکانی کونەمێش‌و بەردەرەش کەدو شوێنی سەخت بون‌و، ئەوانەی لەدەوڵەت یاخی ئەبون رویان تێ ئەکرد، هەردوکیان گیران‌و هێزی دەوڵەتییان لێ جێگیر بو (١٢٦٠)[٩٤]. کاربەدەستانی عەجەم پەناهێنانی نورلْلآی بەگی هەکارییان بۆ ناوچەکە کردە بەهانەی لەشکرکێشییەکی تر. نورلْلآ بەگ یەکێ بو لەهاوکارەکانی بەدرخان‌و بەشداری بەرەنگاریی هێرشەکانی عوسمانی بوبو. دوای تێکشکانی راپەرینەکەیان، لەدەس رۆم هەلآت بو لەناوچەکانی دەشت‌و تەرگەوەڕ دانیشت بو. کاربەدەستانی عوسمانی داوایان لەفەرمانفەرمای ئازەربایجان کرد کە بەگیراوی بیدەنە دەستیان. ئەویش فەرمانی‌دا بەگلەربەگی ورمێ کەنورلْلآ بگرێ. بیداتەوە دەست کاربەدەستانی سنوری عوسمانی. مەزنەکانی کورد ئامادە نەبون نورلْلآ بەگ بەدەستەوە بدەن. هێزە نیزامییەکانی عەجەم چون بۆ تەمێ کردنی یاخییەکان‌و گرتنی نورلْلآ بەگ، بەلآم خەڵکی مەرگەوەڕو تەرگەوەڕو دەشت بەکۆمەڵ روبەڕوی هێزەکانی عەجەم بون‌و شکاندیان[٩٥].

محەمەد رەحیم میرزای کوڕی عەباس میرزا کەبو بەحاکمی ورمێ بۆ چاوترساندنی گەورەکانی کورد لەپێش هەمو شتێکەوە کەوتە گرتنیان" سەمەد خانو غەفور خانو عەبدوڵڵا لەتیف لەسەرانی زەرزا، کەبۆ بەخێرهاتنی چوبون، هەموویانی گرتو، بەگیراوی رەوانەی تەورێزی کردن[96]. عەلی ئاغای شکەفتی سەرخێڵی شوکاکیان بەقسەی خۆش لاس داو هێنایانە ورمێ، لەوێشەوە بەگیراوی رەوانەی تارانیان کرد[97].

میر سوڵتان، نەوەی ئەمیر خانی یەکدەست لەگوندێکی چەپەکی سەرسنوری ئێرانی- عوسمانیدا بەناوی((بنار)) لەناوچەی مەرگەوەڕ ئەژیا. تا ئەو سەردەمە دەسەڵاتی عەجەم نەگەیشت بوە ئەوێ. نعمەتوڵڵا میرزا ئەیویست ئەرزی ئاوایەکانی ناوچەکە داگیر بکاو، دەرامەتی زەویوزاری گوندەکان بۆ خۆی ببات.((مباشر))ی دانا بو بۆ قەبڵاندنی بەشی خۆی لەبەروبومی کشتوکاڵو ئاژەڵو بەرهەمی ناوچەکە. میر سوڵتان ملی بۆ ئەم ملهوڕییە نەدا. ئامادە نەبو ئەو رێوشوێنانەی ئەم کابرایەو((مباشر))ەکانی بۆ سەندنی ملکانەو باجەکانی تر دایان نا بو قبوڵ بکا. نعمەتوڵڵا میرزا بۆ جێبەجێ کردنی خواستە تایبەتییەکانی خۆی داوای هێزی لەحکومەت کرد. لەتەورێزەوە فەرمان درا بەعەسکەر خانی سەرتیپ، لەهەمو قەڵاکانی مەڵبەندی ورمێ پاسەوان دابنێ بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لەهەمو ناوچەکەدا جێگیر بێو حوکمەکانی بڕوا.

عەسکەر خان قەڵای بەردەسوری گرتو عەجەمی لێ دانا[98]. بەفرتوفێڵ یاخود میرزا رەشید گوتەنی بە((تدبیراتی صائبەو وعدەو وعید))میر سوڵتانی لەبنارەوە هێنایە بەردەستی خۆی. مباشرەکانی لەگەڵ ناردەوە بۆ بنار بۆ حساب کردنی ئەو باجانەی ئەبو بیدەن. لەوێ پێك نەهاتنو میر سوڵتان گوێی نەدانێ. خەڵکی بەردەسوریش چاویان لەو کردو، ئامادە نەبون داوای موباشیرەکان جێبەجێ بکەن[99].

عەسکەر خان فەوجە نیزامییەکانی قشونی ورمێی سازدا. بەتۆپخانەو سوارەوە لەچەمەنی دز گیر لەدەشتی مەرگەوەڕ لەشکرگای دامەزران،. هێزەکانی کۆکردەوە، حەسەن خانی سەر تیپی سوارەی قەرەپاپاخو، میرزا ئاغای سەرخێڵی شوکاكو سوارەکانی ئەویش گەیشتن، ٣ تا ٤ هەزار سەربازو سوارە کۆبونەوە.

ئەم جارەش عەسکەرخان((تدبیراتی صائبە))ی بەکارهێنا، دەستەیەك سەربازی نارد کە لەقەڵای بناردا وەکو بارمتە بمێننەوە بۆ ئەوەی میر سوڵتان زات بکا بێتە ناو لەشکرگاکەیان. میر سوڵتان هات. بەڵام لەوێ بەبیانوی ئەوەی نامە ئەنێرن بۆ تەورێزو چارەڕوانی هاتنەوەی وەڵامەکەی ئەکەن، گلیان دایەوە، پاش

چەند رۆژێ میر سوڵتان نائومێد بـو. گەیشـتـە تینـیو دەسـتی لـەژیان شـۆرد. بەیانییەکی زوو هەڵی کوتایە سەر چادرەکەی عەسکەرخانی فەرمانـدەی گشـتی لەشکرو، دایە بەر خەنجەرو کوشتی. لەهەمـان چـادرا مـەلیك مەنسـور مـیرزاو نعمەتوڵلا میرزاشـی لێ بـو. لـەم روداوە حەپەسـان. بـە پەلـەپروزێ لەچـادرەکە دەرپەڕین. کەوتنە هاوار، نۆکەرەکانی سەرتیپ رژانە ناو چادرەکە. هـەر لـەوێدا میر سوڵتانیان ئەنجن ئەنجن کرد[100] هێزەکـانی عەجـەم ئەمـەیان کـردە بەهانـەی تۆڵەسەندن. بەمەرگەوەڕ وەر بون بۆ کوشتنو تالان کردن.

نوسەرێکی ئەرمەنی لەکاتی روداوەکانی ساڵی ۱۲۹۷دا خۆی لەسابلاخ بـوە، کەهۆی بەشداربونی ئێلی زەرزاو سەرۆکەکانی لەخۆیان ئەپرسی، ئیبراهیم خـانی سەرۆکی زەرزا لەوەلام دا ئەڵێ:

((.. هەر کەسێ دەس لەگیانی خۆی بشوا، چی لەدەس بێ ئەیکا. ئەو زوڵمەی من لەحاکمی ورمێ معین الدولەو کوڕەکەی ئەو حاکمی شنۆم دیوە، چۆن لـەبیرم بچێتەوە؟ لەپاش لێخرانی معین الدولـە تـۆ منـت لەتـەورێز بینـی چـەند جـار سـکالاو گازانـدەم لای کاربەدەسـتانی ئازەربایجـان کـرد، لـەو دەسـدرێژییانەی کەشازادە لە منی کرد بو. هەمو سکالاکانی خۆم بەبەڵگە سەلماند کەشـازادە ۱۲ هەزار تومانی بێ هیچ بیانویەك لەمن سەندوە. هەمویان راسـتیی خـاوەن هـەق بونی من تێ گەیشتن، کەچی کەسیان هیچیان نەکرد بو بۆ لابردنی ئەو زوڵمـەی لێم کرا بو، تەنانەت نەم توانی ئەو کچانەش وەربگرمەوە، کەبـەزۆر لەئێلەکـەی منیان زەوت کرد بو. سەرەنجام هەمو داواکانی منیان بە۸ سەد تومـان قەبلانـد، ئەویشیان هەر نەدامەوە. لەبەر ئەو شـتانە بـو، تۆڵـە ئـاگری لەجگـەری ئێمـە بەرداو، ئێمەی بۆ لاساریو یاخی بون راکێشا..))[101].

کەڵەکە بونی ئەم روداوانە لەبیرەوەری هەردو گەلی ئازەریو کوردا، بەجۆرێکی سەلبی لەپاشەڕۆژی پەیوەندییـەکانیاندا رەنگـی دایـەوە. لەهەنـدێ سـەردەمی دوایی ترا شێوەی جەنگی ناوخۆی نەتەوەییو مەزهەبیی بەخۆیەوە گرت.

پەراوێزەكانی بەشی یەكەم

[1] سعید نفیسی، تاریخ اجتماعیو سیاسی ایران در دوره معاصر، ج۱. تهران: بنیاد ۱۳٦٦ش، ص۱۲.
[2] هـ س، ل٦.
[3] هـ س، ل ۷-۸.
[4] عنایت الله رضا، اذربایجان و اران(البانیای تفقاز)، تهران: ایران زمین، ۱۳٦۰ش، ص ۱۹۸.
[5] مجموعة من الاساتذة، العراق في التاريخ، بغداد، دار الحرية، ۹۸۳، ص ٤۲۰-٤۲٤.
[6] نفیسی، س ن، ل ١٤-١٥
[7] محمد امين زكي، كوردو كوردستان، بەغداد، ۹۳۱، چاپكردنەوەی سیدیان، ل ١٣٤-١٣٨.
[8] لەبارەی رەچەڵەكی سەفەوییەكانەوە بڕوانە: احمد كسروی، شیخ صفیو تبارش، تهران، ۱۳۲۳ش.
[9] نصرالله فلسفی، زندگانی شاه عباس اول، ج۱و۲، ج ٤، تهران: علمی، پائیز ۱۳٦۹ش، ص۲۲۰-۲۲۱ دەربارەی هەمان بابەت بڕوانە: د.عبدالحسین نوائی، شاه عباس ج۱و۲، تهران: زرین، ۱۳٦۷ش، ص۱٥.
[10] بۆ ئاگاداری زیاتر لەسەر ژیانی شا ئیسماعیلی سەفەوی، بڕوانە: د. عبد الحسین نوائی، شاه اسمعیل صفوی، تهران ارغوان، ۱۳٦۸ش، رحیم زاده صفوی، زندگانی شاه اسمعیل صفوی، باهتمام پررصفوی، تهران كتابفروشی خیام، ۱۳٤۱ ش، تاریخ عالم ارای صفوی، بكوشش یدالله شكری، چ۲، تهران: اطلاعات،۱۳٦۳ش، المحامي عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، ج۳، بغداد، ۱۹۳۹م، ط۲، قم، منشورات الشريف الرضی،۱٤۱۰ق/۱۳٦۹ش.
[11] امیر شرفخان بدلیسی، شرفنامه، بكوشش محمد عباس، چ۲، تهران: علمی،۱۳٦٤ش، ص۲۸٤و۳۳٤و ۳٤٥و۵۳۰.
[12] هـ س، ل۲۱۳-۲۷۲، ۲۳۰-٤۰۸.
[13] عالم ارای صفوی، ل٦٤، د. مجیر شیبانی، تشكیل شاهنشاهی صفویه، تهران دانشگاه تهران، ۱۳٤٦ش، ص۹۱.
[14] شیبانی، ل۷۹-۸۳.
[15] بدلیسی، ل۵۳۲.
[16] بدلیسی، ل۳۷٤" عالم ارای صفوی، ل١٠٤-١٠٨.
[17] بدلیسی، ل۵۳۷" نوائی، شاه اسمعیل...، ل۳۲-۳۳.
[18] هامر پورگشتال، تاریخ امپراطوری عثمانی، ترجمة میرزا زكی علی ابادی، باهتمام جمشید كیان فر،ج۲، تهران: زرین، پائیز ۱۳٦۷ش، ص ۸۳٦" شیبانی، ل۱۸۰.
[19] دەربارەی جەنگی چاڵدێران بڕوانە: شیبانی، ل۱٦۷-۲۰۸" هامر پورگشتال، ۸۳۲-۸٤۸" عالم ارای صفوی، ل٤۸۳-٥۰۱.
[20] كلیم الله توحدی(اوغازی)، حركت تاریخی كرد بەخراسان، ج۲، مشهد: چاپخانه دانشگاه فردوسی، ۱۳٦٤ش، ص۱۳۷. ئەم نوسەرە خۆی كوردی خوراسانە، تا ئێستا ۳ بەرگی لەسەر

راگوێزانی کورد بۆ خوراسان نوسیوه" حرکت تاریخی کرد بەخراسان، ج۱، مشهد، بهمن ۱۳۵۹ش. ج۲ اردیبیهشت ۱۳٦٤ش. ج۳مشهد، ۱۳٦٦ش.

[۲۱] هەمان سەرچاوە، جلد۲، ل۱٥۲.

[۲۲] د. عبدالحسین نوائی، شا طهماسب صفوی، تهران: ارغوان ۱۳٦۸ش. ص۱٦٦.

[۲۳] هـ س، ل۱٦۷.

[۲٤] هـ س، ل۱۹۷.

[۲٥] نوائی، هـ ج" بدلیسی، ل۱۹٥.

[۲٦] نوائی، هـ ج.

[۲۷] هـ س، ل۱۹۷-۱۹۸.

[۲۸] د. منوچهر پارسا دوست، ریشەهای تاریخی اختلافات جنگ عراق و ایران، چ۳، تهران: شرکت سهامی انتشارا، زمستان ۱۳٦۷ش، ص۲٦-۲۷" اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات ایران و عراق، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، ۱۳٦۷ش، ص۱۰-۱۲.

[۲۹] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژو، بەغداد، ۱۹۸۳، ل۱۳۰.

[۳۰] نوائی، شاه عباس، ج۱و۲، س ن، ل۱۲.

[۳۱] هـ س، ل۸.

[۳۲] نصرالله فلسفی، زندگانی شاه عباس اول، ج۳، ج٤، تهران: علمی، ۱۳٦۹ش، ص۱۰۹۳.

[۳۳] توحدی، س ن، هەمانجی.

[۳٤] اسکندر بیگ ترکمان، تاریخ عالم ارای عباسی، ج۲، تهران: امیر کبیر، ۱۳٥۰ش، ص۸۰۷-۸۱۰. لێرە بەدواوە: اسکندر بیگ.

[۳٥] ئوسکارمان، تحفەی مظفریە، ساخکردنەوەو هێنانەوەی بۆ سەر رێنوسی کوردی هێمن، بەغداد، کوری زانیاری کورد، ۱۹۷٥، ل۲۰۹-۲۱۷.

[۳٦] اسکندر بیگ، س ن، ل۸۱۱-۸۱٤.

[۳۷] فلسفی،ج۳، ل۱۱۰۳

[۳۸] ملا جلال الدین منجم، تاریخ عباس یا روزنامه ملا جلال، بەکوشش سیف الله وحیدنیا، تهران: وحید، ۱۳٦٦ش، ص۲۹٤.

[۳۹] هـ س، ص ۲۸٤-۲۸۷.

[٤۰] اسکندر بیگ، س ن، ل٦٥۸-٦٥۹.

[٤۱] شیبانی، س ن، ل۷۹.

[٤۲] نوائی، شاه عباس، هـ س، ص۱۲.

[٤۳] میرزا رشید ادیب الشعرا، تاریخ افشار بانضمام قیام شیخ عبیدالله، بەتصحیح و اهتمام پرویز شهریار افشار-محمود رامیان، تبریز، چاپخانه شفق، ۱۳٤۷ش، ص٤٦. لێرە بەدواوە: میرزا رشید.

[٤٤] هـ س، ل ٤۸.

[٤٥] هـ س، ل٤۸-٤۹.

[٤٦] علی دهقان، رضائیة یا سرزمین زردشت، تهران: ابن سینا ۱۳٤۸ ش، ص۳٦۹.

[٤۷] نفیسی، س ن، ج۱، ل۲۳.

[٤۸] میرزا رشید، س ن، ل٥۰-٥۱.

[49] هـ س، ل٥٢-٥٥.
[50] هـ س، ل ٥٨-٥٩.
[51] هـ س، ل ٥٧.
[52] بۆ تێکستی تەواوی تورکی و فارسی پەیماننامەی زەهاو بڕوانە: میرزا سید جعفر خان مهندس باشی(مشیر الدوله)، رساله تحقیقات سرحدیه، به اهتمام محمد مشیری، تهران، بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٤٨، ص ٧٤-٨١.
[53] احمد خانی، مەم وزین.
[54] میرزا رشید، س ن، ل١٩٠.
[55] هـ س، ل ٦٧.
[56] هـ س، ل٨٤.
[57] هـ س، ل ٩١.
[58] هـ س، ل١٦٥-١٦٦.
[59] هـ س، ٢٠١.
[60] هـ س، ل ١٨٧.
[61] هـ س، ل ١٨٩-١٩١.
[62] توسکارمان، س ن، ل ٧٤٢-٧٥٩.
[63] میرزا رشید، س ن، ل ٢٤١.
[64] هـ س، ل ٢٣٩.
[65] هـ س، ل ٢٦٥.
[66] هـ س، ل ٢٦٥-٢٦٦.
[67] هـ س، ل ٢٨١.
[68] هـ س، ل ٣٨٩.
[69] هـ س، ل٣٠٨.
[70] هـ س، ل ٣١١-٣١٢.
[71] هـ س، ل٣١٤.
[72] هـ س، ل ٣٥٣" هەروەها بڕوانە: عبدالرزاق دنبلی، مآثر سلطانیه، بەاهتمام غلام حسین صدری افشار، چ ٢، تهران، ابن سینا، ١٣٢٩ق، ص٢٧٥.
[73] هـ ج.
[74] هـ س، ل ٥٠٤.
[75] هـ س، ل ٣٧١" دنبلی، س ن، ل٣٢٢.
[76] نفیسی س ن، ج١، ل٩١.
[77] هـ س، ل٩٥-٩٨.
[78] هـ س، ل ١٠٢.
[79] هـ س، ل١٠٠-١١٤.
[80] هـ س، ج٢، ل٢.

[81] اسماعیل نواب صفا، شرح حال: فرهاد میرزا معتمد الدوله، جلد ۱، تهران: ۱۳٦٦ش، ص٥" دەربارەی ژنەکانی فتح علی شاه، بروانه شاهزاده عضد الدولة(سلطان احمد میرزا)، تاریخ عضدی بەکوشش د. عبدالحسین نوائی، تهران، بابك، اسفند ماه ۲۵۳۵.
[82] مهدی بامداد، شرح حال رجال ایران، ج۳، تهران: زوار، ۱۳٤۷ش، ص٦٤.
[83] نواب صفا، هـ ج.
[84] نفیسی، س ن، ج۲، ل۲.
[85] بامداد، س ن، ج۱، ص ٤١٤.
[86] بامداد، هـ ج.
[87] بامداد، هـ ج.
[88] میرزا رشید، ل ۳٥۳.
[89] عبدالقادر ابن رستم بابانی، تاریخ جغرافیای کردستان موسوم بەسیر الاکراد، بەاهتمام محمد رووف توکلی، تهران، ۱۳٦٦ش، ص١٤٧.
[90] میرزا رشید، س ن، ل ۳۷۰.
[91] هـ س، ل ۳۷۲ دنبلی، س ن، ل۳۷۰.
[92] هـ س، ل ۳٦٥.
[93] هـ س، ل ۳۷۱.
[94] هـ س، ل ٤۳٥.
[95] هـ س، ل ٤٤٠-٤٤١.
[96] هـ س، ل ٤٤۳.
[97] هـ س، ل٤٤٤.
[98] هـ س، ل ٤٦٨.
[99] هـ س، ل ٤٦٩.
[100] هـ س، ل ٤۷۰-٤۷۲.
[101] اسکندر غوریانس، قیام شیخ عبیدالله شمزینی در کردستان، به اهتمام عبدالله مردوخ، تهران: دنیای دانش، ۲۵۳٦، ص٥٦.

٢ نۆڕینی کوردو عەجەم لەیەکتری

١-دڵ لەدڵ ئەڕوانێ

تورکە ئازەرییەکان کە لەناو کوردا بەعەجەم ناسراون، دەوڵەتی سەفەوییان دامەزران، بەدرێژایی سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەکان کاروباری حوکمڕانی لەدەس ئەواندا بو، دوای ئەوانیش ئەو ماوە کورتەی لێ دەربچێ کەبنەماڵەی زەند حوکمی گرتە دەست، حوکمی ئێران ئیتر هەر لەدەس سەرانی ئێلەکانی ئەفشارو قاجاردا بوە، کەئەوانیش هەردوکیان لەئێلە سەرەکییەکانی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی‌و، هەردوکیان تورکی ئازەری‌و، هەردوکیان شیعەی توندڕەو بون.

دراوسێیەتی دوروودرێژی کوردو عەجەم لەناوچەی ورمێ‌و موکریان لەگەڵ یەکتری، شەڕوشۆڕو پێکادانی بەردەوام‌و، تێکەڵاوی ناچاری، جیاوازی ڕەگەزو زمان‌و مەزەب، جیاوازی دەسکەوتی ئابوری‌و سیاسی لەگەڵ یەکتری، لەویژدانی هەریەکێ لەم دو گەلەدا وێنەیەکی دزێوی ئەوی تری دروست کردوە.

شاهەکانی عەجەم‌و مێژوونوس‌و نوسەرەکانی، بەچاوی سوك سەیری کوردیان کردوە. کوردیان بە دزو جەردەو ڕێگرو پیاوکوژو یاخی لەقەڵەم داوە. نوسەرانی عەجەم لەسەردەمی سەفەوییەکانەوە وەکو" حەسەن بەگی ڕۆملو، ئەسکەندەر بەگی تورکمان، مەلا جەلال مونجم، نوسەری عالم ئارای سەفەوی، تا نوسەرانی هاوچەرخی وەکو ئەحمەدی کسروی تەبریزی، ڕەحیم زادەی سەفەوی، عەبدولحسێن نوائی، حسێن مەکی، عەلی دهقان.. هتد، ڕوداوەکانی سەدەکانی ڕابردو، تێکهەڵچونەکانی نێوان کوردو دەسەڵاتدارە زاڵمەکانی ئێران، لەباری سەرنجی دەوڵەتەوە ئەگێڕنەوە:

١-هەمو شۆڕش‌و راپەرینەکانی کورد لەپێناوی ئازادی‌دا، بۆ دەرکردنی دەسەڵاتی زاڵمانەی بێگانە لەکوردستان‌دا بەیاخی بونی ناڕەوا دائەنێن‌و، ناوی طغیان، فیتنە، شۆڕش، ئاشوب، غائیلە.ی لێ ئەنێن‌و"

٢-هەمو کورد تەشرار، ئەوباش، طائفة ضالة، طاغي، یاغی، شەقاوەت نیهاد، گەبری هێزیدی، مەنشەئی فیتنەو فەساد.. ناو ئەبەن‌و"

٣-شەڕکەرە داگیرکەرە بێ بەزەییەکانی خۆیان بەموسڵمان، غازی، شێر، دلێر، دلاوەر، قەهرەمان، موجاهید.. باس ئەکەن‌و"

٤-پەیمان شکێنی‌و بێ بەڵێنی‌و پیلانی ناجوامێرانە بۆ لەناوبردنی مەزنەکانی کورد بەشانازییەوە بە لطائف الحیل، تدبیراتی صائبە، کەمەندی تدبیر، وسائل‌و رسائل، زیرەکی‌و زۆرزانی کاربەدەستانی خۆیان ئەژمێرن.

لەبەرامبەر ئەوەدا دیمەنی عەجەمیش لەویژدانی کوردا ناشیرینە. عەجەم بەواتەی کەسێکی کە لەژێر کەوتن‌دا کەساس‌و لەسەرکەوتن دا دڕندەیە، بۆ گەیشتن بەمەبەستی خۆی لەهیچ کارێکی ناجوامێرانە ناپونگێتەوە، بەڵێن ئەداو نای هێنێتە جێ، لەگەڵ دۆست‌و دوژمن درۆ ئەکا. لەملململانێ‌و زۆرانبازی‌دا پەنا ئەباتە بەر هەمو رێگەیەکی نامەردانە بۆ ئەوەی دوژمنەکەی لەئەرز بدا. فۆلکلۆری کوردی گەلێك بۆچونی لەو بابەتانەی تێدایە، تەنانەت قسەیەکی کوردەکانی لای ورمێ ئەڵێ: ((ئەگەر توشی عەجەم بوی بیکوژە، ئەگەر نەتوانی بیکوژی لەبەری هەڵێ، ئەگینا کەدەمی پێت گەیشت تەفرەت ئەدا)).

بەیتبێژەکانی کورد، بەپێچەوانەی نوسەرانی عەجەمەوە، لەبەیتە حەماسییەکانی خۆیاندا بەسوکی ناوی گەورەو سەرکردەکانی عەجەم ئەبەن‌و، بەشانازییەوە باسی بەرەنگاری کوردو سەرکردەکانیان ئەکەن.

دانەری نەناسراوی بەیتی دمدم، خانی لەپزێڕین‌و هاوڕێکانی بە((موسڵمان))و((تایەفەی غەزایی))و ((هەرچی بمرێ فیدایییە، هەرچی بکوژرێ غەزاییە))، کوژراوەکانی کورد بە((شەهید)) دائەنێ، کەچی لەشکری قزلباش‌و سەرکردەکانی عەجەم بە((تایەفەی کافری))و((کافری بێ ئیمان))و((بەفێڵ))و((مەلعون))لەقەڵەم ئەدا. کابرای بەیتبێژ بەداخێکی زۆرەوە کە لەناخی دەرونییەوە هەڵئەقوڵێ، ئەڵێ: ((ئەی دمدمی بەردی دەلان، جێگەی خان‌و خان ئاودەلان، ئێستا بوی بەمەسکەنی خەرتەلان))[1].

بەیتبێژێکی نەناسراوی‌تر لەگێڕانەوەی روداوی کوشتاری بەکۆمەڵی باپیر ئاغاو هاوڕێکانی دا، پەسەنی باپیر ئاغا ئەدا، بە((نازدار))و((جندی))و((قوچاخ))و((رەنگ وەزیری رۆمییان))ی ناو ئەبا.

خـــۆی‌و هاوڕێکـــانی بـــە((ئیســـلام))و((شـــێر))و عەجەمـــەکانیش بە((جەللاب))و((بێ ئیمـان))و ((کـافری مـەلعون))و((سـەگی غـەلیز))دا ئەنێ.

ئەم بۆچونە هەر لەخۆیەوە لەناو کـوردا دروسـت نـەبوە، بـەڵکو لەئـەنجامی کەڵەکەبونی تەجروبەی پشتاوپشـتی چـەند نـەوەی کـورد، کـە لـەژێر دەسـتی عەجەمدا ژیاون، پەیدا بوە. فۆلکلۆری کوردی گەلێك چیرۆکی تێدایە شـایەرەکان بە بەیت هۆنیویانەتەوە. لەسـەرئەوەی، چـۆن کاربەدەسـتێکی عەجـەم بەقسـەی خۆش‌و بەڵێنی دۆستایەتی‌و سـوێندو بـەقورئانی پـیرۆز، گەورەیـەکی کوردیـان لەشوێنێکەوە کەدەستی ئەوانی پێ نەگەیشتوە، راکێشاوە بۆ ناو داوێك کـەبۆیان ناوەتەوە، لەوێ بەبێ گوێدانە هیچ ئیعتبارێك کوشتویانە.

لێرەدا چەند نمونەیەك ئەهێنینەوە کەلەناو دەیان نمونـەی تـرا هەڵبـژێردراون، لەسـەردەمی جیـاوازو، لەشـوێنی جیـاوازو، لەسەردەسـتی بنەماڵـەی حـاکمی جیاوازدا رویان داوە، ئەتوانرێ تەنیا یەك ئەنجامیان لێ هەڵ بهێنجـرێ، ئـەویش ئەوەیە: ئەم روداوانە ناکرێ وەکو رەوشتی تەنیا یەك حوکمڕان یا رەفتاری تایبەتی یەك دەسەڵاتدار بۆ لەناوبردنی دوژمنەکەی سەیر بکرێ، بەڵکو ئەمە نـەریتێکی حوکمڕانی بوە، لەسەردەمی جیاوازدا پیڕەوی کراوە، بەشێك بوە لەجۆری بۆچـونی چینی دەسەڵاتدار بـۆ شـێوەی حـوکمڕانی‌و بـەڕێوەبردنی گـەلانی ژێـر دەسـتی، بەدرێژایی زەمان دوبارە بۆتەوەو، جێگیر بوە، ئەویش سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بـۆ جـۆری پـەروەردە کـردن‌و پێگەیانـدنی دینـی کەرێگـەی بـەکارهێنانی سەرەتای((تەقیە))ی پێ داون، وە بۆ تێکشکانی سوپایی ئێران لەهەمو نەبـەردە گەورەکانی مێژوی درێژیدا.

٢-چاخی سەفەوی

•

١/٢ شا ئیسماعیلی سەفەوی

نمونە١:

قزلباش لەڕوانگەی میری چەمشگەزەکەوە(٩٠٨ك)

سیاسەتی کوردیی شا ئیسماعیل، وەکو پێش تر باسی کرا، لەسەر ٣ کوچکە دامەزرا بو:

١-لادانی سەردارەکانی کورد لەمیرایەتی‌و مەڵبەندەکانی خۆیان‌و، دانانی سەرانی قزلباش‌و هۆزەکانیان لەجێگەی ئەوان.
٢-زۆرکردن لەسوننەی کورد بۆ گۆڕینی مەزەبی خۆیان.
٣-بەکارهێنانی توندوتیژی لەگەڵ خەڵك‌و مەزنەکانیان لەسەردەمی دەسەڵاتی ئاق قۆینلۆی تورکماندا، گەلێ لەئەمیرو مەزنەکانی کورد دەسەڵاتی میرایەتییان لەدەس دابو، کاربەدەستی تورکمان جێگەکانی ئەوانیان زەوت کرد بو، لەگەڵ ئەوەش دا هێشتا لەهەندێ شوێنی کوردستاندا گەورەو مەزنی کورد دەسەڵاتدار بون‌و، لەکاروباری ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سوڵتان‌و شاهەکان حسابیان لەسەر ئەکردن، لەناو ئەوانەدا حاجی ڕۆستەم بەگی گەورەی چەمشگەزەك، شا ڕۆستەمی لوڕ، زاهید بەگی هەکاری..هتد.
لەکاتێکا هێشتا تازە ئەستێرەی شا ئیسماعیل خەریك بو ئەکەوتە درەوشانەوە، چارەنوسی خۆی‌و دەوڵەتە تازەکەی دیار نەبو بەچی ئەگا، سوڵتان بایزیدی عوسمانی(٨٨٦-٩١٨ك)هەواڵەکانی بزوتنەوەی قزلباش لەحاجی ڕۆستەم بەگ ئەپرسی. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەی مەزنایەتی ئەو سەردارە کوردەیە، کەئەو کاتە میری چەمشگەزەك بوە. بەگوێرەی نامەکەش ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕۆستەم بەگ ئەبێ هاوسنوری ناوچەی جموجۆڵی قزلباش بوبێ. لەبەرئەوە داوای لێ ئەکا دەنگوباسی ڕاست‌و هەواڵی ڕووداوەکانی ئەوێ‌و، ئەنجامی دوژمنایەتی قزلباش‌و کاربەدەستانی دەوڵەتی بایندوری بۆ بنوسێ.
نامەی سوڵتان بایەزید
(امیر معظم، کبیر مفخم، ذوی القدر الاتم والمجد الاشم، ملکی الصفات، فلکی الذات، حارس محاسن الشیم، صاحب الطبل والعلم، المختص بعنایە باری النسم،
حاجی ڕۆستەم بەگی مکرم، دامت معالیە
سەلامی عاتیفەت پەیام کە لەچاودێریی شاهانەوە برژێ، متالەعە بفەرمون‌و بزانن،
ئەو ماوە درێژە دوژمنایەتی جەماعەتی قزلباش لەگەڵ ئەربابی دەوڵەتی بایندوری بەچ ئەنجامێ گەیشتوە، علی ماهو الواقع، مەعلومی نوابی کامیابی خاوەن ئیقتیدارو، مەعروزی عەتەبەی عەلیەی فەلەك میقدارو، حەزرەتی بزورگەواری ئێمە نەبوە.

وا بۆ زانینی هەواڵ، هەڵگری نوسراوی ناوازە، پێشەنگی هاورێکانی، کێوان چاوش، نێردرایە ئەوێ. شوێنی ژیانی ئێوەش کەبەو مەڵبەندانەوە نوساوە، ئەبێ ئێوە بەتەواوی ئاگاداری راستیی هەلومەرجی ئەوێ بن.

هەرکە هەڵگری نوسراوی شەریف بەشەرەفی دیدەنی مشرف بو، لەدەنگوباسی راستو روداوەکانی ئەوێ هەر چیتان بۆ ساغ بۆتەوە، بەهۆی ناوبراوەوە، بەنوابی کامیابی ئێمەی رابگەیەنە.

ئەم کارەش بەمایەی چاودێری شاهانەی ئێمە بزانە، هەرچیتان بۆ دەرکەوتوە وەکو خۆی بێ زیادو کەم، رێوشوێنی راستگۆیی بەجێ بهێنە، لە١ی ربیعیی ٩٠٨دا نوسرا[٢].

وەڵامی حاجی رۆستەم

وەڵامەکەی حاجی رۆستەم تا ڕادەیەکی زۆر هەستو هەڵوێستی یەکێ لەگەورەترین مەزنەکانی ئەو سەردەمەی کورد دەرئەبڕێ:

((ئەخرێتە بەر بیری جیهانئارای نێردراوی دەرگای پەنای گیتی، اعلی الله شان صاحبه کە"

فەرمانی قەزا جەرەیان، نفذه الله الملك المنان، بەسەرکردەی هاووینەو هاودەمانی کیوان چاوشدا، زید قەدرە، وەکو مەلی هەرە بەرزی دەوڵەتو کۆتری بورجی بەختیاریی شەرەفی نیشتنەوەی هەبو، بەهاتنی خۆشبەختانەی پلەوپایەی هەورازتر برد، بۆ بەجێهێنانی سوپاس وتی: (بەیت)

ئەگەر خۆر بەهۆی چاکی خۆیەوە، گەردێ لەخاك هەڵ بگرێتەوە،
بەوە نەك هیچی لێ کەم نابێتەوە، بەڵکو تەواو تر ئەبێ.
والحمدلله الذی هدانا لهذا.

ئەوەی لەهەواڵی قزلباشی، مەزەب خراش، خوا بەلەعنەتیان بکاتو لەناویان بەرێ. پرسیارتان فەرمو بو، چیرۆکی ئەو طایفە باغیە ئێستا بەجۆرەیە:

گەزەندی بە ئەلوەند خان گەیاندوە،
لەوێوە چوە بۆ عیراقی عەجەم، مراد خانی شکاندوەو راوناوە،
لەعیراقی عەرەب بەربۆتە کاری پرناکییەکان
لەگەڵ چەرکەسەکانی میسردا ئاشتیو یەکێتی کردوە، -
ئێستاش بەنیازی پەلاماردانی دیاربەکرو مەرعەشە.

هەلومەرجی ئێران بەهۆی بێ دادی ئەوانەوە پەرێشانو، زۆری وڵاتو مەڵبەندەکان لەبەر زوڵمو زۆری ئەوان وێران بوە. لەفەزڵی یەزدان ئومێد ئەکرێ کەسەرکوت کردنو لەناوبردنی گروهی باغییان، بەگورزو سەنانی غازییانو،

تیغی خوێنپژێنی موجاهیدانی خوداوەندگاری ئیسلامییانو، شاهنشاهی زەمان، مەیسەرو مقدەر بێ. ئینشائەڵلا تەعالا. باقی فەرمان بەئەمری عالی سپێردراوە))[٣] .

سەرەڕای ئەم ئاگادارییە گرنگە سوڵتان بایەزید هیچ هەنگاوێکی جدیو کاریگەری نەنا بۆ رێ برین لەپێشڕەوی شا ئیسماعیل. ئەو ئومێدەی بەگورزو سەنانی غازییانی خوندکاری ئیسلام هەبو نەهاتە دی. بەڵکو حاجی رۆستەم خۆیشی بەر ئەو((بێ دادی))یەکەوت. نور عەلی خەلیفەی رۆملو، سەرداری ناوداری قزلباش، ئەرزنجانو ناوچەکانی دەوروبەری گرت. حاجی رۆستەم، ئێلەکەیو مەڵبەندەکەی کەوتە ژێر دەستی قزلباش خۆیو سەرانی ئێلەکەی دورخرانەوە بۆ عیراقی عەجەم. کاروباری ناوچەکەیو پارێزگاری قەلاکانی بەسەرانی قزلباش سپێردرا. دوای تێکشکانی شا ئیسماعیل لەجەنگی چاڵدیراندا، حاجی رۆستەم هەلی بۆ هەڵکەوت بگەڕێتەوە بەرەو ولاتەکەی خۆی. بەلام بەخت یاریدەی نەدا. لەوێدا بەر((بێدادی))یەکی گەورە تر کەوت. لەکاتێکا سوڵتان سەلیم بەخۆیو لەشکرەکەیەوە بەرەو تەورێز ئەچو، حاجی رۆستەم لەشوێنێکا بەناوی یام سەر بەمەڵبەندی مەرەند خۆی گەیاندی، یاوز سەلیم لەباتی بەخێرهێنانی فەرمانیدا هەر لەوێدا ئەو و کوڕەزاکەیو چل کەس لەمەزنەکانی ئێلەکەیان کوشت[٤].

نمونە٢:

کورد لەروانگەی قزلباشەوە(٩١٢ك)

نوسەری((شرفنامە))نوسیویتی:

((جاری دوەم کە شا ئیسماعیل بۆ بەسەربردنی زستان لەخوی هەواری خست، ئەمیر شەریف لەگەڵ ئەمیرو حاکمەکانی کوردستان بەتایبەتی مەلیك خەلیل حاکمی حەسەنکێفو شا عەلی بەگی بوختی والی جزیرەو، میر داودی خیزانیو، عەلی بەگی ساسونیو، ئەمیرەکانی تر یانزە کەس بۆ ماچکردنی بەردەرگای شاهی چون بۆ خوی. کە بەشەرەفی سەدرە بوسی گەیشتن لەسەرەتادا رێزو حورمەتی تەواو گیران...

لەم کاتەدا کەئەمیرەکانی کورد بەکۆمەڵ رویان کردبوە دەرگای شاهی، خان محەمەد لەدیار بەکرەوە عەرزی کرد کەئەگەر فەرمانی گرتنو بەستنەوەی ئەمیرەکانی کوردستان جێبەجێ بکرێ، بەندە بەڵێن ئەدا زۆری ولاتی کوردستان، کە لەرۆژانی کۆنەوە کەمەندی تەسخیری سوڵتانەکان لەداگیرکردنی ناتەوان بوە، ئەتوانم بەکەمێ چاودێری شاهانەوە هەموی بگرم. کاتێ ئەم پێشنیازە کەوتە

بەرچاوی شا، لەسەر قسەی ئەو((ناموقەیدی کافرە))جگە لەئەمیر شا محەمەدی شیرویی‌و عەلی بەگی ساسۆنی، هەمو ئەمیرەکانی گرت‌و زنجیری کردن، هەر یەکێ لەئەمیرەکانی کوردی بەیەکێ لەئەمیرەکانی قزلباش سپارد. ئەمیر شەرەفی بە ئەمیر خانی موسڵ‌و داو چاپان سوڵتانی بۆ گرتنی ولایەتی بدلیس‌و دیو سوڵتانی رۆملوی بۆ فەتحی ولایەتی هەکاری ویکان بەگی قورچی باشی تکەلوی بۆ گرتنی دیاری جزیرە بەلەشکری وەك دڵۆپە بارانی بێ ژمارەوە نارد...))[٩].

مەزنەکانی کورد بەگیاوی گل درانەوە، رێگە نەدران بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، تا هێرشی ئۆزبەك بۆ سەر خۆراسان دەستی پێ کردو شا ناچاربو خۆی سەرکردایەتی لەشکرەکەی بکا. لەو ماوەیەدا شا هەندێکیانی بەرداو هەندێکیشیانی گل دایەوە تا هەلیان بۆ هەڵکەوت‌و هەڵاتن.

نمونە٣:

صارمی موکری" کۆنە گاوری یەزیدی(٩١٢ك)

لەسەردەمی ئاق قۆینلودا، ناوچەی موکریان وەکو مەڵبەندەکانی تری کوردستان کەوت بوە ژێر دەستی ئیلات‌و سەرانی تورکمانەوە، کاتێ ئەمیرەکانی بایەندوری بەربونە گیانی یەکتری، میرە لێخراوەکانی کورد کەوتنە خۆ بۆ دەرکردنی تورکمان‌و دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی خۆیان. ئەمیر سەیفەدینی موکری هەندێ لەئێلە کوردەکانی کۆکردەوە، هەڵی کوتایە سەر ئیلی چابقلوی تورکمان کەناوچەی دریاسیان لەبەردەس‌دا بو. لەوێ دەری کردن. بەشێنەیی دەسی گرت بەسەر ناوچەکانی دۆڵ باریك‌و ئەختاجی‌و ئەیلتمورو سلدوز دا. میرایەتییەکی لەموکریان دامەزراند. کەمرد دو کوڕی لەپاش بەجێ ما" صارم‌و بابە عومەر. صارم لەکاروباری حوکمڕانی‌دا جێگەی باوکی گرتەوە. مردنی میر سەیفەدین‌و دەرکەوتنی صارم، هاوزەمان بو لەگەڵ سەرکەوتنی شا ئیسماعیل‌دا.

صارم خان ئەی ویست پارێزگاری سەربەخۆیی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بکات، شا ئیسماعیلیش ئەی ویست ناوچەکە بهێنێتە ژێر فەرمانی خۆیەوە. بۆ ئەو مەبەستە شا ئیسماعیل چەند جارێ لەشکری گەورەی ناردە سەری بێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەس بهێنێ.

شەرەف خان لەو بارەیەوە نوسیوێتی، کورتییەکەی لێرەدا ئەنوسینەوە:

((کەصارمی کوڕی سەیفەدینی موکری لەجێگەی باوکی دانیشت، شا ئیسماعیلی سەفەوی بەنیازی داگیرکردنی ولایەتی موکری سەرکوت کردنی ئەوانە چەند جارێ لەشکری ناردە سەریان. لەبەینی ئەو وقزلباش‌دا چەند جارێ

شەڕوشۆڕ قەوما. هەمو جارێ صارم سەرئەکەوت‌و قزلباش تێ ئەشکان. تا لەمانگەکانی ساڵی ٩١٢دا کەشا ئیسماعیل بۆ بەسەربردنی زستان چو بۆ خوی، ئیلی شاملۆی بەسەرداری عەبدی بەگی باوکی دورمیش خان‌و صارو عەلی مهردار بۆ جەنگی صارم نارد. هەردو سەردار بەلەشکری بێ ژمارەوە چونە سەر صارم. شەڕێکی زۆر گەورە قەوماو هەردو سەردار لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لەپیاوە زلەکانی شاملۆ لەو شەڕەدا کوژران. صارم بە سەریاندا زاڵ و سەرکەوت.

سەرەنجام لەگەڵ ئەمیرو حاکمەکانی تری کوردستاندا سەری بۆ سوڵتان سەلیم دانەواندو لەدەس قزلباش رزگاری بو.

کەسوڵتان سلێمانی قانونی چوە سەر تەخت، صارم بۆ دەربڕینی دڵسۆزی‌و گوێڕایەڵی خۆی سەردانی سوڵتانی کرد. ئەویش دڵنەوایی کرد. هەمو ئەو شوێنانەی لەباوکییەوە بۆ ئەو بەجێ مابو دایەوە بەخۆی‌و، فەرمانی سوڵتانی بۆ دەرچو.

صارم دوای گەڕانەوەی لەسەردانی سوڵتان سلێمان بەماوەیەکی کورت مرد، ٣ کوڕی لەپاش بەجی مان" قاسم‌و ئیبراهیم‌و حاجی عومەر، لەبابە عومەری براشی رۆستەم‌و، لەرۆستەمی برازاشی ٣ کوڕ کەوتنەوە،" شێخ حەیدەرو میر نەزەرو میر خضر))[٦] ئەمانە هەریەکەیان بەجۆرێ لەروداوەکانی ناوچەکەدا دەرکەوتن.

شەرەف خان روداوەکانی بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە، بەلام نوسەرێکی عەجەم، لەکتێبی((تاریخ عالم ارای صفوی))دا کەبۆ ژیان‌و شەڕەکانی شا ئیسماعیلی تەرخان کردوە، هەمان روداو بەجۆرێکی تر ئەگێڕێتەوە، کەهەم باری سەرنجی رەسمیی دەربارەی ئێرانی دەرئەبڕێ‌و، هەم جۆری نۆڕینی عەجەم لەکوردو تەقەلاکانی بۆ رزگاری رون ئەکاتەوە. نوسەری((عالم ارای صفوی))هێرشی لەشکری قزلباش بۆ سەر ئێلەکانی موکریان بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:

((لەلای تەورێزەوە نێردراوێ هات وتی: ئەی شەهریار صارم خانی پادشای کوردستانی چکاری(رەنگە مەبەستی موکری بێ،و) لەگەڵ ئێلەکانی کوردستان بیستویانە کەمحەمەد کرهی یاخی بوەو شا ئیسماعیل چوە بۆ یەزد. ئەویش تەپڵی هەڵگەڕانەوەی لێداوە، ٤٠ هەزار کەسی پێش خۆی داوە چۆتە سەر سوڵتان ئیبراهیمی برای شا بۆ گرتنی تەورێز. کەگەیشتە هۆزی ئورملو قەراگونە سوڵتان بە ٣٠٠ کەسەوە حاکمی قەلای ئورملو بو. صارم خان هاتە سەر قەلای ئورملو. کەنێردراوەکە ئەم هەواڵەی هێنا شا ٣ هەزار کەسی بەسارو حسێن شاملۆدا لەئەسفەهانەوە بۆ تەورێز نارد. ئەو(سارو حسێن)لەلەی شازادە بو، بۆ

ئەوە چو بۆ تەورێز چونکە شازادە نەزانو شارەزای شێوەی جەنگ نەبو. بە پەلە خۆی گەیاندە تەورێز هەواڵی صارم خانی لەشازادە پرسی. ئەو (شازادە) وتی: ماوەی مانگێکە لەبەردەمی قەڵای ئورملۆدا لەگەڵ قەراگونە لەشەڕدایەو، لەم لایەوە تەنگی بە قەراگونە هەڵ چنیوە. خەڵکی ناردوە بۆ لای صارم خان، کە رێگەمان بدە بچین بۆ تەورێز. صارم خان بەڵێنی دایە ئەگەر ئەو قەڵاکە بەدەستەوە بدا با بەماڵەوە بڕوا بۆ تەورێز. لەبەرئەوەی سوێندی بۆ خوارد، ئەو لەقەڵا دەرچو. فەرموی کوردان لەدواوە هاتن هەموویان کوشتو ژنو منداڵی ئەو جەماعەتەیان بەدیل گرتو گەڕانەوە. هەواڵ بەسوڵتان ئیبراهیم گەیشت کە صارم خان قەڵای ئورملوی گرتوەو روی کردۆتە تەورێز.

شازادە لەگەڵ سارو سوڵتانی مهرداری لەلەی بەچاکیان زانی بەرەو روی صارم خان بڕۆن. ئەگەر بێت تەورێز تالان ئەکا. سارو خانی لەلەی وتی: من ٣ هەزار کەسم لەگەڵ خۆم هێناوە، تۆش ٤ هەزار کەست لەگەڵە، ٣ هەزار کەسیش لەخەڵکی تەورێز کۆئەکەینەوە، بە١٠ هەزار کەسەوە ئەڕۆین سەر رێ لە صارم خان ئەگرین. وا پێکهاتن، لەتەورێز دەرچوونو گەیشتنە خوی(لە نوسخەیەکی ترا سەلماس نوسراوە). سارو سوڵتانی صارم خان هاتە مەیدانو پیاوی خواست. شازادە ئەیویست خۆی بۆی بچێتە مەیدانەوە. بەڵام لەلەکەی رێی نەداو نەی هێشت، خۆی بۆی دابەزییە مەیدان. سارو سوڵتانی کوشتو سەری بڕی. ویستی بیباتە خزمەتی باوکی. لەو کاتەدا شازادە ئەسپەکەی لنگ دا، خۆی گەیاندە ئەو وکوشتیو سەری بڕی. ویستی لەگەڵ سەری لەلەکەی بیهێنێتەوە. لەو کاتەدا صارم خان لەتاو خوێنی کوڕەکەی ئارامی لێ هەڵگیرا، نەی هێشت ئیتر کەسی بچێتە مەیدانەوە.

ئەو بەد گەوهەرە لەتاو خەمی کوڕەکەی، خۆی هاتە مەیدانەوە. دوای ئەوەی زانی ئەوە شازادەیە وتی: ئەبێ دڵی براکەت بەمەرگی تۆ بسوتێنم، هەروەکو تۆ دڵی منت بەمەرگی کوڕەکەم سوتاند. شازادە نەڕاندی، هەردو تاویان دایە نێزە، ئەوەندە یان شەڕە نێزە لەگەڵ یەکتری کرد، تا نێزەکانی هەردوکیان شکا. ئەوسا دەستیان دایە تیرو کەوان ٣ تیریان گرتە یەك. صارم خان لەتیری سێیەم دا ولاخەکەی شازادەی پێکا. بێ ولاخ مایەوە. دەسبەجێ هەستا دەستی برد بۆ تیغی حەیدەری رەگەزی زولفەقارو لەکێلانی دەرهێنا. تا صارم خان چو تیرێکی تری تێ بگرێ، شەهریار جێگەی خۆی گۆڕی بو. تیرەکەی لەئەرزیدا. شازادە خۆی گەیاندێ، تیغێکی لەملی ولاخەکەیدا سەری پەڕاند. لەهەر دو لاوە ولاخیان تاو دایەوەو، سەر لەنوێ سواربونەوە. بەشیری روتەوە پەلاماری یەکتریاندا. ئەو کۆنە

گاوره یەزیدییە(مەبەستی صارم خانە) شمشێرێکی لەقوببەی سپەری شازادە سرەواند، سپەرەکەی قلیشان‌و سەر سنگی سمی لەوێوە لەزینە زێرینەکە دا ئەسپەکەی بریندار کرد.

صارم خان لەوڵاخەکەی دابەزی، قزلباش رژانە مەیدانەوە، جەنگێکی گەورە رویدا، تا عەسر شەڕ درێژەی کێشا. قزلباش ئەو رۆژە پیاوەتی‌و جوامێرییان نواندو، شازادەیان هەڵگرت‌و گەڕانەوە بۆ تەورێز.

صارم کەوتە داوا لەکوردەکانی خۆی وتی: ئەی گەلی نامەرد، چەن قزلباشی هەر چواریەکی ئێوە ئەبون ۳ هەزار کەسیان لێ کوشتن، نەتان توانی پێشیان بگرن‌و خوێنی کوڕەکەمیان لێ بسێننەوە.

ئەوانیش وتیان: قزلباش ئادەم نین، گوایە ئەوانە لەشیان لەپۆلا داڕێژراوە، مەگەر چاوت لێ نەبو بە چ جۆرێ خۆیان ئەدایە بەردەمی شمشێر؟

لەو لاشەوە شا ساروخانی مهرداری ناردو هات بۆ قەزوین‌و عەبدی خانی شاملۆی بە٤ هەزار کەسی ترەوە لەقەزوینەوە رەوانە کرد. هۆیەکەشی ئەوەبو کەئەمیرە موزەفەر پادشاهی رەشت بەهان دانی تاقمی تورکمان، کە ٤ هەزار کەسیان لەجەنگی ئەلوەند شا هەڵات بون‌و چوبونە گەیلان‌و دابویانە پاڵ ئەمیرە موزەفەر. ئەوانیش بیست بویان صارم خانی یەزیدی لەکوردانی چکاری یاخی بوەو، لەلای یەزدو ئەبرقوشەوە محەمەد کرهی یاخی بوە، وتیان بۆچی ئێمەش قەزوین نەگرین. ئەو گەوجە وتی باوکم ماوەی ساڵێك شای لەگەڵ سۆفیەکانی لەمولکی رەشتدا حەوانەوە، من بۆچی ئەو ئاشنایەتییە تێك بدەم.

لەم لایەوە شا سوپای کۆکردەوە چوە سەر رەشت‌و، عەبدی خانی بۆ لای تەورێز نارد. کەعەبدی خانی شاملۆ گەیشتە تەورێز، بیستی شازادە چوە بۆ بەرەنگاریی صارم خان، ئەویش چوە ناو تەورێزو بەدوویاندا کەوتەڕێ. کە گەیشتە سۆفیان، بینی شازادە بەبرینداری دێت‌و ۱۵۰۰ کەسی لێ کوژراوە. شازادەی گێڕایەوە. هەر لەو شوێنەدا بارگەیان خست.

رۆژی دوەم صارم خان دەرکەوت‌و ریزیان بەست. ئەردوان بەگ، کوڕەکەی تری، ئیزنی لەباوکی خواست هاتە مەیدانەوە، داوای مەردی مەیدانی کرد. عەبدی خان بەگ شازادەی برینداری لەپای ئاڵاکەدا دانا. خۆی لەلایەکەوە راوەستابو کەوڵاخەکەی لەجێی خۆی لنگ دا، هەر کەگەیشتە مەیدان، پاش گفتوگۆ، تیرێکی گرتە عەبدی خان. لەناوکی داو لەئەسپەکەی گلا. دورمیش خانی کوڕی ئاخێکی هەڵکێشا، ئێخەی خۆی دادڕی بۆی چوە مەیدانەوە، ئەو ئەیویست

دابەزیو سەری بڕیێ ئامانی نەداو نەڕانی: ئەی دەسڕەش! ئەگەر پیاوی لەگەڵ لاوان بجەنگە، لێدانی پیرەمێردی هەفتا ساڵە پیاوەتی نیە.

ئەو وتی: ئەوە باوکت بو؟

وتی: بەڵێ ئەو چو قسە بکا، کەوتە جنێودان، وتی: ئەی ناپیاو راوەستە وابۆت هاتم! تیرێکی تری نایە ناو کەوانو هاوێشتی. دورمیش خانیان بینی بەپشتا لەسەر ئەرز راکشا بو. ئەو تیرە بەسەر سنگیا تێپەڕی. ئینجا راست بووەوە. ئافەرینو تەحسینی ئەو لەهەردو سوپاوە هەستاو خۆی گەیاندێ. تیغێکی وەهای سرەواندە قوببەی سپەرەکەی تا ناوکی هەڵدڕی.

ئەوسا صارم خان وتی: مەهێڵن. کوردان لەجێی خۆیان بزوتنو ئەو ۲ هەزار کەسەی سوپای شاملۆش بۆ یارمەتی دانی دورمیش خان ئەسپیان تاو دابوو، ناو مەیدان. بەربونە یەکتری.

با ئەمان لەم جەنگی مەغلوبەیەدا بەجێ بهێڵین. گوێ بۆ هەواڵی شا ئیسماعیل رادێرە. هەر کە گەیشت بوە گەیلان، جاسوسەکان هەواڵی گەیشتنی شایان بۆ ئەمیرە موزەفەر برد بو. ئاهێکی هەڵکێشا. لەسەردارەکانی خۆی پرسی: ئێمە ئەبێ چی بکەین؟ ئەوانیش وتیان: ئەبێ جەماعەتی تورکمان بنێرینە سەر رێی شاو، خۆت لەبۆسە دابی. ئەگەر شتێکیان پێ کرا باشە، ئەگینا هەڵێ بۆ فومن، بەڵکو شا بەدوت نەکەوێ.

ئەو گەوجە، تورکمانەکانی بانگ کرد پێی وتن: ئێوە بڕۆن لەکەناری بەغداد رێ لەشا بگرن، تا منیش بەلەشکرەوە بەدواتانا بێم. ئەوانە رۆیشتن بەڵام لەرێ کەبیستیان چ باسە. خۆیاندا بەجەنگەڵدا. هەڵاتن شا هاتە رەشت. لەبەرئەوەی ماڵەکەیان دەورەدا بو، هەواڵیان هێنا کەبۆ فومن هەڵاتوە. شا چو بۆ فومن. لەوێش کەئەوەی بیست بوو هەڵات بو بۆ ناو جەنگەڵ. شا کەگەیشتە فومن، وتیان: دوێنێ رۆیشت بۆ ناو جەنگەڵ. شا فەرموی چۆن بهێڵم، لەولاشەوە ئەمیرە موزەفەر چو بوە لای ئەمیر زەینەدین، ئەوی دەرسی فێربونی قورئانی بە شا گوت بو. وتی: جگەلە تۆ کەسی کە ناتوانێ لەلای شا تکام بۆ بکا، چونکە تۆ مافی فێرکردنت لەسەری هەیە، بچۆرە خزمەتی شا، بەڵکو لێمان ببورێ. ئەوسا ئەو هەستا کاتێ گەیشت شا لەباسی ئەودا بو کەمیر گەیشت کەلامی خوای بەدەستە بو. شا کەئەوەی دی تەعزیمی بۆ کەلامی خوا کرد. وتی: باوکە لەکوێ بوی؟ وتی: ئەی شەهریار! ئەم پیرە نۆکەرە بۆ تکای ئەمیرە موزەفەر هاتوە، تو هەقی ئەم کەلامە لەقسوری ببورە. شا ئەوسا وتی: لەبەرئەوەی تۆ مافی فێرکردنت لەگەردنی من دایە، ئەوم بەخشی، بەڵام بەو مەرجەی ئەو تاقمەی

ئەویان فریو داوە، بەدەستی بەستراو خۆشی شمشێر بخاتە گەردنیو بێت. میر وتی: ئەی شەهریار بڕۆمو بیهێنم؟ بۆی نوسی کەبێتو سێ چوار کەس کەتۆیان فریو داوە لەگەڵ خۆت بهێنە چونکە شا داوای کردون. دوای ئەو فەرمویان ئەو جەماعەتەیان گرت. خۆیشی تیغو کفنی هەڵگرت. هاتە خزمەتی شا، پێی شای ماچ کرد. شا ئەوی بەخشیو لەملی ئەو جەماعەتەشیدا. هەواڵی تورکمانەکانی پرسی: وتی: رایان کرد. شا فەرموی: کاتی راوەستانم نیە. ئەگەر ئەوانت گرت بیان کوژەو سەرەکانیان بۆ من بنێرە. خۆیشی بەسواری لەرێی ئەردەبیلەوە یەغار بەرەو تەورێز کەوتە رێ لەقەزوینەوە بە١١ رۆژ چو بۆ گەیلانو لەوێوە خۆی گەیاندە تەورێز.

لەکاتێکا ئەو گەیشت، قزلباش تەنگیان پێ هەڵچنرا بو، دورمیش خانو بیرام خان بریندار بون. لەبەغیرەتی دا تاویان ئەدایە بەرخۆیانو لەعاری هەڵاتن ئەترسان. لەو کاتەدا لەلای بیابانەوە، ئالای سپی هەژدیها پەیکەری شەهریار دەرکەوتو دەنگی نەرەی ئەو شەهریارە هات. گیان هاتەوە بەر لاوانی قزلباش. هەرکە شا گەیشت، خۆیدا بەو کوردە یەزیدییانەدا. لەو شەرە دا صارم خان توشی شەهریارە بو. بە تورەییەوە شمشێری هەڵکێشا. لەناوقەدی داو دونیمەی کردو، ناردی بۆ دۆزەخ. سوپای کوردەکان شکاو مستەفا خانی مەحمودی لەمەیدان هەڵاتو ٦ سەرداریشیان بۆ شوێنەکانی خۆیان هەڵاتنەوە. شا براکەی دەس کەوتەوەو دورمیش خانی لەباوەش گرتو، وتی: پیاوەتی بۆ تۆ حەڵاڵە. بەفەرزەند ناوی برد. بەفەتحو نەسرەتەوە چونە دار السلطنةی تەورێز))[٧].

پاش تێپەڕینی چەند قەرن بەسەر ئەم روداوەدا، نوسەرێکی هاوچەرخی عەجەم کەخۆی بە نەوەی شاهانی سەفەوی دائەنێ. هەمان روداو بەهەمان گیانی نازانستییەوە ئەگێڕێتەوەو، ئەنوسێ:

((پاش ئەنجامدانی ئەو کارانە ئوردو لەهەمەدانەوە بەرەو قزل ئوزون کەوتە رێ، لەو شوێنانە بو بەعەرزی پادشای سەفەوییان راگەیاند، کابرایەك بەناوی صارمی کوردەوە تاقمێکی لەئەوباشو رێگرەکانی ناوچەکانی کوردستان کۆکردۆتەوە، لەنزیك مەڵبەندی گەروس سوپاگایەکی بو خۆی دامەزراندوە، باجو خەراج لەهەمو جوتیارو زەویدارەکانی ئەو ناوە وەرئەگرێو، کاروانو قافڵەکانی روت ئەکاتەوە.

شاه ئیسماعیل خۆی بۆ غافڵگیر کردنی صارمی کورد هێرشێکی شەوانەی ناکاوی کرد، بەڵام کوردی ناوبراو لەپێش گەیشتنی مەوکیبی شاهانەدا بارونەی خۆی بەجێ هێشت بو رێی هەڵاتنی گرت بوە بەر، هەمو شتەکانی کەوتە دەس

لەشکرییانی قزلباش‌و، تاقمێکیش لەدەسوپێوەندەکانی ئەو، کەرێگەی هەڵاتنیان ئەپێوا بەدەستی راونەرانی قزلباش لەناو بران، ئینجا مەوکیبی شاهانە سەبارەت بەوەی هەواڵ هات بو کە ئەمیر حسامەدین حاکمی گەیلان...))[٨].

هەمان نوسەر لەگێرانەوەی تێکهەڵچونی قزلباش‌و صارمی کوردا، ئەنوسێ:

((لەوەرزی بەهاری ساڵی ٩١٢دا ئۆردو لەگەرمیانی تارمەوە روی کردە زۆزانی سوڵتانیە، ماوەیەك لەو ناوچە خۆشەدا بەئەسپ سواری‌و تیر هاوێشتن‌و ئاداب‌و رسومی رۆژانی جەژنەوە خەریك بو، ئینجا روی کردە لای خوی، لەبەرئەوەی هەواڵ هات بو کەصارمی کورد دیسانەوە تاقمێکی لە ئەوباش‌و ئەشراری کورد لەدەوری خوی کۆکردۆتەوە، لەناوچەی ورمێ کەوتۆتە فیتنەو فەساد. شا ئیسماعیل بیرام خانی قرامانلوو خادم بەگی خەلیفەی بۆ سەرکوت کردنی صارمی کورد نارد.

سەردارانی ناوبراو پەلاماری کوردانی یاخییاندا، صارم‌و لایەنگرەکانی لەناوچەی ورمێوە رایان کرد بۆ مەڵبەندی کوردستان، سوپاکەی بردە شوێنێکی قایمەوە کەوت بوە سەرلوتکەی شاخی، بەڵام ئەو لەشکرەی مەئموری دواکەوتنی بو، ئێخەیان بەرنەدا، گەیشتنە سەری، صارم لەوێدا بە لەشکرەکەی خۆیەوە کەوتە بەرەنگاری، تێکهەڵچونێکی سەخت لەبەینیاندا قەوما، لەهەر دولا تاقمێ کوژران لەوانە دو کەس لەسەردارانی بەناوبانگی قزلباش یەکێکیان عەبدی بەگی شاملۆو ئەوی کەیان سارو عەلی مهردار تکەلو، بەڵام سەرەنجام فەتح و زەفەر بۆ هێزی قزلباش بو. هەرچەند صارم خۆی لەمەیدانی شەڕدا بەساغی دەرباز بو، بەڵام کورەکەی لەگەڵ براکانی‌و هەندێ لەسەردارەکانی لەشکرەکەی گیران، خەڵکێکی زۆری لێ کوژرا، هەمو ئیل‌و عەشیرەتی صارم تالآن کران، بیرام بەگ‌و خادم بەگی خەلیفە بەسەرکەوتویی‌و زاڵی گەرانەوە بۆ ناو ئۆردو، لەکاتی گێرانەوەی هەواڵەکانی ئەو شەرەدا هەندێ شتیان لەسەر گوستاخی‌و رەفتاری پیسی کوردەکان عەرزی پادشا کرد، کەئاگری تورەبونی خۆش کردو، فەرمانی کوشتنی هەمو دیلەکانی دەرکرد))[٩].

نمونە٤:

کوردێکی یەزیدی کلکدار(٩١٤ك)

شا ئیسماعیلی سەفەوی ئەمیرەکانی ئاق قۆینلوی یەك لەدوای یەك شکان، هەندێکی کوشتن‌و هەندێکی راونان، مراد میرزای کوری سوڵتان یەعقوب لەبەردەمی هێزەکانی قزلباش دا بەتێکشکاوی لەشیرازەوە هەڵات بۆ بەغداد کەهێشتا لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی بایندوریدا مابو، مراد هانای بۆ سوڵتانی

عوسمانیو، عەلاء الدولـە زولقـەدرو، قانصوه الغـوری سـولْتانی میسـر بـرد، هیچکام لەوانە بەدەنگییەوە نەچون. مراد لەیارمەتیو پشتیوانی ئەوانە نائومێد بو، خۆیشی بەتەنیا بەری پێشڕەوی قزلباشی پێ نـە ئـەگیرا. بەغـدادی بـەباریك بەگی پڕناك سپاردو خۆی روی کردە دیاربەکر. شا ئیسـماعیل وای بەچـاك زانـی بەرلەوەی بچێتە سەر خۆراسان، دوایین بنکەی دەسەڵاتی تورکمانانی ئاق قۆینلـو هەڵکەنێو، لەخەمی ئەوان دڵنیا بێ. ئیسماعیل خۆی لەهەمەدان بوو پێشەکی خەلیل بەگی یساوڵی، کەیەکێ لەسەرانی دڵسۆزی قزلباش بو، ناردە لای باریـك بەگ، بۆ ئەوەی بەخۆشی بیهێنێتە ژێر دەسەڵاتی شای سەفەوییەوە. باریـك بـەگ کەبەوەی زانی تاقمـێ لەدەسـوپێوەندەکانی خـۆی بەدیارییـەکی زۆرەوە نـارد بـۆ پێشوازی خەلیل بەگو نێردراوەکانی شا. ئەوانـە تـا نزیـك خانـەقین بەپیریانـەوە چون. باریك بەگ رێزی زۆری لەنێردراوەکانی شا گرت، بەڵام وەکو ئەوان داوایـان لێ کرد. ئەم خۆی ئامادە نەبو بچێ بۆ لای شا[10].

گرتنی بەغداد بۆ شا ئیسماعیل لەچەن لاوە گرنگ بو" لەڕوی ستراتیجییەوە، قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەی فـراوان دەکـرد. شـاری مێـژویی بەغـدادو ئـەو ناوچـە دەوڵەمـەنو فراوانـە ئەکەوتـە ژێـر دەسـتیو، لەگـەڵ وڵاتـانی عـەرەب ئـەبو بەدراوسێو، دوا بنکەی نەیارەکانی خۆی هەڵ ئەتەکاند. لەڕوی دینییەوە، زۆریـی شوێنە پیرۆزەکانی شـیعەو گـۆڕی هەنـدێ لەئیمامـەکانی لـەوێ بـون، گیانـی بەغدادو نەجەفو کەربەلاو سـامەڕا هێزێکـی مەعنـەوی گـەورەیان بـەقزلباش ئەدا.

هێزەکانی قزلبـاش کەوتنـە پێشـڕەوی بـەرەو بەغـداد. هێزێکـی گـەورەیان لەپێشەوە بەسەرکردایەتی((حسێن بەگی لەلە))لەکرماشانەوە بـەناو خانـەقیندا کەوتە رێ بەبێ بەرهەڵستی چوە ناو شاری بەغدادەوە. باریك بەگ پێشتر هـەڵات بو. شا، خادم بەگی((خلیفه الخلفاء))ی بەحاکمی ئەوێ دانا. خۆیشـی لـەجیمادی دوەمـی ٩١٤(١٥٠٨)دا چـوە نـاو بەغـدادەوە. پـاش زیـارەتی گـۆڕی پـیرۆزی ئیمامەکان، لەکازمینو نەجەفو کەربەلا، بەخۆیو هێزە گەورەکەیەوە کەوتـە رێ بەرەو خوزستان[11].

((عالم ئارای سەفەوی)) کەدێتە سـەر باسـی هێرشـەکەی شـا ئیسـماعیلو لەشکری قزلباش بۆ گرتنی بەغداد، لەشێوەی سەرگروشتەدا، چیرۆکی کوردێکی تێکـەڵاو ئـەکا، بـەپێی گێڕانـەوەی نوسـەر ئـەبێ کلکـی هـەبوبێ، چونکە((یەزیدی))بوە. مەبەست لەیەزیدی لێرەدا، پێڕەوانی ئولی یەزیدی نییـە. بەڵکو مەبەست لـەپێڕەوانی یەزیـدی کـوڕی معاویـەی ئەمەوییـە، کەلەلایـەن

شیعەوە بەدوژمنی خوێنەخۆیی ئالی عەلی دائەنرێ. وشەی یەزیدی لێرە داو لەگێڕانەوەی چیرۆکی صارم خاندا وەکو جنێو بەکارهێنراوە. ئەم چیرۆکە نیگایەکی جۆری نۆڕینی قزلباش لەگەلی کورد پیشان ئەدا.

((عالم ئارای سەفەوی))نوسیویتی:

((لەم لایەوە شاە فەرموی چاوم ئەفرێ، سوپا بکەوێتە رێ. لەپێشەوە حەسەن بەگی حەلواچی ئۆغلی‌و دورمیش خانی نارد. کاتێ ئەوان گەیشتن شەڕ گەرم بو. هەلیان کوتایە سەر پشتەوەی لەشکری بایرك سولتان(مەبەستی باریك بەگی پرناك حاکمی بەغدادە). بایرك ئاخی هەلکێشا بەناچاری کەوتە شەڕەوە. کەرۆژ بوەوە ئالای(نصر من الله)لەدەشتی بەغداوە دەرکەوت. ئاخ لەبایرك بەرز بوەوە، هەرچەند هەولیدا خۆی بخزێنێتە ناوی قەلای بەغداوە، رێگەیان نەدا.

کەشیعەکانی بەغداد لەبەرزایی بورجەکەوە روانییان، ئالای هەتاو روی هەژدیها پەیکەری شایان بینی. زانییان کەئەگەر بایرك سولتان بێتە ناو قەلاوە، رۆژانی مەترسی درێژە ئەکێشێ چونە سەر بەندیخانە، سەید محەمەدی کمانە(کمونە، یەکێ لەشیعە ناودارەکانی عیاقی عەرەب بوە)یان لەبەند رزگار کرد، هاتنە سەر بەرزایی بورجی دەروازە، تەپلی بەشارەتیان لێ دا کەدەولەت، دەولەتی شاە ئیسماعیل بهادر خان‌و تیغ، تیغی غازییانی قزلباشە.

هەرکە بایرکی ناجسن گوێی لەو دەنگە بو، لەهەر چوار لایەوە خۆی لەناو بەلادا بینی. دڕی بەو سوپایە داو خۆی گەیاندە دەروازەکە. سەید محەمەدی دی لەسەر بەرزایی دەروازەکەیەو دەروازەکەش داخراوە. وتی: گەورەمان سلاو... دەروازەکە بکەرەوە. هیچمان پێ نەکرا، ئەگەر شا بمگرێ ئەمانم نادا، بەلام ئەگەر بێمە ناو قەلاو یەکێ بنێرم داوای ئەمانی لێ بکەم، لەوانەیە ئەمانم بدا. سەید وتی: کاتێ من پێم وتی داوای ئەمان بکە تو قبولت نەکرد، ئێستاش کار لەئەمان ترازاوە. برۆ شمشێر لەمل بکە بەشکو شای دلوریا بتبەخشێ. هەرچەند پاڕایەوە، سەید فەرموی بیدەنە بەر تیر. بایرك بەناچاری جلەوی بەلای رۆمدا وەرگێڕا. دلی لەحەرەم‌و ناموس‌و خەزێنە بەردا. لەگەلّ دوسێ هەزار کەس، کەمالەکانیان لەبەغدا نەبو، بەرێ کەوتن.

بەلام ئەو حەزرەتە(شا ئیسماعیل) بەهەمو سوپاوە لەپردەکە پەڕییەوە. هەر کەپێی پیرۆزی شا گەیشتە مەیدان، بایرکی ناجسن شکاو، لەمەیدان هەلات. ئەو حەزرەتە گومانی‌وا بو چۆتە ناو قەلاکەوە. لەو کاتەدا کەسێکی سەید محەمەدی کمانە هات، عەرزی کرد: تۆ خۆش بی، نەمان هێشت بایرکی ناجسن بێتە ژورێ. ئەو حەزرەتە فەرمویان: ئەی کەواتە ئەو بۆ کوێ چو؟ وتیان: چو بۆ لای رۆم.

حەزرەت فەرمویان: ئەگەر ئەو دەرباز بێ، فیتنە ئەنێتەوە، چۆن ئەهێڵم دەربچێ. دوی بایرکی ناجسن کەوت. بایرك ماوەیەکی رێ بڕی بو، ئالاّکانی شای لەدورەوە بەدی کرد. وتی کەپردەکە ببڕن.

شەهریار(شا ئیسماعیل) کە گەیشتە کەناری روبار(روباری دیجلە)پردەکەی بەبڕاوی دی ماینە مەنسورەکەی تاو دایە ناو ئاوەکە. ماین خۆی هاویشتە دەریاوە. قزلباش کەئەوەیان دی، غولاّمانی حەزرەتی امیر المؤمنین علیە السلام، رژانە شەتی بەغداوە. کەشا لەشەت هاتە دەرێ، جڵەوی راکێشا، لەگەڵ هەمو سوپاکانی لەئاو دەرهاتن.

ئەو حەزرەتە فەرمویان: سەیر بکەن، ئاخۆ هیچ کەس ئاو بردویەتی؟

وتیان: شا سەلامەت بێ، تەنیا یەکێ ئاو بردویەتی وا ئەڕوا.

شا فەرموی: مەعلوم نیە ئەو کابرایە لەئێمە بێ، بڕۆن بیگرنو بیهێنن! مەلەوانەکان چون گرتیانو هێنایان.

حەزرەت فەرموی: دەرپێکەی دا بکەنن!.

کەدەرپێکەیان داکەند بەرێکەوت کلکی هەبو، نیشانەیەکی پێوە بو کە لەکوردانی یەزیدیو نۆکەری بایرك بو. لەبەرئەوەی بە تەنیا لەناو قزلباشدا بەجێ مابو، ئەویش تاجێکی پەیدا کرد بو لەسەری نابو. تێکەلاّوی سوارەکان بو بو. کاتێ قزلباش خۆیان هاوێشت بوە ناو ئاوەکەوە ئەویش بەناچاری خۆی تێ فڕێدا بو. ئەوە بو ئەو ئاو بردبوی[١٢].

نمونە٥:

میرەکانی کوردو جەنگی چالدێران(٩٢٠ك)

رەفتاری قزلباش لەگەڵ کوردو مەزنەکانی، کوردی تا ئەندازەیەکی زۆر لێ رەنجاند بون. سوڵتان بایەزید لەبەر پیریو نەخۆشی نەی پەرژایە سەر ئەوەی چارەیەکی بنەڕەتیو خێرای پەرەسەندنی بزوتنەوەی قزلباش بکاتو رێوشوێنی لەناوبردنی دابنێ. دەوڵەتی سەفەوی لەسەردەمی ئەوا دامەزراو فراوان بو، بگرە چەسپی. بەلاّم سلیمی کوڕی کە لەکۆنەوە رقی لەقزلباش بو، کاتێ هاتە سەرتەخت، یەکێ لەبەرنامەکانی هەوڵی روخاندنی دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئێران بو. بۆ ئەوەش هەوڵی ئەدا کەڵکی زۆر لەهەستی مەزهەبیی گەلانی ناوچەکە، لەوانە کورد وەربگرێ. مەزنەکانی کورد خۆیشیان کەتوشی گرتنو دورخستنەوەو ئازاردان ببون، کەوتنە هان دانی سوڵتانی عوسمانی بۆ پەلاماردانی قزلباش. تەنانەت حەکیم ئیدریسی بتلیسی ناوی لەمەزهەبی قزلباش

نا بو((مذهب ناحق))واته مەزەبی ناهەق. ئەمەش لەروانگەی دینییەوە دیارە واتایەکی زۆر قورسی هەیە.

شەرەف خان لەم بارەیەوە بەراشکاوی نوسیویتی:

((لەبەرئەوەی ئەمیر شەرەف بەچەند رۆژێ نەیتوانی ولایەتی بتلیس بگرێتەوەو تایەفەی قزلباشی لێ دەربکاو، بەرازی دڵی سوڵتانی دنیاگر، سوڵتان سلیم خان زانی کە گەرەکێتی ولاتی ئێران بگرێ. ئەوسا بەهاوبیری‌و بەتەگبیری شاسواری مەیدانی تحقیق، سالاری کاروانی رێگەی توفیق، دانەری قانونەکانی اصول‌و فروع، نوسەری دیوانەکانی مەعقول‌و مسموع، مامۆستای مەدرەسەی تەقدیس، سلالەی عارفی بەدلیس، مەبەستم حەکیم ئیدریسە، لەگەڵ هەڵبژاردەی بیرباشەکانی بنەماڵەی ئایین بەرزو خێرئەندێشانی خانەدانی رەفعەت ئایین‌و، ستودەی دەوڵەت خواهانی دودمانی ضیاءالدین محەمەد ئاغای کەلهوکی، اظهاري ئیخلاص‌و ئعتقادیان بۆ دەروازەی دەوڵەتی عوسمانی نواند. بۆ ئەم مەسەلانەش ٢٠ کەسی لەئەمیران‌و حاکمانی کوردستان کردە هاوداستانی خۆی. عبودیتنامەیەکیان بەمەولانا حەکیم ئیدریس‌و محەمەد ئاغادا رەوانەی ئاستانەی ئیقبال ئاشیانەی سوڵتانی کرد. سوڵتانی دۆست لاوێنی دوژمن سوتێن. لەسەر داوای ئەمیرەکانی کوردستان بەنیازی گرتنی ولایەتی عەجەمستان، روی کردە ئەرمەن‌و ئازەربایجان، لەدەشتی چاڵدێران لەگەڵ شا ئیسماعیل کەوتە شەرو سەرکەوت. ئەمیر شەرەف لەگەڵ هەندێ لەحاکمانی کوردستان لەم سەفەرەدا لەرکابی نەسرەت قرینی سوڵتانی ظفر رهین بو.

لەبەرئەوەی خان محەمەدی والي دیاربەکر لەو شەرەدا شەربەتی نەمانی چێشت، لەدیوانی شاهییەوە ئیالەتەکەی ئەو بەقراخانی برای‌و حکومەتی بتلیس بەعەوەز بەگی برای‌و جزیرەش بە ئەولاش بەگی براکەی تری سپێردرا. کاتێ مەوکیبی رایەتی سهوڵتانی لەلای تەورێزەوە بۆ لای رۆم وەرچەرخا، حەکیم ئیدریس بەعیززی عەرزی جەلالی سوڵتانی گەیاند، کەئەمیرەکانی کوردستان لەالطاف‌و ئیحسانی شاهی جیهان داوا ئەکەن کەولایەتی میراتی خۆیان بەخۆیان بدرێتەوە، لەناو ئەوانەدا یەکێ بەگەورە بەگلەربەگ دابنرێ بۆ ئەوەی بەکۆمەڵ بچنە سەر قراخان‌و، لەدیاربەکری دەربکەن. سوڵتانی گێتی ستێن لەوەڵامی ئەواندا فەرمویان، کە هەرکامێ لەئەمیران‌و حاکمەکانی کوردستان، لێوەشاوەیی امیر الامرائي هەیە لەناو ئەواندا دابنرێ بۆ ئەوەی هەمو ئەمیرانی کورد ملکەچ‌و گوێڕایەڵی بن‌و بچن بۆ دەفع‌و رەفعی قزلباش..))[١٣].

سەردارەکانی کورد لەو سەردەمەدا پایەیەکی ئەوەندە بڵندیان هەبوە کەسوڵتان سەلیم لەو ((استمالة نامە))یەدا کەراستەوخۆ دوای سەرکەوتنی لەجەنگی چاڵدیران دا لە٢ی رەجەبی ٩٢٠ دا بۆ دانیشتوانی تەورێزی نوسیوە، زاهید بەگی هەکاری بە((فەخری ئەمیانی کورد))ناو ئەبا[١٤]. نامەیەکی بۆ((حاکمی خیزوان))نوسیوە کەهاوکاری((فخر الامراء الکرام، ذخر الکبراء الفخام، صاحب المجد والاحتشام، شرف بیگ، دام معالیه..))بکا بۆ رزگارکردنی قەڵای بەتلیس لەقزلباش.[١٥]. هەربەو بۆنەیەوە((فتحنامە))یەکی تایبەتی بۆ((امراء مشرق وقبائل کرد))نوسیوە مژدەی سەرکەوتنی خۆیو تێکشکانی شا ئیسماعیلی پێ داون[١٦]. هەروەها((فتحنامە))یەکێ دۆستانەی بەتایبەتی بۆ شاە رۆستەم بەگی حاکمی لوڕستان لەو بارەیەوە ناردوە[١٧]. لەپەراوێزی ئەو روداوانەدا ئەگونجێ دو تێبینی بکرێ" یەکێکیان، رادەی جیاوازی جۆری نۆڕینی رۆمو عەجەم لەکوردو پیاوە گەورەکانی، کەرەنگە هەندێکی بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی مەزەب. دوەمیان، پایەی گەورە پیاوەکانی کورد لەو سەردەمەداو، ئەو دەورەی ئەیان توانی لەدژراندن یا بردنەوەی هەر ململانێیەکی نێوان رۆمو عەجەمدا بیگێڕن.

٢/٢ شاە محەمەد خودابەندە

نمونە٦:

کورد" مەعدەنی شەڕو مەنبەعی زەڕ(٩٨٦)

شاە تهماسب لەپاش تەمەنێکی درێژو، زیاتر لە٤٠ساڵ حوکمڕانی مرد(٩٨٤ك). حەیدەر میرزا خۆی لەجێگەی باوکی لەسەر تەخت دانیشت. بەپیلانی پەریخان خانم، شازادەی بەدەسەلاتی دەرباری سەفەوی، حەیدەر بەکوشت چو، لەناو کوڕەکانی تهماسبدا، ئیسماعیل کەماوەی ٢٠ساڵ بو لەزینداندا گیرا بو، لەجێگەی باوکی بەناوی ئیسماعیلی دوەمەوە دانرا(٩٨٤).ئیسماعیل کابرایەکی رق ئەستوری دڵڕەق بو. زۆرایەتی شازادەکانی سەفەوی کوشت. لەوانە، جگە لەمحەمەد میرزای دایك برای، هەمو براکانی خۆی" مستەفا. امامقلی، سوڵتانعەلی، مەحمود، ئەحمەدی لەناوبرد(٩٨٤). هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەسەرانی دەسەلاتداری قزلباش. ئیسماعیل کابرایەکی بەدخو بو، هەم تلیاکی بو، هەم نێرباز بو، پەریخانی خوشکی، کەخۆی دەستی لەدانانیدا هەبو، ژیوان بور لەکارەکەیو، سلێمان میرزای دایکبرای کوژرا، ئەترسا ئەویش رۆژی بێتە کوشتن. هەر ئەو لەگەڵ سەرانی قزلباش رێك کەوت، پیلانێکیان بۆ لەناوبردنی دانا. شەوێکیان ژاریان تێکەڵاوی تلیاکەکەی کردو کوشتیان(٩٨٥).

تەنیا کوڕی تهماسب کەبەزیندویّتی مابو، محەمەدی خودا بەندە بـو، ئـەویش لەشیراز ئەژیا(٩٣٨-١٠٠٤)محەمەد سەرەتا بۆیە لەکوشـتن دەربـاز بـو، چـونکە کوێرو بودەڵە بو. ئیسماعیل لێی نەئەترسا پێی وا بـو هیچـی لـەدژی ئـەو پـێ ناکرێ. بەڵام ئەوەش دادی نەدا. سەرەنجام فـەرمانی کوشـتنی ئەویشـی دەرکـرد. ئەوەی کوشتنی محەمەدی پێ سپێردرا بو، بەهۆی رەمەزانەوە کارەکەی دوا خست. ئەمەش بو بەخێر بۆ محەمەد میرزا. چونکە هەر لەو رۆژانەدا کەئەبو ئەوی تـێدا بکوژرێ، ئیسماعیل خۆی کوژرا، لەلایەن پەریخانەوە بەهاوکاری سەرانی قزلباش محەمەد بەشای ئێران دانرا(٩٨٥)ناردیان بـەدوایدا بـۆ شـیراز کەبیێتـە قـەزوین لەسەر تـەختی شـاهێتی دابنیشـێ. شـاه محەمـەد خـودا بەنـدە(٩٣٨-١٠٠٤) یەکەمین کوڕی شاه تهماسب بو لەکاتی مردنی باوکیدا تەمەنی ٤٦ ساڵ بو[١٨].

پەریخان بۆ پێشوازی لەشا محەمەدی برای لەکەژاوەیەکی زەرنیگارا کە٤٠٠ تـا ٥٠٠ پیادە هەڵیان گرت بو، تاپیرە سوفیانی لای قـەزوین بـەپیر براکەیـەوە چـو. محەمەد خۆی کەسایەتییەکی لاوازی هەبو، مەهد علیای هاوسەری، کەبە((فەخر النساء بیگم))و((خیر النساء بیگم))ناو ئەبرا، زاڵ بو بەسەریدا، مەهـد علیـا رقی زۆری لەپەریخان بو. محەمەدی هان دا بیکوژێ. شـاە محەمـەد هـەر ئـەو رۆژە فەرمانیدا بەخەلیل خانی ئەفشار، کە لەلەی پێگەیاندنی پەریخان بـو، پـەریخان بکوژێ. پاش چەند رۆژێ پەریخانی خنکاند. بەرامبەر بەم خزمەتە، شا کەلەپوری کوژراوی بەبکوژ بەخشی.

شا کابرایەکی بێ دەسەڵاتی نابینا بو، خۆی لەکاروباری دەوڵەت نەئەگەیانـد. مەهد علیای هاوسەری، کەئەوەی یەکێ لەمیرە ناسراوەکانی مازندەران‌و ژنێکـی لێهاتوی خۆبەزلزان بو، دەستی گـرت بـو بەسـەر کاروبـاری دەربـاردا. دانـان و لابردنی کاربەدەستانی دەوڵەت‌و سوپا لەدەس ئەودا بو. کوڕەکـانی مەهـد علیـا هێشتا منداڵ بـون. حـەمزەیان کـەدانا بـە((وەکالـەتی دیـوانی ئـەعلا))واتـە جێنشینی باوکی تەمەنی ١١ ساڵ بو، لەباتی ئەو دایکی کارەکانی بەڕێوە ئەبرد.

سەرانی قزلباش لەناو خۆیاندا ناکۆک‌و ناتەبا بون. پیلانیان لەیەکتری ئەگێڕا. هەلومەرجی نـاوەوەی ئێـران شـێوا بـو. ئـاژاوەو شەڕوشـۆڕ مەشـهەد، هـیرات، مـازندەران، قرم، شیروان‌و ناوچە کوردنشینەکانی خـوی، سـەلماس، ورمێـی گـرت بـوەوە. سـەرکردەکانی ئێـران گوێیـان نەئەدایـە فەرمانـەکانی شـاە محەمـەد. بەناکۆکییـەکانی ناوخۆیانـەوە خـەریك بـون. سنورداڕەکانیشـی نـاوەڕۆکی پێکهاتنەکەی سلێمان- تهماسبیان پشت گوێ خست بو.

بابیعالی ناکۆکی ناو سەرانی قزلباش‌و لاوازیی دەربارەی ئێرانی بەهەل زانی، کەوتە شەڕ فرۆشتن بەئێران. لەپێشەوە کوردە داخ لەدڵەکانی سەر سنورەکانی گاڵدا هێرش بەرنە سەر ناوچە سنورییەکان. پەلاماری خوی‌و ورمێیان داو گرتییان. دەرباری ئێرانی تینی بەرەنگاریی تێدا نەما بو. هێزەکانی ئێران خۆیان لەبەر هێرشی عوسمانی‌دا پێ نەئەگیرا. شاە محەمەد داوای لەئەمیرخانی موسل و بەگلەربەگی ئازەربایجان‌و، محەمەدی خانی تخماق ئیستاجلو بەگلەربەگی ئەرمەنستان((چخور سعد))و، ئیمامقلی خانی قاجارو بەگلەربەگی قەرەباغ کرد، بەر لەهێرشی عوسمانی بگرن. ئەوانە لەبەر ناکۆکی ناوخۆیان شتێکی ئەوتۆیان پێ نەکرا. ئۆردوی عوسمانی قارسی ئاوەدان کردەوە، بەناو قافقازدا پێشڕەوی کرد، گورجستان‌و شیروانی گرت(٩٨٦). لەم شەڕانەدا بەتایبەتی لەتیکهەڵچونێکا لە((چلدر))ژمارەیەکی زۆر لەمەزنەکانی کورد کەوتنە بۆسەی قزلباشەوەو کوژران.

مەهد علیا، حەمزە میرزای کوڕی لەگەڵ خۆی بردو، خۆی چو بۆ قەرەباغ بۆ سەرپەرشتی رەوتی جەنگ. عادل گرای خان، یەکی لەئەمیرانی تاتار، لەیەکێ لەو شەڕانەدا بەدیل گیرا بو. بەدیلی ناردیانە لای مەهد علیا. ئەویش بەرێزەوە ناردی بۆ قەزوین. خۆیشی رێز نەگرتن‌و سوکایەتی پێ کردنی سەرانی قزلباشی کردە بیانو، بەپەلە گەڕایەوە قەزوین.

شا نائومێد بو لەهێزەکانی خۆی‌و توانای سەرکردەکانی. دڵنیا بو بەشەڕ بەری هێزەکانی عوسمانی پێ ناگیرێ. کەوتە هەوڵدانی ئەوەی بەرێگەی دیپلۆماسی ناکۆکییەکان لەگەڵ بابی عالی لەسەر بنچینەی پەیمانی ئاماسیە چارەسەر بکا. بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکی بۆ سوڵتانی عوسمانی، مرادی سێیەم، نوسی.

مەهد علیا، عادل گرای بۆ دڵنەوایی‌و میوانداری برد بوە ناو یەکێ لەکۆشکەکانی خۆیان. سەرانی قزلباش خۆیان لەبەهانە بون لەم ژنە ئێرانیە بەدەسەڵاتە، ئەیان ویست ملی بشکێنن. تاوانی حەزلێکردنی ئەمیری دیلیان بەپاڵ دا. داوایان لەشا کرد ئەم ژنە لەکاروباری دەربار دور بخاتەوە. شا دەستی بەسەر هاوسەرەکەی‌دا نەئەڕۆیشت. سەرانی قزلباش هەڵیان کوتایە سەر ماڵی شا. بو بەدەمەقاڵێ لەنێوان مەهد علیاو سەرانی قزلباش‌دا. سەرانی قزلباش مەهد علیاو دایکیان، لەباوەشی شا محەمەدا، کوشت.

عوسمانییەکان هەلیان بۆ هەڵکەوت بو، هەمو ناکۆکییە کۆنەکانی نێوان هەردو دەوڵەت بژێننەوە. مەرجەکانی کۆنیان دوبارە ئەکردەوەو، بۆ راگرتنی

جەنگ پێیان لەسەر ئەوە دا ئەگرت. سێ ئەسپی هێزی عوسمانی بەسەر هەر ئەرزێکی ئێرانیدا رۆیشت بێ، بخرێتە سەر قەڵەمڕەوی عوسمانی. سەلماندنی ئەوەش بۆ دەربارى سەفەوی ئاسان نەبو. لەماوەی حوکمڕانی شاە محەمەدا پەیوەندی ئێرانی- عوسمانی بەتەواوی تێکچو. پەیمانی ئاماسیە خرایە پشت گوێ، هیچ پەیمانێکی ئاشتبونەوەی تازەش نەبەسترا. ناکۆکییە کۆنەکانی سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم و سوڵتان سەلیم زیندوبونەوە. رەوتی جەنگ بەقازانجی عوسمانی بو. عوسمانییەکان درێژەیان بەهێرشەکانی خۆیاندا. بەشێکی فراوانی قافقازو لای رۆژئاوای ئێران، لەوانە شاری تەوریزیان گرت، ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانی شاو سوڵتانو، لەنێوانی کاربەدەستانی گەورەی هەردو دەوڵەت نەگەیشتە ئەنجامێکی تەواو. هەر لەو ماوەیەدا حەمزە میرزا، کەئەویش خۆیدا بوە بادەنوشیو نێربازی، یەکێ لەهاودەمەکانی خۆی بەمەستی کوشتی(٩٩٤).

شاە محەمەد لەنامەیەکی درێژدا کەبۆ مورادی سێیەمی نوسیوە، بەبۆنەی هێرشی ئۆردوی عوسمانییەوە بۆ ناو ئەرزی ئێران، لەدوای درێژە پێدانێکی پڕ لەئایەت، شیعر قسەی نەستەقو، ستایشی دوری پڕ لەچاپلوسیو درێژدادڕی، لەباسی کوردا ئەڵێ:

((...ئەعلا حەزرەت خاقانی دوهێلانە بەرز لەگەڵ ئەعلا حەزرەت شای بەهەشتی، انار الله برهانهما، ڕێگەی پێکهاتنو دۆستایەتییان گرتو، بەیداخی فیتنەو فەسادو جیدال، کەمایەی لەناو چونی عاجزانو مەساکین بوو، هەڵ نەکردو، بەپێی فەرمانی واجب الاذعانی: ((انما المؤمنون اخوه فاصلحوا بین اخویکم))و بانگی فیض ئینتیمای((وان طائفتان من المؤمنین اقتتلوا فاصلحوا بینهما)) بەجێ هێناو، بۆ خۆشیی حاڵو بەجێهێنانی ئاواتەکانی فیرقەکانی ئیسلامو ئوممەتی خیر الانام، علیه الصلاه والسلام، بنچینەی درێژماوی صلحو صلاحو((افضل الصدقة اصلاح ذات البین))یان دانا.

شیعر: فاصلح اذا کان الصلاح موافقا   واصلاح ذات البین خیر فوائد

ئەگەر بەصلح بتوانی لەگەڵ دوژمن ڕێگەی ویفاق بگری، ئاشتی لەجەنگ باشترە بۆ صلحو صلاحو اصلاح تێ بکۆشە، چونکە فەلاح لە صلاح دایە

((والحمدلله تعالی، لەلای ئێمەوە صلحو صلاح بەباشە وەڵام دراوەتەوە، تا ئێستە بۆ پێویستییەکانی ئاواکردنەوەو دامەزراندنی ئەوپەڕی تەقەلامان داوە، لەتوررەهاتی ئیعویجاجی لوجاج پێی ئیقدامان کێشاوەتەوە، ڕێگەی راستمان بەپێی صدقو صەفا پێواوە.

((دوای ئەوەی کەحەزرەتی شـای بەهەشـتی، اعلـی الله مکانـه وانـار اللـه برهانه، بەپێی(کل شی هالك الا وجهه)) باروبنـەی فـەنای لەمەعبـەری فـانی دنیاوە بۆ سەرای موستەقەڕی باقی راکێشا، ئیسـماعیل مـیرزا بـو بەمەزهـەری تاساری تەشرارو، هەنگاوی لاسایی لەدوڵی ئەخلاق و ئەتواری باوباپیرانی مەزنی خۆیدا نەناو، کەوتە رشتنی خوێنی براو خزمەکانی و بڕینی سیلەی رەحم کەجوتە لەگـەڵ((انـه مـن عمـل الشـیطان))هـەمویانی بـەکفنی خوێناوییـەوە رەوانـەی شکاتگای عەرەسـات کـرد. لەبەرئـەوە لەنـەمامی هیـوا، جگـە لەحەسـرەت و مەلامـەت، هـیچ بـەرێکی نەچـنی و لەبـەختو تـەختی سـەڵتەنەتەکەی هـیچ خۆشییەکی نەدی.

((هەر کە لەبارەگای((تؤتي الملك من تشـاء)) ودیوانی شەهنشـاهی ((ومـا النصر الا من عند الله))مەنشوری ئیحسـانی((عسـی ربکـم ان یهلـك عـدوکم ویستخلفکم))نیشانی پایەبەرزی((انـا جعلنـاك خلیفـة في الارض)) بـەناوی ئـەم دڵسۆزەوە نوسرا، وازی لەهەمو وادییەك هێناو، بەپێی ((الولد الحر یقتدي بابائـه الغر))کەوتە پێڕەوی سونەتی بەرزی حەزرەتی شاهی بەهەشتی.

((لەگەڵ ئەوەی بەهیچ جۆرێ نە مەراسـیمی پیرۆزبـایی و نەپێویسـتییەکانی پرسە لەهیچ جێیەکی ئەولایەوە دەرنەکـەوت، ئێمـە دۆسـتینامەیەکمان لەسـەر بنچینەی تـەواوی دۆسـتایەتی و یـەکێتی، بـۆ نـوێ کردنـەوەی رێوشـوێنەکانی دۆستی و خۆشەویستیی بەسەعادەتمەئاب وەلی بەگی، وەکیلی حکومەتی دەرگـای محەمەدی سوڵتان دا بۆ دەرگای فەلەك وێنە نارد.

((هێشتا ناوبراو نەگەیشت بـوە تـەورێز هـەواڵ هـات" کـوردانی بـاوەڕ پـێ نەکراو، کەوەکو بومی شوم بەشەو بزۆزو بەڕۆژ کـوێرن و، لـەطـەریقـی سـودادو سەبیلی رەشاد مەحروم و مەهجورن، ئەخلافی کیرامی ئبلیس و ئەهدافی سیهامی تەلبیس و، مەعدەنی شەڕو، مەنبەعی ضەرن، تـاوەڕۆکی ((وجـوه یومئـذ علیهـا غـبرة ترهقهـا قـترة)لەناوچـەوانیان نوسـراو، لەسـەحیفەی ئـەعمالیان گوتراوی((کانهم حمر مستنفرة فرت من قسورة)) تێ ئەگەی، پەلاماری ورمێیان داوە، حسین خان سوڵتانی خنوسلوی حاکمی ئەوێیان بەگفتی درۆی بـێ بناغـە و بەڵێنی پوچ لەشار دەرهێناوە ئالای ئایاتی زوڵمەتی فسق و فجوریان هەڵ کـردوە. ماڵو عەیالی دەردمەندان و ژێـر دەسـتانیان بـەتاڵان بـردوە. رەعایـاو عەجـەزەو مەساکین، کەئەسڵەن ئەسەری فەساد لەوجودی بـێ وجـودی ئـەوان ناوەشـێتەوە، کوشتوە، منالانی موسڵمانانیان دیل کردوە. دەستی کڕین و فرۆشتنیان تێ ناون.

((هەر لەم کاتەدا، دیسان هەواڵ هات" کەفیرقەیەکی تری ئـەم طـائیفـە پـڕ تەفرەقە بێ بونیادە، شەبەیخونی مەحمود بەگی رۆملوی حاکمی خـوی، لـەکاتێکا مەستی خەوی غەفلەت بوە، کردوەو کوشتویانە.

((ئەم موجیبە خێرخوازە لەم مەسەلانەدا ئەصڵەنو موتڵەقەن گوێی نەدایـە ئەوانە. هەموان چاوەڕێ بون کەفەسادو ئیفسادی ئەم جەماعەتە بگاتە سـامیعی جەلالو، بەپێی((کلکم راع وکلکم مسؤل عن رعيته))هـەر یەکـەیان بـەگوێرەی کارو کردارەکانی خۆی سزا بدرێن. کەچی هاوزەمانی ئەم حالە هەواڵ گەیشت کە لەلە پاشا چۆتە سەر مەڵبەندی شیروانو دەوروبەری. کۆشکی صـولحو سـودادی بەرەشەبای پەیمان شکێنیو بێ بەڵێنی وێران کردوە. هەر لەبەر ئارەزوی فەسـادو بیری لاساری ئالای عەهد ومیساقی نەواندوە..))[19].

وەکو ئەڵێن شا خۆی کوێر بوە. سەرەڕای ئەوە بێ دەسەڵات بوە، بەشـداریيەکی کـەمی کـردوە لەداڕشـتنی سیاسـەتی نـاوەوەو دەرەوەی دەوڵـەتی سـەفەویدا. لەسەردەمێکا مەهـد علیـای هاوسـەریو هەنـدێ لەسـەرانی قزلبـاشو، دوای کوژرانی ئەویش ئیتر ئەم هەر بەناو شا بو، ئەگینا دەسەڵاتی راسـتەقینە لـەدەس کاربەدەستانی دەربارو سـەرانی قزلبـاشدا بـوە. ئەشـێ نـاوەڕۆکی ئـەو نامەیـە بەهەڵوێستی رەسمیی دەزگای حوکمڕانیی قزلباش لەگەڵی کـوردو، راپەڕینـەکانی دابنرێ. ئەوەش دوایی لەسیاسەتی کوردیی شا عەباسدا بەڕونی دەرکەوت.

٣/٢ شا عەبـاسی کبیر

نمونە٧:

شاه عەبـاسو قەڵای دمدم(١٠١٨)

باسی سەرپێچیو لاساریی ئـەمیرخانی برادۆسـتو چـونی جـەنابی اعتمـاد الدولە بۆ مەڵبەندی ورمێو گەمارۆدانی قەڵای دمـدمو چـلۆنایەتی کارەسـاتو ڕووداوەکـانی.

بەسەرهاتی ئەمیرخانی چولاق بۆ هەمو کەس دەبێ ببـێ بەپەنـد. ئـەی ئـەو کەسەی بەدوای قسەدا دەگەڕێی تاوێك گوێ رادێرە تـا بەسـەرهاتی ئـەمیرخانت، کە لەعەشیرەتی برادۆستی کورد بو، بۆ بگێڕمەوە. لەسەردەمی شای بەهەشتیدا قەراتاج ناوێکی کورد لەڕیزی شا پەرستانو خزمەتکاراندا بو بەسەر تەرگـەوەڕو مەرگەوەر کەبەمەڵبەندی ورمێو شنۆوە نوساوە رادەگەیشت. پاش نـەمانی شـای بەهەشتی کەرۆمیيەکان مرخیـان لـەئازربایجان خـۆش کـرد. عێـلو عەشـیرەتە کوردەکانی سەر بەم دەوڵەتە بایان داوەو لەگەڵ رۆمیيەکان کـەوتن. شـا محەمـەد

ناوێك لەمیرزادەكانی برادۆست بەفەرمانی خوندكاری رۆم كرا بەمەزنو خاوەن دەسەڵاتی برادۆست.

ئەمیرخان سەری بۆ دانەنەواندو ملی بۆ رانەكێشا هەردەمە لەگەڵ یەكێك لەئەمیرە گەورەكانی كورد دەكەوت. ماوەیەك لەكن عومەر بەگی حاكمی سۆران رایبوارد، لەشەرێك كەعومەر بەگ لەگەڵ دوژمنەكانی كردی، ئەمیرخان دەستێكی لەئانیشكەوە پەڕی، ناوبانگی بەئەمیرخانی چولاق رۆیشت.

لەو ساڵەدا كەئالای بەرزی پادشایی لەئازربایجان دەشەكاوەو شا بەو پێوقەدەمە پیرۆزەوە بۆ داگیركردنی نەخچەوانو ئیرەوان دەیاژوا، ناوبراو هاتە بەر دەركی بارەگای پادشایەتیو خۆی بەشاپەرستو خزمەتكار نیشاندا. خاوەن شكۆ ئاوڕی رەحمەتی لێ داوە، مەزنایەتیو دەسەڵاتداری تەرگەوەڕو مەرگەوەڕی پێ بەخشیو نازناوی خانی دایەو سەری بەرزكردەوە. مەڵبەندی ورمێو شنۆی كەسەر بەئازربایجانەو لەسەردەمی شای بەهەشتیدا لەژێر فەرمانی یەكێك لەگەورە گەورەكانی قزلباشدا پێ ئەسپارد. لەسەر فەرمانی شا، وەستا زەڕەنگەرەكان دەستێكیان لەزێڕی سور دروست كردو بەگەواهیراتو مرواری بەنرخ رازاندەوەو لەباسكیان بەست. چونكە ئازاو مەرد بو خاوەن شكۆ زۆری رو دەدایەو گەلێكی چاكە لەگەڵ دەفەرمو. ئەویش دەستی خزمەتكاری لەسەر سینگی دانا. لەسایەی دڵسۆزیو چاوەدێری خاوەن شكۆدا رۆژ بەرۆژ بەپەیژەی مەزنایەتیدا چوە سەرو لەهەمو هاوشانەكانی خۆی تێ پەڕاند. چەند ناوچەو مەڵبەندی لەئەمیرەكانی كوردی سەر بەڕۆم ئەستاندەوەو سەر وڵاتی خۆی گێڕانو بەو جۆرە لەنێو ئەمیرەكانی كورد بەپایە بەرزیو لەشكرزۆری ناوبانگی دەركرد.

زۆر لەخێڵەكانو لەئەمیرزادەكان لەدەوری هاڵانو خزمەتی ئەویان رەچاو كرد. هێندەی پێ نەچو هەواو فیز لەسەری داو لەخۆبایی بو. لەو كاتەدا كەجغال ئۆغلی لەشكری بۆ ئازەربایجان كێشاو شەڕ لەدەوروبەری تەورێز قەوما، لەگەڵ ئەوەشدا كەزۆر لەشەڕگە نزیك بوو خۆی بواردو نەهاتە مەیدانو بەخزوری خاوەن شكۆ نەگەیشت. پاش شكاندنو تاراندنی جغال ئۆغلی لەشكری زاڵ بو، لەناوچەی سەلماس خستی. ئەویش بەدیاریو ژوانەوە هاتە بارەگا، لاواندراوەو كەم خزمەتیو خۆبواردنو نەهاتنە مەیدانی بەڕودا نەدراوە. بۆ ئەوەی دردۆنگ نەبێ ئەو و ئەمیرەكانی كورد كەوەحشی ترین تیرەی ئینسانن دڵخۆشی درانەوەو چاكەیان لەگەڵ كرا. مەرەخەس كرا كەبگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەڕواڵەت خۆی لەریزی خزمەتكاران دادەنا. بەڵام لەبنەوە لەبەر تەعەسوبی مەزەبیو پیسی دەرون لەگەڵ قزلباشی دەوربەری خۆی دوژمنانە دەجوڵاوە. هەوای سەربەخۆییو

سەرەڕۆیی لەسەریدا بو. ئەوەندەی بروز ئەستاند کەخەریکی ئاوەدان کردنەوەی قەڵایەکی گەورەو قایم ببێ. بەبارەگای دەوڵەتی راگەیاند کەقەڵای ورمێ بنکوڵ بوە، هەرەسی هێناوەو خۆڕاناگرێو بۆ ئەوە نابێ پشتی پێ ببەسترێ. ئەگەر ئیزن بفەرمون بناغەی چوار دیوارێك لەشوێنێکی لەبار دادەڕێژم. خاوەن شکۆ کەهەر رواڵەتی ئەوی دەدیو ئاگای لەدەرونی نەبو، ئیزنیدا. ئەویش لە٣ فرسەخی شاری ورمێ لەسەر کێوێکی هەرە بەرز کە کەوتۆتە بەشی تەرگەوەر بناخەی قەڵایەکی قایمی دارشت.

لەنێو کوردانیدا باوە دەڵێن! لەپێش ئیسلامدا لەزەمانی ساسانیەکان(ئەکاسرە)دا هەر لەو شوێنە قەڵایەك هەبوە کەپێی گوتراوە دمدمو دەسدرێژی رۆژگار خاپورو وێرانی کردوە. پیر بۆداق خان ئەمیری ئەمیرانی تەورێز کەپیاوێکی بەئەزمونو وشیارو کارامە بوە، لەجوڵانەوەی دوژمنانەی ئەمیرخاندا نیشانەی کەلەوە کێشیو مل هوڕی بەدی کرد. بۆیە بەبارەگای پیرۆزی راگەیاند کە: ((ئەمیرخان لەرێگای راستی لاداوەو هەوای سەرپێچیو لاساری کەوتۆتە سەرو بناغەی ئەو قەڵا بەرزو قایمەی بۆیە دارشتوە کە لەرۆژی پێویستدا بەکاری بێ. ئەو غولامە دروستکردنی ئەو قەڵایە هیچ بەقازانجی دەوڵەت نازانم)).

فەرمانی پیرۆز بەم جۆرە بەرێ کراوە: ((بۆ خۆت ئەمیری ئەمیرانی ئەو سنورەی ، ئەگەر ئەو قەڵا دروست کردنە بەقازانجی دەوڵەت نازانی پێشگری لێ بکە)). پیربوداق خان لەسەر فەرمودەی شا پیاوێکی باوەڕپێکراوی نارده کن ئەمیرخانو پێی راگەیاند: ((کەئەو لەریزی ئەمیرە مەزنەکانی شادا حساب دەکرێو پەروەردەی دەستی خاوەن شکۆیەو لافی پاکیو بەندەیی لێ دەدا. هەرچەند شای عالەم پەنا ئەو پەڕی متمانەی پێ هەیە. بەڵام بەو قەڵا دروست کردنەی ئەو زمانی زمان پیسان دەکرێتەوە. ئەگەر ئەو قەڵایەی لەترسی پەلاماری رۆمیان دروست دەکا. ئەگەر رۆمیان بێنە ئەو وڵاتە هەتا قەڵای قایمو گەورەی وەك قەڵای تەورێزو ئێرەوان لەنێویدا بێ، رو لەقەڵای وا ناکەنو ئەگەر ترسی لەئەمیرەکانی کورد بێ، ئەگەر روداوێك بقەومێ ئێمە غولامانی بارەگای شا کەپاراستنی ئەم سنورەمان لەئەستۆیە چۆن دەتوانین خۆ بنگخێنین؟ رەنگ بێ هەر ئەو عاشورە کۆنەی ورمێ بۆ ئەو بەس بێ واباشە کەدەست لەو قەڵایە هەڵبگرێو زمانی پیاوخراپان لەخۆی نەکاتەوەو ئەو ئامۆژگاریە دۆستانەی ئێمە کەقازانجی ئەوی تێدایە لەگوێ بگرێو خۆی نەکاتە نیشانەی بوختانو دەمگۆی ئەوتۆ کەبونی لاسارییو دوبەرەکی لێ بێ)). بەراستی ئامۆژگاریەکی

دۆستانەو دڵسۆزانە بو. چونکە بەپشت ئەستوریی ئەو قەڵایە بـو کەتوشـی ئـەو چارەنوسە رەشە هات و ئەوەی پێ گەیی کەدەبو پێی بگا.
بەکورتی ئەمیرخان هەر گوێی نەدا ئەو قسانەو پیاوەکـەی پیربـوداق خـانیش بەدەستی کوردە برادۆستیەکان کوژرا. قەڵایەکی یەکجار قایم و گـەورەی دروسـت کردو ئازوقەو چەك و چۆلی کێشاوە نێو قەڵاکەوە. ئەوجار لەورمێ دا رایگوێزت بۆ ئەو قەڵایە. رۆژ بـەرۆژ قەڵاکـەی قـایمترو ئـامرازی قـەڵاداری پـەرداختر دەکـردو لەراستیدا هێزی چارە رەشی و لێ قەومانی خۆی زیاتر پێك دێناو، کـاری ئـەوتۆی دەکرد کە بەهیچ بارێك لەگەڵ پاکیی و یەکڕەنگیی یەکیان نەدەگرتەوە. بۆ نمونـە خان ئەبدالی موکری برای شێخ حەیدەر کە لەخاوەن شـکۆ یـاخی ببـو ولەترسـی هێزی لەشکر لەهیچ شوێنێکی وڵاتەکەی خۆیدا حەجمین و حەوانەوەی نـەما بـو، بەخۆی و بیست کەس لەدەستوپێوەندەکانیەوە پەنای بۆ هێناو ئەمیرخانیش پـەنای داو کردی بەهاودەم و هاونشینی خۆی. بەڵام بەفێڵ و ڕێوی بـازی پیاوەکـانی خـۆی دەنارده دەرگای عالەمپەناو خۆی بەفیدایی و یەکڕەنگ نیشـان دەدا. لەکاتێکـدا کەجەلالیەکان ناردرانە کوردستان فەوجێکیان لەگەڵ نێـردرا پیربـوداق خـانیش سەرکردەی ئەو لەشکرە بو. ئەمیرخان کەئەو خەبەرەی بیست بەدەوڵەتی راگەیاند: ((نێوانی من و پیربوداق خان خۆش نیەو قسەی خـراپ لـەبارەی منـەوە بەعـەرز دەگەیەنێ. حەوانەوەی من لەنێو لەشکرێك دا کەئەو سەرکردەی بێ، کارێکی زۆر گران و ئەستەمە)).
بۆ دڵ راگرتنی ئەو ئەم فەرمانە بەقەڵەم داهات: ((لەبەرخاتری ئەو پیربوداق خان ئەو کارەی لێ وەرگـیراوە لـەجێی ئـەو حەسـەن خانمـان تـاعین فـەرمو کـە لەئەمیرەکانی عیراقەو پیاوێکی پاك و سەروڕو خۆشە بـەو حاڵەشـەوە ئەگـەر بـۆ خۆی ناتوانێ لەگەڵی کـەوێ، یـەکێك لـەکوڕەکانی و ردێـن سـپیەکی کارامـەو دوسەد سێ سەد کەسێکی لەگەڵ بنێرێ. با یەکڕەنگیی و دڵپاکیی ئـەو بـۆ ئـەمیرو حاکمەکانی کورد سور بێتەوەو خانەنشینیی ئەو بەخۆبواردن دانەنێن)).
ئەمیرخان سەرەڕای ئەو هەمو دڵسۆزی و مودارایەوە کە لەلایەن خاوەن شکۆوە لەگەڵی کرا، هەر لەسەر لاساری و سـەرەوەریی خـۆی رۆیشـت. کەحەسـەن خـانی ئیستاجلو و گـەورە گـەورەکانی قزلبـاش لەمەراغـە گەیشـتنە محەمـەد پاشـاو جەلالیەکان و بـەرەو خزمـەتی خۆیـان کەوتنـە رێ، بەئـەمیرخانیان راگەیانـد: ((لەسەر فەرمانی پیرۆزی خاوەن شکۆ ئەگەر بۆ خۆی لەتوانایدا نیە بـێ، چـەن پیاوی باوەڕپێکراوی خاوەن ئەزمون کە لەچـاك و خراپـی کوردسـتان و رێگاکـانی

ئاگادار بن‌و رەوەی بکەون پرسیان پێ بکرێ‌و بۆ راوێژ لەگەڵ کردن بشێن سازیکاو بنێرێ)) ئەمیر چەند پەڵپ‌و بیانوی گرتن.

کورتەی بیانوەکانی ئەوە بو: ((تیرەی جەلالی لاپرەسەن‌و نەگونجاوو باوەڕ پێ نەکراون. با گەورە گەورەکانی قزلباشیش دەگەڵ بن من ناتوانم لەگەڵ لەشکرێك بکەوم کەحەوت هەشت هەزار کەسی جەلالی دەگەڵ بێ. ئەوان لەهەر رێگایەکەوە دەیانەوێ بڕۆن. منیش لەپاشان هێندێك کەس بەدوای ئەواندا دەنێرم)) ئەمیرە گەورەکانی دەوڵەت سەرکێشیی ئەویان لەسەرەتای سەفەردا بەدڵ نەبو. ئەوە یان بەلاوە باش بو، ئێستا کەرێگایان بەلای ئەو دایە بەهەر بارێك بێ رامی بکەن" چونکە ئەگەر هات‌و ئەمیرخان کە لەنیزیکانی دەرگای شایە وا لاساریی بکاو بەلارێدا بڕوا، دەبێ لەئەمیرەکانی دیکەی چاوە نۆڕی چ بین؟ بۆیە وە سەر خۆیان نەهێناو بەزمانێکی نەرم‌و خۆش لێیان راسپارد، خانەخوێی باش بێ‌و چەن شەوێك رامان بگرێ، جا کەچاومان پێ کەوت لەسەرخۆ راوێژی لێ دەکەین‌و ئەوەی قازانجی ئەوی تێدا بێ وا دەکەین. ئەمیرخان هەر جوابی نامەو پەیامی حەسەن خان‌و ئەمیرەکانی دیکەی نەداوەو لەسەر کەللە رەقی‌و کەلەوەکێشی خۆی توندتر راوەستا.

کەپێشەکی لەشکر گەیشتە ناوچەی بەر حوکمی ئەو دەستەیەك لەکوردەکانی برادۆست بەرەنگاری بون‌و لەگەڵ ئەو جەلالیانەی کە لەپێش دابون بەگژیەکدا هاتن، دو پیاوی جەلالی کوژران‌و چەند کەسیش لەم نێوەدا برینیان هێنا. حەسەن خان‌و ئەمیرەکان کەلەو روداوە ئاگادار کران پیاوەکانیان گێراوە پاشەوەو شەڕو کێشەیان راوەستاندو لەنێو فرسەقی قەڵا لەجێگایەکی پەسێو هەڵیان‌داو لەشکریان خست. کوردەکان چونەوە قەڵاوەو هۆردوگایان وەبەر تۆپاندا، حەسەن خان دیسان پیاوی ناردەوە کن ئەمیرخان‌و هۆی ئەو رەفتارە نالەبارەی لێ پرسی. هەرچی لەو لایەوە قسەی خۆش‌و دۆستانە کران، ئەو پەڵپ‌و بیانوی سەیرتری هێنا گۆڕێ‌و دەرگای دۆستایەتیی‌و ئاشنایەتیی داخست. توشی هەرکەس لەقزلباش‌و جەلالی بوبان کەبۆ جێبەجێ کردنی کاروباری پێویست لەهۆردو وە دەردەکەوتن دەیان کوشت‌و روتیان دەکردەوە. دوپات بونەوەی ئەو کارانە دوژمنایەتی لەنێو هەردولادا بەهێزتر دەکرد. محەمەد پاشاش بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لەجەلالیەکان وەکارکەوت‌و پیاوەکانی پۆل پۆل تا بەر قەڵا دەچون‌و لەو لاشەوە کوردەکان لێیان وە خۆ دەکەوتن‌و بەپیریانەوە دەهاتن‌و لەهەردو لاوە چەند کەس دەکوژران‌و بریندار دەبون. کار لەکار ترازاو شەڕو کێشە گەرمتر بو. هێندێك کەس لەجەلالیەکان کە لەمحەمەد پاشا دڕدۆنگ بون بەتایبەتی محەمەد

بەگی برای تویل‌و دەستوپێوەندەکانی بایان داوەو چونە کن ئەمیرخان. بەو جۆرە نزیکەی سێ سەد چوار سەد کەس لەگەڵ ئەو کەوتن. ئەوەش پتر ئەوی لەخۆبایی کردو محەمەد پاشاش بەجارێکی هەراسان‌و جارز بو. ئاگری دوژمنایەتی لەنێوان ئەواندا هەڵ گیرسا، فەرمانی قەزا لەبارەی کوردە یاخیەکان‌دا دراو ملك‌و وڵاتەکەیان داگیر کرا. حەسەن خان بەناچاری لەوێندەرێ دامەزراو چلۆنایەتی بەپێچکی تەختی پادشا راگەیاند. ئەو خەبەرە لەئەردەویل بەعەرز گەیشت.

وەك لەسەرەتاوە نوسیمان عالی جەناب اعتماد الدولە، حاتم بەگی بۆ ئەو لای رەوانە فەرمو کە بەچاوێکی ژیرانە تەماشای ئەم سنورانە بکاو ئەگەر ئەمیرخان هیچ جێ متمانە بێ دڵی بداتەوەو بەکەرەمی شاهانە هیواداری بکا. جەلالیەکان لەدەوری قەڵای ئەو راگوێزێ‌و وەك ساڵان جێ هەواریان بداتێ. پێنج هەزار تومەن زێڕی نەقد لەخەزێنەی دارمالی شاهانە وەربگرێ‌و بیدا بەجەلالیەکان. جا ئەگەر ئەمیرخان هەر دانەمەزراو کەللەڕەقی‌و کەلەوە کێشی کرد، ئاوێکی بەو ئاگرە هەڵپرژێنێ‌و ملکەکانی ئەو بەسەر جەلالیەکان‌دا دابەش بکا تا لەوێ نیشتەجێ بن‌و ئاسەواریش لەکوردە لاسارەکانی دیکە ببڕێ.

باسی چونە ورمێی اعتماد الدولەو گەمارۆدانی قەڵای دم‌دم‌و کارەساتەکانی دەوری قەڵا

کەعالی جەناب اعتمادالدولە لەئەردەویلەوە هاتە تەورێزو لەگەڵ پیربوداق خان حاکمی تەورێز بەرخوردار بەگی ئەنیسی تۆپچی باشی‌و تفەنگچیەکانی ئیسفەهانی‌و خوراسانی‌و تەورێزی بافقیی وەڕێ کەوت. دو هەزار کەسیش جەلالی کە لەتالآنی قراچە ئەردەهانەوە دەگەڕانەوە لەگەڵ کەوتن.

لەسەلماس، خان وەلەد غازی بەگی حاکمی ئەوێش وێڕای ئەولیا بەگی کوڕی سەیفەدینە کوێرەی حاکمی ئەنزلی‌و سۆما لەگەڵ لەشکر کەوتن. رۆژی ۳ شەممەی ۲۶ی شەعبان گەیشتە هۆردوی ورمێ. حەسەن خان‌و محەمەد پاشاو گەورەکانی بەپیریەوە هاتن‌و بەخزمەت گەیشتن هۆردو لەجێگایەکی باش دامەزرا.

رۆژی دوایی جەنابی اعتمادالدولە پیاوێکی باوەڕپێکراوی دەگەڵ مەلیك ئاغا محەمەدی طسوجی کەئاشنایەتی کۆنی لەگەڵ ئەمیرخان هەبو. ناردە کن ئەو. پاش ئامۆژگاری دۆستانەو خێرخوایانە داوایان لێ کرد کە مل بداو لەدەوروبەری قەڵا بۆ دیدار ئامادە بێ تا رێگایەك بۆ نەهێشتنی ناکۆکی‌و ناتەبایی بدۆزنەوەو دڵی ئەو بێننەوە جێ. ئەمیرخان ملی داو لەقەڵا هاتەوە خوارو جەنابی وەزیریش بەچەند کەسەوە چو. چاویان بەیەکتر کەوت‌و لەهەمو بابەتێك دوان.

ئەمیرخان بەئاسوپەڵاس دا دەچوو بەفروفێڵو درۆو دەلەسە خۆی بەغولامو نۆکەر نیشان دەداو دەیگوت: ((لەترسی بەرەڵلایی‌و ئاکاری نالەباری جەلالیەکان‌و دڕدۆنگی لەبەرگری کردنی حەسەن خان پەنام بۆ ئەو چوار دیوارە هێناوە. محەمەد پادشا بەهیوای موڵك‌و ماشی منەو منی لەخزمەت خاوەن شکۆو بۆسۆو بەد ناو کرد. ئێستاش تکام ئەوەیە جەنابی وەزیر لەخزمەت خاوەن شکۆ عوزرم بۆ بخوازێتەوە. لەو زستانەدا لێم گەڕێن بۆخۆم نەبزوم. یەکێك لەکوڕەکانم لەخزمەت ئێوەدا دەنێرمە بارەگای بەرزی، جا کەبەهاری خاوەن شکۆ بەرەو کوێستان هات، بۆ خۆشم دێم بن ریسمەی ماچ دەکەم)).

جەنابی اعتمادالدولە دڵنیای کرد، هەمو شتی لێ قبوڵ دەکرێ بەو مەرجەی بەڵێنی خۆی بێنێتە جێ. بڕیار وا درا چونکە قەڵاداری ئەو دەنگسی داوەتەوە. بۆ ئەوەی خەڵك بزانن ئەو یاخی‌و سەرکێش نیە، بەخۆی‌و کەس‌و کارو دەستوپێوەندیەوە بێتە نێو قزلباش‌و لەگەڵ گەورە گەورەکان یەکتر ببینن‌و هیچ ترسی نەبێ. رۆژێك ئەو میوانی اعتمادالدولە بێ‌و رۆژێك اعتمادالدولە میوانی ئەو بێ. تا دەنگوباسی نێوان خۆشیی‌و یەکێتی ئەوان لەو سنورە بڵاوبێتەوە، ئەمیرخان بەوە رازی بو قەراری‌دا سبەینێ بێتە خوارێ.

جەنابی وەزیر کوڕێکی جوان‌و باشی رازاندەوە، چونکە ئەمیرخان نەیدەویست چاوی بەجەلالیان بکەوێ، بڕیار درا تاقە کەسێك لەو تیپە لەم کوڕەدا بەشدار نەبێ، ئەوێ رۆژێ هەرچی چاوەنوارِ بون سۆراخی ئەمیرخان نەبو. دیسان ئاغا محەمەدی طسوجی یان ناردە کنی، بزانی بۆچی دیارنیە؟ پاش وتووێژێکی زۆر بەئاغا محەمەدی وت: ((قسەی راست ئەوەیە ریش سپیەکانی برادۆست لەفێڵو دەهوی قزلباش‌و جەلالی ئەمین نین‌و پێیان وایە اعتمادالدولەکەپیاوێکی تاجیك‌و خاوەن قەڵەمە، پێشی ئەوانی پێ ناگیرێ‌و ئێمەی پێ ناپارێزرێ. بەکورتی یەخەی خۆم لەدەس ئێوە نانێم، ئەگەر بەقازانجی خۆمی بزانم کوڕێکم بەدیاری‌و پێشکەشەوە دەنێرمە خزمەت خاوەن شکۆو ئەگەر خەیاڵێکی دیکەیان لەسەردایە، ئەوە لەو حەوشە خزاوم‌و جگە لەقەڵاداری چارێکم نیە)).

کورتی بیبڕینەوە لەبنەوە بڕی‌و ناپاکی ئەو ئاشکرا بو. دیاری‌دا کەوتووێژەکانی بۆ فڕوفێڵو خۆبواردن بوە. ئەو قەڵا قایمە لەخۆی بایی کردوەو رێگای سەرەڕۆیی‌و لاساریی گرتۆتە بەر.

عالی جەناب اعتمادالدولە لەگەڵ ئەمیرەکان راوێژیان کردو هاتنە سەر ئەوە هێندە نەرم کێشیی لەراست ئەمیرخان بەهیچ بارێك لەگەڵ قازانجی دەوڵەت ناگونجێ. هاتنی وەزیری گەورەو باوەڕپێکراوی دەوڵەت بۆ بن قەڵای ئەو بەدەست

بەتاڵی گەڕانەوەی زۆر شورەییەو قبوڵ ناکرێ. هەمو خۆیـان لەقـەڵا گـرتن هـەڵ کرد، خەبەریشیان بەپێچکی تەختی شا ڕاگەیاند.

لـەپێش‌دا بـەڵێنم دابـو ئـەم چـیرۆکەتان وەك چـۆن روی داوە بەتـەواوی بـۆ بگێڕمەوە. جا بۆیە بە پێویستم زانی کەمێکتان باسی قەڵای دمدم بۆ بکەم: ئەو قەڵایە لەسەر دۆندی کێوێکی یەکجار بەرز دروست کراوە کەیەکپارچە بـەردێکی درێژۆکەو تەسکەو وەك پشتی گـا هەڵکـەوتوە. لای شـیمالو جنـوبی دۆڵـی زۆر قوڵن کەلەژێر لابو سەری دەبێ بەپەیژەی خەیاڵ بۆی بچێ. لەبەر بەرزی پێویستی بەشورە نیەو شورە یان بۆ نەکێشاوە. دولایەکەی دیکەیان کەپانایی قەڵایەکـە لای ڕۆژهەڵاتی پاڵی وە بەرزایی چیا داوەو شورەیەکی زۆر تەواوی بۆ کێشراوەو بورجی بڵندی هەن‌و دەرگایەکی هەیە. لای ڕۆژئاوای کە لەگۆڕایی نێـزیکترە شـورەیەکی یەکجار قایمی هەیەو دەرگایەکی بەرەو جنوب ئەکرێتەوە، لەدەروازە را بۆ عـەرزی ڕێگایەك بەنێو بەردی‌دا هەیە کەئەوەندە تەنگە بەزەحمەت سوارێکی تێوە دەچـێ. سەنگەر بردنە پێش لەلای ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاواوە نەبێ ناکرێ. لەلای ڕۆژهەڵات تیر هاوێژێکی بۆ دەرکی قەڵا بمێنێ، یەکپارچە بەردی سەخت‌و تەخت‌و ڕەقە. لەبنەوە بودری بۆ لێ نادرێ، کەبەردەکە براوە بـورجێکی زۆر بـەرزو قایمیـان لێ دروسـت کردوە کەبۆ خۆی قەڵاییچەیەکە، تا ئەو بورجە بەردەست نەکرێ سـەنگەر بردنـە بەر قەڵا مەحاڵە. ئاوی قەڵا لەحەوزێکی گەورە را دابین دەکـرێ کـە بـەباران پـڕ دەبێ. بەڵام لەلای شیمال لەنێو گەلی‌دا نێزیکی قـەڵا کانیـەك هەیـە، ئـاوی زۆر کەمە، ئەمیرخان جۆگەی بۆ کێشاوەو ڕێی بـۆ کردۆتـەوە وەدە حەوزەکـەی کـردوە. ئاوی ئەو کانیە لەئێوارەوە تا بەرەبەیانی حەوزەکـەی پـڕ دەکـا. ئاوەکـەی بەشـی ڕۆژێکی قەڵانشینەکان دەکا. گومبەزێکیان لەرێکی عـەرزیی لەسـەر حەوزەکـە هەڵخستوە کـە لـەپێش چـاوان ون بـێ. پێـی دەڵـێن((سـولق)) بـۆ پاراسـتنی حەوزخانەکە بورجێکیان بەپاڵ قەڵاوە هەڵچنیوە. لەلای جنوبەوە سـەهۆڵدانێکیان سازکردوە کە لەزستان‌دا بە بـەفرو سـەهۆڵ داخنـدرێ. لەتەنیشـت وی حـەوزێك هەیە، تا ئەو بەفرو سەهۆڵەی لەگەرمای هاویندا دەتوێتەوەو دەبێتە ئـاو بـەفیڕۆ نەڕواو لـەوێ‌دا کۆبێتـەوە لـەکاتی کـەم ئـاوی‌دا بـەکاربێ، ئـەو سـەهۆڵدانەش قەڵاییچەیەکی لەسەر دروسـت کـراوەو پاسـەوان‌و تفەنگچـی لەسـەر دانـدراوە. بەوێش دەڵێن((بوزلق))یا((قارلق))ڕێگای وێش وەك ڕێگای ((سولق))لـەدەرەوە را ونە.

بەکورتی ئەم قەڵایە لەپێنج قەڵا پێك هاتوە. یەکیان ئەسڵی قەڵاکە، یـەکیان قەڵای خوارێ، یەك((سولق))و یەك((بوزلق))و ئەوێ دیکەیان بـورجی گـەورەی

دەرەوەی دەرگای ڕۆژهەڵات کە لەپێش‌دا باسمان کرد، هەر پێنج ئەوەندە بەرزو قایمن کەپەیکی تیژڕۆی بیرو مێرولەی خەیاڵ ڕێیان تێ ناباو ڕێیان هەڵ ناگەڕێ.

جەنابی وەزیر بەلێزانیو بیرتیژیو وشیاری خۆیەوە کەمەندی زیبكو زاکۆنی هاوێشتە کۆنگرەی داگیرکردنی ئەو پێنج لا ئەستەمە. خەریکی سازکردنی ئامرازی پێویستی قەڵاگیری بو. لەو کاتەدا پێنج سەد تفەنگچی لە لەشکری تایبەتی خاوەن شکۆ بەسەرکردەیی صفرقلی بەگی یوزباشیو قۆرچیەکانی چگنی بۆ کۆمەك گەیشتنە جێ. گەنجعلی خانیش کە لەتەورێز بو، بەلەشکرێکی پەرداخەوە هات. حەسەن خانو ئەمیرانی هاوڕێی ئەوو تفەنگچیەکانی ئیسفەهانیو میر فەتاحی سەرکردەیان بۆ بەری ڕۆژهەڵات داندرانو بەری ڕۆژئاواش بەپیربوداق خان ئەسپێردرا.

مراد خانی سوڵتانی چینیو خەلیل سوڵتانو محەمەد تەقی بەگ بۆ بەرامبەر قەڵاییچەی بوزلق نێردرانو پاراستنی دەروازەی ئەولا بەگەنجعەلی خان سپێردرا. تفەنگچی مازندەرانی لەگەڵ صفرقلی بەگو قورچی چگنی بۆ بەری شیمال تاعین کران. بەرخوردار بەگی ئەنیسو تۆپچیەکان بەدو تۆپی گەورەو یەکێ(بالیە)ەوە دامەزرانو قبان سوڵتان بیگدلی بەسەرکردەی توپخانە داندرا. جارێ تۆپێکی بچوکیان لەدەریای رەشەوە بەکەشتی هێناو لەسەنگەری حەسەن خان دابەسترا. محەمەد پاشا توشی نەخۆشی دڵ هات، خزمەتێکی پێ نەسپێردرا. بەڵام جەلالیەکان بەسەر بەشەکانی لەشکردا دابەشکران. پێنج هەزار تومەن زێڕی شایی عەبباسی کەبۆ باربوی جەلالیەکان هێنرا بو بەسەریان دابەش کرا. بۆ هەر هۆزێکیان جێ هەوارێك لەپێش چاوگیرا. لەشکر خێوەتی هەڵداو هەر دەستەیەك چوە سەر کاری خۆی. ئەمیرخان خەبەردار بو ترسا. زۆر جار پیاوی ناردو خەریك بو بەدرۆو دەلەسە ئەو کێشەیە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڵام چونکە فرۆفێڵەکانی ئاشکرا ببون گوێ نەدرا بەقسەکانی. بەناچاری ئەویش خەریکی بەرگریو قەڵاداری بو چەند کەس لەئەمیرزادەکانی برادۆست لەقەڵا دەرپەڕینو هاتنە ریزی شاپەرستانەوە. هەر کەس لەقەڵاوە دەهات دەیگوت: قەڵا نشینەکان لەبەر کەم ئاوی سەخڵەتن، چونکە لەبەر وشکە ساڵیو کەم بارانی ئاوی حەوزەکە زۆری لەکەمی داوەو ئەوی ماوەش بۆگەن بوەو دەیدەن بەچوار پێیان. ئاوی خواردنەوەی بریتیە لەئاوی سولق، ئەویش تاس تاس دەدرێ بەپیاو ماقوڵان. ئەگەر سولق داگیر بکرێ جگە لەخۆ بەدەستەوەدان چارێکیان نیە، ئەویش بێتو لەبنەوە ڕا بودری بۆ لێ بدرێ گیانی زۆر گران نیە. ئەو تەگبیرە ئەقڵ دەیگرتو ئەگەر بەو جۆرە ناچاریان کردبان خۆ بەدەستەوە بدەن زۆر لەشەڕو خوێنڕێژی

باشتر بو. هەمو کۆششی خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخان کرد. وەستا کاریز کەنەکان خەریکی بودر لێدان بون. تا عەرزەکە خاك‌و نەرم بو بەهاسانی چونە پێش. کە گەیشتنە بەردی، سەوەیان چنین‌و شەوانە لەرێگای دورەوە گڵیان دەهێناو سەوەکانیان پڕ دەکردو بەڕیز دایان دەنان‌و کۆڵانێکی سەر داپۆشراویان دروست دەکرد. حەسەن خان لەلای رۆژهەڵاتەوە ئاوا دەچوە پێش. پیربوداق خانیش لەلای رۆژئاواوە سەر بەرەو ژور دەچوە پێش‌و هەر ئەو کارەی دەکرد. کوردەکان لەبەرە بەیانەوە دەڕژانە سەنگەرەوەو شەڕی باشیان دەکردو دەم بەدەم هاڕەی تیرەی تیژ پەڕی ئەوان پەیامی ئەجەلی بەگوێی غازیەکان رادەگەیاندو گوللەی تفەنگ وەك تەرزە بەسەر ئازاکاندا دەباری، دوسێ جار بەرۆژی روناك خۆیان دە سەنگەران هاویشت‌و شەڕی بەسام‌و گرانیان کرد، غازیەکان زۆر سەیر خۆیان رادەگرت‌و توندیان بەرگری دەکرد، هەمو جارێ لەهەردولایان زۆر دەکوژران‌و بریندار دەکران، جارێکی پەلاماری مەتەرێزی نعمەتوللا سولتانی سۆفییان دا، سۆفیەکان ئازایەتی‌و مەردایەتیەکی سەیریان نیشاندا، پێنج کەس لەزارکی مەتەرێزەکە یەك لەدوای یەك کوژران‌و نەیان هێشت کوردەکان خۆی تێ باوین، هەر کەسی دەکوژرا گیانبازێکی دیکە جێی دەگرتەوە، لەو رۆژەدا هەمویان پیاوەتی‌و ئازایەتیان نیشاندا، لەو شەڕەدا حەوت هەشت کەس غازی کوژران‌و پانزەیەك بریندابون، کوردەکانیش تابیست کەسیان لێ کوژراو سی چل کەسیان برینیان هێناو چیان بۆ نەکراو چونە دەقەلاوە. لەسەنگەری حەسەن خانی را ئەو تۆپەی بەرەو بورجەکە دابەسترا بو، پاش بیست رۆژ بەڵکو مانگێك تۆپ باران چرژێکی لەبورجە کەکرد بو، بەڵام هێشتا وانەبو پێدا وە سەر بکەوێ، حەسەن خان هەڵەشەیی کردو سەربەخۆ بێ ئەوەی پرس بەاعتمادالدولە بکا، رۆژێك هێرشی بردە سەر بورجەکە، دوازدە لاوی هەڵکەوتو ئازایانە خۆیان گەیاندە سەر بورج، چەند کەسیان ئەنگوان‌و هەڵدێران، ئەوانی کە چاوترساو بون‌و کەس نەوێرا هەڵکشێ‌و خۆیان هەڵداشت. دوسەد کەس کەگەیبونە بن بورجەکە لەوێ دامەزران تا نیوە شەو شەڕ بو خەریکی کۆڵینی دیواری بورج بون.

لەو کاتەوە کوردەکان لەپڕ لەپشتەوە پەلاماری غازیەکانیان داو بو بەشەڕە شیر، لەسەر بورجەوەش گوللەی تفەنگ داباری، لەقەلاشەوە دەسرێژ دەکراو کۆمەك بۆ غازیەکان نەدەنێردرا، ناچار غازیەکان دەستیان لەشەڕ هەڵگرت‌و گەڕانەوە، لاوی ئازاو هەلکەوتو لەو شەڕەدا کوژران‌و برینداربون، حەسەن خان لەئازایەتی شێتانەی خۆی پەشێوان‌و شەرمەزار بو، کارێك بو کرا بو، لەبەرئەوە

جەنابی وەزیر لەدوای چوان نەچوو دڵخۆشی داوە، لەشەڕێدا زۆر کارەساتی وا دەقەومێن، گرتنی قەڵایان بێ کارەساتی وانابێ.

پاش ماوەیەك کەکاریزکەنەکان کاریان کرد. لەبن عەرزەوە نەیانتوانی سەرچاوەکە بدۆزنەوە سەریان لێ شێوا بو نەیاندەزانی بودرەکە بەرەو کوێ لێ دەن؟ بەناچاری هەرچەند هەنگاوێکی دەچونە پێش نیشانەیەکیان دەچەقاند. کەدیاربێ بۆ کوێ دەچن. بەو نیشانانە کوردەکان لەکەین و بەینەکە گەیشتن. لەبەربێ ئاوی وەك ماسی کەوت بونە تورو هەڵبەزهەڵبەزیان دەکرد. هەمو شەویش هێرشیان دەهێنایە سەر بودرەکەو لەگەڵ تفەنگچیەکانی مازندەرانی و صفرقلی بەگو قورچی چگنی کەپاسەوانی بودر بون بەشەڕ دەهاتن، شەڕی زۆر گەورە دەکران و شەو بوێریان نەبو. کاریزکەنەکان دەرفەتی کارکردنیان نەبو، سێ مانگەی رەمەزان و شەشەکان و نێو جێژنان بەو جۆرە شەڕو کێشە درێژەی هەبو، دوسێ جار خەڵکێکی زۆری شەڕ نەکەرو ژن و منداڵیان لەقەڵاوە دەرنا کەژمارەیان نێزیك بەهەزار کەس دەبو.

ئەو خەڵکە بەشڵەژاوی خۆیان دەگەیاندە ئاو. گەمارۆدراوەکان ئەو کانیلکەیان بەئاوی حەیات دەزانی و فیداکارانە بۆ پاراستنی سولق تێدەکۆشان، لەو لایشەوە ئەوپەڕی هەوڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە دراو بێ سود نەبو. چونکە ئاوی حەیات ون بو، جەنابی وەزیر تەگبیرێکی دیکەی کرد، بڕیاریاندا کە بەسەر عەرزیدا بۆی بچن و سەربانی گومبەزی سولق کون بکەن و تۆپی گەورە لەدیواری پەیژە بەرەو داڵانی ئاو دابەستن و ئاگری بدەن، کەکوردەکان نەوێرن هات و چۆی کانیەکە بکەن، بودرەکەش بەبن عەرزیدا هەر لێ بدەن، قەرار درا کەمیرسۆفی و میرپازوکی و میر مقدم لەسەنگەرەکانیان بێنە دەرو سەنگەر بگوێزنەوە بۆ سەر سولق، حەسەن خان پیاوی کارامەی لەجێی خۆی دانان و بۆ خۆی سەرپەرشتی ئەو میرانەی وەستۆ گرت. پیربوداق خانیش سەنگەرێکی بەرەو سولق دامەزراند، جەنابی اعتمادالدولە ئەوەندەی ئەو قەڵا گرتنە بەلاوە گرنگ بو، کەبۆ خۆی هاتە سەر تۆپخانە، بیست و یەك رۆژ لەسەر تۆپخانەی بو، لەبەیانەوە هەتا ئێوارە تۆپ هاویشتن و پاراستنی سەنگەرەکان لەژێر چاودێری خۆیدا بو، هەمو شەوێ هەر ئەرکێك بەهەر ئەمیرێك ئەسپێردرابایە بەیانی لێی دەپرسراوەو ئەگەر تەنەخی تێدا کردبا. سەرکۆنە دەکرا، کوردەکان زۆر هەراسان بون، کەشەو رادەشکا لاوی تەیارو پەرداخ و چەکدار دەهاتنە دەرێ و لەدەورەی سولق شەڕ دەست پێ دەکراو ئازایەتیان نیشان دەدا، لەو لایەشەوە مەشخەڵ هەڵدەگیرسان و لەبەر روناکایەتی مەشخەڵان تفەنگچیەکان بەربەرەکانیان دەکرد. هەمو شەوێ

ژمارەیەك لەهەردو لایان دەکوژران و بریندار دەکران، لەلاپاڵی چیا ئەشکەوتێك هەبو کەبەسەر سولقدا دەیڕوانی، کوردەکان لەبن ئەشکەوتەکەوە بۆدرێکیان لێ دەدا کە لەئەشکەوت بێنە دەرو لای سەرو لەغازیەکان ببڕنەوەو دەریان پەڕێنن و بۆ هەمیشە بەرگری لەو کارە بکەن، پاش ئەوەی ئەو خەبەرە بەئەمیرەکان گەیشت وایان بەباش زانی کەپێش دەستی بکەن و ئەشکەوتەکە بگرن، تا لەداگیرکردنی سولقدا دەستیان بکرێتەوە. نیزیکی سێ لاوی لەخۆبوردو هەڵکەوتو ئەو ئەرکەیان لەئەستۆی خۆیان گرت. لەگەڵ گزینگی هەتاو ئەو لاوە ئازایانە لەزارکی سەنگەرەوە بەبەر قەڵادا بەغار رۆیشتن و خۆیان لە ئەشکەوت هاویشت. لەقەڵاوە زۆریان تفەنگ پێوەنان، بەڵام لەیەك کەس زیاتریان لێ نەکوژرا.

((کەشەو بەرگی عەبباسیانی دەبەر کرد، ئەمیرە گەورەکان تا نیوە شەو لەسەر سەنگەرەکانی خۆیان راوەستان و پاسەوانیێتیان کرد، پاش نیوە شەو دو دەستە لەکوردەکان هاتنە دەرێ. قۆڵێك رویان لەسەنگەرەکان کردو شەڕیان هەڵایساندو خەڵکیان بەخۆیانەوە خەریك کردو قۆڵێکیش لەبن ئەشکەوتەکەوە سەریان دەرێناو لەگەڵ ئەوانەی لەئەشکەوت دابون شەڕیان دەست پێ کرد، ئەو لاوە ئازایانە چاك وە دەست هاتن و تا گوللەیەکیان پێ ماو تیرێکیان لەتیرداندا بو شەڕیان کردو ئەشکەوتیان بەدەستەوە نەدا. پاش ئەوەی هیچییان پێ نەماو دە کەسیشیان لێ کوژراو چی وای نەما بوو کوردەکان خۆیان لەباڵ باوین و ئاسەواریان لێ ببڕن، ئەو بیست کەسەی مابون دەستیاندا شیران و لەئەشکەوت دەرپەڕین و بەنێو کوردەکان وەربون، تا بەقونە شەڕ بڕۆن و ئەوێ ئەجەلی وە درەنگی کەوتبێ بەزیندویی بگاتەوە سەنگەر، هەشتی برینداریان هەرچۆنێك بو گەشتنەوە ئەوانی دیکە رێگای نەمانیان گرتە پێش، کوردەکان دو برینداریان کەیەکیان تفەنگچێکی ئیسفەهانی و ئەوی دیکەیان پازۆکی بو بەزیندویەتی گرت و بردیاننە قەڵایە. ئەمیرخان لەئازایەتی ئەوان سەری سوڕما بو نەیهیشت بو بیانکوژن و دەرمانی کرد بون و پاش ئەوەی برینەکانیان سارێژ ببوەوە ئیزنی دابون بێنەوە دەرێ.

بەکورتی لەبەرەبەری بەیاندا ئەو شەڕە دوایی هات و کەلاکی کوژراوەکان کەلەبەر زارکی ئەشکەوت کەوت بون دیار بو. غازیەکان کەمێکیان سام لێ نیشت. جەنابی اعتمادالدولە دڵتەنگ بو هەرچەشەی لەئەمیرەکانی مقدم و سۆفی و پازۆکی فەرمو.

بەڵام لەشەڕدا ئەوانە هەر دەبن و ئەویش بۆ ئەوەی دوژمن دڵخۆش نەبن زیاتر لەرۆژان خەریکی کاروباری شەڕ بو. هەر ئەوێ رۆژی چل غازی ئیستاجلو کە

لەگەڵ حەسەن خان بون رقیان هەستاو غیرەتیان بزوتو خۆیان بۆ گرتنەوەی ئەشکەوت ئامادە کرد. اعتمادالدولە لەئیزن دانیان دودڵو لەروداوی دوێشەوی نیگەران بو. حەسەن خان زۆری هەوڵدا و گوتی: ئەمشەو بۆ خۆم ئاگام لەوانە دەبێو بەسێ سەد کەسەوە بەرگری لەهێرشی کوردەکان دەکەم. جەنابی وەزیر لایەك خۆشو لایەك ناخۆش رەزای داو بەقبان سولتانی بیگدلیو اماقولی سولتانی ئاجراوی ئەسپارد کەپشتی حەسەن خان لەو شەوەدا بەهەمو هێزی خۆیانەوە بگرن.

لەسەر داوای ئەمیرەکان دە کەسی دیکەیان لەگەڵ خستو بەتێکڕایی بونە پەنجا کەس. بەتەیاریو چەکداری تێشوو پێویستی چەند رۆژەیان هەڵگرتو لینگیان دا بەرەو ئەشکەوت. کوردەکان لەئازایەتیو خۆبەخت کردنی ئەوان سەریان سوڕما. کەشەو داهات زۆرتر لەشەوی دی هاتنە دەرێو شەڕ قەوماو، شەڕێکی یەکجار توندو گەورە. حەسەن خانو ئەمیران لەدەرەوەو کوڕە کوڕەی نێو ئەشکەوت لەژورەوە بەگژ کوردەکاندا هاتنەوە تا بەرە بەری بەیان شەڕ بو کوردەکان هەرچەندی تێکۆشان چیان بۆ بەچی نەکراو بەشلەژاوی گەڕانەوەو غازیەکان پیاوانە ئەشکەوتیان داگیرکرد. هەمو شەوێ چەند کوردیان کە تابەیانی ئاویان دەکێشاوە بەتۆپو تفەنگ دەکوشتو بریندار دەکرد. تا وردە وردە سەنگەر هەڵکشانو گەیینە سەربانی حەوزی سولق گومبەزی حەوزخانەیان کون کردو لەوێ را ڕێگای ئاویان دیتەوەو زانیان سەرچاوەکەی لەکوێیە. کوردەکان خەریکی دۆزینەوەی چارە بون.

هەمو رۆژێ لەنێو بودرەکەوە شەڕیان دەکردو بەرگریان لەکاری ئەو کەسانە دەکرد کەبودریان لێ دەدا. ئەمیرە گەورەکان رۆژی هەژدەی مانگی قوربان جەنگەی نیوەڕۆیە، کایەکی زۆریان لەکونی سولق کردو ئاگریان تێ بەردا. پاسەوانی حەوزخانە خۆیان لەبەر ئەو قانگ دانە رانەگرتو هەڵاتنەوە بۆ قەڵا. غازیەکان خۆیان فرێدا خوارێو سولقیان داگیرکردو ڕێگای ئاویان باش بەخشتو قوڕ گرت. ئەوی رۆژێ هەرایەکی گەورە لەبن قەڵا دەس پێ کرا. کوردەکان زۆر تێ کۆشان بەرگری لەو کارە بکەن. بەڵام دەروست نەهاتنو هیچیان بۆ نەکرا. پاسەوانی سولق بەتفەنگچیەکانی مازندەرانی ئەسپێردراو ئەمیرە گەورەکان هەر یەکە گەڕانەوە بۆ سەنگەرەکانی پێشوی خۆیان جەنابی اعتمادالدولەش لەتۆپخانە را گەڕاوە بۆ مەزلی خۆی.

ئەمیرخانو گەورە گەورەکان تا دە پازدە رۆژ بەناوی کەمی بوزلقو خەڵکەش بەناوی بۆگەنی حەوزی گەورە قەناعەتیان کردو خەریکی قەڵاداری خۆیان بون

چونکە داگیرکردنی سولق لەزستانەوە تا بەهاری کێشا. وەختی بارانێ هات و هەورەکان ئەمساڵ بەپێچەوانەی ساڵی رابردو وەك فیلانی مەست کەوتنە شریخ و هورو بەرەحمی خوای کەکەس نازانی چەند زۆرە، نیزیکەی مانگێکی بێ نێوبڕ باران باری و لێی نەکردەوەو قەڵانشینەکانی لەناو بێ نیاز کرد، چونکە تەگبیر تەقدیری پێ هەڵناوەشێتەوە، ئەو هەمو هەوڵ و تێکۆشانەی لەوسێ مانگەدا بۆ داگیرکردنی سولق ئەنجام درا بەفیڕۆ چو قەڵانشینەکان پتر لەجاران خەریکی قەڵاداری بون)) [٢٠].

باسی داگیرکردنی قەڵای دمدم و کوژرانی ئەمیرخان و دەستوپێوەندەکانی و کارەساتەکانی دیکە، کەهێندێکیان لەسەردەمی ژیانی اعتمادالدولەدا و هێندێك پاش ئەو رویان داوە.

چونکە لەبەر بارانی زۆر وەك گوتمان سولق سودێکی ئەوتۆی نەبو، بڕیاردرا کەهەمو ئەمیرەکان سەنگەری خۆیان بەرێگای کوچەی بەسەوەتان دا بەرنە پێش و قەڵاکە بەیارمەتی خوداو هێزی باسك بگرن. جەنابی وەزیر لەمەزلی خۆی باری کردو بۆ لای سەنگەری حەسەن خان هات. سەنگەرێکی بەسەرکردەیی صفرقلی بەگ و پیاوەکانی تایبەتی شا کردە سەنگەری خۆی و لەوێدا دامەزرا. لەهەمو لاوە شەو و رۆژ تێ دەکۆشان و شتومەك و کەرەستەیان دەکێشاوە. سەوەچنەکان سەوەیان دەچنین و هێندێك گڵ و قوڕیان لەرێگای دورەوە دێنا تا سەوەکانی پڕ بکەن. ئاسنیان بەسەر تەختەیەکی ئەستوردا کێشا بوو گەردونەیەکیان سازکرد بوو کەکارگەرەکان لەپشت ئەوێ کاربکەن و لەگوللەی زەبر زەن و تفەنگ بپارێزرێن. بەو جۆرە شەوانە کاریان دەکردو گەز بەگەز دەچوونە پێش. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شەوێك نەبو کە دوسێ کەس نەنگیودرێن و لەنێو نەچن. لەپێشدا حەسەن خان و ئەلیاس خەلیفەی قەرەداغلو و میر فەتاحی مین باشی تفەنگچیەکانی ئیسفەهانیان بەو جۆرەی گوتمان بردنە پێش و سەنگەریان گەیاندە بن بورجی گەورەی دەرەوەی قەڵاو تەنیشت دیواری. قەرابەگ ناوێك کەوەکیلی ئەمیرخانی بو، پاسەوانی لەو بورجەی دەکرد. کارێزکەنەکان چەند رۆژ کاریان کردو ئەو دارانەیان ئاگر تێ بەردا کەبۆ قایمی دەنێو چینەی دیواریان کێشابون. ئەو دارانە سوتان. دیوارەکە هەرەسی هێناو زگی داو نیوەرۆیەك کەکارگەرەکان خەریکی نان خواردن بون، لایەکی بورجەکە بزوت تێك روخاو دەستەیەك لەپاسەوانەکان لەگەڵ خاك و خۆڵ بۆ نێو دۆڵەکە جالە بونەوە. کەئەوە رویدا جەنابی وەزیر بۆ حەسەن خانی دەستور فەرمو کەئیتر چ وەختی راوەستانە، هێرش بۆ بورجەکە بەرن.

حەسەن خان فەرمانی هێرشیدا. هەوەڵ کەسێکی پێی لەسەر بورجەکە دانـاو تفەنگی لەقەرابـەگ داو سـەری بـڕیو هێنایـەوە، پاڵـەوان محەمـەد ناوێـك بـو لەتفەنگچیەکانی خوزانی ئیسفەهانی. لەپاش ئـەو دوازدە کەسـی دیکـەوە سـەر بورجەکە کەوتنو حەوت هەشـت پاسـەوانیان لەسـەری سـەر بـڕی. خوشـکەزای ئەمیرخان کەلاوێکی زۆر جوان چـاكو شـەنگو شـۆخ بـو، هەڵـدێراو لـەخواریٚ لەگەڵ گێلە پیاوێکی تیەی چینی کـە لەپاسـەوانان بـوو تێـك ئاڵقـانو دەسـت بەیەخـە بـون. هـەر دەس بـەجێ کوشـتیو سـەری بـڕیو هێنایـەوە، جـەنابی اعتمادالدولە زۆری پێ ناخۆش بو وگەلێك بەسەر کابرای دا هاتو ئەو خەڵاتـەی بەهیوای بو نەیدرایە.

بیبڕینـەوە، بورجەکـە داگیرکـراو پاسـەوانەکانی زیاتریـان کـوژرانو چـەند کەسیشیان لەبن داروبەردو گڵدا خنکان. نوسەری ئەم پیتانە کە لەو هاتوچۆیەدا رەفیقی جەنابی وەزیر بو، ئەم چوار نیوە شیعرەی بەدڵ داهاتو نوسی:

((ئەو بورجە کەبۆ گرتنی دەستت گیرا
لەئاسۆی ئەویٚ وەك هەتاو هاتیە دەر
ئەوەندە بەرز بو کەدەستی هیوای کەیوان
کورت بو بۆ ئەوەی بگاتە توربە رێژی))

کاتێك بورجی گۆڕین کەوەك بەردی سەر رێگای غازیان بو گیرا، کـار هاسـان بو، لەماوەی دە رۆژدا سەنگەرەکانیان گەیاندە دەوروبـەری قـەڵاو تۆپچـیەکانیان دامەزرانـد. تـۆپێکی گـەورەی بالیمزیـان بەرانبـەر بەقـەڵای سـەریٚو تـۆپێکی دیکـەیان بەرانبـەر بەقـەڵای خـواریٚ لەسـەنگەری پیربوداقخـاندا دامەزرانـد و دەستیان بەگوللە باران کردو تـەنگیان بەقـەڵا نشـینەکان هەڵچـنی. ئـەمیرخان سـەری لێ شـێواو کوردەکـان هیـوا بـڕاو بـون، چـونکە گـەلێك لـەخزمو کەسوکارەکانیان لەو شەڕانەدا کوژران. قەڵانشینەکان دەستیان بەهاتنە دەرکـرد. هەمو رۆژێ دە کەسو بیست کەس لـەکوردەکانو لەجەلالیـەکان خۆیـان دەربـاز دەکردو پەنایان بۆ سەنگەرەکانیان دەهێنا. لەسەر فـەرمانی پـیرۆز پـەنا دەدرانو خەڵات دەکرانو دڵخۆشی دەدرانەوە.

بەکورتی کاری قەڵا گەیشتە جێگایەك کەئـەورۆو سـبەی بگـیرێ. کـەروداوی مەرگی اعتمادالدولـە رویدا. چـلۆنایەتی روداوەکـە ئەوەیـە: رۆژێکـی لەگـەڵ ئـەمیرەکان لەمـەزڵی گەنجعـەلی خـان بـون. ئێـواریٚ کەهاتنـەوە سـەرێکی تۆپخانەیاندا، سەری شەویٚ هاتنە دیوەخان، پاش بەجێ گەیاندنی نوێـژان تـا دو

بەتڵ شەو رابرد وەك جاری جاران زۆر بەرِوگەشیو روخۆشی لەگەڵ خەڵکی مەجلیس قسەی کرد، کاتی خەو چووە جێی نوستن. نوسەری ئەم پیتانە هێشتا نەگەیی بومەوە مەزڵی خۆم کەبەدوام داهاتن. منی هەژار سەرم سورِما کەدەبێ هۆی بانگ کردنم چی بێ؟ یەکی دیکە گەیشتو گوتی: جەنابی میرزا بەمەرگی موفاجات تەواو بوو, هەمو توشی سەرسورِمانو خەمو پەژارە بون. خەبەرەکەمان بەخاوەن شکۆ راگەیاند. هەر ئەوێ شەوێ تەرمەکەیان لەبن قەڵاهێنا خواریو شوشتمانو کفنمان کرد. ئێوارەی ئەوی رۆژێ ناردمانەوە تەورێزی. ئەمیرەکان ناردیان لەدوی امامقولی خان کە بەلەشکرێکی تەیارەوە لەسەلماس بو.

ئەو روداوە هەمو کەسی پەرێشان کردو کاری قەڵای کەنیزیك بەتەواو بون بو کەمێك وە دواخست قەڵانشینەکان خورِاگرتربون. تا محەمەد بەگی شاملۆ کە کرابووە سەردار گەیشتە جێ، ئەمیرەکانی پێشوو تازە هاتوو بەورِپەرِی لەخۆبوردنەوە خەریکی گرتنی قەڵابون. بەماوەیەکی کورت سەنگەرەکان لەخوارەوە گەیشتنە بن دیوارو بورجەکان بەزەبری تۆپە بەرد وەشێنەکان وەلەرزین کەوتنو درزو کەلێنیان لێ پەیدا بو. لەلای سەرەوە ئازایانی قەڵاشکێن هێرشیان هێناو دوسێ بورجیان داگیرکرد. لەلای سەنگەری پیربوداقخانیشەوە غازیەکانی تورکمان پەلاماریان بۆ بورجەکانی خوارەوە کەکورِە گەورەی ئەمیرخان فەرماندەی بو، بردو پێی هەڵچونو وەسەری کەوتن. پاسەوانەکان خۆیان بۆ رانەگیرا. دەستیان لێ هەڵگرتو رایان کرد بو قەڵای سەرەوە. حەوشەکە کراوەو لەوێ را خەریکی هەڵکەندنی دیواری نێوان دو قەڵاکان بون، پاسەوانەکانی بوزلق پیاویان نارده خزمەت ئەمیرەکانو ئامانیان خواست تەسلیم بونو بوزلقیان بەدەستەوەدا. سێ قەڵای قایم گیان، کوردەکان لەفرە کەوتن، هەمو رویان لەماڵی ئەمیرخان کرد کەئەوێشیان کردبوە نارین قەڵا.

غازیەکان بێ ترس خۆیان لەقەڵا هاوێشت. جگە لەماڵی ئەمیرخان هەمو کەلێنو قوژبنی قەڵاکەیان داگیر کرد، ئەمیرخان کەتەماشای کرد لەهەمو لاو بەڵا دەورەی گرتوە، کوردەکانی لەشەرِکردن مەنع کردو ناردیە کن محەمەد خانو تکای کرد کەبۆ خۆی لەگەڵ غازیەکانی شاملۆ بێنە ناو قەڵا، چونکە لەحەسەن خان دەترسمو زۆرمان خوێن لەیەکتر رشتوە، ئەو ئاگاداریمان لێ بکا خۆمو کورِەکانمو خێزانو دەستوپێوەندەکانم بەسەلامەتی بنێریتە بەر بارەگای بەرزی شا.

لەو کاتەدا خان ئەبدالی موکری بەچەند کەس لەنزیکەکانی خۆیەوە هاتە دەر، ئەویان ناردە قۆناغی ئەلیاس خەلیفەی قەرەداغلۆ کەمیوانی ئەو بێ.

لەپاش ئەو محەمەد بەگی برای تویل بەو جەلالیانەوە کە لەقەلاّدا بون دەرکەوت، پاشان محەمەد بەگ لەسەر ویستی ئەمیر خان چوە نێو قەلاّ، ئەمیرخانو کورە گەورەکەیو نیزیکەی سەد کەس لەعەشیرەتی برادۆست، هەمو زریّ پۆشو تفەنگ بەدەستو چەکدار بەهەمو ئەسبابی شەڕەوە لەماڵەوە هاتنە دەر، لەگەڵ محەمەد بەگ یەکتریان دیو دوسەد کەسێکیش لەقەلاّدا مانەوە.

محەمەد بەگ پاسەوانی بەدیاریەوە دانان کە کەس ڕێیان نەرزێو روو لەماڵیان نەکا، ئەمیرخانو دەستوپێوەندەکانی هێنا ماڵی خۆیو خێوەتو بارەگایەکی گەورەی تایبەتی بۆ هەڵدان. ناردی لەدوی حەسەن خانو ئەمیرەکانی تر کەبێن ئەمیرخان ببینن. جا ئەو دەمی هەرچی قازاغی دەوڵەتی تێدا بو ئەوەی بکەن. بۆ خۆشی وێڕای براکانی لەنێویان دانیشتو بەگەرمی میوانداری لیّ کردن، کەحەسەن خان لەخێوەتەکە نیزیك بوەوە ناردی بەدوای محەمەد بەگیداو بانگی کردە دەریّ. نەهاتنی حەسەن خان بۆ خێوەتو چونە دەریّ محەمەد بەگ ئەوانی نیگەرانو دڕدۆنگ کرد، حەسەن خان بەمحەمەد بەگی وت: ((سەرم لەکاری تۆ سوڕماوەو قەت وام لەتێگەیشتنو لێزانینی تۆ رانەدەدی کە بەخۆتو برایانەوە لەنێو ئەو یاغیو سەرکێشو لاسارانەدا دابنیشی کە دەستیان لەخوێنی خۆیان شوشتوەو جیّ متمانە نینو نابیّ بەهیچ بارێك بڕوایان پیّ بکریّ. تەگبیر ئەوەیە کەئەوان لەبەریەك بلاّو بکەی ئەمیرخانو کورەکەیو چەن کەسیان لەکن خۆت گل بدەوەو ئەوانی دیکە هەرچەند کەسیان بەئەمیرێکی بسپێرە کەپاش ئەوەی فەرمانمان بۆ هات جیّ بەجێی دەکەین)).

محەمەد بەگ ئەو قسەی پیّ بەجیّ بو، پیاوی نارده کن ئەمیرخانی: ((مانەوەی ئەو هەمو کەسە پێکەوە لەجێگایەك ئیمکانی نیە، بۆ خۆتو کوڕو خزمەکانت لێرە بحەسێنەوەو ئەوانی دیکە دادەبەشین)). ئەمیر خان ملی راکێشا بەلاّم ئاوەڵەکانی ملیان نەداو گوتیان: ((بۆ خۆت دڵنیای کەئەمیرەکان سەربەخۆ ناوێرن ئەتۆ بکوژن. بەلاّم یەکیّ لەئێمە ناهێڵن. بڕیارمان وابو کە لەخۆشیو ناخۆشیدا پێکەوە بژین. ئێستا وادیارە تۆ ژیانی دو رۆژت پیّ باشترە. ئێمە لێك هەڵنابڕێینو ئەگەر بکوژرێین باپێکەوە بمرین)). جوابیان ناردەوە دەریّ لەکاتی ئەو هاتوچۆیەدا لەماڵی الیاس خەلیفە هەرا پەیدا بو، کاتێك خان ئەبدالی موکریان نارده قۆناغی ئەلیاس خەلیفە، بۆ خۆی لەسەنگەر بو. پیاوەکانی خەریکی میوانداریو بەجیّ گەیاندنی ئەرکی پێویست بونو شەربەتیان بۆ هێنانو، لەو حاڵەدا خەلیفە کەپیاوێکی سۆفیو خاوەن ئاکارێکی ساکار بو بەسەردا هاتەوەو میوانەکانی زۆر بەخێرهاتن کردو لەپیاوەکانی توڕە بو کەبەو گەرمایە بۆ چەکو

بەرگی شەڕتان لەبرادەران نەکردۆتەوە. خزمەتکارێك کەبەرگی شەڕیان لێ وەرگرێ و سوکیان بکا. خان ئەبدال و ئاوالەکانی خەیالێکی دیکەیان بەدڵدا هات. دەسبەجێ لەجێی خۆیان راپەڕین و شیریان هەڵکێشاو چەن شیریان لەئەلیاس خەلیفە داو چەن کەسیان لەخزم و پیاوەکانی کەبێ چەك بون لەنێو خێوەت برینندار کرد. غازیەکانی قەرەداغلو پێیان زانی و بەشیری روتەوە لەخێوەتی وە ژور کەوتن. ئەلیاس خەلیفەو دوکەس لەخزمانی کوژرابون و چەن کەسیش برینندار بون. رویان لەخان ئەبدال کردو ئەویان بەئاوەلانەوە لەتوپەت کرد، ئەو روداوە قسەی حەسەن خانی وەڕاست گێڕاو کەس متمانەی بەوان نەما. قزلباشی غەزاکەر روبونە شیان و لەسەر کەسەوە نەچون و شیریان تێ نان، هەرەس لەو روش پێشتر هات بوە دەر، چ کورد چ جەلالی کوژرا. چونکە بەردەست بونی ئەو چینە غەدداره وەك ئیمانی ناهومێدی بو. ئەمیرخان و ئاوالەکانی هێرشی قزلباشیان بۆ دەورەی خێوەتەکەیان دی و راپەڕین و لبادیان کون کردو غازیەکانیان وە بەر تفەنگدا. لەولاشەوە خێوەت گوللە باران کرا. بیست سێ کەسیان وەبەر هاتن کوژران. ئەوانی دیکە بەشیری روتەوە دەرپەڕین و بەشەڕکردن بەرێگای نەماندا رابردن. لەشکری رق هەستاو وای دەست بەکوشتار کرد کەئەو کەسانەی شەش مانگ لەوەی پێش هات بونە دەریش دەرباز نەبون، تەڕو وشك پێکەوە سوتا، ئەوانی لەقەلاش مابونەوە ئاسەواریان لێ بڕا، بەکورتی قەزاو قەدەر وای هێنابو ئەو روداوە لەخۆیەوە قەوما، پاداشی نمەك بەحەرامی خۆیان وەرگرت. پاش لێکۆلێنەوە زاندرا کەئەمیرخان و ئاوالەکانی تەگبیریان کردبو هات بونە سەر ئەوە کەرزگارییان لەدەس قزلباش ئیمکانی نیە. گوت بویان((بەرگی شەڕی لەبەردەکەین و چەك هەڵدەگرین و دەچینە دەرێ، هەمو ئەمیرەکان لەو کۆڕەدا کۆدەبنەوە، دەستیان لێ دەدەینە شیان، تا لەدەرەوە ئاگادار دەبن جوقەواریان لێ دەهەرین، ئەگەر توانیمان وە دەرکەوین و خۆ رزگاربکەین ئەوە باشە، ئەگەر نەمانتوانی بەس نیە تۆلەی خۆمان لەپێشدا کردۆتەوەو خوێنی خۆمان ئەستاندەوەو پیاوانە کوژراوین، بۆیە ئەو ئازایەتیە لەخان ئەبدال رویدا لەپێشدا ئەلیاس خەلیفەی کوشت، خودا بۆ خۆی دەزانێ.

پاش ئەم روداوە کورە بچوکەکانی و خاوو خێزانی ئەمیرخان ئەوی مابون، هێنایانن بۆ هۆردوگاو مال و سامانی قەلانشینەکان بەسەر غازییەکاندا دابەش کرا لەحالێکدا کەهۆردوی خاوەن شکۆ لە گاو دۆلی مەراغە بو، ئەوی قەوما بو بە عەرزی پیرۆزی گەیشت. لەسەر فەرمودە چەند رۆژێك گەنجعلی خان بەخۆی و تفەنگچیەکانیەوە لەبن قەلا مانەوەو ئەمیرەکانی دیکە بەلەشکرەوە رویان

لەدەرگای خاوەن شکۆی عالەمپەنا کرد، لەچیمەنی قەراچوق گەیینە بارەگای پیرۆز، وڵاتو سامان و دەسەڵاتداری ورمێ بەقبان خانی برای محەمەد بەگی بیگدلی ئەسپێردار. سێ هەزار تومەن زێڕی نەقدیش بۆ پێداویستیەکانی قەڵای دمدمو یارمەتی غازیەکانو پیاوەکانی ئەو دیاری کرا، فەرمان درا لەسنوری سارۆقورغانو گاوروود تا سەلماس هەمو ئەمیرو حاکمەکان لەبەر حوکمی ئەو دابنو لەقسەی دەرنەچن، ئەویش بەلەشکرێکی تەیارەوە چو بۆ وێندەرێو خەریکی ئاوەدان کردنەوەی قەڵا بو، گەنجعلی خانیش بەخۆیو تفەنگچیەکانیەوە تێکەڵی هۆردوی گەورە بوەوە))[٢١].

روداوەکانی گیرانی قەڵای دمدم لەناو کوردا بۆتە داستانێکی قارەمانێتی کەبەیتبێژو حیکایەت خوانەکانی کورد بەزیندوێتی پاراستویانە، ئەم چیرۆکە بەچەند جۆرو بەچەند زاراوی جیاواز هۆنراوەتەوەو گێڕدراوەتەوە، بەڵام ناوەڕۆکی هەمویان لەئازایەتیو خۆڕاگرتنی جەنگاوەرانی کوردو دڕندایەتی هێزەکانی عەجەمدا یەك ئەگرنەوە.

بەر لەکورد خۆی، کوردناسانی بێگانە بەیتی دمدمیان تۆمار کردوەو، لەوەش چەندین تێکستی جیاواز ئێستە بەجێ ماون، کەهەریەکێکیان نرخی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانە ئەم تێکستەیان کەئۆسکارمان لەسەرەتای چەرخی بیستەم دا لەموکریان لەزمانی((رەحمان بەکر))ــەوە وەری گرتوەو تۆماری کردوە.

نوسەرانی هاوچەرخی کورد بایەخێکی تایبەتیان داوە بەژیاندنەوەی داستانی قارەمانانەی بەرگری دمدم" عەرەبی شەمۆ، لەداستانێکی هونەریداو، مستەفا ساڵح کەریم لەچیرۆکێکی درێژدا، دایان رشتۆتەوە.

بەیتی دم دم

دڵم راناوەستێ لەبەر ئەوی غەمێ، لەبەر ئەوی ژانێ

بانگێکم وەبەر خولای، ئەوی دیکەم وە بەر پێغەمبەری ئاخر زەمانێ

بانگی دیم وەبەر چاکی گەرمێنێو لەکوێستانێ

بانگی دیکەم وەبەر پیرسولەیمانی لەبانی

بانگی دیکەم وەبەر سوڵتان سەمەدی ماڵە خۆی دەکرد لەدەشتی ورمێ لەگەڵ کەونە لاجانێ

بانگی دیم وەبەر سوڵتان بایاقوبی ماڵە خۆی دەکرد لەکێوی فەرەنگی بەرامبەر گردی گۆزەگیانێ

بانگی دیم وەبەر شێخ مارفی ماڵە خۆی دەکرد لەدەشتی مەحمەشەی بەرامبەر بەگردی گورخانی

بانگی دیم وەبەر بەرماڵ سپی لەچومەلانێ
بانگی دیم وە بەر خدری زیندەو خدرەلیاسان، نەمرن، سەییاحن" کەس بەمەنزڵیان نازانێ
بانگی دیم وە بەر ئیمام حەسەن‌و حوسێنی غەریب، مەرقەدیان لەمەشەدو کەربەلایە عەجەم و کلاوڕەشیان دەچنە زیارەتێ" دەڵێن: رۆژی قیامەتی خولا دەمانداتێ ئیمانێ
بانگی دیکەم وەبەر حەزرەتی عەلی رۆژی جومعەو جەماعەتان، سوار دەبێ لەدولدولی، دەست دەداتە زۆلفەقاری، دەچێتە خەزای گاورقڕانی
بانگی دیم وەبەر سەوزە پۆشی لەحاجی خۆشی لەترشەکانی
بانگی دیم وەبەر ئەو شۆڕە سوار سوڵتان سەعد وەقاسی، ماڵە خۆی دەکرد لەترۆپکی کوێستانی
کەوم لێ بەجوت ئەنگوتن لەقسقەپانی
کەڵم لێ یاغی بو لەچیمەنی هۆزانی
لەبن گوێیانم خۆش دی هاڕەی قالنیە لەگەڵ چریکەی کوتانی
خانم چونە سەر بورجی دمدمی، خۆیان هەڵدەدێرن بەرامبەری بەردی شمشێرخانی دڵی خانی بەبرینە چەند بەبرین برینە، زەینی خۆمدا چیمەنی هۆزانی، چەند شین‌و نازەنینە، چۆمی باراندیزی دێتە خوارێ، چەند زوڵاڵ‌و شیرینە، دیواندری، بازاڕ بەتاڵ کەری بو کەس نەماوە، بۆ مەش نامێنێ
خانی برادۆستان گوتیان بەخان ئابدەڵی موکرییە: بلا بوت دم برایەکی دایك‌و بابییە، دەستت بۆ باوێمە سەر بالچوغەی شیان، کێلانانت بۆ بەجێ بێڵم، لەبنەبانیی دم دمییە
خەنجەرانت بۆ دەشکێنم جوێ لەنێرویە
شیرانت بۆ دەشکێنم جوێ لەدانزغییە
دەمانچەت بۆ دەشکێنم جوێ لەمیسرییە
تفەنگانت بۆ دەشکێنم، خانی خۆم، جوێ لەوەستا شاقولییە
رمبانت بۆ دەشکێنم، خانی خۆم، جوێ لەنەزەرییە
مەتالانت بۆ دەشکێنم، خانی خۆم، جوێ لەکەرگەدەنییە
زرییانت بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جوێ لەداودییە
[illegible]سپانت بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جوێ لەسەگلاوییە
پیاوانت بۆ دەپسێنم خانی خۆم، جوێ لەسی ساڵییە

مەگەر ئەو شەڕەکی کردبێ ، ڕۆستەمی مازندەرانی، لەبن کێوی دەماوەندی سپی دیوی دەهێنا زەوتی شیرییە

مەگەر ئەو شەڕەکی کردبێ، کورە ئێرانیان بەخوێن سیاوەشییە

دڵی خانی بە برین، چەند بەبرین برینە! بۆت دەچمە گوڵی دمدمی، چ دمدمێکی ڕەنگینە، چۆمی باراندیزی دێتە خوارێ، چەندی زوڵاڵو شیرینە! لێم بو بەقەسرێکی جندییە خەخواری دەبریەوە. بلا هەر لەشای هەتتا خونکاری، هەر لەخونکاری هەتا شاهیە. شا بە ئەبدالی گەڕایە، هو لەدمدمی دی دەزگایە، لەئیسپەهانی لێ کرد رایە. شا عەبباس دەڵێ: حەسەن خانە! بلا بکەین تەگبیرو رایانە، بەسەرماندا هات زستانە، زستان چوو رابرد هاوینە زوکە، شوغلم بۆ پێك بێنە، دمدمم لەبوبستێنە، ئەو ساڵ حەوت ساڵە لەمن یاغینە.

دەڵێ: شا! جێی ئاسییە، ئەز نایچۆمی، هیمدادی بۆ دێ لەڕۆمی، دەنشکینی، تێك دەدا کومی، دەنکەن بە بەردی بن گۆمی، خەلقی بەعام دەنکەن لۆمێ.

شا عەباس دەڵێ: حەسەن خانی بەغەرەزە، بەس، بکە قسەی دە نا تەرزە! هەستە لەپێشم رابەزە، لەهیمدادت دەیەم ئەزە، دمدم لەزگی بەغەرەزە

حەسەن خان دەڵێ: شا! بەسم لەسەر بکە نازو ئەرجووان، ئەگەر نەم ئەستان بەوان زوان، ڕەشم بکەن هەردوك رووان، دامنێ لەجێ ماڵی جووان.

مەیتەر ئەسپیان دەرهێنانە، زینیان لەپشتی دەکوتانە، تەدارەكو ناڵبەندانە، چەپەر چو بۆ سەر ئیلانە، بەسەر شارو وڵاتانە، ئەو ئیراتو ئیەوانە، ڕەشتو کشمیرو گێلانە، بێت لەورمێ لەلاجانە، سندوس بێتو موکریانە، سنە بێ، سنور بێ، کرماشانە، دەرگەزێنە، ڕژدەستانە، هەویزو، شوشتەرو، مەریوانە، سەد هەزار خانو سوڵتانە، پایتەختیان ئیسپەهانە

وە دەرکەوت لەئیسفەهانی، لەقوشەنی، لەتوغیانی، داروبەرد هاتە هەژیانی، تۆز گرتی بەری ئاسمانی، بوە رۆژی ئاخر زەمانی

دە قوشەنان کەوت غلووە، لەشکر تیپ تیپ ئاوا بووە، مەنزلێکیان، هات قافلانتووە

لەو کافری دە بە فێلە، سەری رمبیان دەلێی بێلە، لەشکر لەدوی بوو بەخێلە، مەنزلێکیان، هات ئەردەویلە

کافر داژوین لەمەجیزە، مەلعونە دین ریز بەریزە، مەنزلێکیان، دەشتی تەوریزە

دێ لرفــه لرفــی بەیــداغان، دێ دەنگــی زری‌و قولچــاغان، مــەنزل لــەبناو مەراغان

قوشەن دێ رێ بەرییە، دەڵێ: خانی موکری لەکوێیە؟ مەنزلێکیان، لەدەشتی خوییە، لەشکر ئاژوای بەمەخسوسی، لەخانی موکری دەپرسێ، لەشکر لەدەشتی سندوسی، چەند لەشکرێکی ئەنگامەیە. بەقوشـەن‌و زەمزەمەیـە، هــات گرتــی گەلی دارنەیە(رەحمان بەکر)یان لەگەڵ هەیە

جواب چو لەبۆ خانییە، چاکە خۆ بکا قەوییە، عالەم بۆ ئـەو بزوتییــە، چــاك شەڕێك لەسەر دینییە.

خان دەڵێ: ئەو شا بێ، ئەمنیش خانم، خالەق بێ بەپشتیوانم، غولامی رەوێـك شێرانم، قاتلی کوللی شیعانم

رۆژێکی بەیانی بەردا، لەشکری شای هــات لەسـەردا، رای پۆشــی بــو، دارو بەردا، هات لەبن دمدمی وردا

دمدمم بەردی مەیـدانی، لێــی دەن تــۆپی ئیسـفەهانی، تــۆز گرتــی بــەری ئاسمانی، مەرد چاتی‌دا دەگرن مانی، بۆ رۆژی ئاخر زەمانی

دمدم بەردی لەنزاری، لێیاندا تــۆپی هەوشــاری، حــەوت شــەو و رۆژان ئــاور باری، دونیای داگرت، بەیەکجاری، خەبەر چو لەبۆ هەوشاری

دمدمم بەردی لەبەردی، لێی دەن تۆپی نەبەردی، تا رۆژی مەردی‌و نامەردی

دمدمم بەردێکی زوپە، لێ یاندا تۆپخانەو تۆپە

دمدم بەردێکی پانە، لێ یاندا تۆپ‌و تۆپخانە، قەلاتی پێ بکەن وێرانە

دمدمم بەردێکی مەیدانی، لێــی دەن تــۆپی لــەکارخانی، کاریتــەی گەییــە هۆزانی

دمدمم بەردی دەبەیە، لێی دەن بەتۆپی کەلەیە، کاریتەی گەییە کوکەیە

خان بە خەزایە مەشغوڵە!

دەمم بەردێکی خڕە، چوار تەرەفی لێوە بڕە، بەهەشتی بەشیر بکرە

خان بەخەزایە مەشغوڵە!

دمدمم بەردێکی شینە، چــوار زســتانە، پێــنج هاوینــە، تێیــدا خــانی لــەپ زێڕینە، زەفەریان پێ نەبردینە

وەکیل‌و وەزیر دەڵێن: خان، ئەوهە کینە؟

خان فەرموی: ئەوە کاروانینە

خان بەخەزایە مەشغوڵە!

خانێك رابو لەکوردانە، کێ بو، لەحەمەد بەگی لیتانە، روی رەش بێ لەگەڵ جووانە! لەسەر یەك نیمچون ناڵاتە، زیز بو، چو بۆ نێو ئەوانە، پێسی نیشان دان سولە خانە. کێ بو؟ لەکافری بێ ئیمانە، تێیان کرد هاشو دەرمانە، پێسی قڕ دەبون موسڵمانە، لەوان بوە رۆژی تەنگانە، لەکنیان ئاخرەت زەمانە، چەند گریان ئەو خاتونانە، لێیان تێك چو جێو مەکانە، خوڵایان بێت پشتیوانە!

خاتونێك دێتە مەیدانێ، لەدڵی خانی دەدا تانێ: لێت حەرام بێ جێی کابانێ، ئاو نییە پێی بکەین شیلانێ

خاتونێك دێو دەبەزی: رەبی، خانە مارت گەزی، لێم رەش بون سەرو کەزی

خاتونێك دی بەفەقیری، چۆکی دادەدا لەپێش میری: خان، سەلا لەمنی فەقیری! خان ئاو نیە پێی بکەین هەویری، خان حەیفە، تۆ بێ مودەبیری

خان بەخەزایە مەشغوڵە!

کێ بو؟ لەخانی لەپ زێڕینە، لەشەرافەتی خاتونی شیرینە، بەفرێك باری بەهاوینە، لەشەرافەتی خانی لەپ زێڕینە، حەوت شەوو رۆژان بەوێ ژینە

رایان وا بو بەهەزاری: سوارکەین خدری بریندارێ، بە چەپەر بچێ بۆ خزمەت خونکاری

وەزیر وای گوت بە بوێری: چاکە قاقەزی بنێرێ، قەلاتی بۆ شای بەجێ بێڵی

کێ بو؟ لەخانی جندییە" گوتیە تایفەی خەزاییە، هەرچی هەڵێ قەیدی نییە، هەرچی بمرێ فیداییە، هەرچی بکوژرێ خەزاییە

تایفێك بو، تایفە کافری، گوتیان بەخان: پوچو ناماقوڵت کرد تا سەرت هەڵدەگرێ" دەس بەشیر دەچین بۆ لەشکری

کێ بو، لەخانی جندییە" دەڵێ: بانگی حەق وە ر ئەوێیە، بێ شەریکە، هیچ شەریکی نییە، غەیرەز خوڵا هیچ کەسێ نییە، یا بێ شێخی گەیلانی، شێخ جونیدی بەغدادییە، سوڵتان مەعروفی کەرخییە، بابی فەرخی داودییە، بابی رابیعەی عەدەوییە، بابی شەمسی تەورێزییە، شێخ مەحمودی باڵەکییە، عەبدولعەزیزی شنۆییە، شێخ رەشی گەرگەروییە

لەمەیدانی شەڕە قەرقەشە، لەجێ راوگان کەوت بو لەشە، خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟

خان! گورەی ئەسحابە رەشە

سوارێك هاتوە ئەسپی شییە، خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟

خان! ئەوە گورەی پیرۆتی مەرگییە

سوارێك هاتوه بەنادری، بەس نی‌یە چەکان وەرگرێ، خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! ئەوە عەزرەتی خدری
سوارێك هاتوە لەبۆ گەشتی، بەویە سورەتی بەهەشتن، خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
ئەوهە وەیسی ماهی دەشتی
سوارێك هاتوه لەکارخانی، بەویە سورەتی ئیمانی، خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! شێخ عەبدولقادری گەیلانی
سوارێك هاتوه هونەرمەندە، ئەسپابی دەعوایەی رەندە، خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! ئەوهە شاهی نەخشبەندە
سوارێك هاتوه ئەسپی تازە، مل بەقەتلا پر ئەنگازە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! ئەوەش سولتان سەعدی وەقازە
سەلاح شوران دەست دا چەهان، لەگەڵ سەفی دە مەلەکان، دیت گورەی شێخی بالەکان
خان بەخەزایە مەشغوڵە!
هات عەشەرەی دە موبەشەرە، هەمزەو هەباسو هەیدەرە، لەگەڵ مەقلوبی پەڕ بەسەرە.
ئالاچی سولتان سەمەرە. بابی ئالای نەبی‌یە، حەوت تیپی تێك پەراندییە، خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
کوڕژنی حەزرەتی عەلییە
بابی بەیداغی پێغەمبەری، هەمزە بێ لەگەڵ عومبەری، بێ خالیدی ئیینی وەلی
خان بەخەزایە مەشغوڵە!
خان دەڵێ: ئەبدال بەگە، رۆڵەی بابی، بەمن دەکەی چاك چاك دەبێ
دەڵێ: بابە، چبکەم، لێرەوارە، دوایی نایێ
با بکەین مەدحی هورمز بەگی، رەبی نەزەری بەچەنگی، لەهەزاری دەبرێ مەرگی

خان ئەبدالو کاکە خانە، حەوت شەوانو حەوت رۆژانە، شەڕیان دەکرد بەشێرانە. شیان نەیان دی کیلانە، لەش کەوت بون وەکی گردانە، خوێن روی هەروەك جۆگانە، بالچوغەی شیان نەمانە، شەهیدیان کرد کاکە خانە
خان دەڵێ: خانی خەزایی مە، هەتتا لەدنی ئەز بژی مە، بۆ خۆم پەرژینی شەڕی مە
خان ئاودالو کاکە خانە، گرتبویان وەعدەو پەیمانە: دەست هەڵ ناگرن لەو کارانە
بانگم وەبەر میری میران! خان بۆ خۆی دەکا تەگبیران، حەوت پولی دایە بەر شیان
بانگم وەبەر پادشای قودرەتی!
خانیان شەهید کرد بەکوتکی خێوەتی
هاوارو رۆ رۆ دمدمە!
رۆژێکی تاو هەلاتی، عەجەم دە کاتن غەباتێ، سەبر هەڵدەکشا بۆ بن قەلاتێ
کوانێ سواری دە نازەنین؟
کێ بو لەئالی ئادەمان؟ قەلاتی هەڵگرت بەزەمان
کێ بو لەئالی ئادەمانە؟ قەلاتی هەڵگرت بەزەمانە، حەوت شەو وحەوت رۆژانە، شەڕی دەکرد
بەتۆپانە، قەلاتی لەدو نەدانە
کوانێ سواری دە نازەنین؟
کێ بو لەئالی بەجەرگە، لەوانی کردوە دەرگە، لەخەنجەری دە منی زەرگە، لەهەزاری دەبرێ مەرگە
هاوارو رۆ رۆ دمدمە!
کێ بو لەخاتون پەروەری، گوتی: کاك ئالێ ئەتۆ ماوی ئەتوش هەڵێ
کێ لەبەر کاك ئالییە، گوتی: خاتونی، پوچو ناماقوڵت کردییە، بەشی خۆم خەزا کردییە، شەهیدییان کرد کاك ئالییە
هاوارو رۆرۆ دمدمە!
کێ بو لەخاتونی خانی: قبوڵ ناکەن کافرستانی، خۆمان هەڵدەدێرین لەچل کەوانی
ئەی دمدمی بەردی دەلان! جێگەی خانو خان ئاودەلان، ئێستا بوی بەمەسکەنی خەرتەلان.
کوانێ سواری دەنازەنین؟[٢٢]

نمونه۸:

لطائف الحيل" قەتلو عامی موکری(۱۰۱۹)

تا صارم خان مابو، میرایەتی موکری لەژێر دەستدا بو. قزلباش نەیان توانی ناوچەکەی لێ زەوت بکەن. صارم خان کەمرد، ۳ کوڕی لێ بەجێ مان: قاسم، ئیبراهیم، حاجی عومەر، بەڵام هەرسێکیان لەتافی لاوی‌دا مردن، هیچ کامیان جێگەی باوکیان پێ پڕ نەکرایەوە.

لەبرازاکانی صارم خان، رۆستەمی کوڕی بابە عومەری کوڕی میر سەیفەدین ۳ کوڕی هەبو: شێخ حەیدەر، میر نەزەر، میر خضر. لەپاش کوڕەکانی صارم کاروباری ئەمارەتی موکری بۆ ئەوان مایەوە. ئەوانیش ناوچەکەیان لەناو خۆیاندا دابەش کردو خۆیان هاوێشتە ژێر دەسەلاتی شا تهماسبی سەفەوییەوە. لەو هێرشەدا کەئۆردوی عوسمانی، بۆ پشتیوانی لەئەلقاس میرزای برای شا تەهماسب، بۆ سەر ئێرانی کرد، سولتان سلێمان، هێزێکی پێکهاتوی لەسولتان حسێنی حاکمی ئامێدی‌و، زەینەل بەگی حاکمی هەکاری‌و، ئەمیرەکانی برادۆست نارده سەر مەزنەکانی موکری(۹٤۸)هەر ۳ برا لەو شەڕانەدا کوژران.

لەشێخ حەیدەر ۲ کوڕ: میرە، حسێن‌و، لەمیر نەزەر ۱کوڕ: بەیرام‌و، لەمیر خضر ۲کوڕ: ئەلغ بەگ، میر حسێن، بەجێ مابون، ئەمانە هەمویان منداڵ بون. پاش گرتنەوەی ناوچەکە سولتانی عوسمانی میرایەتی موکری بەمیرە بەگی کوڕی حاجی عومەری کوڕی صارم خان سپارد. ئەویش بەلێوەشاوەیی ماوەی ۳۰ ساڵ لەکاروباری موکریانی بەڕێوە برد. کەمرد مستەفا بەگی لەپاش بەجێ ما.

لەو سەردەمەدا میرە بەگی کوڕی شێخ حەیدەریش گەورە بوبو. بەڵام ئەو دابویە پاڵ تهماسب. دڵسۆزو گوێڕایەڵی ئەو بو تا مردو ئیسماعیلی دوەم جێگەی گرتەوە. میرە بەگ بۆ نوێ کردنەوەی دڵسۆزی چوە قەزوین بۆ لای شا ئیسماعیل شا رێزێکی زۆری لێ نا. زۆری پێ نەچو شا ئیسماعیل کوژرا. شا محەمەد خودابەندە لەسەر تەختی شایەتی دانیشت. لەم سەردەمەدا سەرانی قزلباش لەناوخۆیان تێك چوبون، کاروباری دەربار شێوا بو. میرە بەگ لەگەڵ زۆرێ لەئەمیرو حاکمەکانی کوردستان‌و لورستان‌و ئەردەڵان چوە ژێر سایەی سولتان مرادی عوسمانییەوە(۹۹۱). میرە بەگ ٤ کوڕی هەبو: شێخ حەیدەر، بوادق، حسێن، قاسم، سولتان مراد هەر چواری بەسنجەق بەگ دانا بون.

هەر لەو سەردەمەدا میرە بەگ لەگەڵ محەمەد پاشای میری میرانی وان لەلای ورمێ‌وە هێرشیان کردە سەر مەراغەو، قزلباشیان لێ دەرکرد.؟ رەوەی بەناوبانگی شا تهماسبیان تاڵان کرد. لەسەر ئەوە میرە بەگ کرایە بەگلەربەگی مەراغە بەو

مەرجەی لەقزلباش پاکی بکاتەوە. لەم ڕۆژگارەدا سنوری دەسەڵاتی میەکانی موکری زۆر فراوان بوبو. جگە لەمەراغە، سوڵتان چەند شوێنی تری لەسنجاقەکانی هەولێرو موسڵ پێ سپارد بون.

ناوچەی موکریان، بەهۆی نزیکییەوە لەتەوریزو قەزوین، لەململانێی ڕۆم‌و عەجەمدا جێگەیەکی تایبەتی هەبو. کاربەدەستانی تورك، ئەگەرچی لەشەڕەکانی خۆیاندا کوردیان دژی قزلباش بەکارئەهێنا، بەڵام نەیان ئەهێشت بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری کورد لەو ناوچەیەدا بەهێز بێ.

هێزەکانی عوسمانی تەورێزیان گرت. جەعفەر پاشا وەزیری پارێزگاری ئەوێ بو. کەوتە گێچەڵ بەمیرە بەگ. سنجاقەکانی بابان‌و موسڵ‌و هەولێری لێ سەندەوە. سەرەنجام مەراغەشی لێ وەرگرتەوە. میرە بەگ بەناوچە میراتییەکانی باوباپیرانی داکەوت.

شەڕی ڕۆم‌و عەجەم لەپێوەندی ناو بنەماڵەی میەکانی ئەوێشدا ڕەنگی دایەوە. ئەوانیش لەناو خۆیاندا لەسەر دەسەلات کەوتنە ململانێ لەگەڵ یەکتری. دڵسۆزی خۆیان ئەگۆڕی. بەگژ یەکتریدا ئەچون‌و، پیلانیان لەیەکتری ئەگێڕا. کەخضر پاشا لەجێگەی جەعفەر پاشا بو بەوالی تەورێز(١٠٠٢)ئێلە کوردەکانی ئەوێی کرد بەگژ یەکتریدا. مەحمودییەکانی کرد بەگژ موکرییەکانداو بەشەڕی دان. مەزنەکانی موکریش لەناو خۆیاندا کوك نەبون. بوداق خۆی مرد. حسێن، قاسمی برای کوشت. شێخ حەیدەریش لەتۆڵەی خوێنی قاسمدا حسێنی کوشتەوە.

لەئەنجامی ئەو ڕوداوانەدا میرایەتی موکری لاوازو سنورەکەشی تەسك بوەوە. شێخ حەیدەر قەڵای ساروقورغانی لەمەراغا ئاوەدان کرد بوەوە[٢٣].

شا عەباس کەتەورێزو ئازەربایجانی لەعوسمانییەکان گرتەوە. شێخ حەیدەر چوە ژێر ئاڵای سەفەوییەوە. لەشەڕەکانی قافقازدا بەشدار بو. لەبن قەڵای ئێرەواندا کوژرا.

شا عەباس لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا کەبۆ شکاندنی شان‌و شکۆی ئێلە کوردەکان گرت بوی. دوای ڕاگوێزانی دەیان هەزار خێزانی ئێلە کوردەکانی سەروی دەریاچەی ورمێ بۆ خوراسان‌و، داگیرکردنی قەڵای دمدم‌و، سەرکوت کردنی ئێلەکانی برادۆست. چوە سەر ئێلەکانی موکری‌و بەوپەڕی دڵڕەقییەوە، قەتلوعامی کردن. دو کەس لەنوسەرانی ناسراوی ئەو زەمانە ئەم ڕوداوەیان بەدرێژی گێڕاوەتەوە. یەکێکیان مەلا جەلال منجم کە لەبەشی یەکەمی ئەم باسەدا هەندێ لەنوسینەکانی ڕاگوێزراو. ئەو مەسەلەکە بە((لطائف الحيل))ناو ئەبا. ئەوی تریان ئەسکەندەر بەگی تورکمان لەکتێبی عالەم ئارای عەباسیدا.

هێمن، نوسینەکەی ئەسکەندەر بەگی وەرگێڕاوەتە سەر زاراوەی موکریانی، والێرەدا وەکو خۆی دوبارە ئەی نوسینەوە. ئەسکەندەر بەگ نوسیویێتی:

باسی بەرەو مەراغە چونی شاو

رق هەستانی لەتیرەی موکری‌و قەتلوعامی ئەو تیرە

عەشیرەتی موکری لەپێڕەوانی ئەم دەوڵەتەو لەسنوری گاودۆڵی مەراغەو سندوس‌و میاندواودا نیشتەجێ بون. لەسەردەمی شای بەهەشتی‌دا سەرکردەی ئەو تیرە بەدەست ئەمیرە ناوێکەوە بو. پاش مردنی شاو لەسەر تەخت دانیشتنی سولتان محەمەد پادشا کەسولتانی رۆم بو پەیمانی باوك‌و باپیرانی خۆی هەڵوەشاندەوەو دنیای هێدی‌و هێمنی تالۆزو پەرێشان کرد، شەڕ هەڵایسێنە بەدفەرەکانی سنور بازاڕیان گەرم بو. ئەمیرەی ناوبراو کەزۆر ساڵان نمەك پەروەردەی ئەم دەوڵەتە بو. رێگای نمەك بەحەرامی‌و یاغی بون‌و هەڵگەڕانەوەی گرتەپێش. لەگەڵ رۆمیان رێ کەوت‌و دەستی کرد بەتاڵان‌و کوشتار. لەسندوس‌و میاندواو ومەراغە دا هاتە سەر رەوەی (قەراجیوق)کەرەوەی تایبەتی حەزرەتی شای بەهەشتی بو و بەباشی ناوبانگی بەدنیادا روی بو. ژمارەیەکی زۆری لەرەوەکان‌و پاسەوانی‌رەوە کوشت بون‌و رەوەکەی داگیرکرد بو. هەمیشە لەگەڵ ئەو ئەمیرو قزلباشانەی دەبونە حاکمی مەراغە شەڕو کێشە هەبو. دەمێکیش لەخراپە وکوشتارو بەدیل گرتنی ژن‌و منداڵ رانەدەوەستا. پاش مردنی ئەمیرە بەگ شێخ حەیدەر بەدەستوری بیگلەربەگی رۆمیان بو بە ئەمیرو لەباوکی زیاتر سەربەخۆیی پەیداکرد.

بەڵام لەزەمانی فەرمانڕەوایی سولتان محەمەد خان‌دا لەراس جەعفەر پاشای بیگلەربەگی تەورێز سەرکێشی دەکرد. چەند جار نیزیکانی خۆی ناردە بارەگای عالەم پەنای پادشای مەزن‌و پچوکیی خۆی نیشان دەدا. تا شاهەنشا بۆ داگیرکردنی ئازربایجان چو. شێخ حەیدەر هات بۆ ریسمە ماچ کردن‌و لاواندراوە، حەزرەتی شای پایە بەرزو سێبەری خودا هەڵەکانی پێشوی تیرەی موکری بەخشی. دەسەڵاتی مەراغەو دەوروپشتی کەهەمیشە بەدەست یەکێك لەئەمیرە مەزنەکانی قزلباشەوە بو دا بەشێخ حەیدەر. ئەو لەبن قەڵای ئێرەوان وەك لەجێی خۆی باس کراوە کوژرا. خاوەن شکۆ لەبەر هەقناسی جێی باوکی‌دا بەقوبادخانی کوڕی کەهێشتا منداڵ بو. بەکەیخوداو ردین سپیەکانی عیلی فەرمو تا کور گەورە دەبێ لەقسەی دایکی کەکچی پیاو ماقوڵێکی قزلباش‌و ژنێکی وشیارو ئاقڵ بو دەرنەچن. بۆ ئەوەی قوبادخان خۆ بگرێ برایەکی شێخ حەیدەر کەناوی ئەمیرخان

بەگ بو لەنێو عیل هێنا دەرو جێو پایەی دایەو کردی بەحاکمی گەرمرود. براکەی تری خان ئەبدال داوای مەزنایەتی دەکردو سەری بۆ برازاکەی دانەدەنواندو هێندێك پیاوخراپو بەد فەری مورکی لەخۆ هالاند بو. چەند جار لەشکری ناردرا سەرو دەریان پەڕاند. تا ئاخری وەك باسکرا پەنای بۆ ئەمیرخانی برادۆست بردو لەکن ئەو مایەوە لوتفو دڵسۆزی شاهانە قوبادخانی گرتەوەو سەربەخۆیی تەواوی پەیداکردو هەمو هۆزەکانی موکری بەردەست بو. لەنێو سەرهۆزانی ئەم تیرەدا پیاوی بەراز سروشتو ڕێوی سیفەت هەبون کە لەرێگای ڕاست دورکەوت بونەوەو لەچۆڵی سەرەڕۆیی‌دا گەورە ببونو لەگەڵ قزلباشان کە لەمەراغە خاوەن موڵك بون خراپ دەجولانەوەو بەزۆر زەویەکانیان داگیر دەکردن.

قوبادخانیش کە گەیشتێ لەبەرنەزانی وپیسی دەرونی لەگەڵ قزلباشان رەفتارێکی نالەباری گرتە پێش. هەرچەند لەو چەند ساڵەی دواییدا زۆر نافەرمانیو ئاکاری دزێو لەخۆیو لەژێردەستەکانی دەبیندراو گەرد لەسەر دڵی مبارەکی شاهانە دەنیشت. بەلام لەبەر بەزەییو دڵسۆزی تایبەتی خۆیو لەپێش چاوگرتنی خزمەتی شێخ حەیدەر چاوپۆشی لێ دەکرا. تا وای لێ هات ئاوی لەئاوەڕۆیان دەرکردو سەرەڕۆییو لاساری لەرادە بردە دەر، هەر وەکو ساڵی رابردو حوکم کرا بو کەقوبادخان بچێتە کن اعتمادالدولەو لەداگیرکردنی قەلای دمدمدا لەگەڵ لەشکر بەشداری بکا، خۆی لەو خزمەتەش بواردو نەچو.

لەبەهارێدا کەخاوەن شکۆ خەریك بو بۆ رێکخستنی کاروباری ئەو ناوچەیە بەرەو سنور بچێ. قوباد خانیش ناچارو بەخۆیو چەند کەس. لەدەوروپشتەکانیەوە لەیورت قشلاق بەخزمەت گەیشت، چونکە دڵی پاكو روناکی شاهانە لەسەرەڕۆیی لاساری ئەوان گەردی لێ نیشت بو، هاتە سەر ئەوە کەئەوان شیاوی لوتفو دڵسۆزی نینو راوەستان لەتەمێ کردنی توندی ئەوان بەقازانجی دەوڵەت نیەو خراپەو کێشەی پتری لێ پەیدا دەبێ. خۆی لەتەمێ کردنیان خۆش کرد. بەلام بەلێزانیو هۆشیاری خۆیەوە جاری خۆی راگرتو لوتفی لەگەڵ کردن تا گەیشتە مەراغە. قوبادخانو ردێن سپیەکانی موکری لەوە دەترسان شا داوای رەوەی قەراجیوق بکاتەوە. بۆیە بەفێڵ ئەسپە باشو هەڵبژاردەکانیان ناردە جێگایەکی دوردەستو چەند بارگینی ناڕەسەنی کوردیان لەوێ هێشتەوە، تا ئەگەر باسی رەوە هاتە گۆڕێ ئەوان نیشان بدەن. هەروەها ئاشکرا بو کەهەمیشە لەگەڵ سەردارانی رۆمی کەینو بەینیان بوەو خراپەیان لەگەڵ لێ قەوماو هەژاران کردوەو لەبەر تەعسسوبی مەزەبی زۆریان شیعەکانی مەراغە ئازار داوە. کەوابو دەستی زۆرداران دەبو لەیەخەی هەژاران بکرێتەوە.

بەکورتی لەنێوبردنی ئەو تیپە بەدفەڕو سەرەڕۆیە کە لەموسڵمانی هەر ناوێکیان هەبو ئەرکی سەر ئەستۆی شای دادپەروەر بو، ئاگری رق‌و تورەیی‌وا لەدڵی خاوێنی شاهانەدا بڵێسەی گرت بو کەتەنیا بەخوێنی ئەو بێ فەڕانە وە کارکەوتنی شیری ئاگربار نەبایە نەدەکوژاوەو دانەدەمرکاوە. لەکاتێکدا کەبارەگای بەرز لەگاودول هەڵی دابوو، رۆژێك قوبادخان بەخۆی‌و سەدو پەنجا کەسەوە رویان لەبارەگای بەرز کرد. ئێوارە وەخت بو گەیشتێ. لەگەڵ چوار کەس لەخزمەکانی بۆ حوزور بانگ کران. کە وە ژور سەراپەردە کەوت لەسەر فەرمانی شا لەوەختی چەکمە داکەندن‌دا غولامان بێ ئەوەی بێڵن ببزون کوت کوتیان کردن. کەلاکی پیسی ئەوانیان بۆ کوچەی پشت سەراپەردە راکێشا. بۆ ئەوەی زیانێك لەلایەن ئەو پیاوخراپانەوە بەغولامان نەگا، فەرمان بەعەلی قولی خانی ئیشك ئاغاسی باشی شاملۆ درا لەبەر دەرکی سەراپەردە راوەستێ، یەك یەك بانگیان بکا بۆ مەجلیس. کە وە ژور سەراپەردەی پیرۆز کەوتن دەسبەجێ غولامان بیانکوژن‌و کەلاکیان باوێژنە کوچەی پشت سەراپەردە، تا لەپێش چاوان ون بن. تا بیست سی کەس بەو جۆرە کوژران‌و یەك بەدوای یەکدا فڕێ دران، ئەوانی دەرێ کەمێك دڕدۆنگ بون. یەکیان کەهاتە ژورێ تەماشای کرد خوێن زۆر رژاوەو قوبادخان‌و ئەوانیش دیار نین، قیژاندی‌و دەستی‌دا خەنجەر محبعلی خانی شاهی سیونی برینداركرد. دوسێ کەس کەبەدوای‌دا دەهاتن کشانەوەو خەریکی راکردن بون. غولامان‌و قورچیان تێیان وروکان. هەر لەوێ پارچە پارچەیان کردن. ئەوانی دەرەوە تێ گەیشتن، رایان کردە ئەسپان، هێندێك هەر لەو دەوروبەرە هێندێك لەوەختی راکردندا کوژران‌و تاقیان لێ برا. لەو وەختە بەسامەدا خاوەن شکۆ هاتە دەرو سواری ئەسپی رەسەن‌و خۆشبەز بو روی لەقەڵای گاودول کردو سەربازانی قزلباش کوشتن‌و تالانی عەشایری موکرییان پێ ئەسپێردرا. خاوەن شکۆ بەتلیك لەشەو چوبو گەیشتە قەڵای گاودۆڵ.

هێشتا ئەم خەبەرە نەگەیی بوە قەڵاکە لەشکر بەزۆر قەڵا وەربو هەر کەسیان وەگیر کەوت خستیان. علیقلی خان ناردرا بۆ حەوشەیەی دیکە کە لەو نزیکانە بو. پەنجا شەست کەسێکی دەست بەستراوی هێنا دەرگای بەرز. غازیە تۆڵە ئەستێنەکان بەچاو قوچاندنێك هەمویانی ناردنە ولاتی نەبون. زۆر لەو کەسانەی دەیان هێنان خزمەتکارو پێمەڕە دارەکان هەر بەزەبری گۆپاڵ‌و پاچ‌و پێمەڕە سەرو مێشکیان دەکوتان و دەهاڕین. ئەسفەندیاربەگی ئاوچی باشی عەرەبکەرلو لەسەر فەرمانی خاوەن شکۆ بەسەررەو ناردرا بۆ گەرمرودو بەفێڵێکی شەڕکەرانەوە ئەمیرخانی برای شێخ حەیدەرو ئەو پەنجا کەسەی لەتیرەی موکری کە

لەگەڵ ئەو بون بەجارێك كوشت. حسێن سولّتان برازای شێخ حەیدەرو ئەوانەی لەگەڵ ئەو لەورمێ بون بەدەستی حەسەن خان كوژران.
بەكورتی قەتلی عامی ئەو تیرە بەقەڵەمی تەقدیر لەسەر لاپەڕەی رۆژگار نوسرا. ئەو چەند رۆژەی كەشا لەقەڵای گاودوڵ ماوە، هەمو رۆژێ دەستە دەستەو پۆل پۆل دەیان هێنانو لەسەریان دەدان. بەهرامی خوێنخۆر تاوێك لەتیغ وەشاندنو خوێن رشتن رانەدەوەستا. هێندێك لەئویماقو ئیبیو ئوریاد كە لەنێو ئەوان مابونەوە. بەو تاوانەی لەنێو تیرەی دژی دەوڵەتدا خۆیان مات كردوەو لەكاتی دەسەڵاتی رۆمیاندا نەگەڕاونەوە نێو قزلباش هەمویان كوژران.
بیبڕینەوە ئاورگی تیرەی موكری كوژاوەو نیوەونەكان هەمو كەوتنە بەر مەودای شیری بەبڕشتو ژن و منداڵەكانیشیان بەدیل گیران. پاش چەند رۆژ بلێسەی رقی شاهانە تا رادەیەك دامركانەوەو شێربەگ ناوێك لەو بنەماڵە كەهەمیشە خۆی بەخزمەتكار دەزانیو مەخسود بەگ ناوێك كەبرای ئەو لەریزی ئیشك ئاغاسیانی بارەگای بەرزدا بو، كرانە گەورەو مەزنی موكریو فەرمان درا ئەوانەی لەمەودای شێر رزگار بونو لەكەلێنو پەسیواندا ماونەوە، پەنا بۆ ئەوان بەرنو لەكوشتنو تالآن ئەمین بن.
((پاش ئەم رووداوە شا چەند رۆژێك لەنێو ئەسپەكانی رەوەدا لەچیمەنی قەراجیوق رای بواردو وڵاتی مەراغەی بەسولّتان میر مقدم ئەسپارد[24].

٤/٢ شاه سولّتان حسێن

نمونە٩:

كەللە منار لەسەری كورد(١١١٣)

شاە سولّتان حسێن(١١٠٥-١١٣٥)كوڕە گەورەی شاە سلێمانی سەفەوی لەپاش مردنی باوكی بو بە شا، بەكابرایەكی بودەڵەی دەبەنگ، بەڵام بەیەكێ لەهەرە فاسیدترین شاهەكانی ئێران ناسراوە[25] نوسەری ((رستم التواریخ))لەگێڕانەوەی باسی رابواردنی شادا نوسیویتی:"
((... نزیكەی هەزار كچۆڵەی صبیحەی جمیلە، لەهەر طائفەو قەومو قەبیلە، لەعەرەبو عەجەمو تورکو تاجیكو دەیلەم، لەسەر رێوشوێنی بوكێیو زاوایی بەعەقدو نیكاحو حەباڵەی خۆی دەرهێنابو، مناڵو نەوەكانی لەنێرومێ، گەورەو پچوك، بەمەزەننە ئەگەیشتنە هەزار كەس..))[26]
هەر لەستایشی ژوری رابواردنەكەیدا دەڵێ:
((لەو سەرا بەهەشت ئاسایەدا، ژورێكی دڵگوشایان دروست كردو جێگایەكی قوڵیان تیا بینا كرد لەهەردو لاوە بەرەو خوار، دەمی سەروی حەوت

گەزو دەمی خواروی یەك گەزو، لەسەرێ تا خوارێ بەردی مەرمەڕیان دانابو، ئەو ژورەیان بەزینەتی زۆردروستو رازاند بوەوە، جاربە جارێ ئەو تاقانەی رۆژگارە خۆی روت ئەکردەوە، ژنێکی مانگ روی ئەندام زێوینیش خۆی روت ئەکردەوە، لەسەرەوەی ئەو شوێنە قوڵەوە روبەڕوی یەك دائەنیشتن، لنگی خۆیان درێژ ئەکردو، بەئارەزووەوە بەوردی ئەیان روانییە یەکتریو ئەخزان، لەسەرەوە تاخوارێ کە بەیەك ئەگەیشتن ئەلفی راست ئەچوە ناو خانەی کافەوە. ئینجا ئەو دو تالبو مەتلوبە دەستیان ئەکردە ملی یەکتریو پاش دەسبازیو ماچوموچێکی زۆر... بەو شوێنەیان ئەوت حەزخانە.

سەرەڕای حەزخانە، شاە جێگایەکی تریشی هەبو، پێیان ئەوت لەززەتخانە ژورێکی خڕی فراوان بو، جاروبار شا لەگەڵ چل پەنجا ئافرەتی شۆخو شەنگدا ئەچوە ناوی، شا خۆی بەڕوتی لەناوەڕاستی ژورەکەدا دائەنیشتو ژنەکانیش هەمویان لەچواردەوری بەڕوتی، هەریەکەیان سەرینێکی ئەخستە ژێر کەمەریەوە، ئەژنۆیان ئەنوشتانەوەو، پێیان ئەنایە ژێر کەمەریان، بەپشتا پاڵ ئەکەوتن. بۆ ئەوەی ئارەزوی شا ببزوێنن، هەر یەکەیان هەوڵی ئەدا سەرنجی شا بۆ خۆی رابکێشێ. شا کەئارەزوی ئەچوە سەر هەرکامێکیان ئەوەیانی هەڵ ئەبژارد. ئەو ژورەی ئەم بەزمەی تیا ئەکرا لەززەتخانە بو...))[٢٧].

لەسەردەمی ئەم شاهەدا ئیمپراتۆریی سەفەوی گەیشت بوە دوایین قۆناغی داوەشانو، لەئەنجامی هێرشی ئەفغانییەکاندا، بنەماڵەی سەفەوی هەم شاهێتییان لەدەس داو، هەم برانەوە.

قۆناغی نوێی دامەزراوەی ئەمارەتی بابان هاوزەمان بو لەگەڵ لاوازبونی دەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەویو، سەرەتای قۆناغێکی پڕ لەناارامیو پشێویو ناکۆکی ناوخۆی خوێناویو هێرشی بێگانە بۆ سەر ئێران.

سلێمان بەبە لەدوا چارەکی سەدەی ١١هەمدا کەوتە چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیو دەسگرتنەوە بەسەر ملکی باباندا. ئیتر لەو کاتەوە سەرگەورەی ئەم بنەماڵەیە لەلایەن عوسمانیەکانەوە نازناوی((پاشای))پێ ئەدرا.

بنکەی قەڵەمڕەوی بابان لەسەرەتادا لەدارەشمانە بو کەئەکەوێتە مەڵبەندی پشدەر.

ئەمارەتی بابان لەلای رۆژهەڵاتو سەرویەوە دراوسێی ئەمارەتی ئەردەڵان بو. والیەکانی ئەردەڵان بەنازناوی((خان))لەلایەن شای ئێرانەوە دائەنران. بنکەی ئەمارەتیان لەسنە بو. هەورامان، مەریوان، بانە، سەقزیان لەژێر دەستدا بوە.

روباری سیروان‌و چیاکانی هەورامان، سورێن، سورکێو سنوری جیاکردنەوەیان بوە لەیەکتری.
لەلای رۆژئاوایەوە دراوسێی ئەمارەتی سۆران بو. گەورەکانی سۆران نازناوی((میر))یان بە خۆیان ئەدا. لەلایەن والیەکانی عوسمانییەوە بەنازناوی((بەگ)) ئەناسران. بنکەی ئەمارەتیان ماوەیەك لەهەریرو ماوەیەك لەرەواندوز بو. زێی بچوك سنوری سروشتی بو لەنێوان دەسەڵاتی هەردو ئەمارەتدا. بەڵام زۆر جار پاشاکانی بابان، رانیە، کۆیە، هەریر، ئاڵتون کۆپرییان لەوبەری زێ لەبەر دەستدا بو.
لەلای خواروشیەوە دراوسێی ولایەتی بەغداد بو. هەندێ جار دەسەڵاتی میرەکانی بابان ئەگەیشتە کفری، زەنگاباد، خانەقین، مەندەلی، زەهاو، جەسان، بەدرە.. واتە ئەگەیشتە جەبەل حەمرین.
ملکی بابان هیچ شارێکی تێدا نەبو. هەندێ گوندی گەورەی تێدا بو. خەڵکەکەشی بەشێکی نیشتەجێ‌و بەشێکی کۆچەر بون. کۆچەرەکان بەگشتی رێکخراوی خێڵەکییان هەبو، لەهەندێ شوێن خێڵەکی نەبون.
گەورەترین ئێلی نیشتەجێ، کەرێکخراوی خێڵەکی هەبو، ئێلی نورەدینی بو. لەناوچەی پشدەرو مەرگەدا نزیکەی سەد گوندیان هەبو. لەکاتی پێویستدا هەزار تفەنگچیان پێ کۆئەکرایەوە. لەگەڵ هۆزەکانی سەکر، شینکی، گەلاڵیدا هاوپەیمان بون. جگە لە مانەش، لەشارباژێر، تالان، سیوەیل، بازیان، قەرەداخ، شارەزور، گوندو ئاوایی هەبو، رێکخراوی خێڵەکییان تێدا نەبو، ئەگەر هەشبوبێ لاوازو بچوك بوە.
گەورەترین ئێلی رەوەندیش ئێلی جاف بو. جاف چەند هەزار ماڵی بو. چەند تیرەی غەوارەش خۆیان دابوە پاڵیان. جگە لەئێلی جاف، هەندێ هۆزو تیرەی بچوکی تر کە٥٠ تا ٥٠٠ ماڵ ئەبون لەبەر فەرمانی گەورەی باباندا بون لەوانە: شێخ ئیسماعیلی، کەلور، مەندمی، مەرزینك(بلباس)، تیلەکۆ، کۆستە، هەمەوەند، سۆفیوەند، کەچەلی، چگنی، زەند، کەروەیی، لور، سەدانی، گورزەیی[٢٨].
سنوری رۆم‌و عەجەم هەندی لەم ئێل‌و هۆزو تیرانەی بەسەر هەردو دیوی سنورا دابەش کرد بو. هەندێ لەمانە بەشی گەورەیان کەوت بونە لورستان، کرماشان، ئەردەڵان، موکریان.

هێزی پارێزگاری ئەمارەتی بابان لەچەکداری سوارەو پیادەی ئەم هۆزانە پێک ئەهات، هەروەها هێزی شەرکەری ئەمارەت بۆ بەشداری کردنی لەلەشکرکێشیەکانی ئۆردوی عوسمانیدا هەر لەمان کۆئەکرایەوە.

ئەمارەتی بابان لەم سەردەمەدا لەگەشانەوەو پەرەسەندندا بو. کەوت بوە هەولّی چەسپاندنی سەربەخۆیی‌و، فراوان کردنی سنوری قەلەمرەوەکەی لە١١٠٢دا میرەکانی بەبە، سلێمان‌و حەسەن، هەلّیان کوتایە سەر کەرکوك، کەئەوسا ناوەندی ولایەتی شارەزور بو. لەو شەرەدا متصرفی ئیالەتی کەرکوك، دلاوەر پاشا، کوژرا. کەرکوك کەوتە ناو سنوری دەسەلاّتی بابانەوە. وەزیری بەغداد، حسێن پاشای بەمتصرفی کەرکوك دانـاو، هێزێکی لەشەرکەرانی بەغدا، جزیرە، ئامێدی بۆ کۆکردەوە، فەرمانی لەناوبردنی میری بابان‌و، سەندنەوەی شارەزوریان پێ درا بو. ئەم هێزە پاش چەند مانگێ بە سەرنەکەوتویی گەڕایەوە[29].

لەدوای بەستنی پەیمانی زەهاو پێوەندی ئێرانی- عوسمانی ئاسایی بو. شتێکی ئەوتۆ روی نەدابو، ئەم پێوەندییە بشالۆزێنێ، یا ببێتە هۆی تێکدانی، لەزەمانی شا سولّتان حسێندا دو روداو قەومان، کەئەیان توانی ببنە هۆی هەلگیرسانەوەی جەنگ لەبەینی ئەم دو دەولّەتەدا. بەلاّم لاواز بونی هەردولایان رێگەی ئەمەی نەدان‌و کێشەکانیان بەرێگەی هاوکاری بەلادا خست.

یەکەمیان، شۆرشی ئێلە عەرەبەکانی بەسرە دژی دەسەلاّتی عوسمانی. ئەوانە دەستیان بەسەر بەسرەدا گرت‌و، پاش چەند تێکهەلّچونی خۆیان هاوێشتە ژێرسایەی دەسەلاّتی شای ئێرانەوە. بەلاّم شا کلیلی شارەکەی بەرۆستەم خانی نوێنەریدا لەگەلّ نامەیەکی دۆستانەی پڕ لەچاپلوسیدا بو سولّتانی عوسمانی نارد(١١٠٩)[30].

هەر بەو بۆنەیەوە داوای هاوکاری هەردو دەولّەتی کردبو بۆ بەرەنگاری‌و سەرکوت کردنی میری بابان.

دوەمیان هێرشی میر سلێمانی بابان بو سەر مەلّبەندی ئەردەلاّن‌و گرتنی هەندێ لەشارو ناوچەکانی.

شا لەو نامەیەدا کەبو:

((...شەهریاری کیشوەری حزم‌و قار، شاسواری عرسەی گیرۆدار، سولّتانی سولّتانەکانی جیهان، خاقانی خاقانەکانی زەمان، ناصر الاسلام والمسلمین، قامع الکفارو المشرکین، قارەمانی ئاووخاك، سمی رەسولّی رب العالمین، قائانی هەردو ئەرزو هەردو دەریا، خادم الحرمین الشریفین، دوەمین ئەسکەندەری ذوالقرنین،

سێبەری سایەداری رەحیمی رحمان، خاقانی کوڕی خاقان و، سوڵتانی کوڕی سوڵتان، مانگی چواردەی ئاسمانی سەڵتەنەت و، بەسالەت و، عەزمەت و، جەلالەت و، نەجدەت و، عەدالەت و، عزو شان و نصفه وامتنان: سوڵتان مستەفا خانی کوڕی سوڵتان محەمەد خان، نصر الله انصاره و ضاعف اقتداره..))

شا لەم نامەیەدا داستانی هەڵگەڕانەوەی ئێلە عەرەبەکانی بەسرە و، تەنینەوەی بۆ مەڵبەندی حوێزەی ئێران ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ گرتنی بەسرە بۆ ئەوە نەبو بیخاتە سەر قەڵەمڕەوەکەی خۆی، بەڵکو ئەوان لەباتی سوپاییانی عوسمانی ئەو ئەرکەیان ئەنجام داوە، بەئەمانەت لەدەستی والی عەرەبستان دایە. وەکو جاران بەملکی سوڵتانی دائەنێن و، بەوی ئەسپێرنەوە.. ئینجا دێتە سەر باسی میری بابان، سلێمان و نوسیوێتی:

((لەبەرئەوەی سلیمان بەبەی مخذول العاقبه، ماوەیەکی درێژە، هەمو رۆژێ شەڕی نابەجێ بەحاکمەکانی سەرسنورو قەبیلەکانی کوردو ئیل و ئەحشامی ئەم لایە ئەفرۆشێ و، هاندەری سیلسیلەی فەساد و عناد بوە و، هەندێ لەمەڵبەندەکانی ئەو حاکمانەی سەرسنوری داگیرکردوە، بەرامبەر بەو پارێزەرانەی لەو سەرسنورە دانراون و جێبەجێ کردنی مەرجەکانی صلح و میساقیان پێ سپێردراوە کرداری خراپ ئەکا.

چەندین جار کردەوە ناشایستەکانی ئەو پێڕەوی زوڵم و بێدادە بەپاشایانی بەغداد راگەیەنراوە، هەمو جارێ ئەوانیش گفتی تەمێ کردن و چارەکردنی ئەم کارەیان داوە، بەڵام بەهۆی تطمیع و حیلەکانی ئەو رۆژگارە رەشە دەغەڵەوە گفتەکانیان بەجێ نەهێناوە.

کەرکوک و ئەو شوێنانەی لەپاشایان و سنجاق بەگەکانی گرت بو لەدەستی ئەودا هێشتویانەتەوە، ئەوەش بۆتە هۆی زیادبونی توغیانی بیابانگەردی وادی خودسەری و خودرایی.

لەوەدا کەئەم خێر ئەندێش و دۆستی صداقت کێشە لەقسەکانی خۆیدا، تیشکی راستی، کالشمس في وسط السما، ئەدرەوشێتەوە، ئەوەی کەئەو سەرۆکی شەیتانگەلە بۆ وروژاندنی کەرەستەی فەساد دەری بڕی بو، نموداری مەوجی سەراب و، ئەو مەلعونە شایستەی بازخواست و سەرکۆنەیە. وە لەو روەوە کەبۆتە مایەی فتنە و فەساد و بەهۆی چاو لێ پۆشینی بەندەگانی ئەو شاهنشا ثریامکانەوە، فێری دڕی بوە.

((لێ بوردون و چاوپۆشینێ لێرە بەدواوە بەرامبەر بەو بکرێ ئەبێتە هۆی نائەمینی و پەشێوانی ئوموری جمهوری ئەنام و هەمو ئەهلی ئیسلام.

ئەگەر لەلایەنی خۆشی هێنی خاقانەوە فـەرمانی لازم الامتثـال دەربچـێ بـۆ دانی اهتمامی تەواو بەدەفعی ئەو مادەی وبـال ونکالـە، کەپیسـایی بـونی ئـەو فیتنە ئەنگێزە لەداوێنی دەوڵەتی ئەبەدمدت بشـۆرێو، گـەردی ژیـانی لەسـەر ئاوێنـەی پـاکی خۆشەویستی بسـڕێتەوە، ئەبێتـە هـۆی دامـەزرانی بنچـینەی اختصاص‌و باعیسی پتەوبونی بناغەی خۆشەویستی تایبەتی.

هەڵگری نامـەی محبـەت عنـوان، ئیالـەت‌و شـوکت پـەناە: رۆسـتەم خـان، مەئموری گەیاندنی هەندێ قسەی دۆستانەیە...))[٣١].

مەستورەی کوردستانی بزوتنی سلێمان پاشای بابان بۆ سەر خاکی ئـەردەڵان‌و دوایی‌تر پێکادانی هێزەکانی عەجەم‌و بابان بەمجۆرە ئەگێڕیتەوە:

((لەسـەردەمی جلوسـی شـاە سـوڵتان حسـێن‌دا کاروبـاری ئـەمارەتی کوردستان(ئەردەڵان)بە محەمەد خانی کوڕی خەسـرەو خـانی ئـەردەڵان سـپێردرا" لەکاتی ئیالەتی ئەودا، سلێمان پاشای بابان بەهۆی زۆریی سوپاو لەشکرو فرەیی زیوو زێڕ بایی بو، لەشکرێکی سازکرد لەئەستێرە زۆرتـر بـو. لەوڵاتـەکانی رۆم‌و ئێراندا کەوتە تاڵان‌و راوورووت، بانگی سەرەڕۆیی‌و یاخێتی بـەگوێی دانیشتوانی هەردو وڵاتدا دا.

سەرەتا بەسوپایەکی لەژمارە بەدەر بەرەنگاری وەزیـری بەغـداد بـوەوە، پـاش تێکهەڵچون وەزیر بەتێکشکاوی هەڵات. دوای ئەوە بەنیازی گرتنـی کوردسـتانی ئەردەڵان ئەو سوپا گەورەیەی جوڵاند. دەستی داگیرکردنی بۆ ئـەو سـنورانە درێـژ کردو دەرگای فیتنەو فەسادی کردەوە. هـەر لەسـەرەتاوە هـەورامان‌و مـەریوان‌و سەقزیان گرت. تەمرخان بەگی کوڕی زۆراب سوڵتانی کوڕی کەلب عـەلی خـانی والی، کـە لەسـەقزو سـیاکۆ بـو، هـەروەها ئیـبراهیم بـەگی میرئەسـکەندەری دەسەڵاتداری مەریوانیان کوشت. سەرەنجام کەهەواڵی رابـون‌و راپـەڕینی سـلێمان پاشا بەگوێی شا سوڵتان حسێن گەیشت، لـەو روداوە شـڵەژا. عەباسـقلی خـانی قاجاری بەسـەردار دانـا بەسـوپایەکی زۆرو لەشـکری زیـاد لـەڕادەو ژمـارە بـۆ لەناوبردنی فیتنەی سلیمان پاشا بۆ یارمەتی دانی سوپای ئەردەڵان نارد.

کەمەوکیبی سوپای قزلباش‌و قشونی ئەردەڵان گەیشـتنە مـەریوان، سـلێمان پاشا هەنگاوی ئازایەتی‌و جوامێری بۆ پێشەوە ناو تێکهەڵچون لە٩هەمی مانگی موحەرەم ساڵی ١٣١٠(بێگومان ئەم ساڵە هەڵـەی چـاپە)هەنگامـەی جـەنگی دلێران لەبروسـکەی تیـغ‌و شـریخەی سـەنان گـەرم بـو. لەبەیانییـەوە تـائێوارێ خەنجەری دلێران کاری لەیـەکتری ئـەکردو شمشـێری دلاوەران گیـانی ئەکوشـت‌و سەری ئەپەڕاند، هـیچ کامیـان سـەرنەکەوتن. رۆژی دوایـی ١٠هـەمی مـانگی ناوبراو بو، دوبارە هەردولا تەپڵی شەڕیان لێداو، ریزیان بەست. وەکـو نێـرە شـێر پەلاماری لەشکری یەکتریاندا. سلێمان پاشا خۆی لەپشـتی هێرشـەکەوە هاتـە

پێشەوە، پیاوانەو دلێرانە کەوتە شەڕەوەو، ئازایەتی نواند، چەندەها سەری سوارانی ناودار بەزۆری بازوی کەوتە سەر ئەرز.

دوابیەکەی، چونکە فەتحو زەفەر بەندە بەتەقدیرەوە نەك بەزۆری بازوی دلێرانی رۆستەم ئاساو، هێزی شمشێری شێرانی پڕ هونەر، شەمالی سەرکەوتن لەئالای دەوڵەتی عەباسقلی خان هەڵی کرد. سلێمان پاشاو لەشکرەکەی تێکشکانو بەزین. زۆری سەرکردەکانیان کوژرانو بەدیل گیرانو برینداربونو گیران، ئەوانەی لەشیر رزگاریان بو بەهەزار فرتوفێڵ گیانی خۆیان دەرباز کرد. خێوەتو بارەگاو ئەموالو ئەسبابی خۆیان بەجێ هێشتو، بەرەو لای رۆمو قوستەنتین رایان کردو هەڵاتن.

قاسم سوڵتانی هەورامی پاش حەسانەوە لەماندویەتی شەڕو، گۆڕانی هەنگامەی شەڕ بەخۆشیی بەزم، بەهۆی کۆنە قینەوە لەبنەماڵەی ئەردەڵان، سەبارەت بەناپاکیی و نادروستی باوەڕ، بەسەرداری قزلباش ئەڵێ کە: بەهۆی تعصبی دراوسێیەتیو هاومەزەبیو، بەهۆی گوێ دانە هاوسێیەتیو دور بیرکردنەوە، سوپای ئەردەڵان وازی لەرێوشوێنی دۆستایەتیو ئاشنایەتی لەگەڵ دلێرانی بەبە نەهێناوەو، بەهیچ جۆرێ بەنیازی جەنگ دەستی شەڕیان لێ نەکردونەتەوەو، لەپێکادانی ناوونەنگدا بەهیچ شێوەیەك بەشداری جەنگ نەبون.

عەباسقلی خانی قاجار کەسەرداروبە((زیاد ئوغلی))بەناوبانگ بو، بەدوزمانی قاسم سوڵتان وروژا، لەسەری موسڵمانانی بێ گوناهی سنە کەللە منارێکی دروست کرد، سەری قاسم سوڵتانیشی وەکو بەیداخ بەسەر بەرزایی سەرەکانی ترەوە هەڵ واسی.

((فەرد: هەر کەس چی بچێنێ ئەوە ئەدروێتەوە.))[٣٢].

مێژونوسانی ئەردەڵان، ئەڵێن لەو بەزمەدا ١٥٠٠ کەس لەکوردەکانی ئەردەڵان کوژراونو، زیاد ئوغلی گردێکی لەکەللەکانیان دروست کردوە، کەلەناو خەڵکدا بەکولێن کۆ بەناوبانگ بوە.[٣٣]

وەکو شای ئێران خواست بوی، دەوڵەتی عوسمانی حەسەن پاشا، یەکێ لەپاشا بەتواناکانی کردە وەزیری بەغداو، ئەرکی سەرکوت کردنی ئێلەکانی کوردو عەرەب و جێگیر کردنی دەسەڵاتی عوسمانی پێ سپێردرا.

هەردو دەوڵەت کەوتنە هاوکاری بۆ لەناوبردنی سلێمان پاشا. حەسەن پاشا خۆی بەقین بو لەسلێمان پاشا، شکاتی شای ئێرانیشی هاتبوە سەر.

لەلایەن عوسمانیەوە حەسەن پاشای وەزیری بەغداد کەوتە سەرکوت کردنی کوردەکانی سنجارو، سۆرانو، عەرەبەکانی لای بەسرە.[٣٤]

لەلایەن عەجەمەوە حسێن خانی لوڕ نێردرایە سەر شارەزوور کەوتە تالان و کوشتنی خەڵك. ئێلی بلباسی هەتا تاکۆو قەندیل راو نا[٣٥].
حەسەن پاشای والی بەغداد، سەرەنجام توانی سلێمان پاشا لەگەڵ ١٧ بەگی کورد لەدۆستو هاوکارەکانی بەیارمەتی پاشایانی حەلەبو دیاربەکر بکوژێ[٣٦].
بەجۆرە هەوڵدانی بەبە سلێمان بۆ فراوان کردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیو، بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لەنێوان بەرداشی هێزی رۆمو هێزی عەجەمدا شکاو سەری نەگرت.
شا ساڵی ١١٠٦ گورگین خانی گورجی، کەمەسیحی بو، بەحاکمی موسڵمانانی قەندەهار دانا. گورگین خان سەرەڕای جیاوازی دینی لەگەڵ خەڵکی قەندەهار، زوڵمی زۆری لێ ئەکردن. ماوەی ٥ ساڵ لەوێ مایەوە بێ ئەوەی رەفتاری خۆی لەگەڵ خەڵك بگۆڕێ، میر وەیسی هوتکی کەیەکێ لەسەرانی ئیلی غلیجائی بو، لەوێوە روی کردە دەرباری سەفەوی لەئەسفەهان، بۆ شکات لەدەس ستەمی گورگین خان. شاو کاربەدەستانی دەربار گوێیان نەدایە گازندەکانی میروەیس. میر وەیس هەم نائومێد بو لەوەی بتوانێ هەلومەرجی گەلەکەی خۆی بەهۆی شاوە باش بکا، هەم تێ گەیشت لەوەی کاروباری دەرباری سەفەوی گەیشتۆتە ئەوپەڕی بۆگەنیو لاوازی لەوێوە نەگەڕایەوە قەندەهار بەڵکو چو بۆ حەج. پاش حەج کردن دوبارە گەڕایەوە ئەسفەهان. سەرلەنوێ دادی خۆیو خەڵکەکەی بردەوە لای شاو دەربار(١١١٢). ئەم جارەش کەڵکی نەبو. کەس گوێی لێ نەگرت. بەنائومێدی گەڕایەوە قەندەهار.
میر وەیس سەرانی ئێلەکەی کۆکردەوەو، لاوازی دەوڵەتی سەفەوی بۆ رون کردنەوەو، هانی دان بۆ یەکگرتنو شۆڕش. رۆژێکیان لەکاتی راودا گۆرگین خانی کوشت(١١١٣) لەماوەیەکی کەمدا کاربەدەستانی سەفەوی لەقەندەهار دەرکردو خۆی دەستی بەسەر کاروباری وڵاتدا گرت. شا چەند جارێ لەشکری ناردە سەریان. بەڵام هەمو جار بەتێکشکاوی ئەگەڕانەوە.
میر وەیس پاش ٨ ساڵ حوکمڕانی مرد(١١٢١). میر عەبدوڵڵای برای جێگەی گرتەوە. عەبدوڵڵا ویستی بچێتە ژێر سایەی دەسەڵاتی سەفەوییەوە، بەڵام مەزنەکانی ئیلی غلیجائی ملیان بۆ ئەوە نەداو میر مەحمودی کوڕی میر وەیسیان لێ هاندا بیکوژێو جێگەی باوکی بگرێتەوە. مجمود مامی کوشتو لەجێگەی ئەو بو بەحاکمی قەندەهار(١١٢٢). مەحمود کەبەوردی ئاگاداری هەلومەرجی ناوەوەی دەربار بو، کەوتە پێشڕەوی. سیستانی گرت. لەڕێگەی کرمانو یەزدەوە چوە سەر ئەسفەهانو، گەمارۆیدا. دوای ئابڵوقەدانێکی درێژو داکەوتنی قاتوقڕی

لەناو پایتەختدا، شاو دەستوپێوەندەکانی خۆیان بەدەستەوەدا. شا بەدەستی خۆی تاجی شاهیتی لەسەری خۆی داگرت‌و کردیە سەری مەحمود (١١٣٥). مەحمود چوە ناو ئەسفەهانەوە شای لێخراوی لەیەکێ لەکۆشکەکانی‌دا بەدەس بەسەری داناو خۆی لەسەر تەختی شاهی دانیشت. شا نزیکەی ٦ساڵی بەدەس بەسەری بەسەر برد. سەرەنجام ئەوو هەمو شازادەکانی تری کوشت. بەدەگمەن تاك‌و تەرایان لێ دەرباز بو. لەوانە کوڕێکی شا کەناوی تهماسب بو ئەویش لەلایەن نادرەوە لێخرا. ئیتر کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە هات کەبنچینەی ئێرانی نوێیان دانا بو.

کوژرانی سلێمان پاشای بابان‌و ١٧ سەرداری تری کورد ودوایی تر کوژرانی بەکر بەگی بابان لەلایەن والی بەغدادەوە، لەروداوەکانی داهاتودا بەجۆرێ رەنگی دایەوە کارێکی بڕیاردەری کردە سەر پێکادانی عوسمانی-ئەفغانی(١١٤٠).

لەو نەبەردە گەورەیەدا کە ٧٠ تا٨٠ هەزار سوپایی عوسمانی بەسەرکردایەتی ئەحمەد پاشای کوڕی حەسەن پاشای وەزیری بەغداد لەبەرامبەر ١٧ هەزار ئەفغانی بەسەرکردایەتی ئەشرەف لەنزیکی هەمەدان رویدا، سوپای عوسمانی دوای ئەوەی ١٢ هەزار کوشتەی‌دا بەتێکشکاوی لەبەردەمی سوپای ئەفغانی‌دا پاشەکشەی کرد، چونکە ٢٠هەزار سواری کورد بەسەرکردایەتی خانە پاشای بابان، کەباڵی چەپی سوپای عوسمانی پێك ئەهێنا، بەشداری شەڕ نەبون. هەمو مێژونوسەکان هۆی ئەم هەڵوێستەی سوارەی کورد لەو شەڕە گرنگەدا ئەگێڕنەوە بۆ وەرگرتنی بەرتیل‌و گفتی بەخشینی پلەو پایە بەسەردارەکانی کورد، پڕوپاگەندەی دینیی مەلاکانی ئەفغانی دەربارەی نامەشروعی شەڕی هاودین‌و هاومەزەب[٣٧] کەچی کەسیان باسی کاری کوژرانی بەکۆمەڵی سەردارەکانی کوردیان نەکردوە لەلایەن حەسەن پاشای باوکی ئەحمەد پاشاوە، لەسەر دڵسۆزیی‌و نادڵسۆزییان بۆ تورك.

٣-چاخی قاجار

١/٣ ئەحمەد خانی مقدم مەراغەیی

نمونە١٠:

داوی تەزویرو، باپیر ئاغای مەنگوڕ(١١٩٨)

ئێلی بلباس کەئێستا لەموکریان‌و خانەو ئەم دیو و ئەودیوی قەندیل‌و پشدەرو بیتوێن‌و شارەزورو گەرمیان‌و دەشتی هەولێرا دانیشتون.. لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆیان لەسەر نیە، ئەمیر شەرەفخان لەبارەی بلباسەوە ئەڵێ:

((... ئێلی روژکی، رۆژێکیان ٢٤تیرەی کورد لەشوێنێك بەناوی تاب سەر بەمەڵبەندی خۆیت کۆبونەوەو بون بەدوبەش" دوانزە تیرەیان بلباسی‌و دوانزەکەی تریشیان بەقەوالیسی ناسراون. بلبیس‌و قەوالیس دو گوندن لەگوندەکانی هەکاری‌و، بەپێی گێڕانەوەیەك دو هۆزن لەئێلەکانی بابان))[٣٨].

لەسەردەمێکا ئەم ئێلە ئەبێ بوبن بەهێزێکی گەورە لەچوار گۆشەی ورمێ- سەقز، شارەزور- رەواندزدا، چونکە لەروداوەکانی ناوچەکانی موکریان، ئەردەڵان، بابان، سۆراندا بەزۆری ناویان دێتە پێشەوە. چەند جارێ کاربەدەستانی ئێرانی‌و عوسمانی پێکەوە پەلاماریان ئەدەن‌و، هەرلایەکیان لەقەڵەمڕەوی خۆیەوە هێرشیان ئەبەنە سەر. لە١١٢٥دا لەسەر داوای عەجەم لەدیوی عوسمانییەوە وەزیری بەغدادو، لەدیوی ئێرانەوە والی ئەردەڵان لەشکرکێشییەکی گەورەیان کردە سەریان[٣٩].

لە١١٥٠وەزیری بەغداد جارێکی تر چوە سەریان بۆ راونان‌و کوشتن‌و تالآن کردنیان، بەبیانوی جەردەیی‌و رێگرییەوە. شایەتێکی ئەو زەمانە، نوسیوێتی: ((ئەوانە جەردە نەبون، بەڵکو ئەو قسەیە بۆ مەبەستێ بو کەوەزیر ئەوی ویست. ئەگینا ئەوانە شافیعین‌و خاوەنی غیرەت‌و حەمییەتی دینیین، زۆریان تەلەبەی عیلم‌و خاوەنی مزگەوت‌و گوندن، رێزی میوان ئەگرن. وەزیر ئەی ویست پەلاماریان بدا وتالآنیان بکا. ئەو دەسکەوتانەی ویستی دەستی کەوتن))[٤٠].

لەدوای هاتنی ئیلی ئەفشار بۆ ورمێ‌و دەوروبەری، وەپاش لاوازبونی ئێلەکانی برادۆست، ئیلی بلباس سەری دەرهێناوەو، بۆتە هێزێکی ئەوتۆ لەناوچەکەدا، مەترسییەکی راستەقینەی بو سەر دەسەڵاتی عەجەم لەورمێ‌و مەراغادا دروست کردەوەو، ئەوانەش هەمیشە لەتەقەلای سەرپێ دانەواندن‌و لاوازکردن‌و لەناوبردنی ئیلی بلباس‌دا بون.

لەکۆتایی سەدەی ١٣هەمی کۆچی‌دا، کۆنفدراسیۆنی بلباس لە٤ هۆزی سەرەکی پێکهات بو" مەنگوڕ، مامەش، پیران، باڵەك، لەوکاتەدا، بوداق خانی کوڕی شێخ عەلی خانی موکری حاکمی سابلاخ‌و، ئەحمەد ئاقای مقدم حاکمی مەراغاو، ئیمام قلی خانی ئەفشار حاکمی ورمێ‌و، نەجەف قلی خانی دونبولی حاکمی تەورێز بو. هەر لەو ساڵانەدا پشێوی سەرانسەری ئێرانی گرت بووەوە، ململانێ لەنێوان بنەماڵەی زەندو قاجارو، چەند کەسی تر لەناودارانی ئێران لەسەرتەختی شاهێتی ئێران لەوپەڕی توندوتیژی دابو. هێشتا بەلایەکدا نەکەوت بو.

نەجەفقلی خانی دونبولی بەگلەربەگی تەورێز، بەتاوانی راوڕوت حاجی عەلی محەمەد ئاقای مەراغەی کوشت(١١٩٠). لەجێگەی ئەو ماوەیەك ئیسماعیل بەگو ماوەیەکی تر زین العابدین بەگی دانا، کەهەردوکیان لەخزمە نزیکەکانی حاجی عەلی بون. ئەحمەد ئاقای کوڕی حاجی عەلی محەمەد بەهاوکاری سەرانی ئیلی مقدم مەراغەیی‌و بەپشتیوانی ئەحمەد خانی دونبولی حاکمی خوی برازای نەجەفقلی خان، بوەوە بەحاکمی مەراغە. لەسەردەمێکا سەرانی زەند لەناو خۆیاندا لەسەر دەسەڵات لەململانێدا بون. عەلی مراد خانی زەند ویستی ئەم لەحاکمی بخا، بەڵام ئەحمەد ئاغا گوێی نەدایە فەرمانەکەی ئەوو بەیارمەتی ئیمامقلی خانی ئەفشار، بەگلەربەگی ورمێ، لەشوێنەکەی خۆیا جێگیر بو.

ئەحمەد ئاقا، دڵسۆزی‌و گوێڕایەڵی تەواوی بۆ کاربەدەستانی تەورێز دەرئەبڕی. بەلێوەشاوەیی‌و دڵسۆزییەوە بۆ بنەماڵەی قاجار، توانی ببێتە یەکێ لەپیاوە گەورە ناسراوەکانی سەردەمی قاجار. زەینەب خانی کچی، هاوپێخەفی ١٧ هەمی فەتحعلی شای قاجارو کچێکی تریشی هاوسەری محەمەد عەلی میرزا دولتشاهی کوڕی فەتحعلی شا حاکمی کرماشان بو.

ئەحمەد ئاقا لەسۆنگەی کوشتنی بەفێڵی باپیرئاغای مەنگوڕو هەزار کەس لەپیاوە هەڵبژاردەکانی ئیلی بلباس‌دا، نازناوی((خان))و بەگلەربەگی وەرگرت. نزیکەی ٤٠ ساڵ دەورێکی کاریگەری هەبو لەسەرکوتکردنی شۆڕشی هەمو ئێلەکانی کوردا، بەتایبەتی چەندین جار چوە سەر هۆزەکانی ئیلی بلباس‌و، کوشتاری بەکۆمەڵی لێ کردن‌و، سامان‌و دارایی تاڵان کردن. هەر ئەو لەشکری بابانی، کەچوبون بۆ یارمەتی دانی ئیلی بلباس، لەیەلتیمور تێ شکان‌و مەحمود پاشای کوشت(١١٩٨). هەروەها بەشدار بو لەسەرکوتکردنی یاخی بونی ئێلە کوردەکانی ماکۆ، خوی، سەلماس بەسەرکردایەتی جەعفەرقلی خان(١٢١٤).

ئەحمەد خان یەکێك بو لەسەرکردە ناسراوەکانی هێزەکەی محەمەد عەلی میرزای حاکمی کرماشان کەچون بۆ سەرکوتکردنی عەبدولرەحمان پاشای بابان(١٢٢٦). هەمو ئەو شوێنانەی دەستی ئەم‌و هێزەکەی پێ گەیشت بەقسەی عەبدولڕەزاق دونبولی((بەجۆرێ کەوتنە بەر کوشتن‌و تالان کردن کەشیرازەی کۆمەڵەکەی عەبدولرەحمان پاشای لەبەریەك هەڵوەشان))[41].

لەزۆری تێکهەڵچونەکانی جەنگەکانی ئێرانی-روسی‌و، ئێرانی- عوسمانی‌دا، لەژێر سەرکردایەتی عەباس میرزادا بەخۆی‌و هێزەکانی مقدم مەراغییەوە بەشدار بو. یەکێ بو لەوانەی پاش هاتنی هەیئەتی جەنگی فەرەنسی بۆ ئێران لەدروست کردنی فەوجە نوێیەکانی نیزام پیادەی ئێراندا بەشداربو.

شاکاری ئەحمەد خان کوشتنی باپیرئاغـای مـەنگوڕ، سـەرکوتکردنی ئیلـی بلباس بو[42].

نوسەری((تاریخ افشار))روداوەکە بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:

((...لەبەرئەوەی ئیلی بلباسی دانیشتوی ناوچەی لاجـانی ورمـێو سـولدوز، بەردەوام دەسدرێژییان ئەکردە سەر مەڵبەندەکانی ورمـێو مـەراغاو، ئەوەنـدەی ئەیان تـوانی لەکوشـتنی خـەڵكو تـالان کردنـی مـاڵو کەلوپـەلیان درێخیـان نەئەکرد، ئەحمەد ئاقـا بـۆ تـەمێ کـردنو گـوێ راکێشـان، بگـرە بـۆ لەڕیشـە دەرهێنانی ئەو طایفه طاغیه خسران ماله، هیمەتێکی بەرزی نواند. لەو کاتـەدا سەرۆکی ئیلی ناوبراو ناوی باپیر ئاغای مەنگوڕ بو، کە بـەزاراوەی خۆیـان پێـی ئەڵێن مەزن‌و، بەئازایەتی‌و سەرکێشی ناوی دەرکردبـو. ئەحمـەد ئاقـا بـەناردنی رسل‌و رسائل لەگەڵ ناوبراو بناغەی دۆستی‌و ئاشنایەتی دامەزران، وە بەڕشـتنی دانی زخارف رای کێشایە ناو داوی تزویرەوە. نامەی بۆ باپیر ئاغا نوسـی: هـەمو دنیا ئەزانێ دوژمنایەتی بەینی من‌و نەجەف قلی خانی بەگلەربەگی تـەوریز تـا کوێیە، چونکە ئەو کابرایە، حاجی عەلی محەمەدی بـاوکی خـوالێ خـۆش بـومی بەغەدرو حیله کوشت، سەندنی خوێنی باوکیش لەسەر کوڕەکەی پێویستە، تکام وایە لەگەڵ هەندێ لەئێلەکانی خۆت هەنگاوی یارمەتی دان بهاوێژی‌و، حـەقی دۆستایەتی‌و دراوسێیەتی بەجێ بهێنی، هەڵبەت لەوەشدا دەسکەوت‌و تالانی زۆر لەشتومەکی تەوریزو دەورو پشتیتان پێ ئەبڕێ.

باپیری مەنگوڕ بەتەماعی شتومەك فریو درا. لەگەڵ هەزار کـەس لـەلاوانی ئازاو سوارانی جەنگ ئازمودەی مامـەش‌و مـەنگوڕ بەپۆشـتەو چـەکداری، بـو مەراغا چون، ئەحمەد ئاقا بۆ پێشوازی کردنیان لەشار دەرکـەوت‌و، بردنیـە نـاو شـار، لـەناو ماڵـەکانی شـاردا هـەر پێـنج کـەس‌و دەکەسـیانی لـەماڵێك دا دامەزران‌و، کەلوپەلی پێویستی بۆ ماڵی هەریـەکێ لـەئاغایانی ئـەو تایەفەیـە نارد . بەڵام لەپێش هاتنیـان دا، تـەگبیری کوشـتنی ئـەوانی لەگـەڵ ئـەعیان‌و کوێخایان‌و سەرانی سوپای مقدم کردبو. بەجۆرێ کەهەر چـەند کەسـێك لەوانـە لەماڵی هەرکەس کەمیوان بن، خاوەنی ئـەو ماڵـە لـەکاتی دانـراودا کـەدەنگی تفەنگێکی بیست میوانەکانی خۆی لـەکاتی خـەودا بکـوژێ‌و رەوانـەی دیـاری عەدەم یان بکات. لەکاتی دیاریکراودا لەنیوەشەودا خاوەن ماڵەکان کەبۆ کارەکە بێداربون، بەبیستنی دەنگی تفەنگ بەجارێك دایان بەسەریان داو، رەوانەی دیاری عەدەمیان کردن، بەجۆرێ کە لەوهەزار کەسە یەکێ بەزیندویەتی دەرباز نەبو.

بۆ بەیانی سەلکی مەغوسی ئەوانەیان بردە بەر چاوی ئەحمەد ئاقاو، لاشەی مەزنەکەیان- باپیر ئاغا بەدەروازەی شارا هەڵواسیو کردیان بەپەنگ بو سەیر کەران.

هێشتا ئەم دەنگوباسە بڵاونەبو بوەوە دەمەوبەیانی، بەئامادەیی تەواوەوە، بەغار هەڵی کوتایە سەر لاجان، ئەشرار غافلگیر کران، ماڵو کەلوپەلی تالاّن کردنو بەدەسکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە. وەختێ ئەم مەسەلە ترسناکە لەئیلی بلباس قەوما، ئەشرار لەترسی ئەوەی نەوەکو ئەم بەلا ناگەهانە بگاتە سەر ئەوانیش، تێکرا سوێندیان بۆ یەکتری خواردو یەك کەوتن. کەبۆ تۆڵەی خوێنی باپیر ئاغا هێرش بکەنە سەر مەڵبەندی مەراغا، تۆڵەی ئەوە بکەنەوە کەڕوی داوە. ئەحمەد ئاقا لەبیستنی ئەم پیلانەی ئەشرار پەشۆکا. ناچار پێشدەستی کرد لەپەلامار دانیان، لەکاتێکا ئەوان لەشاری سابلاخی موکریان بون، لەناکاو لەئاوی جەغەتور تەتەهو بۆیان پەڕییەوە، هەڵی کوتایە سەریان، لەحالێکا ئەوانە بێ ئاگا بون لەم کارە، کۆمەڵەکەیان پەرەوازە بو، ئازایەتی مەردانی مقدم زیادی کردو، ریزەکانی ئەشرار شلەژا، سەرەنجام نەیان ئەزانی بۆ چارەی ئەم کارەساتە چی بکەن، مەگەر ئەوەی پەنایان بۆ پاشای قەراچۆران(مەبەستی پاشای بابانە لەقەلاّچوالان)، هەروەها عەریزەیەکیشیان بۆ علیمراد خانی زەند، کە لەو رۆژانەدا سوڵتانی فارسو عیراق بو، نوسی. لەوێوە لەسەر داوای ئەوانە حوکمێك دەرچو" کەمەحمود پاشای قەراچۆران یارمەتی کوردەکان بدا، کەلوپەلی تالاّن کراوی ئەمیرەکانی بلباس لەئەحمەد ئاقای حاکمی مەراغا بسێنێتەوە، ئەحمەد ئاقا لەحکومەتی مەراغا لابداتو، بوداق خانی سابلاخی موکری لەجێگەی ئەو بکاتە حوکمڕان.

کاتێ ئەم هەواڵانە بەگوێی ئەحمەد ئاقا گەیشت، لەرێگەی رسلو رسائل ەوە داوای یارمەتی لەئەمامقلی خانی بەگلەربەگی ورمێو ئەحمەد خانی دونبولی حاکمی خوی کرد. بەیارمەتی ئامادەیی ئەفشارو دونبولی بەسەر مەحمود پاشادا زاڵ بو. لەبەر ئەوەی مەحمود پاشا لەو شەڕەدا گوللەی تفەنگی پێکا بوی، برینەکەی کاری بو، مرد. بەپێی قسەیەك ئەم روداوە لەساڵی ١١٩٨بوە. پاش ئەم روداوانە ئەحمەد ئاقا بەپێی گێڕانەوەی گلشن التواریخ چۆتە ورمێ، لەئەمامقلی خانی بەگلەربەگی ئەفشار... نازناوو حوکمی خانی وەرگرتو، ئیتر بەئەحمەد خانی مقدم ئەناسرا))[٤٣].

بەیتبێژێکی موکریان ئەم روداوەی هۆنیوەتەوە، ئۆسکارمان لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا تۆماری کردوە.

بەیتی با پیراغای مەنگوڕ

گوێراد‌ێرنی دیوانە! گوێو لە من بێ دێوانە!

۳ شەوو ۳ ڕۆژانە، بۆ و بکەم مەدحی شیرانە. دۆلابی موکریانە. قاقەز چو بۆ عیلانە. بێ ڕەشەی ڕەسوڵ ئاغانە، لەگەڵ حەمەدی شینانە، رابەریان ئەورەحمانە، چۆڵیان کرد، باگردانە. بەعیززەتی سوبحانی، سبحەی لەگەڵ بەیانی، لەشکری باپیرخانی، ڕەنگ وەزیری رومیانی، سواربو لەباگردانی. مەنگوڕی دەمی وەجاغی، پیاوبون لەسابلاغی، تەدارەك بۆ مەراغی. بۆ مەراغەی ڕەوانە. ۳ شەم سەری هەموانە بە۳ شەموی پڕ هونەر، باپیراغای پڕ جگەر، بدا خانی بۆ دەستەبەر، لەسابلاغی چوبوە دەر، دەڵێ: ((هیچ پەرچت نایەتە بەر))

خالەق! ساحێب سەفایە، پەرچی دەوێ دنیایە، بەئومێدی ئەو خولایە، لێیاندا دەهۆڵو زوڕنایە، ئەسپیان هاتە سەمایە، زۆرخۆشن بۆ دەعوایە، هومێد ڕەسوڵڵایە،((ئەو کارە واپێك نایە!((.

هات، گەبیە فەخرەقایە. لێیاندا دەهۆڵو زوڕنایە. حەوسەد کەسی راگیرایە. زەوقی باپیرا غایە. لێدەن لەتەپڵی شایە. شوکر بۆ خولایە. مەکوژن سەیدو مەلایە! قورعانیان دەسینگی دایە!

هات، گەبیە خاتون باغی. باپیراغای قوچاغی، لەگەڵ خانی سابلاغی. سەیری کەیفو دەماغی، چو لەعەجەمی یاغی.

باپیراغای خاڵ لەڕو، بەرۆژی سێ شەمو چو، عامی خەلقی چو لەدو، چاویان لێ کرد بەفەندی، هات، گەبیە وەکیل کەندی، حەوسەد سواری لەڕەندی.

سبحەینێ چێشتەنگاوە، قاسیدیان دەگێڕاوە، چی ماوە دەنگیان داوە، قوشەن نەبوە تەواوە، تەگبیریان لێ روناوە، سبحەینێ بەیانی داوە، هەر بزوتو نوسراوە، دو عەشیرەتی ماوە.

ئەغلەب رمب نەزەرییە، یەك لەسەتی کەم نیە. بزانن مەسڵەحەت چیە.((بێ تیپی مەرنەکەنان؟))بۆیەی عالەم راچەنان

بەعەقڵم راچەنانە، مەقسودیان گۆڕانە، سولەیمان بەخۆو بەبرانە، رایان کردە جلیتانە، مەسڵەحەتی هەموانە: ((بچین بۆ سەر عەجەمانە، رابەرن بداخانە، مەراغەی بکەین وێرانە، بێن رونیشین لێرانە، مودەبیر کاك سولەیمانە، چونکە گەورەی عیلانە، چ دەفەرموی گیانە؟ ئێرە دەبێ وێرانە؟ مارەیان بکەین ژنانە؟ ئیدی، چلونە سەوزیخانە؟)).

هۆی سولەیمانی خەزالّی! نەوەی رۆستەمی زالّی، حەوت قوببەی لەمەتالّی، پێم نەلّێن ئەتۆ مندالّی! لەجلیی نەکرد خالّی، وەك هەوران بەگەوالی، دەکوژم مالّو تفالی، درەنگە رێی مەکەن خالّی.

گەبییە، ئەلّلاهو ئەکبەری

لینگیدا پێش خانی بەموشتەری، دەلّێم: ((خانە ئەتۆ کوێندەری، نۆ سەد سواری بەدەفتەری)).

دەلّێم((خانە، لەروحیم بویە موشتەری،لەبۆ مەراغین بەری))

بۆ مەراغەی بردە خوار

یابینای پەروەردگار! بەزار خۆشە نۆ سەد سوار، هەم رۆحمبەرو جەببار، ئیزرابیل بو جلودار، بۆ مەراغەی بردە خوار

بۆ مەراغەی راکشان، ورشە ورشی کەمبەران، بینی میشكو عەنبەران، فەندی پەیاغ بە سەران، قەت نابیٚ گوزەران

قەت ناتبی گوزەرانە، عەجەم زۆر بیٚ ئیمانە، لێن تێك دەدەن مەکانە، سەرن دەبڕن لێرانە، خدراغای نەوجووانە، چوە سەر خانی بەرمبانە: ((بابە لێدەم ئامانە!))

باپیر دەلّێت: ((کاکە! کەس ئەوی مەسلّەحەی ناکا. بداغم لەگەلّ پاکە، هیچ دەهویەن لیٚ ناکا، تەگبیران بکەین چاکە، جێگاکەن زۆر غەمناکە، عەجەم یەکجار هیلاکە))

((عەجەم هیلاكو زۆرزانە))چوە سەر جانی بەرمبانە، دەلّێ: ((بابە لێدەم ئامانە!)).

بانگم وە بەر پادشای لەژور، خان ناردنی دور لەدور، بلباس هاتن بەجەمبور، رانك رەشی چەکمەسور، خان ناردنی بەحوجەتە، بلباسان تالحەو بەختە.

بەسیی رەختی دە زەردا، کاکە رەشی نامەردا، هاتە خواریٚ لەسەردا، ئیمانی پیٚ بو هەردا

مەنگوری دە رمب جولانە، چاویان کەوت بەزیرانە، وە ژور کەوتن یەکانە، چەند شیوی پڕ دەرمانە! چەند شیشەو شەرابە! عەجەم بون بەجەللابە، موکری بون بەقەسابە، هیچ کەس والی دەر نابا، چلۆن دەبیٚ ئەو حیسابە، هەموی مەستی شەرابە، وای لیٚ دەرنابا کەسە

خالەق! تۆی فەریادرەسە، مەگەر بەهەرەوەزە، بداخان لێی بو قەزا، رێکی دەدان بەخەزا. تایفەی خان باپیری، رێکی دەدان بەشیری، بو بەخانەبگیری، ئیسلام قڕ بو بەشیری

بەشیری قربو ئیسلام، تێیاندا بۆ قەتلوعام، قەتلوعامیان تێدا بو
سولەیمان بەخۆو بەبرانە، دەردەچو لەدەربانە، ئەگەر لەدەربان دەرچو، چوارو پێنجی کەوتە دو، خەلاس بونی، بۆ نەبو
بۆی نەبو خەلاس بونە، لەو کافری دە مەلعونە، بەو رمبی دەسی سونە، بەداسی کەرەنتونە، هەروەك گەنمیان دەدرونە
هەروەك گەنم و سوالە، دە خوێنیدا شەلالە، بلباس حالت بێ حالە! لەولای بێ شیرە خرە تۆپییان لێدا بەگورە، حەوتی لێ بون بەورە، دەنگی لەعەرزی برا.
ئافەریم وەستای خەرات! دەست بەخەنجەری دەدات، حەوت مالی کردن بەرباد
وەستا عوزیری هەندو، خەنجەری شام و تەشو، لەبەرگەرەکیدا چو، یەکێ لێ خەلاس نەبو
هۆیە وەستا عوزیریا حەوت مال بە وەجاغ کوێری، هەر یەکێکیان دەبوێرێ، ئاوێتی جەزاییری، دابوی لەتەپلی سەری، ئەویشی کرد بێ بەری
کوا مەرزینگ؟ کوا ئومەربل؟ شۆڕە لاوی شل و مل، لەکولانان بونە جل
بونە جل لەکۆلانان، لەشی دەوان نەوجەوانان، کەوتبون لەکولانان. لەکۆلان و کەناران، لەشی دەشۆڕە سواران، وەك بڕانگی دە داران، سەریان گەییە حەساران، لەحەساری دەوامگرد، لەبلباسی دەوا خورت، لەش و کەلەش بونە پرد، عەجەم بەسەردا رابرد.
هەر کەس میوانی خۆی کوشت
بەدەهۆل و زورنا هاتنە سەر باپیراغای، جا باپیراغا لەبداخانی پرسی:
لەباپیراغای جندییە لەبداخانی پرسییە: خان، ئەو قولە قولە چیە؟
دەلێ: ((یا پیری شوگاییە، ئەوە دەهۆل و زورناو شاییە، ئەوە پیشەی ترکییە، زەوقە لەبۆ خەلقییە.
رۆژێکی لەرۆژئاوایە، خان باپیر لەسەرایە، ئاوری تۆپخانە یان دایە، زەلیل باپیراغایە، لیەی هیچ بۆ پێك نایە" خدری شۆڕیان هەلێناوە، لەپێش بابی راگیراوە. حەمە سور بەچەلەنگی، هەلیان ئەشکاوتە سینگی، کوڕ لەسەر سینگی بابی، لێیاندا بە جەللابی((تو قەت موسلمان نابی!))
سبحەینێ ئەلەسەحەر، کوێت و بوزو سەقەر، لەخاویان هێنا دەر.((لێی کەن زینی موحتەبەر، توندی بکێشن تەنگ و بەر!((پێی نا لەرکێفی کەوتە سەر.((سوار ببێ پەپاغ بەسەر! پەپاغ بەسەر سوار بێ، خێلی فەقیر هەژار بێ، موکری هەروا داغدار بێ، هەر هاوارو لێدان بێ))

هەر هاوارو لێدانە، بێ سەردارو خێزانە، دەڵێی: مەڕی بێ شوانە، پەخش بون لەزەویانە، دۆلابی بەگزادانە، سەرکردەی موکریانە، خراب بون ئەو کارانە، بەقڕی دان موسڵمانە، یەکیان نەمان ئەوانە، هومێد بوداغ سوڵتانە، قبوڵ نەکا لەوانە، بوچ بێ دینی غەیانە، وای کرد بو عەجەمانە؟ پێیان نەکا موتمانە، غەلیزن ئەو سەگانە. نەمرە ئەو بداخانە؟ ناترسێ لەگۆڕخانە؟ چییان کردبو بەستەزمانە؟ ماڵی خۆی کرد وێرانە، کەسی نەهێشت لەعیلانە. رەببی سەد جار شوکرانە، چونکە پێشکار شەیتانە، دەست هەڵگرێ لەو کارانە

هاتو، گەبیە کارێزی، منداڵی پڕ بەئامێزی ئیخسیر چونە تەورێزی

هاتو، گەبیە دەریازی، مەحبوبیان بژارد لەرێزی

هاتە خوار لەلاچینی، لەت بێ لەنیوی زینی، لەبلباس، بەقینی

برایم ئاغا بێ لەسەردا، تاقە سوارەی بێ گەردە، خێزانی دیکدی وەردا

دیکدی وەردا خێزانە، حەسەنی بەکر ئاغانە، میردە رۆژی تەنگانە، بەری هەڵنەدا گورانە

مەلا رەسوڵ بێ فەرە، دە پێش بداغی گەرا: ((خانە بەسێ بێ ئەو شەڕە! ئیسلام هەموی وەرگەڕا))

-ئیسلام پاك وەرگەڕاوە، هەتتا سیلمیی هەڵناوە، تا سلیمو بەیتاسی، ئیخسیر، بەسی عەبباسی

بەسی عەبباسی ئیخسیر، زینی رۆمیانو بارگیر، لەسەری بو رمبو شیر، بداخانی جیهانگیر

بداخان بۆ لەدوایی، هەزار مەڕی شوگایی، هەر هەرزانە، خۆڕایی، دەیاندا مەڕو شایی بزنێك بینی دو کارە لەموی بکرێ دەوارە، بەهای بزنیم دو پارە

هەزار گای بێ جوت بەندە، قیمەتی گای، خولابەندە، بلباسان کاریان گەندە لەبلباسی گردو مرد. خزمەتی خانیان نەکرد. بۆیە بەدیان بۆ رابرد. خان عەرزی شای لەوان کرد. بۆیە یان تەگبیر لێ کرد خان گوتی: ((خزمەت بەگەرمینیان کرد))بۆیە پاکی برد قڕی کرد.

قڕی کرد لەزەمانی، بنۆڕە تەگبیری خانی. وا گوزەران دەزانێ، ئەمینی دەوڵەتانی. بلباس زۆر بەهەستە زمانی خزمەتو نەکرد بەخانی، بۆ خوو پەیدا کرد غەیانی

تایفەی بوداغ سوڵتانی، لەکن پادشای رەوانی

مەنگوڕ زۆر بەستەزمانی. بەستەزمانی بێ شومار، نەیان دا خەرجو بێگار، خانیان لێ بو دەعوا کار، هاتنە پێش پیادەو سوار: ((مالیاتی نادەین چ

جار))وای گوت باپیری نازدار: ((بۆ خۆم دەبمە حاکمی شار، خانی دەردەکەم ئەوجار، خانی دەردەکەم یەقین، بۆ خۆم دەبمە جێ نشین، دەڵێم بەگزادە چ نین)).

ئەگەر ئەو قسە هات، رابرد، خان رونیشت تەگبیری کرد، قسەی خۆیان پاك یەك کرد، عەرزی پادشایان دەکرد. پادشا لەوانی قبوڵ کرد. بداخانی گردو خورد، مانگێکی دی سەبری کرد، پاك مەنگوڕی وەخڕ کرد، سەرتاپای خەڵات دەکرد. بداخان گوتی: ((بمێنم باپیر ئەمنت دەزیینم، سابلاغیت بۆ دەستێنم، باپیر مەبە ئینتیزار، دەبێ ببیە حاکمی شار، لەبەرم هەیە یەك کار.کارم هەیە لەوێندەری، جاری دەنێرم چەپەری چەپەرێکی بەرەوان، بۆ کن پاشای بەدڵو جان، مەراغەی بکەم وێران، پادشای دەکەم بە خودان، بۆ خۆت ببە ئاغای هەمووان)).

لەمەنگوڕی گردو مرد، قسەی خانیان قبوڵ کرد، بەحەوتوێکی پاکی وەخڕ کرد، بە سابلاغی تەگبیر کرد.

((گوێو لەمن بێ گەلی جەماعەتی کەس بە بەگزادان هەڵنەخەڵەتێ!))[٤٤].

٢/٣ عەسکەر خانی ئەفشار

نمونە١١:

کەمەندی تەدبیر" ئیسماعیل ئاغای شوکاك(١٢٣٥)

عەسکەر خان بەگلەربەگی ئیلی ئەفشارو سەردەمێك حاکمی ورمێ بو، یەکی بوو لەنۆکەرە دڵسۆزە نزیکەکانی عەباس میزاو، لەجەنگی ئێرانی-روسیدا(١٢٢٠)یەکێ لەسەرکردەکانی هێزەکانی بو. لەدوای هاتنی دەستەی نوێنەرایەتی فەرەنسی بەسەرۆکایەتی گاردان بۆ ئێران، بۆ جێبەجێ کردنی پێکهاتنی فەرەنسی- ئێرانی فیتکن شتاین(١٢٢٥: ١٨٠٧)و نوێ کردنەوەی هێزە چەکدارەکانی ئێران، عەسکەر خان کەئەوسا یەکێ لەپیاوە ناسراوەکانی ئێران بو، جگەلەوەی بەشداری دروستکردنی فەوجەکانی پیادەی نیزامی ئازەربایجان بو، لەلایەن فتحعلی شاهی قاجارەوە کرایە دوەمین سەفیری دەربارەی قاجار لەلای ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەرەنسە(١٢٢٢-١٢٢٦).

عەسکەر خان لەگەڵ خۆی بایی پەنجا هەزار تومان دیاری بۆ پاریس بردبو، پاش ئەوەی ٤ ساڵ لەپاریس مایەوە بێ ئەوەی بەهیچ ئەنجامێکی باش بگا، بە١٠هەزار تمەن قەرزەوە گەڕایەوە، ئەو قەرزەی لەسەری کەڵەکە بوبو، ئەیویست لەتاڵان کردنی خەڵکی کوردستان بیبژێرێ. لەپاش گەڕانەوەی عەباس میزا کردی بەحاکمی ورمێ، هەندی سەرچاوە ئەڵێن عەسکەر خان یەکێ بوە لەدامەزرێنەرانی کۆڕی فەرمانسونەری لەئێران[٤٥].

ئێلی شوکاک، کەپێك ئەهات لەچەند تیرەیەك، لەناوچەکانی سنوری ئێران-عوسمانیدا ئەژیان، کاربەدەستانی عەجەم توانی بویان ئەم ئێلە بهێننە ژێر باری فەرمانبەرییەوە، شەڕکەرانی شوکاك لەریزی شەڕکەرانی عەجەم دا بەشداری لەشکرکێشییەکانی عەباس میرزاو، سەرکردە سوپاییەکانی تری عەجەم ئەبون" هەم بۆ سەرکوتکردنی ئێلە کوردەکانی وەکو بلباس و زەرزاو، هێزەکانی میری سۆران لەسیدەکان.[٤٦] هەم بۆ بەشداری لەجەنگەکانی روسیاو عوسمانیدا جگە لەوەش ژنوژنخوازییان کەوت بوە بەینەوە لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانە هیچی دادی نەدان، میرزا رەشید باسی سەرپێچی کردنی ئیسماعیل ئاغای شکەفتی سەرخێڵی شوکاكو، کوشتنی بەدەستی عبدالصمد خان، بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:

((رونکردنەوەی ئەم باسە وایە، ئیسماعیل ئاغای کوڕی میزا ئاغای سەرخێڵی ئیلی شکەفتی لەسەر لوتکەی شاخی بنابی نازلو قەڵایەکی قایمی دروست کرد، ئەندەرونو بیرونو دو دژی پتەوی تیابو. ئەم کابرایە وەختی خۆی لەشەڕەکانی نێوان دەوڵەتەکانی ئێرانو عوسمانیدا لەپای ئاوزەنگی نائب السلطنەدا خزمەتی دیاری کردبو. بوبوە جێگەی دڵنەوایی کردنی شاهانە. بەشێنەیی کاری ئەو بەرز بوەوە، دەسەڵاتی گەیشتە هەمو ئێلو هۆزەکانی ورمێ، لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی فەرمانی دیوان، ئەبو یەکێ بێ لەژێردەستەکانی حسێنقلی خانی بەگلەربەگ. سەبارەت بەوەی شەرارەتو جەسارەتی سروشتیی هەندێ لەم جۆرە کەسانە، جاروبار ئەبوە هۆی یاخی بون لەگوێڕایەڵی فەرمانەکانی بەگلەربەگی پایەبەرز، توشی تەمێ کردنو گوێ راکێشانی توند ئەبو. لەوەختی خۆیدا بۆ دامەزراندنی بناغەی پەیوەندیو نوێ کردنەوەی رێوشوێنەکانی گوێڕایەڵی کچۆڵەیەکی خۆی لەفرج اللە خانی کوڕە گەورەی عەسکەرخان مارە کردبو.

لەو حەلە بەدواوە، لەسایەی دەربڕینو دڵنیایی خزمایەتییەوە لەگەڵ عەسکەر خانو سەختیی ئەو قەڵایەی پێشتر باسی کرا، سەر لەنوێ کەوتەوە هەڵگەڕانەوەو یاخی بون، رێگەی هاتوچۆی خەڵکی بڕی، کەلوپەلو بەربومی چەن ئاواییەکی دەوری قەڵاکەی تاڵان کرد.

کەهەواڵی یاخی بونو هەڵگەڕانەوەی ئیسماعیل ئاغا گەیشتە بەگلەربەگ، سەرەتا هەر بۆ بیانوبڕینو تێگەیاندنو لەبەرچاوگرتنی خزمایەتی ئەو لەگەڵ عەسکەرخان، عبدالصمد خانی لەگەڵ عەلی سوڵتانی ریش سپی هۆزی کەلوڕو چەند کەسێکی لەکارکەرانی باوەڕپێکراو، مەئمور رەوانەی قەڵا فەرمو. کەبەڵکو بەپەندو ئامۆژگاری بیهێننەوە سەر رێ. خانی ناوبراو لەگەڵ مەئمورەکان، وەکو

فەرمانیان پێ درابو، چون بۆ قەڵای ئیسماعیل ئاغا. لەقەڵاکەی خوارەوە دەستەیەك لەپیاوەکانی کەچەکدارو ئامادە پاسەوان بون، ئیسماعیل ئاغایان لەقەڵاکەی سەرەوە لەهاتنی عبدالصمد خان ئاگادار کرد. پاش رێگە درانیان مەلا صالح ناوێك کەهاودەمی ئەوبو. پێشوازی لەعبدالصمد خان کردو بردی بۆ حەساری سەرەوە. ئیسماعیل ئاغا خۆیشیچەند هەنگاوێك لەحەساری سەرەوە هاتە پێشێ و، هەمویان پێکەوە چونە ئەندەرونی حەسار.

عبدالصمد خان کەوتە ئامۆژگاری بەبەزەییانەو، گفتو گەف، بەڵام لەو هیچ وەڵامو قسەیەکی نەبیست، نیشانەی رازی بون یا راست بێ. عبدالصمد خان سەرلەنوێ بەنەرمیو میهرەبانی ئامۆژگارییەکانی خۆی دوبارە ئەکردەوەو ئەیوت: خیلافو خیانەت بەرامبەر دەوڵەت هەمیشە ئەبێتە هۆی داماویو زەرەرو، ئەنجامی خراپی لێ ئەوەشێتەوە. ئەو کابرا بێباکە لەبیستنی ئەم قسانە تورە بو، بەدزییەوە جنێوی بەعبدالصمد خاندا. بۆیە عبدالصمد خان وەکو شێری تورەی دڵ پڕ لەقین لەلای ئەو هەستاو، لەدڵی خۆیدا سوێندی گەورەی خوارد" ئەگەر بهێڵم ئەم کابرایە بەزیندویەتی بمێنێ، دیارە من لەنامەردانی رۆژگارم. ئەوسا لەقەڵاکەی ئیسماعیل ئاغاوە بەسواری هاتە خوارێو، لەماوەی دو سەعاتدا خۆی لەشار گەیاندە حزوری حسێنقلی خانو باسەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەم جارەیان بەگلەربەگ، عەسکەر خانی بۆ قەڵای ناوبراو مەئمور فەرمو.

عەسکەرخان رۆژی یەکشەممە ١٤ی محرم الحرام لەگەڵ چەند کەس لەگەورەکانو ئەعیانو برازاو نەزەر عەلی خانی کوڕی خۆی، چو بۆ سەر قەڵای ناوبراو. لەدەوری قەڵاکە دابەزی، لەدوای ئەویش عبدالصمد خان لەگەڵ سوارانی ناوداری نیزامی کۆکراوەی خۆی کەوتەڕێ. عەسکەرخانی کارزان نیازی وابو کەئەو بەکەمەندی تەگبیر نەك بەجەنگو پەیکار گرفتار بکا. بۆیە بەهۆی تەرجومانێکی زمانزانەوە پەیامی بۆناردو نامەی پێ گەیاند. ئاگاداری کرد لەداوێنی قەڵاکەدا ئەیەوێ بیبینێ تا گفتوگۆی لەگەڵ بکات. ئیسماعیل ئاغا قبوڵی کرد. داوای بارمتەی کرد لەناو قەڵا دایان بنێ. تا خۆی بەتەنیا بێتە داوێنی قەڵا. عەسکەرخان بۆ دڵنیایی ئەو، نەزەر عەلی خانو فەرەج ئەڵڵا خانی وەکو بارمتە ناردە قەڵا، ئیسماعیل ئاغاش ئەوسا زاتی کرد لەگەڵ پێشخزمەتەکەی خۆیدا، هاتە خوارێ بۆ چادری عسکەرخان لەدەوری چەمەن چەنزە.

لەم کاتەدا عبدالصمد خان لەگەڵ سوارەکانی‌و یەکدو دەستە گەیشتە دەرگا. بینی ئیسماعیل ئاغا لەگەڵ براکەی‌دا خەریکی پرسیارو وەلامن. هەر بەسواری هاواری لەعەسکەرخان کرد، وتی: هەرکە دوژمنت بەردەس کەوت بیکوژە!

ئیسماعیل ئاغا لەبینینی عبدالصمد خان‌و بیستنی مصرعێکی کەخوێندیەوە، خۆی گەیاندە ئەسپەکەی. هێشتا پێیەکەی تری نەخست بوە ناو ئاوزەنگی، عبدالصمد خان کتوپڕ تفەنگەکەی خۆی بەرەو ئەو ئاگر داو بەگوللەیەك تەواوی کرد. سواران‌و سەربازان لەبینینی ئەم روداوە کەوتنە دەسرێژو، چەند کەسێکی کەهاوڕێی ئیسماعیل ئاغا بون کرانە نیشانەی گوللە.

عەسکەر خان لەم هەلومەرجەدا لەپەژارەی نەزەر عەلی خان‌و فرج اللە خان دابو کە لەقەلاکەدا بون. عبدالصمد خان لەم کەینوبەینە ئاگادار نەبو. نەوەکو دانیشتوانی قەلاکە بیان کوژن. بەلام کەقەلادارەکان گوێیان لەدەنگی دەسرێژی تفەنگەکان بو، نەزەر عەلی خان بەزیرەکیی خۆی، زانی بوی کەئیسماعیل ئاغا چوە بۆ دیاری عەدەم، روی خۆشی پیشان دان‌و مژدەی بەکوردەکاندا" للە الحمد پێکهاتن‌و ئاشتی لەنێوان هەردو لادا کراوە، ئەو دەسرێژەش نیشانەی ئەوەیە. ئەوانیش بڕوایان بەم قسەیە کرد. چاودێری ئەو دو لاوە یان پشت گوێ خست. ئەوسا نەزەر عەلی خان‌و فرج اللە خان هەردو سواربون، بەخێرایی بروسکەو با بەرەو ئوردو کەوتنە غاردان، باوکی مەزن‌و مامی ناودار بەهاتنەوەو رزگار بونیان گیانێکی تازە یان تێ گەڕایەوەو، خۆشییەکی بێ ئەندازە یان پێ گەیشت. ئینجا سواران‌و سەربازان هەڵیان کوتایە سەر قەلاکەو، هەمو دارایی ئیسماعیل ئاغایان تالان کرد. کوڕەکانی ئیسماعیل ئاغا: میرزا ئاغاو، عەلی ئاغاو،یەحیا بەگ لەمەیدان هەلاتن، بەلام ژنەکەی ئیسماعیل ئاغا کەناوی((جازی))بو ئافرەتێکی ژیرو ئازا بو، پاش ئەم روداوانە چو بۆ دار السلطنەی تەوریز بۆ لای ولیعەهد نائب السلطنە بەپێی عەرزی ئەو عەلی خانی ئەفشار کەنسقچی باشی دەربار بو بەمەئموری بۆ ورمێ نێردراو، بەلەبەرچاوگرتنی گوێڕایەلی جۆرە پێکهاتنێ کراو، گەڕایەوە..))[٤٧].

٣/٣ عەباس میرزا نائب ئەلسەلتەنە

نمونە١٢:

جەماعەتی ئەکراد" باعیسی روانی فتنەو فەساد(١٢٣٨)

ئاقا محەمەد خان، یەکەمین شاهی قاجار بەوەجاخ کوێری کوژرا، چونکە بەمندالی خەساند بویان. بەلام خۆی هێشتا زیندو بو، فەتح عەلی برازای بە ولیعەهد دانا بو. وەسێتیشی بۆ کرد بو کە" شای ئێران ئەبێ هەمیشە کەسی بێ

که لەسەری دایك‌و باوکەوە لەئێلی قاجار بن. فەتح عەلی شاهی قاجار ژمارەیەکی زۆر ژنی هەبو. هەر بەو جۆرەش ژمارەیەکی زۆر کوڕو کچی لێ کەوت بووەوە. کەمرد هەر کوڕەکانی ژمارەیان بەرەو ژوری ١٠٠کەس بو. لەناو کوڕەکانی‌دا لەژیانی خۆی‌دا، عەباس میرزای هەڵبژارد بو بەنائب السلطنه، واته بەوەلیعەهدی خۆی.

عەباس لە١٢٠٣دا لەئاوایی نوا لەمازندەران لەدایك بوە. لە١٢١٣دا هێشتا تەمەنی ١١ ساڵ بو. باوکی هەلی بژارد بەولیعهدی خۆی‌و کردی بەوالی ئازەربایجان. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، سلێمان خانی قاجار(اعتضاد السلطنة)به لەلەی‌و، میرزای عیسی فراهانی(میرزا بزرگ)بەوەزیری‌و، ئیبراهیم خانی قاجار بەسەرداری بۆ دانا.

لەیەکەمین هێرشی روسی‌دا بۆ سەر قافقاز(١٢١٨) عەباس کەهێشتا ١٦ ساڵ بو، لەلایەن شاوە کرا بەسەرکردەی هێزەکانی ئێران. لەهەموو شەڕەکانی هەردو خولی جەنگی روس-ئێرانی‌دا عەباس میرزا سەرکردایەتی هێزەکانی لەئەستۆدا بو[٤٨].

رێککەوتنی ئێران لەگەڵ فەرەنسەو هەوڵدانی فەرەنسی بۆ رێکخستنەوەی سوپای ئێرانی لەسەر شێوەی نوێی ئەورووپایی، بۆ ئەوەی خۆی لەبەر گوشاری روسی‌دا بگرێ، کەڵکی ئێرانی نەگرت.

ئێران خولی یەکەمی جەنگی دۆڕاندو بەسەپاندنی پەیمانی گولستان(١٢٢٨)کۆتایی هات. نابەرامبەری تەرازوی هێزەکانی هەردولا، دەرباری قاجاری ناچار کرد کەزۆر مەرجی گرانی روسی قبوڵ بکا. لەم پێکهاتنەدا، روسیا دەسکەوتی ئەرزی، سیاسی، ئابوری زۆری لەئێران‌دا بەدەس هێنا.

ئێران خولی دوەمی جەنگی روسی- ئێرانی(١٢٤١-١٢٤٣) لەجاری پێشو خراپ تر دۆڕاند. هێزی روسی گەیشتە تەورێزو، لەکاتێکا خەریکی پێشڕەوی بو بۆ داگیرکردنی تاران، ئینگلیز کەوتە تەقەلای ناوبژی بۆ راگرتنی جەنگ‌و رزگارکردنی ئێران لەروخان‌و هەڵوەشان. گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان عەباس میرزا بەنوێنەرایەتی شاو، جەنەراڵ پاسکۆڤیج سەرکردەی هێزەکانی روسیا بەنوێنەرایەتی قەیسەر دەستی پێ کرد. لەئاوایی تورکمان چای، لەباتی پەیمانی گولستان، پەیمانێکی نوێیان ئیمزا کرد(١٢٤٣).

مەرجەکانی روس لەپەیمانی تورکمان چای‌دا زۆرگران تر بو لەوانەی ناو پەیمانی گولستان‌و، دەسکەوتی ئەرزی، سیاسی، ئابوری زۆر زیاتر بون لەهی

پێشو. عەباس بەگوێرەی ئەم پەیمانە دەستی لەسەرزەمینێکی فراوانی ئێران هەڵگرت بو روسیاو، سەربەخۆیی سیاسیو ئابوریو سوپایی ئێرانی کۆتوپێوەند کرد. پەیمانی تورکمان چای ئێرانی کردە دەوڵەتێکی لاواز شوێنی لەمپەری لەنێوان روسیاو هیندستاندا گرتەوە. بەڵام عەباس میرزا ئەم پەیمانە زەلیلانەیەی بۆ خۆی بەسەرکەوتنێکی گەورە دائەنا چونکە" لەمادەی ٧هەمیدا روسیا بەڵێنی دابو کەپشتیوانی عەباس میرزا بکا بۆ ئەوەی((شاهێتی ئێران)) لەوو دوای ئەویش لەکورو نەوەکانی ئەودا بمێنێتەوە"[٤٩].

دەرباری قاجار لەئەنجامی هەردو خولی جەنگی روسی-ئێرانیدا بەشێکی فراوانی لای ژورووی قەڵەمڕەوەکەی لەدەس دا بو. ئەی ویست ئەوەی لەوێ دۆڕاندبوی لەشوێنێکی تر بیبژێرێ. یاخود وردتر بڵێین" ئەی ویست لەسنوری رۆژئاوایدا، لەئەرزی کوردستاندا، کەبەشێکی قەڵەمڕەوی عوسمانی بۆ بێتەوە مایە. بۆ ئەوەش دەرباری قاجار ئەی ویست کەڵك لەکورد، بەتایبەتی لەمیرەکانی بابان وەربگرێ.

هاوزەمان لەگەڵ ئەو روداوانەدا بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد خەریك بو پێی ئەنایە قۆناغی سەرهەڵدانو هەوڵی رزگاری لەدەسەڵاتی بێگانەو یەك گرتنەوەی ناوچەییەوە. لەزۆر ناوچەی کوردستاندا بزوتنو راپەڕین لەپەرەسەندندا بو، هەندێکی کەمو زۆر رەنگی جوڵانی نەتەوەییو، هەندێکی رەنگی یاخی بونی خێڵەکیو، هەندێکیان رەنگی ناڕەزایی کۆمەڵایەتیو ئابوریان پێوە بو. لەوانە" تەقەلای میرەکانی بابان، بەتایبەتی عەبدولڕەحمان پاشاو مەحمود پاشای کوڕی. تەقەلای میری سۆران یاخی بونی ئێلەکانی دونبولی، حەیدەرانلو، سیپکی، زیلان، جەلالی، بلباس، شوکاك. دەباری قاجار لەهەریەکێ لەم روداوانەدا بەجۆرێ تێکەڵاو بو، بەشداری سەرکوتو تێکشکاندنو لەناو بردنی کردن.

عەباس میرزا چوارچێوەی سیاسەتێکی کوردیی داڕشت بو، کەجۆری بۆچونی دەرباری قاجاری بەرامبەر مەسەلەی کورد بەگشتی دیاری ئەکردو، چۆنایەتی رەفتارکردن لەگەڵی دەرئەخست. ناوکەکەی بریتی بو لەوەی چۆن بتوانن کورد لەململانێی ئێرانی- عوسمانیدا بەچاکترین شێوە بەقازانجی خۆیان بەکاربهێنن. عەباس میرزا نامەیەکی درێژی بۆ فەتحعلی شا نوسیوە سیاسەتی کوردیی خۆی رون ئەکاتەوە، لەبەرگرنگی نامەکە وەکوی خۆی لێرەدا رای ئەگوێزین:

((عەرزی نوابی نائب السلطنه، دام ایام اجلاله، ئەمەیە کە:

لەبەرئەوەی هەمو دەوڵەتانی کافر لەم سەردەمەدا خەریکی ئاشتیو سازانن، منیش هەمیشە هەوڵو تەقەللامەو، تەلاشو رەنجم لەو بوارەدا بۆ ئەوە بوە،

کەناکۆکی لەنێوان دەوڵەتی ئیسلامدا نەمێنی. تا ساڵی پار، کار لەئاشتی‌و پێکهاتن ترازاو، ماوەی سازان نەما. دوای پێشڕەوی موش‌و بایەزیدو ئەرجیش کەگەڕاینەوە تەوریز لەلای خۆمەوە قایمقامم بەنیازی سازان نارد. ئەوان وەڵامی راستیان نەدایەوە. چەندجار لەگۆشەو کەنارەوە لەدەرگای ئاشتیماندا. بەڵام بەهیچ جێگەیەك نەگەیشتین. تا ئەمساڵ بەخواستی خواو بەختی شاهنشا، گیانی هەمومان بەقوربانی بێ، توشی ئەو تێکشکانە بون. دوای ئەوە دەسبەجێ خەڵکمان نارد. لەلای خۆمانەوە بەئاشکرا داوای رێککەوتنمان کرد. دوایی‌تر میرزا تقی مان ناردو ئەو خزمەتە پیرۆزەمان پێ سپارد. ئەویان ناردەوەو بەڵێنیشان دابویە لەماوەی چل رۆژدا وەڵام بدەنەوە. بەڵام بەجێیان نەهێنا. سەرەڕای ئەمەش دیسان چەند جارێ لەرێگەی ئینگلیزەکانەوە، بەهۆی ئیلچییانەوە لەئەستەمبوڵ ئەوەمان دەربڕیوە. بەڵام تا ئێستەش بەهیچ جۆرێ وەڵامی ئەوان نەگەیشتوە بەڵکو لەهەمو لایەکەوە بەگەرمی خەریکی خۆسازدانن بۆ جەنگ‌و هیچ نیشانەیەکی ئاشتی‌و سازین دیار نیە. لەگەڵ زانینی ئەمەدا، هەرکات ئێمەش کەنۆکەرانی ئەم دەوڵەتەو سنورداری ئەم مەملەکەتەین، ئەگەر بەهیوای ئاشتی پاڵی لێ بدەینەوە، خۆسازدان پشت گوێ بخەین، ئەوە پێچەوانەی بەرژەوەندی دەوڵەتی قاهیرەیە، بۆیە لەڕوی شارەزایی‌و دڵسۆزییەوە بەئاشکرا ئەم مەسەلەیە عەرز ئەکەم:

ئەگەر لەلایەن ئێمەوە پێش دەستی نەکرێ، مانگی دوەمی بەهار نەچینە ناو خاکی دوژمنەوە، ئەوەندە دوا بکەوین تا جەوزاو سەرەتان بگا، قشون‌و تۆپخانەو هێزو خواردەمەنی رۆمی لەهەمو لایەکەوە کۆببێتەوەو، کوردەکان خێزان‌و ران‌و رەوەو کەلوپەلەکانی خۆیان لەکوێستانەکان‌و هەوارەکان دابمەزرێنن‌و، سوارەو سوپاییان لەهەمو لاوە وەکو مێرولەو کوللە هێرش بهێنن. ئەوسا ئەگەر بمانەوێ جەنگ بکەین یاخود بمانەوێ ئاشتی بکەین کارەکە گران‌و، چارە دژوار ئەبێ. لوتبەرزی‌و لەخۆبایی بونی رۆمی لەئاشتی‌داو، هێزو توانایان لەجەنگدا زۆر زۆر زیاد ئەبێ. بەڵام هەر کات ئێمە لێرەوە زو بجولێین، تا کوێستانەکان بەفری لێ نەچۆتەوەو ئەوان ناتوانن لەکەلێنەکانی‌دا بحەوێنەوە، بچینە ناو خاکی دوژمنەوەو لەپێش ئەوەدا قشونی عوسمانی کۆببێتەوە شەرارەتی ئەشراری کورد، کەمایەی هەمو شەڕو فەسادێك هەر ئەوانن. بەفەزڵ‌و کەرەمی ئیلاهی و تالیعی سەرکەوتوی شاهنشاهی لەبەریەك هەڵ بوەشێنین‌و، بەویستی خوا لەموش بەرەو خوار راویان بنێین. ئەوسا ئەگەر بمانەوێ جەنگ یا ئاشتی بکەین، بەیارمەتی

خوای گەورە ئاسان ئەبێ‌و بەسوکی مەیسەر ئەبێ. لوتبەرزی‌و بایبونی رۆمی ئەگۆڕێ بەخۆشڕۆیی‌و زەبرو زۆریشیان ئەبێ بەکزی‌و ناتەوانی.

لەبەرئەو هۆیانە ئەگەر بیری پیرۆزی شاهنشاهی هاتە سەر ئەوەی کەپێش دەستی بکرێ، قشونی سوارە، کەمەئموروو تەرخان ئەکرێن، ئەبێ کاتێ لەوێوە بجولێن کەلەکۆتایی حەملدا یا ئەگەر زۆر دوا بکەون لەسەرەتای ثەوردا بگەنە تەورێز، تاقشونی تێرەش دوا نەکەوێ، بەبێ چاوەڕوانی بەو پەڕی پشت ئەستورییەوە، ئینشائەڵلا، هەر لەو کاتانەدا بکەونە خزمەت، لەم حاڵەتەدا کەئەگەر لەسەرەتای ثەورەوە دەس بەکاری ئەم لایە بکرێ ئومێدەوارین تا سەرەتای میزان، بەئاشتی بێ یا بەجەنگ، بتوانرێ لەم لایەوە دڵنیایی بەدەس بێ.

کاتی لەشکرکێشی بۆ سەر بەغدادیش هەر لەو دەمانە دایە، کام نیعمەت باشترو بەرزترە لەوەی کە لەم عەزیمەتی شاهانەیەدا پەروانەی احضاری ئێمە بگات، لەم سەفەرەدا ملازمی رکابی فەلەك فرسابم‌و، گیانبەختکەرانە لەحزوری میرا دەربکەوین، لەبارەی جولانی مەوکیبی جیهان گرەوە فەرمان فەرمانی ئەشرەفی هومایۆنە، بەلاّم لەبەرئەوەی لەڕوی کەمالی عاطفیتە وە لەئێمە پرسیارتان فەرمو بو، بەپێی فەرمانی بالاّیان عەرز ئەکرێ کەمەوکیبی پیرۆز هەرچی زوتر لەسوڵتانیەوە بکەوێتە رێ بۆ سازدانی سوپاو کۆکردنەوەی سەربازانی سەرکەوتو، پەنا بۆ ئحتسابی روس‌و رۆم و دڵنیایی ولایەتەکانی سنور باشترو خۆشترە، بەلاّم بەدیارە لەپاش مانگی شەوالدا زۆر زوەو، ئەو کاتانە زۆر زۆر پیرۆزەو لەهیچ جێگەیەکەوە کۆسپ‌و گرفتاری نابێ، بگرە پێشکەوتنی هەمو کارەکان بەجۆرێ کەچەندین جار تەجروبە کراوە طالعی هومایۆنی لەزیادبونی شاهنشاهیە کەبەفەزل‌و تایید تۆفیقی ئیلاهی تیشکی چاودێری سوڵتانی لەهەر کەس بدات‌و، روی جولانی پیرۆزی بگاتە هەر لایەك، هەر کاتێك بێتە پێشەوە بێ زەحمەت‌و پەشۆکان‌و بۆ پێشەوە ئەڕوا. لەبەرئەوەی قەول وایە هەر بڕیارێك دەربارەی ئەو لایە بدرێ بەدرێژی عەرزی خاکی پێی پیرۆز بکرێ، ئەوەندە ئەخرێتە بەرچاو، کەحکومەتی شارەزورو بابان‌و دەورو پشتەکانی بەگوێرەی رێگەپێدانی پیرۆز دراوەتە محەمەد پاشا(مەبەستی مەحمود پاشای کوڕی عەبدولرەحمان پاشایە)دڵنیایی لەراستی باوەڕو خزمەتگوزاری ئەو کەئەبێ ئێستەو پاشەڕۆژ بەدی بێت، بەچەند شتێك ئەهێنرێتە دی کەوا یەکەیەکە عەرز ئەکرێ.

یەکەم: گلدانەوەی بارمتە لەبەرئەوەی کوڕە باشەکانی ئەوو، ئەوو عوسمان بەگ، کەهەردوکیان لەکرماشان بون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەرپێچیەیان لەیەکدو ساڵدا کرد، گلدانەوەی ئەم جۆرە بارمتەیەم بەمایەی دڵنیایی نەزانیو بڕیاری ئەوەمدا لەکاتی سەفەری خەیر ئەسەردا، عوسمان بەگ خۆی لەگەڵ هەزار سوار یا زیاتر لەئەعیانو گەورەو گەورە زادەکانی بابان، ئینشائەڵلا تەعالی، لەگەڵ بخاو لەپێشڕەوی سوپای سەرکەوتودا، بەڕاشکاویو ئاشکرا دژی سوپاو سەر عەسکەری عوسمانی بجەنگن.

دووەم: بەئاموشۆی محەمەد پاشاو عوسمان بەگی برای کەماوەیەك بەر لەئێستا عوسمان هات، مانگێك لەتەوریز مایەوە. شەوی جەژن پاشا خۆی تکای کردوە، ئینشائەڵلا تەعالی، دێت. ئەو کەرۆیشت دیسان عوسمان بەفەزڵی خوا دێتەوە. بەو شەرتەی بێنم لەگەڕانەوەدا بەهەمان ڕێوشوێن ناهێڵم دیسان لەهاتوچۆ سارد ببنەوە.

سێیەم: سەرەڕای هەبونی قشونو سوپای استعدادی دەوڵەتی قاهیرە لەویلایەتی بابان کە تا ئێستە ئیبراهیم خانی سەرتیپ، کەچەند جار لەتاقمو سوپای بابان زۆرترو زاڵ ترەو، لەو شوێنانە بوە. لەرۆژانی سەفەریشدا، باوەڕپێکراوێ لەوێ دانێمو ئەوەندەی قشون کە لەغازیانی سەربازو سوارەی رکابی بەساخلو لەوێ دابنێم، لەباتی ئەوان لەسوارەی بابانو بلباسو هی تر ئەبەم بۆ سەفەر. لەراستیدا خەڵکی کوردستانو ئەردەڵانو سابڵاخی موکری هەمویان پشتگرو یارمەتیدەر ئەبنو، ئەگەر بەقازانجی دەوڵەتی بزانن ئیشارەتی خدیویانە سەبارەت بەیارمەتیدان لەکاتی پێویستدا ئەفەرمون.

چوارەم: هۆی سەرەکی پەژارەیەك کە کەسانی وەکو محەمەد پاشا هەیانە لەوەیە کەباری سەگینی دراو وکەلوپەلو طمعو توقع بخرێتە سەر شانیانو،لەعودەی نەیەنو، بەڵێنو گفتێك بدەنو دوایی بۆیان جێبەجێ نەکرێو لەهەردو لاوە ببێتە هۆی ترس. ئێمەش الحمدلله نەبارێکمان خستۆتە سەر شانی ئەوو، نە طمعو توقعێکمان هەیە. ئاسان ئاسان پێشکەشی سەرکاری پیرۆزیش کە لەحەزرەتی هومایۆندا نەختینە مان گرتۆتە خۆ ئینشائەڵلا تەعالی ئەیدەین. بۆ ئیبراهیم خانمان نوسیوە لەو مەڕو گاو قاترو یابۆ ئەو جۆرە شتانەمان لێ وەربگرێو، بەقشونی فەرمان پێ دراوی بداتو بەفەزڵی خوا حسابی ئەوەش، بریتیەکەی هەرچۆنێ بێ لەکەلوپەلی بێ کەڵكو دراوی بێ برەو تا خۆمان بۆ سەفەر نەرۆیشتوین ئەیدەین. بێگومان ئەوانە کەبریتیەکەی داو خزمەتی باشی

کرد، بێ هودە ئەم خزمەتە لەدەس نادا. پاش دانی پارەکە پێچەوانەی رێوشوێنێك ناجولێتەوە کەببێتە هۆی نارەحەتی بیری هومایۆن.
پێنجەم: ولایەتی شارەزوورو کۆیەو حەریر لەسێ لاوە بەسابلاخو ئەردەلانو سنورەکانی کوردستانو کرماشانەوە بەستراون، کەمەملەکەتی پارێزراوی سەرکاری شاهنشایەو، لایەکیشی بەشوێنی دەسەلاتی وەزیری بەغدادەوە بەستراوە. لەهەر رێیەکەوە ئاژاوەو فەسادێك لەو ولایەتەو ئەم تایەفەیەوە بگات. تەنیا لەو لایەیەوەو بەس. ئەو لایەش لەم کاتەدا کەئیبراهیم خانی سەرتیپو محەمەد پاشا تا موسڵ رۆیشتونو کەرکوكو هەولێرو پردی سور غاشیەی دڵسۆزیو گوێڕایەڵییان دەربڕیوە، وەزیری بەغدادیش بەجۆرێ خزمەتو سازدانی پیشان داوە کەتائێستە دو سێ جار پیاوی ئەو هاتونەتە لای سەرتیپو محەمەد پاشاو، بەپێی نامەیەك کەنوسی بویان بە گشتی کارەکانی ئەوێ ئەڕوا. ئەگەر لەپێش چۆنی ئێمەدا بۆ سەفەر، ئینشائەڵلا تەعالی بەشێوەیەك کە بەمەبەستی ئەولیای دەوڵەتی قاهیرەیە، کاری بەغدادو وەزیر بۆ پێشەوە چو، لەو لایەشەوە دڵنیا ئەبینو، ئەویش لەحوکمی ولایاتی مەحروسەی شاهنشاهیدا ئەبێو، هەر کاتێ پێشکەوتنێ پێك هات، عەزمێك کە لەکاری بەغدادا مەبەستی هیمەتی بەرزی سوڵتانیە لەو بەهارو هاوینەدا کاروباری ئەوێ بەلادا ئەخات. ئەگەر ناتەواوییەك بمێنێ لەفەسڵی پاییزا، ئەگەر بڕێن، لەکاتی گەڕانەوەی ئێمەدا، ئینشائەڵلا، ئەتوانین زستان لەگەرمیانی عیراقی عەرەبدا بەسەر بەرینو، بەغداد ئێستە لەسایەی سەری هومایۆنەوە ئەو توانایەی نەماوە بەرگەی هەڵمەتی لەشکری جیهانئاشوبی شاهنشاهی بگرێ.
شەشەم: عەبدوڵلا پاشا کەگەورەترینو بەسالاچوترین پاشایانی بابانە، لەگەڵ هەزار ماڵی ئێلی بابان، کەزۆریان لەپیاوی ناسراوو ئاغاو گەورەکانیان لێرەن، بەوپەڕی رێزو بەرزییەوە گلمان داونەوەو بەتەما هەین لەم رۆژانەدا لەدەوروبەری سابلاخ بەشو تیولی بدەینێ. لەبەر ئەوەی ئەبێ هەر کەسێ لەئەهلی رۆژگار بەترسو هیوا گل بدرێتەوە. ئەم رێگەیەش ترسی محمود پاشا ئەبێ.
بەپێی ئەم رێوشوێنو شێوەیە کەبەدرێژایی خرایە بەرچاو، ئومێدم وایە لەکاتی لێرە نەبونی ئێمەدا لەکاروباری ئەم لایەدا هیچ چەوتیو کەموکوڕییەك رو نەدا، بەفەزڵی خوداو باتنی ائمەی اطهاری متوکلینو، بەئیمدادی طالعی اقدسی همایون متوسلین، ئەو تەگبیرەی بەبیری ئێمەدا هاتوە بەم درێژییە رونمان کردۆتەوەو رونی ئەکەینەوە، ئینشائەڵلا لەگەڵ تەقدیر موافق ئەبێو، تکام وایە هەر یەکێ لەو بڕگانە بگاتە بەر خاتری عرش مظاهری وەحیو تنزیل بەئیرشادو

هیدایەتی بفەرمونو، نامەی پیرۆز زۆرتر بگات کەهیچ کاری بێ ئیجازەو عەرزی شەهریاری نەکرێ[٥٠].

لەم نامەیە چەند مەسەلەیەکی سەرەکی هەڵئەهێنجرێ:

١-چۆن رەفتار لەگەڵ کورد خۆی بکرێو ئارام بکرێتەوە"

٢-چۆن وەکو هێزێکی جەنگیو سیاسی لەململانێی ئێرانی- عوسمانیدا، لەکاتی پێکادانی چەکدارو لەکاتی گفتوگۆی سیاسیدا بەکاربهێنرێ"

٣-چۆن کەڵك لەدادوشینی توانای ئابوری کورد وەربگیرێ بۆ ئاسان کردنی کاروباری لۆجستیکی"

٤-چۆن سیاسەتێکی دوروانە لەمەسەلەکەدا بگیرێ، لەلای مەزنەکانی کورد بەجۆرێكو، لەلای دەوڵەتانی تورکو ئینگلیز بەجۆرێکی تر.

کێشەی بابان تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵی لەپێوەندی عوسمانی- ئێرانیدا دروست کرد. مەڵبەندی بابانیش بو بەیەکێ لەمەیدانەکانی پێکادانی خوێناوی هەردو هێزی ناوچەکەو کۆتاییەکەشی بەپەیمانی یەکەمی ئەرزرۆم(١٢٣٨)و پەیمانی دوەمی ئەرزرۆم(١٢٦٣)هات. ئەم دو پەیمانە پێوەندییەکانی ئێرانو تورکیایان رێکخستەوە، کێشە ئەرزییەکانی سنوریان بەلاداخستو، بنچینەی سیاسەتی هاوبەشی هەردو دەوڵەتی بەرامبەر مەسەلەی کورد دانا. یەکێ لەئەنجامە راستەوخۆکانیشی لەناوبردنی ئەمارەتە ئوتۆنۆمەکانی کورد بو.

دوروویی سیاسەتی عەباس میرزاو کاربەدەستانی تری دەربار لەنامەکانیاندا، بەرامبەر کورد، زۆر ئاشکرایە. لەکاتێکا بەریتانیا خەریکی ناوبژی ئاشتی بو لەنێوانی دەرباری قاجارو بابی عالیدا. نوێنەرانی هەردو دەوڵەت لەئەرزرۆم خەریکی گفتوگۆی پێکهاتن بون. چەندین نامە لەنێوان عەباسو فەتحعلی شاو کاربەدەستانی تورکو ئینگلیزو نوێنەرەکانی خۆیدا هاتوەو چوە. لەم نامانەدا بەرونی سیاسەتی کوردیی دەرباری قاجار ئەخوێنرێتەوە. عەباس میرزا کەخۆی بەرێوەبەری ناکۆکی ئێرانی-عوسمانی بو لەسەردەمی جەنگو لەکاتی گفتوگۆی ئاشتیدا، لەنامەکانیدا رونی ئەکاتەوە.

فەتحعلی شا لەنامەیەکدا کە لە١٢٢١دا بۆ وەزیری بەغدای نوسیوە، عەبدولرەحمان پاشای بابان بە((...عالیجاه، رفیع جایگاه، عزتو نبالت همراه، فخامتو بسالت انتباه، اخلاصو ارادت ئاگاه، امیرالامراء العظام، عبدالرحمان پاشای، حاکم قلعه چوالان...))ناوئەبا.[٥١]

عەباس میرزا لەنامەیەکیدا بۆ مەحمود پاشای بابان بە((...عالیجاه، رەفیع جایگاه، مجدت و مناعەت پەناه، فەخامەت و نبالت اکتناه، ارادت ئاگاه، میری میرانی عظام، مەحمود پاشا حاکمی سلیمانی و بابان و شارەزور..)) ناوی ئەبا[52]
محەمەد عەلی میرزاش لەنامەیەکدا کە لە١٢٣٥دا بۆ قاسم ئاغای گەورەی ئیلی حەیدەرانلوی نوسیوە بە((... عالیشان، رفیع مکان، عزت و مناعت بنیان، سنی القدر والمکان، اخلاص و ارادت نشان، عمده الاعیان، وزبده العشایر والارکان، قاسم ئاقا سرخیل تایفه حیدرانلو...))[53]
کەچی عەباس میرزا لەمحرمی ١٢٣٨دا لەنامەیەکدا کەبۆ لۆرد ستراتفور کانینگ، سەفیری بەریتانی لای بابی عالی(١٨٢٥-١٨٣٠)نوسیوە، ئەڵێ:
((...هەندێ مەسەلەمان بەپایە بەرز جۆرج ویلوك(نوێنەری بەریتانیا لای دەرباری قاجار) .فەرموبو تا بەو پایە بەرزە..(مەبەستی کانینگە).. رابگەیەنێ، بۆ ئەوەی ئاگاداربێ لەو روداوانەی لەماوەی ئەم دو ساڵەدا لەنێوان ئەم دو دەوڵەتەدا قەوماون و، فیتنە و نیفاقیان لێ پەیدا بووە.
((بۆ ئەوەی ئەو پایە بەرزە ئاگادار بێ" هەمو ئەو جەنگ و دەعواو ئاشوب و غەوغایەی لەنێوان ئەم دو مەملەکەتەدا روی داوە، یا هەرچەند ویست و ئارەزوی ئەم دەوڵەتە نەمرە کەئێستە دیسانەوە خەریکی سازین و وازهێنانن لەشەڕ هاتبێتە سەر صولح، رەفتارو کرداری لەکوردانی بەد نیهادو دانیشتوانی ئەولای سنورەوە، بۆ گەرم کردنی هەنگامەی فەساد، روی داوە..))[54].
رون تر لەوە، ئەبو قاسم قائیمقامی دوەم، وەزیری عەباس میرزا لەسەفەری ١٢٣٨دا بۆ جۆرج ویلوکی نوسیوە، ئەڵێ:
((ئەی پایە بەرز، دۆستی میهرەبانی عەزیزی، ئەرجومەندی کامگار!
نامەیەکی کەبەبیرەوەری دۆستدار نوسی بوتان، سەرنج درا. لەبابەت چەسپاندنی پێکهاتنی هەردو دەوڵەتی بەرزی ئێرانی و عوسمانییەوە، کەئەبێ بەسەفیری گەورەی دەوڵەتی بەهەیبەی ئینگلیز بگوترێ، داواتان کردبو، ئەو مەرج و بەڵێنانەی کەدەوڵەتی دائم ئەلقەراری ئێران گەرەکێتی لەم پێکهاتنەدا بێ، بەدرێژی و رونی بۆ ئەو دۆستە خۆشەویستە دیار بکرێ، بۆ ئەوەی سەفیری باسکراو لەنیازو مەبەستەکانی ئەولیای دەوڵەتی قاهیەی ئێران ئاگادار بێ و، لەروی ئاگاداری و زانینەوە خەریکی ئەنجامدانی کارەکە بێ.
دۆستدار ناوەڕۆکی نامەی ئەو دۆستە خۆشەویستەی بەعەرزی خاکی پێی رۆشنی نوابی ناوازە وەلیعەهد گەیاند، ئەوانیش فەرمویان کە: ئەو شەرت و عەهدە گشتییانەی ئێمە هەمانە بریتین لەوەی، هەرچی بۆتە هۆی تێکدانی

بەینی دو دەوڵەت‌و دو مەملەکەت، ئینشائەڵلا تەعالی رابگیرێ. بۆ ئەوەی مەسەلەی دۆستی‌و ئاشتی بەفەزلی خوا بگەڕێتەوە دۆخی جارانی‌و، لەسەرەتای دەس پێکردنی رێککەوتنەوە هەردولا سەفیری دەسەلاتداری خۆیان دیاری بکەن بۆ ئەوەی شەرت‌و عەهدی جوزئی لەناو هەردو سنوری دراوسێ‌دا، بەئیزن‌و دەسەلاتی تەواو لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە ئەنجام بدەن.

((لەبەر ئەوەی شەرت‌و عەهدی گشتی ئێمە رفع‌و دفعی ئەو شتانەیە کەلەسەرەتاوە بونەتە هۆی تێکدانی بەینی هەردو دەوڵەت، بۆیە پێویستە ئەم شتانە بەدرێژی لەو دۆستە بگەیەنین"

یەکەم، شتێ کەبو بەباعیسی رودانی فتنەو فساد لەبەینی هەردو مەملەکەتدا ئەوەبو کە، جەماعەتی ئەکراد لەهەردو دیوی سنورەوە کەوتنە نانەوەی ئاژاوە، پاشایانی سنورەکانیش داڵدەیان دان‌و شوێن‌و جێیان دانی، هەمو رۆژی عەزێت‌و ئازار لەدەغەڵی‌و رێگری بەرعایای مەمالیکی مەحروسەی ئێران ئەگەیشت. لەلایەن سەرعەسکەرەکانەوە رفعی ئەم فیتنەو ئاشوبە نەئەکرا، تا لەئەنجامدا بەناچاری کار گەیشتە شەڕو پێکادان، ئێستاش کەبناغەی ئاشتی دائەنرێ. ئەبێ ئەو ئێلات‌و کوردانەی کە لەرۆژانی شەڕدا، یان لەپێش ئەوەدا، لەمەمالیکی مەحروسەی ئێرانەوە رۆیشتون بۆ ولایاتی عوسمانی، هەمویان بگێڕنەوە، لێرە بەدواوەش داڵدەیان نەدەن‌و رێیان پێ نەدەن‌و رایان نەگرن، بۆ ئەوەی بەیەکجاری ئاشوب‌و فساد لەنێوانی دو دەوڵەتی جاوید بنیادا رفع بکرێ.

دوەم، شتێ کەبو بەمایەی ناخۆشیی نێوان هەردو دەوڵەت، ئەو رەفتارەیە کە لەگەڵ حاجی‌و زائیرو بازرگانانی ئێرانی ئەکرێ...

سێیەم، هەندێ جار جەماعەتی عوسمانی‌و ئەکراد لەلای ئەرمینیاو بەغدادەوە تێ ئەپەڕن‌و، دەسدرێژی ئەکەن. لەپاش ئەوەی پێکهاتین، ئەبێ بەجارێ ئەوە رابوەستێ‌و وازی لێ بهێنن..))[55].

قائمقام لەنامەیەکی تریدا بۆ سەر عەسکەری ئەرزڕوم، نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ گفتوگۆی بەستنی پەیمانی ئەرزڕوم، ناوی کورد بە((فتنەجویان ئەکرادو سایر اهل فساد))ئەبا.[56]

٤/٣ محەمەد خان امیر نظام

نمونە١٣:

هاوکاری عەجەم‌و رۆم: میری رەواندز(١٢٤٥)

سەرەتای دامەزرانی میرایەتی سۆران رون نیە، لەبەرئەوەی کەوتۆتە شوێنێکی شاخاوی سەختی دابڕاوەوە، دەورێکی زۆریشی لەروداوەکانی ناوچەکەدا نەبوە.

سوڵتان سلیمانی قانونی لەکاتی گرتنی بەغدادو ڕێکخستنەوەی کاروباری ناوچە تازە گیراوەکاندا، عزالدین شێری میری سۆرانی کوشت(٩٤١). کاروباری ئەمارەتی سۆرانی خستە سەر سنجاقی هەولێرو سپاردی بە حسێن بەگی داسنی. کەئەمیرێکی یەزیدی بو. سەیفەدین یەکێ لەمیرەکانی سۆران، هۆزەکانی ناوچەکەی لەخۆی کۆکردەوە. سەرەتا قەڵای هەولێری لەداسنییەکان گرت‌و دوایی‌تر دەستی بەسەر هەمو مەڵبەندەکەدا گرتەوە. حسێن بەگ چەندی هەوڵیدا چاری میر سەیفەدینی پێ نەکرا. لەسەر ئەوە بانگ کرایە ئەستەموڵ‌و، لەوێ کوشتیان میر سەیفەدین بەسەربەخۆیی مەڵبەندی سۆرانی بەڕێوە ئەبرد. چەند جارێ لەشکری عوسمانی چونە سەری، ئەوانیش نەیان توانی لەناوی ببەن. بەڵام خۆی بۆ دەربڕینی دڵسۆزی‌و بەهیوای پێ سپاردنەوەی خاکی باووباپیرانی بەخۆی، پەنای بۆ دەرگای سوڵتان سلێمان برد. ئەویش بەئاوات نەگەیشت‌و لەوێ کوژرایەوە. سوڵتان، لەسەر تکای حاکمی ئامێدی، میرایەتی سۆرانی بەقولی بەگ، یەکێ لەمەزنەکانی هەمان بنەماڵە سپارد. ئەوسا بارەگای ئەمارەت لەهەریر بو.[٥٧]

سنوری دەسەڵاتی میرایەتی سۆران لەنێوان هەردو زێی پچوك‌و گەورەدا بو. هاوسنور بو لەگەڵ ئەمارەتی بابان لەلایەك‌و لەگەڵ ئەمارەتی بادینان لەلایەکی ترەوە. قەڵەمڕەوەکەی بەپێی بەهێزیی‌و لاوازیی ئەمیرانی سۆران فراوان یا تەسك ئەبوەوە. سەختی‌و دابڕانی بارەگای ئەمارەت تاڕادەیەك لە کار تێکردنی روداوەکانی ناوچەکە پاراستویەتی‌و، میرەکانی ئەوێش بەزۆری بەوەندەی لەژێر دەستیاندا بوە داکەوتون.

هەلومەرجی سۆران چەندین دە ساڵ بەو جۆرە رابورد تا ساڵی ١٢١٨ کەئۆغز بەگ مرد. ئوغز بەگ ٦ کوڕی لەپاش[*] بەجێ مابو. لەژیانی خۆیدا ناوچەکەی بەسەردا دابەش کرد بون. مستەفا بەگ کوڕی گەورەی بو، بەسەر رەواندزو ئاکۆیان‌و باڵەکاندا رائەگەیشت. ئەو لەجێگەی باوکی بەمەزنی سۆران. براکانی‌و خزمەکانی تری ململانێیان لەگەڵ ئەکردو گوێیان نەئەدایە خواست‌و فەرمانەکانی. دژی ئەم ئەجوڵانەوە. لەگەڵ مەزنەکانی بابان‌و بادینان پیلانیان لێ ئەگێڕا. مستەفا بەگ لەتاو دوژمنایەتی براکانی گەیشتە تینی هەراسان بو، وازی لەدەسەڵاتداریتی هێنا(١٢٢٩). محەمەد بەگی کوڕە گەورەی لەجێگەی خۆی داناو، خۆی چوە گوندی ئاکۆیان بەگۆشەگیری دانیشت تا مرد(١٢٣٨). محەمەد بەگ(١١٩٨-١٢٥٣)لەلای یەکێ لەمەلا هەرە زاناکانی ئەو دەمی کورد، مەلا

ئەحمەدی ئادەم، خوێند بوی. ماوەیەك سەرپەرشتی دۆڵی هەروتییانی کردبو. لەنزیکەوە چاوی لەململانێو ناکۆکی ناجوامێرانەی مامو خزمەکانی بو.

هاتنی محەمەد بەگ هاوزەمان بو لەگەڵ چەند روداوێکی گرنگدا لەناوچەکەدا:

١-هاتنی هەیئەتی جەنگیی فەرەنسی بەسەرۆکایەتی جەنەرال گاردان بۆ ئێرانو، رێکخستنەوەی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەسەر شێوەی نوێو، دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی چەكو تفاقی جەنگی.

٢-شۆڕشی محەمەد عەلی پاشا لەمیسرو، لەشکرکێشی ئیبراهیم پاشای کوڕی بۆ سەر سوریاو ئەنەدۆڵ.

٣-بەستنی پەیمانی یەکەمی ئەرزڕوم لەنێوان رۆمو عەجەمدا.

٤-هەوڵدانی بابیعالی بۆ چاکردنی هەلومەرجی ناوخۆی ئیمپراتۆری عوسمانی((تەنزیمات))و، دامەزراندنی دەسەڵاتی ناوەندی.

محەمەد بەگ لەسەرەتاوە بایەخێکی تایبەتیدا بەئاواکردنەوەو قایم کردنی رەواندز، کەبارەگای ئەمارەت بو. چەند قەڵاو بورجی لەناو شارو دەوروبەریدا دامەزراندو، شورایەکی پتەوی بۆ پاراستنی لەدەوری دروست کرد. گرنگییەکی زۆریدا بەپێکهێنانی تۆڕێکی فراوانی کۆکردنەوەی ئاگاداریو دەنگوباس. رێزی زۆری لەمەلاو خوێندەوار ئەنا. موچەی بۆ ئەبڕینەوەو مزگەوتو مەدرەسەی بۆ ئەکردنەوە.

محەمەد بەگ چەند کارێکی گرنگی بۆ گەشەپێدانی ئەمارەتی سۆران کرد:

١-ریزەکانی ناوخۆی یەك خست. هەمو ئەوانەی سەرپێچییان ئەکرد یا کوشتنی یا بەزۆر سەری پێ دانەواندن. لەپێشەوە مامو خزمە سەرەڕۆکانی خۆی سەرکوت کرد. دوبەرەکیو ناکۆکیو ململانێی لەناو مەزنەکانی قەڵەمڕەوەکەی خۆیدا نەهێشت.

٢-کاروباری ئابوری رێکخستنەوە، باجو زەوییانەی دیاری کرد. ئاسایشی تەواوی کارو بازرگانیو کاروانی لەسەرانسەری ناوچەکەدا چەسپاند. بەرپرسی بۆ کاروباری دارایی لەهەمو ناوچەکاندا دانا. چەند خەزێنەداری دانا بۆ رێکخستنی خەرجی داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتیو لەشکر.

٣-سوپایەکی گەورەی سوارەو پیادەی لەهۆزەکانی سۆران سازدا. بەشێوەیەکی نوێ رێکی خستو پلەوپایەی تێدا دیاری کرد، چەکداری کردو سەرومڕ خەریکی زیادکردنی ژمارەیو باش کردنی چەکەکانی بو.

٤-کارگەی دروست کردنی چەك‌و تفاقی جەنگی دامەزراند. جگە لەدروست کردنی خەنجەر، دەمانچە، تفەنگ، باروت، لەساڵی ١٢٣٣ بەدواوە کەوتە دارشتنی لولە تۆپ. چەند سەد لولەی جۆراوجۆری دارشت.

٥-بایەخی زۆری بەئاوەدانیدا. دەیان پردی لەسەر روبارەکانی مەڵبەندی سۆران دروست کرد. دەیان مزگەوتی لەگوندەکان‌و، دەیان قەڵاو بنکەی جەنگی لەشوێنە ستراتیجییەکانی ژێر دەسەڵاتیدا دامەزراند.

محەمەد بەگ باوەرێکی قوڵی بەدینی ئیسلام هەبو. رێزی بێ ئەندازەی لەمەلاکان ئەگرت. لەسەر داوای مەلا یەحیا مزوری چوە سەر یەزدییەکان‌و قەتلوعامی لێ کردن، شەریعەت بنچینەی بەرێوەبردنی کاروبارو بەلاداخستنی ناکۆکییەکانی ناو خەڵکی بو. بەرامبەر نەیارو میملەکانی دڵرەق‌و بێ بەزەیی بو. لەرەفتاریدا لەگەڵ دانیشتوان‌و ژێردەستەکانی دادپەروەر بو.

محەمەد بەگ دوای خۆقایم کردن‌و خۆ بەهێزکردن، لە١٢٣٤دا، کەوتە سەر بیری سەربەخۆیی‌و تەقەلای فراوانخوازی. تا ئەو سەردەمە قەڵەمرەوی میرەکانی سۆران لەسنورێکی شاخاوی تەسکدا قەتیس بو. بەڵام محەمەد بەگ بەهەر چوار لای ئەمارەتەکەیدا کەوتە پەلهاوێشتن. تەقەلاکانی محەمەد بەگ، بێگومان، لەژێر کارتێکردنی روداوەکانی سەردەمی خۆیدا بون.

لەروی جەنگییەوە، کەوتە لەشکرکێشی بۆ فراوان کردنی سنوری حکومەتەکەی بێ ئەوەی گوێ بداتە دەسەڵاتی عوسمانی یا هی ئێرانی. هەندێ لەناوچەکانی ئەمارەتی بابان‌و بادینان‌و، هەندێ شوێنیی لەولایەتەکانی موسڵ، بەغداد، دیاربەکر، وان، حەلەبی لەقەڵەمرەوەی عوسمانی‌و، هەندێ لەناوچە کوردنشینەکانی ولایەتەکانی ئازەربایجان‌و ئەردەڵانی لەقەڵەمرەوی قاجاردا گرت.

لەروی سیاسییەوە، بەتەواوی سەربەخۆ بو، گوێی نەئەدایە کاربەدەستانی عوسمانی‌و ئێرانی. بەڵکو لەکاتێکا محەمەد عەلی پاشا کەوتە هەڵگەرانەوە لەسوڵتانی عوسمانی‌و، ئیبراهیم پاشای کوری لەشکرکێشی بۆ سەرشام‌و ئەنەدۆڵ دەس پێ کرد، محەمەد بەگ کەئیتر ناوی لەخۆی نابو((ئەمیری مەنسور))و، لەناو خەڵکدا بەمیر محەمەد ناوی دەرکرد بو، پێوەندی لەگەڵ محەمەد عەلی پاشاو ئیبراهیمی کوریدا دامەزراند. کەوتە ئاڵوگۆری نامە بۆ دانانی رێوشوێنی هاوکاری سوپایی‌و سیاسی[٥٨].

جولانی سوپایی‌و سیاسی میر محەمەدو، پێشکەوتنی خێرای، ترسی لەلای کاربەدەستانی بابی عالی‌و دەرباری قاجار دروست کرد. هەردو دەوڵەت ئەم بزوتنەوەیەیان بەگەفێکی راستەقینە دائەنا بۆ سەر خۆیان. لەراستیدا میرایەتی

سۆران لەسایەی ئەو ڕێبازە سیاسیو جەنگییەوە، کـەمیر محەمـەد، بـۆی دیـاری کردبو ئەی توانی ببێتە ناوکی پێکهاتنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ لەکوردسـتاندا. دەوڵەتانی عوسمانیو ئێرانی بخاتە مەترسی دابەش بونەوە.

کاربەدەستانی عەجەم بۆ چارەکردنی ئەم هەڕەشەیە بەخۆ کەوتن. هەم خۆیـان نامەیان راستەوخۆ بۆ کاربەدەستانی عوسمانی نوسی، بۆ ئـەوەی کـاری هاوبـەش بکەن بۆ لـەناوبردنی مـیر محەمـەدو جوڵانەوەکـەی، هـەم هـانی کاربەدەسـتانی ئینگلیزیاندا، داوا لەبابی عالی بکا هەرچی زوتر ئەم مەترسییە دابمرکێنێتـەوە، بۆ کاری هاوبەشی رۆمو عەجەم دژی مـیر محەمـەد، لەلایـەن دەربـاری قاجـارەوە محەمەد خانی امیر نظـامو لەلایەن بابی عالییەوە سەرداری ئەکرەم رەشید محەمـەد پاشا تەرخان کران.

مـیرزا محەمـەد خـانی امـیر نظـام (؟-١٢٥٧)یـەکێ لـەپیاوە ناسـراوە دەسەڵاتدارەکانی دەرباری قاجار بو، عەلی خـانی باوکیشـی، لەچـاخی فـەتحعلی شادا، یەکی لەپیاوە ناسراوەکانی دەربار بو. وەختێ کەگریبایدوف. سەفیری روسی لـەتاران، کـوژرا(١٢٤٤)، عـەباس مـیرزا لەبـەر لێهـاتویی محەمـەد خـانی بەپێشکاری خەسرەو میرزای کوڕی، بۆ عوزرخواهی ناردە پـەتروس بـورگ. لـەوێ دیدەنی ئیمپراتۆری روسی. نیکۆلای یەکەمی کرد. لەو ئەرکەدا کەپێی سـپێردرا بو بە سەرکەوتویی گەڕایەوە. لەپاش کوژرانی مـیرزا قاسـم قائمقـام(١٢٥١)زۆر کەس وایان چاوەڕێ ئەکرد صەدارەت، واتە سەر وەزیریـی ئێـران بەمحەمـەد خـان بسپێردرێ. بەڵام شا بەپێشکاری قهرمان میرزا بۆ ئازەربایجانی نارد.[٥٩]

رەشید محەمەد پاشا لەساڵانی ١٢٤٤تا ١٢٤٨ صەدری اعظم، واتـە سـەرەك وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی بو. لە١٢٤٩دا کرایە والی سیواسو، لەهەمان کاتـدا ولایەتی دیاربەکریش خرایە ژێردەسەڵاتی ئەوەوە بۆ ئەوەی هێزو دەسەڵاتی تەواوی لەژێر دەسدا بێ بۆ لابەلاکردنی کێشـەی شۆڕشـی مـیر محەمـەد، چـونکە بوبـو بەیەکێ لەگەورەترین پەژارەکانی دەوڵەتی عوسمانی[٦٠]

محەمەد خانی زەنگەنە، امیر نظامی ئێرانی، لەنامەیەك دا بۆ محەمەد رەشـید پاشا، سەر وەزیرانی پێشوی عوسمانی، نوسیوێتی:

((...لەپاش دەربڕینی مەراسیمی ئیشتیاق، لەسەر بەرگی یـەکێتیو تـەبایی ئەنوسی کە، بحمدالله والمنە، پێوەندی دۆستایەتیو یەکگرتن لەنێوان دو دەوڵەتی بناغە پتەودا تەواوە، رێوشوێنی یەکڕییو ئاشتی لەهـەمو بارێکـەوە دانـراوە. سوپاسی ئەم نیعمەتە گەورەیەو بـەهرەی زۆری کاربەدەسـتانی هـەردو دەوڵـەتو پیاوەکانی هەردوکیان پێویستە.

بەپێی ئەو یەکێتییەی لەنێوان هەردو حەزرەت دایەو، بەپێی ئەو میهرو خۆشەویستییەی لەبەینایە، دۆستدار بەپێویستی ئەزانێ ئەو جەنابە کە بەحوکمی دەوڵەتی بهیەی عوسمانی رێکخستنەوەی کاروباری ولایەتەکانی کوردستانی پێ سپێردراوە، لەمەئمورییەتی خۆی ئاگادارو لەروداوەکان شارەزا بکا.

ئەو جەنابە خۆیان ئەزانن" محەمەد بەگ لەتابیعانی پاشایانی بابان کابرایەکی کوێخا رەوشت بو، هیچ جۆرە ئیسمو رەسمێکی نەبو. بەهۆی ئەو دوژمنایەتییەی لەناو پاشایاندا بو، خەریکی یەکتری بون، ئەو هەلی بۆ هەڵکەوت و پرکێشی کرد. کۆمەڵێکی لەخۆ خڕکردەوە. کۆیەو پردی سوررو هەولێرو هەندێ شوێنی لەمەڵبەندەکانی حەریرو شارەزورو ژمارەیەکی زۆری لەئاواییەکانی لاجانی موکری گرت. کەسێ رێی پێ نەگرت. تا ناوبانگی پەیدا کردو ناوی دەرکرد. حیلەو تەزویری بەکارهێنا. چوە سەر ئامێدیو دەستی بەسەرا گرت.

دۆستدار ۳ ساڵ زیاتر بو لەئازەربایجان نەبو، بەحوکمی خاقانی بەهەشتی بۆ سەفەری عیراق(عیراقی عەجەم)چوبو. لەو کاتەدا ئەو هێزی ناردە سەر مەڵبەندی سابلاخی موکریو زەرەرێکی بێ ئەندازەی پێ گەیاند. ناوچەی سەردەشتی گرت. پاش هاتنەوە لەسەفەری عیراق، هێزێکی بۆ تەمێ کردنی دیاری کرد، تاقمەکەی ئەوی بەشەڕ لەو مەڵبەندە دەرپەڕاندو چونە ناو شوێنە داگیرکراوەکانی ئەوەوە. قەڵای بەناوبانگی دەربەندو چەند قەڵایەکی تریان کاول و وێران کرد. بڕیار وابو بەیەکجاری کارەکەی یەکالا بکرێتەوە. سەرماو سۆڵەی هەواو هەندێ شتیتر. کە لەو ساڵەدا رویاندا بون بەکۆسپی تەواوکردنی. بەحوکمو ئیشارەتی دۆستدار، قشونی راسپێردراو گەڕانەوە.

دۆستدار، لەکاتێکدا ساڵی رابوردوش ماوەیەك هاوئاوزەنگی شاهنشاهی جەم جا بو، گیانمان بەفیدای بێ، لەعیراق ئەو ۷-۸ هەزار قشونی ناردە سەر مەرگەوەڕ، نزیکەی ٤٠ هەزار تومان ماڵی تالان کردوەو ٤٠٠ کەسی لەژنو پیاوی بەڕێزی موسڵمان کوشتوە. چەند کەسێکی ئایرملو، کە لەئاوارەکانی ئیرەوانن و لەمەرگەوەڕ نیشتەجێن، بۆ رەواندز بردوە. لەوێ گیراونو لەئازاردان. عەیالو ژنی ژمارەیەکی زۆری، لەوانەی ئێستە هاوئاوزەنگی پیرۆزن، کوشتوە. کەئەم هەواڵە بەشاهنشاهی ئیسلام پەنا گەیشت، زۆر دلگیر بونو پەشێوان، ئاگری قەهرو غەزەب لەکوانوی ویژدانی پیرۆزی دا کڵپەی سەند" تەمێ کردنو، چاری کردەوەکانیو، سەندنی تۆڵەی خوێنی موسڵمانان بەدۆستدار سپێردرا.

پاش هاتن بۆ ئازەربایجان، ئەنجام دانی خێرای ئەم کارە بەهۆی هەندێ خزمەتی ترەوە نەکرا، ئێستا کە ئەوانە بەلادا خران، کات بەدەستەوەیە، دەرفەتی چون بۆ هەرجێیەك‌و کردنی هەرکارێك هەیە. ئامادەیی‌و سازدانی ئەوەش بەهۆی مشوررو ئاوردانەوەی خاوەن شکۆی سێبەری خواوە، اید الله شوکتە، کراوە.

دۆستدار، بۆ رێکخستنەوەی کاروبارەکان ئەچێ بۆ ناوچەکانی سەرسنوری ئازەربایجان، ئەو ئەرکەی پێم سپێردراوە، ئینشائەڵڵا بەویست‌و خواستی جەنابی باری عز اسمە، بریتییە لەتێکدانی بناغەی شەرارەت‌و فەسادی ئەوو چاری کردەوەکانی.

دفع‌و لەریشە دەرهێنانی خائینی دین‌و دەوڵەت، لەسەر نۆکەرانی هەردو حەزرەت واجیبە،

ئەو جەنابە کەلەولاوە ئەم فەرمانەی پێ سپێردراوە، تەشریفیان هێناوە، دۆستداریش لەم لایەوە هەنگاو بنێ، تا بەهاوکاری یەکتری بەجارێ مادەی فەسادی ئەو قلع‌و قمع بکرێ. لێرە بەدواوە ئیتر ناوی ئەو کابرایە لەم دو دەوڵەتە نەبرێ، رعایاو برایانی هەردو مەملەکەت لەزەرەرو زیانی ئاسودەو دڵنیا بن.

هەرکاتێ ئەو جەنابە ناردنی هێزی لەم لایەوە بەقازانجی دەوڵەتی بهیە نەزانی‌و، خۆی بە تەنیا کەوتە لەناوبردنی بەحوکمی یەکێتی هەردو دەوڵەت پێویستە لەچەند رویەکەوە دڵنیایی بە دۆستدار بدەن:

یەکەم، لەفەوتاندن‌و لەریشە دەرهێنانی تەواوی ئەو"

دوەم، لەئاسایشی ئەو سنورانە کەلێرە بەدواوە شتی وەها رونەدات‌و دەسدرێژی نەکرێتە سەر رەعییەتەکانی دەوڵەتی بەرز"

سێیەم: لەگەیشتنی ٤٠ هەزار تومان‌و((دیە))ی خوێنی موسڵمانان"

چوارەم، لەئازادی گیراوەکان کەئێستە لەرەواندزن"

پێنجەم: برینی دەستی داگیرکردنی ئەو لەئاوایییەکانی لاجانی موکری‌و هی‌تر.

بەڵگەی مۆرکراو ورێکوپێکی دەوڵەتیمان بدەنێ. کەهەر پێنج مەسەلەی باسکراویان تێ دابێ، بۆ ئەوەی لای هەردو دەوڵەتی بەرز بەڵگەی دۆستدارێ، نەبێتە جێگەی باس‌و رەخنە...))[61]

هەندێ سەرچاوە پێیان وایە، نوسینی ئەم نامەیە لە١٢٤٥دا بوە، بەڵام بەگوێرەی رەوتی روداوەکان ئەبێ چەند ساڵێك دوایی تر نوسرا بێ. هەرچۆنێ بێ لەم نامەیەو نامەکانی تری پێوەندییان بەم کێشەیەوە هەیە، چەند راستیەك هەڵ ئەهێنجێنرێ:

١-پەیمانی یەکەمی ئەرزڕوم(١٢٣٨) کەبناغەی کاری هاوبەشی حکومەتەکانی رۆم‌و عەجەمی دانا بو، لەسیاسەتی کوردیی ئەم دو دەوڵەتەدا، کەهەریەکەیان بەشێکی کوردستانیان لەژێر دەستا بو، بەکردەوە رەنگی ئەدایەوە بەتایبەتی لەزەمانێکا کەئیتر((هەستی نەتەوەیی))کورد خەریکی گەشەکردن بوو بۆ((هۆشی نەتەوەیی))و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر بنچینەی نەتەوە.

٢-ئەو مەترسییەی دروست بونی ناوەندێکی بەهێزی سەربەخۆ، لەو شوێنەدا کەچەند قەرن بو((ناوچەی لەمپەر))ی نێوان دو دەوڵەتە زلەکەی ناوچەکە بو، ئەی توانی بۆ سەر هەریەکێ لەم دو دەوڵەتە بخولقێنێ.

٣-ئەو مەترسییەی دروست بونی دەوڵەتێکی تازە، لەسەر حسابی جیاکردنەوەی هەندێ لەئەرزی عوسمانی‌و هەندێ لەئەرزی ئێرانی، ئەی توانی بۆ سەر بەرژەوەندی دەوڵەتانی ئەوروپی، بەتایبەتی بەریتانیا، بخولقێنێ.

٤-پشت گوێ خستنی هەمو جۆرە((رەوایی))یەکی بزوتنەوەو راپەڕین‌و شۆڕشەکانی کوردو، شاردنەوەی هەمو لایەنێکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی... هتد روناک‌و پرشنگداری.

کامبل، سەفیری ئینگلیزی لای دەرباری قاجار، لەنامەیەکدا لەرەبیعی دوەمی ١٢٤٨دا کەبۆ امیر نظامي نوسیوە ئەڵێ:

((... لەم ماوەیەدا ئەمیر فەرەیدون میرزا بەنیازی تەمێ کردنی میری رەواندوز بەرەو مەراغەو سولدوز جولاوە. سەبارەت بەیەکێتی هەردو دەوڵەتی بەرز، بەرژەوەندی دڵسۆزی لەوەدایە، هەرکاتێ ئەمیری باسکراو لەگەڵ خودی ئەو جەنابە بەنیازی تەمێ کردنی میری ناوبراو بزوتن، دوای ئەوەی کەتەنبیەو تەئدیبی ئەو کراو، ئەوو سوپاکەی لەخاکی ئازەربایجان‌و ئەو شوێنانە دەرکردو راونا، ئیتر سوپای نەسرەت لەئەرزی دەوڵەتی بهیەی ئێران زیاتر تێ نەپەڕی‌و، تەجاوز بە جایز دانەنێ. چونکە دڵسۆز بۆ سەفیری دەوڵەتی خۆی لەئەستەموڵ نوسیوە، کەدرێژایی ئەم جولانەوە چەوتەی میر عەرزی سوڵتان بکا، بۆ ئەوەی فەرمانی رێگرتن لەجولانەوەی چەوتی میر دەربکا. هەرکاتێ مەسەلەکان بەگوێی شەریفی سوڵتان گەیشت‌و دوای ئەوە رێیان لێ نەگرت‌و تەمێیان نەفەرمو، ئەوسا بیانوی قسەو گلەیی‌و گازندە لەم دەوڵەتە نامێنێ. ئەگەر میری بەرز تەشریفیان بردوە، پاش خوێندنەوەی نوسراوەکە بەلێدوانێکی خۆتانەوە، بۆ ئەوەی بنێرن...))[٦٢]

امیر نظام لەوەڵامی کامبلدا نوسیوێتی:

...))

((لەبابەت کاروباری ڕەواندزەوە بەو جۆرەی نوسی بوتانو، دەرتان خستبو کە قشون(مەبەستی هێزی ئێرانە)نەچێتە ناو خاکی ڕەواندزەوە، نەوەکو ببێتە هۆی باس کردنی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی .

ڕاستییەکەی محەمەد، بەگی ڕەواندز بەجۆرێکە کەچەند ساڵە ناوبراو لەدەوڵەتی عوسمانی ڕوی وەرگێڕاوە. لەسەردەمی وەزارەتی داود پاشا لەدار السلامی بەغداد، بەزۆر و بەپێچەوانەی ڕای ئەوەوە، پردی سور، کەمەڵبەندێکی گەورەیە، لەگەڵ چەند شوێنی سلێمانی گرتوە. هەمیشە دژی بوە. تا ئەوە بو کەوەزارەتی بەغداد بەعەلی ڕەزا پاشا سپێردرا. لەو کاتەدا پشێوییەك ڕویدا، ئەویش کۆمەڵەکەی خۆی نارد هەولێریشی گرت، هەروەها زۆری شوێنەکانی ئامێدیو ئەو ناوچانەی زەوت کردوە، بەو پەڕی خلافی قاعدەوە لەگەڵ جەنابی ناوبراو ڕەفتاری کردوەو، بێ حورمەتی بەرامبەر دەوڵەتەکەی خۆی نواندوە. لەم ڕۆژانەیشدا وای زانیوە مەڵبەندی ئازەربایجان لەقشونی جەراری نظام و تۆپخانە چۆڵە، کۆمەڵێکی ٣ هەزار کەسی ناردۆتە سەردەشت، موسا خانی حاکمی ئەوێ لەبەر بێ هێزی نەی توانیوە بەرهەڵستی بکا، قەڵاکەی ئەوێی گرتوە. هەر کەئەم هەواڵە گەیشت نواب ئەمیرزادەی مەزن ٢ فەوجی ئەفشارو تاقمێکی موکری، کە٣ هەزار کەس ئەبون، بۆ تەمێ کردنیان نارد.

هەروەکو پێشتر بۆ خزمەت جەنابی اصف الدولەی نوسی بو. پاش گەیشتنی قشونی سەرکەوتوو تۆپخانەی پیرۆز بەوێ، لەپێشەوە هەڵیان کوتایە سەر هۆزە کوردەکانی بلباسو پیران، کە لەهۆزە گەورەکانی ئەوبون، تالانیان کردن. دوای ئەوە چونە سەر قەڵای سەردەشت، ١٠ ڕۆژ قەڵایان گەمارۆداو تۆپ بارانیان کرد. شەوی ١١هەم هێرشیان بۆ کردو داگیریان کرد. هەندێ لەوانەی ڕەواندز کوژرانو، هەندێکیان گیرانو، هەندێکیان هەڵاتن. دوای ئەوەش پایە بەرزی نزیکی حەزرەتی باڵا، محەمەد خانی سەرتیپ بەو کۆمەڵەو سەربازانی خوئیو دو دەستە لەفەوجی بەهادورانو سەربازانی قەراداغیو سوارەی کوردو هی تر بە٨ عەرادە تۆپو خومپارەوە نێردرایە سەر ڕەواندز. لەولاشەوە وەزیری بەغدادیش سێ چوار عەرادە تۆپو ٢ هەزار کەس لەزابتەو هی تری بەسەرکردایەتی سلێمان پاشا ناردۆتە سەری، بۆ ئەوەی ناوبراو تەمێ بکەن.

ئەگەر نواب ئەمیرزادەی مەزن نەیان زانی بایە، کەئەو(میر محەمەد)نەیارو یاخییە لەدەوڵەتی عوسمانی، قشونیان مەئموری ناوخاکی ڕۆم نەئەفەرمو، بەڵام ئەم کابرا نادروستە لەهەردو دەوڵەت هەڵگەڕاوەتەوە.

ئەوەش کەئێوە بۆ سەفیری خۆتان لەئەستەموڵ نوسیوە کەقسە لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بکەن، کارێکی زۆر باشتان کردوە. بەڵام ئەگەر لەم ماوەیەدا کارگوزارانی حەزرەتی وەلی نیعمەتمان کردەوەکانی ئەویان پشت گوێ بخستایە، سۆزی کەئەو لەولاوە بی پەرژایە پڕکێشییەکی تری ئەکرد. هەوا ئەبو بەزستان، خۆ ئامادەکردنێکی ترو زیادتری بۆ لەناوبردنی گەرەك بو. بۆیە لەم روەوە باشتر وابو لەم کاتەدا چاری کرا...))[63]

عەباس میرزا لەکاتێکا چوبو بۆ خۆراسان بۆ سەرکوتی هەڵگەڕانەوەی نارازییانی ئەوێ، لەوەڵامی نامەیەکی امیر نظامي دا، لەمانگی شەوالی ١٢٤٨دا، دەربارەی میر محەمەد، نوسیویێتی:

((... نوسراوەکانی محەمەد صالح بەگی چاپار هێنابونی گەیشتن. لەهەواڵەکانی کوردستانت ئاگادار بوین. باسی تەگبیری ئەو پایە بەرزەو، زەبری شمشێری سەرتیپ بۆ هەمو دنیا ئاشکراو جێگەی ئینکاری نیە، بەڵام بڕینی دەست بەڵکو ملی میر وەختی ئەبێ، کەئینشائەڵلا تەعالی، کۆیە بەدەس بێت یارەواندز فەتح بکرێ...))[64]

ئێرانیەکان ئەیان ویست لەو لەشکرکێشیەدا کەبابیعالی بەدەستیەوە بو بۆ سەر میری سۆران بەشداربن، کاربەدەستانی تورك نەیان ئەویست لەشکری ئێران بێتە ناو خاکی عوسمانیەوە. ئەیان ویست خۆیان بەتەنیا کارەکە ئەنجام بدەن. ئەمەش جۆرێ لەساردی لەناوا دروست ئەکردن. دیپلۆماتەکانی ئینگلیز لەتاران و ئەستەموڵ هەوڵیان ئەدا ناکۆکی باری سەرنجی هەردولایان کەم بکەنەوە. وەزیری موختاری ئینگلیز لەنامەیەکدا بۆ میرزا مەسعود خانی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێرانی نوسیوە ئەڵێ:

((مەعلومی ئەم جەنابەیە" کاربەدەستانی دەوڵەتی بەرزی ئینگلیز زۆر بەپەرۆشەوەن ئەو کاروبارانەی پێوەندییان بەسنورەکانی ئێران و رۆمەوە هەبێ بەیەکگرتویی و خۆشی چارەبکرێن و، هەر وەختێ بۆ تەمێ کردنی مفسدە یا رێگری لەشکرکێشی پێویست بێ، کاربەدەستانی هەردو دەوڵەت لەو کارەدا پێکەوە رێ بکەون بۆ دفعی ئەو مفسدە. قیبلەی عالەم(مەبەستی شای ئێرانە) لەروی زانایی و ئاگاییەوە بەجۆرە فەرمانی بەامیر نظام و کاربەدەستانی دەوڵەتی قاهیرە داوە. جەنابی امیر نظامیش بەگوێرەی فەرمانی قیبلەی عالەم نوسراوی لەم بارەیەوە بۆ جەنابی رەشید پاشاو سەرعەسکەری ئەرزرۆم و پاشای بەغداد ناردوە، تاپێکەوە تیپە قاهیرەکانی دو دەوڵەت میری رەواندز، کەسەرکردەی

مفسدان‌و ڕێگره‌كانه‌و مه‌مله‌كه‌تی دو پاشای عظیم القدری كاول‌و شێواندوه‌، به‌ته‌وای قلع‌و قمع بكه‌ن‌و له‌سه‌ر ئه‌رزی نه‌هێڵن.

به‌پێی هه‌واڵێ كه‌جێگری باڵیۆزی ده‌وڵه‌تی بهیه‌ی ئینگلیز له‌ئه‌رزڕوم ناردویه‌تی" جه‌نابی ره‌شید پاشا ئامێدی گرتوه‌و ئه‌و به‌دبه‌خته به‌٣٠٠ كه‌سه‌وه به‌ره‌و ره‌واندز رای كردوه‌، به‌م زوانه به‌ئاسانی له‌ناو ئه‌برێ. پاش گه‌یشتنی ئه‌م هه‌واڵه دۆستدار به‌پێویستی زانی پایه‌به‌رز كاپیتان شیل ساحێب ره‌وانه‌ی ئۆردوی ره‌شید پاشا بكا بۆ ٣ مه‌به‌ست:

یه‌كه‌م، پیرۆزبایی گرتنی ئامێدی له‌ره‌شید پاشا بكا.

دوه‌م، ئاگاداری كاروباری ئه‌و لایه بێت،

سێیه‌م، له‌به‌رئه‌وه‌ی پایه‌به‌رزی ناوبراو له‌گه‌ڵ فه‌وجی ورمێ خه‌ریكی دورخستنه‌وه‌ی ئه‌و طاغیه بو، ئاگاداره له‌و تالاّن‌و كوشتاره‌ی له‌مه‌مله‌كه‌تی قیبله‌ی عالم‌دا كردبوی، بۆ ئه‌وه‌ی ره‌شید پاشا له‌و شتانه ئاگادار بكا...))[٦٥]

سه‌رباری گوشاری سیاسی‌و جه‌نگیی عه‌جه‌م بۆ((بڕینی مل))ی میر محه‌مه‌د، بابیعالی كه‌وته دانانی پیلانی له‌ناوبردنی. بابیعالی ئه‌و فه‌رمانه‌ی به‌ره‌شید محه‌مه‌د پاشا سپارد بو. ره‌شید پاشا یه‌كێ له‌پیاوه هه‌ڵكه‌وتوه‌كانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی بو. شاره‌زای كاروباری سیاسی، جه‌نگیی، به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی بو. زیاتر له‌٤ ساڵ صدری اعظمی هه‌مو ئیمپراتۆری عوسمانی بو. كرابوه والی سیواس. بۆ ئه‌وه‌ی له‌كاره‌كه‌ی‌دا سه‌ركه‌وتو بێ، ولایه‌تی دیاربه‌كریش به‌و سپێردرا. فه‌رمان درا به‌والی موسڵ، محه‌مه‌د پاشا ئاینجه بیرقدارو، وه‌زیری به‌غداد عه‌لی ره‌زا پاشای لاز، بۆ ئه‌وه‌ی هه‌مو هاوكارییه‌كی بكه‌ن. ره‌شید پاشا هاوكات له‌گه‌ڵ سازدانی هێزێكی سوپای گه‌وره بۆ سه‌ر میر محه‌مه‌د، كه‌وته سازدانی سیاسی مه‌لاكانی كورد له‌دژی.. میر محه‌مه‌د به‌گیراوی ره‌وانه‌ی ئه‌سته‌موڵ كرا(١٢٥٢)[٦٦]. له‌وساوه بزر بوه‌، كه‌س هه‌واڵی راسته‌قینه‌ی ئاگادار نییه.

٥/٣ فه‌رهاد میرزا معتمد الدوله

نمونه‌١٤:

خه‌لعه‌ت" حه‌سه‌ن سوڵتانی هه‌ورامی(١٢٨٤)

فه‌رهاد میزا(١٢٣٣-١٣٠٥)كوڕی عه‌باس میزا، یه‌كێ له‌سیاسییه گه‌وره‌كانی سه‌رده‌می خۆی‌و، یه‌كێ له‌نوسه‌ره رۆشنبیره‌كانی ئێران بوه‌. له‌١٢٥٠ تا ١٢٥٢ حكومه‌تی لوڕستان‌و خوزستانی له‌به‌رده‌س دابو له‌١٢٥٢تا ١٢٥٥ نائب السلطنه ی محه‌مه‌د شا له‌١٢٥٧ حوكمڕانی فارس‌و، له‌١٢٨٤تا ١٢٩١

حوکمڕانی کوردستان بو، له ١٢٩٠ دا کەناصرالدین شاه بۆ گەڕان چو بۆ ئەوروپا فەرهاد میرزا نائب السلطنه ی بو.
لەژیانی سیاسیدا بەلایەنگری سیاسەتی بەریتانی لـەئێراندا ناسـراوە. هـەر لەسەر ئەوەش چەند جارێ توشی کێشەو تەنگ پێ هەڵچنین بو. بەناچـاری خـۆی ئەهاویشتە سەفارەتی بەریتانییەوە لەتاران ((بەست نشین))ئـەبو تـالێی خـۆش ئەبون.
لەژیانی ئەدەبیدا، شیعری زۆری داناوە، چەند کتێبی نوسیوە، لەوانە: نصاب، کنز الحساب، جام جم دەربارەی جوگرافیو مێژو، زنبیل لەسەر شێوەی کەشکۆڵی شێخی بهـائی، فلـك السـعادە لەئەستێرەناسـیدا، هـدایت السـبیل گێڕانـەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیەتی بۆ حەج.
لە١٢٨٤دا کەدانرا بەحاکمی کوردستان ئیتر بە یەکجاری کۆتایی بەدەسەڵاتی بنەماڵەی ئەردەڵان هێنا. بۆ چاوشکاندنی خەڵك کەوتە بەکارهێنانی توندوتیژیو زەبروزەنگ. لەگەڵ خـۆی کۆمـەڵێك فەرمانبـەری شـارەزای بـۆ ڕێکخسـتنەوەی کاروباری ناوچەکانو، هێزی چەکدارو، باجو، بەڕێوەبەرایەتیکاروباری حکومـەت بردبو، بۆ ئەوەی لەوێ جێگیریان بکات.
لەڕۆژێکا کەبۆ گرتنەدەستی کاروباری حوکمڕانی کوردسـتان گەیشـتە نزیـك شاری سنە، لەلایەن پیاوە ناسراوەکانی ئەوێوە پێشوازی کـرا، ئـەویش وتـارێکی بۆدان، لەوتارەکەیدا وتی: ((تا من لەم ولایەتەدا حـاکم بم لەگـەڵ هـیچ یـەکێ لەئێوە، بەهیچ بۆنەیەكو لەهیچ شوێنێکا درۆ ناکەم، ئێوەش ئەبێ هـیچ کـاتو لـەهیچ کارێکـا لەگـەڵ مـن درۆ نەکـەن، هـەرکاتێ درۆو فـێڵ لەیـەکێکتان دەربکەوێ، بێ چاوپۆشیو دواکەوتن سزای ئەدەم))[٦٧]
فخر الکتاب کوشتنی حەسەن سوڵتان بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:
((..پـاش ٣ مـانگ بـۆ سـەرلێدانی قـەڵای شـاە ئابـادی مـەریوان لەگـەڵ ژمارەیەکی کەم لەشارەوە(مەبەستی سنەیە)بەڕێ کـەوت. عـەلی ئەکبـەر خـانی شرف الملك، میرزا عەبدولغفار معتەمەد، میرزا ڕەزا عەلی دیوان بەگیو هەنـدێ لەئەعیانی ولایەتی لەگەڵ خۆی بردبـو. کەگەیشـتە سـنوری مـەریوان حەسـەن سوڵتانی هەورامی، کەچەند ساڵ بو لەحکومەتی کوردستان یـاخیو سەرچـاوەی شەرارەتو جەسارەت بـو، لەگـەڵ مسـتەفا بـەگو بـارام بـەگی بـرایو هـەزار تفەنگچی، بێباكو مـەغرور هاتـە حزوری شـازادە. (ئـەویش)لەهەڵگەڕانـەوەو شەرارەتی حەسەن سوڵتان ئاگادارو، لەدڵی خۆیدا بڕیاری تـەمێ کردنـیدا بـو. لـەم هـاتنو بێباکییـە لەناخـەوە دڵگـیر بـو. لـەڕێگاش چـەندین جموجـۆڵی

وەحشییانەی لەتفەنگچییە هەورامییەکان دی بو. شازادەی لێزان چاوی لەهەموی پۆشیو گوێی خۆی لێ خەواند تا گەیشتە گوندی بیلك، کەیەکێ لەئاواییە دیارەکانی مەریوانە. شازادە لەمزگەوتەکەی ئەوێدا مەنزلی فەرمو. پاش گەڕانەوەیان بۆ سنە شازادە خۆی هەواڵی کوشتنی حەسەن سوڵتانی بەم جۆرە گێڕایەوە: ئەو شەوە لەمزگەوتی بیلك لەبەر زۆریی خەیاڵاتو بیرکردنەوەی قوڵ لەجێبەجێ کردنی مەبەستی نهێنی خۆمو لەناوبردنی حەسەن سوڵتانی شەرور خەو نەبوە ئاشنای چاوی پڕ لەتوڕەبون. پاش بیرکردنەوەو تێڕامانی قوڵ بەنیازی پاکەوە ئیستیخارەم بەقورئانی مەجید کردو ئایەتی پیرۆزی((یا یحیی خذ الکتاب بقوه))هاتەوە. لای من هیچ دودڵییەك نەما. بەتەواوی هێزی دڵەوە بڕیاری جێبەجێ کردنی مەبەستەکەی خۆمدا. کەگوێم لەبانگی بەیانی بو، بۆ ئەدای فەریزەی حەقو استمدادی نصرتو استغاثت وپەنام بەدەرگای رب العزە قیامم کرد. دوای تەواوکردنی نوێژو پاڕانەوە، بەتوفیقی خواوەندی غالبو کارساز، زین العابدین خانی فراشباشیم بانگ کرد. بێ ئەوەی کەس لەهاوڕێکانی خۆم ئاگادار بکەم، دەستور ئەلعەمەلی تەواوم دایە کەلەگەڵ ١٠ کەس لەفراشانی هەڵبژاردەو کارامە لەقاوەخانەکەی مزگەوت، ئامادەو بێ ترس مەردانە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دژوارە ئامادە بن" هەر کەحەسەن سوڵتانو دو براکەی هاتنە قاوەخانە دەسبەجێ حەسەن سوڵتان بکوژنو هەردو براکەشی زنجیر بکەن.

لەبەرئەوەی بەئایەتی پیرۆز استخارەو، بەلێوەشاوەییو کارزانی فراشباشیو، لەئازایەتیو زرنگی فراشەکان دڵنیا بوم، عەلی ئەکبەر خانو معتمدو دیوانبەگیم بۆ لای خۆم داوا کرد. ماوەیەك لەگەڵیان دوام. سەرەتای هەتاو کەوتن بەدڵێکی بێ تاوەوە حەسەن سوڵتانو براکانیم بانگ کرد کەبێن خەڵات بکرێنو بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. سوڵتانو براکانی بەو پەڕی غرورەوە هاتنەلام. ماوەیەك لوتفو میهرەبانیم بەرامبەر دەربڕین. بەڵێنی امتیازو موچەم پێ دان. پاشان پێم وتن: مەریوان ئەوەندەی ئاوایی تیانییە، مانەوەی ئێوە بەم هەمو خەڵکەوە ئەبێ بەهۆی خەسارەتو زەحمەتی ئەهالیو رەعییەت. خەڵاتەکەتان لەقاوەخانە ئامادەیە، بڕۆن خەلعەتی خۆتان بپۆشنو مەرەخەس بن. خەریکی ئەنجام دانی خزمەتو وەرگرتنی مالیاتی دیوان بن. هەر ٣ برا بۆ قاوەخانە چون. پاش رۆیشتنیان من بەئەسپایی بەعەلی ئەکبەر خانو ئەوانی ترم وت: ئەگەر ئێستە فەرمانی گرتنو بەستنەوەی ئەم ئەشرارە بدەم چی ئەبێ؟ ئەوان بەپەشۆکاوی لەڕوی خێر خوابییەوە بەمنیان وت: ئێستە وەختی ئەو کارە نییە، چونکە هەزار تفەنگچی لەدەرەوەی مزگەوت تفەنگ بەدەستەوە راوەستاون،

ئێمەش ئامادەیی تەواومان نیە. من بزەیەکم کردو، وتم: ئەگەر خوا بیەوێ ئەوەندە گرنگ نیە.
هێشتا ئەوان وەڵامێکیان نەدابوەوە لەقاوەخانەوە هەرا بەرز بوەوە. دەستبەجێ فراشباشی هاتە مزگەوت و مژدەی بەجێ گەیاندنی خزمەتی پێ سپێردراوی دا" حەسەن سوڵتان کوژرا، دو براکەشی کوت و پێوەن کران.
من بەخۆشییەوە زمانم بە بەجێ هێنانی سوپاسی حەزرەتی احدیت تەڕبو، عەلی ئەکبەر خان بەشمشێری روتەوە چوە دەرەوە. لەبەردەمی مەنزڵەکەی منا راوەستا منیش وتم: گوریسێك بخەنە پێی حەسەن سوڵتان و لەمزگەوت توڕی بدەنە دەرەوە.
لاشەی مەنحوسی ئەویان فڕێ دایە دەمی تفەنگچییانی هەورامی...))[٦٨].

نمونە١٥:

ئێلی جاف" زیندە بەچاڵ

ئێلی جاف یەکێك بو لەئێلە رەوەندە گەورەکانی کورد. لەجەبەل حەمرینەوە تا چیاکانی نزیك سنە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ گەرمیان و کوێستانیان ئەکرد. هۆزە گەورەکانی ئەم ئێلە سەر بەئەمارەتی بابان بون و، هەندێ لەتیرەکانی تریشی کەوت بونە سنوری ئەمارەتی ئەردەڵان و کرماشانەوە. ئەم ئێلە لەپەیماننامەی زەهاو(١٠٤٩/١٦٣٩)دا دابەش کران، هەندێکیان کەوتنە دیوی ئێران و زۆریشیان کەوتنە دیوی عوسمانی کەبەجافی مرادی ناسراون. ئەو سنورەی پەیماننامەی زەهاو دیاری کرد بو نەی ئەتوانی رێ لەهاتوچۆی گەرمیان و کوێستانی جاف بگرێ. ئەم هاتوچۆیە زۆرجار کێشەی بۆ کاربەدەستانی سنورەکان ئەخولقان. لەهەمو گفتوگۆکانی نێوان دەوڵەتانی رۆم و عەجەمدا، یەکێ لەباسەکانیان هەمیشە بەلاداخستنی کێشەی هاتوچۆی رەوەندەکان بو. کەسەرەنجام لەپێکهاتنی یەکەمی ئەرزڕوم(١٢٣٨)دا لەسەری رێك کەوتن.
کاربەدەستانی ئێرانی ئەیان ویست رێ لەهاتنی ئێلی جاف بگرن بۆ ناو خاکی خۆیان. بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جار رێگەیان بەئێلی جاف گرت و، تالآنیان ئەکردن، کوشتاریان لێ ئەکردن، خەڵکیان لێ ئەگرتن. بەڵام جافەکان لەبەرتەسکیی لەوەڕگاکانی خۆیان و ناسازی ئاووهەوای هاوینانی شارەزوورو گەرمیان، بەناچاری رانەکانی خۆیان ئەبردە کوردستانی ئێران. هەندێ جار بەبەرتیل و پێشکەش و باج، هەندێ جاری تریش بەملهوڕی و بەقاچاخ، هاوینەکەیان لێ بەسەر ئەبرد.
نوسەرێکی ئێرانی لەم روەوە نوسیویێتی:

((دوانزە تیرەی دەوارنشینی ئێلی جاف کەژمارەیان نزیکەی ٤٥ هەزار ماڵـە، زیاتر لەپەنجا هەزار سواری ئازاو نەترسـیان بەئەسـپی جـوانو چـالاکەوە هـەبو، لەقەڵەمرەوی والی بەغدادا بون. ئەو زەمانـە محەمـەد پاشـا سـەرکۆماریان بـو، ئەگەر گوێڕایەڵی حوکمی هەردو دەوڵەتی بکردایـەو، هاوینـان ئێلەکـەی خـۆی لەشارەزور گل بدایەتەوە، ئاژەڵەکەیان بەهۆی گەرماو رەشەبای سـەبونەوە لـەناو ئەچو، ئەگـەر گوێیشـی نەدایەتـە ئـەو حوکمـەو، بهاتایـە بـۆ کوێسـتانەکانی کوردستان ئەوا گیریان ئەخواردو، گیانو ماڵیان ئەکەوتە مەترسییەوە. لەکاتێکا جافەکان لـەخاکی ئێـراندا بەپـەرتوبلاوی لەگونـدەکانی مـەریوانو خوڕخـورەو تیلەکۆ نەك هەر بەتـەنیا بـەخۆڕایی رانـەکانیان لەزۆزانـەکاندا ئەلـەوەڕێنن... دەستیان لەهیچ جۆرە شەرارەتو رێگریو هەرزەگییەك نەئەپاراست.

فەرهاد میرزا بۆ جێبەجێ کردنـی حـوکمی هـەردو دەوڵـەتو، بەرهەڵسـتی لەدەسدرێژی جاف قوتویەك شەمچە(مەبەستی شقارتەیە)ی بۆ دیوانبەگی ناردو، لەسەری نوسی بو: ((ئەشراری جاف بکـوژە، ئـاگر لـەماڵیان بەربـدە، شەمچـە نێردرا بۆ ئەوەی ئەو کارە بەئاسانی جێبەجێ بکەیت)).

هەر لەو کاتەدا چەن بار گەنم لەئۆردوی دیوانبەگییـەوە نێـردرا بـو لەئاشـی گونـدەکان بیهـاڕن. جافـەکان لەرێگـە بـارە گەنمـەکانو ولاخـەکانیان دزی بـو، ولاخدارەکانیشیان کوشت بو. دیوانبەگی ناردی ئەوەی ئەو کارەی کرد بو بـەناوی عەلی شاپەڕییەوە لەگەڵ ٤ کەس لەهاودەستەکانی بەگیرای هێنایە کوردستان.

عەلی شا کە لەپیاوە ئازاو ناسراوەکانی ئێلی جاف بو، بـاوەڕی نەئـەکرد رۆژێ بێ بگیرێ. کاتێ ئەوو گیراوەکانی تریان بەدارەوە بەست، لـەباتی پاڕانـەوەو تکـاو دەربڕینی پەشیمانی، بەلەخۆ بایی بونەوە، کەوتنە قسە بەدیوانبەگیو، پڕکێشیو پرروییـان گەیشـتە رادەیـەك، جنێویـان بەفـەرهاد مـیرزاو ناصـرالدین شـادا. لەبەرئەوە هەر ٥کەسەکەیان بەزیندویتی نایە ژێر خاك، بۆ ئەوەی تـیتر دەنگیـان دەر نەیەت))[٦٩].

٦/٣ عەباس میرزا ملك ئارا

نمونە ١٦:

بەدەستەوەدانی قاسید(١٢٩٧)

عەباس میرزا ملك ئارا(١٢٥٥-١٣١٦) کوڕی دوەمی محەمەد شا بو. لەگـەڵ ناصرالدین شا باوك برا بون. ئەم ٨ ساڵ لەو بچوك تر بو.

دایکی ناصرالدین ملك جیهان خانم، ناسراو بەمەهد علیاو، دایکی عەباس خدیجە خانمی کچی یەحیا خانی چەهریق بو. بنەماڵەی یەحیی خان لەمیرەکانی هەکاریو خۆیان بەنەوەی خەلیفەکانی عەبباسی دائەنا. لەتەریقەتدا نەقشبەندیو موریدی سەید تەها شەمزینی بون.

محەمەد شاه لەپێش مردنی لەمەهد علیا دڵگیر بو. زۆرتر روی ئەدا بەخەدیجە خانم. لەبەر خۆشەویستی ئەو، ئەو کوڕەی لەویٚ بو بەناوی باوکی خۆیەوە ناوی نا عەباس میرزاو، نازناوی نائب السلطنە ی دایە. مەهد علیا بەو بۆنەیەوە، خەدیجەی هەویێو عەباسی هەنەزای دەدزا. بەهەمو رێیەك هەوڵی ئەدا بۆ ئەوان تێ بچێنێ، ناصرالدینی کوڕی پێش بخاو بیکاتە جێنشینی شا.

کاتێ محەمەد شاه مرد (١٢٦٤)عەباس میرزا تەمەنی ٩ ساڵ بو، مەهد علیا بۆ ئەوەی بەیەکجاری لەمەترسی عەباس میملی ناصرالدینی کوڕی رزگاری بێ، براکانی خۆی راسپارد چاوی عەباس کوێر بکەن. عەباس بەهۆی تێکەوتنی فەرهاد میرزای مامیو هەوڵدانی سەفارەتی بەریتانییەوە لەم پیلانە رزگاری بو.

ناصرالدین گەیشتە تارانو بو بەشای ئێران. لەرۆژانی یەکەمی شاهێتییەوە کەوتە گێچەڵ بەعەباسو دایکی، هەمو زێڕو دارایی زەوت کردن. کەوتە پیلان گێڕان بۆ لەناوبردنی. هەمیشە گومانی لەعەباس هەبو. کەتەختی لێ داگیر بکا. کەوتە. ئەم گومانەی هەتا کوژرانی هەر لەدڵدا ما. بابیەکان هەوڵی کوشتنی شایان داو بریندار بو(١٢٦٨). شا ویستی بەسەر عەباسیدا بهێنێو ئەوە بکاتە بەهانەی کوشتن یا گرتنی. عەباس پەنای بۆ سەفیرانی بێگانە برد. سەفیرەکانی بەریتانیاو روسیا بەگەرمی بسۆی تێکەوتن، لەمردنو گرتن رزگاریان کرد. ناصرالدین شایان رازی کرد، بۆ ئەوەی دڵنیابێ لەمەترسی عەباس دوری بخاتەوە بۆ شوێنە پیرۆزەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی لەعێراق.

عەباس میرزا لەکۆتایی ١٢٦٨دا گەیشتە بەغداد. ماوەی ٢٧ ساڵ بەدورخراوەیی لەبەغدادو ماوەیەکی کورتیش لەئەستەموڵ مایەوە. ناصرالدین شا لە١٢٩٤دا رێی گەڕانەوەی بۆ ئێران پێدا. لە١٢٩٥دا گەیشتەوە تاران. شا بۆ ئەوەی روتی بکاتەوە لەناوی((نائب السلطنە)نازناوی ملك ئارای پێ بەخشی.

شا ماوەیەك حکومەتی زنجانی بەعەباس میرزا سپارد. بەڵام زۆری لێ نەمایەوە لەترسی گیانی هەڵات بۆ قافقاز. پاش چەند مانگێ شا بەخشیو گەڕایەوە ئێران(١٢٩٦).

شێخ عوبیدوڵڵا ئەبێ ئاگاداری ململانێی دەسەڵات بوبێ لەدەرباری قاجاردا. لەبەرئەوە کەشۆڕشەکەی دەس پێ کرد. نامەیەکی تایبەتی بۆ عەباس میرزا

نوسی" داوای هاودەستیو هاوکاری لێ کردبو، لەبەرامبەر ئەوەدا گفتی پێدا بو ئەو بە شای ئێران بناسێ. شێخ عوبەیدوللا نامەکەی بەدو نێردراوی تایبەتیدا بۆ تاران بۆ نارد. بەلام عەباس لەباتی ئەوەی هاوکاری لەگەل شێخ بکا، ئاگاداری ناصرالدین شای کرد. نامەو نێردراوەکانی بەدەستەوەدا. لەپاداشتی ئەوەدا شا کردی بەحاکمی قەزوین. بەنوێنەرایەتی ئێران بۆ پیرۆزبایی لەجلوسی نیکۆلای دوەم ئەو چو بۆ روسیا.

لە١٣١٤دا پاش کوژرانی ناصرالدین شا بوبە وەزیری عەدلیە لە١٣١٦دا مرد.

عەباس میرزا خۆی ژیاننامە((شەرح حال))ی خۆی نوسیوەتەوە. لەوێدا سەبارەت بە((فیتنەی ئەکرادی ئازەربایجان))ئەدوێ. هەندێ لەهۆیەکانی رون دەکاتەوە، بەتایبەتی زولموزۆرو دەسدرێژی کاربەدەستانی دەولەت‌و، هەلپەی مظفرالدین میرزای وەلیعەهد کە لەتەوریز دائەنیشت بۆ کۆکردنەوەی پارەو بەرتیل‌و رابواردنی نارەوا، ئازاردانی کوردەکانی ئازەربایجان، عەباس میرزا خۆی چیرۆکی نامەکەی شێخ‌و بەدەستەوەدانی نێردراوەکانی لەکتێبەیدا((شەرحی حال))دا ئەگێرێتەوە. عەباس میرزا نوسیوێتی:

((...تەلغورافچی لەتەوریزەوە هەوالی هەندێ لەم روداوانەی ئاگاداری تاران کرد. لەتاران ئۆردویەکیان بەسەرداری شازادە حەمزە میرزا ناوبراو بەحشمت الدولەی کوری مرحوم عەباس میرزا نائب السلطنە سازداو ناردیان. میرزا حسێن خانی مشیر الدولەش کەبۆ قەزوینیان نارد بو، بریاردرا بەپەلە بەپێشکاریی ئازەربایجان بچێ بۆ تەوریزو میرزا ئەحمەد بەشەرمەزاری بێتەوە تاران‌و، تیمور پاشاخانی ماکۆیی بەفەوجی ماکۆو کۆکراوەکانی خۆیەوە بەرەو ورمێ بروات. حەمزە میرزا لەرێگە نەخۆش کەوت‌و بەرەحمەتی خواچو. ئەم لەشکرە کە لەتارانەوە رۆیشت‌و ئەو لەشکرانەی کە لەتەوریزو ماکۆوە چوبون هەمو گوندەکانی سەررێ‌و دەوروبەری ورمێ‌و مەراغەیان تالان کردو، گوێیان نەدایە عەرزو ناموسی کەس‌و زۆر خراپ تر لە لەشکری کورد وێرانییان بەسەر ناوچەکە داهێنا.

لەم گێودارەدا، رۆژێکیان بەتەنیا لەکونجی مالەکەی خۆمدا دانیشت بوم، بینیم دو کەس هاتنە ناو مالەکەو سۆراخی منیان لەنۆکەرەکان کرد، هاتنە لام. زەرفێکیان لەگیرفان دەرهێناو دایان بەمن. بینیم شێخ عوبەیدوللا بۆ منی نوسیوەو، داوای لەمن کردوە بچم بۆ جەنگ. ئەوانەی نامەکەیان هێنابو یەکێکیان ناوی عەبدولرەحیم پیر بو. ئەوی تریان حسێن قولیو هەردوکیان

برابون. عەبدولڕەحیم پێی وتم پێویست ناکا دابمێنێ، ئەگەر بێی بێگومان ئەبی بەشا.
ئەمەش ڕۆنوسی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلا..(شوێنی نامەکەی بەبۆشی بەجێ هێشتوە)
کەئەم نامەیەم خوێندەوە شڵەژام. لەلایەکەوە ترسام لەوەی نەوەکو نۆکەرەکانم پێ بزانن و بڕۆن بەهەر جۆرێ بێ هەواڵەکە بەکاربەدەستانی دەوڵەت و شا بگەیەنن. چونکە لەئێران ئەوە بوە بەباو جاسوسی لەهەمو شوێنی داناوە و هەر کەسێ ناسراو بێ یەکێ یا دو کەس لەنۆکەرەکانی ئەو کەسە. بێ ئەوەی خۆی پێ بزانێ، بەدزیەوە پارەی ئەدەنێ بۆ ئەوەی هەواڵی هەڵسوکەوتی ئەو کەسە بکەن بەراپۆرت. لەنۆکەرەکانی خۆم ۳ کەس زیاتری لێ نەبو. ئەوانی تر هەمو خەڵکی تاران بون.
لەلایەکی ترەوە ڕاڕایی کەوتە دڵمەوە کەئەبێ چی بکەم. ئایا بۆ چارەکردنی ئەو هەمو خراپەیەی کەناصرالدین شا بەرامبەر منی کردوە ئەبێ بڕۆم و ببمە هۆی بەهێزبونی شێخ عوبەیدوڵلاو بەکاغەز نوسین بێ خوێن رشتن تەورێز بگرم و، پەلاماری تاران بدرێ و لەبەرئەوەی هەمو خەڵك لەجۆری هەڵسوڕانی ناصرالدین شا ڕەنجاون، ئەتوانرێ تارانیش بگیرێ. یاخود بەهۆی خۆشەویستی نیشتمان و هەم دینان و خواردنی نان و نمەك نابێ خیانەت بکرێ و نابێ ببێتە هۆی رشتنی خوێنی شیعەیان. لەحاڵەتی ڕۆیشتندا، ئەبێ چۆن بڕۆم، کە لەو ۲۰ مەنزلە ڕێیەدا نەگیرێم و، لەحاڵەتی مانەوەدا ئەبێ چ تەگبیرێ بکەم کەئەم دو کەسە بەدوای مندا هاتون کەس نەیان ناسێ و بێ هودەو بەهیچ و پوچ لەتاران توشی بەلا نەبم.
بەکورتی وەسوەسە بەجۆرێ دای گرتم کەمردنم بەئاوات ئەخواست. مەسەلەکەش ئەوە نەبو بشێ راوێژی کەس بکەم. بەو دو کەسەم وت: ئێوە بەپەلە بەنۆکەرەکانی من بڵێن ئێمەش هاتوین ببینە نۆکەر، بازەوان و راوکەرین، نەختێکیش لەنۆکەرەکان بپاڕێنەوە بۆ ئەوەی ئەوان واستەتان بۆ بکەن و ئەوسا لەماڵ دەربچن.
ئەوانە ڕۆیشتن و منیش کەوتمە بیرکردنەوە تا شەو داهات. ئەو شەوە خەوم لێ نەکەوت. شەوەکی هەستام، دەسنوێژم گرت، رو بەقیبلە دانیشتم. زۆر گریام، زۆر پاڕامەوە و زاریم کرد، لەقازی الحاجاتم خواست چی خێرە ئەوە بکەم. وا بەدڵمدا هات کەخیانەت بە ولی نعمتی ظاهری خۆم نەکەم و نەبم بەباعیسی فتنە و فەساد. ئەگەر خراپەیان بەرامبەر کردوم ئەوا من بەخوایان بسپێرم. خۆم بچم بۆ

حوزوری شا کاغەزەکەی شێخ عوبەیدوڵلای بدەمێو ئەو دو کەسەش بەدەستەوە بدەم(النجاة في الصدق)). پاش ئەوەی ئەم بڕیارەمدا استخارەی ذات الرقاعیشم کرد" باش بکەو خراپ مەکە، دەرچو.

دوای هەتاو کەوتن، لەئەندەرون دەرچوم بەشێوەی هەمو ڕۆژی دانیشتم. پرسیاری ئەو دو کەسەم کرد لەکوێن. نۆکەرەکان وتیان کەئەوانە وتویانە لەڕێوە گەیشتوینو ماندوین، ئەسپەکانیشمان لەکاروانسەرایە، ئەچین بۆ کاروانسەرا شەو لەوێ ئەنوینو سبەی بەیانی دێینەوە. کەئەمەم بیست شڵەژام، نەوەکو ئەو دو کەسە نەیەنەوە یاخود بگیرێنو منیش توشی بەڵا ببم. دو سەعات بەم جۆرە مامەوە، لەگیانەڵا ناخۆش تر بو. تا بینیم هاتنەوە ناو خانوەکە. سوپاسی خودام کرد. فراش باشیم راسپارد کەئەم دو کەسە لەقاوەخانەکە خەریك بکەنو نەهێڵن بۆ هیچ جێیەك بڕۆن، خۆم سواربوم چوم بۆ حوزوری شا. لەباغی عەمارەت لەتەنیشت نارنجستانەوە دانیشت بو. عەرزم کرد کەعەرزێکم هەیە. فەرمویان چیە. عەرزم کرد با ئەو مەسەلەیە مەعلومی شا بێ کەمن کابرایەکی خیانەتکار نیم. ئەگەر بۆ ئەستەموڵ رۆیشتم خوا ئەیزانێ لەبرسا بو. ئەگەر چوم بۆ روسیا لەترسا بو. لەشا ترسان نەعەیبەو نەگوناهە. بەڵام خیانەت لەمن ناوەشێتەوە. ئێوارەی رۆژی رابردو. دو سواری کورد لەلایەن شێخ عوبەیدوڵلا وە هاتن نامەیەکیان بۆ هێناوم، داوای لەمن کردوە بۆ شەڕ. فەرموی نامەکە لەکوێیە. دەسبەجێ دامە دەستی. خوێندیەوەو، پرسی ئەو دو کەسە لەکوێن. وتم هەردوکیان لەماڵەکەی منن. فەرموی بنێرە بیان هێنن. وتم چەند کەس لەنۆکەرانی دیوان مەئمور بفەرموو بڕۆن بیان گرن. چونکە خەنجەریان پێیە. نەوەکو یەکێ بریندار بکەنو هەڵێن. چەند کەسێك مەئمور کران. پاش هێنانیان عەرزم کرد: من ئەوانەم بەدەستەوەدا. ئێستە نەوەکو لەترسی گیانی خۆیانو بۆ خۆ دەربازکردن تۆهمەتێك بەپاڵ من بدەن. فەرمویان دڵنیابە.

ئەو دو کەسەیان هێناو بەمحەمەد رەحیم خان عەلاء الدولە یان سپاردن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکاو، لەهەلومەرجی ئۆردوی شێخ ئاگادار بێ. پاش لێکۆڵینەوە حوکمی حەپسی ئەبەدییان فەرمون.

بەرامبەر بەم خزمەتە" ئەموستیلەیەکی ئەلماسی بەمن التفات فەرمو کە ٢٠٠ تومانی ئەهێناو، حکومەتی قەزوینیشی مەرحەمەت کرد بێ ئەوەی هیچ پێشکەشی لەمن وەربگرێو، یەك تۆپی سەرداریی تورمەی خراپی بەخەڵات دامێ...))[٧٠].

٧/٣ حەسەن عەلی خانی وەزیری فوائد

نمونه۱۷:

دەستی تەگبیر" هەمزە ئاغای مەنگور(۱۲۹۸)

لەپاش کوژرانی باپیر ئاغای مەنگورو ژمارەیەکی زۆری پیاوە هەڵبـژاردەکانی تێلەکەی(۱۱۹۸)بنەماڵەکانی مەنگور بەناوی ئافرەتـەوە نـاونرا بـون. نزیکـەی قەرنێکی خایاند تاکو مەنگور توانییان سەر لەنوێ ببوژێنەوە.

هەمزە ئاغا نەوەی باپیر ئاغا، لـەتافی لاوی‌دا بـو، شـەوێکیان لـەمێرگێکی نزیك سابلاخ هەڵی کوتایە سەر دەستەیەك لەپاسەوانەکانی عەجەم، کە لەئیلی قەرەپاپاخ بو، بەگوێرەی سەرچاوەیەك ۳۱کەس[71] و، بەگوێرەی سەرچـاوەیەکی تـر ۷۰ کەسی[72] لێ کوشتن. دوای ئەوە هێزێکی کۆکردەوە، چوە سـەر قـەڵای لاجـان، کەدیمەنی دەسەڵاتی داگیرکەری لەناوچەکەدا ئەنواندو، کاتی خۆی بۆ چـاودێری‌و سەرکوتکردنی ئێلی بلباس، عەجەم دروستیان کرد بـو. هـەمزە ئاغـا قەڵاکـەی گرت‌و روخاندی.

هێزەکانی ئازەربایجان خرانە بەر فەرمانی کابرایـەك بـەناوی شـجاع الدولـە. سوارەی هەندێ لەئێلە کوردەکانیشیان خرایە گەل. هێزەکانی عەجەم چونە سـەر هەمزە ئاغا لەلاجان. هەمزە ئاغا خۆی لەبەر هێرشەکەیاندا پێ نەگیرا. کشایەوە بـۆ گونـدی ژاراوە لـەو دیـوی قەنـدیل کـە لـەژێر دەسـەڵاتی عوسمـانی‌دا بـو. ئێرانییـەکان داوای بەدەسـتەوەدانی هـەمزە ئاغایـان ئـەکرد. پـاش چـەند وردە تێکهەڵچونێ. هەمزە ئاغا لەلایەن عوسمانییەکانەوە گـیراو، نزیکـەی ۱۰ سـاڵی لەزیندانی رۆم دا بەسەر برد.[73]

ساڵی ۱۲۹۵ لەلایەن ئێرانەوە لێبوردنی بۆ نێردراو، گەڕایەوە موکریان. کاتی لەنێوان شاری سابلاخ‌و ئاواییەکانی مەنگوڕایەتی‌دا بەسـەر ئـەبرد. داوودەزگـای بەڕێوەبەرایەتی ئێران، بەتایبەتی لەناوچە کوردنشینەکاندا، لەوپـەڕی بۆگـەنی‌و فەسادا بو. لەو سەردەمەدا حکومـەتی سـابلاخ بەیـەکێ لەشـازادەکانی قاجـار بەناوی لوتفعلی میرزا کشێکچی باشی سپێردرا بو. ئـەمیش وەکـو حاکمـەکانی پێش خۆی بەپەلە کەوتە هەڵپەی خۆ دەوڵەمەن کردن لەرێگەی سەندنی بـەزۆری بەرتیل‌و، جەریمـەکردنی خـەڵك‌و، بەدەسـتهێنانی قـازانجی تایبـەتی خۆیـەوە[74]. فەیزوڵڵا بەگی زنجیرکرد، هەزارو پێنج سەد تومانی جەریمە کرد. حاکمەکەی پێش ئەویش هەر لەم فەیزوڵڵا بەگە دوای ئـازاردان‌و ئەشـکەنجەیەکی دڕندانـە چـوار هەزار تومانی لێ سەند بو. پێنجسەد تومانی لەمینە ئاغای قـادر ئاغـا سـەند. هەر لەسەر پارە شازادە چەندین کەسی ناسراوی گرت، لەوانە یەکێ لەخزمەکانی قـادر ئاغـاو، عـەزیز ئاغـای فـەتاح‌و، سـەرەش گەیشـتە سـەر هـەمزە ئاغـا.

نوسەرێکی ئەرمەنی، ئەسکەندەر غوریانس، خۆی لەو ڕۆژانەدا لەتەوریز بوە، ڕوداوی یاخی بونی هەمزە ئاغا بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:

((ئێوارەیەکیان هەمزە ئاغا بۆ پێکهاتن لەسەر مالیاتو، چاکردنی کاری عەزیز ئاغای فەتاح ئەچێ بۆ دار الحکومە، لەبەرئەوەی میرزا ئەبو قاسم تەزکرەنوسی دەوڵەتی ئێران خۆی لەوێ بوە، وائێمەش بێ کەمو زیاد وەکو ئەوگێڕایەوە، ئەی نوسین: بەندە لەگەڵ میرزا تەقی محرر، کەخۆی لەهەمو شتێ هەڵنەقورتان و هۆی زۆرایەتی مفسدەو خراپییەکان بو، لەژێر خانەکەی شازادە دانیشت بوین. لەناکاو دیمان هەمزە ئاغا لەگەڵ یەکێ لەبرازاکانیو نۆکەرێکیو قلیاندارێك هاتنە ژورێ. دو نۆکەری تریشی لەدەرەوە مابونەوە. لەبەینی ئەوو میرزا تەقیدا لەسەر مالیات گفتوگۆ کرا. میرزا تەقی مالیاتی هەمزە ئاغای بەهەزار تومان دانا.

هەمزە ئاغا لەوەڵام دا، وتی: مالیاتی ئەسلیی ئێمە هەمیشە ٤٠٠ تومان بوە.

میرزا تەقی وەڵامی دایەوە، وتی: ئەگەر وا بوە ئەی بۆچی پار لەحکومەتی محەمەد خاندا هەزار تومانت داوە؟

هەمزە ئاغا دوبارە لەوەڵامدا وتی: ٤٠٠ تومان مالیاتو ٢٠٠ تومانیشم لەباتی تەعاروف داوە. ئەگەر ئێوەش بتانەوێ، ئەوەندەتان تەعاروف ئەدرێتێ، ئەگەرچی لەو ماوەیەشدا کەمن لەم شارەدا دانیشتوم هەموی هەر خەریکی کاری دیوانی بوم، نزیکەی ٨٠٠ تومان پارەم خەرج کردوە.

میرزا تەقی لەرقی هەمزە ئاغا بەگاڵتە پێ کردنەوە، وتی: تۆ چ خزمەتێکی دیوانت کردوە؟ تۆ کەخاوەنو سەرۆکی هەزار خێزانیو لەهەر خێزانێ ٢ تومان وەرئەگری، چی ئەبو ئەگەر نیوەی ئەو ٢ هەزار تومانەت بەشازادە تەعاروف بکردایە؟

میرزا تەقی ئەم قسانەی بەجۆرێ کرد کەبوە هۆی دڵتەنگیو زویری ئەو. ئینجا هەستاو وتی ئەچم مەسەلەکە عەرزی شازادە ئەکەم. گەڕایەوەو لەژورەکەدا دانیشتنەوە. زۆری نەخایاند، بینیمان فەراشباشی شازادە لەگەڵ فەراشێکی تر کەزنجیرێکی بەدەستەوە بو، خۆیان کرد بەژوردا. فەراشباشی روی لەهەمزە ئاغا کردو، وتی: شازادە ئەم زنجیرەی بۆ تۆ ناردوە، ئەبێ ماچی بکەیت!

هەمزە ئاغا لەبیستنی ئەم قسەیە لەباری ئاسایی خۆی دەرچو، دەستی برد بۆ خەنجەرەکەیو، بەزمانی تورکی عوسمانی وتی: ((من بونی قبول ئیتمیم)) واتە من ئەمە قوبوڵ ناکەم.

ئەوسا هەڵی کێشایە خەنجەرەکەی‌و رو بەلای فەراشباشی راپەڕی. میرزا تەقی‌و فەراشباشی لەترسی گیان هەردو بۆ ژوری سەرخان، کەشازادە لەوێ چاوەڕوانی ئەنجامی بڕیارەکەی بو، هەڵاتن. ئەمین تەزکەرە ئەڵێ: منیش خۆم خزاندە کونجێکی تاریکی ژورەکەو خۆمم بەدیوارەکەوە نوساند بو. بەحەپەساوی‌و ترسەوە تەماشام ئەکرد. هەمزە ئاغا لەپێکی لەچراکەدا کوژاندییەوە. لەگەڵ برازاکەی لەپەنجەرەکەوە چونە دەرێ. لەم تاریکییەدا دەنگی چەن تفەنگی لەحەوشەکەوە هات. برازاکەی وقلیاندار هەردوك بەئەنگیوراوی هەمزە ئاغاش بەخەنجەر یەکێکی لەنۆکەرانی شازادە گلانە سەر ئەرزو ئەوانی ترهەڵاتن. هەمزە ئاغا پێی وابو ئەم تەگبیرە لەپێشەوە کراوە ودەرگای حەوشەکەشیان لێ گرتوە. لەبەرئەوە روی کردە دەرگاکەو بەپڕتاو دەرپەڕی. پاسەوانەکە نیزەی تفەنگی ئاراستەی هەمزە ئاغا کردو ئەیویست نەهێڵێ بڕواتە دەرێ. هەمزە ئاغا بەدەستێکی نیزەی تفەنگەکەی گرت‌و بەدەستەکەی تری سەربازەکەی دایە بەر خەنجەرو کوشتی. لەپێش ئەوەدا لەدەرگا دەربچێ، چو بۆ حەپسخانە عەزیز ئاغای بانگ کرد، بەلام وەکو دەرکەوت، لەوکاتەدا نۆکەرانی شازادە عەزیز ئاغایان بەبریینداری برد بو بۆ جێگەیەکی تر. هەمزە ئاغا هیچ وەلامێکی نەبیست. روی کردە لای دەرگاکەو قۆناغە تفەنگێکی سرەواندە سەربازی دەرگاوان‌و خستی. لەگەڵ دو نۆکەری تری خۆی‌دا دەرگایان کردەوەو دەرچون.

ئەمین تەزکەرە ئەڵێ: کاتێ هەمزاغا دەرچو تەقە راوەستا. من چوم بۆ لای شازادە. بینیم یەکێ لەنۆکەرەکانی شازادە تفەنگی مارتینی لەدەست دایە لەسەر پلیکانەکان بۆ پارێزگاری شازادە راوەستا بو. کەچومە ناو ژورەکەوە شازادەم بینی تفەنگی پێ بو. لەو پەڕی شڵەژان‌و پەشۆکاوی دابو. عەرزم کرد کەجۆری گرتنی هەمزاغا نەئەبو وابێ. لەوەلامدا وتی: روی فەراشباشی رەش بێ، لەو دەمەدا ئەویش لەبەردەمی‌دا وەستا بو، منی دڵنیا کردبو لەوەی کەرێوشوێنی گرتنی ئەوی لەهەمو رویەکەوە ئامادە کردوە. بەم جۆرە گوناهەکەی خستە ملی فەراشباشی. لەکاتی ئەم گفتوگۆیەدا ئەحمەد بەگ تفەنگێکی مارتینی بەشانەوە بو، خۆی کرد بەژوورداو دەستی کر بەقسە: بەقوربانت بم شازادە، من کەی بەئێوەم گوت کەهەمزە ئاغا بەو جۆرە بگرن. لەم کاتەی شەوداو بەبێ تەگبیرو نابەجێ، ئەبوایە لەپێشەوە چەن کەس لەئاغایان ئاگادار بکرانایەو، بەرۆژی رۆشن بگیرێ. بەم قسانەدا دەرکەوت، کەپێشەکی لەنێوان شازادەو ئەحمەد بەگدا تەگبیر کرابو..))[٧٥]

هەمزە ئاغا لەدوای ئەم روداوە گەڕایەوە مەنگوڕایەتیو کەوتە خۆسازدان. ئەمەش هاوزەمان بو لەگەڵ خۆئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی بۆ راپەڕینە گەورەکەی. هەمزە ئاغا بو بەسەرکردەی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵلا لەقۆڵی شنۆ. لاجان، سابڵاخ، بناو، میاندواو.. و لەگەڵ عەبدولقادری کوڕی شێخدا فەرماندەی هێزەکانی ئەو قۆڵە بو، تا لەبەردەمی هێرشی هێزەکانی ئێراندا بەتێکشکاوی کشانەوە. هەمزە ئاغا لەناوچەکانی سنورا بەخۆیو هەندێ لەخزمەکانیو چەکدارەکانی ئێلەکەیەوە مایەوەو هەر بەهیوای ئەوە بو، شێخ عوبەیدوڵلا سەرلەنوێ تێ هەڵبچێتەوە. بەڵام شێخ عوبەیدوڵلا دوای ئەوەی بەخۆگۆڕین لەئەستەمولەوە بۆ کوردستان گەڕایەوە، زۆری نەخایاند لەلایەن ئۆردوی تورکەوە پاش چەن تێکهەڵچونێ لەشەمزینان بەدیل گیراو رەوانەی حیجاز کرا. هەمزە ئاغاش ئیتر نائومێد بو. کەوت بوە تەقەللای بەدەسهێنانی ئەمانو لێبوردنی ئێرانی. حسنعلی خانی امیر نظام بەهۆی میرزا ئەبو القاسمەوە، قورئانێکی بۆ نارد کەبەخەتو مۆری خۆی ئەماننامەی بۆ لەسەر نوسی بو. هەمزە ئاغا پشت ئەستور بەو ئامانناممەیە هاتە سابڵاخو لەوێ کوژرا.

چەند کەس لەنوسەرانی ئەو سەردەمەی ئێران لەسەر ئەم روداوەیان نوسیوە" عەلی ئەفشار لەکتێبی((رسالەی شۆڕش شێخ عوبەیدوڵلا))دا نوسیویەتی:

لە٢ی شەعباندا عەلائەدین الدەولە امیر نظام بەنیازی سەردانی سنورەکانی لەتەورێزەوە جولا، لەرێگەی دهخورقانو مەراغەو سابڵاخەوە چو بۆ ئازەربایجانی غەربی، لەرێگا هەرکەسێ کە لەروداوەکانی جەنگەکانی شێخ عبادالله (نوسەر وەهای ناو ئەبا)خزمەتێکیان کرد بو یا زەرەرێکیان لێ کەوت بو، دڵنەوایی کردنو یارمەتی دانو بەشێوەی جۆراوجۆر دڵخۆشی دانەوە.

کاتێ گەیشتە ناوچەی لاجان، محەمەد ئاغای مامەش پێشوازی لێ کرد. کەلێوەشاوەییو شایستەیی ئەوی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو سنورانە هەڵسەنگان، حسام الملكو عەلی رەزا خانی سەرتیپ کەمەئموری مانەوە بون لەسلدوز، هەردوکیانی مەرەخەس کردو کاروباری ئەو سنورەی بەمحەمەد ئاغا سپاردو، داوای لێ کرد لەو سنورانەدا رێگە بەهاتوچۆی مەنگوڕ نەداو، ئەگەر توانیشی هەمزە ئاغای، کەسوپاسالاری شێخ عوبەیدوڵلا بوە، بەمردویی یا بەزیندویی بۆ ببا.

امیر نظام دوای ئەم کارانە چو بۆ شنۆ. لەپاش رێکخستنەوەی کاروباری ئەوێو سەردانو دڵخۆشی دانەوەی سەرانی ئێلی زەرزا لە١٨ی شەعباندا

بەشکۆو دەبدەبەوە چو بۆ ورمێ، لەلایەن هێزەکانی ئەوێوە پێشوازی کراو لەباخی دلگوشا دابەزی.
وەزیری فوائدیش لەم کاتەدا لەسابلاخ بو. جموجۆلێکی زۆرتری ئەکرد بۆ ئەوەی بتوانێ هەمزە ئاغا بگرێ. هەمزە ئاغاش کەکۆتایی کاری شێخ عبادالله‌ی بەو چەشنە بینی، لەکردەوەی خۆی پەشیمانو، لەوپەڕی پەشۆکاویو شڵەژاوی دابو. هەمیشە لەترسو هەراس دا بو. لەبەرئەوەی ئیلی مەنگوریش ئەیان زانی ئەولیای دەوڵەتی شاهنشاهی مانی ئەو بەمایەی فەساد ئەزانن‌و، وان لەبیری فەوتاندنی‌دا، ئەوانیش خۆیان لێ دور رائەگرت‌و، یاریدەیان نەئەدا. تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی کاکەڵلا ناو، کەبرای هەمزە ئاغا بو، خۆی خستە خزمەتی وەزیری فوائدو، ئارەزوی لەناوبردنی براکەیو جێگرتنەوەی ئەوی ئەکرد.
هەمزە ئاغا کەهەلومەرجی خۆی وەها ناخۆش‌و ترسناك ئەدی، بۆ پاراستنی گیانی خۆی پەنای بۆ هەمو رێگەیەك ئەبرد. لەو دواییەدا هەندێ لەعولەماو روحانییانی سابلاخی کردە شەفیع‌و داوای تەئمینی لەفەرماندەی هێزەکان کرد.
وەزیری فوائدیش ئەویست ئەم کێشەیە بەدەستی تەگبیر چارەسەر بکات. موافەقەتی کرد کە هەمزە ئاغاو چەند کەسێ لەسوارەکانی ببینێ. پێشەکی پلانێکی بۆ کوشتنی داناو چەند کەسێکی لەنیشانچییانی دیارو ئازای سوپاکەی خۆی لەچاڵێکا لەبۆسە نا، کەئەیروانی بەسەر ئەو خێوەتەدا، کەئەبو هەمزە ئاغای لێ دابنیشێ، چاوەڕوانی هاتنی ئەو بون.
هەمزە ئاغا لەگەڵ سەد کەس لەسوارانی چەکداری خۆی لەکاتی دیاریکراودا گەیشتە ئۆردوی وەزیری فوائدو، بۆ خێوەتی ئامادەکراو رێنوێنی کرا. هەرکە گەیشتە ناو خێوەتەکە دەسرێژی گوللە دەستی پێ کرد. هەمزە ئاغاو دەسوپێوەندەکانی لەخاکدا گەوزان.
وەزیری فوائد فەرمانیدا سەریان بڕیو بۆ پیشان دانی امیر نظام بۆ ورمێی نارد. علاء الدولە امیر نظامیش هەر بەگەیشتنی کەللەی هەمزە ئاغا فەرمانی‌دا بیکەن بەسەری نیزەوە، لەشاردا بیگێڕن. بەم جۆرە سوپاسالارو یاری غاری شێخ عبادالله بەسزای کردەوەکانی خۆی گەیشت..))[٧٦]
نوسەرێکی تر، امین الدولە لە((خاطرات سیاسی))دا نوسیویتی:
((حسنعلی خان وەزیری فوائدی عامە بەوەسائل ورەسائل رێگەی دۆستایەتی لەگەڵ هەمزە ئاغا کردەوە.. داوای لێ کرد بێتە لای. هەمزە ئاغا بەدڵنیاییەوە چو بۆ ناو ئۆردوی حسنعلی خان، واریدی خێوەتەکەی ئەو بو، لەکاتی ئەم میهرەبانییەدا بەپێی تەگبیری پێشەکی، حسنعلی خان هەستا چوە خێوەتێکی تر،

لەپشت خێوەتەکەوە بەجارێ چەن گوللە تفەنگ هاوێژرا. هەمزە ئاغاو کەسەکانی کوژران، فەراشباشیەکەی حسنعلی خانیش کە لەناو خێوەتەکەدا بو، ئەویش کوژرا، بەکوژرانی هەمزە ئاغا هێزەکانی کورد هەڵاتن‌و، پەرەوازە بون، غائیلە تەواو بو))[77].

وەزیری فەوائید لەو کاتەدا حسنعلی خان(١٢٣٦-١٣١٨)ی کوڕی محەمەد سادق خانی گەروس بو. پلەی سەرتیپی بەمیرات لەباوکییەوە بۆ بەجێ مابو. لەجەنگی هیراتدا بەشداربو. یەکێ بو لەکاربەدەستە نزیکەکانی دەرباری قاجار. وەختێ مظفرالدین میرزا ولیعەهد بو لەتەوریز، ئەم لەوێ پێشکاری بو. لەسەفەری یەکەمی ناصرالدین شادا بۆ ئەوروپا(١٢٩٠)ئەمیش یەکێ بو لەئەندامانی حاشیەکەی. ماوەیەکیش وەزیری موختاری ئێران بو لەفەرەنسەو بەریتانیا. ماوەیەکیش حوکمڕانی کرماشان بو. چەند کتێبێکی نوسیوە لەوانە" منشات پندنامە یحیویە کەبەتایبەتی بۆ کوڕەکەی خۆی نوسیوە.[78]

بەیتبێژەکانی موکریان ئەم روداوەیان کردۆتە بەیتێکی درێژ بەدەنگەوە ئەیلێن، لێرەدا بۆ تەواوکردنی هەندێ لەدیمەنەکانی باسەکە ئەی نوسینەوە:

((خالق هەر ئەتۆی لەسەر، رەببی هەر ئەتۆی لەسەر، چی تۆ پێت بێ ئێرادە، رانابرن هیچ موقەددەر.

سێ موقددەرن بەسەر دێن، مردن‌و کوشتن‌و گرانی. لەموکوریان دو خێڵ بون، بەگزادەو قارەمانی، یەکێك بۆ لەبەگزادان، حەیفێ بۆ عەلی خانی، پادشا تەگبیری دەکرد، شازادێکی بانگ دەکرد، زۆر چاکی نسحەت دەکرد، بەو دە یارو زەمزەمە، بۆ سابلاغیی بەرێ کرد: دەبڕۆ و رامەمێنە، خەڵکی تەفرەقە مەکە، مەخلوقێ مەتۆقێنە، دە سەر ئاغاوەتان کە، حەمباراتان بشکێنە، بەو قەتارو نەهاران لەبۆ سابلاغیی بێنە،

حاکم هات‌و، وای نەکرد، دەستی بەبێ ناموسی کرد، پیاوێکی وسین ئاغای گرت، ئەو، بێ سوچ، لوتی کون کرد، وسین ئاغا مودەبیر بو، زۆر چاکی خزمەت دەکرد، کەچووە بۆ ماڵە خۆی، لەحەیفی ئەو قسەی دەمرد، لەئاغاوەتان بوغولو، راووبی رایان دەکرد، گەر ئەمە هەمزاغای نەگرین، ئەو وڵاتی خەرا کرد.

هەمزە مەردی کارخانی، هیچ بەو کارەی نازانێ، بەخۆو بەقلیانداری دەهات لەبۆ دیوانی، لەخواجا بێداریاندا، حاکم چو باڵەخانی، خرەی زنجیران دەهات، فەراش گەینە پێشخانی" ((کاك هەمزە تۆ ماچیکە، موقەسیری دیوانی، دەلاقت دەکەم کوتی، دە ملت دەکەم زەولانی، لێرەشت لێ ناگەڕێم، دەتنێرم بۆ تارانێ))

لەو هەمزاغای جوت غیرەت، دەستی برد بۆ خەنجەری، هەڵدەکێشێ دەبانێ، بەزەبرێنکان لێی دەدان، زیرەی برد بۆ عاسمانی، تەقە تەقی مارتینان، لەبلەسەی دە شەشخانان، چرپان چرپان پەیدا بو، لەکوچەو لەدالآنان، هەمزاغا دەنەڕێنێ: تفەنگم لەبۆ بینن، دەزری‌و دەمەرقوپانی، دەئەسپم لەبۆ بێنن، مەتاڵو حەیزەرانی. بەگەل وە دەر دەکەوتن، کادەرویشی کوێستانی، دەچون بۆ باغی قیبلەی، لەوێ دەدران لەسانی، هەمزاغا ئاوری داوە، حەمەد وسلەمان کوانێ؟ حەیفێ لەبۆ حەمەدی،کوژراوە مەردی مەیدانی. سێ تەلاقەی فرێ دان، بەسی جزمەی قورعانی، لێرەشی لێ ناگەڕێم، دەیماڵم تا تارانی، کۆنە خوێنم وەبیر دێن، وێ ساڵی سەر برانی، دەبێ بچمە نەهرییە بەسەنەد شێخی بینم لەبۆ عەجەم قرانی.

ئەو دەمەی دەچوە نەهری، لەگەڵ وەردوی شێخی هات، ئەو دەمەی شنۆی دەگرت، لەمامەشان بوغولو، را و بێ رایان دەکرد، حەمەداغا سوار دەبو، دەهات لەبۆ سابلاغی، پرسی بەحاکمی دەکرد" ماشەڵڵا چەن نادرم، بەتیپ‌و بەلەشکرم، پیاوێکی ساحێب نیوم، بەبێ ئەجەل نامرم، دەستم لەگەڵ بدەنێ، ئەز رێیەی لێ دەگرم.

مەجلیسی واهەڵدایە، بەگزادەو قارەمانی، گەر ئەمە لەشکری بکەین، وەك دەوری نەوشیروانی، دەڵێن شێخی لەگەڵە، پاك تەڵاقن دەکەوێ، دەمرین بەبێ ئیمانی.

حەمەداغا سوار دەبو، قەرەپەپاغی گاز کرد، لەگەڵ وەردوی شێخی هات، تاجران خۆیان خەلاس کرد، لەهەموی هەڵات هەڵات، وەخرِ بو هەزار ملەت، خرناڵە بەیتی دەکات، ئەگەر حاکم وای زانی، هیچ کەس لەسەری ناکات، دەس بەجێ حاکم هەڵات.

بابدەین دەنگی لەشکری، دەبا بین رەمك‌و پیران، زەرزا بین بەنادری، مەنگوڕو مامەش‌و پیران، گەورك ببنە لەشکری، خێلی فەیزوڵلا بەگی، بەگزادەو دیبوکری، ئەوها دەڵێ کاك هەمزە: پاك کاغەزم بدەنێ، سەبەب بەسبحەی رۆژی، کەس خەتای کەس نەگرێ. شێخ داوای مولکی دەکا، تا تەورێزیی دەگرێ.

تا تەورێزیم ئی وییە، یەکێك وا لەشارێیە، ئەو برای تاجر باشییە، حوجرەی نەکرد خورابیە، دەڵێ ئەو ئالآیەی بەشێخییە، سابلاغییان دروست کردییە.

((لەلرفە لرفی ئالآیە، تەماحی مالی دنیایە، زۆر بترسین لەدوایە، بێن وەگێڕن ئەو قەزایە.

هەمزاغا سوار دەبو، دە نۆکەران دەفکری، دە گورِە بدەن لەتەپلی لەگەلّ سبحەینێ تاو دەنگوت، دەورەی میاندواوی دەگرێ، هەمزاغای دەنەرِێنێ، سەلیم خانی چارداورو، وەك پوری دەچریکێنێ، لەگەلّ تفەنگی دەی هاوێت، لەخالّی شێخی دەدا، لەزینی دەترازێنێ، وەك جەللاب دەبری سەری، وەك هەلّۆی دەرفێنێ.
فەسلێکی وا قەلماوە، هێندێك لەپیاوی شێخی،((کالە مونی))یان ناوە، جوابیان دێنا بۆ شێخی" یا شێخ خالّت کوژراوە، شێخ ئەوە گوێی خۆی لێیە. پیاوێکی خوێندەوارە، هەم مەلایە وفەقێیە: دەبرِۆن لەو قسەی گەرِێن، چبکەم کاری خودێیە، دەبرِۆن رەدوای کەون، بزانن مەنزلّی لەکوێیە؟ ئاورێ بەردەنە شاری، بێت بەرۆژی حەشرییەت.
تەقە تەقی مارتینان، لەبلەسەی دە شەشخانان، چرپان چرپان پەیدا بو. لەکوچەو لەدالآنان، مندالّو خێزان قورِێن، دەپەرِینە سەربانان، چەندیان عەجەم دەکوشتن، لەسەرباغو بێستانان، دەدەرِێنن کلیلان، دەبشکێنن دوکانان، ئەتلەسو کیمخواو خارا، بۆ گاوانو شوانان.
لەو حەمەداغای مامەش، چەن پیاوێکی زۆرزانی، لەگەلّ عەجەمان یەکە، بەمەنگورِان غەیانی، لای بناوییەی لێ گرتن، بەری بەرِەللاّ کردن، خلسی کردن کرمانی().
میاندواویش تالآن دەکرا، لەگەلّ بەری بەیانی، ئەو تالآنو مالّی هات، پاکی تاقەت کراوە، یەکێك لەدیبوکریان، مینەی قادراغای ناوە، لەبنەبنەی سەهەندی تالآنو مالّ گیراوە، بە وەش رازی نەدەبو، بەو حەرابەی کێشاوە.
نایبو مودەبیران لەتیلگرافیان داوە" سەلام لەشای ئێرانی، خەراپیان لێ قەوماوە، ئەو رەژیفرۆشی گەورکی، پاکی هاتو لەو لاوە، ئەو سەردەشتی وا دیوتە، مالّ بەمالّی سوتاوە، ئەو عەجەمی میاندواوی، بەسیك بەریش نەماوە، شا دەلّێ ئەهوا ناکەم، بەقسەی ئەنگۆ برِوا ناکەم. ولآتی خۆ خەرا ناکەم.
لەو شێخەکەی چاو مەستە، سبحەینێ لەخەو هەستا، لەو شێخەکەی دە چاو مەست، کەتفەنگی گرت بو بە دەست، بانگی هەمزەی کرد لەقەست، هەمزە بلّیند بۆ لەناوی، لەبریقەی زرییەو قەتلاّوی، ئەو چەل دەچمە سەر بناوی"
هەمزاغا سوار دەبو، سوارەی برازای کەوتە دو.
هەمزە لەلی برازا، دەمانچەی پشتیم سازە، لێی دەن راوە بەرازە.
هەمزاغا خۆ دەخێوی، سەرتاپای خۆی دەبزیوی، رمبی لێ کردون، بەگەز، خاراو کیمخوای دەپێوێ...
(ئەجارە بەیت بێژ بەقسە دەیگێرِێتەوە):

دەڵێ هەمزاغا گەڕاوە لەبناوی را، هاتەوە لەو وڵاتەی خۆی نەگرت، رۆیی بۆ سەرهەدی تورکیەی، لەوێ چوبو دەخاکی تورکیەیهەوە، پادشای تورکیەی بە غەیانی زانی گرتی.

دەڵێ حەوت ساڵان لەئەستەمولی گیا، لەپاشان حەوت ساڵەی پادشای تورکیەی بەریدا. هاتەوە بۆ سەرە دی ئێرانی، ئەگەر هاتەوە بۆ سەرهەدی ئێرانی، شا وەزیرێکی لەو سابلاغەی دادەنێ پێی دەڵێن((وەزیرە چرچە)) دنێرێ لەدوای دەڵێ: بۆخۆی بێ، شا خەلاتی دەکا. وئەمن سوێندی بۆ دەخۆم ئەگەر شا هیچی پێ ناڵێتو لەگەڵ شای رێك کەوێتەوەو ئەمین بێتەوە لەولاتی.

جا دەڵێ هەمزاغا بەخۆی بەحەوسەد کەسیەوە هات لەحەلیاباتی ئەو لەشکرەی لەوێ بەجێ هێشتو هاتە خوار، وەزیرە چرچەش لەکن باغی شێخی لەسەر ئەو کەریزەی کەلێی بو لەوێ خێوەتی هەڵ دەدا، خێوەتێکی زۆر گەورە دەورەی خێوەتی هەمو دەکاتە مردە زینەدە. چەند سەرهەنگو یاوەرو گەورە گەورەش لەوێ دەخێوەتیدا دادەنیشن دەڵێ هەمزاغاش بەخۆیو بەچوار کادەرویشیانەوەو چوار نۆکەرانەوە لەسەر رادێتە خوارێ. دەگاتە پشت باغی شێخی توشی گاڕانی دەبێ. گاوانەکە دەڵێ: ئەرێ ئەتۆ هەمزاغا؟ دەڵێ: بەڵێ، ئەمن هەمزاغام. پێی دەڵێ: وەڵلاهی هەمزاغا وەرە بەخاتری خولای مەچو، کورە وەڵلاهی دەتکوژن. جوابی ناداتەوە دەڕوا، لەپاشان پیرێژنێك بەدوای گارانیدا دێ، ئەویش دەڵێ: ئەگەر ئەتۆ هەمزاغای وەرە پیاوی چابە بگەڕێوە. بەخودای دەتکوژن، هەمزاغا بەکاکەڵلای برای دەڵێ: وەڵلاهی کاکەللا ئەمن قسەی ئەو پیرێژنەیو ئەو گاوانەم لەدلی چەسپیوە بو: وەڵلاهی دەگەڕێمەوە، دەچمەوە سەرهەدی. هەر هەزلو گیای وڵاتی دەخۆم، چ کارم بەدەوڵەتی نیە. دەڵێ کاکەڵلای گوتی: کورە ئەتۆ بەقسەی چ باوەڕی دەکەی؟ وەڵلاهی هەر دەچم. سواربون لەسەر را هاتنە خوارێ، گەیشتنە دەرکی خێوەتی. دابەزین. هەرچوار کادەروێشێکیان چون دەخێوەتیدا دانیشتن لەگەڵ وەزیریو لەگەڵ ئەو گەورە گەورانە. نۆکەرەکانیش لەدەرکی وڵاغیان بەچنگەوە راوەستان. دەڵێ هەمزاغا فکری لێ پەیدا بو. لەگەڵ وەزیرە چرچەی هەر قسەی دەکردن، وەزیر قورئانێکی چکۆلەی بەدەستەوە بو، چۆلەکێکیشی دە باغەلی نابو، دەیگوت: هەمزاغا! هەتاکونی ئەو سەرە بەو بەدەنەیەوە بێ ئەتۆ هیچت پێ ناگوترێ، بەو قورحانەی.

دەڵێ دەو قسانەدا بۆ کەوەزیری دەستیدا ئافتاوەی وهاتە دەرێ، هەمزاغا شکی لێ پەیدا بون بەنۆکەرەکەی خۆی گوت: ئەو کالە شەمامە بەندیانە سوکن وەمنیان بدە. ئەتۆ ئەو کەوشو گۆریانەی من لەپێکە کەدەلی لینگێکی بۆ

داکەند دەپێی کرد، لینگەکەی دیکەی بۆ دە پێ نەکرا، تەقەی تفەنگێکی هات، هەمزاغا گوتی: کاکەڵلا ئەمن ئـەنگوام، تفـەنگێکیان لەپشـتی دام، کاکـەڵلا دەستیدا خەنجەریو هەڵیکیشا، لەهەر چوارلایان خێوەتیان هەڵبری، دایان گرتن. هەر یێکەی جوڵەی دەهات تفەنگێکیان لێ دەدان، دو کادەروێشێکانی دیـکەش دەرپەڕین، داپەڕین بۆ نێو شاری، دەستێك سەرباز لەژێللا هاتن ئەوانیان کوشتن.

چوار نۆکەرەکان هەڵاتنەوە بۆ کن حەوت سەد کەسی کەلەپشـت شـاری بـون لەحـەلیاباتی، خەبـەریان دانــی وەڵــلا حــاڵێکی ئــاوابو. هــەمزاغا کــوژراو کادەروێشێکیان هەمویان کوژران، ئەو حەوسەد نەفەرە لەوێ هەڵات.

سەری هەمزاغایان بڕی بردیان بۆ تاران بۆ خزمـەت شـای، شـا بـەڕانیدا دا گوتی: حەیف بۆ ئەو پیاوەی کوژرا، نەدەبا بتکوژبایە ئەوە دەمناردە سـەر وڵاتـی لوڕستانی ئەوێم پێ موستەخەر دەکرد، دەمکردە حاکمی وێ، حەیف بوو پیـاوەی کوژرا[79].

٨/٣ نظام السلطنة

نمونە ١٨:

حورمەتی کەلامولڵا: جەعفەر ئاغای شوکاك(١٣٢٢)

ئێلی شوکاك لەمێژ بو ناکۆك بون لەگەڵ کاربەدەستانی عەجـەم لـەورمێو تەورێز، سەرانی ئەم ئێلە سەربزێوییان ئەکردو، چونکە گەلێك لەسـەرۆکەکانیان بەقسەی خۆشی کاربەدەستان تەفرە درا بونو، ناجوامێرانـە کـوژرا بـون، هـەمو دوردونـگ بـون لەهـەمو گفـتو بـەڵێنێکی دەوڵـەت. عـەلی ئاغـای شـوکاك لەزینداندا مرد بو، محەمەد ئاغای کوڕیشی لەناوچەکانی سەرسنور، بـێ ئـەوەی گوێ بداتە کاربەدەستانی ئێرانی لەناو ئێلەکەی خـۆیدا ئـەژیا، محەمـەد عـەلی میرزا ولیعەهد، کەدوایی تر بـو بەشـای ئێـران لەتـەورێز والی بـو، لەپـەیجۆری کوشتنی ئەم پیاوە سەرکێشانەدا بو. سەرەنجام توانییان جەعفەر ئاغا بخەنـە نـاو داوو بیکوژن، ئەحمەدی کسروی تبریزی، خۆی شایەتی ئەم روداوە بوە ئەگێڕێتەوە:

((ساڵی ١٢٨٤(١٣٢٣)محەمەد عەلی میرزا لەتاران لەجێگـەی مظفـرالـدین شا نائیب ئەلسەڵتەنە بو، چونکە شا خۆی چو بو بۆ گـەڕانی ئـەوروپا. محەمـەد عەلی میرزا دوای ئـەوەی خـۆی چـو بـۆ بـەجێهێنانی کاروبـاری نائـب السـلطنە لەتاران، نظام السلطنە ی بەپێشکاری ئازەربایجان دانا.

لەو سەردەمەدا لەقافقاس گەرمەی جەنگی ئەرمـەنیو موسـڵمان بـو، ئـەو دەنگوباسانەی لەوێوە ئەهاتن تەورێزیان ئەهەژان، مەترسی هەڵگیرسـانی ئـاژاوە هەبو. نظام السـلطنە، جەعفەر ئاغای بۆ تەورێز بانگ کرد، بۆ ئـەوەی دڵنیاشـی

بکات قورئانێکی بەئیمزاو مۆری خۆیەوە بۆ نارد، چونکە هەم جەعفەر ئاغاو هەم محەمەد ئاغای باوکی لەگەڵ کاربەدەستان ناکۆك بون.

((نظام السلطنە، پارێزگاری ئاسایشی گەڕەکی ئەرمەنییەکانی بەجەعفەر ئاغا سپارد. ئەوانیش بەجلوبەرگی خۆیانەوە لەناو شاردا ئەسوڕانەوە. محەمەد عەلی میرزا لەتارانەوە بەتەلگراف فەرمانی بەنظام السلطنەدا، کەجەعفەر ئاغا بکوژێ. ئەویش پلانی کوشتنی بەم جۆرە دانا" محەمەد حسێنخانی ضرغام، کەیەکێ لەسەرکردەکانی سوارانی قەرەداغ بو، بانگی بکا بۆ سەراکەی خۆی، دەسوپێوەندەکانی خۆی هەمو چەکدار بکاو لەناو سەرادا دایان بمەزرێنێ، جەعفەر ئاغاش بۆ ئەوێ بانگ بکا.

جەعفەر ئاغا بەبێ دوڕدۆنگی چو بۆ ئەوێ، چەکدارەکانی خۆی لەخوارێ لەحەوشەکەدا بەجێ هێشت‌و خۆی بۆ بینینی نظام السلطنە بەپلیکانەکاندا سەرکەوت بۆ سەرێ. فەراشەکان، جەعفەر ئاغایان بۆ ژورێکی پچوك ڕێنوێنی کرد، لەکاتی دانیشتندا زرغام لەکلاو ڕۆژنەی ژورەکەوە کەدەس لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ بۆی دانیشت بو، نیشانەی لێ گرتەوەو کوشتی. دەسوپێوەندەکانی بەدەنگ تەقەکانەوە، ئەمانیش بەتەقە کردن سەرکەوتن. فەراشەکان رایان کرد. کاتێ جەعفەر ئاغایان بەکوژراوی دی لەپەنجەرەی ژورەکەوە یەکەیەکە خۆیان هاوێشتە خوارێ، لەکۆڵانەکەوە بەدەم تەقەوە کەوتنە رێ. بەهەر کەس ئەگەیشتن ئەیان دایە بەرگوللەو، بەم جۆرە لەشار دەرباز بون. بەڵام چەکدارەکانی نظام، یەکێکیان لەناو حەوشەکەداو، یەکێکی تریشیان لەکاتی باز داندا لەپەنجەرەکەوە، لێ کوشتن. ئەوانەی هەڵاتن دەرباز بون. لاشەی کوژراوەکان" جەعفەر ئاغاو هەردو هاوڕێکەی، بەدەرگای عالی قاپودا سەرەوخوار چەند ڕۆژێ بۆ تەماشا کردن هەڵواسران)) [٨٠].

ارفع الدولە، سەفیری دەرباری قاجار لەلای بابیعالی لەئەستەموڵ ئەم داستانە بەجۆرە تەواو ئەکا:

((ڕۆژێکیان توتنفرۆشێکی سەلماسی هات بۆ سەفارەت‌و تکای کرد بو من ببینێ. داوام کردو، هاتە مەکتەبەکەم وتی: ئەم ڕۆژانە بۆ بەدبەختی ڕوداوێ قەوماوە کەئەگەر خواستە بکەوێتە ناو ڕۆژنامەکانی ئێرەوە بەتەواوی ڕیسوا ئەبین. وتی: لەم ڕۆژانەدا محەمەد ئاغای سەرۆکی ئێلی شوکاك لەگەڵ ژن‌و منداڵ‌و کوڕ چەند کەسێ لەخزمەکانی هاتون بۆ ئەستەموڵ، ڕۆژی هەینی پاش ڕەسمی سەلام، ئەوانەیان بردۆتە کۆشکی یەلدز بۆ حوزوری سوڵتان. ژنی محەمەد ئاغا خۆی هاویشتۆتە بەر پێی سوڵتان، بەدەستێك قورئان‌و بەدەستەکەی تری کراسی

خوێناوی جەعفەر ئاغای کوڕی بەگریانەوە خستۆتە بەرچاوی سوڵتانو، وتویەتی: ((ئەم هەمو ڕێیەمان لەکوردستانەوە بۆ ئێرە بڕیوە بۆ دو مەبەست هاتوین" یەکەمیان ئەوەیە کەنظام السلطنەی حاکمی تەورێز حورمەتی کلام اللەی بەتەواوی نەگرتوە، قورئانی مۆرکردوەو سوێندی خواردوە کە کوڕەکەم بەسەلامەتی بەخەلعەتو پایەوە ئەنێرێتەوە، داوای کرد بچێتە تەورێز، لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بون، بەجۆرێکی زاڵمانە کوشتنی. مەبەستی دوەمی ئێمە ئەوەیە، کەئێوە بەچاوی خۆتان کراسی خوێناوی کوڕەکەم ببیننو خوێنی ئەو، کە لەئەنجامی باوەڕکردن بەکلام اللەدا بۆ تەورێز ڕژیشت، ڕژاوە لەنظام السلطنە بسێنن. ئێوە پادشای ئیسلامو خەلیفەی پێغەمبەرن، ئەگەر ئێوە شکێنەرانی حورمەتی قورئان بەسزا نەگەیەنن، ئەبێ کێ بیکا؟ سوڵتان خەتو مۆری نظام السلطنە بەقورئانەکەوە ئەبینێ سەری سور ئەمێنێ بەسەرۆکی تەشریفات ئەڵێ: بەوەزیری کاروباری ناوخۆ رابگەیەنێ، خانوو مەسرەفو کەرەستەی حەسانەوە بەوانە بدا، تا لەم کارە ئەکۆڵرێتەوە. ئێستەش بەو پەڕی ئاسودەییەوە لەخانویەکی حکومەتیدا دانیشتونو چاوەڕوانی فەرمانی سوڵتانن. وتم: ئەم هەواڵانەت لەکام سەرچاوە وەرگرتوە بەمنی ئەڵێی؟ وتی: بەرلەوەی بێمە ئەستەمولْ لەسەلماس دوکانی بەزازیم هەبو، کەسەکانی محەمەد ئاغا لەگەڵ من سەودایان ئەکرد، زۆرجار ئەهاتن بۆ دوکانەکەم، ئێستەش کەهاتون بۆ ئێرە ئەیان ویست منیش ببەن بۆ لای خۆیانو بەهۆی منەوە هەندێ شت لەبازاڕ بۆ خۆیان بکڕن. ئەم باسەم لەمحەمەد ئاغا خۆی بیستوە. وتم: بارەکەڵڵا، هەزار ئافەرین، ئێستەش کەوا بەراستگۆیی خزمەتی مەملەکەتەکەی خۆت ئەکەی محەمەد ئاغا پشت گوێ مەخە، بچۆ بۆ لای هەرچی لێ ئەبیستێ وەرە بەمنی بڵێ.

دو ڕۆژیتر هاتەوە وتی: محەمەد ئاغایان لەگەڵ کوڕەکەی بردۆتە بابیعالی بۆ لای صدری اعظم. سەدری اعظم پێی گوتون لەم وەختەدا دەوڵەتی عوسمانی بەچاکی نازانێ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بچێتە جەنگەوە، بەڵام بڕیاری داوە کە بەمحەمەد ئاغا خۆی هەمو جۆرە کۆمەکێك بکەن، چەكو پارەی بدەنێ بڕوات خۆی لەتەورێز تۆڵەی خوێنی کوڕەکەی لەنظام السلطنە وەربگرێ. ئەزانن محەمەد ئاغا بەتەنیا ئەم کارەی پێ ناکرێ. فەرمان بەهەمو ئاغایانی موسڵو وانو کوردستان ئەدەن، هەر کەمحەمەد ئاغا بەکۆمەڵەکەی خۆیەوە بەرەو ئازەربایجان جوڵا بەبیانوی هاومەزهەبییەوە لەهەمو لایەکەوە بچن بۆ یارمەتی دانی. پلەی پاشایەتی بەمحەمەد ئاغاو پلەی میر ئالاییان بەکوڕەکەی داوە. محەمەد ئاغا ئێستە خۆی بەپادشاهی ئێلی شوکاك ئەزانێ.

دو رۆژی تر هاتەوە وتی: محەمەد ئاغا بەڕاستی خۆی بەپادشا ئەزانێ. پایەو جلوبەرگ بەچەند کەسی پیشەوەرو کولهەڵگری کورد ئەداو. لەهەر یەکەیان دە لیرە وبیست لیرە وەرئەگرێو پلەی ئونباشیو سەرجوقەییان ئەداتێ. وتی من خۆم بەچاوی خۆم ئەو کەسانەم دی جلوبەرگی سوپایی گونجاو لەگەڵ پلەکەیان کڕیوەو شاردویانەتەوە بۆ کاتێ کە لەئەستەمولەوە ئەجولێن. لەبەرئەوەی دڵنیا بوم ئەم کابرایە درۆ ناکا، دەسبەجێ چوم بۆ لای فەرید پاشای صدری اعظم، بەدرێژی باسەکەم بۆ گێڕایەوە، سەری زۆر سوڕما، وتی تا ئێمە درێژەی ئەم باسە بەحزوری سوڵتان ئەگەیەنین، زۆر ئەخایەنی، خۆتان لێرەوە راستەوخۆ بڕۆن بۆ سەرای سەڵتەنەتیو، بەهۆی تەحسین پاشاوە باسەکە بەعەرزی سوڵتان بگەیەنە منیش وەهام کرد. سوڵتان فەرمانی دەسبەجێی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە سەرۆکی نەزمییە دەرکرد، مەئمورەکانی دەسبەجێ بڕۆن بۆ پشکنینی ماڵی محەمەد ئاغاو، هەرچییەکیان دۆزییەوە بەعەرزی بگەیەنن. لەماڵەکەی محەمەد ئاغادا چەندین حوکمیان دۆزییەوە ئامادەیان کردبو بەکوردەکانی بفرۆشن، لەماڵی کوردەکانی تریشدا ئەو جلوبەرگە سوپاییانەی کڕی بۆیان لەگەڵ حوکمەکانیان دۆزییەوەو، هەواڵەکەیان گەیاند. فەرمان دەرچو هەمویان گرتنو، نازناوی پاشاییو میرئالاییان لێ سەندنەوە. ژنەکەی محەمەد ئاغایان نەگرت بو، خۆی هاوێشتە ماڵی شێخ ئەبو الهدیوە بەست نشین بو. پاش مانگێ فەرمانی بەردرانی محەمەد ئاغاو هەمو کوردەکانی تر دەرچو، هەندێ خەرجییان دانێ تا بڕۆنو خۆیان بگەیەننەوە چەهریق))[81]

بەیتبێژێکی نەناسراو روداوی کوژرانی جەعفەر ئاغای کردۆتە گۆرانی، لەبەرئەوەی تێکستە ئەسڵییەکەی دەس نەکەوت، لێرەدا لەفارسییەوە ئەی هێنینەوە سەر کوردی:

((ئای، ئەی ئاغای لاو، کە لەچەهریقی رەنگینا دانیشتوی، ئەو شوێنەی لەناو دۆڵێکی قوڵ دایە، روبارێکی بەناوا ئەڕوا

نەخۆشی تاعون بڵاوبۆتەوە، ئومێدەوارم بچێتە ماڵی شازادە وەلیعەهدی ئێرانەوە! کەنامەیەکی بۆ باوکی گوڵزار نوسی بو: وەرە بۆ لام. لەبەرئەوەی کەئەو ساڵی رابردوو ساڵی پێشو تریش بۆخۆی نیمچە سوڵتانێ بو، ئەو ساڵە لەخاکی عەجەمستاندا مایەوە

ئای، ئەی ئاغای لاو!

تۆ ئەڵێی لەنگەری لەزەمیندا چەقیوی، دڕکی لەچاوی دوژمندا، تۆ پاشای راستەقینەی بیابانی

ئای، ئەی ئاغای لاو ئاسمانو عەرشی بەرینی لەگەڵ ئێمە دوژمنە

باوکی بوزکو، سواری ریشان، کولکو قاپوتەکەی داناو بەرگی قاجاری لەبەرکرد، فانوسقەی ماوزەرەکەی کردە ملی

ئومێدەوارم نەخۆشی تاعون کە لەسەیرانە بکەوێتە ماڵی وەلیعهدی ئێرانەوە

ئەوانە دو گوللەیان نا بەلەشی باوکی بوزکو وە کەسواری ریشان بو، لەکاتێکا ئەویش سێ جار دەستی بۆ بشکوژی دەمانچە شەشتیرەکەی برد، بەلام بێ هودە

ئەی ئاغا، مەگەر بەلا هەر سێ رۆژ جارێ ئەبێ بەسەر جیهاندا بباری؟

هێزی یارمەتی لەباوکی بوزکو دورەو ئیتر بەو ناگا

لەتەورێزی کاول بودا جەژنەو شاییە، مژدەیان بۆ ساداتی کەربەلاش بردوە.

ئەی ئاغای لاو، تۆ کە لەناو سواران لەهەمویان ئازا تری. هەدە ئەگری. متهرە، ئەی ژنی بێچارە هەستە سەرپۆشێ بەسەرە جلەکانی باوکی بوزکودا بدە، تا تۆزو خۆڵی لێ نەنیشێ نەخۆشی تاعون کە لەسەیرانە، ئومێدەوارم بچێتە ماڵی وەلیعەهدی ئێران.

بڵێن لوقمانی حەکیم بێ برینەکانی قوڵت، زوخاویان لێ ئەتکێ

ئۆی، ئەی ئاغای لاو، ئەی لەنگەری زەمین، ئەی چقڵی چاوی دوژمن، ئەی پاشای بیابان!

هەڵڵا لەو ئاغای لاو، دڵم بۆ حاڵی ئەسوتێ. هەدە ئەقریشکێنێ. بەسەزمان متهرە!

خوایە تاعونێ کەئێستە لەسەیرانە بکەوێتە ناو ماڵی وەلیعەهدی ئێرانەوە!

ئەوانە دو گوللەیان نا بە باوکی بوزکوی سواری ریشانەوە. ئەو دەمە بۆ باوکی بوزکو کاتێکی تاڵو ناخۆش بو، بۆچی لەو کاتەدا تەمر ئاغاو سمایل ئاغا دەرنەکەوتن؟

مەگەر بەلا ئەبێ هەرسێ رۆژ جارێ بەسەر ئەم دنیایەدا بباری، هێزی یارمەتی لەباوکی بوزکو وە دورەو نایگاتێ.

لەتەورێزی لەعنەتیدا چراخانە، مژدەیان بەساداتی کەربەلایش داوە))[82].

٤-چاخی پەهلەوی
١/٤ ئەمیر ئەحمەد
نمونە١٩:
تەئمینی رەزاشایی‌و، سەرانی ئێلاتی کورد

لەدوای نەمانی دەسەڵاتی شاهەکانی قاجارو هاتنە سەر کاری رەزا خانی پەهلەوی، هەمان نەریتی حوکمڕانی بەرامبەر مەزنەکانی کورد، پیڕەوی ئەکرا. سوپەهبود حسێن فردۆست، یەکێ لەکەسە هەرە نزیکەکانی شاە محەمەد رەزا پەهلەوی، لەیادداشتەکانی‌دا ئەنوسێ:

لەمەسەلەی سەرکوتکردنی کوردستاندا، ئەمیر ئەحمەدی بەناوی ئەمیر لەشکری نیروهای غرب ناوبانگی دەرکرد بو، لەپاش چەند ساڵ جەنگ، توانی هەندێ لەسەرۆکەکانی کورد بە((تەئمین))فریو بدا. سەرانی شۆڕشیی کورد لەئەمیر ئەحمەدی یان داوا کرد کە رەزا خان هەقی بەسەر ئەوانەوە نەبێ‌و، ئەم مەسەلەیە لەپشتی قورئان بنوسێ‌و ئیمزا بکا. هەرچۆن بێ شۆڕشی کوردەکان پاش چوار ساڵ جەنگ کۆتایی هات. ئەمیر ئەحمەدی وەکو(فاتیحی غەرب)) هاتەوە تاران. رەزا خان کردی بە((سوپەهبود))کەتەنیا سوپەهوبدی سەردەمی رەزا خان بو، وەپاش ماوەیەکی کورت تقاعدی کردو دوایی تر کارێکی بێ ئەهمیەتی پێ سپارد. بەڵام ئەمیر ئەحمەدی کە لەکوردستان خشڵی زێڕی زۆری کۆ کردبووەوە بەچەردەیەك لەو پارەیە توانی سامانی خۆی بگەیەنێتە ٥٠٠ خانوو، کەهەموی لەشەقامەکان‌و کۆڵانەکانی دەوری چوار رێی حەسەن ئاباد بو. ماڵی خۆیشی هەرلەوێ بو. بەنزیکبونەوەی کەوتنی رەزا خان. ئەمیر ئەحمەدی وەزعی باشتر بو، لەشەهریوەری ١٣٢٠دا بو بەفەرماندەری نیزامی تاران. لەسەردەمی محەمەد رەزا شادا سیناتۆر بو تا مرد.

تقاعدکردنی ئەمیر ئەحمەدی لەدوای فەتحی غەرب هەر لەبەرئەوە بو کەئەو لەئێران دا جگە لەرەزا خان، هیچ ئەستێرەیەکی تر نەدرەوشێتەوە، بەڵام رەزا خان گوێی نەدایە ئەو پارەیەی ئەمیر ئەحمەدی لەکوردستان کۆی کرد بووەوە.[٨٣]

پەراوێزەکانی بەشی دووەم

[1] توسکارمان، تحفەی مظفریە، ساخکردنەوەو هێنانەوەی بۆ سەر رێنوسی کوردی: هێمن،(بەغداد: کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥)، ل٢٠٩-٢١٧.
[2] د. عبدالحسین نوائی، شاه اسمعیل صفوی،(تهران: ارغوان، ١٣٦٨ش)، ل٣١" رحیم زادەی صفوی، زندگانی شاه اسمعیل صفوی، باهتمام یوسف پور صفوی،(تهران: کتابفروشی خیام، ١٣٤١ش)، ل٢٧١.
[3] د. نوائی، شاه اسمعیل.. س ن، ل٣٢-٣٣" رحیم زاده صفوی، س، ن، ل٢٧٢.
[4] امیر شرف خانی بدلیسی، شرفنامه، بکوشش محمد عباسی، چ٢،(تهران: علمی، ١٣٦٤ش)، ل٢١٧، ٢١٨
[5] هـ س، ل٥٣١-٥٣٢
[6] هـ س، ل٣٧٣-٣٧٤.
[7] تاریخ عالم ارای صفوی، بکوشش یداللە شکری، چ٢،(تهران: مؤسسه اطلاعات، ١٣٦٣ش)، ل١٠٣-١٠٨.
[8] رحیم زاده صفوی، س ن، ل١٧٦.
[9] هـ س، ل١٧٧-١٧٨.
[10] هـ س، ل١٩٤.
[11] هـ س، ل١٩٣-١٩٩" مجموعة من الاساتذة، العراق في التاريخ،(بغداد: دار الحرية، ١٩٨٣)، ل٥٦٤-٥٦٦" المحامي عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، ج٣، ط٢،(قم: منشورات الشريف الرضي، ١٤١٠ق/ ١٣٦٩ش)، ل٣٢٦-٣٣٠.
[12] عالم ارای صفوی، ص١٢٤-١٢٦.
[13] بدلیسی، س ن، ص٥٣٧-٥٣٩.
[14] نوائی، س ن، ل١٧٩.
[15] هـ س، ل٢٢٥.
[16] هـ س، ل٢٢١.
[17] هـ س، ل١٧٧.
[18] دەربارەی ژیانی شاه محمد خودا بەندە، بڕوانە: د.عبدالحسین نوائی، شاه عباس، ج١و٢ ،(تهران: زرین، ١٣٦٧ش)، ل٣-٢٨" نصراللە فلسفی، زندگانی شاه عباس، ج١و ٢، چ٤،(تهران: انتشارات علمی، پائیز ١٣٦٩ش)، ل٦٣-١٧٣.
[19] بۆ تێکستی تەواوی نامەکە بڕوانە: نوائی، شاه عباس، ج١و ٢، ل٤٣-٦٣.
[20] اسکندر بیگ ترکمان، عالم ارای عباسی، ج٢،(تهران: امیر کبیر، ١٣٥٠ش)، ل٧٩١-٨٠١، وەرگێڕانی کوردی: هێمن، تحفەی مظفریە.
[21] اسکندر بیگ ترکمان، س ن، ل٨١١-٨١٤، وەرگێڕانی کوردی: هێمن، تحفەی مظفریە.

[22] توسکارمان، س ن، ب١، ل٢٠١-٢٢١.
[23] بدلیسی، س ن، ل ٣٧٢-٣٨٢.
[24] اسکندر بیگ ترکمان، ل٨١١-٨١٤، وەرگێڕانی کوردی، هێمن راگوێزراوە لە: توسکارمان، تحفەی مظفریە، ب١، ل٥٩-٦٥.
[25] بۆ ژیانی شاە سوڵتان حسێن بڕوانە: مهدی بامداد، شرح حال رجال ایران، ج٢،(تهران: زوار، ١٣٤٧ش)، ل ٨٠-٨٦" محمد هاشم اصف(رستم الحکما)، رستم التواریخ، بە اهتمام محمد مشیری، چ٣،(تهران: امیر کبیر، ٢٥٣٧)" لارنس لکهارت، انقراض سلسلە صفویە، ترجمە مصطفی قلی عماد، چ٢(تهران: مروارید، ١٣٦٤ش)، ص ٤٠-٥٠.
[26] رستم الحکما، س ن، ل٧٠-٧١.
[27] هـ ج، ص٧٥.
[28] کلودیوس جیمس ریچ، رحله ریچ الی العراق في عام ١٨٢٠، ترجمة بهاءالدین نوری،(بغداد: ١٩٥١)، ص١٩٩-٢٠٠.
[29] العزاوی، س ن، ج٥، ل١٣٠-١٣١.
[30] هـ س، ل١٤٢
[31] د. عبدالحسین نوائی، اسناد ومکاتبات سیاسی ایران از ١١٠٥ تا ١١٣٥ هـ ق.(تهران: مؤسسە مطالعات و تحقیقات فرهنگی ، ١٣٦٣)، ص١٢٧-١٣٠.
[32] مستورە، تاریخ اردلان، بەاهتمام ناصر ازاد پور، چاپخانە بهرامی، ص٥٩-٦٢" شیخ محمد مردوخ کردستانی، تاریخ کردو کردستان، کتابفروشی غریقی، چ٣، ج٢، ص١١٢-١١٣. ساڵی شەڕ وقەتلوعامەکە لەهەر یەکێکیاندا بەجۆرێکی جیاواز لەوی تر نوسراوە، بەگوێرەی شیعرێ کەبەو بۆنەیەوە دانراوەو، لەپەراوێزی مێژوە چاپکراوەکەی مەستورەدا نوسراوەتەوە، ئەبێ ساڵی ١١١٣بێ.
[33] مستورە، هـ ج.
[34] هامر پورگشتال، تاریخ امپراطوری عثمانی، ترجمە میزا زکی علی ابادی، بەاهتمام جمشید کیانفر، ج٤،(تهران: زرین بهار١٣٦٨)، ص٣٠١٠.
[35] مستورە، س ن، ل٦٢.
[36] هامر، س ن، ل٢٨٨٣.
[37] لکهارت، س ن، ل ٣٣٢.
[38] بدلیسی، س ن، ل٤٦٧-٤٦٨.
[39] العزاوي، س ن، ج٥، ل١٨٨" مستورە، س ن، ل٣٦-٣٩.
[40] العزاوي، س ن، ل٢٥٤. ئەمیش رای گوێزراوە لە: حدیقة الزوراء، ص١٤٤.
[41] عبدالرزاق دنبلی، ماثر سلطانیە، بە اهتمام صدر افشار، چ٢(تهران: ابن سینا، ١٣٥١ش) ص٢٦٢.
[42] بامداد، س ن، ج٦، ل١٩-٢٠" عبدالرزاق دنبلی، س ن، لاپەڕەکانی: ٥٦و ١١٢و ١٦١و ١٧٢و ٢٠٧و ٢٦٣و ٢٧٥.

[٤٣] میرزا رشید ادیب الشعرا، تاریخ افشار، بکوشش محمود رامیان- پرویز شهریار افشار، (تبریز، چاپخانه شفق، ١٣٤٦ش)، ل١٨٩-١٩١.
[٤٤] توسکارمان، س ن، ب٢، ل٧٤٢-٧٥٩.
[٤٥] سعید نفیسی، تاریخ اجتماعیو سیاسی ایران در دوره معاصر، ج١، ص١٩٥" بامداد، س ن، ج٢، ل٣٣٦-٣٣٧.
[٤٦] میرزا رشید، س ن، ل٣٥٩-٣٦١.
[٤٧] هـ س، ل٣٦٦-٣٧٠
[٤٨] دەربارەی ژیانی عەباس میرزا بڕوانە: بامداد، س ن، ج٢، ل٢١٥-٢٢٢.
[٤٩] بۆ تێکستی تەواوی پەیمانی گولستان بڕوانە: نفیسی، س ن، ج١، ل ٢٥٤-٢٦١" بۆ پەیمانی تورکمان چای بڕوانە: هـ س، ج٢، ل ١٧٩-١٨٤.
[٥٠] نفیسی س ن، ج٢، ل٢٠٧-٢١٠.
[٥١] د. محمد رضا نصیری، اسناد ومکاتبات تاریخی ایران: قاجاریه، جلد٢، (تهران: کیهان، بهار ١٣٦٨ش)، ج١، ص٥٥.
[٥٢] هـ س، ج٢، ل٩٦.
[٥٣] هـ س، ل٢٣٤.
[٥٤] غلامحسین میرزا صالح، اسناد رسمی در روابط سیاسی ایران با انگلیسو روسو عثمانی، ج١،(تهران: نشر تاریخ ایران، ١٣٦٥ش) ص٢٤٧.
[٥٥] هـ س، ل٢٤٨-٢٥٠.
[٥٦] هـ س، ل٢٥٣.
[٥٧] بدلیسی، س ن، ل٣٥٢-٣٦٢.
[٥٨] دەربارەی میری سۆران محمد بەگ بڕوانە: حسین حزنی، مێژوی میرانی سۆران، چ٢، هەولێر، ١٩٦٢" محمد امین زکی، کوردو کوردستان، ج٣، ل٤٠١-٤٠٤" د. جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان، بەغداد، ١٩٨٧، ل ١٣٣-١٦٣.
[٥٩] بامداد، س ن، ج ٣، ل٢٤٥-٢٤٦.
[٦٠] العزاوي، س ن، ج٧، ل٣٢
[٦١] نصیری، س ن، ج٢، ل١٢٧-١٢٩.
[٦٢] میرزا صالح، س ن، ج٢، ١٤٤
[٦٣] هـ س، ل١٤٥-١٤٦.
[٦٤] سید بدرالدین یغمائی، منشات قائم مقام فراهانی، (تهران: شرق، پائیز ١٣٦٦ش)، ص ٨٩.
[٦٥] واحد نشر اسناد، گزیده اسناد سیاسی ایرانو عثمانی، ج١، (تهران: دفتر مطالعات سیاسی، بین المللی، ١٣٦٩ش) ص٥٢٩-٥٣٠.
[٦٦] العزاوي، س ن، ل٣٤

[67] میرزا شکرالله سنندجی(فخر الکتاب)، تحفه ناصری، بەاهتمام د. حشمت الله طبیبی، (تهران، امیر کبیر، ١٣٦٦)، ص ٢٧٦. مردوخ س ن. ل١٧٨
[68] هـ س، ل٢٨١-٢٨٤
[69] اسماعیل نواب صفا، شرح حال، فرهاد میرزا معتمد الدوله، (تهران، ١٣٦٦)، ص ٢٠.
[70] شرح حال عباس میرزا ملك ارا، بەکوشش د. عبدالحسین نوائی، چ٢، (تهران: بابك، ٢٥٣٥)، ص ١٥٦-١٥٨.
[71] میرزا رشید، س ن، ل٥٠٤.
[72] هـ س، ل ٥٣٢.
[73] بڕوانە: لێکۆڵینەوەی کۆمیتەی هاوبەشی عوسمانی- ئێرانی لەهەمزاغا لە٢٢ی محرمی ١٢٨٧ لەزینـدانی بەغـداد، گزیـدەی اسـناد سیاسی ایـران و عثمانی، ج٢، ل٦٢١-٦٢٣" هەروەها دەسخەتی ناصرالدین شا دەربارەی راکردنی هەمزاغاو کوشتنی کوڕەکەی، هـ س، ل٦٨٣.
[74] اسکندر غوریانس، قیام شیخ عبیدالله شمزینی در کردستان، بەاهتمام عبدالله مردوخ، (تهران: دنیای دانش، ٢٥٣٦)، ل١٥.
[75] هـ س، ل١٧-١٩.
[76] میرزا رشید، س ن، ل٥٧١-٥٧٢.
[77] علی دهقان، رضائیة یا سرزمین زردشت، (تهران: ابن سینا، ١٣٤٨)، ل٤١٠
[78] فرهنگ معین، ص ١٦٩٨.
[79] سەید عەبدوڵلا سەمەدی، بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ، سروە(گۆڤار) ژمارە ٢٨ تا ٣٢، خەزەلوەری ١٣٦٧ تا رەشەمێی ١٣٦٧: ابراهیم افخمی، قیام ملا خلیل و رد فرمان رضا خان، (سقز: انتشارات محمدی، تابستان ٦٨)، ص ١٠٥-١١٠.
[80] احمد کسروی، تاریخ مشروطه ایران، چ ١٤، (تهران: امیر کبیر، ١٣٦٣)، ص ١٤٣-١٤٥" مامۆستا سجادی ئەم رووداوەی کردۆتە کورتە چیرۆکێکی ئەدەبی بڕوانە: علاءالدین سجادی، هەمیشە بەهار، بەغداد، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٦٠.
[81] پرنس ارفع الدوله، ایران دیروز،(تهران: ١٣٤٥ش)، ص ٤٣٣-٤٣٥
[82] واسیلی نیکیتین، کردو کردستان، ترجمه محمد قاضی، (تهران: نیلوفر، تابستان ١٣٦٦)، ص ٥٤٦-٥٤٨.
[83] حسین فر دوست ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، خاطرات ارتشبد سابق حسین فر دوست، بخش اول، چ٢.

٣-سەرەتای خەملینی هۆشی نەتەوەیی کورد

١-راپەرینی ١٨٨٠

١/١رونکردنەوەی هەندێ وشە

زاراوەکانی نەتەوە، هۆشی نەتەوەیی، بزوتنەوەی نەتەوەیی، دەوڵەتی نەتەوەیی، دەسکەوتی نەتەوەیی، ئاماجی نەتەوەیی، توانـای نەتـەوەیی، دەوڵـەت- نەتـەوە، نەتەوە-دەوڵـەت، ئەگەرچـی تائێسـتەش نوسـەرانی رۆژئـاوا لەسـەر تـەعریفی دیـاریکراوی بەتـەواوی رێـك نەکـەوتون، بـەلام لـەبیری نوسـەرانی ئەوانـدا چوارچێوەیەکی گشتی هەیـە کـە لەتەجروبـەی تایبـەتی بزوتنـەوەی نەتـەوەیی گەلانی ئەوروپاوە دەرهێنراوە.

لەدنیای سێیەمدا ئەم زاراوانە ئالۆزییان تێ دایە، چونکە رەوتـی گەشـەکردن لەئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیدا رێگەیەکی جیاوازی لەهی ئەوان پێـواوە، ئەگەر لەزۆربەی ولاتـانی ئـەوروپیدا" دەوڵـەت یەکـەی سیاسـی نەتـەوە بـێو، یەکگرتنی نەتەوە دەوڵەتی پێك هێنابێو، نەتەوە بەواتای دانیشتوانی دەوڵـەتێك بەکاربهێنرێ، ئەوا لەم ولاتانەدا بەهۆی جیـاوازیی جـۆری گـۆڕانو گەشـەکردنی هەلومەرجی ئابوری، کۆمەلایـەتی، سیاسـی، فەرهەنگییـەوە لەهـەمو شـوێنو هەمو جار هەمـان تەعریف ناگونجێ لەگەڵ راستییەکانی ژیـانی ئـەم ولاتانـەدا، چونکە دەوڵەت هەیە چەند نەتەوەی تێدایە، دەوڵەتی دو نەتـەوە دەوڵـەتی یـەك نەتەوە، نەتەوەی بێ دەوڵەت. نەتەوەی دابەشکراو بەسەر چەند دەوڵـەتدا هەیـە. نەتەوەیەك خاوەنی چەند دەوڵەتو، نەتەوەیەك بێ هیچ دەوڵەت.

ئەگەر پێوانەی ناوهێنانی تاقمێکی مرۆڤایەتی گەورە بـە نەتـەوە بەنـد بـێ بەهـەبونی دەوڵەتـەوە، ئـەوا هەنـدێ لـەو گەلانـە ئـەبێ بەنەتـەوە دانـەنرێن

کەیەکێکیان کوردە. ڕەوتی گەشەکردنی گەلان بەرەو توانەوە لەبۆتەی نەتەوەدا لەهەندێ ڕووەوە ئەگەر هەندێ لەیەکچوونی تێدابێ، وەڵام بێ گومان چونکە هەر نەتەوەیەك ڕێگەی گۆڕانو گەشەکردنو پێگەیشتنی تایبەتی خۆی پێواوە ئەوا هەندێ لەیەك نەچونیشی تێدایە. بۆیە ئەو زاراوانەش هەریەکەیان خۆی لەزەمانو زەمینی دیاریکراوی خۆیدا ناوەڕۆكو تێگەیشتنو مانای تایبەتی خۆیان هەیە.

٢/١ ئیسلامو دەوڵەت

ئیسلام وەکو ئایدیۆلۆجییەکی ژور- نەتەوەیی هاتە دنیاوە، هەوڵیدا گەلانی دنیا بەزۆری چەك بەبێ جیاوازی زمان، ڕەگەز، ڕەنگ.. لەسەر بنچینەی بڕوا هێنان بەیەکێتی خواو پەیامی محەمەدو ڕێوشوێنەکانی ئیسلام، لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا لەژێر سێبەری یەك دەسەڵاتی سیاسیدا، یەك بخات، پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی جیاجیای سەربەخۆی لەسەر بنچینەی جیاوازیی ڕەگەز، زمان ڕەنگ.. لەگەڵ بۆچونی فەقیهەکانی ئیسلام نەئەگونجا. فەقیهەکانی ئیسلام نەئەگونجا، فەقیهەکانی ئیسلام دنیایان کرد بوە دو قەڵەمڕەو" یەکێکیان قەڵەمڕەوی((دار الاسلام))کە((دار السلام)بو، وە ئەبو دەوڵەتی هەمو موسڵمانان بێ بەبێ جیاوازی نەتەوەیی‌و، ئەوی تریان، قەڵەمڕەوی((دار الحرب))کە((دار الکفر))بو کەوت بوە دەرەوەی سنوری دەسەڵاتی خەلیفەی کاربەدەستی دار الاسلامەوە.

(امیر المؤمنین))و کاربەدەستانی دارالاسلام ئەبو لەتەقەلایەکی بەردەوامدا بن بۆ سازدانی موسوڵمانان لەپێناوی جیهادا بۆ فراوان کردنی سنوری قەڵەمڕەوی دارالاسلامو تەسك کردنەوەو داگیرکردنی قەڵەمڕەوی دار الحرب، دابڕینی بەشی لەقەڵەمڕەوی دارالاسلام بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیاوازی سەربەخۆ لەدەسەڵاتی خەلیفە-سوڵتان لەسەر بنچینەیەکی نەدینی بە(لەدین دەرچون)ئەژمێردرا، کەئەبو بەزۆر بهێنرێتەوە ژێر باری فەرمانبەریی، ئیمپراتۆریی عەرەبی- ئیسلامی لەسەردەمی سەدری ئیسلام، ئەمەوی، عەباسیدا لەسەر ئەم بنچینەیە دامەزرا بو، دوایی تریش ئیمپراتۆریی تورکی- عوسمانی پێڕەوی هەمان ڕێبازی کردوە، هەڵوێستی عوسمانی لەحکومەتی ئەفغانی نمونەیەکی ئەمەیە.

کاتێ ئەفغانیەکان دەستیان بەسەر ئێراندا گرتو ئەشرەف هەوڵیدا دانپیانانی شەرعی سوڵتانی عوسمانی بەدەس بهێنێ‌و، بۆ ئەو مەبەستە چەند

نامەیەکی بۆ نوسین، لەئەنجومەنێکی فراوانی موفتیو مەلا گەورەکانو کاربەدەستانی عوسمانیدا، موفتی بەجۆرە فتوای دا:

پرسیار: ئایا قوبوڵکردنی حکومەتی دو ئیمام لەیەك کاتدا جائیزە یا نە؟

وەڵام: هەمو فەقیهەکان لەسەر ئەوە ڕێکن" دو ئیمام لەپاڵ یەکتریدا ناتوانن حکومەت بکەن، ئەبێ کۆسپێ یا لەمپەرێکی گەورەی وەکو موحیتی هیندستان لەبەینیاندا هەبێ.

پرسیار: کەواتە ئەگەر هەمو موسوڵمانان خزمەتو گوێڕایەڵیی ئەعلا حەزرەت، سوڵتانی هەردو دەریاو زەمین، نەوەی گەورەترین سوڵتانەکانو ئیمامانی یەکەمو، ئەفروتوناکەری هەمو ئەهلی بیدعەت کرد، ئەگەر نەکیرەیەکیش بەزوڵم و فێڵ دەستی گرت بەسەر ناوچەکانی ئەسفەهاندا بەبیانوی ئەوەی کە موتەعەلیقاتی محەللی مەغزوبەو فەتح کراوی ئەوەو، ئەگەر ئەو کەسە ئیدیعای ئیمامەتی بکاو هەندێ لەموسڵمانان بۆی بسەلمێنن، نێردراو بەنامەیەکەوە بۆلای ئەعلا حەزرەت سوڵتان بنێرێ، غرووری بەئەندازەیەك بێ لەئەعلا حەزرەت خەلیفە، خوداوەند پایەکانی دەوڵەتەکەی پایەدارو راگرتو بکا، ئیدیعای گێڕانەوەی ویلایەتو مەمالیکی بکا کەسەربازانی سەرکەوتو لەرافزی ئێرانیان گرتوە، حوکمی عادلانە دەرهەقی ئەو کابرایە چیە؟

وەڵام: ئەو کابرا نەکیرەیە یەکێکە لەیاخییان ئەبێ لێبخرێ، ئەگەر دەستی هەڵگرت لەئیدیعا سەفیهەکانی خۆیو ملیدا بۆ گوێڕایەڵی وبەندایەتی سێبەری خوا لەسەر ئەرز زۆر باشە، ئەگەر سور بو لەسەربێ ئیتاعەتیو سەرکێشی، حوکمی ئەوە خوداوەندی مەجید لەقورئاندا فەرمویەتی((ئەگەر دەستەیەك بەموخالەفەتی دەستەیەکی تر راپەڕین، یاخیەکان بکوژن تا ئەبنە گوێڕایەڵی خودا))بەپێی حەدیس کەئەفەرموێ((ئەگەر دو ئیمام بەیەك جار ئیدیعای ئیمامەتیان کرد، یەکێ لەو دوانە بکوژن))[1].

دەوڵەتی عوسمانی بو سەلماندنی((شرعیە))تێ بونو دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیی ئیسلامی کردە ئاڵای لەشکرکێشیو دەس گرتن بەسەر هەمو ناوچە موسوڵمان-نشینەکانی ئاسیاو ئەفەریقاو، جیهاد بۆ داگیرکردنی هەمو ناوچە مەسیحی-نشینەکانی ئەوروپا.

خێڵە کوردەکان، پاش ئەوەی نیشتیمانەکەیان لەلایەن هێزی عەرەبی-ئیسلامییەوە لەقەرنی حەوتەمدا فەتح کرا بە کۆمەڵ موسوڵمان بونو

نیشتمانەکەیان بو بەبەشێکی قەڵەمڕەوی دارالاسلامی عەرەبی- ئەمەوی‌و عەبباسی‌و_ دوایی تر تورکی- عوسمانی. کورد بەدرێژایی زەمان، نەیتوانی وەکو گەلەکانی تری ناوچەکە: عەرەب، تورك، فارس، تورکمان، ئەرمەن... دەوڵەتی تایبەتی خۆی پێك بهێنێ، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەو ئیمپراتۆرییانەدا بەگوێرەی بەهێزی‌و لاوازی دەسەلاتی ناوەندیی دینی- سیاسی شام، بەغداد، ئەستەمول، ئەمیرنشینە خۆجێییەکانی کورد بەپچڕپچڕی کەم یا زۆر لەکوردستاندا لەناو قەڵەمڕەوی دارالاسلام دا لەژێر دەسەلاتی روکەشی خەلیفە- سولتاندا ماوەتەوە.

ئیمپراتۆریی سەفەوی- ئێرانی کەهەوڵی زیندوکردنەوەی سەرلەنوێی((شاهان شاهیتی))دێرینەی ئێرانی تەدا، ئەویش بۆ سەلماندنی شەرعییەتی بونی دەسەلاتی خۆی ئایدیۆلۆجیی ئیسلامی کردە ئالای هەوڵ دان بۆ داگیرکردنی ناوچە موسوڵمان- نشینەکانی ئاسیا. وە بۆ سەربەخۆبونی خۆی لەدەسەلاتی دینیی- سیاسی دەوڵەتی عوسمانی، شیعە" واتە مەزەبێکی جیاواز لەمەزەبی سونەی عوسمانیەکانی کردە دینی رەسمی خۆی. دو دەوڵەتی ئیسلامی ناکۆك دروست بون. ماوەی چوار قەرن لەململانێ‌دا بون.

کوردستان کەچەندین میرنشینی خوجێیی نیمچە سەربەخۆی تێدا دامەزرا بو، بەڵام لەدوای یەکەمین شەڕی عوسمانی- سەفەوی لەچالدێران(١٥١٤)بەگوێرەی سەنگی تەرازوی هێزەکانی ئەم دو دەوڵەتە دابەش بو. میرنشینەکانی لای رۆژئاواو سەرو وخواروی کوردستان چونە ژێر دەسەلاتی روکەشی عوسمانی‌و میرنشینەکانی رۆژهەلاتیشی کەوتنە ژێردەسەلاتی سەفەوییەوە، بێ ئەوەی هیچ کامیان بەتەواوی ئۆتۆنۆمی خۆیان لەدەس بدەن.

٣/١ کوردستان لەژێر دەسەلاتی راستەوخۆی رۆم‌و عەجەمدا[٢]

لەچارەکی دوەمی قەرنی نۆزدەهەمدا، لەلایەکەوە بابیعالی هەمو میراتییە ئۆتۆنۆمەکانی کوردستانی عوسمانی" بتلیس، هەکاری، بۆتان، سۆران، بادینان، بابان‌و، لەلایەکی تریشەوە دەرباری قاجار میراتییە ئۆتۆنۆمەکانی کوردستانی ئێرانی" ئەردەلان، لورستان، موکریانیان تێك داو، دەسەلاتی ناوەندیی رۆم‌و عەجەمیان تێ‌دا دامەزران.

لەم سەردەمەدا گەلانی ئەوروپی لەمەیدانی ئابوری، کۆمەلایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، سوپایی.. دا بەخێرایی لەپێشکەوتن‌دا بون، ((نەتەوە))ئەبوە

بنچینەی دروست کردنی دەوڵەتی نوێ. نوێنەرایەتی خەڵك لەژیانی سیاسی دەوڵەتدا سیاسی دەوڵەتدا زیادی ئەکرد. بەڵام لەو کاتەدا داوودەزگاکانی عوسمانیو ئێرانی تا ئەهات لەخەڵك زیاتر دور ئەکەوتنەوە، زیاتر بەرەو زۆرداریو داهێزرانو داوەشین ئەچون. دەوڵەتانی ئەوروپا ئەرزی فراوانیان لێ داگیرئەکردن و پەیمانی نابەرامبەرو سەختیان بەسەردا ئەسەپاندن. هەردو دەوڵەت کەوت بونە ژێرباری قەرزی گرانو نفوزی روخێنەری دەوڵەتانی زەنگینو بەهێزی ئەوروپییەوە، نابوتیو زۆرداریو فەسادو بەرتیلخۆری لەسەرەوە تاخوارەوەی داوودەزگاکانیان تەشەنەیان کردبو، ئەوانەی پلەوپایەی کاروباری دەوڵەتو خەڵکیان پێ ئەسپێردرا، شوێنەکانی خۆیان بەنرخی گران لەکاربەدەستە نزیکەکانی بابیعالیو دەربار ئەکڕی. ئیتر((دار الاسلام))و((دار الکفر))نە بەکردەوەو، نەلەڕوی تیۆرییەوە بایەخێکی نەما بو.

لەناوبردنی دەسەڵاتی میرە کوردەکانو دامەزراندنی داوودەزگای دەسەڵاتی ناوەندیی رۆمو عەجەم لەجێی ئەوان، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتو ئیمتیازاتی لەچینی سەرەوەی کۆمەڵی کورد زەوت کرد، باری ژیانی خەڵکیشی لەجاران خراپو ناخۆش تر کرد. کاربەدەستانی رۆمو عەجەم لەباتی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی نوێی کارامە، دادگا، بەشداری خەڵك لەژیانی گشتیدا، رێگاوبانی نوێ، نەخۆشخانە، قوتابخانە، کارگا، زانستگا، چاپخانەو رۆژنامە... زوڵمی زۆرتریان لەگەڵ خۆیان هێنایە ناو کوردستانەوە[٣].

١-کاربەدەستانی نەناسراوی زۆردار لەجیاتی کاربەدەستانی ناسیاوی خۆجێی.

٢-دامەزراندنی قەڵاو پاسگا بۆ روتاندنەوەی خەڵكو ئۆردوگا بۆ هێزە داگیرکەرە سەرکوتکەرەکان.

٣-زیادکردنی رادەی باجو سەرانەو بەرتیل.

٤-گرتنو دورخستنەوەو کوشتنو تاڵان کردنی بێ لێپرسینەوە.

٥-رەشبگیری لاوان بۆ سەربازیی بێ گەڕانەوە.

بەم پێیە گۆڕینی دەسەڵاتی دەرەبەگە کوردەکان بەدەسەڵاتی داگیرکەری رۆمو عەجەم کەبە لەشکرکێشی گەورەی درێژخایانو شەڕو تێکهەڵچونی خوێناوی کرا بو، وە بەهێزی چەکداری سەرکوتکەریش ئەپارێزرا، نەك بۆ پێشەوەچونی لەژیانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگیی... خەڵکی کوردستاندا بەدی نەهێنا، بەڵکو باری زۆرلێ کردنی ئابوریو کۆمەڵایەتی قورس تر کرد،

چەوسانەوەی نەتەوایەتیشی هاتە سەر، بگرە لەژێر سایەی دەرباری قاجاردا چەوسانەوەی مەزهەبییش بوە سەرباری.

ئەگەر لەسەردەمی شەرەف خان(١٥٤٣-١٦٠٤)و دوایی تر لەسەردەمی ئەحمەدی خانیدا(١٦٥٠-١٧٠٧)هەستی خۆ بەبێگانە زانین لەرۆمو عەجەم، هەستی خۆ بەکورد زانین، هەستی پێویستی یەکبونو پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆی بەهێز، کە کوردو کوردستان لەدەسدرێژیو ململانێی ناڕەوای ئەو دو هێزە بێگانەیە بپارێزێ، وەکو بیرو ئاواتی کەسانێکی بلیمەت لەدو توێی((شەرەفنامە))و((مەمو زین))دا مایەوە، لەبەر نەگەیشتنی هەلومەرجی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگیی... کۆمەڵی ئەوسای کورد نەبو بەئایدیۆلۆجیای چینی هەڵبژاردەی کۆمەڵ، وەنەیش بو بەخواستی خەڵکو بزوتنەوەی جەماوەر. وە لەنیوەی یەکەمی قەرنی ١٩هەم دا بەکردەوەی پچرپچرو ناتەواوو لەیەك دابڕاو لەتەقەللا ناوچەییەکانی میرەکانی بتلیس، بابان، سۆران، بۆتاندا دەنگی دایەوە. بەڵام لەدواچارەکی قەرنی ١٩هەمدا، هاوزەمان لەگەڵ سەرکەوتنی ئاڵمانو ئیتالیا لەپێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتودا، وە هاوزەمان لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەکانی بالقان: بولغار، سرب، رۆمانی، یۆنان.. دا بۆ رزگاری لەژێر دەستیی تورکو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ، لەئەنجامی ئەو گۆڕانە ناوەکییە قوڵانەی لەڕوی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی...یەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هات، کە بو بوە ژێر دەستەی راستەوخۆی ئیمپراتۆرییە داوەشیوە زۆردارەکانی عوسمانیو قاجاریو، ئەوانیش بوبونە پاوانی لەوەڕگای دەوڵەتە ئیمپریالیستیە گەورەکانی ئەوروپا، خەباتی کورد بەڕابەری گەورە پیاوێکی رۆشنبیرو شۆڕشگێڕ، شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی(؟-١٨٨٣)چوە قۆناغێکی نوێوە، کەئەگونجێ دابنرێ بەسەرەتای گۆڕانی((هەستی نەتەوەیی))کورد بۆ((هۆشی نەتەوەیی))و دانانی بناغەی سەرەتا گشتیەکانی چوارچێوەی ستراتیجیکاری نەتەوەیی کورد لەپێناوی رزگاریو یەکگرتنەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا[٤].

٤/١ کورد لەیەکەمین پارلەمانی عوسمانیدا

٦دەوڵەتی ئەوروپایی لە٣١ی مارتی ١٨٧٧دا بەپرۆتۆکۆلێکی نوسراو داوایان لەبابیعالی کرد بو" لەگەڵ((کێوەڕەش))کەئەو دەمە لەشۆڕشدا بو، بەئاشتی پێك بێو، دەس لەو مەڵبەندەی ئەوێ هەڵ بگرێ بەبیانوی ئەوەی زمانیان

سلاڤی‌و دینیان مەسیحییە. لەهەمان پرۆتۆکۆل دا روسیە هەڕەشەی راگەیاندنی جەنگی لەتورك کردبو، ئەگەر خواستەکەی قبولّ نەکریّ.

لەکۆبونەوەیەکی((مەجلیسی مەبعوثان))دا کە بەتایبەتی بۆ لیّدوان لەو هەڕەشەیە ئەکرا، لەکاتێکا هەندیّ لەکاربەدەستانی بابیعالی چۆلّی خەزێنەی دەولّەت‌و نەبونی پارەو دراویان ئەکردە بیانو، بۆ قبولّ کردنی مەرجە قورسەکانی دەولّەتانی ئەورروپی، مەبعوسێکی(نوێنەری هەلّبژێردراو بۆ پارلەمان) کورد هەلّی دایە وتی:

((ئێوە ئەلّێن کاروباری دارایی لەتەنگانەیەکی سەخت دایە، ئێمە چۆن ئەتوانین بڕوا بەو قسەیە بکەین لەکاتێکا ئێوە لەم کەشوفشە دان، جلوبەرگی رەنگاو رەنگ‌و، مالّی رازاوەی پڕ لەکەلوپەلی جوان‌و، گالیسکەی ئەسپی قەشەنگتان هەیە؟

وەرن بۆ لای ئێمە بۆ کوردستان بەچاوی خۆتان کوێرەوەری‌و ناخۆشی ژیانی ئێمە ببینن. تا لەولاّتی خۆم بوم هەر جلی دڕاوی پینە کراوم لەبەردا بو وەکو خەلّکەکەی تر. بەلاّم کەئێوەم بەو جلوبەرگە رەسمیە نایاب‌و خشلّدارانەوە بینی لەحالّی خۆم تەریق بومەوە، زۆرم لەخۆم کردو منیش چوم لەبازاڕی دەلاّلەکان نەك لەکۆگا گەورەکان ئەم جلەم بۆ خۆم کڕی کەوا لەبەرم دایە. جا بۆ سەلامەتی نیشتمان‌و، بۆ ئەوەی ریّ بڕین لەدەستێوەردانی بێگانە لەکاروباری ولاّتەکەمان، من ئامادەم لەکاتی پێویستدا ئەم جلوبەرگە بفرۆشم‌و جلە پینەکراوە کۆنەکەی خۆم لەبەر بکەمەوە)).[٥]

لەقسەی ئەم مەبعوسەدا ئەکریّ چەند مەسەلەیەك دەربهێنریّ"

١-ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەئاستی چینی کاربەدەستی تورك‌و کۆمەلاّنی خەلّکی کوردستاندا هەبوە.

٢-بەتەنگەوە هاتنی دلّسۆزانەی سەربەخۆیی دەولّەتی عوسمانی‌و دانانی رێوشوێنی ملنەدان بۆ خواستی دەولّەتانی بێگانە.

٣-داواکردنی هۆشیارانە، بەدەنگی بەرز، بۆ باش کردنی ژیانی خەلّك. ئەمانەش هەمو بەلّگەی هۆشیاریی مەبعوسە کوردەکەیە، کەبێگومان نمونەیەکی رۆشنبیرانی کوردە لەو سەردەمەدا. ئەم مەبعوسە ئێستا نازانریّ کیّ بوە بەلاّم بەمەزەننە ئەگونجیّ هەر شێخ عوبەیدوللاّ بو بیّ.

٥/١ دەربارەی شێخ عوبەیدوڵڵا

لەوکاتەوە مەولانا خالیدی شارەزوری(١٧٧٧-١٨٢٦)کەوتە ژیاندنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی، ئەم تەریقەتە لەناو خاکی کوردستاندا لەماوەیەکی کورتدا پەرەی سەندو بڵاو بوەوە، دەیان مەلای پایەبەرزی ناودار لەشوێنی جیاجیا بون بەخەلیفەی مەولانا بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی تەریقەتی نوێ و، بەهەزاران موریدو مەنسوبو سۆفییان تێ ئالا. لەپاش کۆچی کتوپڕی مەولانا بۆ بەغداد(١٨٢٠)و، دوایی تر لەوێوە بەیەکجاری بۆ شام، دو کەس لەخەلیفەکانی لەهەمو ئەوانی کەزیاتر نفوزیان پەیدا کردو خانەقاکانیان بوە ناوەندی گرنگی((ارشاد))و رابەرایەتی بڵاوکردنەوەی تەریقەت کەیەکێکیان شێخی بیارەو ئەوی تریان شێخی نەهری بو.

بنەماڵەی شێخەکانی نەهری خاوەنی نفوزی دینیو دنیایی بون" لەڕوی سەیدایەتیەوە، وەکو خۆیان ئەیان گوت، نەوەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بون[٦]. لەڕوی دینییەوە مەلای چاکو ناوداریان تێدا هەڵکەوت بو، لەڕوی ماددیەوە خاوەنی ئاوایی زۆرو ئەرزی فراوانی کشتوکاڵ بون، دەسەڵاتی ئیرشادی تەریقەتیش پایەی دینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی لەجاران بەهێزتر کردن.

شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە بەڕێزە بو، جگەلەوەی سەید بو، شارەزای زانستە دینییەکان بو، خاوەنی نزیکەی ٢٠٠ گوند بو[٧].

لەجێگەی سەید تەی باوکی مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندیش بو.((...باسی پیرۆزێتیو کارزانی شێخ لەهەمو جێگەیەك دەنگی دابوەوە، بەڕادەیەك کەبەڕابەری گەلی کورد دائەنرا... هەمو رۆژێ لەدیوەخانەکەیدا میوانداری ٥٠٠ تا ١٠٠٠کەسی ئەکرد، بەتاوناو هەیبەتەوە کارەکانی بەڕێوە ئەبرد... لەناو کوردا بەئەمیرێکی پچوك لەقەڵەم ئەدرا))[٨]

خانەقا شوێنی ئیرشادی شێخو کۆبونەوەی خەلیفەو موریدەکانیو سازکردنی((رابطە))بو، شێخ لەوێوە رابەریی رێکخراوەیەکی فراوانو بەربڵاوی ئەکرد کەپێك هات بو لەسەدان خەلیفەو موریدو سۆفی لەناوچەی جیاجیای کوردستانو وڵاتانی ئیسلامیدا. خانەقا، یا راست تر بارەگای دینییو دنیایی بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بو. نەهریش ئاواییەکی ناوچەی شەمزینان بو لەویلایەتی هەکاری، کە لەڕوی جوگرافیەوە کەوتۆتە ناوەڕاستی کوردستانەوە.

لەکاتی جەنگی روسی- عوسمانیدا(١٨٧٧) سولّتان عەبدولحەمید بانگی جیهادیدا بو بەشداری موسولّمانان لەغەزای روسدا، شێخ عوبەیدوڵلا لەگەڵ چەند سەد کەس لەموریدەکانی خۆی، بەدەنگ ئەم بانگەوە، چو بۆ قوڵی بایەزید کە لەلایەن سوپای روسەوە داگیرکرا بو. لەرۆژانی شەڕدا نزیکەی ٥هەزار کورد کە لەسەرانسەری کوردستانەوە هات بون لەژێرسەرکردایەتی ئەودا کۆبونەوە. ئەگەرچی هێزەکانی میلیشای کورد لەلابەلاکردنی چارەنوسی ئەم جەنگەدا دەورێکی کاریگەر یا باشی نەگێڕا، جەنگ بەسەرکەوتنی روسیاو تێشکانی عوسمانی دوایی هات، بەلام پایەی شێخ عوبەیدوڵلا لەناو کوردا لەجاران زیاتر بەهێزو جێگیر بو، هۆشیاری سیاسی زیاتر قوڵ بو، چاك تر شارەزای دیوی ناوەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیو، لاوازییەکانیو گیروگرفتەکانی بون, سروشتی دینیی دەوڵەتو جیهادو غەزای عوسمانی ناسی، نفوزی کاریگەری بێگانەو پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان تێ گەیشت، ناسیاویی زۆرتری لەگەڵ گەورە پیاوەکانی کوردو ناوچەکانی پەیدا کرد، چاك تر ئاشنای هەلومەرجی نالەباری ژیانی خەڵکی کوردستان بو، هەندێ چەكو تفاقی جەنگی دەسکەوت، تەجروبەی جەنگیی بەدەس هێنا.

شوێنی شێخ عوبەیدوڵلا لەناو کوردا، ناوبانگی لەناوچەکەدا، نەك هەر وەکو شێخێکی تەریقەت، بەڵکو وەکو رابەرێکی ناسراوی دینی، سیاسی، سوپایی درەوشایەوە.

٢- پایەکانی ستراتیجی کاری نەتەوەیی شێخ عوبەیدوڵلا

شێخ عوبەیدوڵلا لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی روسی- عوسمانی(١٨٧٧)گەڕایەوە بارەگاکەی خۆی لەنەهری. لەئەنجامی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوخۆی کوردستان لەژێردەستی بابیعالی تورکو دەرباری قاجاردا، هەلومەرجی ناوەوەی هەردو ئیمپراتۆریی، دۆخی سیاسی جیهان، کەوتە دارِشتنو دانانی پایە سەرەکیەکانی ستراتیجەکەی" ئامانجەکانی، هێزی سەرەکی جێبەجێ کردنی، دۆستو هاوپەیمانەکانی، دوژمنەکانیو شوێنە لاوازەکانیان، مەیدانەکانی جولانی، ئوسلوبەکانی بەدیهێنانی.

هەرچەندە نوسراوێکی دیاریکراو لەشێخ خۆی یا لەراپەڕینی ١٢٩٧/١٨٨٠ بەجێ نەماوە، بەڕونی هەمو لایەنە جیاوازەکانی ستراتیجەکە دەرنخات. بەلام لەپێکەوە نوساندنەوەی سەرلەنوێی تێکڕای بەڵگە ماوەکان وەکو"

وتارەکەی تەموزی ۱۸۸۰ی شێخ لەنەهری،

نامەکانی بۆ اقبال الدولەی موتەسەڕفی ورمێ، د. کوهران، کوردەکانی سنور، گفتوگۆکانی لەگەڵ کلایتون، ئابوت، بێگانەکانی تر،

گفتوگۆی نوێنەرەکانی لەگەڵ دیپلۆماتەکانی روسیاو بەریتانیا لەئەرزڕوم، وان، تەوریز، راپۆرتی سەفیرو دیپلۆماتەکانی تری روسیاو بەریتانیا لەتاران‌و تەوریزو ئەستەموڵ‌و ئەرزڕوم و وان،

هەروەها هەڵوێستە دیارەکانی لەرووداوەکان...

بەمانە هەموی ئەگونجێ دیمەنی گشتی ستراتیجەکەی سەرلەنوێ بەیەکخراوی بخرێتە بەرچاوان.

ئامانجی ستراتیجیی شێخ((پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان)) بو کە"

۱-هەمو کورد بێ گوێدانە جیاوازی خێزان، بنەماڵە، خێڵ، ناوچە، لەهجەی زمان.. لەسەر بنچینەی پێوەندی نەتەوەیی کۆبکاتەوەو، لەدو دەوڵەتی بەناو ئیسلامیان دابڕێ،

۲-دوژمنەکانی کورد: ئیمپراتۆرییەکانی قاجاری‌و عوسمانی، لەکوردستان دەربکا،

۳-هەردو بەشی ئێرانی‌و عوسمانی کوردستان لەژێر دەستی بابیعالی‌و دەرباری قاجار دەربهێنێ‌و یەك بخات.

٤-ئاسایشی سەرو ماڵی خەڵك، بازرگانی، خوێندەواری، پیشەسازی، شارستانێتی لەکوردستاندا .. دابین بکات،

٥-هاوکاری دۆستانە لەگەڵ گەلانی مەسیحی: ئەرمەنی‌و ئاسوری، هاونیشتمانی کورد لەسەر بنچینەی لێبوردنی دینی‌و رێزگرتنی یەکتری دابمەزرێنێ.

٦-هاوپەیمانێتی لەگەڵ گەلانی موسوڵمانی ئێرانی‌و عەرەب(ولایەتەکانی موسڵ، بەغداد، حیجاز، میسر)دروست بکات.

۷-دانپیانانی سیاسی‌و قانونی دەوڵەتانی گەورەی ئەوروپا بەدەس بهێنێ.

بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە گەورانە، ئوسلوبەکانی کاری سیاسی، دیپلۆماسی، سوپایی بەکاربهێنێ.

١/٢ ئەڤەللای جێبەجێ کردن: کاری سیاسی

١/١/٢ سازدانی خەڵکی کوردستان

کوردستان، بەدرێژایی مێژوی تازەی، ناوەندێکی بەهێزیی دەسەڵاتدارێتی تێدا دانەمەزراوە ببێتە پایتەختی و، لەوێوە دەس بەسەر هەمو کوردستاندا بگرێ. تا بەتێ پەڕینی زەمان بتوانێ زمان و فەرهەنگی یەکگرتو، جۆری حوکمڕانی سیاسی لەیەکچو، جۆری ڕێکخستنی ئابوری-کۆمەلایەتی لەیەکچو... بەسەر هەمو ئەوانەدا بسەپێنێ، کەبەکوردی ئەدوێن، یا لەکوردستان ئەژین. بەپێچەوانەوە کوردستان هەمیشە لەژێردەسەلاتی داگیرکەری بێگانەدا بوە، شاخاوی بونی کوردستان لەلایەکو، جۆری پێکهاتنی کۆمەڵایەتی کورد لەلایەکی ترەوە، زەمینەکی لەباریان ئامادە کردوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ داهێزرانی دەسەڵاتی ناوەندی بێگانەدا، هەمو جار، ئەمانیش دەسەڵاتدارێتیی ئۆتۆنۆمی خۆجێیی جیاجیا لەناوچەکانی خۆیاندا دابمەزرێنن. لەوساوە کەخەلافەتی عەبباسی کەوتە لاوازبون و دەسەڵاتی بەسەر ناوچە دورەکانی قەڵەمڕەوەکەیدا کەم بوەوە، لەگۆشەو کەنارەکانی ئیمپراتۆریی عەبباسیدا چەندین میرنشینی سەربەخۆ یا ئۆتۆنۆم دامەزران، کەهەر بەناو لەژێر دەسەڵاتی خەلیفە، واتە ئەمیری((دار الاسلام))دا بون.

لەو زەمانەوە لەکوردستاندا چەندین میرنشین دامەزرا. ئەگەرچی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوە مەیدانی لەشکرکێشیی و تەراتێنی مەغۆل و تورکمان، هەندێ لەوانە بەدرێژایی چەند قەرن، هەرمان و قەوارەی خۆیان ڕاگرت.

لەسەرەتای قەرنی ١٦هەمەوە، کوردستان بەکردەوە بو بەدو بەش، ئێرانیی و عوسمانی. لەو زنجیرە پەیمان و ڕێککەوتننامانەدا کە لەئەنجامی شەڕەکانی عوسمانی- ئێرانیدا ئەبەستران" پەیمانی زەهاو ١٦٣٩، نادرشا ١٧٤٦، پەیمانی ئەرزڕومی یەکەم ١٨٢٣، پەیمانی ئەرزڕومی دوەم ١٨٤٧، بەشێکی درێژو گرنگی سنوری ئەو دو ئیمپراتۆرییە لەسەرەوە تا خوارەوەی بەناو جەرگەی کوردستاندا تێ ئەپەڕێ.

دابەش بونی سیاسی کوردستان بەسەر دەوڵەتێکی سوننیی و دەوڵەتێکی شیعیدا کەدو زمانی ڕەسمی جیاوازو دو فەرهەنگی جیاوازو پێڕەوی دو جۆری ڕێکخستنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری جیاوازیان ئەکرد. هەروەها دابەش بونی هەر بەشێکی کوردستان بەسەر چەندین میرنشینی

جیاوازدا، سەرەڕای دۆخی تۆپۆگرافی نالەباری ئەرزەکەی کەشاخو دۆڵو روبار لەیەکتری دابڕی بو. ئەمانە هەموی نەك هەر یارمەتی کوردیان نەدا بەرەو لەیەکچونی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی بۆ پێشەوە بچێ. بەڵکو دەلاقەکانی جیاوازیو لەیەك نەچونیان لەناو دانیشتوانی کوردستاندا قوڵ تر کردەوە.

گەلی کورد، لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە" دابەش بو بو بەسەرچەندین تیرەو هۆزو خێڵی گەورەو بچوکدا.

لەڕوی ئابوریەوە" بەشێکی گەورەی بەرەوەندایەتی مابوەوە، هەندێکی خەریکی کشتوکاڵ بو لەگوندی دواکەوتودا ئەژیاو هەندێکی کەمی لەشار نیشتەجێ بو.

لەڕوی سیاسیەوە" دەوڵەتی خۆی نەبو، ئەوانی ژێر دەستی عەجەم ئەبو دڵسۆزیی سیاسییان بۆ شاو، ئەوانی ژێردەستی رۆم ئەبو دڵسۆزیی سیاسییان بۆ سوڵتان هەبێو، ئەوانەی ناوچەکانی سنوری هەردو دەوڵەت، بەگوێرەی گۆڕانی روداوەکانو دەسکەوتی خۆیان بەئاسانی باری دڵسۆزی خۆیان ئەگۆڕێ.

لەڕوی فەرهەنگیەوە" ئەگەرچی زۆرایەتی کورد موسوڵمان بون، مەلاکانی کورد ئەبو فێری زمانی عەرەبی بن، بەڵام دەسەڵاتی ئێرانی-عەجەم فەرهەنگی فارسیو، دەسەڵاتی عوسمانی- تورکی فەرهەنگی تورکییان بەسەرا ئەسەپاندن.. فەرهەنگی رۆشنبیرەکانی کورد بەگوێرەی دابەش بونیان ئەکەوتە ژێر کارتێ کردنی فەرهەنگی۳ نەتەوەی جیاوازەوە، هیچ کام لەلەهجەکانی زمانی کوردی" گۆرانی، کرمانجی، بابانی نەیتوانی ببێتە زمانی فەرهەنگو نوسینی تێکڕای کورد. جیاوازی نێوان لەهجەکانی زیاترو قوڵ تر بو.

لەڕوی دینییەوە" ئەگەرچی زۆرایەتی کورد موسوڵمان بون، بەڵام ئەمیش دابەش بو بو بەسەر مەزهەبی جیاوازدا. سەرەڕای زۆرایەتییەکی سوننی، شیعەو عەلەوی یشی تێدا بو. لەپاڵ موسوڵماندا بەشێکی کورد هەر لەسەر ئولی یەزیدی مابون.

لەم کۆمەڵە پچڕپچڕەدا، دڵسۆزی بۆ بنەماڵە، دڵسۆزی بۆ خێڵ، دڵسۆزی بۆ ناوچە، دڵسۆزی بۆ دین، دڵسۆزی بۆ مەزەب، ئەکەوتە سەرو هەمو دڵسۆزییەکی تری وەکو دڵسۆزی بۆ نەتەوە، یا دڵسۆزی بۆ دەوڵەتەوە. ئەوەش بو بو بەمایەی دوبەرەکی و ناکۆکیو خۆخۆری کە بەگەورەترین دەردی کورد ئەژمێردرێ. شەرەف

خان‌و ئەحمەدی خانی‌و حاجی قادرو هەمو رۆشنبیرەکانی تری کورد لـەدەس ئـەو دەردە سکالاَیان کردوە، بەداخ‌و پەژارەوە لێی دواون، هـەمو نوسـەرانی بێگانـەش وەکو بەشێك لەشەخسیەتی کورد باسیان کردوە.

تەنیا دڵسۆزیی ئارەزومەندانە کەهەندێ جار ئەی توانی لەسـنوری بنەماڵـە، خێڵ، لەهجە، ناوچە... تێ بپەڕێ، دڵسۆزی بو بۆ شێخی تەریقەت. لەکوردستان دو تەریقەت باوبو، یەکێکیان قادری‌و ئەوی تریان نەقشبەندی. لـەدوای مردنـی مەولانا خالید، تەریقەتی نەقشبەندیش یـەکێتیی سـەرکردایەتی تـێدا نـەماو، دابەش بو بەشەر چەندین شێخی بنەماڵەی جیاوازدا لەناوچەو شوێنی جیاوازدا.

شێخ عوبەیدوڵلا یەکێ بو لەگەورەترین شـێخەکانی تەریقـەتی نەقشـبەندی لەسەردەمی خۆیدا. ئەمەش یارمـەتیدەرێکی کاریگـەر بـو بـۆ ئـەوەی پێوەنـدی بەربلاوی لەگەڵ سەدان مەلاو میرزاو ئاغاو سەرۆکی عەشیرەت‌و، لەگەڵ هەزاران کەس هەبێ‌و، کەڵك لەو نفوزە زۆرەی خۆی وەربگرێ بۆ ئامانجـە سیاسـییەکانی، خانەقاکەی شێخ لەنـەهری، جگەلـەوەی ناوەنـدی ئیرشـادی تەریقـەت‌و پێکـەوە گرێدانی ئەو رێکخراوە گەورەیە بو، شێخ کرد بوی بەبارەگای سیاسـی‌و سـوپایی جوڵانەوەکەی. لەوێ ناودارەکانی کوردی ئەدی. گفتوگۆی لەگـەڵ ئـەکردن، کـۆی ئەکردنەوەو ئامۆژگاری ئەکردن. بەپێی قسەی کیزن رۆژانە ٥٠٠ تا ١٠٠٠کەسی ئەدی[٩].

بەگوێرەی راپۆرتی دیپلۆماتەکانی روس، شێخ لەمانگـەکانی تـەموزو ئـابی ١٨٨٠دا چەندین کۆبونەوەی لەگەڵ زۆر لەناودارەکانی ئەو زەمانـەی کوردسـتان کردوە، لەکۆبونەوەیەکی مانگی تەموزدا ٢٠٠کەسـی لەگـەورە پیـاوانی کـورد، لەوانە سەرخێڵ‌و ئاغاو مەلاو میرزا لەبارەگاکەی خـۆی لەنـەهری کۆکردۆتـەوە، لـەو کۆبونەوەیـەدا شـێخ وتـاریکی گرنگـی داوە کەئامانجـەکانی‌و، بەشـێکی پرۆژەکانی کارکردنی رون ئەکاتەوە. شێخ لەناو قسەکانی‌دا وتی:

((٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئیمپراتۆریی عوسمانی دامەزرا.

عوسمانیەکان بەرێگـەی نامەشـروع دەسـەلاتیان گرتـە دەسـت. پـاش ٤٠٠-٥٠٠ساڵ حوکمڕانی وازیان لەدینی ئیسلام هێناو رێگەی کفریان گرت. لەو ساوە ئـیتر کەوتــە داهێــزران. تـا دێ لــەروخان‌و هەڵوەشـان نزیـك ئەکەوێتـەوە. هەڵوەشانەکەشی ئەوەنـدە بـەخێرایی ئـەڕوا گومـانی تـێدا نیـە بـەم نزیکانـە ئەڕوخێ‌و دوایی دێت.

کوڕە خۆشەویستەکانم!

ئەبێ گوێڕایەڵی راسپێرییەکانی باووباپیرانی خۆمان بین، بەسە ئیتر نابێ باری زوڵمو دیلایەتی تورکی کافر هەڵ بگرین. پێویستە خۆمان رزگارکەین، نە تەنیا ئێمەی کورد لەتورکیای عوسمانی، بەڵکو ئەبێ برا کوردەکانی ئێرانیشمان، لەم دو حکومەتەی رێی پێشکەوتنیان لێ بڕیوین، رزگار بکەین.

باووباپیرانمان داوامان لێ ئەکەن، لەپێناوی دینو ئازادی نیشتمانەکەماندا، لەخوێنی خۆمان ببورین.

زانایان گوتویانە: قۆستنەوەی هەلی لەبار زاناییو ژیرییە. فارس ئێستە لەگەڵ تورکمان بەشەڕەوە خەریکن. هەمو هێزەکانی خۆیان ناردۆتە سەر ئەوان. ئەمەش بەمەعنای ئەوەی ئێستە هەلومەرج بۆ جوڵانەوەکەی ئێمە دژی حکومەتی ئێران لەبارە. ئەگەرچی ئێمە لەفارس ناترسین، چونکە ئەگەر بەشەڕیشەوە خەریک نەبن، چەندی هێزی گەورەی جەنگیی کۆبکەنەوە لە ۱۰۰هەزار سەرباز زیاتریان پێ کۆناکرێتەوە، کەئەویش نیوەی زیاتری لەو برا کوردانەی خۆمانن کەحکومەتی ئێران ئەیان چەوسێنێتەوەو، هەمان هەستی ئێمەیان هەیە.

لەبەرئەوەی بەشێکی دەوڵەمەنو بەپیتی کوردستان لەژێر دەستی ئێران دایە، ئەبێ ئەو بزوتنەوەیەی خەریکین، لەپێشدا بەرامبەر دوژمنە لاوازەکە دەس پێ بکا. بەمەش براکانمانو نیشتمانە دەوڵەمەندەکەیان رزگار ئەکەین. ئەمەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندمان بۆ تەئمین ئەکا. یارمەتیمان ئەدا بو بەگژا چونی دوژمنی دوەممان، کەبەهێز ترە، ئەویش تورکی عوسمانیە..))[10].

لەکاتی ئابڵوقەدانی ورمێدا، خەلیفە کلودیك، پێشەوای دینیی کاتۆلیکەکان خواجە داودی نوێنەری کونسوڵی عوسمانی لەورمێ لەگەڵ قەشە سولومون نادرە لای شێخ عوبەیدوڵلا، داوای لەشێخ کرد فەرمان بەلەشکرەکەی بدا ئازاری مەسیحیەکان نەدەن. شێخ پێشوازی لێ کردنو دوای ئەوەی گوێی لەقەشە سولومون گرت، لەخواجە داودی پرسی: تۆکێی؟ لەوەڵامدا وتی کەنوێنەری شابەندەری عوسمانیە. شێخ وتی: ((من بڕیارم داوە ئێرانو توران فەتح بکەمو ئەم دو وڵاتە لەدەست زیمامدارانی زاڵم دەربهێنمو زوڵم لەسەر خەڵك لابەرم. ئەوانەی لێرەدا ئەیانبینی سەرۆکی ئیلاتی خاکی عوسمانی ین لەدەس

زوڵمی کاربەدەستانی عوسمانی هاتونە لای من، دوای تەواوبونی کاری ئێران نۆبەی دەوڵەتی عوسمانی دێ))[11].

شێخ بۆ سازدانی خەڵك هەوڵی ئەدا:

لەڕوی کۆمەڵایەتەوە" یەککگرتوبن، ناکۆکیەکانی ناو خۆیان بخەنەلاوە، واز لەدوژمنایەتی یەکتری بهێنن. نەهێشتنی دزی، جەردەیی، تالان، دەستدرێژی، پەرەپێدانی دادپەروەری لەراپەڕاندنی کاروباری خەڵکدا، جێگیرکردنی ئاسایش، ئاشت کردنەوەی خێڵە ناکۆکەکان لەگەڵ یەکتری، چاك کردنی پێوەندیو رەفتار لەگەڵ مەسیحییەکانی دراوسێیان.ی کردبوە بەرنامەی کاری رۆژانەی خۆی.

لەڕوی سیاسیەوە. هۆشی نەتەوەییان هەبێ، زوڵمو زۆری کاربەدەستانی رۆمو عەجەم،،نارەوایی دەسەڵاتی هەردو دەوڵەت، رەوایی ئامانجەکانی خۆی لەبارەی رزگاریو یەککگرتنەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەتی خۆیەوە، تێ بگەن.

لەڕوی سوپاییەوە، ئامادە بن بۆ خۆچەکدارکردنو خۆرێکخستنو پێکهێنانی لەشکرێکی چەکدار، کەبتوانێ دەسەڵاتی عەجەمو رۆم لەکوردستان رابماڵێ، نیشتمانەکەی ئازاد بکاو لە دەسدرێژی داگیرکەری بیپارێزێ.

شێخ لەنامەکانیدا بۆ موتەسەریفی ورمێ هەروەها بۆ د. کوچران پێ لەسەرئەوە دائەگرێ، کەلەهەردو بەشی کوردستاندا نیو ملیۆن بنەماڵەی کورد هەیە، بەدوبەرەکیو ناکۆکیو کردەوەی خراپ تاوانبار ئەکرێن، گەورە پیاوەکانی کورد بەڵێنیان داوە بەیەکتری، بۆ ئەوەی کۆتایی بەزۆرداری رۆمو عەجەم بهێنن، واز لەناکۆکی ناو خۆیان بهێننو یەککگرتوبن[12].

بەجۆرە شێخ عوبەیدوڵڵا هەوڵی ئەدا کەخەڵك سازبدا لەسەر بنچینەی ئەوەی دڵسۆزی بۆ نەتەوەو نیشتمانەکەیان بخەنە سەرو هەمو جۆرە دڵسۆزییەکی ترەوە.

٢/١/٢ فاناتیزم یان لێبوردنی دین

١-هەڵوێستی لەشیعە

هندی لەوانەی سەبارەت بەم بزوتنەوەیە دواون تاوانی فاناتیزم(تعصبی دینی)ی بەپاڵ ئەدەن. بەواتەیەکی تر بەجوڵانەوەیەکی فەناتیکی دائەنێن، دەمارگیری موسوڵمانیەتی دژی مەسیحیەتیو دەمارگیری سوننەیەتی دژی شیعەیەتی، تەنانەت کابرایەکی ئەفشاری خەڵکی ورمێ نوسیوێتی:

((...لەپاش مردنی باوکی سەربەخۆیی گەیاندە ئەوپەڕی، لەخواو پێغەمبەر یاخی بو، کەوتە سەر خەیاڵی جەورو ستەم، بو بەسێهەمی فیرعەونو شەدداد و ئەی گوت:

باوکم ڕەوزەی ریزوانی بەدو گەنم فرۆشت

ناخەلەف بم، ئەگەر من بەجۆیەکی نەفرۆشم

بۆ ئەوەی نفوزی خۆی بەسەر خەڵكو عەشیرەتەکەی خۆیدا بسەپێنیو خۆی بەمرۆڤێکی خاریقولعادە بناسێنێ کەشفو کەرامەتی پیشان ئەداو خەوی درۆی ڕێك ئەخست.

هەندێ جار یەکێکی ئەخستە مەدفەنی شێخ تەهاوەو خۆی بەجلوبەرگی سپییەوە ئەهاتە بەرامبەر گۆڕی باوکیو ئەکەوتە پرسیارو وەڵام بۆ هان دانی خەڵکی عەوام ئەیوت: شێخ تەها ئەڵێ، ئەبێ راپەڕیو عەشایەر کۆبکەیتەوەو لەئێراندا ببیتە خاوەنی تاجو تەخت، رافزییەکان لەڕەگو ریشە دەربهێنیو ڕەواج بەتەریقەتی هەق بدەیتو حوکمی خواو پێغەمبەر دابمەزرێنی.

ئەوسا بۆ هاندانی تێکڕای عەشیرەتەکان ڕاگەیاندنی جیهادی بەم جۆرە نوسیو لەسەرانسەری وڵاتدا بڵاوی کردەوە: ((شێخی مازی بەزار بەکوشتن و تاڵانی ڕافزی ڕازیو خوێنو ماڵی ئەوانی بۆ ئێوە موباح کردوەو مژدەی حکومەتو بەهەشتی داوە)) [13].

لەراستیدا هیچ بەڵگەیەکی مێژویی پشتیوانی لەم چیرۆکەو لەڕاگەیاندنی جیهاد دژی شیعە ناکات، بەڵکو روداوەکانو ئەو بەڵگە نوسراوانەی هی ئەو سەردەمەن، دەری ئەخەن کەشێخ خۆی بەتەمای تاجو تەختی ئێران نەبوە، چونکە داوای لەعەباس میرزای برای ناصرالدین شا کردوە ببێتە شای ئێران، هەروەها لێبوردنی دینی، نەك فەناتیزمی کردبوە بەرنامەی کاری خۆی لەپێوەندی بزوتنەوەکەیدا لەگەڵ گەلانی ناوچەکە بەموسوڵمانو ناموسوڵمانەوەو، هەوڵی لەگەڵ ئەدان کەرایان بکێشی بۆ دۆستایەتیو کاری هاوبەش دژی دەرباری قاجارو بابیعالی. شێخ لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیدا فەرمانیدا بو بەهێزەکانی کەرەفتاری باش لەگەڵ هەمو کەس بکەنو بەهیچ جۆرێك ڕێگەی دەسدرێژی نەداوە بەکەس. جگەلەمەش بۆ سازدانی گەلانی ناوچەکە بەبێ جیاوازی دین: مەسیحی- موسوڵمان، مەزەب: شیعی- سوننی، داوای لەعەباس میرزا ملك ئارای(شیعی)و اقبال الدولەی(شیعی)و ئاخوندە شیعەکانی ورمێو

مار شەمعونی ئاسوری(مەسیحی)و سەرۆکی کەنیسەی ئەرمەنیەکانی باشقەڵا کرد بۆ هاوکاری. هەروەکو پێوەندی لەگەڵ دیپلۆماتەکانی روس‌و ئینگلیز کرد کەئەوانیش مەسیحی بون.

پێ ئەچێ کەئەو قسانە پڕوپاگەندەی کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی ئێران بێ بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان، وەکو هۆیەکی گرنگی تەقاندنەوەی ناکۆکیە کۆنەکانی نێوان کوردو عەجەم‌و، خرۆشاندن‌و سازدانی خەڵکی ئازەربایجان کەلەڕوی مەزهەبی‌و نەتەوەییەوە لەکورد جیاواز بون. بۆ ئەوەی گەلی ئازەری شیعە دژی بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیی خوازی کورد سوننی هان بدەن. یاخود رەنگە بێ ئاگاداری شێخ‌و کوڕەکانی‌و لێپرسراوەکانی کەسانێك هەبوبن هەڕەشەی لەو بابەتەیان کردبێ. ئەگینا هەمان نوسەر خۆی ناوەڕۆکی چەند نامەیەکی نوسیوەتەوە کەشێخ عوبەیدوڵڵا بۆ هەندێ لەگەورە پیاوەکانی ورمێی نوسیوە کەهەمویان شیعە بون، نەك هەر دورونزیك بونی ئەم جۆرە قسانەی لێ نایەت، بەڵکو دڵنەوایی‌و رێز لێ نانی زۆریشیان تێ دایە.

شێخ عوبەیدوڵڵا لەکاتی ئابڵوقەدانی شاری ورمێدا لەنامەیەکدا بۆ((میرزا حسێن اقا مجتهد))گەورەی ئاخوندە شیعەکانی ورمێ نوسیوێتی:

((... من بۆ دادخوازی عەشایەرو نەهێشتنی زوڵم لەسەر رەعییەت هاتوم.

دو رۆژ لەورمێ میوانی ئێوە ئەبم، لەئێوەش جگە لەسیورساتی لەشکر شتێکی ترم ناوێ‌و، لەمزگەوتی جامیعی ورمێ لەگەڵ ئەهلی ئیسلام نوێژ ئەکەم، هەمو خاوەن کارێ لەسەر کاری خۆی ئەمێنێ‌و، خۆم ئەچم بۆ تەورێز.

ئەگەر سەرکار ئقبال ئەلدەولە گوێڕایەڵ بێ پایەیەکی گەورەی ئەدەمێ، ئەگەر بەقسەی منی نەکرد رێگەی مەدەن بێتەوە ناو شار...

من خۆم بەلەشکرەکەمەوە هاتوم، نەوەکو یەکێکی لەشکر زەرەرێ بەخەڵکی شار بگەیەنێ، چونکە ورمێ وەکو ماڵی خۆم دائەنێم... ئینشائەڵڵا مەحەبەتی زۆر دەرهەقی خەڵك ئەکەم...))[١٤].

لەنامەیەکی تردا کەلەرۆژانی شەڕو ئابڵوقەدانی ورمێدا بۆ اقبال الدولەی نوسیوە، ئەڵێ:

((میری میرانی گەورە، دۆستا، میهرەبانا!

مەعلومە خانەوادی ئێوە لەگەڵ دودمانی سید تەهای مەرحوم لەکۆنەوە دۆست بون‌و داعی ئەوپەڕی مەحەبەتم بۆ ئێوە هەیە، ورمێ بەماڵی خۆم ئەزانم‌و،

بەڕشتنی خوێنی موسوڵمانان هیچ وەخت رازی نەبوم، چەند جار سەرانی سوپاو عەشایەر ویستیان دەست بەشمشێرو خەنجەر بڕژێنە ناو شار، دۆستدار مانیع بوە نەی هێشتوەو نەم ویستوە کەکوشتن‌و تالآن لەناو ئەهلی ئیسلامدا روبدا. ئەگەر خۆڕاگرتنی ئێوە بەنیازی گەیشتنی یارمەتیە، رێی یارمەتی بەستراوە، لەهیچ شوێنێکەوە ئیمداد ناگا، ئەگەر دوسێ رۆژ لەقەڵادا خۆتان بگرن ئاوو ئازوقەو قورقوشم‌و باروتی ئێوە تەواو بۆ ئەوسا ناچاری گوێڕایەڵی‌و تەمکین ئەبن.

ئەگەر ئەمرۆ خوێنڕشتن لەناوا بێ دو رۆژی تر پەشیمان ئەبیتەوە. باشتر وایە کاری ئەمڕۆ نەخەیتە سبەینێ‌و نەبیتە هۆی دوژمنایەتی. بەسدیقی دڵەوە تەمکین بکەی‌و ئومێدەوارم بەپایەی بلند بگەیت والسلام))[١٥].

ئەم نامەیەو چەندین نامەی تری شێخ بۆ سەرانی شیعە باسی هیچ جۆرە سوکایەتیەکی بەرامبەر شیعە تێدا نیە. باسی((رافضی))و((حەڵاڵ کردنی خوێن‌و ماڵ))و((حوکمی جیهاد))ی نەکردوە، وەکو دوژمنەکانی باسی ئەکەن، بەڵکو لەهەمویاندا بەرێزەوە بەئیسلام ناوی بردون. ئەگەر شێخ عوبەیدوڵڵا نیازی((مباح)) کردنی سەرو ماڵی شیعەکانی ورمێی هەبوایە لەباتی ئەوەی نامەی وەهایان بۆ بنوسێ‌و گفتوگۆیان لەگەڵ بکا، یەکسەر پەلاماری ئەدان‌و، هەلیشی لەدەس نەئەچو.

٢- پێوەندی لەگەڵ عەباس میرزا مەلك ئارا

شاهەکانی ئێران، بەدرێژایی مێژو لەپیلان‌و رقە بەری یەکتری ترساون" باوك لەکوڕ، کوڕ لەباوك، برا لەبرا، پیلانی گێڕاوە. مێژوی بنەماڵەکانی سەفەوی، ئەفشار، قاجار، پڕێتی لەکوشتن‌و خەساندن‌و چاو هەڵکۆڵین‌و دورخستنەوەو گرتن بۆ ئەوەی لەدەست میمل‌و ملۆزمەکانی خۆیان رزگار بن.

محەمەد شاهی قاجار لەپاش مردنی چەند کوڕو چەند کچی لێ بەجێ ما. لەناو کوڕەکانیدا دویان لەوانی‌تر لەپێشتر بون یەکێکیان ناصرالدین، ئەوی تریان عەباس بو. عەباس میرزا لەدایکەوە کوڕی خدیجە خانمی کچی یەحیی خانی چەهریق بو کەیەکێ بو لەو جاخزادە کوردەکانی چەهریق. بنەماڵەی خەدیجە خانم موریدی شێخ تەی باوکی شێخ عوبەیدوڵڵا بو. کوڕو دایك لەلای محەمەد شا نزیك بون. وەك ئەڵێن، محەمەد شا بەرلەوەی بمرێ بەتەما بو ناصرالدین لەولیعەهدی بخات‌و عەباس میرزا کەنائب السلطنتو هێشتا مناڵ بو لەجێی ناصرالدین بکاتە ولیعەهدی خۆی‌و، لەپاش مردنی ببێتە شای ئێران.

لەپاش مردنی محەمەد شا، ناصرالدین بەشای ئێران. بەڵام ترسی ئەوەی هەبو کەعەباسی باوك برای پیلانی لێ بگێڕێ، بێتە جێگای. جگەلەوەی هەمو سامانو داراییان لەخۆیو دایکی زەوت کرد، مەهد علیای دایکی ناصرالدین ویستی عەباس کوێر بکاو ناصرالدینیش هەوڵی لەناوبردنیدا. لەژێر گوشاری وەزیری موختاری روسو ئینگلیزدا گیانی بەساغی دەبرد. بەڵام دورخرایەوە بۆ((عتباتی عالیات))لەعیراقی عەرەبی ژێردەسەڵاتی عوسمانیو زیاتر لە ٢٥ ساڵ بەدور خراوەیی مایەوە. ئەو ماوەیەش عەباس میرزا هێشتا هەر مایەی پەژارە بو بۆ ناصرالدین شا.

شێخ عوبەیدوڵلا کەئاگادر ئەم کەینوبەینە بو، هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی لەشکرکێشیدا بۆ سەر کوردستانی ئێران، بۆ ئەوەی ریزی دوژمنەکانی تێك بداو کەڵك لەناکۆکیەکانی ناو خێزانەکەیان لەسەر حوکمڕانی وەربگرێ، بەدو نوێنەری خۆیدا نامەیەکی بۆ عەباس میرزا نارد. لەنامەکەیدا عەباس میرزای بانگ هێشت بو کەبەشداربێ لەشەڕا دژی هێزەکانی ناصرالدین شا بۆ ئەوەی لەپاش سەرکەوتنی راپەڕینەکە تەختی ئێرانی پێ ببڕێ، کورد بونی دایکیشی بەبیر هێنابوەوە.

عەباس میرزا بۆ ئەوەی دڵی ناصرالدین شای برای لەخۆی پاك بکاتەوەو دڵنیای بکا، لەباتی ئەوەی بەدەنگ شێخ عوبەیدوڵلا وە بچێ، هەردو نێردراوەکەی شێخی بەگیراوی لەگەڵ نامەکەدا تەسلیمی ناصرالدین شا کرد، شا لەپاداشتنی ئەم دڵسۆزیەدا حوکمڕانی قەزوینی بەعەباس بەخشی. عەباس میرزا خۆی رووداوەکەی بەدرێژی لەبیرەوەریەکانیدا گێڕاوەتەوە[١٦].

٣-هەڵوێست لەمەسیحیەکان

ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەبەدرێژایی مێژوی مرۆڤایەتی گرنگیەکی تایبەتی هەبوە لەپێکەوە بەستنەوەی ٣ قارە گەورەکەی دنیا" ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپا. لەبەرئەوە رێگە مێژوییەکانی پێکەوە بەستنی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا لەم ناوچەیەوە تێ پەڕیوە، لەشکرە گەورەکانی رۆمانی، یۆنانی، فارسی، عەرەبی، مەغۆلی، تورکی..یش هەر بەوێدا رۆیشتونو، شەپۆلی گەورەی کوچوڕەوی مێژوی هەندێ گەل روی تێ کردوە، لەبەرئەوە سەرەڕای نەتەوە خۆجییە دێرینەکانی ناوچەکە، هەندێ میللەتی تریشی تێدا جێگیر بونو ناوچەکە بۆتە مۆزاتێکی رەنگاورەنگی رەگەزو زمانو دینی جیاواز.

کوردستان لەناوجەرگەی ناوچەکەدا بوە، هێزێکی ناوەندیی تایبەتی خورتی خۆی نەبوە لەلێشاوی هاتوان بیپارێزێ، رەنگە لەهەموان زیاتر کەوتبێتە ژێر گوشارەوە.

لەکوردستاندا، لەکۆنەوە چەند نەتەوەیەك پێکەوە ئەژین، جگە لەکورد گەلی ئاسوریو گەلی ئەرمەنیش لەهەندێ شوێنیدا هاوژینو هاوجێگەبون لەگەلی.

ئاسوریەکان، کە لەسەدەکانی پێشودا بەنەستوری ناوبراون، خۆیان بەپاشماوەی ئیمپراتۆریی ناسراوی ئاشوری دائەنێن. لەدوای تێکچونی ئیمپراتۆریی ئاشوریو وێران بونی پایتەختەکەیان دەربەدەر بونو خۆیان خزاندۆتە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانەوە. کۆمەلی گەورەو بچوکی لەیەکچویان لەناوچەکانی هەکاری، وان، بتلیس، ئورفا، دیاربەکر، ماردین، نسیبین، قارس، موسل، سەلماس، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، ورمێ... پێکەوەناو گوندو ئاوایی تایبەتی خۆیان دامەزراندو پارێزگاری قەوارەی تایبەتی خۆیان کرد. *

ئەرمەنیەکان، لەنەتەوە هەرە کۆنەکانی ناوچەکەن، خاوەنی شارستانێتی کۆنو مێژویەکی دورودرێژن. خاوەنی دەولەتی بەهێزبونو لەسەردەمێکدا بەشێکی کوردستان لەژێردەستی ئەواندا بوە. تا ئەم چەرخانەی دوایی هەندێ بەشی کوردستان لەسەر ئەرمەنستان دانراوە. لەقەرنی رابردودا لەگەلی ناوچەی کوردستاندا بەتایبەتی وان، بتلیس، دیاربەکر، قارس، ئەرزڕوم، ئەرزنجان، هەکاری بەژمارەی زۆر نیشتەجێ بونو، ئاوایی گەورەو ئاوەدانیان هەبو.

لەژێرسایەی دەولەتی ئیسلامیدا، دینی مەسیحی بەرەسمی ناسراوە، بەلام هەرگیز مەسیحەیەك هەمو ئەو مافانەی نەبوە کەموسولمانێك هەیبوە، زۆرجار جیاوازی دینیان لێ کراوە بە بەهانەی چەوساندنەوەو ئازاردانو کوشتنو تالان کردن. لەقەرنی ۱۷هەمدا، دەولەتانی ئەوروپی چەوسانەوەی مەسیحیەکانیان کرد بەبیانوی خۆخزاندنە کاروباری ناوچەکە. میسیونێری دینی بەناوی یارمەتی دانو پارێزگاریەوە بنکەی بەهێزیان تێدا دامەزران. پاشتریش دەولەتە ئەوروپاییەکان مەسیحیەکانی ناو ئێرانو عوسمانیان کردە بنکەی دەسوەردانە کاروباری ناوچەکە بۆ دابین کردنی دەسکەوتەکانی خۆیان. کەلکی زۆریان لەوان وەرگرت. لەو شارانەدا کەلەنێوان روسیە- ئێرانو، لەنێوان روسیە-عوسمانیدا ئەبو، روسەکان کەلکی زۆریان لەهاوکاریو شارەزاییو ئاگاداری ئەوان وەرئەگرت دژی ئێرانو

تورکیا. دەسەڵاتدارانی رۆم و عەجەمیش ئەوەیان ئەکردە بەهانەی توندکردنی چەوسانەوەی مەسیحیەکان.

کورد گەلێکی موسوڵمانە، هەم بەدین لەئاسوری و ئەرمەنیەکانی هاونیشتمانیان جیا بون، هەم بەزمان و رەگەز جیاواز بون. ناکۆکی بەرژەوەندی ئابوری هەندێ جار ناکۆکی لەنێوان کوردو مەسیحیەکاندا دروست کردوە. جیاوازی دین و زمان ناکۆکیەکەی قوڵ تر کردوە. هەندێ لەمەلاو شێخەکانیش هەندێ جار ئاگری ناکۆکیەکانیان خۆش کردوەو هانی کوردیان داوە لەدژی ئەوان. میسیونێرە ئەوروپی و ئەمریکاییەکانیش هەندێ جار دەوری خراپیان گێراوە لەتیژکردنی ناکۆکیەکان و هاندانی مەسیحیەکاندا دژی کورد. دوایی تریش کۆنسوڵگەکانی بەریتانیاو روسیا نفوزی بەهێزیان تیدا دروست کردبون و بۆ خزمەتی دەوڵەتەکانی خۆیان بەکاریان ئەهێنان. لەسەردەمی راپەرینەکەی بەدرخان بەگدا((١٨٤٣-١٨٤٧)بەهاندانی میسیونێرە ئینگلیزەکان ئاسوریەکان لەبەدرخان هەڵگەڕانەوە. تێکهەڵچونی خوێناوی لەبەینیاندا رویدا. کونسوڵی بەریتانیا بەقازانجی ئاسوریەکان دژی بەدرخان لەلای کاربەدەستانی عوسمانی کەوتەکار.

روسیاو بەریتانیا کەچاویان بڕی بوە ناوچەکە، یەکێ لەدەسکەلاکانیان، مەسیحیەکانی کوردستان بو، یەکێکیش لەبەهانەکانیان پارێزگاری ئەوان بو لەدەسدرێژی موسوڵمانەکان تایبەتی کورد. پەیمانی بەرلین(١٨٧٨) کە لەدوای جەنگی روسی- عوسمانی، لەلایەن روسیا، بەریتانیا، ئیتالیا، نەمسا، ئەڵمانیاوە بەسەر بابیعالیدا سەپێنرا بو، بۆ رازی کردنی ئەرمەن سەبارەت بەو هاوکاریەی لەگەڵ روس دژی عوسمانی کرد بویان، وە بۆ تۆڵەکردنەوە لەکورد سەبارەت بەو هاوکاریەی لەگەڵ تورك دژی روس کرد بویان، لەمادەی(٦١)دا نوسیوێتی:

((بابیعالی بەڵێن ئەدا، لەناوچە ئەرمەنی نشینەکاندا، رێکخستن و چاککردنی کەپێویستەکانی ناوچەکە ئەیخوازن جێبەجێ بکا، وەسەلامەتی ئەرمەن لەکوردو چەرکەس بپارێزێ. بابیعالی ئەبێ بەردەوام دەوڵەتان لەو رێوشوێنانە ئاگادار بکا کەبۆ ئەم مەبەستە دایان ئەنێ و دەوڵەتەکانیش چاودێری جێبەجێ کردنی ئەو رێوشوێنانە ئەکەن)).

ئەم پەیمانە لەلایەکەوە بو بەهانەیەکی تر بەدەس روسیاو بەرتیانیاوە، بەناوی پاراستنی ئەرمەن و چاودێری داوودەزگاکانی عوسمانی لەجۆری جێبەجێ کردنی

پەیمانەکە، زۆرتر دەس وەربدەنە کاروباری ناوخۆی عوسمانییەوە، لەلایەکی ترەوە چەکێکی برندەی دایە دەس تورك بۆ ئەوەی کورد لەئەرمەن هان بدا. ئەو دو میللەتە بکەن بەگژیەکتریداو بەیەکتری بترسێنن.

شێخ عوبەیدوللا بەدوربینیەکی زیرەکانەوە هەولیدا بۆ ئەوەی گەلی کوردو دەس رۆیشتوەکانی نەکەونە ژێرکاتێکردنی پروپاگەندەی تورك و هەندێ فەناتیکی کوردەوە دژی گەلانی مەسیحی، بەتایبەتی ئەرمەنی. ئامۆژگاری خەلکی ئەکرد کەرەفتاری باش لەگەل مەسیحیەکان بکەن. خۆیشی مافەکانی ئەپاراستن و رێزی لێ ئەگرتن. بەردەوام هەولی ئەدا بۆ تێ گەیاندنی کورد لەپێویستی راگرتنی پێوەندی دۆستانە لەگەلیان. لەهەمان کاتدا لەهەول دانی بەردەوام دا بو بۆ ئەوەی گەلە مەسیحیەکان: ئەرمەنی و ئاسوری رابکێشێ بۆ دۆستایەتی و پشتیوانی و بەشداری لەبزوتنەوەکەدا دژی دەرباری قاجارو بابیعالی. شێخ لای وابو راکێشانی ئەوانە بۆ هاوکاری و بەشداربون لەبزوتنەوەکەدا جگەلەوەی بزوتنەوەکەی پێ بەهێزو ریزی ناوخۆی پێ پتەو ئەبو، ئارام و ئاسایشی لەکوردستاندا باشتر ئەپاراست و، پەکی پیلانەکانی تورکیای ئەخست بو نانەوەی دوبەرەکی لەبەینی ئەم میللەتە زۆرلێکراوانەدا. سەرەرای ئەوانەش گرنگیەکی گەورەی هەبو بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی روسیاو بەریتانیا لەجولانەوەکە، چونکە نفوزی روس لەناو ئەرمەنی و نفوزی ئینگلیزی لەناو ئاسوریدا بەهێز بو. هەلوێست لەوانە یا هەلوێستی ئەوان لەبزوتنەوەکە کاری سەلبی یا ئیجابی ئەکردە سەر هەلوێستی هەردو هێزی ئەوروپی لەبزوتنەوەکە.

لەکۆبونە فراوانەکەی تەموزی ١٨٨٠دا لەنەهری، کاتێك چەند کەسێ لەوانەی بەشدار بون بوئەوەی لەپێشدا (جەبهەی داخلی) پاك بکرێتەوە، پێشنیاری ئەوەیان کرد لەسەرەتاوە دەست بکرێ بەکوشتاری ئەرمەنی لەکوردستاندا، شێخ نەك ئەمەی پەسەند نەکرد بەلکو لەوەلامدا وتی:

((ئەگەر ئەستەمول هەتا ئەوساتە بەسەرزاری پشتی کوردی گرتبێت، ئەوە بەو مەبەستە بوە لەگاورەکانی ئەنەدۆل راستیان بکاتەوە، خۆ ئەگەر هاتو ئەرمەنەکان لەئەنجامی ئەو هەلوێستەدا تیاچون ئەوسا کورد لای کاربەدەستانی عوسمانی نرخیان نامێنێ و بەفلسێك نایان کرێ... ئەگەر راپەرینی کورد ئاراستەی ئەرمەنی بکرێ، ئەوسا دەولەتە ئەوروپاییەکان لەکورد راست ئەبنەوە...))[17].

شێخ چەند جارێ نامەو نوێنەری خۆی ناردە لای سەرۆکی کەنیسەی ئەرمەنیەکان لەباشقەلا بۆ ئەوەی((چاویان بەیەك بکەوێ، لەسەر دۆخی وڵات بدوێن‌و رێوشوێنی بەکەڵك بدۆزنەوە))[18].

هەروەها چەند جارێ نامەو نوێنەری خۆی ناردە لای مار شەمعونی گەورەی ئاسوریەکان[19].

لەم هەمو تەقەللایە مەبەستی ئەوە بو ئاسوریەکان‌و ئەرمەنیەکان وەکو کورد بەشداری جولانەوەکەی بن دژی دەوڵەتەکانی ئێران‌و عوسمانی، بۆ ئەوەی لەکوردستانی سەربەخۆدا لەچەوسانەوە رزگار بن‌و بەمافەکانی خۆیان بگەن.

شێخ عوبەیدوڵڵا لەکاتی هەڵاتنی‌دا لەئەستەمولەوە بۆ شەمزینان بەهەندێ لەناوچە ئەرمەنی نشینەکان‌دا تێ پەڕی، پیاوە گەورەکانی بیسنین، سەردانی کەنیسەکانی کرد، گفتوگۆی لەگەڵ کردن. ئەگەرچی شێخ نەیتوانی گەورە پیاوەکانی ئەو دو گەلە رازی بکا" ئەوانیش شان بەشانی کورد بەشداری تەقەللای دیپلۆماسی- چەکدار بن بۆ بەدیهێنانی ستراتیجەکەی چونکە کاربەدەستانی روس‌و ئینگلیز لەئەرزرۆم، وان، تەورێز، ورمێ.. هەر یەکە لەلای خۆیەوە ئامۆژگاری ئەرمەنی‌و ئاسوریەکانیان ئەکردو زۆریان بۆ ئەهێنان" بەشداری بزوتنەوەکە نەبن، یارمەتی نەدەن‌و هاوکاری نەکەن، بەڵکو لێی دور بکەونەوە[20].

بەڵام شێخ ئەگەر نەیتوانی بێ دۆستایەتی ئەو گەلانە بەدەس بهێنێ، ئەوا هیچ نەبێ توانی وایان لێ بکا لەململانێی کوردو دوژمنەکانی‌دا بێ لایەن رابوەستن.

٣/١/٢ پێوەندی لەگەڵ گەورە پیاوانی عەرەب

لەو کاتەوە لەشکری عەرەبی ئیسلامی فەتحی کوردستانی کرد، گەلی کورد بەدڵسۆزی موسوڵمان بو. زمانی عەرەبی کەزمانی قورئان بو وە گەلی عەرەب کە لەهەندێ قۆناغی مێژودا نەتەوەی دەسەڵاتدارو کاربەدەست بو لەناو کوردا لەچاو میللەتانی تردا رێزی تایبەتی‌و پایەی بەرزی هەبوە. ژمارەیەکی زۆر لەخێزانی سەیدو شێخ‌و مەلاو پیرو گەورە پیاوەکانی کورد، بەراست یا بەهەڵبەست، رەچەڵەکی خۆیان ئەبردەوە سەر عەشیرەت‌و بنەماڵەو گەورە پیاوە مێژوییەکانی عەرەب. شەرەفنامە دەیان نمونەی باس کردوە. گەلی کورد لەلای رۆژئاواو خواروی نیشتمانەکەیەوە هاوسێی عەرەب بو. جگەلە پێوەندی هاودینی‌و هاومەزەبی،

پێوەندی فەرهەنگیو بازرگانی بەهێزیش لەنێوان هەردو میللەتدا هەبوە. بگرە لەهەندێ شوێن تێکەڵاوی پێوەندی خزمایەتیش لەنێوان عەشیرەتەکانیاندا هەبوە.

شێخ عوبەیدوڵلاش گرنگی میللەتی عەرەبو گرنگی کاری شوێنو ناوەندە پیرۆزەکانی ئیسلامی لەولاتانی عەرەبیدا زانیوە بەتایبەتی چونکە خۆی کابرایەکی دینی بوە، بزوتنەوەکەشی دژی دەسەڵاتدارانی بوە، کەخۆیان بەپارێزەری موسوڵمانانی دنیا داناوەو هەمو راپەرینو یاخی بونێك لەحوکمڕانی خۆیان بە(لەدین دەرچون)ژماردوە، لەبەرئەوە شێخ عوبەیدوڵلا پێویستی بەوە بوە رەوایی بزوتنەوەکەی خۆیو دەرچونی کاربەدەستان لەرێوشوێنەکانی ئیسلامەتی بۆ ئەوان بسەلمێنێنێو، هەوڵ بدا پشتیوانی مەعنەوی- سیاسی گەلانی عەرەبو پشتیوانی گەورە پیاوەکانیان بەدەس بهێنێ. بۆ ئەم مەبەستە پێوەندی لەگەڵ چەندین شوێن کردوە، نامەو نێردراوی ناردۆتە لایان، لەوانە:[21].

-شەریفی مەککە[22]. کەزێوانی گۆڕی پێغەمبەرو شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام بوە، وەهەمو ساڵ دەیان هەزار کەس لەسەرانسەری ولاتانی ئیسلامیەوە بۆ بەجێ هێنانی ئەرکی حەج رویان تێ کردوە، کاریگەرترینو گرنگترین، ناوەندی کۆبونەوەی سالانەی موسوڵمانانی دنیا بوە. لەمەش دیارە مەبەستی بەدەسهێنانی پشتیوانی مەعنەوی-سیاسی کاربەدەستی پیرۆزترین ناوەندی ئیسلامی جێگەی رێز لێ نانی هەمو موسڵمانی دینا بوە.

-خدیوی میسر[23]ئەگەرچی لەو سەردەمەدا لاواز بو بو، کەوت بوە ژێر نفوزی دەوڵەتانی ئەوروپیەوە، بەلام میسر گرنگیەکی گەورەی فەرهەنگی هەبو، جگەلەوانە گرنگترین زانستگەی دینی- ئیسلامی(جامعه الازهر)لەقاهیرەدا بو.

-هەندێ لەگەورە پیاوانی عەرەب لەولایەتەکانی موسڵو بەغداد کەهاوسۆزی نفوزی سیاسیو دینی خۆی بون. هەندێ سەرچاوە وا رائەگەیەنن لەدوا راپەرینەکەی شێخدا نزیکەی ٥ هەزار عەرەبی ولایەتەکانی بەغدادو موسڵ لەناوچەکانی هەکاری بۆ هاوکاریو یارمەتی دانی شێخ عوبەیدوڵلا کۆبونەتەوە[24].

ئەگەرچی ئەم ژمارە گەورەیە رەنگە جۆرێ لەپێوەنانی تێدابێ، بەلام لەسەرێکەوە بەڵگەی نفوزی بەهێزی شێخە لەناو موسوڵمانی عەرەبدا، وە بەڵگەی رادەی پشتیوانی کردنی ئەوانە لەجولانەوەکەی شێخ دژی دەسەڵاتی عوسمانیو ئێرانی.

٢/٢ تەقەللای جێبەجێ کردن: کاری چەکدار
١/٢/٢ هێزەکانی کورد
هێزی چەکدار لەسەردەمی جەنگو لەسەردەمی ئاشتیدا گرنگی گەورەی هەیە بۆ گەلانو دەوڵەتان، بەڵکو فاکتەرێکی هێزی نەتەوەو هێزی دەوڵەتە. هەبونو نەبون، خورتیو لاوازیو چۆنایەتیو چەندایەتی هێزی چەکدار دەوری بڕیاردەری هەیە لەسەرکەوتن یا لەتێشکانی کاری سیاسیو کاری دیپلۆماسیدا، وە لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوە یا دەوڵەتێکدا. دەوڵەتان بۆ سەرکوتکردنی یاخی بونی ناوەکی، بۆ پاراستنی خۆیان لەدەستدرێژی دەرەکی، بۆ دەستدرێژی کردنە سەردەوڵەتانی تر هەمیشە پەنایان بردۆتە بەکارهێنانی زۆرو توندوتیژیو هێزی چەکدار. دەوڵەتان بۆ دامرکاندنەوەی راپەرینی رزگاری خوازانەی نەتەوەکانی ژێردەستەیان و گەلانی ژێردەستەش بۆ بەدەسهێنانی مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان، شان بەشانی کار لەمەیدانەکانی ترا، پەنایان بردۆتە بەر چەكو هێزی چەکدار.

بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردیش لەسەرەتاوە هەر ئەو رێگەیەی گرتو کردی بەشێوەی سەرەکی کاری خۆی بۆ بەدەسهێنانی ئامانجەکانی، بەڵام چونکە کورد دەوڵەتی نەبوە، نەریتی پێکهێنانی سوپاو لەشکرو جەنگیی نیزامییشی نەبوە، هەروەها بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی گەلی کورد لەو قۆناغەدا هێزێکی چەکداری رێکخراوی نەبوە. لەناو کوردا نەریتی شەڕی ناوخۆی خێڵەکان لەگەڵ یەکتری، نەریتی بەرەنگاری هێزی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان، نەریتی جەردەییو رێگرێو یاخی بون لەکاربەدەستانی بێگانە هەمیشە هەبوە، چەك خشڵی خورازاندنەوەی پیاوان بوەو نرخێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی تایبەتی هەبوە لەلای هەمو کەس. ئازایەتیو نەترسانو لەخوبران، جوامێریو دلێریو بوێری رەوشتی پەسەند بون. لەکۆنەوە خەڵك هەوڵی خۆ چەکدارکردنیان داوە، بەتایبەتی خۆپاراستن ئەرکێ بوە هەر کەسە لەملی خۆی بوە، چونکە دەسەڵاتدارانی رۆمو عەجەم سەرو سامانی خەڵكو ئاسایشی وڵاتیان نەپاراستوە. دەرەبەگەکانی کورد، ئاغاکانی چ ئەوانی رەوەندو چ ئەوانی نیشتەجێ بون، سەرەڕای ئەوەی خۆیان چەکدارو دەستەیەك نۆکەری کەم یا زۆری چەکداری تایبەتی خۆیان هەبوە. زۆریان لەپیاوەکانی خێڵەکەیان کردوە بۆ کڕینو پەیداکردنی چەك. هەبونی

ژمارەی زۆرتری چەکدار. نیشانەی پایەی بەرزو زۆریی دەسەڵاتی ئاغاکە بوە لەناوچەکەو لەناو دراوسێکانیدا.
کوردستان وڵاتێکی پیشەسازی نەبوە. کارگەی دروستکردنی چەکی تیا نەبوە. لەنیوەی یەکەمی قەرنی ۱۹هەمدا بەدرخان پاشا لەجزیرەی بۆتانو میر محەمەدی سۆران لەرەواندوز بناغەی کارگەی دروستکردنی چەك: خەنجەر، دەمانچە، تفەنگ، تۆپ.. یان دانا. بەڵام لەپاش داگیرکردنەوەی کوردستان ئەو کارگانەش نەمان. کارگەی دروستکردنی چەك لەئێرانو تورکیاش نەبوە. ئەوانیش تۆپو تفەنگیان لەدەوڵەتانی ئەورووپی کڕیوە. چەکی شانی کورد بەگشتی خراپو دواکەوتو وکۆن بوە، مەگەر تاکوتوك چەکی باشو نوێیان هەبو بێ. چەکەکانیان تفەنگی کۆنی پلیتەدار، هەندێ تفەنگی لەبابەتی ئەوانەی دەستی ڕۆمو عەجەم، خەنجەر، زەرگ، کوتەك... بوە.
لەتەموزی ۱۸۸۰ەوە شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی کرد بەسازدانی هێزی چەکداری خێڵەکانی شەمزینان، گەوەر، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ، شنۆ، سەردەشت، سابڵاخ.. بەتایبەتی خێڵەکانی مەنگوڕ، مامەش، پیران، زەراز، شکاك، گەورك، موکری" دیبوکری.
ئەم هێزانە کەسەرچاوەیەکی ئاگاداری وەکو ظل السلطان[۲۵] بە ۳۰هەزار سوارەو پیادەی خێڵەکوردەکانی تەقدیر ئەکا، کەموکوڕی کوشندەیان هەبو:
۱-هەبونەتی ئەرکان یا سەرکردایەتیەکی شارەزای زانستەکانی جەنگو تەجروبەی جەنگینی نیزامی نەبو.
۲-لەدەستەو تیپی لەیەکچودا بێ گوێدانە خێڵو ناوچە کۆنەکرابونەوەو ڕێك نەخرا بون، بەڵکو هێزی هەر خێڵە پێکەوە بەفەرماندەیی سەرۆکی عەشیرەتەکەیان کۆبوبونەوە.
۳-نەفەرماندەکانی هێزەکەو نەجەنگاوەرانی لەشکرەکە مەشقی جەنگی دانەدرا بون.
٤-چەکی قورسیان نەبو، چەکەکانی تریان بەزۆری خراپو کۆنو بەشێکیشیان چەکی ئاگرداریان هەر نەبو.
٥-خۆراكو جلوبەرگو پێویستیەکانی تریان ئەبو لەلایەن خۆیانەوە دابین بکرێ.
٦-لەشکرێکی ناڕێکوپێك، مەشق نەدیو، بێ دیسپیلین، بێ تەجروبە... بەئارەزوی خۆیان کۆبوبونەوەو بەئارەزوی خۆیشیان بڵاوەیان لێ کرد.

٢/٢/٢ قشونی ئێران

ئێران لەچەند قەرنی پێشەوە خاوەنی قشون بو. لەسەرەتای قەرنی ١٩هەمدا لەجەنگی روسی-ئێرانیدا عەباس میرزا سەرکردایەتی هێزەکانی ئێرانی ئەکرد، بۆی دەرکەوت جەنگ لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەوروپی بەبێ فێربونی زانستی جەنگو چەكو مەشقی نوێی ئەوروپیەکان کارێکی دژوارە. ناپلیۆن دەستەیەك ئەفسەری فەرەنسی بۆ رێکخستنەوەی قشونی ئێرانو مەشق پێ کردنی بۆ ناردن، بەریتانیا بۆ ئەوەی نفوزی فەرەنسە نە تەنێتەوە بۆ ناوچەکە کارێکی وای کرد کە لەباتی فەرەنسیەکان ئەفسەرانی ئینگلیزی بێنە ناو قشونی ئێرانەوە. بەپێی باشو خراپی پێوەندیەکانی دەرباری قاجار لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپی" ئەفسەرانی ئینگلیزی، ئیتالی، فەرەنسی، مەجارستانی، روسی، نەمسەیی هاتون بۆ ئێران بۆ رێکخستنەوەی قشونی ئێرانی لەسەر شێوەی سوپاکانی ئەوروپا[٢٦].

لەدوا چارەکی قەرنی ١٩ هەمدا هێزە چەکدارەکانی ئێران ٣ جۆر بون"

١-سوارەی میلیشیا، کەپێك هات بو لەهێزی تیرەو خێڵی شوێنە جیاوازەکانی ئێران بەسەرکردایەتی سەرۆکەکانی خۆیان کۆئەکرانەوە.

٢-قشونی ئێران لەسوارە، پیادە، تۆپخانە کەبەلاسایی کردنەوەی سوپاکانی ئەوروپا رێك خرابون، مەشق درابون چەکدار کرابون.

٣-هێزێکی تری شێوە نیزامی تفەنگدار کەبۆ پاراستنی سەرو سامانی کاربەدەستان لەخەڵکی ناوشارەکان پێك هات بو.

قشونی ئێرانی ئەبو لەنزیکەی ١٠٠ هەنگ پێك بێ. هەر هەنگێکیش ئەبو ٨٠٠ تا ١٠٠٠ کەس بێ. بەڵام لەراستیدا وەکو کیزن ئەڵێ لە٦٠٠تا ٧٠٠ کەس پێك ئەهاتن. ئەو شوێنانەی ئەم هەنگانەیان لێ دائەمەزرێنرا بریتی بون لە:٢٦ هەنگ لەئازربایجان، ١٢ هەنگ لەخۆراسان، ٧ هەنگ لەمازندەران، ١٠هەنگ لەگەیلان، ٥ هەنگ لەئەسفەهان، ٥ هەنگ لەخەمسە، ٤ هەنگ لەدەماوەند، ٣ هەنگ لەقەزوین، ٤ هەنگ لەکرماشان، ٦ هەنگ لەکزازو زاهان، ٤ هەنگ لەهەمەدان، ٢ هەنگ لەلورستان، ١ هەنگ لەهەریەکێ لەگەروس، گوڵپایەگان، مەلایەر، نەهاوەند، کوردستان.

ناوەندی پادگانەکانی قشون لەم شوێنانە دامەزرابون: تەورێز، تاران، میاندواو، ئەردەبیل، سابلاخ، مەشهەد، سەرخەس، توستاباد، نەسرەت ئاباد،

قاین، ئەنزەلی، ئەسفەهان، موحەممەرە، کەلات، بوشەهر، بەندەر عەبباس، شیراز، سنوری بلوجستان، سنوری کوردستان، سنوری روسیا[27].

دەزگا ئێرانیەکان لە((سالنامە))ی رەسمی خۆیاندا، تێکرای هێزی چەکداری ئێرانیان دائەنا بە ۲۰۰هەزار کەس لەوانە ۱۵۰ هەزار نیزامیو ۵۰ هەزار میلیشیا، کەیزن ئەم ژمارە گەورەیە بەخۆهەڵ کێشانێکی ناڕاستی دامودەزگاکانی ئێران دا ئەنێ، چونکە خۆی هێزەکانی ئێران، ئەوی کەبەکردەوە لەڕێزی قشوندا بون، بە۳۰هەزار کەس تەقدیر ئەکا.

لەچەکی قورسدا تۆپخانەی ئێران خاوەنی ۱٦٤ تۆپی باشو بێ کەڵکی جۆراوجۆر بوە بۆ پێگەیاندنی ئەفسەریش لەسەر رێوشوێنی فەرەنسی((کۆلیجی سەڵتەنەتی)) هەمو ساڵ چەندین ئەفسەری پەروەردە ئەکرد[28].

۳/۲/۲ دانانی رێوشوێنەکانی راپەڕین

۱-هەڵبژاردنی مەیدانی راپەڕین

شێخ عوبەیدوڵڵا پلانی راپەڕینەکەی وەها دارشت کەهێزە چەکدارەکانی لەپێشدا هەوڵی ئازادکردنی کوردستانی ئێران بدەن، ئینجا هەوڵی رزگارکردنی کوردستانی عوسمانی بدەن، لەبەرئەم هۆیانە:

۱-ئێران لەتورکیا لاوازترە.

۲-هێزەکانی ئێران لەو کاتەدا(بەپێی ئاگاداری شێخ) بەشەڕی خێڵە تورکمانەکانەوە خەریکە.

۳-بەشێکی هێزەکانی ئێران کوردن، بەهیوای ئەوە بوە ریزی دوژمن بەجێ بێڵن بێنە پاڵ لەشکرەکەی ئەو.

٤-کوردستانی ئێران ئەرزێکی دەوڵەمەندو بەپیتە، ئەتوانێ ببێتە بنکەیەکی باش بۆ خۆسازدان بۆ ئازادکردنی کوردستانی عوسمانی.

۵-هەروەها زوڵمو زۆری عەجەم، باجو سەرانەی زۆر، جەریمەکردنو سزادانی ناڕەوا، ئابڕوبردنو سوکایەتی پێ کردن، کوشتنو لێدانو راونان... لەکوردستانی ئێراندا گەیشتۆتە رادەی ئەقینەوە.

شێخ ناوچەکانی خوارو رۆژئاوای دەریاچەی ورمێی هەڵبژاردو بۆ مەیدانی لەشکرکێشیو راپەڕین دژی دەسەڵاتی ئێرانی، ئەو ناوچانەی تێکەڵاوبون لەکوردو ئازەری کەمایەتی دینیو، لەکۆنەوە مەیدانی ناکۆکی سەختی مەزەبیی: سوننی- شیعیو، ململانێی خوێناوی نەتەوەیی: کورد- ئازەری بو.

بۆچی ئەم مەڵبەندەی، کەوەکو مـوزائیکی دیـنو مـەزەبو زمـانی جیـاواز بـۆ هەڵبژاردو ناوچەیەکی تری کوردستانی ئێرانی هەڵنەبژارد کەتەبایی نەتـەوەیی‌و دینی‌و مەزەبیی تیٚدا بیٚ؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نیە.

٢-جوڵاندنی هێزو قۆڵەکانی

هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بریتی بو لەپیاوگەلی هۆزە کوردەکانی شەمزینان، تەرگـەوەر، مەرگـەوەر، زەرزا، پـیران، مامـەش، مـەنگوڕ، گـەورك، مـوکری، دیبوکری...

شـێخ لەماوەیـەکی کـورتدا هـەمویانی سـازداو لـەدو قۆڵـەوە جوڵانـدنی، قۆڵێکیان بەناو موکریاندا بەسەر بناو و میانـدواو نەغـەدەو بـەرەوژورو، ئـەوی تریان بەناو برادۆستدا بۆ سەر ورمێو بەرەوژورو[٢٩].

قۆڵی یەکەمیان: بەسەرکردایەتی شـێخ عەبـدولقادر(١٨٥٧-١٩٢٥)کـوڕی یەکەمی شێخو هەمزاغای مەنگوڕ بە١٥٠سوارەوە لەشەمزینانەوە بـەڕیٚ کـەوتن بۆ مەرگەوەڕو لەوێوە بۆ شـنۆ. لەسـەر داوای هـەمزاغا ٨٠٠ سـواری مـەنگوڕ بەسەرۆکایەتی کاکەللای برایو ٣٠٠ سواری پیران بەسـەرۆکایەتی مامەنـداغاو ٣٠٠ تفەنگچی بەسەرۆکایەتی رەسول ئاغا کۆبونەوە لەشنۆ. هەمزاغا هـەوڵیدا هەمو سەرۆکی هۆزەکانو هۆزەکانیان لەژێر ئـاڵای شـێخدا کۆبکاتـەوە. هـەوڵی زۆری لەگەڵ محەمەد ئاغای مەزنی مامەشو بیـوك خـانی گـەورەی قـەرەپاپاخدا کەئەوانیش بەشداری راپەڕینەکە بن. محەمەد ئاغا لەسـابلاخ هـەوڵێکی زۆریدا کاربەدەستانی عەجەم لەمەترسیو گەورەیی بزوتنەوەکـە هۆشـیار بکاتـەوە، بـۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە رێی تەشەنەکردنی بگرن. دوای ئەوەی لەوان نائومێد بـو، راپەڕینەکە پەرەی سەند ئەوسا ئەویش بەناچاری تێکەڵاو بو.

ئەم هێزە لەشنۆوە بەرەو لاجان، پیران، سابلاخ بەڕیٚ کەوتن. بەدرێـژایی رێگـا خەڵك ئەهاتن بەپیریانەوە، پیاوەکانیـان تێکـەڵاوی لەشـکرەکە ئـەبون، خـەڵکی سابلاخ بەدەهۆڵو زوڕناو بـەئاڵاوە چـون بـۆ پێشـوازی شـێخ هێزەکـەی. هـەمو مەڵبەندی موکریان بەبیٚ بەرەنگاری هێزی ئێرانی ئازاد بـو. شـێخ عەبـدولقادر بارەگای سەرکردایەتی لەکەناری چـەمی سـابلاخدا دامـەزران. چـەندین هـەزار کەسی پیرو لاوی چەکدارو بێچەکی تێکەڵاو لەدانیشتوانی سەرانسەری ناوچـەکە لەشێخ عەبدولقادر کۆبونەوە. بەپێی هەندیٚ سەرژمێر لەماوەی ئەو چـەند رۆژەدا

٩هەزار سوارو ٨ هەزار پیادەو چەند هەزارێکیش بۆ تالآن کۆبونەوە. ئەم ژمارەیە ئەگەر پێوەنانیشی تێدا بێ ئەندازەی جەماوەری بونی راپەڕینەکە دەرئەخەن.

شێخ عەبدولقادر، میرە بەگی خالۆی بە٢٠٠ سوارەوە وەکو بەرایی لەشکر رەوانەی میاندواو کرد. میرە بەگو سوارەکانی لەرێگا کەوتنە بۆسەی عەلی خانی حاکمی مەراغاوە. میرە بەگ کوژراو سەریان بڕی. هێزەکانی کورد لەمە زۆر تورە بون. هێرشێکی توندیان کردە سەر میاندواو.

٢٦ی شوالی ١٢٩٧میاندواو دوای شەڕێکی خوێناوی گیرا. لەم شەڕەدا چەند سەد شیعە کوژران. هەندێ لەخانوو بازاڕی میاندواو دوای تالآن کردن سوتێنران.

٤ زی ئەلقعدە هێزی کورد لەمەلەك کەندیەوە بەرەو بناب بەرێ کەوت. خەڵکی بناب چونکە هەواڵی کوشتارو سوتاندنی میاندواویان بیست بو هەمو خۆیان بۆ بەرگری ئامادە کرد بو. مەلا عەلی قازی، کەئاخوندێکی شیعە بو، کەوت بوە هاندانو سازدانی خەڵکی بنابو بۆ بەرهەڵستی کورد. خەڵکی بناب بەرگرییەکی ئازایانەیان لەخۆیانو شارەکەیان کرد. چەند هێرشی کوردەکانیان شکاند. هاوزەمان لەگەڵ سەرنەکەوتنی ئەم هێرشانەدا، هێزێکی ئێرانی بەسەرکردایەتی ئعتماد ئەلسەڵتەنە کەپێك هات بو لە٦ هەزار پیادەو ٢٥٠٠سوار گەیشت بونە نزیك بنابو بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکە. هێزەکانی شێخ لەگرتنی بناب نائومێد بونو کەوتنە بڵاوە لێ کردنی نارێکوپێك. شێخ عەبدولقادر کشایەوە مەلەك کەندیو لەوێوە بۆ سابڵاخ.

٢٧ زی ئەلقعدە کونسوڵی ئینگلیز، ئابوت لەورمێوە گەیشتە سابڵاخ. نامەی شێخ عوبەیدوڵڵای هێنا بو لەوێوە رەوانەی تەورێزی بکەن. شێخ عەبدولقادر بۆ پاراستنی هەمزاغای فەتاحی بە١٥٠ سوارەوە لەگەڵ نارد تا نزیك بناب بەرێیان کرد. ئابوت لەوێ فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی دیو هەرچی ئاگاداریەکی لەسەر هێزەکانی راپەڕینەکە هەبو بەئێرانیەکانی وت.

لەسەرەتای زی ئەلحجەدا قشونی بەسەرۆکایەتی ئعتماد ئەلسەڵتەنە لەبنابەوە بەرەو سابڵاخ جولا بۆ دوکەوتنی هێزی شۆڕش. لەهەمان کاتدا ٥٠٠ کەسی شاهسیۆن بەسەرۆکایەتی فرجی خانو نەجەفقلی خانی یورتچی کەلەتەورێزەوە بۆ یارمەتی دانی هێزی دەوڵەت هات بون تاگەیشتنە سابڵاخ بەهەر کوێدا رائەبوردن تالآنیان ئەکرد.

هێزەکانی عەبدولقادر نەیان توانی لەبەردەم هێزەکانی دەوڵەتدا رابوەستن. کەوتنە کشانەوە بەرەو شنۆ.

قۆڵی دوەمیان: بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی.

شێخ پێشتر هێزێکی بەسەرکردایەتی شێخ محەمەد سدیق کوڕی دوەمی‌و خەلیفە محەمەد سەعید نارد بوە ناوچەکە بەهاوکاری شێخ محەمەد ئەمین کەیەکێ لەگەورەکانی کوردی ئەوێ بون، کەوت بونە سازدانی هێز.

١٤ی زی ئەلقعدەی ١٢٩٧ شێخ عوبەیدوڵڵا بەهێزێکی گەورەی ئیلاتەوە لەمەرگەوەڕەوە بەرەو ورمێ بەرێ کەوت. بۆ حەسانەوە چەند سەعاتێ لەبارانەدوز لایدا. لەوێوە راستەوخۆ چو بۆ گوندی سیری نزیکی شاری ورمێ. هێزەکانی نزیکەی ١٢ هەزار کەس ئەبو. لەوکاتەدا هێزێکی ئەوتۆ لەورمێ نەبو بیپارێزێ. فەوجەکانی ئەفشار بەفەرماندەیی ئقبال ئەلدەولە لەقەڵای بدلبو هەڵیاندا بو. شێخ ئەو هەلەی لەدەسدا. لەباتی ئەوەی یەکسەر هەڵبکوتێتە سەر ورمێ‌و بیگرێ. لەوێ راوەستاو رۆژی دوایی دو نامەی نوسی“ یەکێکیان بۆ میر جەمال ئەلدین ئاغای شێخ ئەلسلامی ورمێ‌و ئەوی تریان بۆ میرزا حسێن ئاغای مجتهد. شێخ لەنامەکانی‌دا داوای لێ کرد بون هاوکاری لەگەڵ بکەن. شار بەبێ شەڕ بەدەستەوە بدەن، سیورساتی لەشکرەکەی دابین بکەن، ئاگاداری کرد بون، تەنیا دو رۆژ لەوێ ئەمێنێتەوە لەمزگەوتی جامعی نوێژیان لەگەڵ ئەکاو لەوێوە ئەچێتە سەر تەورێز.

ئەوانەش کەڵکیان لەنامەکەی شێخ وەرگرت بۆ دواخستنی هێرشەکەی تا رێوشوێنی پاراستنی شارەکەیان دابنێن‌و ئاگادری ئقبال ئەلدەولەو کاربەدەستانی تری ئێران بکەن، لەوەڵامدا داوایان لەشێخ کرد ٣ رۆژ مۆڵەتیان بداتێ بۆ ئەوەی خەڵك ئاگادارو خۆیان بۆ پێشوازی ئامادە بکەن. شێخ دو رۆژ مۆڵەتی دان، بەڵام ئاخوندەکانی ورمێ لەباتی ئەوەی شار بۆ پێشوازی شێخ ئامادە بکەن، کەوتنە خۆسازدان‌و قایم کردنی دیوارو بورج‌و باروی شار بۆ بەرهەڵستی‌و نامەشیان بۆ ئقبال ئەلدەولە نارد بەزویی بگەڕێتەوە، مشوری پارێزگاری ورمێ لەهێرشی چاوەڕوانکراوی شێخ بخوا.

هێشتا مۆڵەتی شێخ تەواو نەبو بوو ئقبال الدولەو فەوجەکانی بەر فەرمانی گەیشتنەوە ورمێ. شێخ محەمەد ئەمین‌و خەلیفە محەمەد سەعیدیش بەهێزەکانیانەوە گەیشتنە لای شێخ. ئەو هێزانەی لەشێخ کۆبوبونەوە، وەکو

هەندێ سەرچاوە ئەڵێن، خۆی لە ٣٠ هەزار کەس ئەدا[٣٠]. ئەم ژمارەیە ئەگەر پێوەنانیشی تێدا بێ دیسان رادەی قوڵی رەگی راپەڕینەکەی لەناو گەلی کوردا دەرئەخا.

ئقبال ئەلدەولە دەسبەجێ کەوتە دانانی رێوشوێنی پارێزگاری شار. مزگەوتی یورد شای کردە بارەگای فەرماندەیی. جگە لەهێزە نیزامییەکانی، هەمو ئاخوندو بازرگانو گەورەکانی ورمێ لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە دەستیان دایە چەكو بەسەر دەروازەو بورجو بارو وگەڕەکەکانی شاردا دابەش بون بۆ بەرهەڵستی هێرشی کورد. ناکۆکیەکە بەتەواوی رەنگی مەزهەبیی و نەتەوەیی بەخۆیەوە گرت بو. هەمو کوردی سوننە لەلایەكو هەمو عەجەمی شیعەش لەلایەك. بۆچی راپەڕینی رەوای کورد بەو جۆرە لەلایەن گەلی ئازەرییەوە دوژمنایەتی کراو بەرلەوەی هێزەکانی دەوڵەت سەرکوتی بکەن ئەوان بەرەنگاری راوەستان؟ رەنگە وەڵامی ئەمە لەبەشەکانی یەکەمو دوەمی ئەم باسەدا دەربهێنرێ.

شێخ عوبیدوڵلا تێ گەیی مۆڵەتەکەیان بۆ بەدەستەوەدانی شار نەبو، بەڵکو بۆ تەفرەدانی ئەوو بۆ بەسەربردنی کات بوە تا خۆیان بۆ بەرگری ئامادە بکەن.

شەوی ١٨ ی زی القعدە یەکەمین هێرشی کورد بۆ سەر ورمێ دەستی پێ کرد. ئقبال ئەلدەولەو هێزەکانیو خەڵکی ورمێ زۆر بەتوندی بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. هێرشەکە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەس نەهێنا.

هەرچەندە لەنێوان شێخ عوبەیدوڵلاو ئقبال ئەلدەولەدا چەند جارێ نامە ئاڵوگۆڕ کراو، چەند جارێ نوێنەرانی خەڵکی ورمێ چونە لای شێخ بۆ مۆڵەت وەرگرتنو کونسوڵی ئینگلیزیش ویستی ناوبژی بکا، بەو هۆیانەوە جاروبار شەڕ رائەوەستا، بەڵام پێکادان وەکو لەشەوی ١٨ی مانگەوە دەستی پێ کرد بو تا رۆژی ٢٨ی زی ئەلعقدە لەبەردەمی دیوارو قەڵاو بورجو باخەکانی ورمێدا درێژەی کێشا، بێ ئەوەی هێزەکانی کورد بتوانن شارەکە یاهەندێ گەڕەکی بگرن. ئقبال ئەلدەولە بەهیوای گەیشتنی هێزی یارمەتی ئێران ئەی ویست کاتەکە بەسەر بەرێ. هێزەکانی کورد زیانی گیانی زۆریان لێ کەوت بو. هەر لەهێرشی شەوێکیاندا وەکو عەلی ئەفشار نوسیوێتی ئەبێ نزیکەی ٢٥٠٠کورد کوژرا بێ.

٢٩ی زی ئەلعقدە ئەمیر تیمور پاشا خانی سەرداری ماکۆ بە٦ هەزار سوپاییانی خویو سەلماسو ماکۆ لەچیمەنی درشکی سەلماسەوە بەرەو ورمێ جوڵاو هەمان رۆژ گەیشتە قوشچی. شێخ عوبەیدوڵلا هەمو هێزەکانی بردە قەڵای

ئیسماعیل ئاغا بۆ ئەوەی رێ لەتیمور پاشا خان بگرێ. یەکەمین پێکدادانی هێزەکانی ئەمیر تیمورو شێخ عوبەیدوڵلا لەقیزلار قلعە بەقازانجی ئێران تەواو بو. ئەمیر تیمور بەرەو ورمێ کەوتە رێو لەدەرەوەی شار بارگەی خست. هێزەکەی تیمور پاشا هەر ئاواییەکی لەسەر رێدا بوو تالآنی کردو هەمو ئەوانەشی سەر بڕی کە لەهێزەکەی شێخ بە دیل گرت بونیو، کەللەکانی وەکو نیشانەی سەرکەوتنی خۆی نارد بۆ تەوریز.

شێخ هێزەکانی رێك خستەوە. لەئێوارەی ٤ زی ئەلحجەدا لەکێوی جهودلرەوە کەئەیڕوانی بەسەر ئۆردوگاکەی تیمور پاشا خاندا هێرشێکی سەرنەکەوتویان کرد. هێزی عەجەم هێزەکانی راپەڕینەکەی شکاندو بەرەو دواوە راوی نا. هێزەکانی شێخ جارێکی تریش لەهەمان شوێنەوە پەلاماری ئۆردوگاکەیاندا، بەڵام ئەمجارەش بێ هودە بو.

هاوزەمان لەگەڵ بەخۆکەوتنی جەنگیی دەرباری قاجارو سازدانو بەرێ کردنی قشونو میلیشیای ئیلات بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکە، تەقەللا دیپلۆماسیەکانی شا سەرکەوتنی بەدەس هێنا. لەلایەکەوە ئەلیکسەندەری دوهەم فەرمانیدا بەهێزەکانی روسیە لەقافقاس بچێتە سەرسنوری ئازەربایجانی خوارو، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەقازانجی ئێران خۆیان لەجەنگ هەڵقورتێنن. لەلایەکی ترەوە گەلە کۆمەکیی دیپلۆماسی، روسی، بەریتانی، ئێرانی لەئەستەموڵ توانی بابیعالی ناچار بکات، هێزەکانی خۆی لەموش، بتلیس ئەرزروم، ئەرزنجان، وان کۆبکاتەوە بەرەو هەکاریو مەڵبەندەکانی راپەڕینی بنێرێ، شوێنی ستراتیجیەکان بگرنو سنوری ئێرانی- عوسمانی قایم بکەن.

٤/٢/٢ کشانەوەو تێشکان

هێزەکانی هەردو قۆڵەکە پشێوی تەواویان تێ کەوت. هەندێکی دوای بەدەس هێنانی تالآن بێ پرس گەڕانەوە ماڵی خۆیان. هەندێ ورەی بەرداو لەترسی گەیشتنی هێزەکانی ئێران بڵاوەیان لێ کرد. هەندێکیشیان بەنهێنی یا بەئاشکرا ریزی راپەڕینیان بەجێ هێشتو. دایانە پاڵ دوژمن.

هێزەکانی ئێران کەوت بونە راونانی هێزەکانی راپەڕین. لەهەمان کاتدا بەتوندی کەوتنە سزادانی بەکۆمەڵی خەڵك. دانیشتوانی گوندەکانیان بەزۆری ئەکوشت. ماڵو داراییان تالآن ئەکردنو ئاواییەکانیان ئاگر ئەدان، ئەو خەڵکەی توانی لەپەلامار رزگار ببێ پەنایان بردە بەر ناوچە شاخاویەکانی سەرسنوری

عوسمانی- ئێرانی. هێزەکانی هەردو قۆڵەکەی لەشکری شێخ بەناڕێکوپێکی بڵاوەیان لێ کرد. شێخ عوبەیدوڵلاو عەبدولقادرو محەمەد سدیقی کوڕی لەگەڵ هەندێ لەهێزەکانی لەمانگی زی الحجە ۱۲۹۷(تشرینی دوەمی ۱۸۸۰)لەسنور پەڕینەوە بۆ ناو خاکی عوسمانیو گەڕانەوە بۆ ناوچەی شەمزینان. هەمزە ئاغاش بەچیای قەندیلدا ئاوای دیوی مەنگوڕایەتی بو.

پلانی جەنگی ئازادکردنی کوردستانی ئێران بەتێشکان دوایی هات. لەشکری راپەڕین نەیتوانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێ لەئازادکردنی شاری گرنگ یا شوێنی ستراتیجیدا، تەنانەت راپەڕینەکە نەتەنیەوە بۆ ناوچەکانی سنەو کرماشان کەبەشێکی گرنگو فراوانی کوردستان بو.

هەروەها لەبەر ناڕێکوپێکیو بێ دیسپلینیو بێ سەروبەری نەیتوانی لەچەن هەفتەیەك زیاتر خۆی رابگرێ چ بۆ هێشتنەوەی ئەو شوێنانەی ئازادکرا بونو لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بون. چ بۆ بەرەنگاری شکاندنی هێرشی قشونی ئێران.

لەبەر نەشارەزایی لەزانستەکانی جەنگو تاکتیکەکانیدا نەیتوانی جەنگی نیزامی لەگەڵ قشونی ئێران بکا. هەروەها نەیتوانی درێژە بەکاری چەکدار بدات بەشێوەی جەنگی پارتیزانی.

قشونی ئێران وەکو کیرزن نوسیوێتی کەپێکهات بو لە۲۰هەزار کەسو چەند عەرادەیەك تۆپ بەسەرکردایەتی حشمت الدولە[31] کەوت بوە رێ بۆ دامرکاندنەوە راپەڕینەکە. حشمت الدولە لەرێگا مرد. لەبەرئەوە ناصرالدین شا فەرمانیدا بەمیرزا حسێن خان سەرکردایەتی عملیاتەکە بگرێتە ئەستۆ. چەند ئەفسەرێکی نەمسەییش لەناو قشونی ئێراندا بون. سوپاسالار گەیشتە سلدوز. کۆتایی هێنا بەسزادانی بەکۆمەڵی خەڵك" کوشتارو تاڵانو ئاگردانی ماڵو ئاوایی. رۆژی ۱۲ی محەڕەم ئەلحەرام گەیشتە ورمێ. لەوێ کەوتە رێکخستنەوەی کاروباری ناوچەکە. میرزا رەزا خانی سەرتیپو معین الصدارە ومیرزا هاشم خانی سەرپەرشتی ئەرمەنیەکانی نارد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانی دەربارەی شێخ عوبەیدوڵلاو هاوکارەکانی[32].

۵/۲/۲ گفتوگۆ لەگەڵ تورك

کاربەدەستانی تورك ئەیان ویست شێخ بەخۆشی بخەنە داوەوە. کەوتنە هاتوچۆ بۆ لایو گفتوگۆ لەگەڵی بۆ ئەوەی بیبەن بۆ ئەستەمولّ" شێخ ئەبێ خۆی هیوای

بەبەڵێنەکانی تورك هەبو بێ. چونکە بەو بۆنەیەوە ئەم نامەیەی بۆ کوردەکانی سنورو بۆ ئاوارەکان نوسیوە:

((لەپاش پێ ڕاگەیاندنی سەلامی موشتاقانە

هەر کات لەڕوی خۆشەویستیەوە ئەحواڵی ئەم لاپپرسن بحمداللە کارەکان لەلایەن لای بڵندی دەوڵەتی باڵاوە بەئارەزوی دڵی خۆشەویستانە. لەمڕۆژانەدا جەنابی سەعادەت مەئاب ئەحمەد بەگ یاوەری حزوری هومایۆنی حەزرەتی شاهانە، خلد الله ملکە، بۆ هەندێ کاروباری نهێنی نێردرا بوە ئێرە، هاتو والحمدلله لەهەمو رویەکەوە کارەکان رو بەرێگەو بەپێی مەبەستە. ئەگەر نیفاقی ئەهالی کوردستان و بێ سەبری ئاوارەکان نەبێ کار بەئەنجام گەیشتوەو دروست بوە. چونکە هەمو دەوڵەتان حکومەتی عەجەمیان بەناهەق دانـاوەو هەقیان بەئێمە داوە. بڕیار وایە کوردستان تەسلیمی خۆمان بکەن. لەبەرئەوەیە عەجەم شڵەژاون و هەوڵی ئیستیمالەتی ئاوارەکان ئەدەن، هەڵبەت ئەوەندەی لەتوانای ئێوەدا بێ ئەبێ هەوڵی ئیتیحادو ئیتیفاقی کوردستانی ئەولا بدەن و ئاوارەکان تەقویەو تەوسیە بکەن کەئارام بگرن و بێ سەبری نەکەن و بەدرۆو دەلەسەی ئێرانیەکان هەڵ نەخەڵەتێن و هەرکەس بێ ئیزن و ئیجازەی ئێمە هاتوچۆ بکاو بگەڕێتەوە بەدوژمنی گەورەی ئێمە دائەنرێ.

چاوەڕوانی وەڵامی سەلامەتی و مەرجوعاتم[٣٣]

کاربەدەستانی تورك هێزێکی زۆریان هێنابوە ناو کوردستانەوە. لەباتی ئەوەی کوردستان تەسلیمی شێخ بکەن وەکو گفتیان پێدا بو، بەگیاوی ڕەوانەی ئەستەموڵیان کردو لەوێ دەسبەسەر دایان نا.

٣/٢ تەقەللای جێبەجێ کردن: کاری دیپلۆماسی

١/٢/٢ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: مەیدانی تەراتێنی ڕوس و ئینگلیز

لەدوا چارەکی قەرنی ١٩ هەمدا دەوڵەتە ئەوروپیەکان لەبواری پیشەسازیدا لەپێشکەوتنی خێرادا بون. بۆ بەدەسهێنانی بازاڕی ساخکردنەوەی کەلوپەلەکانیان و، بۆ بەدەسهێنانی کەرەستەی خاوی پێویست. لەململانێیەکی سەختی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی...دا بون لەپێناوی دابەش کردنی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقادا بەناوچەی نفوزی خۆیان.

بەریتانیا هیندستانی کردبوە کۆلۆنی خۆی. پارو پارو چەندین شوێنی ستراتیجی لەسەر ڕێگای نێوان بەریتانیاو هیندستاندا لەدەوڵەتی عوسمانی

داگیرکرد بو. مالّتا(١٨٠٠)، عەدەن(١٨٣٩)، قوبروس(١٨٧٨)، قەناتی سویس(١٨٨٣). دوایی تریش ئەمارەتەکانی تری خەلیجی فارس.

روسیاش لەفراوانخوازی بەرو خواری خۆیدا لەچەند شەڕێکدا ئێرانی شکاند بو. پەیمانی گولستان(١٨١٣)ی بەسەرا سەپاند. لە١٨٢٩دا دیسانەوە روسیە بیانوی بەئێران گرتەوەو کەوتەوە جەنگ لەگەڵیو پەیمانی تورکمان چای بەسەرا سەپاند. روسیە لەسالآنی ١٨٦٨، ١٨٧٣، ١٨٧٦ خانەکانی بوخاراو خیوەو جوقندی خستەژێر دەستی خۆی. روسیە لەرۆژئاوای دەریای قەزوینەوە گەیشت بوە سەر ئاوی ئاراسو لەلای رۆژهەلآتیەوە سەر روباری ئەترەك. لەرۆژهەلآتی سنوری عوسمانیشدا لەدوای پەیمانی بەرلین(١٨٧٨)قارس، ئەردەهان، باتومی پێ بڕاو، بەردەوام بو لەهاندانی گەلە مەسیحیەکانی بالقانو ئەرمەنی دژی بابیعالی.

روسیاو بەریتانیا دو هێزی سەرەکی بون لەسەر بەهێزکردنی نفوزی خۆیان لەناوچەکەدا لەگەڵ یەکتری لەململانێدا بون. بەلآم کەمەترسی هاتنی هێزێکی سێیەم، وەکو ملۆزمی ئەم دوانە، پەیدابو بێ. ئەوسا ململانێی بەینی هەردوکیانی خاوکردۆتەوە تا ئەویان دەرئەکرد.لەسەرەتای قەرنی ١٩هەمدا بەرامبەر مەترسی ناپلیۆن ئەمەیان کرد، هەروەك لەکۆتایی قەرنی ١٩هەمدا لەگەڵ پەیدابونی مەترسی ئەڵماندا هەمان گەمەیان دوبارە کردەوە.

روسیاو بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان جگە لەسەفارەتەکانیان لەئەستەمولّو تاران، چەندین کونسولگەیان لەشارە گرنگەکانی ئێرانو تورکیا دامەزراندبو.

هاونیشتمانانی ئەوروپی بەتایبەتی روسو ئینگلیز لەسەرانسەری رۆژهەلآتی ناوەڕاستدا بەناوی گەشت، گەڕانی ئارکیۆلۆجی، لێکۆڵینەوەی جوگرافی، کڕینو فرۆشتنی کەلوپەلی بازرگانی... زانیاریان لەسەر هەلومەرجی سیاسی، کۆمەلآیەتی، ئابوری، فەرهەنگی گەلانی ناوچەکەو شوێنە ستراتیجیەکانی کۆئەکردەوە بۆ دانانی نەخشەی جێگیرکردنی نفوزی سیاسیو ئابوری خۆیان.

بەناوی پارێزگاریو یارمەتی دانی مەسیحیەکانەوە میسیۆنیەکان چەندین بنکەیان لەژێر ناوی کەنیسە، قوتابخانە، نەخۆشخانەدا دامەزراند بو. ئەوانیش لەپاڵ دەزگا سیاسیو ئابوریەکانی تری ولآتەکەیان خزمەتی ستراتیجی دەولّەتەکانی خۆیان ئەکرد.

بەناوی چاککردنی دەزگای بەڕێوەبەرایەتییەوە سەدان بێگانە لەدەزگا ئیداریەکانی عوسمانیو ئێرانیدا کاریان ئەکردو بەناوی ڕێکخستنەوەی هێزە چەکدارەکانی هەردو دەوڵەتەوە سەدان ئەفسەری ئەورروپایی لەڕیزی سوپاکانی ئێرانو تورکیادا کاربەدەست بون.

هاونیشتمانانی ئەورروپایی لەقەڵەمڕەوی ئەم دو دەوڵەتەدا مافی کاپتیولاسیون واتە مافی دادگای کونسوڵیان هەبو کەهیچ هاونیشتمانیەکی خۆیان نی بو.

روسیا خاوەنی گەورەترین هێزی زەمینی ئەوسای دنیا، گەورەترین هێزی ناوچەکەش بو، هاوسنور بو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیو هاوسنور بو لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، نفوزی سیاسی، ئابوری، جەنگیی بەهێزی تێدا کردبون.

بەریتانیاش خاوەنی گەورەترین هێزی دەریایی ئەوسای دنیا، بەهۆی بونی لەهیندو بنەککانی لەماڵتا، قوبروس، عەدەن، شێخ نشینەکانی خەلیج، ئەگەرچی هاسنوری هیچکام لەتورکیاو ئێران نەبو بەڵام نفوزی سیاسی، ئابوری، جەنگیی بەهێزی لەناویاندا هەبو.

ئاڵمانیاش کەتازە دەوڵەتی یەکگرتوی نەتەوەیی خۆی دروست کرد بو، وەکو هێزێکی پیشەسازی گرنگی دنیا، هات بوە مەیدانی ململانێوە لەناوچەکەدا بۆ ئەوەی ئەویش جێگە پێی خۆی بکاتەوە. هەر بەو پێیەش فەرەنسا، ئیتاڵیا، نەمسە...

سەرزەمینی ئێرانو عوسمانی بو بون بەمەیدانی ململانێیەکی سەخت لەنێوان دەوڵەتانی ئەورروپیدا، بەڵام روسیا لەلایەکو بەریتانیا لەلایەکی ترەوە کەهێزە نفوز دارەکانی ناوچەکە بون هەوڵیان ئەدا ڕێ بگرن لەهاتنی نفوزی هێزەکانی تر. بەهۆی پێشکەوتنی خێرای ئەورروپاو مانەوەی رۆژهەڵات بەدواکەوتویی، بەهۆی بەسترانەوەی ئابوری دواکەوتوی ناوچەکە بەئابوری پێشکەوتوی دەوڵەتانی ئەورروپییەوە، دەلاقەیەکی گەورە لەنێوان ئەم قارەیەدا دروست بو. تەنگوچەڵەمەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی.. ئێرانو تورکیا قوڵ تر بو. داوودەزگا دەوڵەتیەکان زیاتر بەرەو فەساد ئەڕۆیشتن. زوڵمی زۆرتریان لەخەڵك ئەکرد. زۆرتر ئەبون بەژێرباری قەرزی دەوڵەتانی دەوڵەمەنی ئەورروپاوە. زیاتر ئەکەوتنە ژێرهەرەسی نفوزی ئەوانەوە, چارەنوسی مەسەلە گرنگەکانی ناوەویان لەلایەن ئەوانەوە بڕیار ئەدرا.

٢/٣/٢ بۆچونەکانی شێخ عوبەیدوڵلا

شێخ عوبەیدوڵلا لەناو ئەو هەلومەرجە ناوەکیو دەرەکییەدا کەوتە کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیجەکەی. گرنگی دەوری دەوڵەتانی ئەزانی لەبڕیاردانی چارەنوسی گەلاندا، بەتایبەتی خۆی بەشداری جەنگی روسی-عوسمانی(١٨٧٧)بو، ئەو شەڕەی روسیا بەبیانوی لەسەرکردنەوەی نەتەوە مەسیحیە زۆرلێکراوەکانی بالقانەوە دژی عوسمانی هەڵی گیرساندو، لەئەنجامی سەرکەوتنی روسیاو ژێرکەوتنی عوسمانیدا، پەیمانی سان ستیفانوی بەسەرا سەپاند، کەئەبو دەست لەچەندین ناوچەی فراوانی بالقانو قافقاسو ئاسیای بچوك هەڵبگرێو، دوایی تریش لەباتی ئەو لەپەیمانی بەرلیندا لەژێر گوشاری دەوڵەتانی ئەوروپیدا دەستی لەچەند شوێنی قەڵەمڕەوی خۆی هەڵگرتو دانی نا بەئازادی دینیو ئازادی نەتەوەیی چەندین گەلی ژێردەستەی خۆیدا.

شێخ عوبەیدوڵلا ئەیزانی دەوڵەتانی گەورەی ئەوروپی ئەتوانن دەوڵەتان بڕوخێننو دەوڵەتان دروست بکەن، بەڵام شارەزای ململانێی ستراتیجیی دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپاو، ململانێی ستراتیجی روسی- ئینگلیزی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو، ستراتیجی هەریەکەیان لەناوچەکەدا نەبو، کەبێگومان ئەم شارەزاییە ئەی توانی دەورێکی کاریگەری هەبێ لەداڕشتنی ستراتیجی بزوتنی دیپلۆماسی جوڵانەوەکەدا، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە بەتەواوی ناکۆكو راستەوخۆ پێچەوانەی یەکتری نەبن.

یەکێ لەئوسلوبە سەرەکیەکانی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیجەکەی کاری دیپلۆماسی بو، لەبەرئەوە لەپێش کۆکردنەوەی هێزی چەکدارو دەسکردن بەلەشکرکێشی بۆ رزگارکردنی کوردستان لەدەسەڵاتی عەجەمو رۆم کەوتە بزوتنی دیپلۆماسی. کەوتە هەوڵی دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ نوێنەرایەتی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بەناردنی نامەو یادداشت، ناردنی نوێنەری تایبەتی بۆ گفتوگۆو رونکردنەوەی باری سەرنجی خۆی لەسەر هەلومەرجی کوردستانو ناوچەکەو جیهان.

شێخ عوبەیدوڵلا دەوڵەتی نەبو تاداوودەزگای کاروباری دەرەوەی هەبێ، دیپلۆماتی پسپۆڕو شارەزای کاروباری سیاسەتی جیهانی هەبێ، زانستگەو شوێنیی پێگەیاندنی دیپلۆماتو زانای قانونو سیاسەتو جوگرافیو پێوەندی ناو دەوڵەتانی هەبێ، هەروەها حیزبیشی نەبو کەچەند کەسێکی تەرخان کراوی

هەبێ بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی کاروباری سیاسی ناوچەکەو جیهان‌و دانانی ڕێوشوێنی کاری سیاسی- دیپلۆماسی، سەرباری ئەمانەش دوا کەوتویی کوردستان لەباری پێوەندییەوە" نەبونی ڕێگاوبان، تەلەگراف، ڕۆنامەو گۆڤار...

شێخ عوبیدوڵلا خۆی سەرکردەی جوڵانەوەکە بو. بیروبۆچونەکانی ئەویش بڕیاردەر بون لەدیاریکردنی ڕێبازو چوارچێوەی پێوەندیەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە. بەلام ئاخۆ هەر ئاوات‌و ئارەزوەکانی شێخ‌و ئایدیۆلۆجی‌و جۆری فەرهەنگ‌و پەروەردە بونی خۆی تەنیا سەرچاوەی داڕشتنی چوارچێوەی کاری دیپلۆماسی جوڵانەوەکە بون، یاخود((بینە))ی ناوەکی کوردستان‌و((بینە))ی دەرەکی-ناوچەیی‌و جیهانی کاریان تێ کردوە؟

بێگومان فاکتەری جیۆپۆلەتیك دەورێکی کاریگەری هەبوە لەدیاریکردنی بۆچونەکانی شێخ عوبەیدوڵلا. هەڵکەوتی جوگرافی کوردستان لەبەینی ئێران‌و عوسمانی‌دا، هاوسنوری لەگەڵ روسیەی بەهێزدا، کەچەندین شەڕی سەرکەوتوانەی لەگەڵ هێزی عوسمانی کردبو و شکاندبوی، تێکەڵاوی کۆمەلایەتی، بازرگانی، فەرهەنگی کوردەکانی هەردو دیوی سنوری عوسمانی- روسی، ئێرانی-روسی، نەبونی سنوری سیاسی کوردستان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی تری دنیا جگە لەروسیا، نەبونی سنوری دەریایی، کەمێ توانای ماددی جوڵانەوەکە، نزمی ئاستی بەرهەم هێنانی خەڵك، نەبونی کارگەی دروست کردنی چەك‌و تفاقی جەنگی، نفوزی بەهێزی روس‌و ئینگلیز لەناو هەردو دەوڵەت‌و لەناو دانیشتوانی ناوچەکەدا.. ئەمانە بێگومان دەوری کاریگەریان هەبوە لەدیاری کردنی بۆچونەکانی‌دا.

١-ئامانجی لەبزوتنی دیپلۆماسی

بۆ ئەوەی یەکێ مافی خۆی بەدەست بهێنێ، ئەبێ لێوەشاوەیی خۆی بسەلمێنێ، ئەبێ لەخەڵکی‌تر بگەیەنێ کەبەدەستهێنانی ئەم مافە بۆ ئەو، ئەگەر قازانج بەوان نەگەیەنێ نابێتە هۆی زەرەر لێ دانیان. کوردیش کەخاوەنی دەوڵەت نەبوە، لەریزی دەوڵەتانی جیهان‌دا جێیەکی نەبوە، بۆ ئەوەی مافی هەبونی دەوڵەت بەدەس بهێنێ ئەبو لێوەشاوەیی خۆی بسەلمێنێ، ئەبو لەدەوڵەتانی تر بگەیەنێ کەنەك زیانی بۆ ئەوان نابێ، بگرە قازانجی لێ ئەکەن. ئەبو بەهانەی بەجێی بەدەستەوە بێ بۆ خۆجیاکردنەوەی لەدەسەلاتی عوسمانی‌و ئێرانی.

کوردستان وڵاتێکی شاخاویە، هەرگیز دەسەڵاتی ناوەندی بەهێزی دەوڵەتێکی خۆجێی تیا دانەمەزراوە. هەمیشە لەژێردەسەڵاتی بێگانەی داگیرکەرا بوە. دەسەڵاتی دادگەری تێدانەبوە. بنەماڵە، هۆز، خێڵ، گوند، پیرەوانی مەزەب و دین بۆ پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان ناچار بون پشت بەهێزی تایبەتی خۆیان ببەستن. ئەرزی کوردستان هەمیشە جێگەی چاوتێ برینی نەتەوە بەهێزەکانی ناوچەکەو مەیدانی زۆرنبازی خویناوی دەوڵەتەکانی ئەوان بوە. ململانێی دەسەڵاتی ناوەندیی رۆم و عەجەم لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێییەکانی بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لەکوردستاندا، ململانێی رۆم و عەجەم لەکوردستاندا بۆ دەسکەوتی ئەرزی، ململانێی هۆزو خێڵەکان لەسەر دەسکەوتی ناوچەیی لەناو خۆیاندا... ئاسایشی لەکوردستان بری بو. ئەوروپییەکان لەرێگەی ئەو گەشتکەرو گەریدانەوە کەهات بونە کوردستان یا بەکوردستاندا تێ پەری بون، وێنەی گەلێکی دواکەوتو، نەخوێندەوار، درندە، شەرانی، فەناتیك، جەردە، رێگر، تاڵانکەر.. کەلێوەشانەوەی بەرێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەی خۆی نیە، چو بوە مێشکیانەوە، شێخ عوبەیدوڵڵا ئەیویست ئەو وێنەیە چاك بکات و، پێیان بسەلمێنێ کوردیش ئەگەر کاروباری خۆی بەدەست خۆیەوە بێ، لەکوردستاندا ئاسایش جێگیر ئەبێ، جەردەیی و دزی تاڵان و شەرشۆر نامێنێ، کاروانی بازرگانی بەئەمینی هاتوچۆ ئەکا. خوێندەواری بڵاوئەبێتەوە، لێوەشاوەیی دروست کردن و بەرێوەبردنی دەوڵەتی خۆی هەیە.

ئەگەر ناوەرۆکی نامەکانی شێخ عوبەیدوڵڵاو وتوێژەکانی خۆی و نوێنەرەکانی لەگەڵ ئەوروپییەکان لێك بدرێتەوە، دەرئەکەوێ کەمەبەستەکانی شێخ لەبزوتنی دیپلۆماسی بەرەو دەوڵەتانی ئەوروپی بریتی بوە لە:

١-خۆشناوکردنی کوردو سەلماندنی رەوایی جیابونەوەی لەئێران و تورکیاو بەدەستهێنانی مافی ئازادی بریاردانی چارەنوسی خۆی.

٢-ریسواکردنی زوڵم و زۆری رۆم و عەجەم لەکوردستانداو، بەپاڵدانی هۆی ئەو کردەوە خراپانەی رو ئەدەن بەدەسەڵاتداریتی ئەوان.

٣-دەرخستنی گرنگی کوردستانی سەربەخۆ بۆ دەوڵەتانی ئەوروپی لەروی جێگیرکردنی ئاسایشی ناوخۆو، تەئمینی ئازادی و سەلامەتی بازرگانی و، رەفتاری باش لەگەڵ گەلانی مەسیحی و، گرنگی ستراتیجی شاخەکانی کوردستان لەکاتی جەنگدا.

ئامانجی سەرەکی لەمانەش هەموی، بەدەسهێنانی پشتیوانی مەعنەوی دەوڵەتانی ئەوروپی بو بۆ خەباتی نەتەوەی کوردو، دانپیانانی قانونییان بەدەوڵەتی کوردستانی یەکگرتو و سەربەخۆ لەدەسەلاتی دەرباری قاجارو بابیعالی تورکی.

٢-دیپلۆماسی شێرورێوی

لەدوا چارەکی قەرنی ١٩هەمدا دەوڵەتی سەربەخۆ لەدنیادا زۆر نەبون. دەوڵەتە گەورەو گرنگەکانی ئەوروپا بریتی بون لەبەریتانیا، روسیا، فەرەنسا، ئیتالیا، نەمسە... کەلەکاروباری دنیادا، بەتایبەتی لەکاروباری رۆژهەلاتی ناوەراستدا گرنگییان هەبو. لەناو ئەوانەش دا بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا روسیاو بەریتانیا کەدو هێزە سەرەکیەکەی ناوچەکە بون گرنگیەکی تایبەتییان هەبو چونکە نفوزی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی، جەنگی... یان لەناو ئێرانو تورکیادا بەهێز بو. ئەوانەی تر لەپلەی کاریگەری نفوزدا لەناوچەکەدا نەئەگەیشتە ئەو دوانە. شێخ عوبەیدوڵڵاش لەکاری دیپلۆماسیدا سەری کردە سەر ئەم دو دەوڵەتە ئەوروپیە. لەناو دوانەشدا پێی وابو((لایەنگیری شێر بێ باشترە نەك هی رێوی))[٣٤] دیارە ئەمەشی لەو پەندە کوردیە مەشهورەوە دەرهێناوە کەئەڵێ: ((شێر بمشکێنێ نەك رێوی بمخوا)). لەلای کورد شێر رەمزی جوامێریو رێوی رەمزی فێڵبازییە. لەشێریش مەبەستی روسو لەرێوی مەبەستی ئینگلیز بوە.

ئەبێ ئەم بۆ چونەی شێخ لەچیەوە هاتبێ؟ کورد خاوەنی دەوڵەت نەبو رەفتاری لەگەڵ ئەم دو دوەڵەتە کردبێو لەئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەیدا تۆماری پێوەندیەکانی نێوان کورد- ئینگلیزو، کورد-روسی هەبێ، تا لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی بەراوردی رەفتاری هەردولادا ئەم پێچواندنە دابرێژێ. هەروەها تەجروبەی پێشوتری جولانەوەی کوردیش لەگەڵ روسو ئینگلیز بایی ئەوە نابێ هەڵسەنگاندنێکی وەهای لەسەر دابمەزرێ.

٣/٣/٢ ستراتیجی ناوچەیی روسیا

ئامانجە سەرەکیەکانی ئیمپراتۆریی روسی لەقەرنی ١٩هەمدا لەرۆژهەلاتی ناوەراست، درێژەکێشانی هەمان راسپاردەکانی پەتروسی گەورەو کاترینا بو:

١-هەوڵ دان بۆ تەئمین کردنی دەرەتانێکی دەریایی لەسەر ئاوی گەرم.

٢-هەوڵ دان بۆ دەسگرتن بەسەر بوغازەکانی نێوان دەریای ڕەش‌و دەریای سپی‌دا.
٣-گەشەپێدانی بازرگانی.
٤-ڕێ گرتن لەتەنینەوەی نفوزی فەرەنسی، ئینگلیزی‌و دوایی‌تر ئەڵمانی[٣٥].
بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش چاوی بڕی بوە ئەرزەکانی جنوبی روسیە کەهەندێکی لەژێر دەستی عوسمانی‌و هەندێکی بەشێکی سەرزەمینی ئێران بو. هەوڵی ئەدا لەڕێگەی نزیك بونەوە لەئێران‌و ئەفغانستانەوە مەترسی بۆ سەر هیندستان دروست بکات‌و بەریتانیا بخاتە پەژارەوە. بەتێپەڕبونی زەمان‌و بەشێنەیی سنوری خۆی گەیاندە لێواری سەروی دەریای ڕەش، ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان، تورکمانستان، تارتارستانی گرت‌و، روبارەکانی ئاراس‌و ئەترەك بونە سنوری خواروی. جێ پێی ئابوری‌و سیاسی تەنانەت سوپایی خۆی لەئێراندا قایم کرد.
ئەو ململانێیەی لەنێوان روسیەو دەوڵەتە ئەوروپییە گەورەکاندا بو، لەدوا چارەکی قەرنی ١٩هەمدا، دەستەبەری سەرەکی مان‌و پاراستنی ئیمپراتۆریی ئێرانی‌و ئیمپراتۆریی عوسمانی بو. هیچ کام لەدەوڵەتانی ئەوروپی بۆ ئەوەی ئەوی تریان بەهێزتر نەبێ. رازی نەبو یەکێ لەم دو دەوڵەتە داگیربکاو بیخاتە ژێردەسەڵاتی راستەوخۆی خۆیەوە، ئێران لەنێوان دەسەڵاتی روس‌و نفوزی ئینگلیزا دەوری ناوچەی لەمپەری ئەبینێ. بۆ ئەوەی رێ لەتەماعی روسی بگرن، بەست بویانەوە بەهەندێ بەڵێنی دەولییەوە، لەوانە پەیمانی پاریس(١٨٥٦)[٣٦].
١-کورد و روس
ئەو سەردەمەی کوردستان دابەش بو بو بەسەر دەوڵەتانی ئێران‌و عوسمانی‌دا گەلی کورد لەلای سەروی ئێران‌و لەلای رۆژهەلاتی عوسمانییەوە هاوسنور بو لەگەڵ قەلەمڕەوی دەسەڵاتی روس.
روسیە لەتەقەلای فراوانخوازانەی بەرەو خواری خۆیدا لەپاش سەپاندنی پەیمانی گولستان(١٨١٣)دوایی تر پەیمانی تورکمانچای(١٨٢٨)بەسەر ئێراندا، وە لەپاش سەپاندنی پەیمانی سان ستیفانو(١٨٧٧)و دوایی تر پەیمانی بەرلین(١٨٧٨)بەسەر دەوڵەتی عوسمانی‌دا، هەندێ شوێنی کوردستان‌و هەندێ خێڵی گەورەی کورد کەوت بونە ژێر دەستیەوە. مەیدانی سەرەکی هەندێ

لەجەنگەکانی روسی-ئێرانیو روسی- عوسمانی لەکوردستاندا بوە. بەشێ لەهێزەکانی ئێرانیو عوسمانی لەو شەڕانەدا کورد بون.

لەکاتی جەنگدا، روس بۆ ئەوەی کەڵك لەکورد وەربگرێ، دژی ئێرانو عوسمانی بەکاریان بهێنێ هەندێ تیپی لەسوارەو پیادەی کورد پێك هێناو، پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەندێ ئاغاو دەسەڵاتداری کورد دروست کرد. لەجەنگی ١٨٢٩دا روسیە ٤ تیپی موسڵمانی پێك هێنابو لەوانە یەکێکیان کورد بو. لەشەڕی کریمەدا(١٨٥٤-١٨٥٦)دو تیپیان پێك هێنا بو یەکێکیان لەکوردەکانی قارسو ئەوی تریان لەکوردەکانی یەریڤان. لەشەڕی ١٨٧٧دا تیپێکیان لەکورد پێك هێنابو کە١٣٠٠کەس بو[٣٧].

بەجۆرە نزیکیی کوردستان لەدەوڵەتی بەتوانای روسیا، تێکەڵاوی سیاسی، بازرگانی، کۆمەڵایەتی، جەنگی.. کورد لەگەلی، نفوزی بەهێزی روسی لەئێرانو عوسمانیدا، دەسوەردانی بەردەوامی لەکاروباری گرنگی ناوچەکەداو، چاوتێ برینی بۆ دەس بەسەراگرتنی... بۆتە هۆیەکی کاریگەری دارشتنی جۆری هەڵوێستی بزوتنەوەی رزگاری-نەتەوەیی گەلی کورد لەهەڵبژاردنی دۆستایەتی روسدا.

هەڵکەوتی جوگرافی کوردستان جۆرێ بوە، ئازادی لەسەرکردەکانی کورد سەندۆتەوە، کەبەپێی دەسکەوتی نەتەوەیی دۆستو دوژمن هەڵبژێرن. لەسەرەتای دەسپێکردنی بزوتنەوەی رزگاری- نەتەوەیی گەلی کوردەوە، هۆی جیۆپۆلەتیکی فاکتەری سەرەکی بڕیاردەری دیاریکردنی دۆستو دوژمن بوە.

٢-بزوتنی دیپلۆماسی بەرەو روسیا

شێخ لەدوای گەڕانەوەی بۆ نەهری(١٨٧٨)کەوتە تەقەللا بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ کاربەدەستانی روس. نوێنەری ئەنارده لایانو نامەی بۆ ئەنوسین، بۆ ئەوەی باری سەرغجی خۆیان پێ رابگەیەنێ[٣٨]

چەندین جار نوێنەری خۆی ناردە لای ئوبەر میللەری کونسوڵی روس لەئەرزرۆم کاتێ کونسوڵگەی روسی لەوان کرایەوە، شێخ ئەو نزیك کەوتنەوەیەی بەهەل زانی دوجار یوسف ئاغای باوەڕپێکراوی خۆی بەپێشنیارەوە ناردە لای کامسارکان. هەروەها لەتشرینی یەکەمی ١٨٧٩دا بەنوێنەرایەتی خۆی سەید محەمەد سەعیدی بۆ گفتوگۆ ناردە لای کامسارکان لەوان. سەید محەمەد سەعید لەقسەکانیدا بەکامسارکانی راگەیاند:

((شێخ گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی، ئیمپراتۆریی عوسمانی لەتوانایدا نەماوە ئەمن‌و ئاسایشی میللەتەکانی ژێر دەستی بپارێزێت‌و ئەمەش هەڕەشەیە بۆ ماڵ‌و ملکی خەڵکی ولاتەکە. لەبەرئەوە شێخ راپەڕین لەپێناوی چاکەو سودی میللەتدا بەکارێکی راست‌و بەئەرکی سەرشانی خۆی دائەنێ، میللەتیش ئەو بەپارێزەری راستەقینەی خۆی ئەزانێ.

شادەماری هەمو خراپەیەك لەتەماعکاری دەزگا ئیدارییەکانەوە دەست پێ ئەکا. لەنوێنەرانی پلەی هەرە خوارەوە. واتە لەزەبتیەکانەوە دەست پێ ئەکات‌و لەپلەکانی سەرەوەی دەزگاکان کۆتایی دێ، ئەوانەی دوا دڵۆپی خوێنی میللەت ئەمژن، ئەو میللەتەی داخ‌و زۆرداری چەشتنی گەیشتۆتە سەری لوتی وڕەی بەرداوە، نەك هەر مەسیحییەکان بەڵکو کوردەکانیش خوێنیان دەمژرێت. هەر لەبەر کردەوەی خراپ‌و ناڕەوای دەستگاکانی بەڕێوەبەرایەتیە کوردەکان ناچار ئەبن‌و روبکەنە جەردەیی‌و روتکردنەوە.

شێخ لەو خەباتەیدا دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپای کردوە، پشتی بەپاراستن‌و لێپرسینەوەی روسیا ئەستورەو هەمیشە حسابی بۆ ئەکات، وە بیانوی شێخ ئەوەیە... روسیا دراوسێی کوردە لەبەرئەوە هەمیشە زیاتر لەبەریتانیا رێزی لێ گیراوە.

ئەگەر روسیا لەگەڵ تورکیا یان لەگەڵ بەریتانیادا کەوتە شەڕەوە، کورد ئەتوانێ کاریکاتە سەر چارەنوسی شەڕەکە، چونکە هەمو رێگاوبانە شاخاوییە گرنگەکانی وان‌و دیاربەکر بەدەست کوردەوەیە[٣٩].

تەقەللای شێخ بۆ بەدەس هێنانی پشتیوانی مەعنەوی روسیا دوای ئەوەش کەقۆناغی یەکەمی جولانەوەکەی لەکوردستانی ئێراندا سەری نەگرت‌و بەدەسبەسەری برایە ئەستەمولٚ هەر بەردەوام بو. لەپاش هەلاتنی لەئەستەموڵ‌و گەیشتنەوەی بۆ کوردستان. جارێکی تریش عەلی قاسمی بەنوێنەرایەتی خۆی ناردەوە لای نوێنەری روس‌و لەزمانی شێخەوە پێی راگەیاند: ((لەمە زیاتر ناتوانین فەرمانڕەوایی رەقی تورك قبوڵ بکەین، لەخەباتدا دژی ئەستەموڵ داوای پشتگیری لەروسیە ئەکەن. ئەگەر روسیە قایل بێ ئەوا شۆڕشێکی سەراپای کوردی بەرپا ئەکا))[٤٠]

تەقەللاکانی شێخ لەگەڵ دیپلۆماتەکانی روس لەناوچەکەدا کەڵکی نەبو ئەگەرچی دیپلۆماتەکانی روس‌و جاسوسەکانیان لەهەردو دیوی کوردستان

بەوردی چاودێری هەڵسوکەوتی شێخو جموجوڵو، ئامانج پێوەندیەکانیو، روداوەکانیان ئەکردو، ئاگاداری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی ناوچەکە بون. بەڵام هەڵسەنگاندنی ئەوان بۆ جوڵانەوەکە کەلەزۆر لاوە رەنگدانەوەی ستراتیجی روسیە بو لەناوچەکەدا، وەرەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوەیان بوو بەرامبەر دەوڵەتانی عوسمانیو ئێرانی، ئیجابی نەبو.

لەراپۆرتەکانی خۆیاندا بۆ سەروتر دەری ئەخەن:

١-پشتی داواکانی کورد نەگیرێ، خواستەکانیان رەت بکرێتەوە.

٢-پشتی حکومەتە مەرکەزیەکان بگیرێ.

٣-لەباتی کورد پشت بەمەسیحیەکان ببەسترێ، کەپێشکەوتوترو زیرەك ترنو زوتر شت فێر ئەبنو دەوڵەمەن ترن[٤١].

٤-پیشان دانی جوڵانەوەکە کەدەستی ئینگلیزی تێدایەو لەوانەیە ئینگلیز بۆ دەسکەوتی خۆی بیقۆزێتەوە. ئەمەش بۆ شێواندنی لەلای دەزگاکانی سەرو خۆیان.

هەڵسەنگاندنی دیپلۆماتە پچوکەکانی ناوچەکە، ئەگەرچی لەدیاری کردنی هەڵوێستی دەوڵەتەکانیاندا رەنگە هۆیەکی بڕیاردەر نەبێ، بەڵام بێگومان ئەتوانێ کاری ئیجابی یا سەلبی بکاتە سەر. بەم پێیە هەڵوێستی نادۆستانەی دیپلۆماتەکانی روس لەناوچەکەدا، دەوری هەبوە لەهان دانی دەزگاکانی سەروترا بۆ بڕیاردانی خێرا لەدژی.

٤/٣/٢ ستراتیجی ناوچەیی بەریتانیا

ئامانجە سەرەکیەکانی ئیمپراتۆریی بەریتانی لەقەرنی ١٩هەمدا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکورتی وەکو لینچوفسکی نوسیوێتی بریتی بو لە:

١-پاراستنی هیند.

٢-پاراستنی سەلامەتی رێگەکانی پێوەندی میترۆپۆلو ئیمپراتۆری.

٣-گەشەپێدانی بازرگانی بەریتانی.

٤-تەئمین کردنی لایەنی کەمی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤایەتی.

بۆ دیهێنانی ئەم ئامانجانەش، بەریتانیا سیاسەتێکی دیاریکراوی دارشت بو کەلەسەر چەند بنچینەیەك دامەزرا بو" یەکەمینیان پاراستنی سەربەخۆییو یەکێتی ئەرزی هەردو ئیمپراتۆریی ئێرانیو عوسمانی بو دژی هەڕەشەو چاوتێ بڕینی روسیو، دوایی‌تر ئاڵمانی[٤٢].

داگیرکردنی قوبرس‌و مالّتاو قەناتی سویس‌و عەدەن، کەبەشێکی سەرزەمینی عوسمانی بون، ئەگەرچی بەڕوکەش پێچەوانەی ئەم ستراتیجە بون، بەلاّم بەریتانیا بەگونجاوی دائەنان بەبیانوی ئەوەی ڕێگەی هیند تەئمین ئەکەن.

بەریتانیا نەیئەویست تورکیا یا ئێران داگیربکاو بیخاتە ژێردەسەلاّتی ڕاستەوخۆی خۆیەوە، هەروەها نەیشی ئەهێشت دەولّەتانی تر داگیریان بکەن، بەلّکو ئەیویست وەکو قەوارەی سیاسی لەژێر نفوزی کاریگەری خۆیدا بەسەربەخۆیی لەبەرامبەر دەولّەتەکانی تردا بمێنن. وەئێران ناوچەی لەمپەری نێوان هیندو روسیابێ. لەبەر ئەو هۆیانە لایەنگری ریفۆرم‌و چاککردنی هەلومەرجی ناوەوەیان‌و دژی روخاندن‌و دابەش کردنیان بو، بەرەنگاری هەر مەترسیەکی راستەقینەی ئەکرد کەلەناوەوە یان دەرەوە هەڕەشەی لەقەوارەی ئەو دەولّەتە بکردایە.

١-کوردو ئینگلیز

لەهیچ پارچەیەکی نیشتمانەکەی‌دا کورد هاوسنوری دەسەلاّتی بەریتانی نەبوە. هەرچەندە لەکۆنەوە گەڕیدەو زانای ئینگلیزی هاتوچۆیان بەکوردستان‌دا کردوەو بەناویا گەڕاون‌و، لەچەندین جێگەش کونسولّگەو ناوەندی بازرگانییان دامەزراندوە، بەلاّم هیچ کات تێکەلاّوییەکی فراوانی بازرگانی، سیاسی، فەرهەنگی، یا سوپایی، لەنێوان کوردو ئینگلیزدا دروست نەبوە.

پێوەندی بەریتانی- تورکی‌و پێوەندی بەریتانی-فارسی لەچەند لایەکەوە ڕاستەوخۆ کاری لەکورد کردوە"

یەکێکیان، کاربەدەستانی بەریتانی هەمیشە گوشاریان بۆ سەر بابیعالی‌و دەربار ئەبرد بۆ هەندی ریفۆرم‌و چاکردن لەکاروباریی بەڕێوەبەرایەتی‌و دارایی‌و سوپایی ناو ولاّتەکانیان‌دا بۆ ئەوەی ئەوەندە کلۆر نەبن روس بتوانێ بەئاسانی هەلّیان بلوشێ. ئەنجامی ئەم گوشارە لەتورکیا بە((تەنزیمات))شکایەوە. یەکێ لەبەندە سەرەکییەکانی ((تەنزیمات))دەسکاری کردنی ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی((ولایەت))ەکان بو، کەئەبو بەهۆی لەناوچونی یەکجاری ئەمارەتە ئۆتۆنۆمەکانی کوردستان. دیپلۆماتەکانی ئینگلیز زۆریان بۆ بابیعالی هێنا لەشکر بکێشێ بۆ سەر محەمەد بەگی میری سۆران‌و بۆ سەر بەدرخان بەگی میری بۆتان‌و، دەسەلاّتی ڕاستەوخۆی تورک لەشوێنی ئەوان دابمەزرێنن.

دوەمیان، ناوبژی کردنی بەردەوام لەنێوان بابیعالی‌و دەربار‌دا بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانیان بەڕێگەی گفتوگۆی هێمنانە چارەسەر بکەن. ئەنجامی ئەم ناوبژییە رێکەوتنی یەکەم‌و دوەمی ئەرزڕومی لێ شین بو، کەدوایی هێنا بەململانێی چەکداری دوورودرێژی نێوان ئەم دو دەوڵەتەو، بناغەی سیاسەتی هاوبەشی بەرامبەر مەسەلەی کورد دانا.

٢-بزوتنی دیپلۆماسی بەرەو بەریتانیا

شێخ عوبەیدوڵڵا لەپێوەندی دیپلۆماسی خۆی‌دا لای وابو ئەبێ قورسایی خۆی بخاتە سەر روسیە، بەڵام گرنگی بەریتانیا لەسیاسەتی دەولی‌داو، نفوزی زۆری بەریتانیای لەناو دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێرانی‌دا ئەزانی، لەبەرئەوە هەروەکو بایەخی‌دا بو بەروسیا بەو رادەیەش بایەخی دابو بەدروستکردنی پێوەندی باش لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزو هەوڵی ئەدا پشتیوانییان بەدەست بهێنێ.

ئینگلیزەکان خۆیان داوودەزگای دیپلۆماسی، بازرگانی، جاسوسی بەربڵاویان هەبو لەناو هەردو دەوڵەت داو لەهەردو دیوی کوردستان‌دا، هەر کەبۆنی جموجۆڵی سیاسی شێخیان کرد کەوتنە گەڕان‌و لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی دەنگوباس‌و ئاگاداری.

لە١٨٧٧دا رامسان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری چوبۆ باشقەلان لەهەکاری.

لە١٨٧٩دا کروفدیرو فوزیر بۆ لێکۆڵینەوە لەو دەنگوباسانەی دەربارەی راپەڕینی خەڵك هەبو چونە ولایەتەکانی رۆژهەڵات لەوانە ساسون، ئەماسیە، سیواس، ئەرزنجان، موش، بتلیس، وان، مەلازگر، ئەرزگرد، ئەرزڕوم.

هەر لە١٨٧٩دا کلایتۆن سەردانی ناوچەی هەکاری کرد، چوە بارەگاکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لەوێ دیدەنی شێخی کردو گفتوگۆی لەگەڵ کرد. کلایتۆن نامەیەکی لەشێخەوە بۆ کاربەدەستانی بەریتانیا برد بو. لەو نامەیەدا شێخ رای گەیاند بو: ((... دانیشتوانی هەمو کوردستان ئەیانەوێ یەك بن‌و نابێ بەدابەشکراوی بمێننەوە))[٤٣].

لەگەرمەی لەشکرکێشی شێخ عوبەیدوڵڵادا بۆ سەر کوردستانی ئێران لەکاتێکا هێزەکانی کورد لەبەر دیوارەکانی ورمێ‌دا خەریکی جەنگین بون، ئابوت کونسوڵی بەریتانی لەتەورێز لەئەیلولی ١٨٨٠ گەیشتە ورمێ. لەوێوە چوە سەردانی شێخ‌و کەوتە ناوبژی لەنێوان ئقبال ئەلدەولەو شێخ عوبەیدوڵڵادا. لەبەر نائەمینی ناوچەکە بەیارمەتی شێخ لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشەوە

چوه سابلاخ‌و لەوێ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ و هەمزاغای مەنگوڕی دی ئینجا گەڕایەوە بۆ تەورێز.

شێخ عوبەیدوڵلا لەم دیدەنیانەدا هەوڵی داوە زوڵم‌و زۆری تورکیاو ئێران، چەوساوەیی گەلی کورد، یەکبونی گەلی کوردو ئامانجی لەجوڵانەوەکە "دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان بۆ رون بکاتەوە. هەروەکو ئابوت نوسیوێتی: ((ئەوەی شێخ ئەیەوێ یەك شتە، ئەویش پشتگیری مەعنەوی دەوڵەتە ئەوروپییەکانە))و ئەیەوێ دەوڵەتە ئەوروپییەکان((بڕوا بەنیاز چاکی‌و پێوەندی چاکە خوازی شێخ بکەن.))[٤٤].

هەروەها شێخ عوبەیدوڵلا چەندین نامەی بۆ بێگانەکان نوسیوە لەوانە دو نامە بو د. کوچران کەپزیشکی دەستەی میسیونێری ئەمریکی بو لەورمێ، شێخ لەنامەی ٥ی تشرینی ١٨٨٠دا بۆ د.کوچرانی نوسیوە ئەڵێ:

((مەلا سمایلم ناردوە بۆ ئەوەی بەنهێنی وەك پێم وتوە، دۆخی ئێرەتان بۆ رون بکاتەوە، تکاتان لێ ئەکەم دۆخی کوردستان‌و سەفەری کوڕەکەم بۆ سنە(راستیەکەی سابلاخە، وەرگێڕ کوردی بەهەڵە وەری گرتوە)بەراستی بەحکومەتی بەریتانیا بگەیەنن‌و رونی بکەنەوە.

((گەلی کورد که لە ٥٠٠هەزار بنەماڵە پێك هاتوە، میللەتێکی تایبەتیە، ئاینەکەیان(ئەبێ مەبەستی مەزەب بێ نەك ئاین)لەئاینی ئەوانی تر جیاوازە. خاوەنی نەریت‌و رەوشت‌و خوی تایبەتی خۆیانن. لەناو میللەتاندا بەنەتەوەیەکی تورەو کەللە رەق‌و درۆ بێ رەوشت ناو ئەبرێن. بەو جۆرە لەکوردستان ئەدوێن. ئەگەر یەکێکیان کردەوەیەکی ناڕەواو ناشیرینی لێ بوەشێتەوە، ناوی هەزارەها پیاوچاکی لەگەڵدا لەکەدار ئەکرێ. با لاتان ئاشکرا بێت، ئەم هەمو سیفەتە خراپانە لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانی‌و ئێرانەوە بەخۆڕایی بۆ کورد دروست کراون‌و بەزۆر پێوەی ئەلکێنن.

کوردستان لەنێوان ئەو دو دەوڵەتەدا دابەش کراوە. ئەو دو دەوڵەتە ئەوەندەیان لەبار نیە چاك‌و خراپ لەیەك جیابکەنەوە. ئەگەر یەك کەس خراپەیەك بکا ئەوە هەزاران کەسانی بێتاوان بەهۆی ئەوەوە توشی ئازاو دەردیسەری ئەبن. بەم جۆرە کەسە خراپەکان ئەمێننەوەو خەڵکە چاکەکانیش تیا دەچن.

بێگومان ناوی.. بیستوە، ئەوی ناوی بەکردەوەی خراپ‌و ناڕەوا دەرکردوە، ئەوەی وەك چۆن ئەزیەتی خاوەنی.. بێگانەکانی ئەدا وەهاش دەستدرێژی ئەکردە سەر

موسڵمانەکانیش. هەردو دەوڵەتەکە ئاگایان لەکردەوە خراپەکانی بو. جا ئەگەر دەسەڵاتی ئێران قایمتر ببێت و زەبروزەنگیش پەیدا بکات، ئەوە خەڵك و خوا کەهەرگیز وەك جاران دور لەشارستانیەت و بەدوا کەوتویی و دڕندەیی ئەمێننەوە.
تاوانەکەی خێڵی... کەلەدەوڵەتی عوسمانیدا ئەژی دیارو ئاشکرایە، حکومەتی عوسمانی وەك ئێران یان خۆی لەپێشخستنی ئەم میللەتە گێل ئەکات، یاخود بەچاوێکی نزمەوە سەیری ئەکا.
هەمیشە بەسوکیەوە سەیری کوردستان ئەکرێ. یەکێتی نیە. سەرۆك و بەڕێوەبەرەکانی کوردستانی عوسمانی و ئێرانی و هەمو دانیشتوانی کوردستان گەیشتونەتە بڕیارێك و لەوەدا یەك ئەگرنەوە کەلەتوانادا نەماوە لەژێر سایەی ئەو دو دەوڵەتەدا بژین و ئەبێ شتێ بکەن دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ناچار بکات لەدۆخەکە ورد ببنەوە و تێی بگەیەنن.
ئێمەش میللەتێکی دابەش کراوین، ئەمانەوێ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوەوەی وڵاتەکە بەدەست خۆمانەوە بێ. ئەمانەوێ خۆمان سزای ئەوانە بدەین کە لەڕێی ڕاست لائەدەن. ئەو مافانەمان هەبێ کەمیللەتەکانی تر هەیانە. خۆ ئەگەر هاتو کردەوەیەکی ناڕەوا رویدا. ئەوە بەڵێن بێ ئەو کردەوانە زیانی بۆ هیچ میللەتێکی تر نابێ.
((... میللەت لەتوانایدا نەماوە لەوە زیاتر زۆرداری و خراپەی بێ وچانی ئەو دو دەوڵەتە هەڵ بگرێ))[45].
خواستەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا کە لەم یادداشتەدا بەڕونی باس کراون، نەیتوانی سەرنجی کاربەدەستانی بەریتانیا رابکێشێ. تەنانەت دیپلۆماتەکانی ئینگلیز لەناوچەکەدا، لەهەردو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لەبۆچونەکانی خۆیاندا، ئەگەرچی هەلومەرجی نالەباری ناو هەردو دەوڵەت و هەلومەرجی خراپی گەلی کوردیان لەهەردو دیوی نیشتمانەکەیدا ئەزانێ، چونکە بۆچونی دیپلۆماتەکانی ئینگلیز لەناوچەکەدا رەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ بەرامبەر دەوڵەتانی ئێرانی و عوسمانی، وە رەنگدانەوەی ستراتیجی ناوچەیی بەریتانیا بو، لەبەرئەوە دیپلۆماتەکانی بەریتانیا، لەنامەو راپۆرتەکانی خۆیاندا بۆسەرو تری خۆیان، بۆچونی خۆیان بەجۆرێکی نادۆستانە دەرئەبڕی:
١-خواستە نەتەوەییەکانی کورد پشتگیری نەکرێ.
٢-داوا لەکورد بکرێ گوێ رایەڵی حکومەتە مەرکەزیەکان بێ.

٣-گەلە مەسیحیەکان لەبەشداری کردنی جولانەوەکە دوربخرێنەوە.

٤-ناوبانگی جولانەوەکە بشێوێنرێ، تاوانی هان دانی روسیەو ئاگاداریو پشتیوانی سولتانی تورکی بەپاڵ بدرێ، بۆئەوەی گوایە ئێران لاواز بکرێو روس ئەو هەلە بقۆزێتەوە.

٥-دەنگوباسە نهێنییەکانی جولانەوەکە بدرێتە کاربەدەستانی عوسمانیو ئێرانی بۆ ئەوەی لەپلانی دامرکاندنەوەیدا کەلکی لێ وەربگرن.

هەڵبەت هەندێ لەم هەڵسەنگاندانە ئەگەرێتەوە بۆ جۆری بیرکردنەوەی دیپلۆماتەکان خۆیان، بەلام رێچکەی سەرەکی بۆچونەکان نوندنەوەی ستراتیجی ناوچەیی بەریتانیایە لەو سەردەمەدا.

٥/٣/٢ نەگونجاندنی کوردستانی سەربەخۆ لەگەڵ ستراتیجی-رۆژهەلاتی ناوەڕاستی بەریتانیو روسی

لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، کەدو دەوڵەتی دێرینەی عوسمانیو ئێرانی تێدا بو، ستراتیجی بەریتانی هەروەها ستراتیجی روسی لەناوچەکەدا لەسەر بنچینەی پاراستنی قەوارەی سیاسی روکەشی ئەو دو دەوڵەتە دامەزرا بو.

ئێرانو تورکیا هەردوکیان لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپییەوە بەرەسمی ناسرا بون، ئەگەرچی مەسەلەی رۆژهەلات، واتە مەسەلەی چاوبڕینە سەرزەمینی ئەم دو دەوڵەتە لەکۆنەوە ببو بەمایەی ململانێ لەناویاندا، بەلام ئێرانو تورکیا بوبونە بەشێکی سیستەمی دەولی ئەو سەردەمە، کەلە سەربنچینەی راگرتنی هاوسەنگی تەرازوی هێزەکانی نێوان دەوڵەتە ئەوروپییەکان دامەزرا بو. مافی ئێرانو تورکیا بوبوە کۆڵەکەیەکی گرنگی راگرتنی ئەو هاوسەنگیە، کەباری هێمنایەتیو شەڕنەبونی لەئەوروپا پاراست بو. هەوڵ دانی هێزێکی ئەوروپایی بۆ داگیر یا دابەش کردنی یەکێ لەم دوو دەوڵەتە، یاخود هەوڵ دانی هێزێکی ناوخۆی بۆ جیاکردنەوەی بەشێکیو پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ لەناوچەکەدا یاروخاندنی، ئەبو بەهۆی لەرزاندنی نزامی دەولیو تێکچونی هاوسەنگی تەرازوی هێزەکانو، لەئەنجامدا شێواندنی ئاسایشی ئەوروپاو سەر دەرهێنانی مەترسی هەلگیرسانی جەنگ.

ئامانجی شێخ عوبەیدوڵلا کەبریتی بو لەجیاکردنەوەی بەشێکی گرنگو گەورەی سەرزەمینو دانیشتوانی هەردو دەوڵەت، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ لەناوچەکەدا، کەدانپیانانی کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئەوروپی بەدەس بهێنێ، واتە

لاوازبونی دو هێزی ناوچەیی‌و پەیدابونی هێزێکی ناوچەیی نوێ کەچارەنوسی نەئەزانرا، لەناوچەیەکی گرنگی دنیادا کەمەیدانی ململانێی سەختی هەمو دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانی ئەوروپا بو، لەگەڵ ستراتیجی ناوچەیی دەوڵەتە ئەوروپییە گەورەکاندا نەئەگونجا.

دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی روسیاو بەریتانیا کەدو هێزی گەورەی ئەو سەردەمەی دنیا بون، نەك هەر پشتیوانی مادی‌و مەعنەوییان لەم تەقەللایە نەکرد، نەك هەر ئامادە نەبون بیناسن‌و دانپیانانی قانونی، سیاسی، دیپلۆماسی پێشکەش بکەن، بەڵکو کەوتنە هەوڵ دانی دامرکاندنەوەی، سەرەڕای هەمو ناکۆکیەکانی بەینی خۆیان ناڕاستەوخۆ لەسەرئەوە رێك کەوتن" نەهێڵن تەقەللای یەککگرتنەوەی کوردستان‌و دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر حسابی ئێران‌و تورکیا سەر بگرێ.

٣-گەلە کۆمەکێی ٤ قوڵی بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕین

١/٣ رێوشوێنەکانی شا بۆ بەرەنگاری

هەواڵەکانی کوردستان، شۆڕشی خەڵك‌و راماڵینی خێرای دەسەڵاتی عەجەم لەبەشێکی کوردستان‌و پێشڕەوی بۆ پاککردنەوەی ناوچەکانی تر و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان لەلایەن شێخێکی تەریقەتەوە، هەڕەشەکردن لەتەوریز کەدوای تاران دوەم شاری گرنگی ئێران بو، هاندانی عەباس میرزای برای شا بۆ هەڵگەڕانەوەو بەشداری لەشۆڕشدا، ئەمانە مەترسیەکی گەورەیان دروست کرد بۆ سەرتەختی سەڵتەنەتی ناصرالدین شا کەخۆی لەخۆیدا لەتەنگوچەڵەمەیەکی گشتی قوڵدا بو.

بزوتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا لەکۆڕو نوسینە رەسمیەکانی دەرباری قاجاردا بەفیتنە، غائیلە، شۆڕش، طغیان.. ناوئەبراو شا بەهەڕەشەیەکی راستەقینەی دانا کەئەبێ چارەیەکی خێراو بنەڕەتی بکرێ. کیزن ئەڵێ[٤٦].. شا داوای یارمەتی لەروسیا کرد، پرس‌و راوێژی بەئینگلستان کرد، داوای تەعویزی لەتورکیا کرد.((شورای دەوڵەت))ی کۆکردەوەو بۆ دانانی رێوشوێنی دامرکاندنەوەی، تەلگرافی لێدا بۆ شارەکان بۆ سازدان‌و ئامادەکردنی سوپا. میرزا حسێن خانی سوپا سالاری ئەعزەم کەدەستی لەکارکێشرابوەوەو دورخرابوەوە بۆ قەزوین لەلایەن شاوە بانگ کرایەوە بۆ پرس‌و راوێژ دەربارەی چۆنیەتی کوژاندنەوەی جوڵانەوەکە.

شاهێزێکی گەورەی ڕێك خست، کەبەگوێرەی هەندێ سەرچاوە پێك هات بۆ لە ٢٠هەزار سەربازی نیزامیو چەندین عەرادە تۆپ[٤٧] بەسەرکردایەتی حشمت الدولە بەرەو کوردستان خستیەڕێ. حشمت الدولە کەپێشتر ئەرکی کوژاندنەوەی یاخی بونی خێڵە تورکمانەکانی پێ سپێردرا بو بەرلەوەی لەگەڵ هێزەکەدا بگاتە کوردستان لەرێگا مرد. میرزا حسێن خان کەدوای راوێژ گەڕابوەوە قەزوین، لەلایەن شاوە لەجێگەی حشمت الدولە کرایە سەرکردەی سوپای ئێران بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکەی شێخ عەبەیدوڵلا.

شا لەفەرمانەکەیدا بۆ میرزا حسێنخانی نوسیوە:

((ئاوت بەدەستەوە بێ نەیخۆیتەوە برۆ بۆ ئازەربایجان. ئەم کێشەیە بەخێرایی لەناوبەرە. سەرەڕای ماندوێتیو کاری زۆر ناچار بەخەتی خۆم دەستور ئەلعملێکی کورتم بۆ نوسین... ئەم دەستور ئەلعەمەلە دەسبەجێ بدە بەولیعەهد بیخوێنێتەوە. بەڕاستی من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەگەر لەرێکخستنەوەی هێمنایەتی ئازربایجاندا هاوڕێیەتی ئێوەنەکاو لەسەربیرورا کۆنەکانی خۆی بێ، ئەوا ئەیکێشمەوە بۆ تاران... مەملەکەت هێمنی ئەخوازێ. کردەوەی ئەم کوردانە بەد بوە. هەر بەگەیشتنیان تەگبیرێ بکەنو بیرێ بکەنەوە" بەپەلە لەناویان ببەن))[٤٨].

هەڵبژاردنی میرزا حسێن خان کەئەوروپای دیوەو سەردەمێ سەفیری دەرباری قاجار بو بۆ لای بابیعالیو ماوەیەك وەزیری کاروباری دەرەوەو سەردەمێکیش سەدری ئەعزەمی ئێران بو، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، هەروەها ناوەڕۆکی فەرمانەکەی شا، دەری ئەخەن کەناصرالدین شا تا چ رادەیەك لەپەژارەی ئەم شۆڕشەدا بوە. ترسێکی چەند گەورەی هەبوە لەپەرەسەندنو درێژەکێشانی.

شا بەتەنیا بەلەشکرکێشی بۆ سەرکوتکردنی چەکداری دانەکەوت. بەڵکو لەهەمان کاتدا بزوتنێکی دیپلۆماسی چالاکی دەست پێ کرد بۆ گەمارۆدانی سیاسیو دیپلۆماسیو جەنگی جوڵانەوەکە لەگەڵ سەفیرەکانی روسیاو بەریتانیا. هەروەها فەرمانیدا بەمحسن خانی سەفیری خۆی لەلای بابیعالی کەئەویش بکەوێتە گەڕ.

ناصرالدین لەوتنەکانیدا لەگەڵ زینوفیفی سەفیری روسیا تێی گەیاند، ئێران وازی لەهەمو جموجۆڵێك هێناوە لەئاسیای ناوەڕاستدا، ئەویش تکای وایە روسیا لەم گیروگرفتەدا دژی تورکیا پشتی بگرێ. هەروەها داوای لێ کرد، روسیە هێز بنێرێتە سەرسنوری ئازەربایجان بۆ رێگرتن لەشۆڕشگێڕانی کوردو یارمەتی دانی

سوپای ئێران لەکاتی پێویستدا، وە زۆر لەدەوڵەتی عوسمانی بکا ئاژاوەی کوردەکان بکوژێنێتەوە سەرکردەکانیان تەمێ بکا، زەرەرو زیانەکانی لەم شەڕەدا لەئێران کەوتوە تورکیا بۆی ببژێرێ[49].

زینوفیف بەپێڕەوی لەسیاسەتی روسیای قەیسەری، لای وابو بێ هێزبونی ئێران زەرەری بۆ روسیە هەیە، بەڵێنی بەشادا کەخواستەکانی بەپیتەربورگ بگەیەنێو ئومێدی یارمەتیشی پێدا.

ناصرالدین شا داوای لەتومسونی سەفیری بەریتانیاش کرد زۆر لەتورکیا بکا بکەوێتە شەڕەوە دژی کوردەکانو هاوکاری ئێران بکا بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکەیان.

لەئەستەموڵ میرزا محسنخانی سەفیری دەرباری قاجار لەلای بابیعالی کەوتە تەقەللای دیپلۆماسی لەلایەك لەگەڵ کاربەدەستانی بابیعالی کەهاوکاری لەگەڵ ئێران بکا سەرکوتکردنی جوڵانەوەکەو، هێز بنێرێتە سەرسنوری ئێرانی- عوسمانی بۆ ئەوەی پشت لەجوڵانەوەکە بگرێو، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ سەفیرەکانی روسیاو بەریتانیا کەتین ببەن بۆ بابیعالی دەس لەپشتیوانی جوڵانەوەکە هەڵبگرێو ئاژاوەی کوردەکان بکوژێنێتەوەو سەرکردەکانیان تەمێ بکا.

کورد لەسەر سنورەکان کەهەمیشە هۆیەکی گرنگی تیژبونی ناکۆکیەکانی نێوان هەردو دەوڵەت بون بەجۆرێ هەندێ جار بۆتەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی خوێناوی لەبەینی هەردولادا. بزوتنەوەی ١٨٨٠ تەنگوچەڵەمەیەکی دیپلۆماسی لەبەینا دروست کردن، بەڵام لاوازی ناوخۆی هەردو دەوڵەتو هەوڵ دانو ناوبژی کردنی روسیاو بەریتانیا نەی هێشت بگاتە جەنگ، هەر بەرێگەی دیپلۆماسی بڕییانەوە.

ئەم دو دەوڵەتە بەهۆی ململانێی دێرینەوە بڕوایان بەیەکتری نەبو. کێشەو گیروگرفتی قوڵیان لەبەیندا بو بەتایبەتی کێشەی ناوخۆو گێچەڵیان بۆ یەکتری دروست ئەکرد. شای ئێرانو هاوکارەکانی هۆی راپەڕینەکەیان نەئەبردەوە بۆ هەلومەرجی خراپی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی.. ناوخۆی ئێرانو بۆ خەملێنی هۆشی رزگاری- نەتەوەیی گەلی کورد، بەڵکو ئیمپراتۆریی عوسمانیان تاوانبار ئەکرد بەهاندانی شێخ عوبەیدوڵڵاو کوردەکان بۆ پەلاماردانی خاکی ئێران. بزوتنەوەکەیان بەدەسکردی عوسمانو بەریتانی لەقەڵەم ئەدا. میرزا محسن خان

لەنامەیەکی خۆیدا بۆ تاران نوسیویەتی: پاش ئەوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەئەوروپا کەم بۆتەوە، ئەیەوێ لەسەر حسابی ئێران چی لەدەست چوە بیهێنێتەوە، بۆ ئەمەش یەکخستنی موسوڵمانانی کردوە بەبیانو. ئەیەوێ گەلە سوننیەکان بخاتە ژێردەستی خۆیەوە. ئەستەمولّ کوردەکان هان ئەدا بۆ راپەرینەوە[50].

٢/٣ هەڵوێستی روسی

دیپلۆماتەکانی روس لەدوای گەڕانەوەی شێخەوە بۆ نەهری چاودێری جموجۆڵەکانی ئەویان ئەکرد. هەر زو کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی خۆیان ئاگادار کرد، کەشێخ کەوتۆتە پێوەندی لەگەڵ دەسڕۆیشتوەکانی کوردو سەرۆکەکانی ئەرمەنو ئاسوریو شەریفی مەککەو خدێوی میسر.

دیپلۆماتە بچوکەکان لایانْ وابو پشتیوانی لەداواکانی کورد نەکرێو پشتی حکومەتە مەرکەزیەکان بگیرێ. تەنانەت نوفیکوف سەفیری روس لەبابیعالی داوای لەموچە خۆرانی کونسوڵگەکانی کرد کەهیچ جۆرە پێوەندیەك نەکەن لەگەڵ نوێنەرانی شێخ بۆ ئەوەی کاربەدەستانی عوسمانی وا تێنەگەن پشتیوانی لەراپەرینەکە ئەکەن.

زینوفیف لەنامەکانیدا وا ئەگەیەنێ" ئێران ئەو تواناو چەکەی نیە بتوانێ بەخێرایی ئاژاوەکە بکوژێنێتەوە. ئینگلیز پشتی کوردەکان بۆ شۆڕش. ئەستەمولّو تاران ئاگایان لەوەیە کەئینگلیز دەستی لەئاژاوەی کوردەکاندا هەیە. ئینگلیز کەڵکەڵەی یەکخستنی ناوچە کوردیەکانی خستۆتە مێشکی شێخ عوبەیدوڵلاوە.

لە١٨ی تشرینی ١٨٨٠دا ئەلەکسندەری دوەم موافەقەتی کرد کەوەزارەتی کاروباری دەرەوە بڕیاری روسیا بەزینوفیف رابگەیەنێ بۆ ئەوەی شای لێ ئاگادار بکا کە: روسیە ئامادەیە یارمەتی بدات، داواشی لەلەشکری قافقاس کرد لەسەرسنوری ئازەربایجانی خوارو بار بخاتو لەکاتی پێویستدا دەستی یارمەتی بۆ لەشکری ئێران درێژ بکات. هەروەها داوای لەسەفیری خۆی کرد لەئەستەمولّ کە: هەمو هەوڵێك بدات بۆ ئەوەی تورکیا هان بدات لەشەڕا دژی کورد بەشداری بکات. لەئەنجامی گوشاری بەتینی روسیادا، تورکیا ئۆردوی نارده کوردستان. کاربەدەستانی روس هەوڵی زۆریاندا بۆ دورخستنەوەی مەسیحیەکان لەبەشداری شۆڕش[51].

٣/٣ هەڵوێستی بەریتانی

ئینگلیزەکانی ئاگاداری زۆریان لەسەر جوڵانەوەکە کۆکردەوە، دژی جوڵانەوەکە بون: ئامۆژگاری شێخیان کرد دەست هەڵگرێ لەراپەڕین. ئامۆژگاری مەسیحیەکانیان کرد بەشداری نەکەن. دەنگوباسی راپەڕینەکەیان ئەگەیاندە کاربەدەستانی عوسمانیو ئێرانیو هانیان ئەدان بۆ دانانی نەخشەی لەناوبردنی.

میجەر تروتێر کۆنسوڵی بەریتانیا لەئەرزڕوم لەنامەیەکیدا بۆ سەفیری خۆیان لەئەستەموڵ، گلەیی لەپاشاکانی تورك ئەکا کەنازانن بزوتنەوەکە هەڵ بسەنگێننو ڕیشوێنی لەناوبردنی دابنێن. دان بەوەدا ئەنێ ئەو هەواڵو دەنگوباسە گرنگەی دەربارەی نهێنیەکانی بزوتنەوەکە پێی گەیشتون، داویتیە کاربەدەستانی تورك. هەروەها خۆیشی ماوەیەکی درێژ لەئەرزڕوم مایەوە بۆ ئەوەی بەشداربێ لەئامادەکردنی ڕێوشوێنی لەناوبردنی جوڵانەوەکەدا.

ناصرالدین شا لە١١ی تشریندا لەدیتنی تۆمسۆن سەفیری بەریتانیا لەدەرباری قاجار، داوای لەسەفیر کرد حکومەتی بەریتانیا زۆر لەتورکیا کەدژی کورد بکەوێتە شەڕەوە.

تومسۆن ئاگاداری سەروتری خۆی کرد" سەرکەوتنی کورد لەئێران ئەبێتەهۆی دەستێوەردانی راستەوخۆی روسیە لەئێران. شا لەوە ئەترسێ روسیا بەبیانوی ئەوەی ئێران ناتوانێ بەرژەوەندی هاونیشتمانانی روس لەئێران بپارێزێ، راستەوخۆ تەدەخول بکا. لە٣٠ی تشرینی ١٨٨٠ ئاگاداری وەزیری دەرەوەی بەریتانیای کرد کەشێخ عوبەیدوڵڵا نامەی بۆ ئقبال ئەلدەولەو ڕێکخراوە ئەمریکیەکان ناردوە، لەنامەکانیدا ئاگاداری کردون، سەرۆك هۆزەکانی کورد یەکیان گرتوە بەنیازی یەکخستنو کەوتنە گفتوگۆ بەو نیازەی توانای هەردولایان بۆ لێدانی بزوتنەوەی کورد یەك بخەن. تومسۆنی سەفیری بەریتانیا لەتاران بەردەوام لەوێوە لەندەنی لەهەمو ئەو هەوڵو تەقەللایانە ئاگادار ئەکرد. سەفیری بەریتانیا لەئەستەموڵ داوای لەکاربەدەستانی عوسمانی کرد" یان خۆی سزای عوبەیدوڵڵا بدات یان تەسلیمی ئێرانی بکا[52].

٤/٣ هەڵوێستی بابیعالی

بابیعالی ئەگەرچی لەزەوە ئاگاداری جموجوڵی خۆڕێکخستنی سیاسی شێخ عوبەیدوڵڵا بو، بەڵام چونکە بەهۆی تێشکانی لەجەنگی روسدا(١٨٧٧)هێشتا

لەڕوی عەسکەریەوە لاوازو بێ هێزبو بو، سەرگەرمی ئەو پەیمانە گرانە بو کەوڵاتانی ئەوروپی لەبەرلین دەربارەی دابڕینی ناوچەکانی بالقان لەقەڵەمڕەوی عوسمانی بەسەریاندا سەپاندبو. هەروەها ناکۆکی دێرینەی عوسمانی- ئێرانیو زیندوبونەوەی ئەو ناکۆکیە لەسەر هەڵوێستی ئێرانی لەشەڕی روسی- عوسمانیدا داواکردنەوەی هەندێ ناوچەو ئەرزی سەرسنور لەقوتورو زەهاو لەلایەن ئێرانەوە.. بابیعالی لەسەرەتاوە بەلاقرتیوە سەیریان ئەکرد، هەوڵیاندا بەڕێگەی گفتوگۆی سیاسیو بەڵێندانی چەور شێخ لەشۆڕش پەشیمان بکەنەوە. لەدواییدا لەژێرکارتێ کردنی گەورە بونی مەترسی روداوەکەو لەژێر گوشاری سەختی دەوڵەتانی ئەوروپیدا کەوتنە بەکارهێنانی هێزی چەکدار بۆ تێشکاندنی جولانەوەکەو گرتنو دورخستنەوەی سەرکردەکانی. کیزن ئەڵێ: ((ئەو کارەی لەمانگی سەپتەمبەردا بەمژدەیەکی زۆرەوە دەستی پێ کرد لەمانگی نۆڤەمبەردا بەڕیسوایی دوایی هات، بەهۆی پێ داگرتنی دەوڵەتانی ئەوروپاوە بابیعالی سەرەنجام عوبەیدوڵڵای گرت))[٥٣].

روداوەکانی ١٨٨٠ بو بەتەنگوچەڵەمەیەکی دیپلۆماسی لەنێوان دەرباری قاجارو بابیعالیدا. دەرباری قاجار عوسمانیەکانی تاوانبار ئەکرد بەهان دانی کوردەکان بۆ دەسدرێژی کردنە سەر ئێرانو راپەڕین. بابیعالی ئێرانی تاوانبار ئەکرد بەوەی زەرەرو زیانی لەشێخ داوە.

پاش ئەوەی کاربەدەستانی عوسمانی شێخیان بەگیرای بردە ئەستەمولّ، ویستیان کەڵك لەم روداوە وەربگرن وەکو عامیلی زەغت بۆ سەر ئێران. لەکۆتایی تشرینی ١٨٨١دا سەفیری تورکیا لەتاران، فەخری بەگ داوای لەئێران کرد" هەر زیانێ لەسالانی ١٨٧٠، ١٨٧٦، ١٨٨١ ئێران لەشێخی داوە بۆی ببژێرن. هەڕەشەی ئەوەی ئەکرد، کە ئەگەر خواستەکانی شێخ جێبەجێ نەکرێ لەوانەیە سەرلەنوێ راپەڕینێکی تر بقەومێ[٥٤]. بەڵام میرزا سەعید خان، وەزیری دەرەوەی ئێران، بەئامۆژگاری زینوفیف سەفیری روسیا، نوتەکەی تورکیای رەت کردەوە، بەبیانوی ئەوەی، ناوچەکانی شێخ داوای ئەکا هیچی مولکی ئەو نەبون بەلکو بەکرێی گرتونو هەندێکی بەتاپۆی ساختە داگیرکردوە. لەئەنجامی یاخی بونەکەیدا دەست بەسەر هەمویا گیراوە. سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەوەی تورکیا پشتی عوبەیدوڵڵا ئەگرێ لەدوژمنایەتیدا بەرامبەر ئێران. ئێرانیش داوای بژاردنی ئەو زەرەرانەی کرد کەبەهۆی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە لێی کەوت بو.

خواستەکانی شێخ کەسیاسی بونو هەردو دەوڵەتی ئەگرتەوە. لەئەنجامی تێشکانی جوڵانەوەکەو دەستێوەردانی راستەوخۆی ئینگلیزو روسیەدا سەری نەگرت. عوسمانی کردی بەبەهانە بۆ داواکاری مادیو داواخستنی جێبەجێ کردنی بەندی ٦٠ی پەیمانی بەرلین دەربارەی گێڕانەوەی قوتورو ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ئێران.

لەتشرینی دوەمی ١٨٨٠دا هاوکات لەگەڵ لەشکرکێشی ئێران بۆ سەرناوچەکانی ورمێ، موکریان، تورك دەستی کرد بەلەشکرکێشی بۆ سەر کوردستانی عوسمانیو داوای لەشێخ کرد بڵاوە بەهێزەکانی بکاو بچێتە ئەستەموڵ.

شێخ بەرێزێکی زۆرەوە، بەگیراوی برایە ئەستەموڵ. ئەگەرچی لەوێ پێشوازی شاهانەی لێ کرا، بەڵام خواستە سیاسیەکانی پشت گوێ خراو خۆیشی بەدەست بەسەری لەوێ لەجێگەیەك دانرا.

شێخ عوبەیدوڵڵا کەنائومێد بو لەبابیعالی سەرلەنوێ بەنهێنی کەوتەوە هەوڵدانی رێکخستنەوەی هێزەکانی، پێوەندی لەگەڵ لایەنگرەکانی پێوەندی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتانی بێگانە نوێ کردەوە. لەئابی ١٨٨٢دا بەپاسپۆرتێکی دروست کراو بەناوی بازرگانەوە ڤیزای روسیای وەرگرت. لەرێگەی دەریای رەش، تفلیس، یەریڤان، بایەزید، ئالاشگر، هەکاری گەڕایەوە بارەگاکەی خۆی بۆ درێژەپێدانی خەبات.

هەڵاتنی شێخ پەژارەی زۆری لەلای دەرباری قاجار دروست کرد. ئێران داوای لەبابیعالی کرد کەبیگرێو دوری بخاتەوە هەروەها داوای لەروسیەو بەریتانیاش کرد کەپشتی بگرن. ئێرانو روسیەو بەریتانیا بابیعالیان ناچار کرد کەچارەی سوپایی مەسەلەکە بکات. هێزە چەکدارەکانی تورك لەهەکاری چونە سەر شێخ عوبەیدوڵڵا لەکۆتایی تشرینی یەکەمی ١٨٨٢دا بەدیل گیراو بەهێزێکیی گەورەوە لەگەڵ ١٠٠ خێزانی لایەنگری رەوانەی موسڵ کرا. لەموسڵەوە رەوانەی ئەسکەندەرونە، ئینجا بیروتو پاشان دورخرایەوە بۆ حیجاز, لەوێ گلیان دایەوە تا لەساڵی ١٨٨٣دا کۆچی دوایی کرد[٥٥].

٥/٣ دامرکانەوە

رێوشوێنەکان جێبەجێ کردنی بەرنامەی کاری دەرباری ئێرانی بۆ کوژاندنەوەی راپەرینەکە لەمەیدانی جەنگی، دیبلۆماسی، سیاسیدا سەری گرت.

لەبواری جەنگیدا، شا جگەلەوەی توانی هێزێکی ڕێکوپێکی مەشق دیوی بەدیسپلین بەفەرماندەیەتی سەرکردەیەکی سیاسی- سوپایی لێوەشاوەو بەهاوکاری ئەفسەری شارەزای نەمسەیی ڕەوانەی کوردستان بکا. هەروەها هێزێکی گەورەی میلیشایی خێڵە تازەری‌و کوردەکانی ئازەربایجانی لەسەرکۆکردنەوە. لەهەمان کاتدا توانی روسیەش والێ بکا هێزەچەکدارەکانی خۆی لەسەرسنوری ئازەربایجان مولێ بدا بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەقازانجی هێزەکانی شا خۆی لەشەڕەکە هەڵبقورتێنێ. هەروەها توانی سوڵتانی عوسمانیش ناچار بکا هێزە چەکدارەکانی خۆی بنێرێتە کوردستانی عوسمانی‌و بارگەو مەخفەر لەناوچە گرنگەکان‌و لەسەرسنور دابنێ. بەم جۆرە جوڵانەوەکەی گەمارۆی سوپاییدا.

بەمەش لەماوەیەکی کورتدا وورەی هێزەکانی شێخ روخان‌و توشی تێشکانی کردن.

لەبواری دیپلۆماسیدا، شا توانی وا لەحکومەتەکانی روسیاو بەریتانیا بکا کەنەك هەر پشتیوانی مەعنەوی یاسیاسی لەجوڵانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەکەن‌و دانی پیانەنێن، بەڵکو توانی وایان لێ بکا گوشاری بەتین بۆ سەر بابیعالی بەرن کەناچاری بکا هەوڵی سیاسی بدا بۆ بڵاوە پێکردن‌و دەسهەڵگرتنی شێخ عوبەیدوڵڵا لەشەڕو هەوڵی سوپایی بدا بۆ ئەوەی دەس بگرێتەوە بەسەر ناوچە شێواوەکانی کوردستان‌و سنوری هەردو دەوڵەتدا لەئەنجامدا شێخ بەگیراوی لەکوردستان دوربخەنەوە.

لەبواری سیاسیدا، شا توانی جوڵانەوەکە لەزۆرایەتی کوردی ئێرانی دابڕێ. شۆڕشەکە نەیپەرژایە سەرئەوەی بتەنێتەوە بۆ ناوچەکانی سنەو کرماشان، بەڵکو هێزی کوردەکانیشی لەسەر کۆکردەوە بۆ بەگژاچونی.

هەروەها توانی هەستی شیعەیەتی ئازەریەکان لەدژی شێخ‌و جوڵانەوەکەی کەسوننی بون بوروژێنێ‌و لەشەڕێکی مەزهەبی خوێناویانەوە بگلێنێ نەك هەر دژی شێخ‌و لایەنگرەکانی بەڵکو دژی هەمو کوردو سوننیەکانی موکریان.

لەبەرامبەر ئەوەدا تەقەللاکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ جێبەجێ کردنی لایەنە سیاسی، دیپلۆماسی، جەنگیەکانی ستراتیجەکەی سەریان نەگرت.

لەبواری جەنگیدا، بەهۆی نابەرامبەریەوە لەژمارەی هێزەکان‌و چەکی هێزەکان‌و جۆری ڕێکخستن‌و مەشق‌و دیسپلین‌و سەرکردایەتیەوە، جوڵانەوەکە

نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێکی کاریگەر چ بەوەی دەست بگرێ بەسەر شارو شوێنی گرنگ‌و ستراتیجی‌دا، چ بەوەی شکستێکی سەخت بەهێزێکی گەورەی ئێرانی بدا، بەدەس بهێنێ، بەڵکو بەشێکی هێزەکەی لەپاش چەند سەرکەوتنێکی بچوك، بەهۆی نارێکوپێکی‌و بێ دیسپلینیەوە بەهەندێ کالای بێ بایەخەوە بلاوەیان لێ کردو پاشماوەی هێزەکەش لەگەڵ دەرکەوتنی بەرایی هێزە نیزامیەکەی ئێراندا بەتێشکاوی‌و نارێکوپێکی کەوتە کشانەوەو بلاوە لێ کردن.

لەبواری دیپلۆماسی‌دا، نەك هەر نەیتوانی پشتیوانی مەعنەوی-سیاسی یاپشتیوانی ماددی‌و دانپیانانی قانونی‌و سیاسی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو بەریتانیا یاروسیە بەدەس بهێنێ، کەلەسەری هەڵبداتێ‌و پارێزگاری لێ بکا، بگرە لەدوا قۆناغی بزوتنەوەکەدا گەلەکۆمەکیی دیپلۆماسی روسی-ئینگلیزی-ئێرانی دژی کورد کەوتنە زۆرهێنان بۆ تورکیا کەبەرێگەی تەدەخولی عەسکەری کۆتایی بەراپەڕینەکە بهێنێ‌و سەرکردەکانی بگرێ‌و لەکوردستان دوریان بخاتەوە.

لەبواری سیاسی‌دا، بزوتنەوەکە نەیتوانی گەلی کورد یەك بخات، دواکەوتویی گشت لایەنەی کۆمەڵی کوردستان، لەئەنجامی ئەوەش‌دا دواکەوتویی هۆشی نەتەوەیی کورد لەزۆربەی ناوچەکان‌و لەناو زۆربەی عەشیرەتەکاندا، کەهێشتا دڵسۆزی بۆ بنەماڵە، عەشیرەت" دڵسۆزی بۆ مەزهەب‌و دین لەسەرو دڵسۆزییەوە بو بۆ نەتەوە... زۆربەی ناوچەکان دورە پەرێز راوەستاون‌و هەندێ لەوانەش کەسەرەتا بەشداربون زو پەشیمان بونەوەو هەڵگەڕانەوە.

هەروەها نەیتوانی پشتیوانی نەتەوە مەسیحیە چەوساوەکانی ئەرمەنی‌و ئاسوری، پشتیوانی نەتەوە چەوساوەکانی ئازەری‌و عەرەب، پشتیوانی دەسەلاتدارەکانی فارس‌و تورك بەدەست بهێنێ.

ئەمانە، لەلایەك زەمینەی سەرکەوتنی دەرباری قاجارو بابیعالییان بۆ دامرکاندنەوەی جولانەوەکە خۆش کردو لەلایەکی ترەوە زەمینەی تێشکان‌و دوایی هاتنی راپەرینی ١٨٨٠ی گەلی کوردیان ئامادە کرد.

٦/٣ ئەنجامەکانی تێشکانی بزوتنەوە ١٨٨٠

١-لەکوردستانی ئێران، هێزە چەکدارەکانی ئێران: نیزامی‌و میلیشیا بەتوندوتیژیەکی ئەوتۆ کەوتنە سەرکوتکردنی خەڵك‌و سزادانی بەکۆمەڵیان بۆ ئەوەی چاوترسێن بن‌و جارێکی تر زانی هەڵگەڕانەوەو راپەڕین نەکەن، کەتوانای

مرۆیی‌و ئابوری لەخەڵکی ناوچەکە بڕی. بەقسەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری وەکو مەسعود میرزا زل ئەلسلتانی کوڕی ناصرالدین شا لەو چەند هەفتەیەدا سەد هەزار کەس کوژران‌و سەد هەزار کەس دەربەدەر بون‌و دو هەزار گوندی گەورەو بچوك وێران کران[٥٦] ئەمەش زەرەرێکی ئەوەندە قورس بو لەکورد کەوت تانزیکەی ٣٠ساڵ وزەی جوڵانی لەبزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی ئێراندا نەهێشت.

٢-لەکوردستانی عوسمانیدا، سولتان عەبدولحەمید بەپێچەوانەی ئێرانەوە هەوڵیدا گەلی کورد بەلای خۆیدا رابکێشێ‌و بیکاتە هێزێکی گەورەی رێکخراو بۆ پاراستنی سەڵتەنەتی خۆی‌و بەکارهێنانی لەسەرکوتکردنی ئەرمەنیەکان‌و بەکارهێنانی لەشەڕدا دژی ئێران‌و روس. سولتان عەبدولحەمید لەگەڵ شێخ‌و مەلاکانی کورد پێوەندی نزیکی دروست کرد، موچەی بۆ زۆربەیان بڕییەوە. کوڕو نەوەی ئەمیرە کوردە لێخراوەکانی لەئەستەمول لەخۆی نزیك خستەوە. هەندێ قوتابخانەی لەهەندێ جێگای کوردستان دامەزران لە١٨٨٥یشەوە دەستی کرد بەنزیك خستنەوەی ئاغاور شێخ‌و مەلاکانی کورد لەخۆی بۆ پێکهێنانی تیپە حەمیدییەکان((حەمیدیە سواری الایلری))لەخێڵ‌و هۆزەکانی کورد.

بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بەتێپەڕینی زەمان ناوەڕۆکە سیاسییەکەی چاکتر خەملی کەدوایی تر لەشێوەی هۆشی نیشتمانی، پەیدابونی گۆڤارو بلاوکراوە، دامەزراندنی یانەی رۆشنبیری‌و رێکخراوی سیاسی، زیادبونی دەوری کورد لەبابیعالیدا... خۆی نواند.

٣-بزوتنەوەی نەتەوەیی ١٨٨٠لەجاران زیاتر سەرنجی دەوڵەتە ئەوروپییە گەورەکانی بۆلای کورد راکێشا. گرنگی ئەم گەلە لەناوچەکەدا، بەتایبەتی گرنگی جیۆپۆلەتیکی نیشتمانەکەی بۆ ئەوان دەرکەوت. هەولیان دا زیاتر لەجاران نفوزی خۆیان لەکوردستاندا بەهێزبکەن. گەڕیدەو ئەفسەرو ئارکیۆلوگ‌و جاسوس.. سەردانی کوردستانیان ئەکرد. لێکۆڵینەوە لەزمان‌و فەرهەنگ‌و مێژو، لەلایەنی سیاسی، کۆمەلایەتی ژیانی خەڵکی کوردستان‌و جوگرافیای ولاتەکەیان لەلایەن دەزگا زانستیەکانی روسیاو بەریتانیاو ئەلمانیاوە پەرەی سەندو زۆرتر بو، کەئەمەش بەلگەی بایەخ دانی ئەو دەوڵەتانەیە بەکوردو شوێنی ژیانی.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

[1] هامر پورگشتال، تاریخ امپراطوری عثمانی، ترجمە میزا زکی علی ابادی، باهتمام جمشید کیان فر، ج٤،(تهران: زرین، بهار١٣٦٨ش)، ل٣١٢.

[2] رۆم بۆ دەوڵەتی عوسمانیو عەجەم بۆ دەوڵەتی ئێران لێرەدا بەپێڕەوی لەشاعیرانی کورد: ئەحمەد خانی ١٦٥١-١٧٠٧، سالم ١٨٠٠-١٨٦٦، حاجی قادری کۆیی ١٨١٧-١٨٩٧، بەکارهێنراوە، هەروەکو لەسەر زمانی ئەو سەردەمەی خەڵکی کوردستانیش باوبوە.

[3] بۆ نمونە بڕوانە قەسیدەکەی سالم لەوەڵامی قەسیدەکەی نالیدا ١٨٠٠-١٨٥٦ سەبارەت بەنەمانی دەسەڵاتی میرنشینی بابانو دامەزرانی دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانی.

[4] جرج ن. کرزن، ایران وقضیه ایران، ترجمە و غ. وحید مازندرانی، ج١ چ٢،(تهران: مرکز انتشارات علمیو فرهنگی، ١٣٦٢) ص٧٠١" میزا شکرالله سنندجی(فخر الکتاب) تحفه ناصری، مقابله و تصحیح از: د. حشمت الله طبیبی،(تهران: امیر کبیر، ١٣٦٦)، ص ٥٣١" واسیلی نیکتین، کردو کردستان، ترجمە، محمد قاضی، (تهران: نیلوفر، ١٣٦٦) ص٤١٣، مینورسکی، الاکراد، ترجمه د.معروف خزنەدار، (بغداد:١٩٦٩).

[5] روحی بك الخالدی المقدسی(الانقلاب العثمانی وترکیا الفتاة)(مجلة الهلال)، الجزء و الاولی، السنه ١٧،١ کانون اول ١٩٠٨، ص٨١.

[6] بۆ شەجەرەی بنەماڵەکەیان بڕوان: نیکتین، س ن، ل٤٩٩.

[7] د. جەلیلی جەلیل، راپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕانی د.کاوس قەفتان،(بەغداد: ١٩٨٧)، ل٨٠.

[8] کرزن، س ن، ل٧٠١.

[9] هەمانجی

[10] د.عزیز شەمزینی، الحرکة القومیة التحرریة للشعب الکردی، من منشورات الاتحاد الوطنی الکردستانی، مطبعة الشهید ابراهیم عزو، نیسان ١٩٨٦، ص ٦٢" هەروەها هەندێ بڕی ئەم وتارە لە:خالفین، خەبات لەرێی کوردستان دا وەرگێڕانی جەلال تەقی،(سلێمانی: چاپخانەی راپەڕین، ١٩٧١)، ل١٧٩: جەلیل، س. ن، ل١١٤. ئەمانیش هەموویان لەئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسی دەریان هێناوە.

[11] علی دهقان، رضائیه یا سرزمین زردشت،(تهران: ابن سینا، ١٣٤٨)، ل٤١٠.

[12] جەلیل: س ن، ل١٧١و١٧٤.

[13] علی افشار، رسالەی شۆڕش شێخ عبیدالله، ضمیمه و: میزا رشید ادیب الشعرا، تاریخ افشار، بەتصحیحو اهتمام پروزی شهریار افشار- محمود رامیان،(تبریز: چاپخانه شفق، ١٣٤٦)، ص٥٢٩-٥٢٠.

[14] هـ س، ل٤٠٦-٤٠٧.

[15] هـ س، ل٥٥٤.

[16] عباس میزا ملك ارا، شرح حال، بەکوشش دکتر عبدالحسین نوائی، چ٢،(تهران: بابك ٢٥٣٥)، ص١٥٣-١٥٨ هەرچەندە عباس میزا لەژیاننامەکەیدا باسی نوسراوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا ئەکا بەڵام تێکستی نامەکەی نەنوسیوەتەوە، چونکە وەکو خۆی ئەڵێ داوێتی بەناسرئەلدین شا.

[17] جەلیل، س ن، ل۱۱۵" نیکتین، س ن، ل؟
[18] جەلیل، س ن، ل۱۰۸
[19] هـ س، ل۱۰۹
[20] هـ س، ل۹۱و۹۲ و۱۰۹
[21] هـ س، ل۸٦
[22] هـ س، ل۱٦۷" خالفین، س ن، ل۱٦٦و ۱٦۷
[23] هـ ج
[24] هـ س، ل۱٤۷و ۱۹۳
[25] ظل السلطان راگویزراوە لەتحفە ۵۳۰
[26] کرزن، س ن، ل۷٤٦
[27] هـ س، ل۷٦۲
[28] هـ س، ل۸٤۸-۷٤۹و۸۳٦
[29] روداوەکانی لەشکرکێشی شێخ عوبەیدوڵلا لەلایەن دو کەسەوە کەخۆیان شایەتی روداوەکانی بون هەر لەو سەردەمەدا نوسراوە:
یەکەم، اسکندر غوریانس، قیام شیخ عبیدالله شمزینی در کردستان، به اهتمام عبدالله مردوخ، (تهران: دنیای دانش،۲۵۳٦)
دوەم، علی افشار، شۆرش شێخ عبادالله، ضمیمه: میرزا رشید ادیب الشعرا، تاریخ افشار، بەتصحیح‌و اهتمام پرویز شهریار افشار-محمود رامیان،(تبریز، چاپخانه شفق، ۱۳٤۷ش)
یەکەمیان زۆرتر لەسەر روداوەکانی قۆڵی سابلاخە چونکە خۆی لەو رۆژانەدا لەسابلاخ بوە. دوەمیشیان زۆرتر لەسەر قۆڵی ورمییە چونکە ئەویش خۆی لەورمێ بوە. هەرچەندە هەردوکیان بەگیانێکی زۆر دوژمنانە روداوەکان ئەگێڕنەوە، بەلام زانیاری مێژویی بەنرخ‌و ناوازەیان تێدایە. زۆری زانیارییەکانی ئێرە لەوێ دەرهێنراون.
[30] افشار، س ن، ص۵۳٦.
[31] کرزن، س ن، ل۷۰۱.
[32] افشار، س ن، ل۵۷۰.
[33] ابراهیم صفائی، مدارك تاریخی، (تهران: چاپ شرق، ۱۳۵۵)، ص۱۱۳.
[34] جەلیل، س ن، ل۸۳.
[35] لینچوفسکی
[36] دەربارەی ستراتیجی ناوچەیی روسی‌و بەریتانی بڕوانە: پیو- کارلو تیرینزیو، رقابتهای روس و انگلیس در ایران وافغانستان ترجمه عباس اذین(تهران-چ۲، ۱۳٦۳ش)
[37] مینورسکی، س‌ن، ل۸۲-۸۳.
[38] جەلیل س ن، ل۸۵" خالفین، س ن، ل۱٦۹.
[39] جەلیل، س ن، ل۸٤-۸۵" خالفین، س ن، ل۱٦۹-۱۷۰.
[40] خالفین، س ن، ل۲۰٦.
[41] هـ س، ل۱۷۰.
[42] لینچوفسکی، رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەکاروباری دنیادا،(چاپی ۱۹۷۱ی ئینگلیزی، ل٦۵۳).

[43] خالفین، س ن، ل١٧٦.
[44] هـ س، ل١٣٠
[45] جەلیل، س ن، ل١٧٦.
[46] کرزن، س ن، ل٧٠٢.
[47] هـ س، ل٧٠١
[48] مرتضى راوندي، تاريخ اجتماعى ايران، ج٢،(تهران: امير كبير)، ص٥٨٣.
[49] هـ س، ل٢٠٢و ١٨٥.
[50] هـ س، ل٢٠١
[51] هـ س، لا١٧٠و ١٩٧و ١٨٥و ١٨٦و ١٨٧
[52] هـ س، لا ٩٢و ٩٣و ١٣٦و ١٧٦و ١١١و ١٤١
[53] کرزن، س ن، ل٧٠٢
[54] خالفین، س ن، ل١٩٩
[55] بڕوانە ئەو شیوەنەی وەفایی بۆ شێخی کردوە((دیوانی وەفایی))لێکۆڵینەوەو لەسەر نوسینی محمد علی قەرەداخی.
[56] ظل السلطان راگوێزراوە لەتحفه ٥٣١.

٤-شەڕو ئاشتی: هەردوکیان کوێرەوەری

١-هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانی

تەرازوی ئەو((هاوسەنگی هێز))ەی ماوەیەکی درێژ ئاسایشی نێوان دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپای راگرت بو، دوای تەواوبونی یەکگرتنی نەتەوەیی ئاڵمانیو ئیتاڵیو پێشکەوتنی خێرای پیشەسازی ئاڵمانیاو ئەمریکا، بەجۆرێکی بنەڕەتی تێکچو. دەوڵەتە ئیمپریالیستیە بەهێزەکان ئەیان ویست پارێزگاری دەسکەوتە کۆنەکانی خۆیان بکەنو دەوڵەتە تازە پێشکەوتوەکانیش ئەیان ویست سەرلەنوێ، بەپێی گۆڕانی تەرازوی هێزەکان، دنیا دابەش بکرێتەوە. دەوڵەتانی ئەوروپی کەوت بونە خۆبەهێزکردنو بۆڕبۆڕێنی خۆچەکدارکردن، چونکە هەمویان چاوەڕێی هەڵگیرسانی جەنگیان ئەکرد.

رۆژی ٢٨ی ژوئینی ١٩١٤ وەلیعەهدی نەمسەو هاوسەرەکەی لەسیراجیفو کوژران.

نەمسە ئەمەی کردە بەهانە، پاش دورۆژ جەنگی لەدژی دەوڵەتی سیرب راگەیاند.

روسیەش، کەخۆی بەپارێزەری گەلانی سلاڤی دائەنا، بۆ پشتیوانی لەسیرب هێزەکانی خۆی سازدا، جەنگی دژی نەمسە راگەیاند.

پاش چەند رۆژێ ئاڵمانیاش بۆ پشتیوانی لەنەمسە جەنگی دژی روسیا راگەیاند.

ئەڵمانیاش دژی فەرەنسەو بەلچیك جەنگی راگەیاند.

بەریتانیاش جەنگی دژی ئاڵمانیا راگەیاند.

هەر لەو رۆژانەشدا ژاپۆن جەنگی لەدژی ئاڵمان راگەیاند.

ئاگری شەڕ سەرانسەری ئەوروپای گرتەوەو دەوڵەتانی هاوبەشی جەنگ دابەش بون بەسەر دو بەرەدا:

بەرەی دەوڵەتانی ناوەند، کەپێك هات بو لەئاڵمانیاو نەمسەو دوایی تر تورکیاش.

بەرەی دەوڵەتانی پێکهاتو، کەبریتی بو لەبەریتانیاو روسیاو فەرەنسەو لەکۆتایی جەنگدا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشیان چوە پاڵ.

ئەگەرچی مەیدانی سەرەکی بەلادا خستنی جەنگ ئەوروپا بو، بەڵام ناوچەکانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست بۆ هەردولای جەنگ، لەروانگەی ستراتیجییەوە گرنگییەکی ژیانییان هەبو، هەردولا پێیان وابو، لەدەس دان یا دەس گرتن بەسەر ئەم ناوچەیەدا ئەتوانیٚ کارێکی کاریگەر بکاتە سەر چارەنوسی گشتی جەنگ[1]. لەبەرئەوە هەم ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانیو، هەم ئینگلیزو هاوپەیمانەکانی بەهەمو رێگەیەك هەوڵی تێوەگلاندن یا ئەگەر نەتوانریٚ بێلایەن کردنی تورکیاو ئێرانیان ئەدا.

١/١ تورکیا: سەرەتا بێلایەنیو، سەرەنجام بەشداری تەواو

لەکاتی هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، محەمەدی ٥هەم سوڵتانی عوسمانیو، سعید حلیم پاشا سەروەزیرانی بابیعالی بو، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە لەدەس سەرکردەکانی حیزبی(اتحادو ترقی))دا بەتایبەتی لەناو لەپی ٣ سەرە ناودارەکەی ئەو حیزبەدا بو" تەلعەت پاشا، وەزیری کاروباری ناوەوە، ئەنوەر پاشا، وەزیری جەنگ، جەمال پاشا، وەزیری دەریا. ئۆردوی تورکیش بەکردەوە لەژێر دەستی ئەو ٤٢ ئەفسەرە ئاڵمانییەدا بو کە بەسەرکردایەتی جەنەراڵ لیمان فون ساندەرس خەریکی مەشق دادانو رێکخستنەوەی بون.

بیرورای سەرانی حکومەتی تورك بەرامبەر جەنگ وەکو یەك نەبو، لەناو ئەوانەدا هەندێکیان داواکاری بێلایەنیو، هەندێکیان لایەنگری هاوبەشی دەوڵەتانی ناوەندو، هەندێکیان لایەنگری هاوبەشی دەوڵەتانی پێکهاتو بون.

بابیعالی لەسەرەتای هەڵگیرسانی جەنگدا، بێلایەنی خۆی لەجەنگ راگەیاند. بەڵام ئەنوەرو تەلعەت، دو لەسەرکردە ئیتحیادییە دەسەڵاتدارەکانی حکومەتی تورك، بەگەرمی هەوڵیان ئەدا ئیمپراتۆریی عوسمانی لەپاڵ هێزەکانی ئاڵمانیدا دژی دەوڵەتانی پێکهاتو بەشداری جەنگ بیٚ. پێیان وا بو، ئاڵمان بەزویی شەرەکە بەقازانجی خۆی بەلادا ئەخاو، جەنگ ئەباتەوە.

لە٢ی ئابی ١٩١٤دا، کەجەنگ سەرەتای بوو هەندیٚ لەسەرکردەکانی((اتحادو ترقی))بەنهێنی، پەیمانێکی سیاسی- جەنگییان لەگەڵ ئاڵمانیا بەست. هەندیٚ لەسەرانی حکومەتی تورك ئاگایان لیٚ نەبو.

له ۲۹ی تشرینی یەکەمی ۱۹۱٤دا ژێرئاوییەکی ئاڵمانی کەموڵکی تورکیا بو، لەدەریای رەش‌دا پەلاماری ئوستولی روسیای‌دا.
روسیاش بەدوای ئەمەدا لەرۆژی ۲ی تشرینی دوەمی ۱۹۱٤دا جەنگی دژی تورکیا راگەیاند.
بەدوی روسیەدا فەرەنسەو بەریتانیاش لەرۆژی پێنجەمی هەمان مانگ‌دا جەنگیان دژی تورکیا راگەیاند.
تورکیاش ئیتر بەتەواوی تێکەڵاوی جەنگی جیهانی بو. لەوەش‌دا مەبەستی ئاڵمان هاتەدی، چونکە بەلای ئەڵمانەوە گرنگ نەبو ئامانجی تورك لەجەنگ چیە یا چی بەسەر دێ، گرنگ ئەوە بو تورك گوشار لەسەر ئەو کەم بکاتەوە، بەشێکی هێزەکانی روس‌و ئینگلیز لەمەیدانی سەرەکی- ئەوروپا دەربهێنێ، بەمەیدانێکی لاوەکیەوە لەئاسیا خەریکیان بکاو ئاسایشی رێگای هاتوچۆی ئیمپراتۆریی بەریتانی لەگەڵ هندستان بخاتە مەترسیەوە.
ئاڵمان بۆ ئەوەی کەڵکی تەواو لەهاوکاری تورك وەربگرێ، داوای لێ کرد" بوغازەکان لەروی کەشتیرانی هەمو دەوڵەتانی ترا دابخات‌و، ئاورێکانی قەناتی سویس‌و عەدەن ببڕێ‌و، پەلاماری قافقاس بداو بەشێکی هێزی روسی خەریك بکا،((خەلیفە))ش جیهاد لەدژی دەوڵەتانی پێکهاتو رابگەیەنێ[۲].
سەرکردایەتی ئاڵمانی لەلایەکەوە هەندێ دیپلۆماتی کارامەی دانا بۆ کاری سیاسی‌و دیپلۆماسی لەتورکیا، لەلایەکی ترەوە هەندێ ئەفسەری بەتوانای ناسراوی هەڵبژارد بۆ ئەوەی دەس بگرن بەسەر ماشینی جەنگیی تورك‌دا. ئەفسەرانی ئاڵمانی لەپلە بەرزەکانی ئۆردوی تورك‌دا کەوتنە کار کردن" جەنەرال لیمان فون ساندەرس سەرپەرشتی رێکخستنەوەی ئۆردوی ئەکرد، جەنەرال فون فالکنهاین سەرکردایەتی هێزەکانی فەلەستین‌و فیلد مارشال گولتس سەرکردایەتی هێزەکانی میزۆپۆتامیایان ئەکرد، جەنەرال فون لوسو، ئەدمیرال هومان نوێنەری هەیئەتی ئەرکانی ئاڵمانی بون لای سەرکردایەتی جەنگیی تورك[۳].
سەرکردەکانی(اتحادو ترقی))هیوای زل‌و زۆریان لەسەر بەشداری تورك لەجەنگ‌دا هەڵچنی بو، بەتەمای سەرکەوتنی گەورەو دەسکەوتی زۆر بون.
ئامانجە سیاسی‌و جەنگییەکانی تورك لەبەشداربونی جەنگ‌دا بریتی بو لە:
۱-رزگارکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەنفوزی بێگانەو پەرەپێدانی فەرهەنگی تورك.

٢-سەندنەوەی میسرو قوبروس‌و، ئەگەر توانرا لیبیاو تونس‌و جەزائیر.
٣-ئازادکردنی ناوچە تورك زمانەکانی روسیا وەکو قافقازو تورکستان‌و گرێدانی بەتورکیاوە.
٤-پەرەپێدانی نفوزی خەلیفە لەسەرانسەری ولاتانی ئیسلامدا[٤].

٢/١ ئێران: بێلایەنییەکی ڕێز لێ نەگیراو

لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا، دیپلۆماتەکانی ئالمان، ئینگلیز، روس، چ خۆیان راستەوخۆ، چ لەڕێگەی دۆست‌و لایەنگرە ئێرانییەکانیانەوە هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی ئێران لەشەڕەوە بگلێنن. بەڵام حکومەتی ئێران بەسەرۆکایەتی عەلاء الدولە بەرەسمیی بێلایەنی ئێرانی بەرامبەر جەنگ راگەیاند.

هیچ دەوڵەتێکی بەشداری جەنگ رێزی ئەم بێلایەنییەی ئێرانی نەگرت‌و، حکومەتی ئێران خۆیشی ئەو هێزو توانایەی نەبو پارێزگاری خۆی بکاو، بێلایەنی خۆی بسەپێنێ یا بپارێزێ.

ئێران، لەو کاتەدا هێزێکی چەکداری نارێکوپێك‌و لاوازی هەبو، خەزێنەکەی خاڵی بو. دەرباری قاجار لەوپەڕی فەسادو بۆگەنی‌دا بو. هێزەکانی روسیا لای سەرویان داگیرکردبو. هێزەکانی بەریتانیاش پاش چەند حەفتەیەك لەشەڕ لای خوارویان گرت، جگەلەوەی پێشتریش هێزی لەئەفغانستان هەبو. شوێنی جیۆپۆلەتیکی ئێران وا هەڵکەوت بو، لەلای سەرەوەی هاوسنوری روسی‌و لەلای رۆژئاوای هاوسنوری عوسمانی‌و لەلای رۆژهەڵاتی هاوسنوری دەسەڵاتی بەریتانی بو. ئێران بەلایەنەکانی جەنگ دەورە درا بو.

کەدەوڵەتی عوسمانی تێکەڵاوی شەڕ بو، رۆژئاوای ئێران بو بەیەکێ لەمەیدانە گەرمەکانی جەنگ. کوردستانیش لەباری جوگرافییەوە وەها هەڵ کەوت بو، بێ ئەوەی دەس یادەسکەوتی لەهەڵگیرسانی ئەم شەڕەدا هەبێ. بو بەمەیدانێکی سەختی پێکادانی هێزەکانی هەردولای جەنگ، بەتایبەتی روس‌و تورك، کاتێ سوڵتان جیهادی راگەیاند. داوای لەهەمو موسڵمانانی دنیا کرد دژی هێزەکانی دەوڵەتانی پێکهاتو بجەنگن، ئەم بانگە لەناو کوردو گەلە موسڵمانەکانی تری ئێرانیش‌دا دەنگی دایەوە. بگرە تورك توانی کورد لەشەڕێکی خوێناوییەوە بگلێنێ دژی گەلە مەسیحییە هاونیشتمانەکانی.

ئۆردوی تورکی، بێ ئەوەی گوێ بداتە بێلایەنی ئێران، لەلایەکەوە لەشکرکێشی بۆ سەر قافقاز دەس پێ کردو، رژایە ناو ئەرزی ئازەربایجانەوە، لەلایەکی ترەوە کەوتە هان دان‌و یارمەتی ئێلەکانی کوردو، ئەو ئێرانییانەی لەدەس زوڵم‌و زۆری دەسەڵاتدارانی روسی هەڵاتبون بۆ ناو خاکی عوسمانی،

بەناوی جیهادو غەزاوە بەرەنگاریی هێزەکانی روس لەناو ئێراندا بکەن. بەم بۆنەیەوە حکومەتی ئێرانی کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی روسیو، عوسمانی، داوای لەروسیا کرد سوپاکەی لەشارەکانی ئێران بکێشێتەوە بۆ ئەوەی لایەنەکانی تری جەنگ بیانویان بەدەستەوە نەمێنێ لەشکر بهێننە ناو ئێرانەوە، داوای لەعوسمانیەکانیش کرد رێگە لەئاژاوەنانەوەی کورد بگرێو، لەسنورەکانی ئەودا ئۆردو کۆ نەکاتەوە. تورك ئەیوت ئەگەر روس سوپاکەی خۆی لەئازەربایجان بکێشێتەوە، ئەویش خواستەکەی ئێران بەجێ ئەهێنێ. بەڵام روسەکان ئەیان وت، ئەوان سوپاکەی خۆیان لەئازەربایجان کێشاوەتەوە، جگە لەچەند دەستەیەکی کەم کەبۆ پاراستنی هاوڵاتییەکانی خۆیان، کەسێکی تریان لەوێ نەهێشتۆتەوە.

هیچ لایەکیان قازانجی لەوەدا نەبو گوێ لەخواستەکانی ئێران بگرێ، بەڵکو هەردولا، هەریەکیان بەشێوەی خۆی، هەوڵی جێگیر کردنی خۆی ئەدا.

٢- پلانی جەنگیی تورك و مەیدانەکانی

بۆ بەجێهێنانی ئەو ئامانجە زلانەی بەتەمای بون، سوڵتان لە٢٣ی تشرینی دوەمدا بانگی جیهادیدا، داوای لەهەمو موسڵمانانی دنیا کرد بەشداری شەڕ بن. سەرکردایەتی جەنگیی تورکیش هێزی مرۆیی هەمو گەلانی تورکیای سازداو، سەربازگیری لەناو مەسیحییەکانیشدا کرد. بەهاوکاریو راوێژی ئەفسەرانی ئەڵمانی پلانێکی جەنگیی فراوانی دانا. هێزەکانی خۆی لەدو مەیدانی سەرەکیدا بۆ هێرش سازدا:

مەیدانی یەکەم: جەبهەی سینا، بەسەرکردایەتی جەمال پاشاو یارمەتی جەنەرالێکی ئاڵمانی، ئەبو قەناتی سویسو میسر لەئینگلیز بگرێ. میسر لەهێزی بەریتانی پاك بکاتەوە، لەوێوە هەڵ بکوتێتە سەر سودانو لیبیاو سەرلەنوێ بیانخاتەوە سەر تورکیا.

مەیدانی دوەم: جەبهەی قافقاز، بەسەرکردایەتی ئەنوەر پاشاو بەیارمەتی جەنەرال شیلیندۆرف، ئەبو بەرەو ئازەربایجانو گورجستانو هەرچوارلای دەریای خەزەر بکشێ. بەهیوای ئەوەی گەلانی ئازەری، تورك، تورکمان، تاتار لەژێردەستی روس دەربێنێ. نەتەوەی تۆران یەك بخرێتەوەو ساز بدرێ بۆ پێکهێنانی سوپایەکی چەکداری مەزنو هەمو گەلە موسڵمانەکانی روسیاو ئێرانو ئەفغانستانو هیندستان... بەرەو پیری بێنو، بەدەنگ بانگی جیهادی سوڵتانەوە دژی روسو ئینگلیز راپەڕن.

ئۆردوی تورك لەسەرەتادا هەتا باتۆمو تەوریز پێشڕەوی کرد. بێ ئەوەی ڕێزی بێلایەنی ئێران بگرێ، ناوچە کوردنشینەکانی خۆراوای ئێرانی داگیرکرد.

لە((ساری قامیش))سوپای روسی شکاند. بەلام لەناوەڕاستی زستانی ١٩١٤-١٩١٥دا سوپای روسی کەوتە هێرشی پێچەوانە بۆ سەر ئۆردوی تورك. بەتێشکاوی تا سەر سنور راوی نا. ئینجا چوە ناو قولایی ئەرزی عوسمانییەوە.

پلانی جەنگیی تورك سەری نەگرت. لەباتی ئەو دو مەیدانەی سەرکردایەتی تورك ئەی ویست بیانکاتە مەیدانی سەرەکی. دەولەتانی پێکهاتو توانییان چەندین مەیدانی جەنگیی چاوەڕوان نەکراوی لێ بکەنەوە، لەوانە: دەردەنیل، سینا، میزۆپۆتامیا، عەرەبستان، قافقاس بۆ ئەوەی بەدیوارێکی ئەستوری هێزی هاوپەیمانەکان لەلای ئەرمەنستان، کوردستان، عەرەبستانەوە گەمارۆی بدەن.

لەناو جەبهەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ٣ یان راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کورد پێوەندییان هەبو.

١/٢ جەبهەی قافقاز

تورکیا بۆ جێبەجێ کردنی پلانی جەنگیی خۆی، بێ ئەوەی گوێ بداتە بێلایەنی ئێران لەسەرەتای جەنگەوە بەناو ئازەربایجانی ئێرانیدا بەرەو قافقازو دەریای قەزوین کەوتە جولان. لەسەرەتادا هەندێ سەرکەوتنی بەدەس هێنا توانی هەندێ لەئازەربایجانی ئێرانیو قافقاسی روس داگیر بکا. لەناوەڕاستی زستانی ١٩١٤-١٩١٥دا سوپای روسی کەوتە هێرشی پێچەوانە. هێزەکانی تورك بەتێشکاوی بەرەو سنوری روسی- عوسمانی پاڵ پێوەنراو کەوتە پێشڕەوی لەناو خاکی عوسمانیدا. ئەرابزون. ئەرزڕوم، ئەرزنجان، وان، بتلیس، موش.ی داگیر کرد. مەیدانی ئەم جولانە سەرەنجام درێژ بوەوە بۆ بەشی خواروی کوردستان، سوپای روس لەکانونی یەکەمی ١٩١٥دا تەوریزو لەمایسدا ورمێ دوایی تر شنۆ، سابلاغ، بانەی گرتو لەشوباتی ١٩١٦دا گەیشتە کرماشان، لەبەهاری ١٩١٦دا لەسنوری ئێران- عوسمانی لە٣ لاوە: رەواندز، پێنجوین، خانەقین بەرەو کوردستانی جنوبی کشا.

رەفتاری هێزە چەکدارەکانی روس بەگشتیو تیپە چەکدارەکانی ئەرمەنیو قازاخ بەتایبەتی، لەکوردستاندا زۆر خراپ بو. لەکوشتنی خەڵكو تالان کردنی ماڵو داراییان، لەوێران کردنی شارو ئاوەدانی دەستیان نەئەپاراست.

خێڵەکانی کورد بۆ پاراستنی سەرو سامانی خۆیان لەزۆر شوێن ناچار بون بەرهەڵستی نائومێدانەی پێشڕەوی هێزەکانی روسیا بکەن.

لەم جەبهەیەدا ئامانجی پلانی جەنگیی تورکیا نەهاتە دی، بەڵکو توشی تێشکانێکی کاریگەر بو، بەشێکی قەڵەمڕەوی خۆی لەدەسدا، بەلام ئامانجی

ئاڵمان، کەئەی ویست جەبهەیەکی نوێی جەنگ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ خەریك کردنی بەشێ لەهێزەکانی روس بکاتەوە، هاتەدی.
ئەم مەیدانە ئەگەرچی لەمێژودا بەجەبهەی قافقاز ناوئەبرێ. لەراستیدا ئەبو ناوی جەبهەی کوردستان بێ" چونکە شەڕگەی سەرەکی ئەم مەیدانەو زۆری شەڕو تێکهەڵچونە سەختەکانی نێوان هێزەکانی روسی- عوسمانی لەسەر ئەرزی کوردستان رویداو، ژمارەیەکی زۆری قوربانییەکانی، چ وەکو سەرباز لەریزی ئۆردوی عوسمانیداو، چ وەکو دانیشتوانی ناوچەکە کورد بون.

٢/٢ جەبهەی میزۆپۆتامیا

لە٦ی تشرینی دوەمی ١٩١٤دا هێزەکانی بەریتانیا لەفاو دابەزین و لە٢٢مانگ دا چونە ناو بەسراوە، ئامانجی ئەم کارە جەنگییە پارێزگاری بیرە نەوتەکانی لای خواروی رۆژئاوای ئێران بو لەمەترسی پەلاماری دوژمن. ئەنجام دانی ئەم هێرشە ئەوەندە ئاسان بو سەرکردایەتی هێزەکەی هاندا پێشنیار بکەن بۆ سەروتری خۆیان رێگەی پێشڕەوی بدرێن بەرەو بەغداد.
هێزەکانی بەریتانیا لە٣ی حوزەیرانی ١٩١٥دا عەمارەو لە٢٥ی تەموزدا ناسریەو لە ٣٠ی ئەیلولدا کوت الامارەیان گرت. لەکۆتایی تشرینی دوەمدا شەڕ گەیشت بوە نزیك سەلمان پاك لە٣٠ کیلۆمەتری شاری بەغداد. هێزەکانی عوسمانی بەسەرکردایەتی جەنەرالی ئاڵمانی گولتس لەوێ هێزی بەریتانییان بەتێشکاوی ناچاری کشانەوە کرد بۆ کوتو لەوێش گەمارۆیان دان.
لە٢٥ی نیسانی ١٩١٦دا هێزی بەریتانی لەکوت شکستی خواردو ١٣ هەزار کەسی لێ بەدیل گیرا. بەڵام هێزەکانی بەریتانی بەهێنانی هێزی نوێ سەرلەنوێ بەهێز کرانەوەو ئامادەکران بۆ پێشڕەوی بەرەو بەغداد. ئامانجی جوڵانی ئەم جارەیان ئەوە بو کە لەگەڵ هێزی روسی، کە لەناو خاکی ئێرانەوە بەرەو میزۆپۆتامیا کەوت بوە پێشڕەوی، یەك بگرنەوە. لە١١ی مارتی ١٩١٧دا هێزەکانی بەریتانی بەسەرکردایەتی جەنەراڵ مود گەیشتنە شاری بەغداد.
رەفتاری هێزی بەریتانی لەگەڵ خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان لەگەڵ رەفتاری هێزی روسی جیاواز بو. هێزەکانی بەریتانیا لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان ئەدا بەرێگەی کاری جەنگی دەس بەسەر ناوچەکاندا بگرن، لەهەمان کاتدا هەوڵی بەدەسهێنانی دۆستایەتیو پشتیوانی دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکانیشیان ئەدا. بەڵێنی رزگاریی لەدەسەڵاتی رەشی تورکو چاکردنی باری ژیانو دابین کردنی هێمنیو ئاسایشیان پێ ئەدان. جەنەرال مود لەبەیانێکی درێژدا کە لە١٩ی مارتی ١٩١٧دا بۆ خەڵکی بەغدادی بڵاو کردەوە، نوسی بوی: ((...هێزەکانی

ئێمە وەکو داگیرکەر یا دوژمن نەهاتونەتە ناو شارو خاکی ئێوە، بەڵکو وەکو رزگارکەر هاتون..))[٦] وە داوای لەپیاوە ناسراوەکانی ئەوێ کرد بوو هاوکاری لەگەڵ ئەفسەرە سیاسیەکانی هێزەکەی بکەن بۆ رێکخستنەوەی کاروباری خۆیان.

کاربەدەستانی بەریتانی لەبەغداد لە٤ی تەموزی ١٩١٧ دا دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی رۆژنامەی عەرەبی زمانی((العرب))ئەم رۆژنامەیە جگە لەوەی هەواڵی سەرکەوتنی هاوپەیمانەکانو تێشکانی تورکو ئاڵمانی بڵاوئەکردەوە، هەوڵی ئەدا هەستی نەتەوەیی عەرەب دژی تورك بوروژێنێ، دۆستایەتی عەرەب بەدەس بهێنێ، بەڵێنی هاوپەیمانەکانی دەربارەی مژدەی ئازادی گەلان بەعەرەب ئەگەیاند.

ئامانجی ئەم هێزە بۆ یەکگرتنەوەی لەگەڵ سوپای روس هاتە دی. لەلای خانەقینەوە هەردو هێز لێکیان دایەوە، بەتەمای ئەوەی هەردوکیان پێکەوە بەرەو موسل پێشرەوی بکەن.

هەڵگیرسانی شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ دژی قەیسەر پشێوی خستە ناو ریزەکانی سوپای روسی. لەئۆکتۆبەری هەمانساڵدا کاتی بولشەویك دەسەڵاتی گرتە دەست، لەگەڵ تورك جەنگی راگرتو کەوتە دانانی رێوشوێنی کێشانەوەی یەکجاری هەمو هێزەکانی لەناوچە داگیرکراوەکان.

دەرچونی روسیا لەجەنگ بەریتانیای لەبیری داگیرکردنی موسل پەشیمان نەکردەوە. خۆی بەتەنیا کەوتە ئامادەکردنی زەمینەی سیاسیو جەنگیی جێبەجێ کردنی پلانەکەی لە١ی کانونی دوەمی ١٩١٨دا کاربەدەستانی بەریتانی لەبەغداد بۆ پڕوپاگەندە لەناو کورداو، بۆ بزواندنی هەستی نەتەوەیی کورد دژی تورك دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردی زمانی((تێگەیشتنی راستی))[٧].

نیشانەکانی هەرەس رۆژ بەرۆژ زیاتر لەهێزەکانی عوسمانیدا دەرئەکەوت. بەریتانیا درێژەی بەهەڵکشانی خۆیدا بەرەوژور. لە٢٨ی نیسانی ١٩١٨دا گەیشتە توزخورماتو، رۆژی دوایی تر کفریو کەرکوکی داگیرکرد. ئەمەش سەرەتای دەرکردنی یەکجاری دەسەڵاتی تورك بو لەکوردستانی جنوبی.

٣/٢ جەبهەی عەرەبستان

لەگەرمەی جەنگدا حسێن شەریفی مەککە، ئەمیر عەبدوڵڵای کوڕی ناردە لای لۆرد کیچنەری بەریتانی لەقاهیرە بۆ ئەوەی پێی رابگەیەنێ کەئەو ئامادەیە هاوکاری بەریتانیا بکا دژی دەوڵەتی عوسمانی لەبەرامبەر رزگاری عەرەبو بەدی هێنانی ئاواتەکانیدا. لەسەرەتادا بەریتانیا گوێی نەدایە ئەم پێشنیارە.

له ١٩١٥دا بەریتانیا بەچاکی زانی سود لەعەرەب وەربگرێ دژی تورك. سێر هینری ماکماهون نوێنەری بەریتانیا لەقاهیرە پێوەندی لەگەڵ حسێن کرد. چەند نامەیەك لەنێوان هەردوکیاندا ئاڵوگۆڕکرا حسێن لەنامەی رۆژی ١٤ی تەموزی ١٩١٥دا کەخواستەکانی خۆی بۆ ماکماهون رون ئەکاتەوە، لەنوقتەی یەکەمی‌دا نوسیوێتی:

((١-بەریتانیا دان بنێ بەسەربەخۆیی وڵاتانی عەرەبی‌دا کەسنورەکەی" لەلای سەرویەوە لەمیرسین‌و ئەدەنەوە دەس پێ ئەکا تا ئەگاتە خەتی ٣٧ لەبیرەجیك، ئورفا، ماردین، میدیات، جزیرەی ئیبن عومەر، ئامێدی تا سنوری ئێران. لەلای رۆژهەڵاتیەوە لەسنوری ئێرانەوە تا خلیجی بەسرە. لەلای خوارویەوە موحیتی هیندی، جگە لەعەدەن کەوەکو خۆی ئەمێنێتەوە لەلای رۆژئاوایەوە دەریای سور، دەریای سپی ناوەڕاست تا میرسین.

ئینگلیز خەلافەتی عەرەبی بۆ ئیسلام بسەلێنێ))[٨].

حسێن لەم دیاری کردنەدا بەشێکی گەورەی نیشتمانی نەتەوەیی کوردی خستۆتە ناو ئەو سەرزەمینەوە کەداوای ئەکرد، کەچی هەمو وڵاتانی عەرەبی ئەفریقای لێ دەر هاویشتوە. چاوتێ برینی نەتەوە پەرستەکانی عەرەب لەئەرزی کورد لەو سەردەمەوە دەس پێ ئەکا.

بەریتانیا بێ ئەوەی بەڵێنێکی تەواو و رون بدا بەحسێن توانی لەگەڵی رێك بکەوێ بەشداری جەنگ بێ دژی دەوڵەتی عوسمانی. لە ٥ی حوزەیرانی ١٩١٦دا حسێن شۆڕشی عەرەبی دژی دەسەڵاتی تورك راگەیاند، داوای لەهەمو عەرەب کرد کەریزی سوپای تورك بەجێ بهێڵن‌و بێنە ریزی هێزەکانی ئەوەوە. بەریتانیا کولونیل لورەنس‌و چەند ئەفسەرێکی تری بۆ سەرکردایەتی‌و رێکخستنی کارە جەنگییەکانی شۆڕشەکە ناردە حیجاز. هەروەها هەندێ لەو ئەفسەرە عەرەبانەی دیلی ئینگلیز بون ئازاد کران بەو مەرجەی لەو شۆڕشەدا بەشدار بن. هێزەکانی عەرەب کەوتنە پەلاماردانی سەربازگەکانی ئۆردوی تورك لەحیجاز بەنیازی پاك کردنەوەی. حسێن ناوی لەخۆی نا مەلیکی عەرەب. بەڵام لەبەرئەوەی بەریتانیا ئەم ناوەی پێ پەسەند نەبو، گۆڕی بۆ مەلیکی حیجاز.

لەم جەبهەیەدا ٦٥ هەزار سەربازی تورك بەشۆڕشی عەرەبەوە خەریك بون. سەرەنجام شۆڕشەکە رێی تەخت کرد بۆ دەرکردنی هێزەکانی تورك لەحیجازو سوریاو فەلەستین.

٣-هەڵوێستی گەلانی نە تورک

بەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەنوەر پاشاو هاوڕێکانی پێویستی بەستراتیجێکی سوپایی- سیاسی هەبو. لەپێش هەمو شتێکا بەندبو بەڕادەی یەکگرتنی گەلانی عوسمانیو دڵسۆزییانەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. تورکیا وڵاتێکی فرە- نەتەوەیی فرە- دین بو. بەگوێرەی هەندێ سەرژمێری دانیشتوانی ئەوسای سەرزەمینی عوسمانی ٢٥ ملیۆن بو. لەوە تەنیا ١٠ ملیۆنی تورک بو کە لەنیوەی کەمتری تێکڕای دانیشتوانی ئەکرد. ئەوی تر ١٠ملیۆن عەرەبو ٢ ملیۆن ئەرمەنیو ١,٥ ملیۆن کوردو ئەوی تریشی نەتەوەی جیاجیا بو. تورکیا تەبایی دینیو تەبایی نەتەوەیی تێ دا نەبو.

حکومەتی عوسمانی بەدرێژایی زەمان سیاسەتی چەوساندنەوەی دینی بەرامبەر گەلانی ناموسڵمان گرت بو. لەدوای هاتنی((تورکانی لاو))یشەوە سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەرامبەر گەلانی نەتورک گرت بو. هەوڵ دانی تورکانی لاو بۆ تواندنەوەی گەلانی نەتورکو نەموسوڵمان لەبۆتەی نەتەوەیی تورکدا، لەچەرخێکا کەئازادی دینو مەزهەبو نەتەوە لەدنیادا بو بو بەباو، دڵی هەمو گەلانی نە تورکی ناو خاکی عوسمانی لەحکومەتی تورک ڕەنجاند بو.

کوردو عەرەب ئەگەر پێوەندی هاودینی لەگەڵ تورک کۆی ئەکردنەوە، ئەوا گەلانی مەسیحی نەپێوەندی هاودینیو نەپێوەندی هاونەتەوەییان لەبەیندا نەبو، بەڵکو هەمیشە لەژێر باری زوڵموزۆری دینیو نەتەوەییدا بون، ئەمەش پاڵی پێوە ئەنان کەپەنا بۆ دەوڵەتی دەرەوە ببەن بۆ ئەوەی بیان پارێزنو لەهەمو هەلێك کەڵك وەربگرن لەجەهەننەمی چەوسانەوەی عوسمانی رزگاریان ببێ.

لەناو گەلە مەسیحیەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ٣ یان گرنگی تایبەتییان هەبو: ئەرمەنیو ئاسوریو یۆنانی.

یۆنانیەکانی ژێردەستی تورکیا ئەگەرچی هەمیشە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەورروپی هاوکار بون دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەڵام لەساڵانی ١٩١٤- ١٩١٨دا هیچ گیروگرفتێکی دژواریان بۆ تورك دروست نەکرد. ناکۆکی یۆنانی- تورکی لەدوای راگرتنی جەنگ تەقییەوە.

١/٣ ئەرمەن

نەتەوەی ئەرمەن لەمێژ بوو سەربەخۆییان لەدەسدا بو. لەبەینی روسیاو تورکیادا دابەش کرابون، هەروەها کەمایەتیەکی پەرتوبڵاویشیان لەئێران بو. بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەرمەن لەپێش بزوتنەوەی نەتەوەیی گەلە موسڵمانەکانی عەرەبو کوردا گەشەی کرد بو. ئەرمەن بەهیوا بون بەیارمەتی روسیا بەئامانجی

نەتەوەیی خۆیان بگەن. لەو شەڕانەدا کە لەبەینی روس‌و توركدا ئەقەوما ئەرمەنیەکان بەنهێنی‌و بەئاشکرا هاوکارییان لەگەڵ روس دژی تورك ئەکرد. ئەمەش بو بە بەهانەیەکی مێژویی بەدەس تورك‌و فەناتیکەکانەوە بۆ زیاتر ئازاردان و ناوبەناو سزادانی بەکۆمەڵی ئەرمەن.

کەجەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، ئەرمەنیەکان بەشداربونی تورکیان لەجەنگدا بە((هەستێکی تێکەڵاو لەترس‌و هیوا))وە وەرگرت((ترس لەتۆڵەسەندنی چاوەڕوان کراوی تورك کەهیچ گوشارێکی دەرەکی نەی ئەتوانی بەری بگرێ))و((هیوای تێشکانی تورکیاو سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان بەتایبەتی روسی))[٩].

کەنیسەکانی ئەرمەن رایان گەیاند کەقەیسەری روسیا پارێزەری هەمو ئەرمەنیەکانی جیهانەو داوایان لەهەمو ئەرمەنیەك کرد هەر یارمەتیەکی شەخسی یا مادی لەدەس دێ پێشکەشی سوپای روسی بکا. روسیاش بەیانێکی رەسمی دەرکرد. هانی ئەرمەنیەکانی ئەدا بۆ راپەڕین لەدژی تورك‌و بەڵێنی رزگاری پێ ئەدان. ئەرمەنیەکان بەدەنگ ئەو بانگەوازانەوە چون. ریزی ئۆردوی تورکیان بەجێ ئەهێشت‌و بەکۆمەڵ ئەیان دایە پاڵ سوپای روس، یارمەتی روسیان ئەدا بۆ پێشڕەوی، هێزی داگیرکەریان وەکو رزگارکەری خۆیان پێشوازی ئەکرد.

تورکیا بەرەقی بەرپەرچی هەڵوێستی ئەرمەنی دایەوە بەتوندی تۆڵەی لێ سەندن. لەحوزەیرانی ١٩١٥-دا بڕیاری راگوێزانی ئەرمەنیدا لەناوچەی رۆژهەڵاتەوە بۆ ناوەوەی ئەنەدۆڵ. تەلعەت پاشا وەزیری کاروباری ناوخۆی تورکیا خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی جۆری راگوێزانی ئەرمەنی ئەکرد لەساڵانی ١٩١٥-١٩١٦دا. جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە بو بەهۆی ئەوەی ولایەتەکانی رۆژهەڵات لەئەرمەنی چۆڵ بن. بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی جێی باوەڕ ئەبێ ٢ ملیۆن ئەرمەنی توشی ئەم کوێرەوەریە بوبن لەوانە ٦٠٠ هەزاریان مردون[١٠]. ئەم کارەساتە لەمێژودا بە((کوشتاری ئەرمەن))ناسراوە.

روسیا هەندێ تیپی چەکداری لەئەرمەن دروست کردبو. تۆڵەی لێقەومانی خۆیان لەخەڵکی ئەو ناوچە کوردنشینانە ئەکردەوە کەسوپای روسی داگیری ئەکردن. کاربەدەستانی روسی لەباتی ئەوەی هەوڵی ئاشت کردنەوەی گەلی ئەرمەنی‌و گەلی کورد بدەن. تیپە چەکدارەکانی ئەرمەنیان ئازاد کرد بو بۆ تۆڵەسەندن لەکوردو قوڵ کردنی ناکۆکی نێوان ئەم دو گەلە دراوسێیە.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو کشانەوەی روس لەکوردستانو وازهێنانی لەپشتیوانی کردنی ئەرمەنو هەڵوەشاندنەوەی تیپە چەکدارەکانیان، کوێرەوەری گەلی ئەرمەنی سەخت تر کرد.

٢/٣ ئاسوری

ئاسوریەکان بەئەندازەی ئەرمەنی توشی مەینەتی نەبوبون، بەلاّم ئەوانیش لەژێر باری زوڵمی دینیو کۆمەلاّیەتیو ئابوریدا بون. پاش ئەوەی سوپای روسی بەناو کوردستاندا پێشڕەوی کرد، ئاسوریەکانی هەکاری لەتورک راپەڕین. لەهاوینی ١٩١٥دا بەتێشکاوی بەکۆمەڵ کۆچیان کرد بۆ ناوچەکانی ژێردەسەلاّتی سوپای روسی لەخوی، سەلماس، ورمێ. چەندین هەزار کەسیان چونە ریزی سوپای روسەوە. کاربەدەستانی روسی هەندێ تیپی تایبەتییان لێ پێك هێنا. لەسەرەتای ١٩١٨دا ژمارەیان ئەگەیشتە نزیکەی ١٢ هەزار چەکدار لەژێر سەرکردایەتی ئاغا پەتروسدا[11]. ئەم هێزانە شان بەشانی سوپای روسی بەشداری جەنگ بون دژی عوسمانی بەو هیوایەی بەئامانجەکانی خۆیان بگەن لەئازادیو سەربەستی.

سمکۆی سەرخێڵی شوکاك مارشیمۆنی پێشەوای دینی ئاسوریەکانی کوشت. ئەوەش بو بەهۆی دروست بونی ناکۆکیەکی خوێناوی لەبەینی ئاسوریو کوردا. هەردولا بەکۆمەڵ کوشتاریان لەیەکتری ئەکردو دەستیان لەیەکتری نەئەپاراست.

لەدوای کشانەوەی روس لەئێران ئاسوریەکان بێ پشتو پەنا مابونەوە. تورك بەبیانوی تەمێ کردنی نەستوریەکانی هەکاریەوە کەهاوولاّتی عوسمانی بون هێرشی کردە سەر ناوچەی ورمێ. روس لەناوچەکەدا نەما بو، بەریتانیاش ئاگاداری نەستوریەکانی کرد بەتەمای هێزی یارمەتی بەریتانی نەبنو پشت بەخۆیان ببەستن[12]. لەژێر گوشاری تورکا بەشەڕ لەخواروی گۆمی ورمێوە کشانەوە بەرەو ناوچەکانی ژێردەستی بەریتانیا لەهەمەدانو لەوێشەوە گوێزرانەوە بۆ بەعقوبە.

ئاسوریەکان توشی کوێرەوەریەکی نەتەوەیی بون. لەنیشتمانی خۆیان هەڵکەنرانو بەولاّتانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستو ئەوروپاو ئەمریکادا بەدەربەدەری بلاّوبونەوە.

٣/٣ عەرەب

بەژمارە ئەوەندەی تورك یاخود زیاتر ئەبون. هاودینی تورکو کورد بون. لەناو ئۆردوی تورکو داوودەزگاکانیدا چەندین ئەفسەری پلە بەرزو کاربەدەستانی گەورەی عەرەب هەبو.

سیاسەتی((مەرکەزییەت))و تورکاندن کەحکومەتی ئیتیحادیەکان لەناوچـە عەرەبیەکاندا پێڕەویان ئەکرد، نابەرامبەری لەنوێنەرایەتی((مەجلیسـەکان))دا، تەنگ هەڵ چنین بەرێکخراوە فەرهەنگیو سیاسیەکانی عەرەب، لەناو رۆشنبیرانی عەرەبدا هۆشـی جیابونـەوەخوازی دروسـت کردبـو. لەسـاڵانی دوای ئینقیلابـی عوسمانی تا هەڵگیرسانی جەنگ لەئەستەمبوڵ، قاهیرە، دیمەشق، بیروت، بەغداد، پاریس.. چەند رێکخراوێکی عەرەبی نەتەوەیی ئاشکراو نهێنی دروست بوبـون بـۆ بەدی هێنانی خواستە نەتەوەییـەکانی عـەرەب، کـە بـەپێی جیـاوازیی بۆچـونی رێکخراوەکان جیاواز بو. هەر لـەوەی هەنـدێکیان داوای((لامەرکەزییـەت))یـان ئەکرد لەچوارچێوەی دەوڵـەتی عوسمـانیدا تـا ئـەوەی داوای جیابونـەوەی هـەمو نەتەوەی عەرەبو دروست کردنی دەوڵەتێکی یەکگرتوی عەرەبییان ئەکرد.

کاتێك جەنگ هەڵگیرسا سـەرکردایەتی تـورك گومـانی لەدڵسـۆزی عـەرەب نەبو. هەڵگیرسانی شۆڕشی عەرەب بەهاوکاری ئینگلیز لـەحیجاز دژی دەسـەڵاتی عوسمانی(١٩١٦) بۆ کاربەدەستانی تورك شتێکی چاوەڕێ نەکراو بو.

شۆڕشـی عـەرەب بەسـەرۆکایەتی حسـێن جەزرەبەیـەکی کوشـندە بـو لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی. لەگەڵ ئەوەشدا ئـەو سیاسـەتەی تورکیـا گرتـی بـۆ سزادانی بەکۆمەڵی ئەرمەنی بەهۆی دەس تێکەڵاوکردنیـەوە لەگـەڵ روسـیا دژی تورك، ئەگەرچی عەرەبیش هەمان رێگـەی گـرت بـو، کەچـی تـورك سیاسـەتی سزادانی بەکۆمەڵی بەرامبەر عـەرەب نـەگرت بـەهۆی دەس تێکـەڵاو کردنیـەوە لەگەڵ ئینگلیز.

جەمال پاشا سەرکردەی هێزەکانی تورك لەسوریاو فەلەستین لـەناو عـەرەبدا بەجەمال السفاح ناسراوە چـونکە سـەرکردەیەکی بزوتنـەوەی نەتـەوەیی عـەرەبی لەشام لەسێدارەدا، لەسەر ئەوەی ناوەکانیان لەئارشیفی کونسولگەی فەرەنسـیدا لەبیروت دۆزرا بوەوە. تورك رێگـەی سـەرکوت کردنـی دڕندانـەی نـەگرت وەکـو بەرامبەر ئەرمەن گرت بوی. بەڵکو سیاسەتی گفتوگۆی لەگـەڵ شـەریف حسـێن گرت بو. جەمال پاشا هەوڵی زۆری لەگەڵ حسێندا بۆ ئەوەی لەهاوکاری ئینگلیـز پەشیمانی بکاتـەوە، لەبەرامبـەر سـەلماندنی خواسـتەکانی نەتـەوەی عـەرەبدا. هەرئەویش حسێنی لەکەینوبەینی رێکەوتنی نهێنـی هاوپەیمانـەکان بـۆ دابـەش کردنی وڵاتانی عەرەب ئاگادار کرد. بەڵام ئیتر تـێ پـەڕی بـو. قسـە خۆشـەکانی جەمال پاشا کاری لەشـەریف حسـێن نـەکرد. حسـێن نـەك هـەر گـوێی نەدایـە بەڵێنەکانی جەمال پاشا دەربارەی پاشەڕۆژی وڵاتانی عـەرەب بـەڵکو بـۆ ئـەوەی

بڕوای ئینگلیز بەخۆی بەهێزتر بکا، نامەکانی جەمال پاشای بۆ ئەوان نارد وەکو بەڵگەی دڵسۆزیو نیاز پاکی خۆی بەرامبەر بەریتانیای گەورە[١٣].

٤/٣ کورد

کوردیش هاودینی تورکو عەرەب بو. ئەگەرچی هەمیشە بەرەنگاری دەسەڵاتی تورکی کردوە بەڵام لەساڵانی جەنگدا بەدڵسۆزی مایەوە، لەکاتێکا جگە لەکورد هەمو نەتەوەکانی تر" عەرەبو ئەرمەنیو ئاسوری لەتورك هەڵگەڕانەوەو لەرویدا راپەڕین. تەنانەت ئەو چالاکیە سیاسی، فەرهەنگی، رێکخراوەییەی لەساڵانی پێش جەنگدا بۆ بەدەسهێنانی مافی نەتەوەیی ئەکرا لەساڵانی جەنگدا کپ بو. کورد هیچ گیروگرفتێکی سوپایی یا سیاسی کاریگەری بۆ کاربەدەستانی تورك دروست نەکرد. ئەفسەرو سەربازەکانی کورد لەریزی ئۆردوی تورکدا لەهەمو مەیدانەکانی جەنگدا بەشداربون. ئەبێ هۆی ئەمە چی بێ؟ بۆچی سەرکردەکانی کوردیش وەکو شەریف حسێن کەلکیان لەهەلومەرجی زەمانی جەنگ وەرنەگرت، کەهەلێکی لەباری بۆ هەڵ خست بون، بۆ ئەوەی تەقەللاکانی خۆیان نوێ بکەنەوە لەپێناوی هێنانەدی ئامانجی نەتەوەیی خۆیاندا، بەڵکو بەپێچەوانەی هەمو رابردو بەدڵسۆزی مانەوە بۆ عوسمانی؟

رەنگە هەندێ کەس پێیان وابێ" ((فتوای خەلیفە))بۆ((غەزاو جیهاد)) واتە هەستی دینیی پاڵی بەکوردەوە ناوە لەماوەی جەنگدا بەدڵسۆزیو هێمنی لەخزمەتی تورکدا بمێنێتەوە، بەشداری قەتڵوعامی مەسیحییەکان بێ. بێ ئەوەی هیچ شۆڕشێ یا هەڵگەڕانەوەیەك لەو هەلە زێڕینەدا لەکوردستان روبدا. لەکاتێکا کورد، بەر لەجەنگ، هەمیشە لەحاڵی یاخی بونو شۆڕشدا بوە. ئەمە لێکدانەوەیەکی یەکلایەنەیە. زۆر لەپیاوە ناسراوەکانی کورد، لەوانە چەندین شێخو مەلای ئاینپەروەر، لەپێش هەڵگیرسانی جەنگو لەساڵانی جەنگدا، ئامادەیی خۆیانو گەلی کوردیان دەربڕی، بۆ هاوکاری هەم لەگەڵ روسو هەم لەگەڵ ئینگلیز، بەرامبەر پشتیوانی ئەوان لەخواستە نەتەوەییەکانی کورد. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لەشێخو مەلاکانی کوردستان لەسەرەتای جەنگ دا بەدەنگ بانگی جیهادەوە چونو خەڵکیان هاندا بۆ غەزای کافران، بەڵام زۆری نەخایان ئەو کەفوکوڵە نیشتەوە. لەهەمان کاتدا چەندین شێخو مەلای کورد هیچ باوەڕێکیان بەجیهادو غەزای عوسمانی نەبو، دژی راوەستانو لەسەر ئەوە توشی ئازارو سزا، بەڵکو توشی کوشتنو هەڵواسین بون وەکو شێخ بابا سەعیدی

غەوس ابادی، شێخی تەریقەتی قادری لەموکریان[١٤]. چەندین شاعیری کوردیش دژی ئەو شەڕە شیعریان هۆنیوەتەوە[١٥].

هەندێکی تر هۆی ئەم ڕەفتارە((ڕاستە!)(ی کورد ئەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کەتورك زیرەکانە توانیوێتی ئارەزوی پشێوی خوازانەی کورد ئاڕاستەی مەسیحییەکانی دراوسێیان" ئەرمەن و ئاسوری بکاو بەشەڕی ئەوانەوە خەریکیان بکا.

ئەشێ ئەمە هۆیەکی گرنگی ئەو ڕەفتارە بێ بەڵام ناشێ هەموی هەر ئەمەبێ. بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمەدا سەرکردایەتییەکی یەکگرتوی شارەزای کاروباری دنیاو خاوەنی ڕێکخراوێکی فراوانی نەبوە کەبتوانێ پایەکانی ستراتیجی گشتی بزوتنەوەکە دابڕێژێ و، خەڵکی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ساز بداو کەڵك لەهەلومەرجی نیشتمانیی- کوردستان، هەلومەرجی ناوچەیی-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەلومەرجی جیهانی- دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمریکا، وەربگرێ هاوپەیمانەکانیش لەو کاتەدا بەهێزو توانای خۆیانەوە ئەنازین، پێیان وابو پێویستیان بەهێزی گەلانی ناوچەکە نیە، خۆیان ئەتوانن داگیرو دابەش بکەن بەپێی ئەو ڕێکەوتنە نهێنییانەی خەریکی ئامادەکردنی بون.

بەر لەهەڵگیرسانی جەنگ" هەمو هەوڵەکانی سەرکردەو پیاوە ناسراوەکانی کورد لەگەڵ کاربەدەستانی روسی بۆ دامەزراندنی پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاری کوردی- روسی و، بەدەسهێنانی پشتیوانی روسی بۆ ئامانجی نەتەوەیی بزوتنەوەی رزگاری کورد، سەری نەگرت. لەوانە:

-چونی عبدالرزاق بەدرخان بۆ قافقازو مۆسکۆ[١٦].

-چونی شێخ عبدالسلام بارزانی و سمکۆ بۆ تفلیس(١٩١٤)[١٧].

-پێوەندی سەرانی ڕاپەڕینەکەی بتلیس: مەلا سەلیم ئەفەندی و هاوڕێکانی لەگەڵ دیپلۆمات و، کاربەدەستانی روسی(١٩١٤)[١٨].

کاربەدەستانی روسی لەباتی گرنگی دان بەلایەنی سیاسی لەپێوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ مەزنەکانی کورد، هەوڵی پەیداکردنی نۆکەرو جاسوس و کڕینی پیاوە ناسراوەکانی کوردیان ئەدا، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەکاریان بهێنن.

هاوپەیمانەکان لەسەرەتای جەنگدا هیچ گرنگییەکیان بەهاوکاری و پشتیوانی جەنگیی گەلی کورد نەدا.

لەگەرمەی جەنگدا دیسانەوە هیچ تەقەلایەکی گەورەکانی کورد لەگەڵ روس و ئینگلیز سەری نەگرت. نە ئینگلیز بەدەنگ ئەم داوایەوە هات، بەبیانوی ئەوەی چونکە ئەوسا کوردستان لەسنوری ناوچەی گرنگی پێدانی ئەوا نەبو، وە نە

روس بایەخێکی پێدا، چونکە ئەویش گرەوی لەسەر هاوکاری مەسیحییەکانی کوردستان، ئەرمەنی‌و ئاسوری، کردبو. لەوانە:

-دو تەقەلای شەریف پاشا لەگەڵ ئینگلیز، جاری یەکەمیان ساڵی ١٩١٤ لەسەرەتای دەسپێکردنی شەڕداو، جاری دوەم ساڵی ١٩١٨ دەوروبەری کۆتایی جەنگ[١٩].

-تەقەلای کامیل بەگو حەسەن بەگی بەدرخان لەگەڵ روس[٢٠].

دەوڵەتانی هاوپەیمان لەو کاتەدا بەدەنگ ئەم بانگانەوە نەچون، چونکە روسیا نەی ئەویست دان بەمافی نەتەوەیی کوردا بنێ بەڵکو ئەی ویست بەهاوکاری گەلانی مەسیحی ناوچەکە داگیر بکا. بەریتانیاش نەی ئەویست ئەرکی سەرشانی خۆی قورس بکا بەوەی((لێپرسراوەتیەکەی درێژ بێتەوە بۆ ئەو شوێنانە))ی کەئەبو ببنە ناوچەی نفوزی روسی‌و فەرەنسی.

نیکیتین لەو بارەیەوە شتێ ئەگێڕێتەوە کەخۆی لەبەینا بوە:

((ئەزانین کە کەمال بەگی بۆتان، یەکێ لەبنەماڵەی بەدرخان، لە١٩١٦دا لەتفلیس تەقەلایەکی زۆریدا بۆ ئەوەی مەسەلەی ئامانجی نەتەوەیی کورد بەگراند دوك نیکولا، نائب السلطنە ی قافقازو سەرفەرماندەی هێزەکانی روسیا لەجەبهەی تورك، بسەلمێنێ. بەهەر حاڵ پێ ناچێ لەو سەردەمەدا حکومەتی روسی پێڕەوی سیاسەتێکی دیاری کراوی بەرامبەر کورد کرد بێ. مەسەلەی کورد لەگەڵ دورنمای ئەرمەنستانێکی سەربەخۆ بەهەڵە تێکەڵاو بوبو. لەکۆتایی ساڵی ١٩١٧دا لەلایەن((جەمعییەتی ئیستیخلاصی کوردستان))ەوە پەیکێ هاتە لام، لەبارەگای کونسوڵگەری خۆم لەورمێ بینیم. ئەم پەیکە نامەیەکی لەسەید تەهاوە دایە دەستم، کەتێیدا داوای لەمن کرد بو رێوشوێنێ بۆ یەکتربینینی ئەو وفەرماندەکانی سوپای روس رێك بخەم، بۆ ئەوەی پێکەوە لەسەر کاری هاوبەش دژی تورك بەمەبەستی ئازادکردنی کوردستان رێك بکەون. سەید تەها کە لەبەندی دیلایەتی روس هەڵات بو، برازای شێخ عەبدولقادر بو. شێخ خۆیشی کەتا ١٩١٧ لە ئەستەمولّ مابو، دوایی لەوێوە هەڵات و چو بۆ لای مەلیك حسێن...))[٢١].

سیاسەتی کوردیی روسیا لەو سەردەمەدا، لەژێر کارتێکردنی چەند لێکدانەوەیەكدا، هێشتا لەسەر بۆچونێکی رونو دیاریکراو ساخ نەبو بوەوە" یەکێکیان، چونکە روسیا خۆی ولاتێکی فراوانی فرەنەتەوە بو، چاوی بڕی بوە داگیرکردنی قەڵەمڕەوی ئێرانی‌و تورکی‌و، نەی ئەویست هیچ نەتەوەیەکی تری ناوچەکە هاوبەشی بن، بەڵکو ئەی ویست خۆی بەتەنیا ئەو شوێنانە بکاتە

بەشێکی ئەرزەکانی" ئەوی تریان، روسیا پارێزگاری گەلانی سلاڤیو مەسیحییانی ئۆرتودوکسی ژێر دەستی عوسمانی کرد بوە یەکێ لەبیانوەکانی ستراتیجی فراوانخوازی خۆی، بۆ ئەوەش خۆی وەکو پارێزەری مەسیحییەکان پیشان ئەدا، نەی ئەویست بەنزیك خستنەوەی کوردو سەلماندنی خواستە نەتەوەییەکانی، مەسیحییەکان کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ کورد ناکۆك بون، برەنجێنێ.

بەدەسهێنانی پشتیوانی کورد هەتا درەنگ لەبەرنامەی هاوپەیمانەکاندا نەبو. بەڵکو هێزەکانی روسیا بەوپەڕی دڕندایەتیەوە لەگەڵ کورد ئەجولانەوە. هەندێ لەسەرکردەو دیپلۆماتەکانی روس بەتایبەتی شاخوفسکی، گردینسکی، مینورسکی لەراپۆرتەکانی خۆیاندا بۆ دەزگا دەسەڵاتدارەکانی سەرو هەولێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی قانعیان بکەن لەباتی بەکارهێنانی شێوەی زەبروزەنگ بۆ سەرپێ دانەواندنی کورد، شێوەی بەدەسهێنانی دۆستایەتیو پشتیوانی گەلی کورد بگرن لەرێگەی باش کردنی رەفتاری هێزە داگیر کەرەکانی روسیا لەکوردستانو دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی کوردو دانی بەڵێنی دابین کردنی مافی نەتەوەییان. بەڵام تازە درەنگ بو، چونکە ئەم بیروبۆچونە نوێیە دەربارەی مەسەلەی کورد لەناو کۆڕە دەسەڵاتدارەکانی روسدا کاتێ گەڵاڵە بو، کەئیتر رژێمی قەیسەری خۆی لەروخان نزیك ئەبوەوە. ئەوە بو لەئۆکتۆبەری ١٩١٧دا روسیای سۆڤیێتی بەیەکجاری دەستی لەجەنگ هەلگرتو ئەو بیروبۆچونانە هەرگیز جێبەجێ نەکران.

جەنەرال نیسل فەرماندەی میسیۆنی فەرەنسی لەروسیا، لەراپۆرتێکا کەچەند رۆژێکی کەم بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بۆ حکومەتی فەرەنسی نوسیوە، هەندێ لایەنی ئەم مەسەلەیە رون ئەکاتەوە. لەراپۆرتەکەدا نوسیوێتی:

((هەرکارێکی جەنگیی دژی تورکیا ئەتوانیو ئەبێ پشت ببەستێ بەئاژاوەی سیاسی لەم ئیمپراتۆرییە فرەنەتەوەیەدا. هاوپەیمانەکان کاتی خۆی رایان گەیاندوە ((عەرەبستان هی عەرەبە)) ئەوان ئەبێ بەراگەیاندنی ((کوردستان هی کوردە)) درێژە بەم سیاسەتە بدەن. ئەمە لەو کارە کاریگەرانەیە کەئەتوانێ لەجەبهەی قافقاز بکرێ، لەکاتێکا وا دێتە بەرچاوان کاری جەنگیی روس خەریکە نرخی پێشوی لەدەس ئەدا. هەمو تەقەللاکانی روس بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی کورد لەخۆیان سەری نەگرت.. ئەو تالانیو کوشتارەی قازاخەکان کردویانە هۆی گەورەی ئەوە بوە)).

بۆ ئەنجامدانی ئەم سیاسەتە کوردییە نوێیە نیسل پێشنیار ئەکا هاوپەیمانەکان کۆبونەوەیەك بکەنو نوسیوێتی:

((ئەرمەنەکان لەم کارەدا یارمەتی مان ئەدەن هەرچەندە دوژمنایەتی زۆر کۆنی بەینی ئەم دو گەلە شتێکی مێژوییە, بەڵام ئەرمەنیەکان پەی بەوە ئەبەن کەدروست کردنی کوردستانی ئۆتۆنۆم دەستەبەرێکی نوێ ئەبێ بۆ جێبەجێ کردنی راستەقینەی سەرەتای نەتەوەکانو دروست کردنی ئەرمەنستانی ئۆتۆنۆم لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا))[٢٢].

حکومەتی فەرەنسی لە١٣ی کانونی یەکەمی ١٩١٧دا لەوەڵامی جەنەرال نیسل دا بەتەلەگرام نیسلو هەمو کاربەدەستانی تری ناوچەکەی ئاگادار کرد کە:

((حکومەت وەهای بەراورد ئەکا کەهاوکاری ئەرمەنیو مەسیحیەکانی قافقاز بەخەرجێکی کەم ئەتوانرێ دابین بکرێ... لەبەرامبەر ئەمەدا، نیشان دانی نزیکی بەرامبەر ئیلاتی کورد هەستی دوژمنانەی مەسیحیەکان بەرامبەر ئێمە ئەوروژێنێ، لەئەنجام دا حکومەت لای وانیە کەئەگەر بەپێی بەرنامەی باس کراو لەراپۆرتی جەنەرال نیسلدا بەئاشکرا موافەقەت بکرێ لەسەر دروست کردنی کوردستان شتێکی لەبار بێ... لەگەڵ ئەوەشدا، حکومەت لای وایە بەپێی ئەو ئیمکاناتەی لەبەر دەس دایە یارمەتی جەنگیی خێڵەکانی کورد بەدەس بهێنن. ئەکرێ کۆلۆنیل شاردینی بکرێتە لێپرسراوی دۆزینەوەی رێگەی گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکەکانی کورد))[٢٣].

ئەگەرچی کورد تەنیا نەتەوەی گەورە بو کە لەساڵانی جەنگدا بەدڵسۆزی بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مایەوە، بەڵام لەچاو هەمو نەتەوەکانی ترا، جگە لەئەرمەن، ئازارو کوێرەوەری لەهەمویان زیاتر بەدەس تورکەوە بینی. سەرباری ئەوەی کوردستان بو بەکەلاوەیەکی گەورەو، جگە لەوانەی لەمەیدانی شەڕدا یا بەهۆی شەڕەوە کوژران، کاربەدەستانی تورک ٧٠٠ هەزار کوردیان بەبیانوی ئەوەی ناوچەکانیان بۆتە مەیدانی شەڕ بەزۆر لەکوردستانەوە بۆ ناوەوەی ئەنەدۆڵ راگوێزا، ماڵو داراییان زەوت کردن، بەشێکی لەڕێگا مردنو ئەوی تریشی هەژارو دەربەدەر بون. کەشتێکی ئەوتۆی لەکوێرەوەری گەلی ئەرمەنی کەم تر نیە، لەکاتێکا کوێرەوەری ئەرمەن لەسەرانسەری دنیادا دەنگی دایەوە، کەچی کەسێ لەسەر کوێرەوەری کورد هەڵی نەدایە.

٤- پلانی ژێر بەژێر بۆ دابەش کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

روسیەو بەریتانیا لەسیاسەتی ناوچەییاندا لەرۆژهەڵاتی نزیکو ناوەڕاستدا ناکۆك بون. قازانجەکانیان لەگەڵ یەك نە ئەگونجا. ستراتیجیان بەرامبەر هەمو ناوچەکە بەگشتیو، بەرامبەر بەپارێزگاری قەوارەی ئیمپراتۆرییەکانی ئێرانیو عوسمانی یا دابەشکردنی جیاواز بو. ئەم دو هێزە ناکۆکەی کەهەردوکیان چاویان

بڕی بوە ناوچەکەو، هەریەکەیان بەگوێرەی ستراتیجی ناوچەیی خۆی‌و، بەشێوەی تایبەتی خۆی، لەپەیجۆری جێبەجێ کردنی ئامانج‌و دەسکەوتی تایبەتی خۆی‌دا بو، تەنیا دوجار لەسیاسەتی ناوچەییان دا توانییان یەك بکەون.

جاری یەکەمیان، لەتاو هەڕەشەی تەنینەوەی شۆڕشی فەرەنسی‌و گەورەبونی مەترسی ناپلیۆن پۆناپارت.

جاری دوەمیش، لەتاو هەڕەشەی ئاڵمانی‌و پەرەسەندنی نفوزی ئاڵمانی لەئەورپاو ئاسیادا.

بەریتانیاو روسیا، بۆ بەربەستی مەترسی ئاڵمانی، لەسەر لابەلا کردنی کێشە کۆنەکانیان لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و نزیکدا، پاش ١٥ مانگ گفتوگۆی بەردەوام رێك کەوتن. لە٣١ی ئابی ١٩٠٧دا وەزیری کاروباری دەرەوەی روسی، ئەلیکساندەر ئیزولسکی‌و، سەفیری بەریتانی لەپیتەر بۆرك، سیر ئارتور نیکلسون، پەیمانێکی دو قۆڵییان بەست. لەم پەیمانەدا پێکهاتن لەسەر ئەوەی:

١-تیبەت بەبێلایەنی بمێنێتەوە، هیچ لایەکیان دەستی تێ وەرنەدەن.

٢-هەلومەرجی هەبو(ستاتوس کڤو) لەئەفغانستان وەکو خۆی بمێنێ، واتە بەناوچەی نفوزی ئینگلیزی بمێنێتەوە.

٣-ئێران دابەش بکرێ بەناوچەی نفوزی ئینگلیزی‌و، روسی‌و، مەڵبەندێکی بێلایەن لەبەینی هەردو ناوچەدا.

بەگوێرەی ئەم پەیمانە ئەرزی ئێران ئەبو بە٣ بەش:

ناوچەی نفوزی روسی:

هەمو ئازەربایجان، خۆراسان، گورگان، مازندەران، گەیلان، ئەراك، قوم، ساوە، یەزد، نائین، ئەسفەهان، بروجەرد، تاران، قەزوین، زەنجان، هەمەدان، کرماشان، کوردستان، قەسری شیرین.

ناوچەی نفوزی ئینگلیزی

کرمان بیرجوند، سیستان، بلوچستان، کەنارەکانی تەنگەی هورمز، چاە بەهار، بەندەر عەباس.

مەڵبەندی بێلایەن:

قاینات، خوزستان، فارس، لورستان، چەهار مەحالی بەختیاری، بوشەهر[٢٤].

لە١٩١١ەوە بەگوێرەی ئەم رێکەوتنە هێزەکانی روسی‌و بەریتانی چو بونە ناو ئێرانەوە. کەجەنگیش هەڵ گیرسا سوپاکانی روس‌و ئینگلیز بێ ئەوەی رێزی سەربەخۆیی‌و بێلایەنی ئێران بگرن، یا ئێران خۆی بەرەنگاری بکا، بەکردەوە داگیریان کرد.

شەڕ هێشتا لەهەمو مەیدانەکانی ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگەرمی بەردەوام بو، چارەنوسی جەنگ دیار نەبو بە چ لایەکدا ئەکەوێ، کەدەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەوروپا لەناو خۆیاندا کەوت بونە گفتوگۆو سەودا بۆ رێك کەوتن لەسەر جۆری دابەش کردنی سەرزەمینی عوسمانیو ئێرانی. هەر لەسەردەمی جەنگدا بەنهێنی لەسەر جۆری دابەش کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێك کەوتن. رێوشوێنەکانی ئەم پێکهاتنە گشتیە بە٤ قۆناغی سەرەکیدا تێ پەڕی: رێکەوتنی ئەستەموڵ، رێکەوتنی لەندەن، رێکەوتنی سایکس- پیکۆ، رێکەوتنی سان جین دەمورین.

١/٤رێکەوتنی ئەستەموڵ

لەمانگەکانی مارتو نیسانی ١٩١٥دا چەند نامەیەك لەنێوان پیتەربورگو پاریسو لەندەندا ئاڵوگۆڕ کرا. لەئەنجامدا روسیا لەلایەکو بەریتانیاو فەرەنسە لەلاکەی تر گەیشتنە رێکەوتنی نهێنی ئەستەموڵ، بەپێی ئەم رێکەوتنە ئەبو[٢٥].

ئەستەمول، لێواری رۆژئاوای بوسفۆر، دەریای مەرمەرە، دەردەنیل بخرێنە سەر روسیا، هەروەها تراسی جنوبی تا خەتی ئینوس- میدیا، کەناری ئاسیای بچوك لەبەینی بۆسفۆرو روباری ساخاریاو شوێنی لەسەر خەلیجی ئیسمید دوایی تر دیاری بکرێ، جزیرەکانی ناو دەریای مەرمەرەو جزیرەکانی ئیمبروسو تیندۆس.

لەبەرامبەر ئەوانەدا روسیاش دانی بەهەندێ لەخواستەکانی بەریتانیاو فەرەنسادا نا"

١-دەربارەی تورکیا

ا-ئەستەمول ببێتە مینایەکی ئازاد بۆ هاوپەیمانەکانو ئازادی کەشتیرانی لەبوغازەکانیدا دابین بکرێ.

ب-روسیا دان ئەنێ بەمافە ئایبەتیەکانی بەریتانیاو فەرەنسە لەتورکیای ئاسیاییدا لەرێکەوتنێکی جیاوازا.

ج-شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام لەتورکیا جیابکرێتەوە لەگەڵ عەرەبستان بخرێتە ژێر حوکمێکی ئیسلامی سەربەخۆ.

٢-دەربارەی ئێران

ا-روسیا مل ئەدا بۆ ئەوەی ناوچەی بێلایەن، وەکو لەرێکەوتنی ئەنگلو-روسیدا دیاری کراوە، بخرێتە سەر ناوچەی نفوزی بەریتانی.

ب-ئەبێ ٣ گۆڕین لەو رێکەوتنەدا رەچاو بکرێ: یەکەم، ئەو شوێنانەی هاوسێی شارەکانی ئەسفەهانو یەزدن بخرێنە سەر ناوچەی روسی. دوەم، بەشێکی رۆژهەڵاتی دوری ناوچەی بێلایەن کەهاوسێی قەڵەمڕەوی ئەفغانیە بخرێتە سەر

ناوچەی روسی. سێیەم، روسیا ئازادی تەواوی کاری هەبێ لەناوچەی نفوزی خۆیدا (واتە ئازادی داگیرکردنی یەکجاری ئەو شوێنانەی هەبێ).

٢/٤ رێکەوتنی لەندەن

لەساڵی یەکەمی جەنگدا ئیتالیا دو دڵ بو لەبەشداری جەنگو لەوەی کەخۆی بەلای کام لایەنی جەنگدا ساخ بکاتەوە. هەوڵی ئەدا بزانێ لەکام لا دەسکەوتی زۆرتری پێ ئەبڕێ. سەرەنجام هاوپەیمانەکان توانییان بیخەن بەلای خۆیاندا بەوەی لەدەسکەوتەکانی جەنگ بەشی بدەن.

لەنیسانی ١٩١٥دا لە لەندەن، بەریتانیاو فەرەنساو روسیا پەیمانێکیان لەگەڵ ئیتالیا بەست، هاوپەیمانەکان خواستە ئەرزیەکانی ئیتالیایان لەسەروی ئەفریقاو رۆژئاوای ئەنەدۆڵی سەر دەریای سپی ناوەڕاست سەلماند، بەرامبەر بەوەی ئیتالیا شان بەشانی ئەوان هاوبەشی جەنگ بێ. ئیتالیا لە٢٠ی ئابی ١٩١٥دا جەنگی دژی تورکیا ڕاگەیاند.

٣/٤ رێکەوتنی سایکس- پیکۆ

لە١٩١٥دا بەریتانیاو فەرەنسە کەوتنە تەگبیر بۆ دابەش کردنی سەرزەمینی ئاسیایی تورکیا. لەلایەن بەریتانیاوە سیر مارك سایکسو لەلایەن فەرەنسەوە جۆرج پیکۆ بۆ سەوداو گفتوگۆ دانرا بون. پاش ئەوەی چەندین نامەیان لەگەڵ یەکتری گۆڕییەوە لەبەینی خۆیاندا رێك کەوتن. بۆ ئەوەی رەزامەندی روسیاش بەدەس بهێنن لەبەهاری ١٩١٦دا چون بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سازانۆف وەزیری دەرەوەی روسیا. سازانۆفو پاڵیو لوگ، سەفیری فەرەنسی، لەنیسانی ١٩١٦ دا لەسەر خواستەکانی روسیا پێك هاتن.

بەجۆرە پێکهاتنی گشتی بەریتانیو فەرەنسیو روسی، لەسەر جۆری دابەش کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەشی هەریەکەیان، تەواو بو کەتێکڕا بریتی بون لە١١نامەو، لەمێژودا بەرێکەوتنی سایکس- پیکۆ ناسراوە.

بەپێی ئەم رێکەوتنە ئەبو:[٢٦]

١-ا. ئەم ناوچانە بخرێنە سەر روسیا" ئەرزڕوم، تەرابزون، وان، بتلیس، تا جێگایەك لەرۆژئاوای تەرابزون لەسەر دەریای رەش.

ب-ئەم ناوچانەش بینە بەشی روسیا" ناوچەی کوردستان لەجنوبی وانو بتلیس لەنێوان موش، سیرت" ئاوەڕۆی دیجلە، جزیرەی ئیبن عومەر، ئەو زنجیرە چیایەی بەسەر ئامێدیدا ئەڕوانێ، تا ناوچەی مەرگەوەڕ.

٢-ئەم ناوچانەش بینە بەشی فەرەنسا" ناوچەی کەنار دەریاکانی سوریا، ولایەتی ئەدەنە، ئەو سەرزەمینەی لەجنوبەوە بەخەتێك لەعەینتابو ماردینەوە تا

سنوری روسیاو لەشیمالەوە بەخەتێك لەئالاداخەوە بەناو قەیسەری، ئاك داخ، جیلو داخ، زازا بۆ ئیجن- خەرپوت دا تێ ئەپەڕی.

٣-ئەم ناوچانەش ببنە بەشی بەریتانیا" ناوچەکانی خواروی میزۆپۆتامیاو بەغداد، هەروەها میناکانی حەیفاو عەککا لەفەلەستین.

٤-لەو شوێنانەدا کە ئەکەونە بەینی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی فەرەنسیو بەریتانی کۆنفیدراسیۆنی چەند دەوڵەتێکی عەرەبی یا دەوڵەتێکی عەرەبی تێدا دروست بکرێ. ئەویش دابەش بکرێ بەناوچەی نفوزی فەرەنسیو ناوچەی نفوزی بەریتانی.

بەم پێیە سوریاو ولایەتی موسل ئەبونە ناوچەی نفوزی فەرەنسیو ئەو سەرزەمینەش کە لەفەلەستینەوە درێژ ئەبێتەوە بۆ سنوری ئێران ئەبو بەناوچەی نفوزی بەریتانی.

٥-ئەسکەندەرونە ببێتە مینایەکی ئازاد.

٦-فەلەستین(تدویل) بکرێ.

دوایی تر لەنیسان- ئابی ١٩١٧دا ئەم ڕێکەوتنانە بەهەندێ دەسکاری کەمەوە لەلایەن بەریتانیاو فەرەنسەو ئیتالیاوە سەرلەنوێ لەسان جین دەمورین دوبارە کرانەوە.

٤/٤ ڕێکەوتنەکانو ئاواتەکانی گەلان

لەم ڕێکەوتنانەدا. بەڵێنە ئاشکراکانی کاربەدەستانی ئەم دەوڵەتانە بەگەلانی ناوچەکە بە تەواوی خرابونە پشت گوێو ئاواتە نەتەوەییەکانی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێ شێل کراون.

١/٤/٤ ئاواتەکانی عەرەب

هاوزەمان لەگەڵ گفتوگۆی ژێربەژێری دەوڵەتە ئەورووپییەکان بۆ پێکهاتن لەسەر جۆری دابەش کردنی ناوچەکە، مەکتەبی بەریتانی لەقاهیرە خەریکی ئاڵوگۆڕی نامە بو لەگەڵ شەریف حسێن بۆ ئەوەی شۆڕش دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەهاوکاری بەریتانیا ڕابگەیەنێ لەبەرامبەر بەڵێنی سەلماندنی سەربەخۆیی ولاتانی عەرەبیدا.

حسێن لەشکرێکی چەکداری پێکەوەنا، شان بەشانی هێزەکانی حکومەتی بەریتانی مەسیحی دژی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی ئەجەنگان بەو هیوایەی لەدوای جەنگ بەئامانجەکانی خۆیان بگەن.

لەم ڕێکەوتنانەدا ئەگەرچی باسی((کۆنفدراسیۆنی چەند دەوڵەتی عەرەبی یا دەوڵەتێکی عەرەبی))و باسی((جیاکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلامو

عەرەبستان لەتورکیاو دانانی لەژێر حوکمێکی ئیسلامی سەربەخۆدا))کراوە، بەڵام ئەوانە هەرگیز لەگەڵ ئەو بەڵێنانە نە ئەگونجان کە ماکماهون لەباتی حکومەتی بەریتانی دابوی بەشەریف حسێن‌و لەگەڵ ئامانجی نەتەوەیی عەرەب جوت نە ئەبون. سەرەڕای ئەمانەش بیلفور، وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا، بەڵێنیدا بە((ڕێکخراوی جیهانیی سەهیۆنی))بۆ پشتیوانی کردنیان لەدروست کردنی نیشتمانی نەتەوەیی جولەکە لەفەلەستین، کەدوایی تر بو بەگەورەترین کێشەی گەلانی عەرەب.

٢/٤/٤ ئاواتەکانی ئەرمەن

هاوکاری ئەرمەن لەگەڵ روسیا دژی ئیمپراتۆری عوسمانی لەپێناوی سەربەخۆیی نەتەوەیی دا، هەمیشە یەکێ بوە لەبەهانەکانی تورك بۆ چەوساندنەوەی ئەرمەن‌و کوشتنی بەکۆمەڵیان. لەسەرەتای جەنگدا قەیسەری روس بەڵێنی ئازادی‌و سەربەخۆیی بەگەلی ئەرمەنی‌دا، بەرامبەر بەوەی ئەوان دژی تورك ڕاپەڕن‌و هاوکاری روسیا بکەن. ئەرمەنیەکان تیپ‌و دەستەی چەکداریان دروست کرد لەریزی سوپای روسی‌دا دژی تورك ئەجەنگان بەو هیوایەی لەدوای جەنگ بەئامانجی نەتەوەیی خۆیان بگەن. کەچی لەو ڕێکەوتنانەدا ئامانجەکانی نەتەوەیی ئەرمەن بەتەواوی پشت گوێ خرا بو نیشتمانەکەی‌و ئەو شوێنانەی کوردستان کەئەوانی لێ ئەژیان خرا بونە سەر ئەرزی روسیا.

٣/٤/٤ ئاواتەکانی کورد

ڕێکەوتنی سایکس- پیکۆ لەلایەن چەند کەسێکەوە دارێژرا بو کەشارەزای کاروباری کوردستان‌و ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابوری سیاسی گەلی کورد بون. سێر مارك سایکس خۆی گەشتێکی درێژی بەکوردستاندا کرد بو. لەنزیکەوە دیدەنی خێڵەکانی کوردی کرد بو. چەند لێکۆڵینەوەی لەسەر نوسی بون. سازانۆف لەنزیکەوە شارەزای مەسەلەی کورد بو. گوێی لەکوردی وەکو عەبدولرەزاق بەگی بەدرخان گرت بو.

هەرچەندە هیچ کام لەدەوڵەتانی ئەوروپی نەچوبونە ژێر باری سەلماندنی ئامانجی نەتەوەیی کوردەوەو هیچ بەڵێنێکی تایبەتییان نەدا، بۆیە لەم ڕێکەوتنانەش‌دا ئاواتەکانی کورد بەتەواوی پشت گوێ خرا بون.

دەوڵەتانی ئەوروپی بەبایبونی ئیمپریالیستیەوە نەخشەی دابەش کردنی ناوچەکەیان کێشا بو. جگە لەدەسکەوتی تایبەتی خۆیان، گوێیان نەدابوە هیچ نرخێکی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی، نەتەوەیی، دینی‌و زمانیی گەلانی ناوچەکە

نیشتمانی نەتەوەیی عەرەبو کوردو ئازەریو ئەرمەنیان لەناو خۆیاندا دابەش کردبو.

کوردستان بەپێی ئەم ڕێکەوتنانە ئەبو بەشێکی گەورەی لەرۆژهەلاتی دیجلە بکەوێتە ژێر دەستی روسیاوە، وە بەشێکی لەرۆژئاوای دیجلە بکەوێتە ژێر دەستی فەرەنسەوە، بەشێکی بچوکی لای خوارویشی بکەوێتە ژێر دەستی بەریتانیاوە.

٥-دوا سالی جەنگ

١/٥کاری دەرچونی روسیا لەجەنگ بۆ سەر چارەنوسی کورد

لەشوباتی ١٩١٧دا شۆڕش دژی قەیسەر لەروسیا هەلگیرسا. لەو کاتەدا سوپای روس لەرۆژهەلاتی کوردستان: ورمێ، سابلاخ، کرماشانو لەکوردستانی سەرو: ئەرزروم، ئەرزنجان، وان، بتلیسو لەکوردستانی خوارو: خانەقین، پێنجوین، رەواندزی لەژێردەستدا بو. لەگەڵ هێزی بەریتانی لەلای خانەقینەوە خەریکی یەکگرتنەوەو دانانی پلانی هاوبەش بون بۆ داگیرکردنی موسل. بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی، بەگوێرەی رێکەوتنە نهێنیەکان، ئەبو بکەوێتە ژێر دەسەلاتی خۆی یا ناوچەی نفوزی بێ، بەکردەوە داگیری کردبون.

روداوەکانی شوباتو مانگەکانی دوایی تر ریزەکانی سوپای شلەژان. لەئۆکتۆبەری ١٩١٧دا کە بولشەویك دەسەلاتی گرتە دەست سیاسەتی روسی بەرامبەر جەنگ لەبنەڕەتەوە گۆڕا.

((کۆنگرەی نوێنەرانی کرێکارانو سەربازانو جوتیارانی سەرانسەری روسیا)) لە٨ی تشرینی دوەمی ١٩١٧دا بڕیاریدا" هەمو ئەو رێکەوتنە نهێنییانەی روسیای قەیسەری لەگەڵ دەولەتانی ئیمپریالیستی بۆ دابەش کردنی دنیا کردویەتی دەسبەجێو بەبێ هیچ مەرجێکی پێشەکی هەڵ بوەشێنێتەوە. لەرۆژنامەکانی روسیادا دەستی کرد بەبلاوکردنەوەی تێکستەکانیو ئاشکرا کردنی بەندە نهێنییەکانی.

لەکۆتایی تشرینی دوەمدا ((ئەنجومەنی کۆمیسارەکانی گەل))داوای لەلایەنەکانی جەنگ کرد" بۆ راگرتنی جەنگو جێگیر کردنی ئاشتی لەناو گەلاندا لەگەڵ روسیای سۆڤیێتی گفتوگۆ بکەن.

حکومەتی سۆڤیێتی بانگەوازی بۆ گەلە موسلمانەکانی رۆژهەلات دەرکرد. داوای لەگەلانی فارسو تورکو عەرەبو هیند ئەکرد دژی ئیمپریالیزم رابپەڕن. لەم بانگەوازەدا ناوی ژمارەیەکی زۆر لەمیللەتانی ناوچەکە هاتوە، بەلام ناوی کوردی تێدا نیە.

له ٥ی کانونی یه‌که‌می ١٩١٧دا، واته چل رۆژی دوای سه‌رکه‌وتنی شۆڕشی ئۆکتۆبه‌ر، رژێمی نوێ به‌یانێکی به‌ئیمزای لینین، سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی کۆمیسه‌رانی گه‌ل، بۆ گه‌لانی ئیسلامی رۆژهه‌ڵات بڵاوکرده‌وه، له‌به‌یانه‌که‌دا نوسرا بو:

((هاوڕێیان! برایان!

له‌روسیا گۆڕانی گرنگ له‌رودان‌و ئه‌نجام دان دایه، جه‌نگی خوێناوی ئێستا که به‌نیازی ده‌سدرێژی بۆ سه‌ر ئه‌رزی بێگانه‌و دابه‌ش کردنی خاکی میلله‌تانی تر ده‌ستی پێ کرد، له‌ته‌واو بون نزیك ئه‌بێته‌وه. دنیایه‌کی تر پێی ناوه‌ته مه‌یدانی بونه‌وه. ئه‌و دنیایه‌ش، دنیای ره‌نجده‌ران‌و گه‌لانی ئازاده. له‌دوای ئه‌و شۆڕشه‌وه که له‌روسیه‌دا قه‌وماوه، حکومه‌تێ دامه‌زراوه، که به‌ویستی کرێکاران‌و جوتیاران له‌دایك بوه.

ئه‌ی موسڵمانانی رۆژهه‌ڵات! ئه‌ی ئێرانییان! ئه‌ی تورکان! ئه‌ی عه‌ره‌ب ئه‌ی هیندو! روی قسه‌ی ئێمه له‌ئێوه‌یه: له‌گه‌ڵ ئێوه که‌ژیانتان، گیانتان، ماڵو ناموستان، چه‌ند قه‌رنه له‌ژێر پێی تالانکه‌رانی ئه‌وروپایی دایه‌و، پێشێل کرا بو.

ئێمه به‌ره‌سمی رای ئه‌گه‌یه‌نین، که‌هه‌مو ئه‌و په‌یمان‌و رێکه‌وتنه نهێنییانه‌ی قه‌یسه‌ری لێخراوی روسیه له‌گه‌ڵ ئینگلیزو فه‌ره‌نسه ئیمزای کرد بو، به‌پێی ناوه‌ڕۆکی ئه‌وانه ئه‌بو ئه‌سته‌مول له‌دوای برانه‌وه‌ی جه‌نگ به‌روسیا بدرێ‌و، حکومه‌تی لێخراوی((کیرنیسکی))یش ئه‌و په‌یمانانه‌ی سه‌لماند بو، هه‌مویان هه‌ڵوه‌شێنرانه‌وه، به نه‌بو دائه‌نرێن‌و نرخێکیان نه‌ماوه.

کۆماره سوسیالیسته‌کانی روسیه‌و، حکومه‌ته‌که‌ی که‌فه‌رمانه‌کانی جێبه‌جێ ئه‌کا، واته ئه‌نجومه‌نی کۆمیساره‌کانی گه‌ل، هه‌ردوکیان دژی داگیرکردنی ئه‌رزی وڵاتانی ترن. ئێمه به‌ره‌سمی رای ئه‌گه‌یه‌نین ئه‌سته‌موڵ هی تورك خۆیه‌تی‌و، ئه‌بێ وه‌کو رابوردو له‌ده‌س موسڵماناندا بمێنێته‌وه.

ئێمه به‌ره‌سمی رای ئه‌گه‌یه‌نین که‌په‌یماننامه‌و رێکه‌وتنه کۆنه‌کانی روسیاو به‌ریتانیا که‌ئێرانی له‌نێوان دو وڵاتی ئیمپریالیستی دا دابه‌ش کردوه، به‌هه‌ڵوه‌شاوه، وه‌کو نه‌بو دائه‌نرێت‌و نرخیان نه‌ماوه.

ئه‌ی ئێرانییان! به‌ڵێنتان ئه‌ده‌ینێ هه‌ر به‌کۆتایی کاره جه‌نگییه‌کان، سه‌ربازه‌کانی ئێمه، خاکی وڵاته‌که‌تان به‌جێ ئه‌هێڵن‌و، ئێوه خۆتان خه‌ڵکی ئێران مافی ئه‌وه‌تان هه‌بێ به‌ئازادی چاره‌نوسی داهاتوی خۆتان بڕیار بده‌ن)).

حکومه‌تی سۆڤیێتی ده‌ستی کرد به‌پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ حکومه‌تی تورك بۆ دانانی رێوشوێنه‌کانی راگرتنی جه‌نگ‌و کێشانه‌وه‌ی هێزه‌کانی. نوێنه‌رانی روس‌و تورك

لەدوایی مانگی ۱۹۱۷ لەموسل ئاگربڕیان کرد. لە۳ی مارتی ۱۹۱۸دا نوێنەرانی روسی‌و تورکی لە((بریست- لیتوفسك)) رێکەوتنێکیان دەربارەی راگرتنی جەنگ ئیمزا کرد. بابەتە گرنگەکانی ئەم رێکەوتنە" کشانەوەی هێزەکانی روسیا لەناوچە داگیرکراوەکانی عوسمانی بۆ سنورەکانی پێش جەنگ ئیمزا کرد. هەڵوەشاندنەوەی تیپە چەکدارەکانی ئەرمەن، دیاری کردنەوەی سنوری روسی- عوسمانی وەکو سنوری پێش جەنگی ۱۸۷۸، دەس هەڵگرتن لەقەرزی روسی لەسەر تورکیا، ئازاد کردنی دیلەکانی جەنگ[27].

حکومەتی سۆڤێتی رێکەوتنی روسی- بەریتانی ۱۹۰۷ی دەربارەی دابەش کردنی ئێران هەڵوەشاندەوە. لەگەڵ حکومەتی ئێرانی دەستی کرد بەگفتوگۆ بۆ رێکخستنەوەی پێوەندییەکانی هەردولا. لە۲٦ی حوزەیران تا ۲۷ ی تەمموزی ۱۹۱۸ دەستی هەڵ گرت لەهەمو ئەو ئیمتیازو قەرزو سەرمایانەی روسیای قەیسەری لەئێران هەی بو، وە دایەوە بەگەلی ئێران[28] ئەمەش یارمەتییەکی گەورەی ئابوری بو بۆ دەرباری قاجاری نابوت‌و قەرزار.

ئاشکراکردنی رێکەوتنە نهێنەکانی هاوپەیمانەکان لەدنیادا دەنگی دایەوە، تەنانەت لەناو دەوڵەتە ئەوروپیەکانیش دا. جەمال پاشا، ، شەریف حسێنی لەرێکەوتنەکان ئاگادار کرد، وە ئەوەی بەهەل زانی بۆ ئەوەی حسێن لەنیازی بەریتانیاو بەڵێنە ناڕاستەکانی هۆشیار بکاتەوە، بەشکو واز لەهاوکاری ئینگلیز بهێنێ. کاربەدەستانی بەریتانی ویستیان وا لەحسێن بگەیەنن کەئەوە پیلانی کومۆنیستەکانە بۆ تێکدانی نێوانی عەرەب لەگەڵ ئینگلیز. لەهەمان کاتدا کاربەدەستانی هاوپەیمانەکان کەوتنە دوبارەکردنەوەی بەڵێنەکانی پێشویان کەهاوپەیمانەکان لەو شەڕەدا مەبەستیان رزگاری گەلانی ژێر دەستەی تورکە.

روسیای سۆڤێتی لەسەرەتادا توشی کێشەی شەڕی ناوخۆی بو، لەسەر ئاستی جیهانییش لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی دنیاوە گەمارۆ درا بۆ روخاندنی. مەسەلەی پارێزگاری رژێمی سۆڤێتی پلەی یەکەمی گرنگیی هەبو لەسیاسەتی ناوەکی‌و ناوچەیی‌و جیهانی دەوڵەتی سۆڤێتی‌و کاربەدەستەکانی‌دا. دەوڵەتی سۆڤێتی ئەگەرچی هانی گەلانی رۆژهەڵاتی ئەدا بۆ خەبات دژی ئیمپریالیزم، لەپێناوی سەربەخۆیی‌و مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیاندا، بەڵام هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی سۆڤێتی لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ناوچەکە کە ئەوان بەئاشکرا هانیان ئەدان‌و لەدەوڵەتانی ناوچەکە کەئەوان بەرەسمی پێوەندی باشیان لەگەڵ دائەمەزراندن، دەری ئەخەن ئەوە زۆرتر لایەنی پڕوپاگەندەی هەبوە، چونکە سۆڤێت لەسیاسەتی دەرەوەی‌دا دروست کردنی

پێوەندی باشی بازرگانی، ئابوری، فەرهەنگی، جەنگیی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بێ گوێ دانە سروشتی سیاسی رژێمەکانیو هەڵوێستی ئەو رژێمانە لەگەلەکانیان، بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی لای خوارووی‌دا، لەپلەی یەکەمی گرنگی‌دا دانا بو، نەك لەگەڵ گەلانی ناوچەکە. وە لەئازادی مافی بڕیاردانی چارەنوس مەبەستی مافی دەوڵەتان بو نەك هی گەلان، بەتایبەتی گەلانی بێ دەوڵەت. ئەگەر جارێ پشتیوانی لەخەباتی شۆڕشگێری نەتەوەیەك کردبێ. ئەوە بۆ گوشار بردن بوە بۆ سەر دەوڵەتەکە کەناچار بێ پێوەندی باشتری لەگەڵ دابمەزرێنێ. ئەوە بوە نەریتێکی نەگۆڕاوی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیێتی لەقۆناغەکانی دوایی تریش‌دا.

لەئێران لەکاتێکا لەبەشی سەرەوەی‌دا جولانەوەیەکی شۆڕشگێری بەهێزی تێ‌دا بو، وە لەتاران حکومەتێکی کۆنەپەرستی لێ بو، حکومەتی سۆڤیێتی جولانەوە شۆڕشگێرییەکەی پشت گوێ خستو کردی بەفاکتەری گوشار بۆ سەر حکومەتە کۆنەپەرستەکە تا ناچار بێ پێوەندی باش لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێت دابمەزرێنێ. لەتورکیاش جگە لەوەی دەستی لەئەرمەنو ئاسوری هەڵ گرت بۆ ئەوەی بە تەنیا روبەڕوی چارەنوسی نائومێدانەی خۆیان بن. هەر بۆ رازی کردنی حکومەتی تورکی هیچ پشتیوانییەکی لەخەباتی گەلی کورد نەکردو وەڵامی هیچ هاوارێکی یارمەتی دانی کوردی نەدایەوە، بەڵکو لەتەقەلایەکی گەرم‌دا بو بۆ دروست کردنی باشترین پێوەندی لەگەڵ حکومەتی تورکیاو پاشتریش حکومەتی تازە دروستکراوی عیراق.

حکومەتی سۆڤیێت زنجیرەیەك پەیمانی دەسدرێژی نەکردنو ئاسایشو بازرگانی لەگەڵ ئێرانو تورکیاو ئەفغانستان ئیمزا کرد. لێرەدا جێی خۆیەتی یەکێکیان وەکو نمونە بۆ ئەوانی تر باس بکرێ.

لە٢٦ ی شوباتی ١٩٢١دا((پەیمانی دۆستایەتی ئێرانو روس)) ئیمزا کرا. بەگوێرەی ئەم پەیمانە جگە لەوەی حکومەتی سۆڤیێتی((هەموو ئەو پەیمانو رێککەوتنو بەڵێننامانەی کەحکومەتی روسیای قەیسەری لەگەڵ ئێران بەستویەتیو، مافی میللەتی تێ‌دا فەوتاوە، هەڵ ئەوەشێنێتەوەو بەنەبو دائەنێ))و((هەمو ئەو رێکەوتنو پەیمانانەی حکومەتی پێشوی روسی لەگەڵ دەوڵەتانی سێیەم بەزەرەری ئێران بەستویەتی هەڵ ئەوەشێنێتەوەو بە نەبو دائەنێ)) ئێرانی لەهەموو قەرزەکانی زەمانی قەیسەر بەخشیو، هەمو سەرمایەی لەگوێزانەوە هاتوو و لەگوێزانەوە نەهاتوی((بانکی ئستقراضی ئیران))و دراوی نەختینە، شتومەکی هێژا، جادە، رێگای ئاسنین، سەکۆو عەمارو

کەشتی‌و هۆکانی گوێزانەوە لەگۆمی ورمێ‌و بەندەری ئەنزەلی، هێڵی تەلەفون‌و تەلەگراف، خانو و تەلارەکان، کارگای کارەبا، کە موڵکی حکومەتی روسی‌و کۆمپانی‌و هاوولاتیەکانی بون بەخۆڕایی‌دا بەحکومەتی ئێران.

مادەی چوارەمی ئەم پەیمانە ئەڵێ: ((هەردو پەیمانکاری بەرز گفت ئەدەن کە:

١-لەخاکی خۆیان‌دا رێ نەدەن بەپێکهێنان یا جێ کردنەوەی هیچ رێکخستن‌و تاقمێ بەهەر ناوێکەوە بێ یا کەسانێ تەنیا کەئامانجیان خەبات بێ دژی ئێران‌و روسیا یا دژی وڵاتانی هاوپەیمانی روسیا، هەروەها بەوەرگرتنی‌کەسانی لەشکر یاگوێزانەوەی کەلوپەلی نەفەرات بۆ ریزەکانی لەشکر یا هێزە چەکدارەکانی رێکخستنی گۆڕین.

٢-نابێ رێ بدرێ بەهیچ رێکخستنێ، بەهەرچی ناوێکەوە بێ ئەگەر بیەوێ دژی پەیمانکاری بەرز خەبات بکا، ئەو شتانەی ئەگونجێ دژی پەیمانکارەکەی تر بەکار بهێنرێ ببرێتە خاکی هیچ کام لەم دولا پەیمانکارە بەرزەوە یا لەوێوە بگوێزرێتەوە.

٣-بەهەمو هۆیەکی کە لەبەردەس‌دا بێ رێ لەمانەوەی سوپا یا هێزی چەکداری دەوڵەتی سێیەم لەخاکی خۆی‌و هاوپەیمانەکانی‌دا بگرێ ئەگەر لەوانە بێ مانەوەی هێزی ناوبراو ببێتەمایەی هەڕەشە لەسنور یا بەرژەوەندی یا ئاسایشی پەیمانکارە بەرزەکەی تر)).

مادەی شەشەم ئەڵێ((هەردو پەیمانکاری بەرز پێکهاتن هەر کاتێ دەوڵەتانی سێیەم بیانەوێ لەرێی خۆتی هەڵقورتاندنی چەکدارەوە سیاسەتێکی داگیرکەرانە لەئێران بگرن یا خاکی ئێران بکەن بەمەڵبەندی پەلاماردانی چەکداری روسیاو ئەگەر مەترسی هەڕەشە لەسنوری دەوڵەتی سۆڤێتی یا هاوپەیمانەکانی بکاو حکومەتی ئێران دوایی راگەیاندنی لەلایەن روسیاوە نەی توانی خۆی لەم مەترسییە دور بخاتەوە، حکومەتی سۆڤێتی مافی هەیە سوپای خۆی بباتە ناو خاکی ئێرانەوە تا بۆ پاراستنی خۆی رێوشوێنی سوپایی پێویست دابنێ. حکومەتی روسیای سۆڤێتی بەڵێن ئەدا پاش نەمانی مەترسیەکە سوپاکەی بەبێ دواکەوتن لەسنوری ئێران بباتە دەرەوە))

یارمەتی نەدانی دوژمنانی ناوەوەو دەرەوەی یەکتری، واتە بۆچونی ستراتیجی سیاسی‌و جەنگی بەسەر گیانی پەیمانەکان‌دا زاڵ بون.

-حکومەتی سۆڤێتی لەناکۆکی بزوتنەوەی کەمالی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپی‌و لەململانێ‌دا لەگەڵ بابیعالی پشتگیرییەکی کاریگەری مستەفا کەمالی بەچەك‌و پارە کرد. پێوەندی بازرگانی، سیاسی، دیپلۆماسی، جەنگی لەگەڵ

دامـەزران‌و چـەند رێکـەوتنی گرنگـی لەگـەڵ ئیمـزا کـرد، لەوانـە((پـەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکاری روسی- تورکی)) مارتی ١٩٢١.

ئەگەر ئەم رێکەوتنانە لەباری سەرنجی سۆڤێتیەوە قازانجی بۆ گـەلانی ئـەم دو دەوڵەتە هەبو بێ، ئـەوا قـازانجی زۆرتـری بـەم دو حکومەتـە گەیانـد کـەخۆیان جێگیرو بەهێزتر بکەن لەکاتێکا شەپۆلی نارەزایی گەلانی ناوچەکە لەهەڵچـوندا بو. سیاسەتی سۆڤێتیش هەر ئەوە بو کەدراوسێکانی لای خواروی ئێران‌و تورکیاو ئەفغانستان بەیەکگرتویی بمێنن‌و حکومەتەکانیان بەهێز بـن بـۆ ئـەوەی خۆیـان لەبەر گوشاری دەوڵەتانی دوژمنی روس‌دا رابگرن‌و، نەکەونـە ژێردەسـت یـا ژێـر نفوزی ئەوانەوەو لەوێوە مەترسی بۆ سەر یەکێتی سۆڤێت دروست بکەن.

نوسەرە پێشکەوتنخوازەکانی کـورد بەستایشـێکی زۆرەوە هەمیشـە لـەکاری ئیجابی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ سەر بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی کورد دواون[٢٩] ئـەم بۆچونانە زۆرتر لەژێر کار تێ کردنی ئایدیۆلۆجی سیاسـی‌دا دروسـت بـون نـەك لەئەنجامی هەڵسەنگاندنی بابەتیی روداوەکانی مێژوی ئـەو سـەردەمەدا. ئـەگینا دیارە کەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کـاری سـەلبی کردۆتـە سـەر پاشـەڕۆژی سیاسی نەتەوەی کورد. لەئەنجامی روخانی رژێمی قەیسەری‌و هاتنی بولشـەویك‌دا هەردو دوژمنی دێرینەی گەلی کورد" دەوڵەتی ئێران‌و دەوڵەتی تورکیا لـەروخان‌و هەڵوەشان‌و پارچەپارچە بون رزگار بون. کوردستان بەشێکی لەژێر دەستی ئێران‌و بەشەکەی تریشی لەژێردەستی تورکیاو عیراق‌و سـوریادا لەحاڵـەتێکی سیاسـی‌و قانونی(نامەعلوم))دا مایەوە. کـە نـەئازادو، نەفیـدرالی‌و، نـە ئۆتۆنـۆم بـو، وە نەبەشـــداربو لەحکومـــەتانی ئـــەو دەڵەتانـــەدا، وە نەمانـــداتی ئـــەوان‌و نەموستەعمەرەشیان بو. لەکاتێکا ئەگەر نەخشەکانی رژێمی قەیسەری جێبـەجێ ببوایە: یەکەم، دەوڵەتەکانی ئێران‌و تورکیا یا ئەتەکان یا ئەبون بـەدو دەوڵـەتی بچوك لەناوچەکەداو، دوەم: کوردستان لەخراپترین حاڵەتدا، حاڵـەتی مـەعلومی موســتەعمەرەی روســی‌و فەرەنســی‌و ئینگلیــزی وەرئــەگرت، کــەهیچ نــەبێ ئیمپریالیزمێکی پێشکەوتوتر بون لەچاو دەوڵەتانی داگیرکەری دواکەتوی ئێـران‌و تورکیاو عیراق‌دا، ئەوسا هەلی سەرکەوتنی جولانەوەکەی لەپێناوی سەربەخۆیی‌دا، وەکو هەمو شوێنەکانی تری دنیای ژێر دەستی ئیمپریالیزم زۆرتر ئەبو.

٢/٥ هێزی بەریتانی لەکوردستان

لەسەرەتای جەنگەوە سوپای بەریتانی مینای فـاوی گـرت بـو، پـاش ئـەویش بەچەند رۆژێ بەسـرە. ماوەیـەکی درێـژ چـەند تێکهەڵچـونی خوێنـاوی لـەنێوان

بەریتانیاو تورکدا روی دا تا ئینگلیز توانی لەمارتی ١٩١٧دا شاری بەغداد داگیر بکا.

دوای کشانەوەی روس لەمەیدانەکانی جەنگ هێزەکانی بەریتانیا بەتەنیا لەمەیدانەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا مابونەوە دژی تورك ئەجەنگان. بەریتانیا بەپێی هەلومەرجی نوێی ناوچەکە، کە لەئەنجامی دەرچونی روسیا لەجەنگو گۆرانی بنەرەتیی رژێمەکەی دا هات بوە کایەوە، ئەبو چاو بەپلانەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە. ئەگەر پێشتر لەپەیمانی سایکس- پیکۆدا چاوی لەهەندێ شوێن پۆشی بو بکەوێتە ژێر دەسەلاتی فەرەنسیەوە بۆ ئەوەی ببێتە ناوچەی لەمپەری بەینی دەسەلاتی روسیو دەسەلاتی بەریتانی، ئیتر ئەو خۆلادانە هیچ بەهانەیەکی نەما بو، بەتایبەتی پسپۆرەکانی ئینگلیز دلنیا بو بون لەدەولەمەندیی پەترۆلجارەکانی کەرکوکو ئەیان ویست بەهەر نرخێ بێ بکەوێتە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە.

بەریتانیەکان هەولیان ئەدا بۆ راکێشانی عەرەبو کورد. لەو کاتەوە دەستیان کرد بەبلاوکردنەوەی رۆژنامەی عەرەبی زمانی ((العرب))لەبەغداو لە١ی کانونی دوەمی ١٩١٨ەوە کەوتنە بلاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردی زمانی((تێگەیشتنی راستی))لەبەغدا. ((تێگەیشتنی راستی))و((العرب))هەردوکیان تەرخان کرا بون بۆ پروپاگەندە دژی تورکو ئالمانیا و دوایی تر بولشەویکیش، وە بۆ هان دانی پیاوە ناسراوەکانی کوردو عەرەبو خێلەکانی دانیشتوی ناوچەکە بۆ راپەرین دژی دەسەلاتی تورك. قاتوقریو برسێتیو مردنی بەکۆمەلی خەلك، زولم و زۆری هێزەکانی تورك، زەمینەیەکی لەباری ئامادە کردبو بۆ پروپاگەندەی ئەم رۆژنامانە کە لەسایەی هاتنی هێزی بەریتانیەوە خێرو خۆشی بکەوێتە ناوچەکەوە. بەمەش ئەیان ویست زەمینەی سیاسی پێشرەویی جەنگیی بۆ داگیرکردنی کوردستانی جنوبیو موسل خۆش بکەن. لەهەمان کاتدا کەوتنە پێوەندی لەگەل پیاوە ناسراوەکانی کوردو چەندین ئەفسەری ئینگلیزی شارەزای کاروباری کوردستانیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد.

لە٢٨ی نیسانی ١٩١٨دا سوپای بەریتانی کفریو رۆژی دوایی تر توزخورماتوی داگیرکرد. بەمجۆرە بەرایی هێزەکانی بەریتانیا گەیشتنە سەرزەمینی کوردو درێژەیاندا بەهەلکشان بەرەو ژور. لە٧ی مایسی ١٩١٨دا کەرکوکیان گرت. بەلام زۆری لێ بەند نەبونو کشانەوە. عەلی ئیحسان پاشای سەرکردەی ئۆردوی شەشەمی عوسمانی، کاروباری سلێمانی سپارد بو بەشێخ

مـەحمودی حەفیـد کەئەوسـا ناسـراوترین سـەرکردەی کـورد بـو لەکوردسـتانی جنوبیدا. ئینگلیزەکان هێشتا لەکفری بون شێخ مـەحمود بـۆ جـاری دوەم نامـەو نوێنەری ناردە لایان. داوای لێ کردن" بەریتانیا کوردستانی جنوبی لەریزی گەلانی ئازاد دەرنەهێنێ. شێخ مەحمود راگەیاندنی ١٤ نوقتـەیی سـەرۆکی ئـەمریکایی ویلسۆن و بەڵێنەکانی سـەروەزیرانی بـەریتانی لوید جـۆرجی بیسـت بـو. دەس پێشـکەری شـێخ مـەحمود لەچـاو قۆناغـەکانی جـەنگدا درەنـگ بـو، چـونکە نیشانەکانی تێشکانو هەرەسی تورك دەرکەوت بو.[٣٠]

لەپێش راگرتنی جەنگدا هێزی بەریتانی لەموسل نزیك کـەوت بـوەوە. پـاش ئاگربڕ سوپای بەریتانی هێزەکانی تورکی لەموسڵ ناچار کرد بـەجێی بهـێڵن بـۆ هێزی بەریتانی. کوردستانی جنوبی کەبەشێکی لەسەر ولایەتی موسلو بەشێکی لەسەر ولایەتی بەغداد بو، بەتەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە.

٣/٥ زەرەرەکانی کورد بەهۆی شەڕەوە

بونی کوردستان بەمەیدانی جەنگ، لەشکرکێشی تورك، ئینجا لەشکرکێشـی روسیو تەراتێنی تیپە چەکدارەکانی ئەرمەنو، پاشـان لەشکرکێشـی بـەریتانی، شەڕو پێکادانی سەختی ئەم هێزانە لەگەڵ یەکتری، بەرەنگاری پچڕ پچڕی کورد... زەرەری گیانیی گەورەیان بەدانیشتوانی کوردستان گەیاند.[٣١] هێزەکـانی داگیرکـەر دەستیان لەکەس نە ئەپاراست. ئۆردوی تورك لـەکاتی پـەلاماردانی کوردسـتانی ئێراندا سەرباری ئەوەی ولاتەکەی تالان و وێران کرد هەزاران کەسی بێ تاوانیشی کوشت. لەشکری روسو تیپەکانی قازاخو ئەرمـەنو ئاسـوری کوشـتاری زۆریـان لەخەڵکی ناوچەکانی ئەرزڕوم، ئەرزنجان، بتلیس، وان ئالاشکر. بایەزیـد، ورمـێ، سابلاغ، خانەقین، رەواندز کردو ئاواییەکانیان وێران کردن.

کاربەدەسـتانی تـورك تـەعلیماتێکی نهێنییـان دەربـارەی راگـوێزانی کـورد لەکوردستان دابو بەلێپرسراوەکانی خۆیان، لەو تەعلیماتەدا هـات بـو: ((ئـەبێ دانیشتوانی ئەو ناوچـانەی کوردیـان بەچـڕی لێیـە رابگـوێزرێنو لەشـوێنەکانی خۆیان دوربخرێنەوەو ناچار بکرێن لەو ناوچانەدا دابنیشن کە بەچڕی تـورکی لێیـە بەو مەرجەی نیسبەتیان لە ٥٪ی تێکڕای دانیشتوانی تورکی ئەسڵی ناوچەکە تـێ نەپـەڕێ. سـەرۆکو پێشـەواو شـێخەکانی کـورد ئـەبێ لەکۆمـەڵو لایـەنگرو هۆزەکانیان دوربخرێنەوەو ناچار بکرێن بەجیاو دور لەیەکتری لەناوچە تورك نشینە دورەکاندا دابنیشن، نابێ بهێڵرێ منالو لاوەکانیان لەگەڵ بێو تێکەڵاوی یـەکتری بنو ئەبێ هەمو جۆرە پێوەندیو تێکەڵاوییەکەیان لەناوا نەهێڵرێ، ئـەبێ زۆریـان

لێ بکرێ هەر بەتورکی بدوێن‌و واز لەنەریت‌و خوورەوشتەکانی خۆیان بهێنن، ئەبێ بەزۆر بەکۆمەڵ بکرێن بەتورک))[32]

لەئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتەدا، لەسەرەتای جەنگەوە تا کۆتایی، ئۆردوی تورك بەبیانوی ئەوەی ئەو ناوچانە بونەتە مەیدانی شەڕ ٧٠٠هەزار کوردیان بەزۆر بۆ ناوەوەی ئەنەدۆڵ راگوێزا. ئەمانە بەپێ‌و لەزستان دا بەرێ کران، لەبەرئەوە لەرێگا لەبەر بەفرو سەرما، برسێتی، نەخۆشی‌و ماندوبون بەشێکی گەورەیان مردن‌و نەگەیشتنە جێ.[33]

کەم بونەوەی دەستی کار بەهۆی بردنیانەوە بۆ مەیدانی جەنگ، زەوت کردنی هۆکانی بەرهەم هێنان، بەتایبەتی وڵاخ، بۆ گوێزانەوەی پێویستیەکانی ئۆردوی تورك، دەس بەسەرا گرتنی خواردەمەنی‌و زەخیرەو بنەتۆوی خەڵك‌و جوتیاران، بڕینی لێرەوارو سوتاندنی کێڵگەکان‌و تالآن کردن‌و خواردنی مێگەلەکان.. تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵی لەکوردستاندا خوڵقاند کە بوو بەهۆی قاتوقڕی، برسێتی، داکەوتنی نەخۆشی‌و مردنی بەکۆمەڵی دانیشتوان.

سەرەڕای ئەمانەش، بەشی گەورەی هێزی مرۆیی کورد لەریزی ئۆردوەکانی تورکدا سازدرا بون. جگە لەپاشماوەی ئالآ حەمیدیەکان کە لەسەرەتای جەنگدا ٤ فیرقەو ١ لیوا(بەگشتی ١٣٥ بلوك)بون، ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی ئۆردوی ٦(بەغداد) ئۆردوی ٩(ئەرزرۆم)، ئۆردوی ١٠(سیواس)، ئۆردوی١١(مەعمورە تولعەزیز)، ئۆردوی ١٢(موسل)کورد بون‌و بەشی هەرە زۆریان لەشەڕدا فەوتان. جگە لەم ئۆردوانە لەهەمو هێزەکانی عوسمانیدا لەهەمو جەبهەکاندا کورد وەکو سەربازو ئەفسەر بەشدار بون. محەمەد ئەمین زەکی کەخۆی ئەفسەرێکی عوسمانی ئاگادار بو. ژمارەی ئەو سەربازە کوردانەی لەشەڕا فەوتاون بە٣٠٠هەزارو لەگەڵ دانیشتوانی نە سوپاییدا بە٥٠٠ هەزار کەس دائەنێ[34]. عەبدولعەزیز یاملکی، ئەفسەرێکی کوردی تری عوسمانی ئاگادار بە٧٠٠ هەزار کەسی دائەنێ[35].

کورد نەدەستی هەبو لەهەڵگیرساندنی جەنگدا وە نە دەسکەوتی هەبو، بەڵام یەکێ بو لەگەورەترین زەرەرمەندەکانی ، بەماڵی وێران‌و کوڕی کوژراوەوە لەجەنگ هاتە دەرێ، سەرباری ئەمانەش توشی کوێرەوەرییەکی سیاسی لەبڕانەوە نەهاتو بو.

رەنگە هۆی گەورەی بەدبەختی کورد ئەوەبێ کەشوێنێکی خراپی بۆ ژیانی خۆی لەسەر ئەرز هەڵ بژاردوە، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدرێژایی مێژو گرنگیەکی جیهانیی هەبوە چونکە ٣ قارە گەورەکەی دنیا" ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقا پێکەوە ئەبەستێ و رێگەی بازرگانی‌و لەشکر کێشی مێژوی ئەرزی‌و

ئاوی، لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاواو بەپێچەوانەوە، بەم ناوچەیەدا تێ پەڕیوە، کەکورد لەناو جەرگەیدا دانیشتوە.

جگە لەکورد بەدرێژایی مێژو چەند نەتەوەی لەخۆی بەهێزترو پێشکەوتوتری تێدا ژیاوە. لەلای رۆژهەڵاتیەوە دراوسێی ئەرمەنیو ئازەریو فارس بوە، لەلای خوارویو بەشێکی رۆژئاوایەوە دراوسێی عەرەب بوە، لەلای سەرویو بەشی سەروی خۆرئاوایەوە دراوسێی بیزەنتیەکانو دوای ئەوان دراوسێی تورك بوە. کوردستان بەدرێژایی مێژو لە۳ ناوەندی بەهێزەوە لەژێر گوشارێکی توندا بوە، ناوەندی رۆژهەڵاتی- فارسی، ناوەندی رۆژئاوای- بیزەنتیو دوایی تورك، ناوەندی خواروی- عەرەبی.

بەدبەختی کورد لەگرنگی هەڵکەوتی جوگرافی شوێنی ژیانیدا دەرئەکەوێ. هەمو تێکهەڵچونە مێژوییە گرنگەکانی چارەنوسی ناوچەکەیان بڕیار داوە لەسەر ئەرزی ئەو روی داوە.

تێکهەڵچونی داریوشی هەخامەنشیو ئەسکەندەری یۆنانی لەگوگامیلی نزیك هەولێر(۳۳۱-پ.ز)کەکۆتایی بەدەسەڵاتی ئێرانی هێناو سەرەتای دەسەڵاتی چەند سەدەیی یۆنانی بو لەناوچەکەدا.

تێکەڵچونی لەشکری عەرەبی- ئیسلامیو لەشکری ساسانیەکان لەجەلەولاو حەلەوانی نزیك خانەقین(٦٤١)کە کۆتایی بەدەسەڵاتی ئێرانی هێناو سەرەتای دەسەڵاتی چەند سەدەیی عەرەبی بو لەناوچەکەدا.

تێکهەڵچونی لەشکری عەبباسیو لەشکری ئەمەوی لەسەر ئاوی زێی گەورە(۷۵۰)کەکۆتایی بەدەسەڵاتی ئەمەوی هێناو سەرەتای دەسەڵاتی چەند سەدەی عەبباسی بو.

تێکهەڵچونەکانی مەغۆل لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان کەکۆتایی بەدەسەڵاتی عەبباسی هێناو سەرەتای کوێربونەوەی شارستانیتی ناوچەکە بو.

تێکهەڵچونی شا ئیسماعیل سەفەویو سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەچاڵدێران نزیك بایەزید (١٥١٤)کەناوچەکەی تا جەنگی جیهانی یەکەم کردە دوبەش.

هەروەها چەندین پێکادانی گەورەی خوێناوی لەنێوان هێزەکانی بێگانەدا لەناو کوردستاندا، وە لەنێوان هێزەکانی بێگانەو خەڵکی کوردستاندا.

هەریەکێ لەم تێکهەڵچونە گەورانە ئەبێ چ زەرەرێکی گیانیو مادی بەکورد گەیاندبێ، بێ ئەوەی دەستی لەهەڵگیرساندنی یا لەکوژاندنەوەی دا هەبوبێ؟ جەنگی جیهایی یەکەمیش هەر بەو جۆرە بەشێکی گرنگی ململانێی هێزەکانی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تێکهەڵچونەکانی لەسەر ئەرزی کوردستان

قەوماون. جەبهەی قافقاسی شەڕی روسی- تورکی هەر بەناو قافقاز بو ئەگینا ئەگەر مەیدانی تێکهەڵچونەکانو قوربانییەکانی شەڕەکە رەچاو بکرایە ئەبو ناوی جەبهەی کوردستان بێ.

ئەگەر لەسەردەمەکانی پێشودا گرنگی ستراتیجی- جەنگیو، ئابوری- بازرگانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆی بزواندنی هێزەکانی بێگانە بو بێ بۆ پەلاماردانی، ئەوا لەکۆتایی سەدەی ١٩هەمو سەرەتای سەدەی ٢٠هەمدا هۆیەکی تر پەیدا بو کەزاڵ بو بەسەر هەمو ئەوانی ترا، ئەویش پەترۆڵ بو.

پەترۆڵ لەزۆر کۆنەوە گەلان ئەیان ناسی، بەڵام رەنگە هیچ گەلی وەکو ئینگلیز پەی بەگرنگی ئەم مادەیە نەبرد بێ. لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەریتانیا دەستی کرد بەگۆڕینی وزەی بەگەڕخستنی پاپۆڕەکانی لە خەڵوزی بەردینەوە بۆ نەوت. شارەزاکان لەجنوبی ئێرانو کرماشانو خانەقینو کەرکوك زۆر شوێنیان دیاری کرد بو کەئەبێ نەوتی تێدا بێ. کاتێ جەنگ هەڵگیرسا نەوت سەرچاوەی سەرەکی بەگەڕخستنی ئوستولی جەنگیی بەریتانی بو. هەر لەبەر ئەوەش هێزەکانی بەریتانیا بەپەلە بیرە نەوتەکانی خواروی ئێرانیان داگیر کرد.

نەوت دەورێکی ئەوەندە گرنگی هەبو لەبڕیاردانی چارەنوسی جەنگدا لۆرد کیرزن لەو بارەیەوە وتویەتی: ((رۆژێ دێ ئەڵێن هاوپەیمانەکان بەسەر دەریای نەوتدا بۆ سەرکەوتن چون))هەروەها هینری بیرانجەی نوێنەری فەرەنسە لەو کۆبونەوە تایبەتیەدا کەبۆ باسی نەوت لە١٩١٨دا لەرۆما کرا بو وتی: ((نەوت لەو جەنگە دا وەکو خوێن وابو بۆی، ئەو سەرکەوتنەمان بەدەس نە ئەهێنا ئەگەر خوێنێکی تریش نەبوایە، واتە خوێنی ئەرز کەپێی ئەڵێن نەوت))[٣٦] .

جا ئەگەر نەوت لەبردنەوە یا دۆڕاندنی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئەو دەورەی هەبو بێ، ئەوا لەماوەی کۆتایی جەنگو پاش جەنگدا بو بەفاکتەرێکی بڕیاردەر لەچارەنوسی سیاسی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەباتی ئەوەی ئەم مادە بەنرخە ببێتە مایەی خێروخۆشی گەلان، بو بە بەڵای سەریان، بەتایبەتی بوو بەلەعنەتێکی مێژویی بەچارەنوسی کوردەوە، چونکە گەورەترین پەترۆڵجاڕی ناوچەکە لەکوردستان دۆزرایەوە. راپۆرتێکی سەرکردایەتی هاوبەشی هێزەکانی بەریتانیا لەئێرانو عیراق دان بەم راستیەدا ئەنێ: ((ئەوی نەختێ زیرەکی تێدا بێ ناشێ بڵێ بەریتانیا لەبەر خاتری خەڵکی تر لێپرسراوەتی لەعیراق گرتۆتە ئەستۆ، وەختی خۆی وتراوە کەبەریتانیا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرژەوەندی هەمیشەییو سەرەکی هەیە، بگرە ئامانجێکی سەرەکی هەیە کە لەجەنگی ١٩١٤-١٩١٨دا گیانێکی زۆری لەپێناودا کردۆتە قوربانی. ئەو سەرەتایەش

بریتیه لەوەی ڕێگە بەهیچ دەوڵەتێکی دوژمن نادرێ هەرِەشە لەرِێگـەی پێوەنـدی ئیمپراتۆری بکا. هەروەها بەریتانیا قـازانجی ئـابوری زۆر گـەورەی هەیـە لـەوێ، کەگرنگ ترینیان پەترۆڵجارِەکانی کەرکوکە..))[٣٧].

٤/٥ راگرتنی جەنگ

پاش چەند رۆژ دانوستان لەنێوان نوێنەرانی تورك‌و بەریتانی‌دا، لـەرۆژی ٣١ی تشـرینی یەکـەمی ١٩١٨دا لەلایـەن هاوپەیمانەکانـەوە ئـەدمیرال کارلسـوربەو لەلایەن حکومەتی تورکەوە حسێن رووف بەگ، رەشاد حکمەت بـەگ، سـەعدوڵڵا بەگ بەڵگەنامەی ئاگربرِیان لەناو کەشـتی ئینگلیـزی‌دا ئاگامـەمنون لـەمینای مودروس لەدەریای ئیجەدا ئیمزا کرد. بەپێی ئەم رێکەوتنە جـەنگ لەرۆژهـەڵاتی ناوەرِاستدا بەرِەسمی راگیرا.

رۆژی ئیمزا کردنی بەڵگەی ئاگربرِ ئەنوەر پاشاو تەلعەت پاشاو سـەرکردەکانی تری تورکانی لاو هەڵاتن بۆ ئاڵمانیا. حکومەتێکی نوێ، بەڵگەنامەکەی پەسەند کرد. بەڵگەنامـەی راگرتنی جەنگ زیاتر لەوەی رێکەوتنێکی دولایەنی بەرامبـەر بێ، مل دانی عوسمانی بو بۆ مەرجەکانی هاوپەیمانەکان، بەتایبـەتی بـەریتانیای سـەرکەوتو، وەجـۆرێ بـو لەخۆبەدەسـتەوەدانی کەساسـانە. نـاوەرِۆکی ئـاگربرِی مودروس بریتی بو لە:[٣٨]

-بەدەستەوەدانی دەردەنیل، بوسفۆر، هـەمو سـەربازگەکانی حیجـاز، عەسـیر، یەمەن، سوریا، میزۆپۆتامیا، هەروەها کەشتیە جەنگیەکانی تورکیا، ئەفسەرانی تورك لەتەرابلوس، کشانەوەی هێزەکانی تورکیا لەشیمالی غەربی ئێران بۆ سنوری پێش جەنگ، چۆڵ کردنی ناوچەکانی ئەودیو قافقاز، بەجێ هێشتنی سیلیسیا.

-هەبونی مـافی داگیرکردنـی هـەر شـوێنێکی سـتراتیجی کەهاوپەیمانـەکان بەپێویستی بزانن بـۆ دابـین کردنـی ئاسایشـی خۆیـان‌و داگیرکردنـی ٦ ولایەتـە ئەرمەنیەکەی رۆژهەڵاتی تورکیا ئەگەر پشێوییان تێ کەوت.

-بڵاوە پێ‌کردنی هێزەکانی سوپای تورکی جگەلـەوەی بـۆ پاراسـتنی سـنورو ئاسایشی ناوخۆ پێویستن.

-پاکردنەوەی مەیدانەکانی مینی زەمینـی‌و دەریـایی‌و ئـازادی بـەکارهێنانی میناکانی تورکیا بۆ کەشتیگەلی هاوپەیمانەکان.

-کۆنترۆڵی تەلگراف، رێگای ئاسـنین، تـونێلی تـۆرۆس‌و چـاودێری وەزارەتـی تەموین.

-بەردانی بێ مەرجی هەمو دیل‌و گیراوەکانی هاوپەیمانەکان‌و ئەرمەنیەکان.

-بڕینی پێوەندی لەگەڵ ئاڵمانیاو نەمسەو دەرکردنی هەمو هاوڵاتییانی مەدەنی و عەسکەرییان لەخاکی عوسمانی.

سەپاندنی مەرجەکانی هاوپەیمانەکان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا ناڕاستەوخۆ بەگشتی کاری ئەکردە سەر گەلی کوردیش کەیەکێ لەنەتەوە سەرەکیەکانی ژێردەستی تورك بو. بەڵام مادەکانی" حەوتەم دەربارەی داگیرکردنی هەر شوێنێکی ستراتیجی کە بەپێویستی بزانن.: یانزەهەم، کێشانەوەی دەسبەجێی ئۆردوی تورك لەسەروی ڕۆژئاوای ئێران. شانزەهەم، بەدەستەوەدانی سەربازگەکانی میزۆپۆتامیاو، مادەی بیستوچوارەمین دەربارەی داگیرکردنی ٦ولایەتی بەناو ئەرمەنی ڕۆژهەڵاتی تورکیا ئەگەر پشێوییان تێ کەوت. ئەمانە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردستانو مەسەلەی کورد پێوەندییان هەبو.

لەدوای ڕاگرتنی جەنگ هێزەکانی بەریتانی، فەرەنسی، ئیتالی، یۆنانی ڕژانە خواروی ئەنەدۆڵو داگیریان کرد. هێزێکی هاوبەش دەستی بەسەر ئەستەمولدا گرت.

سەپاندنی ئەو مەرجە قورسانە هۆیەکی گرنگ بو بۆ وروژاندنی هۆشی نەتەوەیی گەلی تورکو سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کەمالی.

٦-کۆبونەوەی براوەکان بۆ دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنگ

لەکانونی دوەمی ١٩١٩دا لایەنە سەرکەوتوەکانی جەنگ بۆ باس کردنی ڕێوشوێنەکانی ئاشتی لەپاریس کۆبونەوە[٣٩] لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دو جۆرە کێشەیان لەبەردەمدا بو ئەبو بیخەن بەلادا" یەکێکیان، بڕیاردانی چارەنوسی شوێنە داگیرکراوەکان بو. ئەوی تریان جۆری جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنە نهێنیەکانی سەردەمی جەنگ بو.[٤٠]

لەسالانی جەنگدا ولایەتە عوسمانیەکانی بەسرا، بەغداد، بەشی زۆری ولایەتی موسل، سوریا، فەلەستین بەشەڕ لەلایەن بەریتانیاوە داگیر کرا بون. لەپاش ڕاگرتنی جەنگ هێزەکانی هاوپەیمانەکان هەندێ لە ولایەتەکانی تریشیان داگیرکرد. هێزی بەریتانی چوە سیلیسیاو ئەدەنەو، پاش ماوەیەك بەجێی هێشت بۆ هێزی فەرەنسی، هێزی ئیتالیاش لەئەدالیا بارگەی خست. ئەستەمول لەلایەن هێزی هاوبەشەوە دەستی بەسەرا گیرا بو.

ئەو شوێنانەی سەرزەمینی عوسمانی کەبەشەڕ گیرا بون، جگە لەدیمەشق کەماوەیەکی کورت ئەمیر فەیسەڵ بەڕێوەی ئەبرد.ئەوانی تری ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە بەڕێوە ئەبران.

ئێران ئەگەرچی لەجەنگدا بەشدار نەبوبو، بەڵام ئەویش لەلایەن هێزەکانی روسیاو بەریتانیاوە داگیرکرا بو. لەپاش کشانەوەی سوپای روسی ئێران بەکردەوە لەژێردەستی هێزی بەریتانی‌دا بو.

کێشەی دوەم پێوەندی بەرێکەوتنە ئیمپریالیستیە نهێنیەکانەوە هەبو. ئەم رێکەوتنانە بەئاشکرا پێچەوانەی ئەو بەڵێنانە بون کەهاوپەیمانەکان بەگەلانیان دا بو، پێچەوانەی پرنسیپەکانی سەرکۆماری ئەمریکا ویلسۆن‌و، لەگەڵ مافو ئامانجی گەلان‌دا نە ئەگونجان. ویلسون لەسەر ئەوە پێی دائەگرت" ئەو رێکەوتنانە لەپاش قوبوڵ کردنی پرنسیپەکانی ئەو لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە هەڵوەشاونەتەوە. چونکە بەپێی پرنسیپەکانی ئەو ئەبو ئیتر دیپلۆماسی ئاشکرا جێگەی دیپلۆماسی نهێنی بگرێتەوەو، مافی ئازادی چارەنوسی گەلانی ژێردەستی تورك بسەلمێنرێ. بەریتانیاو فەرەنسا ئامادە نەبون دەس لەو رێکەوتنانەو لەدەسکەوتەکانی سەردەمی جەنگ هەڵ بگرن، نەشیان ئەویست بکەونە ناکۆکیەوە لەگەڵ ئەمریکا، بەڵکو ئەیان ویست شێوەیەك بدۆزنەوە هەم بەرژەوندیەکانی خۆیان دابین بکاو هەم ئەمریکاش دژی رانەوەستێ.

لە ٣٠ی کانونی دوەمی ١٩١٩دا ئەنجومەنی بەرزی کۆنفرەنسی ئاشتی بریاری‌دا:((هاوپەیمانەکان‌و ئەو دەوڵەتانەی چونەتە ریزی ئەوانەوە رێك کەوتن لەسەر ئەوەی ئەرمینیا، سوریا، میزۆپۆتامیا، کوردستان، فەلەستین، نیوە جزیرەی عەرەب بەیەکجاری لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیا بکرێنەوە))[41].

١/٦ داواکانی گەلان لەکۆنفرەنسی ئاشتی

دەوڵەتە گەورەکان خەریکی سەودا بون لەناوخۆیاندا بۆ دابەشکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتە بچوکەکانی ناوچەکەش لەتەقەللای فراوان کردنی قەڵەمڕەوی خۆیان‌دا بون لەسەر حسابی دەوڵەتی تێشکاوی تورك، گەلانی ژێر دەستەی ناوچەکەش بەهیوای بەدەس هێنانی ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان‌و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بون. ئەم خواستە جیاوازانە کەرەنگدانەوەی بەرژەوندی نەتەوەیی جیاوازی لایەنەکان بو، پێکەوە نە ئەگونجان.

١/١/٦ خواستەکانی یۆنان

بەر لەکۆتایی جەنگ بەماوەیەکی کورت حکومەتی یۆنان جەنگی دژی دەوڵەتی عوسمانی راگەیاند. لەدوای راگرتنی شەڕ حکومەتی یۆنان دەستەی نوێنەرایەتی خۆی بەسەرۆکایەتی ڤینزەلوس نارد بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی.

ڤینزەلوس داوای داگیرکردنی ئیزمیرو ناوچەکانی دەوروبەری ئەکرد. خواستەکانی خۆی لەسەر بنچینەی ئیسنی‌و مێژویی دامەزراند بو[42]. ئیسنی

سەبارەت بەو زۆرایەتیە یۆنانیەی لەکۆنەوە لەو ناوچانەدا جێگیر بون، بیانوی مێژوییشی ئەوە بوو کەناری رۆژئاوای دەریای ئیجە لەگەڵ کەناری رۆژهەڵاتی پێوەندی مێژویی‌و یەکێتیی ئابوریان هەیە.

بەریتانیا پشتیوانی لەخواستی یۆنان کرد. ئەنجومەنی بەرزی هاوپەیمانەکان دەسەڵاتی‌دا بەیۆنان ئیزمیر داگیر بکا. لە ١٥ی مایسی ١٩١٩دا هێزەکانی یۆنان لەئیزمیر دابەزین و کەوتنە پێشڕەوی بۆ ناوەوە.

٢/١/٦ خواستەکانی ئێران

ئێران بەشداری جەنگ نەبو. تەنانەت کەهێزی روسی لەلای سەروی‌و هێزی بەریتانی لەلای خواروی و هێزی تورکی لەلای رۆژئاوای جولان بۆ داگیرکردنی. هێزەکانی ئێران هیچ بەرەنگاری یا رێگرییەکیان لێ نەکردن. کاتێ جەنگ راگیرا ئێران بەکردەوە لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکرابو. بەریتانیا ئەی ویست بەر لەکێشانەوەی هێزەکانی پەیمانێکی نابەرامبەری بەسەردا بسەپێنێ کە بەکردەوە ئێرانی ئەکردە مانداتی ئینگلیز. لەو هەلومەرجە سەختەدا ئێران تێشکانی دەوڵەتی عوسمانی دوژمنی دێرینەی‌و، ئامادە نەبونی روسیای ملۆزمی دێرینەی لەکۆنفرەنس‌دا، بەهەل زانی بۆ ئەوەی بەناوی دەسکاری کردنی سنورەکانیەوە خواستە ئەرزیە کۆنەکانی لەکوردستان‌و شوێنەکانی تر سەر لەنوێ بهێنێتەوە کایە. لەمەش‌دا پشت ئەستور بو بەدۆستایەتی بەریتانی بەتایبەتی ئەی ویست لەباتی قبوڵ کردنی ئەو پەیمانە نابەرامبەرە ئەو دەسکەوتە ئەرزییانە بەدەس بهێنێ.

فیروز میرزا نەسرولدەولە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران چەند یادداشتێکی دەربارەی خواستە ئەرزیەکانی ئێران‌دا بەحکومەتی بەریتانی. خۆیشی چوە لەندەن بۆ سەردانی لۆرد کیزن، بۆ ئەوەی هەوڵ بدا کەرەزامەندی بەریتانی‌و پشتیوانی ئەو لەخواستەکانی ئێران بەدەس بهێنێ. بۆ ئەوەی کاتێ ئێران خواستەکانی خۆی خستە بەردەمی کۆنفرەنسی ئاشتی پشت ئەستور بێ بەلایەنگری بەریتانی.

ئێران ئەی ویست سنورەکانی لەگەڵ روس‌و تورکیا دەسکاری بکا. نەسرولدەولە لەیادداشتی رۆژی ١٧ی تشرینی دوەمی ١٩١٩دا بۆ لۆرد کیزنی نوسیوە ئەڵێ:

((.. سەبارەت بەکورد، بەسەر ژمارەیەکی زۆر خێڵ‌و هۆزدا دابەش بون، لەگەڵ یەکتری ناکۆکن، ئەم خێڵانە نەتەوە پێك ناهێنن، هەروەها لەتوانای خێڵ‌دا نیە یەکەیەکی سیاسی دروست بکا. بەمجۆرە کورد ئەگەر بخرێتە سەر ئێران، ئەوە چارەسەری ئەم گیروگرفتە دژوارە ئەکا. چونکە ئێران کاری لەبەشێکی گەورەی

کورد کردوە وەکو کوردەکانی موکری و گەروس کەئێستە جێگیر بون و نیشتەجێن و شێوەی ژیانیان گۆڕاوە. کورد هەرگیز سەر بۆ دەسەڵاتی ئەرمەنی دانانەوێنێ. بگرە کۆمەڵی نەتەوەیی و زمان دینەکەیان وایان لێ ئەکا بەجۆرێکی سروشتی زۆرتر لەگەڵ ئێرانیەکان بگونجێن)). ئینجا پێشنیار ئەکا سنوری رۆژئاوای ئێران بەجۆرێ چاك بکرێ بگاتە لای رۆژئاوای گۆمی وان. ئێران خواستە ئەرزیەکانی خۆی لەکوردستاندا لەسەر بنچینەی بیانوی مێژویی، رەگەز، زمان و دینی کورد دامەزراندوە.

خواستەکانی ئێران لەلایەن بەریتانیاوە پشتیوانی لێ نەکرا. لەبەرئەوە لەکۆنفرەنسی ئاشتی‌دا باس نەکرا. بەریتانیا نەی هێشت ئێران لەکۆنفرەنسی ئاشتی‌دا بەشدار بێ بەبیانوی ئەوەی لەجەنگ‌دا بەشدار نەبوەو بێلایەن بوە. بەلام لەراستی‌دا بەریتانیا ئەیویست ئێران دور بخاتەوە لەهەمو جۆرە هاوبەشییەك لەکاروباری باس کردنی پاشە رۆژی سیاسی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا[43].

۳/۱/۶ خواستەکانی عەرەب

لەجەنگ‌دا عەرەب هاوکاری هێزەکانی بەریتانی کرد دژی دەولەتی عوسمانی. ئەوەش لەئەنجامی رێکەوتنی حسێن و ماکماهون‌دا بو. ماکماهون لەباتی حکومەتی بەریتانی بەڵێنی بەحسێن دابو کە ئەگەر بەشداری جەنگ بن دژی تورك، پشتیوانی لەئامانجە نەتەوەییەکانیان بکەن. ئەمیر فەیسەڵ لەباتی باوکی، مەلیکی حیجاز حسێن، لەگەڵ دەستەیەکی نوێنەرایەتی ۳ کەسی، هاورێ لەگەڵ لورەنسی بەناوبانگ گەیشتنە پاریس. لە۱ی کانونی دوەمی ۱۹۱۹دا یادداشتێکی‌دا بە ئەنجومەنی بەرزی کۆنفرەنسی ئاشتی[44].

لەم یادداشتەدا فەیسەڵ داوای لەهاوپەیمانەکان کردبو کەبەڵێنەکانی خۆیان لەبارەی دانپیانانی مافی سەربەخۆیی عەرەب بهێننە جێ. داوای کردبو کەدەولەتێکی یەکگرتو بۆ هەمو عەرەبەکانی ئاسیا دروست بکرێ. لەئەسکەندەرونەوە بەرەو رۆژهەلات تا سەر سنوری ئێران و بەرەو خوار تا سەر موحیتی هیندی.

فەیسەڵ خواستەکانی خۆی لەسەر بنچینەی لەیەکچونی رەگەزی سامی، زمانی عەرەبی، دینی ئیسلامی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی داوای ئەکرد، دامەزراند بو. هەروەها بەڵێنی دابو کە ئەگەر داواکانی بێتە دی وابکا بەزویی کەڵك لەسامانی میزۆپۆتامیا وەربگرن.

فەیسەڵ لەداوا ئەرزیەکانی‌دا دەسدرێژی کردبوە سەر مافی کورد، چونکە بەشێکی ئەو شوێنانەی ئەو لەئەسکەندەرونەوە بۆ سنوری ئێران داوای کرد بوو

نیشتمانی نەتەوەیی کوردە، لەهەندێکی عەرەبی لێ نەبوو لە هەندێکی کەمایەتیەکی عەرەبی لێ بوو لەگەڵ زۆرایەتییەکی کورد ئەژیان. کەچی فەیسەڵ لەم یادداشتەدا دانی بەهەبونی نەتەوەی کوردا نەناوە، نەوەکو نەتەوەیەکی سەرەکیو نەوەکو کەمایەتییەك کەلەو ناوچانەدا هەبن. هەروەها بەڵێنی دابین کردنی هیچ مافێکیشی نەداوە کەئەگەر خرانە ژێر دەستی ئەوەوە[٤٥].

٤/١/٦ خواستەکانی جولەکە

جولەکە ئەوسا دەوڵەتی نەبو تا بەناوی ئەوەوە بەشداری کۆنفرەنس بکا.((رێکخراوی جیهانیی سەهیۆنی)) دەستەیەکی نوێنەرایەتی تێکەڵاوی لەجولەکەی ئەوروپاو ئامریکا بەسەرۆکایەتی وایزمان پێك هێنابو کە لەپاریس شوێن ئامانجەکانی بزوتنەوەی سەهیۆنی بکەوێ.

سەهیۆنیەکان ئەیان ویست دانپیانانی(دولی)بۆ بەڵێنەکەی بیلفۆر بەدەس بهێنن کە لەبارەی دروست کردنی نیشتمانی نەتەوەیی جولەکەوە لەفەلەستین درابو، وئەیان ویست ئەو دەسکەوتە بخرێتە ناو پەیمانی ئاشتیەوە. سەهیۆنیەکان دژی ئەوە بون فەلەستین بخرێتە سەر دەوڵەتێکی عەرەبی.

هەروەها دژی سەرەتای ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی گەلان بون کەئەگەر لەفەلەستین جێبەجێ بکرایە لەبەر زۆرایەتی ژمارەی عەرەب، فەلەستین ئەبوە دەوڵەتێکی عەرەبی.

لەهەمان کاتدا دژی(تدویل)ی فەلەستین بون کە لەرێکەوتنی سایکس-پیکۆدا بڕیاری لێ درابو.

ئەیان ویست فەلەستین راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیدا بێ[٤٦].

٥/١/٦ خواستەکانی ئەرمەن

دەستەی نوێنەرایەتی ئەرمەن لەلایەن بوغوس نوبار پاشاوە سەرۆکایەتی ئەکرا. ئەرمەن داوای ئەکرد لەئەرمەنستانی تورکیا، کە مەبەستیان لە٦ ولایەتەکەی رۆژهەڵاتی عوسمانی واتە" ئەرزرۆم، ئەرزنجان، وان، بتلیس، خەرپوت، دیاربەکر بو، دەوڵەتێکی ئەرمەنی دروست بکرێ.

ئەم داوایە لەسەر بنچینەی بەهانەی مێژویی دامەزرابو، کە لەکاتی خۆیدا ئەرمەن زۆرایەتی دانیشتوانی ئەو شوێنانە بون، بەڵام لەکاتی دەربڕینی ئەم خواستەدا ئەرمەن کەمایەتییەکی بچوکی دانیشتوانی ئەو شوێنانە بون[٤٧].

داواکانی ئەرمەن لەگەڵ ئامانجەکانی کورد ناکۆك بون. چونکە ئەو شوێنانەی ئەوان داوایان ئەکرد دەوڵەتی ئەرمەنی لەسەر دروست بکرێ، کورد بەنیشتمانی نەتەوەیی خۆی دائەنا، نە لەپێش کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنو نەدوای ئەوەش

ئەوان زۆرایەتی دانیشتوانی ناوچەکە نەبون. بەڵکو بەدرێژایی مێژوی چەند سەدەی دوایی لەزۆری ئەو شوێنانەدا ژمارەی کورد لەئەرمەنی زۆرتر بوە.

ناکۆکی خواستەکانی کوردو ئەرمەن کۆسپێکی گەورە بو لەبەردەم هەردولادا. سەرەنجام بوغوس نوبار پاشا بەنوێنەرایەتی ئەرمەن‌و شەریف پاشا بەنوێنەرایەتی کورد لەسەر ئەوە پێك هاتن" جیاکردنەوەی سنوری نەتەوەیی هەردو نیشتمان بەدادوەریی کۆنفرەنسی ئاشتی بسپێرن.

٦/١/٦ خواستەکانی ئاسوری

لەتەموزی ١٩١٩ دا دو کەس بەناوی سەعید سادق‌و رۆستەم نەجیب بەناوی دەستەی نوێنەرایەتی ئاسوری- کلدانیەوە یادداشتێکیان‌دا بەکۆنفرەنسی ئاشتی. لەم یادداشتەدا داوای دروست کردنی دەوڵەتێکی گەورە یان ئەکرد لەهەندێ لەولایەتەکانی رۆژهەلاّت‌و خواروی تورکیا، کەحەلەب‌و دیرەزورو موسلیشی بخرێتە سەرو، دەرگایەکیش بۆ ئەم دەوڵەتە لەسەر دەریا تەرخان بکرێ. دەوڵەتانی گەورە دەستەبەری بن‌و لەژێر مانداتی یەکێکیان‌دا بێ.

دەستەی نوێنەرایەتی ئاسوری داواکانی خۆی لەسەر بنچینەی بەهانەی مێژویی‌و زۆریی ژمارەی ئاسوری لەچاو ئەرمەنی‌و ریچەڵەکی ئاسوریيانەی هەندێ لەخێڵەکانی کوردو عەرەب، دامەزراند بو.

ئەم داوایانە لەگەڵ راستی جوگرافی‌و مێژویی‌دا نە ئەگونجان. لەگەڵ ئامانجەکانی کوردو ئەرمەنی‌و عەرەب ناکۆك بو، بەتایبەتی چونکە ئاسوری هەمیشە لەو ناوچانەدا کەئەوان داوایان کردبو کەمایەتیەکی بچوکی دانیشتوان بوە.

٧/١/٦ خواستەکانی کورد

جەمعیيەتی تەعالی کوردستان کەتازە لەئەستەمول کەوت بوە چالاکی جەنەرال شەریف پاشای راسپارد سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بکا. شەریف پاشا لە٢٢ی ئازاری١٩١٩دا((یادداشتی دەربارەی خواستەکانی گەلی کورد))ی‌دا بەئەنجومەنی بەرزی کونفرەنسی ئاشتی لەپاریس.

لەم یادداشتەدا شەریف پاشا داوای دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆی کردبو لەولایەتە کوردنیشینەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی‌دا.

شەریف پاشا خواستەکانی خۆی لەسەر بنچینەی بەهانەی مێژویی، جۆری ژیانی کوردو، زمانەکەی‌و شوێنی ژیانی دامەزراندبو، هەروەها لەسەر بنچینەی بەڵێنی هاوپەیمانەکان دەربارەی سەلماندنی مافی گەلان لەئازادی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان‌دا. لەم یادداشتەدا باسی پێوەندی کوردی لەگەڵ ئەرمەن کردبو.

لەبەرئەوەی کوردستان هەرگیز دەوڵـەتێکی تایبـەتی نـەبوە خـاوەنی سـنوری سیاسی یا جوگرافی دیاری کراو بێ، سنوری کوردسـتان جێگـەی مشـتومڕ بـو. خواستەکانی کورد لەلایەك لەگەڵ خواستەکانی ئەرمەن‌و عـەرەب تێکـەڵاو بـو، چونکە هەندێ لەو شوێنانەی ئەرمەنی‌و هەندێ لەو شـوێنانەی عـەرەب داوایـان ئەکرد کـورد بەنیشـتمانی خـۆی ئـەزانی‌و، لەلایـەکی تـرەوە لەگـەڵ تـەماعی بەریتانی‌و فەرەنسی تێکەڵاو بو، چونکە هەندێ لەو شوێنانەی کورد داوای ئەکرد ئەوان ئەیان ویست خۆیان دەستی بەسەردا بگرن.

شـەریف پاشـا لەگـەڵ نوێنـەرانی ئەرمـەن رێـك کـەوت" کێشـەی سـنوری نیشتمانی هەردو گەل بخرێتـە بـەردەمی کۆنفرەنسـی ئاشـتی بـۆ بڕیـار لێ دان‌و هەردوکیان بەو بڕیارە رازی بن.

٧-تەقەللاکانی کورد بۆ سەربەخۆیی

لەسـالآنی جـەنگدا بەشـەکانی رۆژهـەلآت‌و سـەرو وخـواروی کوردسـتان لەئەنجامی جەنگدا بوبو بەکەلاوەیەکی گـەورە. سـەرکردەکانی بزوتنـەوەی کـورد لەتورکیا پێ ناچێ بواری چالاکی سیاسی، فەرهەنگی، جەنگیی زۆریان بەقازانجی بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی کورد هەبو بێ. لەئێران تـەنیا لـەرۆژئاوای ورمـێ جولآنەوەیەکی چەکدار بەسەرکردایەتی سمکـۆ هـەبو. ئـەویش لەشـەڕی نـاوخۆوە گلابـو هـەم لەگـەڵ مەسـیحیەکان‌و هـەم لەگـەڵ عەجـەم. کردەوەکـانی سمکـۆ بەتایبەتی رەشەکوژی مەسیحی‌و عەجەم، تالآنی ئاوایی‌و راووڕوتی خەڵك، بەرگی سیاسی لەجولآنەوەکەی داماڵی بو وەکو باندی تـاوان‌و جـەردەیی سـەیری ئـەکرا. نەی ئەتوانی بڕواو پشتیوانی هیچ کام لەدەوڵەتانی هاوپەیمان بەدەس بهێنێ.

لەپێش راگرتنی جەنگدا بەماوەیەکی کورت‌و راستەوخۆ لەدوای ئاگربڕ، واتە لەدوای تێشکانی عوسمانی لەجەنگدا بزوتنەوەی نەتەوەیی کـورد لەکوردسـتانی جنوبی‌و هەندێ ناوچەی کوردستانی شیمالی‌و ئەستەموڵ وەکو فاکتەرێکی چـالاك لەسەر شانۆی سیاسی ناوچەکە سەرلەنوێ سەری هەڵ دایەوە.

١/٧ تەقەللاکانی سلێمانی

هێشتا ئاگربڕی مودروس نەکرابو کاربەدەستانی تورك کاروبـاری سـلێمانییان بەشێخ مەحمودی حەفید سپاردبو. شێخ محمود لەوکاتـەدا ناسـراوترین سـەرکردەی کوردبو لەکوردستانی جنوبی‌دا. لەدوای کوژرانی شیخ سـەعیدی بـاوکی‌و شـێخ ئەحمەدی برای لەموسڵ(١٩٠٨) کـە لەلایـەن حکومـەتی ئیتیحادیەکانـەوە دور خرابونەوە بۆ ئەوێ، بەکردەوە بوبو بەسەرۆکی بنەماڵەی ساداتی بەرزنجەو شێخانی ناوچـەکە. لەسـالآنی جـەنگدا سـەرکردایەتی(موجاهیـدان)ی کـوردی کردبـو

لەشەڕی تاریدەری پێنجوێن‌دا دژی سوپای روسی‌و لەشەڕی شعیبەدا دژی سوپای بەریتانی. شێخ محمود نفوزێکی کاریگەری لەناو عەشیرەتەکانی ناوچەکەدا هەبو.

شێخ محمود کەجاری یەکەم نامەی بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز نوسی. نامەکەی کەوتە دەست تورك‌و لەسەر ئەوە گیراو حوکمی ئیعدام درا. زۆری نەمابو ئیعدامی بکەن. بەڵام رەوتی روداوەکانی جەنگ بەجۆرێ رۆیشت، تورك هیچ قازانجێکی لەکوشتنی‌دا نەدی، بەڵکو ئازادی کردو کاروباری سلێمانییان پێ سپارد.

بۆ جاری دوەم، لەتشرینی یەکەمی ۱۹۱۸دا شێخ محمود, عیزەت تۆپچی‌و ئەحمەد فائقی بەنوێنەرایەتی خۆی بەنامەیەکەوە ناردە لای کاربەدەستانی بەریتانی لەکفری. لەنامەکەی‌دا داوای لەبەریتانیا کردبو" گەلی کوردیش لەڕیزی گەلانی ئازادا دابنێ‌و بەریتانیا دەستەبەری ئەوەبێ لەهیچ هەلومەرجێکا رێگەی گەڕانەوەی دەسەلاتی تورك بۆ کوردستان نەدا، لەبەرامبەر ئەوەدا ئەویش ئامادەیی خۆی دەر ئەبڕێ بۆ هاوکارییان.[٤٨]

بەریتانیا لەوکاتەدا پێویستی بەوە بو بو کوردستان ئارام بێ‌و، گەلی کورد بەلای خۆی‌دا رابکێشێ ئارنۆڵد ویڵسون حاکمی عامی عیراق میجەر نوئیلی نارد بۆ سلێمانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شێخ محمودو دانانی بەحاکمی ناوچەکەو هاندانی عەشیرەتە کوردەکانی بەینی زێی بچوك‌و روباری سیروان کەبۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان یەکێتیەك پێك بهێنن بەسەرۆکایەتی شێخ محمود.[٤٩] لە ١٦ی تشرینی دوەمی ۱۹۱۸دا نوئێل گەیشتە سلێمانی لەوێوە بەبروسکە ئاگاداری حاکمی گشتی کرد:(ئەمڕۆ گەیشتمە سلێمانی. پێشوازییەکی شاهانە کرام. نوێنەرانی گوندەکان بەدرێژایی رێگا راوەستابون، بەگەیشتنی ئێمە شادی خۆیان دەرئەبڕی... من دژواری زۆر نابینم لەدوارۆژا لەرێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەژێر سەرپەرشتی خۆمان‌و دەسەلاتی ئەفسەرە سیاسیەکانمان‌دا بەو مەرجەی دەسبەجێ رێوشوێنی بۆ دابنرێ)[٥٠]

لەسلێمانیش لەکۆبونەوەیەکی جەماوەری‌دا نوئێل بەناوی حکومەتی بەریتانیەوە دانانی شێخ محمودی بەحکومدار راگەیاندو بەڵێنی خۆشی بەخەڵکدا. کەوتە پێوەندی بۆ رێکخستنی کونفرەنسێکی ٤٠-٥٠ کەسی پیاوە ناسراوەکانی ناوچەکە.

سلێمانی لەوکاتەدا شارێکی دواکەوتوی بچوك بو. تازە لەبرسێتی‌و پەتای رشانەوە هەستابوەوە. لەهەمو سلێمانی‌دا خانویەکی باشی تێدا نەبو. بەشی زۆری بوبو بەکەلاوە. رۆشنبیرەکانی لەناو سوپای عوسمانی‌و داودەزگاکانی ترا بون دور لەسلێمانی. زوڵمی کۆمەلایەتی هەندێ لەدەسەلاتدارانی شارو ناوچەکە، دزی‌و

جەردەیی‌و کوشتنی ناڕەوای خەڵك ناوچەکەی بەتەواوی نائارام‌و ژیانی خەڵکی ناخۆشکردبو.

لە١ی‌کانونی یەکەمی ١٩١٨دا حاکمی عامی عێراق ویلسون بەفڕۆکە خۆی چو بۆ سەردانی سلێمانی. ویلسون کابرایەکی گرنگ بو لەدارشتنی سیاسەتی ناوچەیی بەریتانیادا. چونی ئەو خۆی لەخۆی‌دا گرنگیەکی سیاسی هەبو. ئەمە هەلێکی باش بو بۆ ئەوەی شێخ محمودو پیاوە گەورەکانی تری کورد لێوەشاوەیی سیاسی خۆیان‌و گەلەکەیان لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکەدا بۆ ویلسون بسەلمێنن. چونکە ویلسون ئەی توانی دەوری کاریگەری هەبێ لەبڕیاردانی جۆری چارەنوسی کوردستانی جنوبی‌دا.

لەسلێمانی ویلسون شێخ محمودو چەند گەورە پیاوێکی تری بینی. لەم کۆنفرەنسەدا ویلسون بەدرێژی گفتوگۆی لەگەڵ کردن. حکومەتێکی کوردی کاتیی لەسلێمانی بەرەزامەندی ویلسون دامەزرا کەشێخ محمود بەنوێنەرایەتی بەریتانیا حوکمداری بێ. ئەوانەی لەکۆنفرەنس‌دا بەشداربون، ئەگەرچی پیاوە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە بون، بەلام لەبەرئەوەی زۆریان سەرۆکی عەشیرەتی نەخوێندەوارو نەشارەزای کاروباری سیاسی‌و بەڕێوەبەرایەتی بون، بیوڕای جیاوازیان دەربارەی پاشەڕۆژی ناوچەکە دەربڕی. ویلسون خۆی لەسەر ئەم کۆبونەوەیە نوسیویتی:

((هەندێ لەوانە بەڕێوەبەرایەتیەکی کاریگەری بەریتانییان ئەویست لەکوردستان داو هەندێکی تریشیان دژی ئەمەبون، هەندێکیان سوربون لەسەر ئەوەی کوردستان راستەوخۆ بەلەندەنەوە ببەسترێ، هەندێکیشیان بەدزییەوە پێیان وتم نایانەوێ شێخ محمود سەرۆکیان بێ، بێ ئەوەی کەسی‌کەیان لەبیر بێ.)) [٥١]

لەکۆتایی گفتوگۆکان‌دا شێخ محمود بیرخەرەوەیەکی‌دا بەویلسون ٤٠ کەس لەگەورە پیاوەکانی ناوچەکە مۆریان کردبو، تیایا بەڵێنەکانی بەریتانیایان دوبارە کردبوەوە دەربارەی رزگاری گەلان لەدەسەڵاتی تورك‌و یارمەتی دانیان بۆ دروست کردنی قەوارەی سەربەخۆ، ئەوانیش سەبارەت بەوەی نوێنەری گەلی کوردن تکا لەحکومەتی بەریتانی ئەکەن کورد لەو بەڵێنانە بێ بەش نەکاو، پێوەندییان لەگەڵ عێراق رێك بخا. [٥٢]

زۆری نەبرد شێخ محمود لەگەڵ نوێنەرانی بەریتانی لەسلێمانی تێك چو. شێخ محمود سنوری قەڵەمڕەوەکەی بەتەسك‌و دەسەڵاتەکانی خۆی بەکەم ئەزانی. خۆی بەنوێنەری هەمو کوردەکانی ولایەتی موسڵ‌و هەندێ لەعەشیرەتە کوردەکانی ئێران دائەنا. بەریتانیەکان لەرەفتاری شیخ محمودو جۆری بەڕێوەبردنی کاروباری

ناوچەکەو خواستەکانی رازی نەبون. لەئەنجامدا شێخ محمود پەنای بردە بەر بەکارهێنانی چەك دژی هێزی بەریتانی. لەشەڕێکی بێ هودەدا لەدەربەندی بازیان لە١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩دا بەبرینداری بەدیل گیراو درایە دادگا, حکومەتەکەی سلێمانی تێك چو. هێزی بەریتانی سلێمانی داگیرکردو ئەفسەرانی ئینگلیز راستەوخۆ ئەرکی بەڕێوەبردنیان گرتە ئەستۆ.

٢/٧ تەقەللاکانی ئەستەمولْ

لەمانگە دواییەکانی ١٩١٨دا نیشانەکانی تێشکانی دەولّەتی تورك لەدەرکەوتنا بو. سەرکردەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەئەستەمولْ کەوتنە خۆرێکخستنەوە. سەید عەبدول قادری شەمزینی بەهاوکاری ئەمین عالی بەدرخانو چەند گەورە پیاوی تری بنەمالّەی بەدرخانو بابانو چەند کوردی ناسراوی دیاربەکر، مەلاتیە، دیرسیم، خەرپوت، سلێمانی، سابلاخ، سنە..((جەمعییەتی تەعالیی کوردستان))ی دامەزراند. داگیرکردنی ئەستەمولْ لەلایەن هێزی هاوبەشی هاوپەیمانەکانەوە ئازادییەکی زۆرتری چالاکی سیاسی، فەرهەنگی، دیپلۆماسی بۆ دابین کردن.[٥٣]

پرۆگرامی ج ت ك لەبەردەستدا نیە. لەیادداشتەکانیدا بۆ کاربەدەستانی بەریتانیو. هاوپەیمانەکانو بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی، و لەگفتۆگۆی سەرکردەکانیدا لەگەلْ نوێنەرانی بەریتانیو بابیعالیدا دەرئەکەوێ کەئامانجی ج ت ك پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بوە بەیارمەتی هاوپەیمانەکان، بەتایبەتی بەریتانیا. بۆچونی ج ت ك بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە تەواوی رون نیەو دیاری نەکراوە، چونکە لەیادداشتو گفتوگۆکاندا باسی کوردستانی سەربەخۆ لەهەمو جۆرە دەسەلاّتێ، کوردستانی سەربەخۆ لەژێر مانداتی بەریتانی، کوردستانی ئۆتۆنۆم لەژێر دەسەلاّتی بەریتانی، کوردستانی ئۆتۆنۆم لەچوارچێوەی دەولّەتی عوسمانیدا، کراوە. لەمانەش هەموی مەبەست سەربەخۆیی یا جۆرێ لەسەربەخۆیی بوە.

جەمعییەت بۆ دەربڕینی بیرو بۆچونەکانی لە٧ی تشرینی دوەمی ١٩١٨ەوە گۆڤاری کوردی-تورکی((ژین))ی بەلێپرساوەتی حەمزە موکسی بلاّو ئەکردەوە.[٥٤] و هەولّی ئەدا لەشارەکانی کوردستاندا کلوبو کۆمیتەی جەمعییەت دابمەزرێنێ. و بۆ بایەخ دان بەخوێندەواریو بلاّوکردنەوەی کتێبی کوردیو رێکخراوی فەرهەنگیی((کرد تعمیم معارفو نشریات جمعیتی)) دامەزراند.

ج ت ك بایەخێکی تایبەتیدا بەڕێکخستنی ژیانی کوردو چاکردنی ژیانی کرێکارانی کورد لەئەستەمولو هەولّی ئەدا بۆ گەڕانەوەی ئەو کوردانەی

لەسالآنی جەنگدا بەزۆر لەکوردستانەوە بۆ شوێنە دورەکانی ئەنەدۆڵ دورخرابوونەوە.
ج ت ك بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد لە٣ لاوە ئەجولآ" پێوەندی لەگەڵ هاوپەیمانەکان. هەوڵدان لەکۆنفرەنسی ئاشتی. گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ بابیعالی.

١/٢/٧ تەقەللا لەگەڵ هاوپەیمانەکان

لەسەرەتای کانونی دوەمی١٩١٩دا لەکاتێکا کۆنفرەنسی ئاشتی لەپاریس تازە خەریکی کۆبونەوەکانی بو. دەستەیەکی نوێنەرایەتی کورد بەسەرۆکایەتی سەید عەبدوالقادری شەمزینی چون بۆ دیدەنی ئەدمیراڵ کارلشورب مەندوبی سامی بەریتانی لەئەستەموڵ بۆ گفتوگۆ، بۆئەوەی یادداشتی جـ ت ك دەربارەی خواستەکانی گەلی کوردی بدەنێ.
لەباتی مەندوبی سامی میستەر ریان ئەم دەستەیەی بینی. هەیئەتی کوردی پەژارەی خۆی دەربڕی لەپشت گوێ خستنی خواستەکانی کورد. وتی زۆرایەتی دانیشتوانی ناوچەکانی رۆژهەلآتی تورکیا کوردن هەروەها لەودیو سنوری ئێران ، لوڕستانو ئەو شوێنانە بەتەواوی یاخود بەزۆری کوردن. وتی پێوەندی کوردو ئەرمەن لەهەلومەرجی ئاساییدا باش بوە، تێکچونی ئەو پێوەندیە لەهەندێ کاتی دیاری کراوا ئەگەڕێتەوە بۆ کردەوەکانی حکومەتی عوسمانی، هەروەها پێوەندی لەگەڵ نەستورییەکانیش ئاسایی بوە. بۆ سەلماندنی ئەوەش تەرجومانێکی مەسیحییان لەگەڵ خۆیان بردبو.
بەپێی هەڵسەنگاندنی ریان، قسەکانیان دەربارەی سنوری کوردستانی ئۆتۆنۆمی چاوەڕێ کراو رون نەبوە، پێیان باشتر بوە ئەمە بهێلرێتەوە بۆ بڕیاری رەوای کۆنفرەنسی ئاشتی. هەیئەتەکە داوای کرد بوو کارئاسانییان بۆ بکرێ نوێنەری کورد بنێرن بۆ ئەوروپا تا خۆیان بەرگری لەمەسەلەی کورد بکەن.
هەیئەتەکە یادداشتێکی پێ بو، رۆژی ٢ی کانونی دوەمی ١٩١٩ لەلایەن سەرۆکی کۆمیتەی کوردستان سەید عەبدوالقادرو، سکرتێری کۆمیتە خەلیل بەدرخانو، سید عەبدوللآ شەمزینی، مستەفا پاشا، عەبدولعەزیز بابان، مەلا سەعید بەدیع الزمان، مەلا عەلی رەزا ئیمزا کرابو.
ئەم یادداشتە راستەوخۆ بۆ مەندوبی سامی نوسرابو، تکایان لێ کردبو بیگەیەنێ بە حکومەتی بەریتانی. لەم یادداشتەدا نوسی بویان:
((سەرکردەکانی کورد هەمیشە پشتی خەلیفەو شا و سوڵتانەکانیان گرتوە، بەلآم هەردو دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی بەشێوەیەکی زۆر ناڕەوا کوردستانیان لەناو

خۆیاندا دابەش کردوە... کورد لەگەڵ تورکیاو ئێراندابووە بەگشتی ئەگەڕێتەوە بۆ ترس لەوەی کەروسیا لە دواییدا هەڵیان بلوشێ...

((... هەڵوێستی کورد لەجەنگا بەتەنیا کردەوەکانی سوڵتان دیاری نەکرد بو، بەڵکو کردەوەکانی روسیاش بەوەی کەمایەتیە نە موسڵمانەکانی لێ هان ئەدانو هەڕەشەی داگیرکردنی نیشتمانی کوردی ئەکرد. روسیا هەڕەشەی نەهێشتنی لەکورد ئەکرد. پاش ون بونی روسیا لەمەیدانو سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان، هیچ هۆیەك نەماوە گەلی کورد ئازار لەدەس چەوسێنەرە کۆنەکانی بچێژێ...

((... کورد هەمو ئەو ڕەوشتانەی تێ دایە کەلێوەشاوە بێ بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لەڕیزی گەلانی دۆستدا بگرێو سەرەتای رەوای مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوس بەدەس بهێنێ.

((لەناو کوردا ژمارەیەکی باش خوێندەوار هەیە. دانیشتوانی کورد بەلایەنی کەمەوە ٥ ملێون ئەبن.

((کۆمیتە بەهیوای یارمەتی حکومەتی بەریتانیە بۆ پێش خستنی کوردستان.))

لە١٢ی مایسدا سەید عەبدولقادر سەردانێکی تری ئەدمیراڵ ویبی کرد. ئەمجارە سەرەڕای دوبارە کردنەوەی خواستەکانی پێشوی، تکای لێ کرد بەریتانیا گوشار بۆ حکومەتی عوسمانی بهێنێ" ڕێگە بدا بەو سەدان هەزار کوردەی لەسەردەمی جەنگدا دور خراونەتەوە بۆ شوێنی دور بگەڕێنەوە نیشتمانەکەی خۆیان.

لەدیدەنیەکی ترا سەید عبدولقادر میستەر هوهلەری دی. سەید لەم دیتنەدا وتی:

((کورد خۆیان لە هەلومەرجێکی نالەباردا ئەبینن، بگرە لەهەلومەرجێکی ترسناکدا)). هوهلەر لەراپۆرتەکەیدا نوسیویتی، کاربەدەستانی ئەستەمول بەسەرۆکایەتی سەدری اعظم فەرید پاشا هەندێ پێشنیاری گونجاویان بۆ کردبو، بەڵێنیان دابویە ئۆتۆنۆمی تەواو بەکورد بدەن لەژێر سایەی حکومەتی تورکیادا. لەزمانی سەید عەبدولقادرەوە ئەنوسێ" فەرید پاشا بەڵێنی زۆریدا، بەڵام تا لەسەرکاربو هیچیانی جێبەجێ نەکرد. حکومەتەکەی ئێستاش بەسەرۆکایەتی عەلی رەزا گفتی داوە((ادارەی ذاتی))بۆ کورد جێبەجێ بکا، بەڵام لەهەمان کاتدا تەنگیان بەخۆی هەڵ چنیوە. لەبەر ئەوەی مەترسی مستەفا کەمال لەزیاد بون دایە، حکومەت ئەیەوێ پشتیوانی کورد بەدەس بهێنێ. سەید عەبدولقادر ئەیەوێ هاوئاهەنگی تەواو لەگەڵ هاوپەیمانەکان بکا بەتایبەتی بەریتانیا چونکە

لای وایە" پاشە رۆژی کورد بەسیاسەتی حکومەتی بەریتانیاوە بەستراوە. هەروەها بەگرنگی پێ دانەوە هەواڵی رێکەوتنی کوردو ئەرمەن لەتورکیاو لەپاریسی پێ راگەیاند.

سەید عەبدولقادر بە هوهلەری وت: ((راستە ئەبێ کورد بەهیوا بن لەرێگەی کۆنفرەنسی ئاشتیەوە ئامانجەکانیان بێتەدی نەك لەرێی حکومەتی عوسمانیەوە لەئەستەمول، هەروەها لەوانەیە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا هەندێ هەلی تر هەڵ بکەوێ... بەڵام ئەو زیرەکانە ئەو دژوارییانەی رون کردەوە کە بەرەنگاری کورد ئەبن لەبەدی هێنانی ئامانجی ئازادیدا ئەگەر هاوپەیمانەکان هێزی تەواویان نەبێ بۆ گوشار هێنان بۆ عوسمانی کە هەمو بەندەکانی پەیمانی ئاشتی قبوڵ بکا.

لەم ماوەیەدا لەئەستەمول جگە لەدیدەنیەکانی سەید عەبدولقادرو هاوکارەکانی لەکاربەدەستانی بەریتانی بۆ رون کردنەوەی باری سەرنجی کوردو، جگە لەیادداشتەکانی شەریف پاشا بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی لەپاریس. هەر لەئەستەمول چەندین یادداشتی نوسراو دراوەتە بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی، هەروەها کەکۆمیسیۆنی کینگ-کرەین گەیشتە ئەستەمول چەند کەسێ بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردەوە چونە لایو داوای سەربەخۆیی کوردستانیان لێ کرد. چالاکی سیاسی کورد لەئەستەموڵ بە چەشنێکی هەست پێ کراو پەرەی سەندبو، بەرادەیەك کەمەندوبی سامی لەئەستەمول لەوەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانی پرسی هەڵوێستی لەچالاکی کوردەکان چی بێ؟ میستەر بیلفور ئاگاداری کرد:

((ئامۆژگاریەکانت بۆکورد ئەوەبێ کەپارێزگاری هێمنی بکەنو نەهێڵن پشێوی روبدا، چاوەڕوانی بڕیارەکانی کۆنفرەنسی ئاشتی بن، چونکە باری سەرنجی کورد لەلای کۆنفرەنس ئیتر زانراوە.))

کاربەدەستانی ئینگلیز بەگشتی لەسەرئەوە ریك بون هەندێ مافی نەتەوەیی کورد بسەلمێنرێ، بەڵام لەسەر هەندێ مەسەلەی گرنگ لەناو خۆیاندا نەگەیشت بونە ئەنجامێکی یەکگرتو، بەتایبەتی: یەکەمیان، جۆری ئەو مافە چی بێ" سەربەخۆیی بەیارمەتی دەوڵەتێکی گەورە، فیدراڵی، فیدراڵی چەند ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لەناو یەك دەوڵەتدا، ئیدارەی ذاتی... دوەمیان، مافی کورد لەکام ناوچەی جوگرافیدا بسەلمێنرێ، بەواتەیەکی تر کوردستان کوێیە؟ سێیەمیان، لەناو کوردا کێ نوێنەرایەتی کورد ئەکا تا سەودای لەگەڵ بکرێ؟

بەریتانیا بەخۆشیەوە هەواڵی ئاشت بونەوەی کوردو ئەرمەنیان وەرگرت. کاربەدەستانی بەریتانی هانی نوێنەرانی هەردو گەلیان ئەدا بۆ قوڵ کردنەوەی تەبایی و ئاشتی.

سیاسەتی بەریتانی لەکوردستاندا ئەوەبو کەئاسایش‌و هێمنی جێگیر ببێ. ئامۆژگاری سەرکردەکانی بزوتنەوەی کوردیان ئەکرد نفوزی خۆیان بەکار بهێنن بۆ پاراستنی ئاسایش‌و رونەدانی هیچ پشێوییەك. ئەمەش بەکردەوە هەلێکی مێژویی بۆ مسەفا کەمال هەڵ خست بەئازادی لەکوردستاندا، بێ ئەوەی توشی بەرەنگاری سیاسی یا چەکداری کورد ببێ، کار بکات‌و رێوشوێنی دامەزراندنی تورکیای نوێ‌و سەربرینی مەسەلەی کورد دابنێ.

٢/٢/٧ کوردو ئەرمەن: ئاشتبونەوە لە پەراوێزی کۆنفرەنسی ئاشتیدا

لە٢٢ی ئازاری ١٩١٩دا جەنەراڵ شەریف پاشا بیرخەرەوەیەکی لەژێر ناوی((یادداشتێ دەربارەی خواستەکانی گەلی کورد))دا بە ئەنجومەنی بەرزی کۆنفرەنسی ئاشتی لەپاریس.

لەم یادداشتەدا مێژوی کوردو سنوری جوگرافی کوردستان‌و خواستەکانی‌و پێوەندی لەگەڵ ئەرمەن رون کرا بوەوە.

مەسەلەی ئەرمەنیەکان لەدو لاوە بوبوە جێگەی گرنگی پێ دانی دەوڵەتانی ئەوروپی" یەکێکیان، وەکو گەلێکی مەسیحی کەچەند قەرن بەچەوساوەیی دیلی دەسەلاتی دەوڵەتێکی ئیسلامی زۆردار بو. دوەمیان، کوشتاری بەکۆمەڵی نارەوای سەدان هەزار کەسی ئەم گەلەو دەربەدەر بونی پاشماوەکەی. خواستەکانی ئەوان‌و هی کورد بەهۆی پێکەوە ژیانی دورو درێژ لەناوچەیەکی هاوبەش داو، دوایی تر کوشتاری بەکۆمەڵی یەکتری، ئالا حەمیدیەکانی کورد دژی ئەرمەنی‌و تیپە چەکدارەکانی ئەرمەنی دژی کورد، جۆرێ لەناکۆکی قوڵی دروست کردبو کەبێ دۆزینەوەی چارەیەك بۆ ئەوە دژواربو خواستەکانی ئەم دو گەلە بەتایبەتی هی کورد بێتە دی.

تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنی لەئەوروپا دەنگێکی گەورەی دابوەوە. ئەگەرچی ئەمە راستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی، تەلعەت پاشا، وەزیری کاروباری ناوەوەی تورکیادا ئەنجام درابو، بەلام چونکە ئالا حەمیدیەکان تیا بەشدار بوبون، تورك ئەیویست ئەم تاوانە بخاتە پاڵ گەلی کورد بۆ ئەوەی ناوی بزرێنێ‌و وەکو گەلێکی درەندەی دواکەوتوو بیخاتە بەرچاوی جیهان. تۆفیق پاشا کەچەند جارێ وەزیرو ماوەیەك سەفیری تورکیا بو لەبەریتانیا، دوا بەدوای راگرتنی جەنگ لە لەندەن گوتبوی:

((ئەوانەی ئەرمەنیان کوشت کورد بون. تورك‌و حکومەتی تورکیا لەوکارە بەرین. ئەگەر پێویستیەکانی جەنگ‌و خەریك بونی بەشەرەوە نەبوایە، حکومەت ئەی توانی نەهێڵێ ئەو کارە روبدات‌و تاوانبارە راستەقینەکانی سزا ئەدا.))[٥٥]

کورد نەخۆی هۆی ڕاگەیاندنی هەبوە نە داوودەزگای دیپلۆماسی کەبتوانێ ئەم کارە لەسەر خۆی لاببا و تاوانباری ڕاستەقینە لـەلای ڕای گشـتی جیهـان ئاشـکرا بکا. گەلێ لـەکۆڕو کۆمەڵـەکانی دنیـا ئەمـەیان بەسـەر کـوردا ئـەهێنا. لـەو سەردەمەدا دو شایەتی بێگانە کە یەکێکیان خودی ئەرمەنیـەکان و ئـەوی تریـان ئەفسەرێکی ئینگلیز بو، نەختێ لەهەوری ئەم پڕوپاگاندەیەیان ڕەواندەوە.

دەستەی نوێنەرایەتی ئەرمەن بەسەرۆکایەتی بوغوس نوبار پاشا لـەحوزەیرانی ١٩١٨دا((بیرخەرەوەیـەکیان دەربـارەی مەسـەلەی ئەرمـەن))[٥٦] بەهـەمو گـەورە پیاوانی دنیادا . لەوێدا ئۆباڵی هەمو ئەو کوێرەوەرییەی بەسەر گـەلی ئەرمـەنی هاتوە خراوەتە گەردنی سوڵتان عبدالحمیدو کاربەدەستانی تری تورك.

هەروەها میجەر نوئێل لەو ڕاپۆرتەدا کەدوای گەشتە درێژەکەی بەکوردستانی تورکیادا دەربارەی مەسەلەی کورد نوسی بوی، شایەتی ئەدا کەئۆباڵی ئەو تاوانە لەئەستۆی کاربەدەستانی تورك دایـە نـەك هـی کـورد، بـەڵکو کـورد ئەوەنـدی لەدەستی هاتوە هەوڵی ڕزگار کردنی گیانی ئەرمەنی ڕاونراوی داوە.[٥٧]

سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد گرنگی ڕێکـەوتنیان لەگـەڵ گـەلی ئەرمـەنی ئەزانی. یەکەمیان لەبەر ئەوەی وەکـو دو نەتـەوەی دراوسـێی یـەکتری کـە ئـەبێ ڕێگەی پێکەوە ژیانی بەئاشتی هەڵ ببـژێرن. دوەمیـان بـۆ ئـەوەی تێکـەڵ بـونی خواستە ئەرزیەکانی ئەم دو گەلە نەبێتە بەهانەی پشت گوێ خستنی مافەکانیان لەسـەر ئاسـتی جیهـانی چـونکە کاربەدەسـتانی دەوڵـەتانی ئـەورروپی لەهـەمو بۆنەیەکدا ئەیان گوتەوە.

پاش دانوستانێکی زۆر لەنێوان شـەریف پاشـا بەنوێنەرایـەتی گـەلی کـوردو بوغوس نوبار پاشا بەنوێنەرایـەتی گـەلی ئەرمـەنی و ئۆهانجیـان بەنوێنەرایـەتی حکومەتی ئەرمـەنی لـەقافقاس ڕێکـەوتنێکیان ئیمـزا کـرد کـەبۆ زۆر کـەس، تەنانەت لەکاربەدەستانی دەوڵـەتانی ئـەورووپیش، شـتێکی چاوەڕێ نـەکراو بـو. ڕێکەوتنەکە بەم جۆرەی لای خوارێ لەهەردو لاوە نێردرا بۆ سـەرۆکی کۆنفرەنسـی ئاشتی:

پاریس ٢٠ی تشرینی دوەمی ١٩١٩

جەنابی سەرۆك

بەختیارین بەوەی وێنەیەکی ئەو نامەیەتان بدەینێ کەبۆ کۆنفرەنسـی ئاشـتی نوسراوە، وە لەلایەن ئێمەوە نوێنەرایەتی یەکگرتوی ئەرمەنی و نوێنەرایەتی کورد لەکۆنفرەنسی ئاشتیدا ئیمزا کراوە.

بەڕێزتان ئەبینن بەپێچەوانەی قسەی دوژمنەکانمان کە ئەڵێن ئەرمەنیو کورد ناتوانن پێکەوە بەئاشتی بژین، پەیمانی ئاشتیمان بەست، لەبەر تیشکی بەدی هاتنی ئامانجە نەتەوەییەکانماندا کەپێوانەی پاشەڕۆژە.

تکایە ڕێزی بێ ئەندازەمان قبوڵ بکەن

سەرۆکی نوێنەرایەتی کورد	سەرۆکی نوێنەرایەتی نەتەوەیی
لەکۆنفرەنسی ئاشتی	ئەرمەن
شەریف	بوغوس نوبار

ئەمەش تێکستی ڕێکەوتنی پەیمانی ئاشتی هەردو نوێنەرایەتی:

١٢ شەقامی سەرۆك ویلسون، پاریس

٢٠ی تشرینی دوەمی ١٩١٩

نوێنەرایەتی یەکگرتوی ئەرمەن

ئێمە ئەوانەی لەخوارێ ئیمزامان کردوە، نوێنەرانی گەلانی ئەرمەنو کورد، ئەو شەرەفەمان پێ براوە کۆنفرەنسی ئاشتی ئاگادار بکەین ، کەهەردو گەلەکانی ئێمە هەمان بەرژەوەندیان هەیە، وە بۆ هەمان ئامانج تێ ئەکۆشن، پەی بەئازادیو سەربەخۆیی خۆیان ئەبەن بەتایبەتی بۆ ئەرمەنو ڕزگارییان لەدەسەڵاتی سەختی حکومەتی عوسمانی، واتە ڕزگارییان لەئیتحادو تەرەقی.

ئێمە هەمومان پێك هاتین لەسەر ئەوەی داوا لەکۆنفرەنسی ئاشتی بکەین بەپێی سەرەتای نەتەوەکان بڕیاری دامەزراندنی ئەرمینیای یەکگرتوی سەربەخۆو کوردستانی سەربەخۆ بدات بەیارمەتی یەکێ لەدەوڵەتە گەورەکان.

شەریف	سەرۆکی نوێنەرایەتی کورد بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی
بوغوس نوبار	سەرۆکی نوێنەرایەتی نەتەوەیی ئەرمەن
د.ئوهانیانیان	سەرۆکی کاتیی نوێنەرایەتی کۆماری ئەرمەن

ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بو، هەڵوێستی نوێنەرانی هەردو گەلی لەکۆنفرەنسی ئاشتی داو لەناو دەوڵەتاندا بەهێز کرد. هاوپەیمانەکان بەخۆشیەوە ئەم هەواڵەیان وەرگرت، بەتایبەتی بەریتانیا. کیرزن ئاگاداری مەندوبی سامی کرد لەئەستەموڵ کە هانی ئەمە بدات.

بابیعالی هەروەها جوڵانەوەی کەمالی کە لەڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا لەپەرەسەندن دابو ئەم هەنگاوەیان پێ ناخۆش بو. بەهاندانی مستەفا کەمال و لەژێر گوشاری لایەنگرەکانیدا چەندین بروسکەی نارەزایی لەلایەن سەرانی خێڵەکانی کوردەوە،

بەتایبەتی ئەوانەی لەتاوانی کوشتاری ئەرمەنیدا بەشداربون، لەکوردستانەوە دژی نوێنەرایەتی شەریف پاشاو ڕێکەوتنی ئەرمەنی- کورد نێردرا بۆ کۆنفرەنسی ئاشتیو بابیعالی.

٣/٢/٧ دانوستانی سیاسی: تێکچونی ریزەکانی کورد

ج ت ك کە هاوزەمان لەگەڵ ئەو چالاکیە گەرمەی لەمەیدانی پێوەندی ناو دەوڵەتاندا ئەی نواند، ڕێگەیەکی تریشی گرت بو" ڕێگەی گفتوگۆو دانوستانی سیاسی لەگەڵ بابیعالی بو دۆزینەوەی چارەیەك بۆ گیروگرفتی نەتەوەیی کورد.

دوای راگرتنی جەنگ کورد تەنیا نەتەوەی گەورە بو لەژێر دەستی حکومەتی تورکدا مابو. ئەی ویست هەرچۆنێ بێ ئەویش لەدەست نەدا، بەتایبەتی لەوکاتەدا سەرکردەکانی کورد کەوتبونە خەباتێکی سیاسی بەتین بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی کورد، زەمینەی(دولی)یش تارادەیەك بۆ ئەوە لەبار بو. بابیعالی ئەی ویست مەسەلەی کورد(تدویل) نەبێ بچێتە ناو کۆڕو کۆمەڵە جیهانیەکانەوە، بەڵکو هەوڵی ئەدا وەکو مەسەلەیەکی ناوخۆی تورکیا بمێنێتەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم سیاسەتە کەوتە مناوەرە. ڕۆژنامەکانی تورکیا وتاری بەسۆزیان ئەنوسی لەسەر پێویستی یەکێتیی هەردو گەلی موسڵمانو ئەو کوێرەوەرییەی بەسەر هەردوکیان دێ ئەگەر کورد لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببێتەوە.

بابیعالی کەوتە هەوڵ دان بۆ نزیك خستنەوەی هەندێ لەسەرکردەکانی کورد لەخۆیو، پلەو پایەی بەرزی پێ ئەسپاردن.

لە١ی حوزەیرانی ١٩١٩دا بابیعالی دەستەیەکی لەسەرکردەکانی جەمعییەتی تەعالی کوردستان بانگ کرد بۆ دانوستانی سیاسی لەگەڵ هەیئەتێکی وەزارەتی عوسمانی.[٥٨]

لەلایەن کوردەوە سەید عەبدولقادری شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان، موراد بەدرخان.[٥٩]

لەلایەن بابیعالیەوە شەیخ الاسلام ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری، ئەحمەد عبوق پاشا وەزیری ئیشغال، عەونی پاشا وزیری حەربیە، لەدانوستاندا بەشداربون.

لەپاش چەند کۆبونەوەی هاوبەش بابیعالی بەڵێنی بەدەستەی نوێنەرایەتی کورددا:

١.ئۆتۆنۆمی بدرێ بەکوردستان بەو مەرجەی لەجامیعەی عوسمانیدا بمێنێتەوە.

٢.ڕێوشوێنی کاریگەر دابنرێ بۆ ڕاگەیاندنی ئەم سەربەخۆییە، دەسبەجێ دەس بکرێ بەجێبەجێ کردنی.[٦٠]

لەکاتی سەردانی سەدری اعظم فەرید پاشاو، وەزیری کاروباری دەرەوە تۆفیق پاشا بۆ پاریس، شەریف پاشا بەپێی بۆچونەکانی سەرکردایەتی جەمعیەت زنجیرەیەك گفتوگۆی لەگەڵ کردن‌و هەمان بەڵێنەکانی پێشویان بۆ ئەویش دوبارە کردەوە.

دواخستنی جێبەجێ کردنی ئەم گفتانە لەلایەن وەزارەتی فەرید پاشاوە. دەستی دەستی پێ کردنی وەزارەتەکەی دوای ئەویش بێ ئەوەی هەنگاوی جێبەجێ کردنی بنرێ، هەر لەسەرەتاوە گومانی لەراستیی نیازی کاربەدەستانی تورك لەدڵی سەرکردەکانی کوردا، بەتایبەتی لەدڵی سەید عەبدولقادرا دروست کرد. سەرکردەکانی کورد لایان وابو مەبەستی بابیعالی تەفرەدانی کوردە نەك دابین کردنی مافەکانی. چونکە لەوکاتەدا تا ئەهات مەترسی بزوتنەوەی کەمالیەکان زیادی ئەکرد، پێویستی حکومەتی ئەستەمولیش بە پشتیوانی کورد زیادی ئەکرد.

گفتوگۆی ج ت ك لەگەڵ بابیعالی بۆ سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەچوارچێوەی جامیعەی عوسمانی‌دا ناکۆکی لەریزی سەرکردایەتی جوڵانەوەی کوردا دروست کرد.

سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد بۆچونیان بۆ جۆری چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد جیاواز بو، هەندێکیان بە ئۆتۆنۆمی کوردستان لەچوارچێوەی جامیعەی عوسمانی‌دا رازی نەئەبون، ئەیان ویست کوردستان سەربەخۆ یا ئۆتۆنۆم بێ، جیاواز بێ لەدەوڵەتی عوسمانی‌و لەلایەن دەوڵەتێکی ئەوروپایی گەورەوە یارمەتی بدرێ. هەروەها بۆچونیان بۆ جۆری هەڵوێست لەتورك جیاواز بو، هەندێکیان لایان وابو کەئەبێ کەڵکی تەواو لەلاواز بونی حکومەتی تورك وەربگیرێ بۆ ئەوەی کورد خواستە نەتەوەییەکانی خۆی بسەپێنێ‌و بە یەکجاری لەم دەوڵەتە زۆردارە جیا ببێتەوە، بۆ ئەوەش هەمو رێگەیەکی سیاسی، دیپلۆماسی، چەکدار بگیرێ. کەچی هەندێکی تریان لایەن وابو کەئەبێ کورد لەو تەنگانەیەدا گیروگرفت بۆ تورك دروست نەکاو یارمەتییان بدەن بۆ ئەوەی خۆیان لەو کوێرەوەرییە رزگار بکەن.

جیاوازی بۆچونە سیاسیەکان تێکەڵاو بو لەگەڵ جیاوازی دەسکەوتی تایبەتی‌و خێڵەکی‌و ناوچەیی، وەبو بەهۆی جیابونەوەی چەند کەسێ لەسەرکردەکانی ج ت ك‌و دروست کردنی چەند رێکخراوی سیاسی نوێ. ئەمین عالی بەدرخان((جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعیە))ی دروست کرد. مەمدوح سەلیم‌و هاورێکانی((پارتی دیموکراتی کورد))یان پێك هێنا. ئەحمەد ثریا

بەدرخان لەقاهیرە((حیزبی استقلالی کوردستان))ی دامەزراند. ئەمانە هەر یەکە خۆی بەجیا لەوی تر کەوتە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانو کۆڕە جیهانییەکان.
بابیعالی سەرکەوتنێکی باشی بەدەس هێنا لەتێکدانی ریزەکانی سەرکردایەتی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردا. بەڵێنەکانیشی هەرگیز نەهێنایە دی.
سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد ئەستەمولی کردبوە مەڵبەندی چالاکییەکانی. گرنگییەکی تایبەتی نەدابو بەکوردستان. کوردستانی شمالی بوبو بەمەڵبەندی خۆرێکخستنەوەی کەمالییەکان. تەقەللاکەی شێخ مەحمود لەسلێمانی سەری نەگرت. کوردستانی جنوبی کەوتبوە ژێر دەسەلاتی بەریتانیاو بەشی خواروی رۆژئاوای کوردستان کەوتبوە ژێر دەسەلاتی فەرەنسییەوە. لەبەشی سەروی رۆژهەلاتی کوردستان سمکۆ خاوەن دەسەلات بو. جەمعیەتو رێکخراوەکانی تر هەرچەندە هەوڵیاندا لق لەکوردستان بکەنەوە، بەلام ئەو هەولانە لەئاستی پێویستیەکانی ئەو کاتەی بزوتنەوەی کوردا نەبو.
ج ت ك لەهەڵسەنگاندنی روداوەکاندا ئەبێ توشی ژور-هەڵسەنگاندنی سەڵتەنەتی عوسمانیو ژێر-هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی کەمالی بوبێ، بایەخی زۆری دابو بەخەلیفەو بابیعالی کەچی مستەفا کەمالو بزوتنەوەی کەمالی پشت گوێ خست بو. نەك هەر هەوڵی نەدا هیچ جۆرە لەیەك گەیشتنو گفتوگۆیەکی لەگەڵ دروست بکا، بەڵکو ئەوەندەی بۆی بکرایە دوژمنایەتی ئەکرد. سەرکردایەتی کورد لەسەرەتاوە گرەوی لەسەر حکومەتێکی دۆڕاوی بێ پاشەڕۆژ کردبو.
ج ت ك تەرکیزی کردبوە سەرکاری دیپلۆماسی، بەتایبەتی نوسینی یادداشت بۆ کاربەدەستانی هاوپەیمانەکانو پێوەندیو گفتوگۆ لەگەڵ ئەوان پشت ئەستور بەپرنسیپەکانی سەرۆك ویلسۆنو کاربەدەستانی بەریتانیو فەرەنسی. بەهیوای ئەوەبو ئەوان ئازادی بەکورد بدەن بێ ئەوەی خۆی مشورێکی راستەقینەی سازدانی سیاسیو چەکداری خەڵکی کوردستان بخوا. کوردستانی بەجێ هێشت بو بۆ مستەفا کەمال. کەمال پاشا لەوێوە هێزە چەکدارەکانی نوێ کردەوە، داودەزگا دەولیەتەکانی رێك خستەوە، رێو شوێنی هێشتنەوەی کوردستانی لەژێر دەستی تورکیاو، رێوشوێنی دەستگرتنەوەی بەسەر سەرانسەری تورکیادا دانا.
سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد، جگە لەبەڵێنی هاوپەیمانەکان، پشتیوانێکی جەماوەری فراوان، رێکخراوێکی سیاسی پتەو، داوودەزگایەکی دیپلۆماسی بەکار، یا دامەزراوێکی چەکداری نەبو، تا بتوانێ لەپاڵ تەقەللای دیپلۆماسیدا بۆ بەدەس هێنانی دانپیانانی دەولی بەمافی نەتەوەیی کوردا، تەقەللای سیاسیو

چەکداری جێبەجێ کردنی بدا لەکوردستاندا . سەید عەبدولقادر لەیەکێ لەدیدەنیەکانیدا، دان بەمەدا ئەنێ" کەئەگەر هاوپەیمانەکان هێزی تەواو تەرخان نەکەن بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی پەیمانی ئاشتی دەربارەی مافی نەتەوەیی کورد، ئەوا کورد توشی هەلومەرجێکی دژوار ئەبێ. جەمعییەت هەر وەکو ئەوانەی نەبو، وەتەرکیزی کردبوە سەر کاری دیپلۆماسی، نەی توانی دەزگایەکی دیپلۆماسی هەمیشەیی دروست بکا بۆ ئەوەی بێ بچڕان شوێن خواستەکانی گەلی کورد بکەوێ لای رێکخراوە جیهانیەکانو دەوڵەتە زلەکانی ئەوروپا.

٨. رێ خۆشکردنی پێکهاتن

١/٨کۆبونەوەی سان ریمۆ

کێشەیەکی دژوار کەلەو ماوەیەدا لەسەری رێکەوتن، دابەشکردنی نەوتی کوردستان بو. بەر لەهەڵگیرسانی جەنگ حکومەتی تورکیا ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی کوردستانی دابو بە((کۆمپانیی نەوتی تورك)) کە ٧٥٪ی سەرمایەکەی بەریتانیو ٢٥٪ی ئاڵمانی بو. لەدوای هەڵگیرسانی جەنگ بەریتانیا دەستی بەسەر بەشەکەی ئاڵمانیاشدا گرتبو.

لەکانونی یەکەمی ١٩١٨دا لەو سەردانەدا کلیمانسو بۆ لەندەنی کرد، لەگەڵ لوید جۆرج رێك کەوت" ولایەتی موسل لەناوچەی نفوزی فەرەنسییەوە بگوێزرێتەوە ناوچەی نفوزی بەریتانی بەرامبەر گوێزانەوەی ولایەتی سوریا لەناوچەی نفوزی بەریتانیو تەرخان کردنی بەشی لەنەوتی کوردستان بۆ فەڕەنسا. کلیمانسو، کاتێ ئەم سەودایەی کرد، نرخی نەوتی کوردستانی نەزانی بو.

لە١٨ نیسانی ١٩١٩دا بیرینگەر لەباتی فەرەنساو، والتەر لۆنگ لەباتی بەریتانیا رێکەوتنێکیان ئیمزا کرد دەربارەی دابەشکردنەوەی نەوتی کوردستان. بەپێی ئەم رێکەوتنە ٢٥٪ی، واتە بەشەکەی ئاڵمان کەئینگلیز دەستی بەسەرا گرت بو، درایە فەرەنسا. فەرەنسا ئەبو رێگا بدا لەئێرانو میزۆپۆتامیاوە بەپایپ لاین یاخود بەڕێگای ئاسنین لەناوچەکانی ژێر مانداتی فەرەنسیەوە نەوت بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست بگوێزرێتەوە.[٦١]

لە٢٤ی نیسانی ١٩٢٠دا کۆنفرەنسی ئاشتی لەسان ریمۆ کۆبوەوە بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی ناوەنجی لەنێوان سەرەتای مافی داگیرکردنی ولاتان((حق الفتح))کە دەوڵەتانی ئەوروپی پێڕەوییان ئەکردو لەڕێکەوتنە نهێنەکانی سەردەمی جەنگدا گونجاند بویان، وەسەرەتای مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی گەلان کەسەرۆك

ویلسۆن لەراگەیاندنەکەی سەردەمی جەنگدا گفتی دابو، وە لەکۆبونەوەکانی پاریسدا پێی لەسەر دائەگرت.

بۆ بەلادا خستنی ئەم ناکۆکیە، سەرەتایەکی نوێیان هێنایەکایەوە، ویلسۆنی سەرکۆماری ئەمریکاش پەسندی کرد، ئەویش سەرەتای((ماندات))بو، کە جۆرێ لە بەرێوەبردن بو بۆ ئەو ولاتانەی لەسەر زەمینی دەولەتی عوسمانی دائەبڕانو بۆ ئەو موستەعمەرانەی لەئالمانیا ئەسێنرانەوە. ئەم سەرەتایە لەبەندی ٢٢ هەمی پەیمانی((کۆمەلەی گەلان))دا چەسپێنرا. بەهانەی داهێنانی ماندات ئەوەبو، هێشتا ئەو گەلانە نەگەیشتونە قۆناغێکی پێشکەوتوی ئەوتۆ بەبێ یارمەتی دەولەتێکی گەورە((مانداتور))بتوانن خۆیان بەرێوە ببەن. ئەبێ دەولەتی مانداتور یارمەتی ماندات بدا بۆئەوەی بۆ پێشەوە بچێ تا بگاتە رادەی ئەوەی لێ وەشانەوەی بەرێوەبردنی خۆیو سەربەخۆیی پەیدا بکا.

لەراستیدا ماندات جۆرێ بو لەگوڠاندنی سەرەتای مافی داگیرکردن بەلام لەژێر ناوێکی تـرا. ئەمریکاش لەسەرەتادا دژی داگیر کردنی ئیمپریالیستی سەرزەمینی دابڕاوی عوسمانی بو، بەلام بەم سەرەتایە رازی بو، وەلەبەر گیروگرفتی ناوخۆی بەشێنەیی لەکۆبونەکانی کۆنفرەنسی ئاشتی ئەکشایەوە بەرەو گەڕانەوە بۆ گۆشەگیری دێرینە لەسیاسەتی دەرەوەیدا.

لەکۆبونەوەکانی سان ریمۆدا چەند کێشەی گرنگ بەلادا خران. سەلماندنی سەرەتای ماندات رێگەی تەخت کرد بۆ جێبەجێ کردنی رێکەوتنە نهێنیەکانی سەردەمی جەنگ. لەسەر دابەش کردنی دەسکەوتەکان پێک هاتن. ولایەتەکانی لوبنان، دیمەشق، حەلەب، ئەسکەندەرونە خرانە ژێر مانداتی فەرەنسیو ولایەتەکانی موسل، بەغدا، بەسرا، فەلەستین خرانە ژێر مانداتی بەریتانیەوە.

ئەگەرچی ئەم بڕیارە نارەزایی زۆری لەولاتانی عەرەبیدا دروست کرد، بەلام بەکردەوە بەردی بناغەی دامەزرانی چەند دەولەتێکی عەرەبی دانا کە ئەبو لە پاشەرۆژا سەربەخۆ بن. هەروەها ئاواتی سەهیۆنیەکانیشی هێنایە دی، چونکە دانانی فەلەستین لەژێر مانداتی بەریتانیدا بەکردەوە بەلێنەکەی بیلفۆری جێبەجێ ئەکرد.

٢/٨ پەیمانی سیڤەر

دابەشکردنەوەی نەوتی کوردستانو دابەشکردنی ئەرزە داگیر کراوەکانی دەولەتی عوسمانی زۆر لەناکۆکیەکانی نێوان دەولەتە سەرکەوتوەکانی جەنگی بەلادا خستو رێی تەخت کرد بۆ ئەوەی کۆبونەوەکانیان ئیتر بەئەنجام بگا. لە١٠ی ئابی ١٩٢٠دا هاوپەیمانەکان لەلایەکو حکومەتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە،

پەیمانی سیڤەریان ئیمزا کرد. بەگوێرەی ئەم پەیمانە تورکیا چوە ژێر باری گفت‌و بەڵێنی زۆر قورسەوە، وەکو لینچوفسکی کورتی کردۆتەوە:

١. بڕیاری ئەرزیی

أ. ئەرزە عەرەبیەکان. هەمو ئەرزە عەرەبیەکانی لێ بسێنرێتەوە. حیجاز ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. سوریا، فەلەستین، میزۆپۆتامیا لەژێر دەستی دەربهێنرێ‌و چارەنوسیان بەدەوڵەتانی گەورە بسپێردرێ.

ب. تورکیای ئەوروپی. تراسی رۆژهەلآت تاخەتی شاتالجا هەروەها تراسی رۆژئاوا بدرێتە یۆنان. بەم پێیە ئەستەمول ئەکەوتە ٣٠ کیلۆمەتری سنوری یۆنانەوە.

ج. ئیزمیرو جزیرەکانی ئیجە. شاری ئیزمیرو دەوروبەری بۆ ماوەی پێنج ساڵ بسپێردرێ بەیۆنان، دوای ئەو ماوەیە بۆئەوەی بە یەکجاری بخرێتە سەری پرس بەبیروڕای گشتی دانیشتوان بکرێ. جزیرەکانی ئیمبروس‌و تەنەدۆس بخرێنە سەر یۆنان. جزیرەکانی دودکانزو جزیرەی ستراتیجی رودنیز بدرێنە ئیتالیا.

د. ئەرمینیا. سەربەخۆیی ئەرمینیا دانی پێدا بنرێ‌و جیاکردنەوەی سنوری هەردو دەوڵەت بەحکومەتی ویلسۆن بسپێردرێ.

ه. کوردستان. لەبەشی سێیەمی پەیمانی سیڤەردا ٣بەند بۆ کورد بەجۆرەی لای خوارەوە تەرخان کرابو:

بەند٦٢: کۆمیسیۆنێك کە لەئەستەمول لە٣ ئەندام‌و لەلایەن دەوڵەتەکانی بریتانیا، فرانسەو ئیتالیاوە دانرا بێت، لەدوا مێژوی بەجێهێنانی ئەم پەیمانە بەشەش مانگ موختاریەتێکی ناوچەیی ئامادە ئەکا بۆ ئەو جێگانە کە ئەکەوێتە رۆژهەڵاتی فورات‌و جنوبی غەربی سنورێك کە لەدواییدا ئەکێشرێت بۆ ئەرمەنستان‌و شیمالی سنورێك کەتورکیا لەسوریەو میزۆپۆتامیا جیا ئەکاتەوەو نەژادی کوردی تیا زاڵ بێ، بەپێی تەعلیماتێك کە لەبەند... دا دراوە. لەکاتێکا کە لەلایەن هەندێ مەسائیلەوە لەئارادا پێکهاتن سەرنەگرێت، ئەندامەکانی کۆمیسیۆن هەر یەکە ئەبێ دەنگ لەحکومەتی خۆی بگێڕێتەوە. ئەم جۆرە پێکهاتنە پێویستە رێ بدا بەدەرخستنی ئەوە کەنەژادە کەمەکانی قەومی‌و مەزهەبی وەکو نەستوریەکان‌و ئەوانی تر کەلەم هەرێمەدا ئەژین بەتەواوی دڵنیا بن کە لەژێر باڵی ئەمینی‌و پارێزگاریدا ئەبن. بۆ ئەم مەبەستە کۆمیسیۆنێك لەئەندامانی بریتانیاو فەرەنسەو ئیتالیاو ئێران‌و کورد ئەگەڕێت بۆ پشکنین‌و بڕیاردانی راست کردنەوە کە ئەگەر پێویست بو بکرێت لەو سنورانەدا کە بەپێی ئەم پەیمانە بۆ تورکیا دانراوەو ئەنوسێت بەسنوری ئێرانەوە.

بەند٦٣: حکومەتی عوسمانی لەم سەعاتەوە گفت ئەدا کە لەمێژوی راسپێریو پێ وتن بەخۆی تا ٣مانگ بەڵێنی بەجێهێنانی ئەو بڕیارانە بدا کە لەلایەن ئەو کۆمیسیۆنەوە رائەسپێررێت کە لەبەندی ٦٢ی سەرەوەدا باس کرا.

بەند٦٤: ئەگەر لەماوەی ساڵێك دوای مێژوی دەس پێ کران بە بەجێهێنانی ئەم پەیمانە، لەو هەرێمانەدا کە لەبەندی٦٢ ناو براوە، قەومی کورد مراجەعەت بەکۆمەڵی ئەقوام بکەنو تێیان بگەیەنن کەبەشی زۆری کوردە دانیشتوەکانی ئەم هەرێمە ئەیانەوێت لەتورکیا جیابنەوەو سەربەخۆ بن، وەلەحاڵێکا کە کۆمەڵی ئەقوام لەو باوەڕەدا بێ کەکوردەکان هەڵدەگرن سەربەخۆییان بدرێتێو راسپێری ئەمە بکا. تورکیا هەر لەئێستەوە بەڵێن ئەدا بەم راسپێرییەو بەدانی ئیستیقلال بەقەومی کوردو بەدەسهەڵگرتن لەهەمو حوقوقو تەقالیدێکی کە بەسەر ئەم هەرێمانەوە هەیەتی. ئەم هاتنە خوارەوەی حکومەتی عوسمانی لەحوقوقو تەقالیدی خۆی بەدوورودرێژی لەگفتوگۆیەکی تایبەتیداو لەبەینی هێزی سوێند خۆرەکانو تورکیادا باس ئەکرێ. دوای ئەم هاتنە خوارەوەیەش کە باسکرا، هیچ جۆرە بەرهەڵستێك ناخرێتە پێشەوە بەرامبەر بەمەیلی کوردەکانی ولایەتی موسل لەلایەن خستنی بەشی کوردستانی موسل بۆ سەر کوردستانی تورکیاو ئەو حکومەتی کوردە کەلێی دروست ئەکرێت[٦٢].

و. بوغازەکانو ئەستەمول. بوغازەکان بخرێنە ژێر سەرپەرشتی دەولییەوەو، ناوچەکانی دەورو پشتی چەك بکرێن. ئەستەمولّ لەژێر دەسەڵاتی تورکیدا بمێنێتەوە.

٢-تەحدیدی سیادەی تورکی

أ.کەم کردنەوەی ئۆردوی تورك. بکرێتە ٥٠ هەزار کەس. سەربازگیری هەڵبوەشێتەوە. ئەندازەی چەکی دیاری بکرێ. بخرێتە بن چاودێری پشکنەری هاوپەیمانان یا دەوڵەتانی بێلایەن. ئوستولّ نابێ لە ئەندازەیەکی دیاری کراو تێ بپەڕێ. هاوپەیمانەکان کۆمسیۆنێ دائەنێن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانە.

ب. بڕیاری دارایی. تورکیا بخرێتە بن چاودێری کۆمیسیۆنێکی تێکەڵاو لەنوێنەرانی بەریتانیاو، فەرەنسا، ئیتالیا، کەدەسەڵاتی تەواوی هەبێ بۆ کۆنترۆڵی قەرزی نیشتمانی، بودجەی حکومەت، دراو، قەرزی دەوڵەتی، ئیمتیازات، گومرگو باجی ناراستەوخۆ.

ج.کاپیتولاسیون. سەرەڕای مانەوەی رژێمی کاپیتولاسیون، هەندێ بەندی نوێی قورسی بخرێتە سەر.

د.کەمایەتیەکان. مافو ئیمتیازاتی کەمە نەتەوەییو دینیەکان، بەتایبەتی ئەرمەن، یۆنانی، ئاسوری، کلدانی، کوردو بەگشتی مەسیحیەکان بیسەلمێنێ.[٦٣]

هاوزەمان لەگەڵ پەیمانی سیڤەر، ڕێکەوتنێکی ٣ قۆڵی لەنێوان بەریتانیاو فەرەنسەو ئیتالیا کراو" تورکیای دابەش ئەکرد بەسەر ناوچەی نفوزی فەرەنسیو ئیتالیدا.

پەیمانی سیڤەر تورکیای ئەکردە دەوڵەتێکی بچوکی خاوەن سەربەخۆییەکی ناتەواوی بەستراوە. کەمالییەکان لەوکاتەدا، کەپەیمانی سیڤەری تێدا بەسترا، بوبونە هێزێکی گەورە. دەستیان بەسەر چەند ولایەتی ئەنەدۆڵدا گرت بو. هەر لەسەرەتاوە ئەو دەستەیەی نوێنەرایەتی حکومەتی ئەستەموڵی ئەکرد ئەمان قبوڵیان نەبو. لەبەرئەوە پەیمانی سیڤەریان ڕەتکردەوە. بەڵکو کردیانە کەرەسەیەکی باش بۆ هاندانی نەتەوەی تورکو سازدانی بۆ((جەنگی سەربەخۆیی)).

دەرچونی روسیا لەجەنگ هەلێکی گەورەی بۆ مانی تورکیا رێك خست، چونکە هاوپەیمانەکان کە ئەیانویست بە ئەڵقەی ئاسینی دەوڵەتانی سەرکەوتو گەماڕۆی تورکیای تێشکاو بدەن، بۆئەوەی مەرجەکانی خۆیانی بەسەرا بسەپێنن، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ویستەکەیان نە ئەتوانرا بەتەواوی بێتە دی. هاوپەیمانان ئەیان توانی ویستەکانی خۆیان لەئەستەموڵ، بوغازەکان، ولایەتە عەرەبیەکان، بەشی خواروی ئەنەدۆڵ، کە لەژێر دەستی خۆیان دابون، بسەپێنن. بەڵام ناوەڕاستی ئەنەدۆڵو خواروی رۆژهەڵاتی ئازاد بون لەگوشاری دەرەکی. لەباتی روسیای قەیسەری دوژمنی دێرینەی تورکیا، یەکێتی سۆڤیەتی شۆڕشگێڕی دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی جێگەی گرتبوەوە، کەدەستی لەهەمو دەسکەوتەکانی خۆی لەتورکیاو ئێران هەڵگرت بو، هاوکاری تورکیای کەمالی ئەکرد. مستەفا کەمال لەوێوە کەوتە خۆ ئامادەکردنو لەوێوە پەیمانی سیڤەری پوچ کردەوە.

٩. مستەفا کەمال، پاشای کوردستان

هاوزەمان لەگەڵ هەوڵی سەرکردەو گەورە پیاوەکانی کورد لەئەستەموڵ، سلێمانی، ورمێ، پاریس، قاهیرە بۆ دروست کردنی کوردستانی سەربەخۆ، مصطفی کمال لەکوردستانەوە کەوتە هەوڵی دامەزراندنی تورکیای نوێو پەکخستنی تەقەللاکانی نەتەوەیی کورد.

لەمایسی ١٩١٩دا مستەفا کەمال بەرەزامەندی سوڵتان وحیدالدین لەلایەن بابیعالیەوە دانرا بەپشکنەری گشتی ئۆردوی سێیەم لەرۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ. کەمال

پلانێکی گەورەی بەدەستەوەبو بۆ هەڵساندنەوەی تورکیای تێکشکاو، دەسگرتن بەسەر هێزە چەکدارەکانی تورکیا، رێ نەدان بە لەدەس دانی هیچ پارچە ئەرزێکی تری ژێردەستی تورکیا، بەگژاچونی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردو ئەرمەن، دەرکردنی هێزە داگیرکەرەکانی یۆنانی، فەرەنسی، ئیتالی، بەریتانی.

مستەفا کەمال بێ ئەوەی گوێ بداتە فەرمانی بانگکردنەوەی بۆ ئەستەمول و دوایی لێخستنیو ئنجا حکوم دانی بەئیعدام، هەوڵیدا پاشماوەی هێزەکانی تورکیا بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. هێرشێکی فراوانی پڕوپاگاندەی دەس پێ کرد بۆ ژیاندنەوەی گیانی نەتەوە پەرستیی تورك.

مستەفا کەمال ئەبو بۆ ئەنجام دانی پلانەکەی ناوچەیەك بکاتە مەڵبەندی کاری خۆی کە لەژێر دەستی هێزەکانی تورك خۆی دابێ، لەدەسەڵاتی هێزی هاوپەیمانەکانەوە دور بێ، لەروسیاوە نزیك بێ کەئەویش لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەوروپادا لەناکۆکی دابو، ئەو مەڵبەندەش کوردستانی شیمالی بو لەدوای کشانەوەی سوپای روسی کەوت بوەوە ژێر دەستی تورك. مستەفا کەمال خۆی بیرەوەریەکانی ئەو دەمی ئەگێڕێتەوە:

((لە۱۹ی مایسی ۱۹۱۹دا لەمینای سامسۆن دابەزیم. دۆخی وڵات بەم جۆرەبو: لەهەمو مەیدانەکانی جەنگدا ئۆردوی عوسمانی تێك شکێنرابو. ئاگربڕی بەچەند مەرجێکی سەخت ئیمزا کردبو. سوڵتانی لێخراو وحیدالدین بۆ رێگەیەك ئەگەڕا خۆیو تەختەکەی رزگار بکا. ئەو وەزارەتەی فەرید پاشا سەرۆکایەتی ئەکرد کەساس بو. ئازا نەبو. وڵات بوبوە تالانی داگیرکردنی فەرەنسی، ئینگلیزی، یۆنانی، ئیتالی. تاقمە نە موسڵمانەکان بەگەرمی لەچالاکیدا بون بەهەمو رێگایەك بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستە تایبەتیەکانی خۆیانو پەلەیان لەروخانی ئیمپراتۆرییەت ئەکرد.. رێکخراوێکی یۆنانیەکان بەناوی ماودیمیا چەتەی دائەمەزراند...

بەڵام لەرۆژهەڵات یەکێتییەك دامەزرا بۆ پاراستنی مافی نیشتمانیی ولایەتەکانی رۆژهەڵات لەئەرزرۆمو ئەلعەزیز، ناوەندەکەی لەئەستەمول بو. ئامانجی یەکێتی پارێزگاری مافی موسڵمانان بو لەو ولایەتانەدا. لقی ئەرزرۆم بەگەرمی کاری ئەکرد بۆئەوەی بۆ دنیای رون بکاتەوە کە خەڵك لەدوای کۆچی ئەرمەن هیچ دەسدرێژییەکیان نەکردوە، دارایی ئەرمەنیەکانیان پاراستوە تا داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن روسەوە. کۆمیتەی پارێزگاری لەئەرزرۆم پاش لێکۆڵینەوەی مەسەلەی تورکی، مەسەلەی کوردیو مەسەلەی ئەرمەنی لەروی

زانستی‌و مێژووییەوە بڕیاریدا تێکۆشانی خۆی لە پاشەڕۆژا تەرخان بکا بۆ ئەم نوقتانە:

١.کۆچ نەکردن لەهیچ هەلومەرجێکا.

٢.دروست کردنی ڕێکخستنی زانستی، ئابوری، دینیی بەزویی.

٣.یەکگرتن بۆ پاراستنی بچوکترین بەشی ولایەتەکانی رۆژهەلات کە لەوانەیە لێی جیابکرێتەوە.

ناوەندی کۆمیتەی پارێزگاری خۆش بین بون بەو سەرکەوتنەی لەرێگەی بزواندنی هەستی دینییەوە بەدەستیان هێنابو. پێ ئەچێ ترسی لکاندنی ولایەتەکانی رۆژهەلات بەئەرمینیاوە هۆی دروست بونی ئەم کۆمیتانە بوبێ. مەترسییەکی تریش هەبو سەرچاوەکەی یۆنانیەکان بو...رێکخراوو دەزگای تریش لەسەر شانۆ دەرکەوتن. لەولایەتەکانی دیاربەکرو بتلیس‌و ئەلعەزیزو ئەوانی تر کۆمەڵی هۆشیاری‌و ژیانەوەی کورد پەیدابو کەناوەندی سەرکردایەتیەکەی لەئەستەمولّ بو. ئامانجی ئەم کۆمەڵە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بو لەژێرسەرپەرشتی بێگانەدا. لەقونیەش کۆمەڵەی ژیانەوەی ئیسلام هەبو. یەکێ لەکۆمەڵە گرنگەکان کۆمەڵەی دۆستانی ئینگلستان بو...

لەهەلومەرجێکی وەهادا ئەتوانرێ تەنها یەك بڕیار بدرێ ئەویش دروست کردنی دەوڵەتی تورکیای نوێیە، چونکە کارکردن بۆ مانەوەی ئمپراتۆرییەتی عوسمانی داتەپیو ئەبو بەهۆی سزادانی ناڕەوای گەلی تورك.

لەو نامەیەدا کە بەچیفرە لە١٨ی حوزەیرانی١٩١٩دا بۆ جەعفەر تەیار بەگی سەرکردەی ئۆردوی یەکەم لەئەدرنەم نارد، وت بوم: تۆ ئەزانی دەوڵەتانی گەورەی هاوپەیمان کەسەربەخۆیی نیشتمانیمان ئەخنکێنن چی ئەکەن... هەروەها ملکەچی حکومەتەکەی ئێمەو گوێ پێ نەدانی. بڕیارم داوە ئەنەدۆڵ بەجێ نەهێلّم. بۆ بەرزکردنەوەی ورە لەتراقیە لەبروسکەکەدا ئەوەشم نوسی بو: بەسەرکەوتویی بەرەنگاری ئەو پروپاگەندەیە کرا کەبۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ ئەکرا، لایەنگرانی ئەم جولاَنەوەیە بلاّوەیان لێ کرد. کورد هاتنە پاڵ تورك.))[٦٤]

یەکەمین کۆنگرەی کەمالیەکان لەرۆژانی ٢٣ی تەموز تا ٧ی ئابی ١٩١٩ لەشاری ئەرزروم بەسترا. جگە لەکۆمیتەکانی پارێزگاری مافی ولایەتەکانی رۆژهەلات، ژمارەیەك لەگەورە پیاوەکانی کورد بەتایبەتی سەرۆکی عەشیرەت‌و شێخەکانی بەشداری کاریگەریان تێدا کرد. کەمال خۆی نامەی بۆ هەندێکیان

ئەنوسی‌و هەستی ئیسلامەتی ئەبزواندن‌و هانی ئەدان لەمەترسی ئەرمەنی.
کۆنگرەی ئەرزروم بڕیاری دابو:

((ولایەتەکانی ئەرزروم، سیواس، دیاربەکر، خەرپوت، وان، بتلیس... یەکەیەکی پێکەوە بەستراون بەهیچ بەهانەیەك لەدابەش کردن‌و جیاکردنەوە نایەت لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی... موسڵمانانی. ئەم ناوچانە جیاوازی رەگەزو کۆمەڵایەتی ئەو تاقمە موسڵمانانە رەچاو ئەکا کە هەمویان نەتەوەیەك پێك ئەهێنن، هەمویان خۆیان وا دائەنێن کە لەیەك دایك‌و باوك کەوتونەتەوە.))

کۆنگرێسی سیواس(٤-١١ئەیلول) سەرەتاکانی لەکۆنگرێسی ئەرزرومدا بڕیاریان لێ درا بوو قوڵ تر، وە زۆرتر بەگیانی نەتەوە پەرستی تورکی دوبارە کردەوە، لەرۆژانی ئەم کۆبونەوانەدا مێجەر نوئیل هاورێ لەگەڵ جەلادەت‌و کامەران بەدرخان‌و ئەکرم جەمیل پاشا لەگەشتە درێژەکەیاندا گەیشت بونە مەلاتیە. ئەم گەشتە پەژارەیەکی زۆری بۆ مستەفا کەمال دروست کرد. ئەترسا لەراپەرینی کورد. فەرمانی گرتنی دەرکردن. بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا بەتەواوی جێگیر نەبو بو کاربەدەستانی ئەوێ بەبیانوی جۆراوجۆر فەرمانەکەیان جێبەجێ نەکردو، نوئیل‌و هاورێکانی هەڵاتن بۆ حەڵەب. مەستەفا کەمال فەرمانی دەرکرد بۆ هەمو کاربەدەستانی تورك لەکوردستان کە لقەکانی جەمعییەتی تەعالی کوردستان‌و رێکخراوە کوردیەکانی تر دابخەن‌و بەتوندی بەربەرەکانی هەمو چالاکیەکی نەتەوەیی کورد بکەن.

((ئەنەدۆڵ‌و رۆم ئێلی مودافەعەی حقوق جەمعیەتی)) بەکردەوە بو بوە بزوتنەوەیەکی سیاسی بەهێز. لە٢٣ی نیسانی ١٩٢٠دا یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی گەورە لەئەنقەرە کرا. ئەنقەرە ئەوسا شارێکی بچوك بو. لەم ئەنجومەنەدا چەندین نوێنەری پارلەمانی عوسمانی‌و هی‌تر بەشدار بون. دەسەڵاتی حکومەتەکەی سوڵتانی پشت گوێ خست‌و رای گەیاند حکومەتی ئەستەمولْ دیلێکی کەساسی هاوپەیمانەکانە ناتوانێ هیچ بڕیارێ بەقازانجی تورکیا بدات زۆرتر تاقمێ لەنوێنەرە نەتەوە پەرستەکانی ناو پەرلەمانی عوسمانی لەئەستەمولْ پرۆگرامێکی ٦ بابەتییان لە٢٨ی کانونی دوەمی ١٩٢٠دا دانابو، ئەنجومەنی ئەنقەرە بە((پەیمانی نەتەوەیی))دانا.

ئەگەرچی لەوکاتەدا مەسەلەی کورد لەتورکیا بوبو بە یەکێ لەمەسەلە گرنگەکانی تورکیاو، کەوتبوە ناو کۆڕە دەولیەکانەوە، بەڵام لەپەیمانی نەتەوەیی تورکا مەسەلەی نەتەوەیی کورد بەتەواوی پشت گوێ خرابو. لەمادەی پێنجەمی‌دا باسی رێزگرتنی مافی کەمایەتییەکانی کردبو بەو مەرجەی دەوڵەتانی دراوسێ

بەهەمان چەشن رەفتار لەگەڵ کەمایەتییە موسڵمانەکان بکەن. لەمەش مەبەستیان کەمایەتی دینی بو نەك نەتەوەیی.
مستەفا کەمال بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانی نەتەوەیی کەوتە کاری جەنگو دیپلۆماسی. ئەفسەرە گەورەکانی سوپا هاودەنگ بون لەگەڵی، دەستی گرت بو بەسەر هێزەکانی لەرۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا کە یەکێکیان ئۆردوی نۆیەمی قافقاس بو، بەناوبانگ ترین هێزی تورك کە لەجەنگا شکستی نەخواردبو. ئەم هێزانەی بەدیلەکانی جەنگ کە لەروسیا گیرا بونو دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئازاد کران، وە بەو ١٣٠ هەزار دیلەی دوای پەیمانی سیڤەر هاوپەیمانەکان ئازادیان کردن، بەهێز کردەوە. کەمال ئۆردویەکی نوێی لێ رێك خستنەوە. روسیای سۆڤێتیش بەشێکی پێویستیەکانی چەكو تفاقی جەنگیی بۆ دابین کردن. بەگیانی نیشتمان پەروەریو نەتەوە پەرستی بۆ جەنگی سەربەخۆیی تورکیا پەروەردەی کردن.
ئۆردوی نوێی تورك ئەبو بەرەنگاری ٥ دوژمنی دەرەکی رابوەستێ" ئەرمەن لەرۆژهەڵات، فەرەنسا لەسیلیسیا، ئیتالیا لە ئەدالیا، یۆنان لەئیزمیر، بەریتانیا لەئەستەمول.
یەکەمین کاری جەنگی لەسەرەتای ١٩٢٠دا دژی هێزی فەرەنسی لەسیلیسیا دەستی پێ کرد، لەبەهارا توانی دەریان بکا بۆ حەڵەب. فەرەنسا لەوکاتەدا لەکۆبونەوەی سان ریمۆدا تەقەللای ئەدا حەلەبو ئەسکەندەرونەو دیمەشقو لوبنان بکەوێتە ژێردەستیو، ئەی ویست خۆی لەسوریا بچەسپێنێ لەبەرئەوە ئەبو کۆتایی بەشەڕ بهێنێ لەگەڵ مصطفی کمال. لە ٣٠ی مایسی ١٩٢٠دا لەئەنقەرە رێکەوتنی ئاگربڕ لەبەینی هەردولادا ئیمزاکرا.
کەمال خەمی فەرەنسای نەما. توانی هێزەکانی خۆی لەجەبهەی ئەرمەنی کۆبکاتەوە. پەیمانی سیڤەر ولایەتەکانی تەرابزون، ئەرزرۆم، موش، وان...ی دابو بەجمهوریەتی ئەرمەنی کەتازە لەئەریڤان دامەزرا بو. دەسەڵات درابوە سەرۆك ویلسۆن سنوری نێوان تورکیاو ئەرمینیا جیا بکاتەوە. هێزەکانی تورك، کەبەشێکی گەورەی لەکورد پێکهاتبو، بەسەرکردایەتی جەنەراڵ کاظم قەرەبەکر کەوتە پێشڕەوی بەرەو ئەرمەنستان. لەتشرینی دوەمی ١٩٢٠دا قارسی گرت. لەهەمان کاتدا هێزی سۆڤێت هەڵی کوتایە سەر ئەریڤانو گرتی. بەپێی رێکەوتنی ئەلیکسەندەر پول لە٣ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠دا، تورکیا قارسو ئەردەهانی وەرگرتەوە بەڵام باتومی لەدەسدا. ئاواتی ئەرمەنیەکان کە هەندێکی لەپەیمانی سیڤەردا دانی پیانرا بو لەچاڵ نرا.

بەجۆرە لەکۆتایی ١٩٢٠دا مستەفا کەمال مەترسی فەرەنسیو ئەرمەنی بەلادا خستو کەوتە دانانی پلانی جەنگیی دەرکردنی یۆنانیەکان لەناوچە داگیر کراوەکانی تورکیا.

لەپاڵ ئەم سەرکەوتنە جەنگییانەدا کەمال ٣سەرکەوتنی دیپلۆماسی بەدەس هێنا:

١. لە١٣ی مارتی ١٩٢١ پەیمانێکی لەگەڵ ئیتالیا بەست. ئیتالیا گفتیدا ئەنەدۆڵ چۆڵ بکا بەرامبەر بەچەند ئیمتیازی ئابوری. لەحوزەیراندا هێزی ئیتالی لەخاکی تورکیا کشایەوە.

٢. لە١٦ی مارتی ١٩٢١دا پەیمانی دۆستایەتیو هاوکاری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیت مۆرکرد. کێشەکانی سنوری لابەلا کرد. تورکیا رازی بو باتوم لەدەس روسیادا بمێنێتەوە، لەبەرامبەر ئەوەدا روسیاش دانینا بەدەسەلاتی تورکیادا بەسەر قارسو ئەردەهاندا هەردولا گفتیان بەیەکتریدا هاوکاری سیاسی بکەن دژی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا، هاوئاهەنگی جەنگیی لەگەڵ یەکتری بکەن.

روس بەردەوام چەكو تفاقی جەنگی ئەدا بە کەمالیەکان.

٣. لە٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١دا رێکەوتنێکی لەگەڵ فەرەنسا ئیمزا کرد. لەبەرامبەر چەند ئیمتیازی ئابوری باشدا فەرەنسە بەڵێنیدا سیلیسیا چۆڵ بکا. هۆی ئەمەش ناکۆکی قازانجی فەرەنسیو ئینگلیزی بو. پشتیوانی بەریتانی لەپێشڕەوی یۆنان ئەبوە هۆی بەهێز بونی دەسەلاتی بەریتانی لەدەریای ئیجەداو لەئەنجامدا دەسەلاتی بەریتانی بەسەر بوغازەکاندا[٦٥] ئەمەش لەگەڵ قازانجی فەرەنسا نە ئەگونجا، لەبەرئەوە فەرەنسا هێزەکانی خۆی لەتورکیا کێشایەوە بۆ ئەوەی مستەفا کەمال بتوانێ درێژە بەجەنگ بدا دژی یۆنان.

بەگوێرەی ئەم پەیمانە هێڵی جیا کردنەوەی سنوری تورکیو دەسەلاتی فەرەنسی دیاری کرا. لەئەنجامی ئەمەدا هەندێ پارچەی لەیەك دابڕاوی کوردستانو بەشێکی گەلی کورد کەوتە ژێر دەسەلاتی فەرەنسیەوە، کەدوایی بۆ دەوڵەتی سوریا مانەوە.

مستەفا کەمال دوای ئەوەی یارمەتی سۆڤێتیو بێلایەنی فەرەنسیو ئیتالی تەئمین کرد، هەمو توانای خۆی تەرخان کرد بۆ جەنگی یۆنان. لەوکاتەدا کەتورك لەجەبهەی ئەرمەنی خەریکی شەڕبون، هەندێ ناوچەی تری تورکیایان گرت بو. لەمارتی ١٩٢١دا هێرشی یۆنانی دەستی پێ کردەوە. چەند شوێنێکی تریان

گرت‌و لەئەنقەرەی پایتەختی کەمال نزیك کەوتنەوە. پێکدادانە خوێناویەکانی سەر روباری سەخاریا لەئابەوە تا ئەیلول بەقازانجی تورك شکایەوە. لەپاش زنجیرەیەك تێکهەڵچونی سەخت هێزەکانی یۆنان بەتێشکاوی ناچاربون بەرەو دەریای سپی بکشێنەوە.

مستەفا دەستی گرت بەسەر بەشی گەورەی تورکیاو کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ ئازادکردنی ئەستەمول. لەدوای شکانی یۆنان‌و هەڕەشەی کەمال لەئەستەمول، سەروەزیرانی بەریتانی، لوید جۆرج، داوای لەهاوپەیمانەکانی کرد بوغازەکان بپارێزن. فەرەنساو ئیتالیا، هەردوکیان لەگەڵ کەمالیەکان رێك کەوت بون، لەبەرئەوە وەڵامی سەلبییان دایەوە. هێزی بەریتانی خۆی بەتەنیا لەکەناری ئاسیایی دەردەنیل دابەزی. هێزی تورکی‌و هێزی بەریتانی بەرامبەر یەك راوەستا بون. بەڵام لەباتی ئەوەی ئەمە شەڕی لێ هەڵ بگیرسێ، لە١١ی تشرینی یەکەمدا رێکەوتنی مودانیای لێ سەوزبو. رێکەوتنەکە کۆتایی بەگرژی هێنا. تراقیای رۆژهەڵات‌و ئەدریانوپولی ئەگێرایەوە بۆ تورکیا بەرامبەر بەسەلماندنی کۆنترۆڵی دەولی بەسەر بوغازەکاندا.

سەرکەوتنەکانی مستەفا کەمال گیانی لەپەیمانی سیڤەر کێشا. لەلایەکەوە روسیای دوژمنی دێرینەی تورك ئەی ویست تورکیای نوێ بمێنێ‌و بەهێز بێ بۆئەوەی خۆی لەبەر گوشاری دەوڵەتانی ئیمپریالیستی دوژمنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا رابگرێ‌و ببێتە ناوچەی لەمپەری نێوان هەردولا، لەلاکەی تریشەوە دەوڵەتانی هاوپەیمان ئەیان ویست تورکیا بمێنێ‌و بەهێزبێ بۆ ئەوەی لافاوی کۆمۆنیزم رای نەمالێ. تا ئەهات زیاتر زەمینەی دەولی پەیمانێکی نوێی ئاشتی، لەباتی پەیمانی سیڤەر، خۆش ئەبو.

لە٢٠ی تشرینی دوەمی ١٩٢٢دا کۆنفرەنسی ئاشتی سەر لەنوێ، ئەمجارەیان بەئامادە بونی عصمت پاشای نوێنەری تورکیای نوێ، لەلۆزان بەسترا. ئەم روداوە خۆی لەخۆیا بەڵگەی دان نانی هاوپەیمانەکان بو بە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەرو، بەحکومەتی تورکیای کەمالی‌و، بەئامادەیی بۆ بەستنی پەیمانێکی ئاشتی نوێ.

کاتێ کە هێزی کەمالیەکان لە ئەستەمولّ نزیك کەوتەوە چەند مانگ بو چالاکی سیاسی جەمعییەتی تەعالی کوردستان‌و رێکخراوە کوردییەکانی تر کز بوبو. هەندێ لە ئەندامەکانی هەڵات بون بۆ ئەملاو ئەولاو هەندێکی تریان

دەستیان لەکاری سیاسی هەڵ گرت بو. لەکۆبونـەوەکانی لـۆزاندا سـەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد لە ئەستەمول، وەئـەو دەسـتەیەی نوێنەرایـەتی بەسـەرۆکایەتی شەریف پاشـا لـەپاریس بـو، هـیچ جـۆرە چـالاکیەکیان نەنوانـد. کەسـێ نـەبو خواستەکانی کورد لەلۆزان بهێنێتەوە پێشەوە. بەڵکو بەپێچـەوانە عصـمت پاشـا چەند کوردێکی لەگەڵ خۆی بردبو بۆ لۆزان بۆئەوەی بەهاوپەیمانەکانی بسەلمێنێ" کورد جیابونەوە یا مافی نەتەوەیی ناوێو، ئەیەوێ لەگەڵ تورکیا بمێنێتەوە.

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

[1] لینچوفسکی، تاریخ خاورمیانه، ترجمه د. هادی جزایری، تهران: اقبال، تیرماه ۱۳۳۷ش، ص ٤٨ ئەم کتێبە کراوەتە عەرەبیش بڕوانە: جورج لنشوفسكي، الشرق الاوسط في الشؤون العالمية، ترجمة جعفر خياط، بغداد دارالكشاف، بلا.

[2] هـ ج

[3] هـ ج

[4] هـ س، ل٥٣-٥٤

[5] احمد کسروی، تاریخ هیجده ساله آذربایجان، ج۲، چ۹، تهران: امیر کبیر، ۲۵۳۷، ص٦٠٠" علی دهقان، رضائیه یا سرزمین زردشت، تهران: ابن سینا، اسفند۱۳٤۸ش، ص٤٦٣.

[6] بۆ تەواوی بەیانەکەی مود بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج۱، ط٦، بيروت: مطبعه دار الكتب، ۱۹۸۳، ص۱۱٤-۱۱٥.

[7] بۆ زانیاری زۆرتر دەربارەی ڕۆژنامەی((تێگەیشتنی راستی)) بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستیو شوێنی لەڕۆژنامەنوسی کوردیدا، بەغداد:کۆڕی زانیاری کورد، ۱۹۷۸.

[8] هورەویتز، دیپلۆماسی لەڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاستدا، ب۲، ل۱۳-۱٤((ئینگلیزی)).

[9] لینچوفسکی، س، ن، ل٦٠.

[10] هـ، س، ل٥٨.

[11] دانیال متی، ((رویدادهای ارومیەو کردستان شمالی-دسامبەر ۱۹۱۷ تا ژوئیە۱۹۱۸ در ارشیوهای نظامی فرانسه)) مجله مطالعت کردی. دراسات كردية، ش۱، پاریس: مرکز تحقیقات انستیتو کرد، کانونی دوەمی ۱۹۸٤، ص٤٦.

[12] هـ س، ل٥٣.

[13] الحسني، س ن، ل٨٥.

[14] دهقان، س ن، ل٥١١.

[15] بۆ نمونە بڕوانە شیعرەکانی مەلا حەمدون، مەلا عارفی صائیبو مەلا کەریمی ناطیق لە: د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژوی ئەدەبی کوردییەوە، بەغداد، ۱۹۸٤، ل۱٥۱-۱٥۷.

[16] دەربارەی پەیوەندی عبدالرزاق بەدرخان لەگەڵ روس بڕوانە: جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية... ترجمة باقي نازي، بيروت، ۱۹۸٦، ص۱٦۱-۱۸۹" اسماعیل حقی شاوەیس،((میر عبدالرزاق بەدرخان))، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژ۷، سلێمانی: تشرینی یەکەمی ۱۹٦۰، ل٥۰-٥۳.

[17] ف. نيكيتين، العائلة البارزانية، ترجمة د. كاوس قفطان، مجلة شمس كردستان، ع٥، س۲، بغداد، اب ۱۹۷۳، ص۱۹-۲۲" مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضه بارزان الاولى،۱۹۳۱-۱۹۳۲، مطبعة خەبات، ۱۹۸٦، ص۲۱-۲۲.

[18] دەربارەی مەلا سەلیمو راپەڕینەکەی بتلیس بڕوانە: اسماعیل حقی شاوەیس،((مەلا سەلیم ئەفەندی))، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژ۸، سلێمانی: تشرینی دوەمی ۱۹٦۰، ل۲۱-۲۸.

[19] بۆ تەقەلاکانی شەریف پاشا لەگەڵ ئینگلیز بڕوانە: درایڤەر، کوردو کوردستان، ١٩١٩، ل٧٧-٧٩((ئینگلیزی))" مس بیل، فصول من تاریخ العراق القریب، ترجمة جعفر خیاط، طبعة بیروت.
[20] متی، س ن، ل٣٥.
[21] ڤاسیلی نیکیتین، کردو کوردستان، ترجمه محمد قاضی، تهران: نیلوفر، ١٣٦٦، ص٤١٦.
[22] متی، س ن، ل٣٧.
[23] هـ ج
[24] د. محمد جواد شیخ الاسلامی، سیمای احمد شاه قاجار، ج١، تهران: گفتار، ١٣٦٨، ص٤٢٢-٤٢٤.
[25] هوروویتز، س ن، ل٧.
[26] هـ س، ل١٨-٢٣.
[27] هـ س، ل٣١-٣٣
[28] هـ س، ل٣٤-٣٥.
[29] بۆ نمونە هەڵسەنگاندنی کاری ئیجابی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر مەسەلەی کورد بڕوانە: د. سەید عزیز شەمزینی الحرکة القومیة التحرریة للشعب الکردي، منشورات الاوك، ١٩٨٦، ص ٧٧" جلال طالبانی کردستان والحرکة القومیة الکردیة، بیروت: دار الطلعیة، ١٩٧١" د. عبدالرحمن قاسملو، کوردو کوردستان، وەرگێڕانی عبدالله حسن زاده، بنکەی پێشەوا" د. کمال احمد مظهر، ((ئوکتوبەرو مەسەلەی کورد)) گۆڤاری برایەتی، ژ ٩، س١، خولی ٢، بەغداد، سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٧٠، ل٤-٢١.
[30] رفیق حلمی، یادداشت بەشی یەکەم، چاپکردنەوەی محمدی، ل٥١.
[31] ڕەنگە لەهەمو کەس باشتر محەمەد ئەمین زەکی لەسەر ئەمەی نوسی بێ، بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی کوردو کوردستان، چاپکردنەوەی سیدیان، ل٢٤٥-٢٥١" هەروەها: رفیق حلمی، یادداشت، بەشی یەکەم، چاپکردنەوەی محەمەد، ل ٢٤-٣٣" د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەغداد: کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥" شەمزینی، س ن، ل٧٥.
[32] شەمزینی ل٧٥، ئەویش رای گوێزاوە لە: عبدالعزیز یاملکی، کردستان وکرد اختلاللری، تهران، ١٩٤٦، ص٦٢.
[33] نیکیتین کرد... س ن. ل٤١٧: ئەمین زەکی، س ن، ل٢٤٨: شەمزینی س ن، ل٧٥.
[34] امین زکی، س ن، ل ٢٥١
[35] شەمزینی، س ن، ل٧٥.
[36] الحسنی، س ن، ج١، ل٧٢.
[37] هـ س، ل٧٦.
[38] هوروویتز، س ن، ل٣٦-٣٧.

[39] دەربارەی ئەم قۆناغەی خەباتی کورد بڕوانە زنجیرە وتارەکانی: د. احمد عوسمان ابوبکر، کردستان فی عهد السلام، گۆڤاری((الثقافة الجدیدة))ی بەغدادی، ژمارەکانی ساڵانی ۱۹۷۹-۱۹۸٤. نوسەر لەم وتارانەدا پشتی بەستوە بە دوکومێنتە بڵاوکراوەکانی ئارشیفەکانی بەریتانیا. لەهەندێ شوێنی ئەم باسەدا کەڵکی زۆریان لێ وەرگیراوە.

[40] لینچوفسکی، س ن، ل۹۱.

[41] د. احمد عثمان، س ن.

[42] لینچوفسکی، س ن، ل۹۳.

[43] بۆ ئەو دۆکومێنتانەی پێوەندییان بەخواستەکانی ئێرانەوە هەیە دەربارەی دەسکاری کردنی سنورەکانی ئێراني- تورکیو ئێراني- روسی بڕوانە: د. جواد شێخ الاسلامی، اسناد محرمانە وزارت خارجە بریتانیا دربارە قرارداد ۱۹۱۹ ایران وانگلیس ل۱۱۱و ۱۱۸و ۱۲٦و ۱۲۸و ۱٤٦و ۱۸٥و ۲۰٤.

[44] هورەویتزز، س ن، ل۳۸-۳۹.

[45] سلیمان موسی، الحرکة العربیة- المرحلە الاولی للنهضة العربیة الحدیثة ۱۹۰۸-۱۹۲٤، بیروت: دار النهار، ۱۹۸٦، ص ٤٦١-٤٧۹.

[46] لینچوفسکی، س ن، ل۹۳.

[47] هـ س، ل۹٤.

[48] د. احمد عثمان ابوبکر، س ن، حلمی، یادداشت، بەشی یەکەم، ل٤۹-٥۹.

[49] ویلسون، ل۱۲۷-۱۲۸.

[50] د. احمد عثمان، س ن.

[51] ویلسون، میسوپوتامیا ۱۹۱۷-۱۹۲۰، ل۸۷.

[52] هـ س، ل۱۲۹.

[53] دەربارەی ج ت ك وڕێکخراوە کوردییەکانی تری ئەو زەمانە بڕوانە: جلال طالبانی، کردستان والحرکة القومیة الکردیة بیروت: دار الطلیعە، ۱۹۷۱" د. عزیز شمزیني، الحرکة القومیة التحرریة للشعب الکردی، من منشورات الاوك، نیسان ۱۹۸٦، ص ۸۳-۸٦. د. عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات و الاحزاب الکردیة فی نصف قرن۱۹۰۸-۱۹٥۸. اسماعیل حقی شاوەیس، خەباتی گەلی کورد لەڕۆژەکانی جەنگی گیتی یەکەمین لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان، گۆڤاری رۆژی نوێ، ژ۹، سلیمانی، کانونی یەکەمی ۱۹٦۰، ل۲٤-۳۰.

[54] وەکو مامۆستا شاوەیس ئەڵێ نەتەوەپەرستەکانی تورك ناویان لەم گۆڤارە نا بو((جن)) واتە جنوکە، هەندێ لەژمارەکانی((ژین)) سەرلەنوێ لەلایەن محەمەد ئەمین بوزارسلانەوە لەسوید چاپ کروانەتەوە.

[55] د. بلەج شێرکۆ، القضیة الکردیة، طبعة بیروت، ص ۷۸.

[56] نوێنەرایەتی نەتەوەی ئەرمەن، یادداشتێ دەربارەی مەسەلەی ئەرمەن، لەندەن، ۱۹۱۸.

[57] میجەر نوئێل تێبینی دەربارەی دۆخی کوردستان، ۱۹۱۹.

[58] شێرکۆ، س ن، ل۸۰.

[٥٩] سەرچاوە بەریتانیەکان ئەڵێن نوێنەرایەتی کورد" سەید عەبدولقادر، مولان زادە رەفعەت بەگ، ئەمین عالی، ئەمین بەگ، بون.

[٦٠] شێرکۆ، هـ ج.

[٦١] لینچوفسکی، س ن، ل٩٨.

[٦٢] تیکستی کورد ئەم بەندانە لەیادداشتەکانی رفیق حلمی وەرگیاوە، زۆر لەنوسەرانی کورد دەربارەی ئەم بەندانەی پەیمانی سیڤەر شتیان نوسیوە، لەناو ئەوانەدا هەندێکیان جێگەی تێ رامانن، بۆ نمونە بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی، س ن، ل٢٥٢-٢٥٥" د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ((سەرنجدانێکی نوێ بەرامبەر پەیمانی سیڤەرو مەسەلەی کورد)) گۆڤاری برایەتی، ژ٧ ، س١، خولی٢، بەغداد، ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، ل١٥-١٩.

[٦٣] لینچوفسکی، س ن، ل١٠٧-١٠٩.

[٦٤] بۆ ئەم بەشە کەڵك وەرگیاوە لە: ریچارد رابینسون، جمهوری اول ترکیه، ترجمه ایرج امینی، تهران، کتابفروشی تهران، ٢٥٣٦، محمد توفیق، کەمال ئەتاتورك ـ ترجمه اسمعیل فردوسی فراهانی، چ٢، تهران، نشریات نامه عراق، ١٣١٨" زنجیرە وتارەکەی د. احمد عثمان ابوبکر.

[٦٥] لینچوفسکی، س ن، ل١٠٥.

٥ ئاسورییەکانی کوردستان

١. پێشینەی مێژویی

١/١ رەچەڵەکی ئاسوری

گومانی تێدا نیە، ئاسورییەکان لەگەلە کۆنەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستن.
بەلام ئاسورییەکان کێنو، لەکەیەوە بەم ناوەوە ناسراون؟
ئەوەی کام نەتەوەنو، لەگەڵ کام نەتەوەی تری ناوچەکە یەك ئەگرنەوە؟
لەکەینەوە هاتونەتە ئەم ناوچەیەو، بۆچی پەرتو بلاوبونەتەوە؟
ئەم پرسیارانە هێشتا بەتەواوی وەلام نەدراونەتەوە.
گەلی ئاسوری خاوەنی دەوڵەتی تایبەتی خۆی نەبوە. ئەم گەلە کلۆڵە هەمیشە لەژێر باری چەوسانەوەی دینییو کۆمەلایەتیدا بوە. چەندین جار کەوتۆتە بەرکوشتاری بەکۆمەڵ، دیرەکانی کاولو نوسراوەکانی سوتێنراوە: لەژیانی ناوچەکەشدا قازانجێکی گەورەی بۆ دەولەتو هێزە زلەکان نەبوە. لەبەرئەوە نەخۆیان توانیویانە مێژوی خۆیان بەشێوەیەکی زانستی بنوسنەوە، نەداوودەزگا زانستییەکانی هیچ دەولەتێکیش بایەخێکی ئەوتۆیان پێداون. بۆیە مێژوی ئاسوری تائێستەش جێگەی مشتومڕو لێکدانەوەی جیاوازە.
لەسەر رەچەڵەكو ناوو نیشتیمانی ئاسورییەکان تێوریو بیروڕای جیاجیا هەیە" تیورییەکیان بۆ ئەوە ئەچێ کەئەوانە ئەوەی کلدانییەکانی ئەرزی دو چۆمان((میزۆپۆتامیا))ن، لەسەردەمێکی زودا پاش تەنگ پێ هەلچنینیان ناوچەکانی خواروی عیراقی ئێستەیان بەجێ هێشتوەو، لەژێر گوشاری دراوسێکانیاندا بۆ مەلبەندە شاخاوییەکانی کوردستان هەلکشاون. تیوریەکیتر بەپاشماوەی ئەو ئێلە مەسیحییانەیان دائەنێ کەدوای هێرشی مەغۆل لەکوشتنی بەکۆمەڵ رزگاربونو لەدەشتەکانی موسلەوە رویان کردۆتە شاخەکانی لای

هەکاری‌و ورمێ. تیورییەکی‌تر ڕەچەڵەکیان ئەباتەوە سەرکورد، بەڵام پاش ئەوەی ئەوان چونەتە سەر دینی مەسیحی بەتێپەڕینی زەمان جیاوازییان لەگەڵ کورد قوڵ بۆتەوە.[1]

لەناو ئەم بیروڕا جیاوازانەدا، دو تیورییان جێگەی بایەخ‌و سەرنج دانن:

تیۆری یەکەم- ئاسورییەکان بەپاشماوەی ئیمپراتۆریی ئاشوری دائەنێ، کە لەقەرنی ١٠ هەمی(پ. ز.) گەشەی کردو پەرەی سەند. پاشان لەلایەن گەلە ئێرانییەکانەوە روخێنراو نەینەوای پایتەختی کاول‌کرا. پاشماوەکەشیان لەچیاکانی کوردستاندا جێگیر بون.[2]

لەناو ئەوانەدا کە لەسەر ئەو بڕوایەن‌و چەند لێکۆڵینەوەیان لەسەر نوسیوە" گەڕۆکی ئینگلیزی، لایارد، لەکتێبەکەیدا بەناوی((نەینەواو پاشماوەکانی)) کە لە ١٨٤٨دا بڵاوی کردۆتەوە.[3] دوایی‌تر میسیونێری ئینگلیزی ویگرام لەچەندین باس‌و لێکۆڵینەوەدا تەقەلای سەلماندنی ئەم تیورییەی داوە.[4]

ئاسورییەکان خۆشیان لەسەر ئەم باوەڕەن. لەلێکۆڵینەوەکانیاندا هەوڵی سەلماندن‌و ساغ کردنەوەی ئەم تیۆرییە ئەدەن‌و پێی لەسەر دائەگرن. لەوانە نوسەری ئاسوری- ڕەگەزی سۆڤێتی ماتڤییڤ.[5] ئاسورییەکان خۆیان باوەڕیان وایە کاتێ ئێلە ئێرانییە شاخاوییەکان نەینەوایان داگیرکردو، کۆتاییان بەدەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئاشوری هێنا، ئاشورییەکان بەتێشکاوی لەچیاکانی کوردستاندا بەتایبەتی لەناوچەکانی نێوانی گۆلی وان‌و دەریاچەی ورمێدا گیرسانەوەو، چەند جێگایەکیان کردە مەڵبەندی ژیانی خۆیان.

تیۆری دووەم_ ئاسورییەکان بەپاشماوەی ئەو ١٠ ئێلە جولەکە بزرە دائەنێ کەئیمپراتۆریی ئاشوری(٩١١-٦١٢پ.ز.) لە٣ هێرشی یەك لەدوای یەکدا، پاش لەناوبردنی مەملەکەتی ئیسرائیل، بەدیل گرتونی‌و بەزۆر لەفەلەستینەوە ڕای گواستون بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئاشوری. لەوێش بۆئەوەی بەیەکجاری لەوڵاتەکەی خۆیان دابڕێن‌و نەتوانن جارێکی‌تر یەك بگرنەوەو بیر لەگەڕانەوە بکەنەوە، لەناوچەی شاخاوی لەیەك دورو دابڕاودا نیشتەجێیان کردون.[6] لەپاش بڵاوبونەوەی دینی مەسیحی دەسیان لەدینە کۆنەکەی خۆیان هەڵگرتوەو چونەتە سەر دینی مەسیحی‌و پاشان چونەتە سەر مەزهەبی نستوری، بەڵام پارێزگاری هەمان زمان‌و زاراوەیان کردوە کەئەو سەردەمە لەفەلەستین پێی دواون.

ئەم تیۆرییە لەسەرەتادا لەلایەن د. گرانتەوە باس‌کراوەو لەسەری نوسراوە.[7] پاشان زانای عیراقی د. ئەحمەد سوسە، ئیتر چ بۆ مەبەستی سیاسی بێ یا بۆ

مەبەستی زانستی، چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەرنوسیوەو، تەقەلایەکی زۆری داوە بۆ سەلماندنی ئەم تیۆرییە.[8]

هەروەکو رەچەڵەکی ئاسوری مشتومڕی زۆری لەسەرە، ناوی ئەم گەلەو ژمارەو شوێنی ژیانیشیان کێشەی لەسەرە.

لەسەدەکانی پێشودا ئەم گەلە ناوێکی یەکگرتوی نەبوە. بەچەند ناوی جیاوازەوە ناو براوە. هەندێ جار بە نەستوریو، هەندێ جار بەکلدانیو، هەندێ جار بەنەسرانی، جگە لەو ناوانە بەئاسورو تیاریو جیلو وفەلەو کافرو گاوریش ناو براون. هەندێ کەس، لەوانە ئەحمەد سوسە، لایان وایە ئینگلیز بۆ مەبەستێکی سیاسی ناوی((ئاسوری)) داهێناوەو، بۆ یەکەمین جار سەرۆکی قەشەکانی کانتەربیری ساڵی ١٨٨٦ ئەم ناوەی لەم گەلە ناوە.[9] ئەم قسەیە لەگەڵ راستی یەك ناگرێتەوە. سەرچاوە کلاسیکەکانی نوسەرانی ناوچەکە ماوەیەکی زۆر لەپێش ئەوسالەدا ناوی((ئاسوری)) یان لەنوسینەکانی خۆیان داهێناوە، لەوانە((شەرەفنامە)) کە لە ١٠٠٥ی کۆچیدا بەرامبەر ١٥٩٦ زایینیدا نوسراوە.[10]

ناوبرانی ئاسورییەکان بە((نەستوری)) ئەگەرێتەوە بۆ مەزهەبەکەیان. نەستوریوس، یەکێ لەپێشەوا گەورەکانی مەسیحییەکانی شاری ئورفا لەساڵی ٤٢٤دا باوەڕێکی نوێی هێنایە ناو دینی مەسیحییەوە. ئەمەش یەکەمین دابەش بونی قوڵی لەناو ئەم دینەدا دروست کرد. نەستوریوس باوەڕی وابو کەعیسا خاوەنی دوکسایەتی جیاوازە" کسایەتییەکی مرۆیی((کور))و کسایەتییەکی خوایی((باوك)). نابێ مریەم بەدایکی خوا دابنرێ چونکە ئەویش مرۆڤەو، مەسیحی لێ بوە. مەسیحیش لەسەر چلیپا مردوە. ئەم باوەڕە نەگونجاو بو لەگەڵ باوەڕە باوەکانی ناو دینی مەسیحی، لەبەرئەوە پێشەوا ئاینییەکانیتر بەتایبەتی ئەوانی رۆماو ئەسکەندەرییە کەوتنە دژایەتی ئەم باوەڕە. بەشتێکی تازە داهێنراوی نەگونجاو لەگەڵ باوەڕی مەسیحیو بە لەدین دەرچونیان دانا.[11] بەڵام نەستوریوس لەگەڵ رۆژگاردا لایەنگرێکی زۆری پەیداکردو بەشێکی مەسیحییەکان باوەڕیان پێهێنا، لەوانە مەسیحییەکانی کوردستان، کەئیتر بەو هۆیەوە بەنەستوری ناو ئەبران. جیابونەوەی کەنیسەی نەستوری لەکەنیسەی رۆمیی رۆژئاواو، سەربەخۆیی دینییان، شاهەکانی ئێرانی لەدڵسۆزییان دڵنیاکردو، لەئەنجامی ئەوەشدا راونانو ئازاردانیان لەسنوری ئیمپراتۆریی ئێرانیدا کەم تربوەوە. لەسەرەتادا بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی باوەڕی نەستوری لەئورفا بو، دواییتر لەمەداینو شارە

گرنگـەکانی تـری ئێـراندا بنکـەیان دامـەزران.[12] ئاڵوگۆڕەکـانی هەلومـەرجی سیاسیو جەنگیو دینی ناوچەکە ناچاری جێگۆڕکێی کردون.

پێشەوایەتی دینـی نەسـتورییەکان لـەناو بنەماڵەیەکدا بـەمیرات ئەمێنێتـەوە. پێشەوای دینیی پێی ئەگوترێ((مار شیمون)) مار شـیمون ماوەیـەك لەئەلقوشـی نزیك موسڵو دوای ئەوێ لەعەینکاوەی نزیـك هـەولێرو پاشـان مـار شـیمونی ۱۳ هەم(۱٦٦۰-۱۷۰۰) گوێزرایەوە گوندی قوچـانس نزیـك جولـەمێرگ لەچـیاکانی هەکاری.[13]

نەسـتورییەکانی ناوچـە شـاخاورییەکان پارێزگـاری زمـان، نـەریتی دینـیو کۆمەڵایەتی تایبەتیخۆیان، تەنانەت رێکخراوی خێڵەکیی تایبەتی خۆیـان کـردوە. جیلو، تیاری، بازی، تخومی، تاشوتی... ناوی هەندێ لەئێلە بەهێزەکانی ئـەم گەلـە بون. مەترانێکی ئاسوری لەموسل ناوی ئێلە مـەسـیحییە نەسـتورییەکانی بـەجۆرە بۆ ریچ ژماردوە: تیاری، تکوب(تخومی)، جەلودی(جیلـو)، لی وی نـی، بـەرواری، نیرویی. نیرویی بـەرواری تێکـەڵاو بـون لەموسـڵمانو مەسـیحی.[14] هەریـەکێ لـەم ئێلانــە ســەرۆکێکی هــەبو، سەرپەرشــتی کاروبــاری دنیــایی ئــەکردن، پێیــان ئەگوت(مەلیك) قەشەیەکیش لەلایەن مار شیمونەوە دائەنرا سەرپەرشتی کاروباری دینیی ئەکردن. سـەرۆکی دینـیو دنیـایی هـەمویان مارشـیمون بـو کەبارەگاکـەی لەگوندی قوچانس بو لەهەکاری. هاتنی میسیونی دینیی جیاواز تەبایی مـەزهەبیی تێکدانو لەناو ئەوانیشدا کاتولیك، پروتستان، ئورتودوکس... پەیدابون .

ئاسورییەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی، لـەناو سـنوری ئەمارەتـەکانی هـەکاری، بۆتان، بادینان، سۆراندا ئەژیان کەسەر بەولایەتەکانی وان، دیاربەکر، موسل بون. ئەوانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش لەورمێو ئاواییەکانی دەوروبـەریدا ئـەژیان کەسـەر بەئیالەتی ئازەربایجان بو. لۆرد کـیرزن لـە۱۸۹۱ دا ژمـارەی هـەمویانی بـە۱۰۰-۲۰۰ هەزار کەس قەبلاندوە لەوانە ٤۰ هەزاریان لـەئازەربایجان بـون.[15] سـەرژمێری ئاسورییەکانی ئازەربایجانیش، کە بەزۆری لەناوچە کوردنشـینەکاندا بـون، بـەجۆرە نوسیوە:

ناحیەی سەلماس ۷۰۰ خێزان
سومایو چرا ۱۰۰ خێزان
ناحیەی ورمێ ۳٦۰۰ خێزان
سولدوز ٤۰۰ خێزان
باراندوز ۱۰۰ خێزان
تەرگەوەڕ ۵۰۰ خێزان

مەرگەوەڕ ۱۰۰ خێزان
هەموی ۵۵۰۰ خێزان[16]

ئاسورییەکان بەزمانی سریانی ئەدوێن کەئەچێتەوە سەر ئارامی، ئەویش وەکو عەرەبیو عیبری لەخێزانی زمانە سامییەکانە. د. سوسە لای وایە کە ئەو زمانەی ئاسورییەکانی کوردستان لەناو خۆیاندا قسەی پێ ئەکەن هەمان زمانە کەمەسیحو جوەکانی فەلەستین لەسەردەمی خۆیدا پێی دواون. هۆی خۆڕاگرتنو مانەوەشی، سەرەڕای ئەوهەمو گۆڕانو قولانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتون، ئەگێڕێتەوە بۆ دابڕانیان لەناوچەیەکی شاخاوی سەختدا.[17]

تا ئێستەش لەچەند جێگەی کوردستان شوێنەواری دێرینەی ئاشوریو، دێری مێژویی ئاسوری ماون. توێژینەوەی زمانەوانی دەری ئەخەن، بنجی زمانەوانی ناوی هەندێ لەگوندو ئاواییو چیاو روبارەکانی کوردستان سریانییە.

۲/۱ پێوەندییان لەگەڵ کورد

ئایدیۆلۆجی رەسمی هەردو ئیمپراتۆریی عوسمانیو ئێرانی، دینی ئیسلام بو. کاروباری دەوڵەتی عوسمانی لەدەس تورکی سوننەو کاروباری دەوڵەتی ئێرانی لەدەس ئازەری شیعەدا بوە. کورد نەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بوەو، نەبەشداری بڕیاردانی سیاسی دەوڵەتانی ئێرانو تورکیا بوە. لەهەردو دەوڵەتدا ژێر دەستەبوە. دین یا مەزەبێکی تایبەتی خۆی نەبوە، تێکەڵاوی ئایدیۆلۆجی نەتەوەیی کورد بوبێ تا ببێتە هاندەری بۆ لەشکرکێشیو داگیرکردنی وڵاتانی ترو سەرپێ دانەواندنی گەلانی دراوسێی. لەناو نەتەوەی کوردا((تەبایی دینی)) نەبوە. ئەگەرچی زۆرایەتی کورد موسوڵمان بون، بەڵام هەمویان لەسەر یەك مەزەب نەبون. موسوڵمانەکان دابەش ئەبون بەسەر سوننیو شیعیو عەلەوی...دا. لەپاڵ ئیسلامدا ژمارەیەك لەئێلەکانی کورد لەسەر ئۆلی یەزیدی بون. لەهەندێ جێگەش کاکەیی یاخود وەکو پێیان ئەڵێن((عەلی ئیلاهی)) هەبون. سەرەڕای ئەمانە، مەسیحیو جولەکەشی لێ بوە. بەڵام مێژوی رابوردوی کورد باسی هیچ جەنگێکی دینیی ناوخۆی ناگێڕێتەوە، بەڵکو بەگشتی پێکەوە ژیانی بەئاشتیو هێمنایەتی زاڵبوە بەسەر پێوەندییەکانی نێوان ئەو مەزەبو دینانەدا.

شەرەف خان چەن روداوێکی مێژویی دەربارەی هاوکاری کوردی موسوڵمانو ئاسوری مەسیحی دژی دەسەڵاتی ئێلە تورکمانەکانی ئاق قوینلو ئەگێڕێتەوە":

روداوی یەکەم، لەرۆژانێکا کەئێلە تورکمانەکانی ئاق قوینلو بەسەرکردایەتی سۆفی خەلیلو عەرەبشا بەگ ناوچەی هەکارییان لەدەس میرەکانی هەکاری دەرهێناو مەڵبەندی هەکارییان داگیرکرد، ئاسورییەکانی دزە ئەبو رۆژانی شەمو،

داروو کەلوپەلی پێویست بەکۆڵ بگوێزنەوە بۆ ناو قەڵای دزە، کەناوەندی دەسەڵاتدارێتی هەکاریبو. میرەکانی هەکاری هەریەکەیان بەلایەکدا پەرەوازە بوبون. چەند ئاسورییەك بۆکارکردن رێیان ئەکەوێتە میسرو شام. لەوێ عزەدینی زێرین چنگ، کەیەکێ لەمیرە پەرەوازەکانی هەکاریبو، ئەدۆزنەوە. داوای لێ ئەکەن بەنهێنی بگەرێتەوە ناو ئەوان بۆ ئەوەی مەڵبەندی هەکاری ئازاد بکەن. عزەدین لەسەرگفتی ئەوان ئەگەرێتەوە هەکاریو لەناو ئێلەکانی ئەواندا خۆی ئەشارێتەوە تا رێوشوێنی گرتنەوەی ناوچەکە دائەنێن.

لەشەمەیەکدا، کە ئەبو ئاسورییەکان، بەکۆڵەدارەوە بۆ بێگار بچن بۆناو قەڵا، لەناو کۆڵەکانیاندا چەکیان حەشارداو، عزەدینیش جلی ئەوانی لەبەرکردو، لەگەڵ ئەواندا چوە ناو قەڵاوە، ئەوسا کۆڵەکانیان فڕێداو، تاوی چەکیاندا. عزەدین دەستی گرتەوە بەسەر قەڵاکەداو، کۆتاییان هێنا بەدەسەڵاتی ئاق قوینلو. دەسەڵاتی میرەکانی هەکاری بەیارمەتی ئاسورییەکان سەرلەنوێ دامەزرایەوە.[18]

روداوی دوەم، هەر لەساڵانی دەسەڵاتی ئاق قوینلودا، لەکاتێکا مەزنەکانی ئێلی رۆژکی خەریکی دانانی پلانی ئازاد کردنی بتلیس بون لەدەسەڵاتی داگیرکەر، محەمەد ئاغای کەلهوکی، کەمیرەکانی بەتلیسی بەنهێنی لەقومەوە هێنایەوە بۆکوردستان، ئەوەندە متمانەی بەئاسورییەکان ئەکرد، لەناو ئەواندا لەهەکاریدا حەشاری دان.[19]

کوردو ئاسوری هەردوکیان لەژێر دەسەڵاتی بابیعالیو دەرباری ئێرانیدا بون. شەریعەتی ئیسلام بناغەی قانونو جۆری رێکخستنی کاروباری هەردو دەوڵەت بو. لەژێر سایەی هیچ کام لەم دو دەوڵەتەدا موسڵمانو ناموسڵمان وەکو یەکو بەرامبەر نەبون. موسڵمان هاوڵاتی تەواو و، ناموسڵمانەکان بەتایبەتی مەسیحیو جو کەهەردوکیان بە((ئەهلی کتاب)) دانراون، لەریزی ((ئەهل الذمـة))دا بون، ئەرکو مافەکانیان بەو پێیە دیاری کراوە. نەستورییەکان وەکو بەشێکی مەسیحییەکان رەفتاریان لەگەڵ کراوە. ئەو قانونانەی بەسەر مەسیحییەکاندا سەپێنراوە، بەرامبەر بەوانیش جێبەجێکراوە. مەسیحییەکان بەگشتی لەژێر باری چەوسانەوەی دینیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا بون. لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندی نێوان موسڵمانانی کوردو ناموسڵمانەکانی دانیشتوی کوردستان، بەگشتی هێمنو ئاساییبوە. جەنگی مەزەبیو جەنگی دینی تێدا نەقەوماوە تاسەدەی ١٩هەم.

ئاسورییەکانی کوردستان لەسنوری ئەمارەتە ئۆتۆنۆمەکانی هەکاری، بۆتان، بادینان سۆراندا بەئاسودەیی ژیاون. مەلیکەکانی ئاسوری، خۆیان بەرپرسی ئێلەکانی خۆیان بون. ئەوان لەباتی هەمو ئێلەکانی خۆیان راستەوخۆ لەبەرامبەر

میرەکانی کورد یاخود راستەوخۆ لەبەرامبەر والیو کاربەدەستانی عوسمانیدا بەرپرسبون لەکۆکردنەوەی باجو سەرانەو سازدانی شەڕکەرانی هۆزەکانیان لەکاتی پێویستدا. ئەمیرەکانی کورد دەستیان نەئەخستە کاروباری ناوخۆی دینیی، کۆمەلایەتی، ئابوری، فەرهەنگییانەوە.

ریچ لەتێبینییەکانی خۆیدا لەسەر ئەوان نوسیویتی: ((بۆگەیشتن بەئاسیای بچوك بەم رێگەیەدا، پیاو ئەبێ بەو ناوچە سەختانەدا تێ بپەڕێ کەئێلە کلدانییە مەسیحییەکانی لێ ئەژین، ئەوانەی لام وایە" تەنیا مەسیحین لەرۆژهەلاتدا سەربەخۆیی خۆیان لەبەرامبەر موسلمانەکاندا پاراستوەو، بە بەهێزی خۆیان بۆ ئامادە کردوە.

هەر ریچ لەیادداشتەکانیدا ئەنوسێ: ((کێوی ترین ئێلەکانی جولە مێرگ یا هەکاری کەدابڕاون کلدانییەکانن، ئەوانیش چوارن. گوێ نادەنە میری هەکاری، ژیانێکی تەواو دڕندانە ئەژین، دینیان مەسیحییەو سەربە نەستوریوسن، پیاوەکانیان بەخورتی گەورەیی قەلافەتو ئازایەتی بەناوبانگن، ئەلێن تێپەڕین بەناوچەکانی ئەماندا مەترسی زۆرترە وەك لەناوچەی ئێلە موسلمانەکان. ئەوانە لەناوچەکانی نێوان ئامێدیو جولە مێرگدا دانیشتون، جگە لەوان تەنیا یەك ئێلی موسلمانی لێیە، جاروبار هەندێ باج بەمیری هەکاری ئەدەن، ئەگەر رازیکردن یا دلی نەرمکردن، بەلام بەزۆر نا))[20].

ریچ لەشوێنێکی تری گەشتنامەکەیدا نوسیویتی: ((جولەمێرگ پایتەختی ناوچەی هەکاری کوردییە. قوچانسی بارەگای پاتریارکی کلدانی لەوێیە، ئەو(پاتریارك-و.) لەهەر شەڕێکا کە لەنێوان میری هەکاریو ئێران بقومێ، خۆی سەرکردایەتی تیپی لەشکرئەکا... بەلێزانی بەکارهێنانی تفەنگ و شمشێر بەناوبانگە، هەروەکو هەمو دزەکانی سەربەو بەچاکی ئەیزانن.[21] کاتێ تەتەرەکەی ریچ ئەیەوێ بەناوچەی هەکاریدا رابورێ بۆ ئەوەی پۆستە بۆ ئەستەمبولّ ببا، زوبێر پاشای میری بادینان، ئامۆژگاری تەتەرەکە ئەکا: ((.. هەرچییەکیان لێ وەرئەگرێ نرخەکەی بدا، رەزیلی لەدانی نرخی هیچ خواردنێکا نەکا کەبۆی دائەنێن، بەلکو هەرچییان بۆدانا بیخواو ستایشی بکا، چونکە ئەوانەی ئەو بەناوچەکەیاندا ئەڕوا، لەهەموکەس دڕترو، تورەترن... بچوك ترین دەسدرێژی بۆ سەریان ئەبێتە هۆی تیاچونی))[22]

یەکێ لەتاکتیکەکانی بابی عالیو دەرباری ئێرانی بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی خۆیان، نانەوەی دوبەرەکیو دروست کردنی دوژمنایەتیبو لەناو بنەمالەو هۆزو ئێلو گەلو نەتەوەو دینو مەزهەبە جیاوازەکانی ناو قەلەمڕەوەکانیاندا. سونییان

ئەکرد بەگژ شیعەداو، موسوڵمانیان لەمەسیحیو جو هانئەدا. ئێلەکانیان بەرئەدایە یەکتریو پیاوەکانی خێزانێکیان ئەکرد بەدوژمنی یەکتری. دزەکردنی دەوڵەتانی ئەوروپی بۆ خۆ خزاندنە ناوچەکەوە، دوایی‌تر ناردنی میسیۆنی دینیی ئاگری ناکۆکی دینیی مەسیحی- موسوڵمانی خۆشترکرد.

لەکاتی راپەرینەکەی بەدرخان بەگدا، پەیوەندی کوردو ئاسوری بەفیتی دیپلۆماتو میسیۆنەکانی بێگانە تێکچو. پێکادانی خوێناوی قوما(١٨٤٣). پ. روندو، لەسەر ئەو روداوانە نوسیوێتی: ((... ئەم تێکهەڵچونانەی نێوان کوردو مەسیحییانی کێونشین، کە لەروی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لەیەك ئەچن، پێوەندییان بەکاروباری خێڵەکییەوە هەبوە نەك بەکاروباری دینییەوە))[23] بەلاّم دوای ئەوە پێوەندییەکان سەرلەنوێ ئاسایی بونەوەو چوەوە دۆخی جارانی.

لەکاتی شۆرشەکەی یەزدانشێردا، هەندێ لەنەستورییەکان، بەشداربون.[24]

شێخ عوبەیدوڵلا لەکاتی خۆئامادە کردنی‌دا بۆ شۆڕش دژی تورکو عەجەم تەقەلایەکی زۆری‌دا بۆ ئەوەی بیانکات بەهاودۆستو هاوپەیمانی خۆی. لەگەڵ ئەوەی تەقەلاکانی سەری نەگرت. ئاسورییەکان، بەپێی ئامۆژگاری دیبلۆماتو میسیۆنیرەکان، لەجولاّنەوەکەی شێخ بێلایەن راوەستان. شێخ رێزی بێلایەنییەکەی گرتن. لەو جەنگە خوێناوییەدا کە لەورمێو دەوروبەری‌دا قوما نەی هێشت مەسیحییەکان توشی زەرەرو زیان بن. تەنانەت هەندێجار مەزنەکانی مەسیحییەکان بۆ ناوبژی ئەکەوتنە بەینی شێخو کاربەدەستانی ورمێوە. بگرە لەگەرمەی شەڕەکاندا کاتێ نوێنەرانی مەسیحییەکانی ورمێ چونە لای شێخو داوای پارێزگاری سەرو سامانی مەسیحییەکانیان لێ کرد، شێخ بێ دودڵی گفتی سەلامەتی سەروسامانی پێدانو، بەڵێنەکانی خۆیشی بەجێهێنا.[25] شێخ نەیهێشت ئاسورییەکان لەشەڕەوە بگلێن، یا توشی‌کوشتنو تالاّن بن.

لەساڵانی ١٨٩٤ تا ١٨٩٦ کاتێ بابیعالی فەرمانی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنیەکانی دەرکرد، ئۆردوی تورك بێ بەزەییانە کەوتە جێبەجێ کردنی ئەوکارە. لەوەش‌دا ئالاّ حەمیدییەکان، کە لەهۆزەکانی کورد پێك هات بون، بەشداربون. بەلاّم ئاگری ئەم مەینەتییە ئاسورییەکانی نەگرتەوە. بەڵکو پەیوەندی کورد لەگەڵ ئاسوری ئاسایی بو. شێخ عبدالسلام بارزانی کاتێ لەبەر هێرشی فراوانی ئۆردوی تورك‌دا خۆی پێ رانەگیراو ناچاربو لەناوچەی بارزان بکشێتەوە، ماوەیەك خۆی لەشوێنێکی ئەمێن‌دا حەشاربدا، روی‌کردە بارەگای سەرەکی ئاسورییەکان، قوچانس. مارشیمۆن لەوێ داڵدەی داو شاردیەوە تا سەرلەنوێ هێزەکانی خۆی رێك‌خستەوە.[26]

٣/١ دەسوەردانی دەوڵەتانی ئەوروپی لەکاروباری ناوخۆی رۆژهەلات

لە سەرەتای سەدەی ١٩ هەمدا دەوڵەتانی بەهێزی ئەوروپی چاویان بڕیبوە رۆژهەلاتی ناوەراست، ئەیان ویست چارەنوسی ئیمپراتۆریی عوسمانی، کەچوبوە قۆناغی لاوازیو داوەشینەوە، دیاری بکەن. هەر لەو زەمانەوە لەناو سیاسیەکانی ئەوروپادا زاراوەیەك بەناوی((کێشەی رۆژهەلات))ەوە کەوتە سەر زمان. بەریتانیا((پارێزگاری رێگەی هیندستان))و روسیا((گەیشتن بەدەریای ئازاد))و، فەرەنسە((پاراستنی کاسۆلیکەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی))یان، کردبوە بنچینەی جموجوڵی سیاسی، جەنگی، ئابوری، خۆیان لەناوچەکەدا. دەوڵەتانی ئەوروپی لە پەیجوری قازانجەکانی خۆیان دا ناکۆك بون لەسەرئەوەی" سەربەخۆیی ئیمپراتۆریی عوسمانی بپارێزرێ یا قەڵەمرەوەکەی دابەش بکرێو، مەسیحییەکانی ئەوێ لەژێردەسەلاتی سوڵتانی عوسمانیدا بمێننەوە یا بەگوێرەی جیاوازی نەتەوەکانیان داوودەزگای تایبەتی خۆیان هەبێ. ئەم ناکۆکیانە لەسیاسەتی دەرەوەی بەریتانیاو روسیاو فەرەنسەدا رەنگی ئەدایەوەو کاری ئەکردە سەرگەلی کوردو جولانەوە نەتەوەییەکەی کەتازە خەریکی گەشانەوەو گەلالە بون بو. لەئەنجامی ئەو سیاسەتەدا، دوکێشە تێکەلاوی مێژوی کوردو گەلە مەسیحییەکانی هاونیشتمانو دراوسێی بون" یەکێکیان، دەوڵەتانی ئەوروپی کەئیتر بەهێز بوبون، کەوتبونە پەلهاوێشتن، چاویان بڕیبوە قەڵەمرەوی عوسمانیو ئێرانی، بۆ ئەم مەبەستەش کەوتبونە هاندانی ناردنی میسیۆنی دینیو، بەکارهێنانی مەسیحییەکانی هاوولاتی ئەم دو دەوڵەتە بۆ دەسوەردانە کاروباری ناوخۆی رۆژهەلاتی ناوەراستو، بەهێز کردنی جێگە پێی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی خۆیان لەناوچەکەدا. ئەویتریان، هاندانی بابیعالی بۆ نەهێشتنی دەسەلاتی گەورەکانی کوردو لەناوبردنی ئەمارەتە ئۆتۆنۆمەکانیانو چەسپاندنی دەسەلاتی ناوەندیی تورك لەجێگەی دەسەلاتی ئەوان.

١/٣/١ هاتنی میسیۆنی دینی

یەکێ لەتاکتیکەکانی دەوڵەتانی ئەوروپی بۆکردنەوەی جێگە پێی خۆیان لەناوچەکەدا ناردنی میسیۆنی دینیی بو. بۆ پەرەپێدانی جولانەوەی میسیۆنیی چەندین داوودەزگاو رێکخراو لەئەوروپاو ئەمریکا دامەزرا بون.

ئەم دامەزراوە دینییانە چاویان بڕیبوە ئاسورییەکانو، هەوڵیانئەدا کەلك لەهەلومەرجی نالەباری ژیانی ئەوانو چەوسانەوەی دینیو کۆمەلایەتیو ئابورییان وەربگرنو، لەناو ئەواندا جێگەی خۆیان بکەنەوەو، لەرێگەی ئەوانەوە پەل بهاوێ. چەند جار نوێنەری خۆیان نارد بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی چالاکی خۆیان

لەناو ئاسورییەکانی کوردستاندا. گرانت، پزیشکێکی میسیۆنێرلە ١٨٣٩ دا سەردانێکی کوردستانیکرد، لەو سەردانەدا سەری ئاسورییەکانیشیدا، هەر لەئەنجامی ئەم سەفەرەدا ناوەندێکی گەورەیان لەئاشیتا لەهەکاری دامەزران.

میسیۆنی فەرەنسی، روسی، بەریتانی، ئەمریکایی، هی فاتیکان، لەسەرانسەری ناوچەکەدا کەوتبونە جموجوڵو، دامەزراندنی ناوەندی میسیۆنێری، خوێندنگا، نەخۆشخانە. لەهەندێ شوێن ئەم ناوەندانەیان دەکردە قەڵای جەنگیو، ئەبو بەهۆی دروست بونی ترس وپەژارە لەدڵی گەورەکانی کوردا، کەموسوڵمان بون ولەبن تەئسیری هاندانی دینیی مەلاکاندا بون.

ورمێ بوبوە ناوەندێکی گرنگی میسیۆنە مەسیحییەکان، تەنانەت فاتیکان لەباتی ئەوەی سەفیری خۆی لەتاران دابنێ، کەپایتەختی ئێرانبو، لەورمێ بارگەی خستبو. لەوێوە سەرپەرشتی هەمو دەزگا کاتۆلیکییەکانی ئەکرد.[27] لەقەڵەمڕەوی عوسمانیشدا، میسیۆنە مەسیحییەکان کەوتبونە چالاکییەکی فراوان، بەتایبەتی چونکە ژمارەی مەسیحی لەوێ زۆرترو، مەترسی عوسمانی بۆ سەر ئەوروپا کاتیخۆی لەهی ئێران گەورەتربو.

١. میسیۆنی فەرەنسی

ئێران لەجەنگی روسی-ئێرانیدا(١٨٠٣-١٨١٣) شکا، لەوکاتەدا فەرەنسەش لەجەنگدابو لەگەڵ روسیا. کاتێ فەتح عەلی شای ئێران بەوەی زانی نامەیەکی بۆ ناپلیۆن نوسی. داوای هاوکاری لێ کرد دژی روسیا. لەئەنجامی ئەوەدا پەیمانی فینکن شتاین(١٨٠٧) لەنێوان ئێرانو فەرەنسەدا بەستراو ناپلیۆن دەستەیەکی بەسەرۆکایەتی جەنەراڵ گاردان ناردە ئێران(١٨٠٧). لەناو ئەم دەستەیەدا، لەپاڵ ئەفسەری پسپۆری جەنگیو هەندەسەو پزیشکیدا، دو قەشەی جەزەویتیان لەگەڵبو. ئەم قەشانە ورمێیان کردە بارەگای خۆیان، ئەرکی سەرەکییان ئەوەبو بەرهەڵستی چالاکی روسو ئینگلیز بکەن لەئێراندا. هەر لەسەرەتاوە کەوتنە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ نەستورییەکان.

ئاڵوگۆڕەکانی ناو فەرەنسە، تەگەرەی لەکاری کەنیسەکان نەداو ئەوان درێژەیان بە تەقەلاکانی خۆیاندا. میسیونی فەرەنسی لە١٨٤١ دا لەورمێ جێگیربو، سەرەتا ٣ فێرگەی لەئاواییەکانی ئەردشاهیو باریاریو موانە لەنزیك ورمێ کردەوە، هەمان ساڵ دو خوێندگا، یەکێکی کوڕانەو یەکێکی کچانەشیان لەناو شاری ورمێ دامەزران.[28] زۆری نەخایان ٣٥ خوێندنگایان لەگوندەکانی ورمێدا کردەوە. لەم خوێندنگایانەدا جگە لەدەرسی دین، زمانی فەرەنسیو زمانی فارسیشیان فێرئەکردن.

میسیونی فەرەنسی چاپخانەیەکیان لەورمێ دامەزران بۆ چاپی کتێب بەزمانو پیتی کلدانی. لە ١٨٩٦ ەوە کەوتنە چاپو بڵاوکردنەوەی مانگنامەی((کالا دشرارا))واتە((دەنگی راستی))[٢٩]

٢. میسیۆنی ئەمریکایی

ساڵی ١٨٢٩ دامەزراوێکی دینیی ئەمریکی بۆ ناسینی هەلومەرجی ژیانی نستورییەکانو هەواڵی دانانی بارەگای میسیونی ئەمریکایی دوکەسی بەناوی سمیسو دوایت نارده ناوچەکانی ژیانی ئەوان. پاش گەشتەکەی ئەمان لە ١٨٣٢دا میسیونێکیان بەسەرۆکایەتی پیرکینز نارده ورمێ.[٣٠] پیرکینزو تاقمەکەی سەر بەرێبازی پریسبیتریانی نیویورك بون.[٣١]

پیرکینز لە ١٨٣٦دا خوێندنگایەکی لەورمێ دامەزرانو کەوتە هەوڵدانی پەرەپێدانی خوێندەواری، پاش ٣ ساڵ ژمارەی خوێندنگاکانی گەیشتە ١٢ولە ١٨٤٠دا لە ٧٠ گوندا خوێندنگای دامەزراند بو.

هەر لەو ساڵەدا یەکەمین چاپخانەی لەورمێ دامەزراند کەخاوەنی تیپی سریانی، عەرەبی، ئینگلیزیبو، یەکەم کتێبی بەزمانو تیپی سریانی پێ چاپ کرد.[٣٢] بەم پێیە ورمێ لەدوای تەورێزو تاران، سێیەمین شاری ئێران بو کەدەزگای چاپی تێدا دابمەزرێ.[٣٣]

یەکەمین رۆژنامە لەئێراندا لە ١٢٥٠ی کۆچیدا لەتارانو پاش ١٧ ساڵ دوەمین رۆژنامەی رەسمی بەناوی((وقائع اتفاقیە)) لە ١٢٦٧ دا هەر لەتاران بڵاوکراوەتەوە. لەهەمان ساڵدا، هەمان میسیون لە ١ی کانونی یەکەمی ١٨٥١ەوە کەوتە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری((تحریرا دی باحرا، واتە پرشنگی روناکی)). بەم پێیە سێیەمین رۆژنامە لەسەرانسەری ئێراندا لەورمێ لەلایەن ئەمانەوە بەزمانی کلدانی دەرچوە.[٣٤]

میسیونی ئەمریکایی توانای دارایی لەمیسیونەکانیتر زۆرتربو. بۆ ئەوەی نفوزی خۆی لەناو مەسیحییەکاندا بەهێزتر بکا ئەی توانی لەوانی کەزیاتر بایەخ بەدامەزراندنی فێرگەو نەخۆشخانە بدا. ورد بونەوەیەك لەئاماری خواری رادەی بایەخدانی میسیونی ئەمریکایی بەخوێندەواری دەرئەخا:

ساڵانی	ژمارەی فێرگە	ژمارەی قوتابی
١٨٣٧ تا ١٨٤٧	٢٤	٥٣٠
١٨٤٧ تا ١٨٥٧	٥٠	٤٩٨
١٨٥٧ تا ١٨٦٧	٥١	١٠٩٦

١٨٦٧ تا ١٨٧٧	٥٨	٢٠٢٤
١٨٧٧ تا ١٨٨٧	٨١	١٨٣٣
١٨٨٧ تا ١٨٩٥	١١٧	٢٤١٠ [٣٥]

جگە لەكاروباری دینی، جوگرافیا، میژووی گشتی، فیربونی زمانەكانی سریانی، ئینگلیزی، فارسی، توركیشیان خستبوە بەرنامەكانی خویندنەوە.[٣٦]

دكتۆر كاكران پاش تەواوكردنی خویندنی پزیشكی لەئەمریكا، نەخۆشخانەیەكی لە ١٨٧٩دا لەورمێ دامەزراند، لەوێدا سەرەڕای تیماركردنی نەخۆش، دەرسی پزیشكی بەهەندێ لەخویندكارەكانیش ئەگوت.[٣٧]

٣. میسیۆنی ئینگلیزی

لەكاتی شۆڕشی بەدرخان بەگدا، ئاسورییەكان لەشەڕەوە گلان. دیپلۆماتەكانی ئینگلیز لەلایەكەوە هانی نستورییەكانیاندا دژی بەدرخان رابوەستنو، لەلایەكی ترەوە هانی كاربەدەستانی توركیاندا جوڵانەوەكەی بەدرخان دابمركیننەوە. لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەدا پێشەوای نستورییەكان لە ١٨٤٣ دا داوای یارمەتی لەسەرۆكی قەشەكانی كانتەربەری كرد.[٣٨] ئەگەرچی مارشیمون دەستدرێژی كوردی كردبو بە بەهانە، بەڵام هۆی راستەقینەی ئەم خواستە ترسی مارشیمون بو لەپەرەسەندنی نفوزی مسیونەكانیتر. لەم بارەیەوە ئوژن ئوبن، سەفیری فەرەنسی نوسیوێتی:((مارشیمون بۆ پاراستنی خۆیو میللەتەكەی لەكار تێ كردنی نفوزی كاسۆلیكی فەرەنسیو پریسپیترایینی ئەمریكایی داوای یارمەتی لەكونسوڵی ئینگلیز كرد لەموسل، بەهۆی ئەوەوە سەرۆكی قەشەكانی كانتەربیری هەیئەتێكی ناردە بارەگاكەی مارشیمون بۆ قوچانس هەروەها لە وانو ورمێ بنكەیان دامەزران))[٣٩]

بەریتانیا قازانجی لەوەدا نەبو مەسیحییەكان لەژێر ناوی كاسۆلیكێتیدا خۆیان بخەنە ژێر چەتری پاریزگاری فەرەنسییەوە، لای بابی عالی ئەوەی كرد بە بەهانەی دەسوەردانە كاروباری نستورییەكان. ئیرل كلارندون، وەزیری كاروباری دەرەوەی بەریتانیا لەنامەیەكیدا ساڵی ١٨٥٧ بۆ سیر ستراتفور كانینگ، سەفیری بەریتانی لەتوركیا نوسیوێتی: ((حكومەتی خاوەن شكۆ بەخۆشییەكی زۆرەوە گەرەكێتی رادەی سەركەوتنی ئەو تەقەلایانە بزانێ كەئەتوانن بەقازانجی ئەو میللەتە چەوساوەیە بیدەنو سەرەنجام ئاواتەكانیان چیە)). پێشەوای دینیی نستورییەكان راستەوخۆ نامەیەكی بۆ شاژن ڤیكتۆریا نوسی، لەهەردو ئەنجومەنی لۆردەكانو خەڵكدا خوینرایەوە، كۆرە رەسمییەكانی بەریتانیا بەگرنگی پێدانەوە وەریان گرت.

لۆرد راسل نامەیەکی بۆ نوێنەری بەریتانیا لای بابیعالی نارد، تییا نوسیبو: ((بەعەلی پاشا رابگەیەنە کە بەختیاریو چاکەیْ نستورییەکان کارێکە بەلای حکومەتی خاوەن شکۆوە زۆرگرنگە، ئەبێ ئاگاداری بکەی کەدەسبەجێ رێوشوێن دابنێن بۆ لابردنی زوڵم لەسەریان)) [40]

سەرۆکی قەشەکانی کانتەربیری بەنوێنەرایەتی کەنیسەی ئەنگلیکانی دەستەیەکی نارد بۆ لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی نستورییەکان. ئەم دەستەیە لەناوچەی جولەمێرگ پێشەوای نستورییەکانی بینی، هەروەها ٨ قەشەی لەتورکیاو ٣ قەشەی لەئێران بینی. لەپاش گەڕانەوەی ئەم دەستەیە لە ١٨٨٦ دا میسیونێکی هەمیشەیی بەسەرۆکایەتی کوتس ناردە چیاکانی هەکاریو دوکتۆر ولیام براون ی بەراوێژکاری مارشیمۆن لەقوچانس دانا، براون ماوەی ٢٥ ساڵ لەلای مارشیمون مایەوە، هاوزەمانی دو ماربو تا لە ١٩١٠ دا لەوێ مرد. [41]

٤. میسیۆنی روسی

روسیا لەسەردەمی پیتەری مەزنەوە چاوی بڕیبوە داگیرکردنی ئێران، بۆ ئەو مەبستەش هەوڵیئەدا کەڵك لەمەسیحییەکان وەربگرێ. لەساڵانی جەنگەکانی روسی-ئێرانی دا(١٨٢٦-١٨٢٨) هەندێ لە نستورییەکانی وەکو رێبەرو چاوساغ بەکارهێنا. پاش ئەو شەڕانە سەدان خێزانی نستوری ناچاربون بەکۆمەڵ کۆچ بۆ قافقاز بکەن. پەیوەندی روسی- نستوری پتەوتر ئەبو. لەچلەکانی سەدەی ١٩ هەمدا، شیلمون ئاراجان، یەکێ لەقەشە نستورییەکان لەئێرانەوە چو بۆ دیتنی حاکمی قەفقاز، فورتنسوف. قەشە داوایلێ کرد رێ بدرێ بەهەمو نستورییەکانی ئێران بەکۆمەڵ بگوێزنەوە بۆئەوێ، بەڵام فۆرتنسۆف ئەم خواستەی نسەلماند، چونکە پێی وابو ئەگەر لەمەڵبەندەکانی خۆیان دا بمێننەوە ئەتوانن زۆرتر خزمەتی روسیە بکەن. لەم بارەیەوە نامەیەکی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، نیسلرود، نوسی تێیدا ئەڵێ: ((ئێمە ناتوانین رێ بە نستورییەکان بدەین بگوێزنەوە بۆ قافقاز، بەڵام ئەبێ پەیوەندی باشیان لەگەڵ ببەستینو، ئەبێ لەبەرامبەر حکومەتی ئێرانیدا پارێزگارییان بکەین، بۆ ئەوەی باوەڕو دڵسۆزییان بەدەس بهێنین، چونکە لەدوارۆژدا کەڵکێکی گەورەیان لێ وەرئەگرین))

لەکاتی جەنگی قرمدا(١٨٥٣ - ١٨٥٦) پێشەوای نستورییەکان ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری لەگەڵ روسیەو کەوتە گفتوگۆ بۆ ئەوەی کەنیسەی نستوری بخرێتە سەرکەنیسەی سلاڤی روسی. لە ١٨٩٨دا ماریۆنان بەنوێنەرایەتی پێشەوای نستورییەکان چو بۆ پیتەربۆرگ، لە ئەنجامی ئەوەدا روسیەکان لە ١٩٠٠وە دەستەیەکی گەورەی ئورتودوکس یان ناردە ورمێو بەگەرمی کەوتنە

چالاکی. لەلایەن مەسیحییەکانی ئەوێشەوە بەگەرمی پێشوازی کرانو، ئەوانیش ئەوێیان‌کردە بنکەی چالاکییەکانی خۆیان.[42]

لە ١٩٠١ەوە گۆڤاری کلدانی زمانی ((ئورمیێ- ئورتودوکسانا)) یان بڵاوکردەوە.[43]

٢/٣/١ ئەنجامی کاری میسیۆنەکان

بەدرێژایی سەدەی ١٩ هەم دەوڵەتانی ئەوروپی لەهەوڵدانێکی بەردەوامی سیاسیو جەنگیو ئابوری دا بون بۆ ئەوەی جێگە پێی خۆیان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتیو، لەناو سەرزەمینی ئێرانیو عوسمانیدا بەتایبەتی قایم بکەن. هەریەکەیان لەپەیجوری جێبەجێ کردنی ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیو لەسۆراخی دابین کردنی قازانجەکانی خۆی دابو. ئامانجەکانی دەوڵەتانی ئەوروپیو قازانجو دەسکەوتەکانیان لەناوچەکەدا هەمیشە لەگەڵ یەك جوتوگونجاو نەبون. روسیا چەندی بۆی بکرایە هەوڵی پەلهاوێشتنی لە ئەرزی عوسمانیو ئێرانیدا ئەدا، قازانجی لەقوت دانی هەردو دەوڵەت دا بو، بەڵام بەریتانیا قازانجی لەمانی ئەم دو دەوڵەتەدابو، بۆ ئەوەی وەکوکۆسپ لەبەردەم روسیادا بوەستنو نەهێڵن سنوری دەسەڵاتی روسی بگاتە سەرئاوی گەرمی دەریا ئازادەکانو قازانجەکانی بەریتانیا لە هیند بخاتە مەترسییەوە. فەرەنسەش لەلایەکەوە بۆ بەرەنگاری روسی پێویستی بەمانی ئەم دو دەوڵەتەو لەلایەکی ترەوە بۆ هەڕەشەکردن لەبەریتانیا پێویستی بەجێگە پێو بنکە بو لەم وڵاتانەدا. ئەم دەوڵەتانە هەریەکەیان بەشێوەی تایبەتی خۆی هەوڵی بەجێ هێنانی ئامانجەکانی ئەدا. یەکێ لەرێگەکانی دزەکردن بۆ ناوچەکەو جێگیربون تێیدا گرنگی دان بو بەناسینو کۆکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆر لەسەر ئەم وڵاتانە. لەوەشدا هەروەکو گەرۆكو زاناکانی مێژو، ئارکیۆلۆجی، جوگرافیا، زمانەوانی کەڵکی زۆریان بۆ دەوڵەتەکانی خۆیان هەبو. میسیۆنە دینییەکانیش، بەهۆشیاری یالەڕوی بێ ئاگاییەوە، دەوری کاریگەریان هەبو لەجێبەجێ کردنی ئەوئەرکەدا.

لەناو مسیۆنێرەکاندا رەنگە مرۆڤی چاکەخواز، لەخۆ بوردو، خۆنەویست، خواپەرست زۆر بو بنو رەنگە زۆربەیان بەنیازی پاکی گەیاندنی پەیامی پیرۆزی مەسیحو پێشکەوتنی ئەوروپاو یارمەتی دانی گەلە مەسیحییە دواکەوتوە چەوساوەکانی ناوچەکە هاتبنو، ساڵانی درێژی تەمەنی خۆیان بۆ ئەو مەبستە تەرخان کردبێ. ئەوانە لەچەندین شوێنی دورو دواکەوتودا فێرگەو نەخۆشخانەیان دامەزراند. چەندین لێکۆڵینەوەی بەنرخیان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی گەلانی ناوچەکە نوسی. خوێندەواریو رۆشنبیرییان لەسنورێکی دیاری کراودا

بلاوكردەوە. چەندین چاپخانەیان دامەزراندو چەندین كتێبو گۆڤاریان چاپكرد بەلاّم هەمو هەوڵو تەقەلای خێرخوازانەی ئەمانە لەدوا هەڵسەنگاندندا ئەرژایە ناو هەوڵی جێبەجێ كردنی ستراتیجی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەوروپییەوە كەچاویان بڕیبوە دەس بەسەراگرتنو داگیركردنی ناوچەكە. لەوەشدا هەم میسیونێرەكان بون بەیەكێ لەدەسكەلاكانی جێبەجێ كردنی ئامانجی نارەوای دەوڵەتەكانیانو، هەم مەسیحییەكانی ناوچەكەش بون بەقوربانییەكی بێ دەسكەوتی ئەو ستراتیجە، چونكە بون بە هۆی:

١. تێكدانی تەبایی مەزەبی

كەنیسەكانی ئەو دەوڵەتانەی میسیونی خۆیان ئەنارده ناو مەسیحییەكان لەمەزەبدا یەكگرتو نەبون، بەڵكو لەسەرمەزەبی جیاواز بون. كەنیسەكان لەگەڵ یەك جیاوازو ناكۆك بون. هەریەكەیان هەوڵی ئەدا باوەڕی خۆی بباتە ناو مەسیحییەكانەوە. لەوەشدا ئاسورییەكان لەچاو گەلە مەسیحییەكانی تردا لەهەمویان زیاتر توشی زەرەربون. باوەڕی مەزەبیو نەتەوەیی لەلای ئەرمەنییەكان تێكەلاّو بوبو، دینو مەزەبی بێگانە بەئاسانی نەی ئەتوانی كاریان تێ بكا. بەلاّم ئاسورییەكان هێشتا لەپلەیەكی نزمی پێشكەوتنی فەرهەنگییو كۆمەلاّیەتیو ئابوریو سیاسیدا بون، بەژمارە كەمو لەیەك دورو دابڕاوبون ، میسیونە جیاوازەكان بەئاساتی ئەیانتوانی ریزەكانیان كون بكەنو مەزەبیان پێ بگۆڕن. لەئەنجامی كاری میسیونە جیاوازەكاندا تەبایی مەزەبیی لەناو ئاسورییەكاندا نەما. ئەگەر لەپێشدا هەمویان یازۆرایەتییان نستوریو كەمایەتییەكیان كاسۆلیكی سەر بەڕۆمابون، ئەوا دوای هاتنی ئەوانە ئەم گەلە بچوكە دابەشبو بەسەر چەند مەزەبی جیاوازی ناكۆكی وەكو پرۆتستانتی، كاسۆلیكی، ئەنگلیكانی، ئارتۆدۆكس...

٢. تێكدانی پێوەندی ئاسوری- كوردی.

لەپێش هاتنی میسیونە ئەوروپییەكاندا پێوەندی ئاسوری- كوردی تا ئەندازەیەكی باش ئاسایی بوە. مێژوی ناوچەكە باسی هیچ پێكادانێكی خوێناوی گەورەی نێوان ئەم دو گەلە ناگێڕێتەوە. بێگومان ئاسورییەكان لەبەرئەوەی مەسیحی، یاوەكو پێیان گوتون((غەیرە دین))و((كافر)) بون، لەمافی دینی، سیاسی، ئابوری، كۆمەلاّیەتی... دا وەكو یەك نەبون لەگەڵ كورد یا لەگەڵ موسوڵمانەكانیتر، ئەوانە لەریزی ئەهلی زیمەدا بونو ئەبو((جزیە)) بدەن. مەزنەكانی كورد هەروەكو دانیشتوانو ئێلەكانی ژێردەستی خۆیان ئەچەوساندەوە، ئەبێ ئاسورییەكانیان زیاتر چەوساندبێتەوە، لەوەشدا جگە لەدواكەوتنی گشتی

سیاسیو کۆمەڵایەتی هەموکورد، هەستی دینیو هاندانی مەلاکانی کورد دەورێکی کاریگەریان هەبوە. ئەگەرچی تەبایی دینیو مەزەبی هەرگیز لەناوکوردا نەبوە. لەکوردستاندا ئیسلامو مەزەبە جیاوازەکانی، کاکەیی- ئەهلی هەق، پێڕەوانی ئولی یەزیدی، مەسیحی، جو... هەبونو لەپاڵ یەکدا ژیاون. بەڵام لەمێژوی کوردا باسی جەنگی دینیو مەزەبی زۆر نیە، چەند جارێ قەتلوعامی یەزیدی کراوە، بەڵام باسی شەڕو پێکدادانی دینو مەزەبەکانیتر نیە، بەتایبەتی شەڕی مەسیحی-موسوڵمان تا هاتنی میسیونەکانی بێگانە.

میسیونێرەکان دەورێکی کاریگەریان هەبو لەهاندانی ئاسوریەکاندا دژی گەلە موسڵمانەکانی دراوسێیان، بەتایبەتی دژی گەلی کورد کە نەخۆی دەوڵەتی تایبەتی خۆی هەبو، وە نە هیچ دەوڵەتێکی بێگانەش پشتیوانی لێ ئەکرد. هەر بۆ نمونە یەکێکیان لەنامەیەکیدا ساڵی ١٨٣٦ کەبۆ مارشیمۆنی نوسیوە، ئەڵێ: ((ئەوکوێرەوەرییەی خۆتو گەلەکەت لەم ناوچەیەدا، بەدرێژایی ئەوماوەیە بەسەرتان هاتوە، هەموی لەئەنجامی زوڵمی ئیسلامیدایە ... ئەوەش بەزەییو هاودەردی برا مەسیحییەکانی ئەمریکاتانی وروژاندوەو سەرنجی راکێشاون بۆ مەسەلەکەتان))[٤٤]

ئەم جۆرە پەروەردە کردنو راهێنانە، لەو خوێندنگایانەی ئەمانە دایان ئەمەزرانو، لەئامۆژگاری دینی ناو دیرەکانو، لەرەفتاری رۆژانەیاندا رەنگی ئەدایەوەو، کاری ئەکردە سەر دروست کردنی دوژمنایەتی لەبەینی مەسیحییەکانو موسڵمانەکاندا.

لەکاتێکا میرەکانی بۆتان، هەکاری، بادینان خەریکی خۆسازدان بون بۆ بەرهەڵستی هێرشی تورك بۆ سەر کوردستان، ناکۆکی لەبەینی کوردو مەسیحیدا تەقییەوە.

بەریتانیا نەی ئەویست تورکیا لاواز بێ، یا هیچ بەشێکی لێ جیاببێتەوە، لەترسی ئەوەی نەوەکو کزی عوسمانی ببێتە هاندەری روسیا بۆ داگیرکردنی، بۆیە ئینگلیزەکان دژایەتی هەمو بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیی- خوازی کوردیان ئەکرد. بۆ ئەو مەبستەش" لەلایەکەوە نفوزی خۆیان لەناو مەسیحییەکاندا، بەتایبەتی لەناو ئاسوریەکاندا، بەکار ئەهێنا کە لەهیچ بزوتنەوەیەکی کوردا دژی حکومەتی عوسمانی بەشدار نەبن، بەڵکو ئەگەر بۆیان بکرێ تەگەرەی لێ بدەنو دژی بوەستن. کەچی لەلاکەی ترەوە، زۆریان لەبابی عالی ئەکرد بۆ پاراستنی هێمنیو ئاسایشو، سەلامەتی ئاسوریەکان، لەشکر بنێرێتە سەرکوردستانو دەسەڵاتی میرو مەزنەکانی کورد نەهێڵێ.

لەکاتی خۆ ئامادەکرنی بەدرخان بەگدا بۆ بەرهەڵستی پەلاماری تورك، نورالله بەگ مەزنی هەکاری کەیەکێ لەهاوکارە نزیکەکانی بەدرخان بەگ بو نامەیەکی بۆ مارشیمون نارد بۆ ئەوەی یەکتری ببینن‌و، گفتوگۆ بکەن بۆ بەلادا خستنی ناکۆکیەکان‌و، دانانی رێوشوێنی پێکهاتن‌و هاوکاری، کەچی میسیونێری ئینگلیزی بادجەر تەك نەیهێشت مارشیمون، نورالله بەگ ببینێ، بەڵکو وای لێ کرد پەنا بۆ بابیعالی ببات، داوای سەرکوت کردنی کوردەکانی لێ بکا.[٤٥] کونسولی بەریتانی لەموسڵ بەناوی پارێزگاری نەستورییەکانەوە لەدەستدرێژی کورد داوای لەکاربەدەستانی تورك کرد بەدرخان‌و بزوتنەوەکەی لەناوببەن.

بادجەر لەراپۆرتێکا بۆ((کۆمەڵی بڵاوە پێدانی ئینجیل)) نوسیویتی: ((نورالله بەگ میری هەکاری سەربەخۆیی لەنەستورییەکان زەوت کردوە، ئەگەرئەو یارمەتییە کاتییە نەبوایە کەئێستە ئەیان درێ، کوردەکان سەریان پێ دانەواندبون بۆ قانونەکانی خۆیان کەقانونی جەنگەڵە))[٤٦]

کونسولی ئینگلیز لەموسڵ‌و وان هانی ئاسورییەکانیان‌دا دژی بزوتنەوەکەی بەدرخان بەگ رابوەستن‌و، باجی نەدەنێ. ئەوەش بو بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی لەنێوان کوردو ئاسوریدا(١٨٤٢-١٨٤٣) ئاسورییەکان لەو شەڕانەدا توشی زەرەری گیانیی‌و ماڵی زۆربون. نوێنەرانی دەوڵەتە مەسیحییەکانی ئەوروپا بەتایبەتی دیپلۆماتەکانی ئینگلیز ئەوەیان کردە بەهانە بۆ خۆتێ هەڵقورتان‌و بۆگوشار بۆ سەر بابیعالی‌و، داوای تەمێ کردنی کوردو، پاراستنی مەسیحییەکان لەکوردو، دامەزراندنی دەسەڵاتی ناوەندیی تورك لەناوچەکەدا.

هەڵوێستی دوژمنانەی نوێنەری بەریتانیا لەبەدرخان بەگو هاندانی بابیعالی بۆ لەشکر کێشی بۆ سەر بۆتان، لەدوای‌ترا بەجۆرێ لەبۆچونی سەرکردەکانی کوردا، وەکو شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی‌و کوڕانی بەدرخان‌دا، رەنگی‌دایەوە کەهەرگیز باوەڕیان بە بەریتانیا نە ئەکردو، ئەیان ویست لەبەرامبەر بەریتانیادا پشتیوانی روسیا بەدەس بهێنن.

هەر لەئەنجامی هاندانی میسیونێرە بێگانەکاندا، ئاسورییەکان لەبەدرخان بەگ هەڵگەڕانەوە. لەجوڵانەوەکەی یەزدانشێردا بەشدارییەکی کەمیان کرد. سەرەڕای ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵاش هەوڵێکی زۆری لەگەڵدان بۆ ئەوەی لەشۆڕشەکەی‌دا بیان‌کاتە هاودەنگ، بەڵام ئەوان لەسەر ئامۆژگاری میسیونێرو دیپلۆماتە ئەوروپییەکان بێ لایەن راوەستان. شێخیش رێزی بێلایەنییەکەی گرتن. لەو شەڕە خوێناوییەدا کە لەنێوان کوردو عەجەمدا، لەناوچەیەکا کەئاسورییەکانی لێ ئەژیان، قەوما، رێگەی نەدا هیچ زەرەرێ لەئاسورییەکان بکەوێ.

٣. تێکدانی پێوەندی ئاسوری لەگەڵ حکومەتەکانی ناوچەکە.

روسیا لەململانێ دابو لەگەڵ دەوڵەتانی عوسمانیو ئێرانیدا. ناو بەناو ئەم ململانێیە ئەبو بەجەنگی سەختو، هەموجارێ ئەبو بەهۆی داگیرکردنی بەشێك لەئەرزی عوسمانی یا لەئەرزی ئێرانی. قەیسەری روسیا هەموجار بۆ مەبەستی فراوانخوازانەی تایبەتی خۆی هەوڵیئەدا کەڵك لەچەوسانەوەی دینی مەسیحییەکان وەربگرێ. هانی ئەدان بۆ هاوکاری لەگەڵ روسیا دژی عوسمانیو ئێران. هەموجار ئەمەش ئەبو بەبیانو بەدەس کاربەدەستانی بابی عالیو دەرباری قاجارەوە بۆ سزادانی قورسی مەسیحییەکان. بەڵکو هەندێ جار کوشتاری بەکۆمەڵیان. سەرەنجام هەردو گەلی ئەرمەنیو ئاسوری لەباتی ئەوەی بگەن بەمافی ئازادی دینییو نەتەوەیی، بونە قوربانیی سیاسەتی ئیمپریالیستی روسیەو، توشی لەناوچونی بەکۆمەڵو، ئاوارەبونی بەکۆمەڵ بون.

٢. ئامانجی نەتەوەیی گەلی ئاسوری.

ئاسورییەکان لەگەلە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. ئێستەش لەکاتی گەڕانی ئارکیۆلۆجیدا لەزۆر شوێنی لەیەك دوری ناوچەکەدا شوێنەواری ئاشوری ئەدۆزرێتەوە، کەئەوان بەباووباپیری خۆیانی ئەزانن. هەروەها ناوی هەندێ مەڵبەندو شارو گوندو شاخو روباریش رەگەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ زمانی سریانی، کەئەوان بەزمانی خۆیانی ئەزانن.

ئاسورییەکان ماوەیەکی درێژ لەگۆشەی فەرامۆشی دابون. لەڕوداوەکانی ناوچەکەدا دەورێکی دیاریان نەبوە. بەڵام لەناوەڕاستی سەدەی ١٩ هەمەوە، وەکو فاکتەرێکی دیار لەکوردستان، چ لەو بەشەی لەژێردەستی تورکو، چ ئەو بەشەی لەژێردەستی ئێراندابو هاتنە ناوانەوەو، لەسالانی یەکەمین جەنگی جیهانییدا وەکو مەینەتییەکی گەورەی گەلێکی زۆر لێکراوی ئازادیخواز تەقییەوە.

ئەم میللەتە بەدرێژایی زەمان توشی کوێرەوەری بوە. لەژێرباری قورسی چەوسانەوەی دینیدا ژیاوە. پێشەوا دینییەکانی موسوڵمانەکانو کاربەدەستانی هەردو دەوڵەتی ئێرانو تورکیا، دەورێکی زۆریان هەبوە لەخرۆشاندنی هەستی دینی کوردا دژی ناموسوڵمانەکان، لەوانە ئاسوری. هەمیشە بەچاوی سوك سەیریان کردون. لەهەندێ قۆناغدا ناچاریان کردون کەنیشانەیەکی تایبەتی هەڵبگرن بۆ ئەوەی لەموسوڵمانەکان جیا بکرێنەوە. لەئەنجامی ئەمەشدا لەڕوی ئابورییەوە روتێنراونەتەوەو، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە پلەیەکی نزم تریان هەبوە لەکۆمەڵانی خەڵکی موسوڵمان. لەهەندێ شوێنی کوردستان، مەسیحییەکانی کە بە((فەلە)) ناو براون، بۆ خۆپاراستن لەچەوسانەوەی جۆراوجۆر ناچار ئەبون خۆیان

بهاوێژنــه پــەنای ئاغایــەکی دەســەڵاتدارەوە. ئــەو ئاغایــەش بەرامبــەر بــەباجو سەرانەیەکی تایبــەتی ئــەبو لەبەرامبــەر دەســدرێژی ئاغایــانی تــرا بیــان پــارێزێ. سەرەڕای هەمو ئەمانە، مێژوی پەیوەنــدی کــورد-ئاســوری تاســەدەی رابــردو هــیچ روداوێکی خوێناوی ئەوتۆی تێدا نیە کەشایەنی گێڕانەوە بێ.

کــوردیش وەکــو ئاســوری لــەژێرباری چەوســانەوەو، هەمیشــە لەشــۆڕشو یــاخی بوندابوە. خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی، سوپایی، دارایی تایبــەتی، تەنانــەت خــاوەنی دەسەڵاتی دینیو فەرهەنگیی خۆیشی نەبوە تا ئۆبــاڵی چەوســانەوەو زەوت کردنــی مافی سیاسیو دینی، یا ئازادیو سەلماندنی مافی سیاســیو دینــی گــەلێکی تــری لەئەســتۆدا بــێ. بــەڵکو هەنــدێ دەوڵــەتو میللــەتی دەســەڵاتداریتر ناکۆکییــان لەبــەینی هەردوگــەلی هاوســێدا بــۆ قــازانجی خۆیــان دروســت ئــەکرد، بــۆ ئــەوەی هەردوکیان لەژێر دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە.

ئاسوری لەگەڵە کۆنەکانی ناوچەکەیە، مێــژوش رەنگــە بــەوردی لــەبیری نەیــەت لەکەیەوە نیشتەجێی ئەوێن. دەسەڵاتی حکومەتــە ئیســلامییەکان بەدرێــژایی چــەن قەرن، بەشێوەی جۆراوجۆر، لەژمارەی مەسیحییەکانی بەگشتی کەمکردۆتــەوە. ئــەم ناوچەیەش زیاتر لە ٤ قەرن لەژێردەستی دو هێزی زلدا بون، کە یەکێکیان شیعەو ئەوی تریان سوننە بوە ئایدیۆلۆجی رەسمیی دەوڵەتو، بەهانەی هەبونو کارەکــانی. ئەم دو ناوەندەش بەدرێژایی ٥ قەرن لەململانێدا بون. لــەم مــلملانێیــەشدا هــەمو رێگەیەکیان بەکارئەهێنا. لەوانە، لەناوبردنی بەکۆمەڵی خەڵکو، بەگژ یەکا کردنی گەلانو هۆزو تیرە وبنەماڵــە. ئــەو دو هێــزە هــیچ کامیــان نــەیتوانی ئــەوی تریــان لەناوببات. بــەڵکو هــەردوکیان یــەکتریان شــڕو لاوازکــردو ناوچــەکەیان لــەکاروانی پێشــکەوتنی دنیــا دواخســتو، بــون بــەهۆی وێرانــی وڵاتو دواکــەوتنو هــەژاری گەلەکانی خۆیانو، رەخساندنی هــەل بــۆ دەوڵــەتانی مــەسیحی ئــەوروپی، کــەپێش بکەونو دەوڵەمەندو بەهێز بنو، چاو ببڕنە قەڵــەمڕەوی ئــەم دو دەوڵەتــە. ئــەمانیش لەئەنجامی ململانێی بــەردەوامی درێــژخایانی بــەینی خۆیــاندا هەرچــی تینوتــاوو هێزیان هەبو داچۆڕابو.

لەســەدەکانی رابــردودا ئاســورییەکان داوای جیابونــەوەیان نــەکردوە. هــەوڵی دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆیان نەداوە. هەمیشە لەتەلاشی ئەوەدابون بەچاوی یەکسانی لەگەڵ هاولاتییانی موسوڵمان ســەیر بکــرێنو رەفتاریــان لەگــەڵ بکــرێ. بەڵام ئەوانیش خۆیان بەهۆی لەیەك دابڕانو دوریو دواکەوتنەوە، تەبایی مــەزهەبیو فەرهەنگیو زمانییان نەبوە. ئاسورییەکانی هەکاریو بۆتانو بادینان کــەپێکهــات بون لەچەند تاقمێکی خاوەن رێکخستنی خێڵــەکی وەکــو ئێڵــەکانی جیلــو، بــازی،

تخومی، تیاری، ئاشیتی لەگەڵ کلدانەکانی شەقلاوەو عەینکاوەی هەولێرو هەرمۆتەی کۆیەو شوێنەکانی‌تری موسل وەکو یەك نەبون. هەروەها لەگەڵ ئاسورییەکانی ورمێیش جیاوازبون. هاتنی میسیونی دەوڵەتو کەنیسە جیاوازەکان ناکۆکییەکانی ناوی قوڵتر کردن‌و، کێشەی پێوەندییەکانی ئەوانی هەم لەگەڵ دەوڵەتانی ئێرانی‌و عوسمانی‌و، هەم لەگەڵ گەلانی دراوسێیان زیاتر ئاڵۆزان.

میسیونێرە ئەمریکی، فەرەنسی، روسی، ئینگلیزییەکان لەئێران‌و تورکیا بەناوی یارمەتی دان‌و پێش خستنی مەسیحییەکانی کوردستانەوە دامەزرابون. ئەگەرچی دەیان نەخۆشخانە، خوێندنگا، چاپخانە، شوێنی فێرکردنی کارپیشە ... یان بۆ دروست کردن‌و لەم رووەوە خزمەتێکی گەورەیان کردن. بەڵام دەوڵەتانی ئەوروپایی هەوڵیان‌ئەدا، هەم میسیونەکانی خۆیان‌و، هەم مەسیحییەکانی کوردستان، بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان‌و، بۆ دەسوەردانە کاروباری ناوخۆی ئێران‌و تورکیاو، چەسپاندنی جێگە پێی خۆیان لەناوچەکەدا بەکار بهێنن.

میسیونەکان بەهۆی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، کردنەوەی قوتابخانە، دامەزراندنی دەزگای چاپ، بڵاوکردنەوەی کتێبو گۆڤارو رۆژنامە، هۆشی نەتەوەییان لەناو ئاسورییەکان‌دا ئەبوژانەوە. هۆشی نەتەوەیی تێکەڵاوی هەستی دینی ئەبو. ئەگەر جاران بەسەلماندنی مافی ئازادی دینی دابین ئەبون، ئیتر خواستی سیاسی‌و فەرهەنگییشیان هەبو. ئەیان ویست لەکاروباری دەوڵەتی‌دا نوێنەری خۆیان هەبێ‌و بەشداربن، بەزمانی خۆیان بیخوێنن‌و فەرهەنگی تایبەتی خۆیان گەشە پێ بدەن، جیاوازی لەنێوان ئەوان‌و هاوڵاتییانی موسوڵمان‌دا نەمێنێ. بەشێنەیی وای‌لێ ئەهات، مەسیحییەکان بەگشتی، دڵسۆزییان بۆ دەوڵەتانی ئەورووپی بەهێزتر ئەبو لەچاو دڵسۆزییان‌دا بۆ دەوڵەتەکانی خۆیان‌و، ئەوانیان بەپارێزەرو دالدەی خۆیان ئەزانی. ئەوانیش گوشاریان بۆ بابیعالی‌و دەرباری قاجار ئەهێنا کەمافی مەسیحییەکان بسەلمێنن‌و زوڵمو زۆریان لەسەر لابەن.

لەدوای تێشکانی دەوڵەتی عوسمانی لەبەردەمی روسیەدا(١٨٧٧) کاتێ دەوڵەتانی ئەورووپی پەیمانی بەرلینیان بەسەر تورکیادا سەپاند، لەچەند مادەدا پاراستنی مەسیحییەکان‌و سەلماندنی مافەکانیان تێ‌خستبو. ئەم گوشارە ئەورووپییە بۆ سەر عوسمانی‌و، ئەم جۆرە دەسوەردانە کاروباری ناوخۆو، هەوڵدانی روسیا بۆ کەڵك وەرگرتن لەمەسیحییەکانی ئێران‌و تورکیا لەکاتی جەنگەکانی‌دا لەگەڵ ئەم دو دەوڵەتەو، هاوکاری کردنی کەموزۆری مەسیحییەکان لەگەڵ روسیاو بەریتانیا دژی تورکیاو ئێران، زەمینەی دوژمنایەتی لەناو داوودەزگای دەوڵەتیی

رۆمو عەجەمو، لەناوگەلانی هەردو دەوڵەتدا خۆش ئەکردو، ئەبویە بەهانە بەدەستیانەوە بۆ ئازاردانی زیاتریان.
کە((ئینقلابی عوسمانی)) لەژێر دروشمەکانی حورییەت، عەدالەت، مساواتدا، هەڵگیرساو، سەرلەنوێ دەستوری هێنایەوە مەیدانی کارپێ کردنو، مافی هەموگەلانی عوسمانی بێ گوێدانە جیاوازی دین، زمانو نەتەوە، سەلماند(١٩٠٨)، خۆشی خستە ناو دڵی هەموگەلە زۆرلێکراوەکانی عوسمانییەوە. بەڵام ئەو خۆشییە زۆری نەخایاند، چونکە سەرکردەکانی((اتحادو ترقی)) لەسیاسەتی نەتەوەییدا کەوتنە جێبەجێ کردنی پلانی تورکاندنی نەتەوە نەتورکەکان پێڕەوی‌و ئامانجی پان-تۆرانیزمو، لەسیاسەتی دینیدا کەوتنە پەیڕەوی ئامانجی پان _ ئیسلامیزم. ئەو هیوایەی گەلە نەتورکو نەموسوڵمانەکان بەشۆڕشەکەیان هەبو نەهاتە دی. جیاوازی دینیو جیاوازی نەتەوەیی لەجاران زیاتری کرد.
ئاسورییەکانیش، وەکو ئەرمەن، هەواڵی تێوەگلانی بابیعالییان لەیەکەمین جەنگی جیهانییەوە بەخۆشیو پەژارەوە وەرگرت" بەخۆشیەوە چونکە بەهیوای ئەوەبون دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگدا بشکێو، قەڵەمڕەوەکەی پارچە پارچە ببێو، ئەوانیش لەدەس زۆرلێکرانی دینییو نەتەوەییو رزگاربن. بەپەژارەوە چونکە لەچارەنوسی خۆیانو، تۆڵەی درندانەی تورکو گەلە موسڵمانەکانی تر ئەترسان.
قەیسەری روسی داوای لەگەلە مەسیحییەکانی ژێردەستی تورک کرد، بەتایبەتی لەگەلانی ئەرمەنیو ئاسوری، کرد" دژی دەسەڵاتی عوسمانی راپەڕنو شۆڕش بکەنو هاوکاری هێزە چەکدارەکانی روس بکەن، بەرامبەر بەوەش بەڵێنی ئازادیو سەربەخۆیی پێدان لەپاش بردنەوەی جەنگ. مەسیحییەکان، بەدەنگ بانگەوازی قەیسەرەوە چون، بەسەدانیان ریزەکانی ئۆردوی تورکیان بەجێ هێشتو چونە پاڵ سوپای روسیو، لەمەیدانەکانی جەنگدا هاوکاری جۆراوجۆری روسیەیان کرد. سەرکردەکانی((اتحادو ترقی)) خۆیان لەبەهانەبون لەمەسیحییەکان، بەوەش بیانویەکی بەهێزی قەلاچۆکردنی بێ بەزەییانەیان دەسکەوت.
تورك ئەوەی کردە بەهانەو کەوتە کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنیو ئاسوری. لەو سەردەمەدا ژمارەی ئاسورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە١٥٠هەزار کەسو ئاسورییەکانی ورمێو دەورو بەری بە٥٠ هەزارکەس ئەخەمڵێنران. هێزەکانی تورك چونە سەریان، ئەوی نەکوژراو دەربازبو بەناچاریو تێشکاوی نیشتمانی دێرینەی خۆی بەجێ هێشتو رویکردە ورمێ، کەئەوسا لەژێردەسەڵاتی سوپای روسی دابو.
نیکیتین سەبارەت بەئامانجی نەتەوەیی ئاسورییەکان نوسیویتی:

((...نستورییەکانی تورکیا...چاوەڕێ بون دوای جەنگ ئازادو سەربەخۆبن، ئەوانەشیان کەهاوڵاتی ئێران بونو لەورمێ ئەژیان...ئومێدەواربون دوای جەنگ هەلومەرجی ژیانیان بگۆڕێو، لەژێردەسەلاتی دەوڵەتانی ئیسلامی دەربێن...))[47]

نوسەرێکی ئێرانی لەژێر سەرناوی((بیری پوچی ئاسورییان))دا نوسیویەتی:

((بەو جۆرەی ئەزانرێ مارشیمون سەرۆکی دینیی ئاسورییان بیری ئازادیو فەرمانڕەوایی لەسەردا بو، وە بەتەمابو کەڵك لەهەلومەرجی شێواوی دنیا وەربگرێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئاسوری لەبەشێکی خاکی ئێرانو عوسمانیدا. ئەو بینی بوی کەعوسمانییەکان بۆ پاکردنەوەی نەژادو خاکی خۆیان ئاسورییەکانیان کوشت بو، ئەوانەی لەکوشتن رزگاریانبو رایان کردبو بۆ ئێران، خۆیشی یەکێ بولەوانە. سیاسەتی ئەودەمی هاوپەیمانەکان پێکهێنانی لەشکرێ بو لەمەسیحییەکان لەئازەربایجان، ئەویش ئەیویست ئەو هەلە بقۆزێتەوەو، ئەوەندەی بتوانێ ئەو ناوچانە لەبونی موسڵمانان پاك بکاتەوەو نەیان هێڵێ، وەپایەکانی حکومەتی پاشەرۆژی خەیاڵیی خۆی قایم بکا. لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوەی مارشیمون پێشەوایەکی دینیبو، ئەبو بەراستی لەگەڵ کوشتو کوشتار نەبێ، کەچی ئاسورییەکانو مەسیحییەکانی هانئەدا بۆ کڕینی چەكو خۆچەکدارکردنو خۆئامادەکردن بۆ جەنگ.[48]

بۆ ئەوەی لەئامانجی نەتەوەیی ئاسورییەکان لەو قۆناغەدا تێبگەین چەند بەڵگەیەك لەبەر دەسدایە. یەکێکیان بریتییە لەو مەرامنامەیەی((کۆمیتەی ئازادی ئاسوری)) لە٢٧ ی حوزەیرانی ١٩١٧ دا لەکاتی پێکهێنانی تیپە چەکدارەکانی ئاسوریدا لەورمێ بڵاوی کردۆتەوە. ئەوی تریان ئەو یادداشتەیە کەدەستەیەکی نوێنەرایەتی بەناوی گەلی ئاسوریو کلدانییەوە لەپاریس پێشکەشی کۆنفرەنسی ئاشتی کردوە.

لەمەرامنامەکەدا نوسراوە:

((١. ئامانجی سەرەکی کۆمیتەی ئازادی ئاسوری، پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆیە لەمەڵبەندەکانی: ورمێ، موسل، تور عابدین، نسیبین، جزیرە، جولەمێرگ، بەو مەرجەی لەکاروباری بازرگانیو جەنگیدا هاوپەیمانی روسیای ئازادی مەزن بێ.

٢. ئەنجومەنێکی نەتەوەیی بنچینەی ئەم سەربەخۆییە ئەبێ، قانون دائەنێ، وەزیرانو سەرکۆمار لەجێبەجێ کردنیدا بەشدارئەبن.

٣. هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی ناوەندی بەم ٧ مەرجانەی لایخوارو ئەنجام ئەدرێ: مەرجەکانی حەقانییەت، وەکیەکی، جیاوازی نەکردن بەهۆی مەزەب،

وەجاخزادەیی، رەسەنی، رەگەز، زمان ئەوانەی ٢٠ساڵی تەواون، مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەو ئەنجومەنەیان هەیە. تەمەنی ئەوانەی کاندید ئەکرێن‌و هەڵ ئەبژێردرێن نابێ لە٢٥ ساڵ کەمترو لە٦٠ بەرەوژور بێ.

٤. دەوڵەت دەس ئەگرێ بەسەر ئەرزی زەویدارەکاندا، بۆ ئەوەی بەپێی بەرنامەی کاربەدەستانی دەوڵەت بەسەرگەلدا دابەش بکرێ.

٥. زەویوزاری کەسانێ کەسەدان ساڵە دەسیان بەسەر ئەرزەکاندا گرتوە، ئەبێ بێ‌گوێدانە مەزنایەتی نەتەوەو رەگەز لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە زەوت بکرێ‌و، بەیەکسانی بەسەر رەنجبەراندا دابەش بکرێ، بەروبومەکەشی بۆ خۆیان ئەبێ بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی خۆیان، هیچ جۆرە زەوییانەیەکیان لێ ناسێنرێ. زەویدارەکانیش، بەگوێرەی پێویستییەکانی خۆیان، پارچە ئەرزیان ئەدرێتێ. ئەبێ پەیڕەوی ئەمانەی خوارێ بکرێ:

یەکەم: ئەو ئەرزانەی هی زەویداربون، یا خاوەنەکەی بەپارەی خۆی کڕیونی، پاش لێکۆڵینەوەی قەباڵەو بەڵگەکانی‌و سابت بونی، دەستی بەسەرا ئەگیرێ‌و نرخەکەی ئەبژێردرێ‌و بەخاوەنەکەی ئەدرێ.

دوەم: هەموکانەکان، کانی ئاو وهی‌تر، لێرەوار، بۆ کەڵکی گشتی لەخاوەنەکانی ئەسێنرێ‌و ئەخرێنە ژێرسەرپەرشتی کاربەدەستانی دەوڵەتو بەڕێوەبەرایەتی ناوەندییەوە.

٦. هەمو ئاشورییان، نێرو مێ، بێ جیاوازی چینایەتی" لەبەردەمی قانوندا وەکیەکن.

٧. ئازادی دەربڕین، نوسین، دین، کۆبونەوە، باوەڕ ئەدرێ بەو مەرجەی زەرەر لەشەرەف نەدا.

٨. هەموکەس بەپێی دەرامەتی خۆی باج‌ئەدا، باج لەهەمو خەڵك بەبێ جیاوازی وەرئەگیرێ.

٩. منالانی خوار تەمەنی ١١ ساڵ بۆ خوێندن‌و فێربون ئەبێ ببرێنە خوێندنگا.

١٠. کاروباری دینی بەتەواوی لەکاروباری سیاسی جیا ئەکرێتەوە، روحانییەکان مافی دەسوەردانە کاروباری سیاسی‌و حقوقییان نیە.

١١. ئەبێ کەڵك لەرێکخستنی سۆسیال دیموکرات وەربگیرێ، ئەم پارتییە ئەبێ بەگوێرەی بەرنامەی کارل مارکس دەسکەوتو بەرژەوەندییەکانی رەنجدەران دابین بکا.

١٢. ڕاگرتنی ئەو باجە ناڕەوایانەی باری شانی خەڵکو ڕەنجدەرانی قورس کردوە.
١٣. هەمو ئەو گەلو نەتەوانەی لەدەوڵەتی ئازادی ئاشوریدا ئەژین، ئەتوانن بەئازادی بەپێی دینو مەزەبی باووباپیریان بژین، بەلام ئەبێ مل بدەن بۆ قانونەکانی دەوڵەتی جمهوری ئاشوری، کەئەنجومەن دایان ئەنێ.
١٤. لەهەمو شوێنەکانی ولاتدا، هەمو زانستەکان بەزمانی سریانی ئەخوێنرێن.))[٤٩]
هەروەها لەو بیرخەرەوەیەدا کە لەتەموزی ١٩١٩دا سەعید سادقو نەجیب ڕۆستەم بەناوی گەلی ئاسوریو کلدانیەوە داویانە بەکۆنفرەنسی ئاشتی پاریس، داوای دروست کردنی دەوڵەتێکی ئاسوری سەربەخۆیان کردوە لەسەر زەمینێکی فراوانی ولایەتەکانی ڕۆژهەلاتو خواروی تورکیا لەگەڵ حەلەبو دیرەزورو موسل بەو مەرجەی دەرویەکیشی لەسەر دەریا هەبێ. دەستەی نوێنەرایەتی گەلی ئاسوری ئەوەی کردبو بەبیانوی خواستەکانی کەزۆرایەتی دانیشتوانی ئەو شوێنانە ئاسورینو ڕەچەڵەکی هەندێ لەئێلەکانی کوردو عەرەب ئاسوریە.
دیاریکردنی ئامانجی ئاسورییەکان بەو جۆرەی لەم بەلگانەدا باسیکراوە لەچەند لاوە توشی بەرەنگاری ئەبو:
یەکەم-لەئاستی ناوچەیدا" چونکە لەگەڵ ئامانجی نەتەوەیی گەلانی تورکو کوردو عەرەبو ئازەری لەیەکی ئەداو، ئەو سەرزەمینەی ئەوان ئەیان ویست دەوڵەتی ئاشوری تیا دابمەزرێنن هیچ یەکێ لەم گەلانە بەهی ئاسورییان نەئەزانی، بەڵکو هەندێ لەو نەتەوانە لە ناوخۆیاندا ململانێییان بو لەسەر خاوەنێتی هەندێ لەو شوێنانە.
دوەم-لەئاستی دەوڵەتانی ناوچەکەدا" ئەو شوێنانەی ئاسورییەکان لەبەرنامەی خۆیاندا دیارییانکردوە، بەشێکی قەڵەمڕەوی ئێرانیو بەشێکی قەڵەمڕەوی عوسمانیبو. هەم حکومەتی ئێرانو هەم حکومەتی تورك بەتوندی دژی ئەم پرۆژەیە ڕائەوەستان، چونکە ئەبو بەهۆی دابڕینو جیاکردنەوەی هەندێ لەئەرزی ئەم دو دەوڵەتە.
سێیەم-لەئاستی جیهاندا" خواستێکی لەو بابەتە نەی ئەتوانی پشتیوانیی ڕاستەقینەی هیچکام لەدەوڵەتە گەورەکانی جیهان بەدەس بهێنێ. تاپێش یەکەمین جەنگی جیهانی هەمو دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا، جگە لەروسیە، بۆ ڕاگرتنی((هاوسەنگی هێز)) مانی ئێرانو تورکیایان بەپێویست ئەزانیو، ڕێگەی هەڵوەشانو داگیرکردنیان نەئەدا، دوای جەنگیش دابەشکردنی ناوچەکە بەو پێیەی لەسەردەمی جەنگدا لەزنجیرە ڕێککەوتنە نهێنیەکانی ئستەمول، لەندەن،

سایکس-پیکۆ...کە دوایی‌تر سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا هەندێ گۆڕینی ناچاریی بەسەر هێنا، جێگەیەکی تیا نەبو بۆ دەوڵەتێکی لەو بابەتە.

کۆسپی هەرەگەورەی سەرنەکەوتنی ئەم پرۆژەیە خودی گەلی ئاسوری بو، چونکە لەهەمو ئەو شوێنانەدا کەئەوان بەتەمای دروستکردنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیان بون تێیدا، کەمایەتی دانیشتوانیان پێك ئەهێنا، بگرە لەزۆرێ ئەو شوێنانەدا کەمایەتییەکی بچوك بون.

جێبەجێ‌کردنی پرۆژەی دەوڵەتی ئاسوری لەتوانای گەلی لێقەوماوی ئاسوری خۆی بەدەربو. هیچ نەتەوەیەکی ناوچەکەو، هیچ دەوڵەتو هێزێکی ناوچەیی‌و جیهانییش قازانجی لەیارمەتی‌دانو دروستکردنی‌دا نەبو، جا لەبەرئەوە داڕشتنی ئامانجی نەتەوەیی ئاسورییەکان بەو شێوەیە نەك هەر خواستە رەواکانی ئەم گەلە لێقەوماوەی نەهێنایە دی، بەڵکو مەسەلەکەیانی زیاتر ئاڵۆزانو کردی بەقوربانیی سیاسەتی دەوڵەتە ئمپریالیستیەکانی روسیاو بەریتانیا.

٣. تورکو مەسیحی

١/٣کێشەی دینی‌و نەتەوەیی لەتورکیا

تا دوا چارەکی قەرنی ١٩هەم ئیمپراتۆریی عوسمانی هێشتا یەکێ‌بو لەدەوڵەتە فراوانەکانی دنیا. لەناو ئەم قەڵەمڕەوە فراوانەدا، رەگەز، زمان، نەتەوە، دین، مەزهەبی جیاوازی تێ‌دابو. داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتی عوسمانی نمونەی دواکەوتنو زۆرداری‌و بەرتیلخۆری‌و فەسادبو. هەلومەرجی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی وڵات لەوپەڕی دواکەوتنو خراپی‌دابو. دەستور یا قانونێك نەبو مافو فرمانەکانی هاووڵاتییان دابین بکاو، پێوەندی نێوانی هاووڵاتی‌و دەوڵەت رێك بخاو، مافی نەتەوەیی‌و دینیی‌و مەزهەبی‌گەلو نەتەوەو دینە جیاوازەکان دیاری بکا.((رەعییەت)) بەگشتی، توێژێکی کەمی نەبێ، هەموی لەژێرباری چەوسانەوەو زۆرلێکراندا ئەی ناڵاند. دەسەڵاتی بێ سنوری سوڵتانو، لاساری کاربەدەستانی بابیعالی‌و، توێژی کۆنەپەرستی داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتی، سەرباری ئەمانەش، دواکەوتنی کۆمەڵانی خەڵك، کۆسپێکی گەورەبون لەبەردەم هەمو ئەو ریفۆرمیستو چاکەخوازو رۆشنبیرانەی ئەیان ویست هەلومەرجی وڵات باش بکەن.

دنیا بەرەو گۆڕان ئەچو. هۆشی سیاسی لەناو گەلانی زۆرلێکراوی عوسمانی‌دا ئەخەملا. خەڵك داوای ئازادی سیاسی‌و دینی‌و فەرهەنگییان ئەکرد. کاروباری دەوڵەت، ئیتر نەئەتوانرا وەکو کۆن، بەڕێوە بچێ. یا ئەبو گۆڕانی بنەڕەتی لەژیانی ناوخۆی‌دا بەدی بهێنێ، سەرلەنوێ مافی هاووڵاتییان وەکو تاکو، مافی گەلان

وەکو کۆمەڵانی دینی، مەزەبی، نەتەوەیی جیاواز بسەلمێنێ‌و، پێوەندییان لەسەر بنچینەی وەکیەکی‌و ڕێزگرتنی یەکتری لەگەڵ دەوڵەت ڕێك بخاتەوە. یا ئەبو خۆی ئامادەبکا بۆ ئەوەی هەر ساڵەی گەلێکی لێ جیا ببێتەوە، پارچەیەکی لێ دابڕێ‌و، شۆڕش لێرەو لەوێ هەڵ بگیرسێ.

پاش ململانێیەکی زۆر ئازادیخوازانی عوسمانی توانییان سوڵتان عەبدولعەزیز لێ بخەن‌و، بەهیوای سەلماندنی قانونی ئەساسی((دەستور)) لەجێگەی ئەو، برازاکەی، مرادی پێنجەم بسوڵتان دابنێن(١٨٧٦). پاش چەند حەفتەیەك مرادیش لێ خرا، چونکە دەرکەوت((عەقڵ))ی ناتەواوە. لەجێگەی ئەو عەبدولحەمیدی برای لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانرا بەو مەرجەی خواستەکانی ئازادیخوازانی عوسمانی بسەلمێنێ" کە یەکەمینیان بلاوکردنەوەی دەستوری‌بو، کۆتایی بە((حوکمی ئیستیبدادی)) بهێنێ‌و بنچینەی((حوکمی دەستوری)) دابمەزرێنێ.[٥٠]

کاتێ عبدولحەمید سەڵتەنەتی وەرگرت(١٨٧٦) ئەگەرچی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەتەنگوچەڵەمەیەکی قوڵابو، بەڵام هێشتا ئەرزێکی پان‌و بەرینی لەئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقا لەژێر دەستابو:

لەئاسیا" ولایەتەکانی ئزمیر، بروسە، بیغا، قستمونی، ئەنقەرە، قونیە، ئەدەنە، سیواس، تەرابزون، ئەرزڕوم، مەعمورتولعەزیز، دیاربەکر، بتلیس، وان، موسل، بەغداد، بەسرا، حەلەب، ئەلزور، سوریا، بیروت، قودس، لوبنان، حیجاز، یەمەن، ئەحسا.

لەئەوروپا" ولایەتەکانی فلاخ، بغدان(ڕۆمانیا). سیلستریا، ودین، نیش(بولغاریا). سیرب، بوسنە، هرسك، چیای ڕەش، ئەلبانیا، یانیا، سەلانیك. جزیرەکانی کریت، رودس، قوبروس، مدللی، ساقس، بتمس...هتد

لەئەفریقا" میسر، سودان، تەرابلوسی غەرب، بەنغازی، تونس[٥١]

عەبولحەمید وەکو بەڵێنی‌دابو دەستوری بلاوکردەوە.((مەجلیسی مەبعوسان)) لەئازاری ١٨٧٧ داکۆبوەوە. مەبعوسەکان لەڕوی نەتەوەوە: تورك، عەرەب، سریانی، ئەرمەنی، ئەلبانی، یۆنانی، بولغاری، بۆسنی، سلاڤی، سربی، فلاخی، فارس، کوردو، لەڕوی دینەوە موسوڵمانی سوننی، شیعی، وەهابی‌و، مەسیحی ئورتودوکس، نەستوری، مارونی، ملکی، لاتینی، یەعقوبی، ئینجیلی، هەروەها جو، دروزو نەسیرییان تێدابو.[٥٢] نە دەستورو نە مەجلیس وانەبون وەکو لیبراڵەکانی عوسمانی، بەتایبەتی مدحەت پاشا، ئەیان ویست. چونکە عبدولحەمید هەر لەسەرەتاوە بەنیازی پیلانگێڕان مەرجەکانی ئازادیخوازەکانی سەلماندبو، بۆ هەل

ئەگەرا دەسکەوتەکانیان لێ بسێنێتەوە. بەڵام وەکو یەکەمین تەجروبەی دەستوریو دیموکراتی لەژیانی دەوڵەتی عوسمانیدا، کارێکی مێژوییو گرنگبو. یەکەمین جاربو نوێنەرانی ئەو هەمو نەتەوە، زمان، رەگەز، دین، مەزەبە جیاوازانە پێکەوە کۆببنەوە، لەکاروباری دەوڵەت بدوێن. باسی گیروگرفتو ناتەواوییەکانی بکەنو، بۆ دۆزینەوەی چارە بگەرێن.

عەبدولحەمید جەنگی روسی- عوسمانی(١٨٧٧) کردە بەهانەی هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسو لەکارخستنی دەستور. رێگەی((حوکمی ئیستبدادی)) گرتەوە. کەوتە لەناوبردنو راونانی ئازادیخوازان. داودەزگای جاسوسی بەهێزی بۆ سەرکوت کردنی نەیارەکانی دامەزراند. هەمو جۆرە ئازادییەکی چ وەکو تاك لەهاوڵاتییان((رەعییەت))و، چ وەکو کۆمەڵ لەگەلانی عوسمانی زەوت کردەوە.

لەئەنجامی جەنگو سەپاندنی پەیمانی بەرلیندا(١٨٧٨)، دەوڵەتی عوسمانی لەئەوروپا: رۆمانیا، بولغاریا، بۆسنە، هەرسك، چیای رەش، سیرب، قوبروسو، لەئاسیاش: ئەردەهان، باتوم، قارسی لەدەسدا. دوایی تریش تونس، میسر، سودانی لێ دابرا. شێخ عوبەیدوڵلا لەهەڵسەنگاندنەکەیدا بەهەڵە نەچوبو" ئەو دەوڵەتە تا ئەهات لەهەڵوەشان نزیك ئەبوەوە.

عەبدولحەمید بەهیچ جۆرێ ئامادە نەبو لەگەڵ چاکەخوازانی عوسمانی بسازێ. بەڵکو تائەهات ترسو تۆقاندنی زیاتر ئەکردو، هەر نیشانەیەکی ئازادی ئەدی کوێری ئەکردەوە. هەموخواستێکی دیموکراتی ئازادیخوازانی تورکو، هەمو خواستێکی ئازادی دینیی گەلانی ناموسوڵمانو، هەمو خواستێکی ئازادی نەتەوەیی گەلانی نەتورکی، بەمەترسییەکی گەورە دائەنا بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیو پایەکانی دەوڵەت. جامیعەی ئیسلامی((پان- ئیسلامیزم))ی کردبوە بنچینەی سیاسەتی نزیك خستنەوەی گەلانی موسوڵمانی کوردو عەرەبو ئەلبان. هەر بۆ راکێشانی ئێلەکانی کوردو، بەکارهێنانیان بۆ سەرکوت کردنی هەڵگەڕانەوەی ناوەوەو، شەڕ لەدەرەوەی سنور دژی روسیاو ئێران بەهەزارانی لەریزی((حەمیدیە سواری ئالایلری))دا سازدا.

ئەگەرچی هەمو گەلانی عوسمانی لەژێر باری زۆرداری عەبدولحەمیدا توشی کوێرەوەری بوبون، بەڵام نەتەوەی ئەرمەنی لەهەموان پتر توشی مەینەتیو کوشتنی بەکۆمەڵو، دەربەدەری بون.

ئازادیخوازانی عوسمانی، کە لەمێژودا بەلاوانی تورك((ژون تورك)) ناسراون، کەوتنە شێوەی جۆراوجۆری خەبات، لەوانە دروست کردنی رێکخراوی نهێنیو، بڵاوکردنەوەی گۆڤارو رۆژنامە لەدەرەوەی وڵات، بۆ گێڕانەوەی دەستور. لەم

خەباتـەدا جگـە لـەئازادیخوازانی تـورك، تێکۆشـەرانی کـورد، ئەرمـەنی، عـەرەب، ئـەلبانی... بەشـداربون، تەنانـەت دو لەدامەزرێنـەرانی((ئیتحـادو تـەرەقی))، ئیسحاق سکوتی‌و عەبدوڵلا جەودەت، کورد بون.[٥٣]

عەبدولحەمیـد بەخۆشـی ملـی بـۆ هـیچ جـۆرە گـۆڕانێکی دیموکراتی‌نـەدا، تـا سەرەنجام ئەفسەرانی حیزبی نهێنی((ئیتیحادو تەرەقی)) بەجولانێکی سوپایی لـە ژێر ناوی((ئینقلابی عوسمـانی))دا ناچاریان کـرد دەسـتور بگێڕێتـەوەو، ڕێگـەی هەڵبژاردنی مەجلیسی مەبعوسان بداتەوە(١٩٠٨).

کێشـەی جیـاوازی دینیـی، جیـاوازی مـەزەبی، جیـاوازی نەتـەوەیی لەوانـە بـو کەقەوارەی ئیمپراتۆریی عوسمانییان کلۆر کردبـو. هـەمو ئەوانـەی ڕەگـەز، زمـان، نەتەوە، دین، مەزەبیان جیاوازبو چاوەڕێی ئـەوە بـون لـەژێر سـێبەری ئینقـیلابـدا بەمافەکانی خۆیان بگەن. چەوسـانەوەیان لەسـەر هـەڵ بگـیرێو، وەکـو یـەك کـەڵك لەمافی هاوڵاتی بونی عوسمانی وەربگرن. بەهیوا بون سەردەمی نوێ ڕێخۆش بکا بۆ چارەسەرکردنی دیموکراتییانەی کێشـەی جیـاوازی نەتـەوەیی، دینیـی، مـەزەبی. هـەمو ئەوانـە بەخۆکـەوتن" ڕۆژنامـەو گۆڤاریـان بـەزمانی خۆیـان چـاپ کـرد، ڕێکخراوی سیاسی‌وکۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییان پێك هێنا، خوێندنگایان بـەزمانی خۆیان کردەوە، خۆیان ئامادە کرد بۆ بەشـداربون لەهەڵبـژاردن‌و لـەژیانی سیاسـی دەوڵەتدا.

((مەجلیسی مەبعوسان)) کەئەبو نوێنەری دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی بێ، پـاش هەڵبـژاردنی کۆبـوەوە، لەئـەنجامی دەس تێـوەردانی ئیتیحادییـەکاندا، تـا ئەندازەیەکی زۆر مافی گەلانی نە تورك‌و نە موسڵمان خورابو.

ژمارەی هەمو مەبعوسەکان ٢٦٠ نوێنەر بو:

لەڕوی نەتەوەییەوە پێکهاتبولە"

١١٩ تورك
٧٢ عەرەب
٢٣ یۆنانی
١٥ ئەلبانی
١٠ ئەرمەنی
٨ کورد
٤ جو
٤ بولغار
٣ سرب
٢ فلاخ

لەڕوی دینییەوە پێکهاتبولە"
٢١٤ موسوڵمان
٤٢ مەسیحی، هەمویان رۆمی ئورتودوکسو ئەرمەنی بون جگەلە ١ کاسۆلیك
٤ جو[٥٤]

دیارە ئەم نوێنەرایەتییە لەگەڵ کەمیو زۆری نەتەوەو دینو مەزەبە جیاوازەکانی گەلانی عوسمانیدا نەئەگونجا. سەرانی ئیتیحادی هەوڵیاندابو زۆرایەتییەکی تورکی موسوڵمان بۆ خۆیان لەناو مەجلیسدا دابین بکەن، بەجۆرێکی وەها هەرچییەکیان بویێ بیپرێنن.

هەر زو نیازی ئیتیحادییەکان بۆ هەموان دەرکەت. ئەو دەسکەوتە دیموکراتییانەی گەلانی زۆرلێکراو بەدەستیان هێنابو، لێیان سەندنەوە. ئەو گروپو دامەزراوو رێکخراوە سیاسیو کۆمەلایەتیو فەرهەنگییانەی لەسەر بنچینەی هاونەتەوەییو هاودینیی دامەزرا بون قەدەغە کران. ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی بەزمانی نە تورکی دەرئەچونو، ئەو خوێندنگایانەی بەزمانی نەتورکی کرابونەوە داخران. زۆر لەبەرپرسەکانی ئەو چالاکییانە درانە دادگا. لەناو ئەوانەدا((کورد تعالیو ترقی جمعیتی))و ئۆرگانەکانی((هەفتەنامەی کوردی-تورکی: کورد تعالیو ترقی غزتسی))، گۆڤاری((کوردستان))و، ئەو خوێندنگایەی بۆ مندالانی کورد کرابوەوە، قەدەغەکران. دۆخی گەلەکانی تریش لەهی کورد باشتر نەبو.[٥٥]

سەرانی ئیتیحادی بەرنامەیەکی دیموکراتییان نەبو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جیاوازی دینییو جیاوازی نەتەوەیی. ناوەرۆکی بەرنامەکەیان((تورکاندن))ی هەموگەلانی عوسمانیبو.

لەلایەك بەندوباوی((جامیعەی عوسمانی))یان ئەهێنایە کایەوە، کەبەو پێیە ئەبو هەمو هاولاتییەکی عوسمانی بێگوێ دانە زمان، رەگەز، دین، نەتەوە لەسەر بنچینەی دڵسۆزی سیاسی بۆ دەوڵەتی عوسمانی، هەمو مافەکانی هاولاتی بونی عوسمانی هەبێو، لەبەرامبەر ئەوەشدا ئەبێ هەمو فرمانەکانی هاولاتی بون بەجێ بێنێ. ئەمە ئەی توانی هەمو گەلانی عوسمانی کۆبکاتەوە. لەگەڵ قازانجی گەلە نە تورکو، نە موسڵمانەکانیش ئەگونجا. هەرچەندە کەسانێ هەبون بەراستی باوەڕیان بەم سیاسەتە هەبو، بەدڵسۆزییەوە کاریان بۆ چەسپاندنی ئەکرد، بەلام سەرانی((تورك اوجاقی)) ئەمەیان بۆ تەفرەدانی خەڵکی نە تورکو، نە موسڵمان بەکارئەهێنا.

لەلایەکی‌ترەوە بەندوباوی((جامیعەی ئیسلامی))یان بلاو ئەکردەوە، کەئەویش لەلایەکەوە بۆ تەفرەدانی گەلانی موسڵمانی نە تورکی ژێردەستی عوسمانی‌بو، بۆ ئەوەی بەبیانوی دڵسۆزی بۆ دەوڵەتی ئیسلام(دەوڵەتی تورك)و، خەلیفەی ئیسلام(سوڵتان)و، مەترسی نفوزی دەوڵەتانی مەسیحی ئەوروپا، لەخواستە نەتەوەییەکانی خۆیان دوربخەنەوە. لەلایەکی‌ترەوە بۆ پەرەپێدانی نفوزی دەوڵەتی تورك بو لەناو موسڵمانانی دەرەوەی سنوری عوسمانی کە لەو سەردەمەدا هەندێکی کەوتبوە ژێردەستی دەوڵەتانی ئەوروپی-مەسیحییەوە.

لەپاڵ ئەوانەدا بەگەرمی پڕوپاگەندەیان بۆ باوەڕی((پان- تۆرانیزم)) ئەکرد، بەو مەعنایەی هەمو ئەو گەلانەی هاوڕەگەزی تۆرکن لەولاتەکانی دەرەوەی دەسەلاتی تورکیا، ئەبێ یەك بگرنەوە، رابردوی پڕ لەسەروەری‌و شانازی خۆیان بژێننەوە.

سەرانی ئیتیحادو تەرەقی هەر یەکێ لەم بەندو باوانەی بۆ مەبەستێکی دیاری‌کراو بلاوئەکردەوە. دیارە ئەم باوەڕانە نەك هەر لەگەڵ یەکتری ناسازو ناکۆك بون، بەڵکو ئەبونە هۆی هەڵوەشاندنی یەکێتی گەلانی عوسمانی‌و، خولقاندنی بەدگومانی لەیەکتری‌و، نەمانی دڵسۆزی بۆ دەوڵەت. ((جامیعەی ئیسلامی)) گەلە نە موسڵمانەکانی ئەوروژاندو، ((پان- تۆرانیزم)) گەلە نە تورکەکانی دڕدونگ ئەکرد. بەلام سەرانی ئیتیحادی لەمێژ بو لەپەیڕەوی بیری((پێکهێنانی زۆردارەکیی تەبایی نەتەوەیی‌و دینیی)) دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی‌دا بون. لایان وابو هۆی دواکەوتنی تورك‌و، تێشکانی لەهەمو جەنگەکان داو، لەدەس دانی یەك لەدوای‌یەکی ئەرزەکانی لەبالقان‌و قافقاز، جیاوازی نەتەوەیی‌و دینییە.

لەمانگی ئابی ۱۹۰۹دا((مەجلیسی مەبعوسان)) کە لەژێر دەسەلاتی ئیتیحادییەکان‌دا بو، مادەی ٤ دەستوری بەجۆرێك دەسکاری‌کرد" مافی دامەزراندنی ئەنجومەنی لەسەر بنچینەی نەتەوەو دین لەخەڵك سەندەوە. بۆ ئەوەی هاولاتییەکی عوسمانی کەلکی لەمافە سەلێنراوەکانی ناو دەستور وەربگرتایە ئەبو خۆی بەتورك دابنێ. ئەوەش لەگەڵدروشمەکانی((ئینقیلاب))دا،((حورربیەت، عەدالەت، مساوات)) نەئەگونجاو، پێچەوانەی گفتە کۆنەکانی سەرانی((ئیتیحادو تەرەقی)) بوو سەبارەت بەمافی وەکیەکیی موسوڵمان‌و ناموسوڵمان‌و، تورك‌و ناتورك. سەرانی ئیتیحادی ئەیان ویست بەزۆر هەمو نەتەوە نەتورکەکان لەبۆتەی نە تەوەیی تورکدا بتوێننەوە. ئەمەش لەناو دەوڵەتێکی فرە نەتەوە، فرە دین، فرە مەزەبی وەکو ئیمپراتۆری فراوانی عوسمانی‌دا ئەبوە هۆی هەڵوەشان‌و لەیەك ترازان. لەدڵسۆزیی سیاسی نەتەوە نە تورك‌و، گەلە نە موسوڵمانەکانی کەم

ئەکردەوە، هەروەکو لەسەردەمی جەنگدا، بو بەهۆی هاوکاری عەرەب لەگەڵ ئینگلیزو هاوکاری ئەرمەنو ئاسوری لەگەڵ روس.

ئەرمەنییەکان لەسەردەمی عەبدولحەمیدا بەگەرمی پشتیوانییان لەتێکۆشانی ئیتیحادییەکان کرد. کە((ئینقیلابی عوسمانی)) سەرکەوت(١٩٠٨)، بەهیوابون ئەوانیش لەژێرباری چەوسانەوەی دینیی‌و زۆرلێکرانی نەتەوەیی دەربێن، بەڵام((ئینقیلاب)) هیچ کام لەئاواتە نەتەوەیی‌و دینییەکانی گەلە ژێردەستەکانی تورکی نەهێنایە دی. چەوسانەوەی ئەرمەنی، بگرە هەندێ جار کوشتاری بەکۆمەڵ، هەر بەردەوام بو، بێ ئەوەی کاربەدەستانی تورک هەنگاوی کاریگەرو راستەقینە بنێن بۆچارەسەرکردنی.

مەینەتی گەلی ئەرمەنی کەوتبوە سەر زمانی هەمو سەفیرانی دەوڵەتانی ئەوروپی. روسیا دەس پێشکەری‌کرد، پرۆژەیەکی بۆ چاکردنی هەلومەرجی ژیانی ئەرمەنیەکان لە ٦ ولایەتی تورکی‌دا، کە زۆرایەتی دانیشتوانی کورد بون، داناو داوای جێبەجێ کردنی لەبابیعالی کرد. ئەگەرچی کاربەدەستانی تورک بەبیانوی ئەوەی خەریکی دانانی پرۆژەی چاککردنی دۆخی هەمو ولایەتەکانی تورکیان، ویستیان ئەگەرە لەم‌کارە بدەن، ئەڵمانیاش بۆئەوەی پێوەندی باشی لەگەڵ تورک تێك نەچێ نەیویست هاوبەشی بکا، بەڵام سەرەنجام سەفیرانی دەوڵەتانی ئەوروپی هەمو بەیەك دەنگ داوایان لەبابیعالی‌کرد، هەلومەرجی ئەرمەنییەکان لە ٦ ولایەتی ئەرمەنی نشینی رۆژهەڵاتی‌دا باش بکات. بابیعالی لەژێرگوشاری دەوڵەتانی ئەوروپی‌دا لەشوباتی ١٩١٤ دا بەناچاری ملی بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم خواستەدا. بەپێی ئەو پرۆژەیە ئەبو" ئەرمەنیەکان ئازادی بەکارهێنانی زمانی ئەرمەنییان لەخوێندنگاکانی خۆیانو لەدادگاکاندا هەبێ، ئالا حەمیدییەکان، کە لەهۆزەکانی کورد پێك هاتبون، چەك بکرێن، ئەرمەنییەکانیش وەکو تورك مافی بەشدارییان لەدەزگاکانی دەوڵەتدا(لەوانە پۆلیس‌و ژاندارمری) هەبێ. بۆ چاودێری جێبەجێ‌کردنی ئەم پرۆژەیە دو پشکنەری بێگانە، یەکێکی هۆڵەندی بەناوی ویستنینك‌و یەکێکی نەرویجی بەناوی (هوف) ەوە، چونە ناوچەکەو، کەوتنە کار بۆ جێبەجێ کردنی.[٥٦]

سەرکردە ئیتیحادییەکان پێیان وابو هەڵگیرسانی جەنگ، هەلێکی لەبارە بۆ جێبەجێ کردنی بۆچونە تایبەتییەکانی خۆیان لەمەڕ پێکهێنانی تەبایی دینیی‌و نەتەوەیی لەتورکیا، بۆ ئەوەی دین‌و نەتەوە جیاوازەکان بەیەکتری لەناو ببەن.

بەهەڵگیرسانی جەنگو، دوایی‌تر بەشداری تورك لەپاڵ دەوڵەتانی ناوەندا، حکومەتی تورك لەگفتەکانی خۆی لەمەڕ جۆری رەفتارکردن لەگەڵ

مەسیحییەکانی ژێر دەستەی عوسمانی ژێوان بووەوە، هەردو پشکنەری بێگانەی دەرکردو، ئەو ڕێوشوێنانەی بۆچاکردنی هەلومەرجی ژیانی ئەرمەنییەکان دانرابو، هەموی هەڵوەشاندەوە، بەڵکو هەوڵیدا رقو نارەزایی کورد لەناوچەکەدا بەگژ مەسیحییەکاندا بکا.

هەروەها مافی کاپیتولاسیون، کەبوبو بەکۆتێکی گران لەپێی سەربەخۆیی تورکیادا، ئەویشی هەڵوەشاندەوە.

سەرکردایەتی تورك، هەروەکو هێزی مرۆیی هەمو موسوڵمانەکانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی سازدا بۆ جەنگ، هێزی مەسیحییەکانیشی سازدا. کەوتە سەربازگیری لەناو مەسیحییەکانداو، بەهەزارانی لەئەرمەنیو ئاسورییەکانی کردە سەرباز لەریزی ئۆردوی تورکدا.

٢/٣قەتلوعامی مەسیحی(١٩١٥)

لەسەرەتای دەس پێکردنی جەنگدا، قەیسەری روسیا لەبانگەوازێکا داوای لەمەسیحییەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانیکرد دژی دەسەڵاتی تورك راپەڕنو، هاوکاری سوپایی روسی بکەن بەرامبەر بەڵێنی ئازادیو سەربەخۆیی دوای بردنەوەی جەنگ. هەم سەرۆکی کەنیسەی ئەرمەنییەکان بەدەنگ ئەم بانگەوە چو[٥٧] هەم مارشیمونو، داوایان لەگەلەکانی خۆیانکرد هاوکاری سوپای روسی بکەن. بەسەدان سەربازی ئەرمەنیو ئاسوری بەکۆمەڵو بەتاك ریزەکانی ئۆردوی تورکیان بەجێهێشتو چونە پاڵ هێزەکانی روسەوە، وەکو شەرکەر، رێبەر، چاوساغ... هاوکاری روسەکانیان ئەکردو رێگەی داگیرکردنی ئەرزی عوسمانییان پیشان ئەدان.

سەرانی ئیتیحادو تەرەقی، لەکۆنەوە خۆیان لەبەهانە بون لەمەسیحییەکان. پەلپیان پێنەگرتن. ئەیان ویست بیانویەك بدۆزنەوە بۆ لەناو بردنیان. تێشکانی سەختی سوپاییان لەقافقاز، باشترین بەهانەبو بۆ پەلپ گرتن بەمەسیحییەکان، بەتایبەتی بەئەرمەنیو ئاسوری. تۆباڵی ئەو تێشکانەیان لەئەستۆی ئەوان توندکرد. کەوتنە قەتلوعامیان. سەرکردە شۆڤێنییەکانی تورك توانییان هەستی دینیی کورد بوروژێننو، ناکۆکی دینیی نێوان گەلی موسوڵمانی کوردو مەسیحییەکان تیژ بکەنو، سەرەنجام بەریان بدەنە گیانی یەکتری بۆ ئەوەی بەکوشتنی یەکترییەوە خەریکیان بکەنو، دوژمنایەتییەکی لەچارەکردن نەهاتوی ئەوتۆیان لەناوا دروست بکەن، کەئیتر نەپەرژێنە سەر ئەوەی کەڵك لەهەلکەوتنی هەلی جەنگ وەربگرن بەرامبەر دوژمنی هاوبەشیان، کەدەسەڵاتی تورکیبو. دواییتریش کەوتنە راگوێزانی بەکۆمەڵی هەردو نەتەوە لەولایەتەکانی خۆرهەڵاتەوە بۆ ناوەوەی تورکیا. سەرەتا ئەرمەنی بەبیانوی((خیانەتی نیشتمانی))و دەس تێکەڵاوکردنەوە لەگەڵ

روسیای دوژمنی تورکو، دوای ئەوان ئینجا کورد بەبیانوی ئەوەی ولایەتەکەیان بەهۆی پێشڕەوی روسەوە، بۆتە مەیدانی جەنگ. تورك لەسالآنی ١٩١٤تا ١٩١٨ بەقسەی نیکیتین، لەو ناوچانەوە ٧٠٠هەزار کوردیان بەنیازی گۆڕینی نەتەوایەتییان بەکۆمەڵ راگوێزرا، زۆریان فەوتان.[٥٨]

٣/٢ئاسورییەکانی هەکاری

هێشتا ئیمپراتۆریی عوسمانی نەچوبوە مەیدانی جەنگەوە، کاربەدەستانی تورکیا ئەو مەترسییەیان هەبو، کەئاسورییەکان لەو جەنگەدا بەلای روسیادا دابشکێنن. لە٢٢ی ئابدا حاکمی وان، لەسەر داوای حکومەتەکەی خۆی، بنیامین مارشیمونی بۆ گفتوگۆ بۆ وان بانگ کرد. لەم گفتوگۆیەدا حاکمی وان داوای لەمارشیمون‌کرد پشتیوانی لەروسیا نەکاتو، بەدڵسۆزی بۆ تورکیا بمێنێتەوە، بەرامبەر بەوەش بەڵێنی پێدا، ئاسورییەکان چەکدار بکەنو، رێگەیان بدەن لەخوێندنگاکانی خۆیاندا بەزمانی خۆیان بخوێنن. هەندێ دیاریشی دایە. مارشیمون هیچ گفتێکی دیاری‌کراوی نەدا بەکاربەدەستانی تورك. مارشیمون لەگەڕانەوەدا بەنامە ئاگاداری سەرانی میللەتەکەی خۆی کرد کەپارێزگاری هێمنی بکەنو، فەرمانەکانی حکومەتی تورك جێبەجێ بکەن.[٥٩]

بەشداربونی تورك لەجەنگ‌داو، بانگی جیهاد دژی کافرانو، راپێچانی لاوانی هەمو گەلانی موسوڵمانو مەسیحی عوسمانی بۆ سەربازی بەناوی سازدانی گشتییەوە، دوای‌تر تێشکانی سەختی ئۆردوی تورك لەبەردەمی سپای روسیدا لەقافقازو ئازەربایجانو، هەڵاتنی بەکۆمەڵی سەربازە مەسیحییەکان لەڕیزی ئۆردوی تورکو، خۆش‌کردنی ئاگری بێ ئامانی ناکۆکیی دینیی مەسیحی-ئیسلامی لەلایەن سەرکردایەتی تورکییەوە، ئاسورییەکانیشی لەشەڕێکی خوێناوییەوە گلاند. قەتڵوعامی ئەرمەنی، بوبو بەبەشێکی سیاسەتی جەنگی تورك. ئاسورییەکان، وەکو گەلێکی مەسیحی نزیکی روداوەکان نەیان ئەتوانی خۆیان لەو گەردەلولە بپارێزن، گێچەڵی تورکی ئەوانیشی گرتەوە. کاربەدەستانی تورك هانی موسوڵمانەکانیان ئەدا دەسدرێژییان بکەنە سەر. دەیان ئاوایی ئاسوری نشینی هەکاری پاش تالآن‌کردن، سوتێنران. سەدان ئاسوری، بێ‌ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێ کوژران.

سوپای روسی سەروی خۆرئاوای ئێرانی گرتبو، کەوتبوە پێشڕەوی لەکوردستاندا، گەیشتبوە وانو، تا ئەهات لەمەڵبەندی ژیانی ئاسورییەکان نزیکتر ئەبوەوە. لەنێوان کاربەدەستانی روسیو مارشیمونو سەرانی تری ئاسوریدا ئاشنایەتی دێرینە هەبو. لەماوەی هەڵگیرسانی جەنگدا، جگە لەبانگەوازی

ئاشكرای قەیسەر بۆ گەلانی مەسیحی ژێردەستی تورك كەداوای شۆڕشو ڕاپەڕینی لێ ئەكردن، كاربەدەستانی روسی خەریكی پێوەندی بەردەوام بون لەگەڵ مەزنەكانی ئاسوری. هەستی دینییان ئەبزواندنو، دژی تورك هانیان ئەدانو، هەوڵیان ئەدا رایان بكێشن بۆهاوكاریو یارمەتی دانی سوپای روسی. چەند نامەیەكیان بۆ ئەم مەبەستە بۆ خودی مارشیمون نوسی. لەنامەیەكدا بۆیان نوسیبو كەئەوان بۆ رزگاركردنی ئاسوری لەزوڵمی عوسمانی هاتونو، داوایان لێ كردبو ئەویش چارەنوسی خۆی بەهاوپەیمانەكانەوە ببەستێ.

لە ١٢ ئازاری ١٩١٥ دا مەزنەكانی ئێلە ئاسورییەكان، بەسەرۆكایەتی پێشەوای دینییان، مارشیمون، كۆبونەوە بۆ دیاری كردنی هەڵوێستیان لەلایەنەكانی جەنگ، بەتایبەتی لەتوركیاو روسیا. بەشدارانی ئەم كۆبونەوەیە دو بۆچونی جیاوازیان هەبو" یەكێكیان پێی لەسەرئەوە دائەگرت كەدژی دەسەڵاتی تورك راپەڕن، بەهەمو تواناوە هاوكاری سوپای روسی بكەنو، ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ رزگاركردنی نیشتمانەكەیانو، دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیان بەیارمەتی روسیاو هاوپەیمانەكانی. ئەوی تریان لای وابو، تورك لەبیانوە لێیان، لەبەر ئەوە هەرچی گێچەڵێكیان پێ بكەن، ئەبێ ئەوان دان بەخۆیان دابگرنو، لەو شەڕەدا بێلایەن رابوەستن بۆ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك نەدەن بەدەس توركەوە، بیكا بەبیانوی لەناوبردنی بەكۆمەڵو دەركردنی گشتییان لەنیشتمانی دێرینەی خۆیان.[٦٠]

زۆرایەتی سەرانی ئاسورییەكان، لەناو ئەواندا مارشیمون خۆی، بۆ چونی یەكەمیان بەرێگەی رزگاریو سەركەتنی گەلی ئاسوری ئەزانی. ئەم بۆچونە دور نەبون لەكارتێكرانی روداوەكانی ئەو ماوەیەی ناوچەكەو، كەڵەكە بونی داخی چەند قەرنی چەوسانەوەی قورسی دینییو زۆرلێكرانی سەختی نەتەوەیی لەژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانیدا. شكانی توركو پێشڕەوی سوپای روسیو، نزیك كەوتنەوەیان لەناوچەكانی ئەوان، هیوایەكی زۆری لەلا دروست كردبون. تەجروبەكانی پێشویان لەگەڵ كاربەدەستانی تورك، تەنانەت هی سەردەمی چەند ساڵ پێشوتری((ئینقیلاب))، هیچیان جێگەی دڵخۆشیو مایەی هیوا هەڵچنین نەبون. بەڵكو هەموی یەك لەیەك تاڵترو هۆی نائومێدی بون. مارشیمونو سەرانیتری ئاسوری لەكێشانی هێزەكانی خۆیاندا توشی چەوت- هەڵسەنگاندن بون" جۆری پەروەردەكردنی جەنگیی ئازایانەی پیاوەكانی ئێلەكانیانو، هەلكەوتی جوگرافی شوێنەكەیانو، سروشتی دژواری مەڵبەندەكەیانو، باوەڕی پتەو بەهاوپەیمانە دینییەكانیان... وای لێ كردبون توانای روكشی خۆیان لەتوانای راستەقینەی خۆیان زیاتر دابنێن. نەمرود، خاوەنی بۆچونی بێلایەنی، خزمایەتی نزیكی لەگەڵ

مارشیمون دادی‌ئەدا، بیروڕا نەگونجاوەکانی لەگەڵ بۆچونی زۆرایەتی سەرانی گەلەکەی بونە مایەی تیاچونی سەری. هاونەتەوەکانی خۆی لەنرخی دەربڕینی بیروڕاکانی‌دا لەشیرین خەودا سەرییان بڕی.[61]

مارشیمون، بنیامین، پێشەوای دینیی گەلی ئاسوری لەقوچانس، بارەگای پیرۆزی نەستورییەکان، هەمان‌کاری هەڵبژارد کەشەریف حسێن کوڕی عەلی، لەمەککە، بارەگای پیرۆزی موسوڵمانەکانی دنیا دوایی‌تر کردی.

مارشیمون، دوای ئەم کۆبونەوەیە هێزەکانی خۆی سازدا، شۆڕشی دژی تورك راگەیاند. نامەی بۆ کاربەدەستانی تورك نوسی، کەئیتر ئەوان پێوەندی سیاسی خۆیان لەگەڵ حکومەتی تورك ئەبڕن. نامەی بۆ کاربەدەستانی روسیاش نارد، کە گەلەکەی ئەویش شان بەشانی هێزەکانی روسیاو دەوڵەتانی هاوپەیمانی هاوبەشی جەنگ ئەبن دژی تورك، بەهیوای ئەوەی بەئامانجەکانی خۆیان لەپێکهێنانی دەوڵەتی ئاسوری‌دا بگەن.

لەمانگەکانی‌ئازار، نیسان، مایس‌و حوزەیران‌دا شەڕی خوێناوی لەنێوان چەکدارانی ئاسوری‌و هێزەکانی تورك بەهاوکاری لەگەڵ ئێلەکانی کوردا، قەوما. سیتو ئاغای ئورەماری‌و ئیسماعیل ئاغای ئەرتوشی بەشداری کاریگەریان کرد لەپەلاماردانی ناوچەکانی جیلو، باز، تیاری ژورو.[62] تەرازوی هێزەکانی هەردولا نابەرامبەرییەکی گەورەی تێدابو. هێزەکانی ئۆردوی تورك، پشت ئەستور بەهۆزەکانی کورد، لەهەمو لایەکەوە گوشاریان بۆ سەر ناوچەی ئاسورییەکان زیاتر ئەکرد. ئەگەرچی مەڵبەندی ژیانی ئاسورییەکان سەختو شاخاوی‌بو، بەڵام ناوچەیەکی تەسك‌بو، لەهەمو لایەکەوە بەدوژمن دەوری درابو. مارشیمون چەند جارێك داوای یارمەتی لەسەرکردەکانی سوپای روس‌کرد بەدەنگیانەوە بچن، بەڵام بێ هودەبو. مارشیمون خۆی دو جار چو بۆ سەردانی کاربەدەستانی روسی، بۆ ئەوەی پشتیوانییان بەدەس بهێنێ‌و، یارمەتییەکی ئەوتۆی بدەن لەناوچەکانی خۆیان‌دا بتوانن بمێننەوەو، درێژەبە بەرەنگاریی بدەن.

جاری یەکەم، لە ٢٨ حوزەیرانی ١٩١٥دا بەرەو ورمێ کەوتە رێ، لەسەرەتای تەموزدا گەیشتە ئەوێ. ئەگەرچی کاربەدەستانی روسی گفتی هەمو جۆرە یارمەتییەکیان پێ‌داو، دەستەیەك سەربازی روسی‌و هەندێ تفەنگو تفاقی جەنگییان لەگەڵ نارد بۆ قوچانس، بەڵام کارێکی ئەوتۆیان نەکرد گوشاری تورکییان لەسەر لابچێ یا کەم ببێتەوە.

جاری دوەم، لەکاتێکا کەهێرشی تورك تا ئەهات توندتر ئەبو لەسەریان بەجۆرێ لەهەندێ شوێن هەڵیان کەندبون. مارشیمون لەگەڵ دەستەیەك

لەنوێنەرانی گەلی ئاسوری لە١٠ی ئابی ١٩١٥دا لەرێگەی باشقەلاوە بۆ دیتنی چرنوزوبوف چوە سەلماس. لەوێشەوە مەلیك خوشابەی ناردە تەوریز بۆ بینینی کاربەدەستانی روسی. بەلام کاربەدەستانی روسی لەباتی ئەوەی بەدەنگ گەلی هاوپەیمانی خۆیانەوە بچنو، یارمەتییان بدەن لەو شوێنە ستراتیجییەدا بمێننەوە، کەئەی توانی کار لەرەوتی روداوەکانی جەنگ بکا، بەتایبەتی لەناوچەی موسلدا، کەچی کاربەدەستانی روسی ئامۆژگاری مارشیمونیانکرد" خۆی، لەبەر سەلامەتی گیانی، لەگەڵ سوپای روسیدا بمێنێتەوەو، ئاسورییەکانیش هەکاری چۆڵ بکەنو بکشێنەوە بۆ سنوری ئێران.[٦٣]

لەمانگی ئابی ١٩١٥ەوە ئاسورییەکانی هەکاری لەنیشتمانی نەتەوەیی خۆیان هەڵکەنرانو، کۆچی بەکۆمەڵی یەکجارییان دەستی پیّ کرد.

روسەکان، وەکو دوایی پێکهاتنە نهێنییەکانی نوێنەرانی ئینگلیزو فەرەنسە" سایکسو بیکۆ، لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی روسیا، سازانۆف، دەری خست، هیچ بەرنامەیەکیان نەبو بۆ یارمەتیدانی گەلی ئەرمەنی یا ئاسوری بۆ بەدی هێنانی مافی ئازادی بریاردانی چارەنوسی سیاسیو دروستکردنی دەوڵەتی تایبەتی نەتەوەیی خۆیان، یا تەنانەت بۆ جۆرێ لەئۆتۆنۆمی. بەڵکو سیاسەتی روسی بریتیبو لەبەکارهێنانی ئەم دو گەلە، وەکو دەسکەلایەك، بۆ ئەوەی پلانەکانی خۆی لەداگیرکردنی ئەرزی ئێرانیو عوسمانیدا بەدی بهێنێ، بەو شێوەیەی ژێر بەژێر لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانی لەسەری رێك کەوتبو.

٤. روسو ئاسوری

١/٤روسو ئاسورییەکانی ورمێ

روسیە پێش بینی هەڵگیرسانی جەنگی لەگەڵ تورك ئەکرد، بەکەڵك وەرگرتن لەپەیمانی روسی- ئینگلیزی(١٩٠٧)، لە١٩١٢ەوە کەوتە دانانی پلانی دەسگرتن بەسەر ناوچەکانی نفوزی خۆیدا بەتایبەتی شوێنە ستراتیجییەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ، بۆ ئەو مەبەستەش یەکێ لە تاکتیکەکانی ناردنی کونسوڵبو بۆ هەمو ناوەندە گرنگەکان، لەگەڵ هەریەکێ لەوانە بەناوی پاریزگارییەوە هێزێکی چەکداریشی لەگەڵ ئەناردن، کە بەکردەوە ئەوان لەوێ دەسەڵاتیان لەباتی نوێنەرانی دەسەڵاتی لاوازی ناوەندیی ئێران ئەگرتە دەست.[٦٤] لەهەر جێگەیەکی دەسەڵاتی روسی لێبو، کاربەدەستی ئێرانی لایەنگری خۆیان لێ دائەنا.

ناوچەی ورمێ یەکێکە لەناوچە تێکەڵاوەکانی کوردستان، بەهۆی روداوەکانی چەند سەدەی دواییەوە گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەر هەلومەرجی دیمۆگرافیدا هاتوە، لەناوچەکەدا ئازەری، کورد، ئاسوری، کلدانی، ئەرمەنی ئەژین. ئاوژن ئوبن،

سەفیری فەرەنسی، لەگەشتنامەکەی سالّی ۱۹۰۷ی‌دا بەناو ئێراندا دەربارەی ورمێ نوسیویتی:
((دەشتی ورمێ ۳۵۰ ئاوایی تیایە. کێوی تاقانەی((بیزوداغ)) دەشتەکە لەدەریاچەکە جیا ئەکاتەوە، چیای گەورەتر دەوری ئەوی داوە. تەنگەو چەمی((شەهرچایی)) لەو کێوانەوە هەڵ ئەقوڵێ. هەمو جێگەیەك ئاوو هەمو جێگەیەك سەوزە...
((...لەداوێنی چیاکاندا، دانیشتوانی ئاواییەکان تورك(زمان)و شیعەن. بەلاّم لەبەرزاییەکاندا خەڵکی گوندەکان کوردو سوننین. لەگەڵ ئەوەدا کەورمێ ناوەندی سروشتی ژمارەیەکی زۆری دەستەی جیاوازی دینین، بەلاّم کەمایەتیەکی جێگەی سەرنجی ئەرمەنی، کلدانی موسوڵمان بون.
((لەناوشاردا، مەسیحیەکان لەدو گەڕەکی((کوردی شەهر))و((مارت مریەم))(مریەمی پیرۆز، ناوی کلیسایەکی کۆنی نەستوریەکان کەئێستا ئەوگەڕەکە بەو ناوەوە ناو ئەبەن) دانیشتون. لەدەرەوەی شار، ژمارەی ئەرمەنییەکان لە۶۰۰۰ کەس کەمترەو لە۳۱ گوندا بلاّوبونەتەوە، بەلاّم ژمارەی کلدانیەکان ئەگاتە۳۰۰۰۰ کەس، بەم جۆرە ناوەندی سەرەکی کلدانیەکانی دانیشتوی ئێران، ئەبێ لەم ناوچەیەدا دابنرێ. لەمەزەبە جیاوازە دینیەکان، هیچ کامیان وەکو مەسیحییەکانی کلدانی لەگەڵ یەك مشتومڕو کێشەیان نیە))[65]
ئەگەرچی ئازەریو کورد هەردوکیان بەدین موسوڵمانن، بەلاّم ئازەرییەکان شیعەو کوردەکان بەزۆری سوننە بون. بەهۆی سیاسەتی ناوەندی دەوڵەتی ئێرانەوە ناکۆکیەکی نەتەوەییو ناکۆکیەکی مەزەبی لەنێوان هەردوگەلی ئازەریو کوردا دروست بوبو کەریشەکەی ئەگەڕایەوە بۆ چەند سەدەی رابردو، هاتنی سوپای روسی بۆ ئازەربایجانو دواییتر هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی ناکۆکیەکی تری لەناوچەکەدا خولقاند کەناکۆکی دینی مەسیحی- موسوڵمانبو، لەنێوان کوردو ئازەری لەلایەكو ئەرمەنیو کلدانیو ئاسوری لەلایەکی ترەوە.
لەسەرەتای سەدەی ۲۰ هەمەوە میسیۆنێکی دینیی روسی لەورمێ بنکەیان دامەزراندبو، تا ڕادەیەك کاریان کردبوە سەر ئاسورییەکانو چەن هەزار کەسێکیان هێنابوە سەر مەزەبی ئورتودوکسو، گۆڤاری ئورومی- ئورتودوکسایان بەزمانی خۆیان بۆ دەرئەکردن، روسەکان هەوڵیان ئەدا ئەوان بهێننە ژێر باڵی خۆیانەوە ئەوانیش روسیایان بەپارێزەری خۆیان دائەنا.
لەدوای سالّی ۱۹۱۲ەوە کەهەندێ لەهێزە چەکدارەکانی روسی چونە شارەکانی سەروی رۆژئاوای ئێران، ئەوان بەگەرمی پێشوازیان لێ کردن. ئاسورییەکان خۆیان

بەوانەوە بەست بوەوە، ئەوانیش چەکو پارەیان ئەدانیو، لەبەرامبەر کاربەدەستانی ئێرانی، لەدەسدرێژی ئەیان پاراستن.[٦٦]

کەشەر دەستی پێ‌کردو، سوپای روسی بۆ بەهێزکردنی جێگاکانی خۆی لەئێراندا هێزی تری ناردە ئازەربایجان، ئاسورییەکان بەخۆشییەوە هەواڵەکەیان وەرگرتو، وەکو بەشێکی ئەوان کەوتنە هاوکاری سوپای روسی‌و بەرهەڵستی چالاکی عوسمانیو لایەنگرەکانی.

لەوشوێنانەی روس دەستی ئەرۆیشت لایەنگرانی خۆی بەحوکمڕان دائەنا، لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا حاجی صمدخان شجاع الدولەی مەراغەیی حاکمی ئازەربایجان بو، صمدخان((بەیارمەتی سەربازانی روسی هەمو رۆژێ بەتاوانی ئازادیخوازی چەند کەسێکی لەدار ئەدا، یا ورگی هەڵئەدڕین، یاسەری ئەبڕین))، حاکمی ورمێ‌ش، اعتمادالدولە بو، کەیەکێ بو لەهاودەستە نزیکەکانی صمدخان.[٦٧]

٤/٢هێرشی تورك بۆ ئازەربایجان(تشرینی دوەمی١٩١٤)

لەگەڵ هێرشی گەورەی تورکدا بۆ سەر قافقاز، لەچەند جێگایەکەوە پێشڕەوی لەئەرزی ئێراندا دەستی پێ‌کرد" لەسنوری بازرگانەوە بۆ لای ورمێو، لەسنوری بانەوە بۆ لای سابلاغ. لەهەردو قۆڵەوە پێشەنگی هێرشەکان، بەگوتەی کسروی: ((موجاهیدانی ئێرانو کورد))بون. سوپاییانی عوسمانی لەدوایی ئەوانەوە ئەگەیشتن.[٦٨] لەنێوان ئۆردوی تورکیدا، بەهاوکاری هەندێ لەئێلە کوردەکانو ئازادیخوازانی ئێران، وسوپای روسیدا چەند پێکادانو پێکهەڵچونێك رویدا، سەرەنجام هێزەکانی عوسمانی توانییان دەس بەسەر سابلاغ، میاندواو، مەراغا...دابگرنو چەند کەسێکیان لەپیاوە ناسراوەکانی کورد، لەوانە: پیری تەریقەت شێخ بابا سەعیدی غەوس ابادی، سەیفەدین خانی ئەردەڵان حاکمی سەقز، حەمەخانی حاکمی بانە، حەمەحسێن خانی سەرداری بۆکان سەرداری موکری بەبیانوی دۆستایەتی روسەوە کوشت.[٦٩]

ئۆردوی تورك لەمەراغاو سوپای عوسمانی لەتەورێز بارەگایان خستبو. هەر لەو ماوەیەدا ئۆردوی تورك لە((ساری قامیش)) سەرکەوتنێکی بەسەر سوپای روسیدا بەدەس هێنا. لەئەنجامی ئەوەدا بۆ ئەوەی هێزەکانی روس توشی گەمارۆدان نەبن، فەرمانی پاشەکشەیان پێ‌دراو، کتوپر ئازەربایجانیان چۆڵکرد، لەوانە شارەکانی تەورێزو ورمێ. صمدخان کەیەکێ لەدەسنێژەکانی روس‌بو، هەروەها سەدان ئێرانی تری سەربە روسیا لەبابەتی اعتمادالدولەی حاکمی ورمێو، ژمارەیەکی زۆر لەئاسورییەکان بەرەو ناوچەکانی ژێردەستی روس هەڵاتن.[٧٠]

٣/٤مەینەتی ئاسورییەکانی ورمێ

ئاسورییەکانی ورمێ چارەنوسی خۆیان بەهێزەکانی روسییەوە گرێ دابو، لەبەر ئەوە خۆشیو ناخۆشییان بەندبو بەسەرکەوتنی یا ژێرکەوتنی ئەوانەوە. لەناو ئێرانییەکانیش‌دا کەم نەبون ئەوانەی بوبونە کوتەکی دەستی سوپای روسیو، هاوکارییان ئەکردنو، پاشەڕۆژی خۆیان بەدەسەلاتی ئەوانەوە گرێ‌دابو. لەئەنجامی پێشڕەوی لەناکاوی ئۆردوی تورکو، کشانەوەی کتوپڕی سوپای روسی لەورمێ(١٦ای سەفەری ١٣٣ھ کانونی یەکەمی ١٩١٤) ئاسورییەکانو ئێرانییەکانی سەر بەروس، کە لەژێر سایەی دەسەلاتی روسی‌دا ئازاری هاولاتییانی خۆیان دابو، دوای کشانەوەی روس، ئیتر ئەوانیش نەیان ئەتوانی وەکو جاران لەناوچەکەدا بمێننەوە. لەترسی گیانی خۆیانو، تۆڵەی تورکو کسانی ئازاردراو کەوتنە هەوڵی خۆ دەربازکردن.[٧١]

کسروی لەو بارەیەوە نوسیوێتی:

((...رۆژی ١١ هەمی دیماە بو روسەکان کتوپڕ ئەوێ(ورمێ)یان چۆڵ‌کردو بەشێکی سوپاکەیان شاری بەرداو بەرەو سنور پاشەکشەیان کرد، بۆ بەیانی ١٢هەم پاشماوەی سوپاکەیان چوە دەرێ.

بەلام ئەم پاشەکشەیەی ئەوان، لەگەڵ روداوێکی‌تر هاوکات بو، کەئەویش کۆچی ئاشوریو ئەرمەنییەکان بو، چونکە ئەوانە کەخۆیان بەروسەکانەوە بەستبوەوەو بەپشتیوانی ئەوان لەگەڵ هاولاتییەکانی خۆیان بەد رەفتارییان کردبو، لەچەند مانگی دوایی‌دا دەستیان کردبو بەخوێنڕێژیو تالان، لەم دەمەدا لەگیانی خۆیان ئەترسانو جێی مانەوەیان نەئەدی، ئەوەبو هەرکە لەڕۆیشتنی ناکاوی روسەکان ئاگاداربون، بەتوندی شلەژانو، لەگەڵ ئەوەی زستان بو زۆریان جگە لەهاوڕێیەتی روسو کۆچ‌کردن لەئێران هیچ چارەیەکی تریان بەدی نەکرد. ئەوەبو بەپرتاو بەخۆکەوتنو ژیانی خۆیان تێك‌داو ئەوی توانیان بیبەن هەڵیان گرتو ئەوی نەیان توانی بەجێیان هێشت. نزیکەی ١٠ هەزار کسیان لەپیاوو ژنو مناڵ لەخودی شارو ئاواییەکانی دەرەوەی بەرێ کەوتن. لەبەر ئەوەی زۆریان عەرەبانەو چوارپێیان نەبو سواری بن، بەپێ بەسەر بەفرو بەناو قوڕدا ئەڕۆیشتن. هەندێ جار خواردنیشیان دەس نەئەکەوت. لەرێگا ژنانو منالان زەرەرێکی زۆریان بینی زۆریان نەیان توانیو لەپێ‌کەوتن. چوارپێیەکی زۆر لەناو قوڕو چلپاودا فەوتان... کسانێکی هەزار ساڵ لەولاتێکا ئاسودە ژیابونو، لەگەڵ هەمو جیاوازییەکی دینی‌دا، هەمو جۆرە دڵنەرمییەکیان لەخەڵك دیبو، چی وای لێ کردن نمەك نەناسی بکەنو، هەرکە پێی بێگانەیەك گەیشتە ولات، بدەنە پالیانو، لەگەڵ

هاوولاتییەکانی خۆیان خراپە بکەنو، بەدڵخوازی بێگانەکان دەس بدەنە تفەنگ خوێنی خەڵکی برێژن؟ ئەبێ سزای قورسی ئەو جۆرە کسانە بدرێو، ئەوەی ئەیان دیو ئەیان چێشت کەمبو، ئەوەی ئازاری دڵی ئێمەی ئەدا حاڵی ژنەکانو منداڵەکان بو کەهیچ گوناهێکیان نەبو.

... وەکو وتمان پاشەکشەی روس کتوپربو، بۆیە هەمو مەسیحییەکان پێیان نەزانی، ئەگەر پێشیان زانی بێت دەرفەتی رۆیشتنیان نەبو، لە۴۵۰۰۰ کەس کەموزۆر کەژمارەی ئەوانەبو لەو دەوروبەرانە، تەنیا ۱۰۰۰۰ کەس یا کەمتر توانیان لەگەڵ روس بڕۆن، ئەوانیتریان کەمابونەوە هەرکە لەچۆنایەتییەکە ئاگاداربونو لەو لاشەوە هاتنی کوردو تورکیان ئەبیست، لەگوندەکان خانوەکانی خۆیان بەجێ ئەهێشت، لەگەڵ ئەوەی ئەیان توانی لەگەڵ خۆیان بیهێنن لەگاو مەڕو کەلوپەلو خواردن رویان ئەکردە شارو، ئەچونە باخی نەخۆشخانەی ئەمریکایی یاپەنایان ئەبردە بەر سەرای میسیۆنی فەرەنسی، تەنیا دو گوندی کوگ تەپەو گلپاشین چۆڵ نەبو کەداستانی ئەوانیش ئەبینین.

ئێرانییەکان لەو هەلومەرجەشدا لەیارمەتیو دڵنەرمی نەوەستان، ژمارەیەکی زۆریان چ ئەوانەی شارو، چ ئەوانەی گوندەکان بردە ماڵەکانی خۆیان. لەسەلماسیش لەگەڵ ئەرمەنییەکان هەمان رەفتاریان کردو ئێمەش زۆریی زانیارییەکانی خۆمان لەنوسینەکانی مەسیحییەکانەوە وەرئەگرین، ئەمەیان خۆیان نوسیویانە:

هەرکە رۆیشتنی روسەکان زانرا، سوپای عوسمانی کە لەو نزیکانەبو، روی کردە ورمێ. لەپێش ئەوانەوە کوردەکان بەژمارەیەکی زۆر لەچیاکانەوە دابەزین، تاقمێکیان لەگوندەکاندا بڵاوبونەوە، کەوتنە تالانو راوورِوت، دەستەیەکی زۆریشیان رویان کردە شار، دو رۆژبو روسەکان رۆیشتبون کەئەوان گەیشتنە ورمێ. لەبەر ئەوەی اعتماد الدولەی حکومڕانی نوێ لەهاودەستەکانی صمدخان بو، لەزەمانی حوکمڕانی خۆیدا بەئارەزوی روسەکان رەفتاری کردبو، خوێنی بێ گوناهانی رشتبو، لەم کاتەدا لەگەڵ روسەکان رۆیشتبو. کەسێ نەبو ئاگاداری شارو بەرگیری لەکوردەکان بکا. بێ ئەوەی هیچ شەڕێ روبدا هاتنە ناو شارەوە. دەستیان کرد بەتالان. دو شەوو دو رۆژ خەریکی تالانی بازارو ئاژاوە بون. بەدوی ئەواندا رەشیدبەگ فەرماندەی عوسمانی بەسوپاکەیەوە گەیشتو بەری تالانو ئاژاوەی گرتو چەند کوردێکی بەگوللە کوشت. ئەو چەند رۆژەی رەشیدبەگ لەشاربو ئارامیو خەڵکی چ مەسیحیو چ موسوڵمان ئاسودەبون. بەڵام لەبەر ئەوەی روسەکان بەر لەپاشەکشەیان خویان گرتبو، لەوێ هێزیان هەبو، رەشیدبەگ بەهێزەکانی خۆیەوە چوەسەریان. لەسەلماس لەشکرێکی رێك خست.

کاروباری شارکەوتە دەست نوریبەگو راغب بەگ، کەدو کەس لەسەرکردە بەد ڕەفتارەکانی عوسمانی بون، ئەوانە کەوتنە ستەم کردنو ئازارێکی بێ ئەندازەی مەسیحییەکانیاندا. ئەرشەد همایون تا ئەیتوانی مشوری خەڵکی ئەخوارد، مەسیحییەکان زۆری لێ رازیبون. بەڵام لەراغب بەگو لە مجدالسلطنە، کەدابویە پاڵ عوسمانییەکانو دەستەیەك لەموجاهیدانی لەخوی خڕکردبوەوە، لەقوچ عەلیخانو ئەوانیتر زۆر بەگلەیی بونو، هەندێ داستانیان نوسیوە کە بەئاسانی ناتوانرێ باوەڕی پێ بکرێ. ئێمە نازانین ئەم داستانانە تاچ ئەندازەیەك راستن، بەڵام لەبەر بێلایەنی، ئەیان گێڕینەوە:

• ئەنوسن لەکوك تەپە ۲ هەزارکەس لەئاسورییانی ئەم گوندو ئەو گوند کۆبوبونەوە، ژنەکانو منداڵەکان پەنایان بردبوە بەرکلێسەکەو پیاوەکانیشیان بەتفەنگەوە لەسەربانەکان پاسەوانییان ئەکرد؟ کوردەکان دەوری ئەوییان گرتو، بو بەپێکادان. لەبەر ئەوەی کوردەکان زۆربون، مەسیحییەکان مردنیان لەبەر چاوبو، نائومێدانە تێ ئەکۆشان. بەڵام لەم کاتەدا دکتۆر پاکاردی ئەمریکایی کە لەگەڵ دوسێ کەس لەشار دەرچوبون بە مەسەلەکەی زانی، لەگیانی خۆی نەترساو بەرەو ئەوێ چو. لەسایەی ئەو ئاشنایەتیو دۆستایەتییەوە کە لەگەڵ هەندێ لەسەرانی کوردی هەبو، توانی رێ لەشەڕ بگرێو چوە ناو گوندەکەوە مەسیحییەکانی بینیو، وای لێ کردن دەس لەشەڕ هەڵبگرنو تفەنگو گوللەکانیان دابنێنو، لەئاواییەکە دەربێن. هەموریانی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ شارو، گیانی ۲ هەزارکەسی کڕییەوە. ئەم داستانە لەرۆژە سەختەکانی هاتنی کوردەکاندابو، سێو ئەوەندە رۆژ پاش ئەوە، لەناو خودی شاردا داستانێکیتر رویدا، کە ٦٠ کەس لەپیاوە ناسراوەکانی ئاسورییان لەسەرای میسیونی فەرەنسی راکێشابوە دەرەوەو گرتبو، رۆژی دوەمی ئەسفەند (۲۲ی شوبات)، بەشەو هەمویان بردنە دەرەوەی شارو گوللەبارانیان کردن، تەنیا یەکێکیان لەمردن رزگاریبو، بەبرینداری خۆی گەیاندەوە مەسیحییەکانو چۆنایەتییەکەی بۆ گێڕانەوە.

دو رۆژ دوای ئەوەش داستانی گلپاشین رویدا. ئەم گوندە کەئاواییەکی ئاسوری نشینی گەورەبو، کاتێ تورك گەیشتنە ورمێ، ئاسورییەکان نوێنەری خۆیان ناردە لایانو، زینهاریان وەرگرت. لەگەڵخۆیان چەند کەسێکیان لێ بردنە ناو دێ. بەم جۆرە بەئاسودەی ئەژیان، تا شەوێکیان قوچ عەلیخان بەدەستەیەك موجاهیدەوە گەیشتە ئەوێ. بەناوی میوانییەوە لەماڵەکان دابەزین. دوای خواردنو خواردنەوە داوای ۱۵ هەزار تومان پارەیان لەدەوڵەمەندەکانیان کردبو، لەبەر ئەوەی ئەوان نەیان توانی ئەو چەردە پارەیە کۆبکەنەوە ٤٥ کەسیان لێ گرتنو شەوانە بردیاننە

دەرێو گوللەبارانیان کـردن. لـەوانیش چـەند کەسـێ رزگـاربونو چۆنایەتییەکەیان ڕاگەیاند.))[٧٢]

لەم ڕۆژانەدا ٢٠ هەزار کـەس لـەم هەڵاتوانـە خۆیـان هاویشـتبـوە نـاو سـەرای نەخۆشخانەی ئەمریکاییەوە، بەهۆی تەنگی شوێنەکەیانو، کەمی خواردەمەنیـەوە، نەخۆشی تیفۆئیدو تیفوسیان لەناودا بڵاوبوەوە. ئەم دەردە لەناو شـاریش تەنییـەوە. وەکو ئەڵێن تەنیا لەمەسیحییەکان ٥ هەزار کـەس مـردوە، دیـارە لەخـەڵکی شـارو دەوروبەریشی زۆر مردون.[٧٣]

نیکیتین، کونسوڵی روس لەورمێ، لەگێڕانەوەی ئەم ڕوداوەدا ئەنوسێ:

((ڕاپـۆرتی میسـیـۆنێرەکانو ئـەوەی بەچـاوی خـۆم دیومـە رێگـەم ئـەدەن، تابلۆیـەکی پچـوکی زسـتانی ١٥-١٩١٤ لـە ورمـێ بکێشم. دیـارە ڕونکردنـەوەی درێژی پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی جیاواز هەیـە، مـن تـەنیا بەکورتەیـەکی ئـەوە دائەکەوم، کە لەکاتی ڕۆیشتنی سوپای ڕوسی لەورمێ لەساڵی ١٩١٤دا کە بەدوی ئەویشدا کونسوڵو میسیونی ئورتۆدۆکس ڕۆیشتن. مەسیحییەکانی ناوچەکە وەکـو شێت بەرەو سنوری قافقاز هەڵاتن، سەختی ئەم کۆچە لـەمانگی کـانونی یەکـەمدا لەهەوای ساردی گەورە بـەرزەکانو بەرێگـە باریکـە دژوارەکـان کـەپڕبون لەقشـونو گاریو دروشکەو مێگەلو گاڕان، وەکو پێویست ناتوانرێ بهێنرێتە بەر چاو.

ڕێکخستنی ئاماری قوربانییەکانی ئـەم ڕوداوانـە نـاکرێ، کەسـانێکی توانیـان هـەڵێن، خۆشـبەخت تربـون لەوانـەی بـەهۆی نـەبونی هـۆی گوێزانـەوە لەئاواییـە دورەکـانـدا بـەجێ مـابون. ئـەم بەدبەختانـە، کاتـێ کوردەکـان هاتنـە ناوچـەکەو، دەسـتیان کـرد بەکوشـتنو تـاڵان، ڕویـان کـردە شـاری ورمـێ، پـەنایان بـردە بـەر میسیۆنەکانی کاتۆلیکیو ئەمریکایی. میسیۆنەکانیش نەیان ئەتوانی چەند هەزار کـەس پـەنا بـدەن، بـەهۆی زۆریو تـرسو برسـێتیو مانـدوێتیو نـەبونیکاری تەندروستییەوە ژیانیان زۆرخراپ بـو. کوشـتاری بەکۆمـەڵیش ڕویدا وەکـو ئـەوەی بەیـەکجار ٦٥ کسـیـان بـەزۆر لەمیسـیۆنی فەرەنسـی دەرهێنـاو بـەجارێ گوللـە بارانیان کردن، لاشەی ئەم قوربانییانە چەند ڕۆژێ لەو ناوەدا کەوتبو...))[٧٤]

نیکیتین، خۆی شـایەتی ڕوداوەکـانی ورمـێ بـوە. لەنوسـینێکیتریدا چیـۆکی مەلایەکی کوردی ئەوێ ئەگێڕێتەوە، وەکو هەڵوێسـتی پێشـەوایەکی دینیـی کـورد بەرامبـەر جیهـادو قـەتلوعامی مەسـیحییەکان، کـە خـۆی لـەخۆیا مەعنایـەکی مێژویی قوڵی هەیە بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ئۆباڵی هـەر گەلـە لەهـەڵگرتنی باری لێپرسراوێتی ڕوداوەکانی ناوچەکەدا. نیکیتین نوسیوێتی:

مەلا سەعید لەناوکوردە خوێندەوارەکاندا یەکێبو لەوانەی لەکاتی راگەیاندنی جیهادا بێ ئەوەی بترسێ بەرپەرچی دایەوە. لەسەر ئەوە گرتیانو، بردیانە لای حاکمی تورك. بەوە تاوانباریان کردبو فتوای دژی جیهاد داوە. مەلا سەعید بەم جۆرەی لای خوارو دیفاعی لەخۆی کرد: ((من ئینکاری ئەوە ناکەم کەفتوای رەتکردنەوەی جیهادم داوە، لەم بابەتەوە نە لەڕوی شەرعییەوە خۆم بەتاوانبار ئەزانمو، نە لەڕوی قانونییەوە، چونکە من لەهیچ جێیەکی شەریعەتی خۆماندا نەم دیوە، فتوای کوشتنی خەڵکی بێدیفاعو بێگوناه درابێ. لەلایەکی تریشەوە، قانونی حکومەت تا ئێستە نەك هەر فەرمانی کوشتنی کەسی دەرنەکردوە، بگرە بەپێچەوانەوە، پارێزەری مافەکانی خەڵك بوە... بەڵام دەربارەی پشتیوانی فتواو حوکمی کەبۆ جیهاد دراوە، من پێم وایە کەرەحمو مروەتو عیلمو مەعریفەتی شێخ سەلامو، عەدالەتو ئینسانی خەلیفە(سوڵتانی عوسمانی) زۆر زۆر لەوە بەرزترە کەفتواو حوکمی کوشتاری رەعییەتی بێچارە(مەسیحیو نەستۆری) بدەن، ئەو رەعییەتانەی لەزەمانی حەزرەتی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامەوە تا ئێستە دەستیان نەداوەتە چەكو دژی ئێمە نەجەنگیون.))[٧٥]

٤/٤هاتنەوەی روس بۆ ورمێ(مایسی١٩١٥)

روس تا مەرەند کشابونەوە لەوێ لەشکرگایان دامەزراندبو. تورك بەرامبەر بەوان لەسۆفیان بون. لەم لاشەوە تورك لەسابلاغو ورمێو، هێزەکانی روس لەخوی دامەزرابون. چەند هەفتەیەك بەبێ شەڕ تێپەڕی. بەڵام کەروس لەقافقاز دەس پێشکەری گرتەوە دەستو ئۆردوی تورکی تێکشکاند، فەرمانیان بۆ چەرنوزوبوف دەرکرد بگەڕێتەوە شوێنەکانی پێشوی لەئازەربایجان. لە٢٣ی دیماه دا هەڵیان کوتایە سەر هێزەکانی تورك لەسۆفیانو رۆژی دوایتر تورکیان لەسوالان شکاند. ئەم هەواڵانە گەیشتنە تەورێز. تورك بەبێ شەڕ لەوێ کشایەوە. ٢٥ی مانگی دەی روس چوە ناو تەورێزەوە.

لەفەروەردینی١٢٩٤دا هێزێکی گەورەی تورك لەئەستەموڵەوە گەیشت. چەند تێهەڵچونێکی خوێناوی لەڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێدا روی دا. خەلیل بەگ(دوایی بو بەپاشا) سەرکردەی ئۆردوی تورك لەدیلمانو خوی تێشکا. روس هێزێکی تری لەقافقازەوە بۆ پاڵپشتی نەزەربیگۆف نارد. سوپای روسی، ئۆردوی تورکی لەناوچەکانی نێوانی دەریاچەی ورمێو گۆلی واندا راماڵی.

سەرکردایەتی قافقاز پلانێکی دانابو، بۆ چاوترساندنی کورد. بۆ ئەوەی کورد بەدەردێ ببەن جارێکیتر نەوێرێ بداتە پاڵ ئۆردوی تورکو، زاتی ئەوە نەکا

دەردیسەر بۆ روس دروست بکا. جێبەجێ کردنی ئەم پلانە بەجەنەراڵ شارپانتیە سپێردرا.

کسروی، درێژەی ئەم پلانەی لە((تاریخ نظامی جنگ بین المللی))ەوە بەمجۆرە، وەکوخۆی، راگوێزاوە:

((بۆ جێبەجێ کردنی پەلاماری سوارە نیزام کەفەرماندەی سوپای روس لەدەوروبەری دەریاچەی رەزاییەدا بەتەمای بو، هێزەکانی ژێرو بو: لەشکری سواری قافقازو تیپی٣ی قزاق(زابایکالسکی) بەسەرکردایەتی جەنەراڵ ئستویانوسکی لەژێر فەرماندەیی گشتی جەنەراڵ شارپانتیە فەرماندەی لەشکر سواری قافقاز.

لەنیوەی دوەمی مانگی نیساندا(تەقویمی یولیوسی کۆن بەکارهێنراوە) تیپی٣ی قازاق(زابایکالسکی)و ئاتەشبار٢ بەفەرماندەیی جەنەراڵ ئستویانوسکی لەسنوری قارسەوە بەرێی ئاسنیندا نێردرایە جولفاو تەورێز.

لەکۆتایی نیساندا گوێزانەوەی لەشکرسواری قافقاز بەرێی ئاسنیندا بەرەو جولفا دەستی پێ‌کرد. لەشکری گۆڕین پێك هات بو لەهەنگی١٦ی دراگون(تورسکوی)و هەنگی١٧ی دراگون(نیژگورودسکی) هەنگی١٨ی دراگون(سورسکی)و هەنگی١ی قازاق(خایبورسکی)و گوردانی تۆپخانەی شاخێ، هەمو سوارنیزامی جەنەراڵ شارپانتیە بریتی بو لە٣٦ ئاسواران، ٢٢ تۆپو ٨ مەترەلوز.

رۆژی ٦ی مایس لەتەورێز کۆبونەوە. هێزی ناوبراو تا١٠ی مایس لەوێ مایەوە، تا بەشی لۆجستیك هۆی گوێزانەوەی ئامادەکردو گوێزانەوەی فیشەکی بەحوشتر دابین‌کرد، چونکە ئیتر جادەیەکی بەکاری پێچکەبێ لەرێدا نەمابو.

٩ی مایس تیپی٣ی قزاق(زابایکالسکی) کەپێشەنگی هێزەکە بو لەتەورێزەوە جولا، ١٠ی مانگ لەشکر سواری قافقاز بزوت.

رۆژی ١١ی مایس تیپی ٣ی قزاق(زابایکالسکی)و رۆژی ١٣ی مایس لەشکری قافقاز گەیشتنە نزیکی مياندواو.

رۆژانی١٢و١٣ هەموی خەریکی پەڕینەوە بون لەچەمی زەرینە(روباری جەغەتو). ئاوی روباری ناوبراو لەبەهارا زیاد ئەکاو پانایيەکەی ئەگاتە٣ کیلۆمەتر. لەبەر ئەوەی پردی لەسەر نەبو هەمو سوارە نیزامی روس بەمەلە پەڕینەوە. بۆ پەڕاندنەوەی تۆپو فیشەکو چەکو شتی‌تر، چەند موهەندیسێ پردێکی قەیاغییان لەسەر بەست.

هێزی سواری ناوبراو پاش پەڕینەوە لەروبار، لەنزیك مياندواو راوەستاو لای شاهین دژ(سایین قەلا)و مەهاباد کەوتە نۆڕین. رۆژی١٥ی مایس هێزی سوارە

بەرەو مەهاباد بزوتو لەنزیکی میاوا لەگەڵ دەستەجاتی کورد تێك هەڵچونو، راویان نانو تا داهاتنی تاریکی بەدویانەوە بون.
ڕۆژی ١٥ی مایس هێزی سوار پاش پێکادانێکی کەم لەگەڵ کورد شاری مەهابادی گرت، کەسێکی ئەوتۆ لەشارا نەبو، کونسوڵگەی روس کەکوردەکان ئاگریان تێ بەردابو، هێشتا دوکەڵی لێ بەرز ئەبوەوە. چەند ڕۆژێ بەر لەداگیرکردنی، سەرهەنگ یاس کە لەوێ مابو، لەلایەن کوردەکانەوە کوژرا بو، کوردەکان سەرەکەیان بەنیزەدا کردبو، بەدێهاتەکاندا گێڕا بویان.
ڕۆژی١٦ی مایس هێزی سواری روس لەمەهاباد مایەوە، کەوتە نۆڕینی سەردەشتو شنۆ.
ڕۆژی١٨ هێزی سوار لەشنۆ نزیك کەوتەوە، گوردانی ئەمنیەی عوسمانیو کوردی لێ بون. کوردەکان لەوێ بەرهەڵستییەکی توندیان کرد، بەڵام روس بەزویی لەشار دەری پەڕاندنو، کوردەکان بەرەو موسل هەڵاتن.
هێزی سواری روس ڕۆژی١٩ی مایس لەنزیك شنۆ راوەستا، کەوتە نۆڕینی لاکانی خۆراواو خوارو. ڕۆژی٢٠ی مایس بەرەو ژور هەڵکشا. پاش بڕینی دو مەنزڵ رێگەو تێپەڕین لەکوێرەڕێ سەختەکانی چیاکان گەیشتە رەزاییە، نزیکەی هەفتەیەك لەم شارەدا مایەوە.
بەم پێیە هێزەکانی سوارە نیزام کارەکانی خۆی، کەجولان بو بەکەناری دەریاچەی رەزاییەدا، ئەنجام دا.
بزوتنی سوارە نیزامی روس بەتۆپخانەو موسەلسەلی زۆرەوە، کارێکی قوڵی لەناو ئێلاتدا کرد، دوای ئەوە تا ماوەیەك لەمەڵبەندی ئازەربایجان واتە لەتەنیشتو پشتەوەی سوپای روسیدا ئارامیی تەواو جێگیر بو، هیچ دەردەسەرێکیان بۆ دروست نەبو.
ئیتر روسەکان ئەیان توانی لەو هێزانەی بۆ ئازەربایجانیان ناردبو، کەم بکەنەوە. بۆیە هەمو پیادە نیزامی ئەو هێزەیان بەرەو مەلازگرد نارد. ئەم کەمکردنەوەیە هیچ کارێکی نەکردە سەر دۆخی ئەوان لەسەروی خۆراوای ئێران.
لەبەر ئەوەی هێزی سوارەی نیزام ئەرکەکانی خۆی بەجێ‌هێنا، فەرماندەی قافقاز فەرمانیدا بەهێزی ناوبراو بچێ بۆ مەڵبەندی وانو بداتە پاڵ سوپای ٤ی قافقاز.
پەلامارەکەی سوارەی نیزام ئەگەرچی ٨٠٠ ڤیست(ڤیرست ئەندازەیەکی روسییە بۆ پێوانی رێ، نزیکەی هەزار مەترە) رێی پێوابو، بەڵام چونکە بەوردی رێك

خرابو، کاتێ چوه پاڵ باڵی چەپی سوپای ٤ی قافقازەوە، لەدۆخێکی تەواو رێکوپێکدا بو.))[٧٦]

کسرویش ئەم گێڕانەوەیەی پێ ناتەواوە، چونکە توخنی ئەوکوشتارو کاولکارییە نەکەوتوە کەسوپای روسی لەسەرەڕێی خۆیدا کردویەتی. سەرکردایەتی قافقاز، دەستەی چەکداری لەمەسیحییەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەئەرمەنیو ئاسوری، پێك هێنابو، لەهێرشەکانیدا بۆ سەر کوردستان ئەوان ئەبونە پێشەنگی سوپاو، دەستیان لەهیچ تاوانێ نەئەگێڕایەوە.

لەم کەینوبەینەدا هێزەکانی روس، بەگوتەی تەدن((هەر بەگەیشتنیان بۆ سابلاخ، ئەوێیان قەتلوعام کردو، لە٢٢ی مایسدا کوردەکانی شنۆیان بەجۆرێکی وەها سەختو بێ بەزەییانە تەمێکرد، کەئیتر شنۆ تاچەندین ساڵ نەیتوانی راست بێتەوە))[٧٧] هەر لەو هێرشە گشتییەدا چەند کەسێکیان لەپیاوە ناسراوەکانی کورد کوشت لەوانە قازی فەتاحی سابلاخیو، چەند کەسێکیان بەگیراوی رەوانەی قافقاز کرد، لەوانە سمکۆی شوکاکو سەید تەهای شەمزینی.

٥/٤ تۆڵەی ئاسوری لەخەڵکی ورمێ

لەکاتی هاتنی ئۆردوی عوسمانیدا اعتماد الدولە لەگەڵ روسەکان هەڵاتبو، لەجێگەی ئەو عظیم السلطنە بو بەحاکمی ورمێ[٧٨] ناوچەکە هەموی بوبو بەمەیدانێکی سەختی پێکادانی خوێناوی هێزەکانی روسو تورك. رووداوەکانی ناوچەکە برینە کۆنەکانی ناکۆکییە دینیی، مەزەبی، نەتەوەییەکانی قوڵتر کردبو. ئەوەش بوبو بەهۆی نەمانی هیچ جۆرە ئاسایشو ئارامیو هێمنییەك. پشێویو ئاژاوە هەمو ناوچەکەی داگرتبو. چارەسەرکردنی ئەو هەلومەرجە ئاڵۆزاوە لەتوانای هیچ کاربەدەستێکی ئێرانیدا نەبو.

رووداوەکانی ناوچەکە، گۆڕانی یەك لەدوای یەکی حاکمەکانی بەدوادا ئەهات. لەدوای کشانەوەی تورکو هاتنەوەی سوپای روسی حکومەتی ئێران، یمین الدولە، یەکێ لەشازادەکانی قاجاری، لەجێگەی عظیم السلطنە بەحاکمی ورمێ دانا.[٧٩]

ئاسورییەکان، کەتوشی زەرەرو زیانی گیانیو ماڵیو دوچاری ئازارێکی زۆر بو بونو، روسەکان چەکداریان کردبون، پشت ئەستور بەسوپای روس کەوتنە تۆڵە کردنەوە لەخەڵك. داوای بژاردنی ئەو زەرەرانەیان ئەکرد کەلێیان کەوتبو. یمین الدولەش ئەیویست دڵسۆزیو گوێڕایەڵی خۆی بۆ روسەکان دەرببڕێ. کەوتە گرتنی ئەوانەی ئازاری ئاسورییاندا بو. ماڵو ملکی زەوت ئەکردن. نزیکەی٢ هەزار کەسی خستە زیندانەوە.[٨٠] کاربەدەستانی عەجەم هەوڵیان ئەدا کەڵك لەم ئاڵۆزییە وەربگرن بۆ دەوڵەمەند کردنی خۆیان.[٨١] نازناوو کاروباری حکومەتییان بەپارە

لەدەرباری قاجار ئەکرێ، ئەوانیش شوێنەکانی خوار خۆیان بەبێ گوێدانە لێوەشاوەیی‌و شارەزایی بەدراوی زۆر ئەفرۆشتەوە.[82]

هاوزەمان لەگەڵ ئەمەدا، هەندێ لەئەرمەنییەکانی قافقاز هاتبونە ناوچەی ورمێ دەستەی((قاجاغ))یان پێك هێنابو، هەر شەوە بەسەر گوندێکیاندا ئەداو تالانیان ئەکرد.[83] پشێوی لەناو ورمێ‌و دەوروبەریدا بەئەندازەیەك زیادی کرد، بۆئەوەی ئاسورییەکان دەس لەتالان کردنی خەڵکو راوورووت هەڵبگرن، حکومەت بەناچاری کۆمیسیۆنێکی پێك هێنا بۆ لێکۆڵینەوەی گازندەی مەسیحییەکان، ئەم کۆمیسیۆنە داوای جێبەجێ‌کردنی ئەم خواستانەی کرد:

((١. موسوڵمانەکان ئەبێ کەلوپەلی بەتالان براوی مەسیحییەکان بدەنەوە بەخاوەنەکانی"

٢.ئەو کچانەی لەموسڵمانەکان مارەکراونو لەماڵی ئەواندا ئەژین، ئەبێ لەمیسیۆنی روسیدا بدرێنەوە دەست خێزانەکانی خۆیان"

٣. ئەبێ ئەهالی دەستەبەری بژاردنی ئەو زەرەرانە بین کەلەومەسیحیانە کەوتوە کەکۆچیان کردوە))[84]

خواستەکانی ئەم کۆمیسیۆنە ئۆبالی مەسەلەکان ئەخاتە ئەستۆی موسڵمانان، کەدیارە مەبەست عەجەمەکانی ورمێیە، کەچی نوسەرانی عەجەم روداوەکانی ئەو سەردەمە ئەدەنە پاڵ کورد.[85] یەکێ لەوانە، تمدن، لەپەراوێزی ئەم داوایانەدا نوسیویەتی:

((دیار بو کەلابەلا کردنی کێشەکانی سەرەوە، زۆر دژوار بو، بگرە لەلابەلاکردن نەئەهاتن.

یەکەم کەلوپەلی بەتالان براو لیستەیەکی نەبو، دوەم تالانکەر دیاری کراوو ناسراو نەبو، سێیەم دیار نەبو تالانکەر موسوڵمان یا کورد، یا چریکی عوسمانی، یا کەسێکی تربوە.

سەبارەت بەوکچە مەسیحیانەی لەلایەن موسوڵمانەکانەوە مارە کرابون، ئەویش لابەلاکردنی دژواربو، چونکە ئەگەر ئەو کچانە بەزۆر درابونە موسوڵمانان، ئێستە کەمەسیحیەکان هەرچییان بویستایە ئەیان کرد، ئەو کچانەش ئەیان توانی لەماڵی مێردە موسوڵمانەکانیان برۆنو دارایی مێردەکانیان لەباتی مارەیی ببەنو بەئازادی بگەڕێنەوە بۆماڵی باوکو دایك یا خزمەکانی خۆیان، وەئەگەر ئەم عەقدانە لەڕوی ئارەزوی سروشتی‌و پێوەندی خۆشەویستیەوە بوبێ، کەلەم حاڵەتەدا ناتوانرێ ژنی‌کەسێك بەزۆر لەدەستی بسەنرێ، یا بەزۆر ناچار بکرێ وازی لێ

بهێنێ، بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆری ئەوکچانە، لەمێردەکانی خۆیان ئاوس بون، یا منالّیان هەبو.

لەبابەت بڕیاری سێیەمەوە مەسەلەی بژاردنی زەرەر ئەویش کێشەیەکی دژوار بو چونکە موسولّمانەکان هۆی کۆچی مەسیحیەکان نەبون، بەلکومەسیحیەکان خۆیان لەترسی سوپای عوسمانی کۆچیان کردبو، لەلایەکی ترەوە بژاردنی زەرەر بەئەندازەیەکی دیاری نەکراو شتێکی مەحالّ بو.))[٨٦]

خواستەکانی کۆمیسیۆنی تێکەلاّو، کەنوسەرانی عەجەم خۆیان ئەینوسنەوە، هەندێ روی کێشەکانی ئەو سەردەمە دەرئەخەن، وەکو بەلگەیەکی مێژویی ئەگونجێ دو راستیان لێ هەلّبهێنجرێ" یەکەمیان، قولّیو ناخۆشی ئەو مەینەتییە گەورەیەی بەسەر خەلکی ناوچەکە بەگشتیو بەسەر ئاسورییەکان بەتایبەتی هاتوە. دوەمیان، ئەگەرچی هەمو نوسەرەکانی ئەو سەردەمە لەنوسینەوەی روداوەکاندا بێ لایەنییان بەلاوە ناوەو تۆبالّی گەورەی روداوەکان لەگەردنی کورد توند ئەکەن، کەچی ئەم کۆمیسیۆنە هیچ تاوانێ ناداتە پالّ کوردو ناوی کوردی بەهیچ جۆرێ نەهێناوەتە ناوانەوە.

لەم هەلومەرجە ئالۆزەدا یمین الدولە لێخرا. اعتماد الدولە، کە لەگەلّ کشانەوەی روس کاتی خۆی رۆیشتبو بۆ خۆی، سەرلەنوێ بوەوە بەحاکمی ورمێ.[٨٧] سەرباری نائارامیو پشێوی، کێشەیەکی نالەباری تر دروست بو، کاریکردە سەرگوزەرانی خەلکی. نرخی دراوی روسی شکا بو. مەناتی روسی نرخەکەی بوبوە نیوە، بەلاّم ئەفسەرو سالّداتەکانی روس بەزۆر بەهەمان نرخی پێشوی لەبازاڕدا کڕینو فرۆشتنیان پێ ئەکرد. ئەوەش بو بەهۆی نابوتی هەندێ لەبازرگانەکان.[٨٨]

٦/٤ کۆچی بەکۆمەلّی ئاسوری لەهەکارییەوە بۆ ورمێ

لەمانگی ئابدا کشانەوەی بەکۆمەلّی ئاسوری لەنیشتمانی دێرینەیانەوە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەستی سوپای روسی لەسەر سنوری ئێران دەستی پێکرد. ئەم کاروانە گەورە درێژە لەچیاکانی هەکارییەوە کەوتە رێ، ئەبو زیاتر لە١٠٠ کیلۆمەتر بەناو ئەرزی دوژمنەکانیدا بڕواو، دڕ بەو هێزانە بدات کەرێگەیان پێ ئەگرتن. بەدرێژایی رێگە توشی شەڕو پێکادان بون. ئاسورییەکان لەکشانەوەدا درێغییان لەکوشتنی بەکۆمەلّی کوردو، تالاّنی ئاژەلّو داراییو کاول کردنی گوندەکانیان نەکرد. شەڕ، رەنگی شەڕێکی دینی خوێناوی بەخۆیەوە گرت بوو هیچیان دەستی لەوی تر نەئەپاراستو هەرگەلەیان ئەیویست گەلەکەی تر لەڕەگوڕیشە دەربهێنێ.

بەرایی ئەم کۆچە گەورەیە لەسەرەتای ئەیلولدا گەیشتە سنور. چرنوزوبوف، لە١٥ ئەیلولدا لەباشقەلا سەردانی مارشیمونی کردو، داوای لیّ کرد هەرلەوێ بمێنێتەوەو نەگەڕێتەوە قوچانس. سەرکردایەتی روسی ئەیویست، ئاسورییەکان لەناوچە سنورییەکاندا گل بداتەوە، بۆ ئەوەی وەکو قەڵغانێ یەکەم لەبەرامبەر ئۆردوی تورکدا بەکاریان بهێنێ. مارشیمون خەریك بو لەپشتیوانی روسی نائومێد بێ. ویستی دەستەیەکی نوێنەرایەتی بنێرێ بۆ تاران داوا لەحکومەتی ئەڵمانی بکا لەبەینی ئەوانو تورکدا ناوبژی ئاشتبونەوە بکا.[٨٩] ئەم هەواڵە کاربەدەستانی سوپاییو دیپلۆماسی روسی تەنگاوکرد. لەسەر پێشنیاری ئەوان، گراند دوك نیکۆلای نیکۆلایفیچ، بۆ دڵنەوایی مارشیمونو دڵنیاکردنی، لەکانونی یەکەمی١٩١٥دا مارشیمونی بۆگفتوگۆی سیاسیو سوپایی بۆ بارەگاکەی خۆی لەتفلیس بانگ هێشت کرد. مارشیمون لەگەڵ دەستەیەك لەمەزنەکانی ئاسوری بەرێگای ئاسنین چو بۆ تفلیس. لەوێ پێشوازییەکی گەرم کران. رۆژنامەکان وێنەی خۆیو مێژوی گەلەکەیان بڵاوکردەوە.

مارشیمونو نیکۆلای لەگفتوگۆکانیاندا پێکهاتن لەسەر ئەوەی" ئاسورییەکان لەپاڵ روسیاو دەوڵەتانی هاوپەیمانیدا بەشداری جەنگ بنو، ئاسورییەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێننو، هێزێکی چەکدار لەژێر سەرپەرشتی سوپای روسیدا رێك بخەن. لایەنی روسی بەڵێنی بەئاسورییەکاندا، کەئێران چۆڵ نەکا. موچەی مانگانە بۆ هەمو ئاسورییەکان بڕدرایەوە، مارشیمون خۆی مانگی٥٠٠ رۆبڵ، هەمو ئاسورییەکی گەورە ٦ رۆبڵو هەمو منالێکیش٣ رۆبڵ. ئەنجومەنی وەزیرانی روسی پێکهاتنەکەیان پەسندکردو، ئاسورییەکانی بەهاوپەیمانی خۆیو دەوڵەتانی پێکهاتو دانا. لەرۆژانی گفتوگۆدا قەیسەری روسیا، نیکۆلای دوەم، بروسکەیەکی بۆ مارشیمون کرد، قەیسەر ئارەزوی خۆی تێدا دەربڕیبو، کەپاتریاركو گەلەکەی بەو نزیکانە بەسەرکەوتویی بگەڕێنەوە نیشتمانی خۆیان.[٩٠]

نیکیتین، کونسوڵی ئەودەمی روسیا لەورمێ، خۆی لەم بارەیەوە نوسیویێتی:

((بەداخەوە لەپایزی ١٩١٥دا لێشاوی هۆزەکانی نستوری مارشیمون پاش بەرهەڵستییەکی ئازایانەی کوردو تورك ناچارکرابون چیاکانی خۆیان بەجێ بهێڵنو، بەرەو ئەم ناوچەیە(ورمێ-و.) بێنو ببنە سەرباری هەلومەرجی شێواو.

((ناچار بۆ یارمەتیدانی پەنابەرەکان هەندێ پارەم داواکردو، بۆ پێشگیری لەبڵاوبونەوەی نەخۆشی، نەخۆشخانەیەکم دامەزران. پاشەکشەی نستورییەکان بەرەو لای ریزە جەنگییەکانی ئێمە هەلومەرجی سیاسی شێوان. چونکە ئەم هۆزە شاخاوییە چەکدارانە، کە لەگەڵ کوردو تورك جەنگی بون، ئەگەر بەرەسمیش

لەلایەن ئێمەوە بۆ شەڕ دژی تورك بانگ نەکرابون، هیچ نەبێ لەلایەن سەرکردایەتی جەنگی ئێمەوە هان درابون. لەبەر ئەوە بەانویستایە یا نە، لەڕیزی هاوپەیمانانی تێشکاوی ئێمەدا ئەژمێردران‌و، مافی ئەوەیان هەبو بێنە ناوهێزەکانی ئێمەوە. لەلایەکی‌ترەوە دیاربو کەروسیا لەجەنگدا دژی تورکیا ئەیویست مەبستەکانی خۆی بهێنێتە دی، لەوانە رزگاری ئەرمەنستان. بۆ ئەوەش ئەبو دەس بخاتە چارەنوسی هۆزەکانی ئاسوریی‌یەوە بەتایبەتی ئەوانەیان کەبەشێکی دانیشتوانی ولایەتی وان یان پێك ئەهێنا. لەلایەکی تریشەوە دیاربو مارشیمون چوە بۆ تفلیس لەگەڵ گراندوك نیکۆلا لەبابەت سەربەخۆیی‌و ئازادی هۆزەکانی ئاسورەوە گفتوگۆی کردوەو، لەئەنجامدا بەدڵنیایی‌یەوە گەڕابوەوە.

((جگە لەنەستوریی‌یەکانی تورکیا کەچاوەڕێ بون دوای جەنگ ئازادو سەربەخۆ بن، ئەوانەشیان کەهاوولاتی ئێران بون لەورمێ ئەژیان، سەرەڕای جیاوازیی مەزەبیان، لەهەمان رەگەز بون. ئەوانەش چەند هەزار کەس بون ئومێدەوار بون دوای جەنگ هەلومەرجی ژیانیان بگۆڕێ‌و، لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتانی موسوڵمان دەربێن. تاقمێ لەوانە دو پشتیان لەبەردەستی میسیۆنەکاندا پەروەردە بوبون، قەشەو مامۆستاو پزیشکیان تێدا پێ‌گەیشتبو، لەڕوی تێگەیشتن‌و هۆشیاریی‌یەوە لەوانی‌تر بەرزتر بون، ئەیان ویست لەبزوتنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی‌دا ببنە سەرکردەو پێشەوای گەلی ئاسوری‌و، لەپەنای قەڵغانی روسی‌دا ئاواتەکانی خۆیان بهێننە دی.))[٩١]

٥.کاری روداوەکانی ناو روسیا لەسەر ئاسوری

١/٥ شۆڕشی شوبات

هاوزەمان لەگەڵ گفتوگۆ نهێنیی‌یەکانی سایکس‌و، پیکۆو، سازانوف بۆ پێکهاتن لەسەر دابەش‌کردنی ئەرزی عوسمانی‌و ئێرانی، لەشکرکێشی روسی لەهاوینی ساڵی ١٩١٦دا لەکوردستاندا گەیشتە ئەوپەڕی تین‌و تەوژمی" سوپای روسی لەتورکیا هەمو ناوچە کوردنشینەکانی سەروی کوردستانی داگیرکردبو. ئەرزڕوم، ئەرزنجان، وان، بتلیس کەوتبونە ژێر دەستی. لەئێرانیش بەرەو خواروی کوردستان، بۆئەوەی لەگەڵ سوپای بەریتانی لەسەر ئەرزی عیراقی ئێستە یەك بگرێتەوەو پێکەوە بچنە ناو ولایەتی موسڵەوە، کەوتبوە جوڵانێکی‌خێرا. مەڵبەندە کوردنشینەکانی ئێران لەئازەربایجان، موکریان، سنە، کرماشان هەتا قەسری شیرین یەك لەدوای یەك ئەکەوتنە ژێردەستی. سوپای روسی لەژوروی کوردستاندا گەیشتبوە خانەقین‌و پێنجوێن‌و رەواندز. لەم پێشڕەوییەی سوپای روسی‌دا، دەستە چەکدارەکانی مەسیحییەکان، بەتایبەتی ئەرمەنی، پێشەنگی هێزی پەلاماردەر

بونو، بەرقێکی قوڵو قینێکی بێ ئەندازەوە ئەگەیشتنە هەرجێیەکی کوردستان، تۆڵەی قەتلوعامی دڕندانەی ١٩١٥ی ئەرمەنەکانی تورکیایان لەخەڵکی ئەو شوێنانە ئەکردەوە. لەوەش‌دا فەرماندەکانی روس رێیان لێ نەئەگرتن.[٩٢] وەکو مارشیمون لەگەڵ گراندوك نیکۆلای پێکهاتبو، روسەکان دەستیان‌کرد بەیارمەتی‌دانو رێکخستنی ئاسورییەکان، چ ئەوانی لەهەکارییەوە هاتبونو چ ئەوانەی لەورمێ‌بون. لەگەڵ ئەوان هەندێ لەئەرمەنییەکانیشیان رێك‌خست. تا سەرەتای ساڵی ١٩١٧ لەشکرێکی چەکداریان لەورمێ کۆکردەوە.[٩٣] بەڵام ئەم هێزە لەژێرفەرمانی سوپای روسی‌دا بەکارئەهێنرا.

روسیا توشی داتەپینی ناوەکی بو، لەشوباتی ١٩١٧دا شۆڕشێکی ناوخۆ رویدا، رژێمی قەیسەریی روخاند. بەڵام رژێمی نوێ درێژەی بەجەنگو هاوپەیمانێتی بەریتانیاو فەرەنسەدا. ئەو هێرشە گشتییەی لەبەهاری ١٩١٦ەوە دەستی پێ‌کردبو بەرەو موسڵ بۆئەوەی لەگەڵ سوپای بەریتانی‌دا یەك بگرێتەوە، سەرەڕای روداوەکانی ناوەوەی روسیا، تا پایزی ١٩١٧ هەر بەردەوام بو.[٩٤] لەمانگی نیسان‌دا هێزەکانی روسو ئینگلیز ماوەیەکی کورت لەقوڵی خانەقینەوە یەکیان‌گرتەوە. بەڵام شۆڕشەکە وەها کاری لەسوپا کردبو بەرەوبڵاوە لێ‌کردنو هەڵوەشان ئەچو.[٩٥]

٢/٥ پەشێوانی هەلومەرجی ورمێ

رەفتاری خراپی هێزی داگیرکەری روسی لەگەڵ کورد، وەکو پێشو، درێژەی‌کێشا. بەهارو هاوینی ١٩١٧ ستەمی روسی بەرامبەر کوردو ئازەری گەیشتبوە رادەیەك، کاتێ جەنەراڵ وادبولسکی لەمانگی مایس‌دا کرایە فەرماندەی سوپای حەوتەمی روسی، هەرکە گەیشتە ورمێ((یەکەمین بەندی کارنامەی رۆژانەی خۆی بەسەرکۆنەی رەفتاری خراپی سەربازانی روسی دەس پێ‌کردو، ئەو مەترسییانەی هێنایە بەرچاویان کەرەنگە ئەو جۆرە کردەوانە بیخولقێنێو، هانی‌دان پێڕەوی سەرەتاکانی دادپەروەریو شەریفی بکەن، وەکو هاوولاتی راستو ئازاد بجولێنەوە))[٩٦] ئاتاشیەی سوپایی فەرەنسی لەبارەگای فەرماندەیی قافقاز لەمانگەکانی مایسو حوزەیرانی ١٩١٧دا گەشتێکی پشکنینی لەناوچەی ورمێ‌دا کرد. دانیال متی، لەلێکۆڵینەوەکەی خۆی‌دابو((تێگەیشتنی باشتر لەچۆنایەتی رەفتاری جەنەراڵەکانی سوپای حەوتەمی سەربەخۆی قافقاز لەگەڵ خەڵکی کورد)) لەزمانی ئەوەوە قسەیەك بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:((...کاربەدەستانی سوپایی روس تەنانەت ئەوەندەش خۆیان ماندو نەکردوە، ئەو یارمەتییانەی میسیۆنی ئەمەریکایی لەورمێ ئەی‌خستە

بەردەستیان، بۆ دابین‌کردنی پێویستییەکانی ئەوکوردانەی لەهەژارییەکی سەختدا پەلەقاژێیان بو، بگەیەنی ... من خۆم بۆ میسیۆنێرە ئەمریکاییەکان، کە تا ئێستە بێ هیچ بیانویەکی بەجێ، ڕێیان نەئەدان بچن بۆ ناوچەی سابلاخ، ئیجازەی ڕۆیشتنم بۆ ناوچەی ناوبراو لەجەنەراڵی فەرماندەی سوپای حەوتەم بۆ داواکردن ... سەرەنجام ئەم یارمەتییە لەلایەن خاچی سوری روسی‌و میسیۆنی ئەمریکاییەوە لەدەرەوەی ناوچەیەکی دانەبڕاوی ورمێ ڕێك ئەخرێ ... بەتایبەتی لەسابلاخ ... لەم شارە بچوکەدا ژمارەیەکی زۆر پەنابەری کورد هەن کەتوشی هەژارییەکی سەخت بون))[97]

لەوماوەیەدا حکومەتی ئێران اعتمادالدولەی سەر بەروسیای لێ‌خستبو، معز الدولە معین بوبو بەحاکمی ورمێ. لەکاتێکا کەسوپاییانی روس خەریکی گەڕانەوە بون بۆ نیشتمانی خۆیان، بەقسەی نیکیتین((نزیکەی٨٠ هەزار سەربازی روسی لەورمێ بون، کەباش ئەیان خواردو ئەحەسانەوە، کارەکەشیان تەنیا ئەوەبو٣ جار بازاڕی هەژارانەی ئەم‌شارە تالاّن بکەن. کەلوپەلی تالاّن‌کراو لەگەڵ جلی سوپایی‌و چەکمەکانیان‌و تفاقی جەنگی‌و هەرچیەکی‌تر لێیان داوابکرایە تەنانەت تفەنگ‌و فیشەکەکانی خۆیشیان فرۆشت))[98] سەربازەکانی ئەگەڕانەوە ئەیان ویست پێویستییەکانی ڕێگە بۆ خۆیان دابین بکەن. نرخی مەناتی روسی ئەوەندە شکا بو، بوبو بەنیوە. سەربازەکانی روس ئەیان ویست بەنرخی پێشوی شتی پێ بکڕن، بەلاّم دوکاندارەکانی ورمێ‌و خەڵك ئامادە نەبون بەو نرخە لێیان وەربگرن. لەسەر ئەوە هەمو رۆژێ کێشە لەبازاڕدا دروست ئەبو.[99] تا کار گەیشتە ئەوەی نیوەڕۆی ١٦ ڕەمەزانی١٣٣٥/١٤ ئیرماهی١٢٩٦ سالّدات ڕژانە بازاڕەوە. تەقە دروست بو. قازاقێکی ئێرانی کوژراو یەکێکیش بریندار بو. خەڵك لەترسی گیانی خۆیان بازاڕیان چۆڵ‌کرد. سالّدات‌و قازاق چۆڵیی بازاڕیان بەهەل زانی. کەوتنە شکاندنی دوکانەکان. هەرچییەکی بەنرخیان بەردەست‌کەوت تالاّنیان‌کرد. بۆ شاردنەوەی ئەوتاوانە درەنگانی شەو بازاڕی ورمێیان ئاگردا.[100]

بۆئەوەی وێنەیەکی هەلومەرجی ژیانی خەڵکی ئەو مەڵبەندە لەبەرچاو بێ، هەندێ بەشی سکالاّنامەی ٨٧ کەسی خەڵکی ورمێ کەبۆ وەلیعەهدی ئێرانیان نوسیوەو، ڕۆژنامەیەکی ئەو سەردەمە((تجدد)) لەژمارەی ڕۆژی١٠ی شوالی١٣٣٥/٣٠ی حوزەیرانی ١٩١٧دا وێنەیەکی بلاّوکردۆتەوە، لێرەدا ئەنوسینەوە، لەسکالاّنامەکەدا هاتوە:

((... ئەوەی لەماوەی٣ سالّی ڕابردودا، لەکوشتن‌و تالاّن‌و زەرەرو ئەتکی ناموس‌و سوتانی شوێن‌و مسیبەتی گەورەو زوڵمی جۆراوجۆرو دەسدرێژی شەرم

هێنەر، کەپەنجەو قەڵەم لەڕونکردنەوەو پیشاندانی دوچاری شەرمەزاری ئەبێ... داتمان بەخۆماندا گرتو برینی دڵی سوتاوی خۆمان بەوە ساڕێژو خۆشئەکرد کەئەلحەمدولیلا لەبێدادو زوڵمی سەردەمی ئیستیبدادی دەوڵەتی دراوسێمان ڕزگارمان بو، ئەوانیش بونە خاوەنی حکومەتی دەستوریو، داوای یەکێتی برایەتییان ئەکردو، پیاوە ژیرەکانی قەومی نەجیبی روس خەریکی ڕاکێشانی دڵی خەڵکی ئێرانو، ئیتر لەوجۆرە دەسدرێژییانەی پێشو رزگارمان بوە، لەناکاو ئەوەی لەسەردەمی بێزراوی ئیستیبدادا چاوەڕێ نەئەکرا، لەزەمانی ئازادیدا کردیان"

ڕۆژی چوارشەممە١٤ی ڕەمەزان، سەعاتێکی ئێوارەی مابو، ساڵداتێکی روس بێ هیچ هۆیەك، لەدەروازەی باڵا ٣ کەسی بەگوللە کوشتو برینداکرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، بەشعلیخان ناویان، لەبەردەرگای ماڵی ئاغاکەیدا حاجی عەزیزخانی ئەمیر تومانیدا، کوشت.

ڕۆژی هەینی١٦ی ڕەمەزان ڕژانە بازاڕەوە، چەند تەقەیەکیانکرد، قازاقێکی ئێرانییان کوشتو چەندکەسێکیان زامارکرد، لەکاتێکا بازاڕ بەتەواوی لەخەڵك چۆڵ بو، سەرەتا لەکاروانسەرای شجاع الدولەوە دەستیانکرد بەشکاندنی حوجرەو سندوقی بازرگانو سەرافو تاڵانی کەلوپەلو پارەو، بەتەواوی تاڵانکرا. هەروەها دەستیان درێژکرد بۆ هەمو راستەو دوکانو تیجارەتخانەکان، بەعەرەبانەی لەژمارە نەهاتو ئەیان گواستەوە. لەم کاتەدا بو عەسر بەهۆی حکومەتی جلیلەو کارگوزاری کونسولگەریو سەرۆکایەتی سوپای روسی داوای ئەمنییەتمانکرد، ئەوانیش بەڵێنی ئەمنییەتیاندا بەهۆی تاقمێ لەمعاونو حکومەتو کارگوزاری(تاقمێ لەبەرێزانی شار کە بۆ گفتوگۆ چوبون)، تەنانەت ویستمان پاشماوەی کەلوپەلو دەفتەرەکانمان دەربهێنین، سوپاییەکان ڕێگەیان نەداو، وتیان پاشماوەی شتەکان ئەمینەو پارێزگاری بازاڕ لەئەستۆی ئێمە دایە. بەئومێدی ئەوان بەناچاری هەرکسەمان بەنابەدڵیو نائاسودەیی لەماڵی خۆماندا ماینەوە. چەند سەعاتێ لەشەو تێ پەڕی بو لەناکاو، پاشئەوەی بەئارەزوی خۆیان تاڵانیانکرد، بەترومپا نەوتیان بەهەمو راستەو دوکانەکاندا رژاندو ئاگریان تێبەردا، بازاڕو هەرچییەکی تێدابو وەکو دڵی خاوەنەکانی بەجۆرێ سوتان کەشوێنەواری نەمێنێ...

ئەو رۆژە ناوەرۆکی(وتضع کل ذات حمل حملها) بۆ ئەم دڵسوتاوانە ڕون بوەوە. ئێمە ئەو شەوەمان ڕۆژ کردەوە، لەکاتێکا هەمومان سەرەتای شەو زەنگینو لەکۆتایی شەودا نابوتو نەدارا، سەرەڕای ئەو پەژارە لەتوانا بەدەرە کەهەمو سامانمان بەتاڵان براوە، خۆمان لەماڵو کۆڵانەکاندا بێکارو سەرگەردان، بەشی

زۆرمان شەو بەبرسێتی بسەر ئەبەین، هێشتا لەماڵو کەسوکارو ناموسی خۆمان ئەمین نین.

ئەم کارەی سوپاییەکان، ملهوڕی جیلوو ئەشرارەکانی تری زیادکردوە، ئەوانیش کەوتونەتە دەسدرێژیو تالآنی دێهات. ڕۆژانی١٨و١٩ لەگوندی عەلی ابادی تازە کەند٣١ کەسیان کوشتوەو زامارکردوەو، داراییان تالآنکردون. گوندی یور قانلویان لەپاش تالآنکردن سوتاندوە. گوندی زینالویان تالآنو٤ کەسیان لێ کوشتون. گوندەکانی لوڕ، بالآجو، خانەقایان تالآنو سوتاندوە. گوندەکانی دارقالو، تیزو هی‌تریان کاولکردوە، لەهەر یەکێکیاندا کوشتنو سوتاندنو تالآنیانکردوە. لەگوندی دیکالە کەلە ئەرزی شاردایەو، مەسیحی نشینە، سوارەیەکی ئێرانییان پارچە پارچەکردوە.

جیلو... هەرچی خەرمانێکیان بەردەس ئەکەوێ ئەیبەن، لەمکاتەدا کەوەرزی هەڵگرتنی بەروبومە، لەم هەلومەرجە نالەبارەدا ئێمەی خەڵکی سەرگەردانو بێ سەروسامان، نازانین زستان چی بخۆین بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرین ...))[101]

لەم هەلومەرجەدا هەندێ لەئاسوریو ئەرمەنییەکان لەپیریستاڤەکانی چەند شوێنی وەکوگوندەکانی بیکشلو، باراندوزچای، ڕوزەچای، بۆ پارێزگاری ئارامو ئاسایشی ناوچەکە دامەزرابون. بەلآم ئەوان خۆیان شەوانە ئەیاندا بەسەرگوندەکاندا راووڕوتیان ئەکرد. لەگوندی سفرقلی کندی روداوێکی لەو بابەتە رویدا: ئەرمەنییەكو گوندییەك کوژران. ئەمەش دۆخی ناوچەکەی پتر ئالۆزانو چەند روداوێکی تری لێ قەوما. روسەکان بۆ ئەوەی زیاتر پەرە نەسێنێ تێکەوتن. نیکیتین لەو بارەیەوە بە٤ زمان((ئیعلان))ێکی بۆ((ئەهالی موحتەرەمی ورمێو ئەتراف))ی چاپکرد. لەئیعلانەکەدا باسی دروست بونی ئاژاوەو پشێوی ئەکا لەدێهاتەکاندا، کەهەندێ مەسیحی تێدا کوژراوە، بەناوی فەرماندەی روسییەوە هەڕەشە لەوانە ئەکا کەئاژاوە ئەنێنەوەو داوا ئەکا((... گوێ لەقسەی مفسدین نەگرن، کەئەیانەوێ ببنە هۆی دوژمنایەتیو نەیاری لەناو خەڵکدا...))[102]

نوسەرانی ئێرانی ڕوداوەکە بەجۆرێکیتر ئەگێڕنەوە. ئەڵێن کابرایەکی ئەرمەنی بەناوی پیریم کەخۆی پیریستاڤی نازلوچای بو، شەو ئەچێتە سەر ماڵی وەهاب سوڵتان لەگوندی سفرقلی کەندی داوای٣٠٠ تومانی لێ ئەکا. وەهاب پارەکەی پێهەڵناسوڕێ، هەڵدێ. لەو بەزمەدا هەم وەهابو هەم پیریم ئەکوژرێن. سوارەکانی پیریم بەبیانوی ئەوەی پیریم بەگوللەی وەهاب کوژراوە، هەمو خێزانەکەی ئەکوژنو، ماڵەکەی تالآن ئەکەنو، ئینجا ئاگری ئەدەن. بۆ سبەینێ

کەهەواڵی کوژرانی پیریم بەبراکەی ئەدەن، ئەویش بەچەند سوارێکەوە ئەچێ بۆ هێنانەوەی لاشەی پیریم و بەدەم رێگاوە توشی هەرکەس ئەبێ ئەیکوژێ. گوایە پاش ئەوەی کاربەدەستانی روسی داوای لێ ئەکەن، ئینجا دەس لەکوشتن و تالان هەڵئەگرێ و ئەگەڕێتەوە بۆ شار. بەقسەی تمدن نیکیتین ئەو ئیعلانەی بۆ پاسەوانی ئەو روداوە بلاوکردۆتەوە.[102]

تالان، راوروت، کوژران، سوتان و ئاگرکەوتنەوە... لەناوچەکەدا ئەبێتە روداوی رۆژانە، بێ ئەوەی کاربەدەستانی ئێرانی بتوانن چارەی بکەن و، بێ ئەوەی دەسەلاتدارانی روسی لێی بپرسنەوە. خەڵك ترس و داخ و قینی لەدەرونەدا کەڵەکە ئەبو.

٣/٥ پڕکردنەوەی بۆشایی روسی بەچەکداری ئاسوری

شۆڕشی شوباتی١٩١٧ی روسیە ریزەکانی سوپای روسی شلەژاند، هەرچەندە هێزەکانی ئینگلیز لەعیراق شکستێکی سەختیان بەتۆردوی تورکداو، بەغدادیان داگیرکرد، بەلام هاوبەشی روسی لەپلانی پەلامارداني موسڵدا پەکی کەوت، چونکە تا ئەهات پەشێوانی ناو سوپا زیادی ئەکرد. سەربازەکان لەناوکەرتەکانی سوپادا کۆمیتەیان بۆ چاودێری فەرماندەکان و جولانە جەنگییەکان پێکهێنابو. سەربازەکان پاش چەند ساڵ جەنگی خوێناوی و دور ولاتی ئەیان ویست بگەڕێنەوە ناوکەسوکاری خۆیان. بەکۆمەڵ ریزەکانی سوپایان بەجێ ئەهێشت و گوێیان نەئەدایە قسەی فەرماندەو دیسیپلینی سوپایی. پەشێوانی ریزەکانی سوپای روسی لەجەبهەی قافقازو کوردستان، فەرماندەیی ئینگلیزی و فەڕەنسی خستبوە پەژارەوە. ئەم دورنمایە لەگفتوگۆ ستراتیجییەکانی هاوپەیمانەکاندا سەبارەت بەرۆژهەلاتی ناوەڕاست رەنگی دابوەوە. سەرکردایەتی هاوپەیمانەکان بۆ پڕکردنەوەی دروستبونی بۆشایی روسی، بەرنامەی جۆراوجۆریان ئامادە ئەکرد، یەکێ لەگرنگترینی ئەم بەرنامانە، بەرنامەیەك بو لەمانگی ئۆکتۆبەردا، چەند رۆژێ بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسی، جەنەراڵ نیسل فەرماندەی میسیۆنی سوپایی فەڕەنسە لەروسیا ئامادەی کردبو. نیسل لەم بەرنامەیەدا چەند رێگەکاری پێشنیارکردبو، لەناو ئەوانەدا ئەڵێ:((هەرکارێکی جەنگیی دژی تورکیا ئەتوانێ و ئەبێ پشت ئەستوربێ بەکاری ئاژاوەنانەوەی سیاسی دژی ئەم ئیمپراتۆرییە چەند- نەتەوەییە. هاوپەیمانەکان بەرلەئێستە رایانگەیاند((عەرەبستان هیعەرەبە)) ئەبێ بەراگەیاندنی((کوردستان هیکوردە)) درێژە بەم سیاسەتە بدەن ...

ئەمە کارێکی کاریگەرە، ئەتوانێ لەجەبهەی قافقازو، لەزەمانێکا کەپێ ئەچێ کاری جەنگیی روس نرخی پێشوی خۆی لەدەس بدا، بەکاربهێنرێ... هەمو تەقەلاکانی روس بۆ بەدەسهێنانی پشتگیری کورد سەرکەوتو نەبو... ئەو تالانوکوشتارەی قازاقەکان کردویانە یارمەتی زۆری ئەمەی داوە)) جەنەراڵ نیسل بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە کوردییە نوێیە پێشنیاری کردبو نوێنەرانی هاوپەیمانەکان لەوان کۆببنەوەو، ئەیوت کە:((ئەرمەنییەکان لەمکارەدا یارمەتیمان ئەدەن، هەرچەندە دوژمنایەتی دێرینەی نێوان ئەم دوگەلە شتێکی مێژوییش بێ، بەڵام ئەرمەن پەیان بەوە بردوە، کەدامەزرانی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم دەستەبەرێکی نوێ ئەبێ بۆ جێبەجێ کردنی راستەقینەی سەرەتای نەتەوەکانو دامەزرانی ئەرمەنستانی ئۆتۆنۆم لەپاشەرۆژێکی نزیکدا))[١٠٤]

ئەم بەرنامەیە لەئاستێکی بەرزی کاربەدەستانی هاوپەیمانەکاندا خرایە بەرلێدوانو گفتوگۆ. سەرۆکی ئەنجومەنی فەرەنسی، لەرێگەی مارشاڵ فوشەوە هەمو ناوەندە سیاسییەکانی فەرەنسەی لەوەڵامی پێشنیارەکانی نیسل بەتەلەگرامی لە١٣ی کانونی دوەمی١٩١٧دا بەم جۆرە ئاگادارکرد:((حکومەت وەهای لێك ئەداتەوە، کە بەدەسهێنانی هاوکاری بەردەوامی ئەرمەنو هەمو مەسیحییەکانی قافقاز بەخەرجێکی کەم ئەکرێ... لەبەرامبەر ئەوەدا، دەربڕینی دۆستایەتی لەگەڵ ئیلاتی کورد هەستی دوژمنانەی مەسیحییەکان بەرامبەر بەئێمە ئەوروژێنێ... لەئەنجامی ئەوەدا حکومەت پێی وانییە کەئەگەر بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی لەراپۆرتەکەی جەنەراڵ نیسڵدا رون کراوەتەوە، بەئاشکرا موافەقەت لەسەر دامەزرانی کوردستانی ئۆتۆنۆم بکرێ، شتێکی گونجاو بێ... لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا حکومەت لەبەرچاوێتی بەکەڵك وەرگرتن لەو توانایەی لەبەردەس دایە، یارمەتی جەنگیی هێزەکانی کورد بەدەس بهێنێ... ئەتوانرێ کۆلۆنێل شاردینی رابسپێردرێ بۆ دۆزینەوەی رێگەی گفتوگۆ لەگەڵ سەرانی باسکراو...))[١٠٥]

رێنوێنییەکانی مارشاڵ فوش بۆ جەنەراڵ نیسل بەرامبەر کوردو، جۆری پڕکردنەوەی بۆشایی روسی، هیچ لێڵیو نادیارییەك لەسیاسەتی کوردیی هاوپەیمانەکاندا ناهێڵێتەوە.

شۆڕشی شوبات دیسیپلینی جەنگی لەریزەکانی سوپای روسیدا نەهێشتبو، ئەمەشکاری ئەکردە سەر رەوتیگشتی جەنگو، کەمکردنەوەی گوشاری جەنگیی دەوڵەتانی پێکهاتو لەمەیدانێکی گرنگی ململانێی هەردولای شەڕەکەدا. تا ئەهات هێزەکانی سوپای روسی زیاتر لەبەر یەك هەڵئەوەشان. نوێنەرانی سوپایی

ئینگلیزو فەڕەنسە لەتفلیس، بارەگای سەرکردایەتی جەبهەی قافقاز، زیاتر هەستیان بەپێویستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەکرد کەلاوازبونی سوپای روسی دروستی ئەکردو، سەرەنجام گەیشتنە ئەوەی هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بەسازدانو رێکخستنو چەکدارکردنی مەسیحییەکان، بەتایبەتی بەئاسورییەکان بدەن.

٤/٥ پێکهێنانی تیپە ئاسورییەکان

شۆڕشی ئۆکتۆبەر ترسی خستە ناو ئاسورییەکانەوە. نیکیتین، لەو بارەیەوە نوسیویەتی:

((پشێوی و یاخیبونی ناو سوپای روسی و راگرتنی جەنگ، مەسیحیەکانی خستە ترسەوە، ناچار دەستەیەکی نوێنەرایەتی لەئۆکتۆبەری ١٩١٧دا چو بۆ تفلیس، داوای پشتیوانییان لەکاربەدەستانی دەوڵەت کرد، دوای گەیشتنی ئەم نوێنەرایەتیە یەکسەر جەنەراڵ لیبیدینسکی فەرماندەی هێزەکانی قافقاز بەتەلەگراف ئاگاداری کردم" کەبڕیار دراوە لەورمێ هێزێ لەمەسیحییەکان دروست بکرێ، هەڵبەت ئاتاشیە جەنگییەکانی هاوپەیمانەکانیش وەکوکۆلۆنێل شاردینی، کاپیتەن مارچ، میجەر ئستکس، کۆلۆنێل پایك ئەم بڕیارەیان بەلاوە پەسەندە. ئەم رێکخراوە نوێیە، سەرەڕای پاراستنی مەسیحییەکان، ئەبێ درێژە بەکارە جەنگییەکانی جەبهەی تورك بدا. هاوپەیمانەکان گفتی یارمەتی فەنی و ماڵییان پێ داوین.

((راستەوخۆ٣ ئەفسەری فەڕەنسی دەستیانکرد بەڕێکخستن. بەڵام کۆلۆنێل شاردینی لەکاتی دیتنەکەی‌دا لەورمێ پێی وتم کەبەشداری حکومەتی فەڕەنسی لەم رێکخراوە تازەیەدا شتێکی کاتییە چونکە ئێرانو قافقاز بونەتە ناوچەی کاری ئینگلیز، جەنەراڵ دنستروفیل ئەبێ خەریکی کاری ئەم دو وڵاتە بێ.))[١٠٦]

هاوپەیمانەکان، لەهەموکاتێکی کەزیاتر پێویستییان بەهاوکاری مەسیحییەکان بو. بەهەر نرخێ بوایە ئەبو هەوڵی بەدەسهێنانی هاوکاری ئەوان بدەن.[١٠٧] کاپیتەن گرەیسی، کەئەفسەری پێوەندی بو لەگەڵ ئەرمەنییەکان لە وان، لەکۆتایی١٩١٧و سەرەتای١٩١٨دا بەنوێنەرایەتی ئینگلیز چو بۆ سەردانی مەسیحییەکان لەورمێ. لەکۆبونەوەیەکدا کە بەسەرانی ئاسورییەکانی کردو، نیکیتین، سونتاك نوێنەری پاپا، د. شید کونسوڵی فەخری ئەمریکاو، د. کوژل بەرپرسی نەخۆشخانەی فەڕەنسی تیا بەشداربون. گرەیسی بەڵێنی بەئاسورییەکاندا ،((لەکۆنفرەنسی داهاتوی ئاشتیدا لەپاریس، چارەنوسی گەلەکەیان بەباشترین شێوە باس بکرێ)). لەبەرامبەر ئەوەدا داوای لێ کردن تیپی

چەکدار پێك بهێنن‌و ئەرکی پاراستنی ئەو مەڵبەندە بگرنە ئەستۆ کە لەدەریای رەشەوە تا بەغداد درێژ ئەبێتەوە. گفتی پێدان، پێویستییەکانیان لەچەك‌و، پارەو، کادرو، پشتیوانی بۆ دابین بکا. قەول بو ۲۵۰ ئەفسەری روسی بێنە ورمێ بۆ ریکخستنی ئەم هێزە نوێیە.[۱۰۸]

سەرکردایەتی ئاسوری ئەبێ پەی بەوگۆڕانە قوڵە نەبردبێ کە لەروسیاو سیاسەتی سۆڤێتی‌دا بەرامبەر جەنگو، دەوڵەتانی ئێرانی‌و عوسمانی روی دابو. چونکە هەر لەوماوەیەدا کەخەریکی کۆبونەوە بون بۆ پێکهێنانی هێزی چەکداری مەسیحی‌و ئەرمەنی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کشانەوەی سوپای روسی لەجەبهەکانی جەنگ‌دا دروستی ئەکرد، ئاغا پەترۆس، کەدوای مارشیمون دوەمین کسایەتی گرنگی ئاسوری بو، بەبۆنەی پێکهێنانی تیپە چەکدارەکانی ئاسورییەوە لەوتارێکی درێژدا، کەوەکو بەرنامەی کارەکەیان، وای دەرئەخا هێشتا پشت ئەستورە بەروسیا، لێرەدا وەکو بەڵگەیەکی مێژوی تێکرای وتارەکەی ئەنوسینەوە:

((برا ئاسورییەکانم!

((نیشتمانەکەمان بەخوێنی براکانی ئێمە رەنگاوە، ئاواییەکانمان کاول بون، زۆریان سوتاون‌و لەناوچون، ئاژەڵو داراییمان بەجاری پەراگەندەو، کڵێسەکانمان بەدەستی کوردو تورك بونەتە کەلاوە.

زۆرایەتی ئێمە، بەو دڕندایەتیە دڵسوتێنەی کەناتوانرێ بهێنرێتە بەرچاو، ئەبینین کەهەزاران هەزار تاقم‌و بنەماڵەی بێ گوناهی مەسیحی لەلایەن کوردو تورکەوە، لەپێناوی پاراستنی دین‌و نەتەوەو نیشتمانی خۆیاندا، کوژران.

هەزاران هەزار ئاسوری، لەوانەی لەخەنجەری تورك‌و کورد رزگاربون، روسیای دایکی ئێمە ئەوانەی تا ئەمڕۆ وەکوکوڕی خۆی ژیاندوەو دالدەی داون، ئایا ئەزانن روسیا وەکو دایکێکی دڵسۆز بەتەنگتانەوە دێ؟ کەواتە لەسەر ئێوەش پێویستە بەرامبەر بەروسیا دڵسۆزو راستگۆبن، هەمو رۆژێ دوعا بۆ میللەتی روس بکەن.

هەروەها نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە، میسیۆنی ئەمریکی لەورمێ زیاتر لە۱۵ هەزار کسی ئێمەی لەکوردو تورك رزگارکردو نزیکەی ٦ مانگ خۆراکی پێ دانو بەخێوی‌کردن.

لەخوا بخوازن کەروسیای دایکمان، توانای خۆی لەدەس نەدا، هەر بەوگەورەیی‌و مەزنی‌و شکۆدارییە تا هەتایە بمێنێ.

برایان! ئاخۆ ئەزانن ئەگەر حکومەتە ئیسلامییەکانی تورکیاو ئێران لەدەسەلاتی روسی نەترسانایە، نەیان ئەهێشت مەسیحییەك لەم دو وڵاتەدا بژین، بۆیە ئەبێ هەمیشە دوعا بۆ سوپاییانی روس بکەن، چونکە ئەوانە لەم سەردەمەدا،

لەرێگەی هەقدا، دژی دەوڵەتانی هەق کوژی ئەڵمان، نەمسا، مەجەر، عوسمانی، بولغار ئەجەنگن. دەوڵەتانی مەزنی فەرەنسا، ئینگلیز، ئیتالیا، ژاپۆن، رۆمانی‌و، مشتی میللەتی ئازای سیرب کەهاوپەیمانی روسن، ئەبێ یارمەتی سوپاییانی ئەوانیش بدرێ.

لەپاش سەرکەوتن، بێگومان ئێمەش ئەگەڕێینەوە بۆ ناو وێرانەکانی خۆمان، ئەچینەوە بۆ سەر زەویە لەدەس دراوەکانمان ژیانێکی نوێ دەس پێ ئەکەینو، بەئاسودەیی ئەژین. دوعا بۆ سەرپەرشتو پێشەوای گەورەمان مارشیمون بکەن، کەشەوو رۆژ لەرێگەی بەختیاری ئێمەدا تێئەکۆشێ، بۆ ئەوەی هۆکانی حەوانەوەی دوارۆژی ئێمە دابین بکا، کەرزگارییە لەزوڵمو ستەمی موسڵمانان.

برایان! ئەرکی ئێوەیە کەهاوشانی سەربازانی روس بجەنگن. ئەبێ لەهەمو قۆناغەکانی جەنگدا پێڕەوی ئەم بەندانەی ژێرەوە بکەنو بەجێیان بهێنن:

١.خوا بناسە، هەموکاتێ لەبیرت بێو، بزانە هەر ئەو ئەتوانێ دوژمن بشکێنێ.

٢.هەمو سوپاییەك ئەبێ تەندروست، ئازا، بەزات، راستگۆو خاوەن شەرەف بێ.

٣.لەرێی پاراستنی نیشتمانو روسیای پیرۆزا بمرە، ئەگەر مای خۆ ئەوە شەرەفو سەروەری راستەقینەیە، ژیانی خۆت بۆکاری چاکو پیرۆز تەرخان کردوەو، شەرەفی یادگاری ناوی باشو شانازیت بەدەس هێناوە.

٤.بۆ رزگارکردنی ژیانی هاورێکانت لەمردن خۆت بەکوشت بدە، بۆ ئەوەی ئەوانیش لەرۆژانی تەنگانەدا تۆ رزگار بکەن.

٥. هەرگیز نەترسی، هەمیشە بترسێنە، بەترسانێ ئەتوانی دوژمن ئازا بکەی، دوژمنایەتی کارێکی ئاسان نیە.

٦.نابێ جەنگ بۆ پاداش بکرێ. بەڵکو ئەبێ لەپێناوی ئازایەتی‌و جوامێری‌و سەربەرزیدا بجەنگی. بەبێ رێگەپێدانی سەروی خۆت نابێ مەیدانی شەڕ بەجێ بهێڵی.

٧.ئازاری کسانی ناسوپایی مەدە، تەقە لەکسانی بێ چەك مەکە، منداڵو ژن مەکوژە.

٨.دیل مەکوژە، بەڵکو بەزیندویەتی بیگەیەنە لای سەروی خۆت بۆئەوەی پاداش وەربگری.

٩.هەمیشە ئاگاداری تفەنگەکەت بە، پاکی رابگرە، چونکە بەچەکی رزیوو ژەنگاوی هیچ ناکرێ.

١٠.بەخۆڕایی فیشەك مەتەقێنە، بۆ تۆ ئەوە نرخێکی زۆری هەیە، لەکاتو رۆژی ناخۆشدا بەکەڵکت دێ.

١١.هەركەسێ پێڕەوی ئەمانە نەکا سزا ئەدرێ، قانونی روسی سەختە.
١٢.ئەم فەرمانانە بەجێ بهێنە، بۆ ئەوەی لەنیشتمانی خۆتا سوك نەبیو گەلەکەشت ریسوا نەکەی.
١٣.خۆت لەتالاَن بپارێزە، چونکە تالاَنکەر نە تەنیا لەبەرچاوی تالاَنکراو بەلکو لەبەرچاوی هەموخەلَك ریسوایە، تالاَنکەران ئەبنە هۆی روخانی هێزی خۆیانو هاورێکانیان، سەرکەوتن لەدەس ئەدەن.
١٤.لەبیرت نەچێ کاری باش پەسن ئەدرێ، بەلاَم کردەوەی خراپی یەك کەس ئەبێتە هۆی بەدناوکردنو پەلَەی شورەیی ئەبەدی میللەتێ. هەرکەس خۆی پێڕەوی ئەم رێوشوێنانە بکاو، ئەبیتە خۆشەویستی گەلەکەی. ئەوەی پێچەوانەی ئەم فەرمانەش رەفتار بکاو، هەرخەریکی کاری خراپ بێ ئەبێ چاوەڕوانی سزای توندی قانون بێ.
جارێکی تریش، ئەی برا خۆشەویستەکانم، من روتان لێ ئەنێم، داواتان لێ ئەکەم" هەمیشە ناوی گەلەکەتان بەرز بکەنەوەو، هەرگیز مل بۆکەساسیو سەرشۆڕی مەدەن.
١٥.بەرە، بەلاَم هیچ کات خۆت نەدەی بەدەس کوردو تورکەوە، چونکە ئەوانە زمانو لوتی دیلەکان ئەبڕن، چاویان دەرئەهێنن، دەستو پێیان ئەشکێنن.
١٦.ئەبێ فەرمانی فەرماندەکان، بێ چەندوچون، بەوپەڕی شەرەفو شانازییەوە جێبەجێی بکەن.
١٧.نابێ تفەنگی خۆت بۆکەس دابنێیی، مەگەر بۆ ئەفسەرانی روسو، کەسانی سەروی خۆت.
١٨.ئەگەر یەکێ لەئێوە، لەخۆیەوە لەناو سەد کەسدا رابکا، ئەوپەڕی سزا ئەدرێو، لەوانەیە ئیعدام بکرێ.
١٩.بەباشی رێنمونی سەربازانی روس بکەو، لەسەر دوژمن ئاگاداری پێویستیان بدەرێ.[١٠٩]
لەم وتارەی ئاغا پەترۆس دەرئەکەوێ، سەرکردایەتی ئاسورییەکان تا چ ئەندازەیەك لەژور- هەلَسەنگاندنی هێزەکانی خۆیاندا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە گرانەی پێیان سپێردراوە بەهەلَەدا چون. هەروەها لەهەلَسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچەییو جیهانیو، جۆری ریکخستنی پێوەندیان لەگەلَ گەلانی ناوچەکە.
مارشیمون بەنامەیەك کاربەدەستانی ئێرانی لەپێکهێنانی هێزە چەکدارەکەیان ئاگادارکرد.

ئێرانییەکان، نەوەکو دەوڵەتو نەوەکو خەڵك، کارێکی وەهایان پێ قوبوڵ نەئەکرا. ئەمە ترسی لەناو دانیشتوانی موسڵمانی ئازەربایجاندا، بەکوردو عەجەمەوە، دروست کرد. لای خەڵکی ناوچەکە ئەوانە بەبێگانە پەنادراو ئەژمێردرانو، ترسی ئەوەیان هەبو ناوچەکەیان لێ داگیربکەنو بیانخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. حکومەتی ئێرانیش، ئەگەرچی دەسەڵاتی نەبوبەری ئەمکارە بگرێ، بەڵام بەهەرەشەیەکی راستەقینەی دائەنا بۆخۆی.

٥/٥ کشانەوەی روس لەئێران

لە٥ کانونی یەکەمی١٩١٧دا، واتە چل رۆژی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، رژێمی روسیای سۆڤیێتی نوێ بەیانێکی بەئیمزای لینین، سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسەرانی گەل، بۆگەلانی ئیسلامی رۆژهەڵات بڵاوکردەوە، لەبەیانەکەدا هەڵوەشاندنەوەی هەمو پەیماننامە ئاشکراو نهێنییەکانی سەردەمی قەیسەری سەبارەت بەتورکیاو ئێران راگەیاندو بڵاوی کردەوە کە((ئەستەموڵ هی تورك خۆیەتی)) بەڵێنیشی بەگەلی ئێراندا((هەر بەکۆتایی کارە جەنگییەکان، خاکی وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن))

ئەگەر شۆڕشی شوبات دیسیپلینی جەنگیی ریزەکانی سوپای روسی شێواندبو، ئەوا شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەیەکجاری شیرازەی تێکدا. سەربازەکان بێ پرسی فەرماندەکانیان تفەنگو تفاقی جەنگیان بەنرخێکی هەرزان ئەفرۆشتو ئەگەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان.[110] لەم هەلەدا کوردەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ کەوتە کڕینی چەكو تفاقی جەنگی،[111] هەروەها ئاسوریو عەجەم.

ئەرمەنیو ئاسوری کەچارەنوسی خۆیان بەستبو بەروسیاوە، بەو هیوایەی لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان لەپێکهێنانی دەوڵەتی ئەرمەنیو دەوڵەتی ئاسوری لەسەر ئەرزی کوردستان، بەدی بهێنن. لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر توشی مەینەتییەکی نەتەوەیی گەورەبون. روسیای سۆڤیێتی ئامادە نەبو بەڵێنەکانی سەردەمی قەیسەر بەجێ بگەیەنێ، بەڵکو لەجەنگ دەرچو. ئەیویست لەگەڵ دراوسێکانی بناغەی دۆستایەتی دابمەزرێنێ. لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی پاش چەند رۆژێ لەسەرکەوتنی شۆرش ئاگربڕی کردو بەڵێنی کشانەوەی بەئێراندا.

روسیا لەرێککەوتنی((بریست لیتوفسك))دا گفتی کشانەوەی هێزەکانی لەئەرزە داگیرکراوەکانی تورکیاو، هەڵوەشاندنەوەی دەستە چەکدارەکانی ئەرمەنی بەتورکدا.[112] بەوگوێرەیە دەستی لەپشتیوانی گەلی ئەرمەن هەڵگرت. لەئەنجامی کشانەوەشدا لەخاکی ئێران دەستی لەپشتیوانی گەلی ئاسوری هەڵگرت. کۆشکی

ئاواتی نەتەوەیی ئەم دوگەلە بچوکە، کەچارەنوسی خۆیان لەسەر گفتەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتێکی زل بیناکردبو، هەرەسی هێنا.
لینینو هاوڕێکانی لەشۆڕشدا سەرکەوتن، بەڵام هێزێکی زۆری روسی لێیان هەڵگەڕایەوە، فەرمانەکانی ئەوانی جێبەجێ نەئەکرد. لەناو ئەوانەدا داوودەزگای سەفارەتی روسی لەئێرانو، کاربەدەستانی سەرکردایەتی سوپای لەقافقاز. دەوڵەتانی هاوپەیمانی پێشوی روسیا، ناوچەکانی قافقازیان کردە یەکێ لەمەیدانەکانی دژایەتیو پیلان گێڕان بۆسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

٦. شەڕی ناوخۆی ئاسوری-عەجەم

١/٦هەڵگیرسانی شەڕ

ئاسورییەکانی هەکاری، خۆیان نمونەی خەڵکی خێڵەکی دواکەوتو بون. تازە لەکوشتاری بەکۆمەڵ رزگاریان بوبو. جگە لەوەی زۆریان لێ کوژرابو، ماڵو داراییان بەتاڵان چوبو، ئاوایییەکانیان داگیرو وێرانکرابو. لەبەر ئەوە لەوکاتەوە کەهاتبونە ئێرانو لەورمێ، خوی، سەلماسو، ئاوایییەکانی دەوروبەریدا جێگیر بوبون، پشێویان خستبوە ناوچەکەوە. راوروتو تاڵانیان ئەکرد. شەوانە ئەیاندا بەسەر دێهاتو ماڵاندا. کاروانیان روت ئەکردەوە. دەستیان لەکوشتنی خەڵك نەئەپاراست. تۆڵەی لێقەومانی خۆیان لەخەڵکی موسوڵمانی ئەوێ‌کردەوە، بەتایبەتی کەئەیان دی دەسەڵاتدارانی روسی چاوپۆشییان لێ ئەکەن.[١١٣] لەباتی ئەوەی هاودەردیو پەرۆشو سۆزی دانیشتوانی ناوچەکە بەدەس بهێنن، نەیاریو ناحەزیو دوژمنایەتی خەڵکیان پێ براپو. دوایی‌تر ئەوەبو بەهۆیەکی گرنگی شێواندنی خەباتی رەوای ئەم گەلەو، لەدەس دانی دۆستایەتی کوردو ئازەری وەکو گەلی هاوژینو هاوسێو، لەدەس‌دانی پشتیوانی حکومەتی ئێران وەکودەوڵەتی پەنادەر.
گۆڕانی دەسەڵاتی روسی، گۆڕانی حاکمەکانیشی بەدوا داهات. اعتمادالدولە، چونکە جێگەی بڕوای روس‌بو، لەسەردەمی ئەواندا حاکمی ورمێ‌بو. پاش ئاڵوگۆڕەکانی روسیا، ئەویش لێخراو لەتەورێز درایە دادگا. لەجێگەی ئەو کابرایەکی‌تر بەناوی معزالدولە دانرابو. لەو هەلومەرجە شێواوەدا، کەهەم سەربازانی روسی بۆ ئەوەی پێویستییەکانی گەڕانەوەی خۆیان دابین بکەن، کەوتبونە شت فرۆشتنو شت سەندن بەزۆر لەخەڵکو، بازاڕی ورمێیان تاڵان‌کرد. هەم دەستە چەکدارەکانی ئاسوریو ئەرمەنی ئاسایشی سەروسامانی خەڵکی ناوچەکەیان نەهێشتبو. معزالدولە کارێکی بۆچاکردنی دۆخی شێواوی ناوچەکە لەدەس نەهات. ئەویش‌لابرا. اجلال الملك بو بەحاکمی ورمێ. ئەم‌کابرایە شارەزای

کاروباری ورمێبو چونکه پێشتریش چەند جارێ کرابوە حاکمی تەوێ. هێزەکانی ئێران لەچاو مەسیحییەکاندا کەم بون. لەبەر ئەوە لەسەرەتای هاتنیەوە ویستی بەخۆشیو گفتوگۆ لەگەڵ مەزنەکانی دینو نەتەوە جیاوازەکان ئاسایش بگێڕێتەوە بۆ ناوچەکە.

یەکێ لەکارەکانی اجلال الملك بۆ گێڕانەوەی ئاسایش پێکهێنانی((کۆمیسیۆنی تحبیب بین المللی))بو، کەئەبو پێك بێ لەعەجەمو کوردو ئاسوریو ئەرمەنیو جولەکە. لەرۆژی ۲۲ی ئازەری ۱۲۹٦دا کۆبونەوەیەکی گەورەیان لەمزگەوتی ئادینە سازکرد. اجلال الملك خۆیو، هەندێ لەمەزنەکانی ئەو گەلانە لەم کۆبونەوەیەدا دەربارەی دۆستیو ئاشتی وتاریاندا.[114] بەڵام برینەکان لەوە قوڵتر بون بەکۆبونەوەیەکی وەها سارێژ ببێ، پشێوی هەرما.

لەم ماوەیەدا تیپیە چەکدارەکانی ئاسوری بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەکشانەوەی روس دروست ببو بەیارمەتی فەرەنسەو بەریتانیا دامەزرا. حکومەتی ئێران ئەو هەنگاوەی پێ خۆش نەبو، بەڵام ئەوەندە هێزیئەبو رێگەی دروستبونی بگرێ. هێزی ئێرانیەکان لەورمێ بریتیبو لەهەزار قەزاق لەژێر فەرمانی ئەفسەرانی روسیدا لەدەرەوەی شار بونو ئەمانە گوێیان نەئەدایە فەرمانی حاکمی ورمێ. حاکمی ورمێ بۆ چەسپاندنی ئاسایش داوای لەوالی تەورێزکردبو کەهێزێکی بۆ بنێرێ، ئەویش۲۰۰ سواری قەرەداغی بۆ نارد لەناو شارا جێگیر ببون.[115]

هێزی ئاسورییەکان زۆر زیاتربون لەهی عەجەمو هەمو رۆژ ترسی خەڵك لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ زۆرترئەبو.

گێڕانەوەی روداوەکان وەکو یەك نین. نوسەرانی ئێرانی بەجۆرێکی ئەگێڕنەوە، ئۆباڵی شەڕ ئەخەنە ئەستۆی ئاسورییەکان. کاربەدەستانی تەورێز بەپیلانی دائەنێن کەمەسیحییەکانو کاربەدەستانی بێگانە لەورمێ بۆ چاو ترساندنی موسوڵمانەکان رێکیان خستوە. راپۆرتی سوپاییو دیپلۆماتەکانیش، بەتایبەتی کاربەدەستانی فەرەنسی، بەزۆری پێ لەسەر ئەوە دائەگرن، کەئەوە پیلانێك بوە موسوڵمانەکان سازیان کردوە، بۆ ئەوەی بیکەن بەبیانوی کوشتنی بەکۆمەڵی مەسیحییەکانو بێگانەکانی ورمێ.[116]

۱۵ی شوباتی۱۹۱۸ نزیکەی هەزار شەڕکەری جیلو، لەسەر داوای کاپتەن گاسفیلد هاتبونە ناو شارەوە.[117] ئەمانە لەناو بازاڕدا ئێخەیان بەخەڵك ئەگرت، داوای چەکیان لێ ئەکردن، روتیان ئەکردنەوە. هەر لەو رۆژانەدا دو موسوڵمانو جولەکەیەکیان کوشت.[118]

١٩ی شوبات، روداوێك قەوما، بو بەسەرەتای دەست پێ کردنی شەڕی دینیی خوێناوی. پۆلیسی ئێرانی ئەیانەوێ چەکدارێکی جیلو چەك بکەن، ئەویش خۆی بەدەستەوەنادا. ئەبێ بەپێکادان. کابرای جیلو ئەکوژرێ، بەڵام هاوڕێکانی لەکاتی هەڵاتن‌دا ٤کەس ئەکوژن. شەڕ ئەتەنێتەوە.[119]

٢٠ ی شوبات، حاکمی ورمێ اجلال الملك، سەرانی مەسیحییەکان‌و، میسوکوژل سەرۆکی نەخۆشخانەی فەرەنسی، سونتاك نوێنەری پاپای، بۆ بارەگای حکومەت بانگ‌کرد. لەسەر روداوەکان ئەدوان. لەوکاتەدا چەن گوندییەك رژانە ناو بارەگاوە، گازاندەیان بو لەوەی تاقمی جیلو لەدەرەوەی شار، رێ بەگوندییەکان ئەگرن، هەرکەسێ ئەبینن، ئەیکوژن. بەشدارانی کۆبونەوەکە بڕیاریان‌دا، دەستەیەك سواری قەرەداخی لەگەڵ دەستەیەك سواری ئاسوری بنێرنە دەرەوەی ورمێ بۆ جێگیرکردنی ئاسایش. ئەو رۆژە ئاسورییەکان نزیکەی ١٠٠ موسوڵمانیان کوشتبو.[120]

٢١ی شوبات لەدەرەوەی ورمێ تاقمی جیلوو دەستەیەك‌قازاقی ئێرانی بو بەشەڕیان.

٢٢ی شوبات لەکاتێکا حاکمی شار لەگەڵ کونسوڵی روسی‌و، کونسوڵی ئەمریکی‌و، سەر پزیشکی فەرەنسی خەریکی گفتوگۆبو بۆ چەسپاندنی هێمنی، شەڕ بەگەرمی هەڵگیرسا راپۆرتی کونسوڵی فەرەنسی هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ ئەگێڕێتەوە بۆ ئەو هێرشەی قازاقەکانی ئێران بەسەرکردایەتی رەزاخان کردویانەتە سەر بارەگای فەرماندەیی ئاغا بطرس.[121] کۆچی دهقان، نوسەرێکی ئێرانی ئەڵێ: ((دوکەس لەخەڵکی ئازای ورمێ بەناوی قارداش‌و داداش بڕیاریان‌دا خۆیان بڕۆن لاشەی مردوەکان بهێنەوە بۆ شار. دەمەوئێوارێ، لەکاتێکا ئەیان ویست لەشار دەربچن، لەنزیکی دەروازەی هەزاران توشی تاقمی جیلو بون. لەبەینی ئەوانەدا بو بەشەڕ. هەر بەبیستنی دەسڕێژی تفەنگ، مەسیحییەکانی ناوشار لەهەرکوێیەك بون کردیان بەتەقە. دەرکەوت کەپێشتر رێك کەوتبون بەدەس پێ‌کردنی تەقە، جەنگ دەس پێ بکەن.))[122]

٢٣ی شوبات، واتە رۆژی دوایی‌تر شەڕگەرمتر بو. ئاسوری گەڕەکی عەجەمەکانیان دایە بەرتۆپ، سوارەکانی قەرەداخی کە بۆ پاراستنی شار هاتبون، ئەگەرچی لەرۆژی یەکەمی شەڕدا بەشداربون، بەڵام رۆژی دوەم کەتۆپ باران دەستی پێ کرد بەکۆمەڵ لەشار هەڵاتن بەرەو سەلماس، لەوێوە گەڕانەوە بۆ تەورێزو قەرەداخ. قازاقەکان بنکەکەیان لەدەرەوەی شاربو، لەژێر فەرمانی ئەفسەرانی روسی‌دا بون، بەڵام رۆژی یەکەمی شەڕ هاوکاری موسوڵمانەکانیان

کردبو. ئاسوریەکان هەڵیان کوتایە سەربارەگای قازاقەکان، هەندێکیان لێ کوشتنو ئەوانی تریشیان رایان کرد، چەکو کەلوپەلەکانیان کەوتە دەست ئاسورییەکان.[١٢٣]

پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ تاقمێ لەئاخوندو مەزنەکانی شار بۆ ڕاگرتنی شەڕو پێکهێنانی ئاشتی خۆیان هاوێشتە ماڵی مارشیمونی پێشەوای دینیی ئاسورییەوە. مارشیمون گفتی راگرتنی شەڕی پێدان ئەوانیش بەخەڵکی ورمێیان گوت، شەڕ رابگرنو خۆیان بەدەستەوە بدەن.

٢٤ی شوبات، ئەگەرچی مارشیمون رۆژی پێشو، گفتی راگرتنی شەڕی بەخەڵکی ورمێدابو، بەڵام شەڕ هەر رانەوەستا چونکە سەرکردایەتی هێزەکان بەکردەوە لەدەس ئاغا پەترۆسدابو، نێوانی ئەو دوانەش خۆش نەبو. ئاسورییەکان بەردەوام بون لەسەرکوشتنو تالانو سوتاندن. بەیانی ئەو رۆژە تاقمێ لەگەورەکانی ورمێ بەسەرۆکایەتی عظیم السلطنه سەردار خۆیان هاوێشتە ناو کونسولگەی ئەمریکییەوە، بۆ ئەوەی داوا لەمیستەر شید بکەن، هەوڵی راگرتنی شەڕبدا.[١٢٤] بەقسەی نوسەرەکانی ئەو سەردەمە ئەڵێن هەر لەو رۆژەدا ١٠ هەزار کەسێتر کوژراون.[١٢٥]

لەمشەڕە خوێناوییانەی نێوان مەسیحیو عەجەمدا، کورد بەتایبەتی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ هیچ دەستێکیان نەبو، بەڵکو لەگەرمەی تێکهەڵچوندا ئەڵێن سمکۆبە٦٠٠ سواری جەنگییەوە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ورمێ کەوتۆتە رێ، بەڵام لەگوندی کەریم ئاباد ئەبیستێ عەجەم خۆیان بەدەستەداوە، لەوێوە ئەگەڕێتەوە.[١٢٦]

ئەگەرچی عەجەم وازیان لەبەرەنگاری هێنابو، بەڵام مەسیحییەکان دەستیان لەشەڕوکوشتنو تالان هەڵنەگرتبو. مەرجەکانی خۆیان بۆراگرتنی ئەم شەڕە، بەهۆی کونسولی ئەمەریکیەوە لەورمێکە بوبو بەپەناگای مەزنەکانی شار، بەم جۆرە دابو بەموسوڵمانەکان:

((١.ئەنجومەنێکی تێکەڵاو لەمەسیحیو موسوڵمان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شار پێك بێ.

٢.شار لەژێر حکومەتی عەسکەریدا بێ، ئەنجومەنە تێکەڵاوەکە سەرۆکی پۆلیس دابنێ.

٣.هەمو ئەو چەکانەی لای موسوڵمانەکانە لەماوەی ٤٨ سەعاتدا بەدەستەوە بدرێ.

٤. ٤ کەسکە لەپیاوە ناسراوەکانی ورمێ بون بەدەستەوە بدرێن: حاجی صمد، ارشد ملك، ارشد همایۆن، حاجی موید تجار.

٥.ئەگەر کاربەدەستێکی روسی یا فەرەنسی یا سەربازێکی روسی پەلاماری بدرێو بکوژرێ، ئەبێ خەڵکی ورمێ خوێن بابییەکەیان بدەن.
٦.قازاقە ئێرانیەکان ئەبێ بچنەوە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی روسییەوە))[127]

خواستەکانی مەسیحیەکان ئەگەرچی قورسو زاڵمانە بون، بەڵام دەری ئەخەن کە لەو روداوانەدا دەستی کوردی تێدا نەبوە، بەڵکو پاکۆکی ئەوان لەگەڵ عەجەم بوە.

مەسیحیەکان دەستیان بەسەر ورمێدا گرت. هەلومەرجی ناوچەکە بەپشێویو ئاڵۆزاوی مایەوە. گوندەکانی دەوری ورمێ توشی کوشتنو تالآن بون. ئاوایییە موسوڵمان نشینەکان بەزۆری چۆڵو وێران بوبون.[128]

کۆمیسیۆنی ١٦ کەسی تێکەڵاو پێك هات. عەزیم ئەلسەڵتەنە سەردار بو بەحاکمی ورمێو، ئاغا بطرس بەرپرسی ئاسایشی لادێکانو، ئیبراهیم خانی ئەرمەنی بوە بەرپرسی ئاسایشی شار.[129]

بەهۆی تێکچونی ئاسایشی ناوچەکەوە گرانیو قاتوقڕی بەجۆرێ داکەوتبو، کەهەندێ لەبرسییەکان نانیان بەدەس هەرکەسێکەوە بدیایە پەلاماریان ئەداو بەزۆر لێیان ئەسەند. دهقان ئەڵێ:[130]

((لەوکاتەوە کەحکومەتی شار کەوتە دەست مەسیحیەکان(٥ی ئەسفەند) تا دوایی ئەو مانگە، کەروداوی ناخۆشتر قەوما، دۆخی ورمێ بەمجۆرە بو:

دێهاتی موسوڵمان نشین تالآنو چۆڵبو، نیشانەی ژیانو ئاوەدانییان تێدا نەئەبینرا، کۆڵانو مزگەوتەکانی شار پڕبون لەهەلآتوانی گوندەکان.

جیلو رۆژ بەبیانوی گەڕان بەدوای چەكدا، هەر کەلوپەلێکیان بەدڵ بوایە ئەیان برد، ماڵخوێ ئەگەر بەرهەڵستی بکردایە ئەیان کوشت، قاتوقڕیو برسێتی بێ وێنەش لەلایەکیترەوە خەڵکی بۆ مردن ئەنارد.

لەم بیستو چەند رۆژەدا شەوان بەڕاستی کاتی مەحشەرو قیامەتبو، یەك دو سەعات کە لەشەو رائەبورد لەچەند لای شارەوە دەنگی واوەیلا بەرز ئەبوەوە، دانیشتوانی ئەو ماڵانەی کەجیلو هێرشیان کردبوە سەر، رایان ئەکردە سەربانو لەوێوە بەدەنگی بەرز هاواریان ئەکرد، داوای یارمەتیان لەخەڵك ئەکرد، بەڵام کێ ئەیوێرا لەماڵ دەربچێ، مەئمورەکانی شارەبانیو ئەمنیەتی شاریش کەگوێیان بەم ناڵەو هاوارانە راهاتبو، هیچ گوێیەکیان نەئەدایە ئەم هەمو گریانو زاریو ناڵەو هاوارەی خەڵك. جیلو پەلاماردەرەکان بەخەیاڵی ئاسودەوە هەر کەسێکیان بویستایە ئەیان کوشت، هەرچییەکیان بویستایە ئەیان برد، هەندێ جار ماڵەکانیشیان ئەسوتان.

بازاڕ که دوجار لەلایەن روسەکانەوە تالاّن‌کرابو، ئاگری تێ بەردرابو، هێشتا بەتەواوی ئاوا نەبو بوەوە، سەرلەنوێ تالاّن کرایەوە))[131]

تەقینەوەی ناکۆکی لەنێوان مەسیحی‌و عەجەمداو، گۆڕانی بەشەڕی خوێناوی، مەسیحییەکانی ناچار ئەکرد کەهەوڵ بدەن بۆ راستکردنەوەی هاوسەنگی هێزەکانی خۆیان‌و عەجەم، هێزی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن، بەتایبەتی چونکە ژمارەی مەسیحی لەچاو ژمارەی عەجەمدا ئەوەندەکەم‌بو، لەبەراوردکردن نەئەهات.

کورد، لەسەرەتای دەسپێکردنی جەنگی جیهانیەوە، بەهۆی بانگەوازی سوڵتانەوە بۆ بەشداربون لەغەزای کافران، جیهاد لەپێناوی دینیی ئیسلامدا، لەمزۆر شوێن هاوکاری ئۆردوی عوسمانیان کردبو، بەرەنگاری هێزی روسی‌و بەریتانی بوبون. هێشتا پڕوپاگەندەی دینی عوسمانی لەبیری کورد نەڕەوی بوەوە. لەهەلومەرجێکی وەهادا کورد کەخۆی بەموسوڵمانێکی خاوەن باوەڕو دڵسۆز دائەنێ، چەند ناکۆك بێ لەگەڵ عەجەم، لەناکۆکی ئاسوری- عەجەمدا، کەڕەنگی دینیی بەخۆیەوە گرتبو، ئەبو پشتی عەجەم بگرێ کەبرای دینیی‌بو لەدژی مەسیحی‌و لەسەر ئەو بکاتەوە.

٢/٦کوژرانی مارشیمون

مارشیمون پەیوەندی لەگەڵ ئیسماعیل ئاغاکرد بۆ ئەوەی پێکەوە گفتوگۆ بکەن. سمکۆ ئەوسا یەکێ‌بو لەکوردە هەرە ناسراوە دەسەڵاتدارە بەهێزەکانی ناوچەکە. بارەگاکەی لەگوندی چەهریق حکومەتێکی بچوك‌بو. لەگەڵ مارشیمون رێك کەوتن لەسەلماس(بەچەند ناوی تریشەوە ناو ئەبرێ" کۆنە شار، شاهپور، دیلمان) یەکتری ببینن. ئەم ژوانە بۆ بەکوشتارگای مارشیمون‌و دەستو پێوەندەکانی.

کسروی، کوژرانی مارشیمون بەم شێوەیە ئەگێڕێتەوە:

((وەکو وتمان مارشیمون لەبیری هەڵخەڵەتاندنی سمکۆدابو، پەیامی بۆ نارد لەجێیەك پێکەوە دابنیشن‌و گفتوگۆ بکەن. وا دانرا ئێوارەی رۆژی شەممە ٢٥ ئەسفەند(٣جەمادی الثانی) هەردو بچنە کۆنە شار لەوێ لەخانویەکدا پێکەوە دابنیشن.

کەئەو رۆژە گەیشت مارشیمون بەشکۆو ئارایشەوە کەوتە رێ. خۆی لەگالیسەکەدا دانیشتو ١٤٠ سوارەی هەڵبژاردەی ئاسوری بەرەختو هەوساری لەیەکچوەوە پاش‌و پێشیان لێگرتبو.کەگەیشتنە کۆ نەشار، مارشیمون دابەزی‌و چوە ناو خانوەکە سوارەکانیش دابەزین‌و هەریەکەیان جڵەوی ئەسپەکەی خۆی

گرتبو بەراوەستاوی. لەو لاشەوە سمکۆ لەگەڵ چەند کەسێ لەسوارە هەڵبژاردەکانی هات بەڵام رایسپاردبو کەدەستەیەکیش لەدوای ئەوەوە بێن.
دوبەدو کەدانیشتن مارشیمون کەوتە قسە، ئێمە هەمو قسەکانی ئەو نازانین. ئەوەی لەزمانی خودی سمکۆ دەرچوە ئەوەیە کەمارشیمون بەوی گوتوە: ((ئەم سەر زەمینەی کەئێستە ناوی کوردستانە نیشتمانی ئێمەمانانبو بەڵام جیاوازی لەدیندا ئێمەی لەیەکترکردو بەم حاڵەی گەیاندین ئەبێ ئیتر ببینە هاودەستی یەکتریو خۆمان ئەم سەر زەمینە بگرینە دەستو پێکەوە بژین))، وتویەتی: ((ئێمە سوپامان سازداوە بەڵام سوارەمان نیە ئەگەر ئێوەش لەگەڵ ئێمەبن لەبەرئەوەی سوارەی زۆرتان هەیە ئەچینە سەر تەورێزو ئەویش ئەگرین!))
لەمکاتەدا سوارەکانی شوکاك گەیشتبونو پشتی بانەکانیان گرتبو. مارشیمون کەقسەکانی خۆی تەواو ئەکاو سمکۆ مژدەی هاودەستی ئەداتێ، هەڵئەستێ بڕوا، سمکۆ بەڕوی پێکەنیناویەوە بەرێی ئەکات. ئەو ژورەی لێی دانیشتبون، پەنجەرەکەی روبەروی دەرگای حەوشە ئەبێو گالیسکەکەی مارشیمون کە لەبەر دەرگاکەدا راگیرابو لەژورەکەوە ئەبینرا. مارشیمون کە لەدەرگا دەرئەچێو ئەگاتە بەردەمی گالیسکەکەی ئەیەوێ پێ بخاتە ناوی، لەناکاو تەقەی تفەنگی سمکۆ دێو گوللە لەپشتی مارشیمون ئەداو ئەکەوێ، هەر لەو کاتەدا شوکاکەکان لەپشتی بانەکانەوە بەیەکجار دەسرێژ ئەکەنو ئاسورییەکان کەهەریەکەیان لەپاڵ ئەسپی خۆیدا راوەستابو ئەکەون. وەکوئەڵێن لەیەکدوکەس زیاتر کەسیان لێ دەرنەچوە. مارشیمون کە بەگوللەی سمکۆ کەوتبو هێشتا گیانی تێدامابو عەلی ئاغای برای سمکۆ گوللەیەکیتری پێوە ئەنێو، بێ گیانی ئەکا.[١٣٢]
محەمەد تەدن، نوسەرێکی تری عەجەم کەهاوزەمانی سمکۆبوە بەجۆرەی ئەگێڕێتەوە:
((لەرۆژی ٢٨ی جەمادی الاولی١٣٣٦ی کۆچی (٢٥ی ئەسفەندی١٢٩٦ش: ١٩١٨) مارشیمون پێشەوای گەورەی جیلوکان(نەستوری: نەسرانی) بۆ دروست کردنی پێوەندی باش ویەکگرتو لەگەڵ کورد، ئەچێ بۆ لای ئیسماعیل ئاغای سمکۆ(سەر دەستەی ژمارەیەکی زۆر کوردی چەکدار)بۆ سەلماس(کۆ نەشار: شاپوری ئێستا)، بەنامەیەك ئیسماعیل ئاغا کە لەچەهریق دائەنیشت، بۆ سەلماس بانگ ئەکا.
ئیسماعیل ئاغا بانگهێشتنەکەی مارشیمون قوبوڵ ئەکا. ئەچێ بۆ دیتنی مارشیمون. لەنێوان مارشیمونو ئیسماعیل ئاغادا، دەربارەی بەرنامەی دروست کردنی پەیوەندی هاوکاری دۆستانەو هاوبەش لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی

مەسیحییەکانو، زنجیرەیەك گفتوگۆ سەبارەت بەپاشەڕۆژی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابوری ئازربایجانی غەربی باس ئەکەن.

پاش تەواوبون گفتوگۆ، مارشیمون بەنیازیگەڕانەوە دێتە دەرێ ئەیەوێ سواری دروشکە ببێ، بەلام ئیسماعیل ئاغا کەپێشتر نیشانەی ئەو خانوەی مارشیمونی لێ دانیشت بو ئەزانیو کون وکەلەبەری شارەزا بو، فەرمانو ئامۆژگاری پێویستی دابو بەسوارەکانی خۆی لەبابەت کوشتنی مارشیمونەوە، ١٠٠کەسی لەچاکترین نیشانچییەکانی لەگەڵ خۆی بۆ سەلماس هێنا بوو، ئەوانە لەسەر ڕێی دروشکەی مارشیمونو دەوروپشتی خانوەکەی(جێگەی گفتوگۆ) بەپێی تەگبیری پێشەکی وەها دائەمەزرێن، کەمارشیمون لە هەمو لایەکەوە ئابلوقە بدرێ، ئەوەبو لەکاتێکا مارشیمون ئەیەوێ سواری دروشکەکەی ببێ دەنگی دەمانچەی ئیسماعیل ئاغا بەرز ئەبێتەوە، مارشیمون ئەکەوێو لەماوەیەکی کورت دا دەنگی تفەنگی پاسەوانەکانی سمکۆ بەرز ئەبێتەوەو هەمو ئەوانەی کەلەگەڵ مارشیمون بون ئەکوژرێن، تەنیا یەکێ یان دوکەس لەهاوڕێکانی مارشیمون ڕزگار ئەبنو هەواڵی تیرۆری مارشیمون بەهێزە چەکدارەکانی مەسیحییەکان ئەگەیەنن))[١٣٣]

کوشتنی بەم جۆرە پێچەوانەی ڕەوشتی جوامێرانەی کوردو، پەیمان شکێنی کە لەناو کوردا بەڕیسواییەکی گەورە دائەنرێ لەنەریتی کوردەواری دا نەبوە، یا ئەگەر بوبێ دەگمەنو ناپەسەندو دزێوبوە. ئەم کارەی سمکۆ لەمێژوی کوردا نمونەی تری نیە، کەچی لەمێژوی عەجەم دا نمونەی زۆرە، بگرە هەر لەناو بنەماڵەی سمکۆدا چەند جارێ دوبارە بۆتەوە" ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەیو، علی ئاغای باپیریو جەعفەر ئاغای برایو، محەمەد ئاغای برایو باوکی محەمەد ئاغای، بەو جۆرە بە ناجوامێری لەناو برا بون، سمکۆش لەمەدا لاسایی ئەوانی کردۆتەوە.

لەکاتێکا نوسەرانی عەجەم کوژرانی ناجوامێرانەی گەورەکانی کورد لەمێژوی خۆیان دا بەئازایەتیو زیرەکیو لێوەشاوەیی کاربەدەستەکانی خۆیان دا ئەنێن، ئەم کارەی سمکۆ بە((بەتەواوی بێ ئەقلانەو ناجوامێرانەو بێ لێکۆڵینەوە))[١٣٤] دائەنێنو یەکێکیتر ئەڵێ :((سمکۆ بەبێ گومان لەو کاتەدا لەبیری کارە ڕەشەکانی ئاسورییەکانی ناوچەی ورمێدا نەبوە، تا لەکارەکانی ئەوان دڵتەنگ بوبێو لە تۆڵەی ئەوان دا ئەم کارەی کردبێ...))[١٣٥]

ئەی کەواتە سمکۆ بۆچی مارشیمونیکوشت؟

وەلامی ئەم پرسیارە هێشتا کەس بەتەواوی نەی داوەتەوە.

رازی یەکتر بینینی سمکۆ- مارشیمونو، گفتوگۆی دو قۆڵیانو، هۆی ئەم پیلانەی سمکۆ، چۆتە ژێرگڵ. چونکە هەروەکو مارشیمون بەو جۆرە کوژرا، سمکۆ خۆیشی بەپیلانێکی وەکو ئەوەی خۆی گێڕای، پاش چەند ساڵێ کوژرایەوە.

بیروڕای نوسەرانی کورد لەهەڵسەنگاندنی ئەم کارەی سمکۆدا جیاوازە.

هەندێ نوسەری کورد، هۆی کوشتنی مارشیمون ئەگێڕنەوە بۆ ناکۆکی نەتەوەیی ئاسوری لەگەڵ کورد، گوایە ئاسورییەکان چاویان بڕیبوە ئەوەی لەسەر ئەرزی کورد دەوڵەتی ئاسوری دروست بکەن، بەکوشتنی پێشەواکەیان ئەم پیلانەش پەکی خرا.[136]

هەندێکیتر ئەڵێن، سمکۆ بەهاندانی ئینگلیز بەرامبەر بەپارە ئەم کارەیکردوە، مەبستی ئینگلیز لەوەش ئەوەبوە رێگە بۆ سەرکردایەتی ئاغا بطرس تەخت بێ.[137] ئارشیفی ئەو سەردەمەی بەریتانیا ئێستە بەئازادی لەبەردەستی هەمو لێکۆڵەرەوەیەك دایە، بەڵام هێشتا هیچ بەڵگەیەکی لەم بابەتەی تێدا نەدۆزراوەتەوە، ئەم قسەیە بسەلمێنێ.

هەندێکیتر ئەڵێن، سمکۆ ئەمەی لەسەر خواستی والی ئازەربایجان کردوە بۆ شکاندنی چاوی ئاسورییەکان، لەتۆڵەی کوشتاری خەڵکی ورمێدا.[138] چونکە هاوزەمان لەگەڵ ئەم کارەی سمکۆدا، والی ئازەربایجان هەزار کسی ناردبو بۆ میناى شەرەفخانە لەسەر دەریاچەی ورمێ بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو قۆڵەوە پەلامار بدەن. سمکۆ خۆی لەوگفتوگۆیەدا کە لەگەڵ مستەفا پاشای یامولکیدا کردویەتی، دان بەمەدا ئەنێ، لەوەڵامی پرسیارێکیدا ئەڵێ:

((پرسیار: هۆی تێکچونو شەڕکردنت لەگەڵ ئاسورییەکاندا چیبو، تکایە پێم بڵێ، مارشەمعون، کەئاشتی ویستو دۆستی کوردبو، لەبەرچی کوژرا؟

((وەڵام: بێگومان ئاگاداری ئەوەی کەتورکو روس لەجەنگی جیهانیدا چیان بەکورد کرد! حەزدەکەم هۆی کوشتنی مارشەمعونت بۆ رون بکەمەوە" لەو هەرایەی لەباکوری کوردستاندا لەنێوان تورکو ئەرمەنیدا رویدا، ئاسورییەکان چونە پاڵ ئەرمەنییەکانو یارمەتییان دان، دوای شۆڕشی روسیا، روسەکان هێزەکانیان لەسابلاخو ورمێ کێشایەوەو ژمارەیەکی زۆر چەکو جبەخانە، تۆپو رەشاشو تفەنگیان بەجێ هێشتو هەموی بۆ ئاسورییەکان مایەوە. چەند ئەفسەرێکی روسو ئاسورییەکان و هەندێ کاربەدەستانی ئەوروپایی، دەیانزانی ئێران بەهۆی لاوازیو کزیی دەسەڵاتو کەم دەرامەتییەوە ناتوانێت داکۆکی لەخۆی بکات، بۆیە ئاسورییە چەکدارەکان ویستیان ئەم دەرفەتە لەکیس نەدەنو ئازەربایجان کەناوچەیەکی گرنگی نێوانی ئەرمەنو تورکو فارسە-بگرن... دوای

ئەوەی ئاسورییەکان بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتنو بانگەوازی سەربەخۆییاندا، هاتنە لامو داوای هاریکارییان لیٚ کردم، بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە ناو ئێرانەوە، منیش بەڵێنی یارمەتیم دانیٚ... بەڵام ئێرانیەکان بەوەیان زانی، کەئاسورییەکان داوای یارمەتییان لەمن کردوە... نوێنەرێکی ئێران هاتو داوای لیٚ کردم، کەپشتی ئاسورییەکان نەگرمو بەرامبەر بەمە بەڵێنی پاداشتو چاکە دانەوەیان دامیٚ. لەبەر ئەوەش دەمزانی ئاسورییەکان نیازیان وایە باکوری کوردستان بخەنە ژێرکێفی خۆیانەوەو داگیری بکەن، بۆیە مارشەمعونم کوشت. ئێرانیەکانیش لەبەڵێنی خۆیان پاشگەزبونەوە. بۆیە منیش پەلامارم دانو ورمێم گرتو کاربەدەستانی خۆمم لیٚ دامەزراند.[١٣٩]

٣/٦ لەتۆڵەی خوێنی مارشیموندا

هەرچۆنیٚ بیٚ ئەم کارەی سمکۆ ئەنجامی خراپی لیٚ وەشایەوە" لەلایەکەوە ورمیٚ خۆی بوبو بەمەڵبەندی شەڕێکی دینیی لەبەینی ئاسوریو مەسیحیو عەجەمی موسوڵماندا، کوژرانی مارشیمون کوردیشی تێکەڵاوی شەڕەکە کردو شەڕەکەی لەجاران گەرم ترکرد، لەلایەکی ترەوە ئەمکارە ئاسورییەکانی لەجاران زیاتر وروژانو، کەوتنە شەڕو خوێنڕێژی. تۆڵەی کوشتنی مارشیمونیان لەخەڵکی ورمیٚ کردەوە.

ڕۆژی شەممە١٧ی مارتی١٩١٨ مارشیمون کوژرا،

ڕۆژی دوشەممە١٩ی مارت، ئەم هەواڵە گەیشتە ورمیٚ، ئاسورییەکان دەستە دەستە ڕژانە ناو شارەوە،

ڕۆژی سێشەممە٢٠ی مارت، کوشتارییان دەست پیٚ کردەوە،

ڕۆژی چوارشەممە٢١ی مارت، گەیشتە پۆپەی توڕەبونو خوێنڕێژی.

تمدن ئەڵیٚ:

((... لەبەیانی زوەوە، هێزە چەکدارەکان بەکۆڵانو گەڕەکەکاندا بڵاوبونەوە، لەپڕخۆیان کرد بەماڵی عالمو سەیدو پیاوە ناسراوەکانی شاردا، کەوتنە کوشتنی بەکۆمەڵی خۆیانو خێزانەکانیانو، تالانی کەلوپەلی ناوماڵەکانیان. لەو ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لەعالمەکانو مەلاو سەیدەکان... کوژران. لەم ڕوداوەدا زیاتر لە١٠ هەزار موسوڵمان بەجۆرێکی ناخۆش بەدەستی مەسیحییان کوژرانو شەهیدبون.

جیلوکان لەپاش کوشتنی عولەماو سادات بەربونە تاقمەکانی تری خەڵك، هەرکەسێکیان لەهەژارو دەوڵەمەن، بچوكو گەورە، ژنو پیاو، لەکۆڵانو بازاڕدا بینی دایانە بەرگوللە.

لەم رۆژە ترسناکەدا خەڵکێکی زۆرخویان لەناو چاڵو کارێزو تەنوری ماڵانو پەناو پەسیردا شاردەوە، لەکاتی پەلاماری چەکدارانی جیلودا بۆ سەر ماڵەکان، بەو جۆرە گیانی خۆیان پاراست.

هەر لەو رۆژەدا هەمو کوردەکان (کەپێشتر هێزە چەکدارەکانی مەسیحیەکان چەکداریان کردبون) چەك کرانو کوژران.

لەگوندەکانو دەوری شار، لەهەر جێیەك موسوڵمانێ یا کوردێکیان بدیایە، بێ سڵەمینەوە ئەیان کوشت.

بەم رەفتارە درندانەیە، بەرادەیەك خەڵکیان شڵەژانو ترساند، موسوڵمانەکان لەهەر تاقمێبون، لەماڵەکانی خۆیاندا لەژێرابەو بیردا خۆیان شاردەوە. ماوەی۳ رۆژ هیچ کەس زاتی نەئەکرد لەماڵ دەربچێ، کۆڵانەکان چۆڵو گەڕەکەکان لەخامۆشیەکی کوشندەدا بون، شار شێوەی گۆڕستانێکی چۆڵکراوی بەخۆیەوە گرتبو))[١٤٠]

نوسەرەکانی ورمێ ژمارەی کوژراوەکانی ئەو رۆژە خوێناویانە بە١٠ تا١٥ هەزار کەس ئەخەمڵێنن[١٤١] ئەم ژمارەیە ئەگەر زیادیشی پێوەنرابێ، ئەندازەی رقو توڕەبونو، جۆری تۆڵەسەندنی خێڵەکی ئێلەکانی ئاسوری دەرئەخەن.

چەندین هەزارکەس لەخەڵکی ورمێ بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پەنایان بردبوە بەر ماڵی میستەر شید، کونسولگەی ئەمریکی، نەخۆشخانەی ئەمریکی، بارەگای میسیونی فەرەنسی.[١٤٢] لەژێرگوشاری کونسولی ئەمریکیدا، ئاغا بطرس فەرمانی بەئاسوربیەکاندا کەئیتر دەس لەکوشتنو ترساندن هەڵبگرن.[١٤٣]

نیوەڕۆی٢٢ی مارت فەرمانداری ورمێ، عظیم السلطنه سەردار، جاڕیدا کەئیتر ئاسایش جێگیربوە، هەر مەسیحیەك بچێتە سەر ماڵی کەسێ ئەبێ بگیرێو بدرێتە دەس حکومەت.[١٤٤]

سەرکردایەتی تیپە چەکدارەکانی ئاسوری پلانی پەلاماردانی بارەگاکەی سمکۆی دانا. هەمو هێزەکانی خۆیان سازداو، هەرچی چوارپێی ناوچەکەبو بۆ هەڵگرتنی تفاقی جەنگ کۆیان کردەوە. ئاغا بطرس خۆی سەرکردایەتی ئەو هێزەی ئەکرد کەبۆ گرتنی چەهریق دانرابو. هێزێکی تریش کەئەبو پەلاماری قوشچیو دەوروبەریدا، گاسفیلدی فەرەنسیو کۆلۆنێلێکی روسی سەرکردایەتییان ئەکرد.

ئاغا بطرس هەر بۆ شکاندنی بەفری رێگاکەی٤٠٠ کەسی قەڵەوی لەگەڵ خۆی بردبو. کتوپڕ هەڵی کوتایە سەر چەهریق. شەڕێکی قورس رویدا. دایکی سمکۆو کچێکی جەعفەر ئاغای برای کوژران. سمکۆ خۆی لەبەر هێرشی ئاسورییەکاندا

پێ نەگیرا. کشایەوە ناو خاکی تورکیا[١٤٥] ئاسورییەکان بەدەم ڕێگاوە هەڵیان کوتایە سەر سەلماس، دیلمان، قوشچی، عەسکەر ئاباد. پەلامارەکەیان ١٠ ڕۆژی خایاند، بەو پەڕی دڵڕەقییەوە کەوتنە کوشتاری کوێرانەی خەڵکی، تاڵانی ناوچەکە. مەڵبەندی سەلماسیان لەکورد پاککردەوە.[١٤٦]

ڕۆژی ٢٠ی(جەمادی الاول) ئاسورییەکان بەبۆنەی گرتنی چەهریقەوە لەخۆشیدا کردیان بەتەقە، لەم بەزمەدا ٤٠ کەسی بێتاوان کوژران.[١٤٧]

بەهۆی ئەو ڕوداوانەوە، بۆ پاراستنی هێمنی‌و ئاسایشی شار، لەکۆبونەوەیەکدا لەماڵی عظیم السلطنه سەردار، ئەنجومەنێکی تێکەڵاو بەناوی((کۆمیسیۆنی ئەمنییەت))ەوە پێکهات، بەڵام ئەم کۆمیسیۆنە هیچی پێ نەئەکرا، چونکە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەدەس ئاغا بطرس‌و چەکدارەکانیدابو. حکومەتی ناوەندی ئێران لاوازبو نەیئەتوانی کارێکی کاریگەر بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی ورمێ ئەنجامبدا. ئاسورییەکان ئەیان ویست خەڵکی ورمێ وەکو بارمتە لەگفتوگۆکانی خۆیاندا بۆ دەربازبون لەسزاو جێکردنەوەی خۆیان بەکاربهێنن. کار بەدەستانی تەورێزیش ئەیانویست کاربەسەربەرن، چونکە خۆیان کارێکی ئەوتۆیان پێ نەئەکرا دژی ئاسورییەکان‌و، هەر لەو ماوەیەشدا واتەواتی هاتنی ئۆردوی تورک بڵاوبوبوەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی سوپای ڕوسی لەولایەتە داگیرکراوەکانی عوسمانی کشابوەوەو، ئۆردوی تورک چوبوەوە بۆ وان، ئەرزڕوم‌و شوێنەکانیتر.

گفتوگۆ لەنێوان کاربەدەستانی تەورێزو ئاسوریەکانی ورمێدا دەستی پێکرد. عظیم السلطنه دەستی لەحاکمی هەڵگرت. لە تەورێزەوە دیسان اجلال الملك کەچەند جارێکیتر حاکمی ورمێبو دانرایەوە. پاش ماوەیەك عظیم السلطنه کوژرا. ئاسورییەکان بکوژەکەیان لەهەمان جێدا هەڵ واسیەوە.[١٤٨]

٧. سەرەتای کۆتایی"

هێرشی تورك‌و کشانەوەی ئاسوری لەورمێ

ڕوسیای سۆڤیێتی لەجەنگ دەرچو. دەستی لەپشتیوانی ئەرمەنی‌و ئاسوری هەڵگرت. خەریکی سازین‌بو لەگەڵ حکومەتی تورك. حکومەتی قافقاز بەشەڕی ناوخۆوە خەریکبو، نەی ئەپەرژایە سەر یارمەتیدانی ئەوان. ئەو هیوایەی هاوپەیمانەکانیش بەپێکهێنانی تیپە چەکدارەکانی ئاسورییان هەبو، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ڕوسی لەجەبهەی تورکیدا، نەك هەر بەوان نەهاتە دی، بەڵکو ئەوان خۆیان لەشەڕێکی خوێناوییەوە گلان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە. هاوپەیمانەکان تا ئەهات زیاتر لەئاسورییەکان نائومێد ئەبون" لەلایەکەوە لەعۆدەی ئەو ئەرکە جەنگییە نەئەهاتن کەپێیان سپێردرابو. لەلایەکیترەوە درێژە دان بەهاوکاری‌و

پشتیوانی تیپەکانی ئاسوری، کە لەگەڵ ئازەری‌و کوردی دانیشتوی ناوچەکەدا توشی شەڕێکی دینی‌و نەتەوەیی خوێناوی بوبون، دەوڵەتانی فەرەنسەو بەریتانیاشی توشی ناکۆکی ئەکرد هەم لەگەڵ ئێران وەکو دەوڵەت‌و، هەم لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە وەکوکوردو ئازەر. لەبەر ئەوە کاربەدەستانی فەرەنسی‌و ئینگلیزی خۆیان لەیارمەتی دانیان ئەدزییەوەو، خەریکی ئەوەبون بەتەنیا بەجێیان بهێڵن.

ئینگلیزەکان هەر لەسەرەتاوە یارمەتییەکی کەمی ئاسورییەکانیان دابو. شتێکی ئەوتۆیان لەلای ئەوان نەبو لێیان بسێننەوە، یا بیکێشنەوە. فەرەنسییەکانیش لە٢٧ی نیساندا هەمویان ورمێیان چۆڵکرد، جگە لەکاپتەن گاسفیلد، کەئەویش خۆی مایەوە. فەرمانبەرانی روسییش لەسەر داوای حکومەتی قافقاز گەڕانەوە. ئاسورییەکان خۆیان بەتەنیا مابونەوە لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی فەرەنسی‌و روسی کەئەوانیش بەئارەزوی خۆیان مابونەوە، لەگەڵ میسیۆنی ئەمریکایی‌و فەرەنسی.[149]

ئۆردوی تورک کەوتبوە پێشڕەوی بەرەو ئازەربایجان. ئەم هەواڵە دڵی موسوڵمانەکانی خۆش ئەکردو مەسیحییەکانی ئەترساند. لەم لاشەوە هێزەکانی ئینگلیز بۆ پڕکردنەوەی شوێنی روس، هێزەکانی‌خۆی ئەنارده ئێران. رەوتی جەنگ لەهەمو جەبهەکاندا بەقازانجی بەریتانیا بو. نیشانەی لاوازبون‌و تێشکان خەریکبو لەناو هێزەکانی تورکدا دەرئەکەوت. بەڵام تورک لەسنوری ئێرانییەوە لەپێشڕەوی دابو. هێزێکی تورک لەشنۆ تێ پەڕیبو، گەیشتبوە سلدوز جگە لەتیپەکانی ئاسوری هێزێکی‌تر لەرێگەیان دانەبو. هێزەکانی تورک لەدو لاوە پێشڕەوییان‌کرد" لەبایەزیدو ماکۆوە، هەروەها لەرەواندزەوە بۆ ئەوەی سەرانسەری خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ ئابلۆقە بدەن. لەلای سەرەوە سمکۆو لەلای خوارەوە سەید تەها هاوکاری هێزەکانی تورکیان‌کرد. یەکەمین پێکدادان لەناوەڕاستی نیساندا لەنێوانی تورک‌و ئاسورییەکاندا لەلای شنۆ رویدا.[150] لەسەلماس‌و خوی چەند تێکهەڵچونێکی‌تر رویدا. ناو شاری ورمێ لەدەس ئاغا بطرس‌و چەکدارەکانی‌دابو. ستەم‌و پشێوی بەردەوامبو. گفتوگۆکانی ئاسورییەکان لەگەڵ کاربەدەستانی تەورێز سەری نەگرت. هەروەها گفتوگۆکانیان لەگەڵ تورکیش بێ هودە بو[151] کاربەدەستانی تەورێز بۆ ئەوەی ئاسورییەکانیان لەکۆڵ ببێتەوە، ئەیان ویست هانیان بدەن بەرەو قافقاز بڕۆن. ئاسورییەکان ئاتەهات نائومێدتر ئەبون. گاسفیلد لەو رۆژانەدا نوسیویەتی((... ئێمە لەهەمو لایەکەوە گەمارۆ درابوین... تفاقی جەنگی لەکەم بونەوە دابو... دابینکردنی ئازوقە رۆژ بەرۆژ دژوارتر ئەبو، ناوچەکە لەلایەن سوپای روسییەوە روتێنرا بوەوە، توانای دابین‌کردنی خواردەمەنی خەڵکی

ئاسایی‌و ٦٥ هەزار پەنابەری(جیلوو ئەرمەنی وان)ی نەبو، قاتوقڕی‌و برسێتی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر هەستی پێ ئەکرا، پەتا گاڵەی پەنێرانی‌و مەسیحییەکان ئەکرد. پشێوی ڕۆژ بەڕۆژ زیاترئەبو، موسوڵمانەکان کەوتبونە تاڵان‌و، کوشتاری بەکۆمەڵ ئیتر نەئەبڕایەوە ... ئێمە بڕیارماندا هەڵکوتینە سەر تورك لەناوچەی سەڵماس‌و تا جولفا رایان ماڵین تا لەو ڕێگەیەوە پێوەندی خۆمان لەگەڵ ئەودیو قافقاز دروست بکەین داوای یارمەتییان لێ بکەین))[١٥٢]

لە١٠ی تەموزدا فڕۆکەیەکی ئینگلیزی لەورمێ نیشتەوە. فڕۆکەوانەکە لەلایەن جەنەراڵ دنسترۆڤیل، فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لەسەروی ئێران، نێردرابو، بۆ ئەوەی بەئاسورییەکان ڕابگەیەنێ کەئینگلیزەکان هیچ هێزێکی ئامادەیان نییە بینێرن بۆ یارمەتییان‌و، ئیتر ئەبێ پشت هەر بەخۆیان ببەستن‌و، هێزەکانی بەریتانیا لەهەمەدان‌و بەشی سەروی ئەوێدا هەن بۆ ئەوەی ئەوانیش لەخواروی دەریاچەی ورمێوە ڕێگەیەك بۆ خۆیان بکەنەوە، لەگەڵ ئەوان یەك بگرنەوە.[١٥٣]

لە٢٠ی مانگەوە تاقمێك لەچەکدارەکانی ئاسوری بەسەرکردایەتی ئاغا بطرس کەوتنە تەقەلای کردنەوەی ڕێگایەك بۆلای بیجارو سایین قەڵا بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز یەك بگرنەوەو هەوڵی هێنانی یارمەتی بدەن. ئۆردوی تورك بەسەرکردایەتی سەلاحەدین پاشا تائەهات لەورمێ نزیکتر ئەبوەوە. ئاسورییەکان ورەیان بەردابو. هیوای مانەوەو بەرەنگارییان نەمابو.[١٥٤] لە٢٩ی تەموزدا، ئەگەرچی سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی ئاسوری((ئەشتاب))، فەرمانێکی بەزمانەکانی ئاسوری‌و ئەرمەنی‌و روسی چاپ‌و بڵاوکردەوە، داوای لەمەسیحییەکان کردبو" هەمو دەس بدەنە چەك‌و((بێ ترس‌و سڵەمینەوەو دواکەوتن، لەپێناوی گیان‌و ماڵ‌و نیشتمان‌و ڕێکخراوەکەیاندا بەرامبەر دوژمن رابوەستن بۆ بەرەنگاری))[١٥٥] بەڵام هەمان ڕۆژ ئاغا بطرس، بەتەلەفۆن لەبیجارەوە((ئەشتاب))ی ئاگادارکرد کە" هێزی تورك بەرەو ورمێ ئەکشێن بەڵام ئەڵقەی ئابڵوقەکەیان شکێنراوە، ئەوانیش ئەتوانن لەهەمان ڕێگاوە بکشێنەوە بۆ بیجار. ورمێ لەژێردەستی خۆیاندابو، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵك بەپاشەکشەیان نەزانێ‌و توشی کێشەو شەڕ نەبن، جاڕیان بەناو شارادا کەهاتوچۆکردن ئیتر قەدەغەیەو، هەر کەس هاتوچۆ بکا یاری بەگیانی خۆی ئەکا.[١٥٦]

شەوی چوارشەممە،٢ی ئابی١٩١٨ ئاسورییەکان هەمو عەمارەکانی تفاقی جەنگییان تەقاندەوە، هەندێ لەئازوقەو کەلوپەلەکانی خۆیان سوتان‌و، هەرچی شتێکی پێویستو بەنرخیان پێ هەڵگیا یا بەعەرەبانە پێ بارکرا، بەپەلە پێچایانەوەو، بەکۆمەڵ بەخاوو خێزانەوە بەرەو بیجار بەڕێ کەوتن.[١٥٧] بۆ بەیانی

خەڵکی شار تێگەیشتن کەمەسیحییەکان ڕۆیشتون. پاش نیوەڕۆی۳ی ئاب پێشەنگی ئۆردوی تورك، کەبریتیبو لەسوارەی کوردو ئازەری گەیشتە ناو ورمێ.
مەسیحییەکان لەهەلومەرجێکی زۆر سەختدا کشانەوە، دهقان نوسیوێتی:
((...ئەم کاروانە چەندین دە هەزار کەسییە نارێکوپێکە هەرچەند ئەیان بیست ئۆردوی عوسمانی نزیکتر ئەبێتەوە ئەوان لەڕۆیشتن زیاتر پەلەیان ئەکرد. بۆ ئاسانکردنی ڕۆیشتن کەلوپەلی قورسیان لەڕێگە فڕێ ئەداو ئەیان ویست گیانی خۆیان لەشەڕ بساخی دەرباز بکەن. لەڕێگاو پردەکان کەباریكبون لەبەر ئەوەی هەمویان ئەیان ویست زوتر تێ بپەڕن بەزۆری پیرەکان ئەکەوتنە ئاوەوە ئەخنکان. نەخۆشەکانی کەتواناى ڕۆیشتنیان نەبو لەژێر درەختی چۆڵەوانیدا بەهیوای خوا بەجێیان ئەهێشتن‌و خۆیان هەڵئەهاتن. ژنان‌و دایکانێ کەمنداڵەکانی خۆیان بزرکردبو ناڵەو شیوەنیان ئەکرد. بەکورتی هەلومەرجی ئەوانە زۆر دڵتەزێن‌و لەباسکردن نەئەهات، لەهەموشی خراپتر جیلوکان‌و قاچاغەکانی ئەرمەنی کە تائەوسا بوبونە هۆی کوشتنی ئەو هەمو موسوڵمانانە، ئێستە لەگەڵ پیرەمێردو پیرەژنانی مەسیحیدا رەفتاری خراپیان ئەکرد، ئەوانیان بەکۆسپی خێرا ڕۆیشتنی خۆیان ئەزانی‌و ئەیان ویست بەهەر ڕێگەیەکی بکرێ رزگاریان بێ لەدەستیان.[158]
((ئەم کۆچە ناڵەبارە لەهەمو جێگایەك ئەکەوتە بەر هێرشی دوژمنەکانی، کە لەسابلاخ دەرچون نزیکی میاندواو مجدالسلطنه سەرداری ورمێ بۆ تۆڵە سەندنی هاوشارییەکانی خۆی ڕێگەی پێ‌گرتن‌و زۆری لێ کوشتن، ئەوانیتریان خۆیان گەیاندە هێزەکانی ئینگلیز لەسایین قەڵا))[159]
شەڕی ناوخۆی مەسیحی ـ موسوڵمان لەورمێ ڕۆژی هەینی۲۲ی شوباتی ۱۹۱۸ دەستی پێ‌کرد، تا ڕۆژی۱ی ئابی۱۹۱۸ درێژەی کێشا. بەگەیشتنی ئۆردوی عوسمانی تەواوبو. واتە۱٥۹ ڕۆژی خایاند. لەم شەڕەدا بەقسەی نوسەرانی عەجەم۱۳۰ تا۱٤۰ هەزارکەس لەخەڵکی ورمێ‌و سەلماس‌و دەوروبەری کوژراون[160] لەمەسیحیەکانیش تەنیا٥۰ هەزار کەسێکیان گەیشتنە سایین قەڵا، ئەوی تریان کەمێکی‌نەبێ لەناوچەکانی پێشوی خۆیاندا مابونەوە، هەمویان لەڕێگە فەوتان.[161]
ژمارەی کوژراوی کورد دیار نیە چونکە کەس سەرژمێری نەکردوە، دیارە ئەویش زەرەری گیانیی گەورەی لێ کەوتوە. سەرەڕای ئەوەی زۆری ناوچەکانی کوردستان بوبونە ڕێپەلگەی سوپاکانی تورك‌و روس، شەڕی ناوخۆی ئەرمەنی‌و ئاسوریشی بوبوە سەربار. رەنگە یەکێ لەشایەتە باشەکان، ئاغا پەتروس خۆی بێ.

ئاغا پەتروس لەو بەیاننامەیەدا کە بەزمانی ئاسوریو فارسی لە١٩ی نیسانی١٩١٨ دا بۆ ئاشتبونەوەی مەسیحیو موسوڵمان، دەریکردوە نوسیوێتی:

((براینە! من کورتەیەکتان لەسەر هەلومەرجی شنۆ بۆ رون ئەکەمەوە، کەخۆم بەچاوی خۆم دیومە، چونکە دڵنیام کەدڵی ناسکو ویژدانی ئێوە هیچ کاتێ لە هەلومەرجی ئەوێ رەزا نابێو تەحەمول ناکا، لەوانە، لەکۆڵانەکان، ڕێگەکان، ناو ماڵاندا ئەم دی ئێسقان گۆشتی پێوە نەماوە، پارچەکانی سکەلیتو هەیولایان هەڵ نەوەشاوەو وەکوخۆی پێکەوە ماوە.

((لەو ناوچانە ناشتنی مردو، یارمەتی دانی هەژاران، ئاودان بەلێوی تینوی سوتاوی نەخۆشان، یا گریانو پرسە بۆ مردنی نەجیبانو ئەعیانەکانی خۆیان هەموی وازی لێ هێنراوەو دەستی لێ هەڵگیراوە.

((خۆراکی سەگەکانی ئەوێ گۆشتی مرۆڤە، بەزۆری خۆراکی مرۆڤیش لەوێ گۆشتی پشیلەو سەگو مرۆڤە. دەوڵەمەندەکان گەیشتونەتە دوایین پاروی خۆیان، رەنگو روخساریان لەبرسا زەرد هەڵگەڕاوە، مناڵان ئومێدیان بەبەزەییو دڵنەرمی دایکیان نەماوە نانیان بدەنێ هەمویان لەجێیەکا خڕبونەتەوە. لەژیانی خۆیان نائومێد بون.

((کەسانێکی زۆرم ئەدی گیایان ئەخوارد، ویستم پرسیاریان لێ بکەم، سەری خۆیان رائەوەشانو هیچ وەڵامێکیان نەئەدامەوە، زانیم کە لەگیانی خۆیان بێزاربون، هیچ گوێیان نەئەدایە ئێمەو خەریکی گیا خواردنی خۆیان بون.

((ئەگەرچی رێزلێنانی میوان لەهەموشوێنێ، لەسەر هەموکەس پێویستە، کەچیکابرایەکی خەڵکی سلدوز لەناچاریدا، هەردو میوانی بەڕێزی خۆی کوشتبون، گۆشتی هەردوکیانی خواردبو.

((چەند جار لەبەد بەدتر بینراوە، دایك گۆشتی رانی مناڵە خۆشەویستەکانی خۆی خواردوە)).

((هەی هاوارو داد، براینە! هاوارتان لێ ئەکەم لەپێناوی مرۆڤایەتیدا هەرچی زوتر رۆژگاری ئاشتبونەوە تەواوبکەن بۆ ئەوەی سالی داهاتو پێویستیمان بەخواردنی گۆشتی نەوەی خۆمان نەبێ ...))[162]

لەو هێرشەدا بۆ سەر شنۆ، ئاغا پەتروس خۆی سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی ئاسوری بو.

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

[1]. الـدكتور احمـد سوسـه، ملامـح مـن التـاريخ القـديم ليهـود العـراق، مركـز الدراسـات الفلسطينية- جامعة بغداد، ١٩٧٨، ص٥٩" جرج ن. كـرزن، ايـران وقضيه ايران، ترجمه غ. وحيد مازندرانى، جلد اول، چاپ دوم، تهـران: مركـز انتشـارات علمـى وفرهنگـى، ١٣٦٢ش، ص٦٨٣

[2]. سوسـه، هـ س، ل٦٣" علـى دهقـان، رضـائيه يـا سـرزمين زردشـت، تهـران: ابـن سـينا، اسفند١٣٤٨ش، ص٧٠-٧١

[3]. سوسه، هـ س، ل١١٩

[4]. بۆ ناوی کتێبەکانی ویگرام، بڕوانە: سوسه، ملامح من...س ن، ل٦١

[5]. ك. پ. ماتڤييف- بارمتى، الآشوريون في الازمنـه، المعاصـرة، ترجمة بنيـامين م. بنيـامين، تموز ١٩٨٤، استراليا. ئـەم نوسـراوە چـەند جـارێ کراوەتـە عـەرەبی، بـەڵام هـەمویان ناتـەواوو نارێکوپێکن.

[6]. سوسه، س ن، ل٦٨-٧٠ و ٣٢-٣٣

[7]. هـ س، ل٦٨

[8]. بڕوانە: الدكتور المهندس ئەحمەد سوسه، مفصل العرب واليهـود في التـاريخ، بغـداد،١٩٨١، ص٥٨٤-٦٠٣هەروەها سەرچاوەی پێشو.

[9]. سوسه، ملامح من التلريخ...ل٦٠

[10]. امير شـرف خـان بدليسـى، شـرفنامه، بەکوشـش محمـد عباسـى، تهـران، علمـى،١٣٦٤ش، ص١٣٠، ٥١٠

[11]. سوسه، س ن، ل٩٤-٩٥" دهقان، س ن، ل٦٨" كرزن، س ن، ل٦٨٣

[12]. دهاقان، س ن، ل٦٨

[13]. سوسه، س ن، ل١٠٢

[14]. كلوديوس جيمس ريج، رحله ريج الى العراق في عام ١٨٢٠، ترجمه بهـاءالـدين نـورى، ج١، بغداد١٩٥١، ص١٠٩

[15]. كرزن، س ن، ل٦٨٢

[16]. هـ س، ل٦٩٣

[17]. سوسه، س ن، ل١٠٠-١٠١

[18]. بدليسى، س ن، ل١٣٠

[19]. هـ س، ل٥٠٩

[20]. ريج، س ن، ل١٩٦

[21]. هـ س، ل١٩٦

[22]. هـ ج

[23]. واسيلى نيكيتين، كردو كردستان، ترجمه محمد قاضى، تهران، نيلوفر، ١٣٦٦، ص٤١٢

[24]. هـ س، ل٤١٣

[25]. اسکندر غوریانس، قیام شیخ عبیدالله شمزینی درکردستان، بە اهتمام عبداللە مردوخ، تهران: دنیای دانش،۲۵۳٦، ص۹۹
[26]. مسعود البارزاني، البارزاني والحركە التحررية الكردية: انتفاضة بارزان الاولى۱۹۳۱-۱۹۳۲، مطبعة خبات، ۱۹۸٦، ص۲۰
[27]. محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائية، تهران: چاپ اسلامیه،۱۳٥۰، ص۹٤
[28]. دهقان، س ن، ل۱٥۱
[29]. تمدن، س ن، ل۹٤" دهقان، س ن، ل۲۲۰" اوژن اوبن، ایران امروز، ترجمە وحواشی وتوضیحات از علی اصغر سعیدی، تهران: زوار،۱۳٦۲ش، ص۱۰٤
[30]. سوسە، س ن، ل۱۲۲" كرزن، س ن، ل٦۸۸
[31]. اوبن، س ن، ل۱۰۰
[32]. سوسە، س ن، ل۱۲۲
[33]. دهقان، س ن، ل۲۱۸
[34]. دهقان، س ن، ل۲۱۹" تمدن، س ن، ل۹۸، اوبن، س ن، ل۱۰٤، سوسە، س ن، ل۱۲۲
[35]. دهقان، س ن، ل۱٤۲
[36]. سوسە، س ن، ل۱۲۲
[37]. دهقان، س ن، ل۱٤٦
[38]. سوسە، س ن، ل۱۲۰
[39]. اوبن، س ن، ل۱۰۲
[40]. سوسە، س ن، ل۱۲۰
[41]. ه س، ل۱۱۹-۱۲۱
[42]. ه س، ل۱۱۷-۱۱۹
[43]. دهقان، س ن، ل۲۲۰، تمدن، س ن، ل۱۰٤
[44]. جليل، نهضة الاكراد الثقافية...، طبعه بیروت، ص۱۲۷
[45]. سوسە، س ن، ل۱۲٤
[46]. ه ج
[47]. مسیوب نكيتين، ایرانی کەمن شناختەام، ترجمە علی محمد فرەوشي، چ۲، تهران، معرفت،۲۵۳٦، ل۲۲٤
[48]. دهقان، س ن، ل٤۸۹
[49]. تیکستی تەواوی مەرامنامە: تمدن، ل۲۰٤ تا ۲۰۷" هەروەها بەشێکی بەناتەواوی‌و جیاوازی لە: بارمتی، ل۸۲-۸۳
[50]. ((الانقلاب السياسي العثماني))، مجلة الهلال، الجزء الاول، السنة۱۷، القاهرة، ۱ تشرين اول ۱۹۱۸، القاهرة، ص٦

[51]. ((عبدالحميد الثاني: حياته السياسية))، مجلة الهلال، الجزء الاول، السنة ١٧، القاهرة، ١تموز١٩٠٩، ص٥٧١
[52]. مجلة الهلال، ج١، س١٧، ص١٠
[53]. الدكتور عبدالجبار قادر غفور،((المفكر الكردي الدكتور عبدالله جودت١٨٦٩-١٩٣٢))، ترجمة عبدالفتاح علي يحيى، گوڤاري((كاروان))، ژ ٤٦، بەغداد، تەمموزي ١٩٨٦، ل١٤٦-١٥٣
[54]. الهلال، ج٦، س١٧، ١مارت ١٩٠٩، ص٣٧٥-٣٧٦
[55]. د. جەبار قادر،((رۆژنامەی((كورد))و چەند زانیاریيەكی نوێ، گۆڤاری كاروان، ژمارە٣٢، بەغداد، مایسی١٩٨٥، ل٧-١١
[56]. ژان ماری كارزو، ارمنستان١٩١٥، ترجمه فريبرز برزگر، تهران: جاويدان، ابان ماه ٢٥٣٥، ص١٧٥-١٧٦
[57]. لينچوفسكى، س ن، ل٥٧
[58]. نيكيتين، كرد....، ل٤١٧
[59]. ماتڤيف، س ن، ل٧١
[60]. هـ س، ل٧٢
[61]. هـ ج
[62]. هـ س، ل٧٤
[63]. هـ س، ل٧٦
[64]. دانيال متى،((رويدادهای اروميەو كردستان شمالی-دسامبر ١٩١٧تا ژوئيه ١٩١٨-در آرشيوهای نظامی فرانسه))، مجله دراسات كرديه-مطالعات كردی، پاريس: مركز تحقيقات انستيتوكرد، ش١، ص٣٨
[65]. اوژان اوبن، ايران امروز، ص٩٩-١٠٠
[66]. كسروی، س ن، ل٥٩٩" تمدن، س ن، ل١١٨
[67]. دهقان، س ن، ل٤٦٠
[68]. هـ س، ل٦٠٠
[69]. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە، عبدالقادری دەباغی،((چەند دێڕێك لەمێژو))، بەشی یەكەم، گۆڤاری كاروان، ژ٥٤، بەغداد، نیسانی١٩٨٧، ل٢١-٣٢. بەشی دووەم، ژ٥٥، ئایاری١٩٨٧، ل٢-٧
[70]. كسروی، س ن، ل٦٠٧
[71]. تمدن، س ن، ل١٢٥
[72]. احمد كسروی، س ن، ل٦٠٥-٦٠٨
[73]. دهقان، س ن، ل٤٦٧"تمدن، س ن، ل١١٩
[74]. نيكيتين، ايرانی كەمن...، ل٢٠١-٢٠٢
[75]. نيكيتين، كرد، ل٤٦٦-٤٦٧

[76]. کسروی، س ن، ل٦١٥-٦١٧
[77]. تمدن، س ن، ل١٢٣
[78]. هـ س، ل١٢٥
[79]. هـ س، ل١٣٠
[80]. هـ ج
[81]. هـ ج
[82]. هـ س، ل١٣١
[83]. هـ ج
[84]. هـ ج
[85]. بۆ نمونە بڕوانە: دهقان، س ن، ل٤٨٠ "کسروی، س ن، ل٦١٣ "تمدن، س ن، ل١١٩
[86]. تمدن، س ن، ل١٣١-١٣٢
[87]. تمدن، س ن، ل١٣٦ "دهقان، س ن، ل٤٨١
[88]. دهقان، س ن، ل٤٨١ "تمدن، س ن، ل١٣٣-١٣٥
[89]. ماتڤیف، ل٧٦
[90]. هـ س، ل٧٨
[91]. نیکیتین، ایرانی...، ل٢٢٤-٢٢٥
[92]. متی، س ن، ل٣٦
[93]. هـ س، ل٣٩
[94]. نیکیتین، ایرانی...، س ن، ل٢١٠
[95]. متی، س ن، ل٣٦
[96]. هـ س، ل٤٠
[97]. هـ س، ل٤٠
[98]. نیکیتین، ئێرانی...، س ن، ل٢١١
[99]. تمدن، س ن، ل١٤٢
[100]. هـ س، ل١٤٣
[101]. هـ س، ل١٤٥-١٤٧
[102]. وێنەی بەیانەکە: هـ س، ل١٥٢
[103]. هـ س، ل١٥٣
[104]. متی، س ن، ل٣٧
[105]. راگوێزراوە لەمتی، س ن، ل٣٧
[106]. نیکیتین، ئێرانی...، س ن، ل٢٣٦
[107]. دانیال متی، س ن، ل٤٢-٤٣
[108]. نیکیتین، ئێرانی...، س ن، ٢٣٨" متی، س ن، ل٤٣
[109]. تمدن، س ن، ل١٦٠-١٦٤

[110]. دهقان، س ن، ل٤٨٩
[111]. هـ س، ل٥٠٩
[112]. ژان ماری کارزو، س ن، ل٢٤٢
[113]. دهقان، س ن، ل٤٨٣" کسروی، تاریخ هیجده ساله ئاذربایجان، ج٢، ل٦٨٥
[114]. دهقان، س ن، ل٤٨٧
[115]. هـ س، ل٤٩٥
[116]. متی، س ن، ل٤٧
[117]. هـ س، ل٤٧
[118]. دهقان س ن، ل٤٩٩
[119]. متی، س ن، ل٤٧
[120]. دهقان، س ن، ل٥٠٠
[121]. متی، س ن، ل٤٧
[122]. دهقان، س ن، ل٥٠٠
[123]. هـ س، ل٥٠١
[124]. هـ س، ل٥٠٣
[125]. هـ س، ل٥٠٤
[126]. تمدن، س ن، ل١٨٢
[127]. دهقان، س ن، ل٥٠٥" تمدن، س ن، ل١٨٣
[128]. هـ س، ل٥٠٦
[129]. هـ س، ل٥٠٧
[130]. هـ س، ل٥٠٨
[131]. هـ س، ل٥٠٨
[132]. کسروی، س ن، ل٧٢٦-٧٢٧" دهقان، ل٥١١-٥١٢
[133]. تمدن، س ن، ل١٨٦
[134]. هـ س، ل١٨٧
[135]. دهقان، س ن، ل٥١٢
[136]. عەلائەدین سوجادی، شۆڕشەکانی کورد وەکوردو کۆماری عیراق، بەغداد،١٩٥٩، ل٢٥١-٢٥٤
[137]. راگوێزراوەلە: متی، س ن، ل٤٩
[138]. هـ س، ل٤٩
[139]. ئەم گفتوگۆیەی سمکۆو مستەفای یامولکی لەئازشیفی بەریتانیدا دۆزراوەتەوە، مامۆستا محەمەد رەسوڵ هاوار کردویەتی بەکوردی، لەگۆڤاری((مامۆستای کوردی))ی سویدیدا بڵاوی کردۆتەوە.
[140]. تمدن، س ن، ل١٨٨-١٨٩

[141]. دهقان، س ن، ل۵۱۵" تمدن، س ن، ل۱۸۸-۱۸۹
[142]. دهقان، س ن، ل۵۲۱
[143]. تمدن، س ن، ل۱۹۰
[144]. دهقان، س ن، ل۵۲۱-۵۲۲
[145]. تمدن، س ن، ل۱۹۳" دهقان، س ن، ل۵۲۲-۵۲۳
[146]. متی، س ن، ل۵۰
[147]. دهقان، س ن، ل۵۲۵
[148]. هـ س، ل۵۲۷
[149]. متی، س ن، ل۵۲
[150]. هـ س، ل۵۳
[151]. تمدن، س ن، ل۲۶۷
[152]. متی، س ن، ل۵۳
[153]. متی، همماغی" تمدن، س ن، ل۲۹۲
[154]. دهقان، س ن، ل۵۳۲
[155]. تمدن، س ن، ل۲۹۹
[156]. هـ س، ل۳۰۰-۳۰۱
[157]. هـ س، ل۳۰۲
[158]. دهقان، س ن، ل۵۳۷
[159]. هـ ج
[160]. هـ س، ل۵۳۹
[161]. هـ س، ل۵٤۰
[162]. تمدن، س ن، ل۲۱۷

٦.سمكۆ؛ ياخيبونی خێڵەكی یا بزوتنەوەی نەتەوەیی

١-ئێران لەكاروباری ئەودەمی دنیادا

١/١بزوتنەوەی مەشروتە١٣٢٤

زوڵموزۆری بێ لێپرسینەوەی كاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران خەلكی بەگیر هێنـا بو. ئاخوندەكانی شیعە لەمینبەری مزگەوتەكانەوە، بەتایبەتی لەبۆنـە دینییـەكانی موحەڕەمو رەمـەزاندا، كەوت بونـە دوان دژی هەنـدێ لەكاربەدەسـتانی گـومرگو سوكایەتی كردنی ئەوانە بەدینو بەئاخوندەكان.

بازرگانەكانی تاران نامەیـەكی سـكالایان بـۆ عـین الدولـەی، صـدری اعظمـی ئێران، نوسی گلەییان لەزۆریی تاریفەی گومرگو داوای كەم كردنەوەیان كـرد بـو. لەدانیشـتنێكی هاوبەشـی عـین الدولـەو كاربەدەسـتانی گـومرگو نوێنـەرانی بازرگانەكاندا، لەباتی ئەوەی گوێ لەخواستەكانیان بگـرن جنێویـان پـێدانو سـور بون لەسەر هەمان چەردەی تاریفە. بازرگانەكان بـەئاگاداری هەنـدێ لەئاخونـدەكان بازاڕیان داخستو پەنایان بردە بەر عبدالعظیم. لەم ماوەیەدا مظفرالدین شا ئەچو بۆ ئەورروپا. محەمەد عـەلی مـیرزای كـوڕی لەتـەورێزەوە هـات بـوە تـاران لەجێگـەی ئەوبێ تا كاتی گەڕانەوەی محەمەد عـەلی مـیرزا بەقسـەی خـۆش مـانگرتنەكـەی پـێ شكاندنو گفتی پێ دان لەدوای گەڕانەوەی شا خواستەكانیان جێبـەجێ بكـا. لـەو ماوەیـەدا روداوێكـی ئـەوتۆ نەقـەوما جگـە لەكوشـتنی جەوهـەر ئاغـای شـوكاك لەتەورێز بەفەرمانی وەلیعەهد، بـەلام دو ئاخونـدی گـەورەو خـاوەن نفـوزی تـاران" سەید محەمەدی طباطباییو سەید عەبدوڵلای بهبهانی لەسەرەتای ساڵی ١٣٢٣ەوە بـە نهێنـی یـەك كـەوت بـون بـۆ بەرهەڵسـتی زوڵـم و زۆری صـدری اعظـمو دەربارییانی تر.

شاو هاوسەفەرەکانی ٤ مانگیان پێ چو. ئێران بەتەنگوچەڵەمەیەکی ئابوری دژواردا تێ ئەپەڕی. کەچی ئەوان لەو سەفەرەدا پارەیەکی زۆریان خەرج کرد بو، ئەوە بەسەر زمانی هەمو کەسەوە بو.

عین الدولەو حاکمی تاران بەهۆی مانگرتنی پێشو بەقین بون لەبازرگانەکانی تاران، بۆ هەل ئەگەڕان تۆڵەیان لێ بکەنەوە. گرانی نرخی قەندیان کردە بەهانەو چەند کەسێکیان لەپیاوە ناسراوەکانیان فەلاقە کرد. ئەم کارە بازاڕی جولاند. بازاڕییان دوکانیان داخستو لەمزگەوتی((شا))کۆبونەوە دادی خۆیان بردە بەر ئاخوندەکان، ئاخوندەکان دو دەستە بون، دەستەیەکیان، لەناو ئەوانەدا ئیمام جومعەی تاران، پشتیوانییان لەعین الدولەو دەربارییان ئەکرد. دەستەکەی تریان. طباطبایی‌و بهبهانی رابەرییان ئەکردن پشتیوانییان لەبازرگانەکان‌و خەڵك ئەکرد. ئیمام جومعە بەپیلانێکی زیرەکانە کۆبونەوەکەی شێواندو خەریك بو ببێتە ئاژاوەیەکی خوێناوی. طباطبایی‌و بهبهانی‌و دەستوپێوەندەکانیان تارانیان بەجێ هێشت‌و پەنایان بردە بەر عبدالعظیم, دەوڵەت بەزۆر بازاڕی بەخەڵك کردەوە. هەرکەس دوکانی نەکردەوە فەرمان درا تالان بکرێ.

لەعبدالعظیم نزیکەی دو هەزار کەس لەئاخوندو واعیظ طەلەبەی دینی‌و هەندێ بازرگان کۆبونەوە. لەتاران بۆ هاودەنگی لەگەڵ ئەوان جاروبار بازاڕ دائەخرا. کاربەدەستان بەزۆر پێیان ئەکردنەوە. کێشەکە تا ئەهات گەورەتر ئەبو. گفتوگۆی راستەوخۆی مانگرتوەکان لەگەڵ عین الدولە ئەنجامێکی سەرکەوتوی نەبو. لەرێگەی سەفیری عوسمانییەوە یەکسەر خواستەکانی خۆیان بۆ شا نارد. گرنگ ترینیان دامەزراندنی((عەدالەت خانە))بو لەهەمو ئێراندا. سەفیری عوسمانی بەهۆی مشیر الدولەی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێرانەوە خواستەکانی گەیاندە شا. هەرچەندە عین الدولەو دەربارییانی تر پێیان خۆش نەبو، بەلام شا موافەقەتی لەسەر دامەزراندنی((عەدالەتخانە))کردو بەخەتی خۆی بەمجۆرە فەرمانی دەرکرد:

((جەنابی ئەشرەف ئەتابیکی اعظم

هەر وەکو چەندین جار ئەم نیازەی خۆمان اظهار فەرموە کەرێکخستن‌و دامەزراندنی عەدالەتخانەی دەوڵەتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامی شەرعی موطاع‌و ئاسایشی رەعییەت لەهەمو شتێ واجیب ترەو وا بەئاشکرا بڕیار ئەفەرموین بۆ بەجێ هێنانی ئەم نیازە پیرۆزە قانونی مەعدەلەتی ئیسلامیە کەعیبارەتە لەتەعیینی حدودو ئەحکامی شەریعەتی مطهرە ئەبێ لەهەمو مەمالیکی مەحروسەی ئێراندا بەزوویی دابمەزرێ بەجۆرێ کە لەناو هیچ یەکێ

لەچینەکانی رەعییەتدا جیاوازی نەکریٚو لەجیبەجیٚ کردنی عەدلو سزادان دا بەجۆریٚ کە لەنیزامنامەی ئەم قانونەدا ئیشارەتی پیٚ ئەکەین ملاحظە ی اشخاصو طە رەفداری بیٚ جیٚ بەبیٚ چەندوچونو بەراستی مەمنوع بیٚ. هەڵبەتە بەهەمان شیٚوە کیتابچەیە ئەنوسریٚ فەصڵەکانی بەپیٚی قانونەکانی شەرعی موطاع ریٚك بخریٚو بەعەرزی بگەیەنە تا لەهەمو ولایەتەکاندا کاری پیٚ بکریٚو تەرتیباتی مەجلیسیش بەشیٚوەیەکی راست بکریٚ، هەڵبەتە ئەم جۆرە موستەدعیاتی عولەمای ئەعلام کەباعیسی دوعاگوٚیی زۆرتری ئیٚمەیە هەمو کات مەقبول ئەبیٚ. ئەم دەستخەتەی ئیٚمەش بەعومومی ولایەت رابگەیەنە مانگی ذیالقعدە۱۳۲۳))[1]

عین الدولەو زۆر لەکاربەدەستەکانی تری دەوڵەت دژی دامەزراندنی عەدالەتخانە بون، دوای نیشتنەوەی خرۆشانی خەڵك نەیان ئەهیٚشت فەرمانەکەی شا جیٚبەجیٚ بکریٚ، بەڵکو کەوتنە کوشتنو راونانی ئازادیخوازەکانو دورخستنەوەیان لەتاران. بزوتنەوەی داواکردنی عەدالەتخانە سەرلەنویٚ پەرەی سەندەوە. خەڵكو ئاخوندەکان کوشتنی سەیدیٚکی ئازادیخوازیان کرد بەبیانوی کۆبونەوەو مانگرتن لەمزگەوتی((ئادینە))بۆ داواکردنی دامەزراندنی عەدالەتخانە. هیٚزەکانی دەوڵەت گەمارۆیان دان نەیان ئەهیٚشت نانو ئاویان بۆ بچیٚ. لەژیٚر گوشاری دەربار‌دا مانگرتنەکە سەری نەگرت. هەم بازاڕ کرایەوە هەم زۆری ئەوانەی لەئادینە کۆبوبونەوە بڵاوەیان لیٚ کرد. بەڵام شا ریٚگای دا بەئاخوندەکان بەئازادی بۆ هەر کویٚ ئەیانەویٚ بڕۆن. ئەوانیش بەکۆمەڵ کۆچیان کرد بۆ قوم.

لەو سەردەمەدا لەئیٚران نەریتی((بەست نشینی))هەبو. ئەوەی گیروگرفتیٚکی هەبوایە پەنای ئەبردە بەر ئیمامزادە، مزگەوت، ماڵی موجتەهیدەکان، تەلگراف خانە، یاخود سەرای سەفارەتو کۆنسوڵگەی دەوڵەتانی بیٚگانە. گەورەی ئەوپیٚی ئەکردە تکاکار لای دەوڵەت بۆ چارەکردنی کیٚشەکەی. رۆژی ۲٦ی جمادی الاول ۵۰کەس لەبازرگانو تەلەبەی دینی پەنایان بردە بەر سەفارەتی بەریتانی لەتارانو((بەست نشین))بون، خەڵك کەدییان سەفارەت داڵدەی ئەوانەی دا رۆژ بەرۆژ زیادیان کرد. هەر چینو توێژیٚکی کۆمەڵایەتی لەناو باخی سەفارەتدا خیٚوەتیٚکی بۆ خۆی هەڵ دا. ژمارەی بەست نشینەکان لە۱۳ هەزار کەس تیٚ ئەپەڕی. بازاڕی تاران بەتەواوی داخرا.

بەست نشینەکان لەرٍیی((قائم بالاعمال))ی بەریتانیەوە خواستەکانی خۆیان نارد بۆ دەربار خواستەکانیان لەسەرەتادا بریتی بولە:

۱-گیٚڕانەوەی عولەمای موهاجیر بۆ تاران.

٢-دڵنیا بون لەوەی کەس بەبیانو ناگیرێو ئەشکەنجە نادرێ.
٣-ئاسایشی وڵات، چونکە ئەمڕۆ کەس خاوەنی ماڵو گیانی خۆی نیە.
٤-دامەزراندنی عەدالەتخانە کەعولەماو بازرگانانو پیشەکانی تری تێدا بەشدار بن.
٥-بکوژی دو سەیدی مەزن سزا بدرێن[2].
عەین ئەلدەولە خواستەکانی رەت کردنەوە، مانگرتنی ئەمان لەباخی سەفارەتدا، مانگرتنی ئاخوندەکانو لایەنگرەکانیان لەقوم، داخستنی دوکانو بازاڕی تاران درێژەی کێشا. بەست نشینەکان کاتێ دڵنیا بون لەپشتیوانی خەڵك خواستەکانیان زیاتر کرد. دیسانەوە لەرێی شارژ خواستەکانی خۆیان بەجۆرە دا بە شا:
١-گەڕانەوەی عولەمای ئەعلام.
٢-لێ خستنی شازادە ئەتابیگ.
٣-دامەزراندنی دارالشوری.
٤-سزادانی بکوژانی شەهیدانی نیشتمان.
٥-گەڕانەوەی دەرکراوەکان[3].
محەمەد عەلی میرزا هێشتا ولیعەهد بو. لەگەڵ عین الدولە ناکۆك بو. عین الدولە ئەی ویست لەجێگای ئەو یەکێکی تر بکاتە ولیعەهد. ئەویش ئەی ویست خۆی ببێ بە شا. بۆ ئەوەی پشتیوانی ئاخوندەکانو خەڵك بەدەس بهێنێ تەلگرافێکی لەتەورێزەوە نارد بۆ شا پشتیوانی لەخواستەکانی بەست نشینەکان کرد. ئاخوندەکانی تەورێزیشی وا لێ کرد. ئەوانیش تەلگراف بۆ پشتیوانی لەخواستی بەست نشینەکان بنێرن بۆ شا. شا موافەقەتی لەسەر داواکەی محەمەد عەلی میرزا کردو بەم فەرمانەی لای خوارو((مەشروتە))ی راگەیاند:
((جەنابی ئەشرەف صدری اعظم
سەبارەت بەوەی حەزرەتی باری تعالی جل شانە سەرڕشتەی پێشکەوتنو خۆشیی مەمالیکی مەحروسەی ئێرانی بەکەفی کیفایەتی ئێمە سپاردوەو شەخسی هومایۆنی ئێمەی کردۆتە پارێزەری مافەکانی هەمو ئەهالی ئێرانو رەعییەتی دۆستەکانمان لەبەرئەوە لەم کاتەدا کەبیرو ویستی هومایۆنی ئێمە هاتە سەر ئەوەی کەبۆ خۆشییو ئاسایشی گشت خەڵکی ئێرانو بۆ دامەزراندنو پتەوکردنی بناغەکانی دەوڵەت ئیصلاحاتی پێویست بەشێنەیی لەدائیرەکانی دەوڵەتیو مەملەکەتی دابکرێ. بڕیارماندا مەجلیسی شورای میللی لەهەڵبژێردراوانی

شازادەکان‌و عولەماو قاجاریەو ئەعیان‌و ئەشراف‌و مەللاکین‌و توجارو ئەصناف بەهەڵبژاردنی ئەو چینە ناوبراوانە لەدار الخلافەی تاران پێك بێ‌و رێك بخرێ بۆ ئەوەی لەئەرکەکانی کاروباری دەوڵەتی‌و مەملەکەتی‌و قازانجی گشتی‌دا راوێژو لێکۆڵینەوەی پێویست بکاو یارمەتی پێویستی هەیئەتی وەزیرانی دەوڵەتخوای ئێمە بدا لەو ئیصلاحاتەدا کەبۆ بەختیاری‌و خۆشیی ئێران ئەکرێ‌و بەوپەری ئاسایش‌و دڵنیاییەوە باوەڕی خۆیان بۆ خێری دەوڵەت‌و میللەت‌و قازانجی گشتی‌و پێویستەکانی هەمو ئەهالی مەملەکەت لەرێی شەخسی یەکەمی دەوڵەتەوە بەعەرز بگەیەنێ تا بەموافەقەتی هومایۆنی برازێنرێتەوەو جێبەجێ بکرێ. دیارە بەپێی ئەم دەسخەتە موبارەکە نیزامنامەو تەرتیباتی ئەم مەجلیسەو ئەسباب‌و پێویستەکانی پێك هێنانی بەپێی سەلماندن‌و ئیمزای هەڵبژێردراوەکان لەو رۆژەوە ئامادە ئەبێ کە بەسەلماندنی ملوکانە بگاو بعون الله تعالی مەجلیسی شورای ناوبراو کەپاسەوانی عەدلی ئێمەیە دائەمەزرێ‌و دەس ئەکا بەئیصلاحاتی پێویستی کاروباری مەملەکەت‌و جێبەجێ کردنی قانونەکانی شەرعی موقەددەس. هەروەها بڕیار ئەدەین کەرونوسی دەسخەتی موبارەك بڵاوبکرێتەوە تا هەمو ئەهالی لەنیازە باشەکانی ئێمە کە بەتەواوی دەربارەی پێشکەوتنی دەوڵەت‌و میللەتی ئێرانە وەکو پێویست ئاگادارو بەخۆشییەوە خەریکی دوعاگۆیی دەوامی ئەم دەوڵەت‌و ئەم نیعمەتە بێ زەواڵە بن. لەکۆشکی ساحێبقرانیە لەچواردەهەمی مانگی جمادی الثانی ١٣٢٤ی هیجری لەیانزەهەمین ساڵی سەڵتەنەتی ئێمەدا..))[٤].

ئەم فەرمانە بۆ مەشروتەخوازان بەس نەبو، لەبەرئەوە کۆتاییان بەمانگرتنەکەیان نەهێنا تا شا فەرمانێکی تری بەجۆرە راگەیاند:

((جەنابی ئەشرەف سەدری اعظم

بۆ تەواوکردنی دەسخەتی پێشوی خۆمان لە١٤ی جمادی الثانی ١٣٢٤ کە بەصەریحی ئەمرو فەرمانمان بۆ پێکهێنانی مەجلیسی هەڵبژێردراوی میللەت فەرمو بو سەرلەنوێ بۆ ئەوەی هەمو ئەهالی‌و ئەفرادی میللەت لە بۆچونی تەواوی هومایۆنیمان ئاگاداربن فەرمان‌و بڕیار ئەدەین کە مەجلیسی ناوبراو بەپێی دەسخەتی پێشو بەئاشکرا دابمەزرێ پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیس بەشەکانی نیزامی مەجلیسی شورای ئیسلامی بەپێی پەسەندکردن‌و ئیمزای هەڵبژێردراوەکان بەجۆرێ کەشایستەی میللەت‌و مەملەکەت‌و قانونەکانی شەرعی موقەددەس پێ رێك بخەن کە بەشەرەفی عەرض‌و بەئیمزای هومایۆنیمان برازێنرێتەوەو بەپێی نیظامنامەی ناوبراو ئەم ئامانجە پیرۆزە ئەنجام بدرێ..))[٥].

لەپاش بڵاوبونەوەی ئەو فەرمانە ئیتر بو بەشاییو زەماوەن. بەست نشینەکان کۆتاییان بەمانگرتن هێنا. دوکانو بازاڕ کرایەوە، ئاخوندەکانو دەستوپێوەندەکانیان بەسەرکەوتویی لەقومەوە گەڕانەوە تاران.

لە٢٧ی جمادی الثانیدا نزیکەی دوهەزار کەس لەئاخوند، دەربارییان، وەزیران، سەرانی بزوتنەوەکەو خەڵکی تر لە(مدرسەی نظام)لەتاران کۆبونەوە بۆ دانانی ئەنجومەنێکی کاتی بۆ ئامادەکردنی((نیزامنامەی ئینتیخابات)).

لە١٩ی رەجەبدا شا((نیزامنامەی ئینتیخابات))ی ئیمزاکرد. ئەم نیزامنامەیە خەڵکی دابەش کرد بو بەسەر ٦چیندا، شازادەکانو قاجارییان، عالمەکانو طەلەبە، ئەعیان، بازرگانەکان، زەویدارو جوتیار، پیشەوەرەکان.

لەمانگی شوالی هەمان ساڵدا لەتاران هەڵبژاردنی گشتی کرا بو((مەجلیسی شورای میللی)). بۆ تاران ٦٠نوێنەر دیاری کرا بو، ٤ بۆ شازادەکان، ٤ بۆ عولەماو تەلەبە، ١٠بۆ بازرگانەکان، ١٠بۆ زەویدارو جوتیارەکان، ٣٢بۆ پیشەوەرەکان.

لە٢٤ی ذی القعدەی ١٣٢٤دا مەجلیس((قانونی ئەساسی))لە٥٠ ماددەدا دانا شاەو، وەلیعەهد محەمەد عەلی میرزا ئیمزایان کرد. بەجۆرە ئێران لەرژێمی((شایەتیی ئۆتۆکراتییەوە))بو بەرژێمێکی((شایەتیی دەستوری))پاش ئەوە بەچەند رۆژی مظفرالدین شا مرد. محەمەد عەلی لەجێگەی ببو بەشای ئێران.

ئەو روداوە گرنگانە لەتاران بوبو کەچی شارەکانی تری ئێران کشومات بون. بزوتنەوەی مەشروتە نەگەیشت بوە هیچ کامیان. دەربار نەی ئەویست بتەنێتەوە. ئەی ویست هەر لەتاراندا قەتیس بێ. بەڵام دوای هەڵبژاردنی نوێنەرانی تاران، شاری تەورێزیش راپەڕی، بەسەدان کەس خزانە سەرای کونسولگەی بەریتانیەوە داوایان ئەکرد" مەشروتە ئازەربایجانیش بگرێتەوە. شا موافەقەتی کرد لەوێش جێبەجێ بکرێ. ئیتر شارەکانی تریش دەستیان پێ کرد.

بزوتنەوەی مەشروتە لەسەرەتاوە توشی چەند گیروگرفتێکی دژوار بو. ناکۆکی نێوان مەشروتەخوازانو دەربارو کاربەدەستانی زۆردار، ناکۆکی نێوان مەشروتەخوازانو ئاخوندە مەشروعەخوازەکان، ئەگەرچی بەریتانیا لایەنگری مەشروتە بو، بگرە دیپلۆماتە بەریتانیەکان خواستەکانی گەلی ئێرانیان گەیاند بەشاو دەربار، بەڵام روسیا بەتوندی دژی مەشروتە بو. سەرباری ئەمانە تورك بەبیانوی کێشەی سنورەوە بەهاودەستی هۆزە کوردەکان لەشکری لەلای بانەو سابڵاخو ورمێوە ناردە کوردستانی ئێران.

لەمانگی ربیع الثانی ١٣٢٥دا مەجلیس قانونی((ئەنجومەنی ئیالەتیو ولایەتی))داناو کردی بە بەشێ لەقانونی ئەساسی. بەگوێرەی ئەم قانونە ئێران ئەبو بەچوار ئیالەت، ئازەربایجان، خۆراسان، فارس، کرمان. هەریەکێ لەم ئیالەتانە((ئەنجومەن))ی هەڵبژێردراوی تایبەتی خۆی ئەبو. شوێنەکانی تریش بەولایەت دانرا بون.

کێشەی نەتەوەیی لەئێران وەکو کێشەی نەتەوەیی لەتورکیا دژوار نەبو یاخود هێشتا وەها نەگەیشت بو. لەکاتێکا دوابەدوای((ئینقیلابی عوسمانی))کێشەی نەتەوەییو دینی لەتورکیا تەقییەوە، لەئێران، ئەگەرچی ئەویش وەکو تورکیا وڵاتێکی فرەنەتەوەیی فرەمەزەب بو کەچی کێشەی نەتەوەییو مەزەبی لەدوای((ئینقیلابی مەشروتە))نەتەقیەوەو، سەرکردەکانی ئینقیلابو کاربەدەستانی دەوڵەت هیچ بەرنامەیەکیان نەبو بۆ جۆری رەفتار لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی گەلەکانی ئێرانو کێشەی دینییو مەزەبییان.

بزوتنەوەی مەشروتە دەسکەوتێکی دیموکراتیی بو بۆ هەمو گەلەکانی ئێران، بەلام گیروگرفتی نەتەوەییو مەزەبی کوردی چارەسەر نەکرد. کورد لەڕوی نەتەوایەتییەوە جیاواز بو لەنەتەوەی دەسەڵاتداری ئێران، لەڕوی دینیشەوە زۆرایەتی کورد سوننیو مەزەبی رەسمی دەوڵەت شیعە بو. کورد لەهەردو روەوە هەستی بەزۆرلێکراوی ئەکرد. هەر ئەوەش بو زەمینەی بۆ شۆڕش لەناو کوردا خۆش ئەکرد. لەدابەشکردنی ئێراندا بەچوار ئیالەت، ئەکرا وەکو جۆری لەچارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەییو مەزەبیی کورد، هەمو ناوچە کوردنشینەکان بکرایەتە ئیالەتی پێنجەمو هەندێ دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی هەبوایە.

٢/١ ڕێکەوتنی ١٩٠٧ی ئەنگلۆ- روسی

قەرنێ زیاتر بو ستراتیجی روسیو بەریتانی بەرامبەر ئێران ناکۆك و ناساز بو. روسیا ئەی ویست ئێران هەڵ لوشێو چەندین ناوچەی فراوانی بەشێنەییو لەچەند شەڕی یەك لەدوای یەکدا لێ داگیر کرد بو. بەریتانیاش ئەی ویست دەوڵەتی ئێران وەکو لەمپەرێ لەنێوان نفوزی ئەوو دەسەلاتی روسو لەنێوان روسیاو ئاوە گەرمەکاندا بمێنێ. سەرەنجام هەردوکیان لەتاو مەترسی پەرەسەندنی ئاڵمان پێکهاتن کێشە دێرینەکانیان دەربارەی تیبەت، ئەفغانستانو ئێران بەلادا بخەن. لە٣١ی ئابی ١٩٠٧دا رێکەوتنێکیان لەو بارەیەوە ئیمزا کرد.

لەپێشەکی ئەم رێکەوتنەدا نوسرا بو:

((لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی بەریتانیاو روسیا، بەجوتە پاراستنی سەربەخۆییو یەکێتی ئەرزی ئێرانیان گرتۆتە ئەستۆ"

لەبەرئـەوەی هـەردوكیان، بەڕاسـتی ئـارەزوی پارێزگـاری ئـارامو ئاسـایش لەسەرانسەری خاكی ئەم وڵاتەداو، جێگیربونی هەمیشەیی ئیمتیـازاتی وەكـو یـەك بۆ بازرگانیو پیشەسازی هەمو گەلانی تر لەم بەشەی جیهانەدا ئەكەن.

لەبەرئەوەی كە هەریەكێ لەم دو دەوڵەتە، سەبارەت بەهۆی جوگرافیو ئابوری، بایەخێكی تایبەتیان بەپاراستنی ئارامو ئاسایش لەهەندێ لەئیالەتـەكانی ئێراندا هەیـە. كەهاوسێی دورو نزیكـی روسـیا یـا بـەریتانیای گـەورەن(لـەلای سـنوری ئەفغانسـتانو بلوجسـتانەوە). هـەروەها لەبەرئـەوەی هـەردو دەوڵـەت(بـەریتانیای گەورەو ئیمپراتۆری روسیا)ئەیانەوێ خۆیـان دوربگـرن لەهـەمو جۆرە هۆیـەك كـە لەوانەیە ببێتە هۆی پێكدادانی بەرژەوەندی تایبەتییان لەو ئیالەتانەدا كە لەسـەرەوە باس كران بۆیە لەسەر ئەم مادەو مەرجانەی خوارەوە پێك هاتن:

م١ دەوڵـەتی بـەریتانیای گـەورە گفـت ئـەدا لـەودیو هێڵێكـەوە كـە لەقەسـری شیرینەوە تا ئەسفەهانو یەزدو خاف درێژ ئەبێتەوە، لـەكۆتاییدا بەنوقتەیـەك ئـەگا كەكەوتۆتە شوێنی تقـاطعی خطـوطی سـنوری روسو ئـەفغان، داوای هـیچ جۆرە ئیمتیازی سیاسیو بازرگانی-وەكو ئیمتیـازی رێگـەی ئاسـنین، بانـك، تـەلگراف، شـاڕێ، گوێزانـەوە، بیمـە، شـتی تـر- بـۆ خـۆیو، هاوولاتییـەكانی خـۆی، یـا هاوولاتیانی دەوڵەتی سێیەم نەكات، لەهەمـان كاتـدا هـیچ جۆرە بەرهەڵسـتیەكی وەرگرتنی ئەم جـۆرە ئیمتیازانـە لەلایـەن دەوڵـەتی روسـیەوە لەناوچـەی نـاوبراودا، راستەوخۆ یا ناڕاستەو، دەرنەبڕێ.

م٢ دەوڵەتی روسیاش گفت ئەدا كە لەو ناوچەیەدا كەوتۆتـە ئـەودیو هێڵێكـەوە كـە لەسـنوری ئەفغانسـتانەوە لەگزێكـەوە دەس پـێ ئـەكا بەبیرجنـدو كرمـان تـێ ئەپـەڕێو لەبەنـدەر عـەباس كۆتـایی دێ، داوای هـیچ جـۆرە ئیمتیـازی سیاسـیو، بازرگانی- وەكو رێگەی ئاسنین، بانك، تەلگراف، شاڕێ، گوێزانەوە، بیمەو هیتر- بۆخۆیو، هاوولاتیانی خۆی، یا هاوولاتیانی دەوڵەتی سێیەم نەكات. وە لەبەرامبەر وەرگرتنی ئەم چەشنە ئیمتیازاتە لەلایەن دەوڵەتی ئینگلیزەوە، لەناوچەی نـاوبراودا هیچ جۆرە بەرهەڵستیەك، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پیشان نەدا.

م٣ دەوڵەتی روسیا بەڵێن ئەدا كە بەبێ رێككەوتنی پێشەكی لەگەڵ بەریتانیای گـەورە، هـیچ جـۆرە موخالەفەیـەكی دژی دانـی ئیمتیـاز بـەهاوولاتییانی بەریتانی(بەهـەر شـێوەیەك بـێ) لـەو ناوچـەیەدا، كـە لـەنێوان ناوچـەكانی نفـوزی هەردولا دایە(ناوچەی بێلایەن)دەرنەبڕێ.

دەوڵەتی بەریتانیای گـەورەش لـەلای خۆیـەوە بـەڵێن ئـەدا كەهـەمان مـاف بـۆ هاوولاتیانی روسی كەئیمتیازاتیان لەناوچەی بێلایەندا ئەوێ بسەلمێنێ.

هەر جۆرە ئیمتیازێ کە دەوڵەتانی روسیاو بەریتانیا، یا هاووڵاتیەکانیان، لەمرابردودا لەناوچەکانی ١و٢(ناوچەکانی نفوزی روسی‌و بەریتانی)هەیانە، بەهەمان هێزو کاریگەرییی پێشو ماوە)).

ئەو مەڵبەندو شارانەی بەگوێرەی ئەم پێکهاتنە ئەکەوتە ناوچەی نفوزی روسیەوە بریتی بو لە: قسری شیرین، کوردستان، کرماشان، هەمو ئازەربایجان(بەناوچە کورد نشینەکانەوە)، خۆراسان، گورگان، مازندەران،گەیلان، ئەراك، قوم، ساوە، یەزد، نائین، ئەسفەهان، بروجرد، تاران، قەزوین، زەنجان، هەمەدان.

ئەوانەش کە ئەکەوتنە ناوچەی ئینگلیزیەوە بریتی بون لە: کرمان، سیستان، بلوجستان، چابەهار، وناوچەکانی تەنگەی هورمز، بەندەر عەباس.

ئەوانەش کە ئەکەوتنە ناوچەی بێلایەن، لەنێوان ناوچەی نفوزی هەردو دەوڵەتدا، بریتی بون لەقاینات، خوزستان، فارس، لورستان، بەختیاری، چوار مەحال، بوشەهر[٦].

ئەگەرچی ئەم پەیمانە رق‌و تورەبونی ئازادیخوازانی هەستان، بەڵام روسیە لە١٩١١ەوە هێزەکانی خۆی نارده ولایەتەکانی شیمالی ئێران‌و دەیان کونسولگەو ناوەندی بازرگانی دامەزراندو، هاوڵاتییەکانی کەوتنە کاری بازرگانی. بەریتانیاش هێزی ناردە جنوبی ئێران.

٣/١ پرۆژەی دابەش کردنی ئێران

کەجەنگی جیهانی هەڵ گیرسا ئێران بێلایەنی راگەیاند. بەڵام ئەوەندە لاواز بو هیچ لایەکی شەڕ رێزی بێلایەنی ئێرانی نەگرت‌و، شوێنی جوگرافیشی وەها بۆ کەوت بوە بەینی لایەنەکانی شەڕەوە. لەبەرئەوە بەشێکی فراوانی بو بەمەیدانی لەشکرکێشی تورکی، روسی و ئینگلیزی. بارەگای هێزی بێگانەی تێدا بو. هەردولای جەنگ هەوڵێکی زۆریاندا بۆ تێوەگلاندنی ئێران، هەرلایە، بەقازانجی خۆی. بەڵام حکومەتی ئێرانی سەرەڕای گۆڕانی چەند جارێ وەزارەتەکانی هەر بەبێلایەنی راوەستا تا برانەوەی شەڕ.

دەوڵەتانی ئەورووپی کە لەسەر دابەش کردنەوەی جیهان بەشەڕ هاتبون، لەساڵانی جەنگدا ژێر بەژێر زنجیرەیەك پەیمانی نهێنییان بۆ ئەو مەبەستە بەست بو، هەروەك لەسەر جۆری دابەش کردنی قەڵەمڕەوی تورك پێك هاتن، لەسەر دیاری کردنی چارەنوسی ئێرانیش رێك کەوتن.

لەو نامانەدا کە لەمانگەکانی مارت‌و نیسانی ١٩١٥دا لەنێوان پیتەر بورگ، لەندەن‌و پاریسدا گۆڕدرایەوەو بە((رێکەوتنی ئەستەمول)ناو ئەبرێ هەندێ دەسکاری رێکەوتنی ١٩٠٧ی ئەنگلۆ- روسی بەجۆرە کرا:

ا-روسیا ملی‌دا بۆ ئەوەی ناوچەی بێلایەن بخرێتە سەر ناوچەی نفوزی بەریتانی.
ب-لەبەرامبەر ئەوەدا بەریتانیاش ملی‌دا ۳ گۆڕینی بەقازانجی روسیا تی‌دا بکرێ" یەکەمیان، ئەو شوێنانەی هاوسێی شارەکانی ئەسفەهان‌و یەزدن بخرێنە سەر ناوچەی روسی. دوەمیان، بەشێکی رۆژهەلاتی دوری ناوچەی بێلایەن کەهاوسێی ئەرزی ئەفغانیە بخرێتە سەر ناوچەی روسی. سێیەمیان، روسیا ئازادی تەواوی کاری هەبێ لەناوچەی نفوزی خۆی‌دا. بەواتەیەکی تر روسیا موافەقەتی هاوپەیمانەکانی خۆی وەرگرت بۆ داگیرکردنی بەشەکەی خۆی لەئێران.
شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ی روسیە، هەمو نەخشەو پلانەکانی روسیاو بەریتانیاو فەرەنسای تێكدا. ئێرانی لەهەلوەشان‌و دابەش بون رزگار کرد. بەلکو بەهێزکردنی حکومەتی ئێران‌و پاراستنی سەربەخۆیی لەدەسەلاتی هێزە ئیمپریالیستەکان بو بە بەشێکی سیاسەتی نوێی سۆڤێتی لەناوچەکەدا. روسیای سۆڤێتی قازانجی لەوەدا نەبو ئێران لاواز بێ، یا پارچە بێ بکەوێتە دەس بەریتانیا یا هەر دوژمنێکی تری، بەلکو قازانجی لەوەدا بو کەسەربەخۆو بەهێز بێ‌و بەری نفوزی بەریتانی، فەرەنسی، ئەمریکی بگرێ.
سەرکردەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەرۆژانی یەکەمەوە، هەمو پەیمانە نهێنی‌و ئاشکراکانی نێوان روسیەو دەولەتەکانی تری ئاشکرا کردو هەل وەشاندەوە. شەڕی لەگەل تورك راگرت. هێزەکانی خۆی لەئێران کێشایەوەو، بەلێنی‌دا بەئێران کەدەس لەهەمو قەرزو ئیمتیازەکانی سەردەمی قەیسەر هەل بگرێ. گۆڕانی بنەڕەتی سیاسەتی روسی لەناوچەکەدا راستەوخۆ کاری کردە سەر پاشەڕۆژی سیاسی نەتەوەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی ئەرمەنی‌و ئاسوری‌و کوردو ئازەری.
گرنگی ئێران وەکو دراوسێی هاوسنوری روسیای سۆڤێتی، وەکو لەستراتیجی روسیای سۆڤێتی‌دا زیادی کرد، هەر بەو پێیە لەستراتیجی بەریتانی‌و هەمو دەولەتانی ئیمپریالیستی‌دا زیادی کرد. بەریتانیا کەئیتر، بەهۆی لێ دەرچونی روسیاوە، نەی ئەتوانی رێکەوتنی ۱۹۰۷و ۱۹۱۵ دەربارەی دابەش کردنی ئێران جێبەجێ بکا، ئەیویست رێکەوتنێکی تر بەسەر ئێراندا بسەپێنێ. بەکردەوە بیخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە.

٤/١ بۆچونی ئێران بۆ چارەی کێشەی کورد

دوا بەدوای راگرتنی جەنگ مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەیەکی سیاسی دیار هاتە ناوانەوە. لەکوردستانی جنوبی بەپشتیوانی بەریتانیا دەسەلاتێکی کورد کەپایتەختەکەی سلێمانی بو دامەزرا. شێخ محمود بو بەحوکمداری کوردستان. هەندێ لەسەرۆکی هۆزەکانی کوردستانی ئێران هاودەنگ‌و هاوکار بون لەگەل

شێخ مەحمود. لەتورکیا((جەمعییەتی تەعالی کوردستان))بۆ بەسەربەخۆیی کوردستان کەوت بوە چالاکیو گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی هاوپەیمانەکانو بابیعالی لەئستەمول لەگەڵ کۆنفرەنسی ئاشتی لەپاریس. سمکۆ دەستی بەسەر ناوچەیەکی فراوانی سەروی رۆژئاوای ئێراندا گرت بو. رۆژ بەرۆژ دەسەڵاتی زیادتر ئەبو. نیشتمانپەروەرانی کورد لەئستەمولو پاریسو سلێمانی بەهیوا بون دەوڵەتی کورد لەهەمو بەشەکانی کوردستاندا دابمەزرێ. ئاواتی نەتەوەیی خۆیان لەگفتوگۆکانیاندا بەئاشکرا ئەدرکانو لای کەس نەیان ئەشاردەوە.

چەند ملیۆن کورد لەئێران ئەژیانو، سەرزەمینێکی فراوانی کوردستان لەسەر ئێران بو، لەبەرئەوە هەمو چالاکیەکی کوردی کاری تێ ئەکرد. دەربارو، کاربەدەستانی تری ئێران هیچ بەرنامەیەکیان بۆ کێشەی نەتەوەیی گەلانی ئێران نەبو. تەنانەت هیچ کام لەئەندامانی((مەجلیسی شورای میللی))هیچ کات ئەو باسەیان نەهێناوەتە کایەوە. لەو سەردەمەدا کەمەسەلەی کورد بەو گەرمیە هات بوە پێشەوە کاربەدەستانی ئێرانی لەبیری ئەوەدا بون کێشەی کورد لەناوچەکەدا بەوە چارە بکرێ، کوردستانی عوسمانیش بخرێتە سەر ئێران.

ئێران بەهۆی شۆرشی ئۆکتۆبەری لەهەڵوەشانو دابەش بون رزگاری بو. تورکیای تێکشکاو لەمەترسی هەڵوەشانو دابەش بوندا بو. دەوڵەتە براوەکان خەریکی گونجاندنی رێکەوتنە نهێنیەکانی سەردەمی جەنگو جۆری دابەشکردنی قەڵەمرەوی عوسمانیدا بون. دەرباری ئێرانی چاوی بریبوە ئەوەی بەپشتیوانی بەریتانیا لەکۆنفرەنسی ئاشتی پاریسدا دەسکاری سنوری سەرویو لای رۆژئاوای بکرێ بەجۆرێك کەتورکستانو کوردستان بکەوێتە سەر ئێران.

لەدەوروبەری بەستنی قەراردادی ۱۹۱۹دا کاربەدەستانی ئێرانی ئەم کەڵکەڵەیەیان کەوت بوە سەر بەهیوا بون بەریتانیا لەپاداشتی قوبوڵ کردنی ئەو قەراردادەدا، پشتیوانی لەئێران بکا ئەو خواستانە بخاتە بەردەمی کۆنفرەنسی ئاشتی. سێر پرسی کوکس لەباتی حکومەتی بەریتانی لەپاشکۆیەکی قەراردادەکەدا گفتی پێدا بون. نصرت الدولە، وەزیری دەرەوەی ئێران، لەسەردانەکانی لەندەنو پاریسیدا کەوتە پەیجوری ئەم مەسەلەیە.

نصرت الدولە لەسەردانی لورد کێرزندا بەراشکاوی دەربارەی ئەو مەسەلەیە دواوە. کیرزن لەنامەیەکی ۲۵ی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۹دا نوسیویێتی:

((وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، شازادە نصرت الدولە، لەسەردانی ئەم دواییەی لەندەنیدا،لە شانزەهەمینی هەمان مانگدا هاتە وەزارەتی کاروباری دەرەوەو دەری بری کەدوای هاتنەوەی بۆ لەندەن- لەگەڵ شا- بێگومان ئەتوانێ

دەربارەی چاکردنی هێڵەکانی سنوری ئێران.. لەگەڵ من گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکا...

١-پایەبەرز لەو دانیشتنەدا دەری بڕی کە بۆ ئاسان کردنی کاری دەوڵەتی ئێران، یەکجار زۆر بەسود ئەبێ ئەگەر دەوڵەتی بەریتانیا پێشەکی باری سەرنجی خۆی دەربارەی دۆخی داهاتوی ئەم دو ناوچەیە:

ا-تورکستان

ب-کوردستان

کەهەردوکیان لەگەڵ ئێران سنوری هاوبەشیان هەیە رون بکاتەوە.

٣-لەبابەت کوردستانەوە، پایەبەرز رای گەیاند بەڕای ئەو هەڵەیەکی گەورەیە کەپیاو باسی کوردستانی ئێران یا کوردستانی تورکیا بکات چونکە بەڕاستی تەنیا یەك کوردستان هەیە. بۆیە هەر جۆرە خەتێکی بەاصطلاح سنور لەنێوان ئەم دو ئیالەتەدا بکێشرێ خەتێکی بەتەواوی مەوهوم ئەبێ. شازادە لەناو قسەکانی‌دا، ئەمەشی وت کەئەگەر حکومەتی بەریتانیا بەرەسمی رای ئەگەیەنێ کە لەروانگەی سیاسەتی ناوچەیی ئەوانە شتێکی تر جگە لەمە- قبوڵ کردنی بونی یەك کوردستان-قابیلی قوبوڵ نیە، ئەوسا ئەو وحکومەتی ئێران هەردوکیان ئامادەن عەزروحاڵی داهاتوی وڵاتەکەیان بەجۆرێ رێك بخەن کەبەتەواوی لەگەڵ باری سەرنجی حکومەتی بەریتانیا بگونجێ بەو مەرجەی کەقسەو نفوزی دەوڵەتی ئێران لەم یەك ناوچەیەدا لەپلەی یەکەمین‌دا بێ....)).

لە١٣ی نۆڤمبری ١٩١٩دا نصرت الدولە سەردانێکی تری کیزنی کرد. لەم دیدەنیەدا یادداشتێکی درێژ دەربارەی خواستە ئەرزیەکانی ئێران‌و نەخشەیەکی شوێنە داواکراوەکانی پێشکەش کرد[٧].

لورد کیزن لەنامەیەکدا کەبۆ سیر پرسی کوکسی نوسیوە لە١٣ی نوڤمبەری ١٩١٩ دەربارەی ئەم یادداشت‌و گفتوگۆیە ئەڵێ:

((..پێشنیاری یەکەمی نصرت الدولە پێوەندی بەدەسکاری هێڵی سنوری ئێران لەلای رۆژئاوای ئەو وڵاتەوە هەبو کەئەبو بەشێکی گەورە لەخاکی کوردستانی عوسمانی ببڕدرێ‌و بخرێتە سەر کوردستانی ئێران. نوقتەی دەسپێکرنی ئەم دەسکاریە، رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ بو کەداوێنی ئەگەیشتە دڵو ناوەندی کوردستانی عوسمانی))[٨].

نصرت الدولە لەیادداشتێکی رەسمی‌دا کە دابوی بەلۆرد کیزن وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا، داوای کردبو، بەریتانیا لەکۆنفرەنسی ئاشتی‌دا

پشتیوانی لەئێران بکا بۆ ئەوەی بەشێکی فراوانی ئەرزی کوردستانی عوسمانی بخرێتە سەر ئێران[9].

لەنامەیەکی تری نصرت الدولەدا کەئەیەوێ خواستەکانی ئێران بەلۆرد کیرزن بسەلمێنێ سەبارەت بەکورد نوسیویەتی:

((...کورد بەسەر ژمارەیەکی زۆر ئێلاتو عەشایەری بومیدا دابەش بون. هەمویان حەسودی بەیەك ئەبەنو چاویان بڕیوەتە یەکتری. ئەم قەومانەی کورد هەرگیز لەرابردودا میللەتێکیان پێك نەهێناوەو، دورە لەداهاتوشدا بتوانن ئەم ئیمکانەیان هەبێ یا ئەوەی لەناو یەك یەکێتی سیاسیدا پێك بێن. گەڕانەوەی ئەم ناوچە کوردنشینانە بۆ ئێران، واتە ولاتێك کەنفوزی لەناو عەشایەری کوردا کاریگەرو هێزێکی هەست پێ کراوی هەبو، شوێنەوارو ئەنجامی باشی خۆی لەباش کردنی روحیاتی ئەو کوردانەی کە لەناوچەکانی موکری، گەروس، سەحنە نیشتەجێ بون بەجۆرێکی ئاشکرا نیشانی داوە، خۆی ئەتوانێ رێگەیەکی چارەسەرکردنی ئەم کێشە دژوارە بێ. بەتایبەتی لەم روەوە زۆر لەقەومو عەشایەری کورد ئێستە لەسەرانسەری ئێران زەمیندا بلاوبونەتەوە. کورد هەرگیز ناچنە ژێر دەسەلاتی ئەرمەنیەوە. بەپێچەوانەوە. یەکێتی نەژادو مەزهەبو زمانو، پێوەندیەك کە لەم ۳ رێگایەوە لەگەڵ ئێران هەیانە، ئەوانە هەر لەخۆوە لەئێران نزیك ئەکاتەوە))[10].

لۆرد کیرزن، سەبارەت بەمەسەلەی کورد، لەوەلامی یادداشتەکانی ئێراندا، لەنامەیەکی ۲۸ی نۆڤەمبەری ۱۹۱۹دا بۆ سێر پرسی کوکسی نوسیوە ئەڵێ:

((...بەپێی ئەو زانیاریانەی بەئێمە گەیشتون، هەمو شاخەکانی دەوروبەری ورمێ لەژێر دەسەلاتی جەردەی کورد بەناوی سمکۆ دایە کەخەریکی تالانی هەمیشەییە لەناو سنورەکانی ئێرانداو، هەر بەلایەکی بیەوێ ئەتوانێ بەسەر دانیشتوانی ئەم مەلبەندەی بهێنێ. لەهەلومەرجێکی وەهادا کەدەولەتی ئێران تەنانەت لەو بەشەی کوردستاندا کەماڵی خۆیەتی ناتوانێ ئاسایش جێگیر بکا، سەرم سوڕماوە کەحضرت والا چۆن کتوپڕ کەوتۆتە سەر ئەم بیرە، قەلەمڕەوی ئەرزی ئێران بۆ ناو کوردستانی تورکیا فراوان بکا. لەم روەوەیە کەلام وانیە تەنانەت دورنمای یەکخستنی ئێلە کوردەکانی کە لەهەردو دیوی سنوری ئێستەدا ئەژین. ئەوەندە بۆ کوردانی عوسمانی جازیەی هەبێ کەبیانەوێ لەگەڵ برایانی ئێرانی خۆیاندا کۆمەلێکی یەکگرتو لەژێر دەسەلاتو حکومەتی ئێراندا دروست بکەن))[11].

٥/١ قەراردادی ١٩١٩ی ئەنگلۆ-ئێرانی

لۆرد کیزن وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا، دامەزراندنی زنجیرەی لە((ولاتانی لەمپەر))کە روسیای سۆڤیێتی لەهیند جیا بکاتەوە، بەلام هیچ کامیان لەژێر دەسەلات یا نفوزی روسیدا نەبێ، کرد بو بەیەکێ لەکۆلەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی((پاراستنی هیند)) ئێرانی بەگرنگ ترین و لەهەمان کاتدا بەلاوازترین ئەلقەی ئەم زنجیرەدا ئەدنا کەئەبو لەمەترسی هەمو جۆرە دەسدرێژیەك بپارێزرێ.

لەسەردەمی جەنگدا سوپاکانی روسیو ئینگلیزی ئێرانیان لەتەماعی ئەلمانیو تورکی پاراست. دوای تەواو بونی جەنگو تێکشکانی تورکو ئالمانو دەرچونی روس لەجەنگ هەمو شوێنە گرنگەکانی ئێران لەژێر دەستی سوپای ئینگلیزیدا بو.

پاش جەنگ گەلی بەریتانی داوای گەرانەوەی رۆلەکانیان ئەکرد لەشوێنە دورەکانەوە بۆ ولات، جگە لەوەش خەرجی راگرتنی هێزی سوپایی گەورە لەدەرەوە بوبو بەبارێکی گران بەسەر شانی باجدەری بەریتانیەوە. بۆ حکومەتی بەریتانی کارێکی ئاسان نەبو، بۆ پاراستنی ئەو سەرزەمینە فراوانەی لەسەرانسەری دنیادا لەژێر دەستو نفوزیدا بون، هێزو مەسرەف تەرخان بکا. بۆیە ئەبو چارەی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەم ئەو شوێنانە لەدەس نەداو، هەم نەبێتە بارگرانیو نارەزایی گەلی بەریتانی. یەکێ لەو چارانە گرێدانی ئەو ولاتانە بو بەخۆیەوە بەپەیمانی سیاسی، سوپاییو ئابوری. لەرێگەی دانانی راوێژکاری ئینگلیزیەوە بۆ سەرپەرشتیو چاودێری وەزارەتو دامەزراوو دەزگا گرنگەکانی ئەو دەولەتانە، بە خەرجی خۆیان، بۆ پارێزگاری نفوزو دەسەلاتو بەرژەوەندییەکانی خۆی.

لەنێوان وثوق الدولەی سەر وەزیرانی ئێرانو وەزیری موختاری بەریتانی سێر پرسی کوکسدا زنجیرەیەك گفتوگۆ کرا بەئیمزا کردنی رێکەوتنی ٩ی ئوتی ١٩١٩ تەواو بو.

ئەم رێکەوتنە پێك هات بو، لەدو بەشی سەربەخۆو چەند پاشکۆیەك. بەشی یەکەمی بەناوی((قرارداد نیزامیو سیاسی میان ئیرانو بریتانیا))بریتی بو لەدیباچەیەكو ٦ مادە. بەشی دوەمی بەناوی((قەراردادی مالی))بریتی بو لە٤ مادە[١٢].

ئەم رێکەوتنە کاروباری سیاسیو سوپاییو داراییو فەرهەنگیو بەرێوەبەرایەتی ئێرانی لەرێگای ئەو راوێژکارە ئینگلیزانەوە کە لەوەزارەتو دامەزراوەکانی ترا دائەنران بەکردەوە ئەخستە ژێر دەستی بەریتانیاوە.

لۆرد کیرزن لەو راپۆرتەدا کە لەرۆژی ئیمزا کردنی قەرارادەکەدا پێشکەشی کابینەی لوید جۆرجی کرد، نوسیویێتی:

((ئەگەر کەسێ بپرسێ ئەبێ بۆچی ئێمە قبولّی مەسئولیەتێکی وا قورس بکەین لەئێران‌و بۆچی لەم ولاّتە پەرپوتە نەگەڕێین بەخێرایی بەرەو لەناوچونی ئەفسانەیی خۆی نزیک بێتەوە؟ وەلاّمی ئەم پرسیارە ئەوەیە حالّی حازر بەسەرنجدانی هەلّکەوتی جوگرافی ئێران‌و گەورەیی بەرژەوەندییەکانی ئێمە لەم ولاّتەدا، هەروەها بەسەرنجدانی ئاسایشی داهاتوی ئیمپراتۆریی ئێمە لەرۆژهەلاّت، لێگەڕانی ئەم ولاّتە بەحالّی خۆی بەکردەوە لەتوانادا نیە، هەروەکو لەماوەی پەنجا سالّی رابوردو لەتوانادا نەبو. بەریتانیا ناتوانێ خۆی لەهەلومەرجی ئێران کەنار بگرێ‌و گوێ نەداتە ئەو روداوانەی کە لەم ولاّتەدا ئەقەومێن. سەرەڕای ئەوانەش، ئێستا کەئێمە خەریکی قوبولّ کردنی مەسئولیەتێکی نوێین-ئینتیداب لەمیزۆپۆتامیا-و ئەو مەسئولیەتەش ئێمە لەلای رۆژئاواوە ئەکاتە هاوسنوری ئێران، ئیتر بەهیچ جۆرێ ناتوانین رێگە بدەین لەمەلّبەندێکی وا ناسکدا کە کەوتۆتە نێوان سنوری ئیمپراتۆریی ئێمە لەهیندو سنورەکانی دەولّەتی تازە دامەزراوی عیراق، بۆشاییەك دروست ببێ بەهۆی خراپی حکومەتەوە ببێتە جێگایەکی لەبار بۆ پیلانگێڕانی دەولّەتان، ئاژاوەی سیاسی، پشێوی مالّی.

سەرەڕای ئەوانە ئەگەر وابڕیار بێ کەئێران تەنیاو بێکەس بەرەلّلا بکرێ، بەدەیان دەلیلی پتەو ئەو ترسە هەیە کەلێشاوی نفوزی بولشەویزم کە لەسنورەکانی لای سەروی ئەم ولاّتەوە هەلّ ئەقولّێ سەرەنجام سەرانسەری ئێران بگرێتەوە. لەکۆتاییدا، دوایین دەلیل هۆی هەلّ گرتنی مەسئولیەتی ئێمە لەئێران ئەوەیە کەئێمە لەگۆشەی خواروی رۆژئاوای ئەم ولاّتەدا خاوەنی سەرمایەو قازانجی گەورەین وەکو بیرە نەوتەکانی کەسوتەمەنی هێزی دەریایی بەریتانیا لەوێ دابین ئەکرێ‌و ئەمەش جۆری لەگرنگی نائاسایی بەدەوری ئێمە لەم شوێنەی جیهاندا ئەبەخشێ[١٢].

ئامانجی ئینگلیز لەم قەرارادە زۆری لەقسەکانی کیرزندا رون کراوەتەوە. ئەو ئەرکەش کەئەکەوتە سەر حکومەتی بەریتانی بەگوێرەی بەندەکانی ئەم قەرارادە ئەبو سەرلەنوێ((ئەرتەش))ی ئێران نوێ بکەنەوە، باری دارایی‌و ئابوری ولاّت رێك بخەنەوە، زنجیرەیەك چاکردن لەکاروباری بەڕێوەبەرایەتیدا بەدی بهێنن‌و دو ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی بەقەرز بدەن بەحکومەتی ئێران.

لەلایەنی ئێرانەوە ئەوی ئەم قەرارادەی بەست بو. وثوق الدولەی سەر وەزیرو، شازادە فیروز میرزا نصرت الدولەی وەزیری کاروباری دەرەوەو، شازادە اکبر میرزا

صارم الدوله وەزیری دارایی بون. لەنرخی قوبولّ کردنی ئەم پەیمانە قورسە نابەرامبەرەی سەربەخۆیی ئێرانی ئەبەستەوە" یەکەمیان ۲۰۰ هەزار تومانو، دوەمو سێیەمیان هەریەکەیان ۱۰۰ هەزار تومان بەرتیلیان لەکاربەدەستانی ئینگلیزی وەرگرت بو[۱٤]. هەروەها بەریتانیا بەڵێنی بەئەحمەد شاو هەر ۳ وەزیردا بو ئەگەر لەئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم رێکەوتنەدا شۆرش لەئێران هەڵ گیرسا، بەریتانیا لەیەکێ لەولاتانی ژێردەستیدا مافی پەنادانی سیاسییان بداتێ.

ئەمانە جگە لەو دەسکەوتە تایبەتیە بۆ خۆیان، بەڵێنی پشتیوانی هەندێ خواستی ئێرانی پێدا بون" چاوگێرانەوە بەو رێککەوتنە کارپێ کراوانەی نێوان هەردولا، داوای بژاردنی ئەو زەرەرانەی بەهۆی هەندێ دەوڵەتەوە لەکاتی شەردا لێی کەوتوە. دەسکاری هەندێ لەسنورەکانی سەروی و لای رۆژئاوای بەقازانجی ئێران[۱٥].

ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی دژی ئەم پەیمانە راوەستان. سەرەرای روسیای سۆڤیێتی کە بەتوندی دژی ئەمە بو چونکە نفوزی ئینگلیزی ئەهێنایە سەر سنوری خواروی، ئەمریکاو فەرەنسەش پێیان خۆش نەبو.

ئەم قەرارداده هەمان پەیمانە کە مس بیل پێی وایە دوای بەستنی. ئیتر سمکۆ هیچ هیوایەکی بەپشتیوانی ئینگلیز نەما لەتەقەللاکانی کورد بۆ پێکهێنانی جۆرێ لەیەکێتی نەتەوایەتی لەنێوان کوردەکانی ئێرانو عیراقو تورکیا[۱٦].

۲-دەرکەوتنی سمکۆ

۱/۲ پێشینەی مێژویی هۆزی شوکاك

ئێلی شوکاك لەدوای کارەساتی دمدمو، جێگیربونی عەجەم لەرۆژئاوای گۆمی ورمێ، رۆڵێکی دیاری لەروداوەکانی ناوچەکەدا دیار نیە. ئیلی شوقاقی کەبەشێکی راگوێزراوە بۆ خۆراسانو بەشێکی لەژوروی تەورێزدا ماونەوە، لەگەڵ شوکاك یەك ئێل بون یا نە، دیار نیە، چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەو روەوە نەکراوە.

بۆ یەکەمین جار کەناوی ئێلی شوکاك لەروداوەکانی ناوچەکەدا بەزەقی هاتۆتە ناوان لەکۆتایی سەدەی دوانزەو سەرەتای سەدەی سیانزەهەمی کۆچیدا بو. ئیسماعیل ئاغای سەرخێلی شکەفتی وەکو مەزنی شوکاك لە لەشکرکێشییەکانی عەباس میرزای نائب السلطنەدا بۆ سەر خاکی عوسمانی خزمەتی دیاری کردوە هەروەها لەهێرشەکانی عەجەمدا بۆ تەمێ کردنی ئێلە کوردەکان ئەمیشیان لەگەڵ بو. ئیسماعیل ئاغاو شەرکەرەکانی لەو هێرشە گەورەیەدا کەسوپاکانی ئەفشاری ورمێو موقەددەمی مەراغە بۆ لەناوبردنی ئێلی بلباس لەبناری قەندیل

کردیان(١٢١٦)ئەم چەرخەچی لەشکرەکەیان بوەو، لەو هێرشەدا کەعەجەم بۆ تەمێ کردنی میری ڕەواندوز بۆ سەر سیدەکان کردیان(١٢٣١)ئیسماعیل ئاغاو شەڕکەرەکانی پێشڕەوی لەشکری عەجەم بون. ئەبێ ئیسماعیل ئاغا تێکەلاوی زۆریی لەگەڵ پەیدا کردبن چونکە کچی خۆیدا بو بەفرج الله خانی کوڕە گەورەی عەسکەر خانی بەگلەربەگی ئەفشار.

ئیسماعیل ئاغا لەسەر لوتکەی چیای بنابی نازلو قەلایەکی دروست کرد بو. لەو سەردەمەدا ئێران بەگشتیو شوێنەکانی سەر بەئازەربایجان لەژێر باری گرانی باجی دەوڵەتیدا ئەیان نالاَن. هەم ئەبوایە پارەیەکی زۆر بۆ روسیەی براوە لەباتی بژاردنی زەرەری جەنگ کۆبکەنەوەو، هەم شازادەو کاربەدەستەکانی عەجەم ئەیان ویست خۆیان دەوڵەمەن بکەنو زەویوزاری خەڵك داگیر بکەن. دڵسۆزیی ئاغا بۆ دەزگای حوکمڕانی عەجەمو بەشداربونی لەشەڕو لەشکرکێشییەکانیدا، هەروەها خزمایەتیشی لەگەڵ عەسکەرخان، یەکێك لەهەرە دەسەلاتدارەکانی ئەو زەمانە، کەهەم لەگفتوگۆکانی ئێرانی-روسیدا وەکو یەکێکی دەستەی نوێنەرانی ئێران بەشدار بو، هەم بەسەفیری دەرباری قاجاریش جارێك نێردرا بوە پاریس بۆ لای ناپلیۆن، ئەویش دادی نەدا.

لەسەر باجو زەویانە ئیسماعیل ئاغا لەقەلاکەی خۆیدا ناچار بو مان بگرێ، بەلاَم عەسکەرخان، بەکەمەندی تەگبیر نە بەجەنگو پێکادان، واتە بە تەفرە دانو فرتوفێڵ، توانی ئیسماعیل ئاغا بکوژێ ١٢٣٥، ماڵو دارایی تالاَن بکاو، دەس بەسەر گوندو ئەرزەکانیدا بگرێو کوڕەکانیشی" میرزا ئاغا، عەلی ئاغاو یەحیا بەگ هەلاَتن. پایەی سەرخێلیشیان لێ سەنرایەوەو سەرپەرشتی ئێلەکەیان درایە دەس مەزنێکی عەجەم[17].

بەمجۆرە پێوەندی ئێلی شوکاك لەگەڵ دەزگای دەسەلاتداری عەجەم لەجۆلانەی شەڕو ئاشتیدا بوە، تا سەرلە سەر بارێك رانەوەستاوە، هەندێ جار لەخزمەتی دەزگای دەوڵەتیدا بونو، هەندێ جار لەدەوڵەت یاخی بونو، بەهۆی ئەوەی مەڵبەندەکەیان سەختو شاخاوی بوەو، کەوتۆتە سەر سنوری عوسمانی، بەئاسانی دەستی عەجەمیان پێ نەگەیشتوە.

کاتێ لەتارانەوە محەمەد ڕەحیم میرزا ضیاءالدولە(یەکێ لەکوڕەکانی عەباس میرزا)یان نارد بۆ بەڕێوەبردنی خوی، سەلماسو ورمێ ١٢٦٥، ئەویش لەوێوە کەوتە گرتنی مەزنەکانی کورد، بەتایبەتی سەرانی زەرزا، کەچو بون بۆ بەخێرهاتنی. هەر بۆ چاوشکاندنی یاخییانی کورد، عەلی ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغا کە لەسەر باجو زەویانە لەدەوڵەت یاخی بوبو، ڕێگەی

نێردراوەکانی عەجەمی ئەئەدا باج و مولکانە لەناوچەکەی کۆبکەنەوە، هێزەکانی عەجەم بەفەوجێکی ئەفشارو چەند عەرادە تۆپ، لەمەحاڵی سۆمای برادۆست چونە سەری و راویان ناو تالاّنیان کرد. دوایی تریش بیرك خان بەقسەی خۆش هێنایە ورمێ، بەگیراوی رەوانەی تارانی کردو، لەجێگەی ئەو میرزا ئاغای برایان کردە سەرخێڵی شکەفتی. شوکاك ئیتر لەحاڵەتی نا فەرمانیدا ئەژیان و ئەوەندە بەدناو بوبون، کەهەندێ گەرۆك پێیان وا بو ئەم ئێلە((پیشەی سەرەکییان راووڕوتە نەك بەخێوکردنی ئاژەڵ)).

عەلی ئاغا لەسەر زەویوزارو زەویانەو روتکردنەوەی کاروان جاروبار لەگەڵ کاربەدەستان ڕێك و زۆر جار ناکۆك و یاخی بو. هەندێ جار لەدیوی ئێران ئەبو هەندێ جار ئەچوە ناو خاکی عوسمانیەوە[18].

سەرانی ئێلی شوکاك لەراپەڕینی ١٢٩٧ی کوردا بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلا بەشدار نەبون.

لەپاش مردنی عەلی ئاغا، محەمەد ئاغای کوڕی بوە سەرخێڵی شوکاك، ناوبانگی ئەویش لەهی باوکی باشتر نەبو. لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی ئێرانی بۆ ئەوەی ئەم ئێلە نەوروژێنن، هەندێ لەگوندەکانی سنوریان پێ بەخشی بون.

مظفرالدین شا چو بۆ سەردانی ئەوروپا، محەمەد عەلی میرزای نائب السلطنەی کەحوکمرانی تەورێز بو لەجێگەی ئەو چو بۆ تاران. ئەمیش نظام السلطنەی بۆ حوکمڕانی تەورێز لەجێگەی خۆی دانا. هەواڵەکانی لەقافقاسەوە ئەهاتن، وایان ئەگەیاند کەشەڕی دینی لەنێوان موسڵمان و ئەرمەنیەکاندا گەرمە. نظام السلطنەش مەترسی هەبو، شەڕ بتەنێتەوە بۆ ناو تەورێز، لەبەرئەوە جەعفەر ئاغای بانگ کرد بۆ تەورێز کەپاراستنی گەڕەکی مەسیحیەکانی پێ بسپێرێ. جەعفەر ئاغاو باوکی لەحکومەت قاچاغ بون و نەیان ئەوێرا بچن. نظام السلطنە بۆ ئەوەی جەعفەر ئاغا دڵنیا بکا کەنیازی لەبانگ کردنەکەی پاکە، قورئانێکی بۆ مۆرو ئیمزا کردو بۆی نارد. جەعفەر ئاغاش بڕوای پێ کردو لەگەڵ چەند کەسێکی خۆیا چونە تەورێز. نظام السلطنەش پاراستنی گەڕەکی ئەرمەنیەکانی پێ سپاردن و، ئەوانیش بەجلوبەرگی فۆلکلۆریی خۆیانەوە بەچەکداری بەناو شاردا ئەسوڕانەوە. محەمەد عەلی میرزا لەتارانەوە بەتەلەگراف فەرمانی بەنظام السلطنەدا، جەعفەر ئاغا بکوژێ. ئەویش ئەنجامدانی ئەم کارەی بەمحەمەد حسێنخانی ضرغام سەرکردەی سوارانی قەرەداغ سپارد. ضرغام جەعفەر ئاغای بانگ کرد بۆ سەراکەی خۆی و لەوێ کوشتنی ١٣٢٣ هاوڕێکانی کەبەوەیان زانی بەتەقە لەشار

هەڵاتن‌و هەر کەسێکیان هاتە سەر ڕێگای کوشتیان. لاشەی جەعفەر ئاغاو دو کوژراوی تریان بۆ تەماشا کردنی گشتی چەند ڕۆژێ لەتەوریز هەڵواسی[19].
ئەم ڕوداوە شوکاکی وروژاند، محەمەد ئاغای باوکی جەعفەر ئاغا سەرلەنوێ لەئێران یاخی بو پەنای بردە بابیعالی عوسمانی کەیارمەتی بدەن بۆ شۆڕش‌و تۆڵە سەندنەوە. بەڵام عوسمانییەکان یارمەتییان نەدا. لەو ماوەیەدا لەئەستەمول ڕضوان پاشای شارەوانی ئەستەمول کوژرا. بنەماڵەی بەدرخان بەمە تاوانبار کران. هەندێکیان گیان‌و هەندێکیان دورخرانەوە محەمەد ئاغاش بەفیتی سەفارەتی ئێرانی هەر لەو ماوەیەدا گیاو دورخرایەوە بۆ جزیرەی ڕودس تا لەوێ مرد.
شوکاک لەچاو هەندێ لەئێلاتی کوردا ئێلێکی گەورەو زۆر نەبو. سەرژمێریان بەم جۆرە بوە:

لۆرد کیرزن	ساڵی ١٨٩٢	١٥٠٠خێزان
مارتین دان برونە	ساڵی ١٩٢٠	٢٠٠٠خێزان
مسعود کیهان	ساڵی ١٩٣٢	١٥٠٠ خێزان
هینری فیلد	ساڵی ١٩٣٨	١٥٠٠خێزان[20]

ئێلی شوکاک سەرەڕای پچوکی دابەش ئەبو بەدو تایەفەی کاردارو عەبدویی.
یەکەم- تایەفەی کاردار- ئەم تایەفەیە ٨ تیرە بون:
پز ئاغای کاردار، کەچەڵی، نیعمەتی، مامەدی کاردار، سەکری، ئەدمانی، ئەوری، چەرکۆیی.
پزئاغا لەبرادۆست‌و کەچەڵی لەبرادۆست‌و سۆمای بون. تیرەی چەرکۆیی لەچەند گوندێکا بڵاو و ٥ تیرەکەی تر لەچەهریق‌و دەوری سەلماس بون.
دوەم-تایەفەی عەبدویی، ئەم تایەفەیە ١٣ تیرە بون:
دلان، پزئاغای عەبدویی، دری، هەناری، فنك، خلوف، خدری، بۆتان، نیسان، مامەدی عەبدویی، مقری، پاچك، گەورك.
پزئاغا، دری‌و هەناری لەبرادۆست، خلوف، خدری، بۆتان‌و نیسان لەسۆمای. مقری‌و پاچك لەئەنزل. فنك لەسۆمای. مامەدی عەبدویی لەچەهریق، شپیران‌و ئەنزل بون.
هەمو تیرەیەك سەرۆکی خۆی هەبو.
سەرۆکی هەمو تیرەکانی تایەفەی عەبدویی‌و سەرخێڵی هەمو شوکاك عەلی ئاغاو دوای ئەو محەمەد ئاغای کوڕی‌و دوای ئەویش سمکۆ بو. سەرۆکی هەمو تیرەکانی تایەفەی کارداریش عومەر خانی شەریفی بو[21].

٢/٢ درەوشانەوەی سمکۆ

دوای مردنی محەمەد ئاغای سەرۆکی تایەفەی عەبدویی‌و سەرخێلی شوکاک، ئیسماعیل ئاغای سمکۆی کوڕی ناسراوترین‌و بەهێزترین کەسی ناو هەمو ئیلی شوکاک بو. شوکاک لەدوای کوژرانی جەعفەر ئاغا راووڕوت پەلاماردانی عەجەمیان کرد بوە پیشە، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر پیاوی شارەزاو جەربەزە لەسمکۆ کۆبوبونەوە.

سمکۆ ناکۆکی دێرینەی کوردو تازەری بەمیرات بۆ بەجێ مابو. ئەویش بەو کردەوانەی ئەی نواند زیاتر توندو تیژی کردو، تەقاندیەوە. لەبەرئەوە بوو تەقەللا سیاسیەکانی لەناو ئێراندا دۆستێکی نەبو، بەڵکو لەهەموانەوە دوژمنایەتی ئەکراو، بەخراپ لەسەری ئەدوان‌و ئەیان نوسی.

ناوچەی ورمێ لەکۆنەوە کەمەیدانی ململانێ‌و ناکۆکی دوژمنانەی کوردی سونی‌و عەجەمی شیعە بو، وە بەو هۆیەوە پشێویەکی بەردەوامی تیا بو، هاتنی یەکەمی عوسمانی‌و پەلاماردانی ناوچەکە پشێویەکەی زیادتر کردو، هاتنی روس‌و دەرکردنی عوسمانی ئەویش تاڵۆزاوتری کردو هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم‌و، لەشکرکێشی ئۆردوی عوسمانی‌و کشانەوەی روس، دیسانەوە لەشکرکێشی بەرفراوانی روسی‌و، هاتنی چەتە ئەرمەنیەکان‌و داگیرکردنی ناوچەکە، کۆچی بەکۆمەڵی ئاسوری لەهەکاریەوە، ئینجا شۆڕشی ئۆکتۆبەرو کشانەوەی یەکجارەکی سوپای روسی، ئەم روداوانە هەموی لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، هەلومەرجی ئەم ناوچەیەی برد بوە قۆناغێکی تراجیدیەوە.

سمکۆ بەهۆی مێژوی درێژی بنەماڵەکەی‌و بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە کە لەناو هۆزەکەی‌و لەمەڵبەندەکەیدا هەی بو، کەسێکی ناسراو بو لەناو کوردا، پێوەندی لەگەڵ زۆر کەس‌و زۆر سەرۆکی هۆزو زۆر لا هەبو.

پێش هەڵگیرسانی شەڕ سمکۆ لەگەڵ عەبدولرزاق بەگی بەدرخان هاوکارو هاوبیر بو. عەبدولرەزاق بەگ ئەو پرۆژە گەورەیەی دای نابو بۆ بەرپاکردنی شۆڕش‌و دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، پشتێکی بەسمکۆ ئەستور بو. هەر بەهاوکاری سمکۆش کۆمەڵەی((جیهاندانی))دامەزراند. کەیەکەمین فێرگەی کوردییشی لەخۆی کردەوە، سمکۆ منداڵەکانی هەڵبژارد بۆ خوێندن‌و فێربون لەو فێرگەیەدا.

شێخ عبدالسلامی بارزانی کە لەبەردەمی هێرشی تورکیا کشایەوە ماوەیەک لەناو شوکاکدا بو. لەگەڵ سمکۆ پێکەوە چون بۆ دیتنی جێگری قەیسەری روسی لەقافقاس، بۆ ئەوەی داوای پشتیوانی‌و یارمەتی دانی بزوتنەوەی کوردی لێ بکەن.

شێخ عبدالسلام هەر لەم ناوچەیەدا لەلایەن سۆفی عەبدوللآی شوکاکەوە گیراو درایە دەست تورك.

سمکۆ کچێکی شێخ محەمەدی سدیقی هێنابو. شێخ محەمەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوللآی شەمزینیو برای شێخ عەبدولقادرو، لەراپەڕینی ١٨٨٠دا سەرکردەی قۆڵی ورمێو، باوکی سەید تەها بو. سەید تەها یەکێ بو لەکوردە سیاسیە دەسەلآتدارە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەو سەردارێکی دەسڕۆیشتوی هەکاری بو. لەدوای ((ئینقیلابی عوسمانی))مەبعوسی ولایەتی هەکاری بو لە((مەجلیسی مەبعوسان))دا. بەم خزمایەتیە هاوکاری بنەماڵەی شێخانی شەمزینان بەتایبەتی سەید تەها و سمکۆ پتەوتر بو.

لەسەرەتای جەنگدا سمکۆ بەهێزێکی ٣ هەزار کەسیەوە لەنزیك خوی بۆ هاوکاری تورك بەرهەڵستی سوپای روسی کرد[٢٢] روس بۆ چەند مانگێ ناوچەکەیان چۆڵ کردو کەوتە دەس تورك. زۆری نەخایاند سوپای روسی ئۆردوی تورکی لەناوچەکە راماڵی. سمکۆ ئیتر خۆی هەڵ نەقورتان لەرروداوەکانی دوایی. بەلآم کاربەدەستانی روسی لەسەرەتادا سمکۆو سەید تەها و چەند کوردێکی تریان دورخستەوە بۆ قافقاس. پاش ماوەیەکی زۆر ئینجا رێگەیاندا بگەڕێتەوە لەخوی دابنیشێ.

بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر سەید تەهاو سمکۆو چەند کەسێکی تر((جەمعییەتی استخلاصی کوردستان))یان دروست کرد. داوایان لەکاربەدەستانی روسی کرد بۆ گفتوگۆ دەربارەی هاوکاری کورد روس دژی تورك بەو مەرجەی پشتیوانی لەئامانجی نەتەوەیی کورد بکەن.

سمکۆ وەکو کەسێکی ناودارو بەدەسەلآتی ناوچەکەو ورمێ وەکو ناوەندێکی گرنگی کاری دیپلۆماسیو پڕوپاگەندەی میسیونێری، لەمزوەوە بوبون بەهۆی ناسیاویو هاتوچۆ لەنێوان ئەو و گەلێ دیپلۆماتو پیاوی دینییدا.

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرو کشانەوەی تەواوی سوپای روسی ورمێو مەڵبەندەکانی دەوروبەری بۆشایی دەسەلآتی تێ کەوت. دەوڵەتانی هاوپەیمان ویستیان بەئاسوریەکان پڕی بکەنەوە. سمکۆش لەو هەلەدا دەسەلآتو هێزی لەناوچەکەدا زۆر زیادی کرد. هەندێ چەکی بەکڕینو هەندێکی بەزەوت کردن لەسوپای کشاوەی روس دەس کەوت. بەکوشتنی مارشیمۆن، پێشەوای دینیی ئاسوری، ناوی زۆر زیاتر دەرکرد.

پێ ناچێ سمکۆ پێوەندی زۆری لەگەڵ گەورە پیاوانی کوردی کرماشان‌و سنەو ئیلام‌و سەرۆکی هۆزەکانی ئەو مەڵبەندانە هەبو بێ. ڕەنگە شوێنی جوگرافی ژیانی سمکۆو زاراوەی زمان لەوەدا دەورێکی گێڕا بێ.

٣/٢ کوشتنی مارشیمۆن

لە٩ی جمادی الاولی ١٣٣٦دا، شەڕێکی قورس لەنێوان ئاسورییە مەسیحییەکان‌و عەجەمە موسڵمانەکانی ورمێ‌دا قەوما. لەو شەڕەدا چەند هەزار کەس لەهەردولا کوژرا. هێشتا شەڕ تەواو نەبو بو سمکۆ هێزێکی کۆکردەوە بۆ یارمەتیدانی عەجەمەکانی ورمێ دژی ئاسوریەکان، بەڵام بەرلەوەی ئەو بگاتە ورمێ ئاسوریەکان دەستیان بەسەر ورمێ‌دا گرت‌و موسڵمانەکان خۆیان بەدەستەوەدا، سمکۆ بێ ئەوەی بکەوێتە شەڕەوە گەڕایەوە دواوە.

ئاسورییەکان ئەگەرچی ئەو شەڕەیان بردەوە، بەڵام لەناوچەکەدا خۆیان لەبەرامبەر گەلی ئازەری شیعەدا بەتەنها ئەدی. سەرەڕای ئەوەش بەشی زۆری ئەوانە بێگانە بون، هەموی چەند مانگێ بو لەهەکارییەوە هات بونە ورمێ بەژمارەش لەچاو خەڵکی ورمێ‌و دەوروبەری‌دا کەمایەتی بون‌و، نەیان ئەتوانی بەبێ پێکهاتن‌و هاوپەیمانێتی لەگەڵ گەلێکی لەخۆیان زۆرتری وەکو کوردا، هاوسەنگیی هێز لەناوچەکەدا رابگرن. مارشیمۆن لەگەڵ سمکۆ پێوەندی کردو ڕێکەوتن لەسەرئەوەی بۆ گفتوگۆ لەکۆنە شار(سەلماس)یەکتری ببینن. سمکۆ ئەم دیتنەی بۆ ئەوە بو مارشیمۆنی تێدا بکوژێ. مارشیمون رابەری سیاسی‌و سوپایی‌و دینیی ئاسورییەکان بو. لەناو دەوڵەتە گەورەکان‌دا ناسرا بو. هاوپەیمانەکان: بەریتانیا، فەرەنسە، ئەمریکا، ئیتالیا پشتیوانییان ئەکردو پێشتریش روسیە پشتیوانی کرد بو.

سمکۆ لەو دیتنەدا مارشیمۆنی کوشت

سەبارەت بەکوشتنی مارشیمۆن لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام خۆی وەکو لەگفتوگۆکەدا لەگەڵ مستەفا پاشا رونی کردۆتەوە ئەڵێ:

((پرسیار: هۆی تێکچون‌و شەڕکردنت لەگەڵ ئاسوریەکان‌دا چی بو، تکایە پێم بڵێ، مار شەمعون، کەئاشتی ویست‌و دۆستی کورد بو لەبەرچی کوژرا؟

((وەڵام: بێگومان ئاگاداری ئەوەی کەتورک‌و روس لەجەنگی جیهانی‌دا چییان بەکورد کرد! حەز ئەکەم هۆی کوشتنی مارشەمعونت بۆ رون بکەمەوە:

لەو هەرایەی لەباکوری کوردستان‌دا لەنێوان تورک‌و ئەرمەنی‌دا روی‌دا، ئاسوریەکان چونە پاڵ ئەرمەنیەکان‌و یارمەتییان دان. دوای شۆڕشی روسیا، روسەکان هێزەکانیان لەسابڵاخ‌و ورمێ کێشایەوەو ژمارەیەکی زۆر چەک‌و

جبەخانەو تۆپ رەشاش‌و تفەنگیان بەجێ هێشت‌و هەمووی بۆ ئاسوریەکان مایەوە. چەند ئەفسەرێکی روس‌و ئاسوریەکان‌و هەندێ کاربەدەستی ئەوروپایی، دەیانزانی ئێران بەهۆی لاوازی‌و کزی دەسەڵات‌و کەم دەرامەتیەوە ناتوانێت داکۆکی لەخۆی بکات، بۆیە ئاسوریە چەکدارەکان ویستیان ئەم دەرفەتە لەکیس نەدەن‌و ئازربایجان کەناوچەیەکی گرنگی نێوانی ئەرمەن‌و تورك‌و فارسە بگرن...

دوای ئەوەی ئاسوریەکان بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتن‌و بانگەوازی سەربەخۆییاندا، هاتنە لام‌و داوای هاریکارییان لێ کردم، بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە ناو ئێرانەوە، منیش بەڵێنی یارمەتیم دانێ... بەڵام ئێرانیەکان بەوەیان زانی کەئاسوریەکان داوای یارمەتییان لەمن کردوە... نوێنەرێکی ئێران هات‌و داوای لێ کردم کەپشتی ئاسوریەکان نەگرم‌و بەرانبەر بەمە بەڵێنی پاداشت‌و چاکەدانەوەیان دامێ. لەبەرئەوەش دەمزانی ئاسوریەکان نیازیان وایە باکوری کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو داگیری بکەن، بۆیە مارشەمعونم کوشت. ئێرانیەکانیش لەبەڵێنی خۆیان پاشگەزبونەوە. بۆیە منیش پەلامارم دان‌و ورمێم گرت‌و کاربەدەستانی خۆمم لێ دامەزراند)).

ئەوەی کەسپەهداری والی تەوریز سمکۆی راسپارد بێ بۆ کوشتنی مارشیمۆن‌و بەڵێنی پاداشی پێدا بێ‌و دواییش خۆی لێ نەکرد بێ بەخاوەن، لەهەمو لێکدانەوەکانی تر زیاتر رێی تێ ئەچێ، چونکە لەوە چەند مەبەستی بەدی ئەهێنا، یا وەکو ئەڵێن بەتیرێ چەند نیشانەیەکی ئەپێکا:

١-ئاسورییەکان بەکوژرانی سەرکردەکەیان ئەبو وورە بەر بدەن‌و ئیتر نەك نەتوانن دەس بەسەر ناوچەکەدا بگرن، بەڵکو پەرتۆبڵاو ببنەوە، لەراستیشدا ئەگەرچی کوژرانی مارشیمون چەند هەفتەیەك ئاسورییەکانی دەرکرد، بەڵام سەرەنجام پەرەوازە بون،

٢-شەڕەکە لەکۆڵ عەجەم ببێتەوە، لەشەڕی ئاسوری‌و عەجەمەوە ببێتە شەڕی ئاسوری‌و کورد،

٣-دەوڵەتی ئێران، بەجێگیربونی ئاسورییەکان لەورمێ‌و پێکهێنانی رێکخراوێکی چەکدارو دەسگرتنیان بەسەر ناوچەکەدا لەپەژارەیەکی قوڵدا بو، بەڵام لەو کاتەدا نەخوی هێزێکی چەکداری ئەوتۆی هەبو ئەوانە لەناوچەکە دەربکات، و نە لەهەلومەرجێکی سیاسی پتەوی ئەوتۆدا بو بتوانێ ئۆباڵی کوشتنی کەسێکی وەکو مارشیمۆنی ناودار، کە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەتایبەتی لەلایەن بەریتانیاوە پشتیوانی ئەکرا، بگرێتە ئەستۆی خۆی.

سمکۆ راسپێریی ئێرانییەکانی بەجێ هێنا. مارشیمۆنی کوشت. بەوەش لەجاران زۆر زیاتر ناووناوبانگی دەرکرد. لەناو هەندێ کۆڕو کۆمەڵی نەتەوەپەرستی کوردا، وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی سەیری ئەکراو، لەناو عەجەمو کۆڕە جیهانیەکاندا ئەو کارە وەکو کارێکی ناجوامێرانەو خیانەتێکی گەورە باس ئەکرا. کوشتنی بەفێڵ کەهەمیشە یەکێ بوە لەنەریتەکانی حوکمڕانی کاربەدەستانی ئێرانو، نوسەرانی ئێرانی لەنوسینەکانی خۆیاندا ئەو جۆرە کارە ناجوامێرییانەیان بە(لطائیف الحیل)و((تدبیراتی صائبە))و((کمندی تدبیر))و((وسائلو رسائل))و بەزیرەکیو ئازایەتی بۆ خۆیان داناوە. تەنانەت ئەوانیش ئەم کارەی سمکۆیان، بە ناجوامێریو بێ ئەقڵانەو خوێنڕێژی لەقەڵەمدا.

بەفەرمانی ئاغا پەتروس سەرکردەکانی ئاسورییەکان کۆبونەوەیەکی جەنگیان کردو هێزەکانی خۆیان سازدا. هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر چەهریق. سمکۆ لەناکاو ئابڵوقە درا. لەم شەڕەدا چەندین کورد کوژران لەوانە دایکی سمکۆو کچێکی جەوهەر ئاغای برای سمکۆ. پاش شەڕێکی سەخت سمکۆ لەگەڵ هێزەکانی کشایەوە ناو خاکی تورکیا[٢٢].

لەپاش پەلاماردانی چەهریق ئاسورییەکان گەڕانەوە ورمێ. لەهەلومەرجێکی نالەبارا ئەژیان. سمکۆش گەڕایەوە شوێنی خۆی. کورد لەناکۆکیەکی لابەلای ترەوە گلا، کەناکۆکی بو لەگەڵ ئاسوری.

٤/٢ ئامانجی سیاسی سمکۆ

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم مەسەلەی کورد چو بوە قۆناغێکی گرنگەوە. دەوڵەتە براوەکان ئەیانویست رێکەوتنە نهێنیەکانی سەردەمی جەنگ بەگوێرەی تەرازوی هێزەکانی خۆیان لەدوای جەنگ جێبەجێ بکەن، گەلانی ژێر دەستەش ئەیانویست هاوپەیمانەکان، بەڵێنەکانی کاتی جەنگ، بەتایبەتی دەربارەی ئازادی مافی بڕیاردانی چارەنوس جێبەجێ بکرێ.

هێشتا جەنگ کۆتایی نەهات بو شێخ محمود لەسلێمانیەوە دەستەیەکی نوێنەرایەتی ناردە لای دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی لەکفریو، داوای لێ کردن نەتەوەی کوردیش لەریزی گەلانی ئازاددا بژمێرن بەرامبەر بەوەش گفتی دۆستایەتیو هاوکاری پێدان. میجەر نوئیل بەنوێنەرایەتی حکومەتی بەریتانیا چو بۆ سلێمانیو خۆی گوتەنی پێشوازییەکی شاهانەیان لێ کردو، لەکۆبونەوەیەکی جەماوەریدا پشتیوانی حکومەتی بەریتانی لەخواستی ئازادی کورد دەربڕیو، شێخ محمودی وەکو حوکمداری کوردستان راگەیاند. پاش چەند رۆژێ کولونێل ویلسۆنی مندوبی سامی بەریتانی خۆیشی چوە سلێمانیو حوکمدارێتی شێخ

مەحمودی لەنێوان زێی بچوك‌و روباری سیروان‌دا سەلماندو، کۆبونەوەیەکی لەگەڵ سەرەك عەشیرەتە کوردەکان کردو، ئەوانیش مەزبەتەیەکیان دایە سەبارەت بەمافی نەتەوەیی گەلی کورد.

لەئەستەمولْ، راستەوخۆ لەگەڵ تەواو بونی جەنگ‌دا پیاوە گەورەکانی کورد لەویّ((جەمعییەتی تعالی کوردستان))یان پێك هێنا. شێخ عەبدولقادر شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان‌و چەندین شەخسیەتی کوردی ناسراو بەشداربون، کۆمیتە کەوت بوە چالاکییەکی کاریگەری سیاسی، دیپلۆماسی، رۆشنبیری بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان.

لەپاریس، شەریف پاشا بەنوێنەرایەتی نەتەوەی کورد داوای لەکۆنفرەنسی ئاشتی‌و دەوڵەتانی دنیا ئەکرد، مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوس بۆ گەلی کورد بسەلمێنن‌و یارمەتی بدەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر ئەرزی نیشتمانی نەتەوەیی خۆی.

لەدوای راگرتنی جەنگ ئێران هەوڵی ئەدا بەریتانیا قانع بکا پشتیوانی ئێران بکا بۆ فراوان کردنی قەڵەمڕەوەکەی لەسەر حسابی دەوڵەتی تێشکاوی عوسمانی، داوای ئەکرد بەشێکی گەورەی کوردستانی تورکیا بخرێتە سەر ئێران.

لەکوردستانی ئێران چالاکیەکی سیاسی فراوان نەبو، بەتایبەتی لەئوستانەکانی کوردستان، کرماشان، ئیلام‌دا. سمکۆ ناسراوترین شەخسیەتی کوردی ئێران بو.

سمکۆ چیْ ئەویست؟ خواستە سیاسیەکانی چەربون؟

سمکۆ رێکخراوێکی سیاسی نەبو، هەروەها کۆمیتەیەکی سیاسیشی پێکەوە نەنابو، بەرنامەیەکی سیاسی رون‌و دیاری هەبیْ. رێکخراوەکانی((جیهاندانی))پێش جەنگ‌و((جەمعییەتی استخلاصی کوردستان))ی سالانی جەنگ، نەمابون. خۆی سەرکردەی جولانەوەکەو دانەری نەخشەو بەرنامەکانی بو. ئامانجی سیاسی سمکۆ لەگفتوگۆکانی‌دا لەگەڵ ئینگلیزو لەو پەیامەدا کەبۆ یەکێتی سۆڤێتی ناردو داوای پشتیوانی لیّ ئەکردن بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی رون‌و ئاشکرایە.

کسروی لەبارەی ئامانجی سیاسی سمکۆ ئەڵیّ:

((...سمکۆ ئەم سەردەمە سەربەخۆیی(استقلال)ی بۆ کوردستان ئەویست‌و، لەرێگەی ئەم ئارەزوەدا بو کە کەوت بوە ئامادەکردن. یەکیْ لەتۆوەکانی ئاشوب‌و زیانکاری کەئەوروپایی لەرۆژهەلاتدا وەشاندویانە ئەم ئارەزوی سەربەخۆییەیە. کارکەرانی ئەوانە ساڵەها گەڕان‌و چونە ناو کوردو ئەرمەنی‌و تورکمان‌و ئاسوری‌و

بەختیاری‌و هی ترو، ئەم تۆوەیان لەدڵی ئەواندا چاندوە، کوردیش چەندەها ساڵ بو ئەم قسانەی بیست بو، هەوەسەندانی لەوانە شوێن ئەم ئارەزوە خاوە کەوت بونو، هەندێ جار کتێب‌و وتاریان نوسی بو. ئێستە سمکۆ ئەیویست ئەو ئارەزوە بهێنێتە دی‌و، بەپێڕەوی لەئازادیخوازانی عوسمانی کە((ژون تورك))ی لێ پەیدا بو، و ئەو کارانەیان کردبو، بۆ دروست کردنی دەستەیەك بەناوی ((ژون کورد))ەوە تێ ئەکۆشا.

ئەیانوت کەمیستەر دادی ئەمریکایی خستویەتیە سەرییی ئەم کارە. میستەر داد کە لەگەڵ ئەمریکاییەکانی تر، لەگەڵ ئاسوریەکان لەورمێ وە کۆچی کردبو، چوبو بۆ هەمەدان‌و، هەر لەو ڕۆژانەدا گەڕایەوە تەورێز لەوێوە چوەوە ورمێ، ئەیان وت کەچەند جارێ چوە بۆ بینینی سمکۆ. ئەم قسەیە ئەگەر بەڵگەشی نەبوبێ لەگەڵ بەدخوازی‌و کینەتوزی کە لەمیسیونێرە ئەمریکاییەکان بینرا بو، ئەگونجا. زۆر کەس ئەمەیان قبوڵ ئەکردو وایان ئەگوت: ((ئەمریکاییان لەبەرئەوەی نەیان توانی بەدەستی ئاسوری کارێ بۆ پێشەوە ببەن، ئەیانەوێ بەدەستی کورد کارێ بۆ پێشەوە ببەن.

هەرچی هەیە ئەم ئارەزوە کەسانی تر خست بویانە دڵی سمکۆوە، هەر ئەوانیش دڵیان دایەو دلێرییان کرد. لەم ماوەیەدا کەعوسمانیان لەئێران ئەڕۆیشتن دەستەیەك لەسوپاییان‌و تۆپچییەکانی ئەوان کەچەند سەد کەس بون نەگەڕانەوە وڵاتی خۆیان بەو تفەنگ‌و تۆپانەوە کەپێیان بو چون بۆ چەهریق‌و چونە ژێر دەستی سمکۆوە. ئەم روداوە دلێری ئەوی چەند جار زیاتر کردو، بەجۆرە خۆی ئامادە بینی ئاڵای نافەرمانی هەڵ بکا، یەکێ لەهاودەستەکانی لەم کارەدا سەید تەها نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بو کەبنەماڵەکەیان لەکوردستاندا بەناوبانگ‌و سەید تەها خۆیشی پیاوێکی کۆشاو کاری بو))[٢٤].

نوسەرێکی مەزنی ئێران ئاوەها ئامانجی نەتەوەیی کورد هەڵ ئەسەنگێنێ. ئارەزوی سەربەخۆیی لەکوردا بەتۆوی گەڕیدە ئەوروپیەکاندا ئەنێ.

هەر کسروی خۆی، باسی مەلاو بازرگان‌و پیشەوەرەکانی تاران ئەگێڕێتەوە کەچونە ناو سەفارەتی بەریتانی‌و ئەوانی تەورێز چونە ناو کونسولگەی بەریتانیەوە لەوێ بەست نشین بون. پێشتر بەست هەر لەبارەگای پیاوە دینیە پیرۆزەکاندا ئەکراو، ئەو سەردەمە بەریتانیا گەورەترین ئیستعماری دنیا بو، کەچی ئەلقاب گەلی شیرین بەسەر ئەو((ئازادیخواز))و((موجاهید))انەدا کەرابەری ئینقیلابی مەشروتە بون دابەش ئەکا. هەروەها هەندێ لەو مەشروتەخوازانەی وەکو ستارخان‌و باقرخان کەپەنایان بردبوە بەر شابەندەرخانەی عوسمانی‌و ئەوانەی پەنایان برد بوە

بەر خاکی عوسمانی‌و داوای پشتیوانی‌و یارمەتییان لێکردن‌و لەگەڵ ئۆردوی تورکدا گەڕانەوە بەموجاهیدو ئازادیخواز، کەچی کوردەکان بەجەردە دائەنێ. بەقسەیەکی تر بۆ تێکۆشەرانی ئێرانی پێوەندی‌و پەنابردن بۆ تورك‌و ئینگلیزو روس‌و هێزەکانی بێگانە بەرەواو بۆ تێکۆشەرانی کورد بەکاری خراپ لەقەڵەم ئەدا.

لەو گفتوگۆ راستەوخۆیەدا کەحاجی مستەفا پاشای یاملکی لەگەڵی کردوە، سمکۆ خۆی ئامانجەکانی بەمجۆرە رون ئەکاتەوە:

((پرسیار: لەماوەی ئەم دو ساڵەی رابردودا لەدژی حکومەتی ئێران جوڵاویتەوەو ئەجوڵێیتەوە، مەبەست لەم بزوتنەوەیە چیەو بەتەمای چ جۆرە دەسکەوتێکیت دەسگیر ببێت؟

((وەڵام: فارسەکان(بێگومان سمکۆ وشەی فارسی بەکارنەهێناوە، بەڵکو عەجەمی بەکارهێناوە بەڵام ئەبێ لەوەرگێڕانی ئینگلیزی داوای لێ کرابێ) رقیان لەکوردە، لەبەرئەوە من بەهەمو توانای خۆمەوە هەوڵ دەدەم کوردەکان رێك بخەم، بۆئەوەی لەدەستدرێژی فارس رزگاریان بێت، هەر بۆیە پار شاری ورمێم گرت لەگەڵ ئەو ناوچەیەی کە لەرابردودا کوردی بوە، دواتریش شاری سەلماس‌و ئەمساڵیش فارسەکانم لەسابلاخ دەرپەڕاند.

((پرسیار: باشە تۆ هەوڵ دەدەی بۆ ئەوەی کورد رزگارو ئازاد بکەیت‌و سەربەخۆییان بۆ ساز بکەیت؟ ئەی بۆچی پێش هەمو شتێك ناوچەی وان‌و ئەرزرۆم‌و بەتلیس‌و هەکاری خەرپوت رزگار ناکەیت‌و ئەو خەلکە رێك ناخەی، کەماوەیەکە لەژێر جەورو ستەمی تاقمەکەی مستەفا کەمال دان؟

بۆچی ئاڵای تایبەتی خۆت هەڵناکەی، تادەری بخەیت کەوا مەبەستت لەو جوڵانەوەیە خوێن رشتن نیە، بەڵکو مەبەستت سەربەخۆییە؟

بەئاشتی‌و خۆشی بۆچی هەوڵی رێکەوتن لەگەڵ فارسەکاندا نادەی؟

((وەڵام: من وای بەباش دەزانم کە لەپێشدا لەئێرانەوە دەست پێ بکەم. من هیچ بەچاکی نازانم، لەم رۆژەدا لەگەڵ تورکەکاندا تێکی بدەم، چونکە ئەوان بەتفەنگ‌و فیشەك یارمەتیم دەدەن. من هیچ بەپێویستیشی نازانم بۆ بێگانە بەیان‌و بڵاوکراوە بڵاوبکەمەوە، چونکە ئەوان زۆر باش شارەزای ئەوەن کەئێمە هێشتا بەشێوەیەکی خێڵایەتی دەژین، جگە لەمەش بیستومە ئەوروپاییەکان لەناوخۆیاندا لەکێشەو مشتومڕدان بۆیە ئێمە پێویستە تێکۆشین‌و پشتیش بەهێزو دەسەڵاتی خۆمان ببەستین‌و نەهێڵین فارسەکان بگەڕێنەوە ورمێ‌و سابڵاخ. ئێمە بەهیچ جۆرێك کۆڵ نادەین‌و تا تاقە شوکاکێك مابێ لەم روەوە بەرهەڵستی دەکەین)).

سمکۆ لای وابو ئێران لەو کاتەدا لاوازە. ئەبێ کورد ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ ئازادکردنی خۆی. کوردی جێگاکانی تریش ئەبێ یارمەتی ئەوان بدەن[٢٥].

لەو گفتوگۆیەدا کە یاملکی لەگەڵی کردوە سەبارەت بەکوردستانی تورکیاش هەر بیروڕایەکی لەو بابەتەی هەبوە:

((جەنابی ئیسماعیل ئاغا! ئەمڕۆ وەکو ڕۆژگاری شێخ عوبەیدوڵلا نیە، ئەمڕۆ ڕوداوەکانی ناو کوردستان جێی سەرنجی هەمو دەوڵەتە ئەوروپاییەکانە، لێیان ئاگادارن، تەنانەت ئەمریکای یەککگرتوش ئاگادارە، حکومەتێکی گەورەی وەکو بەریتانیا حوکمی سلێمانیو ناوچەکە دەکاتو ئاگای لەهەمو بزوتنەوەیەکی کوردە. ئەگەر هەرشتێك ئەو لێی ڕازی نەبێتو لەگەڵ سیاسەتیدا نەگونجێت، ئەوا لەڕوی سیاسیو عەسکەرییەوە لەدژی دەوەستێ... ڕاستە ئێوە کاروبارتان لەگەڵ تورکە نەتەوەییەکانی ئەناتۆلیا ڕێك خستوە، بەڵام ئەگەر ئەوان لەبزوتنەوەکەیاندا سەرنەکەوتن، ئەوا ئێوەش تیادەچنو کەس بەهاوارتانەوە نایەت، خۆت دەزانیت، بزوتنەوەیەکی وەکو ئەوەی تۆ بەبێ پشتگیریو یارمەتی دەوڵەتێکی ئەوروپایی، بەتایبەتیش ئەمڕۆ کەبەریتانیا بوە بەدراوسێمان، بەبێ ئەوان بەهیچ مەبەستو ئامانجێك ناگەین جەلالەتی سوڵتان بزوتنەوەکەی ئەمڕۆی ئەناتۆلیا بەیاخیگەریو سەرپێچی دادەنێ، هەر لەبەرئەوەشە یۆنانیەکان بەرەو ئەنگۆرە(ئەبێ ئەنقەرە بێ)هاتونو ئامادەن، کەعەمەلیاتێکی تریشیان لەدو بکەن. لەئەناتۆلیاش زۆر کەس پێشوازیان لەهاتنی یۆنانیەکان کردوەو داوایان لێ کردون ناوچەکە داگیر بکەن. چونکە زۆر ڕقیان لەتورکە نەتەوەییەکانە.. ئەو تورکە نەتەوەییانە دوژمنی کوردنو دەبێ ئەوەت لەبیر نەچێ، کەئەوانە لەساڵی ١٩٠٨وە تائێستە چەند زیانیان لەکورد داوە. هەر چۆنێك بێت یۆنانیەکان لەتورکەکان بۆ ئێمە باشترن، چونکە هیچ نەبێ شارستانیو پێشکەوتنخوازنو تورکەکان زۆر دواکەوتوو نەزانن. باشتر وایە لەگەڵ یۆنانیەکاندا پەیوەندی پەیدا بکەیتو لەم بارەشەوە ئینگلیزەکان ئاگادار بکەی، پەیوەندیان پێوە بکەو سود لەهەلو دەرفەت وەربگرە. هەوڵ بدە لەگەڵ ئەو شوێنانەدا ڕێك بکەوە، کەبەریتانیو ئەوروپایی تێدا نیە، وابزانم ئەگەر ئەو ڕێگەیە بگریتە بەر ئەوروپاییەکان گوێ لەداواکانت دەگرن...

سمکۆ لەوەڵامدا ئەڵێ: منیش زۆر ڕقم لەتورکە نەتەوەییەکانە، بۆ کوردیش ئەوان لەفارسەکان بۆ کورد بەدوژمنتر دەزانم. من چەند جارێك نامەم بۆ ئینگلیزەکان ناردوەو ئاگادارم کردون کەمن نامەوێ دژی سیاسەتی ئەوان بمو ئێمە هەمیشە پێویستمان بەیارمەتی بەریتانیا هەیە. بائەوان لایەنگری کورد بکەن، منیش ئامادەم بەپێی ئارەزوی ئەوان بجوڵێمەوە. ئێمە پێویستمان بەیارمەتی چەكو

فیشەك هەیەو ئەگەر لەم روەوە فریامان نەکەون توشی کێشەو سەریەشە دەبم. سەید تەهام نارد بۆ بەغدا، بەڵام هیچ سودو ئەنجامێکی نەبو، ئەوا منو سەید تەها ئێوە دەکەین بەوەکیل ئەگەر حکومەتی بەریتانیا خۆی، یاخود بەهۆی دۆستە دڵسۆزەکانی پشدەریەوە، بتوانن یارمەتی چەكو جبەخانەمان بدات، بەبێ ئەوەی بماغاتە ژێر رەحمی ئەفسەرەکانیەوە، ئەوا دەتوانین وانو ئەرزرۆم سیواسو هەکاری لەتورك پاك بکەینەوەو ئەوسا دەتوانین دەرسێکی گەورەو چاکیش بە ئەوانەی رەواندوزو شوێنەکانی تریش بدەین. ئەمە پێشنیاری ئێمەیەو دەتوانین دڵنیات بکەین، کەئێمە لەم گفتوگۆیەماندا راستین. ئێمە دەتوانین ئەنگۆرەش(؟)بگرینو ئەگەر ئینگلیزەکان بێ دەنگ بن، لەماوەیەکی کەمدا شاری سنەش(؟)دەگرین)).

بۆچونی سمکۆ دەربارەی لاوازیی ئێران لەجێی خۆیا بوە. لەلایەك ناکۆکی لەنێوان ئازادیخوازانی ئێران بەگشتیو چینی کۆنەپەرستو شا لەوپەری توندیدا بو، بەتایبەتی دوای بەستنی پەیمانی ئێرانی-ئینگلیزی ١٩١٩کە لەئەنجامی بەرتیل وەرگرتنی وثوق الدولەی سەروەزیرو وەزیرەکانی دەرەوەو دارایی‌دا، ئێرانی ئەکردە ژێردەستەی بەریتانی. لەلایەکی‌تر ئێران، دەوڵەتی مەرکەزی ئەرتەشی بەهێزی تێدا نەما بو، لەجەنگەل، خوراسان، خوزستان خەڵك هەڵگەرابونەوە لەدەوڵەت. بەڵام روداوێ هات بوە پێشەوە کەبوبو بەپشتیوانی ئێران ئەویش، شۆرشی ئۆکتۆبەر بو لەروسیە. چونکە ئەم روداوە گەورەیە، سەرلەنوێ ئەهمیەتی ئێرانی لەستراتیجی هەمو دەوڵەتە گەورەکانی دنیادا زیاد کردەوە.

لەلایەك بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی نەیان ئەویست ئێران لاوازو پارچە پارچە بێ بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لەبەر لێشاوی پەرەسەندنی کۆمۆنیزمدا، کە لەدەوڵەتی دراوسێی لای سەروی ئێرانەوە ئەهات، رابگرێ.

لەلایەکی ترەوە، روسیەش ئەیویست دراوسێکەی لای خواروی بەهێز بێو پارچە پارچە نەبێ بۆ ئەوەی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکان، بەتایبەتی بەریتانیا، نەتوانێ دەس بەسەر ئێراندا بگرێ بیکا بەبنکەی پیلانگێران دژی دەوڵەتی روسیای سۆسیالیستی.

لەگەڵ ئەوەی سمکۆ لای وابو ئەبێ خەریکی ئێران بێ، نەیتوانی لەگەڵ کوردەکانی ئێران پێوەندی هاو خەباتی فراوان دابمەزرێنێو، لەگەڵ بزوتنەوەی کورد لەعیراقو تورکیا هیچ کارێکی چەکداری هاوبەشی نەکرد. هەروەها نەیتوانی لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێران هیچ کارێکی هاوبەش یا هاوکاریەك بکا.

٣- شەڕو شۆڕش

١/٣ هەلومەرجی گشتی ئێران

مێژونوسێکی ئێرانی هەلومەرجی ئەو سەردەمە بەجۆرە باس ئەکا:

((مشیر الدولە کاتێ هاتە سەرکار کەدۆخی ئێران بەهۆی رووداوەکانی جەنگی جیهانیەوە(١٩١٤)پەرێشانو بێ سامان بو، یاخییانو ڕێگرەکان لەئەطرافی وڵاتدا ئاڵای هەڵگەڕانەوەیان هەڵکردبو، هەندێ لەئێلاتو عەشایەر سەرەڕای ئەوەی باجیان نەئەدا، سەرپێچییان لەفەرمانی حکومەتی ناوەندی ئەکرد، حەزیان ئەکرد حکومەتی تاران لاواز بێ یابڕوخێ. باری دارایی وڵات زۆر لەرزۆكو بەجۆرێکی گشتی وەرگرتنی دەرامەتی دەوڵەت تێك چوبو. خەزانە چۆڵو حکومەتی ناوەندی ناتەوان بوبو. دانی مانگانەی فەرمانبەرانی حکومەت بەجۆرێ توشی دواکەوتن ئەبو زۆر جار چەند مانگێ تەلەبکار بون، هەلومەرجی ئەوسای ئەرتەش بێ ئەندازە جێگەی داخ بو. هێزە نیزامییەکانی ئەو زەمانە پێك هات بو لەمانەی خوارێ:

١-یەك فیرقە قازاق کە لەزەمانی پێش جەنگەوە لەژێر سەرپەرشتی ئەفسەرانی روسیای قەیسەریدا بەڕێوە ئەبران، ئەم ئەفسەرانە بەجۆرێکی ئاسایی لەخزمەتی دەوڵەتی ئێراندا بون. لەو کاتەدا سەرۆکایەتی فیرقە لەئەستۆی ئەستاروسلسکیدا بو(٨ هەزار کەس بو).

٢-تاقمی ژاندارم کە لەزەمانی میستەر شوستەری ئەمریکایی، راوێژپێکراوی دارایی ئێرانو سەرۆکی خەزانەداری گشتی، بەنیازی کۆکردنەوەی داهاتی دەوڵەت، دامەزرێنرا بون. ئەم تاقمە لەساڵی ١٣٢٩ی قەمەریدا پێك هێنرا بو. دوایی بو بەناوکی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی ژاندارمری کە بەهۆی کۆلۆنیل یال مارسونو چەند ئەفسەری سویدی تر بەرێکخستنێکی نوێ دامەزرابو. (هەمویان ٨هەزارو ٤٠٠ کەس بون)

لەلای سەروی ئێراندا(کەنارەکانی دەریای خەزەر بەتایبەتی رەشت)هێزی موتەجاسرین خەریکی شەڕبون لەگەڵ ئۆردوی قازاق، لەئازەربایجان ئیسماعیل ئاغای سمکۆ راپەڕی بو خەریکی پێکادان بو لەگەڵ بەشێکی ئۆردوی ژاندارم. هەروەها کوردەکانی کوردستانیش بەشێکی تری ئۆردوی ژاندارمیان بەخۆیانەوە خەریك کرد بو لەشەڕ هەڵاتندا بون.

لەسەرانسەری ئێراندا تێکهەڵچونو پێکادان روی ئەدا...))[٢٦].

سمکۆ لەسەرەتای دەس پێکردنی بزوتنەوەکەیەوە ئاگاداری لاوازی ئێرانو خراپی هەلومەرجی گشتی حکومەتی ئێران بو. لەبەرئەوە لای وابو ئەوە هەلێکە

ئەبێ کورد بۆ سودی خۆی بیقۆزێتەوە. کوردی شوێنەکانی تریش پشتیوانی لەمان بکەن بەئامانجی نەتەوەیی خۆیان بگەن.))[27].

سالّی ١٩١٩ دو روداو بون بەهۆی تەقاندنەوەی ناکۆکی دێرینەی کاربەدەستانی ئێرانو کورد بەتایبەتی شوکاك لەناوچەی ورمێدا. پیلانی کوشتنی سمکۆو ناردنی حاکمێکی نوێ بۆ رەواندنەوەی کورد لەورمێ.

٢/٣ پیلانی کوشتنی سمکۆ

جێنشینی والی ئازەربایجان لەتەورێز کابرایەك بو بەناوی. مکرم الملك پیلانێکی بۆ کوشتنی سمکۆ دانا. بۆمبێکی لەناو قوتویەکی شیرینیدا بۆ نارد بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵپچڕیندا پێیدا بتەقێتەوە.

کسروی روداوەکە بەجۆرە ئەگێڕێتەوە:

((مکرم الملك ، نائب الایالە، لەبەرئەوەی سوپایەکی لەبەردەستدا نەبو بینێرێتە سەر کوردەکان، بەناچاری بیری لەچارەیەکی تر ئەکردەوە، ئەوە بو کەبۆمبێ بۆ ئیسماعیل ئاغا بنێرێو لەناوی ببات. سالّی ١٢٧٨ لەکاتی جەنگەکانی تەورێزا حەیدەر عمواغلیو کەسانێکی تر لەئازادیخوازانی ئەم شارە بۆ کوشتنی شجاع نظام بیریان لەم چارەیە کرد بوەوە. قوتویەکیان بەناوی((ئەمانەت))ەوە بەپۆستەدا بۆ ناردو کوشتیان. مکرم الملکیش ئەیویست هەمان شت لەگەڵ سمکۆ تاقی بکاتەوە.

بۆ ئەم کارەش هاوبیرو هاوکارەکانی بەنهێنی لەئەرمەنەکان بو، بۆمبەکەش ئەوان دروستیان کردو مکرم الملك ناردی بۆ خوی، لەبەرئەوەی خەسوی ئیسماعیل ئاغا لەگوندێکی خوی دائەنیشت، بەو ناوەی کەئەوە قوتوی شیرینیە ئەو ژنە بۆ زاواو نەوەکەی خۆی ناردوە. ناردی بۆ چەهریق بۆ ئیسماعیل ئاغا.

بەڵام سمکۆ لەشجاع نظام هوشیارتر بو خۆی دەرباز کرد. لەزمانی ئەوەوە وائەگێڕنەوە: کەقوتوەکەیان هێنا کوڕەکەم بەناوی ئەوەوە کەئەمە شیرینیەو نەنکی بۆی ناردوە، پێی لەسەرکردنەوەی داگرت. من داستانی شجاع نظامم بیرکەوتەوە. بەدگومان بومو هۆشیار بومەوە. لەبەرئەوەی لەسەر چیمەن دانیشت بوم وتم لەوێ بیکەنەوە. هەر کەئەخشەکەیان دڕیو، رۆشنیەکی کەمی لێ دەرکەوت، من فرسەتم نەداو بەپێ تێم هەڵ داو هاویشتم بۆ دەرو باوەشم بەکوڕەکەم دا کردو خۆم لەسەر سەوزیەکە درێژ کرد. بۆمبەکە چەند هەنگاوێ دور لەئێمە تەقیەوە.

بەجۆرە سمکۆ لەمەرگ رزگار بو. بەڵام بۆمبەکە لەجێیەك تەقیەوە عەلی ئاغای برایو چەند کوردێکی تری کوشتو ئەمەش بەهانەیەکی تری دایە دەستی سمکۆ. نظام السلطنە لەساڵی ١٢٨٤دا(یەك ساڵ پێش بزوتنەوەی مەشروتە) تەئمینیدا

بەجەعفەر ئاغای براگەورەی سمکۆو بەقورئان سوێندی بۆ خواردو هێنایە تەورێز. دوایی ئەوی لەگەڵ دو کەس لەهاوڕێکانی کوشت، ئەوانی تر بەڕاکردن گیانی خۆیان دەرباز کرد.

سمکۆ لەم ڕاپەڕینەدا ئەوانەی کردە بەهانە...))[28]

ئەم پیلانە سمکۆی بەتەواوی دوردۆنگ کرد لەئێران بۆی دەرکەوت هێشتا دەستیان هەڵ نەگرتوە لەپیلانگێڕانو کوشتنی بەفێڵو دوژمنایەتی لەپەنای دۆستایەتیدا. کەوتە هەڕەشە کردن لەکاربەدەستانی ئێرانیو هاندانی کورد بۆ شۆڕش لەپێناوی ئازادیدا.

٣/٣ دانانی حاکمی نوێی ورمێ

هەر لەو ڕۆژانەدا کەویستیان سمکۆ بکوژن سپهدار کەبۆ دوەمین جار بوبو بەوالی ئازربایجان، ضیاءالدولەی ئەلبورزی دانا بەحوکمڕانی ورمێ لەجێگەی سەردار فاتیح.

بەقسەی تمدن، ضیاءالدولە هات بو بۆ بەرهەڵستی نفوزی کورد لەورمێ. بەقسەی دهقانیش، هات بو بۆ ڕاگرتنی ئاسایشی ورمێو پاراستنی لەدەسدرێژی کورد. بۆ ئەو مەبەستەش، دوسەد سوارە نیزامو تۆپێکی شاخاوی لەڕێگەی گۆمی ورمێوە لەگەڵ خۆی هێنا بو. هەروەها هانی خەلکیشی دا بۆ ئەوەی لەهەمو گەڕەکێکی ورمێ کۆمیسیۆنێکی جەنگی پێك بهێنن بۆ پاراستنی شارەکەیان لەهێرشی کورد[29].

بەر لەهاتنی ضیاءالدولە هەندێ کورد چوبونە ناو ورمێ لەوێ ئەژیان. کەبینیان بەتۆپو سوارە نیزامەوە هات، ڕەوینەوە.

دوای ٥ ڕۆژ لەگەیشتنی حاکمی نوێ سەر لەبەیانی ٦٠ کورد چوار دەوری خانوی حاکمیان گرت. ئەیان ویست ضیاءالدولە بگرن. تەقە دامەزرا. سەربازەکان بەدەنگ تەقەکەوە هاتن بۆ یارمەتی دانی حاکم. خەڵك کە بەتێکهەڵچونی کوردو سەربازەکانی حکومەتیان زانی، هەرکەس چەکی هەبو تاوی دایەو چون بۆ یارمەتی حاکم. پەلاماری کوردەکان سەری نەگرت. بەتەقە لەشار دەرکران. لەبەرئەوەی خەلکی ورمێ ئەو کارەی کوردەکانیان بەهاندانی دکتۆر پاکارد ئەزانی، تاقمێکیان هەڵیان کوتایە سەر بارەگای ئەمریکی ٦٠کەس لەو مەسیحییانەیان کوشت. کە لەوێ دالّدە درا بون.

سمکۆ ئەی ویست نەهێڵێ ضیاءالدولە جێگیر بێ. لەو ڕۆژانەدا هەمو ڕێگە زەمینییەکانی ورمێ گیرا بون. تەنیا ڕێی بەندەری گوڵماخانە مابو لەسەر گۆمی ورمێ. گوڵماخانە عەماری گەنمی لێ بو. سمکۆ بەهەواڵی سەرنەکەوتنی

پەلامارەکەی ورمێی زانی دەستەیەك شوکاکی بەسەرۆکایەتی تاهیر بەگ ناردە سەر گوڵماغانەو گرتیان بۆ ئەوەی لەتەوریزەوە نەتوانن هێز بۆ یارمەتی ضیاءالدولە بنێرن.[30] ورمێ کەوتە ناو ئابلۆقەی کوردەوە.

٤/٣ جەنگی پرۆپاگەندە

چەکدارەکانی کورد لەناو شاری ورمێدا ئەگەڕان. خەڵکی بەگرتنی گوڵماغانەیان زانی. دوکان و بازاڕیان داخستو چونەوە ماڵەکانی خۆیان. سەرکردەکانی کورد کەئەمەیان دی، کەوتنە هەوڵدانی ڕاکێشانی دانیشتوان.

تمدن، شایەتی ئەو ڕۆژانە بوە. هەندێ لەهەوڵەکانی کورد بۆ بەدەس هێنانی دۆستایەتی خەڵکی ورمێ ئەگێڕێتەوە. لێرەدا هەندێکی دوبارە ئەنوسینەوە.

چوارشەمە ٣١ اردیبهشت ١٢٩٨(١٠رەمەزان ١٣٣٧/١١مە ١٩١٩)کوردەکان لەشار جاڕیاندا:

((خەڵکینە بزانن‌و ئاگادار بن!

ئێمە هیچ ناکۆکییەکمان لەگەڵ ئێوە نیە. هیچ جۆرە دوژمنایەتییەك لەبەینی ئێمەو ئێوەدا نیە ئێوە دڵنیا بن‌و بڕۆن دوکانەکانی خۆتان بکەنەوەو خەریکی کاروکاسبی خۆتان بن.

ئێمە تەنیا لەگەڵ حکومەتی بێگانە موخالیفین، کە لەدەرەوەی شارەوە هێنراونەتە ئێرەو، لەناو خەڵك‌دا نیفاق‌و دوبەرەکی بڵاوئەکەنەوە. بەکەڵك وەرگرتن لەدوبەرەکی ئەکەونە پڕکردنی گیرفانی خۆیان. بەگیرفانی خاڵی دین‌و بەگیرفانی پڕو کەلوپەلی زۆری گرانبەهاوە لەم شارە ئەڕۆن. ئەم جۆرە حکومەتانە هیچ گوێ نادەنە میللەت‌و شار. هەر لەبیری ئەوەدان حەددی ئەعلای ئیستیفادەی نا مەشروع‌و عەییاشی‌و هەرزەگی‌و حەیف‌و مەیل کردنی پولی میللەت دان.

بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەی بەڕاستی وەکو زەرو وان دوژمنایەتی ئەکەین.

ئەهالی موحتەرەم!

وەرن غیرەت بدەینە بەر خۆمان‌و فەرماندار لەناو خودی ئەهالی ورمێدا هەڵ بژێرین‌و نەهێڵین بۆ ئێمە لەکون‌و کەلەبەرەوە فەرماندارمان بۆ بهێنن))[31].

هەینی ٢ خرداد ١٢٩٨(٣ رەمەزان ١٣٣٧-١٣ مە ١٩١٩)

لایەنگرەکانی سمکۆ بەردەوام بون لەسەر پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵك، لەبازاڕو لەماڵان‌و بەخەڵکیان ئەوت:

((لێرە بەدواوە ئەبێ فەرماندارەکان لەلایەن خەڵکی ورمێ‌و لەناو خەڵکی ورمێ هەڵ بژێردرێن و دابنرێن. تەنانەت سەرۆکی هەمو دائیرەو لقەکانیش ئەبێ

لەخەڵکی خودی ورمێ بن. ئەی ئەم هەمو ئەعیانو ئەشرافی ورمێ کسەدان ساڵە خەڵکیان بەڕێوە بردوەو مەقاماتی حساسیان هەبوە. بۆچی ئەبێ ئێستە لەگۆشەو کەنارا رابوەستنو فەرماندار بۆ ئێمەو ئەوان لەدەرەوە بێت؟ بۆچی سەرۆکی ئەزمییەو سەرۆکی ژاندارمرییان لەدەرەوە هێناوەو لەدەرەوە ناردوە؟

مەگەر لەخودی ورمێ کسانی بەسیرو ئاگادار کەمن کەئەو کسە پوچانەیان بەسەر ئێمەدا سەپاندوە کە بەکیبرو نوخووەت رەفتار ئەکەن. هەوڵ ئەدەن هەمیشە بەینی کوردو عەجەم تێك بدەن. گیرفانی خۆیان پڕ بکەن. بەزەرقوبەرقەوە بژین. مەگەر ئەوانەش خەڵکی ئەم وڵاتە نین. دڵیان بەم ناوچەیە ناسوتێ. تائێستە بەرامبەر بەو هەمو مانگانەیەی کەوەریان گرتوە، بایی دینارێ خەریکی ئاواکردنەوە بونو بۆ پێشکەوتنی ئەم بەشە کارێکیان ئەنجام نەداوە))[٣٢].

ئەم قسانە کەشایەتێکی ئەو سەردەمە ئەیگێڕێتەوە، چونکە بێ بڕواییەکی قوڵ لەنێوان عەجەمو کورد، دروست بوبو، خەڵکی ورمێ بەدەنگیەوە نەهاتن تەنانەت کابرای شایەت کەلێی ئەدوێ ئەڵێ:

((دیسانەوە دارودەستەی سمکۆ لەکۆڵانو بازاڕدا کەوتنە پێوەندی لەگەڵ خەڵكو قسەیان بۆ ئەکردن(مەبەستی ئەو قسانەیە کەنوسراون) بیەوڕای خۆیان رون ئەکردەوەو، کەوت بونە بڵاوکردنەوەی. مەعلومە کەکوردەکان لەجێگەیەکەوە تەعلیماتی ئیجتیماعی و ئەفکاری سیاسییان وەرئەگرنو تەنانەت وەزیفەی تەبلیغاتیان لەئەستۆ گرتوە))[٣٣] مەبەستی ئەمن کۆمیسیۆنی ئەمریکاییە کەئەبێ دەرسیدا دابن.

لێکدانەوەی قسەی باش لەسەر بنچینەی سونی نییەت، ئەویش رەنگدانەوەی ئەو پێوەندیە نائاساییە بو کە لەماوەی چەند قەرنی رابردودا دروست بوبو. لەجوڵانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵادا تەقی بوەوەو بوە شەڕێکی ئەهلی خوێناوی. لەکاتی جەنگی جیهانیو لەشکرکێشیەکانی عوسمانیو روسیدا دوبارە بو بوەوە. ئێستاش بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بەرلەوەی ڕوبەڕوی بەرهەڵستی رەسمیو هێزی دەوڵەتی ئێران ببێ، روبەڕوی ریستی سەلبی عەجەم ئەبو.

ئەگینا ئەم قسانە، وەکو ئەو قسانەن کە لەسەردەمی مەشروتەدا ئەکرانو، دوایی تر لەقانونی ئەساسی ئێراندا وەکو بەشێ لەمافەکانی خەڵك بۆ دانانی ئەنجومەنی ولایەتیو ئیالەتی نوسرا بونو. بەگشتی ئەچونە خانەی بیری دیموکراسیەوە. کەچی تورکە ئازەرییەکان گوێیان لێ نە ئەگرتنو، هاوکارییان لەگەڵ نە ئەکردنو، نەئەبونە هاودەنگیان.

ئێرانیەکان شێخ محەمەد خیابانی بە یەکێ لەئازادیخوازانی گەورەی ئێران دائەنێن. ساڵێ دوای ئەو رووداوانە لەتەوریز(قیام))ی کرد لەوتارێکا کە لەکۆشکی ((تجدد))لەتەوریز بۆ لایەنگرەکانی داوەو، لەرۆژنامەی ((تجدد))ی ئۆرگانی بزوتنەوەکەیاندا بلاوکراوەتەوە ئەڵێ:

((ئاغایان!

ئێوە ئەزانن بۆچی راپەڕین؟

ئەگەر هەلومەرجی پێش راپەڕین هەڵ بسەنگێنین، حاڵەتی ئەسەف ئەنگێزی مەملەکەتو ئیختیلافاتی بێ حەدو حەسری مالیەو ئیقداماتی بێ ناموسانەو جانییانەی نەزمیە(شەهرەبانی)بهێنینە بەرچاو، پێویستی ناچاری راپەڕین هەست پێ ئەکەینو تێ ئەگەین..

ئەو دزانەی کە لەتەوریز دەرئەکرێن(مەبەستی مەئمورینی ئیداریە)نابێ ببنە سەدرنشینی ئەمارەت، جانییانی کە لەمەرکەزی ئازەربایجان هەڵدێن نابێ جڵەوی حکومەتی شارو ئوستانەکانی تر بەدەس بهێنن، چونکە هەمو خاکی ئازربایجانی ئێران پیرۆزو دیموکراسی ئێران خاوەنی شەخسیەتی حوقوقین...))[٣٤].

ئەم قسانەی خیابانی لەگەڵ قسەی جارچیە کوردەکانی ورمێ جیاوازییان چیە؟ بۆچی ئەبێ وتاری لەهەمان بابەتی کورد بە((تەعلیماتی))کۆمیسیۆنەکانی بێگانە دابنرێو وتاری خیابانی بە بەیانی ئازادی.

هێزەکانی سمکۆ ورمێیان ئابلوقەدا. رێگەکانیان بەست. گرانیو قاتوقڕی لەشار بلاوبوەوە. ئەڵقەی ئابلوقە دانی شاری ورمێ تا ئەهات تەنگتر ئەبو چونکە هەمو رۆژێ زۆرتر کورد ئەهاتنە پاڵ سمکۆو، هەمو شەو هێرشیان ئەکردە سەر قەڵای ورمێ. خەڵکی ورمێ بەرگرییان ئەکردو نەیان ئەهێشت بکەوێتە دەست کورد.

((کۆمیسیۆنی جەنگ))چەکدارەکانی ورمێی بەسەر ٧ دەروازەکەی شارو بورجەکانو دیواری قەڵادا بۆ بەرگری لەهێرشی کورد دابەش کردبو[٣٥].

ئەم کۆمیسیۆنە نەی ئەتوانی پارەی کڕینی تفەنگو فیشەك و باروتو موچەی تفەنگچیەکان تەئمین بکا. داوایان لەمیستەر پاکارد سەرۆکی میسیۆنی ئەمریکایی کرد ٣هەزار تومانیان بەقەرز بداتێ. ئەویش پارەکەی پێدانو بەوە کەوتنە دیفاع لەشار[٣٦] سەیر ئەوەیە لەگێڕانەوەی رووداوەکاندا ئاغای تەمەن کورد تاوانبار ئەکا بەوەی پارەیان لەمیستەر پاکارد وەرگرتوەو بە ئامۆژگاری ئەو کەوتونەتە جولان. کەچی لەهەمان کاتدا خۆی وەرگرتنی پارە لەپاکاردا بۆ کڕینی چەكو دابین کردنی پێویستیەکانی بەرهەڵستی کورد ئەگێڕێتەوە.

٢٠ی مایسی ١٩١٩هێرشی بۆ سەر شار دەس پێ کردەوە. سەرەتای شەوی ١٢ی رەمەزان هێرشەکەیان توند کرد، بەڵام چەکدارەکانی ورمێ بەرهەڵستیان کرد. هێرشەکەی ئەم جارە سمکۆ خۆی راستەوخۆ سەرکردایەتی ئەکرد. تەرکیزی کردبوە سەر دەروازەکانی نوگچر، عەسکەرخان، بلو. هەوڵیاندا لەلای بلووە درزێك بکەنە دیواری قەڵاوە. هێرشی ئەمجارەش دوای ئەوەی ٣٦ سەعاتی خایاند نەیتوانی دەس بەسەر ورمێدا بگرێ. لەبەرئەوە کشانەوە[٣٧].

ئابڵوقە دانی ورمێ ماوەی ٢٥ رۆژی خایاند. خەڵکی شار لەو ماوەیەدا ئازایانە بەرگرییان لەشارەکەیان کردو نەیان هێشت بکەوێتە دەست کورد. کۆنسولی ئینگلیز کەوتە ناوبژیو حاکمێکی نوێ بۆ ورمێ دانرا. لە١٥ی تیرماهی ١٢٩٨(٨ی شوالی ١٣٣٧/ ٨ ژوئیە ١٩١٩)سمکۆ ئابڵوقەی ورمێی بەردا. پاراستنی ئاسایشی رێگەکان بەسمکۆ خۆی سپێردراو بەم کارە لەلایەن فەرمانداریيەوە مانگانەی بۆ بڕدرایەوە. ئەویش چەند کسێ چەکداری بۆ ئەم کارە تەرخان کرد[٣٨].

لەو دەوروبەردا سمکۆ ئەی ویست دەسەڵاتی خۆی فراوان بکا بۆ گوندەکانی لەکستانو سوڵتان ئەحمەدو قەرەقشلاخ کەئازەری بون. ئەوانە ملیان نەئەداو شەڕی خوێناوی رویدا لەنێوانی خەڵکی ئەوێو هێزەکانی سمکۆدا. دانیشتوانی ورمێو دەوروبەری بەردەوام داوای یارمەتییان لەتەورێزو تاران ئەکرد.

٥/٣ گفتوگۆیەکی سەرنەکەوتو

سەردار ئینتسار تازە بوبو بەجێگری والی کەوتە سازدانی هێز بۆ سەرکوت کردنی سمکۆ. سەرەتا ماژور میرحسێنخانی لەگەڵ هێزی ژاندارم رەوانە کرد. بەدوی ئەواندا دەستەی قازاخ. داوای سوارەی لەهەمو لایەك ئەکردو پەیتا پەیتا ئەی ناردن. لەتارانەوە فیلیپوف سەرکردەیەکی قازاخیان بۆ فەرماندەیی لەشکر نارد.

فیلیپوف دوای دیتنی سەردار ئینتسار چو بۆ شەرەفخان بۆ دەس کردن بەکار. چەند شەڕو تێکهەڵچون لەنێوان کوردو هێزی ئێراندا رویدا. گرنگ ترینی ئەو شەڕانە لەنزیك دیلمقان قەوما. ٤ کەس لەسەرکردەکانی قازاخو چەند کسێ لەسەرکردەکانی ژاندارم کوژران. دیلمقان ناوەندی سەلماس کەوتەوە دەست هێزی ئێران.

سمکۆ تەلگرافێکی بۆ عین الدولەی والی ئازەربایجان نارد. عین الدولە ئەگەرچی والی ئازەربایجان بو بەڵام لەزەنجان دائەنیشت. عین الدولە فەرمانی راگرتنی شەڕیدا. شەڕ راوەستاو گفتوگۆ لەنێوان سمکۆو سەردار ئینتسارو

فیلیپوف دەستی پێ کرد. ئێرانیەکان ئەم مەرجانەیان بۆ لێ خوش بونی سمکۆ دانا بو:

١-تالآنیەکانی لەکستان بداتەوە بەخاوەنەکانی‌و خوێنبایی کوژراوەکان بدا.
٢-پاشماوەی سوپاییانی عوسمانی لای خۆی دەربکا.
٣-دەس وەرنەداتە کاروباری سەلماس‌و ورمێ.
٤-خەرجی لەشکری دەوڵەت بژێرێ.
٥-هەرچی تفاقێکی جەنگی لایە تەسلیمی دەوڵەتی بکا.
٦-ئەحمەد ئاغای برای بنێرێ بۆ تەورێز بۆ ئەوەی لەقازاقخانە لەناو سەرکردەکاندا بێ[٣٩].

هەر کەس نەختێ رێزی خۆی بگرێ مەرجگەلی لەو بابەتە قوبوڵ ناکا، نەك کەسێکی بەناوبانگ ولاسارو خاوەن ئامانجی سیاسی گەورەی وەکو سمکۆ. گفتوگۆ سەری نەگرت. زۆری نەخایاند تێکهەڵچون‌و شەڕ دەستی پێ کردەوە.

سمکۆ بەکردەوە خەریك بو دەسەڵاتی لەناوچە دێهاتیەکانی ورمێ، سەلماس، خوی، میاندواو، شنۆ.. جێگیر ئەبو.

٦/٣ درێژەکێشانی شەڕ

حکومەتی ئێران لەبەردەمی گۆڕانی ناوەکی گرنگدا بو. ناوەندی دەسەڵاتی زۆرو ناکۆك دروست بوبون. پشێوی لەهەمو ئێراندا هەبو. دەسەڵاتی ناوەندی کز بو. دەسەڵاتی زنجیرەی قاجار خەریك بو کۆتایی ئەهات. رەزا خان لەقازاقێکی پچوکەوە بوبو بەئەفسەرێکی گەورە. دوایی تر بو بەسەرداری سوپا. بەبیانوی رزگارکردنی نیشتمانەوە لەپشێوی‌و لاوازی خۆی ئامادە ئەکرد دەسەڵات بگرێتە دەست‌و خۆی ببێ بەشای ئێران.

لەتاران کابینە زۆر نە ئەمایەوە، لەئازەربایجانیش والیەکان زو زو ئەگۆڕان. کارەکانی سمکۆ لەهەمو ئێراندا دەنگی دابوەوە. کاری ئەکردە سەر دامەزران‌و مان‌و روخانی کابینە[٤٠]. لەبەرئەوە هەر کابینەیەك ئەهاتە سەر کارو هەرکەس ئەبو بەوەزیری جەنگ ئەبو دواهێنان بەبزوتنەوەی سمکۆ لەبەرنامەی کارەکانیدا بێ. سمکۆش لەهەولدانێکی بەردەوامدا بو بۆ فراوان کردنی ناوچەکانی شۆڕش‌و ئازادکردنی مەڵبەندە کوردنشینەکان لەدەسەڵاتی عەجەم. هێزەکانی شۆڕش ورمێ، سابلاغ، شنۆ، خوی کەوت بوە ژێر دەست.

کاتێ مخبر السلطنە بو بەوالی ئازربایجان یەکەمین لەشکرکێشی گەورە بۆ سەر سمکۆ دەستی پێ کرد.

مخبر السلطنه هێزێکی قازاخی بەفەرمانـدەیی سـەرتیپ ظفـر الدولـه نـاردە تەسوجو هێزێکی ژاندارمی بە فەرمانـدەیی ملـك زادە نـاردە سـابلاخ. هێزەکـانی کورد ئەم دو هێزەیان تەفروتونا کرد. ظفر الدوله بۆ ئـەوەی خـۆی لـەدیلی دەربـاز بکا بە بەلەم لەگۆمی ورمێوە هەڵات. ملك زادەش بەدیل گیرا[٤١].

سمکۆ ئەفسەرەکانی پاش ماوەیەك ئازاد کردو بـەملك زادەی وت: ((ئاغـا بـڕۆ بەم والیه بـێ لیاقەتـه دڵڕەقـه بڵـێ، شـەرم بیگـرێ، لـەم چـەند هـەنگاوەی دوایـی ئەمەنیدا لاوانی بڕەمەندو تازە پێگەیشتو نەکاتە خۆراکی لولەی تۆپ))[٤٢].

لەسەر داوای هەمان والی ١٥٠٠ ژاندارم بە سەرکردایەتی لینـد بـیرگ گەیشـتە تەورێز، پاش حەسانەوە رەوانەی شەرەفخانە کران.

هێزێکـی ٣ هـەزار کسـی چـریکی ئـازەرییش بەسـەرکردایەتی امـیر ارشـد کۆکرابوەوە. امیر ارشد سام خانی حاجی علیلو برای محەمەد حسێن خانی ضرغام، بکوژی جەعفەر ئاغای شوکاك بو.

اقبال السلطنەش بەسوارەکانی ماکۆوە ئەبو بەشداری ئەم هێرشە بێ.

لـەرۆژی ٢١ی کـانونی دوەمـی ١٩١٩ (٢٨ ازرمـاه ١٣٠٠ش ٢٧ ربيـع الاول ١٣٣٨) قەمـەریدا لـەداوێنی کێـوی شـکریازی لەبـەینی خـوی‌و سـەلماسدا لەشوێنێکا بەناوی قانی دەرە(واتە دۆڵـی خوێنـاوی) هێزەکـانی ئێـران‌و لەشـکری کورد لێکیاندا.

ئەم هێزە لەسەرەتادا هەواڵی سەرکەوتنی خۆی‌و شکانی کـوردی بڵاوکـردەوە. بەڵام امیر ارشد کـه لەبەرزاییـەکانی شکریازیەوە سـەرکردایەتی شـەڕەکەی ئـەکرد کوژرا. هێزەکەی پەرەوازە بون‌و لاشەی خۆیشی لەمەیدانی شەڕا بەجێ ما[٤٣].

ئـەم هێرشـە لەبـەر خراپـی پلانەکـەی‌و نـارێکوپێکی هێزەکـەو لێ نـەهاتویی سەرکردەکانی تێ شـکا. ورەی شۆڕشـگێڕانی کـوردی پـێ بـەهێز بـو. بـەڵام ئەمـە سـەرەتای دەس پـێ کردنـی لەشکرکێشـییە گـەورەکانی حکومـەتی ئێـران بـو لەسـەرەتادا بـۆ رێـبڕین لەتەنینـەوەی شۆڕشـی کـوردو ئینجـا تەسـك کردنـەوەی ناوچەکانی‌و سەرەنجام لەناوبردنی یەکجاری.

٧/٣ رەفتاری سمکۆ لەگەڵ دوژمن

هەندێ کاری سمکۆ جێگەی رەخنە لێ گرتن بو. تا ئەندازەیەك کاری لەناوبانگی سمکـۆش کـرد بـو، هەڵوێسـتی لەهەنـدێ ئەنجومـەنی مەشـروتەخوازان، کوشـتنی مـارشیمۆن، راووروت‌و تالانی کەهێزەکانی لەناوچەکانی دۆسـت‌و دوژمـندا ئـەیان کرد. رەفتاری رەقی خۆی لەگەڵ دوژمن. دوژمـن‌و ناحەزەکانی سمکـۆو بزوتنـەوەی کورد پڕوپاگەندەی زۆریان بەم کەرەستانەوە ئەکرد. بگرە بۆ زڕانـدنی نـاوی کـوردو

شکاندنی ناوبانگی بزوتنەوەکەی‌و بەدناوکردنی سمکۆ زۆریان بەم قسانەوە ئەنا. نوسەرانی ئێرانی هەتا ئێستەش کەدەربارەی سمکۆ ئەنوسن، لایەنی بێلایەنیی‌و پێوانەی زانستیی بەر ئەدەن. بەدوژمنایەتییەکی بێ ئەندازەوە وەکو جەردەیەکی خوێنرێژی خێڵەکی دواکەوتو باسی ئەکەن.

لەو گفتوگۆیەدا مستەفا پاشا لەگەڵی کردوە،، سمکۆ هەندێ لەو رەخنانەی لەباری سەرنجی خۆیەوە رەت کردۆتەوە. دەربارەی کوشتنی مارشیمۆن، راووڕوتی هێزەکانی، رەفتاری رەق بەرامبەر دوژمن دراوە، دو نمونە لێرەدا رائەگوێزین:

((پرسیار: هۆی کوشتنی ئەو ۸۰۰ دیلە فارسەی کە لەسێپتەمبەری سالی رابردودا گیرا بون، چی بو؟

وەڵام: ئەوانە وەختی خۆی لەشەڕی ورمێدا گیرابون، هیچ خراپەیەکمان لەگەڵ نەکردن، بەڵکو جل‌و پارەمان دانێ بەو مەرجەی نەچنەوە پاڵ ئێران، بەرەڵلامان کردن. بەڵام هەر کەبەربون چونەوە پاڵ ئێران‌و دەستیان کردەوە بەدەستدرێژی‌و کوشتن‌و برین، بۆیە ئەجارە لێیان خۆش نەبوین‌و تۆڵەمان لێ کردنەوە.

((پرسیار: کەواتە ئێوە دەڵێن، بە تەواوی بۆ نیشتمان هەوڵ دەدەن، وانیە؟ بەڵام ئەی بۆچی کەسابلاختان گرت، دوکانەکانیان تالان کران‌و هەندێکیشیان کوژران، لەناو ئەوانەدا قازی لطیف کەپیاوێکی ناسراوو رێز لێگیراو بو؟

... ئایا ئەو جۆرە روداوانە ئێرانیەکان دڵ خۆش ناکاو بۆ سودی ئەوان نیە؟

وەکو بیستم ماڵی حاجی ئیلخانی سەرۆکی ناسراوی دیبۆکری تالان کراوە، لەبەرئەوە هیچ دور نیە کەبەشێك لەمەنگوڕو بەگزادەی گەورك‌و ناوچەی سەقز دژی تۆ یەك بگرن...

((وەڵام: وەختێك رومان کردە سابلاخ، ناردمان بەشوێن هەمو سەرکردەکاندا، بەڵام نەهاتن. هیچ نوێنەرێکی سەقز یا نێردراوێکی نەهات. ئێرانیەکانیش لەناو شاردا شەڕیان دەکرد. شەڕەکە دو رۆژ درێژەی کێشا. ئەوە بو لەئەنجامدا ناو شار گیراو هەندێك کەس کوژران. شوکاکیشیان تێدا بو. لەو شەڕەدا دانیشتوانی شارو عەشایەر تێکەڵ بون‌و تێکرژان‌و رەشاش‌و تۆپیشی تێدا بەکارهێنرا.. لەحالەتێکی وادا، ناتوانرێت رێگا لەتالان‌و برۆ بگیرێت، ئەگەرچی من خۆم زۆر دژی ئەوە بوم.

ئێمە گومانمان لەعەشیرەتی مەنگوڕو دیبوکری هەبو، بەڵام گوێشمان نەدایە. حاجی‌ی ئیلخانی بەوەشەوە نەوەستا کەهەر ببێتە لایەنگری ئێرانیەکان، بەڵکو بەناوی کوردەوە داوای لەخەڵك دەکرد. کەبچنە پاڵی‌و شەڕمان لەگەڵدا بکەن. عەشیرەتی مامەش زۆر دڵسۆزی ئێمەن کوڕی خوالێخۆشبو محمود ئاغای هەمزە ئاغامان کردە حاکمی سابلاخ‌و کەریم ئاغای برای بەموفەتیشی ناوچەی

حەمەجان(؟) و ناوچەی بانەلیس(؟) و گەورکی دراوسێی. دوای گرتنی سابلاغ توانییان فارسەکان لەسەقز دەربکەن، بەلام لەسەر داوای خەلکی سەقز دەولەت ۳۰۰-٤۰۰ جەندرمەی خۆی لەسنەوە ناردو بانالیسیان گرتەوە...))[٤٤].

٤-سمکۆو رۆژنامەوانی

رۆژنامەوانی کوردی لەچاو رۆژنامەوانی لەناو گەلانی ترا درەنگ لەدایك بوە. کوردستانی ئێران دوای شوێنەکانی تریش کەوتوە. وەکو هەندێ سەرچاوە ئەگێرنەوە یەکەمین گۆڤار بەزمانی کوردی بەناوی ((کوردستان))ەوە سالی ۱۹۱۲ لەلایەن میسیونێرەکانەوە لەورمێ چاپ کراوە. ئەویش زۆر نەژیاوە[٤٥]. بەلام سەرچاوەیەکی تر ئەلێ: عەبدولرەزاق بەدرخان رۆژنامەیەکی کوردی لەورمێ لە ۱۹۱۲دا دەرکرد, کەروسەکان عەبدولرەزاق بەگیان لەورمێ دورخستەوە، دوای ئەو سمکۆ ئەرکی دەرکردنی گرتە ئەستۆ تا ۱۹۱٤ کەداخرا[٤٦] ئاگاداررییەکی ئەوتۆ دەربارەی ئەم رۆژنامانە هێشتا لەدەستا نیە. سمکۆ لەزەمانێکا ورمێی بەدەستەوە بو. هەفتەنامەیەکی کوردی- فارسی بلاوکردۆتەوە. دوای گرتنەوەی ورمێ ئەویش راوەستا.

٤/١ رۆژنامەی ((کورد)) یا ((رۆژی کورد-شەوی عەجەم))

تمدن خاوەنی چاپخانەیەکی ورمێ، ئەگێرێتەوە:

((رۆژێکیان شێخ عەبدوللا((لەکسانی تێگەیشتوی سمکۆو لەخزمانی سەید تەها))هاتە لام و، لەناو قسەکانیدا دەری خست ئاغا((واتە سمکۆ))لەبەرچاوێتی بەهۆی نەبونی بلاوکراوە لەرضائیە ئەم نوقسانیە نەهێلێ و لەرضائیەش رۆژنامە بلاوبکرێتەوە، ئایا بەرەئی ئێوە بە چ قەوارەو تیراژ ئەتوانرێ رۆژنامەیەك لەم شارەدا بلاوبکرێتەوە کەهەم سەنگین و هەم جوان بێ و هەم جێگەی سەرنجدان بێ. نوسەر لەوەلامی شێخ عەبدوللا وای رون کردەوە: بەداخەوە حەرفەکانی چاپخانەکەمان زۆر کەمەو بۆ چاپی رۆژنامە بەس نیە. شێخ عەبدوللا وەختێ ئەم وەلامەی بیست، زۆر تێکچوو گۆڕا منیش ترسام و هەستم بەهەلەکەی خۆم کردو وتم: ئەگەر لەگەل کرێکارەکانی دامەزراوەکەی خۆمان تەقەللا بدەین لەوانەیە کەموکورییەکانی نەهێلین و چاپی رۆژنامەکە مومکینە، بەلام ئەبێ زەحمەتی زۆر بکێشین تا کەرەستەی پێویست ئامادە ببێ. لێرەدا قیافەتی شێخ عەبدوللا گۆڕاو وەلامی نەدایەوە. هەرچەندە ئەو بەلێنی ئەدا کەهەقدەستی کرێکارەکان و کارەکەرانی رۆژنامەکە بدا، بەلام نە دەکرا لەو رۆژانەدا بڕوا بەقسەی کورد بکەی. لەبەرئەوەی یاخی بون لەفەرمانی سمکۆ لەو هەلومەرجەدا یاری کردن بو بەگیان، پاش دو سێ رۆژ هەلاتم...))[٤٧]

دوای راکردنی ئاغای تەمەدن، دیارە سمکۆ هەر سور بوە لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامە. هەمان نوسەر لەسەری ئەڕوا:

((تابلۆی چاپخانەی تەمەدنیان لابرد بو، لەجێگەی ئەو تابلۆی چاپخانەی غیرەتیان لێ دانا بو. ڕۆژنامەیەکیان بەزمانی فارسی‌و کوردی بڵاوکردبوەوە. تەنیا بەناوی ڕۆژنامەی هەفتەیی کورد لەژێر ناوی((ڕۆژی کورد-شەوی عەجەم))کەدوایی تر بەناوی((ڕۆژی کورد))و دوایی‌تر تەنیا بەناوی((کورد))بڵاوی‌کردبوەوە.

ژمارەی یەکەمی لە١٢ی مانگی شەوالی ١٣٤٠دا بەمودیری محەمەد تورجانی بڵاوکراوەتەوە))[٤٨]

مامۆستا سەجادی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە نوسیوێتی: ((کورد))ڕۆژنامەیەکی کوردی‌و زمانی حاڵی سمایل ئاغای سمکۆ بوە، لە١٩٢١ لەشاری ورمێ دەرچوە، تەنها سێ چوار ژمارەی لێ دەرچوە لەوە دوا پەکی کەوت[٤٩].

لەم ڕۆژنامانەی تەمەدن باسیان ئەکا، تا ئێستا هیچ کامیان نەدۆزراونەتەوە کەبێگومان نرخێکی مێژوییان هەیە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنی باری سەرنجی سمکۆو هەواڵ‌و ڕوداوەکانی ئەودەم.

٢/٤ سمکۆ لەهەفتەنامەی((بانگی کوردستان))دا

سمکۆ لەکوردستان وەکو قارەمانی نەتەوەی کورد سەیری ئەکرا. هەفتەنامەی کوردی- فارسی-تورکی((بانگی کوردستان))لەلایەن((جەمعییەتی کوردستان))ەوە لەو سەردەمەدا لەسلێمانی دەرئەچو. خاوەنی ئیمتیازو بەرپرس‌و سەرنوسەری حاجی مستەفا پاشای یاملکی‌و، نوسەری بەشی کوردی‌و فارسی عەلی باپیر ئاغاو شێخ نوری شێخ ساڵح‌و نوسەری تورکی ڕەفیق حلمی بو.

لەزۆری ژمارەکانی((بانگی کوردستان))دا هەواڵ، دەنگوباسی شەڕ، شیعر، وتارو لێدوانی بۆ پشتیوانی لەسمکۆ نوسیوە.

لەژمارەی ١ی ڕۆژی ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٢دا بەفارسی نوسیوێتی:

((لەبابەت تێکشکانی کوردەوە لەدەوری خۆی لەجەریدەکانی ئێراندا چەند دێڕێ بەرچاو کەوت. نوسینەکانی ئەو جەریدانەمان پێ ڕاست نەبو، بەپێی بیستراوەکانی ئەم دواییە نابێ بەو شائیعاتی ئێرانیە باوەڕ بکرێ. بۆ بەرهەڵستی ئێران ئیسماعیل خان(سمکۆ)هێزی کافی هەیە. لەژمارەی داهاتودا درێژییەکەی ئەنوسرێ))

لەژمارەی ٢ی ڕۆژی ١٤ی ئاغستوسی ١٩٢٢دا هەر بەفارسی چەند هەواڵێکی لەڕۆژنامەکانی ئێران وەرگرتوەو وەڵامی داوەتەوەو وتارێکی درێژی لەسەر

پێشینەی مێژویی باوباپیرانی سمکۆو هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش نوسیوە. لێرەدا هەندێکی رائەگوێزین:

ئێران ٣ی ذی القعده ١٣٤٠: راپۆرتی تەلگرافی خۆی هەواڵ ئەدا بەپێی ئەو دەنگوباسانەی گەیشتون بەیانی ٥ی سرطان: ٢٦ی جونی ١٩٢٢ لەشکری کورد هێرشی بردۆتە سەر گوندی رەزال. شەڕێکی قورس بو. سەرەنجام کوردەکان شکان‌و چەند کەسێکیان کوژراون‌و بریندار بون. عەلی نەقی خان یاوەری فەوجی نۆهەمی خوی‌و دو سەرباز زامار بون.

ئێران ٧ی ذی القعدە: بەپێی راپۆرتی گەیشتو لەحەوتەمی سرطاندا هێزەکانی خوی لەگەڵ ئەشراری دەوروبەری ئەوێ تێک هەڵچون. سەرکەوتن بۆ هێزەکانی دەوڵەتی بوە.

ئێران ٩ی ذی القعده بەپێی هەواڵی تەلگرافی کە لەئازەربایجانەوە گەیشتوە. لەم دواییەدا لەدەوروبەری خوی چێکادانێ لەگەڵ کورد روی داوە. لەئەنجامدا ٢٨ کەس لەکوردەکان بەجۆرەی خوارێ کوژراون.

٢ ئەرمەنی، ٦ عەسکەر، ٢٠ کورد، ٢٨ سەر ئەسپ‌و محەمەد ئاغا ناو کە لەبەهادورانی ئیسماعیل ئاغاو سەرۆکی ئەم ٦٠٠سوارە بوە کوژراوە. زیان ٨ بریندا.

بانگی کوردستان:

ئەوەندە بڕوای بەم روداوانە نیە، لەم زەمانەدا بونی ئەرمەنی لەناو لەشکری کوردا دورە. روداوی بۆمبایە واتە نارنجۆکی کە بەفێڵ‌و بەنزمی لەتاریخی شەعبانی ٣٣٧ی هیجری لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بۆ(چاری)بۆ ئیسماعیل خانیان نارد بو بەئەرمەنیەکاندا رەوانەیان کرد بو.

ئیتر کوردانی شوکاك چۆن بەچ مەرجێ لەگەڵ ئەرمەن پێك هاتون.

ئەمە بۆ ئێمە نەزانراوە. مەبەست لەعەسکەر چیە ئەوەش خەیاڵە.

مەسەلەی بۆمبا(نارنجۆك)کەبو بەهۆی ئەم جیاوازیی‌و ناکۆکیە خوێناریە لەنێوان کوردو عەجەمداو ئێستا بەوپەڕی توندوتیژییەوە درێژە ئەکێشێ بەجۆرەیە..))

بانگی کوردستان بەدرێژی داستانی بنەماڵەی سمکۆو چۆن کاربەدەستانی ئێرانی ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی، عەلی باپیری‌و جەوهەر ئاغای برایان بەفێڵ کوشتوەو، محەمەد ئاغای باوکی بەدورخراوەیی لەمرودس مردوە، نوسیوە، لەبەر درێژی وتار پاشماوەکەی لەژمارەی داهاتودا تەواو کردوە. لەوێدا روداوی ناردنی بۆمباو تەقینەوەی بەدرێژی ئەگێڕێتەوە.

لەژمارەی ٤ی رۆژی ٢٨ی ئاغستوسی ١٩٢٢دا لەژێر سەرناوی((سمکۆ)دا نوسیویتی:

((سمکۆ وەکو خەبەرمان زانیوە لەئەترافی (شەرەفخانە)لەسەر رێی تەورێز لەساحیلی شیمالی گۆلی ورمێ، لەشکری سمکۆ لەگەڵ لەشکری عەجەم شەرێکی بەشیددەتیان بوە. کوردان غالیبو عەجەم وەکو پێشو هەر مەغلوبن)).

لەژمارەی ٥ی رۆژی ٤ی ئەیلولی ١٩٢٢دا لەژێر سەرناوی((سمکۆو عەجەم))نوسیویتی:

((بینا لەئەخباری ئستەمول غەزەتەی ئەلرافدان نوسیویە کە لەشکری سمکۆ داخلی تەورێز بوە. وەزارەتی تەهران لەخەوفا تەلەبی موعاوەنەتو ئیمدادی لەفیرقەی یازدەهەمی بولشەویك(روسیە)کردوە.

((سەبا هەڵسە دەخیلت بم برۆ چارێ لای سمکۆ
((بلێ تاوی بدا ئەسپی هەتا تەبرێزو قافلانکۆ
((هەمو کرمانجو کرماشان بەئاواتن بەجانو دڵ
((سنە حازر هەمو خەڵقی دەڵێن: بێ لەشکری سمکۆ!))

لەژمارەی ٦ی رۆژی ١٨ی ئەیلولی ١٩٢٢دا لەژێر سەرناوی((دیسان سەردار نصرت:(سمکۆ)ئیسماعیل خان)) نوسیویتی:

بینا بەئەخبارێکی تازە کە لەبانە وەرگیراوە جەنابی ئیسماعیل خان(سمکۆ)لەپاش ئەمە کەمەقەرِی خۆی یەعنی(چاری)تەرکو تەحەسونی بەمەوقیعی مەنیعی شاخانی سۆمایو لەشکرێکی عەجەمی بێشومار چاریو ئەترافیان هەمو ئیستیلاو یەغما کرد. سمکۆ چەند رۆژێ ئەم ئەحواڵەی سەیرو تەماشاو بەم وەسیلەوە عەجەمەکانی ئیغفالو تەداروگاتی خۆیشی ئیکمال دەکرد. لەپاش ئەم استحضاراتە شەوێك بەسەر لەشکری عەجەمدا شەبەیخونێکی ماهیرانەی کردو بەروایەتێکی مەوسوقە قەریب پێنج هەزار تەلەفیاتو برینداری بەئۆردوی عەجەمدا و لەپاش ئەمەیش بۆ ئەتراف تەصمیمی نوسی کەحەسیەلئینسانیە هەرکەسو هەر عەشیرەتێکی کورد بەقەدەری ئیمکانی خۆی بۆ کفنو دفنی ئەو عەجەمانە موعاوەنەتی نەقدییەی تەلەب کرد.. لەسەر ئەم غالبیەتەش دیسان جەنابی سمکۆ عەودەتی بۆ چاری موناسیب نەدیوەو لەگەڵ تەرتیباتێکی مەخسوسەی خۆی مەشغوڵە. بزانین تا ئەم حەملەی دوەمە بۆ کوێیە. وەلحاسل جەنابی سمکۆ دیسان غالیبە. ئێمە زاتەن تا ئێستا بەمەغلوبیەتی ئەو چونکە بەراستی باوەڕمان نەکرد بو هەر بەحسی غالیبەتی ئەومان دەنوسی. ئینشائەڵڵا هیچ کوردێ لەسەر حەق مەغلوب نابێو لەخودا تەمەننا دەکەین کەئەم

ئیختیلاف‌و مونازەعاتە لەبەینی کوردان یەعنی قەومی پەهلەوی‌و عەجەم دایە بەزوریی موبەدەلی خێر ببێ تا لەهەردو تەرەف نەوعی یەتی بەشەرو موسلمانان ئیتر زەرەر دیدە نەبن. چونکە کورد بۆ ئێمە چەند مەتلوبە دۆستیی هەمو ئێران‌و عەجەمان کەخاندانی موحتەرەم مونەوەرانی بەقیمەتی زۆرەو بۆ ئێمە ئەوەندە بەقیمەت‌و پێویستە.

بەشارەت بێ دەڵێن سمکۆ هجومی کردە سەر ئێران
بلاوەی کرد عەجەم، تێك چون، وەکو رێوی لەبەر شێران
شەبەیخونێکی مەردانە شوکاك‌و هەرکییان کردی
بلندی کرد بحمدالله کولاهو تەپلەی کوردان
دەسا کوردان فیداتان بم هەمو هەڵسن بەیەکجارە
نەتیجەی ئەم شەرە خێرە، کەئیستیقلالە بۆ کوردان))

لەژمارەی ٨ی رۆژی ٢٩ی ئەیلولی ١٩٢٢دا لەژێر سەر ناوی سمکۆ))دا نوسیویەتی:

((بینا لەکاغەزێك کە لەبانەوە هاتوە جەنابی سمکۆ هەتا ئێستا دو دەفعە لەگەڵ عەسکەری عەجەم موسادەمەی واقیع بوەو هەردو دەفعەکە تەلەفیاتێکی زۆری لەعەجەمەکان داوە، بەموفەقییەت گەڕاوەتەوە بۆ چاری))

لەژمارەی ٩ی رۆژی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا لەژێر سەرناوی(ئیسماعیل خانی سمکۆ نوسیویەتی:

((مودەیێ کە لەتەرەف ئیسماعیل خانەوە هیچ خەبەری نەبو، دوێنێ لەبانەوە خەبەری هاتوە کەسەردار نصرت(سمکۆ)لەپاش ئەمە کەچاری(مەقەڕی قەدیمی خۆیان)لەعەجەمان بەزۆر گرتەوە. لەشکری مظفری شوکاکانی بۆ تەرەفی سەلماس رەوانە کردو دیلمان کەمەرکەزی مەحاڵی(قەزا)ی سەلماسە لەدوژمنانی خۆی پاك‌و ئیستیرداد کردوە. خودا کوردان لەسەر حەق لەهەمو جێگایەك غالب بکاو بەمەئمورانی مەغروری عەجەمانی دۆستمانیش ئینساف‌و فەهمێکی با سیاسەت بدا تائەم خوێن رژاندنە لەبەینی دوفیرقەی ئیسلامدا تەواو ببێ.

بکێشە خەنجەرت سمکۆ بدە نەعرە هەتا توران
سەلامی کە لەشاە رای(؟)کەیارە بۆ هەمو کوردان
نیهایەت دە بە قاجاران کەجای قاجار لەتورانە
وەلی جای پەهلەوی‌و فورسان تەواوی مولکی ئێرانە
دەسا دیبوکرییان هەڵسن لەگەڵ مەنگوڕ بەئازانە
ببەستن رێی فیرار(؟) ئەسیری کەن بەمەردانە.

لەژمارە ١٠ی رۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣دا لەژێر سەرناوی سمکۆ سەردار نصرت ئیسماعیل خان))دا نوسیوێتی:

((لەمینە ئاغا کەرەئیسی عەشیرەتی گەورکی تەرەفی سەقزەو خۆی ئێستاکە لەدێی کەندە سورەی تابیعی بانەیە ریوایەت دەکەن جەنابی سمکۆ(ئیسماعیل خان سەردار نصرت)ئەز سەرنو شەهری ورمێی ئیستیلاو ئیستیرداد کردوەو عەشایەری کوردانی ئەو تەرەفانە حەتتا گەلیاغیو سائیرەی جیهەتی سەقزو چوار سینەیش بۆ موعاوەنەتی سمکۆ بیلعومومم حازرنو حکومەتی ئێرانیش ئەم جارە لەهیمەتو سەباتی کوردان تێ گەیشتوەو بو بەموناکەرە رێککەوتن خەبەری بۆ سمکۆ ناردوە. مەعلوم دەبێ کەخەبەری خێری تەشەکولی حکومەتی موستەقیلەی کوردستان لەسلێمانیدا دەماری حەسییەتو غیرەتی کوردانی هێناوەتە حەرەکەت.

دەسا کوردان بەقوربانتان هەمو یەك بن وەکو شێران
وەها بن تا خودا بیکا لەزولمی دائیمی ئێران[50]

٥- پێکهێنانی((ئەرتەش))ی نوێی ئێران

رۆژی ٣ی ئەسفەند ماهی ١٣٩٩ی خورشیدی رەزا خان بەکودەتایەکی سوپایی دەستی گرت بەسەر حکومەتی ئێراندا. خۆی بوە سەرداری سوپاو وەزیری جەنگو دەسەلاتداری یەکەمی ناو دەوڵەتی ئێران. رەزا خان لەپێش هەمو شتێکا نوێ کردنەوەو رێکخستنەوەی هێزە چەکدارەکانی کردە ئەرکی سەرەکی بەرنامەی کارەکانی. هێزە چەکدارەکانی ئێران لەو سەردەمەدا ناوی جیاوازیان هەبو. لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرانی بێگانەدا بون:

-بریگادی قازاق، لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرانی روسیدا بو
-ژاندارمەری لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرانی ئینگلیزیدا بو
-پۆلیسی جنوب لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرانی ئینگلیزیدا بو

ئەم هێزانە لەناو خۆیاندا ناکۆك بون. هەندێ جار ئەچون بەگژ یەکا. جلوبەرگو پلەیان لەیەك نەئەچو. جاری واهەبو بە٨ مانگ ١جار موچەیان ئەدرایە. موچەی ئەوانە بەزۆری لەلایەن ئەفسەرەکانیانەوە ئەخورا. هێزە چەکدارەکانی ئێران خۆیان بەخەڵك ئەژیاندو زۆڵموزۆریان لێ ئەکردن.

١/٥ ئەرتەشی نوێ

رەزاخان ، سەرداری سوپا، لەرۆژی ١٤ی قەوسی ١٣٠٠دا بناغەی((ئەرتەشی))ی یەکگرتوی ئێرانی دانا. لەروی ناوو جۆری رێکخستنو سەرکردایەتییەوە پەکی خستو، ئەفسەرانی بێگانەی لێ دورخستەوەو ئەفسەرانی

ئێرانی لەجێگە دانان. ڕێکخراوەکانی((ئەرتەشی شاهنشاهی ئێران))ی لەئوستانە جیاوازەکانی ئێراندا بەم جۆرە سازدا:

لەشکری ١ی تاران

بەفەرماندەیی ڕاستەوخۆی سەرداری سوپا، ڕەزاخان

سەرۆکایەتی ستادی سپێردرا بو بەسەرهەنگ ٢ ئیسماعیل شفائی

ڕێکخراوەکانی بریتی بو لە:

١-تیپی تیرئەندازی گارد

٢-تیپی تیرئەندازی عیاق

٣-تیپی سواری گارد

٤-تیپی تۆپخانە

٥-بەشی سەربەخۆیی گەیلان، تەنگابون، مازندەران

لەشکری ٢ی شیمالغەرب لەتەورێز

بەفەرماندەیی سەر لەشکر ئیسماعیل فضلی

سەرۆکایەتی ستادی سپێردرا بو بەمحەمەد حسێن میرزا فیروز

ڕێکخراوەکانی بریتی بو لە:

١-بریگادی تێکەڵاوی قازاق

٢-تیپی تێکەڵاو(ئاتریاد)ی ئەردەبیل

٣-هەنگی ژاندارمری تەورێز

٤-بەتالیۆنی سەربەخۆی ژاندارمری زەنجان

لەشکری ٣ی خوراسان لەمەشهەد

بەفەرماندەیی سەرلەشکر حسێن خزاعی

سەرۆکایەتی ستادی سپێردرا بو بەسەرهەنگ ٢ محەمەد حسێن میرزا جهانبانی

ڕێکخراوەکانی بریتی بو لە:

١-بەشی تێکەڵاو(ئاتریاد) قازاقی خۆراسان

٢-هەنگی ١٠ی ژاندارمری ئستراباد

٣-هەنگی سەربازی سدەو هەنگی سەربازی قاین‌و بەشی تۆپخانەی سیستان

لەشکری ٤ی ئەسفەهان

بەفەرماندەیی سەرلەشکر محەمەد ئایرم

سەرۆکایەتی ستدای سپێردرا بو بەسەرهەنگ حەیدەرقلی پسیان

ڕێکخراوەکانی بریتی بو لە:

١-بەشی تێکەڵاو(ئاتریاد)ی قازاقی ئەسفەهان

٢-هەنگی ژاندارمری ئەسفەهان
٣-بەتالیۆنی سەربەخۆی کاشان
لەشکری ٥ی هەمەدان
بەفەرماندەیی سەرلەشکر ئەحمەد ئەمیر ئەحمەدی
سەرۆکایەتی ستادی سپێردرا بو بەسەرهەنگ عەبدولرەزاق افخمی
رێکخراوەکانی بریتی بو لە:
١-ئاتریادی هەمەدان، ئاتریادی بروجرد
٢-هەنگی ١١ی ژاندارمی کوردستان
٣-هەنگی ١٢ی ژاندارمی کرماشان
٤-هەنگی ٧ی ژاندارمی عیراق
٥-هەنگی ٨ی ژاندارمی بروجرد[٥١]

ژاندارم، قازاق، سەرباز لەژێر ناوی نیزام یەکخران. جلوبەرگیان وەکو یەکی لێ کرا. رەزا خان خۆی گرنگییەکی تایبەتی ئەدا بە ئەرتەش‌و ئەفسەرەکانی، بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی، دەسەلاتێکی نائاسایی‌دا بو بەوان بۆ سەرکوت کردنی خەلك‌و دامەزراندنی دەسەلاتی ناوەندیی دەولەت، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا لەچەند شوێنی گرنگی ئێراندا پشێوی‌و هەلگەرانەوەی چەکدار هەبو، کەیەکێکیان بزوتنەوەکەی سمکۆ بو لەناوچەی ورمێ‌و لەمەلبەندی موکریان.

٢/٥ لاوازییەکانی سمکۆ

ماوەی چەند سالێکی خایاند تا حکومەتی ناوەندی ئێران خۆی گرتەوە هەندێ لەلاوازییەکانی چارە کرد. سمکۆ نەی توانی کەلك لەو کات‌و لاوازیە وەربگرێ.
سمکۆ هەیئەتێکی ئەرکانی جەنگیی نەبو، رێکخراوێکی سیاسی یا ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی‌ی نەبو، هەروەها ستراتیجێکی جەنگیی- سیاسی دیاری کراوی نەبو. هێزەکانی لەچەکداری هۆزەکان پێك هات بو نارێکوپێك‌و مەشق نەدیو بون. شارەزای شەری نیزامی نەبون‌و بۆ بەرهەلستی سوپای نیزامی رانەهێنرا بون. نەیان ئەتوانی بەباشی‌و رێکوپێکی ناوچە رزگار کراوەکان بەرێوە ببەن‌و نەیان ئەتوانی پارێزگاری جەنگیی ناوچەو شارەکان بکەن لەبەردەمی هێزی ئێرانی‌دا.
دوای رزگارکردنی شارەکانی ورمێ‌و سەلماس‌و سابلاخ جولانەوەکە توشی جۆرێ لەراوەستان بو نە تەنییەوە بۆ ئوستانە کوردنشینە گرنگەکانی کوردستان‌و کرماشان‌و ئیلام. هەندێ لەسەرۆکی هۆزەکانی ئەو شوێنانە هاودەردی‌و هاوکاری

زۆرتریان لەگەڵ شێخ محمود دەرنەبڕیو نەچونە پاڵ سمکۆ. جولانەوەکە لەناوچەیەکی جوگرافی تەسکی کەم بایەخی ستراتیجی ئێران قەتیس ما.

هێزەکانی سمکۆ لەزۆری شەڕەکانیدا هەندێ سەرکەوتنی بەدەس هێنابو. بەڵکو جەزرەبەی کاریگەری لەهێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران سرەواند بو[52] بەڵام هێزەکانی سمکۆ لەچەکداری ئێلاتی کورد پێك هات بون. هەرچەندە ئێرانییەکان بۆ پاساودانی تێکشکانەکانی خۆیان ئەڵێن ئەفسەرانی تورك لەناو هێزەکەیدا بون بەڵام راستییەکەی هیچ پسپۆڕێکی بێگانەی تورك یا نەتورك لەهێزەکانی سمکۆدا نەبو. ئەم هێزانە نە سەرکردایەتییەکی شارەزای هەبو بەڕێوەی ببات و نەهەینەتێکی ئەرکانی هەبو بەشێوەیەکی نوێ رێکی بخاو، پلانی خۆپاراستنو بەرەنگاریو هێرشی بۆ دابنێ. تەنانەت ئەو ئەفسەرە کوردانەی ((جەمعیەتی کوردستان))ناردنی بۆ هاوکاریی لەگەڵ سمکۆ هێشتا لەسەقز بون. نەگەیشت بونە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی ئەو، هەواڵی شکانی سمکۆو سەرکەوتنی ئەرتەشی ئێرانیان بیستو بەدڵشکاوی گەڕانەوە[53] ئەگەرچی لەو کاتەدا توانای ئەوە هەبو، چەندین ئەفسەری لێوەشاوەو خاوەن تەجروبەی کورد کەپێشتر لەناو ئۆردوی عوسمانیدا فێر بوبون، ئامادە بون هاوکاری سمکۆ بکەنو لەریزی هێزەکانی ئەوا بەدڵسۆزی کاربکەن. سمکۆ کەڵکی لەوانە وەرنەگرت، لەسەرشێوەی کونینەی عەشایەری هێزەکەی بەڕێوە ئەبردو هەمویان فەرمانیان لەخۆی وەرئەگرتو راستەوخۆ بەسترابون بەخۆیەوە. بۆیە چارەنوسی بزوتنەوەکەش بەند بو بەچارەنوسی سمکۆ خۆیەوە.

سمکۆ کەڵکی لەکاتی لاوازیی ئێران وەرنەگرت بۆ پێکهێنانی لەشکرێکی رێکوپێك و دروست کردنی رێکخراوێکی سیاسیو کۆکردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵكو دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەوتۆ لەکوردستاندا کەماف و ئاسایشی سەرو سامانی خەڵك دابین بکا. لەو کاتەدا ئێران بەتەنگوچەڵەمەیەکی قوڵدا تێ ئەپەڕی لەچەند شوێنی جیاجیایدا هەڵگەڕانەوەی چەکداری دژی دەسەلاتی ناوەندی دەستی پێ کرد بو، سمکۆ لەگەڵ ئەوانەش نەی توانی پێوەندی هاوکاریو هاودەنگی دامەزرێنێ. لەبەرئەوە زەمینەی ناوەکی تێکشکانی بزوتنەوەکەی تا ئەهات تەخت تر ئەبو. حکومەتی ئێران پاش خۆگرتنەوەی بەچەند هێرشێکی یەك لەدوای یەك توانی هەمو ناوچە ئازاد کراوەکانیان لێ بسێنێتەوە، بزوتنەوەکە بە تەواوی تێك بشکێنێ.

رەزاخان کەڵکی لەناڕێکوپێکیو لەیەك دابڕاوی جولانەوەکانی ناو ئێران وەرگرت بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی خۆیو پێکهێنانی ئەرتەشێکی نوێو

چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی حکومەتی ئێران و تێکشکاندنی هەمو بزوتنەوە دیموکراتی و ئازادیخوازەکانی ئێران.

٣/٥ لەشکرکێشی یەکەمی ئەرتەش

ئیسماعیل ئاغای ئەمیر فضلی دانرا بەفەرماندەی لەشکری شیمالغەرب.

بۆ بەهێزکردن و پشتیوانی لەکارەکانی ئەم لەشکرە ٤ هەزار چریکی کوردو ئازەری بەسەرکردایەتی خالۆ قوربان و هەندێ قازاخ لەمیاندواو کۆکرابوەوە.

خالۆ قوربان کوردی کرماشان و یەکێ لەهاوکارە نزیکەکانی میرزا کوچک خانی جەنگەلی و، وەزیری جەنگی حکومەتی جەنگەڵ بو، دوای خۆبەدەستەوەدانی هێزێکی چریکی عەشایەری پێك هێنا بو شان بەشانی ژاندارم و قازاخی ئێران بەشداری ئەکرد لەسەرکوت کردنی جوڵانەوەکانی دژی دەوڵەتدا.

سەرۆکی ستادی ئەم هێزە سەرهەنگ روح الله کیکاوسی بو(پێشان نازناوی جهانبانی بو)کیکاوسی ئەبو جوڵانی جەنگیی هێزی چریك لەگەڵ فەرمانەکانی سەرکردەی گشتی عملیاتدا بگونجێنێ.

هێزەکانی تەورێز لەبەندەری کمارلو، سوارەکانی ظفرالدولە لەخوی، هێزەکانی چریك لەمیاندواو مۆڵ درا بون.

لەتارانەوە سەرتیپ حبیب اللە شیبانی بۆ پشکنین و سەرپەرشتی گشتی عەمەلیاتەکە نێردرا.

هێزەکەی خالۆ قوربان ئەبو خەتی نێوان موکریان و ورمێ بگرێ بۆ ئەوەی هێزەکانی کورد لەو دو شوێنە لەیەك دابڕێ.

هەر ٣ هێز ئەبو پێکەوە هەریەکەیان لەقۆڵی خۆیەوە پێشڕەوی بکا بۆ سەر بارەگای سمکۆ.

هاوزەمان لەگەڵ خۆئامادەکردن بۆ ئەم لەشکرکێشییە سەرهەنگی ژاندارم لاهوتی لەتەورێز یاخی بو. لاهوتی کوردی کرماشان بو. سەردەمێ حوکمی ئیعدامی درا بو. لەسەر ئەوە هەڵات بو بۆ ئەستەمول و ماوەیەك لەوێ بو. تێکەڵاوی ئازادیخوازانی کوردو تورك ببو. پاشان حکومەتی ئێران لێی خۆش بو، بەپلەی سەرهەنگی گەڕایەوە ناو ژاندارمی ئێران. یەکەمین هەلی کەبۆ هەڵ کەوت، تەورێزی گرتە دەست، بەتەما بو بچێتە سەر تاران. شیبانی بۆ سەرکوت کردنی لاهوتی هەندێ لەهێزەکانی گێڕایەوە بۆ تەورێز. جوڵانەوەکەی لاهوتی زۆر زو سەرکوت کرا. لەم کاتەدا هێزی کورد پەلاماری هێزەکانی خالۆ قوربانیدا. لەبەرزاییەکانی ئیندرقاش لای بۆکان بو بەشەڕ. خالۆ قوربانی سەرکردەی چریکەکانی کوژرا. هێزەکە بەکوژرانی سەرکردەکەیان ورەیان بەرداو ریزەکانیان

تێك چو. بەتێکشکاوی بڵاوەیان لێ کرد. سەرهەنگ کیکاوسی، سەرهەنگ شهاب بهادرالسلطنەو ئەفسەرەکانی تری لەگەڵ خالۆ قوربان بون نەیان توانی هێزەکە رێك بخەنەوە. ئەوانیش خۆیانو قازاخەکانیان دەرباز کرد.
ژمارەی دوەمی رۆژنامەی ((کورد))ی زەمانی بزوتنەوەکەی سمکۆ بەزمانی فارسی ریپۆرتاجێکی لەسەر ئەم شەڕە نوسیوە. ئاغای تەمدن لەکتێبەکەیدا وەکو خۆی رای گوێزاوە. وەکو بەڵگەیەکی مێژویی لێرەدا کوردییەکەی ئەنوسینەوە.
((هەواڵنێری ئێمە ئەنوسی:
کوژرانی خالۆ قوربانو شکانی ئۆردوەکەی بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەرێز رون ئەکەمەوە. رۆژی ٢٨ی مانگی رەمەزانی ١٣٤٠ی قەمەری لەکاتێکا ئۆردوی کورد لەژێر فەرماندەیی سەید تەها ئەفەندیدا لەدەوروبەری گوندی قزلوی خاکی ئەفشار پەلاماری سایین قەڵای دابو هەواڵی هێرشی ئۆردوی خالۆ قوربان لەمیاندواوە بۆ شارویرانو سابڵاخ لەلایەن دو سواری ئاغای سەرداری موکرییەوە هات دەسبەجێ روی کردە سابڵاخ. شەوی ٢٩ی رەمەزان لەبۆکان مایەوە سبەی بەیانییەکەی زو جولاّ و دو سەعاتی مابو بۆ رۆژئاوا لەنزیك گوندی درمان. سەرانی عەشایەر لەگەڵ سەید تەها ئەفەندی بۆ گفتوگۆو راوێژ کۆبونەوەو پلانی پەلاماردانی ئۆردوەکەی خالۆ قوربانیان بەمجۆرە دانا:
جیهانگیر بەگ(لەئیلی هەرکی)ئەسکەندەر خان(خەڵکی برادۆست)حەمزە ئاغا(لەئیلی مامەش)و ئەمیر ئەسعەد دیبوکریو سالار سەعید لەخەتی لاچین، لەکاتی ئاوابونی خۆردا لەهەر ٣ لاوە لەکاتێکی دیاری کراودا دەس بکەن بەهێرشو دەسرێژ.
امیر العشائرو امیر اسعدو سالار سەعید لەبەیانی ٢٩ی رەمەزان لەبەرزاییەکانی کێوی زاوابوکەوە هەڵیان کوتایە سەر تاقمێ لەهێزەکانی خالۆ قوربان کە لەسەرگردی دوشان مەجید لەناو سەنگەردا خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردبو. لەهەردولاوە بو بەشەڕ. سوارانی کورد نەیان هێشت شەڕ درێژە بکێشێ رژانە ناو سەنگەرەکانی عەجەمەکانەوە. ئەوانەیان بەلولەی تفەنگ دەرکردو راو نا. هەندێکیان دیلو هەندێکیان کوژرانو هەندێکیشیان رایان کرد بۆ گوندی ئەگریقاش بۆلای خالۆ قوربان. سوارەکانی امیر العشائر حاجی سطوە السلطنەی حوکمرانی سابڵاخیان بەدیل گرتو سوارەکانی امیر اسعدیش یەك عەرادە مەترەلۆزیان دەسکەوت بو. ئەسپو قاترو تفەنگێکی زۆر لەکاتی هێرشەکەدا گیرابو.

امیر العشائرو سالار سەعید پاش تەواوکردنی کوشتنو بەدیل گرتنی تاقمەکەی دوشان مەجید تاقمی سواریان بۆ راونانی راکردوەکان ناردو خۆیان هەڵیان کوتایە سەر تاقمێکی تری هێزەکانی خالۆ قوربان کە لەسەر کێوی غەزالی بون، ئەوانەش دوای تێکهەڵچونێکی کەم شوێنەکەیان چۆڵ کردو هەڵاتن. لەوانەش هەندێکیان کوژراو دیل کراو ئەسپو تفەنگێکی زۆر گیرا.

سوارەکانی سالار سەعید لەوێدا عەرادەیەك مەترەلۆزیان گرت. هەر کەراکردوانی ئەم دو شوێنە بەم داماویو لێقەوماویە گەیشتنەوە ئاگریقاش، ئۆردوەکەی خالۆ قوربان ترسانو دەستیان کرد بەراکردن.

لەوکاتەدا ئاغایانی مەنگوڕو هەرکیو زەرزا شالاویان بۆ بردن لەپێکدانەکەدا خالۆ قوربان لەگەڵ ژمارەیەك خاوەن پایەو خەڵکی تر کوژرانو ژمارەیەکی زۆریشیان بەدیل گیران. تاقمەکەی سەید تەها ئەفەندی ٣ عەرادە تۆپو سوارەکانی مەنگوڕ ١ عەرادەو سوارەکانی هەرکی ١ عەرادە مەترەلۆزو تفەنگو کەلوپەلێکی زۆرو ٢ عەرادە تۆپی گەورەیان دەسکەوت. خالۆ قوربان بەگێڕانەوەیەك سوارەی ئەحمەد کلالی ئاغای مەنگوڕو بەگێڕانەوەیەکی تر ئەحمەد خانی هەرکی کوشتویانە.

راکردوانی ئۆردوی خالۆ قوربان زۆریان گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیانو تاقمێکی دوسەد کەسیشیان چونەتە تەورێزو کۆلۆنێل نصراللە خان سەرۆکی ئۆردوی ژاندارمەری کە لەساین قەڵاوە پەلاماری موکری دابو، بە تەواوی لەم روداوانە بێ ئاگاو بەوپەڕی مەغروریەوە روی کرد بوە بۆکانو بەتەما بو بداتە پاڵ خالۆ قوربان.

امیر اسعد لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵ دەسبەجێ خۆی گەیاندە میاوای لای بۆکانو کۆلۆنێلیش چو بوە ناو بۆکانەوە، هەر کەهەواڵی کوشتنی خالۆ قوربانو راکردنی ئۆردوەکەی ئەبیستێ، بۆکان بەجێ ئەهێڵێو ئەڕوا بۆ لای ساین قەڵا.

سوارانی بەگزادەو سەرداری موکری کەوتنە دویانو سوارەکانی امیر اسعدیو هەمو ئاغایانی دیبوکریش گەیشتنە یارمەتی سوارانی موکریو بەگزادە، ئۆردوی ژاندارمەریان لەکێوەکەی پشتی گوندی ئالبلاخ گەمارۆدا، ژمارەیەکی

زۆریان لێ کوشتن‌و دیل کردو دەسکەوتێکی زۆریان گرت. لەو پەلامارەدا سولتان عبدالحمیدخان، ئەفسەری ژاندارمری، کوژراو کۆلۆنێل لەگەڵ پاشماوەی هێزەکەی بەشەو لەکێوەکە هات بوە خواری‌و لەکوێرە رێگاوە رای کرد.

ئاغایانی بەگزادە، فیض‌الله بەگییش تۆپێکی گەورەیان گرت‌و ناردیان بۆ چەهریق. لەراستی‌دا تێکۆشان‌و تەقەلای گشت ئاغایانی موکری، بۆ بەجێهێنانی فەرمانی نەتەوەیی، شایانی رێز لێ نانە. انشاءالله بەناوی هەقناسییەوە لەو جەریدە ناوازەیەدا ئەنوسرێ. ع ش))[٥٤].

ئەم لەشکرکێشییە بەشکان‌و ریسوایی دوایی هات. بەڵام سەرکردایەتی ئەرتەشی نوێ تەجروبەو شارەزایی زیادی ئەکردو رێکخستنی نوێی خەریك بو ئەچەسپا.

٤/٥ دوایین لەشکرکێشی

تێکشکانی هێزی ئێران‌و درێژەکێشانی رووداوەکانی ئازەربایجان پەژارەیەکی زۆری لەتاران دروست کرد بو. رەزاخان پێویستی بەدەسکەوت‌و سەرکەوتن هەبو بۆ خۆی. سەرتیپ شیبانی کەسەرکەوتو نەبو لەکارە جەنگییەکانی‌دا دژی سمکۆ، کێشرایەوە بۆ تاران. سەرتیپ امان الله میرزای جهانبانی سەرۆکی ستادی ئەرتەش خۆی چوە ئازەربایجان، بو بەفەرماندەی گشتی هێزەکانی ئازەربایجان. دکتۆر مصدق لەو رۆژانەدا والی تەوریز بو. دەستی لەکار هەڵگرت. وەزارەتی کیشوەر کەسی کەی لەجێگەی ئەو دانەنا بەوالی. کاروباری ئیالەتی بەجهانبانی سپارد. بەجۆرە جهانبانی بەگوتەی ئێرانییان((دەسەڵاتی کیشوەری‌و لەشکری))پێ سپێردرا. کەوتە کۆکردنەوەو سازدانی هێزەکانی ئێران‌و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سمکۆو، دارشتنی پلانی پەلاماردانی.

١-دارشتنی پلانی هێرش

پاش ئەوەی جهانبانی زانیاری تەواوی لەجوگرافیای ناوچەکەو هێزەکانی سمکۆو چاری کۆکردەوە کەوتە دارشتنی پلانی هێرش. بەجۆرە فەرمانی دەرکرد:

١-هەمو ئەو هێزانەی لەتارانەوە هاتون جگە لەسوارە نیزام کە لەژێر فەرمانی ئەمیر لەشکر ئیسماعیل ئاغای امیر فضلی‌دا بو بەهۆکانی گوێزانەوەی دەریایی بەنهێنی‌و لەناکاو لەبەندەری دانالو بۆ بەندەری شەرەفخان بگوێزرێنەوەو لەوێ جێگیر بن. سوارە نیزامی هێزی ناوبراویش ئەبو بەزۆرترین کات لەوشکاییەوە خۆی بگەیەنێتەوە بەندەری شەرەفخان.

ب-بەزوترین کات هەمو هێزەکانی ئازەربایجان لەبەندەری شەرەفخان کۆببنەوە. هێزەکانی ئێران بەهۆی شەرەفخانەوە ئەی توانی دەس بەسەر کەناری رۆژهەڵاتی

گۆمی ورمێدا بگرێو لەوێوە بجولێ. هێزی کورد لەکەناری رۆژئاوای گۆمی ورمێدا بەندەرەکانی قوچیو گولماغانەی بەدەستەوە بو، بەهۆی نەبونی هۆی گواستنەوە نەی ئەتوانی کەلکی تەواویان لێ وەربگرێ لەنێوان هەردو بەندەریشدا بەرزایی ((سەنگی کاظم))بەدەست کوردەوە نەبو. بەدەست یاخییەکی عەجەمی بەناوبانگی ئەو ناوەوە بو.

هێزەکانی دەولەت بەهۆی گۆمی ورمێوە ئەیان توانی مناوەرەی خێرا بکەنو لەلای چەپو راستەوە بجولێنو لەهەر شوێنێکی کەناری رۆژئاوایدا، کە بەدەست کوردەوە بو، بیانەوێ دابەزن، بەم پێیە بریاریدا:

١-لەبەرئەوەی لەسەروی گۆمی ورمێدا دیوارێکی تەخت هەیە کەهەورازی قزل داغەو لەشارستانی سەلماس تەواو ئەبێ، وا دانرا ئەو هێزانەی لەبەندەری شەرەفخان کۆبونەتەوە بەدزە کردن لەدیواری تەختی سەرو لەبەرزاییەکانی قزل داغەوە راببورنو دوای گرتنی شارستانی سەلماس راستەوخۆ هێرش ببەنە سەر قەلای چەهریق. بۆ ئەمەش ئەبو لەوشوێنە دابەزن کەبەدەس کاظمی یاخییەوە بو.

٢-هێزی چریك کە بەناوی گوردانی مورادی ناوئەبراو لەپاشماوەی هێزەکەی خالۆ قوربان پێك هێنرا بو لەژێر سەرکردایەتی مراد خانی کوردا لەگەلّ هێزێکی پچوکی نیزامی لەژێر فەرمانی راستەوخۆی سەرهەنگ ابوالحسن خان پورزندا ئەبو لەکەناری رۆژئاوا لەبەندەری سەنگی کاظم دابەزن. فەرماندەی هەمو ئەم هێزە بەپورزند بو.

هێزەکانی دەولەت کە بەسەرکردایەتی سەرتیپ امان الله میرزای جهانبانی لەشەرەفخانە کۆبوبوەوە لەم بەشانە پێك هات بو:

١-ستادی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی ئازەربایجان

جهانبانی ویستی زۆرترین سود لەئەفسەرانی لاوو خوێندەوار وەربگرێ. سەرهەنگ سەیف الله شەهاب، سەرهەنگ روح الله میرزا، سەرهەنگ شاهرخ میرزا، سەرهەنگ ئەحمەد خان چارلسکی(دوایی ناوی گۆری بۆ ئەقسی)لەسەرۆکایەتی ستادی گشتی دانران. سەرهەنگ یوسف خانو سەروان مهینیش هەر لەوێ کاریان پێ سپێردرا.

٢-ستونی گارد، پێك هات بو لەهەنگی پیادەی پەهلەوی، هەنگی پیادەی رضاپور، یەك سواران سواری اکتشافی ١ ئاتەشباری روسی، ٤ عەرادە تۆپ بەسەرکردایەتی سەرتیپ فضل الله خانی زاهدی(ناوی پێشوی بصیر دیوان بو)

٣-ستونی شیمالغەرب پێك هات بو لە٢ هەنگی پیادەی لەشکری ئازەربایجان، ١ سوارانی اکتشاف ١ ئاتەشبار، ٤ عەرادەی روسی شاخی، بەسەرکردایەتی سەرتیپ حسێن مقدم.

٤-ستونی سوارە پێك هات بو لەهەنگی سواری لەشکری شیمالغەرب هەنگی سواری خاوەن چەکی قورسی مەرکەز، ١ ئاتەشباری شنایدەری صحرایی، ١ دەستە تۆپخانەی ابوخوفی صحرایی، بەسەرکردایەتی سەرهەنگ کریلائی عەلی خان نخچوان.

٥-شەڕکەرانی غەیرە نیزامی کەهەزار کەس بون بەسەرپەرشتی ئەفسەرانی ئەرمەنی.

٦-ئاتریادی هەمەدان بەسەرکردایەتی سەرهەنگ رضاخان کنهی بۆ احطیاط لەبەردەستی فەرماندەیی گشتیدا دانرابو.

٧-سەرهەنگ مەحمود خانی پولادین لەگەڵ هێزێکی بچوکی نیزامیو سواری چریكو ژاندارمەری، لەساخلوی نیزامی خوی بن.

هێزەکانی دەوڵەت بەهەموی بریتی بو لە٨ هەزار پیادەو ١ هەزار سوارەو ٥ هەزار چریكو ١ هەزار شەڕکەری غەیرە نیزامی کەتێکڕا ئەی کردە ١٥ هەزار کەس.

هێزی دەوڵەت بەبێ شەڕ لەسەنگی کاظم دابەزی. بەمەش جێگە پێیەکی گرنگی خۆیان لەناوچەکانی شۆڕشدا کردەوە. لەوێوە ئەیان توانی هێرش دەس پێ بکەن. کاظم هەمو تاقمەکەی خۆی بۆ چاوساغی ئەرتەش تەرخان کردو کوێرە رێگەکانی چەهریقیان پیشان دان.

فەرماندەی گشتی ((حوکمی عەمەلیاتی جەنگیی))بەمجۆرەی لای خوارێ بەهەمو سەرکردەکان راگەیاند.

ا-ستونی گارد: هەنگی پیادەی پەهلەوی، هەنگی پیادەی رضا پور، ١ سوارانی سوارەی اکتشاف، ١ ئاتەشبار ٤ ئەرابەی کوهستانی، لەژێر سەرکردایەتی فضل الله خانی زاهدی. ئەم هێزە ئەبو لەبەرزاییەکانی قزل داغو میشوداغ بەرەو قەڵای چەهریق پێشڕەوی بکەن.

ب-ستونی شیمالغەرب: هەنگی پیادەی لەشکری ئازەربایجان، ١ سۆران اکتشاف ١ ئاتەشبار، ٤٠کوهستانی، لەژێر سەرکردایەتی سەرتیپ حسێن مقدم. ئەبو لەبەرزاییەکانی شکریازی بەرەو قەڵای چەهریق پێشڕەوی بکەن"

ج-جەنگاوەرانی نا نیزامی: لەژێر سەرپەرشتی ئەفسەرانی ئەرمەنیدا، ئەبو لەلێواری روی سەروی کەناری گۆمی ورمێ بەرەو قەڵای چەهریق پێشڕەوی بکا"

د-ستونی چریك: لەبەندەری سەنگی کاظمدا لەژێر سەرکردایەتی سەرهەنگ ابو الحسن پورزند، ئەبو لەگەڵ عەمەلیاتی هێزەکانی بەندەری شەرەفخانە پێکەوە هاوئاهەنگ بێ‌و لەیەك رۆژدا دەس پێ بکەن.

٢-فەتحی چەهریق

لەبەیانی رۆژی ٤ی موردادی ١٣٠١(بەرامبەر بە١٠ی موحەرەم واتە رۆژی عاشورای ١٣٤١) بەفەرمانی سەرتیپ جهانبانی عەمەلیات بەخێرایی دەستی پێ کرد. لەهەمو لاکانەوە شەڕ بەگەرمی دەستی پێ‌کرد, لەبەرزاییەکانی قزل داغ شەڕێکی سەخت لەنێوان ستونی هەنگەکانی گاردو هێزەکانی سمکۆدا رویدا، هێزی کوردەکان توانی بویان کەرتەکانی ئەو هێزە لەیەکتری دابڕن‌و درزێکی گەورە بکەنە ریزەکانییەوە، جهانبانی ستونی سواری وەکو هێزی ئیحتیاط بۆ رواوی کتوپڕ لەبەردەستی خۆیا گل دابوەوە، دەسبەجێ فەرمانی‌دا بەهێزی ئیحتیاط ئەو کەلێنەی کوردەکان کردبویانە هێزەکانی گاردەوە پڕ بکەنەوە. تێکهەڵچون شەوورۆژێکی خایاند. هێزەکانی کورد لەوە زیاتر بەرەنگاریان پێ نەکراو، بەتێکشکاوی کشانەوە سەلماس‌و چەهریق. هێزەکانی ئێران نەیان هێشت هێزەکانی کورد ماوەی خۆرێکخستنەوە خۆکۆکردنەوەیان هەبێ. لەبەرئەوە جهانبانی فەرمانی دواکەوتنی هێزی کوردەکانی‌دا، لەپاش دو رۆژ بەرهەڵستی کوردەکان سەلماسیان بەرداو، بەرەو چەهریق کشانەوە. سەرتیپ جهانبانی بۆ ئەوەی ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی هێنا بو بیقۆزێتەوەو، نەهێڵێ هێزەکانی دوژمن فریای پشودان‌و خۆرێکخستنەوەو بکەون، فەرمانی بەهەمو هێزەکانی‌دا هەل لەدەس نەدەن‌و هەمویان هێرش بەرن بۆ سەر چەهریق. هێزەکانی ئێران لەپاش بڕینی ٨ فرسەخ رێگەی سەختی شاخاوی توانییان قۆناغ لەدوای قۆناغ بەرهەڵستی پچڕ پچڕی شۆڕشگێڕانی کورد تێك بشکێنن‌و بگەنە داوێنی قەڵای چەهریق‌و گەمارۆی بدەن، لەرۆژی ٢٠ی موردادی ١٣٠١دا قەڵای چەهریقیان گرت‌و هێزەکانی سمکۆ بەتێکشکاوی کشانەوە ناو خاکی تورکیا.

جهانبانی مژدەی ئەم سەرکەوتنەی بەم بروسکەیەدا بەرضاخان:

((لەچەهریقەوە، ژ ٦٤١:

مەقامی مەنیعی بەندەگانی حضرتی اشرەف وەزیری جەنگ‌و فەرماندەی گشتی قشون، دامت عظمتە!

بەدوای راپۆرتی ژ١٧١ بەعەرزی حضوری موبارەك ئەگەیەنێ" هێزەکانی ئێمە بەدوی دوژمنەوە ئەمڕۆ ٢٠هەمی بورجی ئەسەد سەعات ١١ی بەیانی قەڵای چەهریقی گرت‌و، ئەو تۆپ‌و موسەلسەلانەی لەماوەی رابردودا لەهێزەکانی

دەوڵـەتی گـرت بـو، گێڕایـەوە. دوژمـن بەلێقـەوماوی ڕای کـردو موتـەواری بـو، هێزەکانی ئێمە بۆ ڕاونانی دوژمن بەخێرایی لەپێشڕەوی دان.

فەرماندەی هێزەکانی ئازەربایجان

سەرتیپ امان الله))[55].

حسێن مکی لەبارەی گیرانی چەهریقەوە ئەڵێ:

((فەتحی قەڵای چەهریق شوهرەتێکی گەورەی پەیدا کـردو لەگشـت ئیـالاتو ولایەتـەکاندا دەنگـی دایـەوە زەمینەیـەکیدا بەدەسـت جەریـدەکانی لایـەنگری سەرداری سوپاوە کەماوەیەك لەو ڕووەوە قەڵەم فەرسایی بکەن. تەلگرافی پیرۆزبـایی لەهەمو شارستانەکانەوە بۆ سەرۆکی حکومەتو سەرداری سـوپا نێـردراو لـەزۆری شـارەکاندا لەلایـەن فەرمانـدەکانی لەشـکرەوە بەشـانازی ئـەم پیرۆزبییـەوە کردیـان بەجەژنو چراخان. بۆ سەرداری سوپا کە کابرایەکی ظـاهرسـاز بـو هـەلێکی لـەبار بـەدەس هـات لـەبارەی فتوحـاتی نیزامییـانی ئازەربایجـانو هێـزە ناوچـەییەکانی تەظاهوراتێ بنوێنێ. بەم بۆنەیەوە لە٢٨ی ئەسـەدی ١٣٠١ی خورشـیدی بەشـانازی سـەرکەوتنی ئـۆردوی دەوڵـەتی لـەئازەربایجان بـەپێی فـەرمانی وەزیـری جـەنگ لە((مەیدانی مەشق))جـەژنیان کـرد. هـەمو ئەفسـەران لـەم جەژنـەدا بەشـداربون. دوای نان خواردنی ئێوارە لەلایەن سـەرداری سـوپا(وەزیـری جـەنگی)ەوە وتـارێکی گرنگ درا کە لەباری سەرنجی بایەخو گیانی دیماگۆگیو بەگوتـەی هەنـدێ نیشـان دانـی سـەرداری سـوپا لـەباخی سـەوزا بـە تـەواوی شـایانی سـەرنج دانـە، چـونکە نوسـەرانی بـەتوانای سـەرداری سـوپا ئـەو وتارەیـان بـێ ئەنـدازە بـاش ئامـادە کردبو..))[56]

نوسەری بەناوبانگی ئێران ملك الشعراء بەهار، وەکو خۆی ئەڵێ، ئـەو وتـارەی بۆ سەرداری سوپا نوسی بو بەم بۆنەیەوە بیخوێنێتەوە[57].

٦- پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتان

١/٦ ئێران

ئێران، وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەزمانو فرەمەزەبە، قـانونی ئەسـاسـی بەرهـەمی مـەشروتە هیچ دەسکەوتێکی تایبەتی بـۆ نەتـەوەکانی نـاو ئێـران بـەدەس نـەهێنا، کەمـافی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییان دابین بکا. قانونی ئەسـاسـی ئەنجومـەنی ئییالـەتیو ولایـەتی سـەلماند بـو، ئەمـە ئێرانـی ئـەکردە وڵاتێکـی دیمـوکرات. بـەلاَم ئیالەتـەکانو ولایەتـەکان لەسـەر بنچـینەیەکی نازانسـتی جیاکرابونـەوە، لەجیاکردنـەوەی سـنوری ولایەتـەکاندا، هێڵـی ڕەگـەز، زمـان، عەشـیرەت، نەتـەوە، مـەزەب، دیـن، پێویسـتی جـوگرافی، دەسـکەوتی ئـابوری،

تەنانەت مەسەلەی عەسکەری لێك نەدرا بووەوە، ئەگەر رێکخستنەوەی ولایەتەکان بەو گوێرەیە بوایەو، ئەنجومەنی ئیبالەتو ولایەت رێك بخرایە، ئەوسا ئێران لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوانە بو ببێتە نمونەی نیشتمانی پێکەوە ژیانی نەتەوەو رەگەزو دینو مەزەبی جیاواز.

لەئەنجامی شۆڕشی مەشروتەدا کورد هیچ دەسکەوتێکی پێ نەبڕا. کاروباری ولایەتەکەی نەدرایەوە دەس رۆڵەکانی خۆی. تەنانەت یەك رۆژنامەی بەزمانی خۆی پێ نەبڕا. هەروەها دەزگای فاسیدی دەوڵەتو، زوڵمی ژاندارمی لەسەر هەڵ نەگیرا، مەشروتە لەکوردستاندا نەك رەنگی نەدایەوە، بەڵکو ئەوەی لەمەشروتە خوازان ئەبو بەبەڵا ئەیان نارده کوردستان.

دەزگای مەرکەزی، فەسادی گەیشت بوە رادەیەك، حوکمڕانی شارەکانی بەپارە ئەفرۆشتو، سەروەزیرانیش هەمو نیشتمانەکەی بەنرخێکی هەرزان ئەفرۆشت.

ئەو((غەدر))ەی کەمێژونوسی ئێرانی سەعید نەفیسی باسی ئەکا کە لەناو بنەماڵەی قاجارا بو بوە نەریتی حوکمڕانی، دوردۆنگیەکی وەهای دروست کرد بو کەسەرکردەکانی کورد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شەخسی خۆیان، یاخود کێشەی گشتی میللەتەکەیان بڕوایان بەهیچ بەڵێنو گفتێکی حکومەتی مەرکەزی نەبو.

دەرباری ئێرانو کورە دەسەڵاتدارەکانی حکومەت بۆچونێکی دیموکراتییان نەبو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی، خواستی نەتەوەییان بەجیابونەوە خوازیو پارچەکردنی ئێرانو خیانەت لەشاو نیشتمان دائەنا. بەڵکو بەگوێرەی تێگەیشتنی رەسمیی ئەوان لەئێران قەومو قەبیلەو عەشیرەت هەبون، نەتەوەی جیاواز نەبو. دانیان بەبونی کوردا نەئەنا وەکو نەتەوەیەکی جیاواز. لەئێران یەك نەتەوە هەبو، ئەویش نەتەوەی ئێران بو. کوردیش قەومێکی ئێرانیە، بەڵکو لەقەومە رەسەنەکانی ئێرانە. لەم روانگەیەوە حکومەتی ئێران لەبەرئەوەی لای وابو کێشەی کورد لەئێراندا بەباشی چارەسەرکراوە، دوای راگرتنی جەنگی جیهانی لەکاتی بەستنی کۆنفرەنسی ئاشتیدا، داوای ئەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد لەتورکیا هەمو کوردستانی عوسمانی بخرێتە سەر ئێران.

رضا شا بەچاولێکەری مستەفا کەمال ئەی ویست جیاوازی نەتەوەو رەگەزو زمان لەئێران دا نەهێڵێو نەتەوە- دەوڵەت دروست بکا. هەر بەو مەبەستە بو لەسییەکاندا وشەی((ئێران))ی لەباتی وشەکانی((پارس))و((فارس))کردە ناوی رەسمی ولاتەکەی[58].

نیشتمانپەروەرانی کورد، لەوانە سمکۆ، لایان وابو ئێران نەتەوە نیەو ولاتە. کورد نەتەوەیەکی جیاوازە لەفارسو ئازەریو تورکو عەرەب. ئەویش وەکو هەمو

نەتەوەکانی تری دنیا مافی ئازادیو سەربەخۆیيو هەبونی دەوڵەتی تایبەتی خۆی هەیە.

تەجروبەی کورد بەگشتی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران باش نەبو. تەجروبەی سمکۆش، هی خۆیو براکانیو باوکیو باپیریو باپیرە گەورەی باش نەبو. هیچ لایەکیان بڕوای بەوی تریان نەبو. کاربەدەستانی ئێرانی سمکۆیان بەیاخیو نافەرمانو راووڕوتکەر.. دائەنا، ئەویش کاربەدەستانی ئێرانی بەپەیمان شکێنو زینهار نەناسو زاڵمو بەرتیلخۆر.. دائەنا.

لەبەرئەو هۆیانە لەیەك گەیشتنی کوردو ئێران لەتوانادا نەبو، چونکە بۆچونو باری سەرنجو تێگەیشتنیان بۆ مافی نەتەوەیی ئەوەندە جیاوازو لەیەك دور بو، بەهیچ جۆرێ نەئەگەیشتنە یەکتری.

زەمانی دانوسەندنی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ سمکۆ بەزۆری گوللەو دیوانی گفتوگۆیان بەزۆری مەیدانەکانی شەڕ بو. ئەو چەند جارەی ئێران لەئەنجامی لاوازیو گیروگرفتی ناوخۆیدا پێوەندی لەگەڵ سمکۆ کردوە. هەموی بەنیازی خاوکردنەوەی سمکۆو، دانانی رێوشوێنی لەناوبردنی بوە. ئەو چەند جارەش سمکۆ لەئەنجامی ناچاریو نائومێدیو تێکشکاندا پێوەندی لەگەڵ کردون، هەموی بەنیازی خۆگرتنەوەو جێگیر کردنەوەی خۆی بوە.

سمکۆ چەندین جار کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت.

گفتوگۆکانی لەگەڵ عین الدولە بەئەنجام نەگەیشت، چونکە لەسەر ئاستی سیاسی هیچ دەسکەوتێکی بۆ کورد یا بۆ خۆی تیادا نەبو، لەسەر ئاستی شەخسییش ئەیان ویست هەمو شتێکی لێ بسێنن بێ ئەوەی هیچی بدەنێ.

گفتوگۆکانی لەگەڵ رضاخان ١٣٤٣کۆچی ئەویش هەر بەئەنجام نەگەیشت، چونکە رضاخان نەك هەر هیچ رەنگێکی سیاسی نەدا بەدیتنەکە، بەڵکو دڵنیاییو تەئمینی شەخسییشی لەلای سمکۆ دروست نەکرد، لەکاتێکا لەو دیتنەدا سمکۆ ئەی توانی رضا خان لەناو ببا.

دوایین گفتوگۆی ١٩٣٠ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی کێشی کردە ناو داوی مەرگەوە، بەکوشتنی خۆیو دوایی هاتنی بزوتنەوەکەی تەواو بو.

٢/٦ تورکیای کەمالی

تورکیا بەشکاوی لەجەنگی جیهانیی یەکەم دەرهات بو. هێزەکانی هاوپەیمانەکان چوبونە ناو ئەستەمولی پایتەختی عوسمانی تێکشکاوەوە. ئەوان دەستیان بەسەر کاروبارەکاندا گرت بو.

ئەگەرچی سولتان مابو، بەلام پایەیەکی روکەش بو، دەسەلاتێکی راستەقینەی نەبو، دەستی بەسەر هیچ شوێنێکی تورکیادا نەئەڕۆیشت. گەورە پیاوەکانی کورد لەئەستەموڵ بەهیوای بەڵێنی هاوپەیمانەکان کەوت بونە چالاکی سیاسیو رۆشنبیری، لەخەڵکی کوردستان دابڕا بون. مستەفا کەمال لەئەرزرومەوە کەوتە رێکخستنەوەی تۆردوی تورك‌و دەرکردنی هێزەکانی بێگانەو تێکشکاندنی بزوتنەوەی کوردو دانانی بناغەی تورکیای نوێ.

بۆچونی مستەفا کەمال بەرامبەر کوردو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد هەرگیز هیچ لێڵییەکی تێدا نەبوە. لەو رۆژەوە لەئەرزروم کەوت بوە کارکردن. یەکێ لەبەندەکانی کارنامەی سیاسی بەگژاچونی جولانەوەی کوردو رێ گرتن بو لەهەمو چالاکییەکی سیاسیو فەرهەنگی کوردیو، هەوڵ دان بو بۆ پەك خستن‌و شکاندنی هەوڵی رزگاری خوزای کورد.

مستەفا کەمال هەر لەسەرەتاوە لق‌و بارەگاکانی هەمو رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی قەدەغە کردو، فەرمانی گرتنی دەرکرد بۆ جەلادەت‌و کامەران بەدرخان‌و ئەحمەد فائق کە لەگەڵ میجەر نوئێل چو بون بۆ مەلاتیە بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ گەورە پیاوانی کورد دەربارەی خواستە نەتەوەییەکانی.

ناوچەکانی ژێردەسەلاتی سمکۆ هاوسنوری ناوچەکانی جموجوڵی کەمال بو، بەلکو پشتی جەبهەی هێزەکانی بو. بێگومان سمکۆ لەچالاکی سیاسیو دیپلۆماسیو رۆشنبیری رێکخراوە کوردییەکانی ئەستەموڵ بێ ئاگا نەبو، چونکە هیچ نەبێ بەهۆی سەید تەهاوە کەهەم ژنبرایو هەم یەکێ لەهاوکارە نزیکەکانی بو، ئەبێ ئاگادار بو بێ. هەروەها ئەبێ لەهەڵوێستی مستەفا کەمال‌و جولانەوەکەشی بەرامبەر ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لەتورکیا کەم یا زۆر ئاگادار بوبێ.

سمکۆ باوەڕێکی قوڵی بەوە هەبو، ئێران زۆر لاوازو بێ توانایەو تەقەللاکانی کورد لەوێدا کۆبکرێنەوە بۆ بەدەسهێنانی دەسەلات‌و دامەزراندنی ناوەندێکی سەربەخۆی کوردی. بۆ دامەزراندنی ئەوەش پێویستی بەچەك‌و تەقەمەنی ئەبێ، کەئەبێ لەشوێنێکەوە دابین بکرێ. سمکۆ ئینگلیزی تاقی کرد بوەوە ئامادە نەبون چەك‌و پارەی بدەنێ. سۆڤێت لەبارێکی وەهادا نەبو بتوانێ یارمەتی کورد بدا. ناوچەکەش جگە لەحکومەتی تورکیای کەمالی دەوڵەتی تری تێدا نەبو. بەتایبەتی ناوچەکانی سمکۆ راستەوخۆ نوسا بون بەناوچەکانی دەسەلاتی مستەفا کەمالەوە. هەر لەم روانگەیەوە هەڵوێستی خۆی لەکوردستانی تورکیاو عیراق دیاری کردوە.

کاتێ ئەحمەد تەقی لەکاتی گیرانی شێخ محمودا بەزمانی هەندێ لەگەورە پیاوەکانی کوردستانی عێراقەوە لەتشرینی یەکەمی ۱۹۲۰دا داوای هاوکاریو پشتیوانی لێ ئەکا بۆ بەرپاکردنی شۆڕش بەپشتیوانی تورك لەدژی ئینگلیز، لەوەڵامدا ئەڵێ: ((ئێستا ئینگلیز زۆر بەهێزە، موجادەلە کردن لەگەڵیا لەبارەی کوردەوە زۆر گرانە، باوەڕ ناکەم تورکی زەبونیش بتوانێ بەناردنی هێز بۆ ئەوەی دەست بخاتە کاروباری سیاسی ڕەواندزەوە، چاکترین شت بۆ کورد ئەمڕۆ ئەوەیە لەئێراندا جولانەوەمان یەك بخەین، وبونی خۆمان لەئێراندا بپارێزین، ئەمە بۆ باری ئەمڕۆمان زۆر باشە، و لەدوا ڕۆژا ئەتوانین کەلکی لێ وەربگرین))[59].

لەو گفتوگۆیەش‌دا کە لەتشرینی یەکەمی ۱۹۲۱دا مستەفا یاملکی لەگەڵ سمکۆی کردوە لەبارەگاکەی خوی لەچەهریق، لەو ڕووەوە ئاشکراتر بیروڕای خۆی ڕون ئەکاتەوە:

((پرسیار: باشە تۆ هەوڵ دەدەی بۆ ئەوەی کورد رزگارو ئازاد بکەیت، ئەی بۆچی پێش هەمو شتێك ناوچەی وانو ئەرزڕوم بەتلیسو هەکاریو خەرپوت رزگار ناکەیتو ئەو خەڵکە رێك ناخەی، کەماوەیەکە لەژێر جەورو ستەمی تاقمەکەی مستەفا کەمال دان؟

وەڵام: من وای بەباش دەزانم، کە لەپێش‌دا لەئێرانەوە دەست پێ بکەم، من هیچ بەچاکی نازانم، لەم ڕۆژەدا لەگەڵ تورکەکان‌دا تێکی بدەم، چونکە ئەوان بەتفەنگو فیشەك یارمەتیم دەدەن...)).

تورك بەڕواڵەت دۆستایەتی سمکۆیان ئەکرد. هەندێ چەكو تەقەمەنییان دابویە. ئەویش بەدابین کردنی خواردەمەنی، کە لەو سەردەمەدا گرنگییەکی تایبەتی هەبو، یارمەتی ئەدانەوە. بەڵام سمکۆ سەرکردەیەکی بزوتنەوەی کورد بو. هەوڵی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی ئەدا. ئەمەش بەتەواوی ناکۆك بو لەگەڵ ئامانجی کەمالییەکان‌دا.

کەمالییەکان بۆ راپەڕاندنی خەڵکی کوردستانی عیراق دژی ئینگلیزو گرتنەوەی ولایەتی موسڵ، بەهاوکاری هەندێ لەکوردەکانی ئەوێ. مەفرەزەیەکی پچوکیان بەسەرکردایەتی کابرایەك، بەناوی ئوزدەمیر بەگ. نارد بوە ناوچەی ڕەواندز. لەنامەکانی نێوان کاربەدەستانی تورکو فەرماندەی ئەم بارەگا پچوکەدا، هەڵوێستی کەمالییەکان لەسمکۆ دەرئەکەوێ، کەئەمە نمونەیەکێتی:

((دیاربەکر

۳۳۸/٦/١٤

ئیستیخبارات، نومرە-۱۷٤٥

بۆ ئوزدەمیر بەگی قایمقام

١-سمکۆ کابرایەکی فێڵبازە، بەهۆی زرنگی خۆیەوە ئەو خەنجەرە کەهەڵی گرتوە بۆ کاتی خۆی ئەشارێتەوە. ئەم کابرایە بیری سەربەخۆیی لەکەللەدایە. مەبستی ئەوەیە کە تا لەئێراندا دەسەڵاتی زیاد ئەکاو بەهێز ئەبێ لەگەڵ ئێمە تێك نەچێ‌و بەجۆرە بەمەرام‌و ئامانج بگا.

٢-سەرکەوتنی سمکۆ لەناو عەشایری کوردا بەجۆرە گەورە بونی‌و دەسەڵات پەیداکردنی بۆ حکومەتی میللی ئێمە(واتە بۆ حکومەتی تورکی مستەفا کەمال)دەس نادا. بەڵام لەم رۆژەدا تیکچونمان لەگەڵ سمکۆ بۆ ئێمەش باش نیە. ئەگەر بتوانن هەوڵی ئەوە بدەن کەبەپڕوپاگەندەو بەبڵاوکردنەوەیەکی وا کەعەشایەری پێ تەفرە بدەن‌و بیان کەن بەدوژمنی سمکۆ بەڕاستی خزمەتی گەورە بۆ حکومەت جێبەجێ ئەکەن. وەکو ئەوە کەبڵێن سمکۆ بەپارەی ئینگلیز ئەم شۆڕشە ئەگێڕێ‌و بۆ قازانجی خۆی‌و خزمەتی ئینگلیز خوێنی کوردەکان ئەڕژێنێ.

٣-ئەو مەفرەزەیە کەلێرەوە خراوەتە رێ جارێ ئەچێتە جولەمێرگ. دوای گەیشتنی ئێوە بەرەواندزو جێگیربونتان لەوێ، بەپێی هەواڵ‌و پێویست فەرمانی تر ئەدرێ بەبزوتنەوەی مەفرەزەکەو هاتن وە یا نەهاتنی بۆ رەواندز.

٤-مەکارە(هۆی گوێزانەوە)مان نیە کەتۆپ‌و مەترالیوزی (رەشاش)پیا بنێرن. هەوڵ ئەدەین کەئەوەشتان بۆ جێبەجێ بکەین.

بەناوی قوماندانی جەبهەوە

رەئیسی ئەرکانی حەرب بصری[٦٠]

وەکو ئەوان سمکۆیان بەدوژمن داناوە، سمکۆش باوەڕی بەوان نەبو، بەڵکو وەکو لەگفتوگۆکانی‌دا لەگەڵ یاملکی وتویەتی تورکی لەعەجەم بەدوژمن تر زانیوە بۆ کورد. بەڵام لەو کاتەدا پێویستی هەردو لایانی کۆکردۆتەوە، بەتایبەتی تورك کاتێ پێویستی بەبێلایەنی سمکۆ بو کەهێشتا لەشەڕا بو لەگەڵ هێزەکانی ئەرمەنی‌و، دوایی تر فەرەنسی‌و، ئینجا یۆنانی.

لەدوای ئەو هێرشە گەورەیەی ئەرتەشی ئێران کردی بۆ سەر مەڵبەندەکانی ژێردەسەڵاتی سمکۆو داگیرکردنی چەهریق، سمکۆ کشایەوە بۆ ناو تورکیا. دۆستایەتی سمکۆ لەگەڵ کەمالییەکان بەکەڵکی نەهات. چونکە هەڵوێستی راستەقینەی کەمالیەکان لەسمکۆ وەها بو وەکو لەو بەڵگەیەدا نوسراوە، نەك وەکو ئەوەی سمکۆ تێی گەیشت بو. لەناو خاکی تورکیادا هێزێکی سوکەڵەی تورك لەناکاو بەشەو پەلاماری سمکۆیاندا بیکوژن. لەم پەلامارەدا ژنەکەی‌و هەندێ

لەهاوڕێکانی کوژران، کوڕەکەی بەدیل گیرا، هەرچی زێڕو سامانێکی پێ بو بە تالآن برا. خۆیو براکەی بەزەحمەت دەرباز بون.
سمکۆ لەو سەفەرەدا کەهاتە کوردستانی خوارو، نوێنەرانی ئینگلیزی لەدێریو بەحرکە بینیو پاشان روی کردە سلێمانی بۆ دیدەنی شێخ محمود. لەو کاتەدا لەسلێمانی نوێنەرانی تورك خەریکی گفتوگۆ بون لەگەڵ شێخ محمود. ئینگلیزەکان بەهیوا بون سمکۆو شێخ محمود لەدۆستایەتی تورك ژیوان بکاتەوە. بەڵام سمکۆش کەگەیشتە سلێمانی لەگەڵ تورك تێ هەڵ چوەوە، بۆ ئەوەی کوڕەکەی بەر بدەنو پارەکانی بدەنەوەو دالّدەی بدەن.
سمکۆ زۆر لەسلێمانی نەمایەوە، چونکە سلێمانی لەئەنجامی هەڕەشەی بەریتانیدا چۆڵ کرا. گەڕایەوە ناوچەکانی سنورو لەوێ پێوەندی لەگەڵ تورك نوێ کردەوە. تورك لەو کاتەدا لەگەڵ ئینگلیزو حکومەتی تازە دامەزراوی عیراق لەسەر ولایەتی موسڵ لەکێشەدا بون. ئینگلیز ئەی ویست ئاسوریەکان لەبادینان لەسەر سنوری تورك نیشتەجێ بکا. تورکیش ویستی سمکۆ تێکەڵاوی ئەم گەمەیە بکا. سمکۆیان بانگ کرد بۆ وان. گفتیان پێدا یارمەتی بدەن بەچەكو سەرباز بۆ ئەوەی بچێ بۆ یارمەتی دانی شێخ محمود لەدژی ئینگلیز بجەنگێ. زۆری نەخایاند تورکو ئینگلیز کێشەکانی خۆیان بەخۆشی چارەسەر کرد. تورك پێویستیەکی بەسمکۆو بەشێخ محمود نەما. کەوتە تەنگ پێ هەڵ چنینو راونانی. لەدوای تێکشکانی شۆڕشی ١٩٢٥ی کوردستانی تورکیا سمکۆ ناچار بو چەند جارێ لەنێوان تورکیاو ئێرانو عیراقدا ئەم دیو وئەو دیوی سنور بکا تا سەرەنجام لەشنۆ کوژرا.

٣/٦ بەریتانیا

بەریتانیاو روسیا لە١٩٠٧ەوە لەسەر دابەشکردنی ئێران رێ کەوت بون. هەمو کوردستانی ئێران ئەبو بکەوێتە ژێردەستی روسیا. بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو نەخشەیەی بەجارێ هەڵ وەشاندەوە. بەریتانیا وازی لەدابەشکردنی ئێران هێنا. ئەی ویست دەوڵەتی ئێران بمێنێو حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزی ئەوتۆی تێدا دابمەزرێ بەری تەنینەوەی کۆمۆنیزمو نفوزی سۆڤیێتی بگرێ. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەی ویست ئێران بەپەیمانێکی دو قۆڵی بەخۆیەوە ببەستێتەوە بۆ ئەوەی لەژێر کار تێ کردنی خۆیدا بێ.
ئێران ئەیویست لەکۆنفرەنسی ئاشتیدا بەشدار بێو بەیارمەتی بەریتانیا سنورەکانی خۆی لەسەر حسابی تورکیاو روسیا فراوان بکا. بەریتانیاش نەیئەویست ئێران، کەبەشداری جەنگی جیهانی نەبو بو، بەشداری کۆنفرەنسی

ئاشتی بێ بۆ ئەوەی هیچ بەشدارییەکی لەدیاری کردنی چارەنوسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبێ.

بەریتانیا لەرێگەی دانی چەردەیەك بەرتیل بەوثوق الدولەی سەر وەزیرو وەزیری دەرەوەو وەزیری داراییەوە لە۱۹۱۹دا پەیمانێکی لەگەڵ ئێران بەست بەکردەوە ئێرانی ئەکردە ژێردەستەی بەریتانیا.

سیاسەتی ئێرانیی بەریتانیا بەکورتی ئەوە بو، ئێران بەیەکگرتویی‌و بەهێزی بهێنێ. لەبەر ئەوە کورد هەلی ئەوەی نەبو، پشتیوانی بەریتانی بۆ خواستە نەتەوەییەکانی خۆی لەئێراندا بەدەس بهێنێ. لەکاتی سەردانی ویلسۆندا بۆ سلێمانی بۆ کۆبونەوە لەگەڵ شێخ محمودو مەزنەکانی تری کورد، کەمەسەلەی کوردی ئێران هێنرایە پێشەوە، هەندێ لەمەزنەکانی کوردی ئێران ئارەزوی یەکگرتنیان لەگەڵ کوردستانی عیراق دەربڕی، ویلسۆن ئەمەی بۆ نەسەلماندن.

لەکۆنفرەنسی پاریس، ئەگەرچی نوێنەرایەتی کورد مەسەلەی کوردی ئێرانی هێنایە کایەوە بەڵام لەپەیمانی سیڤەردا کوردستانی ئێران بەتەواوی پشت گوێ خرا.

هەروەها سمکۆش کە بەهۆی بابەکر ئاغای پشدەرییەوە پێوەندی لەگەڵ ئینگلیز کردو، دوایی تر سەید تەهای نارد بو دیدەنی مەندوبی سامی لەبەغداد، بەڵێنی هیچ جۆرە یارمەتیەکیان پێ نەدا.

زۆرکەس لەسمکۆیان پرسیوە بۆچی لەگەڵ ئینگلیز رێك ناکەوێ. سمکۆ رێککەوتنی لەگەڵ ئینگلیز رەت نەئەکردەوە. زۆریشیان لەگەڵ خەریك بو. بەڵام ئینگلیز هیچ یارمەتییەکی سمکۆیان نەداو هیچ پشتیوانییەکیان لێ نەکرد، چونکە پشتیوانی کردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەئێران لەگەڵ سیاسەتی ئەوان نەئەگونجا، خۆیشی بەهۆی کوشتنی مارشیمۆن‌و رەفتاری لەگەڵ مەسیحییەکان لەلای ئەوان بەدناو بو.

مس بیل لەو روەوە ئەڵێ بەهۆی ئەو بەیانەوە کەمیجەر نوئێل لەحوزەیرانی ۱۹۱۹دا دەربارەی مەسەلەی کورد بلاوی کردەوە سمکۆ زیاتر نزیك بوەوە لەوەکیلی حاکمی عامی عیراق, بەڵام بەهۆی ئەو پەیمانەوە کەئێمە لەگەڵ ئێران بەستمان هیچ هیوایەکی نەما بەپشتیوانی ئێمە بۆ دامەزراندنی یەکێتییەکی نەتەوەیی لەناو کوردەکانی تورکیاو ئێراندا. سەرەڕای ئەوەش ئەترسا سزا بدرێ لەسەر رەفتاری خراپی لەگەڵ مەسیحییەکان[٦١].

سمکۆ دوای تێکشکانی لەئێران روی کردە کوردستانی عیراق. لەدێرێ‌و لەبەحرکە نوێنەرانی ئینگلیزی بینی دو پێشنیاری خستە بەر چاویان" هاوکاری

کورد لەگەڵ ئینگلیز بەرامبەر بەوە ئەوانیش پشتیوانی کورد بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان.

ئەگەر ئەوە ناکەن، یارمەتی خۆی بدەن بەئاشت کردنەوەی لەگەڵ ئێران یا بەشەرِ بگەرِێتەوە شوێنی خۆی[٦٢].

دوایین دوژمنایەتی ئینگلیز لەگەڵ سمکۆ ئەوە بو" کاتێ سمکۆ لەژێر گوشاری تورکی‌دا بەناچاری چوە کوردستانی عیراق، موعتەمیدی بەریتانی لەبەغداد داوای لەحکومەتی عیراق کرد هاوکاری لەگەڵ حکومەتی ئێران بکا بۆ سەرکوت کردنی یاخیبونی سمکۆ[٦٣].

٤/٦ روسیه

سیاسەتی کوردیی روس لەپێش هەڵگیرسانی جەنگو لەساڵانی جەنگدا خواستە نەتەوەییەکانی کوردی رەچاو نەئەکرد. هەمو تەقەللاکانی عەبدولرزاق بەگی بەدرخان، کامل بەگی بەدرخان، سمکۆ، شێخ عبدالسلامی بارزانی، مەلا سلیمی خیزان، سەید تەهای شەمزینی کەڵکی نەبو. روسیا گرەوی لەسەر هاوکاری ئاسوریو ئەرمەنی کردبو، نەی ئەویست بۆ کورد ئەوان لەخۆی برەنجێنێ.

روسیە لەدوای سەرکەوتنی ئۆکتۆبەر، توشی کێشەی ناوخۆیو ئابلۆقەدانی دەوڵەتانی ئەوروپی بو، ئەیویست تەوقی ئابلۆقەدان بشکێنێو، نەهێڵێ نفوزی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بگەنە سنوری لای خواروی، هەر بۆ ئەوەش بەپێچەوانەی سەردەمی قەیسەرو کەرێ کەوت بو لەگەڵ بەریتانیاو فەرەنسەو ئیتالیا بۆ دابەشکردنی خاکی عوسمانیو ئێران، سیاسەتی حکومەتی سۆڤیتی هەڵوەشاندنەوەی هەمو رێککەوتنامە کۆنەکانو دروست بونی دەوڵەتی بەهێز لەتورکیاو ئێرانو ئەفغانستان بو.

سۆڤێت دەستی لەئەرمەنیو ئاسوری هەڵگرتو، بەکاروباری ناوخۆیو بەرەنگاری گەلە کۆمەکێی دنیای سەرمایەداریەوە مەشغوڵ بو، نەی ئەپەرژایە سەر دەس وەردانە کاروباری ناوەوەی ئێرانو تورکیا، لەبەرئەوەش نەیویست کۆمەك بەشۆرِشگێرانی ئێرانو تورکیا بکا، بەڵکو کۆمەکی بەحکومەتی مەرکەزی کردو، پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ تورکیای کەمالیو ئێرانو ئەفغانستان بەست.

سمکۆیش کەخۆی رەفتاری لەگەڵ روس کرد بو، لەپێش جەنگدا سەردانی تفلیسی کرد بو، و لەنزیکەوە سەرکردەکانی دی بون بەتایبەتی دوای رێکەوتنی روسی- بەریتانی ١٩٠٧کە هات بونە ئازربایجانەوە، و لەسەردەمی جەنگدا بەگیراوی بردبویانە قافقاسو، دوایی دەس بەسەر لەخویو پاشان بێلایەن لەچەهریق دانیشت بو.

سمكۆ لەساڵانی دەربەدەری کەهێشتا لەناوچەی باشقەڵای کوردستانی تورکیا بو لەسەرداوای خالد بەگی جەبرانلی سەرۆکی((جەمعییەتی ئیستیقلالی کوردستان))لەرێگەی کونسوڵی سۆڤێتییەوە لەورمێ پێوەندی لەگەڵ کردن. دو پێشنیاری خستە بەردەم" هاوکاری کوردو سۆڤێت بەرامبەر بەوەی پشتیوانی لەئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بکەن. ئەگەر ئەوە نەتوانرا، لای کاربەدەستانی ئێران هەوڵی بۆ بدەن بگەڕێتەوە شوێنی خۆی‌و ئەوان دەستەبەری سەلامەتی بن.

یەکێتی سۆڤێت ئامادە نەبو پشتیوانی لەبزوتنەوەی کورد بکا چونکە لەگەڵ سیاسەتی ئێرانیی‌و تورکیی سۆڤێتی‌دا نەئەگونجا. روسیای سۆڤێتی لەو کاتەدا ئەی ویست دەوڵەتانی ئێران‌و تورکیا بەهێز بن‌و بتوانن خۆیان لەبەر گوشاری دەوڵەتانی ئەوروپی دوژمنی سۆڤێتدا رابگرن‌و، نەکەونە ژێردەستی ئەوان، هەروەها پەیمانی ((دۆستایەتی‌و هاوکاری))لەگەڵ ئیمزا کرد بون. نوێنەرانی سۆڤێتی لەوەڵامدا ئاگاداریان کرد، داوای یەکەمی لەگەڵ سیاسەتی ئەوان ناگونجێ، ناشیانەوێ درۆ لەگەڵ کورد بکەن. بۆ داوای دوەمی ئامادەییان دەربڕی بو بۆ یارمەتی دانی.

هەر لەئەنجامی ئەو سیاسەتەدا بو یەکێتی سۆڤێت بەدەنگ داواکانی شێخ محمودەوە لەعیراق‌و، داواکانی خالد بەگ‌و جەمعییەتی ئیستیقلالی کوردستانەوە لەتورکیاو، داواکانی سمکۆوە لەئێران، نەهات.

٧-ساڵانی دەربەدەری

١/٧ شەبەیخونی تورك

حاجی مستەفا پاشای یاملکی لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢١دا سەردانێکی سمکۆی کرد، لەم سەردانەش چەند مەبەستێکی هەبو" لەسەرو هەمویانەوە هاندانی سمکۆ دژی کەمالییەکان کەئەو بەگەورەترین دوژمنی کوردی دائەنان، هەروەها دەربڕینی پشتیوانی لەسمکۆو، ئامادەیی بۆ هاوکاری کردنی‌و گۆڕینی رەنگی جوڵانەوەکەی لەبزوتنەوەیەکی خێڵەکیی نارێکوپێکەوە بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی نەتەوەیی رێکخراو، یاملکی نەی توانی هیچ کام لەمەبەستەکانی بهێنێتەدی. لەهەمان کاتدا بو بەهۆی پونگانەوەی زۆرتری کامالییەکان لەسمکۆو بزوتنەوەکەی.

سمکۆ لەبەر هێرشی گەورەی ئەرتەشی ئێراندا بەرەو سنوری تورکیا کشایەوە، پشت ئەستور بەدۆستایەتی پێشوی لەگەڵ کەمالییەکان، بەتەمابو یارمەتی بدەن. سەرتیپ جهانبانی دەسبەجێ کاربەدەستانی تورکی لەپەڕینەوەی سمکۆ بۆ ناوخاکی ئەوان ئاگادار کردو داوای لێ کردن، سمکۆ بگرن‌و بیدەنەوە بەئێران[٦٤].

تورك لەلایەك دوژمنـایەتی هەمو جولانەوەیەكی نەتەوەیی كوردیان ئەكرد، كەسمكۆ لەو قۆناغەدا رویەكی درەوشاوەی بو، لەلایەكی ترەوە دیتنی یاملكی، دوژمنی خوێنەخۆیی مستەفا كەمالو كەمالیەكان، ترسی ئەوەی لێ پەیدا كرد بون سمكۆ شۆڕش بگوێزێتەوە ناو كوردستانی توركیا. ئێرانیش داوای گرتنو بەدەستەوەدانی كردبو، تورك ویستیان هەلی تێكشكانی سمكۆ بقۆزنەوە، ئەو جولانەوەیەی لەوانەیە بتەنێتەوە بۆ ناو كوردەكانی ئەوێشو، كێشەیەكی گەورەیان بۆ دروست بكا لەكاتێكا ئەوان بەشەڕی یۆنانەوە خەریك بون، لەرێگەی كوشتنی سمكۆوە بەیەكجاری تەواو بكەن.

هێزێكی سوكەڵەی تورك شەوێ لەناكاو پەلاماری بارەگاكەی سمكۆیاندا. یەكێ لەهاوسەرەكانیو چەند كەسێ لەپیاو ماقوڵەكانی كوژران. خسرەوی كوڕی گیرا. هەرچی پارەو دارایییەكی پێی بو كەوتە دەست تورك. خۆیو ئەحمەد ئاغای برایو تاقمێ لەسوارەكانی بەفەلاكەت دەرباز بون[٦٥] تورك كەوتنە شوێنیو تەنگیان پێ هەڵچنی. سمكۆ روی كردە دێرێ لەسەروی هەولێر لەكوردستانی خوارو.

٧/٢ سمكۆ لەكوردستانی خوارو

لەو كاتەدا هەمو عیراق لەژێردەستی ئینگلیزدا بو، بەڵام هەندێ بەشی هەلومەرجێكی تایبەتی هەبو، شێخ محمود لەسلێمانی مەلیكی كوردستان بو. تورك بەهاوكاری هەندێ كوردی دوژمنی ئینگلیز هێزێكی كەمیان ناردبوە رەواندز. ئەیان ویست ولایەتی موسڵ بخەنەوە سەر توركیا. ئینگلیزیش ئەی ویست بیخاتە سەر عیراق. ئەو هێزە پچوكەی تورك دەردەسەرێكی راستەقینەی بۆ كاربەدەستانی بەریتانی دروست كردبو. ئەیان ویست هەرچۆنێ بێ دەریان بكەن. هەندێ شوێنی كوردستان لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی هیچ لایەكدا نەبو. نێوانی شێخ محمودو ئینگلیز تێك چو بو. ناكۆكیەكانیان سەرلەنوێ خەریك بو ئەتەقیەوە. شێخ محمود لەگەڵ هێزەكەی تورك لەرەواندزو لەرێگەی ئەوانەوە لەگەڵ كەمالییەكان پێوەندی دۆستانەی دامەزراند بو. ئینگلیز لەهەڵوێستی شێخ مەحمودو پێوەندی لەگەڵ كەمالیەكان نارەحەت بو. پەلاماردانی سمكۆ لەلایەن توركەوەو هاتنی بۆ كوردستانی عیراق بۆ ئینگلیز هەلێ بوو ویستیان بیقۆزنەوە، بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەوەوە كار لەشێخ مەحمود بكەنو نێوانی لەگەڵ تورك تێك بدەن.

ئینگلیز سمكۆیان بانگ كرد بۆ هەولێرو عیزەت تۆپچی یەكێ لەهاوكارەكانی شێخ مەحمودیان نارد بەدویدا بیهێنی. سمكۆ لێیان دڵنیا نەبو، ئەترسا لەسەر

داوای ئاسوریەکان بیگرن، لەبەر ئەوە نەچو بۆ هەولێر بەڵکو چو بۆ گوندی بەحرکە[٦٦] لەوێوە کەوتە ئاڵوگۆڕی پەیام لەگەڵ شێخ محمود.

٣/٧ گفتوگۆی ئینگلیزو سمکۆ

ئەدمۆنس گفتوگۆی خۆیان‌و سمکۆ بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

((... رۆژی چوارەمی نۆڤەمبەر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لاین بەفڕۆکە چوم بۆ کۆیە، لەپێنجەمی نۆڤەمبەردا کەوتمە رێ بۆ هەولێر. لەرۆژی شەشەمدا لەگەڵ لاین، کە لەکۆیەوە بەئوتومبێل گەڕابوەوە، و ئەحمەد ئەفەندی‌و لیتل دیل بەئوتومبێل کەوتینە رێ بۆ دیداری سمکۆ. دیدار لەگوندی بەحرکە بو کەهی هۆزی گەردییە کەوتۆتە دە میلیی کەناری رێی دێرە. سمکۆ لەگەڵ ئەحمەدی برای‌و دو سێ خزمی گەورەتری‌و نزیکەی بیست کەس لەهاورێکانی هات بو.

وتی هەست بەپەژارەو رەنجانێکی تایبەتی ناکا بەرامبەر ئێرانیەکان، ئەوەندەی لێی چێشتون، ئەوەندەشی تێ سرەواندون، بەڵام ئەیەوێ تەسفیەی حساب لەگەڵ تورکەکان بکا، کەگفتیان دابویە پشتیوانی بکەن، کەچی پشتیان تێ کرد. سەری سوڕما لەوەی، ئێمە زۆر بەتەنگ نەرەنجاندنی ئێرانیەکانەوەین، لەبەرئەوەی هەمو ئەزانن بەدرێژایی سنور ئێرانیەکان لەگەڵ تورکەکان ئێمەیان لەرەواندز و رانیەوە دەرپەڕاندوەو هێشتا لەگەڵ ئێمە ئەجەنگن‌و هاوکاری ئەکەن. وتی بەو هیوایە هات بو کەئێمە ئامادە ئەبین پشتیوانی بکەین لەئازادی کورد لەتەوقیی دو حکومەتی کەدوژمنایەتییان هەیە لەگەڵی، ئەگەر بەهەڵەدا چوە ئەوا لەم حاڵەدا هیچ ئارەزویەکی نیە داوای پەنادان لەئێمە بکات، بەڵکو ئەگەڕێتەوە ناو هۆزەکەی‌و خۆی بەتەنیا ئەوپەڕی تەقەلا ئەدا[٦٧].

ئەحمەد تەقی لەزمانی سمکۆ وە گفتوگۆکان بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

((ئینگلیزەکان‌و تورکەکان هەردو لایان درۆمان لەگەڵ دەکەن لەبابەت سەربەخۆیی‌و سەربەستی کوردستانەوە، هەر بەڵێن‌و قسەیەك بدەن‌و بڵێن درۆ دەکەن وە هەڵمان دەخەڵەتێنن، ئینگلیز ئەیەوێ هەمو کوردێك وەك نۆکەر هەڵسوڕێنێ‌و ئیشی پێ بکات بۆ چاکەو دەسکەوتی خۆی، وەك مەیمون هەڵمانپەڕێنێ بەکەیفی خۆی، بەرانبەر نەتەوەکەمان شەرمەزارمان بکا ئەمەش بەمن ناکرێت..

لەکاتێکا من لەشوێنەکەی خۆم رام کردو تورکەکان هێرشیان هێنایە سەرم، لەسەر ئامۆژگاری‌و هاندانی سەید تەها، من هاتم بۆ ناوچەی((دێرێ))لەعیراق لەلیوای هەولێر بۆ دیدەنی‌و رێك کەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکان. حاکمی سیاسی ئینگلیز لەگەڵ سەید تەها دا هاتنە دێرێ بۆ دیدەنیم، دورو درێژ قسەمان کرد

پێم وت: ((من کوردم ولێم قەوماوە دوژمنی حکومەتی فارسم لەئێران، ئەوا ئەم جارەش بومە دوژمنی تورك چونکە ژنیان کوشتمو کوڕیان بەدیل بردم. ئێوەش ئینگلیزەکان گەلێ قسەتان کردوە لەگەڵ((کۆمەڵی کورد))لەئەستەموڵ، وە بەڵێنی زۆرتان داونەتێ هیچتان بەجێ نەهێناوە، لەبەر ئەوە کوردەکان لەگەڵ مستەفا کەمال دا ڕێك کەوتن، وە هەروەها لەکوردستانی خواروشدا ئێوە ئیدارەی حکومەتی شێخ محمودتان تێکدا، ئەوانیش ناچاربون لەگەڵ کەمالیەکانا ڕێك کەوتنو هێنایانن بۆ ڕەواندز لەکوردستانی خوارودا، ئێستاش من لەجیاتی هەمو کوردێك لەهەمو کوردستانا پێتان ئەڵێم: ئەگەر ئێوە ئامادە بنو ڕاست بکەن وە بەڕاستی بێنە پێشەوە بۆ دانی سەربەخۆیی بەکوردستان، منیش خۆم ئامادەمو بەڵێن ئەدەم کوردتان لەگەڵ ڕێك بخەم، ئەگەر ئەمەش ناکەن، تەنها داواتان لێ ئەکەم یاریدەم بدەن بچمەوە جێگای خۆم ئایا بەشەڕ کردن لەگەڵ ئێراندا، یا بەئاشت بونەوە لەسەر بەڵێنو گفتی ئێوە.

حاکمی سیاسی ئینگلیز لەوەڵاما وتی: جارێ حەز ئەکەم بزانم ئێوە کۆچتان کردوە چەند پارەتان پێویستە بۆ نەهێشتنی ئاتاجیتان؟

ئیسماعیل خان وەڵامی دایەوە، وتی: هیچ جۆرە ئاتاجیەکمان نیە. من میوانی برا کوردە دلێرەکانم تازە شێخ مەحمودی بەرێز ٥٠٠ لیرەی ئاڵتونی بۆ ناردوم.

حاکم ئینجا وتی: ئەی چۆنە لاتان کەسەید تەها بکەین بەحاکمی ڕەواندزو حەریر، وە ئەحمەد ئاغای برات بەحاکمی بادینان؟

ئیسماعیل خان لەم پرسیارەی حاکمی سیاسی زۆر دڵگیر بو، وتی: منو سەید تەها کۆچەرین, لەدێرێ دانیشتوین ئەم ناوچەیە لەشۆڕشان لەگەڵ ئێوەدا، من لەپێشەوە بۆم ڕون کردنەوە ئەگەر ڕاست ئەکەن ئەبێ لەپێش هەمو شتێکەوە سەربەخۆیی‌و ئازادی کوردستان بخەنە بەرچاو، تەشکیلاتو دانانی خەڵك ئەبێ بەپێی ئارەزوی دانیشتوانی وڵاتەکە بێت نەك ئارەزوی منو تۆ، لام وایە ئێوە نیازتان وایە بەقبوڵ کردنی ئەم داوا کردنانە، ئێمە بکەن بەدوژمنی کوردەکانی کوردستانی خوارو وە سوکمان بکەن لەناویانا، بۆ لەبریتی پرسی دانانی حاکمی بۆ ڕەواندزو حەریر، باسی تەرتیباتو تەشکیلاتی دامەزراندنی سەربەخۆیی کوردستان ناکەنو بەنوێنەر نامنێرن بۆ لای شێخ محمود کەبەشدار ببێ لەم یەکێتییەدا؟ بەداخەوە زۆر بەئەندێشەوە ئەڵێم داواکردنەکانت لەجێی خۆیا نیە.

حاکمی سیاسی پاش بێ دەنگ بونو بیر لێ کردنەوە بۆ ماوەیەك وتی: ئەم داواکردنانەی ئێوە بەمن نادەگێڕرێتەوە نەقبوڵیش دەکرێت چونکە لەدەسەڵاتی من دا نین، فەرمو بابچین بۆ هەولێر لەوێوە نوێنەری سامی لەبەغداوە دەهێنن بۆ گفتوگۆ کردنو دوان لەم بابەتە[٦٨].

٤/٧ پەیامەکانی سمکۆو شێخ محمود

هەر لەو ماوەیەدا کەسمکۆ لەبەحرکە بو بەتەلگراف لەگەڵ شێخ محمود کەوتە ئالوگۆڕی بیرورا. پەیامەکانی هەردوکیان نرخێکی مێژوییان هەیە بۆ جۆری تەقەللای نەتەوەیی کوردو تێگەیشتن لەسیاسەتی کوردیی بەریتانیا.

ئەبێ رۆژنامەکانی ئێران لەسەر سەفەری سمکۆ هەندێ هەواڵی ناڕاستیان بڵاو کردبێتەوە، لەبەر ئەوە((رۆژی کوردستانی)) زمانی حکومەتی کوردستان تێکستی پەیامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی هەردوکیانی وەکو خۆی بەمجۆرە بڵاوکردۆتەوە:

((بەتاریخی ۹ رەبیع ئەلئەوەلی ۳٤۱ ژمارە ۷۰ی غەزەتەی ستارە ئێران موخالیفی حەقیقەت بەعزی نەشریاتی کرد بو، بۆ تەصحیحی ئەفکاری عمومی سەردارانو موننەوەرانی کورد مەجبور بوین موخابەراتی کە لەبەینی حضرتی مەلیکی کوردستانو جەنابی سمکۆ و سەید تەها دا جەرەیانی کردوە دەرج نەشری بکەین:

سلێمانی

بۆ حوزوری حوکمداری اعظمی کوردستان

ئەمرۆ موقەدەراتی کوردستان تەودیعی دەستی موبارەکتان کراوە. موناسیبی نازانین هیچ ئیشێك بێ ئەمری زاتی حوکمدارانەتان بکرێ. بەزەییتان نایەتەوە بەئێمەمانان کەمیللەتی کوردی مەغدورین ئیستیرحام ئەکەین لەهەمو خوصوصێکەوە موعاوەنەت بفەرمون بۆ ئیستیخلاصی ئەم وەطەنەمان.

١٤ی کانونی ئەوەلی ۳۳۸ سمکۆ

ئەربیل

قەهرەمانی کوردستان حضرتی ئیسماعیل ئاغا

هەڵبەتە تەقدیری ئەفەرمون کە بەتاقی تەنیا لەرێگای سەندنی حوقوقی میللەتی کوردا لەپێش هەمو کسێکەوە بە چ دەرەجە فیداکاریم کردوەو بەو نیسبەتەش فەلاکەتم دیوە. ئەمرۆش بەئیتیفاقی قەهرەمانێکی وەکو زاتی وەطەن پەروەرانەی ئێوە بۆ گەیشتن بەعەینی غایە دەرەجەی ئارەزوم ئیحتیاج بەایضاح ناکات، حەواڵەی تەقدیری ویجدانی جەنابتانی ئەکەم. لاکین ئەبێ بۆ مودافەعەی حەقی بێ کەبێ قووەت ، بێ پاڵ، بێ موعاوەنەت. بێ حەق، خۆمان بهاوینە ناو جیدالو مەعرەکەی شەڕوشۆڕو بۆ سەندنی غایەی میللەتی کوردبێ کەحەیاتی ئەم قەومە سەوقی افەنا بکەین، ئەمرۆ حەقێکی رەسمی نەدراوە بەمیللەتی کورد، ئێمە

کەببێتە سەبەبی جونبوش‌و مودافەعەی دوشمنانی خاریجی. وە هەرچەند ئێمە داوای لوطف‌و حوقوقمان کردبێ بەنەوع نەوع وەعدو بەهانە ئیهمال کراوە.

۳مانگ لەمەوپێش حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا ئەو موعاوەنەتە کەوەعدی فەرموە لەسەد یەکێکی بەجێ نەهێناوە تا وەکو منیش میللەتی کورد بەئیستیقبالەوە تەماعداریان بکەم. بۆ حەقی شەڕوشۆڕم پێ خۆشە، بەلاّم بۆ ناحەقی پێم خۆش نیە کەخوێنی موسولمانانی کورد بڕێژم. ئەگەر لوطفەن حەقی خۆمان پێ ببەخشرێ حازرین بۆ هەمو فیداکاری‌و دەفع‌و دورخستنەوەی موعتەریزەکانمان. ئەگینا هەر بۆ اطاعەتی موطلەقەی حکومەتی فەخیمە بەقطعی قەول ئەدەم کەبێ تەرەف‌و صادق ئەمێنمەوە بەرامبەر دەولّەتی موعەظەمەی بەریتانیا.

ئەگەر لەمە زیاتر لزوم بە موزاکەرە هەیە بۆ تەشریف فەرمونتان رجاو تەئیید ئیحتیرام ئەکەم.

١٤ی کانونی ئەوەلی ۳۳۸ محمود

سلێمانی

بۆ حوزوری حوکمداری ئەفخەم

لەحکومەتی ئینگلیس بەو لاوە کەس نیە حوقوق بەئێمە ببەخشێ‌و موقابیل ئەو لوطفە کە لەگەلّمان ئەکات چاوەڕوانی خدمەتی ئێمەیە. ئەم حوقوقە بێ شوبهە ئەتوانین بیسێنێن. ئەگەر هەر لەجەنابی حوکمداریتانەوە ئیرادەیەکی دەرکردنیان ببێ بەعەونی خودا بێ خوێن رشتنی موسولمانان لێرە دەریان ئەکەم. وە حوقوقیشمان بەهەمو نەوع وەرئەگرین. وا مەصلەحەت ئەبینم کەپێکەوە دوشمن لەناو خۆمان دەرکەین‌و حوقوقیشمان هەر پێکەوە لەحکومەتی بەریتانیاو عەرەب وەرگرین.

١٤ی منە سمکۆ

ئەربیل

قەهرەمانی کوردستان حەزرەتی ئیسماعیل ئاغا

حەقیقەتەن بۆ هەمو نیعمەتی ئیختیاری زەحمەت‌و بۆ هەمو لوطفی عەرضی تەشەکور لازمە. لاکین بۆ لوطفی کەرەوا نەبینرێ ئیختیاری کولفەت کردن لەوە ئەچێ کەفیدای مەوجودیەت بکرێ بۆ مەنافیعی خەلقی تر. غەیری حکومەتی بەریتانیا ئەوی حەقی حەیاتمان بداتێ‌و ئومێدی سەعادەتی لێ بکرێ کەس شك نابەم. وەکو قیام کردن لەموقابیل موعتەریضی ئەو حوقوقەمان کەبە مەرحەمەت پێ ئەبەخشرێ بەمەشروعی ئەزانم بەبێ سەبەب چونە موجادەلەشەوە ئەوەندە

بەغەیر مەعقولی ئەزانم. هەمو میللەتی کورد بێ تەرەدود حازرە بۆ دەفعی دوشمنی خۆی بەشەرتێ وەکو حکومەتی بەریتانیا وەعدی داوە وەعدەکەی بەجێ بێنێ. ئیعتیراف بەمیللیەتمان بکاتو بەمەرحەمەت تەقدیری حوقوقمان بفەرموێولەحەرەکاتێکدا کەبەرامبەر دوشمنمان ئەکرێ مادیەن یارمەتیمان بدات بەڵام ئەمرۆ موعتەریضی وەطەنو دوشمنی میللیەتم ناناسم. کێ حەقمان ئەداتێ چ حکومەتی تەعەروضی حوقوقمان ئەکات. بێ زانینی سەبەب. بێ چاوپێکەوتنی حەق موجادەلە بۆچی بکەین، وە بۆ مەنفەعەتی کێ خوێن برێژین. ئەگەر بەم حاڵە رازی بین موعاوەنەتێکی کورد لەدوای خۆمانەوە نابینین، چونکە ئەگەر بپرسن بۆ چ حەقێك مودافەعەو خوێنی میللەت فیدا ئەکەن؟ جەوابمان نیە بیدەینەوە. ئیتر لەجیاتی دوشمنایەتی غەیر رەسمی اطاعەت کردنی حکومەتو بێ طەرەفانە لەماڵی خۆمدا دانیشتن بەموناسیب تر ئەزانم.

١٤ی مینهو محمود

سلێمانی

بۆ حوزوری عالی حوکمدار

دەستتان ماچ ئەکەم. ئەگەر مەظهەری تەوجیهتان بم خۆم بە بەختیار ئەزانم. مەعروضاتم بۆ حەضرەتی ئیسماعیل ئاغا تەرك کرد ئەفەندم.

١٤ی مینهو سەید تەها

ئەربیل

بۆ حەزرەتی برای موحتەرەمی خۆم سەید تەها ئەفەندی

بێ قەیدو شەرت تەشەکوری ئەو لوطفو تەوەجوهاتی داعی نەوازانەتان ئەکەم. کە لەحەقم رەوا بینراوە. جوابی ئەمرەکانی ئیسماعیل ئاغام تەقدیم کردوە. من کوردم چونکە بەکوردی ژیان بەسەعادەت ئەزانم مەفتونی سەویەی میللەت پەروەرانەی هەمو قەهرەمانێکی کوردم.

١٤ی منە محمود[٦٩]

سمکۆ لەهاتنیدا بۆ کوردستانی خوارو ئومێدی وابو بەریتانیا پشتیوانی لەبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بکا لەئێرانو تورکیاو عیراق بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام ئەوان نەیان ئەویست هیچ کارێ لەدژی ئێران بکەن، ئەیان ویست دەوڵەتی ئێران وەکو خۆی بمێنێ، دەوڵەتی عیراق دروست ببێو کوردستانی خواروی پڕ لەپەترۆڵیش بەشێکی بێ. دروستکردنی دەوڵەتی کوردی

لەهیچ لایەکی کوردستاندا لەبەرنامەی ئینگلیزەکان دا نەبو. سمکۆ هیچ ئومێدێکی لەسەر هەڵ نەچنین‌و چو بۆ سلێمانی بۆ سەردانی شێخ محمود.

٥/٧ سەردانی سلێمانی

رەفیق حلمی لەم بارەیەوە نوسیوێتی:

((تەلگرافەکانی بەینی سمکۆو شێخ محمود، ئینگلیزەکانی خست بوە هیواوە لەبەرئەوە رێگایاندا کەسمکۆ بێتە سلێمانی، کەئەم دەنگەش بلاوبوەوە، سلێمانی بەجارێ خرۆشا، ناوو شورەتی سمکۆو باس‌و حەکایەتی ئازایی‌و قارەمانی ئەم کوردە ناودارە دەمێك بو گەیشت بوە کوردستانی عیراق. لەبەرئەوە هاتنی بۆ سلێمانی، بۆ مەسەلەی کورد بەمزگێنی ئەژمێردراو هیوای نیشتمانپەروەرەکانی تازە ئەکردەوە. سمکۆ یا ئیسماعیل ئاغای سەرەك عەشیرەتی شوکاك لەدڵی هەمو کوردێکا جێگەیێکی بەرزی هەبو بەقارەمانێکی میللی ئەدرایە قەڵەم. حکومەتەکانی تورك‌و ئێران بەچاوێکی پڕ لەکین‌و شکەوە تەماشایان ئەکرد. لەبەر ئەمە هاتنی بۆ سلێمانی شتێکی کەم نەبو، گەورەو بچوك بەژن‌و پیاوەوە، لەم هاتنە ئەدوان‌و بێ ئۆقرە چاویان لەرێ بو، چاوەڕوانی گەیشتنی ئەم قارەمانەیان ئەکرد. ئەیانویست ساتێ زوتر بەدیداری شادبن، ئەوانە کە کوردو نیشتمانپەروەر بون سمکۆیان بەقارەمانێکی میللی ئەهاتە بەرچاو. هیوای ئەوەیان لێ ئەکرد کەئەم هاتنەی ببێتە هۆی گۆڕینی((مەجرای سیاسەت)). تا تەرازوی کوردایەتی سەرکەوێ‌و شێخ محمود لەو((دو ریبیان))ـەوە کەلێی وەستا بو بخرێتەوە سەر رێی مەبەس، واتا روی پێ بکرێتەوە مەسەلەی کوردستان. مستەفا پاشا لەهەمو کەس زیاتر بەکەیف بو. لەو حاڵەوە کەتیابو چو بوە حاڵێکی ترەوە. خۆی قیت کردەوە. بو بو بەکوڕی چواردە ساڵ. ئەویش لەسەودایەکی ترا بو، بەتەمای ئەوە بو سمکۆ شێخ محمود بەرەو ئامانجی خۆی بەرێ. لەو خەیاڵەدا بۆ کەسیاسەتی ئینگلیز بێتە جێ. لەپێش هەمو شتێکا تورك لە((رەواندز))بکرێتە دەرەوە. خەبات‌و ئاژاوە بگاتە کوردستانی تورکیا. بەکورتی بۆ شکاندنی پشتی((مستەفا کەمال))هەوڵی ئەدا....

ئیتر هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی نزیك ئەبوەوە، ئینجا لەسەر فەرمانی مەلیك، خانوەکەی شێخ مستەفای نەقیب پاکرایەوەو رێکخرا. رۆژی هاتنی سمکۆ سەرپاکی سلێمانی بەجارێ لەماڵ هاتنە دەرەوە، زۆربەی سوارەی عەشایری دەورو پشت چون بەپیریەوە. شاری سلێمانی وەکو بوك رازایەوە. لەناو ئاهەنگێکی گشتی‌و زەماوەندێکی میللی‌و نەتەوەییا بەرەو پیریەکی زۆر شیرین‌و شاهانەی بۆ کرا. شەوێك پێش گەیشتنی، شاری سلێمانی بەسانی شارە مێرولە وروژا. دەرزیت

بهاریشتایه نەئەکەوتە سەر ئەرز. تا رۆژ خەو لەچاوی کەس نەکەوت. شتێکی کەسەیر بێ ئەوە بو تورك خواکانیش لەکەیفا بون. بەڵکو ئەوان لەکورد پەروەرەکان زیاتر نەشئەیان پەیا کرد بو، وا دەرئەکەوت کە بەلای دەستەی تورك خواکانیشەوە هاتنی سمکۆ جێی هیوا بو، وە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی تورك‌و مەبستی خۆیان بەباشیان ئەزانی. رۆژئاوا بو بو، کە لەمستەفا پاشا کاغەزێکم وەرگرت. داوای ئەوەی لێ ئەکردم کەهەر بەو شەوە((گۆرانی))یەکی جوانی میللی رێك بخەم‌و فێری قوتابیەکانی بکەم بۆ ئەوە کە لەبەرەو پیری سمکۆدا بخوێنرێتەوە. دەسبەجێ چومە مەکتەبی ئەعدادی. شەو بو بو بەرۆژ. لەبەرئەمە بەئاسانی قوتابیەکان کۆکرانەوە، تا ئەوان کۆبونەوە منیش((گۆرانی))یەکم ئامادە کرد. تانیوە شەو لەگەڵ دەستەی قوتابیی گۆرانی خەریك بوم‌و هەمو شتێ جێبەجێ کرا، قوتابییەکان لەخۆشییا نەیان ئەزانی چی بکەن؟ پێیان عەرزی نەئەگرت. بەتەما نەبون ئەو شەوە سەرخەوێ بشکێنن، بۆ ئەوە چونە ماڵەوە کەبۆ سبەینێ خۆیان کۆبکەنەوە. ئەو سبەینێیە کەجەژنی کورد بوو ئەچون بەپیر پاڵەوانی کوردستانەوە...

بەیانی ئەو شەوە، پێش هەتاو کەوتن ئەهالی شاری سلێمانی وردو درشت، بەپیاوو ژنەوە رژابونە کۆڵانەکان، قوتابیانی مەکتەبەکان، لەو کۆڵانەدا کەئەچو بۆ ماڵی((شێخ مستەفا))لەگەڵ عەسکەرو پۆلیس بەرانبەر بەیەك ریزیان بەست بو. بۆ راگرتنی ئەمانەو رێکخستنیان، زابتە کوردەکان‌و مامۆستاکان بەچوستی لەهات‌و چۆدا بون، خەلق تا ئەهات زۆر ئەبون‌و لەو دەشت‌و کۆڵانەدا جێیان نە ئەبوەوە، تەلارو پێش هەیوان‌و بەرپەنجەرەی خانوەکان، وسەربانی مزگەوتی گەورەو دوکان‌و بازاڕ، جمەی ئەهات، دێهاتی‌و لادێی نزیکی سلێمانی بەجارێ رویان کرد بوە ناو شار، لەدوای ئەمانەو چاوەڕوانییەکی بێ ئۆقرە، نزیکی نیوەڕۆ سەیارەی شێخ قادری سەرەك رەئیس دەرکەوت. خەڵقەکە جارێکی تر خرۆشان‌و بەیەکا چون. مامۆستا خوێن گەرمەکان‌و زابتە چوست‌و چالاکەکان، گورج بونەوەو چون بەلای قوتابیان‌و عەسکەرەکانەوە، ئیتر بۆ کڕنوش((سەلاو))چاوەڕوانی ئیشارەتی بون، ریزی قوتابیان بەرانبەر بەریزی عەسکەرەکان وەکو دو خەتی راستی بەڕاستە کێشراو وەستا بون، چاویان بڕی بوە دەمی زابت‌و مامۆستاکانیان، لەپڕ سەیارەیەك گەیشتە پێشەوەو دەرگاکەی کرایەوە، بەتەنیشت شێخ قادرەوە بالای بەرزو قەدی شمشاڵی سمکۆ دەرکەوت، پڵنگی کوردستان لەبەرگی عەسکەریا بەوێنەی ژەنەراڵێك هاتە پێشەوە.

چاوێکی بەو خەڵقەدا خشاندو بۆ سەڵاو هەردو دەسی بەجارێ بڵند کردەوە، ئیتر لەگەڵ هەلهەلەو چەپڵە ڕێزانی ژنان، لەلایەکەوە گوڵ بارانو دەنگی((بژی بژی))و لەلایەکی تریشەوە گرمەی تۆپ دەسی پێ کرد. فرمێسکی شادی بەری چاوی نیشتمانپەروەرەکانی گرت بو بۆ ماوەیەك لەهۆش خۆیان چون، لەمێژوی ڕۆژە گرنگە پیرۆزەکانی سلێمانی یا، دوای ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ محمود لەهیندستان، ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی شادیو پیرۆزی سلێمانی بو، ئەو ڕێزە قوتابیو عەسکەرانە کە لەکڕنۆشا وەستا بون چاوەڕوانی سمکۆ بون، ئەبو بە بەردەمیانا بڕواو بیان پشکنی، ئەنجا سمکۆ بەهەنگاوێکی ڕێكو لەسەرخۆ بەرەو ئەوان ئەجولایەوە. لەو ساتەدا لەشاهێ لەو شاهانە ئەچو کە لەبیرو خەیاڵی کوردا ئەژین، قوتابی لەگەڵ گۆرانی بەخێرهاتنا دەسیان کرد بەگوڵبارانو عەسکەرو پۆلیس بەتفەنگە بریسکەدارەکانیانەوە لەسەڵاوا وەستان، وێنەی ئەو ساتەی سمایل خانو دەستە سوارەکەی پڕ لەچەکی شوکاك، ئەشیا کەبچێتە لاپەڕەکانی مێژوی کوردەوە، سمکۆ خۆی هەرچەن بەرگی عەسکەری لەبەرا بو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا نیشانەی ڕەگەزی کوردایەتی ئەو بەجێگەیێکی بەرزەوە ئەبینرا. واتا کڵاوێکی کوردانەی شوکاکیشی لەسەر نابو وچەن هەورییەكو مشکی بەدەوری ئەم کڵاوەدا پێچا بو وتێی ئاڵاند بو، ئەو پیاوانەی کە لەگەڵیشی بون بە بەرگی کوردی شوکاکەوە لەکوردستانی باکورەوە دیاریەکی بەنرخ، واتا دیمەنێکی شیرینی براکانی ژورویان بۆ هانی بوین، مستەفا پاشای دۆستی دێرینی سمکۆ، بەوتارێکی گەرمو بەهێز داستانی دورو درێژی ئەم بێچوە شێرەی بۆ گێڕاینەوە، مێژوی پاڵەوانیو نیشتمانپەروەری سمکۆو ئەو کارەساتانەی بۆ هۆنینەوە کە لەم ڕێیەدا بەسەری هات بو)) [٧٠].

ژمارەی ٨ی هەفتەنامەی((ڕۆژی کوردستان))زمانی حکومەتی کوردستان ڕیپۆرتاجێکی درێژی لەسەر چونی سمکۆ بۆ سلێمانی بەمجۆرە نوسیوە:

((قەهرەمانی کوردستان، حەضرەتی ئیسماعیل ئاغا- سمکۆ

هەفتە لەمەوپێش جەنابی طاهر ئەفەندی سەرکاتبی حەضرەتی ملوکانە بەقوەتێکی سواریەوە تەشریفی حەرەکەتی کرد بۆ ئیستیقبالی حەضرەتی قەهرەمانی کوردستان جەنابی ئیسماعیل ئاغا.

ڕۆژی ٧ی کانون سانی ٣٩ کەجەنابی ئاغا قۆناغی نزیك سلێمانی بۆ وە حەضرەتی ڕەئیس الرؤسا جەنابی شێخ قادر ئەفەندی کە لەمەعییەتی موبارەکیدا قوماندانی تابوری ژاندرمە بەقوەتێکی زۆرەوەو کوللی ئەشرافی مەملەکەت مەوجود بون بۆ ئیستیقبال حەرەکەت فەرما بو و نزیکی مەنزلی تەشریفی چو بەپیریەوە.

رۆژی ۸ی کانونی سانی ۳۹ عومومی دەوائیری حکومەت تەعتیل کرا ئەهالی دوکانیان هەڵ گرت. عومومی ساداتی کیرامو مەئمورانی عەسکەریو مولکی رۆئەساو ئەشرافو مونەوەرانو ئەهالی موحتەرەمە بۆ مەراسیمی ئیستیقبال نزیکی نیوسەعات بسواریو بەپیادە حەرەکەتو رویان کردە رێگای ئیستیقبالو ئینتیزار.

جەنابی رەئیسی داخلیە لەگەڵ جەنابی کەپتان چیمن وەکیلی فەخامەتی مەندوبی سامیدا بەئوتومبێلو سائیری رۆئەسای حکومەت قیسمەن بەئوتومبێل تا سەعاتی رێگا ئیستقبالیان کرد. هەرچی رۆئەسای عەشایری کە لەسلێمانی حازر بون هەرکەسە بەخۆیو دەستەو دایرەیەوە بەسورەتێکی مونتەظەمو جیاواز داخلی مەراسیمی ئیستیقبال بون.

لەپاش تەرتیبو تەنظیمی ئەم مەراسیمە گەردونە حەزرەتی جەلالەتی مەلیك دامە شەوکەتوهو ساعەت لەشەشی کوردی لەشارەوە نزیکی نیو سەعات رێگا بۆ ئیستیقبال تەشریفی فەرمو وە لەجێگای مەخصوص ئینتیزارو ئیستراحەتیان فەرمو، کەتەشریفی موبارەکی حەزرەتی ئاغای نامدار نزیك بوە لەریاسەتی قوماندانی میللیدا عومومی قەطەعاتی سواری میللی ملوکانە ساعەتی رێگا لەشار دور تا کەناری شار لەهەردو لای رێگادا صەف بەستەی ئیحتیرامو سەلام بونو عەرضی تەعظیماتو تەبریکاتیان کرد.

لەپاش قەدەرێ کەحەضرەتی ئاغای نامدار لەگەڵ جەنابی ئەحمەد ئاغای برای موحتەرەمیو سایری خزمانو مەعییەتی موبارەکیو رۆئەسای کیرامو ذیالاحترامی عەشیرەتی پشدەر جەنابی بابەکر ئاغاو جەنابی عەباس ئاغاو سایری رۆئەسای پشدەرو مەنگوڕو ئوجاغ لەخزمەت جەنابی رئیس الرؤسا حەزرەتی شێخ قادر ئەفەندیدا بەتەواوی نزیکی مەوقیعی مەخصوصی جەلالەتی حەضرەتی مەلیك بونەوە، ئەوسا گەردونە حەضرەتی تاجداریش تۆزێ چوە پێشەوە هەردو طەرەف دا موصافەحەو بەیانی خۆش ئامەدیو تەبریکاتو لەوازیمی موحیبەتو حورمەتی فوقولعادە لەهەردو جیهەتەوە بەجێ هێنرا. وە بەئیرادەی ملوکانە حەضرەتی ئاغای موحتەرەم لەگەردونەی مەخصوصەی ملوکانەدا ئەخزی مەوقیعی فەرموو لەخزمەت حەضرەتی مەلیكدا گەڕانەوە بۆ شار.

ئومەراو زابتانو عەساکیری مەنصورەی کوردستانیش کە لەخاریجی شاردا بەصورەتێکی مونتەزەظم صەف بەستەی ئیحتیرامو سەلام بون رەسمی تەعزیماتو سەلامیان ئیفاو گەلێ گۆرانی وەطەنی خۆشیان خوێندەوەو دوعای تەرەقیو موەفەقییەتی حکومەتو میللەتی کوردیان کرد، لەطەرەف جەلالەتی حەضرەتی

مەلیك‌و حەضرەتی ئاغای نامدارەوە تەفتیشی عەسکەرەکان کراو یەکە یەکە مەظهەری سەلام بون.
لەدوایی‌دا بەعومومی عەودەت کرایەوە بۆ خانوی مەوقیعی مەخصوصی حەضرەتی ئاغای موحتەرەم‌و لەبەر دەرگا تەوەقوفیان فەرمو لەوێ‌دا هەمو شاگردانی مەکتەب بەصورەتێکی رێکوپێك لەصەفی حورمەت‌و ئینتیزاردا راوەستان. گەلێ گۆرانی‌و ئەشعاری کوردی وەطەنی بەتەئسیریان خوێندەوە کەدڵی سامیعینی ئەکرد بەئاو.
لەطەرەف یەکێ لەشاگردانی مەکتەبەوە بەموناسەبەتی ئەو رۆژە موبارەکەوە ئەو زاتە موحتەرەمەوە نوطقیکی جوان‌و رەوان خوێنرایەوە. کەعەرضی خۆش ئامەدی حەضرەتی ئاغای نامدار، دوعای بەقای موەفەقییەت‌و تەرەقی حەضرەتی مەلیك‌و میللەتی کورد بو، لەم ئیستیقبالە مونتەظەمەو لەم مەنظەرە موحتەشەمە عادەتەن عالەمی کوردییەت‌و قەومییەت ئیحیا بوەوە، لەپاش‌دا موسافرینی موحتەرەمە لەخزمەت حەضرەتی جەلالەتی مەلیكدا تەشریفیان چوە مەقامی خصوصی خۆیان.
حەقیقەت ئەم رۆژە رۆژێکی تاریخی‌و زۆر موقەددەسە. ئێمە ناتوانین دەرکی مەعالی‌و مەدح‌و سەنای خەدەماتی وەطەنپەروەرانەو ئیقداماتی فیداکارانەی حەضرەتی ئاغای نامدار بکەین. لاکین بەناوی عومومی میللەتی کوردەوە عەرضی خۆش ئامەدی‌و تەبریکاتی حەضرەتی ئەم قەهرەمانی کوردستانەوە رەفیقانی موحتەرەمی ئەکەین‌و بەتەشریف هاوردنیان ئیعلانی مسارو ئیفتیخارو سەعادەت‌و موەفەقییەتی هەمو قەومی کورد لەبارەگاهی کبریا ئیستیرحام ئەکەین)).
هاوزەمان لەگەڵ سەردانی سمکۆ بۆ سلێمانی چەند ئەفسەرێکی تورك، توپال رەمزی، فوزی بەگ لەلایەن تورکەوە لەرەواندزەوە هات بون بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شێخ محمود، لەرێگەی موسڵیشەوە فەتاحی ئەمینی عەتار، ژنبرای شێخ محمودو ئەفسەری تورك هات بوە سلێمانی. ماوەیەك بۆ ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانی شێخ محمودو ئوزدەمیر، فەرماندەی هێزەکەی تورك لەرەواندز، هاتوچۆی نوێنەرانی هەردولا بەردەوام بو. ئەوانە توانییان شێخ محمود لەئینگلیز دور بخەنەوەو رای بکێشنە ناو سیاسەتی تورکەوە. سمکۆش پاش گەیشتنی تێکەڵاو بو. شێخ محمودو سمکۆو ٢٠کەس لەپیاوە ناسراوەکانی کوردستانی عیراق‌و ئێران مەزبەتەیەکیان دابو بەتورك دەربارەی مافەکانی کوردو رێکخستنی جۆری پێکەوە ژیانی کوردو تورك[٧١].

دەستەیەکی نوێنەرایەتیشیان لەرەفیق حلمی، ئەحمەد تەقی، فەتاح ئەمین عەتار پێك هێنا لەگەڵ نوێنەرانی تورك فوزی بەگو رەمزی بەگ بچن بۆ گفتوگۆ بۆ تورکیا[٧٢].

سمکۆ لەگفتوگۆکانی لەگەڵ نوێنەرانی ئینگلیز هیچ بەڵێنێکی سەبارەت بەمافی نەتەوەیی کورد وەرنەگرت بو، لەبەرئەوە لەچونیدا بۆ سلێمانی نەك هەر نەی توانی شێخ محمودو ئینگلیز پێك بهێنێتەوە، بەڵکو خۆیشی لەئینگلیز هەڵگەڕایەوە، لەگەڵ تورك رێك کەوتەوە. لەو رۆژانەدا نێوانی شێخ محمودو بەریتانیا بەتەواوی تێك چو بو. بەوردی ئاگایان لەکەینوبەینی شێخ محمودو تورك بو. ئەیان ویست شێخ محمود لێ بخەنو سلێمانی لەژێر دەست دەربهێننو بیخەنە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراق.

ئەدمۆنس پلانی روخاندنی حکومەتی کوردستان بەجۆرە ئەگێرێتەوە:

((لەبەرئەوە لەشانزەهەمی شوباتدا بەفرۆکە چوم بۆ بەغداد لەوێ لەکۆنفرەنسێکا بەهاوبەشی سێر هینری دوبس، بوردیلنو من لەلایەكو، سەرتیپی هێزی ئاسمانی بورتنو فەرماندەی هێز ماکنیس بەنوێنەرایەتی سەرکردایەتی گشتی لەسەر پلانی کاری ژێرو پێکهاتین: ١)لە٢١ی شوباتدا کۆمیساری باڵا محمود بە تەلگراف داوا بکا بۆ بەغداد" ٢)هەر کە لەجێبەجێ کردنی فەرمانەکە سەرپێچی کرد هێزی ئاسمانی بەسەر سلێمانیدا دەس بکا بەفڕینی نمایشییو فڕێ دانی بەیان، تێیدا لێخرانی ئەو رابگەیەنێو پێنج رۆژ مۆڵەتی بدەنێ لەگەڵ هەمو ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی بچن بۆ بەغداد" ٣)بۆ بەهێزکردنی ((هێزی ناوچەیی))و پێشگیری لە هەر جۆرە پەلامارێکی کتوپڕ بۆ سەر ئەم لایە، دو گروهان لەکەرتی١٤ی سیك، بەشەمەندەفەر ببرێتە کنگربانو لەوێشەوە بەفڕۆکە بگوێزرێنەوە بۆ کەرکوك" ٤)ئەگەر محمود شاری بەجێ نەهێشت سەربازگاو بارەگاکەی بۆمباران بکرێ. دەسەڵاتیش درا بەمن ئاگاداری سمکۆ بکەم کەدەوڵەتی ئێران بەهۆی کۆمیساری باڵاوە لێبوردنی ئەوی قوبوڵ کردوەو، هانی بدەم سلێمانی بەجێ بهێڵێ[٧٣].

ئینگلیزەکان نەیان توانی بەهەڕەشە شێخ محمود لابەن، لەبەرئەوە هەڕەشەی بۆمبارانیان لەخەڵکی سلێمانی کرد.

لەرۆژی ١٩٢٣/٢/٢٣دا بەیاننامەیان بەفرۆکە فرێ دایە خوارەوە داوایان لەسمکۆ کرد کسلێمانی بەجێ بهێلێت بۆ ئەوەی لەبۆمبارانی سلێمانی‌دا توشی زەرەر نەبێ.

لەرۆژی ١٩٢٣/٢/٢٦دا بەیاننامەیەکی تریان بۆ شێخ محمودو دانیشتوانی شاری سلێمانی بەفرۆکە بەسەر سلێمانی‌دا بلاوکردەوە. داوایان لەشێخ محمودو دانیشتوانی شارەکە کرد چۆلی بکەن چونکە بۆمبارانی ئەکەن.

لەرۆژی ١٩٢٣/٢/٢٨دا سمکۆ سلێمانی بەجێ هێشت. بۆ راوێژ رەشید جودت، کەیەکێ لەئەفسەرە هاوکارەکانی شێخ محمود بو، لەگەلێ چو، بەرەو ناوچەکانی سنور.

پاش ئەوان شێخ محمود بەلەشکرەوە چوە ئەشکەوتی جاسەنە. دانیشتوانی شارەکەش رویان کردە دێهاتەکان.

لەتاریکولێلی بەیانی١٩٢٣/٣/٤دا فرۆکەکانی بەریتانیا سلێمانیان بۆمباران کرد[٧٤].

سمکۆ بەر لەوەی سلێمانی بەجێ بهێلێ، بەهۆی رۆژنامەی((رۆژی کوردستان))ـەوە سوپاسنامەیەکی بەمجۆرە بلاوکردەوە:

((لەسەر دەعوەت‌و ئیرادەی حەضرەتی جەلالەتی مەلیکی کوردستان‌و سیدالسادات جەنابی مەلیك محمودی اول، دامە شەوکەوتوهو، بەکەمالی شەوق‌و شەطارەتەوە بۆ کسبی شەرەفی زیارەتی حەضرەتی مەلیکی موعەظەم هاتمە سلێمانی. لەهەمو خوصوصێکەوە مەظهەری تەوەجوهات‌و عینایاتی حەضرەتی ملوکانە بوم لەبەرئەوە بەهەمو مەوجودییەتمەوە عەرضی تەشەکورو ئیفتیخار ئەکەم‌و لەشێوەی ئینسانییەت‌و حسیاتی قەومییەت پەروەرانە کە لەمەراسیمی ئیستیقبال‌دا لەطەرەف جەنابی رئیس الرؤساو ساداتی کیرام‌و روئەساو مەئمورانی عەسکەری‌و مولکی حکومەت‌و ئەشراف‌و مونەوەران‌و ئەهالی کوردستانەوە دەرحەق بەشەخسی من رەوا بینرا بو گەلێ موتەشەکیرو موفتەخیرم بەلکو هەر فەلاکەت‌و ئەزییەتی کە لەرێگای خزمەتی ئازادی‌و خەلاصی ئەم میللەتەدا بەسەرما هاتوە لەبیرم چۆتەوە.

خودا هەمو لایەکمان موەفەق بکات...... سمکۆ))[٧٥].

٨-گەرانەوە بۆ سنور

سمکۆ لەسلێمانی لەگەلٚ تورك پێك هاتەوە. لەو روەوە حلمی نوسیوێتی:

((سمکۆ لەدلا تورکی خۆش نەئەویست. جگە لەمە تورکەکان تازە دەسیان لێ وەشاند بوو برینیان کولاند بۆوە، لەبەرئەوە بۆی بکرایەو هیوای سەرکەوتنی

ببوایە، بەهەمو جۆرێ هەوڵی ئەوەی ئەدا کە تۆڵەیان لێ بسەنێتەوە، بەڵام هەواڵی بەجۆرێکی تر ئەهاتە بەرچاو، پڕوپاگەندەی ئوزدەمیرو لاگیرەکانی ئێجگار بەهێزو وەستایانە بو. تای تەرازوی سیاسەتی تورك لەسەرەوە بو، لەولای تریشەوە((خەسرەو)) پارچەیی لەجەرگی سمکۆ، بەدیل گیرابو لەلای تورك بو، لەخەزێنەی پارەکەشی دوای تاڵانو لەناوچون، نزیکەی ٢٠ هەزار لیرەی ئاڵتونی لە وان لەسندوقی فیرقەدا دانرا بۆ مابوەوە, چ لەئێرانو چ لەتورکیادا بستێ عەرزیشی دەس نەئەکەوت کەتیا بحەوێتەوە[٧٦].

تورك بەڵێنیان دایە گیراوەکانی بەربدەنو پارەکانی بدەنەوە، لێی بگەڕێن لەمولکەکانی خۆیا لەتورکیا دابنیشێ. سمکۆ سلێمانی بەجێ هێشت بەرەو ناوچەی باشقەلا کەنزیکی مەڵبەندی ژیانی خۆی بو.

کەمالیەکان ویستیان لەگەمەی سیاسی نێوان خۆیانو ئینگلیزدا لەکاتی ئاڵۆزانی کێشەی موسڵدا, لەبەرامبەر هەڕەشەی ئاسوریدا، کەڵك لەم وەربگرن.

کاربەدەستانی تورك لە وان داوایان لەسمکۆ کرد" بچێتە مەرکەزی ولایەتو سەر بۆ حکومەت دابنەوێنێو دڵسۆزیی خۆی بسەلمێنێ، بەڵێنی شەرەفیان دابویە لەو چونەدا بسەلامەتی بگەڕێتەوە. بۆ دەربڕینی دۆستایەتی فەرماندەی ئۆردوی تورك لەوان دوسەد لیرەو هەندێ تفەنگو فیشەکی بەئەحمەد تەقیو رەشید جەودەتو وەهبی بەگی یاوەری خۆیدا بەدیاری بۆ نارد.

سمکۆ مەرجەکانی قوبوڵ کرد. خۆیو هەندێ لەپیاوەکانی چون بۆ وان. کاربەدەستانی تورك بەڕێزەوە پێشوازییان کرد. سمکۆ میوانی فەرماندەی ئۆردو بو. هەزار لیرەی تریان لەپارەکەی خۆی دایەوە، لەگەڵ هەندێ چەکی تر.

وەکو سەرچاوە کوردیەکان ئەگێڕنەوە کاربەدەستانی تورك بەسمکۆیان وتوە: ((حکومەتی ئەنقەرە بڕیاری داوە هەزار سەربازی پڕ چەکی تورك بەجلوبەرگی نەتەوایەتی کوردەوە بخەنە ژێر فەرمانەدەتانەوە لەگەڵ هەمو هێزی نەتەوەدا. حکومەت چیتان پێویست بێ بۆتان ئامادە ئەکا. بەم هێزەوە بچنە ئێران شوێنو جێگای خۆتان بگرنەوە. لەوێ ئەحمەد ئاغای برات بەوەکالەتی خۆت دابنێ. خۆشتان بەهێزەکەتانەوە بچن بۆ کوردستانی خوارو بۆ یاریدەدانی شێخ محمودو عەباس ئاغا پێکەوە لەدژی ئینگلیز. سمکۆ بەم قسانە زۆر دڵخۆش ئەبێت. ڕێگەی ئەدەن بگەڕێتەوە بارەگاکەی خۆی چاوەڕوانی ئەو هەزار سەربازە بێ بۆی بنێرن. بەڵام پاش ماوەیەك ئاگاداریان کرد" بەهۆی باری سیاسی ناو دەوڵەتانەوە مەسەلەکەیان دوا خستوە)).

ئینگلیز بۆ ئەوەی گوشار بۆ سەر تورك ببات سنوری خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تازەی عیراق وا دیاری بکا وەکو ئەوان ئەیانەوێ‌و بۆ ئەوەی تۆڵە لەو هۆزە کوردانە بکاتەوە کەبەرەنگاری دەسەڵاتی بەریتانی بوبون‌و هەندێ ئەفسەری ئینگلیزیان کوشت بو، ئەی ویست ئاسورییەکان لەبادینان لەسەر سنوری تورك نزیك مەڵبەندی مێژویی خۆیان، نیشتەجێ بکا. تورکیش ئەیان ویست سمکۆ بەکاربهێنن.

مەسەلەی نیشتەجێ کردنی ئاسوریەکان سەری نەگرت. هەر زو هۆزە کوردەکان روبەڕوی راوەستان. مادەی سێیەمی پەیمانی لۆزانیش لەتەموزی ۱۹۲۳دا بڕیاریدا مەسەلەی موسڵ بخرێتە بەردەمی((کۆمەڵەی گەلان)) ئەگەر تورك‌و ئینگلیز لەماوەی نۆ مانگدا نەیان توانی بەخۆشی بەلایەکی دا بخەن. تورك پێویستی بەسمکۆ نەما[٧٧].

١/٨ هەوڵدان لەگەڵ سۆڤێت

هەر لەو ماوەیەدا کەسمکۆ لەسەر سنوری تورکی- ئێرانی بو.((کۆمەڵی ئیستیقلالی کوردستان))بەسەرکردایەتی خالد بەگی جبرانلی خەریکی خۆ ئامادەکردن بون بۆ شۆڕش. خالد بەگ لەسمکۆ رائەسپێرێ پێوەندی لەگەڵ سۆڤێت بکاو داوای پشتیوانی‌و یارمەتییان لێ بکا. سمکۆ بۆ ئەو مەبستە ئەحمەد تەقی ئەنێرێ بۆ دیتنی کۆنسوڵی سۆڤێتی لەورمێ. راسپاردەکانی سمکۆ بۆ سۆڤێت بریتی ئەبێ لەدو شت" یەکەمیان، ئەگەر روسیا قایل بێت رێك بکەویت لەگەڵمان من ئامادەم هەمو کوردەکانی لەگەڵا رێك بخەم بۆ یارمەتیەکی سیاسی‌و دەست کەوت‌و چاکەی روسیا، بەو مەرجەی روسیاش ئامادە بێت بۆ یارمەتیدانی کوردەکان بۆ سەندنی سەربەخۆیی‌و وەرگرتنی مافی نەتەوایەتیمان. دوەمیان، ئەگەر ئەمەش نەکەن یارمەتی شەخسی خۆم بدەن بۆ گەڕانەوەم بۆ شوێن‌و جێی خۆم لەئێراندا لەسەر بەڵێن‌و چاودێری روسیا)). کونسوڵی روسی لەوەڵامدا وت بوی: ((بەئیسماعیل خان بڵێن داواکردنی یەکەمی لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی روسیادا ناگونجێت وەناشیانەوێ درۆی لەگەڵدا بکەن، چونکە لەپاشەڕۆژدا کوردو روس ئەبێ رێك کەون بۆیە نایانەوێ بەدرۆزن دەرچن لایان. بۆ داواکردنی دوەم ئەگونجێ تێ بکۆشین‌و هەوڵ بدەین بام خان لەمەودوا پەیوەندی بێ لەگەڵمان...)).

یەکێتی سۆڤێت تازە((پەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکاری)) لەگەڵ حکومەتەکانی ئێران‌و تورکیا بەست بو، وەبەڵێنیان دابو بەیەك یارمەتی دوژمنانی یەکتری نەدەن.

٢/٨ یەکتر بینینی رضا خان‌و سمکۆ

رضا خان دوای ئەوەی بو بەسەرداری سوپاو وەزیری جەنگ لەمانگی ذی القعدە ١٣٤٣ هیجری‌دا سەردانێکی ئازەربایجانی کرد. ئەوسا عەبدوڵلا خانی ئەمیر طهماسبی فەرماندەی لەشکری شیمالغرب بو. ئێران بەناو لەسمکۆ خۆش بو بو. لەو سەردانەدا رەزا خان‌و سمکۆ لەشاری سەلماس یەکتریان بینی. نوسەرێکی ئێرانی لەزمانی دبیر اعظم بهرامی کەسەرۆکی کابینەو هاورێی رەزاخان بوە لەو سەفەرەدا چیرۆکی ئەو یەکتر بینینە بەم جۆرە ئەگێرێتەوە:

((..لەماوەی چەند رۆژێکا فەرماندەی لەشکر بەو پەرِی خۆشییەوە کەوتە پیشان دانی پێشکەوتن‌و ئیصلاحات‌و باشییەکانی زەمانی خۆی" رێگای زۆرو جادەی شوسەدار، سەربازخانە. . .

سەرۆکەکانی عەشیرەتەکانی بانگ کردە خزمەت. لەوانە ویستی ئیسماعیل ئاغای سمکۆی ناسراو لەگەڵ سەرداری سوپا بەیەك بگەیەنێ. عەبدوڵلا خان لەپێشەوە تەلگرافی بۆ ئیسماعیل ئاغا کرد لەسەلماس ئامادە بێ تا بەخزمەتی حەضرەتی ئەشرەف شەرەفیاب بێ. حەزرەتی ئەشرەفیش لەگەڵ عەبدوڵلا خان‌و چەند نەفەر هاورێگاکانی خۆی کە لەتارانەوە لەگەڵی هات بون چونە سەلماس.

ئیسماعیل ئاغا لەگەڵ ٨٠٠ نەفەر سواری کورد هەمو بەجلوبەرگی قەشەنگ‌و مەوهیبی کوردییەوە، بەچەکداری ریزیان بەست بۆ چاوەڕوانی گەیشتنی فەرماندەی گشتی لەشکر بون.

سەرداری سوپا کاتێ ژمارەی هاورێکانی خۆی، کەتەنها ئەوانەی ناو دو ئوتومبێل بون، بینی‌و دیمەنی هەشت سەد سواری چەکداری کوردیشی لەپشت سەری ئیسماعیل ئاغاوە دی‌و بینی سەربازخانەکەش چۆڵە، بێ ئەندازە ترساو، هەڤیشی بو. مەگەر ئەمە هەمان ئیسماعیل ئاغا نیە کەچوار سەد نەفەر ژاندارمەری بێچارەی بەو چەرمەسەرییە کوشت؟ مەگەر ئەمانە هەمان سوارانی نین کە یەك لەدوای یەك بەوپەرِی دڵرەقییەوە خەنجەرە ترسناکەکانی خۆیان لەپرشاڵی قوتوری خۆیان ئەکێشاو ورگیان ئەدرِی‌و مەمکیان ئەبرِی‌و سەریان ئەپەڕاند؟ ئەم فەرماندەی لەشکرەمان گەوجێکی چەند سەیرە کەمن‌و خۆی بەجۆرە بەدەس بەسراوی خستۆتە داوی ئەو جانەوەرانەوە. ئێستە تەنیا فەرمانێکی ئیسماعیل ئاغا کافیە بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو ئەو ژاندارمانە کوت کوت بکەن. . .

لەگەڵ ترسی زۆرا دیسان سەرداری سوپا، وەکو هەمیشە رۆڵی خۆی بەباشی یاری کرد، هەرگیز پەشۆکانی دەرنەخست(تەنیا یەك دو کەس لەنزیکەکانی کەچاك شارەزای رەوشتی بون‌و بەچەند نیشانەیەکی پچوکی دیارا پەیان بەشاردراوەکانی ناو دەرونی ئەبرد، تێ گەیشتن).

ئیسماعیل ئاغا هەر بەبینینی سەرداری سوپا لەئەسپەکەی هاتە خوارێو بەشێوەی خۆیان سلاو و چاکوچۆنی کرد، بەلام سەرداری سوپا بەئەنقەست زۆر گوێی نەدایە، بەلوتبەرزییەکی زۆرەوە وەلامێکی ساردی دایەوەو یەکسەر روی کردە سەربازخانە.

ئەفسەری لەپێش سەربازخانەدا راوەستابو بەو پەڕی رێزەوە سەلامی کرد، بەلام فەرماندەی گشتی کەبەهۆی شتی ترەوە ناڕازیو تورە بو گوێی نەدایەو لوطفی پیشان نەدا. تەنانەت شەللاقەکەی لەتورەییدا شکا. غەزەبی حەضرەتی اشرەف نەنیشتەوە. دوایی چوە سەربازخانە ئامادە بوان هەمو بەسەرسامی راوەستا بون. کەس لەهۆی ئەوە تێ نەئەگەیشت، سەرداری سوپاش لەپێش ئەوەدا ئەوانی تر لەسەرسامی دەربێن روی کردە ئەو مالەی بۆ شەو بۆیان ئامادە کرد بو. ئەو شەوە تا بەیانی نەنوستو هەموی لەناو ژورەکەدا هاتوچۆی ئەکرد. ئینسافەن هەقیشی بو. بۆچی سمکۆ شەو بە٨٠٠ سوارەکەیەوە نەی دا بەسەر ئەم دە پانزە کەسەدا؟ هێشتا کەس تێ نەگەیشتوە، تەنانەت بیستم سمکۆش دوایی لەگێلی خۆی سەری سورما بو و ئەفسوسی خوارد بو.

لەکاتێکا کەپاش ماوەیەك دیسانەوە ئیسماعیل ئاغا بەهێزەکەی خۆیەوە چو بۆ شەڕی لەشکری شیمالغەرب، بیستم بەنزیکەکانی خۆی گوتوە: من ئیحتیمالی زۆر دائەنێم لەم شەڕەدا بەشکاوی لەناو بچم بەلام سەرەرای ئەوەش ئەجەنگم. چونکە ئەمە چارەنوسی منەو ئەبێ گوێڕایەلی چارەنوسی خۆم بم، ئەگینا ئەو شەوەی سەرداری سوپاو عەبدوللا خان لەگەل چەند کەسێکی دەستو پێ بەستراو وەکو مەلی کەساس کەوت بونە داوی منەوە، هەق وابو کەلك لەئیقبالی خۆم وەربگرمو هەموبانم بکوشتایە. لەبەرئەوەی شەقم لەبەختی خۆم هەل داوە مەحکومم بە لەناوچون.

بەکورتی ئەو شەوە لەشانسی سەرداری سوپا، سمکۆ خۆی گوتەنی کەلکی لەئیقبالی وەرنەگرتو بەیانی هەمو بەسەلامەتی لەسەلماس دەرچونو بەرەو سەلماسی کۆن کەوتنە رێ..

..پاش بەسەربردنی تەشریفاتی سەردانو پشکنینی پێویستو بەخشینی خەلات بەسمکۆ، سەرداری سوپا سەلماسی بەجێ هێشتو لەگەل هاورێکانی گەڕایەوە بۆ تەورێز.

راوی ئەلێ کاتێ سەرداری سوپا بەئەندازەی کافی لەسمکۆ دور کەوتەوە لەنزیك قاوەخانەیەکەوە راوەستاو هەناسەیەکی قولی هەل کێشاو بەزمانی حال وتی: توشی عەجەب تەلەیەك بوین! واقیعەن ئەم کابرا گەوجە ئێمەی هاویشت بوە چ تەهلوکەیەکەوە، ئەوەندەی نەما بو بەخۆڕایی تیا بچین، بیحەمدیللا بەخێر تێ پەڕی...)) [78].

٣/٨ ڕێکەوتنی تورکی- ئێرانی

ڕضا شا لەزۆر ڕووەوە لاسایی مستەفا کەمالی ئەکردەوە. بەنمونەیەکی پێشڕەوی دائەنا بۆ نویّ کردنەوەی ئێران. ئێرانو تورکیا چەندین کێشەی هاوبەشو لەیەکچویان هەبو. لەوانە کێشەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد. سمکۆ دوای تێکشکانی لەچەهریق ئیتر چالاکییەکی چەکداری ئەوتۆی نەکردبو دژی ئەرتەشی ئێران. ڕەزا شا بەتەواوی دەستی گرت بو بەسەر ئێراندا. کۆتایی بە شۆڕشو یاخی بونی ناوچە جیاوازەکان هێنابو. دەسەڵاتی ناوەندی بەهێزی تێدا دامەزراند بون.

لەنیسانی ١٩٢٦دا ئێرانو تورکیا پەیمانێکی دو قۆڵییان بەناوی((معاهده نامەی ودادیەو تامینیه مابین دولت علیەی ایرانو جمهوریت ترکیه)) بەست. ئەم پەیمانە ١١ فسڵ(مادە)بو. تەرخان کرا بۆ دانانی ڕێوشوێنی ئاشتی لەنێوان هەردو وڵاتدا. بێلایەنی ئەم لایە ئەگەر لاکەی تر توشی شەڕ بو. بەشدار نەبون لەهیچ جۆرە پێکهاتنێکی سیاسیو ماڵیو ئابوریدا دژی یەکتری، ڕێکەوتنی بازرگانی، کونسوڵی پۆستو تەلەگراف، ئیقامەو دانەوەی تاوانباران، بەلاداخستنی ناکۆکی بەخۆشی. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجدانە فسڵەکانی پێنجەمو شەشەمە:

فسڵی پێنجەم: هەردو لایەنی مەزنی پەیمانکار بەڵێن ئەدەن، لەخاکی خۆیاندا ڕێگە نەدەن بەدامەزراندنو جێگیر بونی دامەزراو دەستەی ئەوتۆ کەئەیانەویّ ئاشتیو ئاسایشی مەملەکەتی پەیمانکارەکەی تر تێك بدەن یاحکومەتەکەی بگۆڕن، هەروەها ئەو کەسو تاقمانەی بەڕێگەی پڕوپاگەندە یا بەهەر ڕێگەیەکی تر ئەیانەویّ دژی مەملەکەتی پەیمانکارەکەی تر کار بکەن لەخاکی خۆیدا ڕانەگرن.

فسڵی شەشەم: بۆ دابین کردنی ئاسایشو ئەمنییەتی دانیشتوانی ناوچەکانی سنور هەردو لایەنی پەیمانکار هەمو جۆرە هەنگاوێکی پێویست ئەنێن بۆ کۆتایی هێنان بەخرابکاریو کردەوەکانی تایەفەکانی دانیشتوی سەرسنورەکان کە لەوانەیە زەرەر لەئاسایشی مەملەکەت بدەن. هەردو دەوڵەت ئەو کارانە بەجیا یا ئەگەر بەپێویستیان زانی پێکەوە ئەکەن[٧٩].

دیارە هەندێ لەبەندەکانی ئەم ڕێکەوتنە لەترسی بزوتنەوەی کورد بوە لەو ماوەیەدا. شۆڕشی سمکۆ لەکوردستانی ئێرانو شۆڕشی شێخ سەعید لەکوردستانی تورکیاو شۆڕشی شێخ محمود لەکوردستانی عیراق.

شۆڕشەکانی کوردستانی تورکیا" ١٩٢٥و ١٩٢٧-١٩٣٠ تورکیای هەژاند. مەڵبەندەکانی سەر سنوری تورکی- ئێرانیشی گرت بووەوە. هەم هێزەکانی شۆڕش بۆ خۆپاراستن ناچار ئەبون ئەمدیو و ئەودیو بکەن، هەم هێزەکانی تورك. لەکاتی

هەڵگیرسانی شۆڕشی ئاگری داخدا ئەم سنور شکاندنە بو بەهۆی گرژی پێوەندی هەردو حکومەتو ئاڵوگۆڕی نامەو نوێ کردنەوەی گفتوگۆ بۆ دانانی ڕێوشوێنی هاوبەش دژی بزوتنەوەی کورد. لێرەدا ڕاگەیەنراوێکی ڕەسمی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی حکومەتی ئێران لە١٧ی مانگی میهری ١٣٠٦دا بو نمونە ئەنوسینەوە:

((قائیم بالاعمالی تورکیا لە٢٠ی ئەیلول دا لەنامەیەکا بۆ وەزارەتی دەرەوەی نوسیوێتی: لەبەرئەوەی حکومەتی تورکیا لەمانگی ئەیلولدا دەس ئەکا بەتەمێ کردنی کوردەکانی خۆی لەئاگری داخ کە لەسەرسنور شەرارەت ئەکەن، داوا لەحکومەتی ئێران ئەکا بەهێزەکانی ئاسایشی خۆی ڕێ بگرێ لەو ئەشرارەی بیانەوێ پەنا بۆ خاکی ئێران بهێنن، هەروەها داوا لەحکومەتی ئێران ئەکا بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی تورکیا کاریگەر بێ. لەو بارەیەوە کاری هاوبەش بکەن.

لە١٩ی شەهریوەردا، دوای ئەوەش لە٤ی میهردا وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ سەفارەتی تورکیای نوسیوە" کەهەڵبەت حکومەتی تورکیا لەسەرکوت کردنی عەشیرەتەکانی خۆیدا ئازادەو حکومەتی ئێران لەروانگەی پتەوکردنی پێوەندی دۆستانەی نێوان هەردو وڵاتەوەو لەروانگەی ئەرکی دراوسێیەتییەوە سەرەڕای کورتی ماوەکەو دواکەوتنی دانی ئاگاداری بەدەوڵەتی ئێران، کوردەکانی خۆی ئەخاتە ژێر چاودێرییەوە بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە یارمەتی بەکوردەکانی تورکیا نەدرێ‌و بۆ ئەوەی نەوەکو بەهۆی تەعسباتی هاونەژادی‌و خزمایەتییەوە ئەوانە کارێ بکەن، ئێلاتە سنور نشینەکانی خۆی لەخەتی سنور دور ئەخاتەوەو بۆ ناوەوەی وڵاتیان ڕائەگوێزێ‌و، فەرمان دراوە بەکاربەدەستانی قشون‌و سنور" ئەگەر کوردەکانی تورکیا لەبەرامبەر عەمەلیاتی هێزە جەنگییەکانی تورکیادا ڕایان کرد بۆ ناو خاکی ئێران" نەهێڵن ئەوانە لەسنورەکانا بمێننەوەو بتوانن سەر لەنوێ کاری جەنگیی دژی ئۆردوی تورك بکەن، خاوەن پایەیەکی بەرزیش بۆ چاودێری بڕیارەکانی سەرو نێردراوو فەرمانی پێ درا کە لەپێوەندی ڕاستەوخۆدا بێ لەگەڵ فەرماندەیی تورکاو لەیارمەتی دانی پێویست درێخی نەکاو هەنگاوی پێویست بنێ بۆ ڕێ برین لەپەڕینەوەی یاخییانی کورد لەسنوری ئێران. لەهەمان کاتدا حکومەتی ئێران لەروانگەی دائیمی خۆیەوە جارێکی تر بیری حکومەتی تورکی خستەوە" کەمادام ناکۆکییەکانی سنور کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دروست کراون بەلادا نەخرێن‌و، دەسدرێژی کاربەدەستانی سنورو هێزە چەکدارەکانی تورك بۆ سەر خاکی ئێران ڕانەگیرێ‌و کێشەکانی سنور چارە نەکرێ‌و، حکومەتی تورکیا ڕێگری نەکا لەپەلاماری ئەشراری تورکیا بۆ سەر خاکی ئێران، هاوکاری تەواوی حکومەتی ئێران لەگەڵ حکومەتی تورکیا لەتوانادا نابێ.

لەوەڵامی نامەی ١٩ی شەهریوەری وەزارەتی دەرەوە، قائیم بالاعمالی تورکیا بەناوی حکومەتەکەی خۆیەوە لەیارمەتی دانی حکومەتی ئێرانی سوپاسی دەربڕی.
لەگەڵ هەمو ئەو یارمەتییانەی ئێرانو بەجێهێنانی ئەرکەکانی دۆستیو دراوسێیەتی، ماوەیەك لەمەوبەر هەواڵ گەیشت کەفڕۆکەکانی تورکیا دەسدرێژییان کردۆتە سەر خاکی ئێرانو بۆمبایان بەرداوەتەوەو چەند کەسێکیان بریندار کردوەو ئۆردوی تورك پەلاماری ناوەندێکی سنوری لەسەردار بلاغی داوەو سوتاندویەتی. هەر لەم ماوەیەدا لە١ی تشرینی(٨ی میهر)نوسراوێ لەقائیم بالاعمالی تورکیاوە گەیشت" کەتاقمێ سەربازی تورك لەکاتی جوڵاندا لەناو خاکی تورکیادا لەلایەن عەشایەری کوردەوە پەلاماری داون ٤٤ سەربازو چەند خاوەن پایەو ٥ رەشاش کەوتۆتە دەس پەلاماردەرەکانو بردویانەتە ناو خاکی ئێرانەوە، داوای کرد بو لەماوەی ١٠ رۆژدا دیلەکان بەر بدرێنو چەکە گیراوەکان بدرێتەوەو زەرەرەکانی لێیان کەوتوە بۆیان ببژێردرێ، داوای مەعزەرەت لەتورکیا بکا، لەحاڵەتی جێبەجێ نەکردنی ئەوانەدا دور نیە پێوەندی سیاسی ببڕن.
پێویست بەوتن ناکا کە گەیشتنی نوسراوی گۆڕین مایەی سەرسوڕمانو داخی حکومەتی ئێرانە بەتایبەتی بەپێی ئەو زانیارییانەی بەحکومەتی ئێران گەیشتوەو ئەو قسانەش کەخاوەن پایەکانی تورك کەلای کوردەکان دیل بونو بەراکردن خۆیان گەیاند بوە بارەگای پۆستەکانی ئێران کردویانە، پشتیوانی لێ ئەکا بەجۆرە بوە:
لە٣١ی شەهریوەردا خاوەن پایەیەکی تورك بەناوی بینباشی محەمەد شوکری بەگ بەبرینداری پەنای برد بوە بەر بارەگای سنوریی قەراولانی ئێرانی، لەوێ وتویەتی کە لەگەڵ تاقمەکەی خۆیا بەرەو((ایدر))ئەچون لەناو خاکی تورکیدا، لەناکاو کەوت بونە ناو ئابلوقەی کوردە قاچاغەکانی تورکیاوە، زۆری سەربازەکان ئەکوژرێنو رەشاشەکانو هەمو تفاقە جەنگییەکان بەتاڵان چونو ئەویش خۆیو چەند خاوەن پایەیەکی تر بەدیل ئەگیرێن. محەمەد شوکری بەگ بەکەسێ ئەسپێرن کەبیباتە ماڵی عەبدولقادر. ئەو کەسەش لەرێگا گوللەیەکی نابو بەسەری محەمەد شکری بەگەوە وای زانی بو مردوە لەوێ بەجێیی ئەهێڵێو خۆی ئەڕوا، ئەویش هەرچۆنێ ئەبێ خۆی ئەگەیەنێتەوە پۆستی قەرەوڵەکانی ئێران. پۆستە سنورییەکەی ئێران میوانداری شوکری بەگ ئەکەنو ئەینێرنەوە بۆ بارەگای ئۆردوی تورك. هەروەها قسەکانی خاوەن پایەیەکی تری تورکیش بەناوی سەلاحەدین بەگ پشتیوانی لەم ئاگادارییانە ئەکا.
لە١٣ی میهردا وەزارەتی دەرەوە بەدرێژی وەڵامی نوسراوەکەی سەفارەتی تورکیای دایەوەو بەو بەڵگانەی لەدەستابون دەربڕینەکانی تورکیا بەرپەرچ

درانەوەو، دەری برِی بو کەهیچ جۆرە بەرپرسییەك لەسەر ئەوەی سەربازانی تورکیا بەهۆی بێ ئیحتیاطیەوە لەناوچەیەکی جەنگیی‌دا کەوتونەتە بەر هێرشی کوردی تورکیاو لەناو خاکی تورکیادا ناتوانرێ ئاراستەی ئێران بکرێ. بەپاڵ دانی ئەو مەسەلانە بەحکومەتی ئێران نامەتیقیو جێگەی ئیعتیراضی حکومەتی ئێرانە. دەربارەی ئەوەی کوردە قاچاغەکانی تورکیا دیلو چەکەکانیان هێنابێتە ناو ئێرانەوە حکومەتی ئێران ئاگادارییەکی باوەڕ پێ کراوی نیە، بگرە ئاگادارییەکانی سەرچاوە ئێرانییەکان پشتیوانی لەوە ناکەن. مەسەلەکە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە. لەئەنجام‌دا حکومەتی ئێران کاتی دیاری کراوی حکومەتی تورکیاو ناوەرۆکی نوسراوی ١ی ئۆکتۆبەری قوبوڵ نیە. بەڵام بۆ پیشان دانی نیازی باشی خۆی پێشنیار ئەکا دەستەیەکی تێکەڵاو لەنوێنەرانی هەردولا لەشوێنی روداوەکەدا لەمەسەلەکە بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی راستی رون بێتەوە. ئەگەر بکەرەکان لەخاکی ئێران‌دا بون، حکومەتی ئێران ئەوانە تەمێ ئەکاو، ئەگەر کوردە قاچاغەکانی تورکیا دیل یا چەکەکانیان هێنا بوە ناو خاکی ئێرانەوە هەنگاو ئەنێ بۆ وەرگرتنەوەیان.

ئەگەرچی گەیشتنی نوسراوی باسکراو بونەتە هۆی داخو سەرسوڕمانی حکومەتی ئێران، لەگەڵ ئەوەش‌دا ئێمە هێشتا بێ هیوا نین کەسیاسەتی بنچینەییو قازانجە بەرزەکانی هەردو وڵات زاڵ بێ بەسەر ئەو روداوانەداو.. حکومەتی تورکی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو گیروگرفتانەی کە لەسیاسەتی رۆژهەڵاتی لەوانەیە بەهۆی ئاڵۆزانی پێوەندییەکانی ئێرانو تورکیاوە پەیدا ببێ گیانی هێمنییو دۆستایەتی کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پیشان دراوە لەلایەن حکومەتی تورکیاشەوە پیشان بدرێو مەسەلەکە بەکۆتاییەکی باش بگات))[٨٠].

لەو کاتەدا محەمەد عەلی فروغی لەئەوروپاوە بۆ ئێران ئەگەڕایەوە. لەسەر داوای حکومەتی ئێران بۆ گفتوگۆ چو بۆ تورکیا. چەند هەفتەیەك لەوێ مایەوە. پێوەندییان چوەوە دۆخی ئاسایی جارانی.

٤/٨ پەڕینەوە بۆ کوردستانی عیراق

تورك تەنگی بەسمکۆ هەڵچنی. بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٩٢٥ی کوردستانی تورکیا. لەتشرینی یەکەمی ١٩٢٦دا هاتە ناو کوردستانی عیراقەوە. حکومەتی عیراق ویستی دەری بکا بەڵام نەی توانی. لەناوچەکانی دەوروبەری رەواندزدا مایەوە.

معتمدی سامی بەریتانی لەبەغداد داوای لەحکومەتی عیراق کرد هاوکاری لەگەل ئێران بکات بۆ سەرکوت کردنی جولانەوەکەی سمکۆ. وەزارەتی دووەمی جەعفەر العسکری لەم بارەیەوە لەکۆبونەوەی ١٤ی تەمموزی ١٩٢٧دا بڕیاریدا:

((حکومەتی عیراق جاران و ئێستا پێڕەوی سیاسەتی چەك کردنی هەمو عەشایەری کردوە، لەبەرئەوە چەك هەلگرتنی بێ ئیجازەی لەهەمو عیراقییەکان قەدەغە کردوە لەهەندێ ناوچەی دیاری کراودا، وە پلە پلە کەوتە فراوان کردنی ئەو ناوچانەو دابین کردنی هێزی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی چەککردنی گشتی، لای وایە ئەم سیاسەتە دەستەبەری بەدیهێنانی ئامانجە ویستراوەکانە، بەلام مەسەلەی چەککردنی عەشایەر بەزۆری هێرشی سوپایی، ناتوانێ ئەنجامی گونجاوی هەبێ. ئەگەر ئەو هێرشانە بەڕێوەبەرایەتی بەهێز لەدوای خۆی بەجێ نەهێلێ، لەو شوێنانەدا کەبۆی ئەنێرن، حکومەتی عیراقی لەو بڕوایەدایە ئەو دواکەوتنەی لەدامەزراندنی پێوەندی لەنێوان عیراق و ئێراندا بوەو لەئەنجامی ئەوەشدا نەبونی هاوکاری کردنی راستەقینەی کاربەدەستانی سنور، بۆتە هۆی هان دانی عەشایەرو، تاقمە چەکدارەکان بەردەوام بن لەسەر کارە زیانبەخشەکانیان ئەو کارانەی تائێستا حکومەتی عیراق گلەیی لەدەس ئەکا)).

لەمایسی ١٩٢٨دا سمکۆ لەژێر گوشاری عیراقدا چوەوە ناو تورکیا. بەلام تورك سەرلەنوێ تەنگیان پێ هەلچنییەوە. بەناچاری روی کردەوە کوردستانی عیراق. دیسانەوە حکومەتی عیراق زۆری بۆ بردو لەئەرزی عیراق دەری کرد. ئێران لەنیسانی ١٩٢٩دا بەرەسمی دانی بەدەولەتی تازە دامەزراوی عیراقدا نا. حکومەتەکانی عیراق و ئێران لەیەك نزیك بونەوە. بەگوتەی عەبدولرەزاق الحسنی((حکومەتی عیراق شۆڕشگێڕی ئێرانی سمکۆی ناچار کرد خاکی عیراق بەجێ بهێلێ و بچێتە ناو خاکی تورکیاوە))[٨١] سمکۆ ئەو ماوەیە لەمەلبەندە سنوریەکانی تورکیاو ئێران عیراقدا لەهەلومەرجێکی ناخۆشدا ئەژیا. لەهەر ٣ لاوە بەدوایەوە بون. کەوتە هەولّ دان بۆ بەدەس هێنانی لێبوردنی حکومەتی ئێرانی.

٩-گەڕانەوە بۆ ئێران و کوژرانی(حوزەیرانی ١٩٣٠)

سمکۆ دوای ئەوەی لەتورکیاو بەریتانیاو عیراق ناتومێد بو. جێیەکی نەمابو تێیدا بحەوێتەوە، پێوەندی لەگەلّ کاربەدەستانی ئێرانی کرد بەهیوای ئەوەی لێی ببورن و رێی بدەن بگەڕێتەوە سەر جێگەو رێگەی خۆی. کاربەدەستانی ئەرتەش بەلێنیان دایەو بۆ گفتوگۆ بانگیان کرد بۆ شنۆ. لەشنۆ بەپیلانێکی ناجوامێرانە کوشتیان. نوسەرانی ئێرانی بەتایبەتی ئەوانەی مێژوی روداوەکانی ئازەربایجان, یا

مێژوی شەڕەکانی ئەرتەشی ئێرانیان نوسیوەتەوە، بەشانازییەکی زۆرەوە پلانی کوژرانی سمکۆ ئەگێڕنەوە.

محەمەد تمدن نوسیویەتی:

((لە٢٧ی تیر ماهی ١٣٠٩ لەکاتێکدا تورکەکان خەریکی سەرکوتکردنی عەشایەری کورد بون لەناوچەکانی خۆیاندا. سمکۆ لەژێر ناوی تۆبە لەکردەوەکانی رابردوی، داوای لێبوردنی لەهێزەکانی دەوڵەتی ئێران کرد. بۆ ئەو مەبستە لەگەڵ تاقمێ لەکوردانی هەکاری سەربەخۆی هاتە شنۆ. ملکەچی دەربڕی لەکاتێکا مەبستی جگە لەفێڵ شتێکی تر نەبو. لەگەڵ هەمو ئەوەشدا چەند شەوێ میوانی سەرهەنگ صادق خان(فەرمانداەی هەنگی شنۆ))ئەبێ‌و، داوا ئەکات لەگەڵ سەرتیپ ظفرالدولە یەکتری ببینن‌و دەربارەی لێبوردن‌و رێکەوتنی پەیمان گفتوگۆ بکەن، بەڵام لەژێرەوە جگە لەجێبەجێ کردنی پلانێکی نیاز خراپانە هیچی تر نەبو))[82].

هەمان نوسەری لەو سەردەمەدا پەیامنێری رۆژنامەی((حبل المتین))ی فارسی بوە کە لەکەلکەتەی هیندستان دەرئەچو، لەگەرمەی روداوەکانی ئەو رۆژانەدا، لەراپۆرتێکا کە لەژمارەی ٣٣-٣٤ی رۆژی ٣٠ ئەیلولی ١٩٣٠ بلاوی کردۆتەوە، روداوی کوشتنی سمکۆ بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

((لەرەضائییەوە: ئاشنایانی مێژوی ئێران بە تەواوی ئەزانن کەئیسماعیل ئاغای سمکۆ لەیاخییانی گرنگی ئازەربایجان‌و یەکەمینی سەرانی ئەشراری ملوك ئەلطوائفی بوەو ماوەی ٢٠ ساڵی تەواوە ئازەربایجانی کردۆتە مەیدانی تالان‌و راوورووت‌و ئامانجی هیوا پیسەکانی. تاوێ لەگەڵ قشونی قەیسەری روس هەنگاوی ئەناو دوای ئەوەی زەرەری لەوان ئەداو خیانەتی لێ ئەکردن، ئینجا ئەچوە پاڵ قشونی تورك. بەپێچوانەوە هەمان کاری خۆی لەروانگەی هەڵپەرستی‌و فێڵبازییەوە دوبارە ئەکردەوەو ئەچوەوە ناو قشونی روسەوە. لەدوای تەواوبونی جەنگی جیهانی هەمان رەفتاری لەسنورەکانی ئێران‌و تورکیاو عیراقدا نوێ ئەکردەوەو، لەو ناوەدا زەرەری گەورەی بەرضائییە(ورمێ)و سەلماس‌و سابلاخی موکری(مەهاباد)گەیاندو، بو بوە هۆی کوشتارو هەزاران خوێنڕێژی.

تا ئەوە بو لە٢٢ی تیر ماە لەگەڵ ٢٠٠ سوارەو پیادەی خۆی هاتە شنۆو، بەدەربڕینی پەشیمانی داوای لێبوردنی شاهنشاهی خاوەن عەظەمەتی پەهلەوی کرد. لەبەر ئەوەی بەزەیی‌و دڵنەرمی شاهنشاهی بەتوانای پەهلەوی شامیلی حاڵی هەمو چینەکانی رەعییەت لەلای هەموان رۆشن‌و دیارە, بۆیە وا چاوەڕوان ئەکرا کەئەمجارە سمکۆ بەدروستی هاتبێت‌و رێگەی راستگۆیی بگرێ.

بەڵام دوایی دەرکەوت کەدیسانەوە ڕێگەی تەفرەدانی گرتۆتە پێش‌و، خەیاڵی خیانەتێکی تری هەیەو ئەیەوێ سەرلەنوێ ئاگری فساد هەڵ بکاو فیتنەیەکی تازە بنێتەوە، ئەوە بو کەفەرماندەی لەشکری شیمالغەرب سەرتیپ ظفرالدولە پەی بەنیازی خراپی برد بو. ڕێوشوێنی بۆ ئەم مەسەلەیە داناو بەتەگبیری پەسند کراو فەرمانی پێویستی دەرکرد. هەروەکو پێشەکی لەلایەن فەرماندەی بەڕێزی لەشکرەوە پێش بینی کرا بو لە٢٧ی تیر ماەدا بەتەواوی دەرکەوت‌و ئاشکرا بو، واتە ئەیویست لەو ڕۆژەدا بیرە پیسەکانی خۆی جێبەجێ بکاو دوا پلانی خیانەتی تایبەت بەخۆ ئەنجام بدا. بەڵام ئاگای لەوە نەبو، هەلومەرجی ئێستای ئێران ناکرێ لەگەڵ سەردەمەکانی پێشودا بەراورد بکرێ‌و، چون کاربەدەستانی ئێستای لەشکری شاهنشاهی بێدارن‌و لەنیازی ئەشرار ئاگادارن‌و ئەوەی لەدڵی خائینان دایە ئەی خوێننەوە.

لەکاتێکا لەسەعاتی دیاری کراودا، سمکۆ نیازی لەگەڵ ئاغای سەرهەنگ صادق خان خراپ بو، بەڵام نیزامییانی ئازا کەچاودێری هەلومەرجەکە بون کەوتنە بەرگری‌و، تەقو تۆق دەستی پێ کردو تا ٤ سەعات لەشەو رابورد ئاگری شەڕ درێژەی هەبو. سەرەنجام لەو تێکهەڵچونەدا سمکۆ کوژراو، خەسرەوی کوڕیشی بەسەختی بریندار بو.

کەسەکانی سمکۆ بۆ بردنەوەی لاشەکەی شەڕیان کرد، کوڕەکەیان هەڵگرت‌و هەڵاتن.

ڕۆژی ٢٨ی تیر ماە تەرمی سمکۆیان هێنایەوە ڕەضائییە. خەڵکی زۆر لێکراو کەهەزاران کوست‌و میلۆنەها زیان‌و سوکایەتییان لێ دی بو، دڵسوتاو بون، بۆ سەیرکردنی لاشەکەی لەئوتومبێلی هەڵگری تەرمی سمکۆ، هێرشیان هێنایە سەر بەڕێوەبەرایەتی دژبانی‌و لەلایەن خەڵکەوە دەنگی هەور ئاسای بژی شاهنشاهی مەزن پەهلەوی خلد ملکە سوڵتانەو، بژی فەرماندەی گەورەو ئازای ئازەربایجان‌و، پایەداری نیزامییانی ئازا، شاری ئەلەرزاندو ئەگەیشتە ئاسمان. ٢٩ی تیرماهی ١٣٠٩/ ٢٠ی جولای ١٩٣٠))[٨٣].

عەلی دهقان، نوسەرێکی تر لەروداوەکانی ورمێدا بەمجۆرە باسەکە ئەگێڕێتەوە:

((سمکۆ ماوەی دو ساڵ لەسەر سنورەکانی ئێران‌و تورک ئاوارەو سەرگەردان بو، تا لەساڵی ١٣٠٣دا لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ڕێگە درا لەخاکی ئێراندا دابنیشێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تاوانکارێکی زگماك بو، دیسانەوە ئارام دانەنیشت، چەند جارێ سوارەکانی ئەو شەرارەتیان ئەنواندو بەهۆی هێزەکانی دەوڵەتەوە سەرکوت ئەکران. جارێکیان خۆی لەگەڵ ٧٠٠ کەس لەسوارەو پیادەکانی هەڵی

کوتایە سەر هێزەکانی دەوڵەت، بەڵام ئەمجارەش بەتێکشکانی تەواوەوە سەرلەنوێ هەڵاتەوە بۆ ناو خاکی توركیا.
سمکۆ لەسنورەکانی تورکیاو ئێراندا تا ساڵی ۱۳۰۹ موتەواریو سەرگەردان بو، لەو ساڵەدا پەیامێکی بۆ فەرماندەی ئەو کاتی پادگانی شنۆ، سەرهەنگی دوەم صادق خانی نوروزی نارد" ئەیەوێ لەسنوری تورکیا- ئێراندا بیبینێ. سەرهەنگ سادق خان دەعوەتەکەی ئەوێ قوبوڵ کردو چو بۆ سنور بۆ لای. ئیسماعیل ئاغا لەگەڵ خورشید ئاغای سەرۆکی ئێلی هەرکی کە لەکوردانی یاخیو ئەشرار بو. سەرهەنگ صادق خانیان بینیو لەگەڵی هاتن بۆ شنۆ.
لەو کاتەدا سەرلەشکر مقدم فەرماندەی لەشکری ۳ی تەورێز بۆ بەسەربردنی ئیجازە لەتاران بو. هەر کەئەو هەواڵە بەتاران گەیشت، شاهنشاهی فەقید دەسبەجێ فەرمان بەسەرلەشکر مقدم ئەدا بگەڕێتەوە ئازەربایجان سمکۆ لەناو بەرێ. سەرلەشکر مقدم هەرکە گەیشتەوە تەورێز سەرهەنگ هاشمی فەرماندەی هەنگی سپهبان رائەسپێرێ لەگەڵ یەك اسواران لەگەڵ فەرماندەی لەشکر بکەونە رێ. لەشەرەفخانەوە فەرمان ئەدا بەرەضائیە یەك گوردان پیادە بۆ عەمەلیاتی نیزامی ئامادە بن. لەنیوەی شەوا ئەچنە رەضائیەوە، سەرگورد هاشمی بەبێ دواکەوتن گوردانی پیادە لەگەڵ خۆی ئەباتو لەدەرەی قاسملوە وە بۆ گرتنی ئەو بەرزاییانەی بەسەر شنۆدا ئەیان روانی کەوتە رێ، ۳ کەس استوارو گروهبان ئەنێرن بۆ شنۆ، هەواڵ ئەبەن کەسبەی تیمسار سەرلەشکر مقدم بۆ بینینی سمکۆ دیتە شنۆ.
رۆژی ۲۷ی تیرماهی ۱۳۰۹ بڕیار بو سەر لەشکر مقدم بچێتە شنۆ سمکۆ ببینێ. پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە سمکۆ لەگەڵ تاقمێ لەسوارەکانیو کوڕەکەی بۆ پێشوازی لەسەر لەشکر موقەدەم چونە دەرەوەی شار. لەوێ ریزیان بەستو بۆ بەجێهێنانی رێوشوێنی پێشوازی ئامادە بون. تا ئێوارەیەکی درەنگ هیچ هەواڵێ لەگەیشتنی تیمسار مقدم نابێ. لەم کاتەدا ئاگاداریان ئەکەن بەهۆی خراپ بونی ئوتومبێلەوە هاتنی تیمسار کەوتۆتە سبەینێ. ئیسماعیل ئاغاش ئەگەڕێتەوە بۆ شنۆ.
پێشەکی سەرهەنگ صادق خان کارەکەی رێك خست بو. کەسانی چەکداری لەشوێنانی ئەمینەدا لەبۆسەدا دانا بو. پاش ئەوەی ئیسماعیل ئاغا گەیشتە کۆڵانەکە، لەباڵەخانەکەوە گوللەیەکیان پێوە نا. ئیسماعیل ئاغا پاش پێکرانی ئەیەوێ هەڵێ، بەڵام کەئەبینێ کوڕەکەی لەوێدا بەجێ ماوە، ئەگەڕێتەوە سەری بیبا، ئەوسا گوللەیەکی تری بەر ئەکەوێو تەواو ئەبێ. خورشید ئاغای سەرۆکی ئێلی هەرکیش هەر لەوێدا ئەکوژرێ.

لەو کاتەدا سەرگورد هاشمی ئەو بەرزاییانەی گرت بو کەئەی روانی بەسەر شنۆدا، شەو دەسو پێوەندەکانی سمکۆی لەشنۆ راونا. بەیانی رۆژی دوایی ئەشرار ٣ جار هێرشیان هێنایە سەر شوێنەکانی لەشنۆ، بەڵام لەبەرئەوەی سەرگورد هاشمی پێشەکی شوێنە دیفاعییەکانی گرت بو، نەیان توانی شار بگرنو لاشەی سمکۆ ببەنەوە.

لاشەی سمکۆیان بردە رەضائیە دوسێ رۆژ بۆ تەماشا کردنی گشتی خەڵك دایان نا. یەکێ لەژنەکانی کە لەرەضائیە بو سەیری لاشەکەی کردو ناسییەوە کەئەوە لاشەی سمکۆیە، چونکە ئەو وتی پەنجەی سبابەی سمکۆ مار گەستویەتیو، دو گرێی پەنجەی خۆی بەخەنجەر بڕی بو، ئەوەش باشترین نیشانەی ناسینەوەی لەشی سمکۆ بو. پاش ٣ رۆژ جەنازەکەیان هەڵگرتو لەدەرەوەی دەروازەی هەزاران نزیك جۆگەی دهوار بەخاکیان سپارد))[٨٤].

سەرتیپ حسەن مقدم لەرۆژی ٣٠ی تیری ١٣٠٩دا خۆی بەبروسکە بەجۆرە کوشتنی سمکۆی بەوەزارەتی جەنگ راگەیاند:

وەزارەتی جەلیلەی جەنگ

بەدوی راپۆرتی نوسراوی ژمارە ٢٣٦٧و تەلەگرافی ژمارە ٢٩٩٧ ئەخاتە بەرچاو

لەدەوروبەری هاتنی بەندە بۆ رەضائیيە لەو راپۆرتانەوە کە لەحکومەتی نیزامی شنۆ دەرکەوت کەسمکۆ دیسانەوە خاوەنی بیروڕای راستو دروست نیەو لەم ٣ رۆژەی مانەوەیدا لەشنۆ بەشێنەیی بەناوی دیدەنییەوە هەندێ لەکوردە رەوەندەکانی دەرەوەی لەخۆی کۆکردبوەوەو، ئامادە نەبوو بچێتە ناوەندی لەشکرو، لەلایەکی ترەوە درێژە پێدانی مەسەلەکەو گفتوگۆ لەگەڵ ئەو باش نەبو و کەڵکی نەبو لەبەرئەوە شەوی ٢٧ی ئەم مانگە ٣ ستون بەم پێیەی خواروی لەرێگەی جیاجیاوە نێردرانە شنۆ:

یەکەم، یەك ستون لەرەضائییە کەپێك هات بو لەیەك گوردانی پیادەو یەك گوروهان موسەلسەل.

دوەم، یەك گوردان لەسابلاخەوە

سێیەم، یەك ستون سوار کەپێك هات بو لەکەرتەکانی سواری کە لەبەردەست ئەرکانحرب سیار لەشکر لەتەورێزەوە لەگەڵـخۆم هێنابومو، فەرمان بەساخلوی شنۆش درا کەئاگاداری سمکۆ بکەن دەسبەجێ بەرەو تەورێز بچێ یا ناوبراو چەك بکەن، لەحاڵەتی یاخی بون دا ناوبراو و کەسەکانی ئیعدام بکرێن. بەو جۆرەی چاوەڕێ ئەکرا ناوبراو لەچون بۆ ناوەندی لەشکر سەرپێچی کردو چەکیشی نەدا

بەدەستەوە، بۆیە هێزەکانی ساخلو ئەرکەکەی خۆی بەجێ هێناو، ستونە نێردراوەکانیش کەزۆر بەزویی جولاًبون لەئێوارێی ۲۷دا شنۆیان دەورەدا بو. سمکۆ خۆی کوژراو لەکسەکانیشی زۆری کوژرانو بریندار کرانو ئەوانی تر هەلاًتنو تەعقیب ئەکرێن. وا بەشانازییەوە ئەخرێتە بەرچاو کۆتایی بەژیانی نەنگینی ئەم عونصورە مفسدە جویە هێنرا. بەم بۆنەیەوە جولاًنی ئەو ستونانەی مەئموری عەمەلیات بون تارادەیەکی زۆر مایەی سەرنج راکێشان بو" دو ستونی پیادەی رەضائیە ماوەی دوانزە فرسەخیان بەهەژدە سەعات بەپێ بریو ستونی پیادەی سابلاًخ ماوەی دە فرسەخی بەشانزە سەعات بریو ستونی سوار بەو پەڕی خێراییو باش ئەنجامییەوە توانییان بگەن بەئەنجامی تەواوی فەرمانەکەیانو باشی پەروەردە کردن لەژیانی نیزامییانی وەزیفەی یەکسالەدا بەتەواوی سابت کرد.

رەضائییە
سەعات ۹ی ۹/٤/۲۷
ژمارە ۲٤۱۱سیار
فەرماندەی لەشکری شیمالغرب
سەرتیپ حسن مقدم[85]

پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

[1]احمد کسروی، تاریخ مشروطه ایران، چ ١٤، تهران، امیر کبیر، ١٣٦٣، ص٧١
[2]کسروی، هـ س، ل١١٠.
[3]کسروی، هـ س، ل١١٢
[4]کسروی، هـ س، ل١١٩
[5]کسروی، هـ س، ل١٢٠
[6]د. محمد جواد شیخ الاسلامی، سیمای احمد شاه قاجار، جلد یکم، نشر گفتار. تهران، ١٣٦٨، ص٤٢٢-٤٢٤
[7]د. جواد شیخ الاسلامی، اسناد محرمانه وزارت خارجه بریتانیا درباره قرداد ١٩١٩ ایران و انگلیس، ج١، تهران، اطلاعات، ١٣٦٥، ل٢٠٩-٢١٤.
[8]هـ س، ل٢٠٥.
[9]هـ س، ل٢٠٩-٢١٤.
[10]هـ س، ل٢٢٢.
[11]هـ س، ل٢٤٤.
[12]هـ س، ل٢٩٣-٢٩٥.
[13]هـ س، ل٢٦-٢٧.
[14]هـ س، ل١٨.
[15]هـ س، ل٢٩٦.
[16]المس بیل، فصول من تاریخ العراق الحدیث، ترجمة جعفر الخیاط، بغداد، ١٩٧١، ص٢١٦.
[17]بڕوانە: نمونە ١٢ی بەشی دووەمی ئەم باسە
[18]دەربارەی علی ئاغا بڕوانە بەڵگەکانی ژ ٣٢٥و ٣٣٤و ٣٣٥و ٣٣٦و ٣٤٨و٣٦٥و ٣٦٦و ٣٦٧و٣٦٨و٣٧٢و٣٧٣، واحد نشر اسناد گزیده اسناد سیاسی ایران و عثماني، ج٢، دفتر مطالعات سیاسیو بین المللی، تهران، ١٣٦٩.
[19]بڕوانە: نمونە ١٨ی بەشی دووەمی ئەم باسە
[20]ایرج افشار(سیستانی)، مقدمه ای بر شناخت ایلها، چادر نشینانو طوایف عشایری ایران، ج١، تهران، ١٣٦٦، ص١٥٩.
[21]بۆ ئاگاداری زۆرتر لەسەر ژیانو بنەماڵەی سمکۆ بڕوانە: ڕۆژنامەی((بانگی کوردستان)) ژ٢، س١، سلێمانی، ١ی ئاغستوسی ١٩٢٢" ژ٣، س١، ٢١ی ئاغستوسی ١٩٢٢" سمایل خان(سمکۆ)، گۆڤاری((ڕۆژی نوێ)) ژ١٢، س١، سلێمانی، مارتی ١٩٦٠، ل ٥٠-٥٤" علاءالدین سجادی، شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق، بەغداد، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٩" مهدی بامداد، شرح حال رجال ایران، ج١، تهران، زوار، ١٣٥٧، ص١٣٦-١٣٧" ایرج افشار(سیستانی)، مقدمه ای بر شناخت ایلها، چادرنشینان و طوایف عشایری ایران، ج١، تهران، ١٣٦٦، ص ١٥٤-١٦٩.

[22] جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام السلطنه، چ۲، تهران ۱۳٦٦، ص٤٨٢.
[23] تمدن، س ن، ل۱۹۲-۱۹۳.
[24] کسروی، س ن، ل۸۳.
[25] رفیق حیلمی، یادداشت، بەشی دوەم، چاپکردنەوەی محەمەدی، سەقز، ل٥٤٨.
[26] حسین مکی، تاریخ بیست ساله ایران، چ۱، چ٤، تهران، نشر ناشر، ۱۳٦۳، ص ۲۳-۲٥.
[27] حلمی، س ن، ل٥٧٠" گفتوگۆی سمکۆو مصطفی پاشای یاملکی
[28] کسروی، س ن، ل۸۳۲" دەربارەی هەمان روداو بڕوانە: علی دهقان، رضائیة یا سرزمین زردشت، تهران، ابن سینا، ۱۳٤۸، ص٥٥٤" بانگی کوردستان، ژ۳، سلیمانی، ۲۱ی ئاغستوسی ۱۹۲۲.
[29] علی دهقان، رضائیه یا سرزمین زردشت، تهران، ابن سینا، ۱۳٤۸، ص ٥٥٥، محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیة، تهران" چاپ اسلامیه، ص۳۱۹.
[30] کسروی، س ن، ل ۸۳۸" تمدن، س ن، ل ۳۲۰
[31] تمدن، س ن، ل۳۲۱.
[32] هـ س، ل۳۲۲.
[33] هـ س، ل۳۲۲.
[34] هـ س، ل۳٥۱. ئەویش رای گوێزاوە لە: رۆژنامەی ((تجدد)) یەکشەمە ۱۲ ثور(اردیبهشت)۱۲۹۹، تەورێز
[35] هـ س، ل۳۲۷.
[36] هـ س، ل۳۲۸.
[37] هـ س، ل۳۳۰-۳۳۱.
[38] هـ س، ل ۳۳۷.
[39] کسروی، س ن، ل۸٥٥.
[40] مکی، س ن، چ۱، ل۱۳٤.
[41] حاج مخبر السلطنه هدایت، خاطرات و خطرات، چ٤، تهران، زوار، ۱۳٦۳، ص۳۲٤" تمدن، س ن، ل۳٥۹.
[42] تمدن، س ن، ل۳۷٤.
[43] هدایت، س ن، ۳۲٥-۳۲٦" تمدن، س ن، ل۳٦٤.
[44] ئەم گفتوگۆیەی سمکۆو حاجی مصطفی پاشای یاملکی لە ئارشیفی بەریتانیدا دۆزراوەتەوە. مامۆستا محمد رسول هاوار کردویەتی بەکوردیو لەگۆڤاری((مامۆستای کورد))سویدیدا بلاوی کردۆتەوە. ئەوانەی ناو ئەم باسە هەموی لەو وەرگیراون.
[45] علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپخانەی مەعاریف، ۱۹٥۲، ل٥٥۲.
[46] بڕوانە وەرگێڕاوی عەرەبی باسەکەی مارتین دەربارەی شوکاکو سمکۆ، گۆڤاری کاروان، ژ١٤٤.
[47] تمدن، س ن، ل۳٦۹

[48]هـ س، ل۳۷۱.
[49]سجادی، س ن، ل٥٥٣.
[50]بۆ تەواوی ژمارەکانی بڕوانە: ((بانگی کوردستان)) کۆکردنەوەو لەسەر نوسینی: جەمال خەزنەدار، بەغداد، ۱۹۷٤.
[51]احمدی پور، تاریخ پیدایش‌و خدمات دودمان پهلوی، ص٦، وەرگیراوە لە: دهقان، س ن، ل٥٨٦.
[52]تا ئێستا سەرچاوەیەك لەبەردەست دا نیە جۆری شەڕەکان لەباری سەربجی کوردەوە بگێڕێتەوە، بەدرێژی باسی تێکهەڵچونو پلانی جەنگیی ئازادکردنی شوێنەکانو هێرشو بەرگری بکا.
[53]حلمی، س ن، ل٥١٦.
[54]مکی، س ن، ج۲، ل۱۱-۱۱٥" تمدن، س ن، ل۳۸۱-۳۸۳.
[55]مکی، س ن، ج۲، ل۱۱٥-۱۲٦" دهقان، س ن، ل٥٩۲-٥٩۳" ملك الشعرا بهار، تاریخ احزاب سیاسی ایران، تهران، ۱۳٥۷، ص ۲٦٥" سروان احمد کاویانپور، تاریخ رضائیة، ص ۱۷۲-۱۷۳.
[56]مکی، س ن، ج۲، ۱۲۷.
[57]بهار، س ن، ل۲٦٦.
[58]مکی، س ن، ج٦، ل۱۹۸.
[59]رمزی قزاز، بزوتنەوەی سیاسی‌و رۆشنبیری کورد لەکۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، سلێمانی، چاپخانەی ژین ۱۹۷۱، ل۱۳۸.
[60]حلمی، س ن، ل٦۰٥-٦۰٦.
[61]المس بیل، س ن، ل۲۱٥-۲۱٦.
[62]قزاز، س ن، ل۱٥٦-۱٦۰.
[63]السید عبدالرزاق الحسنی، تاریخ العراق السیاسی الحدیث، ج۳، ط٦، بیروت، دار الکتب، ۱۹۸۳، ص۳٤۸.
[64]مکی، س ن، ل۱۲٦.
[65]حلمی، س ن، ل٥۱۳-٥۱٦و ٦۰۸ تا ٦۰۹.
[66]ئەدمۆنس ئەڵێ ڕێگەمان نەداوە بێتە هەولێر، سەرچاوە کوردییەکان ئەڵێن لەبەر نائەمین بونی لەئینگلیز خۆی نەچۆتە هەولێرو چۆتە بەحرکە.
[67]سیسیل جی. ادموندز، کردها ترکها عرب ها، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، روزبهان، ۱۳٦۷، ص ۳۳٥-۳۳٦.
[68]قزاز، س ن، ل۱٥٦-۱٦۰.
[69]هەفتەنامەی((رۆژی کوردستان))ژ۷، ل٤۳-٤٤.
[70]حلمی، س ن، ل٥۹۹-٦۰٤.
[71]دەربارەی مەزبەتەکەو گفتوگۆی کورد - تورك بڕوانە: حلمی، س ن، ل۱۱۷ تا ۱٤۷.

[72]حلمی، س ن، ل٥٦٨.

[73]ئەدمونس، س ن، ل٣٤٤.

[74]قزاز، س ن، ل١٧٦-١٧٧" بۆ وێنەی هەندێ لەم بەیانانە بڕوانە: ئەکرەمی مەحمودی سالحی رەشە، شاری سلێمانی، ب٢، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٩، ل٣٥٨-٣٦١.

[75]((رۆژی کوردستان)) ژ٨، سلێمانی، ١٠ی کانونی ثانی ١٣٣٨/٢٣ی جمادی الاولی ١٣٤١.

[76]حلمی، س ن، ل٦٠٨-٦٠٩.

[77] بۆ درێژەی چونی سمکۆ بۆ وان و گفتوگۆکانی بڕوانە: قزاز، س ن، ل١٦٤-١٧٠" بۆ باسی ئاسوریەکان بڕوانە: الحسنی، س ن، ج٣، ل٣١٦.

[78]مکی، س ن، ج٤، ل٤٧٠-٤٧٢.

[79]هـ س، ل٨١-٨٨.

[80]هـ س، ل ٣٠٤-٣٠٧.

[81]الحسنی، س ن، ل٣٤٨-٣٤٩.

[82]تمدن، س ن، ل٣٩٦.

[83]هـ س، ل ٤١٣-٤١٦.

[84]دهقان، س ن، ل٥٩٥-٥٦٩.

[85]مهدی نیا، س ن، ل٥٦٧.

٧. لە پەراوێزی مێژوی ئەردەڵان دا

مەستورە: (١٢٢٠-١٢٦٤): نوسەری ((تاریخ اردلان))

-١-

بنەماڵەکەی

باپیری مەستورە: محەممەد ئاغا، کە لەزۆری ((فتوحات))ی خوسرەو خانی گەورەدا بەشدارو، خەزوری ئەمانوڵڵا خانی گەورەو یەکێ لەباوەڕپێکراوە نزیکەکانی بوە. بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانەو، بۆ بەشداری لەشەڕو لەشکرکێشیەکانیدا. بۆ نوێنەرایەتی لەدەرباری قاجاردا.

باوکی مەستورە: ئەبولحەسەن بەگ کوڕی محەممەد ئاغا، ژنبرای ئەمانوڵڵا خانی گەورەو بریکاری حوسەینقولی خانی خوشکەزای بوە. ئەمیش باوەڕپێکراوێکی نزیکی ئەمانوڵڵاخانی گەورە بوە. سەرپەرشتی زەماوەندی گواستنەوەی کچی فەتحعەلی شای قاجار بۆ خەسرەو خانی ناکام ئەم کردویەتی.

مامەکانی مەستورە: ئیبراهیم ئاغاو ئیسماعیل ئاغا هەر یەکە پلەیەکی بەرزیان هەبوەو، میرزا عەبدوڵڵایش مونشی دیوان بوە. (حدیقە: ل ٣٢١). میرزا عەبدوڵڵای مونشی (ڕەونەق) نوسەری: ((تەذکەرەی حەدیقەی ئەمانوڵڵاهی))یە، کەژیاننامەی شاعیرە فارسی بێژەکانی ئەردەڵان ئەگێڕێتەوەو، نمونەی شیعرەکانیان ئەنوسیێ و، عەلی ئەکبەری ئامۆزایشی نوسەری: ((حەدیقەی ناصری))و ((تاریخ الاکراد))ـە.

دایکی مەستورە: لەبنەماڵەی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر بوە.

بنەماڵەی باوکی مەستورە: ((قادری))و، بنەماڵەی دایکی: ((میرزا عەبدوڵڵای وەزیر))، هەردوکیان، لەبنەماڵە دەوڵەمەنو دەسڕۆیشتوەکانی سنە بون. بەتایبەتی بنەماڵەی وەزیر هەمیشە دەورێکی کاریگەریان هەبوە لەژیانی سیاسی، دارایی جەنگی.. داوودەزگای حوکمڕانی ئەردەڵان دا.

-٢-

لەدایكبونی

ماهشەرەف كچی ئەبولحەسەن بەگ، وەكو عەلی ئەكبەری ئامۆزای لە (حدیقە: ل٣٢١-٣٢٢) دا نوسیویێتی لەتەمەنی ٤٤ سالّی دا لە ١٢٦٤دا مردوە، بەم پێیە ئەبێ لە ١٢٢٠دا، لەباوەشی ئەم خێزانە نەجیبزادەیەدا لەدایك بوبێ. رەنگە هەواڵەكەی ئەم لەهی نوسەرانیتر دروستتربێ.

-٣-

پەروەردەو خوێندنی

مەستورە نۆبەرە واتە یەكەم منالّی دایكو باوكی بوە، لەبەر ئەوە باوكی بایەخی بەخوێندنو پەروەردەكردنی داوە. خۆی لەم بارەیەوە ئەلّێ: ((پاش ئەوەی لەسای...خودای لەهەمو شتێ هەورازترو، لەپەنای بەزەییو داوەری بێ هاوتا، لەزگی دایكمەوە كەوتمە باوەشی پەروەردەی باوكمەوە... لەفەری نەخشی نێوچاوانی بەهرەو هێزی بینای بەخشندەگیو لەبەرەكەتی ئەو ئەختەری چلەپۆپەی زانستو خۆری گەردونی ئاوەزە كەمەیلی سروشتیو شەوقی راستەقانیی پەروەردەكردنی منالاّنو بەهێزكردنی جگەرگۆشاندا زۆر بو، بەتایبەت منی یەكەم گولّی ئەو گولّشەنەو نوخشە نەمامی ئەو چەمەنە، كەدەستم خامەی ئاشنایی گرتو چاوم بەنامەی رۆشنایی هەلّێنا، ناو بەناو مەیلی سروشتیمو ئارەزوی زگماكم بەمتالای كتێبان دەبزوت...)) (ل١١).

-٤-

شوكردنی

مەستورە داستانی شوكردنی خۆی بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:

((بەلاّم لەبەرایی فەرمانڕەواییدا (مەبەستی فەرمانڕەوایی خەسرەو خانی ناكامە) لەبەر كەم ئەزمونی، توشی چەند هەلّەیی هات: باپیرو باوكو مامەكانی نوسیاری ئەم كتێبەی بەبێ تاوان كۆتو زنجیر كردو زۆر بەبێ بەزەییانەو رەفتارێكی دزێوەوە سێ هەزار تمەنی بەناوی باجەوە لێ سەندن. سەرەنجام خودا كردی بەدنیهادیو دلّپیسی بەدكارانی بۆ ئاشكرا بوو لەدوی ناردنو بەخەلاّتی گرانباییو شایان سەربەرزی كردن.)) (ل ١٩٨-١٩٩).

خەسرەو خان بەوە وازی لێ نەهێناون، بەدەولّەمەنی زانیونو، لای وابوە جگە لەسامانەكەی خۆیان، سامانو دارایی حوسەینقولی خانی باوكبرایشی لەلای ئەمان حەشار دراوە، بۆ ئەوەی سامانەكەیان زەوت بكا، گێچەلّێكی تری پێ كردون. لەم بارەیەوە مەستورە نوسیوێتی:

((لەبەر ئەوەی حوسەینقولی خان زۆربەی سامانو نەختینەکانی لەکن بنەماڵەکەی منی کەمینە دانا بوو، نێوبراو سەبارەت بەوە کە لەباوکەوە پورزایشم بو، کاربەدەستانی والی بۆ باوکمیان تێ چاندبوو لەداستانەکەیانەوە وەرداو لەو کارەکەوەیان گلاندو ئەوەیان کرد بەبیانو، ئەو سامانو نەختینەیەش کەهەمان بو لێمان داگیرکەنو ئەویش بخەنە سەر گەنجینە. بەم مەبەستە حوسەینقولیخانیان فریوداو بەلێنی فەرمانڕەوایی ئیسفەندئابادیان دایێو ئەمیش کەهێشتا ساردیو گەرمیو تاڵیو سوێری ژیانی بۆ کەس تا سەر نەماوی نەچێژتبو، بەتەماحی فەرمانڕەواییەوە پشتی لەمافی خاڵۆو خوارزایی هەڵکردو پاشان بەبیانوی بەسەرکردنەوەی یەکێ لەئامۆزاکانمان کەنەخۆش کەوت بو لەدوای باوکی نارد، هەر کەباوکم گەیشتە ئەوێ، حوسەینقولیخان کۆڕێکی بەستو لەدژی والی دەستیان بەوتووێژ کرد، بەڵام لەدەرەوە، چەند کەسێکی لەپشت پەردەوە لێ راگرت بون، گوێ یان لەهەمو کەینو بەینەکە گرت بو. ئەو شەوە بۆ سبەینێ محەمەد بەگو مستەفا بەگ کوڕانی فەتح عەلی بەگی وەکیلو ئەکبەر بەگ، کەببو بەمایەی ئەم هەنگاوەیەو سوڵتانی کوڕی نەزەر عەلی بەگو ئەبولحەسەن بەگ باوکی ئەم کەمینەیەو مامو ئامۆزاکانی دیکەی سەرلەبەر فەرمانی کۆتو زنجیرکردنو زینداان کردنیان دراو هەمویان گیرانو بەکۆتو زنجیرکراوییەوە زیندان کران. پاش چەنانێ فەتحعەلی بەگو سوڵتانیان لەقەلای قەسلاندا کوشت. ئەکبەریش بەهەزار تەڵەکەو دەهۆ، سا هەرچۆنێ بو، سەری خۆی رزگارکرد. مامی ئەم کەمینەیەیش، چونکە هیچ تاوانێکی نەبو، ئازادکراو بەبەزەییو دلاوابیەکی زۆرەوە خەلات کراو ئەوە بو بۆ پتەوکردنو چەسپاندنی نێوان تەباییو نێوان کۆکی لەئەنجام دا بەندو بەندەواری هاوسەریم لەگەڵ خوسرەو خاندا سەروبەر نراو بەوپەڕی شانو شکۆوە پێم هاوێشتە حەرەمسەراوە.)) (ل٢٠١-٢٠٢).

رەنگە لەو سەردەمەدا زۆر کچی سنەیی خەوی بەوەوە دی بێ ببێتە هاوسەری گەورەترین دەسەلاتداری ناوچەکە: والی کوردستان، کەهێشتا لەناوەڕاستی سییەکانی تەمەنیدابو، بەلام ئەم شوکردنە جۆرێ بوە لەسەودای سیاسیو کۆمەلایەتی لەنێوان والی زۆردارو بنەماڵەی قادریی زۆرلێکراودا، بنەماڵەی قادری کچەکەیان لەنرخیدا داوە.

ئەگەر لە ١٢٢٠ دا لەدایك بوبێ، وەکو لە(تحفە:٣٢٢) تێ ئەگەینو، لە ١٢٤٤دا شوی بەخەسرەوخان کردبێ، وەکو مەردۆخ ئەلێ، ئەوا ئەبێ بە٢٤ ساڵی بەبوکی بۆ حەرەمسەرا برا بێ.

خوسرەو خان لەژیانی تایبەتی خۆیدا پیاوێکی بێ بەندوبار بوە. لەم بارەیەوە (مەستورە:١٩٨) ئەڵێ: ((زۆری حەز لەرابواردن‌و خۆش گوزەرانی دەکرد، دەنگی ئارەزوی رابواردن‌و خۆش گوزەراندنی ئەم پیاوە داستانی بارامی گۆڕی لەبیری خەڵك بردبوەوە..))

(بابانی:٧١) ئەڵێ: رۆژانی ژیانی بە((خواردنەوەی مەی‌و موعاشەرەتی ژنانی زیوئەندام)) بەسەر ئەبرد، ئەم رەفتارە کاری لەدانیشتوانی سنەیش کردوە، ((بەمفاد الناس علی دین ملوکهم، هەمو ئەعیانی کوردستان بەخواردنەوەی پێکی دەمادەم‌و هاونشینیی روسپییانی سۆزانییەوە خەریك بون)).

(تحفە: ٢٠٣) ئەڵێ: ((ئارەزویەکی لەئەندازە بەدەری لەژیان‌و رابواردن هەبو، هەمو شەوێ چل گۆرانیبێژو مۆسیقاژەنی ژن‌و پیاو لەمەجلیسەکەیدا ئامادە ئەبون..)).

خوسرەو خان، کاتی خۆی بەرابواردن لەگەڵ ژنانی جوان‌و، خواردنەوەی زۆری مەی بەسەر بردوە. لەئەنجامی ئەمەیشدا نەخۆش کەوتوە، وەك (بابانی:٧٢) ئەڵێ: ((بەهۆی زیادەڕەوی لەخواردنەوەی مەیدا توشی ماخۆلان بو))، یان وەك (مەستورە: ٢٠٣)ی هاوسەری ئەڵێ:((توشی نەخۆشی جەرگ بو))، لەهەردو حاڵەتدا ئەلکهول ئەبێ هۆی سەرەکی نەخۆشییەکەی‌و ئینجا مردنی بێ. لە٢ی رەبیعی ئەوەلی ١٢٥٠دا لەتەمەنی ٢٩ ساڵیدا مردو، مەستورەیش بەگەنجی بێوەژن کەوت. (مەستورە: ٢٠٤).

مەستورە لەخوسرەو خان منالی نەبوە، شوی تریشی نەکردۆتەوە. بەڵام هەوێکەی، حوسنی جیهان، ٣کوڕو ٣کچی هەبوە. پێ ئەچێ تا شیرازەی ئەم خێزانە بەتەواوی هەڵوەشاوە، مەستورە لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا ژیابێ.

-٥-

کۆچی بۆ سلێمانی‌و مردنی

ساڵانی (١٢٥٠-١٢٦٤) کە بەبێوەژنی بەسەر بردوە، لەژیانی مەستورەدا ساڵانی کامڵ بون‌و بڕشتی زۆرو بەرهەمی گرانبەها بون. هەر لەو ماوەیەشدا بوە ((تاریخ اردلان))ی تەواو کردوە.

دوای مردنی خوسرەو خان، ئەردەڵان لەناو گەردەلولی ناکۆکیی ناوخۆی ئەمیرەکانی ئەردەڵاندا ئاسایشی بیرو، ژیان‌و، سامانی تیدا نەماوە. حوسنی جیهان‌و توبا خانمی بوکی، جوتە برا: رەزا قولیخان‌و ئەمانوڵڵاخان، مامەکانیان: محەمەد صادق خان، عەباسقولی خان... نەك بەزەییان بەدانیشتوانی ولاتەکەدا نەئەهاتەوە، بەڵکو بەزەییان بەیەکتریشدا نەئەهاتەوە، لەسەر دەسەڵات‌و پارە

خەریك بون یەكترییان ئەهاڕیو، لەگەڵ خۆیان دەسەڵاتی دێرینەی بنەماڵەی ئەردەڵانیشیان بەرەو كوێربونەوە ئەبرد.

دوای ئەوەی رەزا قولیخانو ئەمانوڵڵاخانی برای چەند جارێ لەلای دەرباری قاجار ملی یەكترییان شكاند، دەرباری قاجار بۆ ئەوەی ئاسایشو دەسەڵات بگێڕێتەوە بۆ ناوچەكە، كەوتە سەر بیری دانانی حاكمێك لەدەرەوەی بنەماڵەی ئەردەڵان. خوسرەو خانی گورجییان داناو، بەگەیشتنی حاكمی نوێ هەر لەرێگاوە رەزا قولیخانی بەزنجیركراوی رەوانەی تاران كرد. دەستوپێوەندەكانی هەردو برا: رەزا قولیخانو ئەمانوڵڵاخان، پەرەوازە بون. هەندێكیان بەكۆمەڵ رویان لەشارەزورو سلێمانی كرد. مەستورە لەم بارەیەو نوسیوێتی:

((لەبەرەوەتر باسمان كرد، كاتێ كەخوسرەو خانی گورجی (ئەرمەنی) گەیشتە ناوچەی كوردستانو بە بەڵێنو سوێندی فراوان رەزا قولیخانی هەڵفریواندو بەلای خۆی دای راكێشا، محەمەد سولتان خانو سەرلەبەری پیاوماقوڵانی ولایەتی ئەردەڵان ماڵو ژنو منداڵی والیو زوربەی خەڵكی ئەردەڵانیان بەرەو هەورامان كۆچداو لەو كاتەدا من، نوسیاری ئەم دێڕانە یەكێ لەو كۆچ كردوانە بوم. هەر كەگەیشتنە شوێنێ كەناوی هۆشبارانیە، حەسەن سوڵتانی هەورامی بەپیری كۆچكردوانەوە هاتو بەشێوەیەك كەشایانی پلەو پایەیان بێ رێو رەسمی پێشواز لێ كردنیانی بەجێ هێنا.

لەو دەمەدا خان ئەحمەد خان كە لەگەڵ والیدا دوری نێو یەك قەپیلكو ئەستێرەی یەك بورج بون، فەرمانڕەوای مەریوان بو، سەبارەت بەوەی كە والی لەگەڵیدا نێوانیان خۆش نەبو، ئەمەی بەهەل زانیو، بەرەو ناوچەی هەورامان هاتو مرخی لەگرتنی كۆچ كردوەكان خۆش كردبو، بەڵام هەر كەدیتی خەڵكەكە بەجارێ دەستیان لەگیانی خۆیان شوشتوەو هەروا بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن، لەو كارە كشایەوە.

ئەو شەوە كۆچ كردوەكان كە لەهەزار كەس زیاتر بون، لەگوندی هۆشبارانیان بەسەربرد. بۆ سبەینێ كەهێشتا رۆژ هەڵ نەهات بو بنەو باریان راداو لەرێگەیەكی ناهەموارو سەختەوە، كەهەڵۆی بەسەردا فڕیبا پەڕی دەوەریو مانگی پێ سوكی ئاسمانی لێوە تێپەڕی با دەكەوتە خوارێ بۆ نێو كەندەڵانو هەڵدێری پەستیو هەپرون بەهەپرون دەبو، تێپەڕینو بەگوندێ لەگوندەكانی شارەزور گەیشتن، كەنێوی سەرگەتەو لەوێ لێی گیرسانەوە. ئینجا لەوێوە محەمەد سوڵتانو میرزا عەبدوڵڵای مونشی باشی چون بۆ سلێمانیو بەخزمەت عەبدوڵڵا پاشای بابان گەیشتنو رێو رەسمی پێشواز لێ كردنیانی بەجێگەیاندو

پیاوماقولێکی لەتەکیاندا نارد بۆ ناوچەی شارەزور، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بەسەر گوندەکانی شارەزوردا ببەشرێنەوەو داببن بکرێن.

لەباسی خونچەی باخی خوسرەوانی، نوێباوەی بێستانی کامەرانی، ئەمانوڵڵاخانی ثانیدا لەبیرمان کرد لەوە بدوێین کە لەو کاتانەدا دڵسۆزانی گیان فیدای ئەو زاتە هەر دەستەیەکیان کەوتنە وڵاتێکەوەو هەر برێکیان لەبنارێکدا گیرسانەوە. حوسەین قولیخانی مامی ئەمانوڵڵاخان کەپورزای من، نوسیاری ئەم کتێبەش بو، روی لەسلێمانی کردو بەو پەڕی رێزەوە لەوێ پێشوازی لێ کراو گیرسایەوەو کاتێکیش هەواڵی کۆچی ئێمەی بیستەوە خەڵکێکی زۆری بەئەسپو هێسترەوە نارد، سەد کەسێ لەبنەماڵەی ئێمە بگوێزنەوەو لەلایەن خۆیشیەوە جێگەی هێورینو گوزەرانی بۆ ئامادە کردینو هەر یەکەی بەپێی پێداویستی خۆی کۆمەکو یارمەتی دەداو لەخزمەتیدا کاتمان بەخۆشی بەسەر دەبرد، بەڵام پاش چەنانێ، چارەنوسی خودا لەخۆش گوزەرانی ئێمە رازی نەبو، ئەوەبو لەرۆژی ١٤ی مانگی زیلحیجەی ١٢٦٣ ك (١٨٤٦/١١/٢٣ز)دا جەنابی حوسەین قولی خان نەخۆشی بەسەریدا زاڵ بو، لەماوەی شەوو رۆژێکدا گیانی بە بەهەشتی بەرین شادبوو لەپرسەکەیدا هەزاران سینەی بۆ هەڵ دڕانو منی مەستورەی سەر لێ شێواوو دەربەدەریش لەدوری لێك دابڕانی ئەو گیانە ئازیزەم دوسێ رۆژێکە لەشو رۆحم بە بەلای تای نەخۆشییەوە دەتلێتەوە. بزانین خودا چیمان بەسەر دێنێو ئارەزوی بەچیە...)) (ل ٢٣٦-٢٣٨).

مەستورە بەو چەند دێڕە کۆتایی بەمێژوەکەی هێناوە، چونکە ئەویش هەر لەو رۆژانەدا بەپێی (حدیقە: ٣٢١-٣٢٢) لە ١٢٦٤دا لەتەمەنی ٤٤ ساڵیدا بەهەمان دەرد کۆچی دوایی کردوە.

-٦-

بەرهەمەکانی

پێ ئەچێ ماهشەرەف خانم بەدانانی شیعر دەستی پێ کردبێ. لەدەرگای شیعرەوە چۆتە ناو دنیای نوسینەوەو، ((مەستورە))ی هەڵبژاردوە بەنازناوی خۆی.

((دیوان مستورە کردستانی)) سێ جار چاپ کراوە:

جاری یەکەم، ساڵی ١٣٠٤ هیجری شەمسی، لەسنە، لەلایەن حاجی یحیی معرفت کردستانییەوە چاپو بڵاوکراوەتەوە.

جاری دوەم، ساڵی ١٣٦٢ هیجری شەمسی، لەتاران نشرما، لەلایەن دیوان احمد کرمییەوە.

جاری سێیەم، بەهاری ٧٧، لەتاران انتشارات امیر بهادر، لەلایەن دکتر صدیق صفی زادە (بورەکەئی)یەوە.

شیعرەکانی ناو چاپی یەکەم‌و دوەمـــی دیوانەکـــەی فارســین. بـەڵام چـاپەکەی سەفی زادە جگە لەشیعرە فارسیەکانی ٤٦٢ بەیتی کوردی تیّدایە. زۆری شـیعرە کوردیەکانی بەهەورامی هۆنیوەتـەوەو، بـەزۆری شـیوەنی بـەکوڵن بـۆ مـەرگی خوسرەو خانی ناکامی مێردی. هەندێ شیعری تریشی بەپاڵ دراوە. کە بەکرمانجی خوارو هۆنراونەتەوە، بەزمانەکەی‌و جۆری دارشتنی‌دا لەشیعری ئەو ناچن.

بەقسەی (صـفی زادە: ١٦) دو کتێبـی تریشـی نوسـیوە: ((مجمع الادبـاء)) کەبیۆگرافی شاعیرانی کوردەو، ((رسـالەی شـرعیات)) کەباسـی بنچـینەکانی عەقایدو ئەحکامی ئیسلام ئەکا.

(مجمع الادباء)ی جاریّ لەبەردەستدا نیـەو، کتێبەکـەی تریشـی لـەژێر نـاوی (عقائد) ساڵی ١٩٩٨ لەستۆکهۆڵم (سوید) لەلایـەن عەبـدوڵڵای مەردۆخـەوە بەپێشەکی‌و لیکۆڵینەوەی تێرو تەسەلەوە بڵاوکراوەتەوە.

لێرەدا من خۆم لەقەرەی شیعرەکانی نادەم، ئەوە بەجیّ ئەهێڵم بـۆ شـارەزایانی مـەیدانی ئەدەب براو کتێبەکەی تریشی بەجیّی ئەهێڵم بۆ خـەڵکی کـە. ئـەوەی من مەبەستمە کتێبە مێژوییەکەیەتی: ((تاریخ اردلان)).

((تاریخ اردلان))ی ((مەستورە کردستانی))ی بەهیمەتی ((ناصر ازادپور)) ساڵی ١٣٤٣ هـ. ش، لە ((چاپخانە بهرامی)) لەسنە چاپ کراوە.

د. حســن جـافو شـکور مصـطفی، لـەژێر نـاوی، مەسـتورەی کوردسـتانی: ((مێژوی ئەردەلان))دا کردویانە بـەکوردی، سـاڵی ١٩٨٩ لەبەغـداد، لەلایـەن ((دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی))ەوە بڵاوکراوەتەوە.

٣کەمایەسی لەم وەرگێڕانەدا هەیە:

١.زمانەکەی: ئەگەرچی وەرگێڕەکانی: شکور مستەفا کەرکوکی‌و، د. حەسەن جاف گەرمیانیە، بـەڵام لەنوسـینەکەیان‌دا زمانـە رەوان‌و باوەکـەی کوردسـتانی عیراقیان بەکار نەهێناوە، بـەڵکو زۆریـان لـەخۆیان کـردوە بـۆ ئـەوەی لاسـایی زمانەکەی ((شەرەفنامە))ی هەژاری موکریانی بکەنەوە، لەم کارەدا سـەرکەوتو نەبون، زمانەکەیان بۆ خوێندنەوە ناقۆڵاو بۆ تێگەیشتن سەختە.

٢.وەرگێڕانەکەی: لەهەندێ شوێن‌دا بـەوردی تەرجومـە نـەکراوەو، لەهەنـدێ جێگەیشدا رستەی گرنگـی لیّ قرتـاوە ئـاخۆ هـۆی ئـەم ناتەواویـە نوسـینەوەو چاپکردنێتی یان وەرگێڕەکان بەئەنقەست ئەو رستانەیان لیّ دەرهێناوە دیار نیە.

٣.چاپەکەی: هەڵەی چاپی زۆری تێ کەوتوە، هەندێ لەساڵەکانیشی، کە لەئەسڵی فارسیەکەیدا بەڕاستی نوسراون، لێرەدا تێکچون. لاپەڕە ٨٥ یشی ناتەواوە چونکە بەهەڵە، لەکاتی چاپدا، لاپەڕەی ٥٨ی خراوەتە جێگەی.

-٧-

سەرچاوەکانی

مەستورە خۆی دەربارەی هۆی دانانی ((تاریخ اردلان))و جۆری سەرچاوەکانی ئەڵێ: ((..تا رۆژێکیان رێم کەوتە دیوانەکانی پێشینیانو تۆمارو بەیازی پاشینان مێژوییێکم لەکوردانو دەستاوێژێکم لەنیشتمانەکەم بەرچاو کەوت. پاش متالاو دوای نامە گۆڕینەوە، تەماشام کردو خوێندیشمەوە کەشەرحێکیان لەمەڕ چۆنیەتی حاڵو باڵی فەرمانڕەوایانی کوردستان نوسیوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کورتەییێك لەمانەی مانەوە دوری نەسمراو بو، منی کەمینە کە کەمترین دارخورمای گوڵشەنی ئەم گوڵزارە وەك ئیرەم بنیات نراوە.. بەسروشتی بلێسەدارو زەینی رەخنەگرانەوە بەدوی درێژەپێدانەوە چونم بەپێویست زانیو پەرژامە سەر نوسینی ئەم چەند دێڕەو دەنگوباسی پاشەڕۆژ بەخێروخۆشیو بەختەوەری گوزەرێنی زنجیرەی پایەبڵیدنی بەنی ئەردەلانم بە بەشێك کە لەمێژوم هەڵێنجاوەو لەپێشینانم بیستوەو بەرچاوی منی کەمینە کەوتوە، لەم نوسخەیەدا رون کردۆتەوەو لەخوێنەرەوە چاوەڕوانی نزای چاکەم.)) (ل ١١-١٢).

بەم پێیە سەرچاوەکانی بریتی بون لەنوسراوو باسو بابەتی بیستراوو بینینەکانی خۆی:

١-نوسراوەکان

گرنگترینی سەرچاوە نوسراوەکانی مەستورە، مێژوەکەی مەلا محەممەد شەریفی قازی: ((زبدة التواریخ))و، خوسرەو کوڕی محەممەدی کوڕی مەنۆچەری ئەردەڵان: ((لب التواریخ))ـە. مەستورە کتێبەکەی خوسرەو بەگ بە((تاریخ الاکراد)) ناو ئەبا.

مەستورە لەکتێبەکەیدا لەلاپەڕەکانی: ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٤٩، ٥٨، ٨٣، ٩٣، ٩٨، ١٠٦، پەنجەی بۆ کتێبەکانی قازی شەریفو خوسرەو بەگ راکێشاوە. هەندێ جار گێڕانەوەی هەواڵەکان، کە لەگەڵ یەکتری جیاوازن، بەیارمەتی ئەم دو سەرچاوەیە، لەگەڵ یەك بەراوردو تاووتوێ ئەکا، بەڵام ناوی ((ذیل شرفنامە)) نابا، رەنگە هۆی ئەمەیش ئەوە بێ، کە لەبەردەستیدا نەبوبێ.

بێگومان ((شەرەفنامە))، ئەگەرچی ئەو بەناو ناوی نەهێناوە، سەرچاوەیەکی گرنگی تری ئەم مێژوە بوە. هەروەها ئەبێ کەڵکی لەمێژوە باوەکانی ئێرانو، ئەو

نامەو بەڵگانەیش وەرگرت بێ کە لەکتێبخانە ئاوەدانەکانی میرەکانی ئـەردەڵاندا هەبون.

۲-بیستنەکانی

بنەماڵەی مەستورە لەگەڵ میرەکانی ئەردەڵان تێکەڵاو بون. نەنکی هاوسـەری خوسرەوخانو، خوشکێکی باوکی هاوسەری ئـەمانوڵڵاخانو، خۆیشـی هاوسـەری خوسرەو خانی ناکام بوە. باووباپیریشی بەشێ بون لـەداوودەزگای بەڕێوەبەرایـەتی ئەردەڵانو، لەشەڕوشۆڕەکاندا بەشـداربون. زۆر روداوو چـیرۆکی ئـەم بنەماڵەیـە کەنەنوسراونەتەوە لەناو خۆیاندا دەماودەم گێڕاویانەتەوە. لەم بارەیەوە ئەو هەلەی بۆ مەستورە هەلکەوتوە، رەنگە بۆ مێژونوسەکانی تر هەڵ نەکەوتبێ.

مەستورە، بۆ سـەلماندنی یـەکێ لەبۆچـونەکانی، ئـەلێ: ((...بـەلام بەنـدەی کەمینە لەگەڵ رای یەکەم دام. چونکە نەنکم یەکێ بوە لەوانــەی کـە لەباوەشـی ئەو بنەماڵە بەرزەدا پێ گەییوەو هاوسەری والی بلێند نژاد، خوسرەو خانی باوکی ئەمانوڵلا خان بـو، گۆڕیـان پـڕ لـەنور، دەربـارەی سـەردەمی منـداڵیی خـۆی، بەتایبەت لەو سەروبەندەدا. کەبنەماڵەکەیان لەهەمەدان بو، زۆری سەرگوزەشتە بۆ دەگێڕامەوە...)) (ل۱۰۷).

لەشوێنێکی تردا ئەلێ: ((هەرچەندە لەکتێبان‌دا بەرچاو نەکەوتوە، بەلام وەك لەبەرینانم بیستوە..)) (ل۳٤).

لەجێگەیەکی کەدا ئەلێ: ((... وێڕای ئەوەی کەمێژو لەم بارەوە زۆری لەسـەر نەڕۆیشتوە، بەلام وەك لەپێشینانم بیستوە، دوای نیشان کردنی زەڕین کولاه، ئـەو گەوهەرە گرانبایيە ئەختەربلێندە، بەهاوسەریی خان ئەحمەد خان قابیل نـەبو..)) (ل٤٥).

ئەمانەیش چەند نمونەیەکی کەن:

((دەگێڕنەوە: ئەو دەسکەوتەی لە لەشکرەکەی ئیسماعیل خـان وەگـیر بـاپیرم کەوت بو زۆر لەخۆی بەزیاتر دیت، لەبەر ئەوە بردیە خزمەتی خوسرەو خان، بەلام ئەو فەرمانڕەوا دادگەرە، بەو هیمەتە حاتەمی‌یەوەی کە هەی بو، تـوخنی هیچـی نەکەوتو سەرلەبەری بەرەو روی خۆی کردەوە، تەنانـەت ئاوێنـەییکی گرانبـایی زۆر نایـاب لـەو دەسـکەوتە تـا ئێسـتا بەموفـەڕك لەبنەماڵـەی ئێمـەدا هـەر ماوەتەوە)) (ل۱٥۷).

((میرزا لوتفوڵڵای کوڕی مـیرزا عەبـدوڵڵای وەزیـر کـەمامی راسـتەقینەی دایکی ئەم کەمینەیەیە، لەو شەڕەدا حەڤدە کەسی لەسەر زینی ئەسـپ گلانـدو

لەخوێنی خۆیانیدا گەوزاندن و بەم ڕەنگە ئازایەتی و مەردایەتیی خۆی ئیسپات کرد)) (ل١٦٠).

((باپیرە گەورەم کەدەرامەتی عەباسقولیخان و والی شوشتەری پێ سپێردرابو، هەزار تمەنی وەگیر کەوت)) (ل١٦٢).

((باپیری سەروەری ئەم کەمینە، لەو هەراوهوریایەدا لەگەڵ نارازییەکاندا هاودەست بو، لەبەر ئەوەی نەمامی پەنا سێبەری پەروەردەی ئەو بنەماڵەیە بو، بێ نمەکی کردبو، دەستی لەگەڵ دوژمنانی تێکەڵ کردبو، چەند ڕۆژێ بۆ گوێ ڕاکێشان، چاوی بەزەیی لێ پۆشی و پێنج هەزار تمەنی چاوترسێنانە لێ سەند، بەڵام پاش ١٨ ڕۆژ دوبارە پلەی چاودێری کردنی دارایی پێ بەخشیەوە..))(١٧٤).

((..عەبدولڕەحمان پاشا جێگەی خۆی گرتەوەو دەسەڵاتی پەیداکردەوە ئەمانوڵڵاخانیش بەسەرکەوتنەوە گەڕایەوە بۆ مەڵبەندی خۆی و کەهیەی بەغدای لەگەڵ دووسەد لە بەدیل گیراوانی ڕۆمیدا کەلەم شەڕەدا بەدیل گیرابون لەگەڵ محەمەد ئاغای باپیرەی ئەم کەمینەیەدا نارد بۆ خزمەت فەتح عەلی شا، بەڵام شا ناردنیەوە بەغدا.))(ل١٧٩).

((..بەنیازی لابردنی والیەوە ڕویان کردە دەرباری تاران و هەر ئەو شەوە بۆ بەیانی کەئەم هەواڵە بەوالی گەیشت محەمەد ئاغای سەرکاری کەباپیر پایە بڵندی، نوسیاری ئەم مێژوەیە، بۆ ڕون کردنەوەی ڕاستی کەین و بەینەکەو بەتاڵکردنەوەی نیازی پیسی نارەزایان، نارد بۆ دەرباری فەتح عەلی شا..))(ل١٨٣).

((ئەمانوڵڵاخان ئەم کردەوەیەی بۆ قوت نەچوو... محەمەد ئاغا باپیری نوسیاری ئەم کتێبەی کردە سەرداری لەشکرێ لەئازاو شێردڵانی ئەردەڵان و بۆ ناوچەی بانەی نارد..))(١٨٤).

((خەبەری سەرکەوتنیشی لەشەڕو هەراکەی بانەدا... پێ گەیشت. محەمەد ئاغای باپیری سەروەری ئەم نوسیارە بەرانبەر ئەم خزمەتە گەورەیە بەجوبەیێکی تورمەو شیرێکی دەبان خەڵات کرد..))(ل١٨٧).

((شا لەم بارەیەوە تا بڵێی خەمبار بو، تەنانەت نارەزایی و نەفرینی خۆی بەمحەمەد ئاغا، باپیرەی نوسیاری ئەم کتێبە، کەئەمانوڵڵاخان بەناوی باڵیۆزەوەی ناردبو بۆ دەرباری قاجار بەئەمانوڵڵاخان ڕاگەیاند.))(ل١٨٨).

((..نزیکەی سەد هەزار تمەنێ بۆ سەروبەرنانی ئەم شایی و ژن هێنانە خەرج کرا. لەم سەد هەزار تمەنە، چل هەزار تمەنی بۆ ئالاو والاو بۆ زەك و دۆزەك و خشڵ و زێڕوزیوی بوکێ خەرج کرا. خوالێخۆشبو باوکم بۆ خۆی سەرپەرشتی ئەم

زەماوەندەی کردوەو هەر خەرج و پول و دراوێکی بۆ شیرینی و خواردەمەنی خەرج کراوە ئەو سەرپەرشتی بوە. دەگێڕنەوە: لەم شاییەدا دە هۆرِ نوقڵ، لەگەڵ چەند تێرِ قەندو نەباتی سپی و چەند شیرینیەکی تر بەخەرج دراوە. ئیتر ئەو دواکەیشی هەر بەم پێوادانە بوەو دەبێ هەروایش لەقەڵەم بدرێ))(ل١٨٩).

ئەم گێڕانەوانەی دەماودەم پشتاوپشت لەناو بنەماڵەکەیاندا هاتون، سەرچاوەیەکی گرنگ بون بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی باسەکانی.

٣-بینینەکانی

مەستورە ئافرەتێکی زرنگ و وریا بوە. هەر لەمناڵیەوە خوێندویەتی و سەودای خوێندنەوەو نوسین لەکەللەی داوە. لەناو بنەماڵەیەکی ناسراوو دەوڵەمەندو رۆشنبیردا پێ گەیشتوە. بەچاوێکی تیژ سەیری روداوەکانی دەورو پشتی و چاودێری هەلومەرجی وڵاتی کردوە. کەچۆتە ناو حەرەمسەرای خوسرەو خانەوە ئەم بوارەی زیاتر بۆ فراوان بوە، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگای لەهەواڵ و دەنگوباس و روداوەکان بێ و، زیاتر تێکەڵاو بێ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵات.

((..من ئەم کەمینەیە، بەچاوی خۆم دیتم باڵیۆزی روس و ئینگلیز لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمانوڵڵاخانی والیدا بەناوی دیتنی ئەم قەڵایەوە، بەسەر کوردستان (سنە)دا تێدەپەڕین و لەگەڵ ئەوەشدا کەقەڵاکە وێرانە بو، سەیرانی شوێنەوارو کەلاوەکەیان دەکرد..))(ل٤٢).

(..لەساڵی ١١٣٨ی ك دا لەو جێگایەی کەئێستا باخێکەو نمونەی بەهەشتی بەرینەو نزیکی کۆشك و تەلاری مەرکەزی میرنشینەو بەفیردەوس بەناوبانگە، قوتابخانەیەکی بنیات ناو لەمەودایێکی کورتدا پاشای بابان هەر کەم و کوڕییەکی هەی بو، تەواوی کردو هێندەی دیکەی وەسەرناو منارەیەکی جوانی لێدروست کرد، تا سەردەمی فەرمانڕەوایی پڕ شانازیی ئەمانوڵڵاخانیش هەر مابو، من بۆ خۆشم دیتم. ئەمانوڵڵاخان لەبەر ئەوەی بونی ئەو منارەو ئاسەوارەی بەمایەی سەرشۆڕیی ئەردەڵانەکان دەزانی وێران و خاپوری کردو داری بەسەر بەردیەوە نەهێشت.))(ل٩٠).

ئەم دو روداوەی ئەیانگێڕێتەوە هی سەردەمێکن کەهێشتا مەستورە شوی بەخوسرەوخان نەکردوە، کەنیشانەی ئاگاداریی زۆرو سەرنجدانی وردە، بێگومان دوای ئەوەی چۆتە ناو کۆشکی حوکمڕانیەوە ئاسۆی دیتنەکانی، بەتایبەتی ئاگاداری لەروداوە سیاسیەکان، فراوانتر بوە.

-٨-

گێڕانەوەکانی

مەستورە لەگێڕانەوەی باسێك‌دا ئەنوسێ:(ئەقڵی بێخەوش‌و چێژو، سەلیقەی راست، ئەم قسەیە ناسەلمێنێ چونکە...))(ل١٥) ئەم سەرنجە ئەقڵی‌و رەخنەگرانەیە بۆ مێژونوس زۆر پێویستە بۆ ئەوەی ئەفسانەو روداوی هەڵبەستراو تێکەڵاوی روداوە راستەکانی مێژو نەکات. مەستورە وەکو یەکێ لەبنەماڵەی ئەردەڵان لەباسەکانی‌دا بەلای ئەواندا دائەشکێنێ، بەڵام راستگۆییەکی زۆر لەنوسینەکانی‌دا هەیە. ئەو هەواڵانەی بەتەواوی لێیان دڵنیا نەبوبێ، گومانی خۆی لەراستیی‌و ناڕاستییان، بەچەند رستەیەکی وەکو: خودا هەر خۆی لەڕاستی هەمو شتێ ئاگادارە (ل١٥)، خودا بۆ خۆی دەزانێ (ل٣٠، ٥٠، ٦٦)، زانست لای خودایە (ل٣٤)، دەربڕیوە.

-٩-

رێبازی نوسینەکەی

مێژونوسانی کۆن، لەنوسینی ئەم بابەتانەدا دو رێبازیان گرتوە: یەکێکیان، کەسەکانیان کردۆتە سەرباس لەژێر ناوی ئەواندا روداوەکانیان گێڕاوەتەوە. یان، ساڵ بە ساڵ روداوەکانیان گێڕاوەتەوەو، ساڵەکەیان کردۆتە سەرباس‌و، باسی کەسایەتی‌و قارەمانی روداوەکانیان بەپێی ساڵەکانیان بەدوای یەك‌دا گێڕاوەتەوە. شەرەفخان لەنوسینی ((شەرەفنامە))دا پێڕەوی رێبازی یەکەمی کردوە. هەمو مێژونوسەکانی ئەردەڵانیش، لەوانە مەستورە، لەرێبازی نوسین‌و گێڕانەوەی روداوەکانیان‌دا لاسایی شەرەفخانیان کردۆتەوەو، بەچاولێکەری ئەو درێژەیان بەمێژوی ئەردەڵان داوە. ئەگەر یەکێکیان یا زیاتر روداوەکانی ساڵانە بگێڕایەتەوە، بێگومان ئێستا کەرەستەیەکی زۆرتری لێکۆڵینەوەی مێژوی ئەردەڵانمان لەبەر دەست‌دا ئەبو، بەراوردکردنی روداوەکان ئاسانتر ئەبو.

زمانی نوسینی ((تاریخ اردلان))و جۆری داڕشتنی، هەر ئەوانە ئەتوانن هەڵی بسەنگێنن کەشارەزای پەخشانی فارسین، ئەگەرچی سەجەع‌و وشەی هاوواتاو درێژەدانی زۆری تێ‌دایە، بەڵام بۆ من رەوان‌و تێگەیشتنی ئاسانە. مەستورە جگە لەوەی شارەزای مێژو بوە، لەچەندین جێگای گونجاودا ئایەتی قورئان، پەندی عەرەبی، شیعری فارسی هی خۆی‌و هی شاعیری تری، تێکەڵاوی نوسینەکانی کردوە. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کەسەرچاوەی رۆشنبیریی مەستورە دەوڵەمەند بوە.

هەڵسەنگاندنی

هەواڵەکانی ((تاریخ اردلان)) بەتایبەتی هەواڵەکانی پەنجا ساڵی دوایی دەربارەی: ناکۆکی ناوخۆی نێوان میرەکانی ئەردەڵانو، نێوان ئەردەڵانو بابانو، پەنابردن بۆ یەکتریو، هاندانی یەکتری بۆ شەڕو پەلاماردانی یەکتری.

زوڵمو زۆریو والیەکانی ئەردەڵان، بەتایبەتی لەڕوی کۆکردنەوەی زۆرەملێی پارە، گرتنو ئەشکەنجەو کوشتنی ناڕەوا، دانانو لابردنی وەکیلو وەزیرەکانو، کۆچی بەکۆمەڵ بۆ دەرەوەی ئەردەڵانو، نەمانی سەلامەتی سەرو سامان.

بۆگەن بونی دەزگای بەڕێوەبەرایەتیو، خەریك بونی میرەکانی بەشاییو رابواردنی ژنو، خواردنەوەو، راووشکارو، پێشکەشو بەرتیل.

گوێ نەدانە سکاڵاو گازندەی خەڵك، تەنانەت هی گەورەو دەسەڵاتدارەکانو، سەرکوتکردنی بێ بەزەییانەی هەمو جۆرە نارەزاییەك.

کارەساتی سروشتی قاتوقڕیو برسێتی، رێبەندانی بەفرو سەرما، رشانەوەو نەخۆشینی تر.

ناکۆکی ناوخۆی میرەکانی ئەردەڵان، کوڕەکانی ئەمانوڵڵاخان: خوسرەوخان، محەمەد صادق خان، حوسەینقولی خان. دوای ئەوانیش ناکۆکی ناوخۆی کوڕەکانی خوسرەوخان: رەزا قولی خانو ئەمانوڵڵاخانی دوەم.

دەسوەردانی ژنانی قاجار(حوسنی جیهانی کچی فەتح عەلی شا: هاوسەری خوسرەو خانو، توبا خانمی کچی عەباس میرزاو خوشکی محەمەد شا: هاوسەری رەزا قولی خان) لەململانێی دەسەڵاتدا لەنێوان میرەکانی ئەردەڵاندا.

لێکدانەوەی روداوەکان مەستورە ئەگەیەنێتە ئەنجامگیرییەکی زۆر گرنگ دەربارەی پاشەڕۆژی میرایەتی ئەردەڵانو پێشبینی تێکچونی ئەکاو ئەنوسێ:((... ئیدی ئیدیو نەختە نەختە ئەم سەربزێویو سەرسەختیو گوێ نەدانە بو بەهۆی ئەوە شا پشتیان تێکاو رویان لێ وەرگێڕیو گوێیان راکێشێ. تەنانەت دەتوانین بڵێین. شا هاتە سەر ئەو بڕیارە کەبناغەی ئەم بنەماڵە تێکداو داری بەسەر بەردیەوە نەهێڵێ.))(ل٢٣١).

مەستورە، کە لەقۆناغی داروخانو هەرەسهێنانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری.. میرایەتیەکانی ئەردەڵانو باباندا، ژیاوەو، نزیکی داوودەزگای حوکمڕانی ئەردەڵان بوە، بەچاوی خۆی روداوەکانی بینیوەو، گێڕانەوە جیاوازەکانی بیستوەو، بەڵگەکانی خوێندۆتەوە، وەکو شایەتێکی ئاگادارو لێهاتوی سەردەمی خۆی، گێڕانەوەکانی لە((تاریخ اردلان))دا بۆ لێکدانەوەی مێژوی هەردو ئەمارەتی ئەردەڵانو بابان، نرخێکی گرانو گرنگیەکی تایبەتییان هەیە.

-١١-

پلاری ژن

مەستورە لەناو رووداوەکانی سەردەمی خـان ئەحمـەد خـاندا، گفتوگـۆی ژنـە بلباسێك‌و خان ئەگێڕێتەوە، دوبارەکردنەوەی لێرەدا بێ جێ نیە.

ئێلی بلباس لەخان ئەحمەد خان یاخی ئەبن، خـان لەشـکریان ئەباتـە سـەرو پەلاماریان ئەدا. هـەردولا بەشـەڕ دێـن. لەشـکری ئـەردەلان لەشـکری بلبـاس ئەشکێنێ. بلباس ئەکشێتەوە شـوێنێکی سـەخت‌و عاسـی. لەشـکری ئـەردەلان لەدویان نابنەوە. (مەستورە: ٥٣-٥٤) لەسەری ئەڕواو ئەنوسـێ: ((چـەند رۆژێ گەمارۆیان دان‌و ڕێی هاتوچۆو کاروباریان لێ بەستن تا بەم شـێوەیە داوێنـی دان بەخۆدا گرتن‌و سەبریان لەدەست بدەن‌و واز لەلوتبەرزی بێنن‌و ملکەچـی قوبـوڵ بکەن. ئەگەرچی دوایی، هێرشەکەیان راگرت بەڵام ئەو رووداوە لەهـەمو کانگـای دڵیانەوە نەبو. لەبەر ئەوەی ڕێگای بەوێ گەیشتنی یەکجار سـەخت‌و تـوش بـوو بواری شەڕوشۆڕیان نەبو، لەسەروبەرنانی ئەم کارەدا سەریان سوڕما لەو دەشتەدا سەرگەردان مانەوە.

سەرەنجام رۆژێکیان کەڵەژنێکی جـوانی ژیـرو زیرەکـی ئـەو تیرەیـە ئـارەزوی گەشت‌و سەیران دەکا. دەوروبەری سوپا بێ سەنگەرو سوپەر بو. بەڕێکەوت توشی بو بەتوشی کاربەدەستی خانەوە، لێی پرسی:"هـۆی لێـرە هـەوارگرتنتان لەبـەر چیەو ئەم هەمو خۆ ئامادەکردن‌و خۆسـازکردنە لەبـەر کێیـە؟" کاربەدەسـتەکە لەوەڵامدا گوتی: "هۆی هەوارگرتنمان لێرە ئەوەی ڕێگاوبـان نیـەو ڕێڕەوەکـە زۆر تەنگەبەرەو بەئاسانی توانی لێوە دەربازبونمان نیە".

ئەو ئافرەتە شەنگە بەتانوت‌و پلارێکی نازو عیشوەئامێزەوە، بـو بەباوەشـێنی بڵێسەی ئـاگری تـوڕەیی‌و رکـی خـان. هـەر دەمودەسـت فـەرمانی ئامـادەبونی لەشکری سەرکەوتوی‌داو چیرۆکی ئەم ژنە نیهادپاکەی لەنوکـەوە بـۆ سـەردارانی سوپا گێڕایەوە. سەردارانی سوپایش دەسبەجێ دەستیان لەگیانی خۆیان شوشـت‌و دەستیان بەقڵفی توندوتۆڵی فەزڵی خوداوەندی دو جیهانەوە گرت‌و لاوانی خەنجەر بەدەست بەتیخی ئاودارەوە چاکی ئازایەتییان لێ هەڵکردو دەستیان دایە شیرو رمو بەیارمەتیی خودای بێ هاوتا رویان کردە سەر لوتکەی چیاکان‌و لـەو نشـێوانەوە بەرەو هەورازان هەڵکشێن‌و دەروی شەڕوشۆڕیان لەڕوی دوژمنـان هاوێشـتە سـەر گازی پشت. ئەم تیرە چارە بـەدە ئـەم هەنگامەیـەیان دیـت دەسـبەجێ دەسـتیان بەشەڕکردو بەتەقەکردن‌و گابەرد گلۆر کردنەوەو تێهەڵچون‌و ئەو دلێرە رۆسـتەم ئاکارانە بەتیخ‌و تیرو تـەورەوە خۆیـان گەیانـدە سـەنگەرە بەسـامەکانیان‌و نێـرو

مێیان لەتیغ کێشانو پاشماوەی ماڵو سامانیان بو بەدەسکەوتی ئەو سوپا سەرکەوتوەو لەشکری زاڵ بو بەدیلو یەخسیرێکی زۆرەوە، لەوە زێتر پێوە نەچو بەسەرکەوتنو زاڵ بونەوە گەڕایەوە...)).

((ذیل شرفنامه)) کەلە((تاریخ اردلان)) کۆنترە ئەم باسەی تیّدا نەنوسراوە، بەڵام پێش ئەم (لب: ٥٤-٥٥) هەمان چیرۆکی گێڕاوەتەوە، پێ ئەچێ مەستورەیش لەوی وەرگرتبێ، دوای ئەویش هەم لە((حدیقه: ١٣١-١٣٢))و هەم لە((تحفه: ١١٣))دا بەکەمێ دەسکاریەوە دوبارە نوسراوەتەوەو، هەردوکیان شوێنەکەیان بەقەڵای ڕەواندز دیاری کردوە. ئەم چیرۆکە ئەگەر ڕاستو ڕوداو بێ، یان خەیاڵو هەڵبەستراو، گێڕانەوەی لەلایەن مەستورەوە، بەو ئاشکرایی‌و بێ پەردەییە، خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوپەڕی ئازایەتی ئەدەبییە، بەتایبەتی بۆ ژنێکی چینی سەرەوەی کۆمەڵ، لەزەمانو زەمینی ئەوسای کوردستاندا. دورنیە نالی ئەم گێڕانەوەیەی مەستورەی خوێندبێتەوەو، هەر ئەمەش هانی دابێ پڕکێشی بکا شیعرە بەناوبانگەکەی لەسەر هەمان ڕێڕەوی تەنگ بهۆنێتەوە.

-١٢-

مەستورە لەبەر تیغی زماندا

دایکی ڕۆژگار نە پێش ئەوو نە دوای ئەویش، ژنێکی هەڵکەوتوی وەکو مەستورەی بەمێژوی کورد نەبەخشیوە. بەڵام مەستورەش وەکو هەمو کەسایەتیەکی هەڵکەوتوی کۆمەڵ، لەسەردەمی خۆیدا، کەوتۆتە بەر تیغی زمانو نەشتەری قەڵەم. خوا ئەزانێ لەسەردەمی خۆیدا چییان پێ وتوە؟ بەڵام ئەوەی بەنوسراوی بەجێ ماوە. شیعرێکی درێژی نالی، گەورەترین شاعیری ئەو سەردەمەو، کورتە لێدوانێکی فخر الکتاب، گەورەترین مێژونوسی ئەو سەردەمەیە.

-١٣-

نەشتەرەکەی نالی

مەستورە شاعیرێکی خاوەن دیوان بوە. بەقسەی (حدیقه: ٣٢١) نزیکەی ٢٠ هەزار بەیتو، بەقسەی (تحفه: ٢٠٩)زیاد لە ١٠ هەزار بەیتی بەفارسی هۆنیوەتەوە. نالی لەباتی ئەوەی لەشیعرەکانی بکۆڵێتەوەو بەهرەی هونەریو شاعیرانەی هەڵبسەنگێنیو، بایەخو ئایەخی بەرهەمەکانی لەیەك جیا بکاتەوە. کەسایەتی خودی مەستورەی داوەتە بەر تیغی زمانو نەشتەری قەڵەم. نالی شیعرێکی ٤٩ بەیتی هۆنیوەتەوە، بۆ جوانکردنو ڕازاندنەوەی وەستاییەکی

یەکجار زۆری تێدا بەخەرج داوە. کێش‌و قافیەی هەر ۹۸ دێڕەکەی وەکو یەك دارشتوە. لەشیعرەکەیدا خەو بەمەستورەوە ئەبینێ‌و ئەکەوێتە گێڕانەوەی:

مەستورە کەحەسناوو ئەدیبە بەحسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك‌و عیتابێ؟
هاتوم، وتی، عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وابێ؟
هی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بەجەوابێ؟

لێرە بەدواوە بەزمانی مەستورەوە ۳۰ بەیت هەڵئەبەستێ، بۆ ئەوەی نالی تاو بکاو ئارەزوی جوتبونی لەلا بوروژێنێ، ستایشێکی جنسی کونوکەلەبەری ناولنگی خۆی ئەکاو، داوای لێ ئەکا لەگەڵی دروست ببێ‌و، دوا بەیتی ئەم تاوکردنە گەرمە، بەزمانی مەستورەوە، بەم پرسیارە ئەهێنێتەوە:

کێ بێ لەجیهاندا چ گەدا بێت‌و چ شا بێ
تەرکێکی وەها ناسك‌و پڕ لەززەتی (...) بێ؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەی مەستورەدا، نالی بەزمانی چوکی خۆیەوە ۱۳ بەیت هەڵئەبەستێ‌و، ئەڵێ:

دێوانە کەزانی کەدەبێ عوقدە گوشا بێ
هەستاوو، گوتی: ئەشکی رەوانم بەفیدا بێ!
لەشوێنێکی تریدا ئەڵێ:
کێ بێ وەکو تۆ بەم شەوە رەحمی بەمنا بێ؟
مەجزوبە سیفەت، یەعنی سیلەی رەحمی تێدا بێ!
هەم جازیبەوو قابیلەیی ئەخزو عەتا بێ
مەستورەوو مەخفی، شەبەهی بادی سەبا بێ؟
مەستانە هەڵستێت‌و بەکوێریی روقەبا بێ!
ئەم باب زەنە گەرم‌و تەڕیکا بەکەبابێ! (دیوانی نالی ۳٠٦-٦٣٠)

نالی، بێگومان، لەم شیعرە مەبەستی ستایش‌و پەسنی مەستورە نیە، بەڵکو ئەم شیعرەی بۆ ئابڕوبردنی مەستورەو ئەتککردنی هەڵبەستوە. ئەبێ چی پالی بەنالییەوە نابێ سوکایەتی بەمەستورە بکا؟

-ئارەزوی شێتانەی گەنجی‌و حەز لێکردنی سەرەڕۆیانەی سەردەمی فەقێیەتی نالی بوە لەسنە، ئەگەر وایە خۆ میرەکانی بابانیش لەسلێمانی هاوسەری جوان‌و کچی جوانخاسیان زۆر بوە بۆچی نالی خەوی بەکەسیانەوە نەدیوەو ناوی کەسیانی نەهێناوە؟

-یان ئەمیش ((تێچێن))ێکە لەو ناکۆکیە درێژەی لەنێوان بنەماڵەی ئەردەڵان و باباندا هەبوە، بۆ شکاندنی یەکتری؟

-یان حەسودی بردن بەپایەی بڵندی ئەدەبی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی مەستورە؟

رەنگە هەر نالی خۆی بتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، نالی‌یش نەماوە.

ئەگەرچی نالی لەو سەردەمەدا بەمەبەستی جنێو پێدان باسی ((سێکسی بون))ی مەستورەی کردوە، بەڵام لەم سەردەمەدا گەورەترین ستایش بۆ ژنێکی ئینگلیز ئەوەیە پێی بڵێ: ((سێکسیترینی ژنان)).

-١٤-

توانجەکەی فخر الکتاب

مەستورە لەدوای شەرەفخان، مەلا محەممەد شەریف، محەممەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی و، خوسرەو بەگی ئەردەڵان، پێنجەمین کەسە مێژوی ئەردەڵانی نوسی بێتەوە. فخر الکتاب چەندین ساڵ دوای مردنی ئەو ئینجا دەستی داوەتە نوسینی ((تحفەی ناصری)). بێگومان یەکێ لەسەرچاوەکانی ((تحفە))، مێژوەکەی مەستورەو سەرچاوەیەکی تریشی ((حدیقەی ناصری)) عەلی ئەکبەری ئامۆزای بوە. بەراوردی ((حدیقە))و ((تحفە)) دەری ئەخەن، فخر الکتاب زۆری ئاگاداریەکانی لەم دو سەرچاوەیە وەرگرتوە، تەنانەت هەندێ لەباسەکانی بەکەمێ دەسکاریەوە دەقاودەق لە((حدیقە))راگوێزراوە. کەچی فخر الکتاب لەباتی ئەوەی وەکو مێژونوس بکەوێتە لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی مێژوەکەی مەستورەو، راستی و چەوتی گێڕانەوەکانی بخاتە سەر دەزگای هەڵسەنگاندن و رەخنە، کەسایەتی خودی مەستورەی داوەتە بەر تیغی زمان و نەشتەری قەڵەم.

فخر الکتاب (تحفە: ٢٠٩) ئەڵێ ((مەستورە یکی از نسوان طائفەی قادری و قدر بدصورت بودە ولی در طرائف معانی و ظرائف سخندانی و طرز غزل سرائی و قافیە ارائی اعجوبەی ان ایام و بخسرو خان ناکام عاشق بودە بوشاقت بیان و طلاقت زبان و غزلهای عاشقانە دلربائی از والی کردە و بهر شیوە و بهانە خودرا بحبالەی نکاح خسرو خان دراوردە...)).

لێرەدا چەند شتێ پێویستیان بەلێدوان هەیە:

١.بەپێی شیعرەکەی نالی ئەبێ مەستورە نەك ((نەختێ بەدفەساڵ)) نەبوبێ، بەڵکو ئەوەندە جوان و دڵڕفێن بوە، پیاوی بەزەوقی وەکو نالی خەوی خۆشی پێوە بینیوە. نوسەر بۆ شکاندنی ئەم توانجەی تێ گرتوە. تەنانەت ئەگەر

جوانیش نەبوبێ، نابێ لێی بەعەیب بگیرێ، هیچ کەس جوانیو ناشیرینی بەدەس خۆی نیە.
۲.وەکو ئەم ئەڵێ مەستورە بەزۆر خۆی بەسەر خوسرەو خاندا ساغ کردۆتەوەو، بەشیعرو قسەی جوان خوسرەو خانی راکێشاوەتە ناو داوی عەشقی خۆیو وای لێ کردوە مارەی بکاو بیهێنێ. ئەگەر ئەم قسەیەی فخرالکتاب راست بێ، شایەتیەکی زۆر گەورەیە بۆلێهاتوییو زیرەکی مەستورەو، کاریگەری ژن لەسەر پیاو. بەڵام مەخابن وەکو مەستورە خۆی ئەیگێڕێتەوە، ئەم وەکو قوربانیەکی دابو نەریتی دواکەوتوی کورد لەنرخی لێخۆشبونی باوکیو خزمەکانیدا دراوە بەخوسرەو خان، نەك لەئەنجامی عەشقو دڵداریدا.
میرزا شوکورڵڵا، کەپشتاوپشت میرزا بون لەداوودەزگای میرەکانی ئەردەڵاندا، ناشێ لەم کەینوبەینە ئاگادار نەبوبێ، یا نەی بیست بێ، یا هیچ نەبێ ((تاریخ اردلان))ی مەستورەی نەخوێندبێتەوە کە بەئاشکرا باسەکەی گێڕاوەتەوە؟
۳.ستایشی وەستایی مەستورە ئەکا لەشیعرو لەگفتوگۆدا کەچی هیچ ئیشارەتێ بەمێژوەکەی نادا.
فخر الکتاب لەنوسینەکەیدا مەبەستی شکاندنی مەستورەو سوکایەتی پێکردنێتی. ئەبێ چی پاڵی بەفخر الکتابەوە نابێ سوکایەتی بەمەستورە بکا:
-دوژمنایەتی بنەماڵەیی لەنێوان بنەماڵەی میرزا شوکروڵڵاو بنەماڵەی قادریدا؟
-یان حەسودی بردن بەپلەی بڵندی ئەدەبی، رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی مەستورە؟

سەرەتای میرایەتی ئەردەڵان

-۱-

سەری زنجیرەی حوکمڕانەکانی ئەردەڵان لەبابە ئەردەڵانەوە دەس پێ ئەکا.
لەدوای بابە ئەردەڵان، کوڕو نەوەکانی بەڕیز: کلۆڵی کوڕی بابە ئەردەڵان، خدری کوڕی کلۆڵ، ئەلیاسی کوڕی خدر، خدری دوەم کوڕی ئەلیاس، حەسەنی کوڕی خدری دوەم، باڵوڵی (بابلو) کوڕی حەسەن، مونزیری کوڕی باڵوڵ...

-۲-

مەئمون بەگی کوڕی مونزیر بەگ (۸٦۲-۹۰۰)

۳۲ ساڵ حوکمڕانی کردوەو، یەکێ لەپیاوە هەڵکەوتووەکانی ئەم بنەماڵەیە بوە، بۆیە ئەم بنەماڵەیە بەناوی ئەوەوە ناوی نراوە: "مەئمونی"و کوردیش کردویوتی بە: "مامۆیی".

مەئمون، لەسەردەمی ژیانی خۆیدا قەڵەمڕەوەکەی بەسەر ٣ لەکوڕەکانیدا دابەش کردون:

بێگە بەگ، کوڕی گەورەی، لەسەر زەڵم، گوڵعەنبەر، شەمێران، هاوار، دوران، نەوسو، داناوە.

سورخاب بەگ، کوڕی ناوئجی، لەسەر نەوێ، مەریوان، تەنورە، هەورامان، کەولۆس، کلاش، نشکاش، داناوە.

محەمەد بەگ، کوڕە بچکۆلەکەیشی، لەسەر سرۆچك، قەرەداخ، ئالان، شارەزور، داناوە.

-٣-

بێگە بەگ کوڕی مەئمون بەگ (٩١٥-٩٥٧)

مەئمون بەگ لەیادداشتەکەی ئەڵێ:

" کاتێ شا ئیسماعیلی سەفەوی کاروباری ئێرانی گرتە دەس و کەوتە پەلهاوێشتن بەم لاو ئەولای ئێراندا بێگە بەگی کوڕی مەئمون بەگ حاکمی ئەردەلان بو. بنکەی ئەمارەتی ئەردەلان لەقەلای زەڵمدا بوو قەڵەمڕەوەکەیشی بەزۆری لەجنوبی خۆرئاوای کوردستاندا بو. ناوچەکانی مەریوان، هەورامان، شارباژێر، سرۆچك، قەرەداخ لەبەر دەس دا بو.

بێگە بەگ نەچوە ژێر باری فەرمانبەری شا ئیسماعیلەوە. شا هێزێکی گەورەی بەسەرکردایەتی چایان سوڵتان ناردە سەری لەگەڵ دوانزە میری تردا کەهەمو نازناوی سوڵتانیان هەبو. ئەم هێزە گوندەکانی دەشتی شارەزوریان تالان و وێران و، ٣ لە قەلاکانیان کرد بەکەلاوە، بەلام قەلایەکیان کە بەشاخێکی سەختەوە بو (ئەبێ قەلای زەڵم بوبێ) پێ نەگیرا دوای ئەوەی ساڵێك گەمارۆیان دا سەرەنجام دەستیان لێ هەڵگرت، بەلام ناوبەناو هێرشیان ئەهێنایە سەر ناوچەکە.

لەسەردەمی جەنگی ٢٠ ساڵەی ڕۆم و عەجەمدا کەئۆردوی ڕۆم خۆی سازدا پەلاماری ئێران بداو، بەراییەکەی بەسەرکردایەتی ئیبراهیم پاشا گەیشتە حەلەب، بێگە بەگ کوێخا حەیدەری بەنامەیەکەوە ناردە لای. ئەوان چونکە سوننەن هەمیشە لەژێر گوشاری قزلباش دا بون و دڵسۆزی خۆی بۆ سەڵتەنەتی عوسمانی دەربڕی.

ئۆردوی ڕۆم بەرەو ئێران کشاو تەوریزی پایتەختی سەفەوی گرت و سوڵتان سلێمانی قانونی خۆی سەرکردایەتی ئەم لەشکرکێشیەی ئەکرد. لەبەر سەرمای زستان و کەمی خۆراك و ئالیك سوڵتان بڕیاری دا هێزەکەی بباتە ناوچە

گەرمەکانی نزیك بەغداد. لەڕێگەی هەمەدانەوە بەناو کوردستان دا بەڕێ کەوتن. لەڕێگا هەندێکی هێزەکەی لەناو بەفردا مردنو هەندێ لەولاخە باربەرەکانیشی تۆپین. بۆ ئەوەی تۆپو کەلوپەلەکانی نەکەونە دەس قزلباش فەرمانیدا هەندێ لەتۆپەکانیان لەژێر گڵ دا شاردەوەو هەندێکیان هاوێشتە روبارەوە، بەقسەی مەئمون بەگ هەندێکیان لەپشتە شاخو هەندێکیان خستۆتە ناو چەمی قەرەسووەوە (ل ٢٣).

کەسوڵتان گەیشتە بەغدادو حەسایەوە پرسی نزیکترین دەسەڵاتدارو وڵات بەشوێنی شاردنەوەی تۆپەکان کێیەو لەکوێیە؟ وتیان بێگە بەگو وڵاتی شارەزورە، کەپێشتر خۆی نامەی بەندایەتی ناردوە. سوڵتان فەرمانیدا کەنامەو نێردراوی بنێرنە لا بۆ ئەوەی خەریکی دۆزینەوەو هێنانەوەی تۆپەکان بێ. بێگە بەگ بۆ دەربڕینی گوێڕایەڵی فەرمانی سوڵتان سوهرابی برای بەنامەو دیاریەوە ناردو، داوای کرد کەسانێکی بۆ بنێرن کەبزانن تۆپەکانیان لەکوێ شاردۆتەوە بۆ ئەوەی بیدۆزنەوە. سوڵتان بۆ درێژەپێدانی لەشکرکێشیەکانی بەناو کوردستان دا دیسانەوە بەرەو ئێران ئەچو. لەبەر ئەوە فەرمانیدا بێگە بەگ خەریکی دۆزینەوەی تۆپەکان بێو بۆ ئەو مەبەستە شارەزاو عەرەبانەی بۆ ناردو، فەرمانیشیدا بەسوهرابی برای بگەڕێتەوە کوردستان خەریکی دابینکردنی خۆراكو ئالیكو پێویستیەکانی تری ئۆردوی عوسمانی بێ.

زۆراب لەگەڵ پێشەنگی ئۆردوەکەی ڕۆم دا بەڕێکەوتو تا گەیشتنە مەراغە ئەرکی خۆی لەدابینکردنی پێویستیەکانیدا بەجێ هێناو، بێگەیش ئاسنگەرو دارتاشەکانی وڵاتی بانگ کردو ژمارەیەکی زۆر ئەسپو ئێستری کۆ کردەوە. کەموکوڕی عەرەبانەکانیان چاك کردەوەو ئەو تۆپانەی دۆزرابونەوە لەزەنگاباد تەسلیمی کوێخاکەی میری میرانی بەغدادی کرد.

لەو ماوەیەدا سوڵتان سلێمان گەڕایەوە ئەستەمولّ. بێگە بەگ نەبەشداری شەڕەکانی کردبو، نەکەسیشی نارد بو بۆ نوێکردنەوەی دڵسۆزیو بۆ پیرۆزبایی لەو سەرکەوتنانە، وەکو مەئمونی کوڕی نوسیوێتی ڕێوشوێنی ئەم بەندایەتیەی نەزانیوە. دوژمنەکانی بۆیان تێ چاند. سلێمان پاشای میری میرانی بەغداد بە لەشکرەوە چوە سەری. قەڵای هۆرینی لێ گرت. بێگە کەبەم لەشکرکێشیەی زانی کوێخاکەی بەنامەی پاڕانەوەو بەدیاریەوە ناردو دوای ئەوەیش بۆدڵنیاکردنی کلیلی قەڵاکانی بەمەئمون بەگی کوڕیدا نارد.(مذکرات:٣٢)

سەرداری لەشکر مەئمونی لای خۆی بەبارمتە گل دایەوەو، ئیبراهیم بەگی برای بێگەیشی بەنامەیەکەوە ڕەوانەی ئاستانە کرد. ئەگەرچی لەسەرەتادا

شارەزور درایەوە بەبێگە بەگ بەڵام دیسان ناحەزەکانی بۆیان تێ چاند. مەئمونیان خستە زیندانی قەڵای بەغدادەوە.

کاربەدەستانی عوسمانی گومانیان لەدڵسۆزی بێگە بەگ هەبوە. محەممەد پاشای میری میرانی بەغداد لەنامەیەك دا بۆ بێگە بەگی نوسی بو: ((ئەگەر لەنۆکەرانی پادیشای نەبێ راستگۆیی‌و سەرراستی خۆت بەوە بسەلمێنی کەسەری پەڕێنراو و زمانی بڕاوی قزڵباشمان بنێری بۆ ئەوەی منیش مەسەلەکەت بەپایەی بەرز رابگەیەنم. بەشکە ببێتە هۆی بەردانی کوڕەکەت!)) (مذکرات:٣٥) کوڕەکەی(مەئمون بەگ) ١٢ ساڵ‌و ١٠ مانگ لەزیندانی بەغدادا بەگیراوی مایەوە. دیارە بێگە بەگ نەیتوانیوە داواکەیان بەجێ بهێنێ.

ئەلقاس میرزا

ئەردەڵان یەکگرتو نەبو، وەکو لەسەردەمی باوکیاندا بەسەر کوڕەکانی‌دا دابەش کرابو. بێگە لەقەڵای زەڵم‌و، زۆراب لەقەڵای مەریوان‌و، محەممەد لەقەڵای سرۆچك بو. هەریەکەیان لەناوچەکەی خۆی‌دا جۆرێ لەسەربەخۆیی هەبو، پێ ئەچێ گوێیان نەدابێتە یەکتری، بەتایبەتی کەناوچەکەیان بو بەمەیدانی ململانێی رۆم‌و عەجەم، ئەمانیش لەسەر دەسەڵات، لەناو خۆیان دا کەوتنە ململانێ‌و، داشکاندن بەلای لایەکیان دا.

ئەلقاس لەترسی گیانی خۆی هەڵات روی کردە شارەزور. هێزی رۆم دوای کەوت بون. ئەلقاس داوای لەبێگە کرد لەشوێنێکی عاسی ولاتەکەی‌دا داڵدەی بدا، بەڵام بێگە وەڵامی دایەوە:((بەهیچ جۆرێ رێگەت نادەم پێ بنێیتە شارەزورەوە تۆ بوی بەمایەی فیتنەو ئاژاوە!)) بەڵام ئەلقاس چونکە تەنگاو بو گوێی نەدایە ئەم هەڕەشەیە‌و ویستی لەملەی چەقانی شاخی سورێن تێ بپەڕێ. بێگە فەرمانی‌دا بەعەلەمەدینی کوڕی رێگەی پێ بگرێ. شەڕێکی خوێناوییان بو بەڵام ئەلقاس دەرباز بو گەیشتە ناوچەی مەریوان. پەنای بۆ زۆراب برد. بێگە داوای لەزۆراب کرد ئەلقاس بدەنەوە بەکاربەدەستانی عوسمانی، لەهەمان کاتدا لەشکری قزڵباش گەیشت بوە ناوچەکەو داوای بەدەستەوەدانی ئەلقاسیان ئەکرد.

بەربونی مەئمون بەگ

کەهەواڵی بەدەستەوەدانی ئەلقاس میرزا گەیشتە بابیعالی سوڵتان فەرمانی‌دا مەئمون بەگ بەر بدرێ‌و، سوڵتان حسێن بەگی میری بادینان هێزێك لەگەڵ خۆی بیات بۆ ئەوەی بەهاوکاری بێگە بەگ سزای زۆراب بەگ بدەن. لەم ڕوەوە (مەئمون بەگ:٦٠) خۆی وەها ئەگێڕێتەوە:

((بەلام لەم لایەوە خورەم چاوەشی سەرۆکی زیندانی بەغداد هاتو منی لەزیندان دەرهێناو ناردمی بۆ لای محەممەد پاشا لەکەرکوك. سولتان حسێن بەگیش لەگەل چاوەشی نێردراودا کەوتە رێ بۆ بینینی بێگە بەگ. گەیشتە شارەزورو بینی، بەزەیی و دلنەواییەکانی سولتانی پێ ڕاگەیاند، بێگە بەگ سوێندی بۆ خوارد کە لەبەختکردنی سەرو مالّ لەپێناوی دەرگای هومایونیی سولتاندا دریخی ناکاو، هەمیشە لەخوا ئەپارێتەوەو دەس بەدوعا ئەبێ بۆ دەوامی دەولەتی بەرز.

سەردانی سولتان

کاتێك ئەم بەندەیە(مەئمون بەگ مەبەستی خۆیەتی) نێردرا بۆ بابی عالی دەولەت، سولتانی خاوەن شکۆو بەختیاری، لەدیاربەکرەوە ئەگەڕایەوە بۆ بارەگای تەختی سەلتەنەت، ئۆردوگای سەرکەوتو گەیشت بوە لیوای رەهای سەر بەدیاربەکر. رۆژی دوەم بەزیارەتی رۆستەم پاشا لەناوچەی سروج، کەدو مەنزلی لێ دورە، شەرەفاوی بو. لەرۆژی سێیەمدا کەژاوەی سولتانی گەیشتە شارۆچکەی بیرەجکی سەر بەولایەتی حەلەب، دوای ئەوە بەهەیبەتو شکۆوە لەڕوباری فورات پەڕییەوە. لەکەناری رۆژئاوایدا دو رۆژ بارگەی خست. ئەنجومەنی بەرزی تێدا کۆکرایەوە. ئەم بەندەیەش بۆ ماچکردنی دەرگا بانگ کرا. پاش ئەوەی لێیان پرسیم چی بەسەر ئەلقاس هاتو روداوەکە چۆن قەومابو بەدرێژی گێڕایەوە، بەزەیی سولتانی خرۆشا، لیوای کەرکوکی بەموچەی ٣٠٠ هەزار ئاقچە پێ بەخشیم، هەروەها شمشێرێكو قەفتانێكو ئەسپێك کەزینەکەی رازێنرابوەوە بایی ١٠٠ هەزار ئاقچە بو، لەگەل ئەسپێکی رەسەنی ترو هەندێ ئێستری دامێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی رۆستەم پاشایش دو ئەسپو دو قەفتانی دابومێ. هەروەکو کورەی وراسیو ناوچەکانی بەر دەستی، وەکو هەبو، دایەوە بەبێگە بەگ لەگەل خەلعەتی شەریفو پاداشتی سولتانیدا.

رۆژی دوایی کەژاوەی بەرزی سولتانی بزوت، بەندە وریایی کرد کەپەلە بکاتو پێش بکەوێو لەئەسپەکەی دابەزێ بۆ ئەوەی ماوەیەك بەراکێشانی جلەوی ئەسپی سولتانی شەرەفاوی ببێو، ئینجا ئاوزەنگیەکەی ماچ بکا، ئەوسا سولتان قسە گەوهەربارەکانی کردو وتی: " بەبێگە بەگی باوکت بلێ، ئەو شیرەی هەلم کێشاوە، کارێکە لەرێی خوادایەو، ئەو مەینەتییانەی بەسەرم دا هاتوە لەپێناوی یەزدانو غیرەتی ئیسلامیو دینی محەممەدا بوە، ئەبێ تۆیش تۆلە لەزۆراب بکەیتەوە کەرێگەی بە ئەلقاس داوە بگەڕێتەوە باوەشی شا. ئەگەر ئەوەی کرد، سوێند بێ بەگیانی باووباپیرم، بەر بەزەیی گەورەم ئەکەون..." منی

کۆیله پاش ستایش‌و نزا وه‌لامم دایه‌وه: "به‌نده بێگه به‌گو ئه‌م به‌نده‌یه دڕێخی له‌سه‌رو ماڵ ناکه‌ین‌و هه‌رزان‌و گرانی خۆمان به‌خت ئه‌که‌ین له‌پێناوی خزمه‌تی سوڵتان دا، هه‌مو هه‌وڵێك ئه‌ده‌ین بۆ ئه‌وه‌ی هیچ که‌موکوڕییه‌ك رو نه‌دا، هه‌مو شتێ به‌فه‌زڵی به‌زه‌یی سوڵتان‌و هیمه‌تی هێژای‌و به‌ختی ده‌وڵه‌ته که‌ریمه‌که‌ی جێبه‌جێ ئه‌بێ!" جارێکی تریش ئاوزه‌نگیی هومایونیی ماچ کرده‌وه. سوڵتان ده‌ستی‌دا به‌پشتم دا وتی:" ئاده‌ی بتبینم!"

سه‌ردانی بێگه به‌گ

له‌و مه‌نزڵه گه‌ڕامه‌وه، چاوه‌ش ئووروجم له‌گه‌ڵ بو که‌ڕاسپێردرابو سنجه‌قه‌که به‌بێگه به‌گ بگه‌یه‌نێ، تا گه‌شتینه که‌رکوك. ئه‌وسا چاوه‌ش به‌ڕێ که‌وت سنجه‌قی شه‌ریف‌و به‌رات‌و خه‌لات ببا بۆ بێگه به‌گ. بێگه به‌گ به‌خۆشی‌و شادییه‌کی زۆره‌وه پێشوازی کردو، به‌سلاوێکی زۆرو نزایه‌کی زۆری خێره‌وه په‌سنی خاوه‌ن گه‌وره‌یی‌و سه‌ڵته‌نه‌تی‌دا. منیش ئه‌و ڕاسپاردانه‌ی سوڵتان فه‌رموبوی ده‌رباره‌ی زۆرابم پێ ڕاگه‌یاند. بێگه به‌گ وتی: " بیستمان‌و گوێڕایه‌ڵی ئه‌که‌ین!" بۆ نیشاندانی ملکه‌چی‌و که‌ساسی ده‌ستی خسته سه‌ر سه‌ری‌و، وتی: "فه‌رمانی سوڵتان گوێ لێ گیراوه‌و هه‌رچی سه‌رکێشی له‌ده‌رگای به‌رز بکا له‌ئێمه به‌ریه‌و ئێمه‌یش له‌و به‌رین"

شه‌ڕی بێگه‌و زۆراب

به‌و هێزه‌وه که له‌گه‌ڵی بو، هاوڕێ له‌گه‌ڵ ئووروج هه‌ڵی کوتایه سه‌ر زۆراب، ناوچه‌که‌ی وێران‌و کاول کردو، خۆی گه‌مارۆی قه‌لاکه‌ی‌دا، ناردی بۆلای میری میرانی به‌غداد ته‌مرد عه‌لی پاشا، داوای لێ کرد ۱۰۰ که‌سی ئینکیشاری بۆ بنێرێ، بۆ ئه‌وه‌ی شایه‌تی حاڵ‌و گه‌واهی ڕاستیی قسه‌کان بن. ماوه‌ی ۳ مانگ گه‌مارۆی قه‌لاکه‌ی‌دا. خه‌ریك بو ده‌ستی به‌سه‌ردا بگرێ. به‌هار نزیك بوبوه‌وه، ئه‌و به‌فره ئه‌ستوره‌ی له‌سه‌ر ڕێی نێوان شاره‌زورو ولاتی عه‌جه‌م دا بو ده‌ستی کرد به‌توانه‌وه‌و ڕێگه‌کان ره‌ش بونه‌وه. شا هه‌زاران که‌سی له‌هێزه‌کانی خۆی به‌سه‌رکردایه‌تی سوندگ به‌گ نارد بۆ ڕزگارکردنی زۆراب له‌گه‌مارۆکه. چه‌ند سه‌رکرده‌یه‌کی به‌دڕه‌فتاری تریشی نارده سه‌ر شاره‌زور. که‌جاسوس بێگه به‌گیان له‌هێرشی قزلباش ئاگادار کرد، وازی له‌گه‌مارۆدانی ولاته‌که‌ی زۆراب هێناو گه‌ڕایه‌وه باره‌گاکه‌ی خۆی له‌قه‌لای زه‌ڵم‌و، له‌به‌رده‌می‌دا سه‌نگه‌ری لێ داو، وه‌لامی نارد بۆ خه‌ڵکی شاره‌زور که‌ئاگایان له‌خۆیان بێ‌و وریا بن‌و، له‌شاخه‌کانی نزیکیان‌دا بلاو ببنه‌وه‌و بۆسه‌یان بۆ بنێنه‌وه. له‌گه‌ڵ ئاوابونی خۆردا له‌شکری لێقه‌وماوی شا گه‌یشت، زۆرابیان له‌گه‌مارۆ ڕزگارکرد. ئه‌و شه‌وه بێگه به‌گ

ڕۆیشت و دەمەو بەیانی گەیشتە دەربەندی زەڵم. بۆ ئەوەی گیانی ئازایەتی و هەڵمەت بکا بەئینکیشاریەکانی بەغدادو پیادەکانی هێزەکەی خۆی، سواری ئێسترەکەی بو بۆ شەڕ روبەڕوی دوژمنانی دین راوەستا. هەردولا پێکا هەڵپژان و لێکیان دا. ۳۰۰ کەس لەهەردولا لەو مەیدانەدا بەکوژراوی کەوتن. دیار بو لەنێوان محەممەد بەگی برای بێگە بەگو برایەکی تریدا زۆراب کەینوبەینێ هەبوبێ. کاتێ دوژمن لەلای چەپەوە هێرشی هێنا، محەممەد بەگ بەهەڵاتوینی پشتی تێ کردن، لەشکری دوژمن پەلاماری بێگە بەگیان داو شکاندیان، ۷۸ کەس لەهێزەکەی شەهید بون، بێگە بەگ خۆیشی لەدو لاوە سەری بریندار بوو، مێکوتێکیان لەپشتی سرەواند لەئێسترەکەی کەوتە خوارەوە. ئەم بەندەیە لەلای راست بو، هەڵی کوتایە سەر قزلباش و هاڕینی و بێگە بەگی لەو چورتمە کوشندەیە رزگار کردو چەکدارەکانی قزڵباشی ئاگرباران کرد زۆر لەپاسەوانەکانی کوشتن و، لەخوێن دا گەوزان. بێگە بەگی سواری ئێسترەکەی کردەوە. هێزی قزلباش لەدەنگی تەقینی گوللە تۆقین و هەڵاتن. داوامان لەبێگە بەگ کرد بیگوێزنەوە ناو ئاوایی، بەڵام قوبولی نەکرد، بەڵکو پێی باشتربو خەریکی ناشتنی تەرمی کوژراوە شەهیدەکان و، بڕینی سەری دوژمنە کوژراوەکان بێ، واتێپەڕی تا شەو داهات ئەوسا گەڕایەوە ئاوایی)).

شایەتێکی تری ئەم روداوە، حەسەن بەگی رۆملو، نوسەری ((احسن التواریخ)) ـە. حەسەن بەگ خۆی لەم شەڕەدا بەشدار بوەو، لەناو روداوەکانی ساڵی ۹۵۷دا بەمجۆرەی ئەگێڕێتەوە:

((شا تەهماسب، سوندگ بەگی قۆرچی باشی و حەسەن بەگی یوزباشی ناردە سەر بێگەی ئەردەلان: زۆرابی کوردی ناردیە لای دەروازەی ئاینپەنا شاو ئاگاداری کرد کەبێگەی ئەردەلانی والی شارەزور لەگەڵ تاقمێ رژم پەلاماری قەڵاکەیان داوە. کەئەم هەواڵەیان دا بە شا، تورە بو، فەرمانێ گوێ لێ گیراوی دەرکرد بۆ سوندگ بەگی قۆرچی باشی و حەسەن بەگی یوزباشی و رۆستەم بەگی ئەفشار بە ۵ هەزار سوارەوە بچن بۆ دەفعی شەڕی ئەم موفسیدە. میرەکان بەڕێ کەوتن و لەروباری تلوار، کەلەو کاتەدا هەستابو، پەڕینەوە. ۸۰ کەس لەقۆرچیەکان، لەکەناری بێستانەکانی شارەزوردا، توشی بێگە بون کە ۷ سەد سواری لەگەڵ بو، هەر یەکەیان بەرۆستەمی داستان دائەنران. شەڕێکی قورس روی‌داو بێگەیان لەئەسپەکەی بەردایەوە. بەڵام لەمردن رزگاری بو. ٤٠ کەس لەنزیکەکانی کوژران. لەو رۆژەدا نوسەری ئەم پیتانە، حەسەن رۆملو، لەبەرزاییەکەوە کەئەیڕوانی بەسەر قەڵای زەڵم دا، لەشەڕدا بوم لەگەڵ تاقمێ لەکوردەکان.

قۆرچیەکان کەپەنجا کەسێك ئەبون لەبەردەم کوردەکان دا هەڵاتن. کوردێ کەلـەم شەڕەدا شادی بەگی زولقەدری کوشت بو، خەریك بـو شـاهویردی بـەگی کـوڕی قنقرات سوڵتان بەدیل بگرێ. حسێنقولی خولەفا، کە لەگەڵ ئـەم هـەژارەدا بـو، غیرەتی ئەدایە بەر قۆرچیەکانو هانی ئەدان: ((لاوەکان هەڵمەت بەرن! ئازا بنو وەکو ژن رامەکەن!)) بەلاّم ترسیان وەها لێ نیشـت بـو لەبـەرزایی شـاخەکانەوە هەلاّتن بۆ قولاّیی دۆڵەکە. بەلاّم ئەم هەژارە هەستی بەمەترسیەکە کـردو لەگـەڵ حسـێنقولی خولـەفا هـەڵیان کوتایـە سـەر کوردەکـانو بلاّوەیـان پـێ کـردنو، شاهویردی بەگیان سواری ئەسپەکەی کـردەوە درێـژەیان دا بەشـەڕ لەگـەڵ ئـەو کوردانەی کە ٤٠ کەسیان لەقۆرچیەکانیان بەدیل گرت بو.

سوندگ بـەگ لەشـارەزور هـەڵی داو زۆراب لەقـەلاّ هاتـە دەرو دایـە پـاڵی. غازیەکان پەلاماری شارەزوریان داو ئالاّی سـەرکەوتنیان تـێ چـەقاند. سـوندگ بەگ، رۆستەم بەگی ئەفشـاری بـەتاقمێ لەدلاوەرەکانـەوە نـارد بـۆ تـالاّنکردنی ولایەتەکە، وێرانیان کردو گەڕانەوە ئۆردوگا. پاش ٢٠ رۆژ راونان سـوندگ بـەگ گەڕایەوە قەزوین.))

حسن روملو: ((احسن التواریخ)) بسعیو تصحیح جارلس نارمن سـیدن، ج ١، استنساخ تهران، انتشارات کتابخانە شمس ١٣٤٢ش، (ل٣٤٥ - ٣٤٦).

تالاّنکردنی شارەزور

(مەئمون بەگ:٦٤) لەسەری ئەڕوا و ئەنوسێ:

((کە لەشکری قزڵباش گەڕایەوە کوڕانی زۆرابیان کرد بەپێشەنگی خۆیـانو نیشتنە سـەر گونـدەکانی دەشـتی شـارەزوورو وێرانیـان کـرد. لـە هـەر جێیـەك ئاوەدانیەکیان بینی کردیان بەکەلاوەو، هەرچـی چـوارپێو ئاژەڵێکیـان بـەردەس کەوت تالاّنیان کردو، دەستیان گەیشتە هەر پەککەوتەو بەسـەزمانێ کوشـتیان. زەرەریان دا لەجوتیارانو هەژارانو، پەلاماری شوێنە قایمەکانیان دا. کوردەکان بۆ بـەرگریو بەرهەڵسـتی لەمـەکۆو حەشـارگەکانیانەوە دەرپـەڕین، نزیکـەی ٦٠ کەسیان لەقۆرچیەکان کوشتو سەلکەکانیان بۆ بێگە بەگ هێنا. لەشـکری داخ لەدڵ پەلاماری زەردەکەمەری‌دا کەسەر بەبەغـدادو هـی تـیرەی تیلـەکۆی ئێلـی کۆچەری قەرەئولوسە. تالاّنیان کردو گەڕانەوە شارەزور، قایتمز بەگی بـرای بێگـە بەگ لەدەمی قەلاّی دەربەند گاوردا رێگەی پێ گرتن. ئاروق شـاهقولی سـەرۆکی کوشتنو ئالاّکەی داگرتنو ژمارەیەك لەقوروچی ناسراوەکانی کوشتن. ئـەو ئـاژەڵو وڵساتەی بەتالاّن بـرد بۆیـان لێی سـەندنەوەو دایـەوە بەخاوەنـەکانی، هـەروەها دیلەکانیشی لێ سەندەوە.

دوای ئـەم رووداوانـە سـوندگ بـەگ، سـەرداری لەشـکری قزلّبـاش، ٥٠ رۆژ لەناوچەی شارەزووردا مایەوە تا دەغلّودان زەرد بو، ئەوسا دەغلـودانی ناوچـەکەی هەمو سوتاندو گەڕایەوە بارەگاکەی خۆی. بێگـە بـەگ هێزێکـی بـەدودا نـاردن توانییـان دو قورچـی نـاودار بـەدیل بگـرن. دوای ئـەو سـەری بـڕراوو زمـانی دەرهێنراوی بەم بەندەیەدا نارد بۆ میری میرانی بەغداد عەلی پاشا، عـەلی پاشـا نێردراوی نارد بوو دەروازەی بەرزی دەولّەت لەهێرشی قزلّباش ئاگـادار بکـا. بـە کەتخوداکەی‌دا سەرە بڕراو و زمانـە دەرهێنراوەکـانی بـۆ ئاستـانەی بـەرز نـارد. کەنێردراوەکان گەیشـتن‌و لـەوان‌و لەقورچـیەکان زانـرا چـی قـەوماوەو درێـژەی رووداوەکان بەئاستانەی بەرز گەیەنرا، عینایەتی سوڵتانی بە سەر بێگـە بـەگ دا خرۆشا، شیرێکی نەخشدارو قەفتانێك‌و زریزەیـەکی زێـڕو گـۆو پـەردەی زێـڕین‌و ئەسپێکی زین نەخشکراوی بۆ ناردو، خەڵاتی بەنرخیشی نارد بۆ ئـەو خزمانـەی کە لەو شەڕەدابون. دیاریەکان بە یەنی شەهرلی مستەفا چاوەش دا بۆ بێگە بەگ نێردراو فەرمانی شەریف دەرچو لەزەویوزاری سوننی‌و خەواسی هومایونی نزیکی ٤ هەزار کیلەی بدرێتێ.

زۆراب بەگ لەدەرباری شادا

لەلاکەی ترەوە قورچی باشی زۆراب بەگی بردە لای شا، بەڵام زۆراب پێی وتن: "من دێم بۆ لای شـا بـەو مەرجـەی بـەڵێنم بـدەنێ شـا داوام لێ نـەکا جنێـو بەمەزەبەکەی خـۆم‌و دژون بـە سـەحابەکانی پێغەمبـەر بـدەم!" قورچـی باشـی بەسوێندی گەورە تەئمینی کردو، لەگەڵ خۆی بردی بـۆ لای شـا لەقـەزوین. کـە گەیشتە بارەگای شا، خەڵاتی رەنگین‌و مـاڵی، کەجیفـەی دنیـان، درایـە، زۆراب لەڕێگەی باو بـاپیری لای دا. دوای ئـەوەی مـاوەیـەك مایـەوە گەڕایـەوە بارەگـای شـەقاوتەکەی... بـەڵام بێگـە بـەگ مۆڵـەتی نـەدا، هـەڵی کوتایـە سـەری‌و لەقەڵاکەی‌دا گەمارۆی‌دا، زۆراب هاواری بردەوە بەر شا. شـا ئیسـماعیل مـیرزای کـوری نـارد بـۆ یارمەتیـدانی. ئیسـماعیل پـەلاماری قـەڵای قزلّجـەی سـەر بەشارەزووری‌داو دو مـانگ گەمارۆی دا، کەزسـتانی سـەخت داهـات ئیسـماعیل گەڕایەوە بۆ قەزوین‌و باوکی بینی‌و رووداوەکانی بۆ گێڕایەوە.

مردنی بێگە بەگ

"لەو ماوەیەدا بێگە بەگ بە نەخۆشی لەجێگـەدا کـەوت، لـەو کاتـەدا ئـەم بەندەیە لەلیوای کەرکوك بوم، نامەیەکم لەباوکمەوە پێ گەیشت نێردراوێ هێنـا بوی، تێیدا نوسرابو: ((خێرا بێرەوە بۆ لامان‌و پشـت گـوێی مەخـە. هـەوڵ بدە بەزیندویەتی ببینی!)) نـاوەرۆکی نامەکـەی بـاوکم لـەمیری میرانـی بەغـداد

گەیاند داوام لێ کرد ڕێم بدا بچم بۆ شارەزور. باوکم بینیەوە هێشتا زیندوبو، سوپاس بۆ خوا، دوعا خێرەکانیم پێ برا. دوای چوار ڕۆژ مانەوەم مرد)).

مەئمون بەگ ئەبێ بەحاکمی شارەزور

(مذکرات: ٦٦) زۆراب کەمردنی باوکمی بیست پەلاماری شارەزوریداو تالآنی کرد. عەلی پاشام لەڕوداوە تازەکان ئاگادار کردو، لەگەڵ زۆراب کەوتینە شەڕەوە. کەنێردراوەکەمان گەیشتە بەغداد عەلی پاشا مەسەلەکەی بەهۆی ئوروجی کەتخودایەوە بەئاستانەی بەرزگەیاند. ئەرکانی دەوڵەت زستانی ئەو ساڵەیان لەئەدرنەی پارێزراو بەسەر ئەبرد، کەتخودا مەعروزاتەکەی لەوێ بەئاستانەی بەرز گەیاند، پاش ئاگادار بونی عینایەتی خوسرەوانیو هیمەتی خاقانی خرۆشا، بەقەرە موراد پاشا کەچاوەش بو، بو بەمیری میرانی ئەرزڕۆمو، مرد، شیرو خوفتانو بەراتی هومایونی، چون باوکم حاکمی ناوچەکە بو، بۆ ناردم. چاوەشی ناوبراو لەڕۆژی حەڤدەهەم دا گەیشتو، دوعا بۆ دەوامی دەوڵەتی بەرزی سوڵتانی خوێنرایەوەو، خۆشیو کامەرانی هەمو لایەکی گرتەوە. منیش ئەم بەندەیە ئەو بەراتە شەریفەم بەسەرمایەی دەوڵەت داناو، پشتێنی خزمەتم لەو سنورانەدا بەستو سەرو ماڵم دائەنا.

جارێکی تریش مەتارەچی ئەسکەندەر چاوەش لەلایەن ئاستانەوە هات بۆلام، لەگەڵ نێردراوێك دا کەفەرمانی شەریفی سوڵتانی گوێ لێ گیراوی پێبو، ناوەرۆکەکەی بریتی بو لەوەی: ((فەرمانی گوێڕایەڵی کراوم دا بەمیرەکانی کوردی سەر بەولایەتەکانی دیاربەکرو بەغداد، گەورەو بچوکیان، کەمن تۆم بەسەرۆكو سەرکردەی هەمویان داناوە، دامناون بە بەرفەرمانو یاریدەدەری تۆ. لەبەر ئەوە پێویستە پەلاماری زۆراب بدەیو بەڕاستیو ئازایەتی هەوڵی گرتنی بدەی. ئەگەر لەلایەن شاوە یارمەتیەکی بۆ هات لەتوانای تۆدا نەبو، فەرمانی گوێڕایەڵی کراوم داوە بەمیرانی عەرەبو کوردی ولایەتەکانی قەرەمانو سیواسو حەڵەبو مەرعەشو دیاربەکرو بەغداد، وێنەیەکی ئەم فەرمانەم بۆ هەر یەکێکیان ناردوە، تا ئەگەر پێویستیت پێیان بو بەپەلە فریات بکەونو بێن بۆ یارمەتیدانتو، هەمویان هەوڵ بدەن بۆ پارێزگاری سنور، بەپێی فەرمانی هومایونی گوێ لێ گیراو)).

شەڕی مەئمون بەگو زۆراب

سوڵتان حسێن بەگی حاکمی ئامێدی کەبەم فەرمانە گوێ لێ گیراوەی زانی دەربارەی دانانم بەسەرداڕو سەرۆکی گشتیو، هەستی بە بەزەیی سوڵتانی کرد بەرامبەرم، ئاگری حەسودی لەدڵیدا هەڵگیرسا، لەگەڵ مامم محەمەد بەگی

میری سروچك ڕێك كەوت‌و كەوتنە پیلانگێڕان‌و فڕوفێڵی شەیتانی‌و، بەڕۆستەم پاشایان وت : ((ئەگەر ولایەتی شارەزور بدرێ بەمحەمەد بەگ‌و مەئمون بەگ، بەهەر توهمەیەك بێ، بگیرێ، هەرچی كەلوپەل‌و قورسایی‌و دیاری بەنرخ‌و شتی ناوازەو ناومال‌و شتومەكێ كە لەبێگە بەگ بەجێ ماوە ئەیدەن بەو و ڕێوشوێنی ئەوەش دائەنێن ناوبراو بگەیەننە لای ئەو)). بەمجۆرە تەماعیان خستە بەردەم رۆستەم پاشاو، بەئارەزوی دڵی خۆیان فەرمانێكیان لێ وەرگرت. بەلام بێ ئاگا بون لەناوەرۆكی حەدیسی شەریفی " الحریص محروم"و لەكاكڵی پەندی " العبد یدبر والله یكدر" ... ئەم بەندەیە لەو رۆژانەدا قوڵی كاری لێ هەڵ مالی بوو، پشتێنی دلسۆزی سوڵتانی هومایونی لێ بەست بو، بەسەرو ماڵ شەڕی دوژمنانی ئەكرد، بەفەڕی هیمەتی سوڵتان‌و بەلوتفی حەق عز وجل بو بەمەزهەری عینایەتی سوڵتانی‌و، جێبەجێكەری بیری راست، هەڵی كوتایە سەر قەڵاكەی زۆراب كە بەمشعلە ناسراوە، كاتی خۆی ئەلقاس خۆی تێدا مەلاس دابو، داگیری كردو هەمو پارێزگارو پاسەوانەكانی بەدیل گرت.

زۆراب ئەوەندە تورەبو خەریك بو شێت بێ- خوا دوژمنانی دین كەساس‌و خۆشەویستانی دەوڵەت خۆشنود بكا- عەلی پاشا هەواڵی گرتنی قەڵاو، چونی شا تەهماسب لەولایەتی شیروانەوە بۆ شكی بیست. داوای لێ كرا ١٠٠ كەس لەمەمالیكی بەغدادو ١٠٠ پیادەی ئینكیشاری، بەپێی فەرمانی گوێ لێ گیراوی سوڵتان بنێرێ‌و، نامە بەچاوەشەكانی‌دا بۆ سوڵتان حسێن بەگ‌و میرەكانی‌تر بنێرێ، بۆ ئەوەی لەشوێنێك دا كۆ ببنەوە بۆ قۆستنەوەی هەلی چۆڵیی سنورو ناوچەكە، بۆ پەلاماردانی زۆراب‌و داگیركردنی قەلاكانی، بەیارمەتی خواو، گرتن‌و راونان‌و دورخستنەوەی لەولایەتەكەی.

كەنامەو نێردراوەكەمان گەیشتن، پاشای ناوبراو ٢٠٠ سوارو پیادەی بەغدادی ناردو، ئاگاداری كردین نامەی بەتەتەردا ناردوە سوڵتان حسێن بەگ‌و میرەكانی تر پەلە بكەن لەناردنی یاریدەو فریاكەوتن دا.

لێخران‌و گیرانی مەئمون بەگ

لەماوەی ١٠ ڕۆژدا، سوڵتان حسێن بەگ‌و محەمەد بەگ پێكەوە هاتن، بەندە پێشوازیم لێ كردن. لە ٥ مەیدانەكەدا كەقەلای گوڵعەنبەری تێ دا دروست كراوە بارگەیان خست. بەتەمای ئەوە بوین بەیانیی رۆژی داهاتو لەزنجیرەی چەقانەوە هەڵكشێین‌و، دەربەندی بلك باسان ببڕین‌و پەلاماری ناوچەی مەریوانی زۆراب بدەین. بەیانی هەمان رۆژ هێزەكانی خۆمم نارد بۆ جێگەی ناوبراو، خۆم چوم بۆ ئەوەی سوڵتان حسێن بەگ ئاگادار بكەم لەوەی كردومە. لەگەڵ هەندێ

لەپیاوەکانم دا گەیشتمە خێوەتەکەی ئەوو لەئەسپەکەم دابەزیم، چومە ناو خێوەتەکەیەو لەتەنیشتیەوە دانیشتم. سوڵتان حسێن بەگ دەسبەجێ فەرمانێکی رەسمیی دەرهێنا، ناوەرۆکەکەی ئەمە بو: ((ولایەتی شارەزور بەمحەممەد بەگ دراوەو فەرمانی گرتنی تۆیش دەرچوە)) منیش وتم: ((فەرمان فەرمانی سوڵتانە، بەڵام چەند کەسێ بنێرن بۆ قەڵا کەسوکارو کەلوپەلەکانم دەرباز بکەن، ئێوە خۆتان کاروباری قەڵاکە باشتر ئەزانن!)) محەممەد بەگ قسەکانی منی وەرنەگرت، دەسبەجێ لەگەڵ هەندێ لەپیاوەکانی خۆیدا رویان کردە قەڵاکە.

بێگە بەگ کوڕی مەئمون بەگ (٩١٥-٩٥٧)

(مەئمون بەگ:١٦) دەربارەی سەردەمی باوکی نوسیویّتی:

لەکاتێك دا ئەم بەندەیە: مەئمونی کوڕی بێگە بەگی عادلانی...رۆژانی تەشریف هێنانی شاهنشاهی جیهان...موورادخانی سێیەم بۆ سەر تەختی سەڵتەنەت، ئەم بەندە سوکە هەڵی لستنەوەی دەروازەی بەرزی بەدەرفەت زانی، خۆی پێ بەناسین بداو بڵێ: باوکی خوا لێ خۆشبوم بێگە بەگ لەکاتی پێشودا حاکمی شارەزور بو، لەرۆژانی فەتحی بەغدادا بەهێزی شکێنەری سولەیمانیو مەهابەتی پاڵەوانانەی سوڵتانی ساڵی ٩٤١ هـ، دڵسۆزیو بەندایەتی خۆی بۆ سوڵتان دەربڕی، ئینجا کار گەیشتە ئەوەی ئەم بەندەیە لەئەنجامی دوزمانیی غازی خانی باغیدا خرایە زیندانی بەغدادەوە. هەروەها ئەم وتارە ئەو بەڵایانەی بەسەر ئەلقاس میرزا هات ئەگێڕێتەوە.

قزڵباش لەشارەزور

رێچەڵەکی بەندە بێگە بەگ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەبو عوبەیدەی جەڕاح لەعەشەرەی مەبەشەرەو ئەمیری موئمینان عەباس. یەکێ لەباپیرە مەزنەکانی، بەناوی عادل، لەسەرەتای رۆژانی کوشتاری جەنگیزییە زۆردارەکان دا والی شارەزول بوە. ئەوەکانی گوێڕایەڵی فەرمانی پاشاکانی هەردو عیراق بون، تا قەزاو قەدەری ئیلاهی ئیسماعیلی کوڕی حەیدەری هێنا. کەئیسماعیل زانی، بێگە بەگ ئامادە نیە گوێڕایەڵی دەسەڵاتی بێو گوێ بەفەرمانەکانی نادا، یەکێ لەسەرکردەکانی: چاپان سوڵتانی راسپارد، کەدوانزە میر بەر فەرمانی بونو، پێیان ئەوتن سوڵتانو سەرکردایەتی هێزی زۆریان ئەکرد، بچێ بۆ داگیرکردنی وڵاتی بێگە بەگ. کەئەم هێزانە گەیشتنە خاکی شارەزور ئاواییەکانی ناو دەشتەکەیان وێرانو کاول کردو، سێ لەقەڵاکانیان کرد بەکەلاوە، بەڵام قەڵایەکی قایمیان پێ نەگیرا کە بەشاخێکی سەختەوە بو. ماوەی ساڵێك گەمارۆیان دا، تا لێی نائومێد بونو بەجێیان هێشت. شەڕی روبەڕو لەنێوان هەردو لا نەئەقەوما

جگه لەو شاڵاوانەی دوژمنان بەردەوام لەهەمو لایەکەوە ئەیانهێنایە سەر ناوچەکە.

بەیعەت بەعوسمانی

زۆری پێ نەچو ناوچەی شارەزور، بەعینایەتی مەلیکی مەنان، کەوتە ناو پارێزراوەکانی سوڵتانیەوە. بەداگیرکرانی ولایەتەکانی دیاربەکرو موسڵ تا لای هەولێر، شارەزوریش چوە ناو مەمالیکی پارێزراوەوە. ئینجا کەوەزیری گەورە ئیبراهیم پاشا، رەحمەتی خوای لێ بێ، بریاریدا بچێتە سەر وڵاتی عەجەمو، بۆ زستان لەحەلەبی پارێزراو ئارامی گرتو، بێگە بەگ هەواڵەکەی بیست نامەیەکی درێژی نوسی، تییدا رونی کردبوەوە کەئەوان لەباووباپیریانەوە ئەهلی سوننەتو جەماعەت بون. تا ئەو کاتە لەنێوان ئەوانو قزلباشدا چەند جارێ شەرو پێکادان قەوماوە. نامەکەی بۆ گەیاندنی بەدەروازەی بەرز بەکوێخاکەیدا حەیدەر ناو رەوانە کرد. کوێخا نامەکەی گەیاندو ئاستانەی بەرزی ماچ کرد. کەسوڵتان سلێمانی قانونی لەوە ئاگاداربو کەبەندە بێگە بەگ توشی چی بوە، عینایەتی سوڵتانی سەررێژی کرد، ئەحکامی شەریفی بو دەرکردو باشترین چاودێری کراو، بەنامەی پر لەلوتفو بەزەیی سەربەرز کرا.

سوڵتان سلێمان بە کوردستان دا تێ ئەپەرێ

ئیبراهیم پاشای سامدارو سەنگین. لەبەهاری ئەو ساڵەدا بەرەو وڵاتی عەجەم چو، لەشکری لەئوجانی ئازەربایجانی نزیك تەورێز بەزاندو بەقەد ژمارەی ئەستێرە خێوەتی هەڵدا، کەژاوەی سوڵتان سولەیمان، خوا بەهەشت بکاتە مەئوایو رەحمەتی خوای لێبێو بیبەخشێ، ئۆجان بەهاتنی شەرەفاویو، لەشکری سەرکەوتویش بەلوتفی بوژایەوە. بەڵام زۆری ناخایاند زستانی سەخت هات، کەژاوەیش ناچاربو بەشاخەکانی قەرەخاندا بەسەر ولایەتەکانی هەمەدانو دینەوەردا بەرەو عیراقی عەرەبی بروا. لەکاتێکدا گەیشتنە ماهی دەشت توشی سەرمای سەختی زستانو کەمیی خۆراكو ئازوقە بون، پیادەیەکی زۆری لەشکرەکە مردن، هەروەکو باربەرەکانیشیان تۆپینو ئەسپو ئێسترەکانی عەرەبانەی تۆپەکانیان رائەکێشا وەستان. کێشەکە خرایە بەردەم سوڵتانی کامەرانو چارەی لێ پرسرا. فەرمانیدا تۆپەکان لەشاخی پشتەدا بشارنەوەو ئەگەر توانرا بیگەیەننە دەشتو بیهاونە ناو ئاوی قەرەسوو، عەرەبانەکانیش بسوتێنن بۆ ئەوەی نەکەونە دەس دوژمن. سوڵتان هەر فەرمانێکیدا جێبەجێ کرا. ئینجا سوڵتان بەرەو بەغداد بزوت. کەهێزەکانی گەیشتنە زەنگابادی سەر بەولایەتی بەغداد بەکلیلی قەڵای بەغدادی پێشوازی کرا. خۆشی لەشکری

سەرکەوتوی داگرت کە بەزوترین کات ئەچنە ناوی بۆ پەیداکردنی ئازوقە، لەروباری دیالە کە بەنۆڕێ ناسراوە نزیك کەوتەوە، هەر کەچونە ناو ئاوەکەوە ولاخە شەکەتەکانیان نقوم بونو زۆریان خنکان.

لەنێوان سولتان سلیمانو بێگە بەگ دا

کەسولتانی گەورە بەتەماى بەسەربردنی پاشماوەى وەرزى زستان گەیشتە بەغدادو، بەسامو شکۆوە لەوێ جێگیر بو، پرسی کەکێ خاوەنی نزیکترین ولایەتە لەشوێنی شاردنەوەى تۆپەکان، شارەزاکانی ناوچەکە وەلامیان دایەوە:" ولایەتی شارەزور لەو شوێنەوە نزیکە، حاکمەکەیشی ناوی بێگە بەگە، کە لەئەهلی سوننەتو جەماعەتەو، لەشەڕو دوژمنایەتیدا بوە لەگەلّ قزلباش. لەسەردەمی رابوردودا کەسانێکی ناردوە بۆ دەربڕینی بەندایەتی سولتان." سولتان فەرمانیدا چاوەشێ بەسوارەوە بنێرن پێی رابگەیەنێ: " کاتی خۆی دلسۆزیو گوێڕایەلێتان بۆ ئاستانەى بەرز دەرکەوتوە، بەلام مەرجی دلسۆزیو گوێڕایەلّی ئەوەیە تۆپەکانی لەرێگە بەجێمان هێشتون بگەیەنیتە بەغداد، بەوەیش خزمەتەکانت بزر نابێو رەنجەکانت بەفیڕۆ ناڕواو، بەزەیی پاداشتی منیشت پێ ئەبڕێ..."

موسەلا چاوەش، رەحمەتی خواى لێ بێ، فەرمانی بەرزی گەیاندە بێگە بەگ. بەفەرمانی هومایونی خوشحالّ بو. دەسبەجێ زۆرابی براى لەگەلّ چاوەش باشی بەدیاریەکی زۆرەوە نارد بۆ دەروازەى دەولەت، بۆ ئەوەى بەسولتان بلێ:" بیستمانو گوێڕایەلین، فەرمانی بەجێ ئەهێنین. با ئەو رێبەرانە بێن کەشوێنی شاردنەوەى تۆپەکان لەناو روباردا ئەزانن، بۆ ئەوەى بەگیانو سەر ئەو خزمەتە بکەین!" زۆرابی ناوبراو چو بۆ ماچکردنی ئاستانەى بەرزی سولتانیو راسپێرییەکانی پێ راگەیاند.

سولتان سوپاسی خواى کردو بەستایشەوە دوعاى خێرو سەرکەوتنی بۆ بێگە بەگ کردو، دلنەوایی زۆرابی سنجەقی میهرەوانی پێ بەخشی. فەرمانی ناردنی ئەوانەیدا کەتۆپەکانیان لەئاوەکەدا شاردبوەوە لەگەلّ تاقمێ سایەقی لێوەشاوەى عەرەبانە لەرێکابی میردا بەدیاری شایانەوە بۆ لاى میر بێگە بەگ. کەنێردراوەکان گەیشتن، بێگە بەگ فەرمانیدا ئاسنگەرو دارتاشەکانی ولات کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەى عەرەبانەکان چاك بکەنەوە، هەروەها فەرمانیدا ژمارەى پێویست ئەسپو ئێستر ئامادە بکرێن بۆ راکێشانی عەرەبانەو تۆپەکان. لەکاتێكدا خەریکی ناردنی تۆپەکان بون چاوەش باشی گەیشتو فەرمانێکی پێ بو کە:" لەبەر ئەوەى من بەتەماى سەفەرم بۆ تەورێز. بەسەر شارەزوردا ئەبێ ئازوقەو ئالیك ئامادە بکرێو بایەخ بەناردنی تۆپەکان بدرێ بۆ بەغداد. لەسەر

مەمالیكو خزمەتكارەكانیش پێویستە هاوڕێ لەگەڵ براكەت خەریكی ئامادە كردنی ئازوقەو پارێزگاری تۆپەكان بن تا بەهار!"

سوڵتان سلێمان دیسانەوە بەكوردستاندا تێ ئەپەڕێ

سوڵتان بەغدادی بەڕێگای داقوقو كەركوك دا بەجێ هێشت. بەناو دەربەندی ئیمانشادا تێپەڕیو گەیشتە دەشتی شارەزور، بەو ڕێگایەدا رائەبورد كەهەناوی ئەسكەندەری زولقەرنەینی تێدا نێژراو بو. ڕۆژانی جەژنی قوربانی لەنزیك قەڵای قزڵجەدا بەسەر برد. خادیم سلێمان پاشا، كە لەولایەتی میسرەوە هات بوو هەزاران مەمالیكی تایبەتی، خاوەن تاجی زێڕینو مەناتقی زیوینو جلوبەرگی ئاوریشمینو سەربازی پڕ چەك كە بەجوانترین جل رازابونەوە بەسواری ئەسپە عەرەبیەوە، لەگەڵ بو. لەو كاتەدا دایانە پاڵ لەشكرگای لەشكری سەركەوتو لەشارەزور. زۆراب بەفەرمانی بێگە بەگ بەدیاریو كلیلی قەڵاكانەوە هاتو، مەنزڵ بەمەنزڵ ئازوقەو ئالیكی پێویستی لەشكری دابین ئەكردو، لەگەڵ پێشەنگی تیپەكانی سوڵتان دا بو تا گەیشتنە باژێڕی مەراغەی سەر بەئازەربایجان. ئەوسا هەمو جۆرە رعایەتو ئیعزازی لەسوڵتان پێ گەیشت. زۆراب بەفەرمانی سوڵتانیی گوێ لێ گیراوەوە بۆ بێگە بەگ دەربارەی گەیاندنی تۆپەكان بەبەغداد بەزوترین كات، كەفەرمانی گوێ لێ گیراو گەیشتە بێگە بەگ، لەو كاتەدا ئەو لە زەنگابادی سەر بەولایەتی بەغداد بو. كوێخا عوسمان پێشوازی لەتۆپەكان كرد، كەسلێمان پاشای میری میرانی بەغداد بۆ ئەم ئیشەی نارد بو، تۆپو كەلوپەل پێویستیەكانی تری لەبێگە بەگ وەرگرت بیگوێزێتەوە بۆ بەغداد، چەندین پیاوی كارامەی عەشیرەتەكانی خۆیشی لەگەڵ نارد بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بیگەیەننە بەغداد.

بێگە بەگ گەڕایەوە شارەزورو بەچاوی بێدارەوە چاودێریی هەواڵە نوێكانی سوڵتانی دەسەڵاتداری ئەكرد، لەجێی خۆیدا جێگیرو ئەوەندەی توانی بوی پیاوی كۆ كردبوەوەو، ئامادەبو بۆ بەجێهێنانی هەر كارێكی پێی بسپێردرایە. لەم كاتەدا زانی كەسوڵتانی بەتوانا بەشكۆو سامەوە لەتەورێزەوە گەڕاوەتەوە بۆ نزیك یانەی بەرزی سەڵتەنەت، بێگە بەگیش بەهەمو پتەویو پایەداریەكەوە لەنیشتمانەكەی خۆیدا مایەوە لەخوای عەزەوەجل ئەپاڕایەوەو، ئایەتی ئەخوێندو نزای ئەكرد بۆ دەوامی سوڵتانو مانەوەی بەختیاریو، ناو بەناویش دڵسۆزییو بەندایەتی خۆی نوێ ئەكردەوە.

ئەیویست نێردراو رەوانە بكا بۆ دەروازەی بەرز، جارێكیتر نیشاندانی بەندایەتی بۆ نوێ بكاتەوە، بەڵام نە ڕێوشوێنی نیشاندانی بەندایەتی ئەزانیو

نەشارەزای چۆنیەتی دەربڕینی نەریتی ملکەچیو کەساسی بو. ناردی بۆلای حسێن بەگی داسنی والیی هەولێر لەم ڕووەوە یارمەتی بدا. حسێن بەگ، کەزەعامەتی دیاربەکری بەدەسەوە بو، کوێخا مەجنونی نارد. کەبەندە کوێخا مەجنون هات، بێگە بەگ ئیبراهیمی برای لەگەڵ نارد تا ئەوەندەی ئەتوانن دیاری لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن بۆ پێشکەش کردنی بەدەروازەی بەرز. کەنێردراوەکان گەیشتنە ئاغجە قەلعە، ئەوەی چاوەڕێی نە ئەکرا ڕویدا. غازی خان کەپێشتر لەخزمەتی چوقە سوڵتاندا بوو، پەروەردەی ئەوو لەبەردەسی ئەودا گەورە بوبو، بەلام لایەنی شای بەردابوو و دابویە پاڵ دەروازەی بەرزی سوڵتانی، نیوەی ولایەتی بەغدادی بەپلەی میری میران درابویە. چوقە سوڵتانیش خۆی لەسەردەمی سەڵتەنەتی شا ئیسماعیلی سەفەویدا حاکمی مەندەلیجینو دینەوەری دراوسێی شارەزول بو. لەبەینی ئەمانو ئەوان دا، لەسۆنگەی غیرەتی قەومایەتیو دینییەوەو، بۆ پاراستنی هەژارانو بێنەوایان، شەڕو شۆڕی زۆر قەوما بو. شوێنەواری کینەو دوژمنایەتییان لەناودا مابو. غازی خان تاقمێ لەپیاوەکانی خۆی بەدوی نێردراوەکان دا: ئیبراهیمو کوێخا مەجنون، نارد لەئاغجە قەلعە کتوپڕ هەڵیان کوتایە سەریان، کوێخاکەی بێگە بەگ حسێن ناوو کوێخا مەجنونو چەند کەسێکی تریان لێ کوشتن. ئیبراهیم بەعینایەتی ملکی قەدیم لەم چورتمە ڕزگاری بوو هەلات بۆ هەولێر. پاش دو ڕۆژ ڕۆیشتن گەیشتە پێشگای حسێن بەگ، ئەوەی لێی قەومابوو بەدرێژی بۆی گێڕایەوە.

لەکاتێك دا خەریکی ئەوە بون بێگە بەگ لەوە ئاگادار بکەن کەنێردراوەکان چییان لێ بەسەر هاتوە، غازی خانی ناوبراو کوێخاکەی ئەنێرێ بۆ بەر دەروازەی بەرز. بۆ ئەوەی بلێ:" ولایەتی شارەزول شایستەی ئەوەیە ببێتە بارەگای میری میرانێ، ئەگەر هیمەت بکەیتو هێزێکی لەشکر بدرێ بە بەندە فەتحی ولایەت کارێکی ئاسانە.

بەجۆرە نامەکەی غازی خان بو بەهۆی دەرچونی فەرمانی هومایونی شەریف بۆ لەشکرەکانی دیاربەکرو مەرعەشو شامو حەلەب کەپشتیوانی سلێمان پاشای میری میرانی بەغداد بکەن بۆ پەلاماردانی شارەزول. سلێمان پاشا بۆ ئەوەی لەمەسەلەی لەشکرکێشیدا بۆ سەر شارەزول سەر لەبێگە بەگ بشێوێنێ، نامەیەکی بۆ نوسی کەوا ئەچێ بۆ سەر جەزائیر. بێگە بەگ وەلامی دایەوە نامەکەی بەپیاوێکی خۆیدا بۆ نارد تێیدا نوسی بو:" ئەگەر فەرمان بدەن هێزێکتان بەسەرکردایەتی ئیبراهیمی برام دا بۆ ئەنێرم" سلێمان پاشا وەلامی دایەوە پێویست ناکا کەس بنێری، خەریکی کۆکردنەوەی دەنگوباسی قزلباش بە.

لەکاتێك دا بێگە بەگ لەدڵسۆزی دا پایەدارو بەدڵێکی پڕ لەدڵسۆزیەوە لەخوای عەزەوەجەل ئەپاڕایەوە، کە لەشکر بەزویی سەربکەوێ، هەندێ لەهەژارانی رەعییەتی هەواڵیان بۆ هێنا، لەشکرێ بەقەد ژمارەی ئەستێرە هاتونەتە ناو سنوری شارەزورو قەڵای حورینیان گرتوە. بێگە بەگ دەسبەجێ کوێخاکەی بەنامەیەکەوە نارده لای سەرداری سوپای سەرکەوتو سلێمان پاشا: " چ خیانەتێ لەم بەندە دڵسۆزە دەرکەوتوە تا لەشکر بنێرن بۆ ئازاردانی؟ ئەگەر قەڵاکانتان ئەوێ ئەوا بەندەو هەرچیەکی هەیەتی هی گەورەمانە، من کەبەندایەتی خۆمم بۆ سوڵتان راگەیاندوە نرخی قەڵاکان چیە؟ ئەگەر سوڵتان بەندایەتی من قوبوڵ ناکاو قەڵاکانی ئەوێ کلیلی قەڵاکانی بەبەندایەتی خۆمەوە پێشکەش بێ" پاشای ناوبراو سوێندی گەورەی بەخوا خوارد کەدەستی ئەو لەم هێرشەدا نەبوە، بەڵکو ئەمە ئەنجامی نامەی غازی خان بوە، ئەوە هیچ گومانێکی لەسەر راستیو راستگۆیی ئەم نیە." بۆ نیشاندانی دۆستایەتی بێگە بەگ کلیلی قەڵاکانیو دیاریەکی زۆری بەم بەندەیەدا بۆ پاشای ناوبراو نارد. کەکلیلو دیاریەکان گەیشتن پاشا لەسەر راستی دڵنیابو، فەرمانی بڵاوە پێ کردنی سەربازەکانی داو، ئەم بەندەیەی، سەرەڕای کەمی تەمەنی، لای خۆی بەبارمتە گل دایەوە.

سەردەمی بەگەکان:

سورخاب بەگ (٩٤٥-٩٧٥) و نەوەکانی

-١-

کەمەئمونی دوەم بەدیلی رەوانەی دیاری رۆم کرا، ولآتەکەی بێ سەرپەرشت مایەوە، سورخاب بەگی مامی، ئەم دەرفەتەی بەهەل زانی دەستی بەسەر ناوچەکانی ژێردەستی مەئمونی برازای داگرت، هەروەها ناوچەکانی ژێردەستی محەمەد بەگی برایشی داگیر کرد. محەمەد بەگ هەلآتو پەنای بۆ رۆم برد.

-٢-

نزیککەوتنەوەی ئەردەلآن لەدەرباری سەفەوی

ئەلقاس میرزای سەفەوی لەسەر دەسەلآت لەشا تەهماسبی برای هەلگەڕایەوە، پەنای بۆ سولتان سلێمانی قانونی برد (٩٥٤). ئەو کاتە گەرمەی جەنگی ٢٠ ساڵەی رۆمو عەجەم بو. لەلایەن عوسمانیەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کراو، لەشکرێکی گەورەیان بۆ سازدا. لەشکرکێشیەکە سەرکەوتو نەبو. ئەلقاس ترسا سولتان بیکوژێ هەلآت بۆ شارەزورو، چوە لای سورخاب بەگ. شا تەهماسب کردیە سەر سورخاب، ئەلقاسی تەسلیم بکا، سورخاب بۆ ئەوەی ولآتەکەی نەکەوێتە بەر هێرشی قزلباش، ئەلقاسی تەسلیم کردن(٩٥٦). تەهماسب ماوەیەك ئەلقاسی برای لەقەلآی قەهقەهەدا زیندانی کرد، ئینجا فەرمانیدا لەسەر قەلآکەوە فڕێیان دایە خوارەوەو مرد.

تەسلیم کردنی ئەلقاس بەتەهماسب، بوە هۆی نزیك کەوتنەوەی سورخاب لەدەرباری سەفەوی. تەهماسب لەپاداشتی ئەم چاکەیەدا موچەی ساڵانەی بۆ سورخاب بڕیەوەو ئیتر بەلای ئەواندا ساخ بوەوە. عوسمانیەکانیش لەتۆڵەی ئەمەدا مەئمونیان لەبەند ئازاد کرد، بەلآم لەباتی گێڕانەوەی بۆ ئەردەلآن حیللەیان پێ سپارد.

-٣-

بنکەی حوکمڕانی میرەکانی ئەردەڵان لەقەڵای زەڵم بوە. قەڵای زەڵم بەقەد شاخی سورێنەوەیە. شوێنێکی عاسیو دژوارە، کەوتۆتە لایەکی چەپەکەوە، هیچ شارو ئاواییەکی گەورەی لەنزیك نەبوەو هیچ ڕێگەو بانێکی گرنگیشی پیدا تێ نەپەڕیوە. ناوچەیەکی کەم دەرامەتو هەژار بوە.

مەئمونی دوەم، کەدوای باوکی کاروباری وڵاتی گرتە دەس (٩٤٢)، ئیتر نەیتوانی خۆی لەشەڕ دورەپەرێز بگرێ. سوڵتان حسێن بەگی میری بادینان، بە لەشکری عوسمانیەوە هاتە سەریو، لەقەڵای زەڵمدا گەمارۆیدا. سەرەنجام ناچاربو خۆی بەدەستەوەدا. بەگیراوی ڕەوانەی لای کاربەدەستانی عوسمانی کراو خرایە زیندانەوە.

سورخاب بەگ، مامی مەئمون، ڕێی بۆ چۆڵ بو ناوچەکەی هێنایە ژێردەستی خۆیەوە. ئەمیش خۆی لەبەشداریی لەشکرکێشییەکانی جەنگی ٢٠ ساڵەی ئێرانو عوسمانی دور ڕاگرتوە. چەپەکیی ناوچەکەو، دابڕاویی لەمەیدانە سەرەکییەکانی جەنگەوە، یارمەتیدەری بون.

-٤-

قەراردادی ئاماسیە

هەردو دەوڵەت: ئێرانو عوسمانی، لەئەنجامی کێشەی ناوخۆو هەڕەشەی دەرەکیدا، ناچاربون شەڕ ڕابگرنو، پەیمانی ئاشتی ببەستن. دوای ئاڵوگۆڕی چەندین نامە لەنێوان گەورەکاربەدەستانو، شا تەهماسبی سەفەویو سوڵتان سلێمانی قانونیدا، ئێرانو عوسمانی لەڕەجەبی ٩٦٣ (مایسی ١٥٥٥)دا گەیشتنە ڕێککەوتنێك، کە لەمێژودا بە((قەراردادی ئاماسیە)) ناسراوە.

ئەم ڕێککەوتنە زۆرتر بەپێی سەرەتای ((باری هەبو)) ڕێك خرابو، هێزی هەر لایەك گەیشتبوە هەر جێگایەك لەوێدا مایەوە. بەم پێیە: ئازەربایجان هەموی بەر ئێرانو عیراقی عەرەبی هەموی بەر عوسمانی کەوتو، ئەرمەنستان، گورجستانو، کوردستان، بەشێکی کەوتە ژێر دەستی ئێرانو بەشێکی کەوتە ژێر دەستی عوسمانی. لەئەنجامی ئەمەیشدا قەڵەمڕەوی ئەردەڵان بو بەدو بەشەوە: هەورامان، مەریوان، بانە، سەقز کەوتنە ناو سنوری عەجەمو، شارەزور، شارباژێر، قەرەداخ کەوتنە ناو سنوری ڕۆم.

(شەرەفنامە: ٢٠٦-٢٠٧)و بەدوی ئەویشدا مێژونوسەکانی ئەردەڵان (لب: ٣٢-٣٣)و (مەستورە: ٣٣)و (حدیقە: ١٢٣-١٢٤)و (تحفە: ٩٧-٩٨) ئەڵێن: سورخاب بەگ ناوچەکەی محەممەد بەگی برای زەوت کرد. محەممەدیش بۆ ئەوەی

ئەردەڵان بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە پەنای بۆ رۆم برد. هێزێکی گەورەیان دایە. چونە سەر قەڵای زەڵم‌و گەمارۆیاندا. گەمارۆدان دو ساڵ درێژەی کێشا. شا تەهماسب هێزی بەفریای گەمارۆدراوەکانەوە نارد. لەشکری عوسمانی دەوری قەڵایان بەرداو بڵاوەیان لێ کرد. گەمارۆدراوەکان، چونکە لەمێژبو لەناو قەڵاکەدا گیریان خواردبو، کەڵکیان لەو هەلە وەرگرت‌و خۆیان دەربازکردو هەر یەکەیان بەلایەکدا رای کرد. یەکێ لەسەرانی لەشکری عوسمانی چۆڵیی قەڵاکەی بەهەل زانی‌و، یەکسەر چوە ناوی‌و گرتی. قەڵای کرد بەبنکەی خۆی‌و لەوێوە دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت. ((لەوساوە-٩٦٩-شارەزور وەسەر قەڵەمرەوی عوسمانی خرا.)) بنکەی میرایەتی ئەردەڵان ئیتر لەقەڵای زەڵم هەڵکەنراو گوێزایەوە قەڵای مەریوان.

ئەم شەڕە لەو ساڵەدا ئەگەر قەومابێ یا نە، ئەمە هیچ لە راستیە ناگۆڕێ کە: شارەزور بەپێی قەراردادی ئاماسیە لە٩٦٣وە خرابوە سەر قەڵەمرەوی عوسمانی، ئەگەر ئەم شەڕەیش بوبێ بۆ جێبەجێکردنی بوە.

-٥-

نەوەکانی سورخاب بەگ

سورخاب بەگ بەقسەی هەندێ ٦٠ ساڵ‌و بەقسەی هەندێکی تر ٦٧ ساڵ حوکمڕانی کردوەو ١١ کوڕیشی هەبوە: حەسەن بەگ، ئەسکەندەر بەگ، ئەسلەمس(!) بەگ، شاسوار بەگ، سارۆخان، قاسم بەگ، سوڵتان عەلی بەگ، یەعقوب بەگ، بارام بەگ، زولفەقار بەگ، بیسات بەگ.

-٦-

رەچەڵەکی میرانی سۆران

مێژونوسەکانی ئەردەڵان، (لب: ٣٤)و (مستورە: ٣٤)و، (حدیقە: ١٢٥)و (تحفە: ١١٥) هەمویان لەسەر ئەوە یەکن کە: بارام بەگی کوڕی سورخاب بەگ کەئەو زەمانە بەفەرمانی باوکی کراوە بەحاکمی ئامێدی‌و رەواندز، باپیری زنجیرەی بنەماڵەی میرانی سۆرانەو، هەمویان سورن لەسەر ئەوەی کەمیر محەممەدی میری رەواندزو هەریرو کۆیە، کە لەو سەردەمەدا یەکێ لەپیاوە ناسراوەکانی ناوچەکە بوە، لەنەوەی بارامی کوڕی سورخابە.

ئاگاداریەکانی(شەرەفنامە: ٤٨٤) کەکۆنترین سەرچاوەی مێژوییە باسی بنجوبناوانی هەردو بنەماڵەی ئەردەڵان‌و سۆرانی کردبێ، لەم روەوە هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نادا، کەبارام بەگ باپیری میرانی سۆران بێ. جگە لەوەیش شەرەفخان کەباسی سورخاب بەگی کردوە، لەم بارەیەوە هیچی نەوتوە. لەناو

زنجیرەی میرانی سۆرانیش‌دا بارام بەگیان تیٚدا نیە. بۆیە ئەم قسەیە جیٚگەی گومانە.

-٧-

سوڵتان عەلی بەگ کوڕی سورخاب بەگ

لەپاش ماوەیەکی کورتی حوکمڕانیی بەگەنجی مرد. دو کوڕی منداڵ: تەیمور خان‌و هەڵۆ خانی لەپاش بەجیٚ ما. دایکی ئەم دو کوڕە، کچی مونتەشا سوڵتانی ئیستاجلو بوە، کەیەکیٚ بوە لەگەورەکانی قزلباش (شرفنامە: ٢٠٨). ڕەنگە سورخاب دوای بەدەستەوەدانی ئەلقاس میرزا، لەکاربەدەستانی دەرباری سەفەوی نزیك بوبیٚتەوەو، ئەم ژن‌و ژنخوازیەیش بەرهەمی ئەوە بوبیٚ.

-٨-

بیسات بەگی کوڕی سورخاب بەگ (٩٧٥-٩٨٦)

کوڕەکانی سوڵتانی عەلی بەگ منداڵ بون، لەبەر ئەوە مامیان بیسات بەگ کاروباری وڵاتی گرتە دەس. کەتەیمورو هەڵۆ گەورە بون چونە دەرباری شا ئیسماعیلی دوەم (٩٨٤-٩٨٥) بۆ ئەوەی حوکمی وڵاتەکەیان لەمامیان بۆ وەربگریٚتەوە، بەڵام بەهۆی پەشیٚوانی هەلومەرجی دەربارەوە سەرکەوتو نەبون.

تەیمور کیٚشەی زۆری بۆ مامی دروست ئەکرد. تاڵان‌و ڕاووڕوتی ئەکردو ئاژاوەی خست بوە ناوچەکەوە بەڵام زەفەری بەمامی نەبرد تاخۆی بەدەردی خوا مرد (٩٨٦).

-٩-

تەیمور خان کوڕی سوڵتان عەلی بەگ (٩٨٦-٩٩٨)

بەمردنی مامی کاروباری گرتە دەس. تا سەردەمی تەیمورو هەڵۆ نازناوی هەمو میرەکانی ئەردەڵان ((بەگ)) بوە، لەدوای ئەمانەوە ئیتر هەمو نازناوی ((خان)) یان هەڵگرتوە.

دوای مردنی شا تەهماسب (٩٨٤) سەرانی قزلباش ئیسماعیلی دوەمیان لەزیندان دەرهیٚناو، لەجیٚی باوکی کردیان بەشای ئیٚران. ئیسماعیل زیاتر لە ١٩ ساڵ بەتەنیا لەزیندانی قەڵای قەهقەهەدا بو. کەبو بەشا کەوتە کوشتنی براو خزمەکانی‌و، سەرانی قزلباش. سەرانی قزلباش پیلانیٚکیان لیٚ گیٚڕا کوشتیان (٩٨٥). سەرانی قزلباش دوای ململانیٚیەکی زۆر، تەنیا کوڕی زیندوی تەهماسب، محەممەدی خودابەندەیان، دانا بەشای ئیٚران. محەممەد (٩٨٥-٩٩٦) بودەڵەو بیٚکارەبو، سەرەڕای ئەوەیش چاو کتوکویٚربو. ئەم بەناو شا بو، دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی دەربار هاوسەرەکەی بو.

هەلومەرجی ناوخۆی ئێران پەشێواوو نێوانی لەگەڵ عوسمانی تێک چوبو. سەرلەنوێ بارودۆخی جەنگ زاڵ بوبو بەسەر پێوەندیەکانیاندا. بابیعالی ئەیویست هەل لەلاوازی دەربارو پەشێوانی هەلومەرجی ئێران بهێنێ و، لەچەند لاوە پەلاماری ئێرانیانداو، سەرزەمینێکی فراوانیان لەرۆژئاواو سەروی ئێراندا، تەنانەت تەوریزیشیان، داگیر کرد. هێزەکانی ئێران بەری ئەم هێرشانەیان پێ نەئەگیرا.

تەیمور خان، بەهۆی پشێوی ناوخۆی ئێرانو کزی دەسەڵاتی دەرباری سەفەویەوە، نێوانی خۆی لەگەڵ عوسمانی چاك کرد. وەکو (شەرەفنامە: ٢٠٩) ئەڵێ: ساڵی ٩٨٦ پەنای بردە بەر سوڵتان مرادی سێیەم (٩٨٢-١٠٠٤). سوڵتان لەداهاتی زەوییە تایبەتیەکانی شارەزور موچەی ساڵانەی بۆ بڕییەوەو، هەر چوار کوڕیشی بەخەڵات سەربەرز کردن: سنە، حەسەناوا، قزڵجە، زەڵم، شارەزور درا بەسوڵتانعەلی. قەرەداخ بە بداغ. مەریوان بەمراد بەگ. شاربازێڕ بەمیر عەلەمەدین.

تەیمور خان لەهەوڵی فراوانخوازیدا بو، هەوڵی ئەدا ناوچەکانی دراوسێی لەکرماشان، هەمەدان، ورمێ، داگیر بکا. لەگەڵ کەڵورو لوڕ توشی شەڕ هات. لەکاتی گەمارۆدانی قەڵای زەڕینکەمەر (گەڕوس)دا کوژرا (٩٩٨).

پەراوێز: ١. سنە ئەو کاتە هێشتا بنیات نەنرابو. ٢. وەکو دەریش ئەکەوێ قەڵەمڕەوی ئەردەڵان لەو کاتەدا بەزۆری خواروی کوردستان، بەتایبەتی بەشێکی سلێمانی ئێستای گرتۆتەوەو، سنورەکەی لەناو ئێراندا تەسك بوە.

سەردەمی خانەکان:

هەڵۆ خان (٩٩٨-١٠٢٦)

لەدوای کوژرانی تەیمور خان هەڵۆ خانی برای کاروباری ئەردەڵانی گرتە دەس سەردەمی هەڵۆخانیش ئێران هەر لەنائارامیدا بو. سەرانی قزلباش هەڵیان کوتایە سەر کۆشکی شاو، بەبەرچاوی ئەوەوە ژنە دەسەڵاتدارەکەیان کوشت. لەدوای زنجیرەیەك پیلانگێڕان، شا محەممەد کەنارەگیری کردو عەبباسی کوڕی لەسەر تەختی شایەتی دانرا (٩٩٦-١٠٣٩). لەو کاتەدا دەرباری ئێران لەوپەڕی بێ دەسەڵاتیو شپرزەییدا بو. خانەکانی قزلباش هەر یەکەیان لایەکی ئێرانی بۆ خۆی دابڕی بو. عوسمانی ناوچەیەکی فراوانی ئێرانیان لەژێر دەسدابو. سوپای ئێران لەچاو ئۆردوی عوسمانیدا ناڕێکوپێكو لاوازو بێ بەش بو لەچەکی گەرم. شا عەباس پێویستی بەکات هەبو، بۆ ئەوەی هەلومەرجی ناوخۆی ئێران چاك

بکـاتو، دەسـەڵاتی دەربـار بـەهێزو، سـوپای ئێـران ڕێـك بخاتـەوە، ئەوەیشـی لەبارودۆخی جەنگدا لەگـەڵ عوسمـانی بـۆ نەئـەکرا. لەبـەر ئـەوە لەسـەرەتادا هەوڵیدا لەگەڵ بابی عالی ئاشتی بکا. شا عەباس، مەهدیقولی خانی چاوەشلوی حوکمڕانی ئەردەبێلی لەگەڵ برازیەکی بەدیاریەوە نارد بـۆ ئەسـتەموڵ. سـەفیری ئێرانی لەسەفەوی ٩٩٩دا ڕێککەوتنێکی لەئەستەموڵ لەگەڵ بابی عـالی ئیمـزا کرد. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە:

١. ولایەتەکانی ئەرمەنستانو شەکیو شیروان، گورجستانو قـەراباغ، شـاری تەوریزو بەشی ڕۆژئـاوای ئازەربایجـان، کوردسـتانو لوڕسـتانو قـەڵای نەهاوەنـد بەدەوڵەتی عوسمانی درا.

٢. هەردولا بەڵێنیان بەیەکتریدا دیلەکانی جەنگ بدەنەوە بەیەکتری.

٣. هەردولا بەڵێنیاندا بەیەکتری داڵدەی ڕاکردوانی یەکتری نەدەن.

٤. دەوڵەتی ئێران بەڵێنیدا سـوکایەتی بەهاوسـەری پێغەمـەرو خەلیفـەکان نەکا.

٥. بۆ دەستەبەرکرنی جێبەجێ کردنی ئەم پەیمانە ئێران حەیدەر میرزای برازای شا عەباسی بەبارمتە لەلای بابیعالی دانا. (پارسادوست: ٣٥-٣٦)

هەڵۆخان لەم هەلومەرجەدا کاروباری ئەردەلانی گرتە دەس. قـەڵاکانی زەڵـم، پلنگان، حەسەناوای ئاوەدان کردەوە، مزگـەوتو خـانو، بـازاڕ، حـەمامی تـیّدا دروست کردن. ولات ئاوەدان بووەوە. هەڵۆخان بەهۆی قـایمیی قـەڵاکانیو، زۆریـی سوپاکەیو، سامانو زەخیرەوە، ((شا عەباسـی بـەهیچ نەئـەزانی)). (لـب: ٤٢) نێوانی لەگەڵ هەردو دەوڵەت ڕۆمو عەجەم باش کردبو. بەسەربەخۆیی کاروبـاری ولاتی بەڕێوە ئەبرد.

شا عەباس هەروەکو دەسەڵاتی ناوەندیی بەسـەر هـەمو ئێـراندا سـەپاندەوە، ئەیویست کوردستانیش بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. شا عەباس چـەند جـارێ لەشکری کردە سەری، بەڵام بەسەرنەکەوتویی ئەگەڕانەوە.

هەلومەرجی کوردستان هەتاسەر بەم جۆرە نەمایەوە. لەسەردەمی هەڵۆخاندا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر جۆری بەڕێوەبەرایەتی ئـەردەلاندا هـاتو، بناغـەی ٤ نەریتی نوێ لەم میرایەتیەدا داڕێژرا.

-٢-

ناردنی بارمتە بۆ دەرباری ئێران

مێژونوسەکانی ئەردەڵان (لب: ٤٤)، (مەستورە: ٤٤-٤٥)، (حدیقە: ١٣٠)، (تحفـە: ١٠٥-١٠٦) بەکـەمێ جیاوازیـەوە چـیرۆکی نـاردنی یەکـەم بارمتـەی ئەردەڵانی ئەگێڕنەوە:

شا عەباس بەهێزێکی گەورەوە بۆ گرتنی کوردسـتان لەئەسـفەهانەوە مـەنزڵ بەمەنزڵ کەوتە رێ لەمەیهـەمی ئەسـفەندئاباد بارگـەی خسـت. بـۆ تەماشـای چیاکانی کوردستانو رێگەوبانەکانی ئەچێتە سەر شاخێکی بەرز. ئـالی (عـەلی) بالی زەنگەنە، کەلەو کاتەدا جلەوداری تایبەتی شا بو، لەگەڵی ئەبێ، شا عەباس هەواڵی کوردستانی لێ ئەپرسێ. ئەویش کەخۆی بەکورد دائەنێو ئەیـەوێ چـاکە بکا ئەڵێ: ((کوردسـتان چـیای گـەورەو قـەلای قـایمی وای تێدایـە باڵـداریش نایگاتێو، بەردەلانی سەختو باریکەرێی پـڕ درەختـی کەیـەکانگیر ئـەبن هـیچ ملبەرزێ ناتوانێ بەسەریدا سەربکەوێ، سەرەڕای ئەوەیش شەرکەری شـێرگلێنو تازای لێیە کەهەر یەکێکیان لەگەڵ رۆسـتەمو ئەسـفەندیار لافـی بەرامبـەریو لەگەڵ ئەفراسیاوی تورک دەعوای هاوسەری ئەکەن چاک وایە حـەزرەتی شـا دەس لەمە هەڵ بگرێ ئەگەر خوانەخواستە لەکاتی پێکادانـدا شـکان بەسـەر سـوپای شادا بێ، ئەم نەنگو شورەبیە تاقیامەت لەناو بنەماڵەی سەفەویدا ئـەمێنێ!" شا عەباس قسەکەی ئالی بالی ئەچـێتە دڵو، واز لـەو بـیرە ئـەهێنێ کـە بـەزۆر داگیری بکا.

شا عەباس دەرگای گفتوگۆو دۆستایەتی لەگەڵ هـەلۆخان کـردەوە. بەنامـەو خەلاتو دیاری هێنایە ژێر باری فەرمانبەریو گوێڕایـەڵی. خـان ئەحمـەد خـانی کوڕی وەکو نیشانەی گوێڕایەڵی بە بارمتە رەوانـەی دەربـاری شـاهی کـرد. لـەو کاتەوە ئیتر ئەمە بو بەنەریتێکی پێڕەوی کراوی دەربار، هەمیشە یەکێ یا چـەند کەسێ لەمیرەکانی ئەردەڵان لـەدەربارەکانی سـەفەوی، ئەفشـار، زەنـد، قاجـاردا بارمتە بن.

-٣-

تێکەڵاوی ژنو ژنخوازی

مێژونوسەکانی ئەردەڵان (لب: ٤٥)، (حدیقە: ١٣٠)، (تحفە: ١٠٧) چیرۆکی ژنهێنـانی خـان ئەحمـەدخان ئەگێڕنـەوە، کەشـا عـەباس لەبـەر لێهـاتویی زەڕینکولاهی خوشکی لێ مارە کـردوە. بـەلام (مسـتورە: ٤٥-٤٦) لەهـەمویان زیاتر بایەخی بەم چـیرۆکە داوەو، وەکـو لەپێشـینانی بیسـتوە، تێکـەڵاوی ئـەکا

بەئەفسانەو خەیاڵی ژنانەو ئەنوسێ: ((پاش ماوەیی کەبەهرەو توانی خان ئەحمەد خان لەشا عەباس رون بوەوە، لەپایەو پلەی زیادکردو خوشکە گەوهەرە درەخشانەکەی نێو گەوهەردانی شاهێتیی‌و ئەستێرە پرشنگدارەکەی ناو بورجی سەڵتەنەتی، کەناوی زەرینکولاه بو، پێ‌بەخشی‌و سەری بەزاواو خەزوریی شا بەرز بوەوە. وێڕای ئەوەی کەمێژو لەم بارەوە زۆری لەسەر نەرۆیشتوە، بەڵام وەك لەپێشینانم بیستوە، داوی نیشانکردنی زەرینکولاه، ئەو گەوهەرە گرانباییە ئەختەربڵندە، بەهاوسەری خان ئەحمەد خان قایل نەبو.

حەزرەتی پاتشا کەلاوچاکی‌و ئازایەتی خان ئەحمەد خانی لێ رون بوو دلێری‌و کەڵەمێردیی کەجێگەی شانازیی بنەماڵەی ئەردەڵان بو، لەئاوێنەی بیری‌دا رەنگی دابوەوەو سەردەرانەی تالاری بەبونی بەختەوەرانەیەوە رازاندبوەوەو بەفەڕی هێنابو، زەرینکولاهی بۆ ئەو جێگایە کەئاسمانی بو، لەسەر زەوی جێگیر ببو، لەتەنیشت خۆیەوە دانا، ئەنجا فەرمانی‌دا کە لەدەرگای حەوشەوە خان ئەحمەد خان بێنن‌و لەدەرگایەکی دیکەشەوە، نەرەشێرێکیان، کەچەندین ساڵ بو لەکن شێرەوانەکانی شا لەزنجیر درابو، بەرەڵلاکەن. شێری تایەن لەو چەقی مەیدانەدا هەڵی کردە سەر خان ئەحمەد خان‌و پەلاماری‌دا، ئەو هۆژەبرە چاونەترسە نەسڵەمییەوە، یەکسەر شمشێری دلێری هەڵکێشاو بەهێزی بازوی شێرانەی‌و دەمی شمشێری دلێرانەی شێرەکەی کوشت‌و لەناوی برد. شای سەفەوی ئەگەرچی ئازایەتی‌و دلێریی خان ئەحمەد خانی لەبەر چاو زیاتر بو، بەڵام لەکوشتنی شێرەکەو بێباکی ئەو دلێرە، ناوبراوی سەرزەنشت کرد. خان ئەحمەد خان لەوەڵام‌دا فەرموی:"ئێمە دو شێری هاوتاو دلاوەر پەلاماری یەکتریمان دا، یەغباڵ هێنای‌و بەخت سواربو، من ئەوم بەزاند." شا فەرمایشتە جوانەکەی ئەو لاوچاکەی زۆر بەدڵەوە چوو، زەرینکولاه بەهاوسەریی ئەو هومای کەشکەلانی بڵندیە شادبو. ئینجا بەرێ‌و رەسمێکی شایانی شاریاران بێ‌و بە بەزەك‌و دۆزەك‌و دەبدەبەو سەنسەنەیێکی لەشانی گەورەپیاوان بوەشێتەوە هەردو پرشنگدار جوت بون‌و بەیەك گەیشتن."

دیارە ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە دروستکراوی خەیاڵی ژنانی بنەماڵەی ئەردەڵانە، بۆ ئەوەی ئازایەتیەکی نائاسایی بدەنە پاڵ کەسێ کە لەخەیاڵی ئەوان‌دا پیاوێکی نائاسایی‌و پاڵەوانێکی بێ وێنە بوەو، بەم چیرۆکە شان‌و شکۆی بەرز بکەنەوە.

هەروەکو ئەم چیرۆکە بەسەر زمانەوە بوەو، مەستورە لەپێشینانی خۆی بیستوەو لەمێژوەکەی‌دا تۆماری کردوە، چیرۆکێکی تریش هەر بەسەر زمانەوە

بوە، ئەبێ ئەویشی بیست بێ، بەلام بۆ رێز لێنان لەم بنەماڵەیە خۆی لەگێڕانەوەی بواردوە. لەپێش ئەمو لەدوای ئەمیش، جگە لەنوسەری (سییر الاکراد: ٤٥) کە لەبنەماڵەی ئەردەلان نەبوە. کەسێك لەمێژونوسەکانی ئەردەلان باسیان نەکردوە.

دەماودەم ئەگێڕنەوە: خاتو کلاوزەڕ حەز لەیوسف یاسکە ئەکا کەنۆکەرێکی قۆزی خۆیان بوەو دەستی لەگەڵ تێکەلاو ئەکا. خان بەکەینوبەینی کلاوزەڕو یوسف ئەزانێ. لەسەر ئەوە یوسف سزا ئەداو، فەرمان ئەدا لەچینی دیواردا بەزیندویەتی بینێژن. یوسف شاعیرێکی دەم پاراو بوە. لەگەڵ هەمو چینێکی دیوارەکەدا شیعرێك ئەڵێ‌و، لەخان ئەپاڕێتەوە لێی ببورێ. ئەم هەمو پاڕانەوەیە کەلکی نابێ چینەکانی دیوارەکە ئەگاتە راستی سەری. ئەوسا ئیتر ئومێدی بەژیان‌و لێبوردن نامێنێ. بۆ دەربڕینی داخی دڵی ئەکەوێتە جنێودان، ئەڵێ:"ئەگەر ئەمکوژی(...)، ئەگەر نامکوژی(...)، خاتو کلاوزەڕ کەوتە ژێرمەوە." وەستاکە بۆ ئەوەی بەیەکجاری یوسف بێدەنگ بکا تۆپەڵێك گەچ ئەماڵێ بەدەمی‌دا.

بەشی یەکەمی چیرۆکەکە هەموی لەهەڵبەستراو ئەچێ. شا عەباس خوشکێکی نەبوە ناوی زەڕینکولاه بێ‌و، هیچ سەرچاوەیەکی ئەو سەردەمەیش باسی ئەم ژنهێنان‌و شێرشکاندنە ناکات. رەنگە ئەم ژنەی دراوە بەخان ئەحمەد خان، وەکو نوسەری (ذیل:١٨) ئەڵێ: ((..یەکێ لەپەردەنشینانی حەرەمسەرای شاهی...)) بوبێ، نەك خوشکی شا. شاهەکانی ئێران هەرگیز لەژن‌و پارە تێر نەئەبون. حەرەمسەراکانیان هەمیشە پڕ بوە لەژن‌و کەنیزەك. جاروبار لێیان بەخشیون. بۆ نمونە: شا سوڵتان حسێن، دوایین شای سەفەوی، ٥ هەزار ژنی سیغە کردوە، لەوانە ٢ هەزاریان کچ بون. فەتحعەلی شای قاجاریش نزیکەی هەزار ژن‌و کەنیزەك لەحەرەمسەراکەی‌دا بوە. جاروبار هەندێ لەم ژنانەیان، بەکاربەدەست‌و دەستوپێوەندەکانیان ئەبەخشی.

-٤-

گۆڕینی مەزەبی بنەماڵەی دەسەلاتدار

میرەکانی ئەردەلان تا هەڵۆخان هەمویان سوننە بون. لەخان ئەحمەد خانەوە کە لەدەرباری شا عەباس‌دا پەروەردە کراوە، ئیتر بون بەشیعە. لەم روەوە نوسەری (ذیل:١٨) ئەڵێ: ((شاه عەباسی بەهەشتی، خان ئەحمەد خانی کوڕی هەڵۆخانی چەند ساڵێك بەنەریتی قزلباشی پەروەردە کردو بەجلوبەرگ‌و نازو نیعمەت، لەداب‌و شوێنی کوردی‌و عەشیرەیی دوری خستەوە. دوای ئەوەی خستیە

سەر رەسمو رێگای قزلباشی، بەنەزەری شاهانە چاوی لێکردو یەکێ لەپەردەنشینانی حەرەمسەرای شاهی.. شانازی پێ بەخشی.))
تێبینی: دەربارەی ژنەکانی شاسوڵتان حسێن، بڕوانە: (رستم التواریخ: ٧٠-٨٣)و، دەربارەی ژنەکانی فەتحەلی شا، بڕوانە (تاریخ عضوی).

نوسەری (سییر:٤٤)یش چیرۆکێکی تری هەڵۆخان ئەگێڕێتەوە کەدیارە بیستویەتی و ئەڵێ: ((لەسەر دینی ئیسلامو مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بو. تەعەسوبێکی تەواوی لەگەڵ گروهی دوانزە ئیمامی هەبور، هەرگیز رێگەی نەئەدان بێنە وڵاتەکەیەوە. کەبیستی خان ئەحمەد خان خوشکی شای هێناوەو تاقمێ قزلباشی لەگەڵ خۆی هێناوە، وتی: "انا لله وانا الیە راجعون، زۆر ناخایەنێ کەدەعوەتی رافیزی لەکوردستاندا بڵاو ئەبێتەوە!"
نوسەری (تحفە:١٠٩)یش، ئەگێڕێتەوە کە لەکۆڕێکدا هەڵۆخان بەتوڕەییەوە روی کردۆتە خان ئەحمەدو نزای لێ کردوەو وتویەتی:"...رۆڵە جوانە مەرگ بی! وا کەپێی قزلباشت هێنایە ناو مەملەکەتی کوردستانەوە..."
ناکۆکی شیعە-سوننە لەو سەردەمەدا زۆر توندوتیژو، یەکێ لەگرنگترین بیانوەکانی شەڕوشۆڕی نێوان رۆمو عەجەم بوە. ئێران مانی خۆی لەپێڕەوی مەزهەبی شیعەو عوسمانی مانی خۆی لەپێڕەوی مەزهەبی سوننەدا دیوە. گۆڕینی مەزەب بەناوی میرەکانیشەوە دیارە: کەلبعەلی، عەلیقولی، عەباسقولی، حەسەنعەلی، رەزاقولی... کەهەمو ناوی شیعەن.
-٥-

گلدانەوەی میرە گومانلێکراوو سەرکێشەکانی ئەردەڵان لە پایتەختدا

مێژونوسەکانی ئەردەڵان (لب: ٤٨-٥٠)، (مستورە: ٤٧-٥٠)، (حدیقە: ١٣٠)، (تحفە: ١١٠-١١١)، دەربارەی ناردنی هەڵۆخان بەگیراوی بۆ دەرباری شا عەباس، بەکەمێ جیاوازیەوە هەمویان یەك چیرۆك ئەگێڕنەوە:
شا عەباس کەهاتە سەر تەخت، دەسەڵاتی ناوەندیی دەرباری سەفەوی لەوپەڕی لاوازیدا بو، بەڵام بەشێنەیی هێزی تێ گێڕایەوەو دەسەڵاتی بەسەر سەرانسەری ئەرزی ئێراندا پەیداکردەوەو، گەورەو دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی هێنایەوە ژێر باری فەرمانبەری. هەڵۆخان، یەکێ بو لەوانەی گوێی نەدابوە شا عەباسو، نەچوبو بۆ لایو، لەشەڕو لەشکرکێشییەکانیشیدا بەشداری نەکردبو. دوای ناردنی خان ئەحمەد خانی کوڕیشی بەبارمتە، پێوەندییان هەر بەجۆرە مابوەوە.

شا عەباس داوای لەخان ئەحمەد خان کرد بگەڕێتەوە کوردستان، خۆی کاروباری وڵات بگرێتە دەستو باوکی بۆ لای ئەم بنێرێ. خان ئەحمەد بەخەڵاتو بەراتەوە گەڕایەوە بۆ کوردستانو کەوتە دڵنەوایییو ڕاکێشانی خەڵك. هەڵۆخان بۆ ڕێز لێنانی کوڕەکەی کۆڕی میوانداری ڕێکخست. فەرمانیدا مێوژو گوێزێکی زۆریان هێناو بەسەر دانیشتوانی کۆڕەکەدا دابەشیان کرد. مشتێ مێوژو دو مشت گوێزو دو بەردیان لەبەردەم هەر یەکێکیاندا دانا. بەردەکان بۆ شکاندنی گوێزەکان بو.

خان ئەحمەد ئەم سفرەو خوانو ئەم میوانداریەی بەسوکایەتی ئەزانێ بۆ خۆی، بەتایبەتی کەئەم ماوەیەکی درێژی لەناو شارستانێتی قزلباشدا بەسەر بردبوو، کەسانی بێگانەی بۆ ئەم سەفەرە لەگەڵ خۆی هێنابو. ناردی لەناو بارەکانی خۆیدا قوتوی ڕەنگینی پڕ لەحەلەویاتو شیرینی جۆراوجۆری هێنایە کۆڕەکەوە. هەڵۆخان لەمە زۆر تورە ئەبێ بەخان ئەحمەد خان ئەڵێ: " بەم شیرینیە ژیانی منت تاڵ کردو کاروباری کوردستانت گەیاندە جێیەکی زۆر خراپ!))
بەتوڕەییەوە لەکۆڕەکە هەڵئەستێو ئەچێتە ناو قەڵای حەسەناواوەو دەرگاکانی لەڕودا دائەخا.

خان ئەحمەد خان گەمارۆی قەڵاکەیدا، بەڵام نەیتوانی بیگرێ تادایکی پاسەوانەکانی قەڵای هەڵفریواندو، مەلا یەعقوبی نارده لای خان ئەحمەدو شوێنێکی بۆ دیاری کرد کەنیوەشەو لەو شوێنەوە بێتە ناو قەڵاوە. هەڵۆخان پێ ئەزانێو لەگەڕانەوەدا مەلا یەعقوب ئەگرێو بڕیار ئەدا لەسەر ئەم خیانەتە کەرۆژ بوەوە بیکوژێ. هەمان شەو خان ئەحمەد دەرگای قەڵای بۆ ئەکرێتەوە ئەچێتە ناوی، هەڵۆخانی باوکی ئەگرێو ڕەوانەی ئەسفەهانی ئەکا، مەلا یەعقوبیش ئازاد ئەکا.

مەلا یەعقوب، کە بەتەمای مردن بو، بەجۆرێکی چاوەڕێنەکراو بەر بو. لەو کاتەوە ئیتر کەیەکێ ئەکەوێتە بەر هەڕەشەی مەترسیی مردنەوە، هاوار ئەکا: ((خوای مەلا یەعقوب رزگارم کە!)) ئەمە بوە بەپەندو کەوتۆتە سەر زار.

-٦-

ئەم نەریتانە کەبنەماڵەی ئەردەلانی بەشاهەکانی ئێرانەوە ئەبەستەوە، ئەگەرچی لەسەردەمی شا عەباسدا داهێنران، بەڵام دوای نەمانی زنجیرەی سەفەویش، لەدەرباری ئەفشار، زەند، قاجاردا پیڕەوی کرا.

سەرەنجامی هەڵۆخان

شا عەباس، لەهەڵۆخانی ئەردەڵان دڕدۆنگ بو، چونکە بۆ دەربڕینی دڵسۆزیو فەرمانبەری، هەرگیز نەچوبوە لایو لە لەشکرکێشیەکانیدا بەشداریی نەکردبو. بەبیانوی ئەوەی هەڵۆخان لەبەر پیری کەنەفت بوەو، لەناو عەشائیردا دەسەڵاتی نەماوە، خان ئەحمەدخانی کوڕی، کەهەر لەمناڵیەوە لەدەرباری شادا پەروەردە کرابو، ناردەوە بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم لەجێگەی باوکی ببێ بەوالی ئەردەڵان (١٠٢٣). (عالم ارا: ٨٦٧).

هەڵۆخان ئەمەی پێ خۆش نەبو، بەخۆشیی ئامادە نەبو کاروباری وڵاتی تەسلیم بکا. مێژونوسی سەفەوی ئەم لاملییەی هەڵۆخان بەجۆرێك‌و مێژونوسەکانی ئەردەڵانیش بەجۆرێکی تری لێك ئەدەنەوە. (عالم ارا: ٩٢٦) ئەڵێ: بەپێی سروشتی مرۆڤ کە تا ئەمرێ ئامادە نیە دەس لەماڵ‌و موڵکی دنیاو پلەو پایەو دەسەڵات هەڵبگرێ، کاروباری وڵاتی تەسلیمی خان ئەحمەدی کوڕی نەکرد. مێونوسەکانی ئەردەڵانیش ئەڵێن: خان ئەحمەدخان ڕەفتاری کوردیو عەشیرەتی گۆڕیبو بەرەفتاری قزلباش‌و، هەڵۆخان ئەترسا سەربەخۆیی وڵاتەکەی بەهۆی ئەمەوە لەناو بچێ.

خان ئەحمەد ساڵی ١٠٢٦ دوای ئەوەی بەشەڕوشۆڕ هەڵۆخانی باوکی شکاندو ناچاری کرد بکشێتەوە قەڵای حەسەناوا، بەیارمەتی دایکی بەفێڵ قەڵای حەسەناواو، لەناو قەڵاکەیشدا باوکی گرت‌و، بەگیراوی ڕەوانەی ئەسفەهانی کردو، خۆی کاروباری ئەردەڵانی گرتە دەس. (عالم ارا: ٩٢٦)، (لب: ٤٩-٥٠)، (مستوره: ٤٨-٤٩)، (حدیقه: ١٣٠-١٣١)، (تحفه: (١١٠-١١١).

هەڵۆخان لەو کاتەدا وەکو (عالم ارا: ٩٢٧) ئەڵێ تەمەنی لەهەشتا تێپەڕی بو بەڵام بەحەفتا ساڵ ئەچو. شا بڕیاریدا پاشماوەی ژیانی لەسەڵتەنەتخانەی ئەسفەهان، بەسەر بەرێ.

بەقسەی مێژونوسەکانی ئەردەڵان شا عەباس ڕێزی زۆری لەهەڵۆخان گرتوە، قازی مەلا شەریف ئەڵێ هەتا مرد لەئەسفەهان گل درایەوە، بەڵام (خەسرەو بەگ: ٥٠) ئەڵێ پاش ماوەیەك ڕێگە درا بگەڕێتەوە کوردستان بەو مەرجەی دەس نەخاتە ناو کاروباری ئەمارەتەکەوە. (مستوره:٤٩) هەردو قسەی گێڕاوەتەوە بێ ئەوەی ڕەئی خۆی بداو ئەڵێ خوا خۆی باشتری ئەزانێ. نوسەرانی (حدیقه: ١٣١)و (تحفه: ١١١) قسەکەی خەسرەو بەگیان وتۆتەوەو، ئەوەندەیان لێ زیاد کردوە کەدوای ٦ مانگ بەرێزو سەربەرزیەوە ڕێگەی گەڕانەوەی دراوە، بەڵام (عالم

ارای عباسی: ۱۰۷۰) مەسەلەکەی بەچاکی رون کردۆتەوەو، لەناو روداوەکانی ساڵی ۱۰۳٦دا نوسیویتی: ((هەڵۆخان، لەمیرەکانی زەمانی شا... بو، بەو جۆرەی کەپێشتر باس کرا مەملەکەتی میراتیی بەخان ئەحمەدخانی کوڕی سپارد، بەپێی فەرمان لەئەسفەهان دانیشت بو. تەمەنی لە۹۰ تێپەڕی بو، لەم ساڵەدا بێ ئەوەی نەخۆش بکەوێ، کتوپڕ مرد)).

لێرەدا چەند پرسیارێ دێتە پێشەوە: تۆ بڵێی مێژونوسەکانی ئەردەڵان ((عالم ارای عباسی)) یان نەخوێندبێتەوە، کەیەکێ لەبەناوبانگترینی مێژوەکانی ئەوسای ئێرانەو، نوسەرەکەیشی روداونوسی رەسمیی شا عەباسو هاوزەمانی روداوەکە بوە. یان خوێندویانەتەوە، بەڵام باوەڕیان بەگێڕانەوەکەی ئەو نەکردوە؟ یاخود بۆ مەبەستێکی سیاسی ئەبێ ئەم روداوەیان گۆڕی بێ؟

خان ئەحمەد خانی یەکەم (۱۰۲۵-۱۰٤٦)

-۱-

سەردەمی ژیانو حوکمڕانی خان ئەحمەدخان، سەردەمێکی نائارامو ئاڵۆزو پڕ شەڕوشۆڕ بوە. لەلایەکەوە شەڕوشۆڕی رۆمو عەجەمو لەشکرکێشی یەك لەدوای یەك، لەلایەکی ترەوە نائارامی هەلومەرجی ژیانی تایبەتی خۆی: خیانەتی خاتو کلاوزەری هاوسەری، بەشداری لەشکرکێشی بۆ سەر بەغدادو کەرکوكو موسڵ، شێت بونی، کوێرکردنی کوڕەکەی، هەڵگەڕانەوەی لەدەرباری سەفەوی، پەنابردنی بۆ عوسمانی، شکانی لەدەشتی مەریوان... بێگومان، خان ئەحمەد خان یەکێ بوە لەخانە هەرە گەورەکانی ئەردەڵانو، دەورێکی گرنگی لەروداوەکانی ئەردەڵانو ناوچەکەدا گێڕاوە. مێژونوسەکانی ئەردەڵان، هەمویان بەرێزێکی زۆرەوە چەندین لاپەڕەی مێژوەکانیان بۆ باسی سەروەریەکانی تەرخان کردوە، بەڵام زنجیرەی روداوەکانیان لێ تێکەڵاو بوە. درێژەیان بەهەندێ روداوی بچوكو بێ بایەخ داوەو، هەندێ روداوی گرنگو کاریگەریان فەرامۆش یان بەکورتی گێڕاوەتەوە. لێرەدا، بەیارمەتی ئەوانو هەندێ سەرچاوەی مێژویی تر، هەوڵ ئەدەم سەرلەنوێ روداوەکان دابڕێژمەوە.

-۲-

شاعیرێکی ئەو سەردەمە روداوە گرنگەکانی ژیانی خان ئەحمەد خانی، بەحسابی ئەبجەد بەوردی بە٥ وشە، لە ٤بەیتی فارسی‌دا کورت کردۆتەو، ئەڵێ:

خان اکراد یعنی خان احمد

سال (بخت: ۱۰۰۲) امد از عدم بیرون

سال (کج بخت: ١٠٢٥) یافت حکم جلوس
در (غلط: ١٠٣٩) گشت ابله و مجنون
باز صحت بیافت اندر (غم: ١٠٤٠)
یافت حکمی از پیشتر افزون
سال (غم ها: ١٠٤٦) هزیمتش دادند
رفت بیرون از این زمانه دون
کوردیەکەی:
خانی کوردەکان، واتە: خان ئەحمەد،
ساڵی (بەخت) لەنەبون هاتە دەرێ
ساڵی (بەختی کەچ) فەرمانی حوکمڕانی وەرگرتو، لە (غەڵەت)دا گەوج‌و شێت بو
لەناو (غەم)دا چاك بوەوە، لەجاران زیاتر دەسەڵاتی پەیداکرد
ساڵی (غەمەکان) شکاندیان‌و، لەم زەمانە دونە دەرچوە دەرێ!

-٣-

پەلاماردانی موکری‌و بلْباس

پێ ئەچێ خان ئەحمەد خان سەرەتای فراواغوازی قەڵەمڕەوەکەی بە لەشکرکێشی بۆ سەر موکری‌و بلْباس دەس پێکرد بێ. لەم هێرشەدا بێ بەزەییانە کەوتۆتە راونان‌و کوشتن‌و تاڵانکردنیان. ئێلەکانی موکری‌و بلْباس لەو ئێلانەبون، کە بەدرێژایی سەردەمی سەفەوی، لەگەڵ دەسەڵاتی قزلباشدا لەململانێدا بون. چەندین جار کەوتونەتە بەر هێرشی خوێناوی قەتلوعام‌و تاڵانی سەرو ماڵ. یەکێ لەو هێرشە خوێناوییانە، لەساڵی ١٠١٩دا، شا عەباس خۆی سەرکردایەتی کردوە، کەمەلا جەلالی موننەجیم بەدرێژی گێڕاویەتیەوە. خان ئەحمەدخانیش کەپەروەردەی دەرباری شا عەباس‌و دڵسۆزی گوێڕایەڵی بێ چەنوچونی بوە، دورنیە هێرشەکانی ئەمیش درێژەکێشانی هێرشەکانی ئەو بوبێ. (بڕوانە: ملا جلال الدین منجم: ((تاریخ عباسی، یا روزنامە ملا جلال))، بەکوشش سیف الله وحیدنیا، تهران، ١٣٦٦)

-٤-

داگیرکردنی بەغداد

بەکر، یەکێ لەئینکشاریەکانی بەغداد کەگەیشتبوە پلەی سوباشی، دەسەڵاتی زیادی کردبو چاوی بڕی بوە ئەوەی ببێتە پاشای بەغداد، لەپیلانێکی شێوە کودەتاییدا پاشای کوشت‌و، ناحەزەکانی تری لەناوبرد. داوای لەبابیعالی

کرد خۆی بکەن بەپاشای بەغداد. بابیعالی کەسێکی تری دانا بەپاشاو تا گەیشتنی ئەویش کەسێکیان نارد کاروباری بەغداد وەربگرێ تا وەزیری تازە ئەگات، بەکر ئەمیشی کوشت. فەرمان درا بەحافظ ئەحمەد پاشای والی دیار بەکر والی تازە بباتە سەر شوێنەکەی. ئەمیش هێزەکانی پاشاکانی دیاربەکر، موسڵ، مەرعەش‌و سیواسی کۆکردەوەو بەڕێگای موسڵ‌و کەرکوکدا بەرەو بەغداد چو، لەسەروی شاردا، نزیك ئەعزەمیە، بارگەی خست.

دانوسەندنی نێوان بەکرو حافظ بەئەنجام نەگەیشت، چونکە بەکر سوربو لەسەر ئەوەی فەرمانی پاشایەتی بەغدادی بۆ دەربچێ. چەند شەڕێ لەنێوان هێزەکانی بەکرو حافظ دابو، بێ ئەوەی هێزەکانی حافظ هیچ سەرکەوتنێ بەدەس بهێنن. بەکر کلیلی شاری بەغدادی بۆ شا عەباس ناردو داوای یارمەتی لێ کرد. شا عەباس ئەم هەلەی بەدەرفەت زانی، بۆ ئەوەی عیراق‌و پیرۆزگاکانی بگرێ. دەسبەجێ فەرمانی بۆ حاکمەکانی سەرسنور، لەوانە حاکمی ئەردەڵان، کە ئەوسا خان ئەحمەد خان بو، دەرکرد، بەسەرکردایەتی حاکمی هەمەدان کۆببنەوەو، بچن بۆ یارمەتیدانی بەکر سوباشی.

هێزێکی گەورەی ئێران بەسەرکردایەتی قەرچغای خان گەیشتە شارەبان. لەوێوە هەواڵیان بۆ سەرداری عوسمانی نارد: لەبەر ئەوەی بەغداد بۆتە شارێکی ئێرانی‌و، بۆ ئەوەی ئاشتی لەنێوان ئەم دو میللەتەدا دابین ببێ، داوایان لێ کرد ئەو ناوچەیە چۆڵ بکات. لێشاوی هێزی ئێرانی بەڕێگاوەبو. حافظ پاشا، بەرەو دوا کشایەوە موسڵ. قەرچغای خان گەیشتە بن دیواری بەغدادو داوای خۆبەدەستەوەدانی لەبەکر کرد. بەکر ملی نەدا.

شا عەباس لەهاوینی ١٠٣٣ (١٦٢٣)دا گەیشتە بەغداد. گەمارۆدانی بەغداد پێی نایە مانگی سێیەمەوە، پارێزەرانی قەڵاو دیوارەکان ورەیان بەرداو، محەمەدی کوڕی بەکر بەنهێنی لەگەڵ شا پێکهات شاری بەدەستەوە بدا بەو مەرجەی ژیانی بپارێزێ. شەوی ٢٨ی تشرینی دوەمی ١٦٢٣ سەربازی ئێرانی چونە ناو بەغدادەوەو، لەبەیانی‌دا لەمنارەو سەربانی شوێنە بەرزەکانەوە شەیپوری سەرکەوتنی شای ئێران لێ دار. بەکر گیراو بە بەرچاوی محەمەدی کوڕیەوە بەئەشکەنجە کوژرا. هەمو سەربازەکانی عوسمانی‌و ژمارەیەکی زۆر سوننە گیران‌و، دەوڵەمەندەکان خرانە ژێر ئەشکەنجەوە. شا ئەیویست هیچ سوننەیەك بەزیندویەتی نەمێنێ. گۆڕخانەکانی ئەبو حەنیفەو شێخ عەبدولقادری گەیلانی روخێنران‌و، زۆری مزگەوت‌و قوتابخانەکان کرانە تەویلە. بەهەزاران ژن‌و مناڵ بەدیلی نێردرانەوە ئێران‌و فرۆشران‌و، جارێکی‌کە وڵاتەکەی خۆیان نەبینیەوە.

شا عەباس دوای ئەوەی زیارەتی پیرۆزگاکانی کردو، سەفیقولی خانی بەحاکمی بەغداد دانا، خۆی گەڕایەوە ئێرانو، قەرچغای خان چوە سەر ولایەتەکانی موسڵو شارەزور، ئەویشیان گرت. (لۆنگریك: ٧٦-٨٠).

هەندێ لەمێژونوسەکانی ئەردەڵان عاتیفە هەڵی گرتونو، ئەم سەرکەوتنە جەنگیە: گرتنی بەغدادو کەرکوكو موسڵیان، بەپاڵ خان ئەحمەد خان داوە. (لب: ٦٠-٦١)، (مستورە: ٥٧-٥٨)، (حدیقە: ١٣٣)، (تحفە: ١١٦-١١٧) بێگومان خان ئەحمەد خان لە لەشکرکێشیەکانی ئێراندا بۆ سەر عیراق بەشداریەکی کاریگەری کردوەو، بەسوپای کوردستانەوە لەو لەشکرەدا کە بەسەرکردایەتی شا عەباس شاری بەغدادی گرتو، لەو لەشکرەدا کە بەسەرکردایەتی قەرچغای خان موسڵو کەرکوکی گرت، بەشدار بوە. (عالم ارا: ١٠٠٢-١٠٠٦) بەڵام نەخان ئەحمەد بەتەنیا قارەمانی ئەم سەرکەوتنە بوەو نەهێزەکەیشی هێزی سەرەکی شەڕەکان بوە، ئەمیش یەکێ بوە لەو سەدان میرو سەردارانەی کە لەسەرانسەری ئێرانەوە لەگەڵ شا عەباس هات بون بۆ گرتنی بەغدادو، هێزەکەیشی جۆگەیەکی بچوکی دەریای ئەو لەشکرە گەورەیە بوە.

-٥-

مێژونوسەکانی ئەردەڵان درێژە بە لەشکرکێشیەکانی خان ئەحمەد خان ئەدەنو ئەڵێن: چوە سەر رەواندز، حەریر، کۆیە، ئامێدیو، بۆ هەر یەکێ لەم شارانە حاکمێکی لەبنئامۆزاکانی: کوڕو نەوەکانی بارام بەگی کوڕی سورخاب بەگ، کە کەشمەکەشی رۆژگار بێدەسەڵاتی کردبون، دانا. هەروەها موسڵی گرتو چوە سەر یەزیدیەکان کوشتاری زۆری لێ کردنو تاڵانی کردن. ئەم سەفەرە وەکو (لب: ٦١) ئەڵێ: ٧ ساڵو ٣ مانگی خایاندوە.

هەرچەندە ئەم هەواڵانە زۆریان پێوە نراوە، بەڵام ئەبێ لەو ساڵانەدا بوبێ، کەبەغدادو موسڵو کەرکوك گیراوەو، دەسەڵاتی عوسمانی لەعیراقدا نەماوەو، عیراق بۆتە بەشێکی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی فراوانی سەفەوی. لەو ساڵانەدا خان ئەحمەد خان جگە لەوەی والی ئەردەڵان بوە، بەگلەربەگی شارەزوریش بوە. قەڵەمڕەوی ئەردەڵان لەهیچ سەردەمێك دا، نە پێش ئەمو نە دوای ئەم، بەئەندازەی ئەم سەردەمەی خان ئەحمەد خان فراوان نەبوە.

-٦-

خان ئەحمەدخان ساڵانی ١٠٣٩-١٠٤٠ توشی نەخۆشی ئەقڵیی بوە. نەخۆشینەکەی ئەوەندە سەخت بوە، گەورەپیاوانی ئەردەڵان ناچار بون لەژورێکی تەنیادا بەزنجیرکراوی زیندانیی بکەن. (عالم ارا)یش لەڕوداوەکانی ساڵی

١٠٣٩دا، لەم بارەیەوە ئەڵێ: ((خان ئەحمەدخان، کە لەخاسانی حەریمی عیزەت‌و پەروەردەکراوەکانی ئەم دەوڵەتە بو... بەپێی فەرمانی شا، والی‌ی گوێلێگیراوی تایەفەکانی ئەردەڵان بو.. لەم کاتەدا توشی نەخۆشینێ‌بو نەیئەتوانی کاروباری وڵات بەڕێوە ببات، لەبەر ئەوەی پشت بەمیر مەئمونی برای نەئەبەستراو، گومانی لێ ئەکرا بیکوژێ، کاربەدەستانی دەوڵەت بەچاکیان نەزانی لەوێ بمێنێتەوە، هێنایانە دەربار بۆ ئەوەی پزیشکەکانی شا تیماری بکەن)).

نەخۆش کەوتنی خان ئەحمەدخان هاوزەمان بوە لەگەڵ چەند روداوی گرنگدا: مردنی شا عەباس (١٠٣٩)و هاتنی شا سەفی بۆ سەر تەخت‌و، هێرشی گەورەو فراوانی خوسرەو پاشای سەرداری عوسمانی بۆ سەر موسڵ‌و شارەزورو ئەردەڵان‌و هەمەدان.

-٧-

داگیرکردنی ئەردەڵان

عیراق‌و پیرۆزگاکانی بۆ دەوڵەتی عوسمانی گرنگیەکی گەورەی هەبو، بەتایبەتی لەڕوی مەعنەویەوە. لەبەر ئەوە نەیئەتوانی وازی لێ‌بهێنێ. چەند جارێ لەشکری ناردە سەری سەرکەوتو نەبو.

(لۆنگریك: ٨٧-٩٠) بەیارمەتی سەرچاوە عوسمانیەکان دەنگوباسی لەشکرکێشیەکی گەورەی عوسمانی بۆ سەر مەڵبەندی ئەردەڵان ئەگێڕێتەوە، کەخوسرەو بەگ‌و مەستورە لێی بێدەنگ بون‌و، (حدیقە)و (تحفە)یش بردویانەتە سەردەمی حوکمڕانی سلێمان خانی کوڕی عەلەمەدین.

خوسرەو پاشا، لەئایاری ١٦٢٩ (١٠٣٩)دا، بە لەشکرێکی گەورەوە بەرەو عیراق بۆ ئازادکردنی بەغداد کەوتە رێ. بەسەر قۆنیەو حەڵەب‌و دیاربەکردا گەیشتە موسڵ. ئەو وەرزەی ساڵ زۆر سەخت بو. لەهەندێ شوێن بەفری زۆرو لەناوەڕاستی عیراقدا بارانێکی زۆر باری. پیرەکانی وڵات بەدرێژایی تەمەنیان بارانی وا زۆریان لەموسڵ نەدی بو. رێگەوبانەکان هەموی بوبون بەقوڕو چڵپاو. لەبەر ئەوە پەلاماردانی بەغدادیان لەو هەلومەرجەدا بەباش نەزانی.

هێزەکە لەزێی گەورە پەڕییەوە بەنیازی ئەوەی پەلاماری خواروی عیراق‌و رۆژهەڵات بدا. لەنزیك هەولێر ئەنجومەنێکی جەنگییان بەست. حاکمە ئێرانیەکانی هەولێرو کەرکوك هەڵاتن بۆ بەغداد. هەمو سەرکردەکانی سوپاو سەرۆکی تیمارەکان‌و بەگەکانی کوردو شێخەکانی عەرەب، لەم ئەنجومەنەدا، بەشدار بون. دەرکەوت هێرش بەرەو خواروی عیراق، بەهۆی قوڕو چڵپاوی رێگەو

مەترسی گوشاری دوژمنانەی ئەردەڵان لەپشتەوە، لەکردن نایەت. بڕیار درا یەکەمین هێرش بۆ سەر شارەزور بکرێ، بۆ پاککردنەوەی لەلایەنگرانی ئێران.

ئەو کاتە هێشتا خان ئەحمەدخان والی ئەردەڵانو بەندەی دڵسۆزی شا بو، بەڵام خۆی نەخۆشو لەناو خزمەکانیشیدا زۆری تیدا بو لایەنگری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی سوننە بون. کەئۆردوی رۆم لەکەرکوکەوە بەرەو رۆژهەڵات کشا زۆر لەبەگەکانی ئەردەڵانو ۲۰ خانی کورد بۆ دەسماچکردنی وەزیر ئامادە بون.

سوپای عوسمانی لەبەردەم تولەڕێی شاخەکانی هەورامانیدا لەگوڵعەنبەر (خورماڵ) راوەستاو، سەرکردەکانی ئەنجومەنێکی جەنگیی گرنگیان بەست. بڕیاریاندا ئەو قەڵا کۆنە ئاوا بکەنەوە، کەسوڵتان سلێمانی قانونی کاتی خۆی لەسەر سنور دروستی کردبوو، دوای ئەو شا عەباس روخاندبوی. پاش ۷ حەفتە کاری سەخت قەڵاکەیان دروست کردەوە. ئینجا خوسرەو پاشا پێشەنگی هێزەکانی نارده سەر وڵاتی ئەردەڵان، یەکەم ئامانجیان قەڵای مەریوان بو، گرتیانو هێزێکی پارێزگارییان لێدانا. هێشتا هێزی سەرەکی عوسمانی لەشارەزور چاوەڕوان بو، زەینەڵ خانی شاملو، سەرکردەی گشتی هێزەکانی ئێران، لەهەمەدانەوە بەخێرایی جمی، بەتەمابو راستەوخۆ هەڵ بکوتێتە سەر شارەزور کەبنکەی ئۆردوی رۆمی لێبو. سوپای قزلباشو ئۆردوی رۆم لەدەشتی مەریوان بەرەنگای یەك بون. لەسوپای قزلباش چەند هەزار کەس کوژراو، زەینەڵ خان بەشکاوی گەڕایەوە ئۆردوگای شا سەفی. شا لەسەر ئەم شکانە لەسەری زەینەڵ خانیداو، رۆستەم خانی لەجێگەی ئەو کردە سوپا سالار.

لۆنگریك نوسیوێتی کەخان ئەحمەدخان، لەم لەشکرکێشییەدا، لەگەڵ زەینەڵ خان بوە. ئەمە جێگەی گومانە، چونکە لەو کاتەدا باری تەندروستی خان ئەحمەد بەرادەیەك خراپ بوە تینو توانی بەشداری تیدا نەبوە. رەنگە ئەوەی بەشداربوە، سلێمان خانی کوڕی میر عەلەمەدین بوبێ، کەیەکێ لەنزیکەکانی شا سەفیو، دواتریش لەجێگەی خان ئەحمەدخان کراوە بەوالی ئەردەڵان. رەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بێ نوسەرانی حدیقەو تحفە لەژیننامەی ئەودا گێڕاویانەتەوە.

دوای ئەم سەرکەوتنە خوسرەو پاشا چوە ناو خاکی ئەردەڵانەوە. قەڵای حەسەناوای گرتو زۆری لێ کوشتنو تاڵانی کرد. لەحوزەیرانی ۱٦۳۰ (۱۰٤۰)دا گەیشتە هەمەدان. ٦ رۆژ کوشتاریان تیدا کردو شارەکەیان تاڵانو وێران کردو گەیشتنە دەرگەزێنو ئەویشیان وێران کرد.

لەئەنجومەنێکی جەنگیدا، سەرکردەکانی ئۆردوی عوسمانی بڕیاریاندا بەرەو بەغداد بگەڕێنەوە، بەتایبەتی ئیتر کەهاوینیش داهات بو، ئەو وەرزەی عیراق

لەباربو بۆ لەشکرکێشی. ئۆردوی رۆم روی بەرەو رۆژئـاوا وەرگێـرا. بەلورِسـتاندا گەرِایەوە دەشتی دیالەو، لەتشـرینی دوەمدا دەوری بەغـدادی دا. گەمارۆدانەکـە سەرکەوتو نەبو. خوسرەو پاشا برِیاری کشـانەوەیدا لـەرِۆژانی یەکـەمی ١٦٣١دا گەیشتە موسلّ.

-٨-

سالّی ١٠٤١ خان ئەحمەدخان لەنەخۆشینەکەی هەستایەوەو، هەر ئـەو سـالّە بەهێزێکی ئێرانیەوە بەرەو شارەزور بەرِێ کەوتو، هێزەکانی ئـەردەلاّنیش دایانـە پالّی. هەمو ئەو شوێنو قەلاّیانەی شارەزوری گرتەوە، کەسـالّی پێشـو لەشـکری عوسمانی گرتبونی، ناوچەکە هاتـەوە ژێردەسـتی خـۆی. ٥ لـەو پاشـایانەی لـەم ناوچەیەدا دانرابونو، خان ئەحمـەدخان لـەم هێرشـەدا راوی نـابون، هـەلاّتن بـۆ موسـلّ، لەسـەر ئـەم هەلاّتنـە هـەر پێنچـیان کوشـتن. (ذیـل عـالم ارا: ٥٩)، (لۆنگریك: ٩٠).

-٩-

سەرەنجامی خان ئەحمەدخان

سورخابی کـورِی خـان ئەحمـەدخان، کـەوەکو (ذیـل شـرفنامە: ١٩) ئـەلّێ: ((کەبنەچەکەی دەگەرِایەوە بۆ پەردەنشینانی حەرەمسەرای شـاهی))، لـەزەمانی شا عەباسەوە لەئەسفەهان لەدەرباری سەفەویدا بۆ پـەروەردەکردن راگیرابـو. شـا سەفی دلّی لّی پیس کردو چاوی دەرهێنا. ئەم هەوالّە خان ئەحمـەدخانی هەژانـد. بەقسەی (ذیل عالم ارا: ١٨٩): سالّی ١٠٤٦ لەئێران هەلّگەرِایـەوەو پـەنای بـۆ دەولّەتی عوسمانی برد.

لەو کاتەدا لەنێوان رۆمو عەجەمدا هێشـتا بـارودۆخی جـەنگ بـەردەوام بـو، هێزێکیان بـۆ یارمـەتیـداندا بـەخان ئەحمـەدخان. هێزێکـی ئێرانـی لەدەشـتی مەریوان هاتە سەر ئەم هێزەی لەگەلّ خان ئەحمەدخان بو. شەرِ بـەقازانجی ئێـران بەلادا کەوت. لەشکری رۆمو خان ئەحمەدخان شکان (١٠٤٦). خـان ئەحمـەدخان بەشکاوی کشـایەوەو چـوە موسـلّ. هـەر لـەو سـالّەدا لەتەمـەنی ٤٤ سـالّیدا بەئاوارەیی لەموسلّ جوانەمەرگو لەنەبێ یـونس بـەخاك سـپێردرا. (لـب: ٦٣-٦٦).

بەم پێیە ئەو هەوالّەی (حدیقە: ١٣٤)و (تحفە: ١٢٠) ئەیگێرِنەوە، کەگوایـە: خان ئەحمەدخان، کرماشان، هەمەدان، ورمـێی هێناوەتـە ژێـر دەسـتی خـۆیو، حاکمـەکانی قزلباشـی لێ دەرکـردنو هـی خـۆی لەجێگـە دانـاونو، سـولّتانی عوسمـانییش ولایەتـەکانی موسـلّو کـەرکوکی پـێ بەخشـیوە. مـاوەی ٧ سـالّ

بەسەربەخۆیی حوکمڕانی کردوەو، لەمینبەری مزگەوتەکاندا خوتبە بەناوی ئەمەوە خوێندراوەتەوەو سکەی پارەی بەناوی خۆیەوە لێ داوە... لەهیچ سەرچاوەیەکدا، تەنانەت لەمێژوەکانی خەسرەو بەگو مەستورەیشدا، پشتیوانی لەم چیرۆکانە نەکراوە، لەبەر ئەوە دور نیە هەڵبەستی خەیاڵی خۆیان بێ.

محەممەدخان کوڕی خوسرەوخان (١١٠٥-١١١٣؟)

-١-

ئەگەرچی خوسرەوخانی باوکی بەفەرمانی شا سلێمان کوژرابو، بەڵام خۆی لەدەزگای سەفەویدا لەئەسفەهان مابوەوە. شا سولتان حسێن، کەهاتە سەر تەخت، محەممەدخانی لەجێگەی خان ئەحمەدخان کرد بەوالیو ڕەوانەی کوردستانی کردەوە.

-٢-

بوژانەوەی میرایەتی بابان

لەسەردەمی ئەمدا، میرایەتی بابان، سەرلەنوێ بوژایەوەو، وەکو هێزێکی کاریگەر لەڕوداوەکانی ناوچەکەدا هاتە مەیدانەوە. سلێمان بەبە، ناوچەکانی مەرگە، شارباژێڕ، قەرەداخی هێنابوە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو، هێزێکی گەورەو دەزگایەکی زلی پێکەوە نابو. لەو ماوەیەدا قاتوقڕیو برسێتیەکی کوشندە لەبەغداد بڵاوبوەوە. سلێمان بەبە لەگەڵ دلاوەری، موتەسەڕیفی شارەزوردا بو بەشەڕی، دلاوەر کوژراو، سلێمان بەبە کەرکوکی گرت، کەناوەندی ولایەتی شارەزور بوو. والی بەغداد بەگفتو گەف ویستی بیهێنێتەوە ژێرباری فەرمانبەری، کەڵکی نەبو. هێزی نارده سەری ئەویش چاری نەکرد.

-٣-

لەهەوڵی فراوانخوازیدا، سلێمان پەلاماری قەڵەمڕەوی ئەردەڵانیدا. هەورامان، مەریوان، بانە، سەقزی گرت. محەممەدخان چاری هێرشی سلێمان بەبەی پێ نەکرا. شا سولتان حسێنی سەفەوی نامەی شکاتی بۆ سولتانی عوسمانی ناردو، لەهەمان کاتدا لەشکرێکی گەورەی بەسەرکردایەتی عەباسقولی خانی زیادئۆغلی قاجار نارده سەری. لەدەشتی مەریوان لێکیاندا. دوای شەڕێکی خوێناوی سەرداری قزلباش سەرکەوتو، سلێمان بەبە بەتێشکاوی کشایەوە. (لب: ٧٤) ئەم هێرشەی سلێمان بو بەهۆی هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی محەممەدخانو، دورخستنەوەی میرەکانی ئەردەڵان، تا چەندین ساڵ، لەکاروباری کوردستان.

ئه نجامه‌کانی شه‌ڕی مه‌ریوان (١١١١)

میر سلێمان، میری بابان به‌شێکی وڵاتی ئه‌رده‌ڵانی گرت. له‌و کاته‌دا محه‌مه‌دخانی کوڕی خه‌سره‌وخان والی ئه‌رده‌ڵان بو. والی خۆی به‌رگه‌ی ئه‌م هێرشه‌ی نه‌گرت. شا سوڵتان حسێنی سه‌فه‌وی، له‌لایه‌که‌وه نامه‌ی شکاتی بۆ سوڵتانی عوسمانی نارده‌و داوای سزادانی میری بابانی کردو، له‌لایه‌کی تره‌وه له‌شکرێکی گه‌وره‌ی به‌سه‌رکردایه‌تی عه‌باسقولیخانی قاجار نارده سه‌ری. له‌ده‌شتی مه‌ریوان شه‌ڕێکی قورس له‌نێوان له‌شکری بابان‌و سه‌فه‌وی‌دا قه‌وما. له‌شکری بابان شکا.
ئه‌م شه‌ڕه دو ئه‌نجامی به‌دوی خۆی‌دا هێنا:

یه‌که‌میان، ئێران قه‌تڵوعامی کورده‌کانی ئه‌رده‌ڵان‌و، عوسمانی قه‌تڵوعامی کورده‌کانی بابانی کرد.

((قاسم سوڵتانی هه‌ورامی به‌عه‌باس خانی سه‌ردار رائه‌گه‌یه‌نێ که‌محه‌مه‌دخانی والی‌و ئه‌هالی کوردستان له‌گه‌ڵ سلێمان پاشای به‌به هه‌م به‌یعه‌ت‌و هه‌م داستان بون. سه‌ردار حوکمی کوشتنی ئه‌هالی کوردستان ده‌رئه‌کا. مناره‌یه‌ك له‌که‌لله‌ی سه‌ره‌کانیان دروست ئه‌که‌ن‌و سه‌ری قاسم سوڵتانیش له‌سه‌رو هه‌مو سه‌ره‌کانه‌وه دائه‌نێن. من حفر بئرا لاخیه فقد وقع فیه)) (لب: ٧٦)، (مستوره: ٧٦-٧٧)و، به‌قسه‌ی (تحفه)و (حدیقه) له‌سه‌ر ئه‌م دوزمانیه، سه‌رداری له‌شکری سه‌فه‌وی، ١ هه‌زارو ٥ سه‌د که‌سی لێ کوشتن‌و، مناره‌یه‌کی له‌که‌لله‌ی سه‌ریان دروست کرد.

به‌ڵام به‌پێچه‌وانه‌ی قسه‌کانی (لب: ٧٦) که‌ئه‌ڵێ: سلێمان به‌به (له‌گه‌ڵ تاقمێکی که‌م هه‌ڵات‌و ره‌وانه‌ی ئه‌سته‌موڵ کرا))، یان قسه‌کانی (مستوره: ٧٧) که‌ئه‌ڵێ: ((سلێمان پاشای بابان که له‌هه‌ردو ده‌وڵه‌ت یاخی ببو پاش وتووێژ له‌گه‌ڵ والی به‌غدا چاره‌نوسی خۆی له‌وه‌دا دیت، که‌عوزر بۆ ده‌رباری عوسمانی بێنێته‌وه‌و لێیان نزیك بکه‌وێته‌وه.)) یان (لۆنگریك: ١٠٦) که‌ئه‌ڵێ: ((له‌ئه‌سته‌موڵ به‌خۆشیه‌وه پێشوازی لێ کرا..))، یان (زکی، تاریخ السلیمانیه: ٦٣-٦٤) که‌ئه‌ڵێ: ((کرا به‌حاکمی ئه‌درنه))، به‌ڵکو وه‌کو (هامه‌ر پورگشتال: ٤/ ٢٨٨٣) نوسیوێتی: ((له‌زه‌مانی حکومه‌تی حه‌سه‌ن پاشادا... به‌یارمه‌تی پاشاکانی حه‌ڵه‌ب‌و دیاربه‌کر شکێنراو، له‌گه‌ڵ ١٧ به‌گی کوردا که له‌یاران‌و یاوه‌رانی ئه‌و بون، کوژرا...)).

دوه‌میان، له‌هه‌ردو ئه‌ماره‌ت‌دا تا چه‌ند ساڵێ ده‌سه‌ڵات له‌م لا له‌ده‌ست بنه‌ماڵه‌ی ئه‌رده‌ڵان‌و له‌ولا له‌ده‌س بنه‌ماڵه‌ی بابان ده‌رچو.

لەم روداوانەدا محەمەدخانی ئەردەڵان لێخرا، ئاخۆ ئەویش کوژراوە یان دور خراوەتەوە، مێژوەکانی ئەردەڵان، جگە لە (لب: ٧٧) کەئەڵێ تا ساڵی ١١١٣ والی بوە، ئەوانیتر لەو بارەیەوە هیچ زانیاریەك بەدەستەوە نادەن. بەڵام دەرباری سەفەوی دوای ئەوە تا ماوەیەك ئیتر راستەوخۆ حاکمی بۆ کوردستان داناوە. بەڕێز محەمەدخانی گورجی (١١١٣-١١١٦)، حەسەنعەلیخانی ئیعتیمادەل دەولە (١١١٦-١١١٨)، ئینجا حسەینعەلیخانی برای (١١١٨-١١١٩)، ئەنجا کەیخوسرەو بەگ (١١١٩-١١٢١) کراون بەحوکمڕانی کوردستان. (مستورە: ٧٩)، (تحفە: ١٢٨-١٣٠).

لەو لایش میرایەتی بابان لەو پەڕی نائارامیدا دابەش بوبو، ماوەی چەند ساڵێ ((موتەسەللیم))ی تورك راستەوخۆ بەڕێوەیان ئەبرد، تا خانە پاشا، لەسییەکانی ئەو چەرخەدا، هاتەوە مەیدان. (العزاوي: ٥/ ١٩١)، (لۆنگریك: ١٥٧).

تێبینی: بۆ درێژەی ئەم شەڕە بڕوانە: (ذیل: ٢٢)، (لب: ٧٤-٧٦)، (مستورە: ٧٥-٧٧)، (تحفە: ١٢٧)، (حدیقە: ١٤١)، (نوائي: ١٢٩-١٣٠)، (لۆنگریك: ١٠٥)، (امین زکی، تاریخ السلیمانیە: ٦٢).

بنیاتنانی شاری سنه
سلێمان خان کوڕی عەلەمەدین (١٠٤٦-١٠٦٦)
-١-

کەخان ئەحمەدخان لەدەرباری سەفەوی هەڵگەڕایەوەو پەنای بۆ رۆم برد، شا سەفی (١٠٣٩-١٠٥٢)، سلێمان خانی کوڕی میر عەلەمەدینی لەجێ‌کرد بەوالی ئەردەڵان. میر عەلەمەدینی باوکی، لەسەردەمی خان ئەحمەدخان دا پەنای بۆ رۆم بردبو، بەڵام بەنائومێدی لەوێ مردبو، ئەو کاتە سلێمان خان لەگەڵ خان ئەحمەدخان دا بەشداری شەڕو لەشکرکێشیەکانی بو. سلێمان خان ئازاو لێوەشاوەبو. خان ئەحمەدخان سڵی لێ‌ئەکرد، ویستی لەناوی بەرێ. سلێمان لەخۆی ترساو هەڵات. پەنای بۆ دەرباری شا سەفی برد. لەپێش‌دا گوێی پێ نەدراو ژیانێکی ناخۆشی بەسەر ئەبرد. تا شا سەفی بەلەشکرەوە بۆ شەڕی عوسمانی چوە سەر قەڵای ئێرەوان. سلێمان لەم شەڕەدا ئازایەتی نواند. ئەمە بو بەهۆی نزیککەوتنەوەی لەدەزگای سەفەوی. کە خان ئەحمەدخان لێ‌خرا، شا سەفی ئەمی نارد بۆ کوردستان.

-٢-

بنیاتنانی سنه

سلێمان بەڵێنی بە شا دابو، ((دارولمولکی کوردستان)) بگوێزێتەوە، ساڵی ١٠٤٦ هەمان ساڵی دەسپێکردنی حوکمڕانی خۆی‌و، تێشکانی خان ئەحمەدخان‌و مردنی، لەسەر گردێك لەجێگایەك‌دا کەناوی ((سینە)) بو قەڵایەکی قایمی دروست کرد. خانوو حەمام‌و مزگەوت‌و بازاڕی تێ‌دا بنیات نا. چەند جۆگەیەکی لەدەشتی سەرنووێی رۆژئاوای سنەوە راکێشاو، بە ٣ حوشترگەرو ئاوەکەی بۆ ناو قەڵا سەرخست. قەڵاکانی زەڵم، حەسەناوا، پڵنگانی روخاندو، ((دارولحکومە))ی ئەردەڵانی گوێزایەوە قەڵای تازە، کە لەناو خەڵك‌دا بە سنە ناوی دەرکرد. (لب ٦٧-٦٩)، (مستورە: ٦٤-٦٦)، (حدیقە: ١٣٦-١٣٧).

مێژونوسەکانی ئەردەڵان ئەڵێن نیاز لەروخاندنی قەڵاکانی زەڵم، حەسەناوا، پڵنگان، ئەوە بوە کەئیتر هیچکام لەمیرەکانی ئەردەڵان نەتوانن لەکاتی سەرپێچی‌و یاخی بون‌دا لەشاکانی ئێران خۆیانی تێ‌دا قایم بکەن. رەنگە ئەمە هۆیەك بێ، بەڵام هۆی لەمە گرنگتر ئەوەبوە: میرەکانی ئەردەڵان ویستویانە بنکەی ئەمارەتەکەیان لەسنوری دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی‌و دەستدرێژیەکانی پاشەڕۆژی دور بخەنەوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی شارەزور، شارباژێر، قەرەداخ لەسنوری قەڵەمڕەوی ئەمان‌دا نەماو، کەوتە سنوری دەوڵەتی عوسمانیەوە، ئیتر

ئەم قەلایانە هەمو کەوتبونە سەر سنورو، بەئاسانی لەشکری دوژمن ئەگەیشتە سەریان.

گوێزانەوەی میرەکانی ئەردەلان لەقەلایەکەوە بۆ قەلایەکیتر، پێوەندی بەخۆشییو ناخۆشیی ئاوو هەواو، هەژارییو دەوڵەمەندیی ناوچەکەو، هاتوچۆی بازرگانیو، کاروباری رۆشنبیرییەوە نەبوە، بەڵکو هۆی بڕیاردەر لەپلەی یەکەم دا، هەمیشە ئاسایش بوە. دروستکردنی شاری سنەیش هەر لەبەر هۆی ستراتیجی-جەنگیی بوە.

سنە بەدرێژایی چەند قەرن، جگە لەوەی ناوەندی دەسەلاتی والیەکانی ئەردەلان بو، بو بەمەڵبەندێکی گرنگی شارستانی، خوێندەواری، رۆشنبیریو بازرگانی.

-٣-

گرتنەوەی بەغدادو پەیمانی زەهاو

سوڵتان مرادی عوسمانی لەشکرێکی گەورەی سازداو خۆی لەگەڵی بەرێ کەوت بۆ گرتنەوەی بەغداد. شا سەفەوی کابرایەکی لاوازو زۆرتر خەریکی رابواردنو خۆشگوزەرانی بو، تا دەوڵەتداریو لەشکرکێشی. دوای گیرانی بەغداد گفتوگۆی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی دەس پێکرد. ئەم گفتوگۆیانە ساڵی ١٠٤٩، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە ئەرزی، دینی، سیاسیەکانیان، بە بەستنی((پەیمانی زەهاو)) کۆتایی هات، کەگرنگترینی هەمو ئەو پەیمانو رێککەوتنانە بو، کە تا ئەو کاتە لەنێوان ئەم دو دەوڵەتەدا بەسترابون. بەپێی ئەم پەیمانە:

سنوری نێوان هەردو دەوڵەتی لەقافقاسەوە تا سەروی خەلیج: لەئاخسقە، قارس، وان، شارەزور، بەغداد، بەسرە، دیاری کرد. لەم دابەشکردنەدا: مەریوان، قەلای مەریوان، دەرەتەنگ، لەگەڵ هۆزەکانی پیرەو زەردویی بەر ئێران کەوت. بەدرە، جەسسان، مەندەلی، سەرمیل، درنە، قەلای زەڵم، قزڵجە، سەرچاوەی چەمی چەقان لەگەڵ هۆزەکانی زیادینو هارونی لەئێلی جاف بەر عوسمانی کەوتن.

ئێران بەڵێنیدا ئیتر لەمینبەری مزگەوتەکانەوە واز لەسوکایەتی بەخەلیفەکانی راشیدینو سەحابەکانی پێغەمبەر بهێنن، عوسمانی بەڵێنیدا کەرەفتاری باش لەگەڵ زائیرانی پیرۆزگاکانی عیراقو، حاجییانی ئێرانی بکرێ.

هەردولا بەڵێنیان بەیەکتریدا کەدالدەی راکردوانی یەکتری نەدەن. (الراوی: ٢١١-٢١٦) (پارسادوست: ٤٥).

-٤-

سەرەنجامی سلێمان خان

سلێمان خان هەتا سەر نەیتوانی لەو شارەدا بژی کەخۆی بنیاتی نابو. دوای ئەوەی سوڵتان مراد هێرشی کرد بۆ سەر بەغدادو گرتی. خوسرەو پاشا بەلەشکرێکی گەورەوە پەلاماری شارەزوری‌دا. شارەزور، قەرەداخ، قزڵجە، شارباژێری گرت‌و چوە مەریوانەوە. وەکو (مەستورە: ٦٦) ئەڵێ: ((... لەبەرئەوەی کەسنورەکانی بەدەست ڕۆمەوە بون‌و سلێمان خان توانستی ئەوەی نەبو بەرەنگاریان بێتەوە، شا سەفی لێ‌ی بەگومان کەوت، بۆ ئەسفەهانی بانگ کردو لەوێ‌ی هێشتەوەو نەی هێشت جارێکی دیکە بۆ کوردستان بگەڕێتەوە، هەر لەوێ مایەوە تا فەرمانی خودای بەجێ هێنا)).

-٥-

کەلبعەلی خانی کوڕی سلێمان (١٠٦٠)

سلێمان کە لەئەسفەهان مرد، مورید سوڵتانی کەلوڕ سەرپەرشتیکەری کاروبارەکانی بو، پیاوێکی تێگەیشتوی زیرەك‌و، لەدەرباری شادا دەسڕۆیشتو بو. لەلای شا تێکەوت مولکەکانی بەسەر منداڵەکانی‌دا دابەش بکا، شا رازی بو:

کەلبعەلی خان لەسنەو، خوسرەو خان لەمەریوان‌و، زۆراب سوڵتانی کوڕی کەلبعەلی خان لەسیاکێو، مورید سوڵتان لەپڵنگان، دانران. هەورامان بەیەکێ لەسانەکانی خۆی‌و، ئێلی جاف‌و جوانڕۆیش بەیەکێ لەگەورەکانیان سپێردرا.

-٦-

خان ئەحمەد خانی دوەم، کوڕی کەلبعەلی خان

کەباوکی مرد ئەم لەجێگەی بو بەفەرمانڕەوای ئەردەڵان. بەپێچەوانەی باوکیەوە ئەم کابرایەکی دەسبڵاو بو. زۆرتر لەوەی خەریکی کاروباری وڵاتەکەی بێ، خەریکی خۆشگوزەرانی‌و رابواردن‌و راووشکار بوو. لەبەر ئەوەی لەدەسبڵاوی‌دا بێ حساب بو، ناویان نابو خانە زێڕینە.

خەسرەو خانی مامی، کەحاکمی مەریوان بو، لای شا سلێمان زمانی لێ‌داو بۆی تێچاند. شا سلێمان، فەرمانی لێخستنی خان ئەحمەدو دانانی خوسرەو خانی بەوالی ئەردەڵان دەرکرد. خوسرەو خان لەمەریوانەوە بەخێرایی بەڕێ کەوت‌و لەناکاو دای بەسەر خان ئەحمەدخان دا لەسنەو گرتی. بەزنجیرکراوی رەوانەی ئەسفەهانی کرد.

-٧-

خوسرەو خانی یەکەم، کوڕی سلێمان خان (١٠٨٩-١٠٩٣)

(مستورە: ٧١) لەباسی خوسرەو خاندا ئەڵێ: ((کاتێ لەساڵی ١٠٨٩دا خوسرەو خان چوە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، بەئازارو ئەشکەنجەدانو ستەمکاری گیانی خەڵکی هێنایە کونەلوتیانو دەوری هەمو بژێوو گوزەرانو بەڕێوەچونێکی لەهەژارو دەستەوسانان پێوە داو، بناغەی زوڵمو زۆری دامەزراندو چەسپاند. بانگی دەستدرێژیو ستەمکاریی بەگوێی ژێر دەستیاندا راهێشتو سامانێکی، خان ئەحمەدخانی برازای لەسەروبەندی فەرمانڕەواییدا بەخەڵکی کوردستانی بەخشی بو، بەشەقو تێهەڵدانو ریسواکردنو هەزار چەرمەسەرێ، لێی سەندنەوە. بەدئاکاریو بەدزمانیی بەئەندازەیێ گەیاند درندە بەدرندەیی خۆی نەی گەیشتویەتێ. گەورەو پچوك گیانیان هاتە کونە لوتیان، ناچار سکاڵاو گلەو گازنیان بردە بەر دەرباری سەفەوی)).

شا سلێمان لەئەسفەهان لەباتی ئەوەی دادیان بپرسێ، ئاشتی کردنەوەو رەوانەی کوردستانی کردنەوە. دوای گەڕانەوەی لەجاران خراپتر کەوتە ئازاردانو چەوساندنەوەی خەڵك. ئەمجارەیش بۆ دەربڕینی سکاڵا خەڵکی زۆرلێکراو رویان کردەوە دەرباری سەفەوی. لەکاتێکدا ئەمانە لەقوشخانەی شادا مانیان گرت بو، بۆ ئەوەی لەهەلێك دا شا ببینن و سکاڵای خۆیانی لەلا بکەن. خوسرەو خانو دەسوپێوەندەکانی هەڵیان کوتایە سەریانو هەندێکیان بریندار کردن. شا لەم دەستدرێژیە زۆر توڕەبو. فەرمانیدا خوسرەو خانیان گرتو لەمەیدانی شاهیدا لەئەسفەهان کوشتیان (١٠٩٣). (لب: ٧٣)، (مستورە: ٧٢)

-٨-

تەیمورخانی ئاجورلو (١٠٩٣-١٠٩٩)

پێ ئەچێ شا لەم شکاتو شکاتکاریو ئاڵوگۆڕە بێزار بوبێ، یەکێ لەباوەڕپێکراوانی خۆی دانا بەکاربەدەستی ئەردەڵان. ٦ ساڵ مایەوە. مێژونوسەکانی ئەردەڵان بەچاکە باسی ئەکەنو، سەردەمی ئەم، بەپێچەوانەی خانەکانی ئەردەڵانەوە، سەردەمی ئاسایشی سەرو سامانو بوژانەوەی خەڵکی وڵاتەکە بوە.

-٩-

خان ئەحمەدخان، بۆ جاری دوەم (١٠٩٩-١١٠٥)

خان ئەحمەدخان کەخەسرەوخان کاتی خۆی بەگیراوی رەوانەی ئەسفەهانی کردبو، ئەبێ لەئەسفەهان مابێتەوەو، چوبێتە دەزگای سەفەویەوە. شا دوبارە

ئەمی دانایەوە بەوالی. بەلام خووڕەوشتی پێشوی نەگۆڕی و، لەسەر کەیف و رابواردن بەردەوام بو. (مستورە: ٧٤) لەباسی خان ئەحمەدخاندا ئەڵێ: ((دوبارە ملی لەرابواردن و کەمتەرخەمی نایەوەو زۆری گوێ بەکاروباری ولات نەداو زۆربەی کاتی بەڕاووشکارو خانووبەرە دروست کردنی بێ سودو نامەحکەم بەسەر برد... دەگێڕنەوە: کە زیاد لەسێ سەد کەس لەپیاوماقولان و گەورەو مەزنانی ئەیالەتی کوردستانی کردبو بەبازەوان و خوسرەو بەگی، کەیەکێ بو لەو بنەماڵەیەو هەمیشە بریکاربو، کرد بەمیر شکارو بێ لێبڕان خەریکی راووشکار بو، ناو بەناویش حەزی لەگوڵ چاندن دەکردو بەم کارەوە خۆی خەریك دەکرد...)).

کە شا سولتان حسێن (١١٠٦-١١٣٥) هاتە سەر تەخت ئەمی لابرد.

عەباسقولی خان (١١٢٢-١١٣٦)

-١-

هەرای ئەفغان

ساڵی ١١٢٠-١١٢١ میروەیسی ئەفغانی غەلەجایی پەلاماری قەندەهاری‌دا گرتی و حاکمەکەی کوشت. قەندەهار لەژێر دەسەلاتی سەفەوی دەرچو. دەرباری سەفەوی نەیتوانی بیهێنێتەوە ژێر باری فەرمانبەری. میروەیس مرد (١١٢٧) عەبدولعەزیزی برای جێگەی گرتەوە. عەبدولعەزیز ویستی سەرلەنوێ بچنەوە ژێر باری فەرمانبەری و گوێڕایەڵی شای سەفەوی، بەلام مەحمودی کوڕی میروەیس مامی کوشت و، خۆی بو بەڕێبەری غەلەجایی. دەرباری سەفەوی چەندی هەوڵی‌دا شۆڕشەکەیان بکوژێنێتەوە کەڵکی نەبو. مەحمود بەرەو خوراسان بەڕێ کەوت و کرمانی گرت (١١٣٣) ئینجا بەرەو ئەسفەهانی پایتەختی سەفەوی بەڕێ کەوت. پاش گەمارۆدانێکی سەختی شەش مانگە، کەنزیکەی ٨٠ هەزار کەسی لەبرسنا تیێدا مرد، شا سولتان حسێنی سەفەوی خۆی و شارەکەی بەدەستەوەدا (١١٣٥)و، مەحمودی ئەفغانی چوە ئەسفەهانەوە. مەحمود توشی نەخۆشیەکی ئەقڵیی کوشندە بو، ئەشرەفی ئامۆزای لێی هەڵگەڕایەوەو، زیندانیی کردو، خۆی لەجێگەی ئەو بو بە شا(١١٣٧).

لەشکری عوسمانی بەسەرکردایەتی ئەحمەد پاشای والیی بەغدادو لەشکری ئەفغانی بەسەرکردایەتی ئەشرەفی ئەفغانی لەنزیك هەمەدان لێکیاندا (١١٣٩). سەرەڕای نا بەرامبەری نێوان ئەم دو هێزە. لەشکری عوسمانی شکستێکی گەورەی وای لێ قەوما، بابی عالی ناچار بو پەیمانی ئاشتی لەگەڵ

ئەشرەف بەست. هەلومەرجی میرایەتی ئەردەڵانیش بەهۆی ئەم روداوانەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا ئەهات.

-٢-

میرەکانی ئەردەڵان دێنەوە سەر کار

عەباسقولیخانی کوڕی محەمەدخان، کەماوەیەك لەدەزگای بەڕێوەبەرایەتی سەفەویدا کاری کردبو، لەلایەن شا سوڵتان حسەینی سەفەویەوە دانرا بەوالی ئەردەڵانو گەڕایەوە کوردستان (١١٢٢-١١٢٩).

نوسەری (تحفه: ١٣١) ئەڵێ: ((لەساڵی ١١٢١ی کۆچی عەباسقولی خان نەبیرەی خان ئەحمەدخان بەهەڵبژاردنی ئەهالی مەملەکەت دەستی بەسەر مەسنەدی ئیالەت داگرت. ماوەیەك خەریکی رێکخستنی کاروباری ولایەتو راپەڕاندنی ئەرکەکانو دڵنەوایی رەعییەت بو، تا لەساڵی ١١٢٨ی کۆچیدا شا سوڵتان حسێن، عەباسقولی خانی لەگەڵ لەشکری کوردستان دەفعی فیتنەی ئەفغانی ئەبدالی راسپارد بۆ دارولمولکی قەندەهار، خانی ناوبراو بە ٨ هەزار سوارەوە لەکوردستانەوە بەرەو جێگەی مەبەست بزوت کەچونە تاران نیشانەی ئاشکرای تێکچونی سەڵتەنەتی سوڵتان حسێن بینرا. سوارەکانی کوردستان لەعەباسقولی هەڵگەڕانەوەو بەرەو کوردستان گەڕانەوە. عەباسقولی خان بەتەنیا لەگەڵ چەند کەسێ لەهاوڕێکانی چو بۆ دەرباری شا سوڵتان حسێن، باسی خۆیو سوپاییەکانی عەرزی شا کردو، تاوانی ئەم جوڵانەوە وەحشیانەیەی خستە ئەستۆی عەلیقولی بەگی نەبیرەی کەلبعەلی خانی بەنی ئەردەڵان. شاریاری ئێران عەباسقولی خانی عەزلو حەبس کردو، هەمان عەلیقولی بەگی نەناسراوی تاوان بەپاڵ دراوی کرد بەحاکمی کوردستان...)).

شا لەباتی ئەوەی سزای عەلیقولی بدا، پێی وابو مادەم ئەو لەعەباسقولی بەتواناترەو توانیویێتی لەشکری کوردستانی لێ هەڵبگێڕێتەوە، ئەوی لەجێگەی ئەم کرد بەوالی ئەردەڵان (١١٢٩-١١٣٢). (لب: ٨٠)، (مستوره: ٨٢).

-٣-

عەلیقولی خان

عەلیقولی خان، یەکێ لەمیرە گۆشەگیرەکانی ئەردەڵان بو، لەدێی شەخەڵەی سەر بەناوچەی خورخورە بەهەژاری ئەژیا. دەستی کورتو گوزەرانی سەختو پیاوێکی بێ تەماع بو. زۆر جار کەپێیان ئەوت: "بۆ ناچی تۆیش، وەکو میرەکانی تری ئەردەڵان، هەوڵێ بدەی شتێ بۆ خۆت پێکەوە بنێی؟"لەوەڵامدا ئەیوت:

"ئەگەر خوا بیدا لەشەخەڵەیش ئەیدا!" دوای ئەم رووداوە قسەکەی عەلیقولی بـو بەپەندو کەوتە سەر زار.
شای ئێرانو داوودەزگای حوکمڕانیی سـەفەوی لـەو کاتـەدا کـەوت بـوە بـەر مەترسی هەڕەشـەی روخێنـەری شۆڕشـی ئـەفغان. پـیّ ئەچـیّ ئـەمیش ئەرکـە قورسەکانی شای ئێرانی پیّ هەڵنەسوڕابیّو، نەی توانی بـیّ داواکـانی جێبـەجیّ بکا. لەبەر ئەوە ئەمیشیان لابردو دیسان عەباسـقولی خـان گەڕایـەوە سـەر کـار (١١٣٢-١١٣٦).
-٤-
نوسەری (ذیل شرفنامە: ٢٢-٢٣) ئەڵیّ:
((لەساڵی ١١٣٤ ی کۆچی‌دا کاتیّ مەحمودی ئـەفغان گەیشـتە ئیسـفەهان، ئاڵۆزیو پشێوییەکی زۆر کەوتە کاری شـاە سـوڵتان حسـێنو ناوچـەی عیراقـی عەجەمەوە. عەباسقولی خانی والی هەمو ئەو هێزو سوپایەی هـەیبوو و لەشـەش هەزار کەس تێپەڕی دەکرد، بەسەرۆکایەتی ئەمیرێك لەئەمیرانی خۆی، تـەرخانی یارمەتی شاە سوڵتان حوسەین کردو بەرەو ئیسفەهانی ناردن.
کـاتیّ سـوپای ئـەردەڵان گەیشـتە مـەنزڵی "سـیاە چـاڵ" کـە دو قۆنـاغ لەئیسفەهانەوە دورە، مەحمودی ئەفغان، هەواڵی پیّ گەیشتو ئەشـرەفی خزمـی خۆی کەدوای ئەو بو بەجێنشینو ناوی ئەشرەف شاهی لیّ نـرا، بەحـەوت هەشـت هەزار سوارەی ئەفغانیەوە ناردە شەڕی قشونی ئەردەڵان.
هەردو لەشکر لەمەنزڵی سیاە چاڵ بەگژیەك‌دا چونو هەر لەرۆژهەڵاتـەوە تـا نزیك ئێواریّ شەڕو گەڕیان درێژەی کێشا. شـیرو نێـزەو چـەکی کوشـندەی شـەڕو لێدانیان بەنیازی گرتنی کوردستان لەبابانەوە جولاو، گەیشتە سنوری مـەریوان. کەسـیّ بـەرەنگاریو پێشـگیری لیّ نـەکرد. ئەشـراری مـەریوانو هـەورامانو دێهاتەکانی سەرەڕیّ رویان لەحاکمی خۆیان وەرگێڕاو بونە هـاوڕیّو هاوداسـتانی لەشکرەکەی خانە پاشای بابان. خانە پاشا بەهێزبو بێباکانە تـا پێـنج فرسـەخی سنە هات. ئەم هەواڵـە بەعـەلیقولی خـان گەیشـت لـەم رووداوە خـزمو بێگانـە هەراسو لەکاری خۆی سەری سوڕما بەم جۆرە تواناى بەرهەڵستی لەخۆی‌دا نەدی ناچار بۆ ئەسفەهان هەڵات. گەورەو سەروەرەکانی سنە لەبینینی ئەم رووداوانە بـۆ پارێزگاری گیانو مـاڵی خۆیان سەری گوێڕایـەڵییان بـۆ دانەوانـدو پێشـوازییان کردو بەرێزەوە هێنایانە ناو شار. لەساڵی ١١٣٢ی کۆچی‌دا خانە پاشا بەبیّ شەڕو کوشتار کوردستانی گـرت لەسـنوری کەرکوکـەوە تـا هەمـەدانی هێنایـە ژێـر دەسەڵاتی خۆیەوە..)).

-٥-

سەرەنجامی عەباسقولی خان

(مەستورە: ٨٨-٨٩) ئەلێ: ((لەم سەروبەندەدا ئەفغانی‌یەکان پتریان پێ‌داگرت‌و دایانە سەرەڕۆیی‌و بەجارێ ئێرانیان داگیرو شا سولتان حوسەینیان لەتیغی بێ دادی کێشاو کوشتیان‌و لەولاتی فارس‌و عیاق‌و خۆراساندا بوون بەفەرمانڕەوا. سەرۆکەکانی سوپاو پاشا عوسمانیەکان کە لەسەر سنورەکانی ئێرانەوە نزیك بون‌و بەدەسەلات بوون، لەدەرباری عوسمانی‌یان راگەیاند، کەئێران بەجارێ وێران بوەو بێشەو بێشەلانی بووە بەلانەی ئوزبەك‌و ئەفغان. ئەگەر بێت‌و لەلایەن دەولەتی عوسمانیەوە رێ بدرێ ئەوانیش ئەو ناوچانەی لەخۆیانەوە نزیکن لەئێران داگیر دەکەن. سولتانی عوسمانی داخوازیەکەیانی پەسەندکردن‌و دنەی دان تا زووە داگیریان کەن. ئەوانیش یەکسەر بەلەشکرێکی زۆرەوە پەلاماری قەلاو قەلایچەکانی ئێرانیان‌داو هەموویان داگیر کرد. سەرلەشکرێکی بەناوبانگی ناوچەی ئەرزڕوم قەلایچەکانی یەریڤان‌و شیروان‌و موش‌و وان‌و هەمو ناوچەکانی ئازەربایجانی تا مەراغەو خەمسە داگیر کرد. پاشاکانی بابان‌و عیراقی عەرەب سودیان لەم هەلە وەگیرکەوت، ناوچەی ئەردەلان‌و کرماشان‌و هەمەدان‌و برۆجەردو نەهاوەندو گەرووسیان لەماوەیەکی کورتدا داگیر کردو فەرمانڕەوای خۆیانیان لەسەر قوت کردنەوە. خانە محەمەد پاشای بابان لەساڵی ١١٣٦ی ك دا هەڵیکردە سەر ئەردەلان‌و داگیری کردو بوو بەفەرمانڕەوای.

عەباسقولیخانیش لەم شەڕوشۆڕانەدا کوژرا.

-٦-

لێرەدا هەندێ روداو پێویستیان بەساخکردنەوەو، هەندێ هەواڵی پێویستیان بەراستکردنەوە هەیە.

١.بەپێی نوسینەکەی ذیل‌و مەستورە لەکاتی هاتنی خانە پاشادا عەباسقولی خان والی ئەردەلان بوەو لەو شەڕوشۆڕانەدا کوژراوە، بەلام بەپێی نوسینەکانی حدیقەو تحفە لەو کاتەدا عەلیقولی خان والی بوەو، دوای هاتنی خانە پاشا بەرەو ئەسفەهان هەلاتوە.

٢.خانە پاشا وەکو (حدیقە: ١٤٧)و (تحفە: ١٣٤) ئەلێن: کوڕی محەمەد پاشاو لەئامۆزاکانی سلێمانی پاشا نەبوە. بەلکو خۆی ناوی محەمەدو کوڕی سلێمان پاشا بوە، لەبەر نازداری پێیان وتوە خانە محەمەد پاشا، مەستورەیش هەر بەخانە محەمەد پاشا ناوی بردوە. جگە لەوەیش لەو کاتەدا بنکەی ئەمارەتی پاشاکانی

بابان لەقەڵاچوالان بوە. چونکە ئەوسا شاری سلێمانی هێشتا بنیات نەنرابو، شاری سلێمانی لە ١١٩٩دا ئاوا کراوەتەوە.

٣.کەخانە پاشا بەرێ ئەکەوێ بۆ گرتنی سنە وەکو نوسەرانی حدیقەو تحفە ئەڵێن: "ئەشراری!" مەریوان‌و هەورامان داویانەتە پاڵی. بەڵام وەکو روداوەکان دەری ئەخەن ئەوانەی هاوکارییان کردوە هەر ئەشراری مەریوان‌و هەورامان نەبون، بەڵکو کەسانی ناوداری بنەماڵەی ئەردەڵانیشیان تێدا بوە لەوانە: سوبحان ویردی خان. ئەو کاتەی خانە پاشا حوکمڕانی سنە بوە، سوبحان ویردی کاربەدەستی ئەسفەند ئابادو گەڕوس‌و خەمسە بوەو نازناوی پاشایشی دراوەتێ. (لب: ٨٧)، (مستورە: ٩١) لەو شەڕە گەورەیەش دا کە لەنێوان لەشکری عوسمانی‌و لەشکری ئەفغانی‌دا رویدا (١١٣٩)، ئەم یەکێ بوە لەو ٢٠ میرە کوردەی لەژێر سەرکردایەتی خانە پاشادا باڵی چەپی لەشکری عوسمانییان پێک هێناوە. (العزاوی: ٥/ ٢١٩).

٤.(حدیقە: ١٤٨)و (تحفە: ١٣٦) ئەڵێن: کەدەنگوباسی سەرکەوتنەکانی نادری سەرکردەی لەشکری شا تەهماسبی سەفەوی بەسەر ئەفغانیەکان بڵاو بوەوە. عەباسقولی خان لەگەڵ هەندێ لەدەسوپێوەندەکانی چوە لای شاو، نادر بەڕەزامەندی شا، عەباسقولی خانی دانایەوە بەوالی ئەردەڵان. عەباسقولی بەرەو کوردستان گەڕایەوە. عەلی خانی بابان بەبێ شەڕ سنەی بۆ بەجێ‌هێشت. عەباسقولی هاتەوە سنە (١١٤٢) بەڵام عەباسقولی هەمانساڵ مردو، سوبحان ویردی خانی کوڕی لەجێگەی دانرا.

ئەگەر عەباسقولیخان، وەکو مەستورە ئەڵێ، لەشەڕوشۆڕەکانی ١١٣٦دا کوژرا بێ، ئەم گێڕانەوەیەی حدیقەو تحفە هیچ بناغەیەکیان نامێنێ.

٥.مێژونوسەکانی ئەردەڵان لەساڵی گرتنی ئەردەڵان‌و شاری سنەدا لەلایەن خانە پاشای بابانەوە یەك نین: (ذیل: ٢٣) ئەڵێ: ١١٣٤و، (مستورە: ٧١) ئەڵێ: ١١٣٦و، (حدیقە: ١٤٧)و (تحفە: ١٣٥) ئەڵێن: ساڵی ١١٣٢ بوە. هەمو مێژونوسەکانی عوسمانی کەدەربارەی روداوەکەیان نوسیوە، باسی ساڵی ١١٣٦ یان کردوە. (العزاوی:٥/٢٠٦-٢٠٧) لەبەر ئەوە دیاریکردنەکەی مەستورە لەناو ئەوانەدا راستە.

٦.بەقسەی مێژونوسەکانی ئەردەڵان (حدیقە: ١٤٧-١٤٨)و (تحفە:٣٥-١٣٦) خانە پاشا ٤ ساڵ حوکمڕانی ئەردەڵانی کردوە (١١٣٢-١١٣٦)و، ئەوسا حوکمڕانیی سنەی بۆ عەلی خانی کوڕی بەجێ هێشتوەو، خۆی گەڕاوەتەوە موڵکی بابان. گوایە عەلی خانیش ٦ ساڵ حوکمڕانی سنە بوە (١١٣٦-١١٤٢). ئەگەر

خانه پاشا ٤ ساڵ حوکمڕانی سنه بوبێ (١١٣٦-١١٤٠)و ئیتر بۆ عەلی خانی کوڕی بەجێهێشت بێ، ئەوا عەلی خان تەنیا دو ساڵ حوکمڕانی کردوە، چونکە وەکو ئەوان ئەڵێن لە ١١٤٢دا عەباسقولی خان هاتۆتەوە سنەو، عەلی خان بەبێ شەڕ ڕۆیشتوە.

٧.ئەو ماوەیە هەلومەرجی ناوچەکە بەهۆی هێرشی گەورەی عوسمانیەوە بۆ سەر لوڕستانو کرماشانو هەمەدانو دواتر شەڕی لەشکری عوسمانیو ئەفغانی لەنزیك هەمەدانو شکانی لەشکری عوسمانی بەهۆی هەڵگەڕانەوەی خانە پاشاو لەشکرەکەیەوە لەعوسمانیەکان. ئەو ماوەیە خانە پاشا خەریکی بەشداری بوە لەم لەشکرکێشییانەدا. خانە پاشا بەقسەی ڕەنجوری ساڵی ١١٤٣و بەقسەی سەرچاوە عوسمانیەکان لەساڵی ١١٤٥دا کوژراوە.

سوبحانویردی خان (١١٤٣-١١٦١)

-١-

تەهماسبی دوەم کە لەگەمارۆی ئەفغانیەکان لەئەسفەهان دەرباز بو بو، خەریکی سازدانی هێزو پەیداکرنی پشتو پەنا بو. یەکێ لەو کەسانەی دابویانە پاڵی کابرایەکی نەناسراوی ئێلی ئەفشار بو. لەماوەیەکی کورتدا ئەم پیاوە هەڵکەوتوە ناوی وەکو قارەمانی ئێران دەرکردو بو بەسەرداری هێزەکانی تەهماسبو، لەدو شەڕی چارەنوس سازدا ئەشرەفی ئەفغانی شکاند (١١٤١-١١٤٢). ئەشرەف بەشکاوی ئەسفەهانی بەجێ هێشتو، بەرەو قەندەهار هەڵات. بەڵام لەڕێگە کوژرا. کوژرانی ئەشرەف کۆتایی هێنا بەحوکمی ٧ ساڵەی ئەفغانی لەئێراندا.

(مستورە: ٩٠-٩١) ئەڵێ: ((چون دەوڵەتی نادرشا لەڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە ئەستێرەی پرشنگیداو شاتاماسبیش کە لەو سەروبەندەدا نێوی کەوت بوە نێو نێوانەوە، نادرقولی ئەمەی بەهەل زانیو کردی بەبیانوو و دەسپێچك بۆ خۆیو توانی ئێران لەچەنگاڵی بیانی رزگار کاو بە لەشکرێکەوە بەرەنگاری پاشا عوسمانیەکان کەکرماشانو سنەو هەمەدانو کوردستانیان داگیر کردبوو، بۆوەو پاش شەڕوشۆڕی عوسمانیو بابان بەزینو هەڵاتنو لەشکری نادرشا سەرکەوت، زۆربەی پیاوماقوڵانی کوردستان لەو شەڕەدا کوژرانو لەناوچونو بەشێکیشیان لەکۆتو زنجیر دران، خوسرەو بەگی مونشیو مەلا عەبدولکەریمی قازی لەناو کوژراوەکاندا بونو هەروەها محەمەد عەلی (!) بەگی وەکیلیش لەناو لەکۆتو زنجیردراوەکاندا بوو. لەساڵی ١١٣٢ی ك دا (ئەبێ ساڵی ١١٤٢ بێ) لەشکری

پیرۆزی نادرشا هاتە ناو سنەوە. نادرشا محەمەدقولی بەگی وەکیلی، کە لەنێو بەندکراوەکان‌دا بو، بانگ کردو لێی پرسی: "کەسێ لەبنەماڵەی ئەردەڵان ماون شیاوی فەرمانڕەوایی بێ، تا پلەو پایەی فەرمانڕەوایی باووباپیرانی پێ بسپێری؟" محەمەدقولی بەگ، سوبحانویردی خانی (کوڕی محەمەد بەگی!) دەس نیشان کرد. گوتی: "هەر ئەو دەتوانێ ئەم کاروبارە لەئەستۆی خۆی بگرێ." نادر شایش نێوبراوی کرد بەفەرمانڕەوای کوردستان‌و ئەیالەتەکەی پێ سپارد."

-٢-

سەردەمی سوبحان ویردی خانی کوڕی عەباسقولی خان زۆر نائارام بوە لەبەر ئەوە هەشت جار دانراوەو لابراوە (لب: ٩٨). لەو شەڕەدا، کەشا تەهماسب لەگەڵ لەشکری عوسمانی کردو شکا، رۆژهەڵاتی ئێران کەوتەوە دەس عوسمانی. خالید پاشای بابان بو بەحوکمڕانی ئەردەڵان (١١٤٤). سوبحانوێردی خۆی شاردەوەو، بەخاوو خێزانەوە هەڵات بۆ تاران، دو ساڵ لەوێ مایەوە، تا دیسان نادرشا عوسمانیەکانی دەرکرد، ئینجا ئەویش گەڕایەوە ئەردەڵان. (مستورە: ٩٢).

-٣-

نادر شا لەکاتی لەشکرکێشی‌دا بۆ سەر شیروان چوە سنە (١١٤٧). سوبحان ویردی خان‌و ئەعیانی سنە بەپیریەوە چون‌و، سوبحان ویردی لەکۆشکەکەی خۆی‌دا جێگەی حەسانەوەی بۆ نادر ئامادە کردبو. نوسەری (تحفە: ١٣٧) ئەگێڕێتەوە:

((بۆ رێز لێ نانی-نادرشا-لەدەمی تەلارەکەدا بەپێوە راوەستابو. لەبەر ئەوەی سوبحان ویردی خان پیاوێکی ریش سپی‌و کامڵ بوە، نادر شا دوای دەربڕینی مەکارم‌و میهرەبانی پێی ئەڵێ: "مامە! ئێمە نەهاتوین جێگەی تۆ زەوت بکەین. تەلارەکەتان ئەوەندە فراوانە جێگەی سەڵتەنەتی من‌و حکومەتی تۆی تێ‌دا ئەبێتەوە-مسکن وسیع است ای عمو ما گوشەی تو گوشەی-وەرە سەرەوە" بەم شێوە جوانە رێگەی دانیشتنی ئەداو پاشان ئەڵێ: "والی نامانەوێ ببینە هۆی زەرەرو زەحمەتی ئێوەو رەعییەت. بەئەندازەی پێویست نان‌و دۆیەکمان بەرێ!" سوبحان ویردی خان لەوەڵام‌دا ١٤ هەزار مەن رۆن کەلەو رۆژانەدا بایی نزیکەی ٥ هەزار تمەن بو لەگەڵ ١٠ هەزار تمەن زێڕی نەختینەی پێشکەش کردو هەمو پێویستیەکانی تریشی جێبەجێ کرد.. ئەمە بو بەهۆی خۆشنودی‌و رەزایەتی نادر شا. لەکاتی نانی نیوەڕۆدا رێگە بەوالی ئەدا نانی لەگەڵ بخواو لەسەر سفرەکە نەختێ لەگەڵی ئەدوێ، فەرمویەتی:"بۆ فراوان کردنی تیوڵ‌و ئیدارەو پایەو ئیمتیاز هەر تەمەننایەکت هەیە بیڵێ!" سوبحان ویردی لەوەڵام‌دا ئەڵێ :"جگە لەسەلامەتی حەزرەتی نادری داوایەکی ترم نیە. بیستومە ترشیاتی عەنبە

لەکارگەی پیرۆزدا دەس ئەکەویّو ترشیاتێکی خۆش مەزەو بەتامە. ئەگەر یەکدو گۆزە مەرحەمەت بکەی بۆ من لەهەمو شتێ چاکترە" نادر شا زەردەخەنە ئەیگریّو فەرمانی داوە چەند گۆزەیەك ترشیاتی عەنبە بنێرن بۆ مالّی والی. مێژونوسەکانی ئەردەلآن ئەمە بەوە لەقەلّەم ئەدەن کەگوایە سوبحان ویردی ((تەبیعەتی قانعو کەم تەماعو زۆر زاهیدو سادە لەوح بوە))، بەلآم نادر شا ئەم وەلآمەی بەنیشانەی بودەلّەییو لیّ نەهاتویی سوبحان ویردی خان دائەنیّ. (تحفە: ١٣٧-١٣٨).

-٤-

نادر شا لەیەکەمین هەلّدا ئەمی لابردو مستەفا خانی برای لەجێگەی دانا (١١٤٩). بەلآم مستەفا خەلّکی ئازار ئەداو زولّمو زۆرداری ئەنواند، پاش چەند مانگیّ خەلّك لیّی هەلّگەڕانەوەو هاواریان بۆ نادر شا برد. نادر مستەفای لیّ خستو بۆ جاری دوەم، سوبحان ویردی خانی دانایەوە (١١٤٩). (تحفە: ١٣٩).

نادرشا، لەسەریەك چەند جاریّ سوبحانویردیخانی داناوەو لابردوە:

جاری یەکەم، مستەفا خانی برای لەجێگەی دانا (١١٤٩). بەلآم مستەفا خەلّکی ئازار ئەداو زولّمو زۆرداری لیّ ئەکردن، پاش چەند مانگیّ خەلّك لیّی هەلّگەڕانەوەو هاواریان بۆ نادرشا برد. نادر مستەفای لیّ خستو بۆ جاری دوەم، سوبحان ویردی خانی دانایەوە (١١٤٩). (تحفە: ١٣٩).

دەربارەی هەلومەرجی ئەردەلآن لەو رۆژگارەدا (مستورە: ٩٤) ئەنوسیّ: ((بەبۆنەی ئاژاوەو ئاشوبەوە ولآت وا وێران ببو، بەجاریّ داری بەسەر بەردیەوە نەمابو. بوجەی دەولّەت بەجاریّ کز ببوو بەشی هیچی نەدەکرد. بەم جۆرە ولآت بەجاریّ وێران ببو..))

جاری دوەم، کە لەسەفەری هیندستان گەڕایەوە خان ئەحمەدخانی کوڕی لەجێگەی دانا (١١٥٣). لەو کاتەدا ژنی سوبحانویردی بەبارمتە لەئەسفەهان بو، داوای لەخۆیشی کرد بچێتە ئەسفەهانو چو. خان ئەحمەدی لەجێگەی دانا. (مستورە: ٩٥) بەلآم نادر پێویستی بەلەشکری ئەردەلآنو خان ئەحمەد بو بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر داغستان، بۆیە خان ئەحمەدی بانگ کردەوەو دیسان سوبحانویردی بۆ جاری سێیەم دانایەوە (١١٥٤).

جاری سێیەم، کە لەسەفەری داغستان گەڕایەوە نادر شا سەرلەنویّ سوبحانویردی خانی لاداو، خان ئەحمەدخانی کوڕی لەجێگەی دانا (١١٥٥). بەلآم خان ئەحمەدخان لەبەر ئەوەی عەماری دانەوێلّەی نادرشای شکاندبو، لەترسی سزای شا هەلآت بۆ ناو عوسمانی. نادر کە بەهەلآتنی خان ئەحمەدی زانی،

سوبحانویردی دور خستەوە بۆ تاران (١١٥٦)و، کابرایەکی بەناوی حاجی مەولاویردی خانی قاجارەوە کرد بەوالی ئەردەڵان (١١٥٧). مەولاویردی شیعەیەکی توندڕەوبو. زوڵمی زۆری لەخەڵك ئەکرد. خەڵك هاواریان لێ هەڵساو سکاڵایان بردە بەر نادر. نادر مەولاویردی لێخستو سوبحان ویردیخانی بۆ جاری چوارەم دانایەوە (١١٥٨).

-٥-

وەکو (مستورە: ٩٩) نوسیویێتی: ((خەڵکی ناوچەی ئەردەڵان کە لەترسی شۆڕشێکی لەپاش ڕۆیشتنی خان ئەحمەدخان کەوتبۆوەو وڵاتی بەجارێ گرتبۆوەو لەدەست زۆرداریو ستەمکاریی نادرشا کەهەریەکە بەلایەکدا بڵاوەی لێ کردبوو لەوڵات هەڵات بون، هەمو گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان...)).

نادرشا ئەمجارەیان هێزێکی چەند هەزار کەسی لەئەفغانیو خۆراسانی لەگەڵ چەند کاربەدەستی باوەڕپێکراوی خۆی لەگەڵ نارد بۆ کوردستان. پاشتر نادرشا، میرزا تەقی خانی گولستانە، مامی نوسەری ((مجمل التواريخ))یشی نارد. میرزا تەقی ((مستەوفی)) واتە بەرپرسی کاروباری کۆکردنەوەی باجو سەرانە بو.

ئەم هێزە تاکوژرانی نادرشا(١١٦٠) لەکوردستان بون. لەو ماوەیەدا زوڵمو زۆرێکی زۆریان لەخەڵك ئەکرد. لەترسی نادرشا، نە والی ئەوێرا بەرهەڵستییان بکاو نەکەسیتر. بەڵام کەهەواڵی کوژرانی نادر گەیشتە سوبحان ویردی، پێش ئەوەی هەواڵەکە لەناو خەڵکدا بڵاوبێتەوەو، ببێتە هۆی وروژانی خەڵكو پەلاماردانی هێزی بێگانە، سوبحان ویردی سەرکردەی هێزەکە بانگ ئەکاو داوای لێ ئەکا تا خەڵك بەهەواڵەکەیان نەزانیوە، بۆ ئەوەی توشی هیچ بەڵایەك نەبن، خۆیان دەرباز بکەن. هێزەکە بەشەو شار بەجێ ئەهێڵنو ئەڕۆن. (تحفە: ١٤٣-١٤٤).

بەڵام (گلستانە: ١٣٧)، سوبحانویردی، لەمەدا بەوە تاوانبار ئەکا، کاتێ کەمیرزا تەقی گولستانە لەسنەوە بەرێ ئەکەوێ بۆ کرماشان، ئەم بەنهێنی هەواڵی بۆ هەندێ لەسەرانی ئێلەکانی زەندی کەڵەشێرە ناردبێ، ڕێگەی پێ بگرن دەسکەوت بەنیوەیی ڕوتی بکەنەوەو بیکوژن. لەڕێگە ڕوت ئەکرێتەوە، بەڵام ناکوژرێ.

-٦-

سەرەنجامی سوبحانویردی خان

دوای ئەویش بۆ جاری چوارەم، کاتێ ئیبراهیم لەجێگەی نادر بانگی شایەتیدا، حەسەنعەلی خانی ئەردەڵان لەناو هێزەکەی ئەودا خزمەتی بەو کردبو.

ئیبراهیم لەپاداشتی ئەو خزمەتەدا حەسەنعەلی خانی لەجێگەی سوبحان ویردی خان کرد بەوالی ئەردەڵان (١١٦١). حەسەنعەلی گەیشتەوە کوردستان بەڵام هەندێ لەگەورەکانی ئەردەڵان بەتایبەتی جەعفەر سوڵتان‌و، محەممەد عەلی سوڵتانی بانە، والیەتی حەسەنعەلییان قوبوڵ نەکردو، سوبحان ویردیان دانایەوەو حەسەنعەلییان دەرکرد. بەڵام سەرەنجام حەسەنعەلی خان لەو ململانێیەدا سەرکەوت. (مستورە: ٨٨) پێ ئەچێ حەسەنعەلی خان چاوی محەممەد عەلی سوڵتانی لەسەر ئەم هەڵگەڕانەوەیە دەرهێنابێ‌و، ئەویش لەسەر ئەم کارە سەلیم پاشای بابانی لەیەکەمین هەلدا بۆ تۆڵە لێ کردنەوە، هێنابێتە سەری. (گلستانە: ١٦٧).

سوبحان ویردی خان چوە هەمەدان‌و ٥ساڵی پاشماوەی ژیانی لەوێ بەسەربردو هەر لەوێ مرد (١١٦٧)و پاش شەش مانگ ئینجا تەرمەکەیان هێنایەوە کوردستان لەسەر کێوی شەیدا بەخاکیان سپارد. (مستورە:٨٩) (تحفە: ١٤٤).

خان ئەحمەدخانی سێیەم (١١٥٣-١١٥٥)

-١-

باجی خوێن

والیەکانی ئەردەڵان سەرەڕای ئەوەی ساڵانە باجێکی زۆریان ئەدا بەشاکانی ئێران، ئەبو ((باجی خوێن)) یش بدەن‌و لەهەمو لەشکرکێشیەکانی‌دا بەشدار بن. ئەمە کارێ بو کەوالی لەشا نزیك ئەخستەوە. لەشکری ئەردەڵان لە لەشکرکێشیەکانی نادر شادا بەشدار بون. سوبحانویردی، خان ئەحمەد خانی کوڕی بەلەشکری ئەردەڵانەوە نارد بۆ بەشداری لە لەشکرکێشی‌دا جارێك بۆ سەر هندستان‌و جارێکی تر بۆ سەر داغستان. هەردو جار خان ئەحمەد خان ئازایەتی زۆری نواندوەو، لەبەرامبەر ئەوەدا شا ئەمی لەجێگەی باوکی ئەکرد بەوالی.

لەو بارەیەوە (مستورە: ٩٤) نوسیوێتی: ((لەم سەردەمەدا خان ئەحمەدخانی کوڕیشی لەگەڵ برێ لەگەورەپیاوەکانی کوردستانی ئەردەڵان، وەك ئەڵڵاویردی بەگو حەسەن بەگی میر ئەسکەندەری‌و پێنج سەد کەسی تر لەئازاو دلێرانی بەناوبانگی کوردستان لەنێو ئەو لەشکرەدا بون، کەنادر بۆ گرتنی هندستان بەرێی کرد. لەساڵی ١١٥٢ك گەڕانەوە. چون خان ئەحمەدخان لەو سەفەربەرەدا پیاوەتی‌و مێرخاسی زۆری نواندبو شێرانە کوشتارێکی زۆری لەدوژمن کردبوو خزمەتێکی زۆری کردبو، نادرشا کردی بەجێگری فەرمانڕەوای کوردستان‌و لەگەڵ شەریف خان‌و چەند میرێکی دیکەدا بۆ ئەردەڵانی ناردنەوە)).

دەربارەی بەشداری لەشکری ئەردەڵان لە لەشکرکێشی نادردا بۆ سەر داغستان، (مستورە: ٩٦) ئەڵێ: ((لەکاتێکدا نادرشا لەساڵی ١١٥٤ی ك بۆ داغستان دەچو سوبحانویردیخان داوای لێ کرد رێگەی بدا بۆ سنە بگەڕێتەوە. خان ئەحمەد خانی کوڕیشی لەگەڵ نادر شادا نارد بڕوا بۆ داغستان..)).

-٢-

دوای لەشکرکێشی داغستان نادر شا سوبحانویردی لادایەوەو، خان ئەحمەدخانی کوڕی لەجێگەی دانایەوە. خان ئەحمەد کەوتە راپەڕاندنی کاروباری ئەردەڵان (مستورە:٩٧) گوتەنی: ((.. ئەیالەتی سنەی بەخێرو خۆشی رازاندەوەو خەڵکی وڵاتەکە هەمو دڵیان خۆش بو لەنارەحەتی رزگار بون. لەپێناوی وڵاتپارێزیو ژێردەست دڵدانەوەدا زۆر تێکۆشاو رەنجێکی فرەی بەخەرجدا. بۆ لەناوبردنی پیاو خراپو دزو درۆزن هەوڵو تەقەلایەکی زۆریدا. زۆری نەبرد قاتوقڕێکی قورسو گران لەوڵاتەکە کەوتەوە...)).

(ذیل: ٢٥-٢٦) لەم بارەیەوە نوسیوێتی: ((شا تەهماسب لەساڵی ١١٥٥ کۆچیدا، سوبحان ویردیخانی لەبەر پیریو کەنەفەتی لابردو ئەحمەدخانی کوڕە گەورەی لەسەر کورسی والیگەری ئەردەڵان داناو بەم خەڵاتە سەربەرزی کرد، ئینجا ناردیەوە بۆ خاکی ئەردەڵان.

لەم کاتەدا بەهۆی (زۆریی) پیتاكو سەرانەو (رادەی بەرزی) چەوساندنەوەی دیوەخان (ی شاه)و کەم بونەوەی داهاتی ناوچەی ئەردەڵانەوە ئاگری قاتوقڕی بەچەشنێك هەڵگیرسابو، لەدڵ(ی مرۆڤ) لەسوێی گەنم، وەك دەنکی گەنم قەڵشتی هێنابوو باڵندەی گیان لەخەمی دەخلودان لەداوی هیلاکەت دا ئەسیر مابو.

نادرشا دوازدە هەزار خەڵوار دانەوێڵەی لەناوچەی عیراقەوە نارد بوە ئەردەڵانو لەعەماردا بۆ مەسرەفی قشونی راگرت بو. لەو رۆژانەدا بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، رێگاوبان بەستراو رێی هاتوچۆ گیرا.

خەڵکی ئەردەڵان داوێنی ئەحمەدخانی والیان گرتو (گوتیان) با ئەو پیتاکی سورساتە وەك یارمەتیەك وەرگرینو لەکاتی بەهاردا کەرێگەوبان کرایەوە، دانەوێڵەکە بخەینەوە عەمباری شاهی.

بەڵام لەوەرزی بەهارو لەدوای توانەوەی بەفردا، بەقودرەتی خوا، (نرخی) مەنێکی تەورێزیی گەنم لەئەردەڵانو ناوچەکانی دەوروبەری گەیشتە دو هەزارو دەستەواوی عەماری شاهیو پیتاكو باجو سورو ساتی نادر شاه گەیشتە رادەیەك کە لەتاقەتی ئەحمەد خانو خەڵکی ئەردەڵاندا نەماو، ناچار خان خۆیو ٥٠٠

کەس لەگەورەپیاوانی خاوەن ڕێز لەساڵی ١٠٥٥ (ئەبێ ١١٥٥ بێ)ی کۆچیدا هەڵاتنە خاکی ڕۆم و لەوێ چونە لای سوڵتان مەحمودی خوندکار))ذیل: (٢٥-٢٦).

-٣-

هەندێ لەنوسەرانی ئەردەڵان درێژە بە باسەکە ئەدەن و هەندێ روداوی رونەداوی بەپاڵ ئەدەن. نوسەرانی (لب: ٩٢-٩٣)و (حدیقە: ١٥١-١٥٢)و (تحفە: ١٤١) ئەڵێن: لەگەڵ دو هەزار سوار لەدەسوپێوەندەکانی خۆی روی کردە شارەزور، زاهیر بەگی سەرۆکی جاف رێگەی پێ گرت بەڵام ئەم شکاندی و کوشتی. لەوێوە روی کردە سلێمانی و خالید پاشای بابان بەو پەڕی دۆستایەتیەوە پێشوازی کردو دوای چەند رۆژێ میوانداری کردو دیاری شایانی دایە، ئینجا روی کردۆتە موسڵ. حاکمی موسڵ لەڕویدا راوەستاوە، ئەمیش بەشەڕ شاری موسڵی گرتوەو حاکمەکەی بەدیل گرتوەو دوای چەند رۆژێ کوشتویەتی و محەمەد چەلەبی لەجێگەی ئەو کردوە بەحاکمی موسڵ. خۆیشی چوە بۆ دیاربەکرو حەلەب و دوای یەك مانگ و چوار رۆژ گەیشتۆتە ئەستەموڵ و سوڵتان، سەدری ئەعزەم و شێخەل ئیسلام و هەندێ لەکاربەدەستانی گەورەی ناردوە بۆ پێشوازی.

(مەستورە:٩٩) درێژە بەباسەکە ئەداو ئەنوسێ: ((دەربارى سوڵتانی عوسمانی لەشکرێکی گەورەی خستە تەك خان ئەحمەدخان و ئەرکی بەگژ ئێراندا چونی لەئەستۆ خرا. لەرێگای ئەرزرۆمەوە بەرەو ئێران بەڕێ کەوت. نادرشایش بۆ بەرەنگاربوونی خان ئەحمەدخان خۆی تەیارو ئامادەکرد. پاش شەڕێکی گەورە خان ئەحمەدخان و لەشکرەکەی رۆمی شکاندو تا توانی راوەدوی نان، بەڵام خان ئەحمەدخان هەر وازی نەهێنا، دوسێ جاری دیکە بەلەشکرێکی گەورەوە لەگەڵ سەرکردە ناودارەکانی عوسمانیدا، لەرێی موسڵ و بەغداوە بۆ داگیرکردنی سنە، هاتە ناوچەکەوە. بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەس نەهێنا، پاش شەڕو تێك گیرانێ، کە لەهەمویاندا شکستی دەهێنا، ناوچەکەی بەجێ دەهێشت و دەگەڕایەوە بۆ ناوچەی رۆم.

ئەم بارودۆخە هەر بەو رەنگە مایەوە، تا نادرشا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا رێك کەوت و بەم شێوەیە سوڵتان بۆ بەرژەوەندی هەردو دەوڵەت، هێنای کردی بەوالی ئەدرنە، ئیتر بەم جۆرە خان ئەحمەدخان دەستی لەو ناوچەیە پچڕاو خەڵکی ناوچەکە بۆ خۆیان ئاسودەسەر بون و ئەویش لەئەدرنە فەرمانی خودای بەجێ هێنا)).

بەڵام (گلستانە: ١٦٨) چارەنوسی خان ئەحمەدخان بەجۆرێکی تر باس ئەکا: ((خان ئەحمەدخان کوڕی سوبحانویردی خان کەهاوئاوزەنگی نادر شا بوو، لەرۆژانی نادر شادا لە لەشکر هەڵات بو، پەنای بۆ ولایەتی رۆم بردبو. پاشاو ئەعیانی مەمالیکی رۆم داڵدەدانیان بەچاك نەزانی بو، لەسەر داوای نادر شایش ناردنەوەیان بەنەنگی دودمانی عوسمانی دانابو، لەبەر ئەوە بەدزییەوە دەرمانخواردیان کرد)).

*

پێ ئەچێ ئەم چیرۆکانە هەڵبەستی میر یا مێژونوسەکانی ئەردەڵان خۆیان بێ بۆ زلکردنی ئەم ئەمیرە هەڵکەوتوە لێقەوماوە، چونکە هیچ کام لەسەرچاوە ئێرانیو عوسمانیەکانی ئەو سەردەمە باسی هیچکام لەم روداوانە ناکەن، ئەمە جگە لەوەی هەندێ هەڵەی مێژوییان تێکەڵاو بوە:

١.نادر لە ١١٤٥دا تەهماسبی لەسەر تەختی شایەتی داگرتو، زەماوەندی شایەتی بۆ عەباسی سێیەم گێڕا کەساوایەکی ٨ مانگەی تەهماسب بو. لە ١١٤٨یش دا بەیەکجاری کۆتایی بەزنجیرەی سەفەوی هێناو، لەدەشتی موغان لەکۆبونەوەیەکی گەورەدا خۆی بو بەشای ئێران. لەبەر ئەوە نوسینەکەی ((ذیل)) کە تەهماسب، خان ئەحمەدخانی دانابێ لەگەڵ روداوەکانی مێژودا یەك ناگرێتەوە. لەو کاتەدا نادر، نەك تەهماسب، شای ئێران بوە. (مهدوی: ١٦٢-١٦٤).

٢.لەو کاتەدا هێشتا سلێمانی بنیات نەنرابو. سلێمانی لە ١١٩٩دا بنیات نراوە. بنکەی میرایەتی بابان ئەوسا لەقەڵاچوالان بوە. خالید پاشایش بەهۆی هێرشی نادر شاوە بۆ سەر ناوچەی بابان لەو کاتەدا بەخاووخێزانەوە هەڵات بو بۆ موسڵ، ئینجا لەوێوە بەنەخۆشی چوە بۆ ئورفاو لەوێ مردوە (١١٥٦). لەبەر ئەوە ناگونجێ پێشوازی لەخانو میوانداری کردبێ.

٣.عەجەم لە ١١٥٤دا هێرشیان کردە سەر مەندەلیو شارەزورو، بەڵام هێرشی گەورەیان بەسەرکردایەتی خودی نادر شا لە ١١٥٦دا دەس پێ کرد لەم هێرشەدا هەمو ناوچەی بابانو کەرکوكو هەولێریان گرتو گەمارۆی موسڵو بەغدادیاندا. بەڵام هیچ کام لەو دو شارەی بۆ نەگیرا. حاکمی موسڵ لەو کاتەدا حسێن پاشای ئال جەلیلی بوە کەبەوپەڕی ئازایەتیەوە بەرەنگاری نادر شا بوەو نەیهێشتوە شارەکەی بگیرێ. نادرشا، دوای ئەوەی زیاتر لە ٤٠ رۆژ گەمارۆی موسڵیداو ئاگربارانی کرد، لەسەرکەوتن نائومێدبو داوای ئاشتبونەوەو رێککەوتنی لەدەوڵەتی عوسمانی کردو، خۆیو لەشکرەکەیشی گەڕایەوە ئێران.

جا ئەگەر نادرشا بە ١٧٠ هەزار کەسەوە نەیتوانی بێ موسڵ بگرێ، خان ئەحمەدی داماوو هەڵاتو (بە ٥ سەد کەسەوە وەکو ((ذیل)) ئەڵێ‌و بە ٢هەزار کەسەوە وەکو ((حدیقە))و ((تحفە)) ئەڵێن) ئەبێ چۆن موسڵی بۆ گیرابێ‌و حاکمەکەی کوشت بێ‌و محەممەد چەلەبی لەجێگە دانابێ؟ (عماد عبدالسلام: ١٠٢-١١٥).

٤.لەناو لیستی والیەکانی موسڵدا کەسێکی تێدا نیە بەناوی محەممەد چەلەبی. لەو رۆژگارەدا (١١٥٤-١١٥٩) حسێن پاشای ئال جەلیلی والی موسڵ بوە. (عماد عبدالسلام: ٤٩٩-٥٠٠)

پەراوێز: بۆ ئاگاداری زۆرتر لەسەر گەمارۆدانی موسڵ لەلایەن نادرشاوە بڕوانە: عماد عبدالسلام رووف، ((الموصل في العهد العثماني-فترة الحكم المحلي ١١٣٩-١٢٤٩ هـ ١٧٢٦-١٨٣٤م))، النجف، ١٩٧٥.

حەسەنعەلی خانی ئەردەڵان (١١٦١-١١٦٤)

حەسەنعەلی خانی کوڕی عەبباسقولی خانی ئەردەڵان کەساڵی ١١٦١ لەئەسفەهان لەلایەن ئیبراهیم شای ئەفشار دانرا بەوالیی کوردستان‌و، لە ١١٦٣دا لەمەریوان لەلایەن سەلیم پاشای بابانەوە شکێنراو، لە ١١٦٤دا لەقەڵاچوالان کوژرا، جێگەیەکی تایبەتی هەیە لەناو مێژوی ئەردەڵاندا، چونکە لەسەردەمی میرایەتیی تەمەن کورتی ئەم والیەدا روداوی چارەنوس ساز لەئێراندا‌و، شەڕوشۆڕی زۆر لەکوردستاندا قەومان. بەڵام لەناو مێژوەکانی ئەردەڵاندا بەکورتی‌و کەموکوڕی باسی کراوە. هەندێ لەمێژونوسەکان، روداوی رونەداویان بەپاڵ داوە‌و، هەندێکیشیان ساڵی حوکمڕانییان گەیاندۆتە ساڵی ١١٦٦و، کوژرانەکەیشیان بردۆتە ساڵی ١١٦٧.

لێرەدا من هەوڵ ئەدەم روداوەکانی سەردەمی حەسەنعەلی خان سەرلەنوێ دابڕێژمەوە‌و، هەندێ لەو هەڵانەی مێژونوسەکانی ئەردەڵان تێی کەوتون راست بکەمەوە.

لەناو مێژوەکانی ئەردەڵاندا ((زبدە التواریخ))و ((ذیل شرفنامە)) لەهەمویان کۆنترن.

نوسەری (ذیل شرفنامە) دەربارەی حەسەنعەلی خان نوسیویێتی:

((لەساڵی ١١٦٠دا نادر شا کوژراو لەساڵی ١١٦٢ی کۆچیدا لەسەردەمی شاهێتی ئیبراهیم شادا حەسەنعەلی خانی کوڕی عەبباسقولی خان‌و برازای سوبحانویردی خان بەمەنسەبی والیێتی ئەردەڵان سەرفرازکراو لەهەمان ساڵدا

ئیبراهیم پاشا کوژراو ئاڵۆزی کەوتە وڵاتی ئێرانەوە: لەلایەك کەریم خانی زەندو لەلایەکی تر ئیمامقولی خانی زەنگەنە سەریان بەرزکردەوەو دەستی تاڵانو ئازاریان بۆ سەر دراوسێی دوورو نزیك درێژ کرد.

کەریم خان بەهێزێکی زۆرەوە هەڵیکوتایە سەر میهر عەلی خانی تەکەللو، حاکمی هەمەدان. میهر عەلی خانیش بەسوپاو هێزی خۆیەوە بەرامبەر بەکەریم خان وەستاو لەمەلایەر بەگژیەكدا چون. میهر عەلی خان هەڵاتو هانای بردە بەر حەسەنعەلی خانی والی ئەردەڵان بەنیازی ئەوەی تۆڵەی (میهر عەلی خان لەکەریم خانی زەند) بسێنێتەوە، بەسوپاو شەرکەری خۆیەوە کەوتە ڕێو گەڕ لەشوێنی پەریە دەستی پێکرد. تێکشکانی زۆرو لەڕادەبەدەر توشی تۆردوی کەریم خانو هۆزی زەند هات، کۆمەڵێکی زۆریان بونە خۆراکی شمشێری پاڵەوانانی ئەردەڵانو حەسەنعەلی خان والی سەرلەنوێ میهر عەلی خانی لەهەمەدان دابین کردەوەو خۆی بەسەرکەوتویی‌و زاڵی‌و بەغەنیمەتێکی زۆرەوە گەڕایەوە شوێنی حکومەتی خۆی لەئەردەڵان.

بەساڵێك دوای ئەم کارەساتە ئیمامقولی خانی زەنگەنە کۆمەڵێکی زۆری دە پانزە هەزار کەسی عەشایری لەخۆی کۆکردەوەو ئاڵای یاخیبونی هەڵکردو کەوتە بیری ئەوەی بەگژ حەسەنعەلی خاندا بچێ. بۆ ئەمەش لەکرماشانەوە گەیشتە بیلاوەر.

حەسەنعەلی خانیش هەر بەو کۆمەڵە خەڵکەوە کە لەشاری سنەو دەوروبەری ئامادەبون، کەوتنە ڕێو هاتنە داکۆکی کردن. لەشوێنی بیلاوەری کرماشان هەردو تاقم دایان بەیەك داو شکستێکی یەکجاری کەوتە سوپای ئیمامقولی خانی زەنگەنەوەو زۆربەی قشونەکەی کەوتە بەر تیغی خوێنڕێژی (لەشکری ئەردەڵان). حەسەنعەلی والیش زاڵو سەرکەوتو، گەڕایەوە شوێنی خۆی.

لەکۆتایی ئەم ساڵەدا (١١٦٣)، سولەیمان پاشای بەبە لەدەست سەلیم پاشای ئامۆزای هەڵاتو پەنای هێنایە بەر حەسەنعەلی خانی والی ئەردەڵان. سەلیم پاشا لەسەردەمی نادرشادا، پاشای سەربەخۆی شارەزور بوو، زۆر کاتیش بەخۆی‌و هەزار سواری بابانەوە لەخزمەت نادرشادا بو.

حەسەنعەلی خانی والی، بەنیازی ڕێکخستنی کاروباری سلێمان پاشاو تێکشکاندنی سەلیم پاشا، بەهێزێکی زۆرەوە لەئەردەڵان کەوتەڕێ. سەلیم پاشا کەدەستو پێوەندی وەزیری بەغدابو، یارمەتی لێ خواست. محەممەد ئەفەندی کەهیای خۆی بەحەوت هەشت هەزار سوارەوە، لەگەڵ پاشایانی کۆی‌و حەریری‌و هتد.. ناردە یارمەتیدانی.

لەناوچەی مەریوان هەردولا روبەڕوی یەك بونەوەو پاش بگرەو بەردەی زۆرو بەکارهێنانی کەرەستەی جۆربەجۆری شەڕو گەڕ، حەسەنعەلی خان هەڵاتو سەلیم پاشا دەم لەسەرپشت، گەیشتە سنە)) (ئیبراهیم ئەردەڵانی: ٢٧-٢٩).

((ذیل شرفنامە)) ساڵی ١٢٢٥ نوسراوە، مێژویەکی لەو کۆنتر: ((مجمل التواریخ)) کەساڵی ١١٩٦ ئەبولحەسەنی گولستانە نوسیویێتی روداوەکان بەجۆرێکیتر ئەگێڕێتەوە. هەر ٣ روداو: شکاندنی ئیمامقولی خانی زەنگەنە، پەلاماردانی زەند، تێشکانی لەبەردەم سەلیم پاشادا، بەدوای یەکدا لەیەك ساڵدا بوە.

ئەبولحەسەن خۆی شایەتی روداوەکان بوە. لەو کاتەدا میرزا محەمەد تەقی گولستانە، مامی نوسەر، لەسەردەمی نادر شادا مستەوفی بوە لەسنە، دوای کوژرانی چۆتە کرماشان. لەوێ بۆتە یەکێ لەپارێزەرانی قەلای کرماشان. ئەبولحەسەنیش هەر لەگەڵ ئەو لەقەلای کرماشانو ماوەیەك لەهارونآوا دانیشتوە. کەئیمامقولی خانی زەنگەنە گەمارۆیان ئەداو، هاوارنامەی بەهاناوە هاتن ئەنێرن بۆ حەسەنعەلی خانو، شەڕی بیلاوەر ئەقەومێ ئەم خۆی بەدیار روداوەکانەوە بوە. کاتێ کەریم خانی زەند دێتە کرماشانو، دوای ١٤ مانگ گەمارۆدان، لەسەر بەڵێنی کەریم خان قەلای کرماشان ئەدەن بەدەستەوە، ئەبولحەسەن نوێنەری مامی بوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کەریم خان. کاتێ کەریم خان بەرەو سنە بەرێئەکەوێ، ئەمیش لەگەڵ لەشکرەکەی کەریم خاندا ئەبێ، بەلام لەرێگا بیانویەك ئەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خۆی بدزێتەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە ئەبێ هەواڵەکانی کە گولستانە لە ((مجمل التواریخ))دا ئەیانگێڕێتەوە زیاتر جێگەی باوەڕ بن تا گێڕانەوەکانی نوسەرانی ئەردەلان کەکۆنترینیان ((زبدة التواریخ)) ١٨ ساڵو، ((ذیل شرفنامە)) ٣٠ ساڵو، ((لب التواریخ)) ٥٥ ساڵو، ((تاریخ اردلان)) ٦٧ ساڵ دوای ئەوو، ((حدیقەی ناصری))و ((تحفە ناصری)) ش کەزۆر درەنگتر دوای ئەوان نوسراون. ئەمە جگە لەداشکاندنی مێژونوسانی ئەردەلان بەلای میرەکانیاندا.

پەشێوانی هەلومەرجی ئێران

لەدوا ساڵەکانی حوکمڕانی خۆیدا نادر شا بەوپەڕی دڵڕەقییەوە لەگەڵ خەڵكو کاربەدەستەکانی ئەجولایەوە. لەسەر شتی بچوكو، زۆر جار بەخۆڕایی سزای توندی ئەدان. کاتێ نادر زانی عەلیقولیخانی برازای لەگەڵ هەندێ لەناحەزەکانی قسەیان کردوە بەیەك، دوری خستەوە بۆ سیستان. عەلیقولی

بەئاشکرا لەنادر هەڵگەڕایەوە. نادر بەتەمابو لەشکر بنێرێتە سەری. (مهدوی: ١٧٥).

لەهەمان کاتدا خۆی بەڕێ کەوت بو بچێتە سەر کوردەکانی خەبوشان کەڕەوەی شاهانەیان تالآن کردبو. لەفەتحئابادی لای قوچان بارگەی خست بو. لەگەڵ سەردارە سوننیەکانی سوپاکەیدا رێك کەوت بو، سەردارە شیعەکانی سوپاکەی بکوژێ. سەردارەکانی کەبەمەیان زانی ئەوان دەس پێشکەرییان کردو، بەشەو لەناو خێوەتەکەی خۆیدا کوشتیان (١١٦٠/١٧٤٧).

بەکوژرانی نادر دەورانێکی نائارامو خوێناوی لەئێراندا دەستی پێکرد نزیکەی ١٠ ساڵ درێژەی کێشا.

ئەحمەد خانی ئەبدالی، فەرماندەی ئەفغانیەکانی ناو سوپاکەی پاش ئەوەی دەستی گرت بەسەر بەشێ لەگەنجینەی نادردا چوە قەندەهار، ناوی لەخۆی نا ئەحمەد شاهی دەرانی.

عەلیقولی کە لەگەڵ بکوژانی نادردا هاودەنگ بو، بەپەلە خۆی گەیاندە مەشهەد، ناوی لەخۆی نا سوڵتان عەلی عادلشاو، لەڕاگەیاندنێکی ئاشکرادا ئۆباڵی کوشتنی نادری گرتە خۆی، چونکە ((وازی لەمەزەبی شیعە هێنا بو))و، هەمو بنەماڵەی ئەفشار، کە لەکەلات بون جگە لەشاهڕوخی نەوەی نادر، کوشتو، دەستی گرت بەسەر گەنجینەکەی نادردا. (مهدوی: ١٧٦).

سەڵتەنەتی عادلشا یەك ساڵ زیاتری نەخایاند. ئیبراهیم خانی برای کەفەرمانفەرمای ئازەربایجان بو ملی بۆ نەداو، لێی هەڵگەڕایەوە. عادلشا بەلەشکرەوە کەوتە رێ بۆ سەر ئیبراهیم لەئازەربایجان. هەردو برا لەسوڵتانیە دایان بەیەکدا. عادلشا شکاو گیراو بەفەرمانی براکەی چاویان دەرهێنا (١١٦١/١٧٤٨).

ئیبراهیم چوە مەشهەد، ناوی لەخۆی نا ئیبراهیم شا. بەڵام سەڵتەنەتی ئەمیش ٦ مانگی نەخایاند. بەدەستی سەرانی سوپا گیراو، عەلیقولیو ئیبراهیم هەردو کوژران. شاهڕوخ، نەوەی نادر، کەتەنیا زیندوی بنەماڵەی ئەفشار بو لەمەشهەد کرا بەشای ئێران (١١٦١/١٧٤٨).

هەندێ لەناڕازییەکانی مەشهەد، بەبیانوی ئەوەی شاهڕوخ ئەیەوێ وەکو باپیری برەو بەمەزەبی سوننە بداو شیعە لەناودا نەهێڵێ، لەشاهڕوخ هەڵگەڕانەوە. شاهڕوخیان گرتو هەردوچاویان دەرهێناو، لەجێگەی ئەو میر سەیید محەممەد، متەوەللی ئاستانی قودسی رەزەوییان، بەناوی شا سولەیمانی دوەمەوە، لەسەر تەخت دانا. (مهدوی: ١٧٧).

سەيید محەممەد تەنیا ٤٠ ڕۆژ شایەتی کرد. هێزێکی سەر بەشاهڕوخ مەشهەدی گرتو، سەرانی شۆڕشەکە، لەوانە میر سەیید محەممەدیان، کوشت. شاهڕوخ لەسەر تەخت دانرایەوە. بەڵام سنوری دەسەڵاتی لەخۆراسان تێ نەئەپەڕی، چونکە لەو کاتەدا ٤ لەگەورە پیاوەکانی ئێران: ئازاد خانی ئەفغانی لەئازەربایجان، محەممەد حەسەن خانی قاجار لەئەستەر ئابادو مازندەران، عەلی مەردان خانی بەختیاری لەئەسفەهانو خوزستان، کەریم خانی زەند لەلوڕستانو فارس هەر یەکە لەلای خۆیەوە ئەیویست دەس بەسەر تاجی بێ خاوەنی ئێراندا، یاهیچ نەبێ دەس بەسەر ناوچەکانی خۆیدا بگرێ. (مهدوی: ١٧٨-١٧٩، هدایت: ٢٦١-٢٦٢).

دەرکەوتنی کەریم خانی زەند

ئەو کاتەی ئێران لەژێر دەستی ئەفغاندا بو، لەشکری عوسمانی هێرشیان کردە سەر ڕۆژئاوای ئێران، کرماشانو هەمەدانیان گرت. گەورەپیاوەکانی ناوچەکە لەبەرامبەر هێزی زۆری عوسمانیدا نەیانتوانی بەرەنگاری بکەن. هەندێکیان سەریان دانەواندو هەندێکیان هەڵاتن بۆ ناوچە شاخاوییە سەختەکان. یەکێ لەوانە کابرایەکی زەند بو بەناوی مەهدی خان.

مەهدی خانو خزمەکانی ٧٠٠ کەسێ لەسوارەو پیادە ئەبون. لەگوندەکانی پەریو کەمازان دائەنیشتن. ئەمانە بەردەوام شەبەیخونی ڕۆمیان ئەکرد. لێیان ئەکوشتن، وڵاخو کەلوپەلیان بەتاڵان ئەبردنو ڕایان ئەکردو ئەکشانەوە ناوچە شاخاوییە سەختەکان. هێزەکانی عوسمانییان ناڕەحەت کردبو.

کە نادر شا لەشکری بەرەو ڕۆژئاوای ئێران بەڕێ خستو هێزی عوسمانی ڕاو ناو، هێزی سازدا بەرەو بەغداد، ماوەیەك لەکرماشان مایەوە. مەهدی خان جەردەییو ڕاووڕوتی کردبو بەپیشە. کاروانی بازرگانەکانی ڕوت ئەکردەوە. نادر شا یەکێ لەفەرماندەکانی خۆی: باباخان چاوەشلوی، ڕاسپارد کەمەهدی خانو داروەستەکەی بگرێ.

باباخان ناردی بەدوی مەهدی خاندا کەنادر شا ئەیەوێ پلەو پایەی پێ ببەخشێو خەڵاتی بکا. بەم فێڵە مەهدی خانی تەفرەداو، ڕاکێشایە ناو داو.

باباخان مەهدی گرتو ٤٠٠ کەسی لەپیاوەکانی کوشت. دوای ئەوەی سامانو دارایی مەهدی خانی تاڵان کرد ئەویشی کوشتو، پاشماوەی بنەماڵەو ئێلەکەی دور خستەوە بۆ خۆراسان. لەو کاتەدا کەسێ کەخاوەن ناوو دەسەڵات بێ لەناو زەندا نەما بو. کەریم، شێخە، عەلی وەیس، ئەسکەندەر، نادر خان.. کەبرازای مەهدی خان بون هێشتا منداڵ بون. لەخۆراسان سەری خۆیان کز کردبو.

دوای کوژرانی نادر شا زۆری ئەو عەشیرەتانەی دور خرابونەوە ئەو هەلەیان بەدەرفەت زانی گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. کەریم خانو خزمو ئێلەکەیشیان گەڕانەوە پەریو کەمازان. وەکو جاران کەوتنەوە جەردەییو راووڕوت. کەریم خان ناوی دەرکردو بو بەدەسەڵاتداری کزازو تویسرکان.

میهر عەلی خانی تکەلو، حاکمی هەمەدان، ١٢ هەزار سواری هەبو. چاودێری هەواڵی جموجۆڵی کەریم خانی زەندی ئەکرد. ویستی بەلای خۆیدا رایان بکێشێ. نامەی بۆ کەریم خانو گەورەکانی زەند نوسیو بەسوارێکدا بۆی ناردن.

میهر عەلی لەنامەکەیدا بۆ کەریم خانی نوسی بو: کەئەو لەسایەی خواوە بوە بەدەسەڵاتداری ناوچەکەو هەمو گەورەو سەردارەکانی ناوچەکە ملیان بۆ کەچ کردوە. داوای لەویش کردبو بچێتە لایو فەرمانبەرداری دەربڕێ.

کەریم خانو گەورەکانی زەند بۆ سوکایەتی بەفەرمانەکەی میهر عەلی، لوتو گوێی کابرایان بڕیو ناردیانەوە.

میهر عەلی لەم کارە زۆر توڕەبو. پێنج هەزار کەسی لەگەڵ یەکێ لەسەردارەکانی نارده سەریان. فەرمانیدا کەریم خان بەزیندویەتی بگرنو بیهێنن بۆلای خۆی، بۆ ئەوەی خۆی سزای بدا.

زەند کەزانییان لەشکریان هاتۆتە سەر ئەوانیش خۆیان سازدا. لەناکاو کەریم خان بەدوسەد کەسەوە پەلاماری ناوجەرگەی لەشکرەکەیانیداو، تەفروتونای کردن. ٣ تۆپو کەلوپەلێکی زۆریان دەس کەوت.

میهر عەلی بۆ تۆڵەی شکانی لەشکرەکەی، خۆی لەشکری کۆکردەوە چوە سەر کەریم خان. شەڕێکی قورس رویدا. کەریم خان سەرکەوتو میهر عەلی خان بەشکاوی کشایەوە. لەشکری زەند بۆ راونانی کەوتنە دوی. میهر عەلی خۆی لەقەلای ولاشجرد لەنزیك هەمەدان قایم کرد. لەشکری زەند گەمارۆی قەلاکەیاندا. زۆری هێزەکانی میهر عەلی لەترسی زەند بلاوەیان لێ کرد.

میهر عەلی، عەبدولغەفار خانی برای بەشەو لەقەلا دەرباز کردو بەنامەیەکەوە ناردی بۆ لای حەسەن عەلی خانی ئەردەلان.

حەسەنعەلی خان والیو بەگلەر بەگی ئەردەلان بو. هێزەکەی کەپێك هات بو لەکوردو قزلباشو ئەفغان ٢٠ هەزار کەس ئەبو.

عەبدولغەفار گەیشتە لای عەلی خان. ١٢ رۆژ لەلای مایەوە.

حەسەنعەلی خان رێزی زۆری لەغەفار گرتو بەڵێنی دایە بەدەنگ هاوارەکەیانەوە بچێ. بەلام لەو کاتەدا نەیئەتوانی داواکەیان جێبەجێ بکا، چونکە خەریکی خۆسازدان بو بۆ لەشکرکێشییەکی تر. (گلستانە: ١٤٦-١٥١).

حەسەنعەلی خانی ئەردەڵان و ئیمامقولی خانی زەنگەنە

وەکو گلستانە ئەگێڕێتەوە:

ئیمامقولی خانی زەنگەنە (کوڕی محەممەد رەحیم بەگی زەنگەنە) کەدوای شکانی لەشکرەکەی ئیبراهیم پاشا هەڵات بو، لەگەڵ حەیدەر خانی زەنگەنە بە ۳ سەد کەسەوە هات بوە بێستون لەنزیك کرماشان، ئەیویست سەرانی زەنگەنەو کەڵوڕو ئێلاتی ناوچەکە بکا بەهاودەنگی خۆی.

لەو کاتەدا مورتەزا قولی خانی زەنگەنە، عەبدولعەلی خانی خۆراسانی و میرزا محەممەد تەقی گولستانە، دەسەڵاتداری کرماشان بون. میرزا تەقی پارێزەری قەڵای کرماشان بو کەنادر شا چەك و تفاقی جەنگی تیّدا هەڵگرت بو، بۆ لەشکرکێشی داهاتو بۆ سەر عوسمانی.

گەورەکانی کرماشان بۆ دەرکردنی ئیمامقولی بەخۆ کەوت. مورتەزاقولی خانی زەنگەنەو نەجەفقولی خانی ئێلبەگی کەڵوڕ ٦ هەزار کەس سوارو پیادەیان کۆکردەوە لەکرماشان دەرچون بۆ سەر ئیمامقولی. نەجەفقولی کوێربو، چونکە نادرشا چاوی دەرهێنا بو.

ئیمامقولی ئەو هێزە زلەی پیّ چار نەئەکرا ویستی فێڵیان لیّ بکا. نێردراوێکی نارده لایان وتی: من خەیاڵی گەورەییم لەسەردانیە. هاتوم سەردانی خزم و سەرانی ئێلات ئەکەم. ئەگەر پێتان ناخۆشە ئەڕۆم بۆ لایەکی تر.

مورتەزا لەگەڵ سەردارەکانی لەشکرەکەی کۆبوەوە بۆ راوێژ. ئەمانیش ویستیان فێڵی لیّ بکەن. وتیان ئەگەر دەری بکەین لەوانەیە بچێتە پاڵ ناحەزو دوژمنەکانمان لەگەڵ ئەوان رێك ئەکەویّ و بەهاوکاری ئەوان گێچەڵمان بۆ ئەنێتەوە، چاکتر وایە لەخۆمانی نزیك بخەینەوە، لەنزیك خۆمان بیّ هەر کات سەربزێوی کرد، سەری پان ئەکەینەوە.

وەڵامی ئیمامقولییان دایەوە، کەئەوان بۆ پێشوازی هاتون نەك بۆ شەڕ. ئەگینا، ئیمامقولی بەو ژمارە کەمەوە لەگەڵ ئەوان چی پیّ ئەکریّ. داوایان لیّ کرد بچێتە لایان بۆ ئەوەی پێکەوە بچن بۆ ناو کرماشان.

نێردراوەکە گەڕایەوە، راسپاردەکانی بەئیمامقولی گەیاند.

ئیمامقولی و حەیدەر بیریان لەپیلانێك کردەوە. ئەمان کەم بون و ئەوان زۆر. بڕیاریاندا تەفرەیان بدەن و شەو شەبەیخونیان بکەن. بەکابرایەکی زمان لوسدا هەواڵیان بۆ ناردن کەسبەینیّ بەیانی دێنە لایان.

هێزەکە شەو بەخەیاڵی ئاسودە پاڵی لیّدایەوە. بەر لەوەی رۆژببێتەوە لە ۳ لاوە شەبەیخونیان کردن. هێزەکەی کرماشان شکاو هەڵات. مورتەزاقولی خۆی هەڵات

بۆ قەڵای کرماشانو، نەجەفقولی هەڵات بۆ ناو ئێلەکەی خۆی. ئیمامقولی بەسەرکەوتویی چوە ناو کرماشانەوە.

ئیمامقولی نامەی بۆ سەرانی زەنگەنەو ئێلەکانی تر نوسیو داوای لێ کردن بێنە سەردانی.

لەماوەی ١٠ رۆژدا نزیکەی ٤ هەزار کەسی لێ کۆبوەوەو، لەماوەی ٢٠ رۆژدا بون بە١١ هەزار کەس. کەوتە گەمارۆدانی قەڵاکە. وڵاخو ئاژەڵی تاڵان کردن.

دانیشتوانی قەڵا بەتەنگ هاتن. مورتەزاقولیو عەبدولعەلیو میرزا تەقیو گەورەکانی تری ناو قەڵای گەمارۆدراو بڕیاریاندا داوای یارمەتی لەحەسەنعەلی خانی ئەردەڵان بکەن. نامەیەکی بەکۆمەڵیان بۆ نوسی.

لەنامەکەدا بەڵێنیان دایە لەو شەڕەدا هەرچی چەکێکی بەکار هێنا بۆی ببژێرن. نامەو نێردراو گەیشتە لای حەسەنعەلی خان.

حەسەنعەلی خان لەوەڵامدا بۆی نوسینەوە کە: داواکەی ئێوە رەوایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی شا چۆڵە، ئەگەر ئەم شەڕە بکەین توشی دوژمنایەتی خێڵەکی ئەبین، چونکە ئێلاتی کوردستانو کرماشان دراوسێی یەکترین، لەهەرلایەك بکوژرێ، دوژمنایەتی لەپاش بەجێ ئەمێنێ، بەتایبەتی کەئیمامقولیش زەنگەنەیە. داوای لێ کردن نامەیەکی تری بۆ بنوسنو بەکۆمەڵ مۆری بکەن، لەو نامەیەدا تەوان ئۆباڵی شەڕەکەو خوێنی کوژراوەکانی هەردولا بگرنە ئەستۆ، بۆ ئەوەی ئەمان لەداڕۆژدا توشی دوژمنایەتیو لێپرسینەوە نەبن. بەڵێنی دانێ دوای گەیشتنی نامەیەکی وەها هێزێکی گەورە ساز بداتو بچێتە سەر ئیمامقولی، ئەگینا خۆی لەو شەڕەوە ناگلێنێ.

دوای گەیشتنی ئەم وەڵامە مورتەزاقولی خانی زەنگەنە، عەبدولعەلی خانی خۆراسانیو میرزا تەقی خانی گولستانەو، هەمو سەرانی قەوم، کە لەقەڵادا گەمارۆ درابون، بەڵگەیەکیان نوسیو بەکۆمەڵ مۆریان کرد. ئۆباڵی شەڕو کوژراوەکانیان گرتە ئەستۆی خۆیان.

حەسەنعەلی خان ٢٥ هەزار سواری کۆکردەوە. بەو لەشکرەوە بەڕێ کەوت بۆ سەر کرماشان. لەبیلاوەر خێوەتگای دامەزراند. کەوتە خۆئامادە کردن بۆ شەڕی داهاتو.

ئیمامقولی لاوێکی سەرگەرمو هەڵەشە بو. بەئازایەتی خۆیەوە ئەنازی. کەهەواڵی هاتنی لەشکری ئەردەڵانی پێ گەیشت، هەزار کەسی لەهێزەکەی هەڵبژاردو بەرەو بیلاوەر کەوتە رێ.

پیاوە نزیکەکانی زۆری لەگەڵ خەریك بون بۆ ئەوەی بەهێزێکی واکەمەوە نەچێتە سەر لەشکری بەژمارە زۆری ئەردەڵان. بەڵام ئیمامقولی گوێی لێ نەگرتن. کەزانییان گوێیان لێ ناگرێ، زۆری لەگەڵ خەریك بون بۆ ئەوەی جارێ چاوەڕێ بکا تا لەشکری ئەردەڵان لەدەربەندەکە تێ ئەپەڕێو دێتە دەشتاییەوە، ئەوسا پەلاماریان بدا. لەمەشدا بەقسەی نەکردن بەڵکو دانیە بەر توانجو تانەو بەترسنۆکی لەقەڵەم دان. لای وابو بەو هێزە پچوکە لەشکری ئەردەڵان ئەشکێنێو تا سنە راویان ئەنێ.

حەسەنعەلی خان لەناو دەربەندەکەدا بۆیان دامەزرا.

تفەنگچییانی هەورامی لەکێوەکانی ئەمبەرو ئەوبەری دەربەندەکەدا دامەزراند. چەمێك کە بەناو دەربەندەکەدا ئەڕۆیشت، ئەم بەبەردی زل بەری گرتو ئاوەکەی شکاندە سەر ڕێگاکە، بۆ ئەوەی گڵی ڕێگاکە ببێ بەقوڕ، زەلامو وڵاخی تێدا بچەقێ.

دەمەو بەیان ئیمامقولی گەیشتە دەمی دەربەند. گەنج محەممەد بەگی زەنگەنەو سلێمان بەگی زەنگەنە، کەدو کەسی شارەزای شەڕ بون، هەریەکەی لەگەڵ ١٠٠ کەس کرد بەچەرخەچی. سەیدی سوڵتانی جەلیلوەندیشی بە ٣ سەد سوارەوە نارد بەشاخەکەدا هەڵبگەڕێ. خۆیشی بە ٥٠٠ سوارەوە خۆی ئامادەکرد بۆ هێرش بۆ ناو دەربەند.

چەرخەچیەکان بەخێرایی بەڕێ کەوتن، بەڵام هەمویان لەناو قوڕدا چەقین، چەندی تەکانیان ئەدا زیاتر ئەچەقین. چەرخەچیەکانی ئەردەڵان کە لەوشکاییدا بۆیان دامەزرا بون، دایان گرتنەوە زۆریان لێ کوشتن.

حەسەنعەلی خان ٣ هەزار سواری لەشاخەوە نارد بەدیوی ئەودیودا شۆڕببنەوە، دەمی دەربەندەکەیان لێ داخەنو، ڕێگەی کشانەوەیان لێ بگرن.

سەیدی کە بەشاخەکەدا هەڵگەڕا دی هێزەکەی خۆی کەمو دوژمن زۆر، بەخۆیدا رانەپەرمو پەلاماریان بدا لەنشێوێکەوە ئاوابو بەرەو ناوچەکەی خۆی گەڕایەوە.

ئیمامقولی هێرشی کرد بۆ ناو دەربەند. ئەمانیش لەقوڕدا چەقین.

حەسەنعەلی خان فەرمانیدا دەوری ئیمامقولی بگرنو نەهێڵن کەسیان لێ دەربچێ.

ئیمامقولی بەزەحمەتێکی زۆر خۆی لەقوڕەکە دەرباز کردو لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لەسوارەکانی گەڕایەوە دواوە. ویستی لەدەمی دەربەند تێ بپەڕێ دی گیراوە. بەناچاری بەغارو شەڕ خۆی کرد بەناویاندا دەرباز بو.

جگە لەئیمامقولی‌و چەند کەسێ لەسوارەکانی‌و سەیدی کە لەسەرەتاوە هەلاّت بو، کەسی کەیان دەرنەچو. ئەوانی تریان هەندێکیان کوژران‌و هەندێکیان بەدیل گیران.

هەواڵی شکانی ئیمامقولی لەپێش خۆی‌دا گەیشتە کرماشان. زۆری ئەوانەی لێی کۆبوبونەوە بلاّوەیان لێ کردو گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. ئیمامقولی هاتەوە کرماشان بۆ ئەوەی هێزەکەی رێك بخاتەوە. هێزی پێ کۆ نەکرایەوە. کرماشانی بەجێ هێشت روی کردە ناو ئێلاتی وەند کەهاوپەیمانی زەنگەنە بون.

وەند ئێلێکی گەورە بو پێك هات بور لەم تیرانە: ئەحمەد وەند، کاکە وەند، قولی عەلی وەند، جەلال وەند، جەلیل وەند، مافی وەند، بەهتلی وەند، قوریە وەند، خەلیل وەند، خواجا وەند، زوبێرە وەند، نانەکەلی وەند، بوجول وەند. (گلستانە: ١٥١-١٥٨).

حەسەنعەلی خان هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی بەگەمارۆدراوەکانی ناو قەلاّداو خۆیشی هاتە نزیکیان. سەردارو گەورەکان بۆ پێشوازی لەقەلاّ دابەزین‌و بۆ میوانداری بردیانە ناو قەلاّکە.

سەردانی قەلاّو جبەخانەکەی کرد. ٥ تۆپی لێ وەرگرتن‌و رۆژی دوایی گەڕایەوە خێوەتگاکەی خۆی.

ئەردەلاّن‌و کەریم خان

لەمێژوی ئێراندا کەریم خانی زەند، کە خۆی بەوەکیلی دەولەت‌و وەکیلی رەعایا نەك بەشا داناوە، بەیەکێ لەدادپەروەرترین حوکمڕانەکانی ئێران ناسراوە. کەچی مێژونوسانی ئەردەلاّن بەچاك باسی ناکەن‌و هەندێکیان هێرشیان بردۆتە سەری، بەتایبەتی نوسەری (لب التواریخ: ١٠٤-١٠٥). بەدوای ئەویش‌دا (تاریخ اردلان: ١٠١)، (حدیقەی ناسری: ١٥٤)، (تحفەی ناسری: ١٤٥)، کەریم خان تاوانبار ئەکەن بەوێران کردن‌و تالاّن کردن‌و سوتاندنی سنە. کەسیان هۆی ئەم کارەیان رون نەکردۆتەوە.

هەواڵەکانی (حدیقەی ناسری: ١٥٤) گێڕاویتیەوەو، (تحفەی ناسری: ١٤٥) دوبارەی کردۆتەوە سەبارەت بەهێرشی کەریم خان بۆ سەر کوردستان‌و گەمارۆدانی حەسەنعەلی خان لەقەلاّی قەراتورا (١١٦٤)و، دوای ئەوە هێرشی هاوبەش‌و بەجوتەی حەسەنعەلی خان‌و کەریم خان بۆ سەر عەلی مەردان خانی بەختیاری، راست نین. لەو سالاّنەدا حەسەنعەلی خان نەك هەر والی‌ی کوردستان نەبوە، بەلکو لەژیانیش‌دا نەماوە.

گلستانه بەدرێـژی هـۆی دوژمـنایـەتی کـەریم خـانی لەگـەڵ ئـەردەڵان رون کردۆتەوە.

قـەڵای کرماشـان نزیکـەی ١٤ مـانگ لەگـەمارۆی هێزەکـانی زەنـدا بـو، پارێزەرانی قەڵا ئامادە نەبون خۆیانو قەڵاکە بەدەسـتەوە بدەن. کـەریم خـان بـۆ بەلادا خستنی ئەم کۆسپە بەهێزێکی گەورەوە روی کـردە کرماشـان، کێشـەکەی بەگفتوگۆ بەلادا خست (بەمەزەننە ئەبێ ساڵی ١١٦٥ بوبێ). ئینجـا روی کـردە سنە.

خەڵکی ناوچە کە بەهاتنی کەریم خانیان زانی، خەسرەو خان، کە لەو کاتـەدا والی ئەردەڵان بو، لەگەڵ ئەعیانی سنە بەپیریەوە چونو، بەگەرمی پێشـوازییان کردن. خەسرەو خان خۆی میوانداریی لەکەریم خان کرد.

حەسەنعەلی خان، والی پێشوی کوردستان، لەسەر داوای میهر عەلی خان بـۆ سەرکوتکردنی کەریم خانو لەشکری زەند چو بۆ هەمەدانو دوایی دویان کـەوت بۆ پەریو کەمازان، مەڵبەندی ژیانی ئێلی زەند، لەوێ مایەوە تا سـەلیم پاشـای بابان هێرشی کرد بۆ سەر ئەردەڵان. کەریم خانو سەردارەکانی ئەم داخەیان لەدڵ دا بو.

وەکو گلستانە ئەڵێ: کەریم خان لەبەر ئەو دوژمنایەتیە بڕیاریدا کوردسـتان وێران بکا. بەقسەی تاقمێ هەرچیو پەرچی، کە لەناو لەشکرەکەیدا بونو کاری تەواویان تێ ئەکرد، کەوتە بێدادی.

کـەریم خـان لەسـەرەتای دەوڵەتـداریدا بـو، بەتـەواوی دەسـتی بەسـەر لەشکرەکەیدا نەئەڕۆیشت. هەرچیەکیان ئەکرد رێگەی لێ نەئەگرتن. لەو چـەند رۆژەدا زیانێکی زۆریان بەسنەو ناوچـەکانی دەوروبـەری گەیانـد. خەڵکەکەیشـی بەهۆی نیفاقی ناوخۆیانەوە زەرەری جۆراوجۆریـان لێ کـەوت. (گلسـتانە: ١٧٩-١٨٠).

کەریم خان سنەی بەجێ هێشت بەرەو هەمەدان.

حەسەنعەلی خانو شەڕی زەند

گولستانە ئەم شەڕە بەدرێژی ئەگێڕێتەوە:

حەسەنعەلی خان، دوای شکاندنی ئیمامقولی، وەکو بەڵێنی دابو لەشـکرەکەی لەکرماشانەوە بەڕێ خست بچێ بۆ یارمەتیـدانی میهـر عـەلی خـان، کەهێشـتا لەقەڵای ولاشجردا لەلایەن لەشکری زەندەوە گەمارۆ درابو.

حەسەنعەلی خان بەرەو هەمەدان بـەڕێ کـەوت. لەشـکری زەنـد کەبەمـەیان زانی، دەوری قەڵاکەیان بەرداو کشانەوە پەریو کەمازان، مەڵبەندی خۆیان.

حەسەنعەلی خان لەزاغە لەنزیك هەمەدان خێوەتگای دامەزراند. میهر عەلی بۆ پێشوازی لەحەسەنعەلی خان لەقەڵا دابەزی. خۆی کەوتە کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی هێزە پەراگەندەکەی‌و، داوای لەحەسەنعەلی خان کرد بچێ بۆ سەرکوتکردنی کەریم خانی زەند.

حەسەنعەلی خان بەلەشکرەکەیەوە بەرەو پەری‌و کەمازان کشا. کەریم خان بەخۆیدا ڕانەپەرمو شەڕی ڕوبەرویان لەگەڵ بکا. ژن‌و منداڵەکانی ناردە جێگایەکی ئەمین‌و خۆی‌و هێزەکەی دەستیان کرد بەشەڕی پارتیزانی. هەمو شەو پەلاماری لەشکری ئەردەڵانیان ئەدا. خەڵکیان لێ ئەکوشت‌و وڵاخ‌و کەلوپەلیان لێ ئەگرتن. حەسەنعەلی خان چەندی هەوڵیدا لەشوێنێکا بەگیریان بهێنێ نەیتوانی.

٤٥ ڕۆژ بەو جۆرە مایەوە. لەو ماوەیەدا هەواڵی پێ گەیشت سەلیم پاشای بابان بەهاندانی گەورەو ڕیش سپیەکانی ناوچەکە، بەلەشکرێکی ١٨ هەزار کەسییەوە هاتۆتە ناوچەی ئەردەڵان، گەرەکێتی سنە بگرێ. حەسەنعەلی خان وازی لەڕاونانی زەند هێناو، بەپەلە بەرەو کوردستان گەڕایەوە.

ئەمجارە کەریم خان وازی لەحەسەنعەلی خان نەهێنا. بەدرێژایی ڕێگای گەڕانەوەیان لەدوایی هێزەکەیانی ئەدا لێی ئەکوشت‌و، وڵاخ‌و کەلوپەلی لێ گل ئەدانەوە. لەنزیك تویسرکان لەدەربەندێکا کە ئەبو لەشکرەکەی حەسەنعەلی خانی پێدا تێ بپەڕێ، کەریم خان بەهێزێکی ٧٠ کەسییەوە خۆی بۆ لەبۆسە نابون. لەناکاو هەڵی کوتایە ناوجەرگەی لەشکرەکەوە. هەندێکی لێ کوشت‌و پشێویەکی زۆری تێ خستن. دەستی گرت بەسەر گەنجینەکەی حەسەنعەلی خاندا. ٢ ئێستر کەبارەکانیان زێڕی سپی‌و ١ ئێستر کەبارەکەی ئەشرەفی بو لەگەڵ چەند بار کوتاڵ‌و شتی گرانبەهاو چەند سەر ئەسپی بەتاڵان بردو بەسەلامەتی بۆی دەرچو. (گلستانە: ١٦٠).

سەرەڕای ئەوەش بنەماڵەی ئەردەڵان نەك هەر هیچ دۆستایەتیەکان لەگەڵ کەریم خان‌و گەورەکانی زەند دانەمەزراندبو، بەڵکو لەگەڵ دوژمنەکانی کەریم خان هاوکار بون. سوبحانویردی خان‌و حەسەنعەلی خان لەلایەن شاهەکانی ئەفشارەوە دانرابون‌و، خەسرەو خانی نەوەی سوبحانویردیش لەلایەن محەممەد حەسەن خانی قاجار، دوژمنی خوێنەخۆیی کەریم خانەوە، دانرابو.

سەرەنجامی ئیمامقولی خان

میهر عەلی خان کەوتە کۆکردنەوەی سوپا. مورتەزاقولی خانی کۆسە ئەحمەدلوی ئەفشار بە ٢ هەزار سوار لەسەر داوای شاهرۆخ گەیشتە هەمەدان.

لەگەڵ میهر عەلی یەکیان گرتەوە. ١٣ هەزار سواریان کۆکردەوە بەرەو کرماشان بەڕێ کەوتن. لەپێشەوە سواریان نارد ئاگاداری دانیشتوانی قەڵای کرماشانیان کرد کەوا بەڕێگاوەن. گەیشتنە بێستون. کاربەدەستانی قەڵا چەند کەسێکیان نارد بۆ پێشوازیو بەخێر هێنانیانو بردنیان بۆ کرماشان. لەو کاتەدا ئیمامقولی خەریکی خڕکردنەوەی لەشکربو لەناو ئێلاتی وەندا.

دوای ئەوەی گەیشتنە کرماشان خانەکان لەقەڵا دابەزینو کەوتنە تەگبیر بۆ چارەسەرکردنی ئیمامقولی. هەندێکیان پێیان وابو یەکسەر پەلاماری بدەن، بەڵام هەندێکی تریان لایان وابو کەلەو ناوچە شاخاوییەدا توشی زەرەری گیانی زۆر ئەبن، چاکتر وایە بەقسەی خۆش بیخەنە ناو داو.

کابرایەکیان بەناوی حسێن چراخ کەباوەڕپێکراوی میهر عەلی بو، لەزمان لوسیو فێڵبازیدا بێ نمونە بو، هەڵبژارد بچێتە لای ئیمامقولی بۆ ئەوەی رازی بکا بیهێنێ بۆ لایان.

ئیمامقولی بەقسەکانی حسێن چراخ هەڵخەڵەتا، بێ ترسو بەدڵنیایی سواربو لەگەڵی بۆ بینینی خانەکان لەکرماشان.

ئیمامقولی کەگەیشتە لایان چاویان دەرهێناو بەگیراوی رەوانەی قەڵایان کرد. لەشکرەکانی هەمەدانو ئەفشار گەڕانەوە جێگەکانی خۆیان. (گلستانە: ١٦١-١٦٥).

شەڕی سەلیم پاشاو حەسەنعەلی خان

نوسەری ((ذیل)) ئەڵێ: سلێمان پاشای بەبە لەدەس سەلیم پاشای ئامۆزای هەڵاتو هانای بۆ حەسەنعەلی خان هێنا. گوایە حەسەنعەلی بۆ ئەوەی سلێمان بباتەوە سەر جێگای خۆی لەمەریوان توشی شەڕ بوە لەگەڵ سەلیم پاشاو، شکاوە.

بەڵام گلستانە کەهاوچەرخو ئاگاداری روداوەکە بوە بەجۆرێکی تری ئەگێڕێتەوە:

لەکاتێکدا حەسەنعەلی خان خەریکی راونانی کەریم خانی زەندو، لەشکرەکەی بو، هەواڵی بۆ هات کەسەلیم پاشای بابان بەهێزێکی گەورەوە بەهاندانی هەندێ لەگەورەو ریش سپییەکانی ئەردەڵان، لەشکری هێناوە بۆ گرتنی سنە. حەسەنعەلی خان دەس لەڕاونانی کەریم خان هەڵئەگرێو بەپەلە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەردەڵان. حەسەنعەلی خان دڵی زۆر کەسی لەگەورەکانی ئەردەڵان رەنجاند بو. ئەمانە سەلیم پاشایان هاندا بوبێت بۆ گرتنی سنە. لەڕێگاش هەندێ لەوانەی لەگەڵی بون، خۆیان ئەدزییەوەو ئەیاندایە پاڵ سەلیم پاشا.

حەسەنعەلی خان لەشوێنێکی نزیک سنە (دەشتی مەریوان) پەلاماری سەلیمیدا. سەلیم شەڕەکەی بردەوەو حەسەنعەلی خانی بەخراپی شکاند. حەسەنعەلی خان لەگەڵ چەند کەسێ لەهێزەکەی دەربازبونو بۆ خۆحەشاردان روی لەشاخ کرد. (گلستانە: ١٦٧).

١. زۆری بنەماڵەی ئەردەڵان، بۆ رازی کردنی دڵی شاکانی ئێران مەزەبی رەسمیی دەوڵەتیان وەرگرت بو، بوبون بەشیعە. حەسەنعەلی خان یەکێ بو لەوانە. لەکاتێکدا دانیشتوانی ئەردەڵان وەکو میرەکانی بنەماڵەی بابان هەمویان سوننە بون. لەو سەردەمەدا ناکۆکی شیعەو سوننە توندوتیژو، یەکترییان بەکافر دائەنا.

٢. حەسەنعەلی خان رەفتاری لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەو گەورەپیاوەکانی توندوتیژ بو. هەر لەو ماوەیەدا چاوی محەممەد عەلی سوڵتانی دەرهێنابو، کەگەورەی بانەو هەورامان بو. لەتۆڵەی ئەمەدا ئەمیش دەستی هەبو لەهاندانی خەڵکی ناوچەکەدا دژی حەسەنعەلی خانو، هێنانی سەلیم پاشادا.

٣. لەو ماوە کورتەدا هێزەکەی حەسەنعەلی خان توشی زنجیرەیەك شەڕی یەك لەدوای یەك بوبو: شەڕ لەگەڵ ئیمامقولی زەنگەنە لەنزیك کرماشان، شەڕ لەگەڵ زەند لەنزیك هەمەدانو مەلایەر. کە لەگەڵ لەشکرەکەی سەلیم پاشادا چون بەگژ یەکدا، هێزەکەی ئەم شەکەتو ماندو بو.

رەنجوری ئەڵێ: ((شکست حەسەن ئەلی خان ١١٦٣))

سەرەنجامی حەسەنعەلی خان

نوسەری (ذیل شرفنامە) ئەڵێ:

((حەسەنعەلی خان بەهیوای دەسگرۆیی‌و یاریدە وەرگرتن چوە لای، (ئازاد خانی ئەفغان) کەئەو کات لەناوچەی ئازەربایجان ئاڵای شاهێتی‌و سەربەخۆیی هەڵکردبو. سەلیم پاشا لەترسی یارمەتیدانی ئازاد خانو گەڕانەوەی حەسەنعەلی خان، بێ‌وچان کەوتە شوێنی‌و گەیشتە هۆردوی ئەفغان.

ئازاد خان کەباری حەسەنعەلی خانی لاواز هات بوە بەرچاوو سەلیم پاشای لەوپەڕی هێزو دەسەڵاتدا دەدی، سەرشۆڕی بێ مروەتی بەخۆی رەوا دیتو بەتەماعی ماڵی دنیاو پارە زۆری سەلیم پاشا، کە لەگەڵ گەلێك خزمەتی دیکەدا بەڵێنی پێدا بو، حەسەنعەلی خانیدا بەدەستی سەلیم پاشاوە. بەڵام هەر لەو رۆژانەدا حەسەنعەلی خان بەمەرگی وەعدەکراو مردو، سەلیم پاشاش بەهۆی ئەو نزیکایەتیەوە، روی ئیتاعەتی لەوەزیری بەغدا وەرگێڕا، سەری بۆ ئازاد خان دانەواند. ئیتر لەو سەردەمەدا هیچ گەورەپیاوێك لەبنەماڵەی مەزنی باوە ئەردەڵان

نەمابوو، مەزنايەتی خانەدانەکە مابووەوە بۆ خەسرەو خانی کوڕی ئەحمەد خان کەئەو کات لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا بو)). (ئیبراهیم ئەردەڵانی: ٢٩).

ئازاد خان وەکو مێژونوسەکانی ئەردەڵان تاوانباری ئەکەن، بۆ تەماعی دنیاو بەرامبەر چەردەیەك دراو وەکو (وقائع نگار: ١٥٤)و (فخر الکتاب: ١٤٦) ئەڵێن: ٤ هەزار تمەن، ئا پیاوی کرد حەسەنعەلی خانی بەگیاویو زنجیرکراویدا بەدەس سەلیم پاشاوەو، ئەویش وەکو (ذیل شرفنامە: ٢٩) ئەڵێ: هەر لەو رۆژانەدا بەمەرگی وعدەکراو مرد، یا وەکو (لب التواریخ:١٠٤) ئەڵێ: کوشتی، یان وەکو (مستورە: ١٠٠) ئەڵێ: دوای گلدانەوەی ٧ مانگ بەگیاوی ساڵی ١١٦٤ لەقەڵاچوالان کوشتی.

ئازاد خان لەو کاتەدا لەململانێی دەسەڵاتدا بو لەگەڵ کەریم خانی زەندو محەممەد حەسەن خانی قاجار، کە هەریەکەیان لەلایەکی ئێراندا خەریکی پەیداکردنی دەسەڵات بون. ئەو دو گەورە پیاوە هەردوکیان شیعە بون، لەکاتێکدا ئازاد خان سوننە بو. حەسەنعەلی خان شیعەو سەلیم پاشا سوننە بو. ئازاد پێویستی بەکەسێکی ناودارو دەسەڵاتداری وەکو سەلیم بو لەو ناوچەیەدا، لەو ململانێ سەختەدا ببێتە پشتیوانی.

پێ ئەچێ سەلیم پاشا ماوەیەکی زۆر لەسنەدا نەمابێتەوە، چونکە کە کەریم خان چۆتە سنە (١١٦٦) خەسرەو خانی ئەردەڵانو والیی کوردستان بوە. وەکو هەندێ لەمێژونوسانی ئەردەڵان ئەڵێن: (فخر الکتاب: ١٤٧، مستورە: ١٠١). لەسەر کوشتنی حەسەنعەلی خان خەڵکی سنە لەسەلیم پاشا رەنجاونو دەریان کردوە. رەنگە ئەمە هەندێ راستی تێدا بێ. بەڵام لەو کاتەدا ململانێی دەسەڵات لەنێوان کەریم خانی زەند کەخوراسانو، محەممەد حەسەن خانی قاجار کەسەروی ئێرانو، ئازادخانی ئەفغانی کەئازەربایجانو، عەلی مەردان خانی بەختیاری کەلوڕستانی کردبو بەبنکەی لەشکرکێشیەکانی، گەیشت بوە بەرزترین لوتکەی توندوتیژی. میرەکانی بابانو ئەردەڵان بوبون بەبەشێ لەم ململانێیەو، بەگوێرەی گۆڕانی تەرازوی هێز لەنێوان ئەم سەرکردە ناکۆکانەدا، ئەوانیش ئەگۆڕان.

سەلیم پاشا چارەنوسی خۆی بەئازاد خانەوە بەست بو، بەڵام خەسرەو خانی ئەردەڵانو بنەماڵەکەیان هاوکاری نادر شاو جێنشینەکانیو، دوای ئەوانیش هاوکاری محەممەد حەسەن خانی قاجار بون.

پێ ئەچێ لەو کاتەدا کەکەریم خان روی کردۆتە کرماشانو، دوای ئەوێ ئەردەڵان، سەلیم پاشا سنەی بەجێ هێشت بێو، دابێتیە پاڵ ئازاد خان لەورمێ. لەو شەڕەدا کە لەنزیك ورمێ لەنێوان هێزەکانی کەریم خان لەلایەكو، هێزەکانی

ئازاد خان: فەتحعەلی خانی ئەفشار، شاباز خانی دونبولی، سەلیم پاشای بابان، لەلایەکی ترەوە، قەوماو بەتێشکانی زەند تەواو بو، سەلیم پاشا دەورێکی کاریگەری لەبەلادا خستنیدا گێڕاوە.

سەلیم پاشا بە ١٠ هەزار سوارەوە هەڵی کوتاوەتە سەر ((بونە)) ی کەریم خان، لەکاتێکدا کەهێشتا هەندێکیان باریان نەخست بو، هەندێکیشیان پشتێنیان کردبوەوەو پاڵیان دابوەوە. هەندێ خێوەتیان هەڵدا بو، هەندێکیشیان هێشتا نەگەیشت بون. لەشکر کەوتە هەلاتن. کەریم خان چەندی هەوڵیدا هێمنیان بکاتەوەو بەری راکردنیان بگرێ، کەڵکی نەبو. لەشکری زەند پەرەواز بو. خانەکانی زەند گەڕانەوە پەریو کەمازانو، کەریم خان چو بۆ ئەسفەهان بۆ کۆکردنەوەی لەشکر. (گلستانە: ٢٧٣).

ململانێی دەسەلات کۆتایی نەهات تا عەلی مەردان خانی بەختیاری لە ١١٦٧داو، محەممەد حەسەن خانی قاجار لە ١١٧٢دا کوژران. (هدایت: ٢٦٣و ٢٦٩). ئازاد خانیش پاش چەند سەرکەوتنو شکان، ماوەیەکی بەخۆشاردنەوە لەشارەزورو هەکاریو، بەپەنابەری لەبەغدادو گورجستان بەسەر برد، سەرەنجام سەری بۆ کەریم خان دانەواند.

سەرەنجامی سەلیم پاشا

نوسەری (ذیل شرفنامە) ئەڵێ:

((لەو دو سێ ساڵەی سەردەمی ئازاد خانی ئەفغاندا، بەهۆی دوژمنکاری سەلیم پاشای بەبە لەگەڵ بنەماڵەی ئەردەلانەوە، ئیقبال روی نەکردە خوسرەو خان. بەلام ئەو کاتەی دەنگی هاتهاتی محەممەد خانی قاجار لەئەستەرابادی مازندەرانەوە تا موغانی ئازەربایجان بەرز بوەوە، خوسرەو خانی مەردو رەند، کە بەهۆی غیرەتی زگماکەوە هەمو کات گوێ قولاغی بیستنی هەواڵێکی وابو، لەپایتەختی قەزوین هەلاتو لەگەڵ چەند کەسێکی هاودەمی خۆیدا لەموغان چوە خزمەتی محەممەد حەسەن خانی قاجار.

هەمو چەشنە مەرحەمەتو لاواندنەوەیەکی لەگەڵدا کراو ئەم دڵنەواییو میهرەبانیە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر دەبو. بەڵێنی والیتیو حکومەتی ئەردەلانو شارەزور، دڵگەرمو شادمانی دەکرد، تا کاتێ کەشەڕی محەممەد حەسەن خانو ئازاد خانی ئەفغانی نزیك بوەوە. پاش سێ چوار مانگێک، لەساڵی هەزارو شەستو نۆدا (١١٦٩)، شەڕی محەممەد حەسەن خانی قاجارو ئازاد خانی ئەفغانی لەناوچەی ورمێ روی دا. لەکاتێکدا سەلیم پاشای بەبەش لەگەڵ ئازاد خان دابو، شکستی گەورە بەسەر ئازاد خانو سەلیم پاشادا هاتو ئەركو خزمەتێکی زۆر

لەخوسرەوخان وەشایەوە. ئازاد خان بەرەو هەکاری هەڵاتو سەلیم پاشای بەبەش رووەو سنوری بابان کشایەوە کەئەو کات سلێمان پاشای ئامۆزای لەلایەن والی بەغداوە بەڕێوەی دەبرد.

سلێمان پاشای بەبە، بە رقەبەرایەتی بنەماڵەی باوە ئەردەڵان، بەفێڵ لەگەڵیدا ئاشت بووەو هەروکیان پێکەوە پێشکەشیەکی قورسیان بەچەند کەسی باوەڕپێکراوی خۆیاندا نارد بۆ دیوەخانی محەمەد حەسەن خانی قاجار، هەموشی بەو هیوایەی کەناوچەی ئەردەڵان بدرێت بەسەلیم پاشا. محەمەد حەسەن خان، بەهۆی گەورەیی رۆحو غیرەتی زگماکیەوە، پێشکەشیەکانی نەخستە بەرچاو داخوازییەکانی وەرنەگرت. لەوەڵامیشدا فەرموی. ئەگەر سەلیم پاشا خزمەتمان پێ بکات، ئەوا ناوچەیەکی تر لەمەملەکەتی ئێرانی دەدینێ. لەهەمان کاتیشدا، هەر بە بەرچاوی نوێنەرەکانی ئەوەوە خەڵاتی والیێتی (ئەردەڵانی) بەئەسپو زینو بەرگی ئاڵتونو میناو خەنجەری جەواهیرنیشانەوەدا بەخوسرەو خانو رەوانەی ئەردەڵانی کرد.

کاتێ خەسرەو خان گەیشتە ناوچەی بانەی-سەر بەئەردەڵان، سەلیم پاشای بەبە، بەخۆیو بەهەزار سوارەوە بەتەماحی ئەوەی بتوانن شتێك بەشتێك بکەن، سەرەڕێیان پێ گرت. هەردو قشون لەمەحاڵی بانە تێك ئاڵانو دوای کوشتوبڕێکی زۆر، شکستی گەورە بەسەر سەلیم پاشای بەبەدا هاتو سێ سەد چوار سەد کەسێك لەسوارەی دەوروبەری بونە خۆراکی شیری ئازایانی ئەردەڵان.

دوای هەڵاتن، سەلیم پاشا چارەی کاری لەوەدا دی بچێ بۆ بەغدا، وەك گوتویانە: ((کاتێ ئەجەل نزیك دەبێتەوە، راو دەچێتە لای راوچی))، ئەویش هەر ئەوەندە گەیشتە بەغدا، لەسەر شاهیدی شاهیدانو بەحوکمی وەزیر، لەگۆڕەپانی ئیمامی ئەعزەمدا کوژرا)). (ئیبراهیم ئەردەڵانی: ٢٩-٣١).

-١-

خوسرەو خان (١١٦٨-١٢٠٦)

لەساڵانی ١١٦٣-١١٦٨دا پێ ئەچێ هەلومەرجی ئەردەڵان نائارامو شێواوبێ، دەسەڵات لەسنەدا لەنێوان سەلیم پاشای بابان، کەریم خانی عەبباسقولی خانو خوسرەو خانی خان ئەحمەد خاندا دەستاودەستی کردبێ.

سەلیم پاشای بابان دوای شکاندنی حەسەنعەلی خان (١١٦٣) دەستی بەسەر سنەدا گرت، بەڵام وەکو هەندێ لەمێژونوسەکان ئەڵێن، دوای کوشتنی حەسەنعەلی خان (١١٦٤) خەڵکی سنە سەلیمیان دەرکردوەو، کەریم خانی برای حەسەنعەلییان کردوە بەحوکمڕانی خۆیان. بەڵام کەریم خان کابرایەکی بودەڵەو

بێ فەڕ بوە. شارەزای کاروباری حوکمڕانی نەبوە، بەڵکو زۆردار بوە. (لب: ١٠٦) نمونەیەك لەسەر جۆری حوکمڕانیی کەریم خان ئەگێڕێتەوە: ((پیاوی ئەعیانێ بۆ دزی ئەچێتە سەر ماڵی یەکێ. خاوەن ماڵ دزەکە ئەگرێو ئەیباتەلای کەریم خان. کەریم خان دەسبەجێ دزەکە بەرئەداو گوێی خاوەن ماڵەکە ئەبڕێ)). کەریم خان زۆر نەماوەتەوە. ئینجا خوسرەو خانی کوڕی خان ئەحمەد خان خۆی سەپاندوە. (مستورە: ١٠١-١٠٣).

خوسرەو خان لەسەرەتادا نەیتوانیوە جێگیر ببێ چونکە هەمیشە هەڕەشەی سەلیم پاشای لەسەر بوە، کە لەو کاتەدا یەکێ لەهاوکارە نزیکەکانی ئازاد خانی ئەفغانی بوەو، بنکەی دەسەڵاتداری ئازاد خانیش لەورمێ بوە.

نوسەری (ذیل-شرفنامە: ٢٩)ئەڵێ:

((لەو دو سێ ساڵەی سەردەمی ئازاد خانی ئەفغاندا، بەهۆی دوژمنکاری سەلیم پاشای بەبە لەگەڵ بنەماڵەی ئەردەلانەوە، ئیقبال روی نەکردە خوسرەو خان. بەڵام ئەو کاتەی دەنگی هاتهاتی محەممەد خانی قاجار لەئەستەرابادی مازندەرانەوە تا موغانی ئازەربایجان بەرز بوەوە، خوسرەو خانی مەردو رەند، کە بەهۆی غیرەتی زگماکەوە هەمو کات گوێ قولاغی بیستنی هەواڵێکی وابو، لەپایتەختی قەزوین هەڵاتو لەگەڵ چەند کەسێکی هاودەمی خۆیدا لەموغان چوە خزمەتی محەممەد حەسەن خانی قاجار.

هەمو چەشنە مەرحەمەتو لاواندنەوەیەکی لەگەڵدا کراو ئەم دڵنەواییو میهرەبانیە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر دەبو. بە بەڵێنی والیتیو حکومەتی ئەردەڵانو شارەزور، دڵگەرمو شادمانی دەکرد..)).

مێژونوسەکانی ئەردەلان ئەڵێن، سەلیم پاشا پەنای بۆ محەممەد حەسەن خانی قاجار بردوە، کە لەو کاتەدا دەستی بەسەر ناوچەکانی سەروی ئێراندا گرت بو، بۆ ئەوەی حوکمڕانی ئەردەلانی پێ ببەخشێ. هەمویان ئەم چیرۆکە، بەکەمێ جیاوازییەوە، ئەگێڕنەوە: (لب التواریخ: ١١٠، حدیقە: ١٥٥-١٥٦)، (تحفە: ١٤٧).

سەلیم پاشا بەهیوای ئەوەی بکرێتە حاکمی کوردستان پەنا بۆ خانی قاجار ئەبا. خوسرەو خان کەبەم هەواڵە ئەزانێ، ئەویش بەهەڵەداوان خۆی ئەگەیەنێتە لای خانی قاجار. سکاڵای حاڵی خۆیو، باسی کوشتنی حەسەنعەلی خانی بۆ ئەکا. خانی قاجار ئەڵێ: ((تۆ محەممەد حەسەن خانت خراپ ناسیوە، من ئەو کەسە نیم چاو لەنەنگیو عار بپۆشمو وڵات بەبێگانە بفرۆشم..)).

بەگێڕانەوەیەکی تر گوایە وتویەتی: ((خوسرەو خان تـۆ سەرکەچـەڵ محەمـەد حەسەنت خراپ ناسیوە، قسەی من یەکێکە، کوردستان هی تۆیە، ئـەم قسـانەی پیێ ناویێ، لەهەمو رویەکەوە دڵنیابە!)).

بەقسەی (حدیقە: ١٥٦)، (تحفە: ١٤٨) دوای ئەوەی خـانی قاجـار، خوسـرەو خانی دانا بەوالیی ئەردەڵان، گەڕایەوە سـنە (موحـەڕڕەمی ١١٦٨). یاریـدەدانی خوسرەو خان لەلایەن خانی قاجارەوە، ئەشێ راست بێ، بـەڵام پـەنابردنی سـەلیم پاشا بۆ خانی قاجار ریێ تیێ ناچێ، چونکە سەلیم پاشـا یـەکێ بـوە لـەهاوکارە نزیکەکانی ئازاد خانی ئەفغانیو، لەهەمو شەڕەکانیدا لەگەڵ کەریم خانی زەندو محەممەد حەسەن خانی قاجاردا هاوبەش بوە. لەم روەوە نوسەری (ذیـل:٣١) ئـەڵێ: ((.. لەساڵی هەزارو سەدو شەستو نۆدا (١١٦٩)، شەڕی محەممەد حەسەن خـانی قاجارو ئازاد خانی ئەفغان لەناوچەی ورمـێ ڕویدا. لـەکاتێکدا سـەلیم پاشـای بەبەش لەگەڵ ئازاد خاندا بو، شکستی گەورە بەسەر ئازاد خانو سـەلیم پاشـادا هاتو ئەرکو خزمەتێکی زۆر لەخوسرەو خان وەشایەوە. ئازاد خان بەرەو هـەکاری هەڵاتو سەلیم پاشای بەبەش روەو سنوری بابان کشایەوە کەئـەو کـات سـلێمان پاشای ئـامۆزای لەلایـەن والی بەغـداوە بـەڕێوەی دەبـرد)). خوسـرەو خـان ئـەم ملۆزمەی لەکۆڵ نەبوەوە تا لەبەغداد گیراو، کوشتیان (١١٧٠).

-٢-

کوشتنی سەرانی جاف

ئێلی جاف یەکێکە لەئێلـە گـەورەکانی کـورد. لـەنێوان جەبـەل حـەمرینو کوێستانەکانی سنەدا گەرمیانو کوێستانیان کردوە. بەزاندنی سنورو زیان گەیان بەکشتوکاڵی دانیشتوانی دێهات، زۆر جار کێشەو شەڕی لیێ پەیـدا بـوە. لـەڕوی سیاسیەوە سەر بەمیرایەتی بابان بونو، لـە لەشکرکێشـیەکانی بابـاندا بەشـدار بون.

خوسرەو خان بۆ ئەوەی تەمێیان بکاتو سەریان پیێ دابنەوێنیێ سـاڵی ١١٧٢، بەفێڵ میهر عەلی سوڵتانو خوسرەو بـەگ، کـە لەسـەرۆکە دەس رۆیشـتوەکانی جاف بون، بانگ ئەکا بۆ راو، بانگهێشتنەکەی قوبوڵ ئەکەن، بەڵام چـونکە لیێ دڵنیا نەبون. بـۆ ئـەوەی هـەردوکیان پێکـەوە نەکەونـە داو، کەئەچـن بـۆ لای، یەکێکیان ئەچێتە ناو قەڵا بۆ لایو ئەوی کەیشیان لـەدەرەوەی قەڵاکـەدا لەگـەڵ سوارەکانی تردا چاوەڕیێ ئەبیێ. هەروەها کەئەچن بۆ راو، خوسرەو بەگ بەهانەیـەك ئەدۆزێتەوە لەماڵ ئەمێنێتەوەو، میهر عەلی لەگەڵی ئەچیێ.

دوای تەواوکردنی راوەکە، لەکاتێکدا خوسرەو خان بۆ نانی نیوەڕۆ لائەدا، دەستەیەك لەپیاوەکانی ئەنێرێ خوسرەو بەگ بگرن‌و، لەوێش فەرمان ئەدا میهر عەلی بگرن.

میهر عەلی ئەگرن‌و کۆت‌و پێوەنگی ئەکەن. ئەوانەش کەئەچنە سەر خوسرەو بەگ، خوسرەو لەکاتی بەرگری‌دا ئەکوژن‌و، کەللەی سەری بەبڕاوی ئەبەنەوە بۆ خوسرەو خان. خان کەسەری بڕاوی ئەبینێ ئەڵێ: ((میهر عەلی لەهەمو شتێکدا لەگەڵ خوسرەو بەگ شەریك‌و هاوڕێ بوە، ئینساف نیە خوسرەوە بەگ بەتەنیا لەدیاری عەدەم‌دا بەجێ بهێڵێ، ئەوییش بەخێرایی بنێرن بۆ دیاری عەدەم‌و بیگەیەنن بەخوسرەو بەگ!)) دەسبەجێ ئەویش ئەکوژن. (تحفە: ١٥٠-١٥١)(لب: ١١٣).

جاف چەندین جار کەوتۆتە بەر پەلاماری میرەکانی ئەردەلان.

-٣-

کەریم خانی زەندو خوسرەو خان

کەریم خان کەئەچێتە سنە خوسرەو خان پێشوازی لێ ئەکا. بەلام لەشکری زەند سنە تالان‌و وێران ئەکا. ململانێ‌ی دەسەلات هێشتا لەنێوان خانی زەندو مێملەکانی‌دا بەلادا نەکەوت بو. خوسرەو خان، بەلای خانی قاجاردا دائەشکێنێ. رەنگە یەکێ لەهۆکانیش ئەوە بوبێ کەرێچەڵەکی خانی زەندی پێ نزمتر بوبێ لەهی خۆی، بەتایبەتی کەخانی زەند لەبنەماڵەیەکی خێڵەکی نەناسراوی کوردی لەك بوە.

خوسرەو خان بەیارمەتی محەمەد حەسەن خانی قاجار کاروباری ئەردەلانی گرتبوە دەس، کەخانی قاجار کوژرا خوسرەو خان پشتیوانەکەی لەدەس داو، ترسی لێ نیشت کەریم خان تۆڵەی لێ بکاتەوە. لەبەر ئەوە کەوتە قایمکردنی قەلاو، سازدانی لەشکر. خانی زەند کەبەمەی زانی، بۆ ئەوەی ترسی خوسرەو خان برەوێنێتەوە، فەرمانی ولایەت‌و خەلاتی بۆ نارد.

کاتێ کەریم خان لەتارانەوە گەیشتە سولتانیە، خوسرەو خان بۆ دەربڕینی گوێڕایەڵی‌و فەرمانبەری، خان ئەحمەد خانی کوڕی بەدیارییەوە ناردە لای. ئەویش رێزی لێ ناو، دڵنەوایی کردو، بەخەلات‌و بەراتەوە رەوانەی کوردستانی کردەوە. (حدیقە: ١٥٨، تحفە: ١٥١-١٥٢).

-٤-

سلێمان پاشای بابان لەسنە

نوسەری تحفە ئەڵێ:

((لەساڵی ١١٧٦دا سلێمان پاشای بابان بەنیازی داگیرکردنی کوردستان بەسوپایەکی فراوانەوە روەو مەریوان هات. خوسرەو خان کەبەوەی زانی بەو کۆمەڵەی کە لەبەردەستیدا بون چو بۆ بەرەنگاری سلێمان پاشا. لەمەریوان هەردولا دایان بەیەکدا. دوای کەشش‌و کۆششێکی زۆر خوسرەو خان سەرکەوت‌و سلێمان شکا.

پاشای شکاو ئەم مەسەلەیەی بەنەنگ‌و سوکی دانا بۆ خۆی. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر چاکەی کاری خۆی لەوەدا دی کەبۆ تۆڵە سەندن بچێ بۆ دەرباری کەریم خان تەبەعییەتی ئێران قوبوڵ بکا. بەخۆئامادەکردنی پێویستەوە پەنای بۆ دەرگای کەریم خان برد. بەفێڵ‌و فەرەجی زۆر خوسرەو خانی بەئیتیهامی سەیر تاوانبار کردو ٣ هەزار تمەن زێڕی نەختینەی پێشکەش بەکەریم خان کرد.

ئەم زمان لێدانەی سلێمان پاشا کینەی دێرینەی کەریم خانی وروژاند. خوسرەو خانی بانگ کرد بۆ شیراز. بەگەیشتنی دەستی لەکارکێشایەوەو، سلێمان پاشای کرد بەحاکم‌و رەوانەی سنەی کرد.

خوسرەو خان ماوەی یەك ساڵ لەشیراز نیشتەجێ بو. (تحفە: ١٥٢-١٥٣)

سلێمان پاشا لەسنە بەوپەڕی بەدخوییەوە حوکمڕانی ئەکرد. پاش یەك ساڵ لەجلی نوستن‌دا بەدەستی فەقێ برایم ناوێك کوژرا. محەممەد پاشای برایشی بەفەرمانی کەریم خان بو بەحاکمی کوردستان. لەبەر ئەوەی محەممەد پاشا لەسلێمانی موتەسەرریف‌و فەرمانگوزار بو لەلایەنی خۆیەوە عەلی خانی کوڕی نارده سنە.

دو ساڵی تەواو لەم شتە تێپەڕی نائارامیەکی زۆر کەوتە کوردستانەوە. کاروباری شارو بلوکەکان لەهەمو رویەکەوە تێك چوبو. کەریم خانی وەکیل لەکردەی خۆی پەشیمان‌و دوبارە بەرامبەر خوسرەو خان دڵی نەرم بو. ئەوی کردەوە بەحاکم‌و رەوانەی کوردستانی کردەوە)). (تحفە: ١٥٣. نوسەری (حدیقە: ١٥٨-١٥٩) هەمان هەواڵ ئەگێڕێتەوە، بەڵام ئەم لەباتی ٣ هەزار نوسیویتی ٣٠ هەزار تمەنی داوە بەکەریم خان‌و، گەڕانەوەی خوسرەو خانی خستۆتە ساڵی ١١٧٩).

گێڕانەوەکانی مێژونوسانی ئەردەڵان پێویستیان بەتاووتوێ کردن‌و بەراورد هەیە لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی تر.

١. سلێمان پاشا دو جار روی کردۆتە ئێرانو هەردو جارەکە بەتێشکاوی چوە. جاری یەکەم، کەوالی‌ی بەغداد ئەمی لەسەر کار لابردو، سەلیم پاشای لەجێگە دانا (١١٦٤). سلێمان پاشا پەنای بۆ ئەردەڵان برد. بەڵام چەند مانگێ زیادتری نەخایاند کەوالی‌ی بەغداد سەلیمی لادایەوەو، دیسان سلێمانی دانایەوە بەحوکمڕانی بابان. جاری دوەم کە لەکۆشکی زەنگی لەبەردەم لەشکری والی‌ی بەغدادا شکاو، بارەگاو، کەلوپەلی هەموی دەس سوپای عوسمانی کەوت. پەنای بۆ کەریم خانی زەند برد (١١٧٦). بەڵام هەر لەو ماوەیەدا والی‌ی بەغداد، عەلی پاشا، کوژراو لەجێگەی ئەو یەکێکی تر، عومەر پاشا، بو بەوالی‌یو سلێمانی گێڕایەوە سەر موڵکی بابان. هەمان ساڵ لەقەڵاچوالان، فەقێ برایم لەکاتی نوستندا بەخەنجەر کوشتی.

٢سلێمان یەکێ لەمیرە هەڵکەوتوەکانی بابان بوە. بایەخێکی زۆری داوە بەخوێندنو مزگەوتو مەدرەسەو کتێبخانە. هەروەها بایەخێکی زۆری بەپیشەو پیشەسازی داوە. یەکێ لەو پیشەسازییانەی سلێمان پاشا خەریکی دامەزراندنی بوە، دروستکردنی باروت بوە.

لەروی هەڵسوکەوتو خووڕەوشتەوە، هەندێ لەنوسەرانی هاوچەرخی بەستایشێکی زۆرەوە باسیان کردوە. نوسەری (دوحە: ١٣٥-١٣٦)، کەهاوزەمانی سلێمان پاشا بوە، نوسیویتی: ((... لەو پیاوە ساڵحانەبو کەتەقوای یەزدانیان کردبو بەشیعاری خۆیانو، لەو گوێڕایەڵانەبو کە ئەم ئایەتە کەریمەیان جێبەجێ کردبو ((واطیعوا الله والرسول واولی الامر منکم)). حاکمی ناوچەکانی بابانو کۆیەو هەریرو هەولێرو کۆپری‌و قەرەحەسەنو زەنگابادو جەسسان بو. ماوەی دوانزە ساڵ کاروبارەکانی بەجۆرێ بەڕێوە ئەبرد کەخواو پێغەمەرو دەوڵەتی بەرزی لێ رازی بون. لەو ماوەیەدا کەسێ نەبو شکاتی لێبکا یا بەربەرەکانی بکا یالی‌ی یاخی ببێ... بەڵام لەماوەی دوایی‌دا کەوتە کۆکردنەوەی رەسمو باج لەو ناوچانەداو، وا رەفتاری ئەکرد کەوەکو موڵکی خۆی بن، بەجۆرە سامانو دارایییەکی زۆری کۆکردەوە، ئەوسا کەوتە بیری هەڵگەڕانەوە لەدەوڵەتو هەندێ کەسیشی لێ کۆبوەوە..)).

راستییەکەی ئەوەبو، گێچەڵی پارەیان پێ ئەکردو، نەیان ئەویست ئەو کەمە سەربەخۆییەی دایمەزراندبو جێگیر ببێ.

شکستی زرێبار (١١٩١)

سادق خانی زەند پاش گەمارۆدانێکی چەند مانگە شاری بەسرای گرت. لەو کاتەدا نائارامیەکی زۆر لەبەغداد بو. والیەکانی دائەنران یاخۆیان ئەسەپاند زۆر نەئەمانەوە. لەناو خۆیاندا ناکۆکو لەسەر دەسەڵات پیلانیان لەیەکتری ئەگێڕا. لەبەر ئەوە نە لەکاتی گەمارۆدانی بەسرادا پەرۆایان هێز بنێرن بۆ شکاندنی گەمارۆکەو، نەدوای گرتنی هێز بنێرن بۆ رزگارکردنی. کەعەبدوڵڵا کەهیە بو بەوالیی بەغداد، یەکێ لەو ئەرکانەی بەو و بەحەسەن پاشای والیی کەرکوك سپێردرا بو رزگارکردنی بەسرا بو لەداگیرکردنی ئێرانی. ئەمانە وا رێك کەوتن:

عەبدوڵڵا پاشا هێزەکانی بەغدادو موسڵ بباتە سەر بەسراو، حەسەن پاشاش هێزەکانی کوردستان، بۆ خەریك کردن، بنێرێتە سەر کرماشانو ئەردەڵان. حەسەن پاشا، هێزەکانی کوردستانی سازدا، چەردەیەك پارەی بۆ تەرخان کردنو، هەندێك زیادەی دانێ. ئەحمەد پاشای بابانی نارد لەزەهاوەوە پەلاماری کرماشانو، محەممەد پاشای بابان لەقەڵاچوالانەوە پەلاماری سنە بدا.

ئەحمەد پاشا، لەحەسەن پاشا رەنجابو، هێزەکانی خۆی لەدسکەرەی نزیك زەهاو مۆڵ داو، لەوە زیاتر پێشڕەوی نەکردو هیچ جموجوڵێکی نەنواند. بەڵام محەممەد پاشا بەرەو مەریوان بەرێ کەوت. عەبدوڵڵا پاشای والیی بەغداد، کەئەبو پەلاماری بەسرا بدا، لەبەغداد نەجوڵا.

خوسرەو خان، لەزرێباری مەریوان، بەرەنگاری لەشکرەکەی محەممەد پاشای بابان وەستا. شەڕێکی سەخت قەوما. خوسرەو خان شکاو، نزیکەی هەزار کەسی لێ کوژراو، بەشێکی هێزەکەیشی بەدیل گیرا. لەبەر ئەوەی لەهیچ قوڵێکی ترەوە هێرش نەکرا. محەممەد پاشا لەمەریوان تێ نەپەڕی. دیلەکانی ئازاد کردو، گەڕایەوە قەڵاچوالان.

کەریم خان کەئەم هەواڵەی بیست، بۆ تێ هێنانەوەی ئەو شکستە هێزێکی گەورەتری ناردە سەر مولکی بابان. محەممەد پاشا داوای یارمەتی لەوالیی بەغداد کرد، یارمەتییان نەدا، لەبەر ئەوە کشایەوە کۆیە. لەشکری زەند بێ بەرگری هاتە ناو کوردستانەوە، کەوتە کوشتنو گرتنو تاڵانکردنو سوتاندن. ئەحمەد پاشای بابان لەم دەسدرێژیە تورە بو، غیرەتی بزوت. کەوتە پەلاماردانی لەشکری زەند. ناچاری گەڕانەوەی کردن. (دوحه الوزرا: ١٥٧-١٥٩، تحفه: ١٥٣).

رەنجوری ئەڵێ: ((شکستی خوسرەو خان لەزرێبار ساڵی ١١٩١)).

-٦-

مەرگی کەریم خان (؟-١١٩٣)

لـەماوەی ٢٢ سـاڵ حـوکمڕانیدا (١٧٥٧-١٧٧٩) کـەریم خـان جـۆرێ لەئاسایشی ناوخۆی لەئێراندا چەسپاندبو. بەڵام بەمردنی ئەو سەرلەنوێ پشـێوی کەوتەوە ناو ئێران. خزمو کەسوکارەکانی خانی زەند لەو کاتەوە کەمردبو لەسـەر سەڵتەنەت لەناو خۆیاندا کردبویان بەشەڕ. مـاوەی ٣ ڕۆژ تـەرمی کـەریم خـان کەوت بو، بەهۆی شەڕی ناوخۆیانەوە نەیانتوانی بو بەخاکی بسپێرن.

زەکی خان. دایکبرای کەریم خـان ١٥ کـەس لەگـەورەکانی زەنـدی کوشـتو، ئەبولفەتح خانی کوڕی کەریم خـانی لەسـەر تـەختی سـەڵتەنەت دانـاو، خـۆی کاروبارەکانی گرتە دەست.

زەکی خان بەدەستی یەکێ لەسوپاییەکانی خۆی کوژراو، سادق خان لەبەسراوە بەهەڵەداون گەڕایەوە شیراز ئەبولفەتحی لێ خستو، خۆی کاروباری گرتـە دەسـت. عەلیموراد خان، کەلەو کاتەدا حوکمڕانی ئەسفەهان بو، سـەڵتەنەتی بەشـایانی خۆی ئەزانی. پەلاماری شـیرازیدا بـۆی نـەگیرا. دوای ئـەوە بەماوەیـەك لـەنزیك هەمەدان سادق خانی شکاندو بای دایەوە بۆ سـەر شـیراز. دوای گـەمارۆدانێکی چەند مـانگە شیرازی گرت. چاوی سادق خانو ئەبولفـەتحو تـاقمێ لەخزمـەکانی خۆی دەرهێنا. لەئەسفەهان تاجگوزاری کرد (١٧٨٢).

لەم قۆناغەدا گەورەترین مێملێ بنەماڵەی زەند، ئاقا محەممەد خانی قاجار بو، ئاقا محەممەد کوڕی محەممەد حەسەن خانی قاجار بو، کەسـەردەمێ مێملـێ کـەریم خان بو، ئەیویست ببێ بەشای ئێرانو، لەو ململانێیـەدا کوژرابـو. ئاقـا محەمـەد خان، بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی کەریم خان لەشیراز بەدەسبەسەری وەکو بارمتە گل درابووەوە. (مهدوی: ١٨٨) دوای مردنی کەریم خان یەکسەر لەشیرازەوە هەڵات بۆ ئەستەر ئاباد، سەرانی ئێلی قاجاری کـۆکردەوەو، دەسـتی بەسـەر ناوچـەکانی سەروی ئێراندا گرتو، لە (١١٩٧/١٧٨٣)دا ناوی لەخۆی نا شاو، تارانی کـرد بەپایتەخت.

لەسەردەمی سـەڵتەنەتی عـەلیموراد خـان کـە ٣ سـاڵی خایانـد (١٧٨٢-١٧٨٥) ئاقا محەممەد زاتی نەئەکرد پەلاماری قەڵەمڕەوی زەند بدا. بـەڵام کەئـەم لەموچـەخورتی ئەسـفەهان مـرد (١١٩٩/١٧٨٥)و، جەعفـەر خـانی کـوڕی لەجێگەی ئەو لەسەر تـەخت دانیشـت. ئاقـا محەمـەد ئـیتر کەوتـە پەلهاوێشـتن جەعفەر خان ٤ ساڵ سەڵتەنەتی کرد. لەو ٤ ساڵەدا ٢ جار لەگەڵ ئاقـا محەمـەد بەشەڕ هاتو، هەردو جار بەشکاوی کشایەوە ناو دیواری شیراز. دیوارەکەی شـیراز لەگرتن نەئەهات.

جەعفەر خان دەرماخوارد کراو مرد (١٢٠٤/١٧٨٩) لوتفعەلی خانی کوڕی کەهێشتا گەنجێکی تازە پێگەیشتوبو، سەرپەرشتی کاروباری بەندەرو کەنارەکانی خەلیجی ئەکرد. دەسبەجێ گەڕایەوە شیراز بکوژەکانی باوکی کوشتو، لەجێگەی ئەو دانیشت. ئاقا محەممەد چوە سەر شیراز ئەمجارەش بۆی نەگیراو گەڕایەوە تاران لەزنجیرەیەك پیلانو فێڵو هێرشو کشانەوەدا سەرەنجام لوتفعەلی شکاو گیراو کوژرا. زنجیرەی بنەماڵەی زەند پێچرایەوە. بنەماڵەی قاجار کاروباری ئێرانی گرتە دەست. (مهدوی: ١٩٠).

-٧-

گۆڕینەوەی پەنابەر (١١٩٤)

محەممەد رەشید بەگی وەکیل، کەیەکێ لەگەورە دەسەڵاتدارەکانی ئەردەڵان بو، نێوانی لەگەڵ خوسرەو خان تێکچو. کەهزاد خانی کوڕی سوبحانویردی خانو تاقمێ لەگەورەکانی ئەردەڵانی لەگەڵ خۆی برد بۆ دەرباری عەلیموراد خان بۆ دەربڕینی سکاڵا لەدەس خوسرەو خان. خوسرەو لابراو، کەهزاد خان لەجێگەی دانرا. گەڕانەوە سنە. خوسرەو بەمە قایل نەبو. شەوێك لەناکاو دای بەسەریاندا. (تحفە: ١٥٥).

بەزۆر دەری کردنو هەتا گوندی سورەتو لەمەحاڵی پلنگان راوی نان. کەهزادو محەممەد رەشید بەگو دەستوپێوەندەکانیان پەنایان برد بۆ مەحمود پاشای خالید پاشای بابان. لەو کاتەدا دو برای مەحمود پاشایش، محەممەد پاشاو عومەر بەگ، پەنایان برد بوە بەر خوسرەو خان. مەحمودو خوسرەو پێکهاتن سەودایەك بکەن بۆ گۆڕینەوەیان. مەحمود پاشا کەهزادو محەممەد رەشید بنێرێتەوە بۆ سنە، خوسرەویش محەممەدو عومەر بنێرێتەوە بۆ قەڵاچوالان.

رەنگە خوسرەو خان لەم سەودایەدا، تۆڵەی شکانەکەی زرێباری لەمحەممەد پاشا کردبێتەوە، ئەگینا ئەم جۆرە سەودایە لەکوردەواریدا بەکارێکی ناشیرین دائەنرێ. مەحمود پاشا، محەممەد پاشاو عومەر بەگی کوشت (١١٩٤ ك/ ١٧٨٠ز). (تحفە: ١٥٦) (لب: ١٢٢).

رەنجوری ئەڵێ: ((کوشتنی محەممەد پاشاو عومەر پاشا رەمەزانی ساڵی ١١٩٤))

-٨-

خوسرەو خان لەشیراز

محەممەد رەشید لەڕێگە هەڵاتو روی کردە بەغداد. ماوەیەك لەبەغداد مایەوە هیچی بەهیچ نەکرد لەبەر ئەوە گەڕایەوە ئێران. چوە لای جەعفەر خانی زەند. جەعفەر خان هێزێکی گەورەی سازدا لەگەڵ محەممەد رەشید بەرێ کەوت بۆ سەر

سنە. پێشتر ڕەزاقولی خانی برای خوسرەو خانی هەڵگێڕا بوەوەو کردبوی بەهاودەنگی خۆی. ڕەزاقولی دایە پاڵیان.

خوسرەو خان بەخۆدا ڕانەپەڕمو بەرەنگارییان بکا، خاوخێزانی لەگەڵ خان ئەحمەد خانی کوڕیدا ڕەوانەی شارەزور کردو، خۆی چو بۆ شیراز بۆ لای عەلیموراد خان.

جەعفەر خان گەیشتە سنە. ئەمجارەیان ڕەزاقولی خانو محەممەد ڕەشید بەگ دوای ڕاکردوەکانی ئەردەڵان کەوتن تا هەورامان. (تحفە: ١٥٧)

جەعفەر خان کەوتە زوڵمو زۆرداریو دڵی دانیشتوان، تەنانەت دڵی دەسکێشەکانی خۆیشی ڕەنجاند. هاوکارەکانی هەر یەکەیان هەڵاتن بۆ لایەك. ڕەزاقولی خان چو بۆ ورمیێو، کەهزاد خانو لوتفعەلی خان بۆ کرماشان. محەممەد ڕەشیدیش جەعفەر خانی بەجێهێشتو چو بۆ کرماشان. لەو کاتەدا یەکێ لەوانەی بەتەمای شاهێتی بو، بەلەشکرەوە روی لەئەسفەهان کردبو. جەعفەر خان کەئەم هەواڵەی بیست سنەی بەجێ هێشتو بەپەلە بەرەو ئەسفەهان بەڕێ کەوت.

ڕەزاقولی خان کەزانی سنە چۆڵە لەورمێوە گەڕایەوە سنەو کاروباری گرتە دەس، پاش چەند ڕۆژێ کەهزادو لوتفعەلیو محەممەد ڕەشیدیش گەڕانەوە سنە. لەگەڵ ڕەزاقولیدا بو بەشەڕیان. ڕەزاقولی بەبرینداری هەڵات بۆ گەڕوسو دوای حەفتەیەك مرد. (تحفە: ١٥٨).

هەواڵی پەشێوانی هەلومەرجی ئەردەڵان بەعەلیموراد خان گەیشت. بۆ چارەسەرکردنی ئەو پشێوییە خوسرەو خانی بانگ کرد، سەر لەنوێ داینایەوە بەوالیی ئەردەڵان. بەڵام خۆی لەوێ گل دایەوەو، لەباتی ئەو کاروباری ئەردەڵان سپێردرا بەخان ئەحمەد خانی کوڕی کەلەو کاتەدا لەشارەزوربو. خان ئەحمەد گەڕایەوە سنە. میرەکانی ئەردەڵان پێشوازییان لێ کردو سەریان بۆ دانەواند.

بەهۆی ئەم ئاڵوگۆڕانەوە هەندێ لەباجی ئەردەڵان دوا کەوت بو. عەلیموراد خان بۆ کۆکردنەوەی باجی کۆنەکراوە، جەعفەر خانی ناردە سنە. جەعفەر خان دیسانەوە دەستی کردەوە بەزوڵمو زۆرو ئازاردان. کەعەلیموراد بەجەورو ستەمی جەعفەرو پەرێشانی خەڵکی زانی، خوسرەو خانی ڕەوانەی کوردستان کردو، جەعفەر خانی کێشایەوە. دوای ئەمە بەچوار مانگ عەلیموراد خان مرد. (تحفە: ١٥٩).

شەڕی ئەڵڵاقولی خانی زەنگەنەو خوسرەو خان

دوای مردنـی کـەریم خـان زۆر لـەو ئێلانـەی کـەریم خـان لەکرماشـانەوە گوێزابونیەوە بۆ شیرازو ئەسفەهان گەڕانەوە کرماشان، لەدەوری گەورەی زەنگەنە، ئەڵڵاقولی خان، کۆبونەوە.

ئەڵڵاقولی خان بەهیوای دامەزراندنی سەڵتەنەت بو. محەممەد ڕەشید بـەگ کـە لەکرماشان بو، دایە پاڵ ئەڵڵاقولی خانو، هانیدا وەکـو سـەرەتای فراوانکردنـی قەڵەمڕەوەکـەی خـاکی ئـەردەڵان بگـرێ. ئـەڵڵاقولی خـان هێزێکـی گـەورەی لەئێلەکانی کرماشان کۆکردەوە بەسەر سەحنە، کەنگاوەرو دینەوەردا بەرەو سـنە بەڕێ کەوت. هەواڵ بەخوسرەو خان گەیشت. ئەمیش هێزەکانی خـۆی کـۆکردەوە. نوسەری حدیقەو تحفە ئەڵێن: هێزەکەی ئەردەڵان بەهەموی ٧٤٠ کەس بوە.

خوسرەو خان هێزەکەی ئەکا بە ٧ بەشەوە. شەش بەشیان کەهەر یەکەی ١٠٠ سوار بوە پەیەکێ لە ٦ کوڕەکەی ئەسپێریو، خۆیشی ٤٠ سواری لەگەڵ ئەمێنێ. لەنیوە شەودا پێشەنگی هەردولا ئەدەن بەیەکداو، لەگەڵ هەڵاتنی خـۆردا ئـەبێ بەشەڕ. هێزی ئەردەڵان فێڵێکی جەنگی ئەکەن. بـۆ ئـەوەی هێزەکـەی ئـەڵڵاقولی خان لەتۆپو زەنبورەکەکانیان دور بخەنەوە، لەبەردەم هێزەکەی ئـەڵڵاقولی خـاندا پاشەکشە ئەکەنو، خۆیان بەشکاو پیشان ئەدەن. ئەڵڵاقولی خـان فـەرمان ئـەدا شەپوری جەنگ لێ بدەنو، هێرشیان بۆ بکەن. هێـزی ئـەردەڵان لـەناکاو لێیـان ئەسوڕێنو تێیان بەر ئەبن. هەندێ ئـەکوژنو هەنـدێ ئـەگرن. ئـەڵڵاقولی خـان ئەکوژرێ. شکست ئەکەوێتە لەشکری ئەڵڵاقولی خانەوە. دەس ئەکـەن بەهـەڵاتن. خێوەتی شاهانەی ئەڵڵاقولی خانو، کەلوپەلی بارەگاکەیو رانو ڕەوەی ئـەڵڵاقولی خان کەوتە دەس لەشکری ئەردەڵان.

کەللەی ئەڵڵاقولی خان بەبڕاویو، محەممەد ڕەشید بەگو نەسیر خانی کولیاییان بەدیلی بۆ خوسرەو خان هێنا. والی رو ئەکاتە محەممەد ڕەشـید بـەگو ئـەڵێ: ((.. بەشێلمو برویشـەکەی خـۆت قەناعـەت بکـەی باشـترە لەخواردنـە خۆشـەکانی بەغدادو کرماشان!)) (ذیل: ٣٢-٣٣، حدیقە: ١٥٩-١٦٥، تحفە: ١٦٠-١٦٥).

نوسـەری (ذیـل: ٣٢) ئـەڵێ: ٦ی جیمـادی ئـەوەلی ١١٩٩ کـاتی مردنـی عەلیموراد خانو، نوسەری (حدیقە: ١٦٥) ئـەڵێ ڕەبیعـی ئـەوەلی ١١٩٣ یـەك مـانگ دوای مردنی کەریم خانو، نوسەری (تحفە: ١٦٥) ئـەڵێ: ڕەبیعـی ئـەوەلی ١١٩٤ دوای مردنی کەریم خان.

جەعفەر خانی زەندو خوسرەو خان (١٢٠٠)

دوای مردنی عەلیموراد خان، جەعفەر خانی کوڕی هاتە جێگای. ناکۆکی نێوان خانی زەندو ئاقا محەممەد خانی قاجار لەسەر تاجو تەختی ئێران لەوپەڕی توندوتیژیدا بو. هەر یەکەیان ئەیویست سنوری قەڵەمڕەوەکەی خۆی فراوانتر بکاتو، ئەوی‌کە لەناو ببات.

جەعفەر خان لەئەسفەهانەوە هاتە هەمەدان. ئەیویست خانی ئەردەڵان بەلای خۆیدا رابکێشێ. پەیكو پەیامی بۆ خوسرەو خان ناردو، داوای لێ کرد بچێ بۆ سەردانی. خوسرەو خان بۆ راوێژ ئەعیانی ئەردەڵانی کۆکردەوە. قسە لەوە کرا کەگوێڕایەڵی بۆ جەعفەر خان دەرببڕن یا بەرهەڵستی بکەن. (حدیقە: ١٦٥، تحفە: ١٦٦).

نوسەری ((سیر الاکراد)) لەم بارەیەوە نوسیوێتی:

میرزا ئەحمەدی وەزیر کەباووباپیری پشتاوپشت لەکوردستاندا خاوەن پلەو نیشان بون... بەخوسرەو خانی وت: ((خانەکانی زەند لەئێلییەتدا هەمیشە لەحاکمانی کورد نەویتر بون، جگە لەکەریم خانی وەکیل کەخوابو بەدەلیلو هادیو گەیشتە پایەی سەڵتەنەت، دوای ئەو خزمو کوڕەکانی لەگەڵ یەك کەوتنە نیفاقو ئیتیفاقیان تێدا نەبو. بەپێی رەوتی روداوەکان وا دەرئەکەوێ لەناوچونی دەوڵەتی زەند رونو ئاشکرایە. ئەگەر چەندساڵێ کەریم خان لەم دنیایەدا ئیقبالی بو، چ پێویستە کەخوسرەو خانی والی کوردستان گوێڕایەڵی فەرمانی جەعفەر خان بێ؟)) (بابانی: ٥٣-٥٤).

نوسەری (حدیقە: ١٦٥، تحفە: ١٦٧) لەو راوێژەدا بڕیاریاندا دژی جەعفەر خان رابوەستنو گوێڕایەڵی بۆ خانی قاجار دەرببڕن. لەبەر ئەوە بەتوندی وەڵامی جەعفەر خانی دایەوەو، لەشکری ئەردەڵانی سازدا بۆ شەڕو، هەواڵی بۆ خانەکانی خەمسەو گەڕوس نارد بەلەشکرەوە بێن بۆ یارمەتی دانی.

نوسەری (ذیل گیتی گشا، میرزا عبدالکریم: ٢٨٥) ئەڵێ خوسرەو خان نامەیەکی دڵسۆزانەی بۆ ناردبو کە لەشکری ئەو سولەیمانپایەیە خۆی ئەرکی هاتنی کوردستان نەکێشێ، ئەو مێرولە بێ توانایە نەکا بەژێر سمی ئەسپەکانیەوە.

لەشکری ئەردەڵان بۆ بەرەنگاری خانی زەند بەرەو هەمەدان کشا، هێزی قەراگوزلو و خانەکانی خەمسەو گەڕوس گەیشتنو، لەبەهاری نزیك هەمەدان یەکیان گرتەوە.

لەشکری هەردولا دایان بەیەکدا (٢٤ی شەعبانی ١٢٠٠). رۆژی یەکەم شەڕ هەتا ئێواریٚ درێژەی کێشا بیٚ ئەوەی بەسەرکەوتنی هیچ لایەك تەواو بیٚ. رۆژی دوەم تێهەڵچونەوە. لای نیوەڕۆ لەشکری خانەکانی خەمسە بەشکاوی شەڕیان بەجیٚ هێشت. خوسرەو خان لەمە پەشۆکا. خۆیو کوڕەکانی بەدو هەزار سوارەوە بۆیان چونە مەیدانەوە. لەشکری زەندیان شڕ کرد. ١٣٠٠ کەس لەهێزی زەند کوژراو ٨٠٠ کەسیان لیٚ گیراو، ٣٤٠ کەسیش لەهێزی ئەردەڵان کوژراو ٥٤ یشیان بەسەختی بریندار بون. مێژونوسەکانی ئەردەڵان بۆ ئەوەی جەعفەر خان سوكو خوسرەو خان زل بکەن ئەڵێن: خانی زەند چونکە قەڵەوو ورگن بو، نەیتوانی بو هەڵیٚ لەناو سەنگەرەکانی تۆپخانەکەیدا خۆی قایم کردبو. کەشەو داهات یەکیٚ لەمەلا بەڕێزەکانی هەمەدانی بەقورئانو جەواهیرێکی زۆرەوە ناردە لای خوسرەو خان بۆ ئەوەی ڕێگەی بدا بڕوا. خان پیاوەتی لەگەڵ کرد ڕێگەیدا لەگەڵ ٣ کەس لەنۆکەرەکانی بڕۆن. هەر ئەو شەوە بەپەلە بەرەو ئەسفەهان گەڕایەوە. (حدیقە: ١٦٦، تحفە: ١٦٨).

دیارە لەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا هیچ لایەکیان: مێژونوسەکانی زەندو مێژونوسەکانی ئەردەڵان، بێلایەن نین، هەر لایەك لایەنی میرەکەی خۆی ئەگریٚو، زلتری ئەکا.

دوای ئەم سەرکەوتنە خوسرەو کەوتە فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی. ناوچەکانی مەلایەر، تویسکان، کزاز، فراهان، گوڵپایەگانی گرت. (تحفە: ١٦٧-١٦٨) لە گوڵپایەگان ٣ رۆژ پشوی حەسانەوەی بەئۆردوەکەیدا. لەکۆڕێکی بەزمو رابواردن دا لەجەعفەر بەگ، یەکیٚ لەهاونشینەکانی، پرسی: ((ئەم سەڵتەنەتەی ئێمە چۆن ئەبینیٚ؟)) جەعفەر بەگ بۆ ئەوەی لەو بیرە پەشیمانی بکاتەوە ئەڵیٚ: ((والی! پیٚ راکێشانی زیادتر لەبەڕە جگە لەمەینەتیو، قوتدانی پاروی گەورە جگە لەدڕانی گەرو، شتێکی تری لیٚ پەیدا نابیٚ. شێلمو بروێشکەی خۆمان لەهەمو خواردنێکی شاهانە خۆشترە!)).

ئەم قسانە کاریان لەخوسرەو خان کردو، وازی لەبیری دامەزراندنی سەڵتەنەت هێنا. رۆژی دوایی دیلەکانی شەڕەکەی لەگەڵ نامەیەکی دڵسۆزیو چەردەیەك جەواهێری بەدیاری بۆ ئاغا محەممەد خانی قاجار، کەتازە خەریك بو بناغەی شایەتی دائەمەزراند، نارد. (حدیقە: ١٦٧، تحفە: ١٦٩).

سەرەنجامی خوسرەو خان

ئاقا محەممەد خان چەند جارێ هاتە هەمەدان، ئەیویست دەس بەسەر کوردستاندا بگرێ. بەلام هیچ جارێ خوسرەو خان نەچو بۆ سەردانی، ئەترسا شتێکی لێ بکا، تەنانەت لەئاهەنگی تاجگوزاریشدا بەشدار نەبو. هەمو جار نامەی دلسۆزیو گوێڕایەلیو دیاریو پێشکەشی بۆ ئەناردو، خۆیشی لەقەلای حەسەناوادا قایم ئەکرد. ئاقا محەممەد داوای لێ کرد یەکێ لەکورەکانی بنێرێ بەدایمی لەگەلی بێ. (تحفە: ١٧١) ئەمانوللا خانی کوریو، لوتفعەلی خانی مامی نارد. ئاقا محەممەد رێزی زۆری گرتنو، بەرێزەوە ناردنیەوە بۆ ولاتی خۆیان. داوای لێ کرد کەخۆیو خان ئەحمەد خانی کوری بۆ دەربرینی دلسۆزی بچنە لای. والی ئەعیانی ئەردەلانی کۆکردەوە راوێژی پێ کردن. هەمویان هاتنە سەر ئەوەی کەدیسان ئەمانوللا خان بنێرێتەوە بۆ دەرباری قاجارو، خۆیشی لەبەهاردا بچێ. لەبەهاردا، خان ئەحمەد خانی کوری لەجێگەی خۆی داناو، خۆی چو بۆ تاران بۆ سەردانی ئاقا محەممەد خان. خانی قاجار خوسرەو خانی گل دایەوە (١٢٠٣). (تحفە: ١٧٢).

خوسرەو خان دوای ماوەیەك تێکچو. مێژونوسەکانی ئەردەلان هەندێکیان ئەلێن لەترسی ئاقا محەممەد خان شێت بوە (حدیقە: ١٦٨، تحفە: ١٧٣)، بەلام مەردوخ ئەلێ ئاقا محەممەد خان دەرمانخواردی کردوە.

ئێلاتی موکریو بلباس کەبیستیان خان تێکچوە، ئەو هەلەیان بەدەرفەت زانی یاخی بون لەدەسەلاتی ئەردەلان. خان ئەحمەد خان بۆ ئەوەی بیانهێنێتەوە ژێر باری فەرمانبەری لەشکری بردە سەریان. لەگەرانەوەدا یەکێ لەهێزەکەی خۆی کوشتی. ئەم هەوالە کەگەیشتە خوسرەو خان، نەخۆشییەکەی توندتر بو. حەکیمەکان نەیانتوانی چاکی بکەنەوە. شا لەچابونەوەی نائومێدبو، لەجێگەی ئەو لوتفعەلی خانی مامی کرد بەوالیی ئەردەلانو، رەوانەی سنەی کرد (١٢٠٤). لوتفعەلی خان ٤ سال بو بارمتە بو لەدەرباری قاجاردا.

پێ ئەچێ دوای ئەوەی خوسرەو خان نەخۆشیش کەوتوە، رێگە نەدرا بێ بگەرێتەوە کوردستان، بۆیە بەو جۆرە مایەوە تا لەسالی ١٢٠٦ وەکو (لب: ١٤٧) ئەلێ لەتاران مردو لاشەکەیان بەتەختەرەوان برد بۆ پیرۆزگاکانو هەندێکی تریشیان ئەلێن لەئەسفەهان مرد. (تحفە: ١٧٣، حدیقە: ١٦٩، ذیل:٣٧).

دور نیە ئەم نەخۆشییە (وراثی) بوبێ، چونکە پێش ئەمیش خان ئەحمەد خانو، دوای ئەویش ئەمانوللا خان، توشی هەمان نەخۆشین بوەو، بەهەمان دەرد مردون.

پاشکۆ

شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی بەبۆنەی لێخستنی خوسرەو خانەوە شیعرێکی داناوە. (در عزل عالیجاه معلی جایگاه معدلت پناه خسروخانِ ابن احمد خان واقع شد).

میرزام نەمەندەن
سەیران چارباخ چاخش نەمەندەن
نەمامان زویر، خاتر چەرکەندەن
ریشەی شادیشان جە بێخ داکەندن
گەرد ماوی تەم زەرگون نی دیار
بەرگ گوڵ زایف، تەرز توڵ زگار
عەر عەر قامەتان عوریان وە ماتەم
گوڵان، گوڵچینان، گشت ماتەن نە خەم
چەمەنان بێ نور، گوڵاڵان بەداخ
نەرگس جەمینان نەداران دەماخ
تەتاران بێ خەوف نە سای چناران
مەکەران سمکۆ هەر سوب ئێواران
مەگێلاَن بێ باك سوب نەسەر شاخان
شەو، جاو مەکۆشان نە پای یاتاخان
پەی چی؟ پەی نەدین خان خوسرەو خو
کەیانی، کەی تەبع، کەیخوسرەو شکو
بێ نازو نیاز، نە موڵك عەجەم
جەم غوڵامش شێویان وەهەم
هەر رۆ پەرێ عەیش، شادیو بەشارەت
نمەیۆ نە پای عالی عەمارەت
هاهای کەرەناو سەدای تەپڵو کوس
ئاموشۆی دیوان، میان وەپابوس
ئوتاخ بێ دەماخ، خانلەران دڵتەنگ
نە مەی، نە مەینۆش، نە ساز چلچەنگ
نە تەختو نە تاج، نە سوپاو سانش
نە مەندەن نە ئەمر، حوکم فەرمانش

ئیسه وێنه فیکر هەنیەتی پەروەر
موجەڕڕەد مەندەن خان لال کەمەر
دوشمنان پەردەی شادی دەردەوه
خانان خەوفشان جەدڵ بەردەوه
مەهتاب نشینان مارروی فەنامەن
بە سەیل ئەسرین تەڕ کەردەن دامەن
بێ سورمە، سپین دیدەی تەتاران
نور دیدەشان بەچەم مەداران
جەیرانان بێ خەوف شین بەباخان دا
بەسەهەندو حەوز، جای خوسرەو خاندا
واتەن بەیەکدی، هەرکەس جە نەدوێ
دەستگای خوسرەوی شەوق نەمەندەن پێ
سارایی کۆ گەرد پۆکە نە سای سەنگ
چون خان مازول، مات مەندەن، بێدەنگ (مەردۆخی ۳۳۳-۳۳٤).
مەردۆخی ئەم شیعرەی وەکو خۆی نوسیوێتی: (در کنار اب رود شـهر... وی رقم انشاد بذیرفت ۱۱۹٦)
کەخوسرەو خان عەزل ئەکرێو، لەشیراز گل ئەدرێتـەوە، خـان ئەحمـەد خـانی کوڕیو خێزانەکەیو دەسوپێوەندەکان رو ئەکەنە شارەزور. پێ ئەچێ شێخ مـوئمین یش، کەخەتیبی نوێژی هەینی سنه بوە، لەگەڵ ئـەوان رۆیشـت بـێ، یـان وەکـو ئەڵێن ناردویانە بەدویاندا بیان هێنێتەوە، بەڵام بـۆ دەربڕینـی نـاڕەزایی ئـەویش لەوێ ماوەتەوە. پـێ ئەچـێ ئـەو وشـەیەی کوژاوەتـەوە شـەهرەزور بـێو، ئـاوی روبارەکەش چەمی زەڵم بێو، ئەو ئاوو هەوا ناخۆشەی لەشیعرەکەدا بـاس کـردوە ئاووهەوای دەشتی شارەزوری پڕ دوپشكو مارو مور، بێ.
میزام وەگەردان
بدیە وەگەردش گەرون گەردان
ئەی زەدەی مەینەت، ئاوارەی هەردان
بێ تۆ چونش کەرد وێڵ سەرگەردان
کەفتیم وە مەسکەن عارەبانی بەڕ
یۆرد چۆڵگەردی قەیس ئەربەد گەڕ
شەو سەرد، رۆ گەرم، ئاب تەڵخو شور
جای ئەفعاو عەقرەب، ماهیو مارو مور

ماوای تاو لەرز، سەرێشەو سپڵ
یاگەی ئیستیسقاو سەفراو دەرد دڵ
شەوو رۆ دایم تاقەت لێم سەندەن
هەر نیمە نامێم بەزۆر پێ مەندەن
ئەویچ هەم جە تاو دەرد فیراقەت
زەرڕێ، نیم لەحزە، نییەن فیاقەت
هەر نە پەژارەن، شەوانو رۆان
بێ خوردو بێ خاو، بێ تابو تەوان
وێڵ وێڵ مەگێڵۆ، بەیدی بە بەیدی
بێزار جاوایی، هەی نائومێدی
چەنی کۆهییان مەسکەن نە تونیم
چۆڵ ئەربەد گێڵ کۆهیو زەبونیم
ئاوارەی زامن، دورکەوتەی وڵات
کەس نی عەرزو حاڵ باوەرۆ وەلات
بەی گشت دەردەوە مەنەتبارەنان
بلا بەی مەینەت گرفتارەنان
هەرگیز نەپرسان هامسەران من
جە کۆن؟ جە کۆیو؟ کۆ کەرد بەزامن؟ (مەردۆخی: ٣٣٥)
(در بیان عدالت معدلت دستگاه معلی جایگاه خسرو خان واقع شده)
میرزام نەمەندەن
روکن زەلالەت پایەش نەمەندەن
.. نەجام، خاتر پەڕ کەندەن
ریشەی شاخ زوڵم جە بێخ داکەندن
پەی چێش؟ کەپەروێز بەهزادی ئەڕەنگ
جانشین تەخت خانان ئەرژەنگ
بازیی بەساحێب تاج خوسرەوی
هامراو هامبەزم جیهان پەهلەوی
عەهد خوسرەوی تازە کەرد ئایین
بڵند بی ئاواز کۆس عەدڵ ئایین
هەرچەند جە زوڵمات سوپای زوڵمو جەور
تەمام بی سیا عەرزەی دون دەور

جه مەطلەع ئیحسان نور عەدالەت
سا چون طلوع کەرد، کەم بی زەلاّلەت
دڵ پەی نەقد عەدڵ ساکە بیٚ مەحەك
عەین عافیەت جێش نەبیٚ مونفەك
چون خاتر بەعەدڵ تەمام بی کامڵ
کەسر ئیقبالّش بەفەتح بی واسڵ
داد مەزلّومان، فوقەراو مسکین
سەند جه زالّمان ئەهل ئی زەمین
عەدڵو دادو عیلم، وەچەرخ سەر ساوا
زالّم بەرد وەقەعر چای بیّژەن ماوا
دوشمنان ئەبواب خەمان گوشاد کەرد
نە دڵ خەوفەو بیم بیٚ پەروا جا بەرد
خانان سەرحەد، تەمام جەسامش
داخڵ بین وە نەجم جەرگەی غولاّمش
پەروین ئەعداش، هەراسەندە بی
چون ((بنات النعش)) پەراگەندە بی
سوپای شادیو عەیش مەزلّومان بەعام
تاراج کەرد ئەحشام زالّمان یام
جه عەدلش ئەیمەن موڵکو مەملەکەت
حامی مەزلّومان، ماحیی زولّمەت
بینای موڵك نیا جه چەدلش ئەساس
حوکم کەرد بەعەدڵ تەمام ((بین الناس))
جه سایەش یاوا خەڵك بەئاسایش
چون سایە ساوان گشت نە سەر پایەش
سەریرش بەعەدڵ قایم کەرد پایە
پایە بڵند بۆ پەریٚ سەر سایە
تاکە سارایی دورکەوتەی زامن
بیۆ نە زامن، بگیرۆ زامن! (مەردۆخی: ٣٣٨-٣٣٩)
(کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی ((گۆرانی)) گردەوەکۆیی شێخ عبدالمومنی مەردۆخی (١١٥٢-١٢١١/١٧٣٩-١٧٩٧)، ساغ کردنەوەو سەرەتا نوسینی: ئەنوەری سوڵتانی، لەندەن ١٩٩٨).

حوسەینقولی خانی ئەردەڵان (؟-١٢٦٣)

-١-

ئەمانوڵڵا خانی گەورە (؟-١٢٤٠)

ئەمانوڵڵا خانی گەورە یەکێ لەوالیە دەسەڵاتدارو هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەردەڵان بوە. بەرامبەر رەعییەت، تەنانەت بەرامبەر خزمو کەسوکارەکانی خۆیشی، زۆر دڵرەقو بێ بەزەیی‌و جنێوفرۆش بوە. لەپارە سەندنو ئەرز داگیرکردنو روتاندنەوەی دانیشتوانی قەڵەمرەوەکەیدا چاوچنۆکێکی زۆرداری بێ نمونە بوە، بۆیە مێژونوسەکانی ئەردەڵان کەباسی سامانو دارایی ئەکەن، ئەڵێن گەیشتۆتە ٦ کرور (تحفە: ٢٠٠-٢٠١). لەوە ٢ کروری موڵکو خشڵو کەلوپەلی ماڵو گەلەو رەوەو رانو ٤ کرورەکەی تریشی زێڕی نەختینە بوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی زۆری داوە بەئاوەدانکردنەوەی وڵات. کۆشكو سەرا، خانو کاروانسەرا، بازاڕو دوکان، حەمام، مزگەوتی... دروست کردوە. یەکێ لەشوێنەوارە گرنگەکانی مزگەوتی ((دار الاحسان))ـە کە لەهەمان کاتدا ناوەندێکی گرنگی خوێندەواری بوە. هەروەها کتێبخانەیەکی ئاوەدانی هەبوە کتێبی ناوازەو دەگمەنی وەکو شەرەفنامەی تێدا بوە، کەدانەیەکیانی بەدیاری داوە بەریچ.

ئەمانوڵڵاخان چەندین ژنی هێنانەوە چەندین منالی نێرینەی لێیان بوە. لەوانە محەممەد حەسەن خان، خەسرەو خان، محەممەد صادق خان، عەبباسقولی خان، حوسەینقولی خان، ئەبولفەتح خان... جیاوازی پایەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکانی دایکی ئەم کوڕانە کاری لەپاشەڕۆژیان کردوەو، ناکۆکی لەنێواندا دروست کردون.

لەناو کوڕەکانیدا هەندێکیان شاعیر بون لەوانە:

حوسەینقولی خان کەشاعیرێکی بەتوانا بوە، بەنازناوی ((حاوی)) زۆر شیعری بەفارسی داناوە. حاوی لەباوکەوە لەناو ئەم بنەماڵەیەدا پێ گەیشتوە. دایکیشی: خورده خانم، کچی محەممەد ئاغای قادری‌و، خوشکی ئەبولحەسەن بەگی باوکی مەستورە بوە. بەم پێیە لەگەڵ مەستورە خاڵۆزاو پورزا بون.

هەروەها خەسرەو خان، کەدوایی بو بەوالی‌و دواتر بو بەهاوسەری مەستورە، ئەویش شیعردۆستو، هەندێ جار خۆیشی شیعری داناوە.

-٢-

ژنهێنانی حوسەینقولی خان

ساڵی ١٢٣٦ ئێلی جاف زیانییان کردبو، خەڵکی مەریوان سکاڵایان بردە بەر ئەمانوڵڵاخان. ئەویش ئەم هەڵەی بەدەرفەت زانی لەشکری کۆکردەوە چوە سەریان، لەنزیك مەریوان گەمارۆی دان. هەندێکی لێ کوشتن‌و هەندێکی لێ گرتن، نزیکەی دو کرور ران‌و رەوەی بەتاڵان بردن. لەهیچ سەردەمێکی پێشتردا زیانی وا زۆر لەجاف نەکەوتوە. (تحفە: ١٩٣) لەسەرانی جاف وەڵەد بەگ‌و کوڕەکانی: رۆستەم بەگ‌و حەبیب بەگ، لەناو گیراوەکاندا بون. وەڵەد بەگ لەزینداندا مایەوە تا وەك(مستورە: ١٩١) ئەڵێ: ((بەر ئەوازشتی والی کەوت‌و لێی خۆش بوو، یەکێ لەکیژە بەئابڕوەکانی، کە بەڕاستی لەئاسمانی داوێنپاکی‌و جوانی‌دا مانگی تابان بو، دا بە حوسەینقولی خان‌و سەری پێ بڵیند کرد..)).

-٣-

ژنهێنانی خەسرەو خان

فەتحعەلی شا نزیکەی هەزار ژنی هەبوە. یەکێ لەو ژنانەی، سەروناز خانمی، بەدیاری بەخشی بەئەمانوڵلاخان. فەتحعەلی شا لەژیانی خۆی‌دا لەو ژنانەی نزیکەی هەزارو پێنج سەد کوڕو کچ‌و نەوەی هەبوە. ئەمانوڵڵا خان، یەکێ لەکچەکانی فەتحعەلی شا، حوسنی جیهان خانمی، بۆ خەسرەو خانی کوڕی هێنا. خەرجی ئەم ژنهێنانە، بەقسەی (مستورە: ١٩١) ١٠٠ هەزار تمەن‌و، بەقسەی (بابانی: ٧١) ٢٠٠ هەزار تمەن‌و، بەقسەی (تحفە: ١٩٤) ٢٢٤ هەزار تمەنی ئەو سەردەمەی تێ چوە. لەسەر ئەمە محەممەد حەسەن خان لەباوکی زیز‌و هەڵگەڕایەوە، چونکە ئەمەی بەنیشانەی ئەوە لێك دایەوە کەباوکی خوسرەو ئامادە ئەکا بۆ جێنشینی خۆی، لەکاتێکدا ئەم خۆی بەشایانی بوکی تایەن‌و جێنشینی دائەنا. لەشەڕێکی خوێناوی‌دا کە ٤٤٠ کەسی تێدا کوژراو ١١٠ کەس، کە بەدیل گیرابون، ئەوانیش بەفەرمانی ئەمانوڵڵا خان کوژران، محەممەد حەسەن خان کوژرا. دیلەکانی بەباوك‌و براکانیان کوشت (١٢٣٧). (حدیقە: ١٧٧) ئەم زەماوەندەی خوسرەو خان رەنگە گرانترین شایی مێژوی کوردەواری بێ لەڕوی تێچونی خوێنی زۆرو پارەی زۆرەوە!

ئەمانوڵڵا خان ساڵی ١٢٤٠ مرد. بەر لەمردنی بەچەند ساڵێ توشی نەخۆشینی ئەقڵیی بوە. هۆی ئەمە ئەگێڕنەوە بۆ کوژرانی کوڕەکەی.

خەسرەو خانی ناکام

خوسرەو خان لەجێگەی باوکی لەتەمەنی ١٩ساڵیدا بو بەوالی ئەردەڵان. دیارە زاوایەتی لەگەڵ شا لەمەدا دەوری هەبوە. خەسرەو خان بەپێچەوانەی باوکیەوە، پیاوێکی بەرچاوتێرو دەسبڵاو بوە. مێژونوسەکانی ئەردەڵان هەڵوێستێکی جوامێرانەی لێ ئەگێڕنەوە:

ساڵی ١٢٤٣ قاتوقڕیو گرانی وڵاتی داگرت. خەڵکی لەبرساندا ئەمردن. خەسرەو خان نزیکەی ٥٠ هەزار تەغار گەنمو دانەوێڵە، کە لەعەمارەکانیدا بو، بەسەر خەڵکدا دابەشی کرد، ((سەنەد))ی لێ وەرگرتن کەدوای بەسەرچونی گرانیەکە نرخەکەی ببژێرن. خەڵك لەبرسێتی رزگاریان بو. پاش ماوەیەك بوژانەوە. میرزا فەرەجوڵڵا خانی وەزیر سەنەدەکانی هێنا بۆ خەسرەو خان تا فەرمانی وەرگرتنەوەی نرخەکانیان بدا. نرخی ئەم سەنەدانە بایی زیاتر لە ١٥٠ هەزار تمەن بو. خەسرەو خان هەمو سەنەدەکانی نایە ناو ئاگرو سوتاندنی. (حدیقە: ١٧٨-١٧٩).

وەزیر لۆمەی والی کرد چونکە ماڵو دارایی بەخۆڕایی بەفیڕۆ ئەدا. بەڵام خەسرەو خان وتی: ((...ئینسافتان بێ! ٧٠٠ ساڵە ئەهالی ئەم مەملەکەتە بەگیانو ماڵ خزمەتی ئەم بنەماڵەیە ئەکەنو، گیانو ماڵی خۆیان وەقفی رەزای ئەم بنەماڵەیە کردوەو، شاردراوە نیە کەموڵكو دەوڵەتو ئیعتبارو مەکنەتی بنەماڵەی ئێمە لەقازانجو سودی ئەم رەعییەتە حەقگوزارانەوەیە. هەمو کات ئێمە لەوانمان وەرگرتوەو نانو خواردنی ئەوانمان خواردوەو، موڵكو دەوڵەتی ئەوانمان بەهەر جۆرێ بێ بردوە، ئێستاش کە بەتەقدیری خوایی، ئەهالی ئەم مەملەکەتە یەك ساڵ توشی بەڵای قاتوقڕیو گرانی بونو، بون بەمیوانی سفرەو خوانی ئێمە. بەکام ئینسافو مروەت جائیزە مەئمورانی توندگر بنێرمو نرخی نانو خواردنیان لێ داوا بکەم.)) (تحفە: ٢٠٢-٢٠٣).

لەگەڵ ئەم دەسبڵاویەدا، لەپارەسەندنو، تاڵانکردنو، توندوتیژی سزاداندا، چەپی لەباوکی گەڕاوەتەوە. تەنانەت لەگەڵ باوك براکانیشیدا بەوپەڕی دڵڕەقیەوە جوڵاوەتەوە:

عەباسقولیخانی زڕبرای، لەپلەوپایەی سەردەمی باوکی روت کردەوەو، خۆیو دایکی تاڵان کردو هەرچی سامانو داراییان هەبو، هەموی لێ زەوت کردن. (مستورە: ١٩٩)

((حوسەینقولی خانی برای، کە لەسەردەمی باوکیدا فەرمانڕەوایی ئیسفەندئابادی پێ سپێردرابو، سەرەڕای هەمو ملکەچیو گوێڕایەڵییەکی، دوای ماوەی ساڵێك، دەستی لەکار کێشایەوەو لای بردو فەرمانڕەوایی ناوچەکەی بەباباخانی مەراغەیی سپارد. حوسەینقولی خانی بێ چارەیش هیچی بۆ نەمایەوە، هەر ئەوەندەی بۆ لوا، هەرچی سەروەتو سامانێکی نەختینەی هەبو پێچایەوەو بەقورئانێکەوە، بەهەڵەداوان چو بۆ خزمەت خوسرەو خان، رای گەیاندێ: ئەوەی هەیەتیو نیەتی، هەر ئەمەیەو بەس، ئیتر هەڵی گرەو لەکۆڵم بەوەو رێسی ملم مەخە ژێر بیوری سەربڕەوە.)) (مستورە: ۱۹۹).

محەممەد صادق خان، زڕبراکەی تری، دو جار تالآن کردو هەرچی هەبو لێ سەند، تەنانەت کارەکەرەکانی چێشتخانەکەیشی بەتالآن بردو بەنۆکەرەکانی خۆی بەخشی (تحفە: ۲۰۳).

نوسەری (لب: ۱۸۱)یش ئەڵێ: ((ئەگەرچی جودو عەتای زۆری هەبو بەلآم نوسەری ئەم کتێبەی لەوپەڕی زیللەتو برسێتیدا بەجێ هێلا)).

خوسرەو خان تەنیا ۱۰ ساڵ حوکمڕانی کردو بە۲۹ ساڵی مرد (۱۲۵۰)، لەبەر ئەوە پێی ئەڵێن: خانی ناکام، واتە جوانەمەرگ. لەحوسنی جیهان ۳ کوڕ: ڕەزاقولی، ئەمانوڵلا ناسراو بەغولامشا، خان ئەحمەد خان، و ۳کچی هەبوە. کوڕە گەورەکەی ۱۰ ساڵ بوە، بەلآم لەجێگەی باوکی کراوە بەوالی کوردستان. دیارە لەم دانانەشدا دایکی دەوری کاریگەری هەبوە.

-٥-

ڕەزا قولی خان

حوسنی جیهان بۆ ئەوەی ئەم بنەماڵەیە زیاتر ببەستێتەوە بەدەرباری قاجارەوە، تویا (طوبی) خانمی کچی عەبباس میرزاو، خوشکی محەممەد شای بۆ ڕەزاقولی کوڕی هێنا. ڕەزاقولی کەگەورە بوو کاروباری گرتە دەس، نێوانی لەگەڵ دایکی خۆش نەبو، هەروەها لەگەڵ براکانیو مامەکانی.

-٦-

مەعرەکەی دەشتی مەریوان (۱۲۵۷)

ساڵی (سەرەتای ۱۲۵۷ك/ ۱۸٤۱ز) مەحمود پاشای بابان سلێمانی بەجێ هێشتو، پەنای بۆ ڕەزاقولی خان برد. پاش ئەوەی سەردانی دەرباری قاجاریان کرد گەڕانەوە بۆ ئەردەلآنو، بۆ ئەوەی مەحمود پاشا بباتەوە سەر مولکی بابان، لەشکری ساز دا هێزەکەیان کرد بەدو بەشەوە: بەشێکیان بەسەرکردایەتی ئەمانوڵلا بەگی وەکیل لەگەڵ مەحمود پاشا نارد بۆ سەر سلێمانی. بەشەکەی

تریان لەگەڵ والی لەمەریوان بارگەیان خست. مەحمود پاشاو لەشکرەکەی هێنا بوی بەبێ شەڕ گەیشتە نزیك سلێمانی (تحفه: ٢١٨-٢٢٤، حدیقه: ١٨١-١٨٣).

ئەم لەشکرکێشیەی والی ئەردەڵان بۆ گێڕاندنەوەی مەحمود پاشا بۆ سلێمانی، پێچەوانەی ماددەی یەکەمی پەیماننامەی ئەرزڕوم بو، کە لەساڵی ١٢٣٨ (٢٨ی تەموزی ١٨٢٣ز)دا لەنێوان ئێران‌و عوسمانی‌دا بەسترا بو.

ئەگەرچی مەحمود پاشا لەگەڵ ئەو هێزەی بۆ پشتیوانی لەگەڵی هات بو، بێ شەڕو بەرەنگاری، گەیشت بونە سلێمانی. بەڵام عەبدوڵلا پاشای بابان، لەناکاو هەڵی کوتایە سەر بارگەو بارەگای والی لەدەشتی مەریوان. هێزەکەی والی تەفروتونا کردو، ژمارەیەکی زۆر لەپیاوە ناسراوەکانی ئەردەڵان کوژران. بەبیستنی ئەم هەواڵە مەحمود پاشاو ئەو هێزەی لەگەڵی بو، ورەیان بەردا سلێمانییان بەجێ هێشت‌و گەڕانەوە سنە.

تێبینی: بۆ درێژەی ئەم شەڕە بڕوانە: (مستوره: ٢١٠-٢١٥)، (حدیقه: ١٨١-١٨٢)، (تحفه: ٢١٨-٢٢١).

-٧-

ڕەزا قولیخان دوای تێکشکانی لەمەریوان، پیاوماقوڵێکی خۆی بەناوی میرزا عەبدولمەجیدەوە ئەنێرێ‌و بۆ تاران، بۆ ئەوەی ڕوداوەکە بۆ کاربەدەستانی دەربارەی قاجار ڕون بکاتەوە. میرزا عەبدولمەجید نەوەی میرزا شوکروڵلاو ئامۆزای میرزا هیدایەتوڵلای وەزیر، فەرمانڕەوای جوانڕۆو عێلی جاف بو. ((لەسەرگرانی‌و سەرڕاستی‌و زیرەکی‌و ژیری‌دا ئیفلاتونی دوەم بو...)) بەڵام دەسبەجێ مەجید ئەگرن‌و ئەیکوژن. (مستوره: ٢١٥)، (حدیقه: ١٨٣)، (تحفه: ٢٢٣)

حوسەینقولی خان بەم بۆنەیەوە شیعرێکی ١٨ بەیتی بەسۆزی لەشیوەنی‌دا داناوە. لەدوا بەیتی‌دا ئەڵێ:

سال این سوك نمایان وقت این نقش شگرف

زد رقم حاوی شهید دوست شد عبدالمجید (١٢٥٧)

لەسەر شەڕی مەریوان ڕەزاقولی لەوالیەتی خرا. لەجێگەی ئەو، وەزیرەکەی، کەئەمان تاوانباریان ئەکرد بەخیانەت، دانرا کاروباری ئەردەڵان بەڕێوە ببا. حوسەینقولی خان، مامی ڕەزاقولی خان، ئەگەرچی لەناکۆکی ناو بنەماڵەکەیاندا دژی ئەمو لایەنی ئەمانوڵلا خانی گرتوە، بەڵام لەتێکشکانی ئەردەڵان زۆر

ناڕەحەت‌و، بۆ کوژراوەکانی دڵتەنگ بوە. لەسەر ئەو ڕووداوانــە چــەند قەســیدەی بەفارسی داناوە. لەسەرەتای شیعرێکی ٢٦ بەیتی‌دا ئەڵێ:

نطع بازی قضا در تختەی کیهان کشاد

مهره ی بدنامی اندر طاس کردستان فتاد

لەو تێکشکانەدا مێژوو نووسەکانی ئەردەڵان تاوانی خیانەت ئەدەنە پاڵ میرزا هیدایەتوڵڵا، گوایە پلانێکی خراپــی بــۆ شــەڕەکە دانــاوە بــۆ ئــەوەی لەشــکری ئەردەڵان بشکێ‌و، لەهەمان کاتدا هەواڵی بۆ عەبدوڵڵا پاشــاش نــاردوە هێــرش بکاتە سەر بارەگای ڕەزاقولی خــان. (مســتوره: ٢١٣)، (حدیقــه ١٨١)، (تحفــه: ٢٢٠) حوسەینقولی خانیش هەمان تاوان ئاراستەی هیدایــەت ئــەکا، هــەر لــەو دەوروبەرەدا شیعرێکی ٥٠ بەیتی لەسەر شەڕەکەو لەســەر حکومەتەکــەی مــیرزا هیدایەت داناوە، سەرەتاکەی بەمە دەس پێ ئەکا:

زنسل اردلان اصل سنندج تا که بنیاد شد

ب طومار ممالك اردلان اباد عنوان شد

حوسینقولی سیاسیەکی ڕۆشنبیرو شاعیرێکی بەتوانا بــوە. بەشــێکی گرنگــی شــیعرەکانی لەحدیقــەی ئــەمانوڵڵاهی‌دا کۆکراوەتــەوەو چــاپ کــراوە. هــەروەها نامیلکەیەکی ئەدەبیی درێژی تێکەڵاو لەپەخشــان‌و شــیعر کــە بەبۆنــەی جوانــە مەرگ بونی کوڕێکی خاڵۆزایەوە دای ناوە.

-٨-

دو گێڕانەوەی جیاواز

گێڕانەوەکەی عەبدوڵڵا پاشا، کە لەنامەیەك‌دا بــۆ کاربەدەســتانی عوســمانی نوسیوە، لەهەندێ شوێن‌دا لەگەڵ گێڕانەوەکانی مێژونوسەکانی ئــەردەڵان‌دا یــەك ناگرێتەوە.

عەبدوڵڵا پاشا بەپێچەوانەی گێڕانەوەی مێژونوسەکانی ئەردەڵانەوە، وا ئیدیعا ئەکا کەشەڕەکە لەنزیك ئۆردوگاکەی ئەمان لەقزلجە لەناو ئــەرزی عوســمانی‌دا، واتە لەقەڵەمڕەوی بابان‌دا قــەوماوە، نــەك لــەناو خــاکی ئێــران‌دا. بــەڵام هــەمو سەرچاوەکان وا ئەگێڕنەوە کەشەڕەکە لەمەریوان بوە. تەنانەت سالم لــەو شــیعرەدا کە بەبۆنەی هەواڵی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشاوە وتویەتی، ئــەڵێ: ((رم وەشــێنێ مەعرەکەی دەشتی مەریوان هاتەوە)) ئەو کاتە مەریوان بەشێ بوە لەقەڵەمڕەوی ئەردەڵان، واتە ئەرزی ئێران بوە.

عەبدوڵڵا پاشا لەنامەکەی‌دا ئەڵێ ئەوان پەلاماری ئێمەیان‌دا چــونکە وایــان زانی ئێمە ژمارەمان کەمــە، کەچــی هــەمو سەرچــاوەکان وا ڕائەگەیــەنن، کــە

لەشکری والی لەدەشتی مەریوان هەڵی داوەو، عەبدوڵڵا پاشا لەناکاو هەڵی کوتاوەتە سەریان. عەبدوڵڵا پاشا زۆر لەسەر تێشکانی والیو، ئەو زەرەرە گیانییەی لەهێزەکەی گەورەپیاوانی ئەردەڵانو، ناوو ناوبانگی والی کەوتوە، نەدواوە، بەڵکو باسی ئەو زەرەرە زۆرە ئەکا کە لەسلێمانیو شارەزور کەوتوە.

مێژونوسەکانی ئەردەڵان هۆی ئەم تێشکانە ئەدەنە پاڵ خیانەتی میرزا هیدایەتوڵڵای وەزیر والی. وا ئەگێڕنەوە کاتێ والی لەتاران بوە لەکۆڕێکی تایبەتی خۆیدا هەڕەشەی کوشتنی لەمیرزا هیدایەتوڵڵاو میرزا جەعفەری کوڕی کردبو. میرزا هیدایەتوڵڵا ترسی ئەوەی ئەبێ کە ئەگەر والی بەسەرکەوتویی لەسەفەرەکەی بگەڕێتەوە ئەم لەناو ببات، لەبەرئەوە گوایە: هەم تەگبیرێکی خراپی بۆ دابەشکردنی هێزەکانی والی کردوەو، هەم بەنهێنی پێوەندی لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشادا هەبوە. لەجموجوڵی لەشکرەکەیان ئاگاداری کردوە.

رەنگە ئەمە بیانو بێ بۆ ئەو شکستە قورسەی بەسەر والیدا هاتوە، یان توهمەیەك بێ بۆ شکاندنی کەسایەتی میرزا هیدایەت. میرزا هیدایەت لەبنەماڵەی ئەردەڵان نەبوە، بەڵام لەجێگەی ئەوان کراوە بەحاکمی ئەردەڵان. ئەگەر وەکو ئەوان ئەڵێن خائین بوبێو، هاوکاری ژێر بەژێری لەگەڵ پاشای بابان کردبێ بۆ شکاندنی لەشکری ئەردەڵان، شای ئێران چۆن دوای ئەم کارەساتە راستەوخۆ لەجێگەی رەزاقولی ئەمی بەحاکمی ئەردەڵان دائەنا.

-٩-

کۆچی حوسەینقولی خان بۆ سلێمانیو مردنی

سەردەمی کوڕانی خانی ناکام نا ئارامو پڕ لەپیلانگێڕانو شەڕو شۆڕ بوە.

رەزاقولی خان لەسالانی (١٢٥٠-١٢٥٧) بەناو والی ئەردەڵان بو، بەڵام کاربەدەستی راستەقینە والیە (حوسنی جیهان خانمی دایکی) بو. رەزاقولی بەهۆی تێکشکانەی مەریوانەوە لێخرا، ئەوو براکانی برانە تاران دەس بەسەر دانران. کاروباری ئەردەڵان بەمیرزا هیدایەت سپێردرا (١٢٥٧-١٢٥٨). جاری دوەم سەرلەنوێ رەزاقولی خان دانرایەوە بەوالی (١٢٦٠-١٢٦١) بۆ ئەوەی بتوانێ کاروبارەکانی بێکێشەو گیروگرفت بەرێوە ببا، ئەمانوڵڵا خانی برایو، مامەکانی: حوسەینقولی خان، عەبباسقولی خان، لەگەڵ میرزا هیدایەت بۆ ئەسفەند ئاباد دور خرانەوە (مستورە: ٢١٧).

ئەم گوریسێنەی نێوان ئەم دو برایە لەسەر دەسەلات هەمو خەڵکی ولاتی تێوە گلابو. زۆری نەخایاند رەزاقولی خان لابراو، ئەمانوڵڵا خان (١٢٦١) لەجێگەی دانرا. لەسەردەمی ئەم دا دارودەستەی رەزاقولی خان بۆ ئەسفەند ئاباد

دور خرانەوە. هەندێ لەگەورە پیاوەکانی ئەردەلان رویان کردە بابان و هەورامان. ئەمانوڵلا خان پیشکارەکەی رەزاقولی خانی برای لەزینداندا کوشت (فخر الکتاب: ٢٢٨).

بۆجاری سێیەم دیسان رەزاقولی خان کاروباری گرتەوە دەس (١٢٦١-١٢٦٣). بەتوندی تۆڵەی لەوانە کردەوە دەستیان لەکوشتنی پیشکارەکەیدا هەبو. دانی یەکێکیانی دەرهێناو بەچەکوش دایان کوتا بەکەللەی سەریداو، ٣ پەنجەی نوسینی ((مونشی باشی)) بری. (فخر الکتاب: ٢٣٠).

زەبروزەنگی درندانەی هەردو برا زۆر کەسی ئاوارە کردوە، یەکێکیان حوسەینقولی خان بوە. لەم بارەیەوە (مستورە: ٢٢٩) نوسیوێتی: ((حوسەینقولی خان کە بەفەرمانی نەواب ئەمانوڵلا خان پاراستنی کەوشەن و بومی رەوانسەری پێ سپێردرابو، بەدەست خەلکی ئەو ناوچەیە تالان کراو دەستدرێژیەکی زۆری لێ کرا... ئەویش بەناچار لەگەڵ دوسێ کەسێکدا گیانی خۆی بەهەزار شەڕەشەق رزگار کردو سا بەهەر جۆرێ بو، لەرێی ئەفشارەوە خۆی گەیاندە سولەیمانیو خزایە پاڵ عەبدوڵلا پاشای بابانەوە)).

حوسەینقولی خان ژیانێکی ناثارامی بەسەر بردوە، بەتایبەتی دوای مردنی باوکی. هەر لەماوەی ژیانی ئەمدا ٣ جار رشانەوەو تاعون لەناوچەکەدا داکەوتوە (سالانی، ١٢٤٦، ١٢٥٠)و، بەکۆمەڵ خەلکی کوشتوە. چەند جارێ بەشداری شەڕ بوەو، چەند جارێ تالان کراوەو، توشی ((دەستکورتیو تەنگانەی بژێوو بەرێوەچون)) بوە. لەنێوان سنە، ئیسفەندئاباو جوانڕۆو رەوانسەردا جێگۆڕکێی کردوە، تا سەرەنجام لەسلێمانی لەرۆژی ١٤ی مانگی زیلحیجەی ١٢٦٣ ك (١٨٤٦/١١/٢٣ز)دا بەوەبایەکی کوشندە، کەڕەنگە کۆلێرا بوبێ، لەئاوارەییدا سەری نایەوە. (مستورە: ٢٣٨).

هەلومەرجی سیاسی سەردەمی ژیانی حوسەینقولی خان نائارامو ئاڵۆز بوە. خۆیشی چەند جارێ دوچاری راونان و گرتن و دورخستنەوەو تالان کران هاتوە. بەشێکی گرنگی شیعرەکانی حوسەینقولی رەنگدانەوەی ئەو نائارامیو ئاڵۆزانەیەو، ئەچێتە خانەی شیعری سیاسیەوە. بۆ لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی ئەو قۆناغەی ژیانی میرایەتی ئەردەلان نرخێکی زۆریان هەیە. ئەهێنێ ئەم شیعرانەی لەفارسیەوە بکرێنە کوردیو، بەلێکۆڵینەوەی مێژوییەوە بلاو بکرێنەوە.

وەکو شێخی خاڵ لەفەهرستی دەسنوسەکانی کتێبخانەکەیدا نوسیوێتی ئەبێ دیوانەکەی حوسەینقولی خان کەوتبێتە کتێبخانەکەی ئەوانەوە. هەولێکی زۆرمدا

بۆ ئەوەی چاوێکی پیّدا بگێڕم‌و بزانم ئاخۆ هیچ شیعرێکی بەکوردی هۆنیوەتەوەو هیچ شیعرێکی سیاسی تری دانـاوە کـە لەحەدیقـەی ئـەمانوڵڵاهی‌دا بڵاو نەکرابێتەوە، بەڵام سەرکەوتو نەبوم. هیوادارم لەدوارۆژدا کەسێکی کە ئـەم کـارە ئەنجام بدا.

-١٠-

ئەنجامەکانی شەڕی مەریوان

دەشتی مەریوان ناوچەیەکی ستراتیجی بوە لـەنێوان رۆم‌و عەجـەم‌و، لـەنێوان بابان‌و ئەردەڵاندا. گرتنی مەریوان کلیلی گرتنی شاری سنەو، ناوچـەی ئـەردەڵان بوە. لەم دەشتەدا چەندین جار شەڕی خوێناوی قەوماوە.

خوسرەو پاشای سەرداری ئۆردوی رۆم لەدەشتی مەریوان زەینـەڵ خـانی سـوپا سالاری قزلباشی شکاند (١٠٤٠)و هەتا هەمەدان پێشڕەوی کرد.

خان ئەحمەد خان، کەڕوی لەدەرباری سەفەوی وەرگێڕاو هێزی عوسمـانی هێنـا بۆ ئەوەی دەس بەسەر ناوچەکەدا بگرێتەوە، لەگەڵ لەشکری سەفەوی لەمـەریوان لێکیان دا (١٠٤٦). خان ئەحمەد شکاو کشایەوە بۆ موسڵ‌و، هەمان ساڵ لـەوێ مرد.

میر سلێمانی بەبەو، لەشکری سـەفەوی بەسـەرکردایەتی عەباسـقولی خـانی قاجار هەر لەم دەشتەدا بەرەنگاری یەك بون‌و، سلێمان شکا (١١١١)و، عـەباس قولی قەسابخانەیەکی بۆ کوردەکانی ئەردەڵان دانا.

خانە پاشای بابانیش هەر لەمەریوانەوە کشا بۆ گرتنی ئەردەڵان (١١٣٦).

سـەلیم پاشـای بابـان (١١٦٣) کەچـو بـۆ گرتنـی ئـەردەڵان لەمـەریوان حەسەنعەلی خانی شکاندو، ناوچەکەی لێ داگیر کرد. (ذیل: ٢٨).

محەمەد پاشای بابان لەدەشتی مەریوان لەشکری خوسرەو خانی دوەمی شکاند (١١٩١).

ئەورەحمان پاشای بابان بەیارمەتی هێزی ئێران، لەناکاو لەم دەشـتەدا هـەڵی کوتایە سەر لەشکری والی بەغـدادو، شـکاندی‌و سـلێمان کەهیـەی سـەرکردەی لەشکرەکەی بەدیل گرت (١٢٢١).

هەر بەو جۆرە چەندین شەڕی تر.

ئەم شەڕەیش، مەعرەکەی دەشتی مەریوان (١٢٥٧)، ئەڵقەیەك بوە لەزنجیرەی ئەو شەڕانەی، لەم دەشتەدا، بەدرێژایی چەند سەدە لەنێوان ئەم دو میرایەتیـەدا، سا ئیتر بەیارمەتی لەشکری رۆم‌و عەجەم یان بەبێ یارمـەتی ئـەوان، قـەوماوە.

بەلام گرنگی ئەم شەڕەیان لەوەدایە دوایین شەڕبو، چونکە دوای ئەم شەڕە بەماوەیەکی کورت، ئەم دو ئەمارەتە ئیتر روخانو، لەڕوداوەکانی ناوچەکەدا دەوریان نەما.

وەکو نوسەرانی (حدیقە: ١٨٢)و (تحفە: ٢٢١) ئەڵێن: شەڕەکە لەڕۆژی ٤ شەممە ١٤ی رەبیعی یەکەمی ١٢٥٧دا قەوماوە. ئەم تێشکانە، هەروەکو تێشکانی رەزاقولی خانو میرایەتی ئەردەلان بو، بەهەمان ئەندازە بگرە زیاتر، تێشکانی مەحمود پاشاو پاشایەتی بابان بو. ئەم روداوە زیاتر پاڵی بەهەردو دەوڵەتەوە نا زوتر هەوڵی بەلاداخستنی کێشەکانی سنورو، دانانی سنورێ بۆ ئەم جۆرە گیروگرفتانە دابنێن. ئەوەبو هەردو دەوڵەت لە ١٦ جیمادی یەکەمی ١٢٦٣/١ی نیسانی ١٨٤٧ز پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕۆمیان بەستو بناغەی هەڵوەشاندنەوەی میرایەتیە کوردیەکانیان دانا.

-١١-

کۆتایی ئەمارەتی ئەردەلان

بەبیانو ئەوەی لەگەڵ یەکێ لەمیرەکانی قاجار خەریکی پیلانگێرانە، محەممەد شا، رەزاقولی خانی لابردو، خوسرەو خانی گورجی نارد بۆ گرتنی. خوسرەو خان، رەزاقولی خانی بەگیراوی نارده تارانو خۆی حوکمی ئەردەلانی گرتە دەس (١٢٦٣-١٢٦٤). دوای ئەمیش بۆ جاری چوارەم رەزاقولی خان (١٢٦٤)و، بۆ جاری دوەم دیسان ئەمانوڵلا خان (١٢٦٥-١٢٧٦) بون بەوالی. سەرەنجام ناسرەدین شا، فەرهاد میرزا موعتەمیدەل دەولە، کەمامی خۆیو خاڵۆی کوڕەکانی خوسرەو خان بو، نارد بۆ سنەو، بەیەکجاری کۆتایی بەداوودەزگای دێرینەی ئەمارەتی ئەردەلان هێنا.

پاشکۆ

نامەی عەبدوڵڵا پاشای بابان، کە لەڕۆژی ٥ی جیمادی دوەمـی ١٢٥٨/١٤ی تەموزی ١٨٤٢دا بەبۆنەی ئـەم شـەڕەوە نوسـیویێتی، لەڕێگـەی ئەحمـەد پاشـای برایەوە ناردویەتی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی. ئەحمەد پاشاش نامەکەی بـۆ سـەر عەسکەری رۆم لەئەرزڕوم ناردوە، رەوتی روداوەکان بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

((لەهاتنی والیی سنەو مەحمود پاشا بۆ سـەر سـنوری ولایـەتی شـارەزورو، لەدەستدرێژییانم ئاگادار کردبون. درێژیی باسەکە بەمجۆرەیە:

رەزاقولی خان والیی سنە بۆ دانـانی مـەحمود پاشـا لەسـلێمانی بـەهێزێکی زۆرەوە لەسنەوە بەڕێ کەوت تا گەیشتە سەر سنوری شارەزور. لەهەمو لایەکـەوە ئاژاوەو پشێوییان نایەوە. لەشکری هەوارامانیان نارد مەحاڵـەکانی گوڵعەنبـەرو هەڵەبجەیان داگیر کرد. لەلایەکی ترەوە مەحاڵـەکانی قزڵجـەو تـەرەتوڵو تـالانو سیوەیلیان گرتو، پیاوی خۆیان بۆ حوکمڕانی لەسەر دانا. لەبەر ئەوەی کـار بـەم رادەیە گەیشتو پیێ بێگانە داخڵی مولکی مەحروسەی شاهانە بو، غولام ناچار بو لەشاری سلێمانییەوە بۆ پاراستنی سنورەکان چومە شـارەزور. حسـێن ئاغـای ئەندەرونیو حاجی محەمەد ئاغای میر ئاخوڕی پێشوم ناردە لای والی ناوبراو کەئەم جۆرە جوڵانو رەفتارانەی بەرامبەر مەمالیکی مەحروسـەی شـاهانەی ئـەنوێنێ، بەتەواوی پێچەوانەی مەرجەکانو قانونەکانی نێوان هەردو دەوڵەتە. ئەگەر هـەر کاتێ لای کاربەدەستانی دەوڵەتی خۆیان بەهانەیەکیان بەدەسـتەوە بێ، پیشـانی بدەن بۆ ئەوەی ئێمەش هەوڵی چارەسەرکردنی بـدەین، ئـەگینا دەس لـەم کارانـە هەڵبگرنو، ناوچە داگیرکراوەکان بەجێ بهێڵنو بگەڕێنـەوە. والی نـاوبراو قسـەی حسابیی قوبوڵ نەکرد، بەزۆریی لەشکرەکەی مەغرورو بەقسەی ئەوان وایان زانی بو لەزۆریی لەشکرەکەیان ئەترسم، دو مەنزڵی تر هاتنـە پێشـەوە تـا گەیشتنە پێنجوێن لەوێ خێوەتیان هەڵـدا. لـەوە بـێ ئاگـابون کـە مـن لەلێپرسـینەوەی شەهریارو گلەیی داوەر سڵ ئەکەم نە لەترسی زۆریی ئەوان.

من بۆ دوربینیـی هێـواش هێـواش مـەنزڵێکم ئـەکرد بـەدوانو سـێیان تـا گەیشتینە لای قزڵجە بۆ ئەوەی دەستی دەستدرێژی بۆ سـەر مـولکی پـارێزراوی شاهانە کورت بکەینەوەو، شوێنە گیراوەکان بەجێ بهـێڵنو بگەڕێنـەوە. کـەڵکی نەبوو بەهیچ جێیەك نەگەیشت. ئەو رۆژەی من گەیشتمە قزڵجە، ئەو شـەوە والی هەزار کەس سواری بەسەرکردایەتی ئەمانوڵڵاخان، کوڕەزای محەممەد رەشید بەگ، کە لەبنەماڵە گـەورەکانی کوردستـانە، بـۆ دانـانی مـەحمود پاشـا لەسـلێمانی

ناردبوو، ٧ سەد تفەنگچی بەسەرکردایەتی قوباد بەگی فەڕاشباشی لەڕێگەی شاخەوە نارد بۆ دەربەند، کە لەپشتی ئۆردوی منەوە بو بۆ ئەوەی رێگە لەمن بگرن. چونکە ئەوە رێگەی هاتوچۆی ئێمە بو، ئێمەشیان بەتاقمێکی کەم ئەزانی. خۆیشی لەگەڵ پێنج شەش هەزار سوارەو تابورێك نیزام هاتە سەر ئۆردوەکەی من.. شەڕ بەناچاری ئێخەی گرتم. پشت بەخوا کەوتینە بەرەنگاری. لەنزیك ئۆردوەکەی ئێمەوە هەردولا لەیەکیان دا. پاش نیو سەعات سێ چارەك بەپێی ئایەتی: ((کم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة باذن الله)) سەرەڕای کەمیی ئێمەو زۆریی ئەوان توانای بەرهەڵستییان نەماو مەیدانیان بەجێ هێشتو شکان. نزیکەی نیو سەعات دوایان کەوتین‌و گەڕاینەوە. ئەگەرچی مەیدانی شەڕەکە ئەرزی عیراق بو، بەڵام لەنیو سەعات زیاتر دوایان نەکەوتین نەوەکو لەسنور تێ‌بپەڕین، لەپێش شەڕەکەش‌دا هەمو عەسکەرەکانمان تێ گەیاند بو کە بەهیچ جۆرێ لەسنور تێ نەپەڕن.

ئەو شەوە لەشوێنی شەڕەکەدا ماینەوە، بەیانی زو بۆ سەندنەوەی سلێمانی لەدەس ئەمانوڵڵا خان‌و مەحمود پاشا رومان کردە سلێمانی. قوباد بەگ کەسەر رێگەی لەئێمە گرت بو، بەبیستنی شکانی والی هەڵات‌و، مەحمود پاشاو ئەمانوڵڵا خانیش کەچوبونە سەر سلێمانی، بەبیستنی گەڕانەوەی من‌و هەواڵی تێشکانی والی، شارو ئاوابییەکانی نزیکیان تالاّن کردبو. چەند کەسێکیشیان بەناڕەوا کوشتوە. کەلوپەلی تالاّنکراویان بەوڵاخی ئاغایان‌و نۆکەرەکانیان‌و قەتارچییەکان گواستۆتەوە. بۆ سەندنەوەی ئەم تالاّنییە دوایان نەکەوتین چونکە ئەبو بچینە ناو سنوری ئەوانەوە. ئەوەش بێ فەرمان‌و ویستی ئاصەفانە نە ئەکرا. دەستمان لەهەمو ئەو کەلوپەل‌و ئێسترو ماین‌و رەوەو گەلەیە هەڵگرت. ناوچەکانی شارەزور کەداگیریان کردبو هەمویان تالاّن کردوە. چەند ژن‌و پیاویان کوشتوە. سێ سەد خێزانیان بۆ لای بانە راگواستوە.

من کە گەیشتمەوە سلێمانی مەملەکەت وێران‌و تالاّن کرابو. زەرەرو زیانێ کەئەم جارە بەهۆی رەزاقولی خانی والیی سنەوە بەسلێمانی‌و ناوچەکانی شارەزور گەیشتوە، لەحساب نایەت)) (نصيري: ٢/١٨٤-١٨٦).

سەرچاوەکانی بەشی حەوتەم

*ئـەنوەری سـولّتانی: ((دەسنوسـی کـوردی (وفارسـی سـەبارەت بـەکورد) لەکتێبخانەکانی بەریتانیا))، کتێبی ئەرزان، (سوید١٩٩٧).
*ئیـبراهیم ئـەردەڵانی، محەمـەد: ((مێـژوی ئـەردەڵان، ذەیلـی شـەرەفنامەی بەتلیسی))، سەرەتا نوسینو ساغکردنەوەی: نەسرین برنـا. وەرگێڕانـی: ئـەنوەری سولّتانی، (سوید ١٩٩٧).
*بابانی، عبدالقادر ابن رستم: ((تاریخو جغرافیای کردستان، موسوم بە: سیر الاکراد))، بە اهتمام ((محمد رئوف توکلی))، (تهران ١٣٦٦ هـ.ش).
*خسرو بن محمد بن منوچهر اردلان: ((لـب التـواریخ))، وێنـەی دەسـخەتو وەرگێڕانی روسی، مۆسکۆ ١٩٨٤.
*رونق، میرزا عبدالله سنندجی: ((تـذکرە حدیقەی امان اللهی))، بەتصحیحو تحشیە د. ع. خیامپور، موسسە تاریخو فرهنگ ایران، (تبریز ١٣٤٤ شمسی).
*فخـر الکتـاب، مـیرزا شـکرالله سـنندجی: ((تحفـەی ناصـری در تـاریخو جغرافیای کردستان))، بە اهتمام (دکتر حشمت الله طبیبـی))، انتشـارات امـیر کبیر، (تهران ١٣٦٦ هـ. ش).
*گلستانە، ابو الحسن بن محمد امـین: ((مجمـل التـواریخ))، بسـعیو اهتمـام مـدرس رضـوی، انتشـارات دانشـگاە تهـران، چـاپ سـوم، (تهـران ٢٥٣٦ شاهنشاهی).
*مستورە، ماە شرف خانم: ((تاریخ اردلان))، بە اهتمام ((ناصر ازادپـور))، (سنندج ١٣٤٣ هـ.ش).
*مەستورەی کوردستانی: ((مێژوی ئـەردەڵان))، وەرگێڕانـی بـۆ کـوردی: د. حسن جافو شکور مصـطفی، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغداد ١٩٨٩).
*مهدوی، عبدالرضا هوشنـگ: ((تاریخ روابط ایران از ابتدای دوران صـفویە تا پایان جنگ دوم جهانی))، انتشارات امیر کبیر (تهران ١٣٦٤ ش).
*وقائع نگار کردستانی، علی اکبر: ((حدیقەی ناصـری در جغرافیـاو تـاریخ کردستان))، بە اهتمام ((محمد رئوف توکلی))، (تهران ١٣٦٤ هـ. ش).
*هدایت، رضاقلی خـان: ((فهـرس التـواریخ))، بەتصـحیحو تحشـیە: دکـتر عبدالحسـین نـوائیو مـیر هاشـم محدث، پژوهشـگاە علـوم انسـانیو مطالعـات فرهنگی، (تهران ١٣٧٣).

پێڕستی ناوەکان

-ب-

-پ-

-ت-

-ج-

-د-

ـرـ

-ش-

-غ-

-ف-

-ق-

کریلانی عەلی خان نەخچەوان ٥٤٦

-ن-

-هـ-

-ی-

ناوەرۆك